تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

مەوسوعەی

جودی

بۆ چەمک و زاراوەکانی سەردەم

ڕامیاری • عەلمانیەت • دەوڵەت • میری • سەرۆك • خەباتی ڕزگاریی • براکوژی • دادگەری • ڕای گشتی • گۆڕان

شۆڕش • چاکسازی • مافی مرۆڤ • چاکسازی • کۆمەڵ • دیالۆگ • دیکتاتۆری • فیدراڵی • شورا • دەستوور • یاسا

شمولی • ڕەگەزپەرستی • کەمایەتی • جاش • میانڕەوی • نیشتمانی • جەنگی ڕەوا • زایۆنی • تیرۆر • دیموکراسی • سیستەمی دوو حزبی

فرە لایەنی • پێکدادانی شارستانیەکان • کۆتایی مێژوو • ئاسایشی نەتەوەیی • پێشکەوتوویی • ستراتیج • پاکتاوی ڕەگەزی • ڕاگەیاندنی بە ئامانج

نەتەوایەتی • بیری نەتەوەیی • کوردایەتی • کوردستان • مەینەتی کورد • پارت • حزبە کوردستانیەکان • ڤیتۆ • نەتەوە یەکگرتووەکان • فاشی

نازی • شۆڤینی • بەربەری • چەپگەری و ڕاستگەری • قوڵی پێنجەم • سیستەمی نوێی جیهانی • ناردنی شۆڕش • [illegible] • هەڵوەشاندنەوەی موقیعەت

بەشی یەکەم

بۆ بلاوکردنەوە و ڕاگەیاندن

2008

مسعود عبدالخالق

بسم الله الرحمن الرحيم

مەوسوعەی

جودی

أبو عبدالرحمن الكردي
منتدى اقرا الثقافي

مەوسوعەی

جودی

بۆ چەمك و زاراوەكانی سەردەم

مسعود عبدالخالق

بۆ بلاوكردنەوە و راگەیاندن

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ
نوسینگەی تەفسیر

ناوی کتێـــــب:	مەوســـوعەی جـــودی بۆ چــــەمک و زاراوەکانی سەردەم
نـوســــــــەر:	مسعود عبدالخالق
بـــلاوکردنەوەی:	نوسینگەی تەفسیر بۆ بلاوکردنەوەو راگەیاندن/ هەولێر
بـــــــەرگ :	أمین مخلص
نۆرە و ساڵی چاپ:	یەکەم ١٤٢٨ك - ٢٠٠٨ز
تــــــــیراژ:	٢٠٠٠ دانە

لە کتێبخانەی گشتی هەولێر ژمارەی سپاردنی (٩٣) ی ساڵی ٢٠٠٦ دراوەتێ

تەفسیر
بۆ بلاوکردنەوە و راگەیاندن
هەولێر- شەقامی دادگا - ژێر ئوتێلی شیرین پالاس
ت : ٢٢٢١٦٩٥ - ٢٢٢٠٩٠٨- ٢٥١٨١٢٨
مۆبایل : ٢٢ ٥١ ٦٠ ٤ ٠٧٥٠ - ٩١ ٧٢ ١٣٨ ٠٧٧٠
tafseeroffice@yahoo.com
tafseeroffice@maktoob.com
altafseer@hotmail.com

پێشەکی بڵاوکار

ئێستاو پێشانیش، شیکردنەوەو دەرخستنی مانا راستیەکانی هەر زاراوەو چەمکێك، زۆر پێویستە بۆ کاری هزریی.

چەمك و زاراوەکان، هیچ ساتێك وەك ئێستا بێ سەروبەری و لاڕێیی بەخۆوە نەبینیوە.

ئێمەش لە رۆژهەڵاتی دواکەوتودا، کە زێدی گشت پێغەمبەرەکان و ژیارە مەزنەکانی مرۆڤایەتیە، لە واقیعمان و رابردوومان، دابڕێنراوین و، هیچ پلانێکی بەرچاو رونمان نیە بۆ داهاتورمان.

نەیارەکانمان، هەرکات ویستبێتیان ماناو مەبەستەکانی هەر چەمك و زاراوەیەك بسەپێنن، ئەوا بەپێی حەز و مەرامە ناحەزەکانیان، دایان رێژتووەو بەرازاوەیی ساختە، بەسەر ئێمەیان داسەپاندوە.

دیارە زاراوەکان بەهێزترین و کاریگەرترین چەکی هزرییان بوو، کە بەهۆیەوە روبەڕومان بونەتەوەو لە هەمو بوارێکەوە داگیریان کردوین.

روداوە گەورەو هەژێنەکانی دوایی ئەم سەردەمە، وەرچەرخانێکی زۆری بۆچون و ململانێی هزری و ژیاری توندوتیژی لێکەوتۆتەوە.

توندترین هێرش، کە بۆ سەر هەر گەل و میللەتێك بکرێ، هێرشی فکریە، کـ لەرێی چەمك و زاراوەکان پیادە دەکرێت. بۆیە داگیرکەر بەر لە داگیرکردنی جێگەیەك، هەوڵ دەدات کەسایەتی میللەتەکە بێهێز بکات.

ئەم چەکەش بۆ تەزویرکردنی رۆشنبیری و فیکر و هزری کۆمەڵگ بەکاردێنێت، بەمەبەستی زاڵ بوون و دەست بەسەرداگرتنی بە ئاسانی.

لەنیشانە هەرە زەق و دیارەکانی رابوون و بێداریی هەر میللەتێك، هەسـ بەخۆکردن و ئاگا لەخۆبوونە بۆ پاراستنی هزرو مێژووو داب و نەریتی جوانی تایبەن بەخۆی. جا گەورەترین هەنگاو لەم رێگایە، گەڕاندنەوەی چەمك و زاراوەکانە بـ واتا راستەقینەکانیان و، هێنانەوەیان بۆ سەر راستەشەقامی خودی خۆیان.

پێشـــەکی

ئەوە بەشــی یەکــەمی مەوســوعەی (جــودی)یــە، بەشــەکانی داهــاتووش بــە دەوڵەمەندکردنو وەرگرتنی ئەزموونەوە دەردەچێت، تەقەلایەکی زۆرمان داوە ئەو فەرهەنگەیە بە تەنها کۆکردنەوەی زانیاری نەبێت، بەڵکو دروستکردنی رێـچکەی پەیداکردنی زانیاریش بێت، هەم یار مەتیدەر بێت بۆ هەریەکە لە:

١- توێژینەوەی زانستی لە ئاستەکانی سەرەتایی و ناوەندی و باڵا.

٢- بۆ راپۆرتی سیاسی لایەنە سیاسیەکان.

٣- وەك سەرچاوەو سودوەرگرتن بۆ وتاری رۆژنامە و تەلـەفزیۆن، تـا دەگاتــە وتاری هەینی مامۆستایانیش.

رەچاوی هەموو ئەوانەمان کردووە بۆ هەموو لایەك بــسازێ، لــە خوێنــەرێکی سەرەتایی تا رۆشەنبیرێکی باڵا.

ئەوەی حسابی بۆ نەکراوە لەو پرۆژەیە، لایەنی ماددی و قازانجەکەیەتی، هــەم خۆمو هەم (نوسینگەی تەفسیر) لــەدوای مانــدوبونێکی چــەند ســاڵی، بەتــەمای قازانج و دەستکەوتی ماددی نین، با خوێنەر لەجیاتی ئــەوە، بۆمــان بپارێتــەوەو ببێتە سەدەقەی جاری.

ناوی (جودی)مان بۆ ئەو مەوسوعەیە هەڵبژارد، چونکە لە بنەچەدا زێدی باب‌و باپیرانی هەموو مرۆڤایەتی سەر ئەم زەویەیەو، ناوێکی پیرۆزی قورئانییە، تاڕادەیەکی چاك لەگەڵ ڕەوتی ئەو فەرهەنگە دەگونجێ، کە لەسەر دوو ڕەهەندی دەڤەری‌و جیهانی دەڕوا، یەکەمیان: وەك فاکتەری وەختی‌و، دووەمیشیان: وەك فاکتەری مرۆڤایەتی هەمیشەیی.

مەسعود عەبدولخالق

٢٠٠٧/٨/٩

سـەرەتـاو دەروازەکان

چی هەڵبژێردراوە:

لـەو سـەردەمەی عەولەمـەو تێکـچرژانی زانـستو زانیاریـەکان دا زاراوەو چەمکێکی زۆر تێك دەپەڕێ، ڕۆژانە دووبارە دەبێتەوە، بەشـێکی زۆر لـە مانـاو ڕەچەڵەك و مەبەستەکانیان.. نادیارن (بەلایەنی کەمەوە بـۆ خـەڵکێکی سـادە)، زاراوە بەو مانایەی کە کۆمەڵە مانایەکی کـۆ کردۆتـەوە لـە هـەناوی خـۆی لـە وشـەیەکی سـادە یـان لێکـدراوگوزارش دەکـرێ، بـۆ نموونـە کـە وتـت ڕژێمـی "دیکتاتۆری" ئیتر پێویـست ناکـا بلـێ ی سـەرۆکی هەڵنەبـژێراوە و، میللـەت نایانەوێ، توند و تیـژە، سەربەسـتی تیـا نیـە، بـە ڕەخنـەو ئۆپۆزسـیۆن قایـل نیە...هتد، تەنیا بەو زاراوە کۆتایی دێنێ، دەبێ خوێنـەرو بیـسەر یەکـسەر لـە تەواوی ماناکەی بگـات، ئـەگینا لـە زمـانی سـەردەم نەگەیـشتو بـەجێ مـا، ئەوداهێنانە لە بنەچەدا بۆ ئاین دەگەڕێتەوەو لەسەردەمی ئیسلاما ناوی (جوامـع الکلمە)بووە.

خۆ ئەگەر بە پێناس و ڕوانگەی خەڵکی تـریش لـەو زاراوانـەی ڕوانـی ئـەوا دیـسان هەڵەتـە دەبـێ، بۆیـە زۆر پێویـستە ئـەو زاراوانـە ڕوون بکرێتـەوە بـە تەرازوویەکی وردو خۆماڵی، هەم مانا ڕەسەنەکەی بدا هەم مانـای گـۆڕاوی هـەم پێناسو هەڵوێستی تایبەتی خۆشمان، لە کۆتایشدا بە زمانێکی سـادەش بتـوانین دەری ببڕین، ئەوەش پێویستە هـەم بـۆ ڕاگەیانـدن هـەم بـۆ وتاربێـژی هـەم بـۆ سیاسەتمەدار -زمانی سـەردەمە- کـە بتـوانێ بـە خێرایـی لـەو دونیـا خێرایـە مەبەستی خۆی دەربڕێ، هەڵبەتە ناکرێ ئەو هەمو زاراوانە (لە ملیۆنەهاش ڕەتی داوە) تۆمار بکەین، هەر تەنها ئەو کۆمەڵە زاراوە و چەمکە دەنووسینەوە کە لـە

جیهانی نوێ‌و کوردستان باوی هەیەو ڕۆژانە پێویستە، چونکە ئەوانی کۆن لەسەریان نووسراوە بە زمانی کوردی ئەگەر چی زۆربەشیان هەر وەرگێڕدراوە (تەرجەمە کراوە) یان بە ڕوانگەی مەدرەسەیەکی فەلسەفی‌و سیاسی وا نووسراوەتەوە گوزارش لە ڕاو بۆچوونی کێشە ڕەواکەمان‌و کەلتوورو شارستانی‌و ڕێبازو ئامانجە پیرۆزەکانمان نەکردووە، بۆیە ئەو تەقەلایەمان وەرگێڕان نیەو بەو ئاراستە کلاسیکیەش نیە، سەرەتایەکە بۆ دارشتنەوەی تێگەیشتنی تایبەتی خۆمان بۆ جیهان، جا با بزانین خۆمان کێین و مانای چیە هەر بە چەند دێڕێك جارێ.

ئێمە لە عەولەمەدا کێین ؟

لەو سەردەمە ئەو پرسیارە سادە و ساکارە بەلاَم قورس و ئالۆزیشە، چونکە ئینتیمایە نوێیەکان (عابر القارات)ە، دەڤەری نیە، ئێستا وەك جاران نیە هەر کەسێك بە ڕوانگە و بیر و بۆچوونی چەند دنیا دید و سەرکردە و زاناکانی خۆی بنوارێتە جیهان،بەلکو ئێستا ڕاستەوخۆ لەگەلَ جیهان کارلێك دەکەن، بۆیە ئینتیمایەکانی وەرگیراو (موکتەسەب) جووت نابن لەگەلَ ئینتیماکانی میراتی، هەروەها ئایدیۆلۆژیا لەگەلَ بایۆلۆژیا، فسیۆلۆژیا لەگەلَ سوسیۆلۆژیا، .. تەنانەت زۆر جار تێکیش دەگیرێن، ئەو دۆخە تەنیا بۆ کورد یان ڕۆژ هەلاَت یان جیهانی ئیسلامی نیە، بەلکو بۆ هەموو جیهان بە ڕۆژئاواشەوەیە، ئینجا هەمان ئەو دۆخە هەر پەرژینەکانی نەتەوایەتی و کەلتووری و کۆمەلاَیەتی و ئاینی کلاسیکو نەبڕیوە، بەلکو گەیشتۆتە ناو خێزانیش، بۆیە زۆر ئاساییە لەناو یەك خێزان یا له ناو یەك دێی بچووك کۆمەلێك ئینتیمای نوێی جیاجیای جیهانی تیا بێت بـ مەدرەسەی شوعیەت یان لیبرالیەت، سۆشیالیستیەت، ئاینی، ... بە هەما شێوە سلوکەکان، ڕەوشتەکان، پەیوەندیەکان، نەریتە کەلتووری و فەرهەنگی کۆمەلاَیەتیەکان، هەیە لەسەر شێوەی ڕۆژئاوایی یان ڕۆژهەلاَتی پەیڕەو دەکا، هـ بە نموونە ئاهەنگی سەری سالَی (مەسیحی) چ پەیوەندیەکی بە کورد یان ب ئیسلام هەیە کەچی لە کوردستان گەورەترین ئاهەنگی بۆ دەکرێ، لەهەمان کا

خەلکێکیش هەیە لە ڕۆژئاوایە وەك ئێمە جەژنەکەی قوربـان و ڕەمەزانـە، بـەو شێوەیە لە بار و دۆخ و کۆمەڵگەی وادا سنورکێشانی ئێمە و (ئێمە کێین؟) سـانا نیە، ئەو کاتی سانا دەبێت کە میللەتەکەمان هەموو پێکەوە بکەونە سەر ڕاستە ڕێ، نازانین ئاخۆ بوونی فەرهەنگیمان ماوە یان نا؟ سـەربەخۆین یـان نـا، شـوێن کەوتـە و چـاولێکەرین یـان پێـشڕەوین؟ لقـین یـان ئەسـڵ؟ کـام فاکتـەرە لـە (کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئایدۆلۆژی، ئاینی، ڕەچەڵەکی، جـوگرافی، ..) سـنووری ئێمەی پێ لەسەر دیاری دەکـرێ؟ ئایـا مەرجـە بەیـەك فاکتـەر دیـاری بکـرێین؟ وەڵامی هەمو ئەوانە لەو جیهانەی ئینتیمای تێـك چـرژاوەکان و فـرە ناسـنامەی یەکتر بڕ و فرە فاکتەر بـۆ ناسـنامە ورد و بـە ئەنـدازەی خـۆی نابێـت، چـونکە ئینتیمای تاك بە سروشتیو بـە گـشتی وا گەشـەی کـردووە لـە خانـەوادەوە بـۆ بنەماڵە بۆ خێڵ بۆ نەتەوەو ئێستاش بۆ شارستانیەکی جیهانی بەڕێوەیـە، ئـەوە گەشەی ئینتیمای کۆمەڵایەتیەو تا ئێستاش بـەهێزترین ئینتیمایـە ئەگـەر چـی پێشی قایل نەبین، بۆیە دەبێ هاوسـەنگیەکی ئەلـەکترۆنی لـە نێـوان (واقیـع) و (ویستراو) بکەین تا سنورێك بکێشین بۆ (ئێمە)، ئەگەر تووشـی هـیچ دەردێکـی دەروونی سیاسی و فەرهەنگی نەبووبین ئەوا چەند سنورێکی دەماودەسـت (محـدد) بۆ ئەو واقیعـە دەماودەسـتە هەیـە کـە بتـوانین فـراوانترین ئینتیمـای هاوبـەش (ئێمـەی) لێ بدۆزینـەوە لـە عەولەمـەدا، ئـەگینا لەچارەنووسـدا بەشـێکین لـە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دادگەری، ئەو سنورانەش:

١-ئێمە سەر بە فەرهەنگی ئیسلامین لە ڕووی‌ئاینیەوە.

٢-بەشێکین لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی لە ڕووی جەمسەری جوگرافیەوە .

٣-ئینتیمای نەتەوەیشمان کوردە، لەڕووی ڕەچەڵەکیەوە.

٤-ئینتیماشمان کوردستانیە لەڕووی نیشتمانییەوە .

٥- سەر بە بەرەی ڕزگاری- نیشتمانین لە ڕووی ئایدیۆ لۆژیەوە .

٦-سـەر بـە ولاتـانی جیهـانی سـێیەمی تـازە پێگەیـشتوەکانین لـە ڕووی شارستانیەوە.

هەڵبەتە کوردستان نیشتیمانێکی هاوبەشی چەندین نەتەوەی وەك کورد و عەرەب و تورکمان و کلدانی و.. ئەوانەش کۆمەڵێك بەها و نەریت و ڕەوشت و فەرهەنگی تایبەتی هەیە، کە سەرچاوەکەی ئاینی ئیسلامە، تێکەڵ بووە بە نیشتووی هەندێ نەریتی کۆمەلایەتی وئاینی کۆنی تر و عەلمانیەتی نوێ کە لەسەر سکەی خۆی تەواو خزاوە، بۆیە فاکتەرەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ئاینی و فەرهەنگی و دەروونی و ڕەوشتیمان.. جووت ئابن تا ناسنامەیەکی ڕوون و بەهێزی لێ پەیدا بێت و بەڕوونی سنوری ئێمەش دیاربێت.. ئەوەیە قەیرانی ناسنامە لە عەولەمەدا، چونکە جاران ناسنامەی تاك (بەغیابی ئیسلام) لە تیرەکەی و هۆزەکەی دەدۆزرایەوە بۆ ناوچەیەك بەس بوو، بەڵام ئێستا لەو دۆخە و بە تایبەتی ناسنامە بۆ میللەتێکی وەك کورد پێویستی بە کۆمەڵێك فاکتەری سەربار هەیە بۆ ناسینی وەك: جوگرافیا و نیشتیمان و نەتەوە و ئاین.. هەیە، کەواتە مەبەست لە ئێمە بریتیە لە: ئینتیمای بایۆلۆجی و میراتیمان کوردستانیە و ئینتیمای وەرگیراو و ئایدۆلۆژیمان هەر ئەو بنەمایانەیە بیناو ڕزگارکەری کوردستانیشە، ئەوەش ڕێپیشاندەرە کە کوردستانیەکانیش لە چوار چێوەی کیانی سەربەخۆیان بتوانن خزمەت بە ئادەمیزادو دادگەری لە جیهان بکاو چاکترین تەعمیری زەوی بکەن، لە پاشکۆیەتیەوە بەرەو سەرمەشقی، لە دواکەوتەیی بۆ پێشکەوتن، لە نەفامیەوە بۆ ڕووناکی، لە لاسایی کردنەوە بۆ داهێنان، .. ئەوەش ناسنامەمانە لەو جیهانە نوێ یە و سنوری ئێمەیە کە لە گۆڕان دایە بە ئاسۆیی و شاقوڵی بەڵام ڕووی گۆڕانی ڕاستەقینە لە شاقوڵیەوە بەرەو ئاسۆییە، واتە لە وەرچەرخاندایین، لەو (فترة إنتقالیة) تا دەگاتە جەوهەری ناسنامەی ئێمە کە یەکسان دەبێ بە هەموو بەشەریەت بەیەك ناسنامە، کە تەنهاناسنامەی بیروبڕوایە.

گرنگیەکەی:

ڕاستە ئێستا جیهان بوویتە دێیەکی بچووك، دووریەکان کورت بووینەوە، :.

بەلاّم دەبێ بزانین ئەو دێیە (چۆن یەك –متجانس) نیە، دابەش بووە بۆ سەروو و خواروو، ڕەش و سپی، تێر و برسی، بەهێز و بێهێز، داگیرکراو و داگیرکەر، زانا و ڕووناك بیر و نەزان و نەفام، .. نەتەوە و کەلتور و زمانی جیاجیا، شارستانیەتی جیاجیا، ئاین و ئایدۆلۆژیای جیاجیا.. ناسنامەی جیاجیا.. بۆیە هەر یاسا و بڕیار و هەنگاوێك دێت مەرج نیە لە بەرژەوەندی هەموو ئەو دێ یە بێت هەروەك لە مەبدەئی بنەڕەتی سەرمایەداری هاتووە: (پێك گەیشتنی دوو بەرژەوەندی دەبێ جیا بێت لەگەڵ سێیەم)، بە زۆریش لە بەرژەوەندی بالاّ دەستانە، ئینجا پلە بە پلە دادەبەزێ و گەورەترین زەرەرمەند میللەتانی ژێر دەستن، بە هەمان شێوەش لە بواری زاراوەکان ئەو مانایانەی دەدرێتە هەر زاراوەیەك یان چەمکێك لە لایەن هەر دەزگا و سەرچاوە و سیستەمێك بێت بەپێ ی بەرژەوەند و ڕوانگەی تایبەتی خۆیەوە دەیخاتە بەری لە هەموو بوارەکانی سیاسی، یاسایی، شارستانی، فەرهەنگی، کەلتووری، کۆمەلاّیەتی، ئابووری، .. هەتا زانستیش، بۆیە بنچینەی شکستمان، دەردی پاشکۆیی و چاولێکەریمان، .. لێرەوە سەرچاوە دەگرێ، کە ئێمە خۆمان داوەتە دەست پێناس و تێڕوانینی سیستەمێك کە ناسنامە و ئامانج و شێن و شایمان تێك ناکاتەوە، لە پێشەکی کتێبی (المعهد العالم الفکر الاسلامي) دەڵێ: گەورەترین نەخۆشی لە چەمکەکانی دەست پێ دەکات کاتێ بە ڕوانگەی لایەکی تر پێناسەکان دابڕێژیت[1]، هەر بە نموونە ئەگەر بە ڕوانگەی جیهان خۆرەکان بڕوانیە چەمکێکی وەك (تیرۆر) دەبینین مەبەستیان (بزوتنەوەی ڕزگاری خوازیشە)، کەواتە مێژووی نوێمان هەمووی کەوتە خانەی تاوان و دادگای نێو دەوڵەتی، هەروەك ئێستا نیوەی کوردستانمان وەبەر ئەو حوکمە کەوتوون،لە تورکیا تەنها داوای خوێندنیان بە زمانی کوردی کرد لە وەلاّما وتیان ئەو داوایە تیرۆریە! دوور نیە لە ماوەیەکی کورتی تر هەموومان بەرکەوین..، و ڕەنگە ئینتیمای شارستانیەکەشمان بگرێتەوە.. واتە بەکورتی ناسنامەی ئێمە بەدەر لەو

[1] الحضارة –الثقافة- المدنیة ل٨.

تەرازوانەی سەروو لەو جیهانە بێ (مــۆر)ی ڕۆژهــەلات و ڕۆژئــاوا نــەبخواردووە و نایخوا.. بۆیە نابێ بەو پێناسانە قایــل بــین، هــەر لێرەشــەوەیە بناغــەی ڕزگــاری هەمەلایــەنیمان (لــە بینــاکردنی کەســێتی و ســەربەخۆیی و داهێنــان و بــەرەو پێشڕەوی چوونمان) لەوە دەست پێ دەکات کە ئێمــەش لێ تێگەیــشتن و پێناســی تایبەتی خۆمان هەبێت بۆ ئەو چەمك و زاراوانە، ئەگینا بوونمان نیە و لە کەلتوور و فەرهەنگ و بوونێکی تر تواینەوە، واتە دابڕشتنەوەیەکی تــری تێڕوانینمانــە لــە پاشکۆیەتیەوە بۆ سەربەخۆیی کە بەشێکی گرنگی ڕزگاری –ئیــشتمانیە، ئینجــا ڕزگاری کۆمەلایەتیش، چونکە ئەو زاراوانە یەك مانای نەماوە، سەرنج بــدە هــەر تەنها (تیرۆر) تا سالّی ١٩٨٣ز (١٠٩) پێناسی جیاجیای ڕەسمی سەرەکی هــەبوو کەلە دەستوور و یاساکان تۆمار کرابی[١]، پێناسی (کەلتوور)یش تا ســالّی ١٩٥٢ بەپێی (کۆپیر کلوکهۆن) دیسان بە ڕەسمیٚ گەیشتبووە (١٦٤) پێناسی جیاجیــا[٢]، جگە لە ناڕەسمیەکانیش تا ئێستا ڕەنگە گەیشتبێتە هەزاران، کەواتــە ڕێکــەوتنی جیهانی نیە لەسەر چەمك و زاراوە و هەریەکە بە پێی بەرژەوەندی و لە خزمەتی کەلتوور و هەلّوێستی سیاسی و ئابووری خۆی پێناســی دەکــا، ئــیتر ئــەوەی بــە ڕوانگەی بەرژەوەندی تر پێناســەکان دابڕێــژێ ئــەوا دۆڕانــدی، ســەرنج بــدە ئــەو شەپۆلەی کە ناوی نرا (غزو الفکری) بەســەر جیهــانی ئیــسلامیدا بــە تایبــەتی لەسەرەتای سەدەی بیستەم دەبینین هــەر لەســەر دەســتی عەلمانیــەکانی جیهــانی ئیسلامی بووە، دەقا و دەق لە وەرگــرتن و هێنــانی ئــەو چــەمکانە دەســتی پــێ کردووە نمونەیەکی وەك فەرهەنگی (محیط المحیط)ی (بطرس بستاني) بڕوانە چــۆن و چی کردووە، مانــای وایــە زاراوە سیاســی و مەنهەجیــەکان –چــەمك- کێــشەی خەستی لەسەر دروست بووە و دەبێ، بۆیە زۆر فەرهەنگ و ناوونیــشان هەیــە بــە ناوی (حرب المـصطلحات) یان (ڕاست کردنەوەی چەمك).. قورئانی پیرۆزیــش لــە

---

[١] الموسوعة العربية – (المادة :الارهاب الدولي).

[٢] حضارة –ثقافة- مدنية.

بارەی ڕاست کردنەوەی (چەمك) زۆر ئایـەتی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆی تێدایـە وەك: ﴿لاَ تَقُولُوا رَاعِنَا وَقُولُوا انظُرْنَا﴾ یان ﴿قُلْ لَمْ تُؤْمِنُوا وَلَكِنْ قُولُوا أَسْلَمْنَا﴾، زۆربەی ئەرکی پێغەمبەرەکان ﷺ ڕاست کردنەوەی چەمك بـووە، کـە هەنـدێکی هـەر بەیـەکجاری کوژاندۆتـەوە و هەندێکیـشی ڕاسـت کردۆتـەوە، هەنـدێکیش شێوەکەی هێشتۆتەوەو ناوەڕۆکی گۆڕیـوە وەك (أنصر اخاك ظالما أو مظلومـا)، نموونەیـەکی تـری زاراوەی گـۆڕاو (دیمکراسـیە) مانـای ڕەسـەنی (فـەرمان ڕەوای گەل)ە، ئێستا ئەو مانایەی نەماوە لە هیچ شوێنێك وەك (ڕۆسۆ) گۆتەنی نەبووەو نەدەبی[1]، (هەر چەندە لیبیا دەڵێ من ئەو جۆرە دیموکراسیەم!) بەڵکو هـەر وڵاتـە بە شێوەیەك ئەو دیموکراسیە پەیڕەو دەکا، بۆیە پێش ئەوەی ئێمە لێرە مانای هەر چەمکێك بگـۆڕین و تایبەتمەنـدی بـدەینێ و بیکـوردێنین خـۆی گـۆڕاوە و مانـا ڕەسەنەکەی نەماوە، بەڵام زاراوە زانستیەکان کەمتر ئەو دەستکاریە و کێشەیەشی لەسەرە، ئەوەش ڕوونـە چـونکە ناسـنامەی زانسـت گشتیەو مـولکی هـەموو کۆمەڵە، زیاتر ئەوانە دەستکاری کراون کە ناسنامەی تایبەتە نەك گـشتی، بۆیـە ئێمـەش لەگـەڵ ڕەچـاوی مانـا ڕەسـەنەکەی دا مانایـەکی کوردسـتانیانە و دادگەریانەی پێ دەدەین بە مەبەسـتی بناغـە داڕێـژی (مەرجعیـەت)ی فکـری و شارستانیمان نەك تەنها وەرگێڕانێك و فۆتۆکۆپی فەرهەنگێك بکەین، تەقەلایەکە تا میللەتەکەمان لە کەوتنەوە بهێنە سەر قاچـی خـۆی بـە پێـی توانـا، ﴿أَفَمَنْ يَمْشِي مُكِبًّا عَلَى وَجْهِهِ أَهْدَى أَمَّنْ يَمْشِي سَوِيًّا عَلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ﴾.

پێش کەوتنی میللەتانی جیهانیش لە سەرەتادا لەفکربوە، ئەویش لە سەرەتادا لە فەرهەنگەکان دەستی پێ کردووە، جاحظ، بیرۆنی، إبـن سـینا، إبـن نـدیم، .. لەجیهانی ئیسلامی سەردەمی پێشکەوتووی، لـە ئـەوروپاش سـەرنج بـدە ئـەو فەرهەنگانـە چ دەورێکـی بینیـوە لـە ڕابوونەکـەیان... هـەتا ئـەگریك و دوای یونانیەکانیش (تأريخ الطبيعي- پليني)، و (جوگرافيا- سترابۆ)، (گـەردوونی -

---

[1] ڕوسۆ- في عقد الاجتماعي.

پتلیموس و ئەرستۆ) (میـژوو- هیرودوتـسی).. ئینجـا لـەڕابوونی دووەمیـشیان ئەوفەرهەنگانــە پێــشڕەو بووینــە :(المـرآة الکـبری G.mirror)ی ســەدەکانی ناوەڕاست، بەشێکی زۆریش پێیان وایـە کاریگـەری بنـچینەیی لەسـەر شۆڕشـی فەرەنسی دەگەڕێتەوە بۆ فەرهەنگی (دیدرۆ) کە لـە ١٧٥١ز بناغەرێـژکراو دوای گەشەی پێدرا کە بە (ئەنسکلۆپیدییەی فرنسی) بەناوبانگە، فەرهەنگی (دالمـپیر) و فەرهەنگی دنیس وبە بەرپرس دەزانن لەو پیش کەوتنەیان ... شارستانی تریش لەو فەرهەنگانە دەستی پیێ کردووە کە ژێر خانی وشیاری و زانیاریە.

دەروازە و تێبینیە هەمە جۆرەکان:

١-زۆربەی ئەو زاراوە و چەمکە نوێیانە ڕەگ و ڕیشەکانی کـۆنن دەگەڕێتـەوە بۆ دەیـان سـەدە و بگـرە بـۆ قـوڵایی شارسـتانیەکان، وەك ئامـار و توێژینـەوە دەرکەوتووە چەمگە ئیجابیەکانی ئەسڵیان پەیامە، سەلبیەکانیش زادەی هەڵس و کەوتی مرۆڤە، هەندێکیش تێکەڵێکە لە هـەردوولا دروسـت بـووە بۆیـەش کـەم چەمك هەیە لە ١٠٠٪ چاك و لە ١٠٠٪ خراپ.

٢-ڕۆژئـاوا ئـەو زاراوانـە زەق دەکاتـەوە کـە مانـای سـەلبی زیـاتر دەداتـە ڕۆژهەڵاتو جیهانی سێیەمو ئیسلامی.. لە بەرامبەریشدا بە هۆی دەسەڵاتدارانی جیهانی ئیسلامی (خانوو لە شوشە) نەیان توانیـوە خۆپـارێزن یـان زاراوە زۆر و زەبەنگە سەلبیەکانی ڕۆژئاوا زەق بکەنەوە، ئیتر لەو ململانێیە دیل کراون.

٣-زۆربەی ئەو زاراوە نوێیانە لە ڕۆژئاوا سەریان هەڵداوە لە بۆنـە و زەمـان و زەمینێك لە جەوهەردا لەگەڵ بارودۆخی ئێمەدا جیایە، ناشێت بۆ پـەیڕەوکردنی، بۆ نموونە مەدەنیەت یان عەلمانیەت.. یان مافی ئافرەت.. لە ئەوروپا لە بۆشـایی و سەلبیاتی ئاینەکەیان هاتووە، کاتێ هەندێك ڕەوشەنبیر و سیاسەتمەداری خۆمان ئەو زاراوانە لێرە دەوڕێنن نەك هەر بەری نابـێ بـەڵکو شـینیش نـابێ، هـەروەك بینران لە ئەزمونی چەپیەکان و ڕوو لە ڕۆژهەڵاتی وا ئێستاش دیسان عەلمانیەکان

روویان لە ڕۆژئاوا کردۆتەوە بەهەمان تەوژم، جیاوازی جەوهەریەکەش لەوەیە ئاینی ئەموێ وەك (سپینوزا – و گاردینی..) گۆتەنیان هەر ڕێنمونیە نەك شەریعەت و بەرنامەی ژیان، هەر مەسەلەیەکی شەخسیە بۆیە چەمکەکان زۆر جار دەوری ئاین دەبینن لەوانە: شارستانی، کەلتوور، فەرهەنگ ، لیبرال و دیموکراسی، دەولەت کەچی لێرە جیایە ئاینی ئیسلام بەرنامەیەکی ژیانی تەواو هەڵگرتووە لە هەموو بوارەکان، مەودای هیچ زاراوە و چەمکێك نادا هاوتای بێ یاخود بەدیلی، بۆیە عەلمانیەتی جیهانی ئیسلامی بە گشتی دەردی نە شارەزایی لەو بەراوردە هەیە. سەرچاوەی قەیرانەکانی و ساغ نەبوونەوەی فکری لەوەوە دێت.

٤-لە کۆنەوە ڕۆژئاوا دەردی خۆپەرستی هەبووە، جیهانی لە چاوی ئەورووپاوە دیوە، بەو شێوەیە زۆربەی تیۆر و توێژینەوەکانیان لە (تەعمیم) بە هەڵەدا چووە، دیاردەیەکی ئەورووپی بووە کردوویانە بە مولکی هەمو کۆمەڵ، هەروەك بە ڕوونی لە تیۆرە سیاسی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و دەروونی یەکانی مارکس، فرۆید، دورکایم، مۆرگان، سپینۆزا، ... بە زەق تر لە هەموان دەردەکەوێ، بەداخەوە زۆربەی فەرهەنگەکانی جیهانیش بە عەرەبی و کوردیەکانیشەوە بە هەمان دەرد چووینە و ئەو هەڵەیەی ئەوانیان نەپالاوتووە، هەتا زۆربەی ئەو فەرهەنگانەی ئێمەش لێرە پشتمان پێ بەستوون.

٥-ئەو دەردەی سەروو لە فەرهەنگ و زاراوە نوێیەکانیشیان بە ڕوونی ڕەنگ دەداتەوە، بۆ نموونە پێناسی (حزب) تەنها بە کۆکردنەوە (دەنگ) دەناسێ [1]، ئەوەش زیاتر لە وڵاتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوایە نەك هەموو جیهان، هەروەها پێناسی (ڕیفۆرم-ئیسلاح- چاکسازی) یەکسەر بە بیروباوەڕێکی ئاینی لە دوای(مارتن لۆتەر)ی داوەتە قەڵەم [2]، بۆیە زۆربەی فەرهەنگ و

[1] Ox ford Advanced Learners Dictionary-٢٠٠٠.

[2] Acritical Review of concept and Difinition- Krober And Kurekhim-

ئەنسکولوپیدیەکانی ڕۆژئاوا دەردی یەك لایەنی تێگەیشتن، ئانیەت، گوێز لە هەمبانی خۆی ژماردن، سەرچیخی... پێوە دیارە، بۆیە نابی خۆ بدەینە دەست ئەو پێناس و مانایانەی ئەوان هەتا ئەگەر لیبرال پەروەریش بین. هەر بۆیەش ئێمە لەو فەرهەنگە پێناسی تایبەتی هیچ چەمك و زاراوەیەکمان نەکردووە، چونکە پێناسی زانستی نیە، پێناسی مەزهەبیە (چونکە چەمکەکان مەزهەبین نەك زانستی) بۆیە هەر پێناسێك گوزارش لە ڕاوبۆچونی مدرسەیەك دەکا.

٦-لەبەر نەبوونی (مەرجەعیەتەکی فەرهەنگی کوردستانی)ئەوا بەرە بەرە زاراوەی مدرسی سەری هەلداوە، زاراوەی وا کە مۆرکی مدرەسەیەکی پێوەیەو سەپێنراوە، لەوانە: زاراوەو چەمکی (هاوسەری، ڕامیاری، ..) ئەوانە زیاتر مانای عەلمانیەتیەکەی دەبەخشی نەك زانستی بێلایەن، تەنانەت هاوسەری دەقاودرق گوزارش لە مانای ژن ومێردایەتی لە سەربنچینەی تەفسیری فرویدی دەبەخشی، ئەوان شوکردن بەپروسەی یەکێتی جنسی پەتی لێك دەدەنەوە، بۆیە وشەو زاراوەی هاوسەري لەو سونگەیەوە دێت، کەچی پێناسی دروستی ژن ومێردایەتی ئەوەیە یەکێتیەکی کومەلایەتی وسیاسی ویاسایی وشەرعی وجنسیشە، جار وایە یەکیتیەکی فکری ونایدیلوژی وئاینیشە، کەواتە.زاراوەی "هاو+ سەری" تەواو گوزارش لەو پروسەیە ناکا و لە ڕووی زمانەوانیش ناتەواوە، بەهەمان شێوەش ڕامیاری لەدووشە (رامی-واتە فێلباز وە یار)[1]پیك هاتوە بەمانای سیاسەتێکە فێلاوی، ئەوەش گوزارش لە بۆچونی میکافیلی دەکا نەك هەمووسیاسەت، هەندی زاراوەی تر هەیە دابەش بۆ بە نمونە ئادەمی زاد ومروڤ، هەلبەتە لەیەکەمدا مانای تەفسیری ئاینیە بو دروست بونی بەشەر لەح ئادەم ولەدووەمیشاتەفسیری داروینیە بە (لا ادمیە)، کەواتە ئیشی فەرهەنگ زۆر ناسك وگرنگە بناغەکانی عەقلی سەردەمی لەسەر دروست دەبی

.١٩٥٢

[1] لەفەرهەنگی کوردستانی گیوی موکریانیش ڕامیاری بەفێل باز لێك داوەتەوە .

٧-زۆربەی زاراوەکانی سەر بە عەلمانیەت دەگێڕنەوە بۆ مێژووی نوێی شارستانی و ڕابوون و زادەی گەشەی زانستی و عەقلانیەت، کەچی زۆربەیان ڕەگ و ڕیشەی کۆنی سەردەمی نەفامی و دڕندایەتی و لایەنی شەڕی سروشتی ئادەمیزادە. ئێمە لێرەدا ناسنامە و تەمەنی ڕاستەقینەی خۆی پێدەدەینەوە.

٨-لە ڕۆژئاوا هەندێ زاراوە هەیە سەلبیە یان هەر خەیالیە بە حوکمی ئەو بارودۆخە مادیەی خۆیان، کەچی لای ئێمە هەمان زاراوە ئیجابیە و واقیعیشە، هەر بە نمونە (میسالی-ئایدیالی) لای ڕۆژئاوا بە مانای بیرێکی خەیاڵ پڵاو و ناواقیعی دێ، کەچی لای ئێمە مانای کارێکی نموونەیی و پێشەنگ دێ، هەروەها هەندێ زاراوەی تر لە بارودۆخ و بۆنەیەکی جیا لە ئێمە دروست بووە لە وەرگێڕانی دا ناوێکی پێ بەخشراوە جووت نابن، لەوانە (ئوسوڵی) ئەوان بەو سەرەنجام و پەرەگریەی پرۆتستانیان وتووە (fendamentalism) ئوسوڵی، کەچی ئوسوڵی لایئێمە مانای مەبدەئیانە و دانایی و دڵسۆزییە...، نمونەی تر لای ئێمە (شۆڕش بەرگری و کوردایەتی) و چالاکی پێشمەرگانە و بەرگری لە نیشتیمان شەرەفە، کەچی لای (ڕۆژئاوا و داگیرکەران و دیکتاتۆرەکان) ئەوە تیرۆر و توندوتیژی و دەرچوونە لە یاسا، ئەو لە بابەتی (تێکدەر، تیرۆر، دژی یاسا، دژی مەدەنیەت و شارستانیەت، ئەشقیا ،شێتی ، ڕێ گر..) ڕێزیان دەکا، لێرەدا زۆربەی ڕەوشەنبیر و نووسەر و سیاسەتمەدارانی عەلمانی لە دوولاوە بەهەڵەدا دەچن، یەکەم: کاتێ ئەو زاراوانە بەروانگەی ڕۆژئاوا و داگیرکەرانەوە لەناو ئێمەدا بڵاودەکەنەوە بێ لێک کردنەوەی ڕاستەقینە، کێیە تێکدەر و تیرۆریست و توندوتیژ ؟ دووەم: کاتێ ناتوانین بە ئاراستەی پێچەوانە و ڕاست کردنەوەی چەمک ئەو زاراوانە بۆناو کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا بنێرینەوە، ئەگەر وا نەبین ئەوا تەنها فەرمانبەرێکی وەرگێڕ و پینەچی ئەو دیدانە دەبین و تەنها وەکیلێکی دڵسۆزی کۆمپانیای چەمکان دەبین بۆ ساغ کردنەوەی.

٩-ڕاست کردنەوەی چەمکەکان زۆر ڕێ ی دوور کورت دەکاتەوە بۆ تێنک

گەیشتن، ئەوەی ئێستا عەلمانی و ئیسلامی و چەپیەکانی تەك و لۆ کردووە لە دیالۆگا تێك ناگەن، لە بنچینەدا لەو چەمکانە لێك جیان، بە تایبەتی عەلمانیەکان بە کوردیشەوە، هەم زانیاری لە بارەی ئەو ڕێبازە عەلمانیەی خۆی لێلە هەم لە بارەی ئیسلامی ڕاستەقینەش.. بۆیە وەڵامەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی و ئینتیماکانی بە زمانێکی پاڵا و ڕاشکاوانە نیە، ڕاوبۆچوونەکانی پڕە لە ناکۆکی لە نێوان (گۆتە و کردەی)، (ڕابووردوو و چارەنووسی) (ئینتیما و خزمەتی)..

جار وایە وەك چەند ڕوو ئەوەی دەیڵێ باوەڕی پێ نیە، ئەوەی شاردیتیەوەش شەرمی پێ یە بە ئاسایی لە ئاخافتنا ڕاستی ناڵێ، لە سپاردەیا دەرناچێ، لە بەڵێنا ناکۆك دەبێ.

١٠-زۆربەی زاراوەکانی نوێ بە تایبەتی سەلبیەکان لە نازی و فاشی و وجودی و دیکتاتۆری و شۆڤێنی و سادی و دوگمایی و.. لە مەدرەسە واقیعەکانی شیوعی و سوشیالیستی و سەرمایەداری رۆژئاوا هاتوون نەك لە مێژووی ئیسلام.. بۆیە دەبێ هەڵوێستی ئیسلامیشی لەسەر ڕوون بکرێتەوە بێ ئەوەی بکرێتە مولکی ئیسلام یان هەمو کۆمەڵ.

١١-لەگەڵ گەشەی کۆمەڵ ناوەڕۆکی زاراوەش دەگۆڕێ، ئەو زاراوانەی سەردەمی کشتوکاڵی و ئیمپراتۆری و خێڵەکی زۆر جیایە لەگەڵ سەردەمی پیشەسازی و وڵاتانی نەتەوەیی، ئێستاش لە سەردەمی عەولەمە دیسان جیایە لەگەڵ پێشوو، بۆیە ئێستا یەکێ لە قەیرانەکانی زاراوە ئەوەیە ماناکانی تەواو پێ هەڵناگیرێ هەتا لەڕووی یاساییشەوە، بۆیە پێویستی بە زاراوەی نوێ یان دەستکاریەکی بنەڕەتی هەیە، تا زانست و زانیاریش پێشکەوێ ئەوا زیاتر وشە سادەکان دەبنە زاراوەو چەمك، بەو شێوە سنوری فەرهەنگ فراوان دەبێ، مانـاو مەبەستەکان یەکتر دەبڕن لە وشەیەکی دیاری کراودا دەبنە زاراوە.

تێبینیە هونەریەکان:

١-زۆر جار ئاینی ئیسلام لەبەر سانایی ڕەوتی بابەتەکە وەك مەدرەسە ڕێز دەکەین.

٢-جاروایە هەندێ زاراوە و چەمك بەکاردەهێنین چەوتیشە، بەڵام لەبەر ئەوەی باوی وەرگرتووە ناچارین جارێ ئاوا پشتی پێ ببەستین لەوانە: شارستانی، کەلتوور، ڕێباز و زانستی، ...

٣- لەبەر ئەوەی زۆربەی سیستەمەکانی دەسەڵاتداری وڵاتانی ئیسلامی نیسلامی تەواونیە، هەریەکە لە دەستور و سیستەمی سیاسیدا پەیڕەوی سوشیالیستیە یان لیبڕالیە یان دەستور و یاساکانی یۆنانی و ڕۆمانی کۆن و فەرەنسی ئێستایە، ئەوا بۆ ئەوەی لە هەندێ وڵاتانی پەیڕەو ئیسلامی وەك ئێران، سودان، چیچان و ئەفغانستانی پێشوو جیایان کەینەوە... بە وڵاتانی (موسڵمان نشین) تۆمار دەکەین، هەڵەیە بڵێین وڵاتانی ئیسلامی، چونکە ئیسلامی مانای پەیڕەوکردنی شەریعەتی ئیسلامی، واتە تاکە سەرچاوەی دەستورەکەی قورئان و سوننە بێت.

٤-زۆرجار باسی ڕۆژئاوا بە شێوازی جیاجیا دەکەین، لیبڕاڵ دیمکراسی، ئەورووپچیایەتی، سەرمایەداری...هەمووی هەر مەبەستمان لە شێوازی ژیانی ڕۆژئاوایە، ئەگەر وتراش چەپی، مارکسی، شیوعیەت، سوشیالیستی زانستی، .. هەر یەك مانایە تەقریبەن.

٥- باسی هەمو مەدرەسە سەرەکیەکان دەکەین بەبێ لایەنی، بەڵام کەمێك زیاتر باسی ئیسلام دەکەین چونکە بە زمانی کوردی کەمتر لەسەر چەمك و فکری ئیسلامی نووسراونەوە.

لێرەدا لە چەمك و زاراوە سیاسیەکان دەست پێ دەکەین ئینجا دەچینە ناو زاراوەکانی ئابووری و فەلسەفی و گەردوونی و سروشتی، چونکە ئێستا بەرنامەی سیاسی و ئایدۆلۆجیای تاکیش وەك جاران نیە سەرچیخی بێت، لە قوڵاییەوە بۆی

دەروانین، تێگەیشتن لە گەردوون لە فەلسەفە لە دەور و بەر، تێگەیشتنی تایبەتیشت لە سیاسەت و لە ئینتیمای حزبی بۆ دروست دەکات، هەروەك (جان کوریس) سەدەیەك لەوەو پێش گۆتبووی ناچمە ناو سیاسەت هەتا لە بناغەی گەردوون نەگەم، ئەوە زۆر ڕاست دەرچووە، هەر مەدرەسەیەك و سیستەمێکی سیاسی و لایەنێك ئەگەر بەرنامەکانی وا قوولٚ نەبێتەوە ئەوا دەبێتە بەرنامە و لایەنێکی بەرژەوەندی و تەنها (پێ دان و وەرگرتن take and put) کە خراپترین پەیوەندی مرۆڤایەتیە.. جا لێرەدا ئەوە فەرهەنگی ڕاپێچی خەڵك نیە بۆ ناو بەرنامەیەك یان پێ دانی کلیلێك بێت بۆ تاکە هۆڵێك.. بەڵکو ڕەوشەن کردنەوەی دەرگاکانە، دڕدانی تاریکەکانە.. بۆ ئەوەی هەڵخەڵەتاوی نەمێنێ.

٦-لەبەر ئەوەی پانۆرامای مێژووی جیهان بە سەلبی و ئیجابی لە عەولەمەدا کۆ دەبێتەوە، ئەوروپاش پێشڕەو بووینە لە پێ خستنە ناو عەولەمە هەر لە سەدەی (١٦) بەدواوە، ئەوا ناو و سەربردەی زۆربەی زاراوە نوێیەکان لە ڕۆژئاوا هاتوون بە تایبەتی سەلبیەکانی وەك: فاشی، نازی، عەلمانی، بەرژەوەندی تایبەتی، سادی، ..هتد، لە لایەکی تر زاراوە چاکەکانیش وەك (مافی ئافرەت)، (مافی مرۆڤ)، (مافی چارەی خۆ نووسی)، (دیموکراسی)... چونکە لەوێ ئەو مافە نەبووە لە هەناوی سیستەمی ژیانیان دا نیە بە پێچەوانەی ئیسلام هەمو ئەو مافانە لە هەناوی شەریعەت دا هەیە بێ جوداکردنەوەی بەشێك و زاراوەیەك بۆی، جا کاتێ ئێمە بە شکستەوە لەسەر ڕێبازی ئەوان ڕۆیشتین یان خراپتریش وەك ئێستای دەسەلاتە دیکتاتۆریەکان ئەوا زاراوەکانیشیان پڕ بە بەرمان دەبێت، هەر بۆیەش ناو و زاراوەکانی ئەوان زیاتر باوی وەرگرتووە، هەر بە نموونە (پەرلەمان) باوترە لە (شورا)، تیرۆر باوترە لە تۆقاندن..

بۆیە ئێمەش لێرەدا ناچار لەسەرەتادا هەر بەناوی باویەوە زاراوە و چەمکەکان دەنووسینەوە.

٨-ڕێسایەك هەبوو لەناو نووسەرانی عەرەب گوایە (لامشاحة في الاصطلاح)،

ئێستا وا ڕەتی دەکەنەوە لەوانە د.محمد عمارە لە کتێبی نوێی (معرکة المصطلحات)، بەڵام هەندێکی تر پێ یان وایە (لامشاحة..)کە لە زاراوە ڕاستە بەڵام لە (چەمك) دەرناچی، چەمك و زاراوە لێرە لای ئێمەش لێك جیایە.

٩-هەوڵ دراوە زانیاری لە فەرهەنگە جۆربەجۆرەکان و باڵاکان و سەرچاوەی نەسڵی وەرگیرێ لە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی و ئیسلامی و کوردی و فارسی و عەرەبی و ئینگلیزی و فەرەنسی.. بە تایبەتی لە بارەی نەسڵی زاراوە و بۆنەی پەیدابوونی.

١٠- زۆر دەووتری فەرهەنگ دەبێ بێ لایەنانە و میان ڕەوانە بنوسرێتەوە، بەڵام ئەو بێ لایەنیە وانەکا سەودا لەسەر (ڕاستی) بکەین، یان میان ڕەوی وا هەڵسەنگێنین کە هەر (ڕاستیەك) دابەش بووە بۆ لای مدرسەکان، مەرج نیە، ڕەنگە وابێ، ڕەنگە لای یەکێکیشیان بێ بەتەنها، هەر بۆ نمونە لە وەڵامی پرسیاری: ئاخۆ (٣×٤) چەندە؟ خۆ ئەگەر فکری ئیسلامی وتی دەکاتە (٢٠)، شیوعی وتی (١٢)، سۆشیالیستی وتی (١٧)، لیبرال دیموکراسی وتی (١٠)، ئەوە بێ لایەنی مانای وانیە بڵێین هەمووتان ڕاست دەکەن یان نێوە ڕاستێکیان بۆ بدۆزیەوە، نەخێر ئێمە وەڵامەکان وەك خۆی تۆمار دەکەین؛ بەڵام لەکۆتاییدا دەڵێین وەڵامی شیوعی ڕاستە.

١١-ووردبوونەوەیەکی تر زۆر پێویستە، لەجیهانی ئیسلامیدا گەلێ زاراوەی سەلبی سەری هەڵداوە کە زادەی ڕەگەزپەرستی عروبی و تورکایەتی و.. پەڕیتە نێو فەرهەنگی ئیسلام، دەبێ بەووردی لێیان بژار بکەین یان مانای ڕاستەقینەو سەرچەلەی خۆی بۆ بدۆزینەوە.

١٣-لە پێش کۆتاییدا:

ا-هەندێ ناوی (موسوعة) هەیە زۆر لێك نزیکە وەك (الموسوعة العالمية العربية) و (الموسوعة العربية) بۆ لێك جیاکردنەوە یەکەمان کردۆتە (موسوعة العالمية) لە نووسیندا.

ب- ناوی دانەری کتێب و فەرهەنگەکان هەر جاری یەکەم دەنووسین.

لە کۆتاییدا ئەگەر دەڵێن (پێکدادانی شارستانی) هەیە، ڕەنگە وانەبێ بەڵام ئەوەی جێی گومان نیە (پێکدادانی زاراوە و چەمکەکان) هەیە...، جا هەندێکی لە پێک کەوتنیان زاراوەی نوێی هاوبەشی لێ دەرچووە لە دایک و باوکی جیاجیا.. هەشە ناشێت، بۆیە لێرەدا وەك مەسەلەی (فقه علی مذاهب الاربعة- یان خمسة)، ئێمەش لێرەدا (مفاهیم علی مدارس الاربعة) نیشان دەدەین بە کورتی هەنگاوەکان ئەوەیە:

یەکەم: پێ ناسێکی ئەسڵەکەی، دووەم: گەشە و لق و پۆ وەرگرتنی، سێ یەم: مانا و هەڵوێستی هەر مەدرەسەیەك لە بارەی ئەو زاراوە و چەمکانە ئنجا ڕوانگەی خۆشمانی دەخەینە سەر... بۆیە لە پێش هەمواندا با بزانین ئەو مەدرەسە سەرەکیانە کامەن؟

مەدرەسەکانی سیاسی لە عەولەمەدا:

لەوسەردەمەدا نەك فەرهەنگەکان هەتا (نەتەوە یەکگرتوەکان) و دەزگا دەولی و مرۆڤایەتیەکانیش کۆك نین لەبارەیپێناسی زۆربەی زاراوە سیاسی و فیکریە نوێیەکان، وڵاتانی موسڵمانشینیش بە هەمان شێوە وەك دەرکەوت لە کۆنگرەی (جاگارتا)ی ۲۰۰۲ز، ڕێك نەکەوتن لەبارەی پێناسی (تیرۆر)، هەروەك تا ئێستاش لە دەزگا ڕەسمیەکانی جیهانیش نەك هەر پێناسی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ نەکراوە هەتا نیشانەکانی یاسایشی بۆ نەکراوە، ئەوەستێتە سەر بکەر یان کارەکە؟ کێیە تیرۆرست؟ ناسنامەی چیە؟..

بە هەمان شێوەش لە بوارەکانی تری سیاسی و فیکری و فەلسەفی و کۆمەڵایەتیش هەر بە نموونە چەمکی (دادگەری) یان (کێشەی نادەمی زاد).. لە هەموو مەدرەسە و شارستانی و بەرنامەکانی حزبە جیهانی و کوردستانیەکانش داواکراوە، بەڵام هەر مەدرەسەیەك بە جۆرێکی تایبەتی خۆی لێی تێدەگا و

پێناسی دەکا، جا ئەو مەدرەسانەی کە لە جیهانی نوێدا وەك هاوتا و (بەدیل) بە یەکتر بۆ زۆربەی چەمکەکان وا لێـك جیـان هەریەکـە سیـستەمێکی سیاسـی و فیکری و کۆمەلایەتی و ئابووری تایبەتی هەیە تـا دەگاتـە پێـك هێنـانی بـاری دەروونی تاکیش، بریتیشن لە چوار مەدرەسەی سـەرەکی کـە هـەر یەکـەیان بـە روانگەی تایبەتی خۆی دەڕوانێتە ژیان و جیهان و ئەو چەمکانەش.

با لە پێشدا بزانین مەدرەسە چی یە؟ مەبەست لە مەدرەسە لەو سەردەمە: ئەو سیستەمە زیندوەیە کە پێك هاتووە لە کۆمەڵە تیۆرێکی سیاسی دارشتراو لەسەر بناغەیەکی فیکری و فەلسەفی و عەقلی، خاوەنی ئەزمونی مێژوویی و واقیعیـە، تیایدا چارەسەری لایەنێکی (یان هـەموو لایەنـەکانی) کێـشەکانی نـادەمیزاد و پەیوەندی و پێویستیەکانی لەگەڵ کۆمەڵ هەلگرتووە، کە لایەنەکانی سیاسـەت و دەسەلا ت وبێ دەسەلات و هەڵس و کەوت و حەرام و حـەلال.. دەگرێتـەوە، بـەو شێوەیە مەدرەسە (بەتایبەتی لـە عەولەمـەدا) ڕۆڵـی ئـاینیش دەبینـێ، خـاوەن بەرنامە و پابەندبوونە، خەلکی تایبەتی خۆی هەیـە، بەشـێوەیەك لەیـەك کاتـدا ئینتیما بۆ دوو مەدرەسە ناکرێت، قوتابیانی سەر بە هەر مەدرەسەیەك هـەر لـە بیری سیاسی تا دەگاتە هەڵس و کەوتی لێك جیایە لەگەڵ قوتابی مەدرەسـەیەکی تر.. هەریەکە حەرام و حەلالی تایبەتی خۆی هەیە، هەر بۆیەش بە تاك تاك و بە کۆمەڵ و حزب و تاقمیش دەشێ سەر بەو مدرسانە بن، هەرچەندە هەندێ زانـا و نووسـەری بالاّ وەك(المدارس الفكرية المعاصرة- ی محمد قطب) ناویان بە مەدرەسـە نەبردووە، بەلکو بە (تیار-تەوژم)ناویان بردووە وەك کتێبی (تيارات الفكر العربي المعاصر، د.مصطفى عبدالغني)، بەو شێوەیەشی دابەش کردووە: ١-تيار الديني، ٢-تيار الليبرالي، ٣-التيار اليساري، ٤-تيار القومي...

رەنگە تەنها (تيار القومي) ڕاست بێت (تەیارە) نەك مەدرەسە، ئنجـا هـەمو جۆرە سۆشیالیستەکان ناکەونە خانەی (چەپ).

ئایا ئیسلام مەدرەسەیە؟

ڕەنگە هەندێ نارەزایی دووسەرە هەبێ کە بۆچی ئیسلامیشمان ڕیزکردووە لەگەڵ مەدرەسە، هەروەك بە چاکی لە پێناسی مەدرەسەش دەردەکەوێ شمولی ئیسلام ناکا، جا نا ڕەزاییەکان بە دوو ئاڕاستەی پێچەوانەیە، بەشێك پێ یان وایە ئاین نابێ لە سیاسەت بگلێنرێ وئاین پەیوەستە بە تاك ئیتر ناگەنە ئاستی مدرسە، ئەوە عەلمانیەکانن، بەشەکەی تریش بە ئاڕاستەی پێچەوانە تەنها ئیسلام بە چارەسەر دەزانێ و زۆر لە سەروی مدرەسەیە، ئەوانەش ئیسلامیەکانن، بۆ هەردوولا، ئەوە هۆیەکانی ڕیزکردنی ئیسلامە لەگەڵ مەدرەسەکان:

١-تا خوێنەر واتێ نەگا ئەو مەدرەسە و سیستەمانە بۆ زەوین و ئاینیش بۆ ئاسمان هەروەك لە مەسیحی و چەند ئاینێکی تریش دا وابیشان دراوە، لە قورئاندا وا هاتوە: ﴿رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ﴾.

٢-لە بارەی ئەوانەی دەڵێن ئەو ڕیزکردنە بچووك کردنەوەی ئیسلامە.. زۆر ڕاستە بەلام هەر خۆی گەلێ بچووك تر کراوەتەوە هەر خانەنشین کرابوو لە ژیان، جیاکراوەتەوە لە لایەن دەسەڵاتداران، ئیتر لەو قۆناغە بەرز و گەورە کردنیەتی کە بتوانین بیگەینە ڕیز مەدرەسە.. نەگینا خۆی مەزنە.

٣-خۆ (نیبراهیم) هەڵبەتە لەوپەڕی خواناسی بووە کەچی بۆ شکاندنی ئەو (جمود فکرية)یە (بۆ وەختیانە) عەقیدە و ئاینی زۆر بچووك کردەوە و بگرە چووە دەرەوەی جوغزی ئاینیش کاتێ وتی وەرن خەڵکینە با بزانین ئەو ئەستێرە ڕەنگە خوامان بێ و دوای مانگ و ڕۆژ ئنجا کۆمەڵەکەی گەیاندە قەناعەتێك کە دروستکەری مانگ و ئەستێرە.. خوایە، کەواتە (ئیبراهیم) لە بچووکی دەستی پێ کرد بە مەزنی کۆتایی پێ هێنا، لە گومان دەستی پێکرد لە یەقین کۆتایی پێهێنا، لە فرە خوایی دەستی پێکرد بە یەکتاپەرستی کۆتایی پێهێنا.

بۆ ئەوەی ئەو (جمود)ە بشکێنێ و بیرە جام کردووەکان بکاتەوە و بیان جوڵێنێ..

بۆیە ئێستاش ئێمە لێرە بەو بچووکیە ئەگەر دەستیش پێ بکەین ئەوا بە مەزنی کۆتایی دێت.

٤-چەند ئەوەیەکە ئیسلام لەژیان دوور خراوەتەوە، وەك (ڕای باو) بە زەحمەت هەرس دەکرێ کە ئیسلام بەرنامەی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و شارستانی بێت هەتا بۆ خودی بەشێکی زانای ئیسلامیش چ جای ڕەوشەنبیرێکی عەلمانی یان عەوامێك.. بۆیە ویستومانە لە دوورەوە نزیکی بکەینەوە، لە دەرەوەی گۆڕەپان بیخەینە ناو گۆڕەپان، لە زیندانەوە بۆ دەرەوە، لە نەفی کراوی بۆ ناو ناوەدانی..ئیتر ئەرکی دوای ئەو قوناغە بو سیاسیەکان دەگەڕێتەوە.

٥-ئینجا ئەو مەدرەسانەش خۆ هەر پلەی ئاینی هەیە مادام (حەرام و حەلال)، (شەریعەت) و (حوکم) و بەرنامەی ڕێگەی ژیان و ئینتیما و ئەرك و ڕێنمایی هەبێ، ئیتر ئەوە ئاینە.. (هەروەك لە گفت و گۆیەکەی عدی کوڕی حاتم ڕوون تر دەردەکەوێ)، جا بۆ ئەوەی هەم لە لایەك مەدرەسەکان بە نامۆیی سەیری ئیسلام نەکەن لە لایەکی تریشەوە لەلایەن ئیسلام پەروەرانیشەوە ئەو مەدرەسانە بەبێ بڕوا لە قەلەم نەدەن، تا کارلێك کردن و دیالۆك ئەوەستێ...

بەو پێیە ئێستا دێینە سەر پێناسێکی سەرەتاو خێرای مدرەسەکان (دوای بە درێژی باسیان دەکەین)، کە بریتین لە: (١-لیبڕاڵ دیوکراسی، ٢-سوشیال دیوکراسی، ٣-شیوعیەت، ٤-ئاینی ئیسلام).

١-لیبڕاڵ دیوکراسی: زیاتر سیستەمی ڕۆژئاوایە، ئەوە سیستەمە، ئایدیۆلۆژیایە، ڕێگەی ژیانە، .. بۆیە لیبڕاڵ دیوکراسی جیایە لەگەڵ دیوکراسی یان خودی سەرمایەداریش، کۆن ترین سیستەمیشە، ئێستا بە هەموو ئەو سیستەمە بێ بەرنامە و ڕەمەکیانەش هەر دەووترێ لیبڕالی، ئیمپراتوریەکانیش بە جۆرێك ئەو سیستەمەیان پەیڕەو کردووە، ئێستاش لە جیهان دا زۆربەی وڵاتان و ئەو حیزبانەی بێ مەبادیئن و بناغەکانیان تەنهالەسەر بەرژەوەندی و (وەرگرە و بیکە take and put)یە سەر بەو مەدرەسەن، لە کوردستانیش چەند حیزبێك

هەن و بە گشتی حزبە عەلمانیەکان (جگە لە چەپەکان) بەرەو ئەو مەدرەسەن.

٢-سۆشیال دیموکراسی: زۆر جۆر سۆشیالیستی هەیە (وەك سۆشیالیستی زانستی، تۆباوی، فەوزەوی، مەسیحی، برجوازی، دیموکراسی، نەتەوەیی، نیشتیمانی، ..) ئەوەی ئێستا مەدرەسە دروست دەکا تەنها دوو جۆرە، یەکیان: سۆشیالیستی زانستیە کە هەمان ڕێبازی مارکسیە، بریتیە لە قۆناغی نێوان سەرمایەداری و شیوعیەت، بۆیە ئەوەیان هەر لە (شیوعیەتەوە دەخوێنینەوە)، کەواتە ئەوەی دەمێنێ (سوشیال-دیموکراسی)، زیاتر لە (٤) سەدەیە بیرۆکەکەی بە نموونەوە هاتووە، بەڵام ئەویش ڕەگ و ڕیشەی لەگەڵ لیبراڵیەت بە تەریبی بۆ قوڵایی مێژوو چەقیوە، ئێستاش لە وڵاتانی ئەسکەندینافیە و ئەوروپا و ئەفریقیا و ئاسیا ئەو ڕێبازە پەیدا بووە، بە تایبەتی لە دوای سەرنەکەوتنی ئەزموونی مارکسیەت، لە کوردستانیش چەند حیزبێك سەر بەو مەدرەسەن، ئێستا زیاتر بەرنامەکانیان لە ڕادیکالیەوە بەرەو پارێزگاری و شارستانی ڕۆژئاواییەن.

٣-شیوعیەت: ڕێبازێکی مارکسی لینینیە، بەپێی بۆچوونی خۆیان ئەوە دوا قۆناغی گەشەی کۆمەڵە و کۆتایی مێژووە وەك (حەتمی) کە تیایدا بە هەشتێك دەسازێ بە ڕزگاربوون لە دۆزەخی سەرمایەداری و لیبراڵی، بە یەکسانی بۆ هەمو ئادەمیزاد بێ دەوڵەت و یاسا و پۆلیس، هەروەك لەمانیفێستەکەی (مارکس، ئەنجلس) بلاوکرایەوە لە ساڵی ١٨٧٠، لینینیش یەکەم پەیڕەوکەری بووەلە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩١٧)ی ڕووسیا، دوای گەشە و هەڵلوشینی زیاتر لە نیوەی جیهان تا ساڵی ١٩٩١ و ڕۆژی ١٢/٣١ بە ڕۆژی هەڵوەشاندنەوەی ئەو مەدرەسە حیسابە، لە تەمەنی ٧٤ساڵی دا شکستی هێنا، بەڵام هێشتا چەندین وڵاتی وەکو چین، کۆریای سەروو، لاووس، ڤێتنام، کۆبا، و چەندین حزبی شیوعی تر و لە کوردستانیش بێجگە لە حزبە شیوعیەکان هەریەکە لە کۆمەڵەی کوردستانی ڕۆژهەڵات و (pkk) و چەند وردە حزبی تریش بە ڕاړایی هێشتا سەر بەو مەدرەسەن.

٤-مەدرەسەی ئاینی (ئیسلامی): زیاتر لێرەدا مەبەست ئیسلامە، هەر چەندە هەندێ ڕێبازی سیاسی فیکری مەسیحی و یەهودی و بوزی و..هتد هەیە، دەزگا و ئەنیستۆی سیاسی لەسەر دروست کراوە، بەڵام ناوێتە کراوە لەگەڵ یەکێ لەو مەدرەسانەی سەروو لەبەر بێ تێنی، بۆیە مەدرەسەیەکی سەربەخۆیان نیە هەروەك زانا و پسپۆڕانی خۆشیان لەو بارەیە باس لە نوقستانی و ناشمولیەتی ئەو ئاینانە دەکەن کە تەنیا ڕێنمایی پیرۆزە و بەس، بێ شەریعەتن، هەروەك (علی عزت بیگۆڤیچ) لە کتێبی (الاسلام بین الشرق و الغرب) دەڵێ: (السن بالسن)ی یەهودی بەو نوقستانی و لارییەی دەروونێك سازدەدا کە سوشیالیستی توندی لێ بێتە بەرهەم بۆ پڕکردنەوەی ئەو نوقستانیە، هەروەها (السن بالعفو)ی مەسیحی بە هەمان شێوە سیستەمێك بەرهەم دێنێت کە بریتیە لە (لیبراڵ دیوکراسی).. بەڵام (السن بالسن+العفو) ئیسلام لەبەر هەمەلایەنی پێویستی بە هیچ مەدرەسە و پینەیەك نیە و خۆی بەرنامەیەکی سەربەخۆ و تەواوە لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و نیشتیمانی و شارستانی و کەلتووری و..تا دەگاتە باری دەروونی و هەڵس و کەوتی تاکیش، ئەو مەدرەسەیە تاقانە لە مێژوودا نمونە و ئەزموونی پیادەی دەوڵەمەندی هەیە و بۆ هەموو سەردەمێك دەشێ دووبارە بکرێتەوە، بۆیە لە دوای هەشتاکانی سەدەی (٢٠) دیسان رابوونی مدرسەی ئیسلامی زیاتر هاتەوە مەیدان وەك گەلاڵەیەکی سەربەخۆی نە ڕۆژهەلاتی و نە ڕۆژئاوایی، هەر چەندە پێشتر چەند جم و جۆڵێك هەبووە لەناو خاوەن بیرەکان (نەك جەماوەر) لەوانە (یەکێتی محمدی (ئەورەسی)، برایان، دەعوە، حزب التحریر، جماعەی پاکستان، ...، بەڵام نەبووە خواستێکی جەماوەری تا شۆڕشی ئیسلامی ئێران ١٩٧٩ و لە دوایش شۆڕشی ئەفغانستان تەقیەوە، ئێستاش چەند نموونەیەکی سەرکەوتووی لە دروست کردنی دەوڵەتی نوێگەری و بزوتنەوە و کۆمەڵی ئیسلامی لێ دروست بووە، جیهانی خستۆتە بەردەم گۆڕانی مەزن، هەر چەندە زۆر بە دڕندانەش بەربەرەکانی دەکرێن، لەگەڵ کەم و کوڕی و

تیّ بینیش ڕوو لە زیادبووندان، وا ئێستا پەرپوەتەوە بەرەی ڕزگاری خوازیش تا ئەورادەیە تەنیا ئیسلامیەکانن دەتوانن بەرگری لە نیشتیمان بکەن لە ڕووی داگیرکەران وەك دەبینین لە (خوارووی لوبنان، فەڵەستین، چیچان، کشمیر، مۆرۆ، ..) لە کوردستانیش چەند باڵێك هەیە سەر بەو مەدرەسەیە.

*** * * *** **

هەندێ وردە مەدرەسەی تر هەنە مەرجەکانی مەدرەسیاتی تیا نەسازاوە، لەوانەش مەدرەسەی بیری نەتەوایەتی، چونکە خۆی ئایدۆلۆژیا و تەشریعاتی نیە، ئینتیمایەکی بایۆلۆجیە نەك ئایدۆلۆجی، میراتی یە نەك وەرگیراو، (لا إرادیة) نەك (إرادی)، جەوهەر و ناسنامەی ڕاستەقینەی مرۆڤیش ناکەوێتە سەر ڕەچەڵەك و نەتەوایەتی و هەرێمایەتی و شوێنی جوگرافی و نیشتیمان، بەڵکو دەکەوێتە سەر جۆری پەروەردە، بیری نەتەوایەتی حزبی پێ دروست نابێت بۆیە دەبینین هەردەم نازناوی مەدرەسەیەکی ئاینی یان چەپی یان لیبراڵ دیموکراسی پێوەنووساوە بۆ پڕکردنەوەی نوقستانیەکەی، هەندێکیشیان بەیەك مەدرەسەش تەواو ناکرێن هەر بە نموونە (جمال عبدالناصر) زۆر بە ڕاشکاوی لە کتێبی (فلسفة الثورة) دەڵێ: نەتەوەییەکەمان بە دوو باڵ دەفڕێ یەکیان سۆشیالیستە، ئەوی تر دیموکراسی، هەر بەپێی ناوەرۆکی ئەو مەدرەسانەش ڕەفتار و هەڵس و کەوتی دیاری دەکرێت، هەروەك بینیمان هەندێ جزبی نەتەوەیی ئیجابیە بەڵام هەندێکیش زۆر سەلبی و توند و تۆقێنەر بوونە وەك: فاشیەکان، نازیەکان، بەعسیەکان.. هەموو ئەوانە جۆرێك لە سۆشیالیستیان خواستووە (واتە ئایدیۆلۆژیان پێك هێناوە لە ئاوێتەی نەتەوایەتی و سۆشیالیستی).

لەو سەردەمەی عەولەمە و دوای شکستی عەلمانیەت و شیوعیەت زۆربەی حزب و تەوژمە نەتەوەییەکان ئایدۆلۆژیەکانیان تەنیا بەیەك مەدرەسە پێ تەواو

نابێت بۆیە پەنا دەبەنە بەر هەموو مەدرەسەکان[1].. لە کوردستانیش نەتەوەییەکان هەمان قەیرانیان هەیە، سەرەڕای قەیرانی ناسنامەیش، بە ڕوونی نازانرێ ئەوانە ئیسلامین یان عەلمانین؟ دیکتاتۆرین یان دیموکراسی؟ مارکسین یان لیبرالی؟.. بە کورتی هیچیان نیە (کەچی تا ساڵ دەشوڕێتەوە هەمووی پەیڕەو دەکا لە ئاینی و عەلمانی و نەتەوەیی و نومیەمی و... ئیتر (شمولی) ڕاستەقینە ئەوەیە کە دەیەوێ هەمووی پاوان بکا و پێش ناکرێ و ماندوو و نەخۆش دەبێ، بۆیە دەبێ دەسەڵاتدار بێت و ئیتر شەڕە دەسەڵات دەکا و دیکتاتۆری دەبێت و جارجاریش هەر بەیەکجاری جارِی هەرەس هێنانی ئایدۆلۆژیاش دەدەن.

بەو شێوەیە و لە ڕاستیشدا نە (بیری نەتەوەیی) و نە (ئیسلام)یش مەدرەسەنین، یەکەمیان لێی بچووک ترە و دووەمیشیان لێی گەورەترە.

** **

ئێستا ئەو مەدرەسانە لە هەموو جیهان وەك هاوتا و (بەدیل) لە گۆڕەپانن، هەریەکە کۆمەڵێك چارەسەر و چەمکی جیای هەڵگرتووە، کۆمەڵە (حرام و حەلال)، ئامانجەکانی، بنچینەکانی، یاساکانی، دید و جیهانبینیەکانی، تەرازووەکانی.. هەروەك چوار ئاینی سەرەکیە بە تایبەتی لە عەولەمەدا، جگە لە پەیڕەوانی بەرنامەی ئیسلام بە هەموو مەدرەسەکانی تر دەوترێ عەلمانی ئەگەر:

١-مەرجعیەتەکەی (قورئان و سوننە) نەبێت، ٢-یان هاوبەشێك بۆ ئەو مەرجەعیەتە پەیدا بکا، یان بە واتایەکی تر ئەگەر (دەستووری) وڵاتەکە یان (پەیڕەوی) حزبەکە سەرچاوەی دروست بوونەکەی بە تاقی تەنها ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە شەریعەت نەبێت ئەوا عەلمانی حیسابە، جیهانی ئێستا لەسەر ئەو بنچینە دابەش بووینە نەك لەسەر بنچینەی (شارستانی)، هەروەك (هنتگتۆن) و دەزگا سیاسی و بڕیار بە دەستەکانی ڕۆژئاوا وای بۆ چووینە، جا هەر میللەتێك و

---

[1] هۆیەکی تریش هەیە لەو بارە چونکە مەدرەسەکانی عەولەمە لاواز بووینە بۆیە ئەو حزبە نەتەوەییانە پەنا بۆ زیاتر لە مەدرەسەیەك دەبەن.

هەتا هەر تـاکێکیش مـادام مەدرەسـەی خـۆی نەدۆزیـەوە بـە پێـی ئینتیمـای (چـینایەتیەکەی، شارسـتانیەکەی، نیـشتیمانەکەی، ئاینەکـەی، فەرهـەنگی، کەلتووری)، ئەوا بزانێ یان نا خزمەتکارە بە خۆڕاییو بە خزمەتکاریش خانەنشین دەکرێ، بۆیە دەبێ ئێمە ئینتیمایەکانی خۆمان بدۆزینەوە لەیەکێ لەو مەدرەسانە ئیتر ناسنامەو ڕوانگەمان بێتو هەر بە پێی ئەویش لەو زاراوەو چەمکانە بگەین و دایڕێژینەوە (بڕوانە ئـەو بـەراوورده)*. لەسـەر ئـەو بنـچینەیە لێـرە بـەولاوە هەڵدەسـتین بـە هەڵبـژاردنی کۆمـەڵێك چـەمك و زاراوە کـە لـەو کوردسـتانە و جیهانیش زۆر بەکار و پێویست بێت، هەریەکەیان بە کورتی باسـێکی ڕەچـەڵەکی دەکەین لەگەڵ پێناسە جیاجیاکانی لە لایەن ئەو مەدرەسانە، ئینجا ئـەو پێناسـە هەڵدەبژێرین کە هەم ڕاستەقینەشە هەم ناسنامەی چـەمکەکەیەو لەگـەڵ ڕەوتـی میللەتو ئینتیمای شارستانیشمان بگونجێ بە گـشتیەکەی، ئینجـا وەك هـەموو میللەتان ئێمەش بەرگێکی کوردستانی تایبەتی لەبەر دەکەین جـارێ.. تـا ڕادەی مومکین کە هاوسەنگیـەکانی چەمکەکەش تێك ناچێ.

ئێستا بێجگە لە (زاراوەی زانستی) زۆربەی شێوازی چەمکی وەرگرتووە، بەڵام

---

* ئەوە خشتەکێکی بەراوردە کە چۆن لە هەمان زاراوەدا دوو واتای جیای هەیە لە نێوان داگیرکەر و زل هێزو دنیا خۆران لە لایەك و، لە لایەکی تر لە لایەن میللەتانی ژێر دەستە و ڕزگاری خوازانەوە:

لە ڕوانگەی میللەتان	لە ڕوانگەی داگیرکەران
خەبات	تخریب
شۆڕش	عصیان
چالاکی	تیرۆر
وەلاء	خیانەت
حزبایەتی	عمالة
خیانەت و جاشایەتی	خدمة الوطن
نیشتیمانی	خارج القانون
پابەندی	تمرد
کوردستان	شمال العراق
کوسوڤا	کوسوڤو (سربی)

بەهەمان شێوەش دەبی بزانین ئێمە کامەی بەکار دەهێنین مروڤ یان نادەمیزاد ...

ئێمە لێرەدا وەك (ڕێكەوتن) بەوانە دەڵێین (زاراوە) كە زۆر كاریگەری مەنهەجی نەبێت، هەڵبەتە زاراوە و چەمك بەویێ یە زۆر لێك جیا دەبن، ئێمە لە هەموو بەشەكانی داهاتوو زاراوەكان بە كورتی دەنووسینەوە زیاتر بۆ زانیاری و لە خزمەت پرۆژەی چەمكەكانە، بەڵام چەمكەكان شتێك درێژتر و بە مشت و مڕەوە باس دەكەین.

بەو شێوەیە چەمكەكانیش دابەش دەكەین بەپێی پەیوەندیان بە سیاسەتەوە لە بیری سیاسی، فیكری، دەروون ناسی، فەلسەفی، ئابووری، ئاینی، .. هەر چەندە لە عەولەمەدا ئەو بەشانەش ئەو سەربەخۆییانەیان نامێنێ و تێك دەچرژێن، بۆیە هەرلایەو دەتوانێ لە قازانجی خۆی بەكاری بهێنێ یان خواری بكاتەوە.

تێبینی: لەوفەرهەنگەدا دەبێ زۆرترین مانا لە كەمترین ڕستەو وشەدا كۆبكرێتەوە،ئەوەش مانای زاراوە دەبەخشێ كە یەكەم جار لە فەرهەنگی ئاینی هاتووە دوایش لە فلسفە ،لە سەردەمی 'بانگی ئیسلام لەفەرموودەو ماناكانیش ناوی بە(جوامع الكلمە) هاتووە ،لە سەر ئەو بنچینەیە (مفردات القران) هاتووە لەلایەن ئەسفەهانی،هەلبەتە زمانی پێش كەوتوو ودەولەمەند ئەوەیە بتوانی زاراوەو چەمك بەیەك ووشەیسادە دەر بڕی ،ئەگەر بووە ووشەی لێكدراو ئەوە پلەیەك لەپاشترە خۆ ئەگەر بووە ڕستەیەك ئەوەزمانێكی دەست كورتە یاخود پسپۆرەكانی شارەزا نین ،لە هەموویدا مەبەست ئەوەیە بەكەم ترین ووشەو ڕستە زۆر ترین مانا ببەخشێ، ئێمەش زۆر كورت و خەستمان كردووەتەوە، تا قەبارەیەكی بچووك هەڵگرێ، بۆیە تكا وایە زۆر لەسەرخۆو بەسەرنجەوە بخوێنرێتەوە، ئەگینا وشك و ڕەكیك دێتە پێش چاوو مێشك.

بەشی یەکەم

چەمکەکانی بیری سیاسی

لەو بەشە زیاتر باسی چەمکەکانی سیاسی پەتی دەکەین بە نەدریسی (بیری سیاسی) لە بەشەکانی تر باسی چەمکەکانی ئایدیولوژی سیاسی و فەلسەفەی سیاسی وزانستی سیاسی دەکەین

(١)
رامیـــــاری سیاســـەت Policy

کۆن ترین زاراوەیە، بە جمکی لەگەڵ ئادەمیزاد هاتووە ئەگەر بەو ناوەش نەبووبێت، بۆیە پێناسەکەشی فرەجۆری وەرگرتووە، بەڵام هەر هەمووی کۆك دەبنەوە لە مانای: (بەڕێوەبردنێکی دانایانەی کاروباری تاك و کۆمەڵ)، هەتا راپەراندنی ئیش و کاری خێزان و هۆز و برا گەورایەتیش هەر بە سیاسەتیان ناوبردووە، هەڵبەتە هەموو ئەو زاراوە و چەمکانە سەرچاوەکەی پەیامە کە کەوتۆتە ناو کۆمەڵ، ئینجا گۆڕان و خلت و خاری بەشەری دەکەوێتە سەر، با ورد بینەوە لە بنەچەی ئەو دوو سەرچاوەیەی رۆژئاوایی (ئەغریقی-یۆنانی) و ئاینیش (ئیسلامی) بزانین کامیان ڕەسەن ترە، سیاسەت لە رۆژئاوا گوایە لە (politique)ی فەرەنسیەکەیە هاتووە، ئەویش لە بنەچەدا لە ئەغریقی و یۆنانیەکە هاتووەو ئەرستو بەکاری هێناوە، کە لە دوو وشەی لێکدراوی (polis-شار) و (tehem - بەڕێوەبر)هاتووە ، واتە بەریوە بردنی شار، لە سەدەکانی دوای (١٣) فەرەنسا وای بەکارهێناوە[١]، ئەوەش لە پێناسەکەی سەرووی سیاسەت ئەوەندە نزیك نیە*، لەراستیدا کۆمەڵێك وشەی یۆنانی کۆن بۆ چاوگی (politque) دەنوسرێتەوە، لەوانە (polis، politeicl، teipolitica،

---

[١] بۆ زیاتر بڕوانە (علم السیاسة) د.حسن صعب، ل٢٠.

* لە راستیدا هەڵەیەك زۆر باوو بووە لە ئەنجامی هەڵەی تەرجەمەی عەرەبی بۆ هەریەکە لە repoplic بۆ جمهوریە، politiic بۆ سیاسەت، ئێمەش لە سەر ئەو هەڵەیە ڕۆیشتووین، کەچی ریپۆبلیك مانای (أشیاء عامة) دێ نەك جمهوری، ئەوەش دەقاودەق ماناو پێناسی سیاسەتە کە بریتیە لە مەسایلە گشتیەکان، پۆلیتیکیش مانای مەدەنیەتە، بۆیە راستیەکەی ئەوەیە ئەفلاتوونە باسی سیاسەتی کردووە نەك ئەرستۆ، ئەوەی ئەرستۆ باسی مەدەنیەتە .

epolitike، ..) زۆربەیان بەمانای شار و گۆڕەپانی کۆبوونەوەی خەڵکی هاتووە، بۆیـە زیـاتر politque لـە (مەدنیـەت) نـزیکترە نـەك سیاسـەت هـەروەك لـە مەبەستەکانی ئەرستۆش لێی وادەردەکەوێ، بۆیە جـاران تەرجەمـەی (رسـالة فـی السیاسة)ی ئەرستۆ بە مەدەنیەت هاتووە نەك سیاسەت، چونکە لەو کتێبەش کـە باس لە (خێزان- شار- دەوڵەت) دەکا زیاتر ئەو ڕەوتە وەردەگـرێ ، ڕەنگـە (re -poplice)ی ئەفلاتوون کەبە "جمهوری" وەرگێڕدراوەتە سەر عەرەبی)نزیك تـر بێ لەسیاسەت ، ڕاستیەکەی ئەوەیە (govern) زیاتر مانای سیاسـەتە، کـە بـە مانای (حکومەت)یش دێت و لێك نزیکن، ئەوەش زاراوەیەکی کۆن نیە .

پێناسی کۆنی ئیسلامی و ئاینی وا هاتووە: هەر دەقی وشەی سیاسـەت لـەو فەرموودە بەناوبانگە هەیە (کان بنو إسرائیل یسوسهم أنبیـاءهم)، واتـەئـیش و کاریان ڕادەپەڕاندن، هەر لەسەر وشەی (سیاسەت) (إبن یوسـف عـامری) دەڵـێ: (والعرب تقول ساس فلان دابته إذا قام بصلاحها و راضـها). لـە (لـسان العـرب) سوس بەمانای سەرۆکایەتی یان (..والسیاسة هي قیام بالأمر بما یصلحه).

سیاسەت لە ئیسلامدا نزیکە لە مانای حوکم هەروەك (معجم الحدیث للتحلیل السیاسي)یش وای نەقل کردووە، زۆربەی فەرهەنگەکانی ئەورووپیش وەك (قاموس المحیط)ئاسا بە (علم الدولة) تۆماریان کردووە، بۆیە نیـوەی ئایەتـەکانی قورئـانی یش لەسەر حوکم و سیاسـەتە، چ ڕاسـتەوخۆ چ لـە (مقاصـد الـشریعة)دا، هـەر پێناسی قورئان لە فەرموودەدا وا هاتووە: (أنباء عن قبلکم وأخبار من بعدکم و حکم فیما بینکم)، ئینجا بەشێکیشە لە ڕەوشت و ئیسلاح هەروەك لە کتێبەکانی (العین السیاسة)، (تعریفات جرجاني)، (إبن تیمیة-سیاسة الشرعیة)..هاتوون .

هەموو ئەو پێناسە کۆنانە (د.محمد عمارة) کـورتی کردۆتـەوە لـە: (هەرچـی کردارێك کە بێتە چاکسازی و دورخـستنەوە لـە فەسـاد-سیاسـەتە)[١].. ئـەوەش هەمان دارشتنەوەی (ابن عقیل)ە لە سیاسەت کە دەڵێ: (السیاسة ماکـان فعـلا

[١] د.محمد عمارە- المعرکة المصطلحات ل١٧٨.

(١) رابەری سیاسەت Policy،

یکون مع الناس أقرب الى الصلاح وأبعد عن الفساد، وان لم یضعه الرسول ولا نزل به وحي..).[١]

بەو شێوەیە (سیاسەتی) ئیسلامی کەمانای چاکسازی گشتی وەردەگرێو(Politice)ی ئەغریقی کە دەکاتە (بەڕێوەبەری شار) لە ڕێگەی ئەندەلوس لێك گیر بووینە و ئەو سیاسەتەی ئێستای لێ دەرچووە، زۆربەی فەرهەنگە جیهانیەکان مەبەست ومانا گشتیەکەیان وا ئەقل کردووە :(تحقیق أکبر قدر من السعادة لأعظم عدد من الناس)، واتە: بەرژەوەندی گشتی، ئەوەش هەمان پێناسی ئیسلامیە (نەك پۆلیسی شار) کە ئەگەر بمانەوێ مانایەکی بۆ (بەڕێوەبردن) بتاشین بە مانای (ڕاپەڕاندن)ە[٢]، بەو شێوەیە زۆربەی زاراوە و چەمکە پێویستەکان بنەچەکەی ئاینیە هەروەك (ئەلەکزەندەر گەریوفسکی)یش دەڵێ: (کۆنترین سەرچاوە کە لەسەر سیاسەتی نوسیبێتەوە ئاینە)[٣]، ئیتر لە ئەوروپا تەقەلایان داوە ئەسڵێکی لە کەلتووری خۆیان بۆ بدۆزنەوە و کتێبەکەی (السیاسة)ی ئەرستۆ بە دامەزرێنەری سیاسەت دەزانن، ئەگینا کەی (پۆلیس و شار) و سیاسەت دەگەڕێنەوە سەر یەك دایك و باوك.

ئەوە پێشەکیەك بوو بۆ سیاسەت کە زاراوەیەکە وا دەردەکەوێ دوورە لە ئاین و نزیکە لە عەلمانیەت و فکری بەشەری رووت کەچی ئەوە دۆخی ڕەچەڵەکی بوو، بۆ هەموو زاراوەیەك مەولەتی ئەو قوڵبونەوەیە نیە ٠

جا ئێستا دەگەڕێینەوە سەر ڕەوتی پێناسە جۆربەجۆرەکانی سیاسەت:

---

[١] الطرق الحكمية- ابن قيم الجوزية ص١٧

[٢] أ-علم السياسە: صدرالدين قبانجى.

ب-النظم السياسية: د.مشهدانى.

[٣] کۆن ترین ڕووداوەکانی مێژوو.

پێناسەکانی سیاسەت:

بە سەدان پێناس هەیە بەڵام هەندێکی هاوبەشی لێ هەڵدەبژێرین:

+ پێناسی کۆنی فەرەنسی کە لە کتێبی (leliver de toutes choses) لەلایەن (برونتۆی لاتینی) نووسراوە بریتیە لە (بەڕێوەبردنی شار) کە نزیکە لە مانا ڕاستەقینەکەی (politiqu)ی ئەرستۆ.

+ هونەر و زانستە.

+ هونەری مومکینە، یان وەك مۆسۆلینی پێناسی کردووە (هونەری وەرگرتنی دەسەڵاتە)[١].

+ (قاموس السياسي): هونەری بەڕێوەبردنی دەسەڵاتە ،ئەوەش بە هەمان پێناسی فەرهەنگی (La frand Encyclopedia).

+ زۆر پێناسی تری باو وەك سیاسەت مانای درۆیە، یان هەڵخەڵەتاندن، یان خۆویستی، ..

+ (سمث): هەڵخەڵەتاندنی خەڵك بە پیلان بۆ گەیشتن بە پایەك.

+ (فەرهەنگی لیتریە- فرنسی ١٨٨٠) : سیاسەت مانای زانستی دەسەڵاتە، پێشووتر لە (١٨٧٠) بە کەمێك جیاوازی تری پێناسی کردبوو بە (زانستی فەرمانڕەوای دەوڵەت)، هەر مانای (govern)یش بە سیاسەت هاتووە.

+ (فەرهەنگی وێبەر ١٩٦٢) : هونەری فەرمانڕەوای کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیە.

+(دوفرجيه- أحزاب السياسي): زاستێکی دەسەڵاتی ڕێك و پێکە لەناو هەموو کۆمەڵەکان .

+ ئەنثرۆپۆلۆجیەکان: بە هەموو چالاکیەکی ناو سیستەمی کۆمەڵایەتی دەوترێ سیاسەت .

+ بەدی هێنانی زیاترین بەختەوەری بۆ زۆرترین کەس، پێناسی ڕەسمی

[١] الامير: لە پێشەکیەکەی بە پێنوسی (مۆسۆلینی).

مەنهەجی-هەتا لە (ئەمیر)یش دانی بەو پێناسە هێنراوە. (هەرچەندە ئەوە پێناس نیە ئەوە ئامانجی سیاسەتە- م.ع)

+ (مقدمة فی انثروپۆلوجیا الاجتماعیة) : بەرنامەی دەسەڵاتە بۆ بەرگری کردن لە کۆمەڵگە .

پێناسی ئیسلامیەکانی کۆن و نوێ:

+ سیاسەت ئەوەیە باری خەڵکی چاك و پتەو بکرێت (العین السیاسة).

+ پێناسێکی گشتی نوێ و کۆنی کە لە لایەن زانایانی نوێی وەك (د.محمد عمارە، د.ترابی[1]، د.قرزاوی..[2]) هاتووە، (هەرچی کردارێك کە خەڵکی پاڵبدا بەرەو چاکە لە دژی خراپە سیاسەتە).

+ لە (تعریفات-جرجانی) هاتووە کە (ئیمامەت) مانای دنیا و قیامەتە و دەڵێ (الامام: هو الذي له الرئاسة في الدين و الدنيا جميعاً). (ماوەردی)یش لەبارەی (عقد الامامه) هەمان ڕاستی دەڵێ (موضوع الخلافة النبوة في حراسة الدين وسياسة الدنيا).[3]

+ پێناسی مارکسیەتیش: سیاسەت تەنها توخمێکی ئاساییە لەسەرخان و، کە ژێرخانە ئابووری یەکان هەڵی دەسووڕێنن.

+ بەڵام ئێستا پێناسی باوی سیاسەت میکاڤیلیانەیە لە جەوهەردا و بریتیە لە (هونەری گەیشتن و مانەوە لە دەسەڵات).

بەو شێوەیە سیاسەت زۆر جۆرە پێناسی جیاجیا و ئیجابی و نیمچە سەلبی بۆ داڕشتراوە، واتایەکی فراوانی هەیە، پەیوەندی بە زانستی کۆمەڵایەتی و ئابووری و نیشتیمانی و مێژوویی و دەروون ناسی و زانستی دیپلۆماسی و جیهانی..

---

[1] بۆ زیاتر سەرنج بدە/المصطلحات السیاسیة- د.ترابی.

[2] السیاسة الشرعیة- د.قرزاوی.

[3] الأحکام السلطانیة والولایات الدینیة- ل٥

هەیە، هەتا پەیوەندی سیاسەت و ئابووریش نوێ نیە هەروەك زانایانی ئەورووپی بۆ (ئادم سمث، ۱۷۲۳-۱۷۹۰) دەگێڕنەوە، نەخێر ئەوە هەر ئەو دەردە باوەی ئەورووپچیایەتیە کە هەردەم ویستویانە یەکەم دۆزەرەوەوژمارە پێوانەییەکان، یەکەم بەکارهێنان.. بۆ کەلتوری زانستی ئەورووپای بگێڕنەوە کە ئەوان خۆ بە سوپەرمان دەزانن و خەڵکی تریش (لۆیەرمان)!، ئەگەر تێبینی بکرێت لە پێناسەکانی سەروو دەبینین پێناسە کۆنەکانی ئیسلامیو نا ئیسلامیش بە ئیجابی سیاسەتیان نوسیتەوە، بەرەبەرە فکری بەشەری بە سەلبی ڕوانیتیە سیاسەت و ویستویەتی لە رەوشت و ئاین جیای بکاتەوە، چونکە لە زۆربەی کتێبە کۆنەکان سیاسەت لە بەشی رەوشت دەنووسرایەوە نەك هەر پێناسەکانی ئیسلامی سەروو، (محمد بن عبدالله) هەم پێغەمبەر بوو و هەم سەرۆکی سیاسی دەوڵەتی ئیسلامی بوو، دوای ئەویش خولەفای ڕاشیدین، .. ئەو زانایانەش لە دوای ئەوان کە بە خەست تر لەسەر سیاسەتیان نوسیە لەسەر هەمان ڕەوتی رەوشت و مەبادیئو و بەهای باڵا وەك: (فارابی، ماوردی، إبن تیمیه، إبن قیم، غزالی، أبن خلدون، ..) تا دەگاتە جمال الدین و حسن بنا و مودودی و نەدوی،خمینی، .. لە کوردستانیش: بەدلیسی، سەعید نورەسی، مەلا مستەفا، محمد شارەزووری، عثمان عبدالعزیز، علی باپیر.

بە هەمان ڕەوتی تەربییشەوە زانایانی جیهانی عەلمانی بە سەلبی و ئیجابی لەسەر سیاسەتیان نووسیوە: (ئەفلاتوون، ئەرستۆ، کۆنفۆشیوس، شیشرۆن، ئەکوینی، ئوگستین، میکاڤیلی، هۆبز، رۆسۆ، لۆك، مونتسیکو، کانت، هیجل، مارکس، ئەنجلس، لینین، بنتام، سپینۆزا، جمال عبدالناصر، شبلی عیسمی، مشیل عفلق، صدام حسین، ..)، لە کوردستانیش: د.عبدالله جودت، ئیسحاق سکوتلی، رفیق حلمی، إبراهیم أحمد، جلال تاڵەبانی، مسعود بارزانی، ..

ئەو دوو بەرە مێژوویە تا دەگاتە میکاڤیلی (۱٤٦۹-۱٥۲۷) ئنجا بە ڕاستەخۆ ترو بێ پەردە دێتە سەر پێناسەکانی سەلبی سیاسەت و لە رەوشت و

مەبادیئو بەهاو مرۆڤایەتی جیا دەکاتەوە و بەهەلٚ قۆســتنەوە و رفانـدن و شـەڕە دەسـەلاٚت و بە هەرچی ئامرازێك بێت بگەیت بە مەبەست.. (الغاية تبرر الوسيلة) قاوغرێژی دەکا.

ڕاڕەوی میکاڤیلی:

نیقۆلا میکاڤیلی لە سـالٚی ١٤٦٩ لە ئیتالٚیا لە دایك بووە، لە سـالٚی ١٥٢٧ مردووە، خاوەنی کتێبی بەناوبانگی (ئەمیر - the prince) و (طروحـات) (فـن الحروب)، (تأريخ فلۆرنسا)یـە ، ناوبـانگێکی خراپـی هەیـە لـە بـارەی ڕاڕەوەی سیاسەت، هەرچەندە بەشێکی تریش بـەجۆرێکی جیـاتر بـۆی دەچـن، هـەر لـەو کاتیش ئەو نووسینانەی لە خزمەت دەسەلاٚتدارە دیکتاتۆرەکان نووسیوە کە چـۆن پارێزگـاری لــە دەســەلاٚت بکــەن و خــەلکی هەلٚخەلٚــەتێنن، تـا ئـەو دواییــەش نووسینەکانی لە گەلیٚ شوێن قەدەغە بوون، تیـۆرە سیاسـیەکانی خۆویـستانە لـە ڕەوشت و مەبادینی جیاکردەوە، تا ئەو بەشە سیاسەتەیە خـەلکی نـاوی لیٚ نـاوە (سیاسەت مانای درۆ و بادانەوە و هەلٚخەلٚەتاندن)، ئەوەش هەمان پێناس (سمث)ە بۆ سیاسەت کە ئێستا باوترین پێناسـە، لـە پرۆتۆکـۆلی (١)ی حکمـاء صـهيون هاتوو: (الحاكم المقيد بالاخلاق ليس بـسياسي البـارع) ئەوانـە پێنـاس و بنـەمای سیاسەتی ڕێبازی میکاڤیلیـە کـە ڕاڕەوی زۆربـەی عەلمانیەکانـە (نـەك هـەموو سیاســەت)، لــە ڕاستیــشدا زانایــان و ئەنــسرۆپۆلوجیەکان بەچــەوتی ڕاڕەوەی (میکاڤیلی) بە (مؤسـس فكـر الـسياسي الحديث) حیـساب دەکـەن، هەرچـەندە هەندێ لایەنی زانستیش لە میکـاڤیلی بـەدی دەکـرێ، بـەلاٚم ئـەو ڕاڕەوە تـەنها مەرجعیەتی عەلمانیەتی نویٚ ی ڕۆژئاواییە ، نەك هەموو سیاسەت وە نە هـەموو عەلمانیەتیش، هەتا لە بوهـاری شـیوعیەتیش بەسـەر ئەوانـدا پـەیڕەو نـەدەبوو، بزوتنەوەی شیوعیەتیش خاوەن مەبادیئو، ئەگۆڕ و ئامانجی سیاسی داهاتوو بـوو، بەلاٚم هەر ئەسلٚی پێناسی (مارکسی) بۆ سیاسەتمەدار کە بەستویەتەوە بە بـازاڕ و

باری ئابووری وەك ئەنجلس دەڵێ تەماشای سەر و کەللە و ئینتیمای سیاسی تــاك مەکەن، تەماشای بــازاڕ و بــاری ئابووریەیەکـەی بکـەن.. واتــە بــە کـورتی لــە مارکسیـەت دا دان بەوە نانێ کە سیاسەت مەبادیئی سـەربەخۆیە بـەڵکو ئـەویش دەداتە پاڵ مادە، ئـەوەش لــە کۆتاییـدا سیاســەتمەدارێکی بەرژەوەنـد پەرسـت و هەڵپەرست و بێ مەبادیئت بۆ دروست دەکا هەر وەك دەبینین لـە دوای شکـستی شیوعیەت، ئێستا بـە خێراییــەکی زۆر ئـەوانیش بـەرەو ئـەو ڕاڕەوەن، دەتـوانین بزوتنەوە خاوەن مەبادیئەکان جیابکەینەوە لە ڕاڕەوەی میکاڤیلی، باقیەکـەی تـر وەسفی (مؤسس الفکر السیاسي الحدیث) هەڵدەگرێ نەك هەموو لایەك، ئێـستاش بزوتنەوە ئیسلامیەکانو دیموکراسیو دڵسۆزانی سیاسی تـریش هـەن کـە لەسـەر ڕاڕەوەی مکاڤیلی نین، دەتوانین لیستێکی بـەراورد بکـەین لـە نێـوان سیاســەتی ڕەواو سیاسەتی میکاڤیلی کە بـە کورتیەکـەی ئێـستا دوو پێناسـی دژ بەیـەکی سەرەکی هەیە:

١-سیاســەتی ڕەوا: بریتیــە لــە (ئیـسلاح+ بینــاکردن+ مـەبادیئی+ .. بـۆ مەبەستی گشتی).

٢-سیاسەتی میکاڤیلی: بریتیە لــە (درۆ و هەڵخەڵەتانـدن و خـۆ گـۆڕین بـۆ مەبەستی تایبەتی).

لە ڕاسـتیدا ڕاڕەوەی میکـاڤیلی وەك نـاو نوێیــە بـەڵام وەك نـاوەڕۆك کۆنـە، دەتـوانین ڕەگ و ریـشەی لــە کتێبــەکانی ئەرسـتۆوش بدۆزینـەوە، هـەموو ئـەو فەیلەسوف و زاناو (وعاظ السلاطین)و کەلتووری ئەو سەردەمەی کە لــە خزمــەتی دەسەڵاتە ئیمپراتۆر و سیستەمە نەفامەکان بووینە میکاڤیلین، بەسەر دەسەڵاتیان دا هــەڵگوتووە بەرامبــەر بڕێــك درهــەم، لــە دژی سیاســەت و دەســەڵاتێکی مەبادیئانەو ڕەوشتیانەی پێغەمبەرەکان و ڕاڕەوەکانیان، سەرنج بدە (إبن سینـاء) لە (رسائل) وەسفی سیاسـەتێکی بە ڕەوشتو خۆنەویست و خزمـەتکار دەکـا لــە بەرامبەر سیاسەتێکی دووڕوویی کە وەسفەکانی دەقا و دەق جووت دەبێت لەگـەڵ

سیاسەتی میکاڤیلیو سیاسەتی شەرعی، ئیمام شافیعیش دەڵێ (لا سیاسة الا ما وافق الشرع).[1] بە هەمان شێوە (إبن خلدون) لە (مقدمة) باس لە (خلق السیاسة) دەکا کە بریتیە لە (بەڵێنو ڕاستگۆییو خۆنەویستی و بەهاناو چاکەو گۆتەو کردەیو لایەنگری هەقو زەحمەتکێشان...) (سیاسی نەفامی)یش پێچەوانەکانی ئەوانە، (فارابی)یش لە (کتاب الملة) باسی سیاسەتی نەفامی کردووە کە ئەو سیاسەتەیە بەرژەوەندی تایبەتی دەخاتە سەرووی بەرژەوەندی گشتی.[2]

ابن القیم الجوزی باس لە (السیاسة الظالمة) و (السیاسة العادلة) کردووە لە (الطرق الحکمیة في السیاسة الشرعیة) ل۱۰، دەقەکەی : (فإن سیاسة نوعا: سیاسة ظالمة فالشریعة تحرمها وسیاسة عادلة فهي من الشریعة). ابن عقیلیش دەڵێ: (السیاسة ماکان فعلا یکون معه الناس اقرب الی الصلاح أبعد عن الفساد).. بەو شێوەیە زانایانی ئیسلامی باسی زانستی سیاسەتیان کردووە وەك (أشرف العلم)، بەپێی (قاموس السیاسة) (تهذیب السیاسة- أهوازي) کۆنترین کتێبێکی ئیسلامیە کە لەسەر سیاسەتی نووسیوە، واتە ئەو مل ملانێیەی میکاڤیلی سیاسەتمەدارانی فیلبازی ئیستا ململانێیەکی کۆنە .

[1] الطرق الحکمیة في السیاسة الشرعیة- ابن القیم الجوزیة- ل۱۷.

[2] بۆ زیاتر سەرنج بدە (الموسوعة المصطلحات العلم الاجتماع و السیاسة).

لیستێکی جیاوازی نێوان سیاسەتی ڕەواو میکاڤیلی

سیاسەتی ڕەوا - زانستی	سیاسەتی میکاڤیلی- نەفامی
١-مەبادیئی و ڕەوشتیە	١-بێ مەبدەئی و ڕەوشتیە
٢-سیاسەت ئامرازە	٢-سیاسەت مەبەستە و خۆشی تیادایە
٣-بەڵێن، ڕاستگۆیی، سپاردەیی، بەزەیی، گشت ویستی، خزمەت، مرۆڤایەتی، چەسپاوی. (الغاية لاتبرر الوسيلة في كل الأحوال)	٣-بێبەڵێنی، درۆ، خیانەت، بێبەزەیی، خۆویستی، دڕندایەتی، خودپەرستی، گۆڕاوی. (الغاية تبرر وسيلة مطلقاً)
٤-یەکێتی گۆتە و کردە	٤-ناکۆکی نێوان گۆتە و کردە
٥-بەرژەوەندی گشتی	٥-بەرژەوەندی تایبەتی
٦-یەکێتی و متمانە	٦-پارچە پارچەیی و بێ متمانەیی
٧-پەروەردە و بیناکردن و دامەزراندنی چارەنووس	٧-تێکدان و گوێ پێنەدان و ئانیەت
٨-ڕاستی تەرازووە	٨-بەرژەوەندی شەخسی تەرازووە
٩-لایەنگیری هەژار و چەوساوەیە	٩-لایەنگیری چینی سەرو و چەوسێنەرانە لە دوای خۆی
١٠-بۆ مەبدەئەکە دەژی	١٠-لەسەر مەبدەئەکە دەژی
١١-لەگەڵ ڕابووردوو و ئێستا و داهاتوو کۆکە	١١-هەردەم ئێستای لەگەڵ ڕابووردوو و داهاتووی ناکۆکە

تێبینی: ئەوە بەراوردی ڕێبازەکانە، ڕەنگە ئیسلامیش یان خەلیفەش هەبوبێ بەشی دووەمی بەکارهێنابێ، ئەوە کردەوەی تاکە نەك ڕێباز.

(إبن تیمیه)ش لە تەفسیری (مانـدە) سیاسـەتی ڕاسـتەوخۆ بەنـدکردووە بـە نامەنـەت و دادگـەری، دەڵـێ مانـای (فهـذااجمـاع الـسیاسة العادلـة و الولایـة الـصالحة)[١]. (أ.غـزالی)یـش لـە بابـەتی (عـدل في الـسیاسة) دەڵـێ: ئـەو کـاتی (دادگەری سیاسـی) دێتـە دی چ لـە شـارێك چ لـە وڵاتێـك، وەك فەرمانـەکانی ئەندامانی جەستەمان هەریەکەو بە پێی پسپۆڕیو تواناو شایستەی (کەفائـەتی) بنکەو سەرکردە دروست بکرێت نەك لەسەر بنچینەی چین و ڕەچەڵەك و[٢]..

هەتا لە وەسفی سیاسەتی مەدەنیشدا لە فەرهەنگەکانی کـۆنی ئیـسلامی بـە پێکەوە ژیانی کۆمەڵێك خەلکی ڕەچەڵەك جیاجیا و مانای بوونی (هـاوڵاتی-بـێ بەستنەوە بـە عـەقیـدە) لەسـەر بنـچینەی هاوکـاری بەرژەوەنـدی گـشتی نـاوی هاتووە[٣].

بەو شێوەیە سیاسەت لە فکری ئیسلام ودەوڵـەتی مەدینـە پیـادە کـراوە، لـە دوای ئەوانیش لـە لایـەن خەلیفـەکان ولـە ڕێگـەی نامـە و ڕێنماییـەکانیان بـۆ والیەکان و هەتا ئەو ساتەش هەر لەسەر ڕاڕەوەی سیاسەتی شەرعی دەڕۆن، واتـە ئەو سیاسەتە چەوت و فێڵبـازو خۆویـستی یـە هـەموو سیاسـەت نیـەو ئەسـڵی سیاسەتیش نیەو (میکافیلی)یش (مؤسس الفکر السیاسي الحدیث)نیە بە گشتی، هەروەك پێناسەکەی (مارکس) (الـدین أفیـون الـشعوب) بـۆ هـەموو ئـاینێ نیـە هەڵەیە تەنها بۆ ئاینی (مەسیحی) نزیکە، بە هەمان شێوەش (میکافیلیـەتیش) (مؤسـس)ی هـەموو سیاسـەت نیـە، تـەنها سیاسـەتی عـەلمانی نوێیـە بـە کوردستانیشەوە ،چونکە عەلمانیەتی کوردسـتانیش بـە چـەپ و سوشیالیـستی و نەتەوەیی و لیبڕالیـشەوە وەك عەلمانیـەتی عـەرەب لـە ژێـر کاریگـەری فیکـری مارکس بوون، جا ئێستا (لە کوردستان)یش دوو تەوەری سـەلبی پێـك گەیـشتن،

---

[١] السیاسة الشرعیة.
[٢] میزان العمل.
[٣] الموسوعة المصطلحات الجامع العلوم، الملقب ب(دستور العلماء)، مادة -السیاسة المدنیة-.

یەکیان کۆتای خلت و خاری مارکسیەت لەلایەك، لـە لایـەکی ترلایـەنی سـەلبی سیاسەتی رۆژئاوایی کە بریتیە لە تێڕوانین بۆ سیاسەت لـە چوارچێوەی نـەریتی سەرمایەداریانە، بە پێی بنەمای (بیکە و وەرگرە take and put)، لە ئەنجامدا سیاسەت و حزبایەتیەکی بێ مەبدەئی و بێڕەوشتی سیاسی لێ دەرددچێ، لەسەر ئەو بنچینەیەی (بەرژەوەندی تایبەتی) پەیوەندیو یاسـای نێـو دەولـەتی لەسـەر دروست بووە، کە لە کۆتاییدا یەکسانە بە بەرژەوەندی شەخسـی وێـران کـەر یـان بەرژەوەندی تایبەتی ولاتێك، ئەوەش (سیاسەتی نەفامیە) جا بـا هـەر زانسـت و تەکنۆلۆجیاشـیان گەشەسـەندوو بێـت. بۆیـەش لـە رۆژئـاوا زۆر بـە ئاشـکرا و شەرعیەوە پەیوەندیەکانی سادەو ئالۆز، تاك و کۆ، ناوەکی و دەرەکی، دپلۆماسی و دۆستایەتی، هەمووی لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی تایبەتە، هەر لـە کۆنـەوەش (ئادم سمث) وتوویـەتی: دادگـەری و بەختـەوەری بـەوە دێتـە دی کـە هەریەکـە بەرژەوەندی تایبەتی بۆ بێتە دی[١]، هەروەها (جۆرج بۆش-باوك) بە ئاشـکرا وتـی مەبادیئی میللەت نابێت ناکۆك بێـت لەگـەڵ بەرژەوەندیـەکانی، بۆیـەش ئێـستا سەرانسەری عەلمانیەت بە سۆشیالیستی و چەپی و نەتەوەی و لیبرالیەوە پـەیڕەوی ڕێبـازی میکـاڤیلی دەکـەن، هـەمووی بەراشـکاوانەتر دەڵـێن (خـۆ سیاسـەت دەزگایەکی خەیری نیـە! ئـەویش بـەدوای بەرژەوەندیـە، بۆیـە هـیچ مـەرجێکی مەبدەئی و ڕەوشتی سیاسی تیا نیە و باسیشی ناکرێ هەتا لـە ڕاپـۆرتی سیاسـی کۆنگرەکان و ڕاگەیاندن و هەڵس و کەوت و.. تـا لێـرەدا پێناسـی سیاسـەت لـە کوردسـتانیش وا بـاوی وەرگرتـووە بـە مانـای: (درۆ و پـێچ و پـەنا و هونـەری هەڵخەڵەتاندن و خۆ ویستی و کۆشك و تەلارو گـوێ نەدانـە سـەوابیت و لێڵـی و ئەوبەر ئەوبەر کردن و بێ ئۆقرەیی و بێ ئەمەکی و هەڵپەرستی و.. لێرەوە (سـید القوم..) نەك (خادمهم) بەڵکو دەبێ (قوم) خـادمی سیاسـەتمەدار بێـت، ئـەوەش لە؟ دستان چاك پەیڕەو کراوەبە پێی ڕارەوی میکاڤیلی کە لەسەر سیاسەت بڕین

[١] ثروة الامم -(أدم سمث).

پێچەوانەی ڕێبازی شەرعی و مەبدەئی بۆی دەژی .

تێبینی: رامیاری کوردیش مانای (مەکربازی)یە. [1] واتـە ئـەو زمـان زانـەی رامیاری بەرامبەر سیاسە داناوە بـە ڕوانگەیـەکی مکاڤیلیانـە هـەڵی بـژاردووە. (ڕامی + یار) (مەکریار).

ئاین و سیاسەت:

زۆر ڕای چەوت باوی وەرگرتووە، ئێـستا خـەڵکی بەگـشتی و بەشـێکی زۆری ڕەوشەنبیریش لە ئەنجامی ئەو ڕەفتارە سیاسیە میکافیلیانە، یەکسەر ئەو پێناسە بۆ سیاسـەت (تەعمیم) دەکەن و دەڵێن (سیاسەت مانـای درۆیـە)، بۆیـەش هـەر یەکێك بە فرت و فێڵ و نۆین باز بێت بۆ مەرامە تایبەتیەکانی خـۆی چ لـە دنیـەکی بچووك یان لە ولاتێك یان لە جهان ئەوا پێی دەڵێن چەندە سیاسیە بۆ خـۆی، لـە بیرەوەریەکانی شا جۆرجی بەریتانی هاتووە کاتێ بینی لەسەر گۆڕێك نووسرا بوو: ئەوە گۆڕی سیاسەتمەداری ڕاستگۆ (فلانی کوڕی فلانە)، شـا جـۆرج وتـی: سـەرم سوڕ ماوە چۆن دوو کەس لەیەك گۆڕ شاردراونەوە؟ دەسـت و پێوەنـدەکانیش بـێ ئەوەی یەك لەسەر یەك بوەستن (وەك ئێستا ئاسا) پێ یان وت: قوربان یەك گۆڕەو یەك کەسە.. گوتی نەخێر سیاسەتمەدارێکە و ڕاسـت گۆیەکیـشە (واتـە دوو)!، .. واتە سیاسەتمەدار و ڕاست گۆ یەك نـین، ئـەوەیان مێـژووی سیاسـی عەلمانیەتـە، ئێستاش چاکترین پەیڕەوکـەری ئـەو بیرەوەریـەن، ئـیتر پێناسـەکانی عەلمانیـەت ومیکاڤیلی- دامەزرێنەری فیکری سیاسی هاوچەرخ- هـەمووی لەگـەڵ وتەکـەی (شا جۆرج) یەك ماناو ماهیەتە.. بەڵام ئینجا نەخێر، هـەموو سیاسـەت وانیـە، دیارە سیاسەتیش وەك هـەموو بـەش و بەرهەمـەکانی مـرۆڤ لایـەنی سـەلبی و ئیجابی هەیە، بۆیە سیاسەتی میکـاڤیلی بەشـێکە لـە سیاسـەتی سـەلبی نـەك

[1] بڕوانە فەرهەنگی کوردستان- گیوی ل٤٨٠

هەموو سیاسەت، بەڵام هەر کاتێ مدرسەکانی عەلمانیەت دەسەڵاتدار بێت ئەوا پێناس و هەڵس‌وکەوتی ڕێبازی میکاڤیلی و خۆویستی باو وەردەگرێ، هەر بۆیەش دەبینین لەو سەردەمە بە چاوێکی ڕێزەوە سەیری سیاسەت و سیاسەتمەدار ناکرێ، شەرمی پێ یە بڵێت من سیاسەتمەدارم، زۆر ئاساییە بڵێ من فەرمانبەرم یان کرێکارم.. بەڵام زۆر بە خێرایی دەڵێ من سیاسی نیم، یان لەسەر دوکان دەنوسرێ باسی (قەرز) و (سیاسەت) مەکە، هەتا بەڕای بەشێك لە لێکۆڵەرەوەکان ئەوەپیلانە لەسەر سیاسەتیش، تەنانەت هەندێ حزب و لایەنی دەسەڵاتی سیاسی کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی خودی (سیاسەت) دەکەن، جا ئەو دوخە وای لە خەڵکی عەوام و هەندێ نیمچە زانای ئیسلامی و (هەندێ زانایانی ئاینی تر کە شەریعەتیان نیە) ڕەوشەنبیرانی عەلمانیش کردووە کە هەموو پێکەوە بگەنە ئەنجامێکی هەنە و حوکم لەسەر سیاسەت بەگشتی بە سەلبی بدەن و لێی دووركەونەوە، تەنانەت ڕارەوەی شیعەش هەتا پێش شۆڕشی ئیسلامی ئێرانیش لە ١٩٧٩ دووركەوتبوونەوە لە سیاسەت، شۆڕش و دەوڵەتیان بۆ ئیمامی زەمان هەڵگرتبوو، هەندێکی تر زیاترلەوەش وتوویانە (أعوذ بالله من الشیطان و السیاسة)، ڕەنگە بێ ویستی خۆیان خزمەتێکی خۆڕاییان بە مەبەستی عەلمانیەت کردووە بۆ دوور خستنەوەی ئاین لە سیاسەت، هەروەك شوبلی عیسەمی دەڵێ: (زانا و پیاوانێکی ئاینی هەن کە زۆر لە ئیسلام قوول نابنەوە خزمەتی مەبەستەکانی عەلمانی دەکەن کە پێیان وایە ئاین تەنیا بۆ کاری شەخسی بێت و دوور لە سیاسەت)[1]، بەپێچەوانەی زانایانی کۆن کە سیاسەتیان بە (أشرف العلم) وەسف کردبوو، ئەو شەپۆلە زیاتر لە ئەوروپاوە لە دوای دارمانی خەلافەت لە ساڵی ١٩٢٤ هات، بەکارهێنانی ئاین لەوێ بۆ سیاسەتێکی درندە کە تا ڕادەی (مافی شایانە- Divine right at the king)[2] ناو دەبرا، لەوێ لەبەر

---

١ العلمانية و الدولة الدينية-شبلي عيسمى ص٧٧.

٢ موسوعة العلوم السياسية.

نوقستانی بەرنامەی سیاسی ئاینی مەسیحی (هەروەك سپنوزا، تالیدان، گاردینی دەڵێن: ئاینی مەسیحی بێ شەریعەتە)[١]، بووە هۆی وەستانی کۆمەڵگە لـە پـێش کەوتن و داهێنان و دادگەری و عەقڵانەتیش.. بەڵام بـە سیاسـی کردنـی ئیـسلام مانای ڕاست کردنـەوەی ئیـسلامی ڕاستەقینەیە، دەبێتـە هـۆی پـێش کـەوتن و دادگەری و بینای کۆمەڵایەتی و سەربەستی و.. ئـەو دۆخـە ئاسمـان و ڕیـسمانی فەرقـە، کەچـی ئـەو شـەپۆلە لـە دوای دارمـانی خەلافـەت گەیـشتە جیهـانی ئیسلامی، هەڵس و کەوتی هەندێ خەلیفەو دام و دەزگاکانیان زەمینـەیان زیـاتر سازدا، هەندێ ئیمچە زانای ئیسلامیشی هاتنە سەر هـەمان ڕای (پاپـا)یـەکان و بەتایبەتی قەشە (ولیام ثامیـل)ی ئینگلیـزی کـە وتەیـەکی بـەناوبانگی هـەبوو وتبووی: (چەندە هەڵەیە ئەگەر واتێ بگەین خوا بە تەنها ئـەو بوونـەوەرە بـەرێوە دەبا)، لە وانە (شێخ علی عبدالرزاق) (قازی شەرعی)ی ئەزهەریش بوو، لە ساڵی ١٩٢٥ کتێبێکی نووسی بەناوی (الاسـلام و أصـول الحکـم)، تیایـدا هەنـدێ ڕاو بۆچونی دەگمەنی تیادا بوو، وەك ئەوەی (ئیسلام تەنها ئاینی گیانە نەك دەوڵەت، پەیامی محمد هەرگیز دەوڵەت و حکومەتی تیا نەبووە) ل٦٤-٦٥، هەنـدێ ڕای وا پەیدابوو، یەکێکی تریش بەناوی (خالد محمد خالد) هەر لە میـسر کتێبێکـی بـە هەمان ناوەرۆك نووسیەوە بە ناوی (من هنا نبدأ).. بەڵام کە چـاکتر لـە ئیـسلام گەیشت هەر خۆی گەڕایەوە و کتێبێکی تـری بـەناوی (الدولـة في الاسـلام) دانـا، ئەوانە هەر لە خزمەتی بـیر و بۆچـوونی عەلمانیـەت نیـە، بـەڵکو ئیمپریـالیزمی جیهانیش بە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییەوە ئەوەیان مەبەستە بـۆ دەرکێـشانی گیـانی بەرگری ئیشتیمانی، هەر بۆیەش لەگەل داگیرکردنـی کوردسـتان ودروسـت بـوونی مەینەتی کورد دروشمی جیا کردنەوەی ئـاین لـە سیاسـەت هـاتووە، یەکـەم جـار ڕۆژنامـەی (تێگەیـشتنی ئـوێ)کەلەلایـەن بریتانیاوەدەردەچـوولەدوای ١٩١٨-

---

[١] هەرکەسێ ئینجیل بخوێنێتەوە ئەو ڕاستیەی بۆدەردەکەوێ، سەرەڕای ئەوەش لە (جدول و الشروح)ی ئینجیل پێناسـی دەکا ناڵێ شریعەتی خوایە دەڵێ سیرەی مسیحە .

(١) رامیاری	سیاسەت	Policy

بانگێشەی (ئاین شتێکەو سیاسەتیش شتێکی ترە)ی بلاو کردووە، ئینجا داگیرکەرەکانی تریش لەهەموان سەخت تر دەسەلاتی بەعس بوو سزاکەی تا رادەی سێدارە بوو، هەروەها هەر لە کاتی خۆشی (میکاڤیلی) و هەمو رارەوەی ئێستاش زۆر داکۆکی لەسەر ئەو لێك جیاکردنەوەی ئاین و سیاسەت دەکەن[١]، لەکۆنەوە دەزگا ماسۆنی و شێوە زایۆنیەکان و هەندێ رارەوی ئیسلامی ئەفامیش یەکیان گرتۆتەوە لە دوورخستنەوەی سیاسەت لە ئاین، لە ئیسلامیەکانیش جار وابووە لەبەر هۆی ناکۆکی ماندوبوون بێئومێدی بە ئەنجامێك گەیشتوون وەك (أعوذ بالله من الشیطان والسیاسة) کە لەلایەن (شێخ سعید نورسی) وتراوە.
بەلاّم ئەوەی میکاڤیلی و هاورایانی مەبەستیانە جیایە، میکاڤیلی و رارەوەکەی زیاتر داکۆکی لە دوورخستنەوەی ئاین دەکەن، لەبەر هۆیەکی سادە، ئەگەر سیاسەت رەوشت و مەبادینی بێت ئەوا عەیب و عار و ئەنانیەتی سیاسەتە میکاڤیلیەکە دەردەکەوێ، بەو شێوەیە: ١-نەزانی، ٢-تەوژمی شکستی خەلافەت، ٣-هەلّمەتی عەلمانیەتی جیهان° لەسەدەی (٢٠)...، تا رادەیەکی چاك توانرا ئیسلام لە سیاسەت و ژیانیشدا جیا بکرێتەوە، تا ئەو رادە لە دەستووری (حزبی بەعسی-١٩٤٧) مادەی (٣) تۆمار کرا: (تاکە پێك بەستنێك لەناو دوو ولاّتی عەرەب دەبێت تەنیا ئەتەوەیی بێت، هەموو بەستنەوەیەکی تری ئاینی و مەزهەبی دەبێ لە رەگ و ریشەوە دەرکێشرێ)، زۆربەی حزبە عەلمانیە ئەتەوەییەکان بەو شێوەیە بوون، چەپیەکانیش زۆر خراتر، لە دوای هەموو ئەوانە دەبینین کار و فرمانی ئاین سیاسیە بۆیە ئەو تەقەلایانەی سەروو هەمووی شکستی هێنا و ئێستا ئاین و سیاسەت سەرتاپای جیهانی گرتەوە وەك یەك شت، هەروەها سەرتاپای بوارەکانی ژیانیش لە کۆمەلاّیەتی، ئابووری، نیشتیمانی، دپلۆماسی، سایکۆلۆجی.. هەتا تەندروستی، نەك تەنها لەناو

[١] طروحات، میکاڤیلی.
° ئەوەش لە ئەنجامی لاوازی مەسیحیەت بەرامبەر عەلمانیەت واسەری هەلدا لە ئەوروپا

ئیسلام، لە ناو مەسیحی و یەهودی و هندۆسی و.. بەدەیان حزبی مەسیحی و یەهودی و.. لە کوردستانیش (٣) حیزبی مەسیحی هەیە، هەر بۆیەش لە کۆنگرەی هەزارەیی کە لە هەفتەی کۆتایی مانگی ٢٠٠٢/٨ نیۆیۆرك کە بە هەزاران زانای جیهانی جۆربەجۆری ئەکادیمی و سیاسی و ئەنثرۆپۆلۆجی، .. بەشدار بوون بڕیاریان دا کە ئاین و سیاسەت و دەوڵەت لێك جیا ناکرێتەوە و سەدەی (٢١)یشیان بە سەدەی گەڕانەوەی ئاین پێش بینی کرد، ئێستا هەر سیستەمێك ئاینی بنچینە نەبێت دۆڕاوە، سەرنج بدە نێوان عەرب و ئیسرائیل، عەرەب ئاینی خۆیان بچووك کردۆتەوە و ئیسرائیلیش بە ئاینی خۆی ئیش دەکا، چۆن عەرەب ڕیسوا و شکست خواردوو و پەرتەوازەن، ئەگەر ئاینەکانی تریش بشێ باس لە جیاکردنەوەیان بکرێت لە سیاسەت و دەوڵەت و ژیان، ئەوا لە ئیسلام بە هیچ جۆرێك ناکرێت، بۆیەش دەبینین ئیسلامیەکان و زانایانی ئیسلامی (کە ئیجماعن) هەتا ئینسکلۆپیدیە گەورەکانیش پێناسی ئاین بە ژیانی سیاسی دەکەن بە نموونە فەرهەنگی (موسوعة العالمية العربية ج١٠ ص٥٨٤) کە لە هەناوی (Great Encyclobidia-British) هاتووە لە مانای ئاین دەڵێ: (الدین.. من دان دینا ملکه و حکمه و ساسه و دبره)، هەر لە (معجم الحديث للتحليل السياسي)، دەڵێ: (باسی سیاسەت و حوکم یەکە، لە زانکۆکانی پێشو و ئێستاش بە زانستی سیاسەت دەووترێ (بەشەکانی حوکم)، بەهەمان شێوە فەرهەنگەکانی (لیتریە، دوفرجە -أحزاب السياسة، معجم الحديث، موسوع العالمية، العين السياسة، تعريفات جرجاني، ئەسڵە یۆنانی و ئەغریقیەکە..)، هەمووی سیاسەت و حوکمیان یەکسان کردووە، مانای حکومەت لە ئینگلیزی مانای سیاسەتە (govern)، بەو شێوەیە مانای وایە نیوەی قورئانی پیرۆز لەسەر سیاسەتە، هەروەها پێغەمبەرەکان سەرۆکی سیاسی میللەتەکەیان بوونە، هەر خودی سروشتی (ئومەی ئیسلام) پەیوەندی و پێکهاتەیەکی سیاسیە، ئیتر سیاسەت و ئیسلام وەك سەر و لەشە ئەوەی بیەوێ

ئیسلام لە سیاسەت جیا بکاتەوە ئەوا دەیەوێ ئیسلام سەر ببڕێ لە پشتەوە، هەموو زانایان لەسەر سیاسەتیان نووسیە، بەڵام ئەوانەی بە تایبەتی و ڕاستەوخۆ لەسەر ئیسلامیان نووسیە لە وانە (ئەهوازی، إبن تیمیة، أبن قیم، شافیعي، حنفي، أحمد، ئیمامەکانی ئەهل البیت، أبن عقیل، ماوردی، .. زۆری تر)، هەموو ئەوانە ئەو دابەشیەی (نەقل و عەقل)، (سیاسەت و شەریعەت)، (ئاین و دەوڵەت)، (قوانین الارض و قانون السماء)، (أدیان السماویة والارضیة)، (دنیاو قیامەت).. ڕەت کردۆتەوە، هەر بۆیەش هەر هەمووی لە پێناسی (ئیمامە) یان (الخلافة) وا هاتووە: (نیابة عن رسول الله ﷺ في حراسة الدین و سیاسة الدنیا به)[1]، یان وەك (تفتازانی) مەرجی یەکەمی (ئیمامەی) کۆکردۆتەوە لە کۆن و نوێ بە (ان یکون سائسا)[2] چارەسەرێك هەیە کە ڕەنگە بەشی هەموو لایەکی تیا بێت، بۆ چوونی عەلمانی و هەندێ لە عەوامی موسڵمان و ئیتریش کە دەڵێن نابێت ئیسلام تێکەڵی سیاسەت بکرێت، ڕاستە بۆ سیاسەتی میکافیلی، دەبێ ئیسلام لەو جۆرە سیاسەتە دوور بکەوێتەوە، بەڵام ئیسلام و سیاسەتی نەخلاقی و شەرعی لێك جیا ناکرێتەوە وەك زانایانی ئاینی و ئیسلامیەکان بانگیشەی بۆدەکەن. ئەوەی زیاتر ئەو دەمەتەقێیەی درێژە پێدا هەڵس و کەوتی بەشێك لە ئەزموونی ئیسلامیە نوێیەکانە کە کێشە و ناکۆکی زۆری ناوەکی زیندوو کردەوە لەگەڵیدا (أعوذ بالله من الشیطان والسیاسة)شی زیندووکردەوە .

ئەگینا لە ئەسڵدا مەسەلەیەکی عەقیدەیە ئەگەر باوەڕت وابێ قورئان هاتوو مرۆڤ (خلیفه) جێنشینی خوا بێت، ئەوا ئاینەکەشی بەرنامەی سیاسیە، خۆ گەر باوەڕیشت وابوو مرۆڤ بە ڕێکەوت پەڕیتە سەر ئەو زەمینە ئەوە تەواوە هەر مرۆڤ بۆ خۆی چاکتر دەزانی ئیش و کاری خۆی ڕابپەڕێنێ، بەڵام دەبینین عەلمانیەکانیش بە زمانێکی پاڵاو وەڵامی ئەو پرسیارانە نادەنەوە، بۆیە نایانەوێ ئاین تەواو لە سیاسەت جیا بکەنەوە بە تایبەتی لەو سەردەمە، دەیانەوێ لە خزمەتیان بێت،

١ السیاسة الشرعیة. دقرزاوی ل٣٢. ٢- عقائد النسفي

دەورى سـەرباز و خزمـەتكارى و پينـەو چـەتر و تـابيعى نـەك سـەركردە و مەرجەعيەت و پێشڕەوى و ڕێ نيشاندەرى بێ، بەتايبەتى لە كاتە تەنگانـەكانيان ڕوو لە گوتارى ئايينى دەكەنەوە، حزبى بەعس ئەوەندە دژى ئيسلام بوو كەچى لە تەنگاييەكان و لەكاتى هێرشى ئـەمريكا هـەموو مەبدەئـەكانى سۆشياليـستى و نەتەوەگەرى لەبير چووبۆوەو تەنها باسى ئيمانى دەكرد... وەك لە بەشى داهاتووە دێينە سەرى بەتايبەتى لە (عەلمانيەت) و (ئيسلامى سياسى).

كێ ئايين بەكاردێنێ؟

دەنگۆيەكى زۆر ديسان تەقيوەتەوە بەرووى ئيسلاميەكان لەلايەن عەلمانيـەوەو دەڵێن ئێوە ئاين بەكاردەهێنن لەپێناو سياسەت، هـەر ئـەو تۆمەتـەش بـوو لـە دەزگاى دادگاييەكانى كۆمارى تـوركى كـەمالى لـەدژى سـەركردەكانى شۆڕشـى كـورد (شـێخ سـەعيدى پـيران، مـەلا سـەليم، شـێخ عبدالـسلام بـارزانى..) بەكارهاتووە، ئێستاش لەناوەخۆ و دەرەوە بەدەنگ هاتوون.

پرسيارێكى چەمكيە زۆر بەكار دێت بێ ئەوەى تەرازوويەكى دروست بێنن بـۆ ساغ كردنەوەى، ئەوەش لە ئەنجامى ئەو لێك جياكردنەوەيەى ئائين لە سياسـەتەوە دێت، ئەو كێشەيە كەمتر لە وڵاتانى نائيسلامى بەدى دەكرێ بەڵكو بەشى هـەرە زۆريان لەدەستور دووبارە ڕێزى بۆ ئاينەكەيان داناوە هەروەك لە مادەكانى:١ و٤٧ لە دەستورى يۆنان، ١ و٢ لە دانيمارك، ١٢ لـە نـەرويج، ٤ لـە سـويد، ٥٤ لـە كولۆمبيـا، ٦٦ لـە كورسـيكا، ١٢ لـە سـلڤادۆر، ٦ لـە ئيـسپانيا، ٢٤ لـە پورتوگاليا، ٣ لە پرگواى، ٢ لە ئەرجەنتين ...، هەنديكـيشيان مـەرجى ئينتمـاى ئاينى بۆ مەليك وسەرۆك لە دەستور ديارى كراوە، لەوانە :مادەى ٤ لـە سـويد، مادەى ٩١ لە ئيسپانيا ..[1]، چونكە تـين و تـەوژمى ئاينەكـەيان لـە سياسـەت بەهێزتر نيە تا ببێتە بەكارهێنەر بۆى، واتـە لێـرە (دان پياهێنانـە) كـە ئيـسلام

[1] بۆ زياتر بڕوانە :الاسلام والعلمانية وأثرهما في نشأة الدولة العراقية الحديثة -نوسەر

بەهێزترە لە سیاسەتەکە، هەر بۆیەش دەبینین مەسیحیە عەرەبە نەتەوە گەریەکان ئیسلامیان لە پێناو مەبدەئی نەتەوەگەری بەکارهێناوە نەك مەسیحی[1]، هەر چەندە لە پێش تر و ئێستاش هەموو باڵەکانی عەلمانی لە جیهانی ئیسلامی و لە کوردستانیش ئاینیان لە پێناو سیاسەت (بەزاراوە عەلمانی خۆی) بەکارهێناوە بۆ جوان کردنی ئەو بیر و ئایدیۆلۆجیانەی کە ئامۆ بووینە وەك: مارکسیەت، سوشیالیستیەت، لیبرالیەت، .. جاران دەیان وت خۆ شیوعیەتیش هەر دادپەروەریەکی وەکو ئیسلامی دەوێ، یان سوشیالیستیش هەر ناوەرۆکی ئیسلامە هەتا لەو دواییەش هەر بەردەوام بوو، (عبدالله ئۆجەلان) دەڵێ: (پێغەمبەرو ئیمام علی لە ئێمە سوشیالیستی تر بووینە)[2]، هەر لە بارەی دیوکراسیش دەیان وت هەروەك ئیسلام ئاوا سەربەستی تیایە، بەو شێوەیە (مەکسیم رۆدنسۆن) کە جیهان بینێکی مارکسی بەناوبانگە لە کتێبی (الاسلام و المارکسیة)ی خۆی دەڵێ: (نەك لایەنە نەتەوەیی و عەلمانیەکان، بەڵکو شیوعیەکانی جیهانی ئیسلامیش سەروەریەکانی ئیسلامیان بەکارهێناوە لە پێناو بڵاوکردنەوەی شیوعیەت)، لەعیراقیش لەو نموونەیە گەلی زورە بەتایبەتی لەسەرەتاکان، لەلایەك دژی ئاین بوون وکتێبێ وەك (این الله)یان بلاو دەکردەوە لەلایەکی تر بانگەوازیان بە ناوی (صرخة الإلهية لأخ لینین)یان بلاو دەکردەوە، معروف رصافی بە ئایەتی قورئان بانگەشەی بۆ شیوعیەت دەکرد ..، بەهەمان شێوە تەیاری نەتەوەیی لە عەرەب و کوردو تورك و عیبریش و.. کردوویانە، سەرنج بدە دوورترین کەس لە ئیسلام (میشێل عەفلەق) دامەزرێنەری حیزبی بەعس دەڵێ: (نابێ عەرەب بێت و ئیسلام نەبێت، سەرم سوڕماوە ئیسلامێك عەرەبی خۆش نەوێ)[3]، کتابی (ذکری رسول الله)شی هەیە.. سەرنج بدە چۆن

---

[1] بۆ زیاتر سەرنج بدە :(مشیل عفلق-کتابات کاملة)، شبلی عیسمی (العلمانیة و الدولة الدینیة)، نجیب عازوری (یقظة أمة العربیة).

[2] هەڵبژاردە-عبدالله ئۆجەلان.

[3] الکتاب السیاسیة الکاملة- میشیل عفلق.

ئیسلام بەکاردەهێنێ بۆ سیاسەتی نەتەوەیی، نەتەوە گەریەکانی عەرەب و یەهودی دەڵێن: ئێمەین(شعب الله المختار)*، دەبێ نەتەوەی ئێمە سەرکردەی جیهان بێت!، بە هەمان شێوە دەبینین مێژووی ئیمپریالیزمی پڕە لە نمونەی بەکارهێنانی ئاین بە هەمو ناراستەیەکی تەریب و پێچەوانە، تا ئەو رادە ئەنجومەنی نیشتیمانی فەرەنسی لە گەرمەی ئیمپریالیەتی دا بۆ داگیر کردن بریاری دا کە (چۆن دەرمان بۆ مێش کوژی پێویستە ئاواش مەسیحی و ئینجیل بۆ قەڵاچۆی ئاینە ئەفسانەییەکانی تر پێویستە)[1]، بە هەمان شێوە ئیسرائیل وەك دەوڵەتێکی نەتەودیی لەسەر بنچینەی دەقی ئاینی دروست کراود[2]... کۆن ترین بەکارهێنانی ئاین لەپێناو سیاسەتی ئاردەوا دەگەرێتەوە بۆ ئەو شایانەی کە رەچەڵەکی خۆیان بە (معجزە)یەکی خوایی دەبەستەوە[3]، لە کوردستانیش بەکارهێنانی ئاین لەپێناو بنەمای عەلمانی لە چارەکی دوای سەدەی بیستەم زیاتر دەستی پێ کرد، بەڵام لە سەرەتای سەر هەڵدانی عەلمانیەت لە کوردستان نەیتوانیوە تەشەنە بکا یان پەنای بردۆتە بەر (۱-کێشەی نیشتیمانی و کوردایەتی، ۲-یان ئاینی ئیسلام)، زۆر روونە سەرکەوتنی نسبی (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانی عێراق) و (PKK) و سەرنەکەوتنی حزبە شیوعیەکانی هاورێیان هۆیەکەی بۆ (فاکتەری نیشتیمانی دەگەرێتەوە نەك عەقیدەی مارکسی)، هەروەها بوونی جەماوەریەکی شۆرش و حزبە کوردستانیەکانی پێشوش بۆ هەردوو فاکتەر دەگەرێتەوە کە هەردەم زانایەکی ئاینیان کردۆتە پێشەوا، ئەگینا تەفاعولیان نەدەکرد لەناو میللەت هەتا (پ.د.ك)یش لە سەرەتای شۆرشی ئەیلول ۱۹٦۱ بەشداریان نەبوو، هەر ئەو هۆیە بوو پاڵی دان

* لە پرۆتۆکۆلی (٥)حکماء صهیون هاتووە : وقد منحنا الله العبقرية كي نكون قادرين على القيام بقيادة العالم

[1] معبنوا الارض ص۱۹ -فراتنر فانون.

[2] بۆ زیاتر سەرنج بدە (الاساطير المؤسسة..) - رۆجی غارودی.

[3] بۆ زیاتر بروانە:د احمد سوسە —تاريخ حضارة وادي الرافدين ص ۲۰۱

بێنە ژێر سەرکردایەتیەکی وەك (ملا مصطفی)، ئەگینا زۆربەی سەرکردایەتی بەو بیرە مارکسیەی خۆیان لابەلا وەسفی (بارزانیان) بە کۆنەپەرستو دەرەبەگخوازو مەلاو میسالی دەکرد، هەتا ئەزموونی کۆمەڵەی ئێرانیش هەر بۆ چەتر (م/شێخ عزالدین حسین)یان بەکارهێنا.. ئێستاش کە دەبینین حزبە عەلمانیەکانی کوردستان کەسیان دەنگی نەگەیشتە لە (٥٠٪)، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەرچەندە فاکتەری نیشتیمانی لە کوردستان زۆر بەهێزیشە کەچی توانای نیە ببێ بە جەماوەری بێ فاکتەری ئاینی.. هەر بۆیەش ئێستا هەر هەموویان زانایانی ئاینی کۆ دەکەنەوە لای خۆیان بە ناوی (یەکێتی زانایان)، ئەو شێوە بەکارهێنانە لەلایەن عەلمانیەتی سەرانسەری جیهانی ئیسلامی لە وردو درشتەوە بەدی دەکرێ بۆ پڕ پڕکردنەوەی نوقستانیەکانی خۆیان، ئەو تۆمەتەی بەکارهێنانی ئاین لە پێناو سیاسەت بەکاردێت لە لایەن عەلمانی لە دژی ئیسلامی ئەوانیش لە دژی عەلمانی، کەواتە بابزانین چۆن ئەو لێك گیربوونە بە تەرازوویەکی ورد لێك بکەینەوە:

١-جارێ لە پێشدا کە دەڵێن نابی ئاین تێکەڵی سیاسەت بکرێ، ئاین پاکە و لە پێناو سیاسەتدا نابێت بەکاربهێنرێ، مانای دان پیاهێنانێکی بێ ئەشکەنجەیە کە (سیاسەت خراپە)، جا کە خراپە بۆچی دەیکەن؟ ئەگەر باشیشە و پیرۆزە و مەبادینو ڕاستیە ئەوا با ئاینیشی لە پێناو بەکاربهێنرێ. واتە بەکارهێنانی ئاین لەپێناوی سیاسەتی نارەوا دروست نیە.

٢-عەلمانی بە هەمو باڵەکانیەوە دەیەوێ تەنها ئەندازەیەك لە ئاین وەرگرێ وەك ئامراز بەکاری بهێنێ بۆ مەبادینەکانی خۆی کە جیایە لە ئاین، ئەومیان بەکارهێنانی ئاینە لە پێناو سیاسەتێکی نا شەرعی، خودی ئیسلام نەك هەر (ئیسلامیەکان و بزوتنەوە ئیسلامیەکان) ئەوەی بە توندی ڕەت دەکاتەوە لە چەندین ئایەتی ڕوون و ئاشکرا، ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوتُوا نَصِيبًا مِنَ الْكِتَابِ﴾، ﴿أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ﴾.

٣-هەر کەمێك ورد بین (دزەکە) یان (فاولەکە) دەبینینەوە کە کێ بە نایین بەکاردێنێ بە ناشەرعی لە پێناو سیاسەت، هەر مەدرەسەیەك سەروەری مەدرەسەیەکی تر بەکاربهێنێ ئەوا فاولەکەیە، هەر بە نموونە شیوعیەکان ئامانجیان شیوعیەتە هەرکاتێ سەروەری کوردایەتی یان نەتەوەیی یان لیبرالیان بەکارهێنا ئەوا فاولەکەیە واتە بەکارهێنانی کوردایەتیە لە پێناو شیوعیەت، ئەگەر لایەنێکی ئیسلامیش هات سەروەری شیوعیەت یان عەلمانی بەکارهێنا لە پێناو ئامانجی ئیسلامی ئەوەش هەر فاولە، ڕاستی ئەوەیە (ئیسلامیەکان با ئیسلام بەکاربهێنن)، (لیبرالیەکان با لیبرالیەت بەکاربهێنن)، (شیوعیەکانیش با مەبادیئی مارکسی بەکاربهێنێ)..هتد ئەوە هەموو هەقی خۆیەتی با کەس دەست درێژ نەکا بۆ ئەوەی تەنیشتی، هەرچی سەروەری ئەوی تر بەکاربهێنێ ئەوە قەلۆشە و کۆتاییەتی نا لێرەدا بە وردی دەردەکەوێ تا ئێستا نموونەیەکمان نیە کە ئیسلامیەکان لە هیچ شوێنێك مەبادیئو سەروەری شیوعیەت یان لیبرالیەت یان سوشیالیستی و هەتا نەتەوەیش (نەك نیشتیمانی)یان بەکارهێنابێ.. کەچی جگە لە چەند باڵێکی چەپی دابڕاو نەبێت هیچ بزوتنەوەیەکی عەلمانی نەبووە و نیە سەروەری ئیسلام بەکار نەهێنێ بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە فیکری و مەنهەجی و ستراتیجی و شەرعیەتی جەماوەریەکەش.. ئەوەش دزەکەیە.

زانستی سیاسی و ڕێبازی سیاسی:

ئەو دوو چەمکە زۆر لێك جیان، زۆر ترسناکە تێکەڵی یەك بکرێت، نەك هەر لە سیاسەت بەڵکو لە هەموو بەشەکانی زانیاری ئەو دوو لایەی هەیە وەك (زانستی ئابووری و ڕێبازی ئابووری، زانستی کۆمەڵایەتی و ڕێبازی کۆمەڵایەتی، زانستی ئاینی وریبازی ئاینی...هتد) هەمووی لێك جیان، کەچی نەك هەر عەوام بەڵکو لە ئاستی بەرزیش ئەو تێکەڵە هەیە، سەرنج بدە فەرهەنگێکی

(١) رامیـــاری　　سیاســـەت　　Policy

بـالاّی وەك (الموسـوعة العالمیـة) لـە ب١٦، ع، ل٤١٤ دەڵـێ: (زانـستی سیاسـی بریتیە لە توێژینەوە و پـەیڕەوی ژیـانی سیاسـی، گرنگـی بـە بـەهای سیاسـی و یەکسانی و سەربەستی و دادگەری دەدا)، هەڵبەتە ئەوەش زانستی سیاسـی نیـە، تێکەڵە، (کلودبرنار ١٨١٣-١٨٧٨) یەکێ لەوانەیـە کـە (ڕێبـازی سیاسـی) لـە بەشەکانی تری سیاسی جیاکردۆتەوەو ڕێبازی وا ناسـاندووە کـە زیـاتر ڕاسـتی و جێگیرترن لە تیۆری سیاسی، دیارە زانـستی سیاسـی پەیوەستە بە لێکۆڵینەوەیەکی واقیعی مێژووی سیاسی لەگەڵ ئیمکانیاتی ئەو واقیعـە یـان وەك لـە (موسـوعة علم الاجتماع-١٩٩٩) هاتووە دەڵـێ: (لێکۆڵینـەوەی ئەرکـەکانی ئایـدۆلۆجیا و هۆیەکانی دابەش و پەیوەندیەکانە..)، بەڵام کە هاتیە سەر چۆنیەتی بەڕێوەبردن و پەیڕەو کردن و دروست کردنی سیستەمی سیاسی و نامانجـەکان و.. ئـەوە بەشـی (ڕێبازە)، لە زانستا هەموو مەدرەسە و تەوژمە جیاجیاکان کۆکن بەڵام لە ڕێبـازا لێك جیادەبنەوە، دەبنە ڕێبازی جیاجیای وەك سیاسەتی(میکـافیلی، مارکـسی، لیبڕالی، عەلمانی، ئیسلامی..)، بەکورتیەکەی ڕێبازی سیاسی لە چارەی واقیعـی سیاسی دەکۆڵێتەوە، بەڵام زانستی سیاسی تەنیا لە واقیعەکە دەکۆڵێتەوە، یان بە واتایەکی تر زانـستی سیاسی وێنەی گۆڕانی واقع دەکێشێ، بەڵام ڕێبازی سیاسـی بەرنامەی گۆڕانی واقع دەکێشێ، هەر بۆیـەش ڕێبـازی سیاسـی وسیاسـەتمەداری سەرکەوتووش پێویـستیان بە زانـستی سیاسی هەیە، چونکە بە هـۆی زانـستەکەش (تشخیص)ەکە چاکتر دەکرێـت ئـیتر چارەسـەریەکان بـە سـاناتر دەداتـە دەسـت (ڕێباز)، هەڵبەتە هەر جۆرە ڕێبازێك جۆرە دەرمانێکی هەیە، ئـا لـەو دەروازەیـە پەیوەندی زانستی سیاسی بە دەقـەکانی ئیـسلام دەردەکـەوێ کـە بـە پوختـەی: زانستی سیاسـی بـۆ مرۆڤایەتیـە، ڕێبـازیش بـۆ پـەیام، بەهـەمان شـێوەش بـۆ مدرسـەکانی شـیوعیەت و سوشیالیـستیەت و لیبڕالیـەت. زانـستی یەکـە بـۆ پەیڕەوکەرانی و ڕێبازەکەش بۆ خودی مدرسـەکەیە.

(١) رامیاری سیاسەت Policy

سیاسەتی شمولی:

ئەو تێکەڵیەی لە بەشی ڕابردوو باس کرا، وا دیارە زۆربەی چەمکەکان دەگرێتەوە، ئەوەش قەیرانی ئەو مەدرەسانەیە کە تەرازوو و پێوانەو سنوورەکانی بە وردی پێ ناخوێندرێتەوە، باس لە سیاسەتی شمولی دەکرێ، ئایدیۆلۆژیاو مەدرەسەو سیستەمی تێدەگلێنێ، کە دەبینین ئەو وەسفە بۆ ئەوان ناشێت، لە کاتێکا سیاسەتی شمولی سەلبیە بەو واتایەی جم و جۆڵی سیاسی وا کە لایەنی تر نەخوێنیتەوە، پاوانی دەسەڵات بکەی، تەقەلای هەموو لایەنو ڕەنگو چینو توێژ بدەی لە دەرەوەی توانای سنوری سیاسەتەکە، ئەوە سەلبیە، دیکتاتۆریە، چ دەسەڵاتدار بێت چ بێ دەسەڵات.. بەڵام ئایدیۆلۆژیا و مەدرەسەو سیستەم و بەرنامەکە با ئەو سیفەتانەی هەبێت با شمولی بێت ئەوە سەلبی نیە هەروەك زیاتر لە چەمکی شمولیەت زیاتری لێ باس دەکەین.

(٢)

عەلمانیەت لائیکیة Secularizm

عەلمانیەت لە (علم) نەهاتووە، هەروەك تا ئێستاش نەك عەوام بەڵكو هەندێ ناوەند و فەرهەنگیش وای تێگەیشتون، لە کتێبی (تیارات الفكر العربي المعاصر) لە ل٣٥ بە هەمان مانای (علم) هاتووە لە ژێر سەر دێڕی (تیار العلمی-الغربي)، هەروەها فەرهەنگی حزبی بەعس (تعریفات ببعض المصطلحات) لە ماددەی (عەلمانیەت) واهاتووە (كلمة مشتقة من العلم والعالم وهو بخلاف رجل الدين)، لە زۆر سەرچاوەی تریش وا بەچەوتی هاتووە، هەروەها مەبەستەکانی (مل ملانێ ی شارستانی-هندگتۆن) و تەقەلای رۆژئاواش دەیەوێ ماناکەی بە (علم) گوزارش بکا، وا خزمەتی ستراتیجیەتی پێ دەکرێ، بەڵام لە ئەسڵدا مانای (سیکولاریزم-دنیا ویستی) مانای زانستی (علم scince) ناگرێتەوە، بەڵکو لە (سایکولم) ئەگریکی هاتووە، فەرەنسیەکەش (لائیکی-Laigue) لە لایکی یونانی هاتوە بەمانای رەمەکی (عامی)، لە بنەچەدا بەپێ ی هەندێ سەرچاوە (سیکولار) لەرۆمای کۆن و دواتر ئەو عەوام و کەسانە بووینە کە پایەی ئاینیان نەبووە لە کەنیسە[١]، بۆیە عەلمانیەتیش نوی نیە وەك وا دەردەکەوی کەلەگەل عەقلانی ومەدەنیەت ورینیسانس پەیدابووبی، نەخێر، بەلکو هەر شێوازیکی تری ململانێی ئاینی و ناناینیە، سەرەتاکەی دەگەرێتەوە بۆسەردەمی (ح هارون-براگەوردی

---

[١] بۆ زیاتر سەرنج بدە : أ-العلمانية تحت المجهر ب-موسوعة السياسة ب٤ ل١٧٩ ج- معجم الشامل للمصطلحات الفلسفية.

مووسا)[1] كە كۆمەلە خەلكێكی لە لاویەكان لابووە، بەو شێوەیەی ح هاروون پابەند نەبووینە بەیاساكانی ئاینی، بەوانە وتراوە (لانیگ)، لەسەردەمی ناكوكی كنیسەو ئەوروپا داوا كرا هەروەك خەلكی ئاسایی با دەسەلاتی كنیسەو پیاوانی ئاینی لائیك بن [2]، ئیتر چەمكی لائیك بە فەرەنسی و سیكولار بە ئینگلیزی جەمسەری بەرامبەر ئاینی وەرگرت، لەنیو یەهودیەكانیش ئەنجومەنێكیان بە ناوی "عەلمانی" هەبوە لەبەغداش، واتە لەناوەرۆكدا كۆنەو هەمان مل ملانێی هەق وناهەق وئاینییە، یەكەم جار سیكولار بەرەسمی لە سالّی (١٦٤٨) لە مۆركردنی ئاشتی (وستڤاليا) بەكارهات كە دەولّەتی نەتەوەیی پێ دروست بوو لەجیاتی سیوكراتی، یەكەم كۆماری عەلمانیش لەدوای شۆرشی ١٧٨٩ لە فەرەنسا دروست بوو، لە دوای رابوونی ئەوروپیش باوی وەرگرت، ئیتر زۆربەی زانا و فەرهەنگە كۆن و نوێكان ئەو مێژووە بە سەرەتای سەرهەلّدانی عەلمانیەت دەژمێرن[3]، دوای وا باو بوو بە خۆماڵی كردنی دام و دەزگاكانی كنێسە بۆ دەولّەت یان مەدەنیەت دەگوترا سكولاكردن، كاتی كە پیاوانی كنێسە ستەم و زۆرداریەكی بێ سنووریان لە خەلك دەكرد لە باج وەرگرتن، سەرانە، فرۆشتنی پسولەی لێ بووردن، ئەشكەنجەی زانایانی وەك (كوپەرنیكوس، گالیلۆ، جوردانو، دیكارت، پیكۆن، چۆن لوك، سپینوزا، ..)، پاوان كردنی دەسەلات بەناوی نوێنەرایەتی خواوەند و لاهوت یان وەك پێ یان دەووت (پادشاوەك خوای سەر زەوی- Diving right of the king)[4]، .. لە كاردانەوەی ئەو بارودۆخە زیاتر پەرەی سەند، هەندێكی تریش لەوانە (الموسوعة العالمیة -ب١٦- ل٤١٥) لە بنچینەدا دەیگێرێتەوە بۆ (میكافیلی) و ئەو كاریگەریانەی لەسەر (هۆبز)ی هەبوو لە بارەی دەسەلاتی سیاسی لە دژی بەها سیاسیەكانی مەسیحیەت، لێرەوە

[1] بروانە:جدول والشروح -الجیل

[2] بروانە :معجم الشامل للمصطلحات الفلسفیة -مادة:علمانیة .

[3] تیارات الفكر العربی المعاصر ل٢٠٤.

[4] الموسوعة السیاسة.

مانا فراوانەکەی (فصل المطلق بین السیاسة و الدین) بووە عەلمانیەت،، لە پێشەکی عەرەبیەکەی کتێبی (رسالة اللاهوت و السیاسة) سپنوزای دانەر بە پێشەنگی عەلمانیەت دەژمێرێ کە ئاینی لە سیاسەت دوور خستەوە و نهێنیەکانی و دەستکارییەکانی ئینجیل و تەوراتی ئاشکرا کرد، هەروەها بەپێی زۆربەی (سەرچاوە زانستیەکانی) تریش هەریەکە لە (یاساناسی فەرەنسی ڤۆدین، سیاسەتمەداری ئەڵمانی-ئەتسیوی، پارێزەری هۆڵەندی چۆرتیۆس) دەوری هەرە گرنگیان هەبووە لە بە دەولی کردن و دارشتنەوەی یاسای عەلمانیەت، هەموو ئەوانە و زەمینە فیکریەکەی ئەو سەردەم و شۆرشی فەرەنسی و وەچەرخانی ئیمپراتۆریەت بۆ دەوڵەتی نەتەوەیو رابوونی زانستی ئەوروپیو شکستی کنێسەو بەرنامەکانی تەبشیرو هەڵمەتەکانی ئیمپریالیزمی دوای سەرهەڵدانی شیوعیەتیش.. بناغەکانی بڵاوبوونەوەو پەیدابوونی عەلمانیەتن، لە دوای تاوتۆکردنێکی زۆری تر (جۆن هیلۆك-١٨١٧-١٩٠٦) وەك چەمکێکی سیاسی ماناکەی (گوایە بەبێ لایەنانە) دارشت کە تا ئێستاش زیاتر بە گشتیەکەی ئەو مانایە دەبەخشێ: دەتوانرێ بە لەباری ئاین دوورخری لە چاکردنی کاروباری مادیانەی مرۆڤ، واتە جم و جۆڵی سیاسی و کۆمەلآیەتی و ئابووری و دروست کردنی دام و دەزگاو پارتی سیاسی بێ ئەوەی پەیوەندی بە ئاینەوە چ دوور چ نزیکەوە چ سەلبی چ ئیجابی نەبێ، ئاینیش لە گۆرەپان بکشێتەوە ناو کنێسە و دڵی ئادەمیزاد، یان وەك (د.کەیالی) دەڵێت: (مانای مرۆڤ بەخۆی ببێتە خاوەنی خۆی)[1]، ئەوەی بە خێرایی تێ بینی دەکرێت (هۆلیوك) لە پێناسەکەی (بێ لایەن) نیە بەڵکو ئاینی بەخشکەی خانەنشین کردووە لە سیاسەت و دەوڵەت و زیاتر وەك (سەفەر حەوالی) دەڵێ لە ژیانیشیان جیاکردەوە[2]، ئەوەش نوێ نیە هەر هەمان تێروانینی کۆنە، هەر سەردەمێك ناوێکی جیای هەبووە، بەڵام لە ناوەرۆك و

---
[1] الموسوعة السياسة.
[2] العلمانية.. سفرحوالي.

ماهیەت دا هەر یەكن، عەلمانیەكان خۆشیان دان بەوە دەنێن سەرنج بدە (د.محمد خلف الله) و (شبلی عیسمی) وەسفی كۆمەڵگەیەكی فرە ڕەگەزی مەدینە دەكەن بە سیستەمی عەلمانی[1]، یەهودیەكانیش لەناو خەلافەتی ئیسلامیش یەكێ لە ئەنجومەنەكانیان بەناوی ئەنجومەنی عەلمانی (جسمانی) بووە، بۆیە دیسان بە هەڵە دادەچین ئێمە ئەگەر سەرەتای ئەو چەمكە بۆ ئەو سەردەمەی بەرهەمی زانستی و عەقلانیەت بگێڕینەوە، بەڵكو بەتەریبی ئەو ڕێبازە شان بەشانی كۆمەڵگەی ئاینی پەیدا دەبن لە دوای پەیام ڕاستەوخۆ، لەناو مدرسە كۆنەكانیش ئەو دابەشیە هەبووە لە مدرسەی یۆنانیش، ئەگەر كەمێك بە سەرنجەوە بەراوردی پێناسەكانی عەلمانیەت بكەین دەبینین ئەوە هەمان تێ ڕوانینی (ئەرستۆ) وبەشێكی مدرەسەی یۆنانیە بۆ گەردوون و كۆمەڵ، ئەرستۆ پێ ی وابوو ڕاستە خوا جیهان و مرۆڤی دروست كردووە بەڵام هەقی بەسەر هیچ دا نەماوە خۆیان بۆ خۆیان كاروباری خۆیان هەڵدەسوڕێنن، وەك (مەلەكی دەستووری) چۆن خاوەنە نەك حاكم ئەویش هەر دروست كەرە نەك فەرماندەر، زۆربەی ئاینە دەستكردەكان ژیانی ڕۆژانەو خواپەرستەكەیان لێك جیاكردۆتەوە، بەهەمان شێوەش (بت و سەنەمەكانی) مەككەش هەروابوو، پەرستنیان (عیبادەتەكە) بوو كەچی شەریعەتیان نەریتی كۆمەڵایەتی و خێڵەكی بوو.. واتە ئاینیان جیاكردبۆوە لە ژیان كە ئیسلام شۆڕشی لەسەر كرد، .. ئەوە دەقا و دەق عەلمانیەتە، هەروەها (دەهریەكان –سروشت پەروەرەكان) كە لە قورئانیش ناویان هاتووە هەر هەمان تێڕوانینی ئەرستۆ و بەشی هەرە زۆری ئەغریقی و یۆنانی وایان دەڕوانی كە بوونەوەر هەر وا هاتووە و واش دەڕوا بێ كۆتایی.

لەو بارەیەوە (نیتچە) لەكتێبی (هكذا تكلم زرادشت) دەڵێ: ((ئەو جیهانە كارلێك دەكاو دەگۆڕێ، یەك دەگرێ و لێك جیادەبێتەوە، دەمرێ و دەژی.. بەڵام كاروانی (بوون) دەڕوا بێ كۆتایی))، ئەو بناغانە هەمووی (بە دەهریەوەش) لە

---

[1] العلمانیه و الدوله الدینیه-شبلی عیسمی ل٨١.

کتێبی (مەجستی- بتلیمۆس) هاتووە، ئایدیۆلۆجیەکانی بەبێ بڕوایی ناوبراون لە ناو ڕیزی ئیسلامیش هەر هەبووینە[1]، خۆ زانایان (لوك، لیبنتز، ڕۆسۆ، لینج، ..) زۆری تر لە لایەك باوەڕیان بە خودا هەبووە، بە عەلمانیەتیش وەك پێناسەی (جۆن هلیۆکە)، هەمان ڕاڕەوەی (ڕبوبیەش-Deism) کە وشەیەکی لاتینیە بە مانای (خودا) دوای بووە ئایدیۆلۆژیەکی ئاینی فەلسەفی کە دان بەوە دەنێن خوا هەیە، بەڵام دەڵێن ئیش و کاری گەردوون و سروشت ناکا، هەقی لەو دونیایە نیە. زۆربەی زانایانی ئەوروپی و مێژووی زانیاری مەسیحی رایەکی وای هەبووە، سەرنج بدە، (ولیام ئامبل) قەشەی بریتانی دەڵێ: (خوا بەتەنها گەردوون بەڕێوە نابا)، بە پێی (مذاهب و مفاهیم في الفلسفة و الاجتماع)، هەریەکە لە (إبن رشد، أبن خلدون، گربوفسکی، ڤۆلتێر، ڕۆسۆ، ..) لە وانەن[2]. بەلایەن کەمەوە مەرج نیە ابن روشد و ابن خلدون عەلمانی یان دەهری بن.

ئەو ڕوانگەیە لەوە دێت، ئەوانە وا تێگەیشتوون کە ئاین تەنها کارێکی تاکە لەنێوان خۆی و خودای، پەیوەندی بەژیانی سیاسی و ئابووری و یاسایی و کۆمەڵایەتی و شارستانی نیە، وەك ئایینی مەسیحی، کاتێ گوێبیستی هەندێ بنەمای ئایینی ئیسلام دەبن کە خاوەنی (تشریع) و چارەسەریەکانی ئەو فاکتەرانەی ژیانە و ئازادی و سەربەستی سیاسی و ئایینی و بڕوایی وعەقلانیەتی تیایە.. ئەوا یەکسەر دەڵێن ئەو ئاینە عەلمانیە!! هەر بۆیەش ناویان لە ابن الرشد وئەو زانایانە ناوە عەلمانی، لەلایەکی تریش لەسەر هەمان ڕوانگە عەلمانیەتی ئێستا ڕۆڵی ئاین دەبینێ، لەوەش زیاتر عەلمانیەتی جیهانی ئیسلامی دەیەوێ ئەو مافەی ئایینی بەخۆی بدا بە کردە بێ ئەوەی دانیشی پیا بهێنێ، هەرچەندە فەرهەنگە ئاینیەکان عەلمانیەتیان لە زنجیرەی ئاین ڕیزکردووە، هەر بە نموونە (الموسوعة الميسرة للأديان والمذاهب) عەلمانیەتی لە (٣٧)ەمین ئایینی جیهانی

[1] بۆ زیاتر بڕوانە أ-الموسوعه الكشاف، ب-الموسوعه الجماعات و المذاهب..
[2] بۆ زیاتر بڕوانە (المذاهب و مفاهیم...) ل٦٢.

ڕێزکردووە، بەڵام بە زمانێکی پالاو و ڕاستەوخۆ دان بەو ڕاستیە ناهێنن. بۆیە ئەو مافە لە ئاینی ئیسلام دەسێنن، دەیەوێ زینداني بکا، یان نەفی بکا و لەژیانی دووروبخاتەوە،هەرچی ئاینی ئیسلامە نایکوژێتەوە بەلام لەخۆی جیا دەکاتەوە ، تا لێرەوە ئەو ناکۆکیەی بەردەوامی ئیسلامی و عەلمانیەت درێژەی دەبێ لە جیهانی ئیسلامیدا و کەمتر لە جیهانەکانی تر ئەو ناکۆکیە هەیە.

پێناسە جیاجیاکانی عەلمانی:

کۆمەلێك مانای جیاجیای پی'دراوە بەلام ماهیەتی هەریەکە نەك لە لایەن ئاینیەکان بەلکو لە لایەن فەرهەنگ و زانایانی عەلمانی خۆشیان، بە دنیایی، دنیا پەرستی، نا ئاینی، .. یان وەك لە هەموو فەرهەنگەکانی هاتووە جیاکردنەوەی: دەولەت لە ئاین، جم و جۆلی سیاسی لە ئاین، گێرانەوەی کاروباری مرۆڤ لە خوایەوە بۆ بەشەری[1]، وا هەندێ لەو پێناسانە لە فەرهەنگە سەرەکیەکان وەك دەقی خۆی هەڵدەبژێرین:

+دانیرەی مەعاریفی بەریتانی، عەلمانیەت: بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتیە مەبەستی وەرگێرانی ڕووی خەلکی لەدوا ڕۆژ بەرەو واقیع و دنیا بە تەنها.

+فەرهەنگی (العالم الجدید-لابستر): سیستەمێکی دنیاییە تێکەلی عیبادەت و بڕوای ئاینی نابێت.

+ئۆکسفۆرد:.. مادیانە نەك ڕوحی، دەسەلاتێکی دژ بە کنێسە.

+الموسوعة العالمیة: جیاکردنەوەیەکی ڕەهای نێوان سیاسەت و ئاین، ئەوە عەلمانیەتە.

+هەموو فەرهەنگەکان لەو سنوورە دەرناچن، هەتا لەوانەی کوردیش هەمووی هەروەك فەرهەنگی نوێ ی-برهان قانیع کە دەلێ: عەلمانی بریتیە لە (دنیا پەرستی، باوەڕ بە کاروباری دنیایی و خۆشەویستی دنیا و باوەڕنەکردن بە

[1] کیالی- الموسوعة السیاسیة ج٤ مادە :عملانی.

دەرەوەی ئەمانە).

جیاوازی بنچینەیی لە نێوان ئەوانە و ئەکادیمیەتی ئیسلامی لە پێناسی دا ئەوەیە، ئەوانە مرۆڤ بە (سید الكون) دەزانن، کەچی ئیسلام بە (خليفة الارض)ی دەزانێ.

گەشەکردنی عەلمانیەت:

دەتوانین بە خێرایی خاڵەکانی هۆی گەشەکردنی عەلمانیەت لە ئەوروپا کۆ بکەینەوە لە:

١-بارودۆخی سەلبی ئاینی مەسیحی و نەبونی شەریعەت لەو ئاینە.

٢-گەشەی زانست و دۆزینەوە گەردوونیەکان و تیۆری پەرسەندن.

٣-سەرهەڵدان و گەشەی فەلسەفەی مادی.

٤-گەشەی سەرمایەداری و کەرت و بەرژەوەندی تایبەت، لە بەرامبەر هەموو ئەوانەش ئاین لە کشانەوە بوو، بەشێوەیەك عەقڵ و ئاین کەوتبوونە دوو بەرەی دژ بەیەك.

٥-وەرچەرخانی ئیمپراتۆریەت بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی و دروست بوونی یەکەم ئەزموونی عەلمانی لە فەرەنسا.

٦- دارمانی خەلافەتی عوسمانی و وەستانی بزوتنەوەی وشیاری لەجیهانی ئیسلامی.

بەو شێوەیە ئەو چەمکە لە ئەوروپا سەری هەڵدا (یان راستتر بڵێین زیندوو بۆوە بەو ناوە)، راستەوخۆتر لە زەمینەی واقیعی سەلبی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی سەری هەلدا، ئاینەکەیان -هەروەك سپیوزا دەڵێت -بە خەستی دەسکاری کرابوو[1]، یان وەك (ڤولتیر) دەڵێ کتێبی پیرۆز هەمووی خرافیاتە شەریعەتی تیادا نەمابوو جگە لە هەندێ سپاردە، خۆی کارتی سووری بە خۆیدا بوو لە گۆڕەپان

[1] رسالة فى اللاهوت و السياسة- سپنوزا.

دەربکرێ، سەرنج بدە (ما لقيصر للقيصر، وما لله لله) ئینجیل مەتی (٢٢) ١٤-٢٣. یان (محاكم التفتيش- Ingaision)، یان دروشمە باوەکانیان وەك (حوکمی ئاسمان بۆ خودا و حوکمی زەویش بۆ ئیمپراتۆریەت)، (ئاین بۆ ئاسمان و یاساش بۆ زەوی)، تارادەیەك باسی خوای زەوی و خوای ئاسمانیش دەکرا.. لەسەر بنچینەی عەلمانیەت لە فکردا لە باشترین دۆخی دان بەوە دەنێ کە (رب السماوات..)، کەچی لە قورئان (رب السماوات والأرض).. هەتا ئاسمانیش گەلێ جار تەنها بۆ خودا نەهێڵراوەتەوە. ئایینی مەسیحی دنیایی نیە گوایە قیامەتیە ((مملكتي ليست في هذه الدنيا))، دنیای بەجێ هێشتووە بۆ مرۆڤ، ، لە کەلتووری رۆما و یۆنانی و لە رۆژهەلاتیش وەك ئاینی زەردەشتی خوای شەڕیش هەبووە، لەزۆر ی تریش خوا یارمەتیدەری بەشەری نەبووە ، بۆیە دەبوایە سیستەمێك ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە .

ڕای مەسیحیەت (وەك ئەرستۆ)[١] وابوو کە خوا بەتەنها گەردوون بەڕێوە نابا، هەروەك قەشە (ولیام ئامبل) لە هەموان زەقتر بوێرانە تر جاری داوە، سەرنج بدە ئەو ڕایەی مەسیحی ئیستاشیانەوە ((ان الله في عمله ديمقراطي))، [٢] کە واتە هاوکاری و شەریکی هەیە لە بەڕێوەبردن هەیە.

بەو شێوەیە لە ئەوروپا لەگەڵ ئەو فاکتەرانەی سەروو لەگەڵ رێککەوتنی ویستڤالیا لە ١٦٤٨ بە ئاسانی عەلمانیەت سەری گرت لە پاش شۆڕشی فەرەنسی یەکەم کۆماری عەلمانی لە ساڵی (١٧٨٩) دروست بوو، ئیتر تەقیەوە، لە سەدەی (١٩) بەدواوە سەرانسەری ئەوروپای گرتەوە، دوای سەدەی بیستەمیش جیهان بەگشتی، زەق ترین ریکەوتن کەتائیستاش زیاتر ولاتانی عەرەب وعەلمانیەتی توند رەو داوای دەکا ئەو میە کەلەنێوان موسولینی وپاپا کرا لە ١٩٢٩بەو شێوەیە : مرۆڤ لەبوونیەوە بۆ موسۆلینی بێت تا مردن لەوی بەدواوە هەتا

---

[١] لە بنەچەدا لەو ڕایەی (انكسامندرس) (موسوعه الفلسفيه) سەیرکە.

[٢] بەرنامەی (عظات والعبر) (رادیۆی مۆنتیکارلۆ: بەیانی ١٩٩٨/٨/٢٧ .

قیامەت ببتە عایدی پاپا!! ئەو دابەشیە وەك دووبرایەكە بوو ئەوەی گەورە وتی با ئەمن مەغدوور بم مالەكە وابەشكەین لێرەوە تا سەر بان بۆ من لەوێش ڕا هەتا ئاسمان بۆ تۆ!، ئیتر رولی ئاینی مەسیحی كەوتە دوای مردن، ئەوەی هەر جی ی مشت و مڕ بوو بە تایبەتی لە دوای ڕابوونی ئیسلامی لە پاش هەشتاكانی سەدەی ڕابردووەوە چەندە عەلمانیەت توانیویەتی و دەتوانی بێتە ناو كۆمەڵگەیەكی ئیسلامی كە ئاینەكەی لە جەوهەردا لە مەسیحیەت جیایە، خاوەنی بەرنامە و شەریعەتی تێروتەسەلی سەرتاسەری ژیانە، دیارە بەپێی بەشێكی گرینگی سەرچاوەكانی رۆژهەڵاتی و ئیسلامی و هەندێكی رۆژئاواییش ئەوا (ماسۆنیەت و سەهیۆنیەت)ی جیهانی و رۆژهەڵاتناس و فیكری ئیمپریالیزمی و تەیاری (تەغریبی)و هەتا (مبشرین)[1]یش لە ڕێی دروست كردنی چەندین سەنتەرو ناوەندی ڕەوشەنبیری و كەلتووری و سیاسی.. ئەو بیرەی هێنا جیهانی ئیسلامی، بە تایبەتی لە ڕێی بیری نەتەوەیی.

بەڵام ئەو زەمینەیە لەجیهانی ئیسلام نوێ نەبوو، لەپێش ئیسلامیش بزوتنەوەیەكی فەرهەنگی بەناوی (هێلنیستیە)* لەگەڵ داگیركردنی رۆژهەڵات لەلایەن ئەسكەندەری مەكدۆنی لە ٣٣٣پ.ز. دەست پێ دەكاو دروست بوو، ئەوكاتی (ڤیساگۆرس) چەند مدرسەیەكی دروست كرد لە هند و فارس بۆ ئەو مەبەستە، لەمێژووی ئیسلامیش (معاویە) یەكەم هەنگاوی جیاكردنەوەی (قورئان)و (سوڵتان)ی دارشت، هەندی تێگەیشتنی تایبەتیش لەفەرموودەو قسەكانی یاوەران جۆرێك لە وجیاوازی بەرجەستە دەكا، وەك:(سیفترق القرآن والسلطان..)، (اعمل لدنیاك كأنە تعیش ابداً.. وللاخرة كأنە تموت غداً)، لەوانە دەتوانری بەخواركردنەوە سودی لی وەرگیری و وای پیشان بدەی كەئیسلامیش

[1] بۆ زیاتر سەرنج بدە –مقالتان فی الحكومە -جۆن لوك .

* هیلنیستیە پێك هاتووە لەدوو وشە(هیل كە لەهیلاس هاتووە- جاران ئەگریكەكان بە یۆنانیان دەووت بلادهیلاس، دوای بە مانای ڕەچەلەك-یان باپیرە - یۆنانی هات، وشەی دووەم نیست واتە ڕۆژ هەلاتی، كەواتە هیلنیستیە بەو شارستانیە دەووتری كە لە رۆژهەلاتی ورۆژئاوایی پێك دێت

وەك ئاینەكانی تر قیامەتیە نەك دنیایی، یان بەلای كەمەوە كاری دنیایی وكاری قیامەتی لێك جیایە، ئیتر مەسەلەی تەسەوف و تەركی دنیا..ئەو ریشانەی هەیە، لەگەل میژووی سیاسی موسولمانان بواریكی سانا بۆ بوونی عەلمانیەت دەكاتەوە، یەكێ لەهەرە كارە ترسناكەكانی ئەو بەرجەستەیە رێكەوتنی (محمد بن عبدالوهاب) و (محمد بن السعود) لە١٧٣٧ بەدەست خۆشی بریتانیا، تیایدا حوكم وئاینیان لێك جیاكردەوە بەشیوەیەك حوكم بۆ ال سعود وفەتواش بۆ زاناكانیان [١]، وولاتی عەرەبی سعودی لەسەر ئەو بنچینەیە دروست بوو، بۆیە رەنگە هەلە نەبێ ئەگەر بلێین سعودیە كۆن ترین ولاتی عەلمانیە لە جیهانی ئیسلامی نەك توركیا .

لەدوای ئەو كارەی معاویە دواتر یەزید وای لە زانایان كرد بەرە بەرە لە دەسەلات و سیاسەت دوور بكەونەوەو بەرەبەرەش كاریگەری فەلسەفەی یۆنانی لە سنوری خۆی زیاتر كاری لە هەندێ زانای ئیسلامی كرد، لەوانە دروشمی (إخوان الصفاء -كە بریتی بو لە :فەلسەفەی یۆنان و شەریعەتی ئیسلامی یەكتر تەواو دەكەن)، لە سەردەمی خەلافەتی عوسمانیش بەرەبەرە ئەزمونەكانی دوای (ویستڤالیا-١٦٤٨) وشۆرشی فەرەنسا١٧٨٩ هاتە نێو خەلافەت لە رێكخستنی سوپا و ئیدارە و دەستوور و.. ئی دی ئەو گۆتانەی وەك (دەسەلاتی ئاسمان و دەسەلاتی زەوی، پیاوی ئایینی و پیاوی سیاسی، نەقل و عەقل، پیاوی ئایینی بۆ مزگەوت و پیاوی سیاسیش بۆ دەولەت، زەوی بۆ مرۆڤ و ئاسمانیش بۆ خودا، ئایینی ئاسمانی و یاسای زەوی، ..) لێك جیاكرانەوە، ئەو لێك جیاكردنەوانە بنەمایەكی بەهێزی بۆ عەلمانیەت سازدا، تا ئاین و دەولەت تەواو لێك بترازێ، لە سالی ١٨٢٦ز بۆ یەكەم جار بەرگی سوپای خەلافەت بووە ئەوروپیانە لە سەردەمی سولتان محمودی دووەم، لەسالی ١٨٣٩ لە سەردەمی (سولتان عەبدولەجید) دەستورێكی تێكەل بەنیوە عەلمانی(پیك هاتو لە بنەماكانی شورشی فرنسی) و نیوە ئیسلامی دارژرا، بۆ یەكەم جار دەستورێك دارژرا كە

---

[١] الاسلام والعلمانية واثرهما فى نشأة الدولة العراقية الحديثة

(سەرچاوەی بەتاقی تەنها شەریعەتی ئیسلام نەبێ) لە مێژووی خەلافەت*، .. تا پەیدابوونی ئەتاتۆرك، كەواتە ئەو بزوتنەوەیەی لە معاویە دەستی پێكرد لە ئەتاتۆرك كۆتایی هات، بە یەكەم كۆماری عەلمانی.

بە پێی هەریەكە لە (د.محمد عمارە، د.أحمد فرج..) یەكەم (فەرهەنگ) كە عەلمانیەتی لە جیاتی سیكولاریزمی ئینگلیزی و لائیكی فەرەنسی بەكارهێناوە فەرهەنگی (عەرەبی-فەرەنسی) لویس بەستەری میسری بوو لە ساڵی ١٨٢٨ كە لە ڕیزی سوپای فەرەنسی داگیركەری میسر ئیشی دەكرد[1]، بۆیە (علمانی) دانـاوە تا بەرەی "علم"وەرگری، واتە ئەنقەستی تیابووە، سەرنج بدە لە كوردیش (رامیار) لەجیاتی سیاسەت هاتووە واتە (مكریاز) كە گوزارش لە ڕێبازی میكاڤیلی دەكا، نەك هەموو سیاسەت بەهەمان شێوەش هەڵبژاردنی عەلمانیەت وایە، لویس بەستەر Laigue فەرەنسیەكەی وا تەرجەمە كردووە بە (علم)، چونكە لە Lagos ی فەرەنسی مانای (علمە)، جۆرە دزیەكە. وەك سەرقافڵەی داگیركەر هەردەم نووسەرو ڕەوشەنبیری وا هەبوونە و هەنە، بۆ جێ گیركردنی چەمك و پێناس و پێوانەكانیان، عەلمانیەتو بەشێك لە عەلمانیەكان لە ئەسڵدا ئەو پێشەنگە بوونە، وەك لە لێدوانەكانی سیاسەتمەدارو سەركردە سەربازیەكانی ڕۆژئاواش هەروا دەردەكەوێ كە كێشەی هەرە بنچینەیان بۆ سانای داگیركردنی وڵاتانی ئیسلام ئەو قورئان و شەریعەتە بووە، عەلمانیەتیش بەشێك بووە لەو سانایە، بۆیە جار وایە ناوی (قۆڵی پێنجەم- الطابور الخامس)یشی لێ نراوە، ئیتر چەندین نووسەر و فەرهەنگ نووس و ڕێبازی عەلمانی لەگەڵ بزوتنەوەی مەشروتیەت (دەستوری) دروست بوو، لە سەرەتای سەدەی بیستەم بە زەق تر پەیدابوون هەتا لەناو جەرگەی خەلافەتی عوسمانیش، حیزبی ئیتحاد تەعالی و

---

* لەسەردەمی سەلیمی قانونی (گول خانە)دەرچو دوایش (خط همایونی ..) هەندێ فەرمانی تریش بەلام ئەو شێوازەی وەرنەگرت ببتە شریك لەگەل شریعەت .

[1] أ-معركة المصطلحات- د.محمد عمارە ل٦٤. ب-علمانی و علمانیە- د.أحمد فرج.

تەرەقی تورکی لە ١٨٨٩لە یادی سەد ساڵەی شۆڕشی فرنسی دروست بوو، تیایدا بیری نەتەوەیی و لیبڕالی لە جیاتی بیری ئیسلامی داهێنا، نکین ئەلب (٥) بەرگی (توران)ی نووسی وەك تیۆری نەتەوەی تورك لە جیاتی شەریعەت، چەندین ناوەندو سەنتەرو حیزبی تری عەلمانی لە سەرانسەری سنووری خەلافەت دروست بوو، چەندین ڕەوشەنبیری عەلمانیش لە تورکەکان وەك:مدحت پاشا، نامق پاشا، تکیلن ئەلب، زیا ئەلب کۆك، أنور پاشا، مصطفی کمال..، ئینجا وەك (سەربەسەر) ڕۆژئاوا (٣) مەرجی بەسەر مصطفی کمال سەپاند کەلە کۆنگرەی لۆزانی١٩٢٣ بەو شێوەیە بەرجەستە بوو:

١-هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت و دامەزراندنەوەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی.

٢-دەستورێکی عەلمانی مەدەنی لەجیاتی دەستووری ئیسلامی.

٣-سەرکوت کردنی هەر تەقەلایەك بۆ زیندوو کردنەوەی خەلافەت .

لە بەرامبەریدا ڕۆژئاواش سیڤەری گۆڕی بۆ لۆزان کە تیایدا کورد پشت شکێن کرا لەگەڵ خەلافەت، عەلمانیەکانی کوردیش پێی قایل بوون.

لە ناو عەرەبیش (نجیب عازوری، احمد لطفي سید، ساطع الحصری، اسماعیل مظهر، قاسم أمین، طه حسین، محمد عزه دروزه، سەلامە موسی، انطوان سعادە، علی عبدالرزاق، بطرس بستانی، شبلی شمیل، فرج أنطوان، میشێل عفلق، جمال عبدالناصر..) زۆر سەرکردە و سیاسەتمەداری جیهانی تر ڕۆڵیان بینی و کاریگەرییان لەسەر جیهانی ئیسلامی و عەرەبی هەبووە، لەوانە: سوکارنۆ، نەهرۆ، سۆهارتۆ، غاندی، ... لە جیهانی ئیسلامیشدا رابوونێکی عەلمانی سەرتاسەری سەری هەڵدا و بەرەبەرە جێی خەلافەت و شەریعەتی ئیسلامی گرتەوە، لەناو کوردیش: (ئیسحاق سکوتلی، عبداللە جووت، بەشێك لە بەدرخانیەکان، رەفیق حیلمی، شەریف پاشا، إبراهیم أحمد..) و چەندین نووسەر و ناوەندی کوردیش لەسەرەتا هاوکار لەگەڵ عەلمانیەتی تورکی دروست کردبوو، سەرنج بدە لە بلاوکراوەی (مەشروتیەت) بە پێنووسی (شەریف پاشا)ی کورد لە

(ژ:٠٤ی ساڵی ١٩٠٣) چۆن نووسیویەتی:(ئەوەی دەیسەلمێنێ کورد ئازاد بووینەو ئازادیخوازن ئەوەیە کە ئافرەتانیان هەرگیز پەچە ناپۆشن)[١]، گۆتەی (تا ئەوروپا لە کۆت و زنجیری ئایین ڕزگاری نەبوو پێش نەکەوت، ئاواش ئێمەی جیهانی ئیسلامی تا لە ئایینەکەمان ڕزگار نەبین پێش ناکەوین) زۆر باوی هەبوو، بەو شێوە وڵات لەدوای وڵات پەیڕەوی عەلمانیەتیان دەکرد، خدێوی ئیسماعیل لە ١٨٨٣ یاسای فەرەنسی هێنا ناو میسر، هەندێ وڵاتیش لەگەڵ داگیرکردنی لەلایەن ڕۆژئاوا عەلمانیەتیان هێنا جێی شەریعەت، لەوانە جەزائیر ١٨٣٠، عێراقو وڵاتی شامیش لەگەڵ دروستکردن و داگیرکردنی، تونس یاسای فەرەنسی لە ١٩٠٦ پەیڕەوکرد. مەغریب لە ١٩١٣، زۆربەی ئەفریقیاو ئاسیاشی گرتەوە، هەمان بەڵێنی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجی و سەربەخۆیی بە کورد درا لەلایەن عەلمانیەتی کوردیەوە. ئەوە مانای پێش کەوتنی وەرگرتبوو، بە هەمان ڕووکار هونەر و وێژە و کەلتووری کوردی بەرە بەرە ناوەرۆکێکی عەلمانی وەرگرت هەتا ئێستاش لە (سروودی نیشتیمانی) کوردی وا هاتووە: ...دینمانە ئاینمان هەر نیشتیمان ! ئەوە لە کاتێکدایە دەبینین خەڵکی تر گۆڕا بەرەو ئەنتی عەلمانی، سروودی نیشتیمانی چیچان (٧ جار —لاالە الاالله-)ی تێدایە، ئیتر کوردو جیهانی ئیسلامی لەگەڵ هاتنی عەلمانیەت مەینەتیەکانیشی بۆ دروست بووە، کوردیش پێی دابەش و داگیرکراوو بووە.

عەلمانیەتی ئێستا:

عەلمانیەتی ئێستا درێژکراوەی دەهریەکانە کە لەگەڵ زانایانی ئیسلامی ڕووبەڕوو بوونەوەو کتێبیان لەسەر نووسراوە تا سەدەی بیستەمیش، لەوانە (منقذ من الضلال) غزالی، (ضد الدهريين- افغاني)،زیاتر عەلمانیەتێکی ڕۆژئاواییە ،دوای ئەوەی عەلمانیەتی ڕۆژهەلاتی شکستی هێنا .

---

[١] ڕۆژنامەگەری کوردی بە زمانی فەرەنسی.

د.مـراد وەهبــە (١٠) خـاڵی دەسـت نیـشان كـردووە كـە نیـشانەی بـەرەو عەلمانیەتە، دەبینین هەمان توخمی بنچینەییەكانی دەهـری و فەلـسەفەی مـادی و توخمەكانی (تەغریبی) نائاینی تیایە:

١-مرۆڤ ئاژەڵێكی سروشتیە نەك جێنشینی (خلیفە)ی خوا لەسەر زەوی.

٢- مرۆڤ كوڕی ئەو دنیایە نەك دنیایەكی تر.

٣-ئاین دەرهاوێشتەی پێویستی مرۆڤە نەك سەرووی مرۆڤ.

٤-رزگاركرنی مرۆڤ بە عەقلانیەت لە دژی ئاین .

٥-جێگرتنەوەی زانست لە جیاتی میتافیزیك و شتی نادیار.

٧- پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكان جۆی پەیوەندیە ئاینیەكان بگرێتەوە.

٨-ڕەووشت بەند بێت بە تام و چێژێك هەر كەسە بۆ خۆی.

٩- مرۆڤ پێوانە و دوامەبەست دەبێ.

١٠- مێژوو ڕزگار بكرێت لە دەست خواوەند بدرێتە دەست سروشت[1].

هەرچەندە عەلمانیەتی ئێستا هەمووی یەك جـۆر نیـەو ئـەو (١٠) خاڵـەی لێ ناسـازێ، هەیـە توونـد وەك كۆنـە چـەپ و ڕادیكالیـە ئەتـەوەیی و دیكتاتۆریـە عەلمانیەكان، میـانڕەویش هەیـە وەك نیـشتیمان پـەروەر ودیموكرات و ئاشـتی و خوازەكان، ئەوانە لێك جیان، هەشە هەر قایل نیە پـێی بڵێـی عـەلمانی، بـەڵام هەموویان بەرەو مەملەكەتێكن كـە پـێی دەڵـێن (بەرژەوەنـدی تایبـەت)، كـە بنەماكانی تیۆری سیاسی لێ تەرت و وێـران دەبـێ، ئەوانـە بـەو دۆخـەی پـێ ی گەیـشتون كـە لایـان وایـە دنیـا هـەموو بوویتـە بەرژەوەنـدی و سیاسـەتی هەڵخەڵەتاندن و.. بەزەحمەت پێی هەرس دەكرێ ئاین و سیاسەت جیا نەبن، یان خەڵكی تر هەیە سیاسەت دەكا بە مەبادیئو دوور لـە بەرژەوەنـدی تایبـەت، بـە تایبـەتی بەشـێكیان هەنـدێ تێڕوانینـی كلاسـیكی هەڵـەی وەك گۆتـەكانی: (شەریعەتی ئاسـمان و یاسـای زەوی)، (ئاینـەكانی ئاسـمان)، (ئـاین بـۆ خـۆت و

---

[1] مدخل الى تنوير - د.مراد وهبة.

سیاسەتیش بۆ گشتی)، (زانایانی ئایینی لەسەروی سیاسەتن)، (دینداری خۆت بکە و هەقت لەکەس نەبێت)، (نوێژ و رۆژی ڕێ ی لە هیچ نەگرتووە)، (پیاوی ئاینی بۆ مزگەوت و سیاسیش بۆ دەوڵەت)، (زەوی بۆ مرۆڤ و ئاسمانیش بۆ خودا).. زۆری تریش، هەڵبەتە ئەوانە هەمووی هەمان زنجیرەی (اعطوا.. ما لقیصر لقیصر، وما لله لله)[1]، (واتە مافی قەیسەرە حوکمی زەوی بکا و خواش حوکمی ئاسمان)، بەم شێوەیە نەك عەلمانیەکان هەتا بەشێك لە زانایانی ئیسلامیش بە ئاسانیی ناتوانی سیاسەتێکی ڕەسەنی مەبادیئی و شەرعی لەو سەردەمە ئاڵۆزە بدۆزێتەوە، ئەوە لە لایەك و لە لایەکی تریشەوە عەلمانیەکان هەروەك لە هەشت و هەری ڕۆژانی (٣،٢،١)ی مانگی ئاداری ١٩٢٤ لە ئەنجومەنی نیشتیمانی تورکیا ڕوویدا لە بارەی هەڵوەشانەوەی خەلافەت و جێ نشین کردنی عەلمانیەت لە جێ ی ئەوا مصطفی ئەتاتورك بەو چەند پرسیارانە بەسەر ئەیارەکانی دا سەرکەوت: چۆن شەریعەت (قورئان و سوننە)ی نەگۆڕ دەشێت بۆ کۆمەڵ و جیهانێکی گۆڕاو؟ ئەو قورئانە بۆ سەردەمێك هاتووە زۆر جیایە لەگەڵ کۆمەڵگەی خۆمان، بۆیە ئەو شەریعەتە چی تر ناشێت، دوای خستووین، .. هەر ئەو جۆرە تێڕوانینە بنەمای تێگەیشتنی ڕەوشەنبیرانی عەلمانی دروست کردوو، بە کوردستانیەکانی ئێستاشەوە، بۆیە ئەك خۆی بەنامۆ نازانی، لای وایە بزوتنەوەی ئیسلامی و بانگێشەی زانایانی ئاینی نامۆیە کە داوای پەیڕەوکردنی شەریعەت دەکەنەوە، لەگەڵ کەم زانیاریان لە بارەی ئیسلام یەکجاری لێیان ئاڵۆز بووە، بەم شێوەیە حزبە عەلمانیەکان، دەوڵەتانی عەلمانی، .. تاکی عەلمانی.. بەوە دەناسرێتەوە کە تێڕوانین و بیروباوەڕو یاساکانی دەستکردن و جیان لە تێڕوانین و بیروباوەڕ و شەریعەتی ئیسلام، هەروەك (ئەوشیروان مصطفی) لەو بارەیەوە دەڵێ من و مامۆستای خاڵ لە بیروباوەڕیش (عەقیدە) جیابووین[2]، کۆمەڵە (حرام و حەلال)ی عەلمانی لەگەڵ کۆمەڵە (حرام و حەلال)ی ئیسلام لێك

---

[1] ئینجیل متی (٢٢)-١٤.
[2] پەنجەکان یەکتر دەشکێنن-ل٢٧٦.

جیایە، هەندێکیشیان هەر بە تەواوەتی دژیەتی وەك ئەو جۆرە عەلمانیەی کە لەو چوار خاڵەی کە وێنە کراوە لە لایەن (پرۆتۆکۆل حکماء صهیون) دەتوانرێ لەو چوار خالە کۆ بکریتەوە : (١-ئابووریەکی پڕ سوو، ٢-یاسای دەستکرد جیا لە شەریعەت، ٣-فێرکردنێکی نا ئاینیانە، ٤-دیموکراسیەك کە جێگەی باوەڕ بگریتەوە)[1] ، ئەوەی هەرە نەرمەکە و تاکتیك زان و بە دیبلۆماسیەتە لەگەڵ ئیسلام بەو شێوە یاساییانەی خوارەوە لە دەستوری ولاتەکەی -یان پەیڕەوی حیزبەکەی- دەنووسی:

- شەریعەتی ئیسلام سەرچاوەیەکی گرنگی یاسایە.
- شەریعەتی ئیسلام سەرچاوەیەکی سەرەکی یاسایە.
- شەریعەت سەرچاوەیەکە لە سەرچاوەکانی یاسا.

نموونەشیان زۆربەی ولاتانی موسڵمان نشینن کە دەستوورەکەشیان لە نەسلی فەرەنسی و ماگناکارتی بریتانی نزیك ترە نەك لە ئیسلام، سەرنج بدە عەلمانیەتی دەستووری فەرەنسی، لە ٢٧/تشرینی یەکەمی ١٩٤٦ لە پەرلەمان هاتووە (نە دژی ئاین نە ئاینیش بێت)، ئەوانیش بە ڕەچەڵەك دەگەڕێتەوە سەر دەستووری ڕۆمانی، یەکەم جار لەجیهانی عەرەبی لە لایەن (فەقیهی یاسایی-د.أحمد سەنهوری میسری) بەشە مەدەنی دەستوورەکانی لەسەر دەستووری فەرەنسی نەقل کردوە، دوای هەموار کراوە بە مەبادیئی سوشیالیستی یان شیوعی یان نەتەوایەتی لەگەڵ (باری کەسێتی) ئیسلامیش، بەشە سیاسیەکەشی زۆربەی لەلایەن داگیرکەر و بەپێی چەکی (ئینتداب) پڕکراوەتەوە، هەروەك دەستوری ١٩٢٥ی عێراق بریتیە لە خوردەی چەکی ئینتدابەکە. ئیتر بەوانە بوترێ دەوڵەتی ئیسلامی نەك هەر بوختانە بەڵکو هەڵەی زانستیشە وەك بڵێی ٣+٤=٩، بەهەمان شێوە حزبە عەلمانیەکانیش سەرچاوەی ئایدیۆلۆژیان بریتیە لە مەدرەسەکانی سۆشیالیستی یان لیبراڵی یان شیوعی یان نەتەوەیی، یان تێکەڵێك

[1] بۆ زیاتر بڕوانە کتێبەکانی: انور جندی (سقوط العلمانیة)، هەروەها العلمانیة و الدولة الدینیة- شبلي عیسي ل٦٢،هەروەها ڕاستەوخۆ بڕوانە بروتوکولات حکماء صهیون .

لە وانە، بۆیە ئەندام بوون لە حیزبێکی عەلمانی عەرەبی یان کوردی یـان ئـەورووپی وەك یەکە، ئاینی جیا ڕێگر نابێت هەروەك شبلی عیسمی دەڵێ: (فـالمؤمن و غـیر المؤمن في مرتبة إعتبارية سوية)[1]، هەر بۆیەش ئێستا دەبینین ئەنـدامی عـەرەبی لـە کنێـسەی ئیـسرائیلی هەیـە، یـان لـەناو حیزبێکـی مەسـیحی ئـەورووپی، جیاوازیەکی وا نیە کوردێك چ لە حزبێکـی سۆشیالیـستی کـوردی بێـت یـان لـە ئەورووپی، هـەر بۆیـەش دەسـتووری عیراقـی (سـەردەمی رابـووردوو)و تـورکی و ئەڵمانی لێك نزیك ترە نەك عیراقی و تورکی و ئێراني بـە نموونـە، یـان پـەیڕەوی (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) لە ناوەڕۆکدا لە (حزبی سەوزی سـویدی- کـە ئەنـدامێکی سەرکردایەتی کوردیشە بەناوی جبار ئەمین) نزیك ترە نەك لە حزبێکی ئیـسلامی کوردستان، بە هەمان شێوەش بۆ حزبە ئیسلامیەکان.

واتــە جیهــان دابەشــی مەدرەســەیە نــەك نەتــەوەیی و کۆمەڵایــەتی و هــەتا شارستانی وەك (هندگتۆن) بۆی چووە، دەوڵەت و بزوتنەوەو تـاکی ئیـسلامی لـە جەوهەردا لە عەلمانیەت بـەوە جیادەکرێنـەوە کـە (شـەریعەتی ئیـسلامی تاکـە سەرچاوەی بەرنامەی ژیان)ی بێت ، بە هەمان شـێوەش ئێـستا تـاکی عـەلمانی و ئیسلامیش لەو دووریانە لێك جیـا دەبنـەوە، تـاکی عـەلمانی تـێ دەکۆشـێ بـۆ هێنانەدی یەکێ لە مەدرەسە عەلمانیەکانی سۆشیالیستی یان لیبراڵی یان شـیوعی یان نەتەوەیی..هتد، ئیسلامیش بۆ دەوڵەتی ئیـسلامی، ئـەوەی بێلایەنـە و بـۆ هیچ تێ ناکۆشێ زۆربەی جار بە(عـەوام) نـاو دەبـرێ یـان لـە باشـترین دۆخیـدا (سەربەخۆ)ی پێ دەووترێ .

لە دوای قەڵۆش بوونی عەلمانیەت بە تایبەتی لە کۆتـایی سـەدەی ڕابـووردوو تا ئێستاش بە فراوانتر گەڕانەوە سەر بەکارهێنانی ئاین و شاردنەوەی عەلمانیەت، هەر لە سوێندی یاسـایی و یادکردنـەوەی بۆنـە ئاینیـەکان و قورئـان خوێنـدن و وەزارەتی ئـەوقاف و.. بـەڵام لـە کۆتاییـدا هـەر بـەکارهێنانی ئاینـە لـە پێنـاو

---

[1] العلمانيه و الدوله الدينيه- ل٥٤.

عەلمانیــەت، مــادام دەســتورەکەی عەلمانیــە، ئــالێرەدا ئاســینەوەی عەلمانیــەت پێوەرێکی وردتری دەوێ، ئەویش ئەوەیە ئاخۆ لە نێوان دەستور (دستور السائد)و ئاین کامەیان (مرجع)ی کامەیە؟ ئەگەر دەســتوور مــەرجع بــوو ئــەوا عەلمانیــە، پێچەوانەش بە پێچەوانەوە، واتە بەو پرسـیارە حیزب و لایەن و دەوڵەتی عەلمانی و هەتا تاکی عەلمانیش لەرووی یاساییەوە لێك دەکرێتەوە کامیان ڕابەری کامیــانن؟ دەستوور یان ئاین؟ هەڵبەتە ئەو پرسیارە جیایە لەگەڵ پرسیارەکەی (گیزۆ[*]).

لە کۆتاییدا پێش ئەوەی هەمو بناغــەکانی عەلمانیــەت هەڵــەنگێنینەوە لــە (مــصطفی کمــال) ڕا.. دەبیــنین عەلمانیــەکان لــە دوای شکــستی شــیوعیەت بــە پانتاییەکی فراوان گەڕانەوە لای ئاین بۆ هەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، جەنگی، دبلۆماسی، دەستووری، فەرهەنگی، نیشتیمانی، .. نــەك هــەر ئیــسلام بەڵکو مەسیحی و یــەهودی و ئاینــەکانی تــریش بــەو مەرجــەی-لــەنێو جهــانی ئیسلامیدا- ئیسلامی سیاسی نەبێت ، سەدەی (٢١) بە سەدەی ئاینی دەژمێرن، ئاسنامەکان ئاینینە، ئوسوڵیەتی مەسیحی دووری هەرە گرنگــی جیهــانی هەیــە، (مل ملانێی شارستانیەکان-هنتگتۆن) کە ئێستا ئەمــەریکا و ڕۆژئــاوا لەســەری دەڕۆن ناوەڕۆکی ئاینیە، هەر چەندە ڕۆژئــاوا وازیــان لــە ئــاین نــەهێنا بــوو، لــە ڕاستیدا هەر خودی دەوڵەتی ئیسرائیلی لەسەر بنچینەی ئاین دروست بووە، هەتا لە لایەن (گولدمائیر-سەرۆك وەزیرانی ئەوسا) وەســفی ســەرکەوتنەکانی (ســوپای ئیسرائیل) بە چاکترین موفوسیری تەورات دەکــرد، ئێستا وا تــەیاری دڵــسۆزانی نەتەوایەتی عەرەبیش لە دوای دژایەتی ئیسلام بۆی گەڕاونەتەوە .

هێشتا عەلمانیەتی کورد بە چاکی دەرکی بــەو گرنگیــەی ئــاین نــەکردووە لــە قۆناغەکانی (١٩)ی ئەورووپاو ســەدەی ڕابووردووی عــەرەبە.

[*](گیزو)ی فرنسی ئەو پرسیارەی هێنا ئاراوە ئاخو دابونەریتە سروشتی دەستور دیاری دەکا یان پێچەوانە؟

پاساوە نوێیەکانی عەلمانیەت:

مەبەست زیاتر لێرە لە جیهانی ئیسلامیە ئەگینا لە جیهان زیاتر ئەو پاساوە هەیە مادام بەرنامەیەکی سیاسی تری ئامادە نەبێت، لە ناوەڕاستەکانی سەدەی ڕابردوو وەفدێکی زانایانی ئیسلامی لە ئەفریقا سەردانی (ماوتسی تۆنگ)یان کرد و باسی بەرنامەی ئیسلامیان بۆ کردبوو، لە وەڵاما وتبووی: جا ئەگەر وڵاتی من خاوەن ئاینێکی وا بە بەرنامەی هەمەلایەن بوایە من هیچ پێویستم بە عەلمانیەت و شیوعیەت نەدەبوو، بەڵام لە چین ئاینی تاوی و کۆنفۆشیۆسی زۆرایەتیەکەیە کە بۆ ئەو سەردەمە ناشێ و بنەمای گەشەی تیا نیە.. کەواتە لە جیهانی ئیسلامی ئەو بەرنامە هەیە بۆیە ئێستاش لە دوای ئەو هەموو فشارە هەمە لایەنە لە وڵاتێکی وەك تورکیا عەلمانیەت شێ نابێت یان وەك ئێران (زەمانی شاه)، ئیتر پاساوەکانی عەلمانیەت گەرمترین جەنگی فیکریە کە لەو خاڵانە دەنوێنرێت:

(دیموکراسی و کۆماری و مافی مرۆڤ و فرە لایەنی و دروست کردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و بازاڕی ئازاد، گەشەکردن، یەکێتی نیشتمانی .. تەنیا بە عەلمانیەت بەدی دێت)، ئەو خاڵەی دوای زۆر دەووروژێ و دەڵێن هەر وڵاتێکی ئیسلامی دەبینین وەك: هیند، لوبنان، یان عیراق، لە کۆمەڵێك ئاین پێك هاتووە ئەگەر عەلمانی نەبێت پارچە پارچە دەبێت.

وەڵامی ئیسلامیەکانیش بەهێزترە بەتایبەتی لەو سەردەمە و بە کورتیەکەی ئەوەیە:

١-گەشەی زانست و تەکنەلۆجیا پەیوەندی بە جۆری حوکم و سیاسەت نیە، ئەگەر ڕاست بوایە دەبوایە ڤێتنام و کەمبۆدیا بێ ئاینن زۆر لە پێش یابان بوونایە کە ئاینێکی دوا کەوتووی هەیە.

٢-دیموکراسی و کۆماری و مافی مرۆڤ.. پێکەوە نەبەستراون بە دەیان نموونە هەیە کۆماریە و نادیموکراسیە، زۆربەی وڵاتانی عەرەبی عەلمانی و کۆمارین،

کەچی دیکتاتۆرین، لە رۆژئاواش: شیلی، ئیتالّیا، پرتوغالو ئیسپانیا.. پێشوو، خاوەن بازاڕی ئازادو عەلمانی بوون، کەچی دیکتاتۆری بوون دیموکراسی نەبوون.. ئەوانە مەرج نین، تەنانەت بە پێچەوانەش هەندێ جار چ لەناو ولاّتانی عەرەب چ لە رۆژئاواش مەلەکیەکان دیموکراسی ترن لە کۆماریەکان. خۆ بزوتنەوەی شوڤینی فرنسیو فاشی ئیتالیو نازی ئەلمانیو ڤالانژیسی ئیسپانی.. لە هەناوی دیموکراسی بازاڕی ئازاد هاتەکایەوە، بەعسیەتیش لە عەلمانیەت و کۆماری هاتەدی ٠

٣-ئینجا بازاڕی ئازادو کۆماری ئەو پێوانەیە چاکە نین هەتا چاکەی تری پێ بپێوری، هەتا دیموکراسی خۆشی (بۆ زیاتر سەرنج بدە بابەتی دیموکراسی، بازاڕی ئازاد..).

٤-ئەو ولاّتانەی فرە ئاین و نەتەوەن نموونەی سەرکەوتوو نین لە ژێر سایەی عەلمانیەت، لوبنان هەموو تونێژو چینەکان تێک بەربوون، یەکێتی سۆڤیەت، یوگسلافیا، چاد، سۆماڵ، رواندا و بۆرندیو عێراق و هیندو.. هەموو جەنگە ناوەکیەکان هەر لە ژێر سایەی عەلمانی بووە.. کەواتە عەلمانیش چارەسەر نیە هۆیەکەی قووڵ ترە، خەلەلی رۆژهەلاتی ناوەراست (بەنموونە) لە سنوورەکانە کە بە پێی (سایکس بیکۆ١٩١٦) کێشراوە، یان خەلەل لە نەبوونی (دادگەریە)، چونکە ولاّتێکی وەك سۆماڵ یەك زمان و یەك نەتەوەو یەك ئاین و هەتا یەك مەزهەبیشن، کەچی لە ژێر سایەی عەلمانیەت پارچە پارچە بووینە تا ئێستای ئەو نووسینە، ئینجا ئەوە بووە سەدەیەك عەلمانیەت نەیتوانیوە عەرەبی یەکبخا بەلکوڤاکتەری پارچە پارچەییەکەیە، هەروەها کوردستانی مەزنیش لەژێر سایەی عەلمانیەت دابەش و پارچە پارچە کراوە، ئەوە سەدەیەکیشە بەرەو خراپتر و پەرتەوازەیی تر دەچێت، تەنانەت کوردستانی خوارو لەژێر سایەی ئەزموونی عەلمانیەتی یەك نەتەوەو یەك مەزهەب و... کردبوویانە دووپارچەو دوو حکومەت دوو ...هتد .

کەچی دەبینین لە مێژووی ئیسلامی و نموونەی نوێی ئیسلامی تا رادەیەك

کەمێك ئازادی هەبووبێ و هەبێ عەلمانیەکان پاشە کشە دەکەن و ئیسلامیەکان گۆڕەپان داگیر دەکەن، هەروەك بینرا لە: جەزائیر، ئەردەن، تورکیا، یەمەن، لوبنان، فەلەستین، تاجیکستان، .. وا ئێستاش دەبینرێ لە مەغریب، تورکیا، پاکستان، بەحرەین، ئەندۆنیسیا و مالیزیاو هەتا لەو دۆخە ناسروشتیەی سۆمالیش، زۆری تریش بەڕێوەیە. هەڵبژاردنەکانی عێراقیش ٢٠٠٤ لەژێر سایەی داگیرکاریش بوو هەر ئیسلامیەکان زۆرینەی دەنگیان هێنا.

٣-قەیرانی ناسنامەی هەیە، بەزمانێکی پالاّو نالێ من چیم، ئیسلامیە و عەلمانیشە، دیکتاتۆریە و دیموکراسیشە، نەتەوەیی و ئومیشە، .. هەمووە و هیچیش بەتەواوی نیە، بۆیە دەبینین نەك جیهانی سێ یەم، حزبە کوردستانیەکانیش بە تایبەتی دەسەلاّتدار یادی جەژنی کرێکار، جەژنەکانی ئیسلام، جەژنی مەسیحی، جەژنی نەتەوەیی، .. هەمووی دەکەنەوە..، سالاّنەش لە پانورامای مێژووی کوردستان تەنیا دەنگ و باسی حزب و سەرکردەی خۆی تۆمار دەکا، واتە ئەوانی تر نین.

٤- عەلمانیەتی ئێستا لەسەر ڕێبازو بەرهەمی فکری خۆی ناڕوا، لە سەردەمی فکری شیوعی زۆربەی ناودرۆکێکی مارکسیان هەبوو، لەگەڵ سۆشیال دیموکراس و وجودی و فەلسەفەو ڕاڕەوەکانی تر.. بەلاّم لە هەموویدا تێبینی دەکرا لایەنە سەلبیەکانی ئەو ڕێبازانە پەیڕەو دەکرا نەك لایەنە ئیجابیەکانی.

٥- بەشی زۆری عەلمانیەتی ئێستا نە خزمەت دەکا و نە ئیشتمانی و دیموکراسیشە، گەڕاوەتەوە سەر پێناسەکانی بەشێك لە فەرهەنگە ڕۆژئاواییەکان کە عەلمانیەت (Secular) بە دنیوی و بێ مبالات و بێ بەرپرسیاری لێك دەداتەوە.

٦-لە کاتێکا لەو سەردەمەی عەولەمە هەر مەدرەسەو لایەنێکی سیاسی پێویستی بەوە هەیە لە هەوراز و نشێو، لە دەسەلاّت و معارەزە، لە بوونی و نەبوونیدا.. بەرنامە و پلانی ستراتیجی هەبێت بتوانێ جەماوەری بێت.. کەچی

پێکەوە ژیان ئاسایی بووە، پێکەوە ژیانی فرە نەتەوە و چین و توێژ و فرە ئاینیش، هەموو ئایەینەکانیش سەربەست بووینە، لە ئێرانی ئێستا، لە ئەفغانستانیش لە سەردەمی تالیبان چاکتر بوو هەتا لە سەردەمی شیوعیەتیش کە هەردوو بالی (پەرچەم)و (خەلق) لە دژی یەکو بەرەی جەنگی تر لە دژی نەتەوەو ئاینی تریش.. ئینجا دەبینین میللەتێکی پارچە پارچەی وەك یەهود ئاین کۆی کردوونەوە بەرامبەر (٢٢) وڵاتی عەرەبی عەلمانی پارچە پارچە.. ئینجا هەر ئاینیشە ئێستا بەرگری نیشتیمانی پێ دەکرێ.

قەیرانەکانی عەلمانی (زیاتر مەبەست لە جیهانی ئیسلامیە):

لە سەرەتای سەدەی (٢٠) ڕەوشەنبیرانی عەلمانی جیهانی ئیسلامی بەڵێنیان دا بە نووسین و وتار کە هاتنی عەلمانیەت بەهەشت لەگەڵ خۆی دەهێنێ لە پێشکەوتن و ئازادی و شارستانی، کەچی وا دەبینین جگە لە دیکتاتۆری و پارچەپارچەیی و ناکۆکی و برسیەتی و گەندەڵیو خۆویستی ..خێری نەهێناوە، بەتایبەتی بۆ کورد بووە هۆی دابەشی و داگیرکردن و مەینەتی٠

زۆر بەکورتی قەیرانەکانی لەم خاڵانە دەگوشین:

١- دارمانی شیوعیەت بووە هۆی دارمانی بنەماکانی عەلمانیش، ئێستا حزبە عەلمانیو دەسەڵاتی عەلمانی هیچ مەبادیئو بەهایەکی نەماوە پەیوەستی ئاسنامەو دیواری فیکری پێ دروست بکا، بۆیە تەنها دەتوانی بە بەرژەوەندی مادی خەڵکی کۆ بکاتەوە کە ترسناك ترین هۆکارە بۆ کۆمەڵ و بۆ خۆشی، هەر ئەو فاکتەرەشە سەرچاوەی دەسەڵات بازی و دیکتاتۆریەت و براکوژی و هەتا وڵات فرۆشیش.

٢-بۆیە عەلمانیەتی جیهانی سێ یەم (بەتایبەتی عەرەبی) هەردەبێ دژی پێشکەوتن و عەقلانیەت و دیموکراسی و ئازادی و وشیاری و مەدەنیەت و دادگەری بێت، ئەگینا گۆڕ بۆخۆی هەڵدەکەنێ، بۆیە دەبینین لە هەر شوێنێك

عەلمانیەتی ئێستا تەنیاو تاقە رێگەی دەسەڵاتە نەگینا رێگەی تری مردنە.. بۆیەش ژیانی عەلمانی لە جیهانی سێ یەم شەرە دەسەڵات و دیکتاتۆری یە.

٧-تاك و سەرکردەکانی حزبە عەلمانیەکان بە بەرنامەکەشەوە ڕەوای دەدەنە بەرژەوەندی تایبەتی و کۆکردنەوەی زۆرترین خەڵك لەسەر بنچینەی (پێم بدە و پێت دەدەم= take and put).. ئیتر دیاردەی وەك: (بەرتیل، گەندەلی بێ سنوور، بێ بەڵێنی، و بەد ڕەوشتی و نیشتیمان فرۆشی و ماستاوچیایەتی و خۆویستی، ..) باو وەردەگرێ و بناغەکانی کۆمەڵیش تێك دەرووخێ.. و ترسناك ترین چارەنووسە.

٨-ئەگەر بەرژەوەندی میللەت یان نیشتیمان یان مەبادینەکان لەگەڵ بەرژەوەندی حزبەکەیان و سەرکردە تێك گیرا ئەوا یەکسەر دووەمیان سەرکەتوە، ئەوەش سەرچاوەی گشت دیاردە دزێوەکانە و پێوانەکانیش وەردەگەڕێن (ئامراز بۆ ئامانج)، (وەختی بۆ دائیم)، (خائین بۆ جێی دڵسۆزی)، (پێش کەوتن بۆ پاش کەوتن)، (نیشتمانی بۆ بەرژەوەندی)، (مەبادیئی بۆ گیرفان)..

٩-لە هەمووی ترسناك تر ئەو مەدرەسە و حزب و لایەنانە خودی خۆیان لەسەر بنچینەی گەشەی فاکتەرە کۆمەڵایەتیەکان بۆ فاکتەرە ئایدیۆلۆژیەکان دروست دەبن.. کەچی ئێستا ئەوان لەو فاکتەرە گەلێ لاوازن، بۆیە ناچار بگەڕێنەوە سەر فاکتەرە کلاسیکی و کۆمەڵایەتیەکان، ئەو کاتیش ناکۆك دەبن هەم لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی و سەردەم و هەم لەگەڵ دروشمەکانی خۆیان لە پێك هێنانی سیستەمی دیموکراسی و مەدەنیەت و... بۆیە لە کوردستانیش ڕاپەڕین لەسەر داگیرکەر کراو شۆڕش سەرکەوت، بەڵام ئەڵقە لە گوێیانی داگیرکەریش ڕاپەڕین بەسەر بەهاکانی شۆڕش سەرکەوتن.

١٠- ئەو قەیرانانە ڕۆژ بە ڕۆژ لەگەڵ ڕەوتی مێژوو بە خێراتر زیاد دەکات، لە کاتێکا لە پێش هەموان دەسەلاتداری عەلمانی لە ڕابوونی ئیسلامی دا.. کەچی لە ناکاو دەبینی خانەی پۆلین کردنی چ لە (مل ملانێی شارستانی) چ لە مل

ملانێی واقیعی دەولی لە تەنیشت بزوتنەوە ئیسلامیەکانە. بۆیە هێشتا خانەی ڕاستەقینەی لەو دابەشیەی جیهانیش نەزانیە لە کوێیە (سەروو یان خواروو)، شارستانی ئیسلامیە یان شارستانیەکانی ترە، تیرۆرستە یان لە بەرەی دژی تیرۆرە! چاك نازانی ئەوە لە جەوهەردا هەمان ململانێ ی تەوەری کۆنی ئیسلامی و تەوەری رۆمانی-یۆنانێیە، سەرنج بدە ئێستا هەموو ولآتانی عەرەبی و موسڵمان نشین کە هاوکاری ئەمریکا بوون ئێستا لە ژێر هەرەشەی ئەون، ئینجا زانا و بیریارە عەلمانیەکانیش.. دەبینین نازانن ئینتیمای شارستانیان کامەیە هەر بە نموونە (طه حسین) دەڵێ: (شارستانی عەرەب و فەرەنسا یەکن لە کۆتاییدا سەر بە شارستانی یۆنانی لاتینین).

١١- بیروباوەڕە گەردوونی و مرۆڤایەتی و ئاینیان تێك ئالآوە، بەتایبەتی لەدوای گەشەی زانستی سوڕانەوەی بەردو ڕاستیەکانی قورئان ئەو بیروبۆچوونە عەلمانیانەی وەك :مادیەت لە فلسفە، گەردوونی بێ کۆتای، تیۆرەکانی پەرەسەندن و...هتد. لەباریەك هەڵوەشاندەوە، بۆیە ئێستا بەڵێنەکەی (جان کوریس) هاتەدی کە لە کتێبی (حقيقة العالم الملموس) باسی کردبوو وتبووی مـن تا لەقوڕاوی بنی گەردوون نەگەم ناچمە ناو سیاسەت. بەو پێیە ئێستا عەلمانیەت کە دەچێتە ناو زانستی نوێ لە جوغزی عەلمانی دەردەچێ و پاڵی دەدا بۆ لای ئیسلامی.. بۆیە بەشی زۆری بنەما فیکریەکانی عەلمانی لەگەڵ زانستی نوێ تێك دەگیرێ.

١٢- لەبەر ئەوەی عەلمانیەت ناسنامەو کەلتوری دەرەکیە، بۆیە ناچار لەدژی ڕابردوو و کەلتوورو فەرهەنگی میللەتەکانیان بن، عەلمانیەتی ئێستا شێوەیەکە لە جەوهەری هیلنستی کۆن.

١٣- لەجیهانی ئیسلامی عەلمانیەت قەیرانی زیاترە نەك لەجیهانی ڕۆژئاوا، چونکە لەوێ ئاینێکی بێ شەریعەت هەیە، نا لێرەدا عەلمانیەکان هەردەم لەگەڵ خودی ئیسلام وئیسلامیەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەدان، بۆیە هەرگیز نابنە

بزوتنەوەیەکی جەماوەری.. هەردەبێ (توقیە) بەکاربهێنن.

١٤-لەجیهانی ئیسلامیدا دەبێ عەلمانیەت هەموو ئەو داب و نەریت و کەلتوور و ئاین و مێژووی میللەتەکە هەڵتەکێنێ، ئنجا بنەماکانی عەلمانی لێ دابڕێژێتەوە.. عادەتەن ئەو هەنگاوانەش بە وێرانکردنی ژێرخانی کۆمەڵگا لە ئەخلاق و بەها و ئاکارەکان دەست پێ دەکا، بێ ئەوەی بتوانێ دروستی بکاتەوە، بەو پێیە وای لێ دێت دەسەڵاتی سیاسی و بیری گەندەڵی تەنها بتوانێ لە کۆمەڵگەیەکی گەندەڵ بژی. وەك ئێستا لە زۆربەی ئەزموونەکانی عەلمانی جیهانی ئیسلام دەبینین بە کوردستانیشەوە.

١٤-خاڵێکی تایبەتیش تەرخان دەکەین بۆ زیانەکانی عەلمانی کە لە لایەن ئیسلامیەکان و چینە ئاینی و ئیشتیمان پەروەرە ڕەسەنەکان تۆمار کراوە لەسەریان، بە کورتی ئەوانەن:

أ-بزوتنەوەیەکی دژ بە ئاینی ئیسلامە.

ب-فاکتەرێکی هەڵتەکێنی بناغەکانی دامەزراندنی کۆمەڵ و تاکیشە.

ج-مایەی دوو بەرەکی و پەرتەوازەیە و داپچڕاندنە لە ڕابووردوو.

د-مەبەستەکانی یەخ کردنی میللەتانە بۆ ژێر چەپۆکی ئیمپریالیزمی و داگیرکاری.

ع-سەرچاوەیەکە بۆ دیکتاتۆری و تاك ڕەوی، چونکە بوون و مانی خۆی لە نەبوونی خەلکی تر دەدۆزێتەوە.

<u>لە کوردستانیش:</u> سەرە ڕای ئەو خاڵە گشتیانە ئەوا:

أ-لەگەڵ پەیدابوونی عەلمانیەت مەینەتی کوردیش بە هەموو ئاراستەیەك دروست بووە.

ب-عەلمانیەت هۆکارە بۆ تێك شێواندنی ڕەوشت و ناوبانگی پیاوەتی کورد.

ج-هەر ئەویشە بوویتە هۆی ئەو هەموو دووبەرەکی و شەڕی برا کوژی و تێکدانی ڕیزی کورد.

(٢) عەلمانیەت لائیکیة Secularizm

د-هەر ئەویشە بە ناڕاستەوخۆ بووە هۆی ئەو هەموو ئەڵقە لە گوێیە دروست بێت.

ع-لە ژێر سایەی عەلمانیەت هەرگیز هەموو کوردستان نەیەك دەخرێت و نە حزبەکانیش یەك دەگرێت.

سەرنج : بۆ زیاتر لە بارەی عەلمانی بروانە ماستەرنامەی (الاسلام والعلمانية وأثرهما فى نشأة الدولة العراقية الحديثة-نووسەر)

(٣)

دەولەت الدولة State

وەك وشە بە پێی سەرجەم فەرهەنگەکان لە status هاتوە، ئەوەش لە (ستان)ی ئاریەکان هاتووە وەرگەڕاوە بۆ ستات بەمانای زێد (زێدی باب و باپیران = شوێنی باب و باپیران) هاتووە، وەك وشەش (ستان) لە زمانی ئاری ڕۆژهەلات بەمانای وڵات و هەرێم هاتووە، دوای (state)مانای (پایە)ی وەرگرت، لە دوای سەدەی (١٢) بووە (پایەی دەسەلات)، لە دوای سەدەی (١٤) بە دەسەلاتی بالای مەملەکەت دەووترا دەولەت، بە زمانی ئەلمانی ئێستاش ئەو مانایەی ماوە، لە فەرەنسیش بە (Etat) هاتووە، بەلام دیسان ئەو فەرهەنگانەش بەزۆری لەژێر واقیعی جیهانی سەدەی ١٩-٢٠ کەوتنە ژێر کاریگەری ئەوروپی، ئەگینا پێش ئەوانە دەولەت و حکومەت بەو مانایەی ئێستای زیاتریش لە قورئان هاتووە، وەك ڕێسا ئەوەی ئیجابیە چ وەك ناو چ ناوەڕۆکی ڕەسەنی ئاینی هەیە.

دەولەت بالاترین و گرنگترین دەزگای سیاسیە بۆ بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کاروباری تاك و کۆمەڵ[١]، ئێستاش بە هەموو ئەو وڵاتە سەربەخۆیانە دەووترێ دەولەت، هەندێکیان بچووك وەك (دەولەتی فاتیکان) کە ڕووبەری ١/٢ کم[٢]، ڕووسیاش ١٨ملیۆن کم[٢]، هەر مانای دەولەتە (هەروەك د.ترابی) دەلێ مانای ئیمپراتۆریەت و خەلافەت و شاهنشاهی و دار السلام و دار العهد.. دەگرێتەوە[٢]، لەدوای سەدەی (١٩) و وەرچەرخانی ئیمپراتۆریەت بۆ (دەولەتی نەتەوەیی

---

[١] ا-موسوعة علم الاجتماع ل٢٩٥. ب-موسوعة العالمية.

[٢] المصطلحات السياسية في الاسلام ل٣٢.

هاوچەرخ) چەمكی (دەوڵەت) هاتە جیهانی ئیسلام ، بۆیە دەوڵەت تەواو مانای (state) نادا، لە (لسان العرب) و (قاموس المحيط) مانای ئەوسای بە سامان هاتووە، بە مانای (مداولة في الأمر)یش هاتووە، مانایەكی نزیك تریش (.. تداول نصر في الحروب.. يسمى الدولة).

هەموو شێوە ئیداری و هەرێمیەك دەگرێتەوە لە مێژوو، پێناسی گشتی ئەوەیە هەر دەسەڵاتێك میللەتێك لەسەر تیلمە زەویەكی سنووردار رێكبخا لە رووی ئیداری و سیاسی و سەربازی و بەرگری.. دەوڵەتی پێ دەوترێ، واتە دەوڵەت : ئوممەت+ زەوی+ یاسا+ حكومەت..[١]، یان بەجۆرێكی تر: قەوارەیەكی سیاسی و یاساییە بۆ خەڵكێكی رێكخراو لە نیشتمانێك دا.

لە پێناسێكی تری گونجاوی (معجم مصطلحات الفنية والعلمية) هاتووە: (الدولة هي جمع من الناس مستقرون في أقليم معين الحدود ويستقلون بحكم أنفسهم وفق نظام خاص). ئەوە پێناسی باوە زیاتر گوزارش لە دیفاكتۆی دەوڵەت دەكا نەك فەرمانی راستەقینەی، لەسەر بنچینەی سەر هەڵدانی توخمەكانی یاسایی دەولەت هاتووە كە پاش كەمێكی تر باسی دەكەین ٠

هەرچی هەندێ فەرهەنگی باڵاشە لەوانە (موسوعة علم الاجتماع) ناسنامەی دەوڵەت بە یاساكانی دەناسێ. (فالدولة هي القانون والقانون هي الدولة) و پەیوەندی دەوڵەت و میللەتیش بۆ بەرژەوەندی و هێز و یاسا دەگێرنەوە، ئەوەیان بۆ هەندێك كۆمەڵگە راستە نەك بەگشتی، بەشێكی تر دەوڵەت تەنها بە نەتەوە دەبەستنەوە لەوانە (قاموس السياسي) دەڵێ: ((إذا قامت بين أمة سلطة عليا فهي دولة، أي الأمة ركن الأولى للدولة)) ٠

بوونی دەوڵەت بە چمكی لەگەڵ مێژووی مرۆڤ مشت و مڕی لەسەر بووە، بەڵام مسۆگەر شێوەی كۆنی دەسەلات و دەوڵەت وەك ئێستا نەبووە، ئەفلاتوون دەوڵەتی نمونەیی وەك بەشەكانی لەشی نادەمیزاد وێنە كردووە (ئەقڵ، ئیرادە،

---

[١] مقدمة في أنثروبولوجيا الاجتماعية.

ئارەزوو) لە بەرامبەریش (دەوڵەت، شا، فەیلەسوفەکان، سەربازەکان، هاوولاتی)، لەلایەن ئەرستۆ و ئەفلاتونیش شار مانای دەوڵەتی داوە، ژمـارەش بـە (٠٥٠٤٠) خێزان وەك دەوڵەتی نمونەیی قەبڵێندراوە ، بەڵام ئێستا دەوڵەت ئەو پەیکەرەیە کە (حکومەت، دەسـتوور، هـاولاتی، پەرلـەمان (شـورا)، سـەرۆك، دادگـا، سـوپا، سنورێکی جوگرافی..) لەخۆ دەگرێ لە ناوەوە، لە دەرەوەش پەیماننامە و بوون بـە ئەنـدام لـە (un) - هەرچـەندە ئـەوە مـەرجێکی هـەرە سـەرەکی نیـە چـونکە دەوڵەتێکی ڕەسەنی وەك سویسرا تا ئەو ساتەش ئەندام نیە لە (un)، بەلام دەبی لە ئاستی (شخصیة القانونیة) بیت .

مەبەسـتی بنـچینەی دەوڵـەتیش هـەروەك سیاسـەت هێنانـەدی چـاکترین بەختەوەری بۆ زۆرترین کەسە، ئەوەش ئامانجێکی پیرۆزە و لـە بنەڕەتـدا ئاینیـە، واتە دەوڵەتیش ئەرکی بنچینەیی لەڕووی ڕەوتـی مێـژوویی وەرگێڕانـی فاکتـەرە شاقولیەکانە بەرەو ئاسۆیی، واتە هەڵوەشاندنەوەی کاریگەرییـە کۆمەڵایەتیـەکان لەسەر تاك و وەرگێڕانی بۆ کاریگەری یاسایی، واتە دەولەت سەرچاوەی سـەرەکی مەدەنیەتە، بەتایبەتی لەو سەردەمە ئەو بەشە جێبـەجێ دەکـا، توانیویـەتی زۆر کێشەش لەگەڵی چارەسەر بکا بەتایبەتی (مافی هاوولاتی- دەسـتوریانە)، بـەڵام بۆشاییەکی مەزن بەجێ دەهێڵێ پێی پڕ نابێتـەوە، ئـەویش ئەوەیـە چـاوی یاسـا هەردەم دیار نیـە، چ فاکتـەرێکی تـر هەیـە وا لـە تـاك بکـا یاسـا نەبـەزێنێ، بەرژەوەندی گشتی بپارێزێ.. ئالێرەدا بیرۆکـەی دەوڵـەتی بـێ عەقیـدە شکـست دەهێنێ، دەبێ دەوڵەتیش خاوەن ئایدیۆلۆژیا بێ بتوانێ پەروەردەی خەڵکی وابکـا کە بەرپرسیاری لەسەر شانە ئـەوەش بـە دەوڵـەتی عـەلمانی نـاکرێ، تـەنها لـەو سەردەمە بە دەوڵەتی ئیسلامی دەکرێ، بەڵام هەرچۆنێك بێـت شـێوەی دەوڵـەتی ئێـستای ڕۆژئاواو دەوڵەتانی جیهانی ئیسلامی ئێستا زۆر جیایە، شـێوازی ئـەوان سەرکەوتووترە بە هەموو پێوانەیەك، واتە ئەو شێوازە دەوڵەتەی ئێستا باوی هەیە پێشکەوتنە، بەشێکی گرنگی مەبەستەکانی دەوڵەتی هێناوەتـەدی، لـەپارێزگاری

بەرژەوەندی و بەشە گشتیەکان و هێنانەدی بەختەوەری بۆ زۆرترین خەڵك، ئەوەش ئامانجی ئایینە بۆیە دەوڵەت مەبەستێکی ئاینیە و پیرۆزە بە عەیاری خۆی، بەڵام کە هەڵس و کەوتی مرۆڤی بێ بەرنامەی تێ کەوت سەلبیاتیشی لەگەڵ دەکەوێ، دەبێتە هێزی ستەم و ڕاوەدوونان.. بەو شێوەیە خودی دەوڵەت لە پێویستیەکانە، سەلبی و ئیجابیەکەی ئەکەوێتە سەر (ڕێبازی سیاسیەکەی -کە لە دەستووررەنگ دەداتەوە) وە(جۆری سەرکردایەتی) کە وڵاتی پێ بەڕێوە دەچێ، ئەگەر دیموکراسیش بێت ئەوا ئەکەوێتە سەر ئەو میللەتە ئاخۆ چ جۆرە دەستور و سەرۆکایەتیەك هەڵدەبژێری، ئەوەش دووبارە دەکەوێتەوە سەر مەدرەسەی فکری و سیاسی کە چ جۆرە میللەتێك دروست دەکەن، ئومەیە یان عەوام، وشیار و مەدەنی ڕەوشتدارن یان پێچەوانە، هەر لێرەش مەدرەسەکان لێك جیادەبنەوە بە پێ ی بەرنامەی سیاسیان و چۆنیەتی تێگەیشتنیان بۆ (دادگەری و نا دادگەری)، زۆر شێوەی دەسەڵاتی لێ دروست دەبێت (دیکتاتۆری، سەربازی، تاك ڕەوی، پیوکراتی، دیموکراسی، پادشایی، کۆماری، سوشیالیستی، نەتەوەیی، شیوعی؟ ئیسلامی، ..).

شێوەکانی دەوڵەت

بەسەرەکیش لە جیهان ئەو شێوە دەوڵەتانە هەیە:

١-لە ڕووی ئیداری (فیدرالیەکان، کۆنفیدرالی، لا مەرکەزی، مەرکەزی، ..).

٢-لە ڕووی سیاسی، دوانەی هەیە وەك (دەوڵەتی ئاینی و دەوڵەتی عەلمانی)، (پادشایی و کۆماری)، (ڕادیکالی و پارێزەری)، (دیکتاتۆری و دیموکراسی)، (نەتەوەیی و ئومەمی)..

٣-لە نێوان هەر دوو خاڵ واتە ئیداری و سیاسی لە ئەنجامی پێویستیا هەندێ جۆر پەیدا دەبێت، وەك دەوڵەتی (سەرۆکایەتی، نیمچە سەرۆکایەتی، پادشایی دەستووری، پادشایی دەسەڵاتی..).

٤-دەولەتێ نیشتمانی ونەتەویش لێك جیایە، راستە لە سەرەتادا دەولەتی هاوچەرخ لەسەر شێوەی نەتەوەیی دروست بوو، بەلام دوای کێشە دروست بوو لە نیوان پیك هاتە جیاکانی ئەو دەولەتە، بۆیە جۆری دەولەتی نیشتمانی باوی وەرگرت کە تیایدا لە جیاتی چەمکی دەستوری هاونەتەوەیی چەمکی هاو ولاتی پەیدا بوو، یەکەم سەرکەوتنی دەولەتی نیشتمانی بەسەر نەتەوەیی لە شۆرشی ئەمریکا ١٧٧٦ز بەرجەستە بوو، چونکەسوپای بریتانی و شورشگێرانی ئەمریکی هەریەك نەتەوە بوون بەلام نیشتمانیان جیا بوو ئیتر ئەزمونی دەولەتی نیشتمانی جێی نەتەوەیی گرتەوە، بەلام لە جیهانی عەرەبی لە دەستووریش وەك دەولەتی نیشتمانی پیشان دراوە کەچی پریان کردووە لە بنەمای نەتەوەیی وەك (..جزء من الامة العربية) وبون بە ئەندام لە (جامعة العربية)و کۆمەلیك دروشم کە جێبە جێشی ناکەن ٠

٥- هەندی دەدولەتیش کە بەشیوەی نیشتمانیش پیك نەهاتون لەسەر شیوەی (تەوافوق)پیك هاتوون، لەوانە: چیکوسلوفاکیای پیشو، قوبرس، لبنان، ئیماراتی عەرەبی، تا رادەیەك عیراقی نوی ،عادەتەن ئەو جۆرە دەولەتانە لە پۆلی دەولەتی (مرکبة-etat-compos) دەژمیررێن، ئەو دەولەتانەی لە یەك رەگەزی‌و مەرکەزیانە پێك هاتوون پێیان دەلێن دەولەتی سادە : etat-simple .

دەولەت لە ئیسلامدا هاوتای یاسا و نەتەوە نیە، بێجگە لە بەرژەوەندی و هێزیش فاکتەری هەرە گرنگ رەوشت و ئایدیۆلۆجیاشە راگرو(مقەوەماتی) دەولەتە، رۆژئاوا دەولەتیان بەکارهێناوە بۆ داگیرکاری، بۆ دوو جەنگی جیهانی، جەنگی نویێ تریش، .. بەلام بۆ ناوەخۆش (لە چاو دەرەوە) هەندێ جار ئیعمەت بووە لە : ئازادی و دیموکراسی و هەلبژاردن و گەشەکردن و خزمەتگوزاری و پێشخستنی زانست و تەکنەلۆژیا و بەختەوەری ..تا ئەو رادەیە لەگەلێ سیستەمی سەرمایەداری وبنەماکانی بەرژەوەندی برجوازی بگونجێ، واتە بەختیاریەك بۆ کەمایەتی، بۆیە نەیتوانیوە کێشەکانی نادەمیزادی چینایەتی‌و رەگەزی‌و نەژادی‌و

نەتەوایەتی.. چارەسەر بکا، هەربۆیەش ئەوان هەر وەك تیۆ ڕوانینی سیاسیان بە ئەرکێکی پیرۆزو ڕەوشتیەوە سەیری دەوڵەت ناکەن، پەیوەندی نێو دەوڵەتیشیان هەر وایە لەسەر بنچینەی (بەرژەوەندیە)، بۆیە بەها و یاساکانی دەولی و هەتا مافی مرۆڤیش لەگەڵ هەندێ ئیجابیاتیشی لە کۆتاییدا دەبتەوە یاسای دارستان، ئەوەش هەر دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ئادەمیزاد، بە پێی هەریەکە لە میکاڤیلی، نیتچە، هۆبز، فرۆید، کانت، .. ئادەمیزاد گورگی ئادەمیزادە، جا ئەگەر دەسەڵاتیشی هەبێت گورگایەتیەکەی بەشێوەی جیاجیاو لەبن پەردەی جوانی بەرجەستە دەکا، لەوبارەیەوە (کانت) دەڵێ (ئەزمونەکان دەیسەلمێنن کە هەرچی دەسەڵاتی هەبووبێ خراپەی کردووە.. هەموو لەگەڵ هەموو..هەریەکەش لەگەڵ هەموو لە جەنگی بەردەوامدان)[1]..هەڵبەتە ئەو حوکمەی (کانت) و ئەوانی تریش لە مێژووی ئەوروپا زیاتر بەدی دەکرێ نەك بەگشتی.

ئەرستۆ (٣٨٤-٣٢٢ پ.ز) پێی وایە دەوڵەت لە فراوان و گەشەی خێزان دروست دەبێ، بۆیە سەرۆك لای پیرۆزە وەك باوك، هەریەکە لە (هۆبز، لیێبتیز، رۆسۆ، ..) بە سەرەنجامی ڕێککەوتن و پەیمانی میللی هاتنەکایەی دەوڵەت دەدەنە قەڵەم، (دۆهرنگ)یش دەڵێ دەوڵەت لە ئەنجامی زاڵ بوونی بەهێز بەسەر بێهێز پەیدابووە، هەرچی مارکسیەتیشە بە سەلبی دەڕوانێتە دەوڵەتو پێی وایە:

١-دەوڵەت لە قۆناغێکی درەنگی مێژوویەوە پەیدابووە لە دوای پەیدابوونی چینایەتی، هەڵبەتە زۆربەی (تطوریەکان) پێیان وا بووە کە کۆمەڵگەی سەرەتایی دەوڵەت، یاسا، ئاین، خێزان، ڕەوشت، .. بەخۆوە نەبینیوە.

٢-ئامرازێکە بۆ سەرکوتکردنی چینەکانی ژێر دەست لە لایەن چینی دەسەڵاتدار.

٣-مێژوو (٥) شێوەی سەرەکی لە دەوڵەتی بینیوە کە لەسەر بنچینەی

---

[1] فلسفە القانون والسیاسە-عمانوئیل کانت -(تا ڕاددەیەك ئەو ڕایە لەگەڵ دەقی ئاینیش دێتەوە هەروەك لە قورئانیش دەڵی (کلاأن الانسان لیطغی إن رأی إستغنی) .

(٣) دەوڵەت   الدولة   State

سیستەمی ئابووری دروست دەبێ: (١- مەشاعی-بێ دەوڵـەت، ٢- بەندایـەتی، ٣-دەرەبەگایەتی، ٤- سەرمایەداری، ٥- سۆشیالیستی، شیوعیەت-بێ دەوڵەت دیسان).

٤-هەردەم دەوڵەت نوێنەرایەتی چینێك دەكـا وەك دیكتـاتۆر، بـەپێی ئـەو قۆناغانە، كە لە خاڵی (٣) دیاری كرا.

بۆیە دەوڵەت لە ڕوانگەی ماركسی هەردەبێ دیكتـاتۆری بێـت، لـە قۆنـاغی سوشیالیـستیش كـە گـوازەرەوەی سـەرمایەداریە بـۆ شـیوعیەت پێویـستی بـە دەسەلاتێكی پۆلاینی تاك حزبی پێشڕەو شمولی دەبێـت[1]، تـا لـە كۆتاییـدا (وەك ئـەنجلس دەڵێـت) دەوڵـەت خۆشـی دەخورێتـەوە نـەك بـەبڕیارێكی سیاسـی هەڵوەشێنرێتەوە، لینین بە وردتر باسی قۆناغی شیوعیەتی بـێ دەوڵـەت دەكـا و دەڵێ: (بۆ هەر كێشەیەكیش كە پەیدا دەبێ لە جیاتی دەوڵەت و پۆلیس و دادگـا یەكسەر خەڵكی خۆیان پێی هەڵدەستن بۆ چارەسەری هەروەك ئێستا چۆن دەبینین خەڵك دوو شەڕكەر لێك دەكاتەوە یان نایەڵن دەست درێژی بكرێتە سەر ئافرەت[2]، ئەو بۆچوونە تـەنیا لـە چوارچێوەی ماركسیەت نـەمابوو زۆربـەی عەلمانیـەتی (ئالیبرالی) جیهانی گرتبۆوەبە، هەتا دەروون ناسەكانیش وەك (فرۆیـد)، (مـاكس ستیرنەر) دەوڵەتیان بە ڕێگـری گەشـەی تـاك و (مـن) زانیـوە، هەنـدێ ڕێبـازی ئاینیش لەوانە (تاویە-كە ئاینی بەشێكی زۆری سەرووی ڕۆژهەلاتی ئاسـیایە كـە لە بنەچەدا لەسەر دەستی (لاوتـزی-٦٠٤ پ.ز) بناغەڕێـژ كـراوە) ئـەویش وەك عەقیدەیەكی ئاینی داوای كۆمەڵگەیەكی بێ دەوڵەت و دەسەلات دەكا، هـەروەها جیرالد و شاڤلی لە كتێبی (قانون جدید)، كرۆتین لە كتێبی (التعـاون المتبـادل) و (باكۆنین) لە كتێبی (مبادیء الثـورة) وخاوەنی بنەمای(تحطـیم كـل مـاهو الواقـع

[1] بۆ زیاتر سەرنج بدە: ١-اصل العائلة والملكیة الخاصة و الدولة- أنجلس.
٢-الدولة و الثورة-لینین.
٣-أصول فلسفة الماركسیة. ج-پۆلیتەر.

[2] مختارات-لینین.

خیر)و ولیام جودین لە کتێبی (عدالة السیاسة)، بڕۆدۆن و زۆری تر داوای نـەمانی دەوڵەتیان کردووە.

هەر بۆیەش ئەو (٧٠) ساڵەی حوکمی سەربازگەی سۆشیالیستی بۆ ئەو ئامانجە نادیارەی نەمانی دەوڵەت بە توندترین شێوە حوکم لەسەر چینەکانی ڕەوشەنبیرو نووسەرو ماڵدارو زاناو نەزان و موعارەزەو لایەنگریش هەتا لەسەر چینی جووتیارو کرێکاریش کردووە.

هەر ئەوەندە بەس بوو بە (رەجعیەت) و لە خزمەت (برجوازیەت) یان (کەلتووری ئیمپریالیزمی)..هتد. لەقەڵەم بدرابوونایە.

هەرچی فیکری ئیسلامیە وا دەڕوانیتە دەوڵەت لە سنووری خۆی پێویستیەکی ژیانە و بە جگە لەگەڵ مانای مرۆڤایەتی هاتووە بە پەیام، مادام لەکۆمەڵگەدا دوو بازنەی تایبەتی و گشتی هەیە بۆ جم و جوڵی ژیان، هەڵبەتە بازنە تایبەتیەکان لەژێر خاوەنداری تایبەتیە، بەڵام بازنە گشتیەکان موڵکی گشتیە، بە واتایەکی تر هەردەم بەرژەوەندیە گشتیەکان کە موڵکی گشتین لە ژێر هەڕەشەی بەرژەوەندی تایبەتن، ئالێرەدا ماناو پاساوی دەوڵەتیش پەیدا دەبێ بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ئەو بازنە گشتی و لایەنە گشتیەکانی مرۆڤ و ڕێکخستنەوەی لەگەڵ بازنە تایبەتیەکە، نەک پارێزگاری موڵك وبەرژەوەندی گشتیە، بۆیە دەوڵەت لەناو هەموو کتێبە ئاسمانیەکانی هاتووە و پێغەمبەرەکانیش مەبەستیان دروست کردنی دەوڵەتی دادگەری بووە، ئەو شێوەیەی ئێستای دەوڵەت لە دارشتنا سەرەتایەکە بەرەو ئەو مانایەی پەیامە بۆ دەوڵەت، ئیتر سەرەنجامی ئەو بۆچوونانەی مارکس و مۆرگان و باقی تطوریەکان بە هەڵە دەرچوو ، ئێستا لە لایەن ئەنسرۆپۆلۆجیەکانیش بە تەواوی ساغ بۆوە، کە دەوڵەت بە شێوەیەك هەر هەبووە لە هەموو سەردەمێك هەتا ئەو خێڵە جەرمانیانەی کە لە بنەچەدا لەوانەوە ناوی (بەربەر) هات و پاساو شارستانیان تێك دەڕووخاند لەناو ئەوانیش شێوەیەك لە ئیدارەو سوپاو هاوولاتی و سەرکردەو قەدەغەو بکەو مەکە هەبووە،

ئەوەش مانای بوونی یاساو فەرمانـدەرو فـەرمان پێکـراوو دەدات کـەمانای دەوڵەتیشە، مادامیش مولکیەی گشتیو تایبـەتی بێنـێ پێویـستی دەوڵـەتیش دەمێنێ، جاری دەوڵەتی یاسایی زیاتر لە ئەزموونی ڕۆژئاوا بەدی دەکـری، بـەلام هێشتا ئەرکی تـەواوی دەوڵـەت لـە پارێزگـاری مولکیـەتی گـشتی نـاکرێ، تـا ڕادەیەکی زۆر بەرژەوەندی تایبەت زاڵە بەسەر بەرژەوەندی گشتی.

دەوڵەت لە ئیسلام سپاردەو بەشێکە لە عیبادەت، پێویستە تیایـدا دادگـەری بچەسپێو فەرمانکەرو فەرمان پێکراو جیاوازیان نـەبێ، (سـید القـوم خـادمهم) ئەوەش هۆزێنەو ئەفسانە نیە، چەندین جار لـە دوای پێغەمبـەر ﷺ و خولـەفای ڕاشیدین دووبارە کرایتـەوە، دەوڵـەتی ئیـسلامی نـە دەوڵـەتێکی سـەربازیە نـە دیکتاتۆری نە دەوڵەتی چینایەتی و سیوکراتی و..نە دیموکراسیو نە دیکتاتۆری.. نە پادشاییەو نە ئیمپراتۆریە.. بەڵکو دەوڵەتێکی مەدەنی گـشت گـری میللیـە، دانەری یاساکانی هەمان ئەو دانەرەی یاساکانی سروشتە، کە تیایدا تاك (چ پیـاو چ ژن) سەربەسـتیو سـەربەخۆیی تـا ڕادەی پێویـست تیادایـە، لـە ئیـسلام دا دەوڵـەت بەرپرسـیارە لـە ڕێکخـستن و چاودێـری بوارەکـانی کۆمەڵایـەتی و ئابووریو مرۆڤایەتیو دادگەریو بەرژەوەنـدیو پابەنـدیو پابەندیـە گـشتیەکان، دەسـەڵاتەکانیش هـەر لـە ئەسـڵدا سـەربەخۆیی خـۆی هەیـە چ (ڕاپەڕانـدن) چ (دادگایی) چ شورایی و دەزگای تریش، لامرکزیـشە، هـەتا لـە دوا قۆناغـەکانی خەلافەتیش بەو شێوەیە بوە، لەڕوی جیای دەسەڵاتەکان: ١- تەنفیزی بریتی بو لە (ئەنجومەنی وەزیران-صدری ئەعزەم) ٢-دەسـەڵاتی دادگـا بریتـی بـو لـە (شـێخ الاسلام) دەسەڵاتی زۆر بوو جار وابووە لە سەرووی سوڵتانیش بـووە، لـە مێـژوی دەسەڵاتی عوسمانی بە فەرمانی شیخ الاسـلام دووجـار سـولتان گـۆڕاوە سـوڵتان مرادو سوڵتان عبدالحمید ٣-دەسـەڵاتی یاسـا دانـان (شـورا) کـە پێـی دەووتـرا (مەبعوسان)، هەریەکە بە جودا بروینە، بە هەڵە ئەوروپیەکان (لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان) بۆ (مۆنتسیکۆ)و کتێبەکەی (روح القوانین) دەگێڕنەوە.

هەروەك لە ئیسلام دا دەستوری دەوڵەت لە چوارچێوەی پرۆژەیە بەرەو دەق، حزبە شیوعیەکانیش بە دەوڵەتیشەوە بەرەو دەریای شیوعیەتن، دەستوور و پەیڕەویان یەکسان نیە بە شیوعیەت، نابی لەو قۆناغەی گواستنەوەدا بە مەبادیئی شیوعیەت هەڵس و کەوتەکانیان هەڵسەنگێنێ، بە هەمان شێوەش پەیڕەوی بزوتنەوە ئیسلامیەکان و دەستووری دەوڵەتی ئیسلامیش یەکسان نیە بە ئیسلام (قورئان و سوننە)، بەڵکو لێی هەڵدێنجێ، بۆیە ئەوەی یەکەم پرۆژەیە، گۆڕاوە، دەشێ هەڵە بێت.. (قۆناغی گواستنەوەیە)، بەڵام ئەوەی دووەم (واتە ئیسلام) چەسپاوە پرۆژە نیە، شایەنی هەڵە نیە، ئەو کاتیە تەواوی شەریعەت پەیڕەو دەکرێ نەك لە قۆناغی گواستنەوە، هەر بۆیەش بزوتنەوە ئیسلامیەکان و دەوڵەتی ئیسلامیش لە قۆناغی گواستنەوە مەرجعیەتی (قورئان و سوننە) نیە ١٠٠٪، تا دەگاتە خەلافەت، ئینجا دەستوور نامێنێ ڕاستەوخۆ دەبێتە قورئان و سوننە وەك ئەزمونی وەرچەرخانی(صحیفە) لەمدینە بەرەو قورئان، جا وەك مەسەلەی شیوعیەکە ئەو ئیسلامیە یان هەر کەسێك بە هەڵەدا دەچێ ئەگەر بە ناوەڕۆکی قورئان و سوننە هەڵس و کەوت و هەنگاوەکانی هەڵسەنگێنێ، بەڵکو بەو دەستوورە یان پەیڕەوە کە لەو قورئان و سوننەیە هەڵێنجراوە، بە پاڵپشتی (السیاسة ما وافق الشرع ولا سیاسة ما نطق بە الشرع).

سەرهەڵدانی دەوڵەت لەوسەردەمەدا

جاران دەولەت بەچەند شیوەیەك دروست دەبوو، لەوانە بەشێوەی هیزو زاڵ بون، داگیرکردن، گەشەی مێژوویی، یان لە ڕێی ی ئاین وئایدیولوژیا، گەلێ جاریش وابووە لە رێی گەشەی دەسەڵاتی عەشایرێ دروست بوە یەکەم جار بۆ هۆیە (دیرە) دوای میرنشین و ئینجا دەولەت ..لەگەل زۆر ڕێی تر لەهەموان سەیر تر لە ڕێی وەسایەو ئینتداب وەك دروست بونی عیراق وئوردەن وسوریاو..

لەسیستەمی ئیمپراتۆریەتی کۆن سنور بریتی بوو لەو خاکەی ژێر پێی دوا سەربازی شەرکەر، بەڵام ئێستا بەلە زەویەك نەماوە بێ سیادە ، سنوری دەولی

هەر دەولەتێك کۆتایی دێت بە سنوری دەولەتیکی تر، ئاواش لە (نەتەوە یەکگرتوەکان) تۆمار کراوە،، ئەوا دروست بوونی دەولەت گۆڕاوە، بەتایبەتی لەدەولەتی هاوچەرخ پەیوەندی دەسەلات وخاك ومیللەت بەندی سیاسی بوە ئینجا یاسایش، جاران زۆرناسایی بو کورد دەولەت لەنێو عەرەب دروست بکا وەك ئەیوبییەکان و گیان پۆلایەکان و...فارس لەناو کوردو عەرەب وەك سەفەویەکان یان دەولەتی رۆستەمی لە مغریبی عەرەبی، تورك لە ناو عەرەب و ئەوروپی ..بەلام لەسەردەمی رابونی نەتەومیی لەدوای سەدەی ١٩ لە ئەوروپاو سەدەی ٢٠ لە رۆژهەلات ئەو نەریتە کۆتایی پێهات، ئیستا گەل وهەریم دەسەلات لەپەیوەندیەکی سیاسی ویاسایی بروایش دان، بەپێی یاسای دەولی سەردەمیش ٣ توخمی سەرەکی هەیە بۆ دروست کردنی دەولەت، ئەویش بریتیە لە ١-گەل ٢-هەرێم ٣- دەسەلاتی سیاسی، ئەوە بەپێی یاسای گوایە دەبێتە خاوەن دەولەت، هەڵبەتە یاسای دەولیش پڕە لە (متناقضات) لەلایەك ئەوەی بریارداوە لەلایەکی تریش بنەمای یاسایی (سیادە)و (عدم التدخل للشؤون الداخلیة) شی داوە، لەلایەك دەبینین کورد خاوەنی هەرسێکانەو نەبویتە دەوڵەتو ئیسرانیلیش بێ هیچ لەو مەرجە یاساییانە بویتە دەولەت ..، ئیتر کێشەی نەتەوەیی دروست بووە، بەڵام ئەوەی جێگیرە ئەوەیە کەئەوانەی خاوەن هەرێم بن کێشەکەیان لە ئاستی کەمایەتی دەردەچی بەرەو کێشەیەکی دەولی، عادەتەن بەشۆڕش و ناخۆشی دەگوزەرێنن، هەرچەندە بریاری مافی چارەی خۆنوسیش دراوە، ئیتر لە بەر تیکەڵ وپێکەلی یاسای نیو دەولەتی لەو بارەیەوە ئەوا ڕێگای جیاجیا پەیدا بوە بۆ دروست بونی دەوڵەتی نوێ لەوانە :

١- بەپێی یاسایی، ئەویش یان بەفەرمانی نەتەوەیەکگرتوەکان یان بەپێی ڕێکەوتنی دەولەتی داگیرکەروداگیرکراو راپرسی دەکەن بۆ ئەو مافە، لەوانەی کرا ئەریتریا، تەیووری خۆرئاواو وا خواروی سودان و بیابانی روژئاواو کۆسۆڤاش لە ڕێیە، لەو نمونە دەگمەنانە کیبك کەوتە ئەو راپرسیە کەچی بە ڕێژەی ٥١٪دەنگی بۆ مانەوە دا لەگەل کەندەدا .

٢- هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتێکی گەورە وەك یەکێتی سۆڤیەتو یۆگۆسلافیا.

(٣) دەوڵەت الدولـة State

٣ — بە ڕێکەوتن دابەش دەبن وەك چیکۆسلۆڤاکیا.

٤ — بە شۆڕشی ڕزگاری ئەوەش ڕێگەی باوی وڵاتانی نادیموکراسیە ·
لەگەڵ هەندێ ڕێگەی تریش لەگەڵ گەشەی کۆمەڵگە پەیدا دەبێ ·

(٤)

Government الحكومة میری (حکومەت)

وەك وشە حکومەت لـە دەوڵـەت کـۆنترە و بناغەشـیـەتی، بـەپێی هـەموو (فەرهەنگەکان) کۆنترین دەزگـای سیاسیـشە، بـەڵام مانـای ئێـستای حکومـەت بریتیە لـە پـەیڕەوکردنی یاسـا ودەسـەڵات ، هەرچـی ئەنپرۆپۆلۆژیەکانـە دەڵـێن حکومەت بریتیە لە کەسانێك کە لە دەسەڵاتن تیایدا کۆمەڵـە یاسـای وا پـەیڕەو دەکەن کە خەڵکی پێی قایلن.[1]

زۆر جار حکومەتو دەوڵەت تێکەڵ دەکرێ (هەروەك لێرەش هەندێ جار)، لـە ڕاسـتیدا حکومـەت یەکێکـە لـە پێکهێنـەرەکانی دەوڵـەت (گـەل، هـەرێم یـان نیشتمان، حکومەت) بەشێوە گشتیەکەی، باڵێکە لەناو دەوڵەت، باڵی ڕاپەڕاندنو نەخشەکێشان و یاساو پلانەکانی دەوڵەتە، بۆیە ئەنجومەن بە سەرۆك وەزیرانیشەوە کابینەی حکومەتی پێ دەوترێ، لەکاتێکا سـەرۆکی دەوڵـەت یـان پادشـایە یـان سەرەك کۆمار، هەندێ جار بە سەرەك وەزیرانیش دەووترێ (وەزیری یەکەم)، یـان وەزیری (اعظم)، لە خەلافەتی عوسمانلی (صـدر الأعظـم)ی پـێ دەووتـرا، بـەپێی (موسوعة العربية الميسرة) یەکەم ئەزموونی سەرۆك وەزیری لـە ئینگلتـەرا هاتـە دی وڕۆبرت والپۆل ئەو سـەرۆکە بـووە لـەنێوان (١٧٢١-١٧٤٢ز)،، لەمێـژووی عوسمانیش لە سەردەمی (سـوڵتان ئۆرخـان ١٣٢٥-١٣٥٩) دروسـت بـوو کاتـێ (خلیل فیدرلی) لە وەزیرەوە بەرزکرایەوە بۆ (وزیر الآعظم) ٠

لەو سەردەمەدا سەرەك وەزیرو کابینەکەی پایەکی سیاسیە بە گـشتی مـەرج

[1] مقدمة في أنثروبولوجيا الاجتماعية.

نیە پسپۆر بێت لە بواری وەزارەتەکەی، ئاسایە دەوڵەت لـە چـەندین حکومـەتی هەرێم پێك بێت لەگەڵ حکومەتێکی ناوەندیش کە لە پایتەختەکەدایە، ئەوەشـیان لـە جیهانـدا سـەرکەوتووترین ڕێبـازی سیاسـیە، جـا چ فیـدراڵی، سـۆڤیتیات، کۆمارییەکان، ئوستانەکان، ویلایەت، .. هەرچی بێت کە لە بنەچەدا بۆ ئەزموونی حکومەتی ویلایاتی ئیسلامی دەگەڕێتەوە (کـە چـاکترین شـێوەی نامەرکەزیـە)، حکومەتی ئیستای کوردستانیش شێوەیەکە لـەو تـرازە، مـەرج نیـە حکومـەتی هەرێمەکان تەنها لە ئاست فیدراڵی‌و بەسەروو بێت، تەنانەت لە ئۆتۆنۆمی (خـود موختـاریش) دەشـێ لـە ڕووی یاسـاییەوە حکومـەت دروسـت بکـەی وەك لـە فەڵەستین‌و ناخچەوان‌و زۆر شوێنی تر.. بۆیـە گـۆڕینی (ئەنجومـەنی ڕاپەڕانـدن)ی کوردستان بۆ حکومەت و (ئەنجومەنی یاسادانان)یش بۆ پەرلەمان هەم یاسـاییە، هەم داناییانەش بوو.

حکومەت‌و دەوڵەت لە خاڵێکی بنچینەیی تریش جیان، دەوڵەت پەیکـەرێکی گـشتی چەسـپاوە (نـسبیەن)، بـەلام حکومـەت دەگۆڕێـت لـەو کابینـەوە بـۆ کابینەیەکی تر لە چوار چێوەی یەك دەوڵەتدا، بۆیە بەشێك لە زانایان بەلای ئـەوە دەچن کە دەوڵەت بکەوێتە خانەی زانستی سیاسی و بەڵام حکومەت بۆ (ڕێبـازی سیاسی)، چونکە بەزۆری حوکمەکەیە جەوهەری دەوڵەتەکەشی پێ دیاری دەکـرێ، بە پێ ی (مۆنتیسکۆ) (٣) جۆر حوکم هەیـە (کۆمـاری-پادشـایی-دیکتـاتۆری) گوایە هەتا ئێستاش ئەو پۆلێنە دروستە، بەڵام دابەشی ڕاستەقینە وانیە، وەك لە خوارەوە:

- مەلەکی دەستووری وەك لە بەریتانیا (بەریتانیا مولکی ئەوە بەڵام حـوکمی ئەو نیە)، هەروەها هۆڵەندا، ئیسپانیا.. وا نمونەیەك لە وڵاتـانی عـەرەبیش سەرەتایەتی لە بەحرەین.
- مەلەکی دەسـەڵاتدار وەك مەلەکیە عەرەبەکان.
- سیـستەمی سـەرۆکایەتی وەك زۆربـەی وڵاتـە دیکتاتۆریـەکان (جگـە لـە

ئەمریکاو رووسیای نـوێ..). واتــە هــەم ســەرۆك دەوڵەتــە هــەم ســەرۆکی حکومەتیشە.

- سیستەمی تەوەری سەرۆکایەتی و سەرۆك وەزیران، کە بەشێك یان زیاتر لــە دەسەڵاتی سەرۆك دەدرێتە سەرەك وەزیران وەك: فەرەنسا، تورکیا..
- سەرۆکایەتی دەستووری، کۆماریەو سەرۆکەکەی فەخریە دەسەڵات لە دەست سەرۆكو ئەنجومەنی وەزیرانە لەوانە: ئیسرائیل، ئەڵمانیا..عیراقی نوێ.
- جۆری تریش هەیە وەك (رئيس الظـل) کە هەر ناوە، لە ژێرەوە سەرباز حوکم دەکا وەك: جەزائیر و تورکیا وپاکستان ..
- سیستەمی سیاسی ئێران سیستەمێکی تایبەت و نوێیە.

ئەوانە لەسەر بنچینەی دەستوور بـوو، لەســەر بنـچینەی مەدرەســەو ڕێبــازی سیاسی ئاوا دابەش دەبن:

- حکومەتی ئیسلامی= سیستەمی ویلایـات+ لامەرکـەزی+ شـورا+ فـصل السلطات+ ولايه الامه.. نموونەش لەو سەردەمە ئێـران، ســودان و چیــچانی پێشوو،..
- حکومەتی شیوعی: هەر حکومــەت نـامێنێ بــەڵام قۆنـاغێی گواســتنەوەیە لەوانە (ڤێتنام، چین، کۆریای سەروو، کوبا ..).
- حکومەتە لیبرالیــەکانو حکومــەتی سۆشیالیــستیەکان لـەڕووتی بابەتەکـە باسیان دەکەین.
- هەندێك کۆماریو عەلمانیەتو دیموکراسی پێکەوە دەبەستنەوە، هەر بە نموونە فەرهەنگی (قاموس المصطلحات الـسياسية والدولية-سوحی فوق العادة) دەڵێ لە سیستەمی کۆماری سەرەك هەڵدەبژێرێ ڕاستەوخۆ لەلایەن میللەت یان لە لایەن پەرلەمان، هــەروەك ڕایەکــەی (مۆنتــسیکۆ)ی پێــشووە.. بــەڵام ئــەو پەیوەندیە مەرج نیە ڕاست بێت، نموونە زۆرە کۆماریەو ناعەلمانیە وەك ئێران، سودان، ئینجا کۆماریەو دیکتاتۆریە (پڕە لە نموونە)، جار وایــە هــەر تــەواو

پێچەوانەیە مەلەکیەکان لە کۆماریەکان دیموکراسی ترن، نەك مەلـەکی ئـەوروپی هەتا لەناو عەرەبیش، ئینجا کۆماریش هەیـە وەك مەلەکیـە هـەتا لـە میراتـی دەسەڵاتیش، لەوانە: (کیم ئیل سۆنك) لە کۆریا، حافز ئەسەد لـە سـوریا، لـۆران کابیلا لە کۆنگۆو.. زۆری تریش وا بەڕێوەن کە کوڕیـان بکەنـە سـەرۆك لـەجێی خۆیان.

ئەو جۆرە سیستەمە هەرە دیکتاتۆریەکەیە، لەراستیدا لەو سیـستەمە شـتێك نامێنێ لەجیاکردنـەوەی دەسـەڵاتەکان، یـاخود دەوڵـەت و حکومـەت، هـەموو دەسەڵات دەدرێتە کەسی یەکەم، کەسی یەکـەم یەکـسانە بـە دەوڵـەت، ئـەوەیان دیکتاتۆری حزبی نیە وەك ئەزموونی حزبە شیوعیەکان، ئـەزمونێکی تـری نـوێی دیکتاتۆری بووە، بە ئاشکراش خراوەتە دەستورە، سەرنج بدە لە (تعریفات بـبعض المصطلحات: مادة- الحکومـة) کە بە فەرهەنگی (حزبـی بـەعس) حـسابە دەڵـێ: ((تتولی الحکومة ثلاثة هي: التـشریعیة ٢- التنفیذیـة ٣-القـضائیة)).. ئـەوەش حکومەتی دیکتاتۆری و شمولیەو دەستی بەسەر هـەموو دەوڵـەت داگرتـووە ئـیتر بواری میراتیش سانادەبێ.

زۆر شـێوە و جـۆری حکومــەتی تـریش هەیـە (سـەربازی، تـاك حیزبـی، ئوتوکراسـی، پلوتوکراسـی، زۆرایـەتی، ئینتیلافـی، ئینتیقـالی، کەمایـەتی، مـەدەنی..)، بـەڵام دابەشـی بنـچینەی حکومـەت بریتییـە لـە دادگـەری و نـا دادگەری.

سیستەمی باوی ئێستای حکومەت ئەوەیە پێك بێت لـە چـەند حیزبێـك یـان یەك حیزب، بە پێ ی ئەو ڕێژە دەنگەی کە دەیهێنێ، ئەگەر لە (نیوە+١)[١] کەمتر بوو ناچار پەنا دەباتە بەر دانوستان لەگەڵ ژمارەیەك لە حزبی تر کە ئـەو ڕێژەیـە مسۆگەر بکەن تا لە پەرلەمانا دەنگی قایلی بهێنن، ئەو حکومەتە پێی دەوترێ ئینتیلافی وەك ئێـستا زۆربـەی حکومەتـەکان لـەو شـێوەن، ئەوانـەی بەشـداری

---

[١] هەموو دەولەتیك وانیە، لە تورکیا دەبی ٣\٢ی دەنگی پەرلەمان بهینی بۆ سەرۆکایەتی کۆمار.

حکومەتەکەش نین جا چ ئەندامیشیان لە پەرلەمان هەبێ یان نا پێیان دەڵێن (ئۆپۆزسیۆنی یاسایی)..، هەردوولا بەشیان هەیە لە دەوڵەت تەنیا لە حکومەت نەبێت، ئەوەش لە بنەمایەکی دادگەریە (فەرمان ڕەوایی بۆ زۆرایەتی و مافیش بۆ کەمایەتی)، واتە لەو دۆخەدا حکومەتی خزمەت گوزارە نەك ئایدیۆلۆژیا، حکومەت ودەوڵەت خاوەن ئایدیۆلۆژی بێ گرفت نیە، گرفت ئەوەیە ئایدیۆژۆژی بەکار بهێنی قەلۆشیش بی وەك ئەزموونی ئیستای عەلمانیەتی عەرەبی وکوردی، ئیتر لێرەدا ئۆپۆزیسۆن یەکسەر بی بەش دەکری لەهەموو مافیکی، لەکاردانەوەی ئەوەش ئۆپۆزیسۆن دژ دەبی لە هەمووشتیکا با چاکیش بی، بەڵام ئۆپۆزسیۆنی لە ئیسلامدا دانیم نیە، لە سێرە(رصد) نیە دژ بە حکومەت وەك ئێستا باوە، بەڵکو پشتیوانیەتی لەسەر هەق بەڵام ناقایل ونەیارە بە هەنگاوە ناشەرعی و چەوتەکان.

لە بارەی بەشداربوون و (ئینتیلافی) هەموو لایەك کۆك نین، هەڵوێستی شیوعیەت بەرامبەر بەشداری کردن لە حکومەتی برجوازی و حزبە برجوازیەکان بە خیانەت لە چینی کرێکار دەژمێررا بە پێی پەیامەکانی (مارکس-ئەنجلس) و جارنامەکەشیان، کەچی سوشیال- دیموکراس و ئوروۆ-شیوعیەکان بەشداریان کردووەو تارادەیەکیش واقیعیانە تر بووینە.

بە هەمان شێوە بەشێك لە مەدرەسەی ئیسلامی نوێش ئەو بەشداریە بە پلەی (کوفر) لە قەڵەم دەدەن، بەشێکیش بە پێچەوانەوە زیاد لە پێویست و بێ مەرج و پێشەکی بەشداری هەموو جۆرە حوکمێك دەکەن هەتابەشداری لە کنیسەی ئیسرائیلیلیش، وا دەرکەوت لە ئەزموونی ٢٠ساڵی ڕابردوو ئەو دوو شێوە هەردووکیان بەو شێوە ئەو پەڕیە زۆر سەرکەوتوو نەبووینە، تەیاری مام ناوەندیش کە لە حیسابا وردتربووە بەشداری کردووە ئەو جێی بایەخ بووە.

هەرچی هەڵوێستی لیبراڵ-دیموکراسیشە بەپێی بنەمای (بەرژەوەندی تایبەتی) بەشداری دەکا، زیاتر خۆویستانەیە، یان لە باشترین دۆخیان دا نوێنەرایەتی بەرژەوەندی چینەکانی سەروو دەکەن، لە جیهانی ئیسلامیدا ئەوانە

بە نووسەرو ڕەوشــەنبیرو سیاســەتمەدارانیەوە بــە هــەموو شــێوەیەك لــە دەرەوەی دەسەلاتو حکومەت ناژین، بۆیە سەوداو بەرتیل و گەندەلی ئیداریو.. ئاســاییە لەو مدرسەیە .

ئایا حکومــەت جیهانی دەبێــت ؟

لە بنەچەدا بانگیشەیەکی ئاینی یــە، زیــاتر پەیوەســتە بــە ئاینــە کراوەکــانی خاوەن دەعوە وەك مــسیحی وئیسلام، بەلام مدرەسەی شــیوعەتیش ئــەو داوایــەی بەرز کردەوە .

ئەو فکرەیە پێچەوانەی رای ئەرستۆ و ئەفلاتوونە کە پێیان وایە هــەر شــارێك حکومەتێکی پێویستە، ئەو فکرەیە (فکرەی برایەتی گــشت جیهانــە بۆئاینــەکان دەگەرێتەوە ،بــۆ هــەموو ئــەو ئاینانــەی خــاوەنی بانگێــشەو تەبــشیرین لــەپێش هەموویان مەسی وئیسلام) بەســەریش نەچــووە، گەشــەی کۆمــەڵ و کێــشەکان و پێویستیە نوێیەکانی مرۆڤ لە فیکریو دەروونیو کــەلتووریو فەرهــەنگی هــەتا دەگاتە ئابووری و ڕەوشتی و دادگەری ویاساکانی سروشتیش هەمووی پاڵپشتن بــۆ داهێنانەوەی، بەتایبەتی لە (عەولەمــە) بــە هــەموو ڕەهەندەکانیــەوە، هــەروەك حکومەتی جیهانی ئیسلامی بە جوان ترین شێوە هــاتو گەشــەی کــرد، چــونکە لەسەر فاکتەرێکی مرۆڤایەتی وا بنیات کرابوو هەموو کەســێك بــواری بەشــداری تیادا هەبوو بە یەکسانی، تەنها لەوێ یە ڕێسای (چاکترین بەختەوەری بۆ زۆرتــرین خەڵك)ی بە فراوان ترین دۆخی مومکین پێ دێتە دی، زۆر جیایە لەگەڵ حکومەتە ئیمپراتۆریەکان کە لەسەر فاکتەرێکی تاقانەی شازی سەربازی دروست ببوو، بۆیە دەبینین زۆربەی ناوچەکانی جیهان بەرەو ئیسلام هاتن (نەك بە شیرو تیر) بەڵکو لە ڕێی هەڵسوکەوتی چــاکی وەك: ڕەوشــت، شــەریعەت، ڕێکخــستن، نــاوەخۆ و.. پەیتا پەیتا گەلانی جیهان ڕوویان لــێ‌کرد بــە تایبــەتی لــە ئــەفریقیاو خــوارووی ئاسیا، ئێستاش زیاتر جیهان پێویستی بــەو جۆرەحکومەتــە هەیــە، لــە ڕاســتیدا

(مل ملانێی شارستانی)، (کۆتایی مێـژوو)، مەدرەسـەکان، عەولەمـە، نەتـەوە یـەکگرتووەکان، بڕیـار و دەزگـا جیهانیـەکان، یاسـاکانی نێـو دەوڵـەتی، .. جەنگەکان، ئەو جەنگەی ئێستای.. هەمووی گوزارش لە پێویستی ئەو حکومەتە جیهانیە دەکا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، هەریەکە دەیەوێ ئەو پێشڕەو و خـاوەن ناسنامەی ئەو حکومەتە بێت، هەڵبەتە ئەو دوو فکرەیەی (دەوڵەتی‌نیـشتمانی — یان نەتەوەیی یان قوتری ..) و (دەوڵەتی جیهانی) تەواو مانـا و جیـاوازی نێـوان (نەتەوەیی) و (ئوممەتە)، واتە پرسیارەکەش ئەوەیە ئایـا دەکـرێ جیهـان بکرێتـە یەك ئوممەت؟ بەدەر لە سنوری نەژادی و نەتەوەیی و ڕەنگ و نێر و مێ و...

یان لەسـەر چ بنـچینەیەك دەکرێتـێ، لەسـەر بنـچینەی ڕەچـەڵەکی و خـوێن نەتەوایەتی وەك مەدرەسەی نەتەوایەتی بۆی چووە؟

یـان لەسـەر بنـچینەی مادیانـە و برجوازیانـەی وەك مەدرەسـەی لیبراڵیـەتی ڕۆژئاوا؟ یان لەسەر بنچینەی چینایەتی شیوعیەت؟..

هەرگیز لەسەر ئەو بنچینانە دروست ناکرێ، دەبێ لەسەر بنچینەیەك بێت کـە شـولی هـەموو کـەس بکـات ئـەویش تـەنها لەسـەر بنـچینەی مانیفیـستی عەقڵە،لەوێش بەتەنها بۆ ئاینە ، ووردتریش ئیسلامە ئەو پەیامە عەقلیـەی لـە دروست کردنی ئوممەت هەڵگرتووە لەسەر بنچینەی بیروبـاوەڕ، بۆیـە لـە کۆتاییـا (چـاکترین بەختـەوەری بـۆ زۆرتـرین خـەڵك) دەبیـنین لـە شـیوعیەت و سـەرمایەداریدا.. تـەنها بـۆ چـینێکە نـەك هـەموو خـەلك، لـە مەدرەسـەی نەتەوایەتیش چاك ترین بەختەوەری بۆ نەتەوەیەکە(ئەگـەر بـشبی)، .. تـەنیا لـە ئیسلاما بوار هەیە بۆ هەموو خەلك، ئەوەشی گەورەترین هێز و دینامیکیەتە کە بتوانی حکومەتی جیهانی لەسەر دروست بێت بە تاقانە.

(٥)

سەرۆك الرئيس President

زۆر مشتو مڕ لەسەر ئەو زاراوە کراوە لە لایەن زاناو فەیلەسوف و مەدرەسەکان..

لە بارەی: بنەچەو پەیدابوونی، مێژووەکەی، بۆنەکەی، فەرمانی، پاساوو فاکتەرو هۆیەکانی پەیدا بوونی.. ئەرکی مێژوویی و ئێستای، چارەنووسی، سەرۆکی سەرکەوتوو کێیەو مانای چیە؟ پێوەری چیە؟.. هەر بەو پێیە پێناسیشی گەلێ زۆرە بەڵام نزیکترینیان کە مانای گشتی بدا لە (موسوع علم الاجتماع)مان هەڵبژاردووە کە دەڵێ (سەرۆك: ئەو کەسەیە کە کاری خەڵکی ڕادەپەڕێنێ یان وا دەکا خەڵکی تریش ڕایبپەڕێنن)، کۆمەڵێك توانای هەیە جیا لە خەڵکی ئاسایی وەك توانای یەکلاکردنەوە، بڕیار، وروژاندن، گرنگی ئامانج، ستراتیجیەتو نەخشە، پێشبینی کردن، خێرا گەیشتنە ئامانج، سووربوون، دوورو قووڵ و هەمەلایەن بینی، باوەشی فراوانی لە بەرپرسیاریەتی، هێزی جێبەجێ کردن، ناسینی تواناکانی خەڵکی تر، داهێنان، متمانە، دادگەری و ڕاستی...

هەرچەندە بابەتەکەمان سەرۆکە بە گشتی بەلام هەر بۆ زانین یەکەم سەرۆك کۆماری دەستووری لە ئەمریکا هاتووە، ئەویش(جۆرج واشنطن)بوو بە پێی دەستووری ١٧٨٧ز بووە یەکەم سەرۆك لە ساڵی١٧٨٩[١]، ئینجا ئەو ئەزموونە گواسترایەوە بۆ ئەمریکای لاتینی لە ساڵی ١٨١١ بۆ تشیلی، کولومبیا،

[١] النظم السياسية، وظيفة التشريعية لرئيس الدولة.هەروەها بروانە: القانون الدولي والمشكلات الكبرى

ڤەنزویلا[1]، ..

سەرۆك لە مەدرەسەی لیبرالّی بەدرێـژی مێـژوو بـە دەسـكەوت و هەڵكـەوت حیسابە، پیرۆزی نیە، ئێستاش هیچ لێ پێچانەوەیەكی دوارۆژی لەگەڵ نیە، هـەتا بەڕای (سپنۆزا) لە دیموكراسیدا (سەرۆك) پابەند نیە بە هیچ یاسـایەك تـەنها بـە بەڵێنەكانی گەل[2]، لەو بنەمایەوە كەسـانی وەك هیتلـەرو مۆسـۆلینیو زۆری تـر پەیدا بووینە بە پرۆسەی دیموكراسـیش، هـەموو دەم ئەگـەری دووبارەبوونەوەشـی هەیە، هەر چەندە ئێستا دەبینین سەرۆكیش لەوانە سەرۆكەكانی ئـەمریكا سـزا و لێپێچانەوەی یاسایـان لەسەرە، لەوانـە نیكسـۆن لـە١٩٧٣-١٩٧٤لـە سـەرۆكی لادرا، كلینتۆن دادگایی كرا... .

هەرچی شیوعیەتە لەسەر ئەسڵی پەیدابوون و چارەنووسـی زۆر بـە ئیجـابی و پێویستی سەیری سەرۆك ناكەن، پێیان وایـە لـە قۆنـاغی كۆمەڵگـەی سـەرەتای (سەرۆك) نەبووە، هەروەك لە كۆتاییش نامێنێ، پێیان وایـە سـەرۆك زادەی مـڵ ملانێی چینایەتی و دابەشی كارە، هەڵبەتە ئەو بۆچوونە ڕەگ و ڕیـشەی فراوانـی هەیە لەناو زۆربەی (تطوریەكان) و بەشێكیش لە ئەنسرۆپۆلۆجیەكان بـە تایبـەتی (مۆرگان)، ئەوانە نموونەشیان هەنـدێ هـۆزی دواكـەوتووە كـە گوایـە سـەرۆكیان نەبووە، بـە مەبەسـتێكی سـوكایەتیش وەسـفی كۆمەڵگـەی ڕەسـەنی ئـەمریكا (هندیە سوورەكان) و ئوستـرالیە-ئەپۆرجینیەكان دەكـەن بـەبێ سـەرۆك و یاسـا و ڕێسا.. گوایە ئەوروپیەكان گەیشتنێ و دریان بەتاریكی دا، زۆر تەقـەلای تـر لـە لایـەن ئەنـسرۆپۆلۆجیەكان دراوە بـە ئەدرێـسی (كۆمەڵگـەی بـێ سـەرۆك Acephalas sociaty) گوایە تەنیا ئەنجومەنێكی پیرانیـان هـەبووە[3].. كەچـی هەر لە وەسفەكانی خۆیان بۆ ئەو جۆرە كۆمەڵگەیـە دەردەكـەوێ كـە سـەرۆكیان

---

[1] William.w-government of latin ammea. P١٦١

[2] رسالة في لاهوت و السياسة- سپنوزا ص٣٨٢

[3] بۆ زیاتر بڕوانە: ا-مجتمع القديم- مۆرگان ب-مقدمە في أنثرۆپۆلۆجيا.

هەبوو، قەدەغەو ڕێساو ئایین هەبوو، هەر بەسروشتی خۆی هەر کۆمەڵێکی ڕەمەکی پێکەوە بن بۆ ماوەیەکی کەم سەرۆك و پسپۆڕی (تخصص)ی لێ پەیدا دەبێت، بۆیە لە فەرموودەدا: (إذا کنتم ثلاثة..) یاسایەکی گەردوونیە .

لە ئەزموونی نوێش بەکردە ویستراوە کۆمەڵگەیەکی وا تاقی بکەنەوە بێ سەرۆك سەرکەوتوو نەبووە، لە ئورگوای لە ساڵی ١٩١١-١٩١٥ (٩) کەس پێکەوە سەرۆك بوون، جارێکی تر لە ساڵی ١٩٤٦-١٩٦١ لە هەمان شوێن، گوایە لە ڕۆمای کۆنیش جۆرێك لە سیستەمی دوانەیی(دیارشی) سەرۆکایەتی هەبووە، لە ئەزمونی کوردستانیش سیستەمی نیوە بە نیوەی هەردووسەرکردەی (مام جلال وکاك مسعود) بە ناتەبایی هاتن تا یەکیان بۆ عیراق و ئەوی تریش لە کوردستان ماوە بە تەنها، هەریەکە ئەنجومەنی فیدراڵی و سۆڤیەتیش بەجۆرێك تاقیکراوە، لە (لیبیا)ی ئێستا گوایە سەرۆکی نیە و ئەنجومەنی گەل هەیە بەڵام (سەرکردەی شۆڕش-معمر قذافی) زیاتر لەو دەوردەش بە کردەیی دەبینێ، بۆیە ئەو بۆچوونەی شیوعیەت لە بارەی (سەرۆك) بنچینەی زانستی نیە، ئینجا لە ڕووی واقیعیش پێچەوانەی ئەو بۆ چوونەی خۆیان بوون هەریەکەیان هەتا مردن سەرۆك بوو، هەتا لەیەکێ لە دەنگدانەکانی کۆنگرەیان (ستالین) لە (١٠١٪)ی دەنگی هێنا بوو!، لە دوایدا نموونەی سەیرتریشی لێ پەیدابوو (کیم ئیل سونگ) سەرۆکی کۆریای شیوعی مرد کوڕەکەی هێنا جێی خۆی، هەروەها (کابیلا)ش لە کۆنگۆ، لە نموونەی سۆشیالیستیش لە سوریا (حافظ الاسد) مرد کوڕی هاتە جێی ئێستا بوویتە دیاردەیەکی ئاسایی ناو عەلمانیەت بە کوردستانیشەوە، سەرۆکایەتی وەك (مولکیەتی) لێ هاتووە هەتا لە حزبی سیاسیش ئێستا ئەو سەرۆکانە لە جێی باوکیانن، ولید جنبلاط-لبنان، بنازیر بۆتۆ-پاکستان، سونیا غاندی-هیند.. زۆری تریش، لە کاتێکا دەبینین لەناو بزوتنەوە ئیسلامیەکان و دەوڵەتە ئیسلامیەکان وانیە، لە ئێران (أ.خمینی) مرد (علی خامنائی) هاتە جێی هەر لە نەتەوەی یەکیش نین، لە چیچان لە جێی جەوهەر دۆدایف سەلیم

خان یاندەربایف هات هیچی یەك نین، ئینجا لـەدوای ئـەویش لـە هەڵبـژاردنێکی ئازاد ئەسلان مەسخادۆف دەرچوو بە هێمنی دەسەڵاتی دادەست، لـە ئێـران ئـەوا شەشەمین سەرۆك کۆمار دەگۆڕێ، هـەروەها دەسـتگۆڕی دەسـەڵات لـە بۆسـنیا لەلایەن (علی عزت بیگۆڤیچ) و تاڕادەیەك (عبدالرحمن وحیـد) لـە ئەندۆنیـسیا، نمونەی ئیسلامی لەو سـەردەمە زیـاترە.. لـە کوردسـتانیش تـەنیا لـەناو حزبـە ئیسلامیەکان دیاردەی ڕابەر گۆڕین هەیە ئەگەرچی هەندێ گیروگرفتیشی هەبووە، ئەگینا حزبەکانی تر تا ئێستا نەگۆڕاون و شمولی هەڵبژاردنی کۆنگرەش نـین، بـەو شێوەیە دەچینە ناو فیکری ئیـسلامی لـە بـارەی (سـەرۆك)و بـوون و پێویـستی: هەڵبەتە تێڕوانینـەکانی هـەروا سـادەو هـەڵقولاوی دەمـاو دەسـت نیـە، بـەڵکو ڕەگەکانی قووڵ دەبێتەوە بـۆ سروشـت و گـەردوون و یاسـاکانی بوونـەوەر، هـیچ سیستەمێك نیە لە گەردوون سەرکردەو (مەرجع)ی نەبێت، هەر لە کەشکەشانەوە بۆ کۆمەڵـەی خـۆرو تـا دەگاتـە گـەردێك، بـە هـەمان شـێوەش ژیانـدارانی بـە کۆمەڵیش، هەر لـەناو خانەیـەك هـەتا لەشـی ئـادەمیزادیش هـەمووی بـەپێی سیستەمی ناوەندی و سەرۆکانە ئیش دەکا، بەو شێوەیە هـەر ڕەواییـەك لەلایـەن شەریعەتی ئیسلامیەوە داڕژراوە وەك واقیعیش پێویـستە، کـە پیرۆزیـش دەداتـە (سەرۆك) بە پێ ی مەرجی خۆی، ئەوا سروشت و گـەردوون و یاسـای بنـچینەیی بوونەوەر کردوویە بـە (سـوننەیەکی بـوون)، بۆیـەش کۆمـەڵ و پارچـەکانی تـری کۆمەڵایەتیش هەریەکە پێویستی بـە سـەرۆك و (مەرجعیـەت) هەیـە وەك ئـاوو هەوا، نەك تەنیا بۆ جەنگ هەروەك زۆرێك لە فەرهەنگ و لێکۆڵەرەوەکان وای بۆ چوون، سەرۆکیان لە بەشی (جەنگ) تۆمـار کـردووە لەوانـە (موسوعة العالمیـة) بوونی سەرۆکی تەنیا لەکاتی مـل ملانـێ بـە پێویـستیەکی گـرنگ زانیـە[١]، لـە ئیسلامدا ئەرکی (سەرۆك) سپاردەیە نەك ئیمتیاز، خزمەت کـارە نـەك خزمـەتی بکرێ، (سید القوم خادمهم)، عیبادەتە پادشایی نیە، ئیش کەرە حەسایەوە نیـە،

---

[١] الموسوعه العالیه ج٢٦-ع-ص٠٣٥.

بۆیە کۆمەڵێك مەرجی توندو تۆڵ بۆ سەرۆك (ئجا ئیمامە یان خەلیفە یان سەرەك دەوڵەت) دانراوە لە زانیاری و. دڵسۆزی و خۆنەویستی و مەبادیئی و...، هەر بۆیەش لە ئیسلامدا (بە پێچەوانەی سپنوزا - و عەلمانیەت) دوا مەرجەع نیە، چاودێری زۆر لەسەرە لە لایەن (ئوممەت، شورا، دادگا، .. پەیام، لە هەمووی گرنگ تر ڕۆژی دوایی و لێپێچانەوە لەگەڵی)، ئیسلامی ڕاستەقینە بەوە دەناسرێتەوە کە والیەکانی، سەرۆکەکانی، وەزیرەکانی، .. بە تەکلیف و تکا بێنە سەرکار، لایان ناخۆش بێت بە پێچەوانەی ئەو پرۆسەیەی عەلمانیەت و ڕۆژئاواش کە دەبینین حزبێك یان سەرۆکێك دەردەچێ دەبێتە ناهەنگ و خۆشی ئەوی دەریش نەچوو ماتەمینیە ئیتر جەنگ و وێرانکاری لە پێناو بکرێت، خۆ ئەگەر لەمێژووی خەلافەتی ئیسلامیش نمونەی زۆری ناشیرین هەیە ئەوە ئەزموونی موسوڵمانانە نەك ئەزموونی ئیسلام، لە کوردستانی خۆشمان بوونی بەرپرس یان سەرۆك واتە ئیمتیازو ژیانی خۆش، تا لێرەدایەو ڕاستە کە زانایانی دەروون ناسی دەڵێن (ئەسڵی سەرۆك) لەوە هاتووە ودێ کە هەندێ خەڵك غەریزەی زاڵ بوون و خۆ دیارخستنیان هەیە، خەڵکی،تریش غەریزەی (هەست بە نوقستانی) خۆ بەدەستەوە دەدەن و دەبنە پاشکۆ و گوێڕایەڵ و سەرباز..

هەڵبەتە ئەو تێ ڕوانینە (گشتی) نیە، جاری هەموو کەس غەریزەی خۆ دەرخستن و زاڵ بوونی هەیە، هەست بە نوقستانیش پاڵنەرە بۆ سەرۆکایەتی نەك سەربازی (لە دوای لە دەروون ناسی سیاسی زیاتر باسیان دەکەین)، سەرۆك لە ئیسلامدا دەروازە و زامنکەری دەستگۆڕی دەسەڵات و فرەیی و کار بە شوراو دەسەڵات بەجێ هێشتن بۆ هاوولاتی و پایەی ئافرەت و هەژاران و پسپۆرو..، بە پێچەوانەوە کە بنەماکان ئیسلام نەبێت ئەوا بازنە کلاسیکیە کۆمەڵایەتیەکان دێتەوە پێش کە تیایدا تواناکان، دڵسۆزیەکان، زاناکان، ئایدیۆلۆژیە مەبادئیەکان.. دەکەونە ژێر کلاسیکیەتی بازنە کۆمەڵایەتیەکان و تیایدا (نووسەر پاشکۆی سیاسەتمەدار دەبێ)، (زانا لەبەر دەرگای سەرۆك دەبێ)

(نیشتمان پەروەر چاو لەدەست نیشتما فرۆش دەبیّ) (ژێر لەژێر دەستی نەفام دەبیّ) (بەرژەوەندی گشتی لەژێر دەستی بەرژەوەندی تایبەتی دەبیّ).. ئیتر لە دوایدا زۆر کەم دەبا، گەورە بچووك قوت دەدا، ئەگەر خاوەن هێز دووا بیّ هێز بیّ دەنگ دەبیّ، هەمووی وەردەگەڕێ..

سەرۆك ئەو کاتی لەسەر بنچینەی هێزو ڕەچەڵەك و بنەماڵەو دەوڵەمەندی دەبێت کە سەرچاوەیەکی هەرە گرنگی ستەمی کۆمەڵایەتیە.

سەرۆکی کاریزمی:

بە پێی زۆربەی فەرهەنگەکان یەکەم جار (ماکس ڤیبەر) کاریزمی بەکارهێنا، مەبەستی لەو جۆرە سەرکردانەیە کە بەهرەو توانایەکی زۆریان هەیە لە ڕاکێشان و کۆکردنەوەی خەڵك بێئەوەی ئامرازی دیسپلینی سەربازی یان پاڵنەری پایەو مادی بەکار بهێنی، نموونەی زۆربەی فەرهەنگەکان بریتیە لە: غاندی، نەهرۆ، دلایلاما، أ.خمینی،... هەر چەندە ناوی هیچ سەرۆکێکی نوێی کوردی تیادا نیە بەڵام بەپێی ئەو مواسەفاتە (ملا مصطفی) لەو جۆرە سەرۆکە بووە.

هەموو سەرۆکێك ئەو بەهرەیەی نیە، بە پێی (ماکس ڤیبەر) ئەوانەی بەناوی خوا لە (مەسیحیەت و لە ئیسلام) یش توانیویانە ئەو پایە بەدەست بهێنن، لەڕاستیدا لە کۆمەڵگەی کۆن هیچ شارستانی و ڕابوونێك سەرنەدەکەوت ئەگەر پاڵپشتێکی پەیامی نەبوایە، چ بەڕاستەقینەکەی چ بە دۆخی لادان و خەڵەتاندنەکەی، بۆیە سەرۆکی کاریزمی پێویست بوو هەم بۆ ئەو ڕابوونە هەم بۆ پاریزگاری، بۆیە گەلیّ جار ئەگەر توخمی (پەیام) ڕاستەوخۆ ئامادە نەبوایە یان ئەو سەرۆکە دژ بە پەیام بوایە ئەوە ناچار جۆرە سەربردەیەکی تری لە (خارق) دەهۆنیەوە، بەشی زۆریان ڕەچەڵەکی خۆی دەدا ئاسمانی و هاتنەخوارەوەی پادشای گەورە لە ئاسمان بۆ ئەو میللەتە، یان ئەو مەملەکەت و شارەی بەدروستکراوی

راستەوخۆی خودا وەسف دەكرد. یان بەشێكیان هەر راستەوخۆ بانگێشەی خوایەتی دەكرد وەك (سەرجۆنی ئەكەدی)[1] یان بەشێك لە فیرعەونەكان و زۆری تر، بەشێكی تر لە (خارق) ئەوە بوو وەك باپیرە گەورەی پادشا رۆمیەكان گوایە گورگ بەخێوی كردوون لەسەر فەرمانی خواوەند، یان لە ئاسمان هاتونە خوار، بەو جۆرە (كاریزمیە) پێشیان لەخەلكی دەگرت تا:

١- هیچ كەس بیر لەو پایەو دەسەلاتە نەكاتەوە بۆ خۆی.
٢- گوێڕایەڵ و پابەند بێت بە فرمانەكانین.
٣- بارێكی دەروونی گشتی بسازێ كە هەرگیز ئەوانە سەركەوتوون.
٤- بۆ ئەوەی دەسەلاتەكەشی بەمیراتی قەتیس بمێنێ تەنها بۆ ئەو بنەماڵە.
٥- هەرچی دەیكەن و دەڵێن پیرۆزی تێدایە.

عادەتەن نازناو دەدرا سەرۆكی كاریزمی ، وەك: میللی چیف، ئەتاتۆرك، غازی درابووە مصطفی كمال، سەرۆكی فوهر بۆ هتلەر، دوتشی - مۆسۆلینی، ڤلادیمێر ئیلیتچ-لینین، شای ئێران-ئاریا مهر، صدام حسین-قائد الفذ.. ئەوە بەكاریزمی نوێیان لە قەڵەم داوە، هەرچەندە دەبوایە بە كاریزمی قۆپیەی لە قەڵەم بدابوایە..، چونكە ئەو ناز ناوانە لەلایەن خەلكانی (وعاظ السلاطین)ەوە بەو سەرۆكانە دراوە ٠

لە زاراوەی كوردی سەرۆكی كاریزمی زیاتر مانای (ڕابەر) دەگرێتەوە كە سەرۆكێكی رۆحی میللەتێك بێت، واتە هەم سەرۆكی یاسایی هەم میللی، هەڵبەتە ڕاستە هەمور كەس بە هیوای ئەو پایەیە بەلام كۆمەڵێك سیفاتی سەرباری كاریزمیش هەیە، ئینجا مرۆڤە تایبەتیەكانن دەگەنە ئەو ئاستە بە گشتی هەروەك فەرهەنگەكان ئەوتایبەتمەندیانەیان وا تۆمار كردووە : (..خۆڕاگری، دڵسۆزی بۆ بەها بەرزەكان و بۆ حزب وبۆ هاوپەیمانانی، زۆر ناسین،

[1] بڕوانە : تأریخ حضارة وادي الرافدين.. - د.احمد سوسەص ٢٠١

کەم پێکەنین، زۆر وزە، هێزی ڕاکێشان، بۆ لایەنی لەناکۆکیە ناوەکیەکان[1]، .. لە هەمووی گرنگ تر بەلای (ماکس ڤیبر) (جاذبیة الشخصیة)یە، ئەوەیان سیفەتی سەرۆکی سەرکەوتووە لە رووی زانستی نەك لە رووی (ڕێباز)، هەڵبەتە لە مەدرەسە مەبدەئیەکان بە تایبەتی لە ئیسلام سەرۆك وەك دەرفەت نیە هەر بێتو بیقۆزێتەوە بێ مەرج، یان وەك (سپنوزا) بڵێ سەرۆك لە دیموکراسیدا پابەند نابێت بە یاسا.. ئەخێر کۆمەڵێك مەرجی قورسی بۆ (سەرۆك، ڕابەر، والی) داناوە، ئینجا ناوی جیاجیا تری هەیە لە کەلتوری ئیسلام، خەلیفە، ئیمام، ڕەهبەر، سوڵتان، ئەمیر المؤمنین، .. بەکورتی و خێرایی هەندێك لەمەرجەکانی هەڵدەبژێرین:

١-مەرجە ئیسلامیە سەرەتاییەکانی لە دڵسۆزی و خۆ نەویستی و بالایی و ڕەوشتی کەسێتی و سیاسیش.

٢-شارەزابێت بە واقیعی جیهانی و ناوەخۆی و ڕووکاری ڕووداوەکانیش.

٣-بەچاکی لە مەبەستی (مقاصد)ی ئیسلام و ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز گەیشتبێ بە پەیڕەوکردنەوە.

٤-کەمتر نزیکی وردە ئیش و ڕاپەراندن بکەوێت، کەم تێکەڵ بێت زیاتر ڕێنمایی دەربێت بەتایبەتی لە قۆناغە سەخت و گواستنەوەییەکان.

٥-زۆر شورەوی بێت، دروست بوونی بڕیار (لا مەرکەزی) بێت، (مەرکەزیانە) جێبەجێ بکرێت، دەبێ بشزانێ ئەو بڕیارانەی دەشێ بۆ جێبەجێ کردن، سەرکەوتووترین پەیوەندی سەرۆك بە شورا بەپێی ئەو ئایەتەیە ﴿الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ﴾، واتە شورا فرەگەلاڵە پێش کەشی ئەو سەرۆکە دەکاو ئەویش چاکترینیان لە چاك جیادەکاتەوە، گرنگ ترینیان لە گرنگ جیا دەکاتەوە، خراپ لە خراپترینیان جیا دەکاتەوە.. بۆ پەیڕەوکردن.

٦- بەپێی ئەو کۆمەڵە ئایەتەی لەنێوان (.خدر) و (.موسی) هاتووە

---

[1] بۆ زیاتر بروانە (قاموس التحلیل الاجتماعی) ل١٠٣.

(٥) سەرۆک   رئيس   President

دیمەنێکە لەنێوان دوو سەرکردایەتی دڵسۆز، بەڵام یەکەمیان دووربین و هەمەلایەن بینەو بە بابەتیانەو ئەنجام هەڵسەنگێنەر بۆ ڕووداوەکان دەچێت، کەچی لایەنی دووەم بە دڵسۆزی و هەنووکەییانەو یەک لایەنی و کورت بینانە بۆ ڕووداوەکان دەچێت و پێی وایە ئەوا (بێ هۆی مەعقول) کەشتیەکە دەشکێنێ! ئیتر بەڕوونی قورئانی پیرۆز ئەو جۆرە سەرکردەیەی جۆری یەکەم هەڵدەبژێرێ لەو بەسەرهاتە.

ئەرکی رابەر لە ساتە تەنگەکاندا ئەوەیە بتوانێ گیانی سەرکەوتویی لەپێشدا دروست بکا (کە پێی دەڵێن ورە)، بەپێچەوانەی گیانی شکست، کە زۆربەی جار خەڵکی سادە ئیرادەی بەهێز نیە لە ڕووبەڕووبوونەوەی کارەساتێك یان کێشەیەکی گەورە یان هێرشێکی بێگانە یان ئەرکێکی نیشتمانی و سیاسی قورس، بێ متمانەیە، خۆڕاگر نیە، داماوە، بە پڕوپاگندە زیاتر باوەڕدەکا، ئارامی نیە، ڕووخاوە، دەترسێ، وەسفی کێشەکە یان دوژمنەکە بەزیادەوە دەکا، ... ئەوا هەمووی دەردی کوشندەیە دەبێ ڕابەر لەپێشینە بەسەر ئەو دەردانە زاڵ بووبێ، هەموو دەروازەکانی کۆنترۆڵ کردبێ، ئەگینا شکست دۆستی نزیکی دەبێ، لێرەوە دیسان ڕۆڵی ئایین چەندە گرنگ دەبێ ئەگەر ئەو خەڵکە بە بیروباوەڕی ئاینی پەروەردە کرابێ، وەها دۆخێکی ڕوبەڕوو نابێتەوە پێویستیشی بە کاریزمی نابێ، بەڵکو دەزگاو یاسا ئەو ڕۆڵە دەبینن.

(٦)

خەباتی رزگاریی نضال التحرري Liberation conflict

ئەو زاراوەیە لەکوردستاندا هاوتایە لەگەڵ (هێـزە نیـشتمانیەکان) یـان (شـێ کردنەوەی کوردایەتی) یان بەگشتی (پەیوەندیو جیاوازی رزگـاری نیـشتمانی بـە رزگاری کۆمەڵایەتی).

هەر کۆمەڵێك (یان تاکێکیش) باوەڕو کردەوەی وابێت کە نەتەوەی ئەو خاوەن بەهاو نەریت و مێژووو کەلتورو پێکهاتەی جەستەی و پاك ترە لە نەتەوەکانی تر، ئەو باوەڕو بۆچوونەش بکرێتە سەرمەشق بەرامبەر میللەتانی تـر وەك بەرنامـەی سیاسی و دەستووری.. ئەوە (رەگەزپەرستە)، بزوتنـەوەی رزگـاری لـەو چـەمکە نەهاتووە نە بۆ ئەو مەبەستەش، هـەر چـەندە لـە هەنـدێ دۆخ لـە کاردانـەوەی رەگەزپەرستیو زیادەی ستەمی نەتەوەیی جۆرێك لە بیروباوەڕی رەگەز پەرستی بۆ نەتەوەی بن دەستیشی دروست دەبێـتو بـوود، .. بـەڵام هـەر نـاڕەوا دەردەچـێ چونکە یاسای (کاروکاردانەوە) یاسایەکی میکانیکیـە نـەك کۆمەڵایـەتی، واتـە ئەگەر داگیرکەرت رەگەز پەرست بوو نابتە بەڵگە ویاساوی رەوایی پاڵپشتی رەگەز پەرستی تۆش.

دەبێ بەووریایی بڕوانینە زاراوەی وەك بیری نەتەوەیی، سـەرکردەی نەتـەوەیی، رزگاری نەتەوەیی، خەباتی نەتـەوەیی، دەوڵـەتی نەتـەوەیی..،واچـاکە لـەجیاتی نەتەوەیی نیشتمانی بەکاربرێت هـەنگاوێك لـە مرۆڤایـەتی نزیـك تـرە، چـونکە خەباتی رزگاری بە سروشتی خۆی ناوەڕۆکێکی مرۆڤانەی هەیـە، بـەپێی هـەموو مەدرەسەکان و نایینی راستەقینەو یاسـای دەولـیش، بـە پێـی ((پـەرەگرافی ٣ی

مادەی ١ی-مقاصد امم المتحده)) رەوای خەباتی رزگاری هەتا بەشێوەی شۆڕشو چەکداریش دەدابەپێی بریاری ٢٦٢٥ی ٢٤\ئۆکتۆبەر\١٩٧٠، سەبارەت بە هەڵوێستی فکری ئیسلامی بەرامبەر خەباتی رزگاری ئێستا ئەو کێشەیە کەمتر بووە (بۆ زیاتر بروانە پرۆژەی ئیسلامی بۆ رزگاری کوردستان لەو فەرهەنگە)، هەر بۆیەش حزبە کوردستانیەکانو شۆڕشو راپەڕینەکانیانو بە واقعی ئێستاشیانەوە نوێنەرایەتی کێشەیەکی رەوا دەکەن ئەگەر خودی خۆشیان لە جۆرە تەرازوویەکی تریش بێت، رەگەزپەرستی نیە، أنفصالی و (دعوة الی عصبیة) نیە، داگیرکردنی خاکی خەلکی تر نیە، مادام سنور و ئامانجیان کوردستانیە نەك کورد، کە یەکەمیان مانای نیشتمانی بەهەموو سەرخانیەکانەوە دەگەیەنی و دووەمیشیان نەتەوایەتی، بێجگە لە چەند نموونەیەکی دەگمەن وەك (کاژیك) و (پاسۆك).. پێچەوانەی ئەو رێسایە بووینە، بۆیەش بەرنامەو خەباتی هەموو حزبە کوردستانی و شۆڕشەکانیش لەسەر دوو تەوەر خەباتی کردووە:

تەوەرەی یەکەم: رزگاری-نیشتمانی.. کە لە کۆتاییدا خۆی لە رزگاری کوردستان دەنوێنێت، لە ئامانجی کاتی جیاجیای وەك لا مەرکەزی، ئۆتۆنۆمی،، فیدراڵی، ولایات، .. تا سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستان، جا چ جۆرە دەوڵەتێك (ئیسلامی، سۆشیالیستی، ..هتد) ئەوەیان بەندە بە تەوەرەی دووەم، لە تەوەرەی یەکەم هەمووی هاوبەشن لەو ئامانجە، بەو جۆرە حزب و هێزانەش دەووترێ هێزە نیشتمانیەکان (قوة وطنیة) یان (أحزاب الوطنیة)، هێزە نیشتمانیەکانی کوردستان وەك چەمکی یاسایی هاوولاتی دەبێ هێزێك بن لە رووی یاسایی یان شەرعیەتی شۆڕشگێڕی و جەماوەری کوردستانی بن نەك کوردی.

لە کوردستان چەند حزبێك هەبووینەو هەنە کە (نیشتمانی) نین بەو پێناسە، هەر چەندە زۆرترین قەبارەو چالاکیشی لە کوردستان بوو بێت، لەوانە (مەدرەسەی شیوعیەت کە حزبی شیوعی عێراق، مەدرەسەی ئیسلامی کە بزوتنەوەی ئیخوان المسلمین، بەرەی تورکمانی ئێستا).

بە دروست بوونی (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردســتان) و هاتنــە نــاو خـەباتی کوردستانی لە دوای سالانی ١٩٧٦ ئەو تەوقەی مەدرەسەی شیوعیەتی شـکاند و دوایش لە کۆنگرەی شەقلاوەی ١٩٩٣ حزبی شیوعی خۆشـی ئـەو دۆخـە شـازەی کۆتایی پێ هێناو بووە هێزێکی نیشتمانی بەدروسـت بـوون و گـۆڕینی بەشـێك لەحزبی شـیوعی عێراقـی بـۆ حزبـی شـیوعی کوردسـتانی، بەهـەمان شـێوەش (رابیتەی ئیسلامی لە کوردستان یە سەرۆکایەتی شێخ محمد بەرزنجی لە ١٩٨٢)و دوایش (بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان) خەباتی پێش مەرگایـەتیان لـە دوای سـاڵی ١٩٨٧ز، ئەو تەوقەی مەدرەسەی ئیسلامیش شکاو دوای لە سـاڵی ١٩٩٤ بە دروست بوونی (یەکگرتووی ئیسلامی لە کوردستان) هەموویان بوونە هێزێکـی نیشتمانی، بەرەی تورکمانیش ئێسـتا لـەو دۆخـە شـازەدایە زیـاتر لـەوانیش لـە بەرنامەی خۆی رزگاری ئەو نیشتمانەی تیا نیە.

تەوەرەی دووەم: رزگاری کۆمەڵایەتی، ئەو تەوەرەش زیاتر کێشەکانی مرۆڤـی وەك: دادگەری، ئیسلاح، هەژارایەتی، چینایەتی، فکـر، فەلـسەفە، ئایـدیۆلۆژیا، ئاین، .. دەگرێتەوە، ئەگەر تەوەرەی یەکەم رزگاری خاك بێت ئەوا تەوەرەی دووەم رزگاری تاکە، یەکەم شاقولیە دووەم ئاسۆیی، یەکەم پەیوەندی نەتەوە بە نەتەوەیە لە دووەم دا پەیوەندی مرۆڤ بە مرۆڤە، یەکەم دەڤەری و تایبەتە دووەم جیهـانی و گشتیە، یەکەم بیرو ئەندێشەو ئایدیۆلۆژیا نیە تەنیا هەستو نەستو پابەنـدی یـە لە دووەم دا بەرنامەی سیاسیو عەقائدی و مەدرەسەیە، یەکەمیان نزیك تـرە لـە زانستی سیاسەت کەچی دووەم لە ڕێبازی سیاسی، کەواتە هەمو حزبە جیاجیاکان لەسەر بنچینەی تەوەری یەکەم یەکدەگرنەوە، بەڵام لەسەر بنچینەی تەوەری دووەم لێك جیا دەبنەوە، ئەوەش بریتیە لە پەیوەندی نێوان هەردوو تەوەر بـەو شـێوەیە: ئەوەی دەڵێ کێشەی مرۆڤی کوردسـتانیش هـەر بـە قورئـان و سـوننە چارەسـەر دەبێت، ئەوانە ئیـسلامیەکانن، بەشێکی تریش دەڵـێن: نـەخێر ئـەو کێـشەیە بـە (مارکس-لینین) چارەسەر دەبێ، ئەوانە چەپیەکانی کوردستانن، هەشە پێی وایە

بە سۆشیال-دیمکراسیانە چارەسەر دەبێ ئەوانەش چەند حزبێکن لە کوردستان، هەشە پێ ی وایە بە لیبراڵ دیمکراسی ئەوەش حزبە دیمکراسیەکانی کوردستانن، بەشێکیش هەموو کێشەکانی مرۆڤی کوردستان هەر لە کێشە نەتەوەییەکەی دەبینن (واتە جووت کردنی هەردوو تەوەری رزگاری-نیشتمانی و رزگاری کۆمەلایەتی)، ئەوانەش نەتەوەگەری و تەیاری بیری نەتەوەیین سەرەتای رەگەزپەرستیەکەیان لەو جووت کردنە دێت.

ئەو بەشانەی دوای (شیوعی ولیبرالی و..)پێیان دەووترێ (عەلمانیەت)، ئەوانە لەدوای شکستی مەدرەسەی شیوعیەت لە ١٩٩١بە دواوە جۆرێك لە بۆشایی ئایدیۆلۆجی و مەبادیئی لە ریزەکانی پەیدابووە، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە (کە لە تەوەری دووەم دروست بووە) بەتەوەری یەکەم پڕی دەکەنەوە.. بۆیە عەلمانیەتی کوردستان بەگشتی جۆرێك لە گەڕانەوەو وەچەرخانی لە بنەما ئاسۆییەکانی بەرەو شاقولیەکان، واتە لە فاکتەرە ئایدیۆلۆژی مرۆڤایەتیەکەی بەرەو فاکتەرە کۆمەلایەتی و کلاسیکیەکان چووە، بەلام لەهەر دۆخێك بن لەو قۆناغەی رزگاریدا نەك عەلمانیەتی میان رەو ونەتەوەگەری هەرەتووندەکەش لەگەڵ ئیسلامیەکان یەك دەگرنەوە، چونکە بەپێی هەموو مەدرەسەیەك رەوایی بەو خەباتەی رزگاری دراوە ،لە فکری ئیسلامیش لە هەموان روونتر (کە لە بابەتی پرۆژەکانی رزگاری کوردستان زیاتر باس دەکرێت)، هەروەهاش لە مەدرەسەی شیوعیەت و.. هەتا لە یاسای نێودەوڵەتیش کە زیاتر دروست کەرانی سەرانی ئیمپریالیزمیش بووینە کەچی لە (مقاصد امم المتحدة) لە مادە (١) پەرەگرافی (٣) رەوایی بەو جۆرە خەباتە و بەرگری چەکداریش داوە، تا دەگاتە مافی چارەی خۆنوسی، ...

خەباتی رزگاری لە هەر ولاتێك ناوێکی هەبووە، لە ئیسپانیا لەدژی ناپلیۆن دەوترا (الحرب الشعبية-گەریلا)، لەجەنگی جیهانی لەدژی ئەلمانیا دەوترا (حرب الأنصار) لە هەمان جەنگ لە یۆگسلافیا (حرب دفاع الشعبي) وفەرەنسیەکان

(حرب العصابات) یان (المقاومة) لە جەزائیر (الحرب الثورية).. ئێستا زیاتر ئەو جۆرە بەرگریە پیرۆزیەتی ئایینی پێ دەدرێ وەك جیهاد المقدس.

خەباتی رزگاری قۆناغ و گۆڕەپانێکە کام مەدرەسە و کام لایەنی سیاسی خێراترو راست تر خزمەتی بکاو بە ئەستۆی خۆی بگرێت ئەوە خاوەنیەتی.. بەڵام مدرسەکانی عەلمانی لەو سەردەمە بەهۆی ئەو بنەما لاوازانەی کە زیاترینیان پەرەی گرتووە لە (بەرژەوەندی تایبەتی) ئەوا کۆمەڵگایەکی گەندەڵت بۆ دروست دەکا کە توانای بەرگری داگیرکەری نابێ، لەلایەکی تریشەوە مدرسەکانی عەلمانی لە جیهانی ئیسلامی کۆمەڵگای دوچاری جەنەی (تقزم) دەکا، دیسان کاریگەری نێگەتیڤی ترسناکی دەبێتەوە، بەتایبەتی لەو سەردەمەی دروشمی (ململانێی شارستانی)کە ئەدرێسی عەولەمەی ئێستایە، لەو گۆڕەپان و ململانێیەدا پال بدەیە لای هەر مدرسەیەکی عەلمانی ئەوا بە سروشتی خۆی دەکەویە قوڵی پێنجەم لەدژی رابووردووی میللەتەکەت لە قازانجی فەرهەنگی بیانی و لەدژی بەهاو نەریت و خواستە راستەقینەکانی میللەتەکەت دەبیت، لەگەڵ زۆر سەرەنجامی نێگەتیڤی تر.

(٧)

براكوژی إقتتال الاخوة Fraternicide

تایبەتە بـە كـورد وەك وشـە، وەك زاراوەش مەبەسـت لـێی (مـل ملانێـی خوێناویە لە چوارچێوەی باڵـەكانی بزوتنـەوەی رزگـاری نیـشتمانی كوردسـتان)، ئەگینا ماهیەتەكەی دووبارە بوویتـەوە لـەناو زۆربـەی میللـەتان بـەناوی (حـرب الاهلیة)، یان (حروب داخلیـة)، زۆربەی مێژووی جیهانیش پێك دەهێنـێ، شـەڕی نێوان قابیل وهابیلیش بە یەكەم براكوژی حیسابە.

لە مێژووی نوێی كورد ئەو زاراوە لە ساڵەكانی ١٩٦٦ بەزەقی سەری هەڵداوە كـاتێ بـاڵی حزبـی (م.س-پ.د.ك) بـە ڕێبـازێكی عـەلمانی جیابوونـەوە لـە سەركردایەتی ئاینی مەلا مـصطفی بـارزانی، بـەڵام چـونكە لایـەنی یەكـەم لـە كۆتاییدا كەوتە بەرەی داگیركەر ئەوا بەخێرایی ئەو زاراوەیـە كوژایـەوە، لەسـاڵی ١٩٧٢-١٩٧٥ جارێكی تر خەریك بوو سەر هەڵبداتەوە لەگەڵ (ح.ش.ع) دیـسان (حزبی شیوعی) كەوتەوە بەرەی داگیر كەرو ئەو زاراوە باوی وەرنەگرت.

لە دوای سەهەڵدانەوەی شورشی نـوێی سـاڵی ١٩٧٦ بەرابەرایـەتی (ی.ن.ك) ئەو زاراوەیە بەڕاستەقینەتر باوی وەرگـرت بەتایبـەتی لـە كارەسـاتی هـەكاری و ڕووداوەكانی دوای ئەو لە ساڵانی ١٩٧٧-١٩٧٨ كە زیـاتر لـە (٨٠٠ پ.م) لـە نێوان (پ.د.ك) و (ی.ن.ك) تیاچوو و كە زیاترینیان لایەنی (ی.ن.ك) بـوو، ئـیتر لەو سەردەمی زیاتر ئەو زاراوەیە میللی بوو و كەوتە نـاو خـەڵكی، هـەر چـەندە هەندێك لە شارەزایان دەڵێن زاراوەیەكی كۆنە لەبارەی ڕووداوەكـانی بـەتلیس كـە هەندێ عەلمانی و شێخەكانی تەریقەت لەدژی شێخ شەهاب چوونە پـاڵ لەشـكری

تورك، شێخ شەهاب كشايەوە وتى با شەڕى براكوژى نەبێ[١]، گوايە ئەوە سەرەتاى بەكارهێنانى سياسيانەى زاراوەى براكوژى بووە.

جاران بەشەڕى نێوان دوو بەرەبابى يەك هۆز وتراوە برا كوژى، بەشێكى تر دەڵێن دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەست و نەست و ئەدەبياتەى كە وەسفى برا كوژى نێوان ئيمامى عەلى و معاويە كراوە، .. كەچى بەشێكى تر دەڵێن ئەو زاراوەيە جمكە لەگەڵ سەربردەى مرۆڤ و لە براكوژى نێوان قابيل و هابيل هاتووە..

بەهەر حاڵ جارجار رەنگە لە مێژووى سياسى نەتەوەيى كورد لەدواى سەدەى بيست هاتبێت، بەڵام پێش ئەو سەدەيە بەو ماناو پێناسەى سەروو لە كوردستان نەبووە، ئەو برا كوژيە (يان خۆ كوژيشى پێ دەووترێ) زۆربەى مێژووى سياسى نوێى كوردستان پێك دێنێ لە هەموو پارچەكان، لە كوردستانى خواروو شەڕى نێوان (ى.ن.ك) لە لايەك و (پ.د.ك) و (حسك) و (حشع) و (پاسۆك)، (لەشكرى ئيسلامى ١٩٨٢)، دواى راپەڕينيش ديسان لەگەڵ (پ.د.ك)، بزوتنەوەى ئيسلامى، pkk، هەروەها (پ.د.ك)يش لەگەڵ (حدكا)و (كۆمەڵە) لە ديوى ئێران و pkk و پارتى گەلى ديموكراسى كوردستانيش، ..

لە كوردستانى ئێرانيش (حدكا) لەگەڵ (كۆمەڵە)، لە كوردستانى توركيا (pkk)ەش لەگەڵ زۆربەى حزبە كوردستانيەكانى سەرووى كردووە، .. وەك تێبينى دەكرێ ئەو دۆخە لەگەڵ بەرەو عەلمانيەت چوون زۆر زيادى كردووە، هۆيەكانيش زۆرە دوانى (لەو رەوتە باسە) سەرەكين:

١-عەلمانيەت: زياتر بەرژەوەنديە نەك مەباديىنى بۆيە دەسەڵات وەرگرتن جۆرێك لە راشكاوى و رەوايى وەرگرتووە، بەتايبەتى ئەگەر ئەو حزبە لەڕووى ئايديۆلۆژيەوە نوقستان بێت و داينەمۆى فكرى لاوازبووبێ ناچار برا كوژى بە كارهێناوە وەك ئامرازێكى پارێزگارى لە مانى خۆى، بۆ ئەوەش ئەندامان و لايەنگرانى بە حوكمى پايەو ئيمتيازو بەرژەوەندى راگرێت ئەوا زۆر پێويستى بە

[١] بۆ زياتر بروانە ئيسماعيل حمقى- ناودارانى كورد.

دەسەڵات دەبێت و شەڕیشی لەسەر دەکا.

٢- لەبەر ئەوەی حزبە کوردستانیەکان بەرنامەیان مارکسی بووە ئەوا بەپێی یاسای سێیەمی دیالکتیك (قانون وحدة وصراع الاضداد)[1] نەك براکوژی هەر دەشێ و ناشێ، بەڵکو یاسایە و هەر دەبێ ببێ، بە ئامرازی پێش کەوتن دەزانرا، تا ئەو دواییەش لە مێزگردەکان باس لە ئیجابیاتی براکوژی دەکرا و گوایە ئەو میللەتانەی شەڕی برا کوژی تیابووە پێ ی پێش کەوتوون، پرسیاری واش کراوە: ئاخۆ ئەو شەڕە ناوخۆییە براکوژیە یان نا؟ چونکە بە پێی مارکسیەت هەر حزبەو تەمسیلی چینێك دەکا، چینەکانیش لەمل ملانێیەکی خوێناوی بێ دانوستان دان تا نەمانی چینایەتی، ئیتر هەر یەکە ناوی چینی پرۆلیتاریای لەخۆ بار دەکرد و لای بەرامبەریش بە برجوازی و لە خزمەت ئیمپریالیزمی ئەمریکی ئیتر دەبووە گەرمەی شەڕی براکوژی، تا ئەو رادەیە جارجار هەندێ حزبی کوردستانی دەگەیشتنە ئەنجامێکی پێچەوانە، گوایە حزبی بەعس سۆشیالیستیەو نزیك ترە لە مارکسیەت هەتا حزبێکی نەتەوایەتی، بۆیە بەپێی یاسای ریزکردنی (اولويات-مراتب التناقض) ئەوا ئەوەی ناوی نراوە براکوژی لە پلەی یەك بووەو رەوا بووە.. ئیتر هەموو کورد لەسەر ئەو بنچینە بێ بنچینەیە بەناویەك کەوتبوون، هەڵبەتە راستە ئەو زاراوەیە زیاتر بەروانگەی نەتەوەگەریەکان (براکوژی) ئەگینا بەپێی مارکسیەت (براکوژی) ئەوەیە نوێنەرانی چینی زەحمەتکێش لە حزبە شیوعیەکان بکەونە مل ملانێ وەك سەرەتای مل ملانێی نێوان باڵەکانی سەر بە چین و سۆڤیەت، ترۆتسکی و ستالینی، چەپی نوێ و کۆن، مارکسی شۆرشگێرو مارکسیە هێمنەکان..، بەروانگەی فەلسەفەی چینایەتی زاراوەی برا کوژی رەوایە، لە ١٩٧٦ بەدواوەش هەموو باڵەکانی کوردایەتی شاخ بەرمو مارکسیەت بازیان دا، بۆیەش مێژووی نوێ زۆربەی شەڕی براکوژی بووە، تا ئەو دواییەش لە سیمینارەکانی دا بە ئاشکرا باس لەوە دەکرا کە ئەوە شەڕی

---

[1] البيان الأول للاتحاد الوطني الكوردستاني.

برا كوژى نيه، ئنجا باس له سودو رەوايى ئەو شـەرە دەكـراو تـەنزير دەكـرا (بـە تايبەت لە لايەن ى.ن.ك) كە ميللەتانى جيهان بەو جۆرە شەڕانە پێش كەوتوون[١]، لەو نمونانەى باس دەكرا جەنگەكانى نێو خۆيى ئيسپانيا وئەمريكا..

هەڵوێستى فيكرى ئيسلامى براكوژى ئەوەيە لە نێوان نوێنەرايەنى يەك (ئوممەتن) ﴿وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا﴾.. بەلام بەگشتى ئەو جۆرە شەڕانە ئەگەر ناويشى (براكوژى) يش نەبێت (حەرام) بووە، (بـۆ زيـاتر سەرنج بدە جەنگى ڕەوا– لەو فەرهەنگە).

---

[١] بۆ ئەسلى ئەو بيرە ســـەرنج بدە: ١- مادية الديالكتيكيـة، ٢- في التناقض (ماوتســـى تونك)، ٣-أصول فلسفة الماركسية (جورج پوليتزر)..

(٨)

دادگەری   العدالة   justice

بە مانا فراوانەکەی مەبەست لـێی ڕێکخستنی ژیانی خەلکیە لـە پەیوەنـدی نێوان خەلكو دەسەلاتو ئەرك و فرماندا.. کە هەمو بوارەکانی فکری و سیاسیو کۆمەلایەتی و ئابووری و نیشتمانی و دەروونی و.. هەتا جەستەییش دەگرێتەوە، هەریەکە بەسنوری خۆی و سنوری تر نەبەزێنێ، هەندێ مەدرەسەی تر کـە (داوای دادگەری) دەکـەن پێیـان وایـە دادگـەری تـەنها لایـەنی ئـابووری و مولکیـەت دەگرێتەوە (لەوانە مەدرەسەی مارکسیزم، مەدرەسەی مادی و سۆشیالیستەکان) تا ڕادەیەکیش مەدرەسەی لیبرالی سەرمایەداریش، بەتایبەتی رووکاری نوێیـان.. ئنجا دادگەری لەگەل یەکسانی جیایە، جـار وایـە بـۆ لێـك جیاکردنـەوە لەگـەل یاساکانی تری سورشتی و ژیـاری و بـایۆلۆجی بـە (دادگـەری کۆمەلایـەتی) نـاو دەبرێ، لە بنەچەشدا هەر زاراوەیەکی ئاینی بووە هەر لەوێش پێناسی بـەکورتی و پوختەیی دراوەتێ و ئینجا لەسەر ئەو بنـچینەیە پێناسـی جیاجیـای وەرگرتـووە، هەندێکی لێ هەلدەبژێرین:

- موسوعة الكشاف..: پەیڕەوکردنی قورئان و سوننە مانای دادگەریە.
- معجم مصطلحات اصول الفقه..- العدالة:الاستقامة، ..هي ترك الكبـائر و عدم الاصرار على الصغائر.
- رسائل (ابن سيناء): العدالـة وسـط بين الظلـم و الظـلام، هـەروەها دەلـێ دادگەری بریتیە لە زالّ بوونی ئەخلاق بەسەر دەروون دا.
- مەبەسـتی بنـچینەی هـاتنی پێغەمبـەرەکان و ئیـسلام بـۆ پـەیڕەوکردنی دادگەریە، بۆیە لە قورئان زۆر باسی (عدل) کراوە، هـەتا باسـی (خـوای گـەورە)

خۆی بە لـێوەشانەوە لەگەڵ خۆی لەگەڵ بەنـدەکانی، ئینجـا بـۆ دەسـەڵاتداران و خەڵکی بەگشتی.. بە (عادل) کردووە .

دادگەری راستترین هێڵە کە دنیاو قیامەتو سروشتو ژیـان، مـرۆڤ و واقیـع، گەورەو بچووك، حاکم و مەحکوم، .. لەسەر یەك ڕێکـی کـۆ بکاتـەوە، تـا ئـەو رادەیە دادگەری لەگەڵ دوژمنیش ﴿لاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلاَّ تَعْدِلُوا﴾.

- لە زۆربەی فەرهەنگە کۆنەکانی ئیسلامی دادگەری بەندکراوە بە ڕەووشتیشو لە نێوان (افراط وتفريط) لەوانە (موسوعة مصطلحات جامع العلوم) کە بـە (دستور العلماء) بەناوبانگە دانەرەکەی (قازی نەگیری). مادە: عدالە.
- في اللغة الاستواء، ضد الجور، استقامة على طريـق الحق..واتـە بەنـدە بـە فەلسەفەی هەق و رەوشت.
- ابن تيمية: لە تەفسیری (سورەتی مائـدە)دا دادگـەری بـە (ولايـە صـالحة)و سیاسەت پێك دەبەستێ. (فهذان جماع السياسة العادلة والولاية الصالحة).
- هەریەکە لە (لسان العرب) و (قاموس المحيط) لە مـاددەی (عـدل) هـاتووە: العدل ضد الجور، الميزان، المستقيم.
- لە (معجم المصطلحات العلمية والفنية) لە (مادە: عدل) هـاتووە: الإعتـدال والإستقامه والميل الى الحق.
- ابوحامد الغزالـي (کتێب: میزان العمـل): لـە بابـەتی" عـدل في الـسياسة" دەڵێ: ئەو کاتی (عدل في السياسة) دێتە دی کە لە شارێك یان وڵاتێـك ئـەو خەڵکە وەك جەستەی مرۆڤ هەر ئەندامەو بەکاری خـۆی هەڵـسێ. .. واتـە دەیەوێ بڵێ دادگەری ئەوەیە کەسی شایستە لە شوێنی شایستە.
- ئیمام غەزالی: الإعتدال هو الميزان الصحيح لجميع انواع السلوك والخروج هـو مصدر كل الامراض.
- مەدرەسەی شیوعیەت پێی وایە بە هەڵوەشاندنەوەی مولکیەت و کردنی بـە مولکیەتی گشتی دادگەری دێتـە دی (مبـادىء شـيوعية-انجلس، رأسـال-مـارکس).

+ مەدرەسەی لیبڕاڵ دیمکراسی پێی وایە دەرفەت بەخشین بەسەربەستی بۆ هەرتاکێك لە بازاڕی ئازاد دا دادگەریە (بۆ زیاتر سەرنج بدە: ئادەم سمس، رۆسۆ، فۆکۆیاما، فەیلەسوفە تەنویریەکانی تر..).

+ مەدرەسەی سۆشیالیستەکان، چارەسەرێکی مام ناوەندی نێوان شیوعیەت و لیبڕاڵ دیمکراسیە تا رادەیەك لە ئیسلام نزیکە (بڕوانە: برنشتاین، فۆریێ، کۆلێ، سان سیمون..)، بەڵام هەر لە چوارچێوەی ئەو چەمکەی کە دادگەری قەتیس بێت لە ئابووری، ئیتر پێیان وایە مولکیەت بەپێی کار دروست بێ ئەوە دادگەرییە.

+ بەڕای (سپینوزا) لە(رسالة في اللاهوت و السياسة) دادگەری ئەو کاتە دێتە دی کە هەر کەسێك ئامادە بێت ماف بداتەوە خاوەنی بەپێی (یاساکانی مەدەنی) و سەربەستی تاك.

+ غاندی: دادگەری ئینجا نەمانی (توندوتیژی).

هەڵبەتە بەسەدان پێناس و تێڕوانینی جیاجیای تری لەسەرە، بگرە کۆنترین مادەی لێکۆڵینەوە بووە، بەپێی هەموو فەرهەنگەکان چەمکێکی ئاینیە لەگەڵ هاتنی پەیام و بەشەریەت هاتووە، بۆیە فکری ئادەمی زادیشی ورووژاندووە، هەر لە (مەدرەسەی یۆنانەوە تا ئەوساتە)، کۆن نابێت لەگەڵ بوونی مرۆڤ وەك ئاو و هەوا پێویستە، ئێستاش لە دیباجەی زۆربەی دەستوور و پرۆگرامی دەوڵەت و لایەنە سیاسیەکان هاتووە، لە دیباجەی رێکخراوەجیهانیەکان و (عصبة الامم) و (نەتەوە یەکگرتووەکان)یش هاتووە.. هەر چەندە مێژوو زیاتر بە رِوداوی نادادگەری پڕبوویتەوە بەتایبەتی ئەوروپاو ئەمریکا بۆیە (زۆربەی زاناو فەیلەسوفانی مادی) دەڵێن (مێژوو بریتیە لە تۆمارگای تاوانەکان)، بەو شێوەیەش نیە، هەردەم بەری (خێر، هەق، ئاشتی، ئارامی، یەکێتی، جەنگی رەوا، بەختیاری، بەزەیی، خۆنەویستی، بەرژەوەندی گشتی، راستگۆیی، بەڵێن، بەهانا هاتن، مەبادینی عەقیدی،..) بەسەرۆکایەتی دادگەری لە مل ملانێیەکی بێ وچان بووە لەگەڵ بەرەی (شەڕ، چەوسانەوە، دووبەرەکی، داگیرکاری، خۆویستی، بێ بەزەیی، جەنگە ناڕەواکان، تۆقاندن، بەرژەوەندی تایبەتی،

ماڵپەرستی، ئارەزووبـازی، بەدڕەوشـتی، میکـاڤیلی، ..) ئـەزەلی و ئەبەدیـشە مـادام رەگ و ریشەی هـەردوو بـەرە لـەناو خـودی سروشـتی مـرۆڤ شـین کـراوە، بەجووتە (زوج -دیاد).

توخمی ئادەمیزاد سەربەستیەکی پێدراوە لەو گەردوونە، ئنجا تواناو بـەهرەی هەر تاکێکیش جیایە، ئارەزوو و پاڵنەرو خواستیشیان جیایە، تەبیعەتەکانیـشیان جیایە، بۆیە بەبێ رژێم و تەرازوو بە ماوەیەکی کەم کۆمەڵگە تێك و پێك دەچێ، هەربۆیەش پێویستی بە یاساو رێکخستن و پێوەرو تـەرازوو هەیـە، جـا هەریەکـە جۆرە یاساو تەرازوویەکی لادادگەریە، بەشێك پێی وایـە دادگـەریش وەك تیـۆری نیسبی ئاینشتاین وایەو نسبیە، واتە هەربەشێکی لای یەکێکیانـە، نـەخێر، ئـەو سیستەمە دادگەریە کە بتوانـێ هـەموو لایەنـەکانی کۆمەڵگـەو مـرۆڤ لـەژیانی ماددی و گیانی بە هاوسەنگی دابڕێـژێ، واتـە لایەنـەکانی پێویـستی مـرۆڤ لـە سەربەستی و دەسەڵات، لە ئابووری و سیاسی، ئەخلاقی و جەستەیی، دەروونـی و دەرەکی، شاقوولی و ئاسۆیی.. بە تەرازوو رێك بخا.

دادگەری و سەردەم

دادگەری کۆمەڵە بنەماو پەیڕەو و بڕوای نەگۆڕە بەند نیە بە سەردەمو زەمان و زەمین، بۆیە بەشێکە لە توێژینـەوەی رێبازەکـانی فکـری و سیاسـی، فەلـسەفی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، نەك زانستەکان، هـەر بۆیـەش دادگـەری لـە کۆمەڵگـەی سەرەتاییو سـەردەمی ناوەڕاستو ئێـستاو داهـاتووش هەریەکـە، زۆربـەی زانـاو فەیلەسوفەکان بەسیاسەتمەدارانیشەوە کەمتر توانیویانەو دەتوانن (ئـەو سـیفەتەی چەسـپاوی دادگـەری) هـەرس بکـەن، جگـە لـە کەمایەتیـەك، هـەر بـە نموونـە (سوقرات) لەو پرسیارەی دا کە دەڵێ (ئاخۆ سـەردەمەك دێـت درۆ چـاك بێـت و راستیش خراپ) پێی وابووە ئەو سنورانە نیسبی و گۆڕاو نـین، بـەڵکو چەسـپاون تێکەڵ ناکرێن، خۆ ئەگەر ئـەو سـەردەمەش هـات هـەروەك لـە فـەرموودەش وا هاتووە (سەردەمێك دێت راسـتگۆ بـە درۆزن لـە قەڵـەم دەدرێ و درۆزنـیش بـە

راستگۆ)، بەڵام ئەوە دۆخی تایبەتیە و لادانی کۆمەڵە (ئینحرافە).

هەڵبەتە مەدرەسەی شیوعیەت و (خەتی تەتەوری بەگشتی) و زۆربەی فەیلەسوفەکانی سەدەی (١٨-١٩) بێ دوو دڵی وەڵامی ئەو پرسیارەی (سوقرات)یان بە (بەڵێ) داوەتەوە و کۆك بوونە لەسەر گۆڕانی مەبادیئو و ئەخلاق و راستی و دادگەری..پێیان وابووە ئەوانە چەمکی نسبین، بەندن بە بارودۆخ و پێوانەکانی سەردەمی خۆی، لەو بارەیەوە (ئەنجلس) بەزەقتر دەڵێ: (لا هنالك مبادیء والاخلاق و عدالة ابدیة و ثابتة..) هەڵبەتە بە کۆمەڵێك بەڵگە و نمونەشەوە.

ئەو تێڕوانینە زۆربەی حزب و فەرهەنگەکانی جیهانی سێیەم و کوردستانیشی گرتبۆوە، سەرنج بدە دەستوری حزبی بەعس وەسفی (عدالة الاجتماعیة) دەکا: ماکان یعتبر عاجلا في ظرف اجتماعي ما قد لا یعتبر في ظرف آخر[١]، بەو شێوەیە دەگاتە سەرەنجامێك کە (کۆیلایەتی، دەرەبەگی، سەرمایەداری) لە قۆناغی خۆی بە (دادگەری) قەبڵاندووە.

بۆ روون کردنەوەو لێك کردنەوەی ئەو تێك گیرانە بەشێکی بۆ (فلسفەی راستی) بەجێ دێڵین لەزنجیرەی داهاتووی ئەو فەرهەنگە، بەشێکیش بە نموونەیەکی ئابووری دەست پێ دەکەین کە نموونەی باوی (مارکس و تەتەوریەکان) بووە لە دژی چەسپاوی دادگەری، دەڵێن: باری ئابووری و بازاڕ و تەکنەلۆجیا هەردەم لە گۆڕانە ئەوا کێشەی نوێ و چینی نوێ و چارەسەری نوێشی پێویستە، .. کەواتە دادگەریەکی نوێشی پێویستە.[٢]

بەڵام بەکەمێك وردتر دەردەکەوێ کە ئەو گۆڕانکاریانە سنووری دادگەری نابەزێنێ و هەر بە چەسپاوی دەمێنێتەوە، راستە بەشەکانی ئابووری: ئامرازەکان، بەرهەم، پەیوەندی بەرهەم هێنان، هێزەکانی بەرهەم هێنان، بازرگانی، .. گەشەی

---

[١] تعریفات ببعض المصطلحات- المادة:عدالة الإجتماعیة.

[٢] بۆ زیاتر سەرنج بدە ١-مجلد کامل (مارکس-انجلس)، ٢-راس مال-مارکس، ٣-اعمال کاملــــە (لینین).

کردووەو گۆڕاوە، مرۆڤیش خۆیەخۆ و پەیوەندیشی بەسروشت گـۆڕاوە، بـەڵام بـا بزانین کام لایەنی گۆڕاوە؟ هەموو لایەکی گرتۆتەوە یان لایەنی نەگۆڕیشی هەیـە؟ دیارە ئەگەر بەووردی سەرنج بدەینە پرۆسەی (دروست بـوونی مولکیـەت) لـەدوو پرۆسەی بچووك تر پێك دێت، بەزەحمەت لێك جیا دەکرێتـەوە، یەکـەم: پرۆسـەی بەرهەم، دووەم: پرۆسەی دابەش، ئەو گۆڕانکاریانەی لەسەروو باس کـرا هـەمووی لەبەشی یەکەمە (لەپرۆسەی بەرهەمە)، کە هەموو مەدرەسە و کۆمەڵیش کـۆکن لەسەری، بەڵام کە دێت ئەو بەرهەمە دابەش دەکرێـت، تـا لێـرەدا مەدرەسـەکان جیادەبنەوە هەریەکە لەسەر بنچینەو بەپێوانەیەك دابەشی دەکاو لێرەوەیە هـەژارو دەوڵەمەند، چینایەتی، چەوساندنەوە، .. پەیدا دەبێت نەك لە پرۆسەی (بەرهەم)، بۆیە بەشێکی زۆر لە ئابوری ناسان پرۆسـەی بەرهـەم بەنـد دەکـەن بـە زانـستی ئابووری و پرۆسەی دابەشیش بە (ڕێبازی ئابووری)- (هەر چەندە ئـابووری ناسـی ئیسلامی مەزن (محمد بـاقر صـدر) بـەو پۆلینـە رازی نیـە)[1]، هەڵبەتـە وەك لـە بابەتەکانی پێشووش باس کرا زانستی ئابووری گشتیە، گەشە دەکـا، بـە ئـامراز دەگۆڕێ، .. بەڵام ڕێبازی ئابووری نەگۆڕە، مەبادیئە، تایبەتە بە مەدرەسـەکان و تیۆری سیاسی و فکری و فەلسەفی و سیستەمی ژیـان و دادگـەری، .. هـەر بـە نموونە لە ڕێبازی ئابووریە مەدرەسـەکان لێـك جیادەبنـەوە، مەدرەسـەی لیبراڵـی (سـەرمایەداری) لەسـەر بنـچینەی قـەبارەی ئـامراز بەرهەمەکەدابـەش دەکـا، سوشیالیستی و ئیسلام زیاتر لەسەر بنچینەی کار، شـیوعیەت لەسـەر بنـچینەی پێویستی، .. واتە ئەو جیاوازیانەی (دابەش)بەو ڕاددەیە ناکەوێتە سەر سـەردەم و پلەی ئامراز چ (داس) بێـت یـان (دەڕاسـە)، ئـەوەیان بەرهەمەکـە زیـاد دەکـاو بەرژەوەندی گشتیە، بەڵام کاتێ دێـە سەر دابەش (چ لە داس بێت یـان دەڕاسـە) ئینجا دەبینی لە نێوان کرێکارو خاوەن مولـك و هـەقی (دەڕاسـە یـان داس) ئـا دادگـەری تـێ دەکـەوێ، بناغـەی چـینایەتیو چەوسـاندنەوەی وردو درشـت لێرەوەیە، .. واتە عەیب لە سیستـەمی ئابووریـە، لـە ڕێبازەکەیـە پەیوەنـدی بـە

[1] بڕوانە: (اقتصادنا).

ئامرازی بەرهەم هێنان و گەشەی تەکنەلۆجیاو زەمان و زەمین نیە، بەو شێوەیە دەبینین مەبادیئەکانی دادگەری چەسپاوە لە هەموو لایەك، هەق هەر هەقە، ٢+٢=٥، درۆ هەر سەلبیە، چاکە و رەوشت بەرزی هەر ئیجابیە، .. ناگۆڕێت، گەورەترین تاکتیکی فکری و فەلسەفی کە لە خەڵك دەکرێ تێك شێواندنی ئەو (چەمکە)یە بەناوی گۆڕان و سەردەم و.. تا خەڵکی ئەو مافە گەردوونی و ئەزەلیەی خۆی لەبیاد کاتو عەیب و عاری دەسەڵاتدارو زۆردارو دەست و پێوەندەکانیشیان بە نووسەران وحزب و مەدرەسەکەشەوە، .. دابپۆشێ.

مەدرەسەکان و دادگەری:

هەر لەسەر ئەو بنچینەش لە کۆنەوە تا ئێستا هەر مەدرەسەیەك بەجۆرێ سەیری (دادگەری) کردووە، لە کاتێکدا لیبراڵ دیمکراسەکان پێیان وایە - واشیان پەیڕەو کردووە- کە سەربەستی تەواو بدرێتە تاك لە ماڵداری و پەیوەندی بەرهەم هێنان و بازاڕی ئازاد و سەربەستی بیروبڕواو سەربەستی جنسی، .. ئەوا لە ئەنجامدا جۆرێك لە هاوسەنگی ئارام دەگرێت بەشێوەی (هەرەمی)، سەروو و خواروو، زۆرو کەم، کاری ماسولکەییو عەقلی، خاوەنداریو بێخاوەن، هەبوونو نەبوون، هەریەکە بە بەختی خۆی لەسەر بنچینەی (البقاء للأصلح..) ئارام دەگرێ- (جۆرێکە لە داروینیەتی کۆمەڵایەتی).. ئیتر ئەوەیان پێ چاکترین دادگەریە.. شان بەشانی یەکسانی لە یاساو مافە مرۆییەکانی تر.

ئەو جۆرە سیستەم و ژیانەی لیبراڵی لە لایەن تیکڕای مەدرەسەکان و زاناو فەیلەسوفانی ئالیبراڵی بە دەردی کوشندە لەقەڵەم دراوە، بە ئەزمونگای چەوساندنەوە وەسف کراوە، سەربەستی بیروڕا جیایە لەگەڵ سەربەستییەکانی تری کردە، لە یەکەمیان بەسنوری خۆی ئیجابیە بەڵام لە دووەمیان هەر ئەسڵی دەوڵەت و یاساو پابەندیە رەوشتیەکان و ئاینیش بۆ رێکخستنی هاتوون نەك سەربەستی تەواو پێ دانی، چونکە کۆمەڵ بەگشتی بریتین لە توانای جیاجیا، هێزی کۆمەڵایەتی و ئینتمای جیاجیا، پسپۆرو لێ زانینی جیاجیا، ناوچە و

داهاتی جیاجیا، .. ئەگەر ڕێك نەخرێ و سەربەستی تەواوی پێ بدرێ ئەوا بەماوەیەکی کەم کەمایەتیەك زاڵ دەبێت بەسەر زۆربەی سەرچاوەکانی ژیان و زۆرایەتیەکەش چاو لە دەست دەمێنێتەوە وەك ئێستا، لە کۆنگرەکانی جیهانی و لە کۆنگرەی زەوی (جوهانسبیرك ٢٠٠٢ز)، لە ڕاپۆرتەکانی (un).. بەکورتی واهاتووە: خەڵکی سەروو کە لە ٢٠٪ دانیشتوانێ سەر زەوی پێك دێنن، کەچی لە (٨٠٪) دەخۆن، خەڵکی خوارووش کە لە ٨٠٪ی دانیشتوانی سەر زەوی پێك دێنن تەنیا لە ١٦٪ی داهاتیان بەردەکەوێ، ئامـاری سەرسوڕهێنەری تر هەیە (١٧٣) کەس و کۆمپانیا لە (٨٠٪)ی داهاتی جیهانیان بەدەستەو (٦) ملیاریش تەنها لە ٢٥٪.

هەتا لە ناوەخۆشدا هەریەك دەوڵەمەندی ئەمریکی هەیە بە ئەندازەی (٢٠٠) خێزانی ئەمریکی بەردەکەوێ[١]، هەر لە کوردستانیش کە سەرەتایەکی سیستەمی لیبرالیە –لە ساتی نووسینی ئەو فەرهەنگەدا- لە ئامارەکان دەرکەوتووە (یەك موچە خۆری تایبەت مانگانەکەی ٤٥٠ جار بە ئەندازەی موچەخۆرێکی سادەیە).

بەکورتی وەك (ڕۆجیە غارودی) گوتەنی سەربەستی بازاڕ مانای سەربەستی هەڵلوشینی بێ هێزەکان لە لایەن بەهێز، ئینجا ئەو سەربەستیە هەزاران سەلبیاتی کۆمەڵایەتیو ئابووریو ئەخلاقیو مرۆڤایەتی و جنسی و تەندروستیو دەروونی.. لێ پەیدا دەبێت.. بۆیە مارکسیەکان لە کاردانەوەی ئەوانە تیۆری سیاسی و فەلسەفەی مادی و مەدرەسەی شیوعیەتیان لێ هێنا دی، کە بریتیە لەو دادگەریەی شیوعیەت کە مولکیەت بەیەکجاری لەناو کۆمەڵ هەڵوەشێتەوە، سەربەستی قەڵاچۆ بکرێ تا یەکسانی بێتەدی، چونکە بە بۆچوونی شیوعیەت مولکیەتە سەرچاوەی نادادگەری لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فکری و دەروونی و چینایەتی و ئابووری.. بەڵام ئەوانیش (دەردی تاك

---

[١] بۆ زیاتر سەرنج بدە: ١-امریکا طلیعة الانهیار- روجیه غارودی، ٢-تقریر امم المتحدة لسنة ١٩٩٩، ٣-قمة الارض–جوهانسبرك، جنوب افریقا.

فاکتەری)یان هەیەو پێیان وایە سەرچاوەی دادگەری تەنها ئابووریە، ئابووریەکی ئاسەرمایەداری، .. هەرچی فکری ئیسلامیە سەربەخۆیە و وا ناڕوانێتە دادگەری، ئەوەی ئیستاش دەبینرێ لە باری جیهانی و پەیوەندی نێودەوڵەتی و دەڤەریش دادگەری نیە، لە فکری ئیسلام دا وای بۆ ناچێ کە کێشەکانی کۆمەڵ بەگشتی تەنها ئابووری بێت، خۆ ئەگەر لە بارودۆخ و ناوچە و (پەڵەیەکیش) وابوو ئەوە دیسان دەردە نەك ئاسایی، ئینجا هەڵوەشاندنەوەی مولکیەت بە گشتی وەك دەستکاری بەندێکی گەردوونیە، زۆر وردەکاری تریش هەیە.. بەو شێوەیە هێنانەدی دادگەری لە فکری ئیسلامیدا ئامانجێکی بنچینەییە بۆ دروست کردنی کۆمەڵگەیەکی بەستاندەر تیایدا جیاوازیەکانی کۆمەلایەتیو نەژادیو مێژوویيو زمان و ناوچەو وزەی ماسولکەو وزەی زیهنی.. ئەبتە بنچینەی جیاوازی چینایەتیو فکریو سیاسیو مرۆڤایەتی، تیایدا جیهانێکی بێ چەوسانەوە بێتو هەموو تاکێکیش بەشدار بێت لە ئاوەدانی ﴿هُوَ أَنشَأَكُمْ مِنَ الأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا﴾، هەم لە مەودای بەشداری و دروست کردنی بڕیار و چارەنووس، .. بەو شێوەیە ئەو دادگەریە بووە داینەمۆی بنچینەی بڵاوبوونەوە و مانەوەی ئیـ ـلام

کەتا ئێستاش پێشبڕکێ لەگەڵ هەموو مەدرەسەکان بکاو ناوی پێغەمبەر لە کتێبە نا ئیسلامیەکانیش بەیەکەم کاریگەر لەسەر ئەو زەویە تۆمار بکرێت[1]، چونکە دادگەری ئەو ئیسلامە بووە سەرۆکەکەی لەگەڵ هاوولاتیەك (کە ئاینیشی جیابووە) وەستاندووە لەیەك دادگا بۆ هەق سەندن، ئیتر ئەوە دینامیکی ئەو ئارامی و پێشکەوتن و بڵاوبوونەوەیەی ئیسلام بووە، مەدەنیەت و بەختیاری و دادگەری و خۆش گوزەرانی بەوە دێتە دی و هاتبوە دی، لە کاتێکا لە هەمان سەردەم لە ئەوروپا بۆ هەق سەندن و دادگای کردن لە نێوان دوو لای کێشە- لە باشترین دۆخیاندا - (موبارەز-زۆرانبازی) دەکرا کام لا بیبردبایەوە لە هەقەکەش دەیبردەوە، هەر ئەوکاتی بەندە و رەش پێستەکان کە لەئیسلامدا سەرکردە بوون لە ئەوروپا و جیهانی تر لەگەڵ ورچ زۆرانبازیان پێ دەکردن بە رووتی،

---

[1] بروانە د مایل هارد-منە ١٠٠، یەکەم ناوی کاریگەر لەو جیهانە تائیستاش محمد ە .

بەرپرسانیش لەسەر تەختە پێیان رادەبواردن‌و یەکتریان دەعوەت دەکرد بۆ بینینی زۆرانبازی وا، ڕۆژی سێ جاریان لێدەدان بۆ بیرخستنەوەیان کـە ئەوانـە بەنـدەن[1] ، ئەوەیان هەر لە ئەستۆی ئیمپراتۆرەکان نەبووە.. هەرئاین بـەڕووتی بێشـەریعەت نە سیستەمی عەلمانی دادگەری پێ نایەتەدی نە بەو جۆرە یاساو نەریتانە نـە بـە پەروەردەکەشیان، هەتا ئێستاش لەگەڵدا بێت، چونکە چۆنیەتی هاتنەدی لە ڕێی دوو تەوەرە:

١- یاساو دەستووری ستاندەر (بەعەیار) لەگەڵ هەموو جم و جۆڵەکانی مـرۆڤ بە تاك‌و کۆوە، بە ناوەکی و دەرەکی، .. بتوانی تاك راستەرێ بکا چ بەسزا چ بـە ماف لە خودی یاساکە.. بێ پێویست بوون بە دەزگـای تـری وەك: مـافی مـرۆڤ، پارێزەرایەتی، مافی ئافرەت، مافی منداڵ، .. هەزار.. ئەوەش تەنها بە ئاینێکی ئاسمانی رەسەن دەکری نەك بە ئارەزوی مرۆڤی شەرانگێز.

٢- لەبەر ئەوەی ئەو یاسایانە ناتوانن روو بچنە ناخەکانی هـەموو مرۆڤێـك، ئەوە کێشەیەکە (نهێنیەکانە- اسرار الشخص)، جا چۆن (چاودێرێکی یاسایی) لـە ناخی‌مرۆڤەکە دروست بکەی بۆ ئەوەی ئەگـەر چـاوی یاسـاش دیـار نـەبوو ئـەو چاودێرە بەدیل بێت، ئەوەش بە پەروەردەیەکی عەقیدەیی پتەو دەکرێت تـا پلـەی (ئیحسان) دەتوانی مرۆڤ وا پەروەردە بکا کە لە دادگەریش رەت بدا و بەشێك لـە هەقی خۆشی بەجێ دێڵێ بۆ مرۆڤی تر لە (ڕاهی خودا)..

بەو شێوەی دەبینین مەحالـە هـیچ جـۆرە دادگـەری یـان یەکـسانی یـان ئـەو یۆتۆپیانەی کە وێنەکراوە..بێتەدی بـێ ئـەو دوو تـەوەرەی سـەروو کـە لـە هـیچ مەدرەسەیەکی تر دەست ناکەوێ جگە لە ئیسلام ٠

ئیشانەو دەروازەی بنچینەی دادگەری لەوە دەردەکەوێ بە سادەییەکەی ئـاخۆ سەرۆك و والیەکان، بەرپرسەکان ژیانی مادیان چۆنە؟ هەڵبەتە نمونەی کۆن و نوێی ئیسلامی راستەقینە بەناوبانگە لە نوێش لەکاتێکدا سەرۆکی وا هەیـە هـەتا ٥٠ تەن زێڕی هەیە (مارکۆس سەرۆکی پێشوی فیلیپیـــن بـە نمونـە)، بـە دەیـان

[1] بروانە : سینۆهە دکتۆری فیرعەون

قەسر، .. کەچی خمینی، دۆدایف، مەلا مستەفا .. کە مردوون بێ سامان و میرات ڕۆیشتوون.

یەکسانی و دادگەری:

زۆر جار ئەو دوو چەمکە تێکەڵ دەکرێ یەکسانی جیاوازە لەگەڵ دادگەری، هەروەك لە مارکسیەت و زۆر فەرهەنگی تر تێکەڵ کراوە، لەوانە: فەرهەنگی هوبهۆش، موسوعە العلم الاجتماع.. دادگەریان بەجۆرێك لە یەکسانی لێك دایتەوە، هەر چەندە داوای یەکسانی لە لایەن هەر یەکە لە فەیلەسوفە کلاسیکیەکانی وەك (تۆماس مور، سان سیمون، فوربە، ئووین، مارکس، ئەنجلس، ماو، ..) بە مەبەستی دادگەری بووە، هەروەها ئەمو داوایەی (سۆشیالیستی تۆباوی- یەکسانی رەها) هەمان مەبەستە، ئەوانە لە کاردانەوەی ئەو بیرەی کە لەگەڵ عەلمانیەت هاتووە لەسەردەمی یۆنانی و رۆم و بەتایبەتی لەسەر زاری (ئەرستۆ) کە دەڵێ (هەموو مرۆڤ یەکسان نین وەك شانە)، ئەوان پەیرەو و یاسایان جیا بووە لە دوو تەرازووی دوو جۆر یاسا، بانێك و دوو هەوا..بۆ (بەهێز و بێ هێز)، (غەریبە و هاوولاتی)، (رەش و سپی)، (بەندە و خاوەن)، (دەوڵەمەند و هەژار)، (دەسەڵاتدارو بێدەسەلات)، (رۆمی و نا رۆمی- بەربەر)، (رەسەن و ئیسنی)، (پیاوانی ئاینی و ئاسایی) ...

ئێستاش هەر بەو ماهیەت و جەوهەرەیە تەنها شێوازەکانی گۆڕاوە.

لە راستیدا لە فەرموودەش هاتووە: (الناس سواسية كأسنان المشط..).

بەڵام ئەو یەکسانیە لە ئاست یاساو ئەرك و مافە گشتیەکانە.. ئەگینا یەکسانی دادگەری ناهێنێتە دی، چونکە مرۆڤەکان لە ڕووی توانا و جەستەو چەندایەتی و چۆنایەتی و لە ڕووی پێویستی ئارەزوو و سروشت لێك جیان.. بۆیە هەتا ئەگەر زۆر وردیش بووین لەو یەکسانیە، سەرنج بدە: هەر مرۆڤە و یەك هەنارمان بەسەر دابەش کردن بەیەکسانی دەبینین بەشێك لە مرۆڤەکان بەختیار بووینەو ئارەزووی هەناریان زۆرەو بەشەکەی تر نیگەرانن چونکە ئارەزووی

هەناریان نیەو ئارەزووی سێویانە.. بەو شێوەیە دادگەری مانای دابەش کردنی بری یەکسان نیە بە چەندایەتی بەڵکو چۆنایەتیش دەگرێتەوە، چونکە مرۆڤەکان هەر لە چەندایەتی لێك جیانین لە چۆنایەتیشە، لە دادگەری دا هەر لایەنی ئابووری و مادی ناگرێتەوە لایەنی رەوشتی و گیانیش دەگرێتەوە کۆتایی بەو جیاوازیە زگماکی و رەچەڵەکی و کۆمەڵایتی و جوگرافی و نەژادی و ئابووری و چینایەتی و کەلتووری و شارستانی دەهێنێ وەك چین و توێژ و نەتەوە و تائیفە.. بەڵکو تەنها وەك مرۆڤی جیاجیا.. وەك تاکی جیا نەك کۆمەڵەی جیاجیا، ئەوەیان زۆر گرنگە، (لە بابەتی کۆمەڵگەی مەدەنیش) ئیتر ئەو نادادگەریەی کە زۆربەی مێژووی پێك هێناوە، مەبادینەکانیشی بریتی بووە لە: ئەگەر بەهێز ئاخافت بێهێز بێدەنگ دەبێ، ئەگەر سامان هات عەقڵ بوەستێ، گەورە هەڵسا بچووك نەجوڵێ، دەسەڵاتدار قامچی بڵند کرد هەق و ماف بێ دەنگ بێ،...

ئینجا یەکسانی رەها لە گەردوون و سروشت و ژیانیشدا نیە، جگە لە بیرکاری رووت نەبێت و (بۆ زیاتر بروانە تیۆرەکانی نسبی ئانیشتاین). بۆیە (یەکسانی) نە هاتۆتەدی نە دێتەدی، دادگەریە هاتۆتە دی و دێتەوە دیش.

(٩)

رای گشتی الرأي العام Public opinion

گوایه ئەو چەمکە یەکەم جار لەسەر زاری وەزیرێکی لویسی شەشەمی فەرەنسی بەکارهاتووە ، دوایی لە شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩باوی وەرگرت، بەلاّم دەبێ ئاگادار بین ڕای گشتی مێژووی زۆر کۆنە بە ناوی تر .

سەردەمی ئێستا زیاتر بەو ڕاو بۆچوون و دەنگ و باسە دەووترێ کە باوی دەبێت لەناو زۆرینەی خەلکی وەك ڕاستیەك، بەشێکی تر بە جۆرێکی تری باسایی پێناس دەکەن وەك (قاموس المصطلحات السياسية والدستورية والدولية) کردوویەتی دەلێ: ((طريقة تفكر غالبية أعضاء الجسم الإجتماعي))، بەشێکی تر پێیان وایە: ئەو کۆمەلە تێڕوانین و باسانەیە کە لەناو خەلك بلاّوەو ڕاستیشی نەسەلمێنراوە[١] .

مەرج نیە ئەو ڕاو سەرنجو هەلوێستانە گوزارش بکرێ یان خەلکی دەری بڕن هەروەك بەشێك کردوویانە مەرج[٢] .

بەلاّم پەیوەستە بەو خەلکە، واتە زیاتر مەسەلەکان سیاسیو کۆمەلاّیەتیو عەقیدەیە، نەك زانستیو فەلسەفیو پسپۆڕی.

لەو سەردەمەی (عەولەمەدا) ڕای گشتی بەڕای ولاّتانی جیهانیش دەوترێ لە بارەی کێشەیەك، ئیتر ئەو ڕایە گشتیە لەسەر هەردوو ئاستی جیهانیو ناوەخۆیی ڕۆلێکی گرنگ دەبینی بەتایبەتی لە ولاّتانی تەواو دیمکراسی، بوویتە هۆی گۆڕانی گرنگ تا ڕادەی شۆڕشیش وەك شۆڕشی ئیسلامی ١٩٧٩ز لە ئێران، هەندێ جاریش لە سنووری ڕەسمیش دەپەڕێتەوە وەك ئەو ڕاپەڕینە گشتیانەی لە

١ موسوعة علم الاجتماع ل٣٠٦.
٢ سياسة الحكم- نوستن نی.

دژی شیوعیەتی جیهانی کرا لە نەوەدەکانی سەدەی (٢٠) داینەمۆکانیان لـە رای گشتی دەستی پێ دەکرد، هەڵبەتە هەتا جیهان بچووك تر بێتەوە ئەوا ئـەو جـۆرە رای گشتیە زیـاتر کارلێـك دەکـا و جیهـانگیری وەردەگـرێ و لـەژێر کاریگـەری دەڤەری کەمتر دەمێنێتەوە، رۆڵی سانسۆرە ناوەکیەکانی ئەو دیکتاتۆریانەش کـز دەبێت کە لە بنچینەدابۆ دروست کردنی رایەکی گشتی هەڵخەڵەتاوی بـەئارەزووی دەسەڵاتداران ...

هەڵبەتە رای گشتی مانای یەکسان بوونی رای هەموو تاکـەکان نیـە، چـونکە بەشێك پێیان وایە هەر تاکێك خاوەن رایەکە هـەروەك (تیریـس) دەڵـێ ژمـارەی مرۆڤ چەندە ئەوەندە رایەش هەیە.. نەخێر مەبەست لە رای گشتی بەو رایە باوانە دەووترێ کە لە دۆخێکی تایبەتی تێڕوانینـەکانی خـەڵکی تیـادا کـۆ دەبێتـەوە و رایەکی باو وەردەگرێ وەك شەپۆل.

ئەو دەروازانەی رای گشتی پێ دروست دەبێ دەکەوێتە سەر هێـزی بەرنامـەو ڕێبازو ئەو مدرسەیەی رابەرە، هەم دەکەوێتە سەر جـۆری میللەتەکـەش، ئەگـەر ئەو رایە لەسەر بنچینەی دۆزو کێشەیەکی زەق بێـت سـاناتر ئـەو رایـە دروست دەبێت، لەراستیدا ساناتر ڕای گـشتی بـۆ فاکتـەرە شـاقولیەکان دروسـت دەبـێ، هەرچی فاکتەرە ئاسۆییەکانو هەق و دادگەریەکانە بە زەحمەت تر دروست دەبـێ، بەتایبەتی لـەنێو میللـەتێکی عـەوام، کۆشـشو ئـەرکی زۆری پێویـستە، بـەڵام شاقولیەکان بەسانایی دەوروژێ. سەرنج بدە، (شـڤان پـەروەر) لـەدوای شکـستی شۆرشی ئەیلول ١٩٧٥ بە سرودو گۆرانی توانی ڕای گـشتی لـەبارەی کوردایـەتی بوروژێنێتەوە.

لەبارەی دروست بوونی رای گشتیش کۆك نین، لە کاتێکا مارکسیەکان پێیـان وایە ئەو جۆرە رایە هەردەم رای چینی دەسـەڵاتدارە[١]، واتە لە هەر وڵاتێـك لەهـەر مەملەکەتو هەتا لە لادێیـەکیش رای خەڵکەکەیو تەبیعاتو هـەڵسو کـەوتیان رەنگ دانەوەی شێوازی گەورکانیانە، ئەوەش لـە بـارودۆخی خۆیـدا تـا رادەیـەك

[١] بۆ زیاتر بروانە: ١-مارکس-اعمال کامله٢-بیان الشیوعی-مارکس-انجلس.

راسته هەروەك لە فەرموودەش هاتووە (الناس على دين ملـوكهم)، بـەلاّم دەبـێ تێبینی بکرێت دەڵێ (الناس) واتە عەوام نەك (لومه)·

هەرچی رۆژئاواشە* پێیـان وایـە رای خـەڵکی لـە هەڵخەڵـەتاوی دایـە، بـە دووبارەکردنەوەو برەودان لە ئامرازەکانی راگەیاندنو وروژانـدنی هەسـتو نەسـت ئەو رِا گشتو ویستراوە دروست دەبێت کە لە کۆتاییدا لـە خزمـەتی بەرژەوەنـدی مادی بورجوازیەتە، هـەردوو بۆچـوونی سـەروو (مارکـسی و سـەرمایەداری) تـا رادەیـەك راسـتی تیایـە، بۆیـە هەریەکـە لـە (رارەوەی میکـاڤیلی، تیۆرەکـانی دورکایم، نازیەت، .. تا دەگاتە رایەکانی ئێستا) و زۆری تـر باسـی رای گـشتیان بە هەڵخەڵەتاوی کردووە، میکاڤیلی پێی وایە خەڵکی عەوام عەقڵێکی ئەرشیڤی نیە، تەنیا دوا کاغەز دەخوێنێتەوە و پێی کاریگـەر دەبـێ، نـاتوانی ئێـستا بـە رابردوو ببەسـتێو راسـتیەکان بدۆزێتـەوە، بۆیـە هـەردەم بـە ئاسـانی دەتـوانرێ هەڵخەڵەتەنرێ، هەر هەڵخەڵەتاویشە[١].

(دورکایم)یش لەو بارەیەوە پێی وایە خەڵکی مەیلی ژیـانی مێگـەلیان هەیـە (نزعـة القطيـع)، مەبەسـتی لەوەیـە ئەگـەر هەنـدێکیان (بەتایبـەتی خەڵکـە کاریگەریەکان) شتێك بکەن هەمووی بەدوایدا لاسایی دەکەنەوە، ئەو لە شۆرِشـی فەرەنسی تێبینی کردبوو کـە بـەرِەوە دەچـوون پردێکیـان دەشـکاند کـە خۆیـان زەرەرمەند دەبوون، یان بەرِەوە بینایان تالاّن و وێران دەکرد[٢]..

هتلەریش لە کتێبی (كفاحى) دەڵێت جەماوەر توانـای وەرگرتنـی کەمـەو لـە بیرچوونەوەی زۆرە بۆیە بەشێکی بۆ هەڵبژێرەو هەر بۆی دووبارە بکـەوە تـا بـاوەرِ دەکاو رای گشتی لەسەر دروست دەبێت ئەگەر راستیش نەبێت.

ئامارەکانی ئێـستا ئـەو راسـتیانە زیـاتر دەردەخـا لـەبارەی میللـەت، ئـەو تێروانینـەی سـەرووی میکـاڤیلی و دورکـایم و هتلـەر.. وەك ئامۆژگـاری

---

* هەردەم کە دەڵێین رۆژئاوا مەبەست لە سیستەمی سیاسی و ئابووریەکەیتی نەك خەڵکی رۆژئاوا

[١] (امير، طروحات)- میکاڤیلی.

[٢] (مقدمه علم الاجتماع)، إيك دورکاريم.

دەسەڵاتداران بەرامبەر هاووڵاتیان بێت ئەوا نووسینە نوێیەکانیان بەتایبەتی کتێبەکانی (کیسنجر) لەوانەش (دبلوماسیە..)، هەمان دانان بۆ ئەمریکا دەکا وەك دەسەڵاتدارێکی جیهانی و هاووڵاتیانیش دەوڵەتە بچووکەکان بێت.

بەو شێوە رای گشتی رایەکی پیرۆز و پێوانەیی نیە، تا بینای لەسەر بکرێت، هەر بۆیەش زۆرایەتی و دەنگ دان و کۆی دەنگی عەوام مەرج نیە چاکترین تەرازوو بێت، ئەوەش یەکێکە لە سەلبیاتە هەرە بنچینەییەکانی دیکراسی و هەڵبژاردنیش، بەڵام لە هەمان کاتیشدا مانای وانیە- بەو وەسفەی سەروو - هەموو میللەت هەردەم هەڵخەڵەتاوو بێت، لەبەرامبەر ئەوانە زانایەکی تر دەڵێت: (دەشێ بەشێکی خەڵکی هەردەم هەڵخەڵەتابن، دەشێش هەموو خەڵك بۆ ماوەیەك هەڵخەڵەتێ، بەڵام هەرگیز ناشێ هەموو خەڵکی هەردەم هەڵخەڵەتێ..)، ئەوەیان راستە ئەوەی هەڵدەخەڵەتێ و لاسایی گەورەکانیان دەکەنەوە خەڵکی عەوامە، ئەگینا خەڵکی خاوەن مەبادئیو و تێگەیشتوو و برِوادار هەڵناخەڵەتێ و رای گشتی ئەویش جیایە، بەو دەروازەش دەچینە ناو فکری ئیسلامی لەو بارەیەوە، قورئانی پیرۆز و فەرموودە و فیقهیش باسیان لە عەوام کردووە کە زۆربەیان دژی راستین ﴿وَأَكْثَرُهُمْ لِلْحَقِّ كَارِهُونَ﴾.

وشەی (اعرابی) هەر بەو مانایەی عەوام وگێل هاتووە هەروەك لە :موسوعة المصطلحات علم الاجتماع و سیاسة في الفكرالعربي و الاسلامي، الاموال- ابوعبیدالله بن قاسم، احكام سلطانية-ماوردی، صحاح- رازی..هتد وەسف کراوە، لەسەردەمی عوسمانیش وشەی "تورك"یش ئەومانایەی داوە[١].

رای گشتی عەوام سەلبیە، ئیمام عەلی راستەوخۆتر باسی کردووە (العوام.. ينحنون بكل رياح، اذا تجمعوا ذروا و اذا انتشروا نفعوا..)، بەو شێوەیە رای گشتی عەوامی نەفام راستە هەڵخەتاویە، ئیتر ناشێت ئەو جۆرە رایە بکرێتە دەروازەیەك بەرەو دادگەری، هەروەك لە هەندێ تەقەلای بەشێك لە ئیسلامیەکان

---

[١] بروانە:أ- محاضرات فی النشوء القومية -ساطع الحصری ب-دراسات فی الحركة الكردية المعاصرة -د عثمان علی

بەدی دەکری، لە راستیدا ئەو پۆلە بەشەریە لەسەر ئاین و رەوشتی شـایەکانیانن، رەوە و مێگەلن، بەلام کۆمەلگەیەکی رەوشەنبیرو بـاوەڕدارو خـاوەن مـەبادیئو و (سەوابت) خاوەن رایەکی پتەو و کاریگەرو پـیرۆزن، بەداخـەوە زۆربـەی پـسپۆر و فەرهەنگـە بالاکـانیش لێکیـان جیـا نەکردۆتـەوە، ئـەو دوو جـۆرە رای گـشتیە لەجەوهەردا دوو دنیای زۆر لێك جیان:

یەکـــەمیان (واتـــە رای گـــشتی عـــەوام) بـــەخێرایی دەگـــۆڕێ، پتـــەو نیـــە، هەلخەلەتاویە، نا مەدەنیە، مەعقول نیە، هێز خواری کردوونەوە، بۆ بەرژەوەندیەو لە بەرژەوەندی خۆشیان نیە، لای بەسەرکەوتوانن (الناس اتباع من غلب)[1]ن، ئـا لەو کاتەیە ئەو (نەستەقیە) راستە لە عەرەبی کە وتراوە (الناس بخیر ما تباینو، فأذا تساوو هلکوا)[2].. ئەوەش هەر هەمان پێناسـی ئیمـامی عـەلی یـە بـۆ رای گشتی عەوام، لەو پۆلە ئەگەر راستیش بپێکن وەختیە، رایەکانیان پڕ لـە خلـت و خارو ناکۆکیە، عەبەسیە، هەستیە، ئەوەستێتە سەر دەسەلاتداران، مسەیەرە، پڕە لە دەردی: دەروونـی، گومـان، دوو ڕوویـی، تەقـەزومی.. ﴿وَمَثَـلُ كَلِمَـةٍ خَبِيثَـةٍ كَشَجَرَةٍ خَبِيثَةٍ اجْتُثَّتْ مِنْ فَوْقِ الأَرْضِ مَا لَهَا مِنْ قَرَارٍ﴾.

دووەمیـــان: رای ئومـەت، بـە بنـچینە و سـەوابت و راسـتگۆییە، دروسـتی، بژاردەیی، مەبەستی، عەقلی، رێکخراو، راستی تەرازووە نەك هێز و بەرژەوەندی، مەیەرە، بەرهەمداریشە، .. ﴿.. كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِي السَّمَاءِ، تُؤْتِي أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍ..﴾، لـە فکـری ئیسلامیـشدا هـەموو کـەس شایـستەی راوێژ نیە، پێویستە بەلایـەن کەمـەوە خـاوەنی: هەلوێـست، زانیـاری، دلسۆزی، پسپۆڕ، پێگەیشتن، ئامادەیی، شارەزایی.. بێ.

ئەو دوو رایە دوو فەرهەنگ و دوو دنیاو دوو کەلتوورو دوو ئاین و مەدرەسـەو مەبادیئی فەلسەفە و تێگەیشتنی لێك جیان، ئەنجامەکانیشیان لێـك جیادەبێـت، بۆیە جۆری یەکەم (واتـە رای گـشتی عـەوام) بەهـەزاران نمونـەی کـۆن و نـوێو

---

[1] معجم الکنوز و الامثال و الحکم.

[2] معجم الکنوز و الامثال و الحکم.

زیندوومان لەبەرچاوە کە چەندە هەڵخەڵەتاویەو بیّ ئاگایە، بەشێکی ئەو دەردەش بەشێك لە رەوشـەنبیران دەگرێتـەوە، جـار وایـە هـەموو کۆمەڵگـەی جیهـانیش دەگرێتەوە بەتایبەتی لەسەردەمی کۆن زەق ترین نموونە هەموو خەلکی سەر زەوی پێیان وابوو کە زەوی چەقی گەردوونە کەچی کۆپەرنیکۆس بەتـەنها گـۆتی نـەخێر ،لە وسەردەمەش ئەو راستیە لە ئامارەکـان دەردەکـەوێت لـە سـالّی ١٩٩٤ لـە ٦٥٪ی قوتابیانی ئامادەیی بەریتانیا نەیان زانـی کـێ سـەرەك وەزیرانیانـە، لـە ٨٠٪ی ئەمریکیـەکان نـەیان دەزانـی ئـەو یاسـایانەی ئـەمریکی لـە بـارەی (ئیجرائاتەکانی دژی تیرۆر) چـەندە دەسـتووریە، لـە (٩٠٪)ی خـەلّکی ئـەوروپا نازانن راگەیاندنەکانیان هەموو شتیان بە سەلامەتی بۆ ناگوازنەوە[١]، لە (٩٥٪)ی خەلکی عیّراق نازانن لە چاپ دانی ئەو دراوە (فۆتۆکۆپیە) مانای بـاج وەرگرتنـە لــەدوای ١٩٩٠، بێجگــە لــە کێـشە سیاسـی و فکـری و فەلـسـەفیەکان و زانستیەکانیش، ڕای گشتی بەو قەبارە یەکلاکەرەوەیە ناکەوێتە سەر ئامرازەکـانی راگەیاندن، کێشەی کورد لە سەردەمی شۆرشی ئـەیلول وتاشۆرشـی شـاخیش ڕای گشتی پتەوتر بوو نەك لەدوایی راپەرینو ١٩٩١بەولاوە کـە ئـامرازی ئاسمانیـشی هاتە پاڵ.. بە هەمان شێوەش ڕای گشتی سەردەمی بیّ تەکنەلۆجیا و بیّ هەواڵی ئوممەتی ئیسلامی ماناو هاوسەنگی خۆی هەبووە. هەر هەڵەیەك لە (ئـەمیر یـان خەلیفە) بینرابایە چەپلەی بۆ لێنەدەدرا وەك (عـزت ابـراهیم) جێگـری سـەرۆکی عێراق نەی دەووت گەورەم (ڕوو لە صدام حسین)حاشا تۆ هەڵە ناکەی، هەڵەی تـۆ لە راستی ئێمە چاکترە[٢]، بـەلکو پێیان دەووت راسـتت دەکەینـەوە، ئـیتر جـار وابووە ڕای ئافرەت راستر بووە لە ڕای خەلیفە و یەکسەریش دانـی پیـا دەهێنـا، ئەو جۆرە ڕای گشتیە سێیەم سەرچاوەی (شەریعەتە) کە بە (ئیجمـاع) نـاوبراوە، تا ئێستاش ئەو (ئەحکامانەی- ڕای گشتی)یش دروست بووە گەورەترین پاڵپشتن بۆ مانەوەی شەریعەت، بەشێکیش لەو شریعەتە(بەهەر هۆیەك) بێت بـە فراوانـی

---

[١] ئەو ئامارانە بەفراوانی بلاوکرانەوە.
[٢] بەبۆنەی لە دایك بوونی سەرۆکی عیّراقی لە ٢٨/٤/٢٠٠١.

ئەو ڕایەی لەگەڵ دروست نەکراوە بە خێرایی دەتوانرێ دەستکاری بکرێ، نموونەی هەردوو جۆرەیە، یەکەمیان کە ڕای گشتی لەگەڵ دروست کراوە وەك: نوێـژ کردن، مارەکردن، جەژنەکان، گۆشتی بەراز نەخواردن، ڕبێدە نەکردن، .. ئەو بەشە شەریعەتەی ڕای بۆ دروست کرابێ ئەوا بەبێ بوونی دەوڵەتی ئیسلامیش و لە سەردەمی دەوڵەتی عەلمانی ئەو (حرام و حلال)یەی خۆی پاراستووە، کەچی دەبینین مانا و ناوەڕۆکی جیهاد، سیاسەتی شەرعی، حوکمی ئیسلامی، بیت المال..، بەو جۆرە ڕای گشتی بۆ دروست نەکراوە بە خێرایی لەناو ڕیزی موسڵمانانیان دەرکێشاوە · بۆ نوێ کردنەوە و زیندووکردنەوەی شەریعەت و خەلافەت بەتەواوی، ئەوا پێش ئەوەی بزوتنەوەی ئیسلامی بۆ دروست بکەی پێویستە (ڕای گشتی) بۆ دروست بکرێ ئەگینا بەنامۆیی بانگە(دەعوە)کەت تەفاعول دەکا لەگەڵ خەڵکی، ڕای گشتیەك بە بناغە و توند و تۆڵ بێ بۆ ئومەتێك بە خێرایی سەرکەوتوو دەبێ، بۆیە دەبینین لەو سەردەمەش ڕای گشتی ئومەتێکی وەك ئێران ١٩٧٩، .. چەندە جیاوازن لەگەڵ ڕای گشتی وەك شۆڕشی فەرەنسا ١٧٨٩ یان هەتا ڕاپەڕینی کوردستان ١٩٩١، لە ئێران ١٨ مانگ شۆڕش میللی بوو کەچی دام و دەزگا پردیان تێك نەدا تەلی کارەبایان نەبڕی، هۆیەکەش ئەوەیە ئەو دوو دینامیکیەی ڕای گشتی شۆڕشی پێ دروست بوو جیایە، یەکەمیان لیبرالیەو دووەمیان عەقیدەی ئیسلامیە، واتە یەکەمیان باشترین دۆخی عەوام و دووەمیان ئومەت، هەر بۆیەش هەرچی تەقەلایەك لەلایەن هەر مەدرەسەو سیستەمێك لە مەبادئیو ئومەتەوە بەرەو عەوامیان ببات وببێتە هۆی دارمانی بینای مرۆڤ وکۆمەل گەورەترین دوژمنی مرۆڤایەتیە، مەبەستی زاڵ بوونە بەسەر خەڵك و لەرێی نەفام کردنیان ﴿فَاسْتَخَفَّ قَوْمَهُ فَأَطَاعُوهُ﴾، ئەوە بەنج کردنی ڕاستەقینەیە، بێ دەنگ کردنیەتی، ئالێرەدایە وەك ئەنسرۆپۆلۆجی و فەیلەسوفو فەرهەنگەکانی عەلمانی لە وانە (world book enceclopidia)و (الموسوع العالمیة) باسیان لە (زۆرایەتی بێ دەنگ- صامت) کردووە کە هەردەم گوایە زۆرایەتی میللەت پێك دەهێنن.. نەخێر لە هەموو سیستەمێك وا نیە،

ئومەتی ئیسلام کۆنابنەوە لەسەر ریسوایی و مل کەچی هەروەك لـە فـەرمووده هاتووه (لا يجتمع أمتي على الضلالة)، ئینجا (امر بالمعروف و نهى عن المنكر) هەیە هەمو بێ دەنگێك بە وەڵام دەهێنێ وەك ئەركی ئاینی، (هلك قوم مالم يقل للسيء اسأت و للحسن احسنت)، ئەوانە دینامیکیەتی رای گشتیە لە ئیسلام.. کە هەموو جیهان بەرەو دادگەری بەرێ، بـۆ رزگـاری خـەڵکی کوردسـتان لـەو کاروانە ناوێتەو سەختیەی پێویستی بەو جۆرە بینایەی رای گشتیە.

بۆ دروستکردنی رای گشتی جیاوازییەکی بنچینەیی هەیە لەنێوان رای گـشتی کۆمەڵگەیەکی دروست و رەوا(ئومـەت) وە کۆمەڵگەیـەکی نـەفام، لـە یەکـەما پێویستی بە گوتارێك هەیە ڕوو لـە عـەقڵ، کەچـی بـۆ دووەم گوتارێـك ڕوو لـە عاتیفەو هەست و نەست، لە یەکەما بیناکردنی لەگەڵ پێویستە لـە ئـی دووەمـا سەردڕۆییە، بەردەوامی وێتەوی لە یەکەما لە سەر بنـچینەی بـیرو بـرواو ڕاسـتی دەبێ لە ئی دووەما وەختی و هەڵچوون و لەگەڵ شەپۆلێك رای گـشتیەکە تێـك و پێك دەچێ یان هەر کاریگەری و بەرهەمی نابێ، ئەگـەر بوونـی مـەرج نیـە بـە ئیجابی بێت، لە یەکەما بەهۆی بەرنامەیەکی راست و دروست قووڵ دەبێ لە ئـی دووەما بەهەر وروژێنەرێکی هەست و نەست بێت جار وایە بـە شـیعرو گـۆرانی و سرودی نیشتمانی دروست دەبێ.

(١٠)

گۆڕان التغير Change

مەبەست لێی کۆتـایی هێنـانی وەسـتانە، گـۆڕینی واقعێکـی کلاسـیکی بـۆ واقعیکی تازە، هەڵبەتە گۆڕان سوننەتێکی گەردوونی خواییە ئەوەی نـەگۆڕە لـەو گەردوونە گۆڕانو جولان خۆیەتی، تێڕوانینو بۆچوونی جیاجیا گەلێ زۆرە لە بـارەی ئامرازی گۆڕین، نەك لە نێوان تەیارو مەدرەسەکان هەتا لە نێوان یەك مەدرەسـەو تەیار و لایەنیش، کێشەکان دەکرێنە دوو بەشی سەرەکی: فاکتـەرەکانی گـۆڕان و شێوەی گـۆڕان، یەکـەمیان هەڵـدەگرین لەبەشـی (بـیری-فلـسفی) لەبەشـەکانی داهاتووی ئەو فەرهەنگە باسی دەکـەین، ئێـستا تـەنها ئاماژەیـەك بـە بۆچـونە سەرەکیەکان دەکەین لەبارەی چۆنیەتی گۆڕان بەوشیوەیەی خوارەوە:

- مارکسیەکان: پێیان وایە گۆڕان بەگشتی لە سروشتو ژیان بە هۆی نـاکۆکی ناوەکی دێت، لە نێو کۆمەڵگەش ئەو گۆڕانە گوزارش دەبێ بەهۆی فاکتەری ئابووری کۆمەڵ لە ڕێی ناکۆکی چینایەتی.
- مادیەکانی فەرەنسیو بەشێك لە نەتەوەگەریش، پێیان وایـە ژینگـە (بیئـة) سەرچاوەی گۆڕانە.
- هیگل: سەلبیات سەرچاوەی گۆڕانە.
- بەشێك لە دەروون ناسان: هەست بە نوقستان کردن.
- مەدرەسەی فرۆید: جنس.
- نەتەوەگەریەکان: مل ملانێی نەتەوایەتی..
- توینبی: التحدي والاستجابة..

- زۆر ڕای تری جیاجیا..
- فکری ئیسلام: پێی وایە لە کۆتایی مرۆڤ خۆی لـەو گۆڕانـە بەرپرسـیارە چ بەرەو سەلبی یان بەرەو ئیجابی نەك فاکتەری دەرەکیو ئابووریو جنسو..

﴿إِنَّ اللهَ لاَ يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ﴾.

زۆر ڕاوبۆچونی تریش هەیە، ..

دووەمیش: لە بارەی وەڵامی ئەو پرسیارە ئاخۆ دەبێ گۆڕان لەسـەرخۆ بێـت و پلە بە پلە یان بە تووند و تیژی و ناکـاو بـازدان، .. دابەشـبونێکی سەرانـسەری هەیــە.. هــەر لــە مارکــسیەکانەوە خۆیــەخۆ و مدرســەکانی تــر تــا دەگاتــە ئیسلامیەکانیش خۆیەخۆ، مارکسیەکان لە فەلسەفەو سروشتدا کێشەیان کـەمترە بەڵام لە بارەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لێك جیابووینەوە بۆ سێ بەشی سەرەکی:

أ-ئەوانەی پێیـان وابـوو ســەرمایەداری (کـە وێـستگەی ئێـستای کۆمەڵگەیـە) بەهێواشیو لەڕێی هەڵبژاردنو دیمکراسـیو ئـازادی ڕاوبۆچـوون دەگـۆڕێ پێیـان دەووتن (ئیسلاحیەکان کە بریتی بوون لـە سوشـیال دیمکراسـەکان لـە دوایـدا لـە مارکــسیەت بەتــەواوی جیابوونــەوە وەك مەدرەســەیەك، هــەروەها ئــۆرۆ شیوعیەکانیش)، بۆیە ئیسلاحی لە مارکسیەت تووەمەت بووە، ب- ئـەو بەشـەی پێشیان وابووە سەرمایەداری تەنیا بەتووند و تیژی و شۆڕش دەگۆڕێ ئـەوا چـەپە نوێیەکان بووینە، بە ڕێکخراوە توندەکانی وەك (ألويـة الحمـراء، بـادر مـاينهۆڤ، عمل الالماني، جيش الثوري الياباني، باكۆنييەكان..- هەروەها لە وڵاتی خۆشمـان هەریەکە لە (کۆمەڵەی دیوی کوردستانی ئێرەو ئەو دیوو، pkk..) تـا ڕاددەیـەك تەیاری ماوی لە دەولەتی چین وئەلبانیاش هەمان ڕایان هەبوو ج- بەشـی سـێیەم حزبی شیوعی و وڵاتانی سوشیالیستی بووینە هـەردوو ڕێگایـان پـەیڕەو دەکـرد، ئیتر ئەو کێشەیە تەواو بەدەقەکانی مارکس چارەسەر نـەدەبوو بـە هۆیـەوە هـەر ژمارەو تەیار زیادێ دەکرد، بـەپێ ی دوا فەرهـەنگی سـوڤیەتی زیـاتر لـە ٢٠٠ زاراوەی تۆمەت تۆمارکرابوو بۆ ناوەخۆ..

لـەنێو رابـوونی ئیـسلامیش ئـەو کێـشە هەیـە: ئـاخۆ گـۆڕان و گێڕانـەوەو پیادەکردنی شەریعەت بەکام شێوە دەبێت؟ بە نەرمیو هێواشی و پلـە بـە پلـەیی یان بە شۆڕش؟ یان بە هەردوکیان؟ واتە کۆمەڵگە بە چ ئامرازێك دەگۆڕێت؟ سـێ وەلامیان هەیەو سێ بەشیشی لێ دروست بووە، بەو شێوەیە:

أ- تەیاری (برایان) پێیان وایە ئەو گۆڕانە تەنیا بە ئاشتیو گوتاری سیاسـیو بەرنامەی راستە رێ کردنی چاکسازی و لە کۆتاییدا چاکردنی کۆمەڵ لە ڕێی تاك وەك هاوکێشە ئیسلاحیەکەی ئەدەوی (تغیر و اصلاح: من فرد ← مجتمـع) کـە لـە سەرەتای سەدەی بیـستەم ئـەو گەشـتەیان بەرێوەیـە تـا ئێـستا نموونەیـەکی بـە مورتاحی نیە ب-بەشی دووەم پێی وایە ئەو گۆڕان و ئامانجە نایەتەدی تەنیا بـە جیهادو توونـدو تیـژیو شـۆڕش نـەبێ، لـە کۆتاییـدا لـە چـاکردنی کۆمەڵگـەو دەسەلات دەست پـێ دەکـا، واتـە یەکـەم جـار دەسـەلات ئینجـا چـاکردن، وەك هاوکێشەکەی (مەودودی) گۆڕان: (من مجتمع ← فرد)، پێچەوانەی هاوکێـشەکەی (ئەدەوی)یە.

هاوکێـشەکەی (مـەودودی) ئیـستە زیـاتر لـە تـەیاری (ئەلقاعیـدە) خـۆی دەنوێنێت و باڵە ئیسلامیە توندەکانی تـری وەك (جەماعـەی) جـەزائر، میـسر، کۆمەڵەی (هجرەو تەکفیر)و.. دەگرێتەوە، هەریەکە بەڵگەی عەقلی و نەقلی خۆی هەیەو هەبووە، ئەو دۆخـە تـا سـاڵانی (۸۰)ی سـەدەی (۲۰) دوای تەقینـەوەی شۆڕشی ئیسلامی ۱۹۷۹لە ئێران و ئەفغانستان ۱۹۸۰بەشی سـێیەمیش سـەری هەڵدا، (راستتر بلێین لەسەر دەستی بەشی سێیەم رابوونی ئیـسلامی تەقیتـەوە)، ئەویش کۆی هەردوو ئەزموونی پێشووە، هـەردوو هاوکێـشەیە (گـۆڕین: فـرد ⇆ مجتمع)، واتە بەهەردوو رێگە گـۆڕان دەبێـت، هـەم بەرێگـەی شـۆڕشو جیهـادو راپەڕین، هەم لە رێگەی ئاشتیو ژیانی سیاسیو دیموکراسی.. بەپێی بـارودۆخو زەمانو زەمینو مەرجەکانی خوودیو بابەتی.. تا ئێـستاش ئەو سێ بەشـە لـەناو رابوونی ئیسلامی واقعی بزوتنەوە ئیسلامیەکان پێك دەهێنن، ئەو بەشـەی دوای

زیاتر حسابی بۆ دەکرێو بەخێرایی نموونـەی پـێ دروسـت بـووەو لەگەشـەکردنە، پاساوەکانیان ڕەگ و ریشەیەکی عەقڵی و نەقلیو مێژوویی‌و فەلسـەفیو واقعـی‌و هەتا (فطـری)و سروشتیشی بەهێزترە، هەر لە گەردوونیش دەبینین گۆڕانەکان یەك لایەنی نیە تەنیا هێواش و پلە بە پلە هەم هەمووش توونـدوتیژ نیە، شان بە شانی یەك هەن، هەروەك گۆڕانە هێواشـەکان، دائیمـەکان باوەکـانن لـە هـەمان کاتـدا (شۆڕشی سروشتی، سۆپرنوڤا، گەردەلول، لافاو، برکـان، تاڤگـەکان، ..) گۆڕانـە توندەکان پێك دێنن، ڕەنگە ڕەوتـی رووبارێـك زۆر وێـچووی مێـژووی کۆمـەڵ و میللەتان پیشان بدا، چۆن لەسەرخۆ دێت و دەڕوا لەناکاو وەردەچـەرخێ و دەبێتـە تاڤگە، ناواش مێژووی کۆمەڵ پڕیەتی لە وەچەرخان و وەرگـەڕان و شـۆڕش شـان بەشانی گۆڕانی هێواش، بۆیە هەردوو سەرچاوە بەجیاجیا و پێکەوەش سەرچـاوەی ڕەسەنی گۆڕانن هەم لە سروشتو هەم لە کۆمەڵیش و لە پۆلەکانی تری ژیانیش .

هەروەك لە ئەزموونی شیوعیەت و لە ئەزموونی ،رایان نموونەیەك نەبینرا بـە خۆشی‌و هەق‌و دادگەری گۆڕانی بنەڕەتی لە دەسەڵات بکرێت ناواش هەم مێژوو و هەم واقیعیش زۆر بە دەگمەن نموونەی دەست ناکەوێ کە ناهەق ملی کەچ کردبـێ بۆ هـەق و گۆڕابێـت، زۆردارو نادادگـەری گۆڕابێـت بـۆ دادگـەری.. بەخۆشـی و ناشتیانە، لـە کۆنـەوەش (ئەرستۆ) تێبینیـەکی وردی بـەجێ هێشـتووە، دەڵـێ (تەشریع) سەرچاوەیەکی گرنگی گۆڕانە، هەڵبەتـە تەشـریعیش واتـە حکومـەت، حکومەت نەبێ نـاتوانێ ئـەو (شـەریعەتە) پیـادە بکـاو کۆمـەڵ بگـۆڕێ، بۆیـە هاوکێشـەکەی (ئەدەوی) بەنوقسـتانی دەمێنێتەوە لە کۆمەڵگەیەکی دابەش بـووی نادادگەری، هەروەکو (ابن طق طقی)یش لـە (الفخـری في اداب الـسلطانیة) وت و وێژی لەسەر گەڵالەیەك کردووە کتو مت ئەو گەڵالـەی (برایـان)و هاوکێـشەکەی (ئەدەویە)، گەڵالەکەش ئەوەیە: وا باوو بوو گوایە(ئەگەر سیاسەتی دەروونی تـاك چاك بوو خێزانەکەش چا دەبێ، ئەگەر خێزانیش چا بوو دێیەکەش چـا دەبـی، تـا شارو وڵاتەکەش بەو زنجیرەیە چا دەبێت)، ئەو دەڵێ نەخێر، مادام دەزگـای حـوکم

(١٠) گۆڕان   التغيير   Change

چا نەکرێت نموونەی بەو هەموو دەروون پاکانە هێناوەتەوە کە لە ژێر حوکمێکی خراپ بووینە.. واتە (گۆڕان: لە بنکە بۆ ← سەروو) بە تەنها ئامانجەکە ناهێنێتە دی.. هەر چەندە گۆڕانی پلە بە پلەو هێواشی ئەسڵەنەك گۆڕانی تونــد هەرچەندە یاساشە بەڵام ناچاریشە، تا یەکەم مەودای تیا مابێت نابێت پەنا ببرێتە بەر دووەم.

ئەو ماددەیەش زیاتر بەندە بەدوو چەمکی تر (شۆڕش)و (ئیسلاح) لەهەر یەکەیان بە جیاجیا وەك چەمك باس دەکەین.

(١١)

شۆڕش   الثورة   revolution

شۆڕشیش هـەر بەشـێکەلە گـۆڕان، بـەو گۆڕانکاریـە ڕیـشەییو چـۆنایەتیە دەووتڕێ کە لە بوارەکانی ژیان یان لە یەکێ لە بوارە گرنگـەکان دەکـرێ، مانـای گۆڕینی واقیعێکە بە واقیعێکی تـەواو جیـا، یـان وەك (دائـرة المعـارف العالمیـة) پێناسی کردووە بریتیە لە: گۆڕینی ڕیشەیی لە بناغەکانی کۆمەڵ، هەندێ جار بە (مانایی) باسی شۆڕشی ڕەوشەنبیری یان شۆڕشی تەکنەلۆجی یان کشتوکاڵیو یان ئاسمانی دەکرێ، مەبەستی بازدان و وەرچـەرخان و پانتایـەکی فراوانـە لـەگۆڕین، هەروەهاش جار وایە واقعێك (جا کۆمـەڵایەتیو سیاسی بێت چ ئیداریو دەزگایی بێت یان زانستی و چاکـسازی بێـت) گۆڕانکاریـەکی زۆری پێویـستەو کەلەکـەی کردووە، دەڵێن ئەوە ناگۆڕێـت شۆڕشـێکی دەوێ.. واتـە شـۆڕش گـۆڕانێکی بـە ئەوژمی زیاترە، بریتی دەبێ لە: تەقاندنەوەی ئەو گۆڕانە چـەندایەتیانەی کەلەکـە بووە بۆ چۆنایەتی، لە پلەپلەیی بۆ بازدان، لە سنورێکی دیاری کراو و یەك لایەنی بۆ فراوانی هەمە لایەنی، لە ئاساییەوە بۆ ناکاو.٠

لەرووی یاساییەوە شۆڕش مانایەکی نێوانی ئینقلاب و یاخی بوون وەردەگـرێ، ئەگەر مەرجەکانی تەواو بـسازێ.

ئەو ناوانەی سەرووش هەمووی لە شۆڕشی سیاسـی وەرگـیراوە کـە میللـەتان بەرپای دەکەن لە دژی دەسەڵاتدارانی ستەمکار، بۆیە لە پێناسی شۆڕشی سیاسی زیادەیەکی دەوێ بۆ پێناسەکەی سەروو ئەویش (ئایدیۆلۆژیایە) بۆ گیان پێ دانـی شۆڕش ئەگینا تەنها دەبێتە ڕاپەڕینێك یان هەڵچونێکی جەماوەری نـەك شـۆڕش،

دیارە هەریەکە لە: ماناو پێناسی، فاکتەری هەڵگیرسانی، ئامانجەکانی شۆرش..، مــشتومڕی زۆر هــەڵگرتووەو هەڵــدەگرێ، وەك لــە پێناســە جیاجیاکــانی دەردەکەوێ، وا گرنگترینیان لــێ هەڵدەبژێرین:

پــێناســەکان:

- لە فەرهەنگی حزبی بــەعس (ئیــنقلاب) رۆڵــی شۆرشــی دەبینــیو (حزبــی ئینقلاب)ی بە پێویستیەکی مانو نەمان دەزانی.[١]
- قاموس مصطلحات السياسية الدولية (سموح فوق العادة): پێناسی یاسایی کردووەو دەڵێ: (شۆرش ئەوەیە کە گۆرینێکی ریشەییە بە ئامرازێــك بــەدەر لە دەسەڵاتی دەستوری لائەنجام دەدرێ). ئەو پێناسە بۆ زۆربــەی فەرهەنگــە رەسمیەکان دەگەرێتەوە.
- مارکس: شۆرش بریتیە لە گۆرینی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان*.
- بەشێکیش پێیان وایە هەردەم شۆرش دادگەریە لــە دژی چەوســانەوە، دوای ئەویش دەبتە چەوسێنەر بەڵام پرۆسەکە لە کۆتاییدا جیهان بــەرەو دادگــەری رادەکێشێت (لەوانە: برۆدۆن، کرۆبونکین، ..).
- باکۆنین: بەهەمو تەقەلایەکی توندانەی گــۆرینی دەســەڵاتی وتــووە شــۆرش، هەروەها هەر لە کتێبی (مبادىء الثورة) هەموو گــۆرینێکی واقــعو یــاخی بوون بەچاکە زانیوەو مەبدەئێکی بەناوبانگی هەیە کە دەڵێــت: (تحطيم كل ماهو قائم خير).
- موسوعة السياسة-ب١ ل٨٧٠: پێی وایە ناسینەوەی شۆرشی کۆمەڵایەتیو جیاوازیەکانی لەگەڵ شۆرش زانستــیو کەلتووریو ئابووری ئەوەیە یەکەمیان توونوتیژو ناکاویە، هەرچی دووەمە هێمنو لەسەرخۆیە.

---

١ بروانە: -١- تعريفات ببعض مصطلحات- مادة: انقلاب، ٢- اقوال ميشيل عفلق.

* پاش کەمێکی تریاسی ئەو گۆرانەی پەیوەندی بەرهەم هێنان دەکەین چۆن شۆرشیش دەخولقێنی.

- بەشی هەرە زۆری زاناو فەیلەسوفەکانی رۆژئاواو ئەو رۆژهەڵاتیانـەی لـەژێر کاریگەری ئەوانن شۆڕش تەنها بە مانـای پێویـستیەکانی ئـابووری پێنـاس دەکەنو مانای دەدەنێ ئەگینا بە شۆڕش بێعەقڵی دەزانن.
- سۆرکین (١٩٤٧): شۆڕش هەرگیز پاڵنەرەکـەی ئابووریـە بـەڵام جاروایـە بەرگی ئاینی یان نەتەوەیی یان نەژادی لەبەر دەکا.
- لیبراڵ دیکراسەکان: لـەباش تـرین دۆخـی هەڵوێـستیان پێیـان وایـە ئـەو گۆڕانکاریانە تـەنها لـەو دۆخانـە مانـای شـۆڕش وەردەگـرێ کـە گـۆڕینی دیکتاتۆری و تاك ڕەویە بۆ دەسەڵاتێکی دیکراسی.
- فەرهـەنگی ئۆکـسفۆرد (oxford a.l p٢٠٠٠): بەشـە ئینگلیزیەکـەی، تەنها مەرجی توندوتیژی دژی دەســەڵات داوەتە گۆڕانێك تا ناوی شۆڕشی لـێ بنرێ.
- دائرة المعارف العالمية: شۆڕش گۆڕانێکی ڕیشەییە لە بناغەکانی کۆمەڵ.
- بەشێکی تر شۆڕش بەگشتی بـەجم و جـوڵێکی شـێتانە و (نامـەنتیقی ونـا معقول) لەقەڵەم دەدەن (لەوانە: نیتچە، گۆستان لوبون، ..)، ئەوانە زیاتر لە سۆنگەی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دیموکراسی یەوە ئەو ڕایـە موتلەقـەیان بـۆ دروست بووە.
- بەشێکی تر بەدۆخی (لا شعوری-بێ هۆشمەندی)و هەتا بە (بەربەر)یـش لـە قەڵەم دەدەن.
- پرۆتوکولات حکماء صهیون: الثورة لیست اکثر من نباح کلب علی فیل [١].
- مالرۆ: هـەر شۆڕشـێك ئـابووری نـەبێت (ثـورة بـلا سـبب)ە یـان (ثـورة لا عقلانیـة)یە، شۆڕش ئەخلاقیو ئایینیو مـەبادینیو عەقیـدەییو مانایـەك نابەخشێ.- لەڕاستیدا زۆربەی ئەو زاراوە کوردیانەی لە بەرامبەر ئەو زاراوە نوێیانە هەڵبژێردراوە لەڕوانگەیەکی ناوا هاتووە، سەرنج بـدە بـۆ سیاسـەت

١ بڕوانە: پرۆتۆکۆلی (١٩)

(رامیاری) یان بەرامبەر داناوە مانای (فێڵباز)، ئەوەش زیاتر ماناسیاسەکەی میکاڤیلی دەگرێتەوە نەك هەموو سیاسەت، هەروەها (شۆڕش)یش وەك لە (فەرهەنگی کوردستان) هاتووە لە بنەچەدا بەمانای پشێوی و یاخی بوون هاتووە وەك فارسیەکە، واتە زاراوەو چەمکی شۆڕش لە زمانەوانی کوردی بە ڕوانگەیەکی لیبرالی هاتووە کە لە خزمەت قۆناغی ڕزگاری کورد نیە. هەر بۆیەش لە فارسی (ئینقلاب) بە مانای شۆڕش هاتووە، بۆیە لەو تەقەلایەماندا پێویستی بە دەستکاری کردنەوەیەکی فراوان تر دەکا لە بەشەکانی داهاتوو .

لە ڕوانگەی مەدرەسەکان:

لە ڕوانگەی مارکسیەوە شۆڕش زادەی سەردەمێکی دیاری کراوی گەشەی کۆمەڵگەیە، لەگەڵ هاتنی مرۆڤەوە نەبووە و لە سەردەمێکی تریش نامێنێ، بەڵکو بەندە بە قۆناغێکی مێژوویی کە چینایەتی لێ پەیدا بووە، لەگەڵ ئەوەشدا مەدرەسەی مارکسی گرنگیەکی یەکجار زۆری پێداوە، لە ئامۆژگاریەکی بەناوبانگی (مارکس) بۆ شیوعیەکان دەڵێ: ئێوە شۆڕشگێڕ بن چاکساز مەبن[1]، ئەوان هەموو گۆڕانکاریەکی بە ئیجابی دەزانن تا ئەو ڕادەیە وەك (باکۆنین) لە بنەما بەناوبانگەی وتوویەتی: (هەموو گۆڕان و وێرانکردنێك پێشکەوتنە)[2]، بۆیە شۆڕش یەکێکە لە کۆڵەکەکانی فەلسەفەی مارکسیەت، زۆر بە توندیش بەندی کردووە بە (مل ملانێ ی چینایەتی)، واتە تەنیا شۆڕشی چینایەتی بە شۆڕش دەزانی، شۆڕشەکانی نەتەوایەتیو نەژادیو ئاینیو ئایدیۆلۆژی.. یان بە شۆڕش نازانی یان بەسەرخان و دیوێکی تری هۆیەکی شاردراوەی مل ملانێی چینایەتی دەزانێ، هەر بۆیەش ڕاپەڕینو ئینقلابو بزوتنەوە میللیەکانی بەووردی لە شۆڕش جیاکردۆتەوەو مەرجی تۆکمەی بۆ سەرکەوتنی شۆڕش داناوە .

[1] مارکس- اعمال کامله.
[2] مبادیء الثورة.

که بریتیه له:

١- حزبی پێشڕەو.

٢- بەرمیەك.

٣- هێزی چەكدار.[1]

هەر بەڕای مارکس هەڵگیرسان و داینەمۆکەشی بەو وێستگانه دەڕوات: هێزەکانی بەرهەم هێنان (ئامراز+مرۆڤ) لەگەڵ پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان (کە بریتیه لەو پەیوەندیه جیاجیانەی نێوان کۆمەڵ لە ئەنجامی پێویستی بەرهەم هێنان پەیدا دەبێ)، لە ناکۆکی دان، لە کاتێکا وەك یاسا هێزی بەرهەم هێنان گەشە دەکا، پەیوەندیەکانیشی ڕێگریەتی، تا دەگاتە رادەیەك (ئەو خالە پێی دەووترێ critied) گەشەکە دەوەستێنێ، بەو شێوەیە ئەو پەیوەندیەی بەرهەم هێنانی کلاسیکی بەناچاری دەتەقێ‌و بەتوندی ژێرخانەکەی دەگۆڕێ و دەبتە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی سەرتاسەری تیایدا پەیوەندیەکانی سەرخانیش بەدوا دەگۆڕێ لە زانست‌و سیاسەت‌و ئایدیۆلۆژیاو فەلسەفەو سیستەمی کۆمەڵایەتی و.. هەرە دوایەکەی ئاینیشه دەگۆڕێ[2]، بەهەمان شێوە جارێکی تر دۆخەکە دووبارە دەبێتەوە و قۆناغێکی نوێی کۆمەڵایەتی دێتە پێش، لەسەر ئەو بنچینه.. بە بۆچونی مارکسیەت مێژوو هەم (٥) جۆرە شۆڕش سەرتاسەری و هەم پێنج قۆناغیش بەخۆوە بینیوە: (مەشاعی، بەندایەتی، دەرەبەگایەتی، سەرمایەداری، سۆشیالیستی، ..) واتە پینج جۆرە ئاینیشی بە خۆیەوە بینیوە ٠

زۆر زانای تریش ڕایان وایە هەر قۆناغێك بەندە بە شۆڕش وەك (کوردن چایلد) دەڵێ: گۆڕان لە دڕندایەتی بۆ بەربەری شۆڕش بووە، لەبەربەریەوە بۆ مەدەنی دیسان شۆڕشێکی تر بووە، پێی وابوو ئەو شۆڕشەش (دۆزینەوەی نووسین) بووە،

[1] بۆ زیاتر سەرنج بدە (مؤلفات-مارتسی تزنگ).- یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سالی ١٩٧٥ لەسەر ئەو بنچینەیە دروست بووە

[2] ئەو نمونە زۆربەی سەرانی شیوعیەت (مارکس، ئەنجلس، لینین، ترۆتسکی، بلینحانۆف، ستالین، ماو، کیم ئیل سونگ، جۆرج پۆلیتزر،.. نەقلیان کردووە).

بەشێکی تر دۆزینەوەی ئاگر بە شۆڕشی شارستانی لە قەڵەم دەدەن..هتد.

بەروانگەیەکی مارکسی گوایــە ئێستاش کــە قۆنــاغی ســەرمایەداریە ئــەوا شۆڕشێکی پرۆلیتاریا سەرتاسەری بەڕێوەیە بۆ گواستنەوەی بەرەو سوشیالیزمی و شیوعیەت، ئــەو پرۆســەیە (حتمیة التأریخیــة)ی پــێ دەووتــرێ، دروشمــی (ئــەی کرێکارانی جیهان یەکگرن)یش لەو شۆڕشە سەرتاسەریە هاتووە، بۆیە نابێت هــەم شۆڕش لەیەك ولات بکرێت هەم لە ولاتانی دواکەوتووش دەست پێ بکا، (کەچی ئەوەیان سەرەتای قەیرانی مــارکس بــوو دەرنەچــوو)، شۆڕشــی مارکســی لەیــەك ولاتیش دەستی پێ کردو (ترۆتسکی) زۆر بە تونــدی دژی ئــەو دیاردەیــە وەســتاو لەگەڵ (ستالین) کەوتنە کێشەو تیۆری شۆڕش بەردەوامی[1] دارشــت و دوای تــیرۆر کرا لە لایەن لایەنگرانی ستالین.

کەواتــە بەروانگــەی مــارکس شــۆڕش ناکەوێتــە ســەر قــەبارەی جــەماوەر و هۆیەکانیو گۆڕانی واقعو بنکەو لوتکە.. بــەڵکو دەکەوێتــە ســەر ئــەنجام: ئــاخۆ پەیوەندی بەرهەم گۆڕاوە یان نا.. بۆیە ناچار ناوی شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩ز بــە شۆڕشی بورجوازی لە دژی دەرەبەگو ناوی شۆڕشــی ئیسلامی ئیـران ١٩٧٩ بــە هەڵچوونێکی کۆمەڵایەتی، شۆڕشی ئیسلامی (محمد د.خ) بەگۆڕینی کۆیلایەتی بۆ دەرەبەگایەتی.. ئیتر لەسەر ئەو بنچینە (واتاییە) دەگەنە زۆر ئەنجامی شازی تر.

هەرچی مەدرەسەی لیبرالیزمە هەم لە بنەچەو هەم لە باری ئێستای رۆژئاواش کەمتر ماناى شۆڕش دەچێتە ناو فەرهــەنگیان، هــەر مانــاى لیبراڵــی ئیــستا بــە پێچەوانەی کۆن زیاتر نزیك ترە لە (محافظ) نەك لە (رادیکــاڵ)، بۆیــە فەلــسەفەی لیبراڵ لەسەر ئەنتی شۆڕش بینا کراوە، هەر بۆیەش ئێستا وا زیــاتر ئامادەکاری یاساییو فکری و شارســتانی بــۆ چــەمکی شــۆڕش دەکــرێ وەك تــاوان و تــیرۆر، زۆربەشیان شۆڕش بە تێکدانو گۆڕانکاری سەلبی لە قەڵەم دەدەن، (بیرك) وەختی خۆی گوتویەتی: گۆڕانەکان لە ڕێی پێویستی کۆمــەڵ بێــت نــەك شــۆڕش، هــەتا

---

[1] بۆ زیاتر بروانە (الثورة الدائمة- ترۆتسکی).

شۆڕشی بۆ گۆڕینی دەسەڵاتیش بێت پێی وایە (گەشەکردنێکی ناسروشتیە).

ئەو راو بۆ چوونە لــەو ســەردەمەی تــاك جەمــــەری (ئــەمریکی) زۆر بــاوی وەرگرتووە گەیشتۆتە پێناسی دەستووریش، توانیویانــە بیکەنــە گوتــاری سیاســی زۆربەی دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆری و هەموو ئەوانەی لە گۆڕانکاریو پێشکەوتنو شۆڕشو راستی دەترســن، ئەوانــەی دەیانــەوێ بــێ دەنگــیو مــەیین و رەوەیــیو مەبدەئی (بخۆ و بژی، بیکەو بیرمەکەوە) پەیرەو بکــرێ، ئــەو پێناســانەی ئیــستا تاوتۆ دەکرێ لەبارەی یاسای تیرۆر زۆربەی بەلای ئەوە دەچێ کە شۆڕش تاوان بــار بکات بە گشتی .

هەموو ئەوانە وبە پرۆتۆکۆلەکانی زایۆنی و تیۆرە نوێیــەکانی (مــل ملانــێی شارستانی-هندگنۆن)، (کۆتــای مێــژوو-فۆکویامــا) (ســەرکەوتنی بــێ جــەنگ-نیکسۆن) (دبلوماسیە-کیسنجر).. مەبادیئی لیبرالیەتن لە ژێر رۆشــنایی ئــەوەدا نووسەران و سیاسەتمەدارانی جیهانی سێیەمی شکــست خــواردوو گۆتــەی وەك : سەردەمی ئایدیۆلۆجیا جەنگ و شۆڕش نەماوە، یان بــە (فتنــە)* نــاوی دەبــەن، دەڵێن (سەردەمی دیالۆگە) (کەچی لە هەموو کات زیاتر وا ســەردەمی جــەنگ و ســـەردەمی یاســـای جەنگەڵـــستانە).. هــەموو ئەوانــە زادەی فەلــسەفەی لیــبراڵ دیمکراسی رۆژئاوایە.

لە راستیدا ئەو دوو بۆچوونە نیمچە پێچەوانەیەی لیبراڵی و شیوعی بۆ شۆڕش رووبەڕووی زۆر پرسیاری بێ وەڵام دەبێتەوە، یەکەم لــە بــارەی شــیوعیەت: ئایــا ئێستاو لە قووڵایی مێژووش یەك نموونە هەیە لە شۆڕش بە پێــی ئــەو وەســفانەی مارکسیەت ڕوویدا بێ؟ کوا تەنیا (٥) شۆڕش سەرتاسەریەکە؟ ئــەی شۆڕشــەکانی شوعیەتیش کە دەسەڵاتیان پێ وەرگرتووە پێشی ڕووخان زۆربەی لە ڕێی رزگــاری

---

* هەندێ زانای ئیسلامیش بەشدارە لەو هەڵمەتە لەوانە زانایانی سەر بەدەسەڵاتدارەکان (کە بە وعاظ السلاطین ناو دەبرێن) وەك ئەزهەر هەندی بەشی وەزارەتە ئەوقافەکان و هەندێ زانای سەلەفی کەنداویش ،کەدرێژکراوەی رێکەوتنی کۆنی نێوان محمد کوری عبدالوهاب و محمد کوری ئال سعود .

نیشتمانیو چەکداریو یاخی بوونەوە نەبووە؟ کامیان لەناو کارگە دەستی پێکردووە؟

خۆ ئەگەر ئەو یاسایەی مارکس راست بوایە دەبوایە شۆڕشی یەکەم جار لە وڵاتە پیشەسازیەکانی ئەمریکاو بەریتانیاو فەرەنساو یابان.. بکرابایە.. کە شۆڕشیش گلێرەی گرت نابوایە بوەستایە سەرانسەری جیهانی بگرتایە وەك (ترۆتسکی- لە- ثورة الدائمة) بانگێشەی بۆ کردبوو.. لە راستیدا ئەوەی ترۆتسکی مارکسیانەی ڕەسەن بوو ٠

زۆر پرسیاری تری فەلسەفیو کۆمەڵایەتی و سیاسی و واقعی تریش هەیە..

لە بارەی بۆچوونەکانی لیبرالیەتیشەوە، ئاخۆ چۆن بەخۆشی هەق وەرگیراوە؟ کەی دیالۆگو پاڕانەوە لەگەڵ ئاگرو ئاسنو کیمیاوی کراوە؟ کەی ئیمپریالیزم و داگیرکەران و ماف خۆران خاکیان بەخۆشیو ڕەوشتیانە بەجێ هێشتووە؟ کەی لایەنی شەڕی ئادەمیزادێکی سەلبی بە خۆشی کپ کرایتەوە؟ کەی میللەتێك بەدیاری سەربەخۆیی بۆ هاتووە؟ کەی دیالۆگ لە نێوان دڕەندەو نێچیر بوویتە ڕزگار بوون؟.. مەگەر تەنیا بەو شێوەی کە دڕندەکە دیاری دەکاو دیالۆك لەسەر ئەوە بکەن کە ئاخۆ چۆنی بخوا، بەبرژاوی یان بەکوڵاوی، بەڕاوەڕاو یان بەخۆشی، بە خنکاوی یان بەکوژراوی، بە هێمنی یان بە توند و تیژ، بە دیکراسیانە یان بەدیکتاتۆریانە..، جا ئەو بنەمایەی ئاشتی مەسیحی (ئەگەر شەقێکیان لەولا ڕوومەتەدا لا ڕوومەتەکەی ترت بۆ وەرگێڕە) ئەوە خەیاڵیە، نەك ڕۆژهەڵاتی هەر ڕۆژئاوایە ئەوەویو کیمیاویو نوێترین چەك لە جیهان بەکارهێناوەو پێشڕەوی جەنگ بووینەو خەڵکیان چەوساندۆتەوە.

جا ئەوبنەمایەش ئەگەر داپڕنی لە واقعی ئێستا یان بەپیرۆزیەوە سەیریبکەی لە رووی ئەنسرۆپۆلۆجیو دەروون ناسیشەوە دەبینی لە هەرە چاکیدا تەنها بۆ بەشێکی کەم راستە، ئەوانەی کە ڕەوشتیان بەرزە، ئەگینا ئەگەر بەدڕەوشت شەقێکی لێدای بێ بەرگری ئەوجارە بەقامچی لێت دەدا، وەك وادەبینین ئێستا

لەهەمو کات زیاتر سەردەمی شەڕو شۆڕو هێزو چەوساندنەوەو چەند تـەرازوویی‌و ڕەگەزپەرستی و.. لە ڕاستیدا ئەو ولاتانەی هێزدارن هەرەشەیان لەسەر کەم تـرە، لە وەزیری بەرگری ژاپۆنیان پرسی ئەگەر بۆمبی ناووکیتان هەبوایە لەکاتی بۆمبـا باران کردنی هیرۆشیما ئاخۆ ئێوەش پێی لە ئەمەریکاتـــان دەداوە؟ لـە وەلآمـدا وتی ئەگەر ئەوجۆرە بۆمبایەمان هەبوایە هـەر لـە ئـەوەڵیڕا ئـەمریکا نەیـدەوێرا لێمان بدا!!

لە ڕوانگەی ئیسلامیش دابەشیەك هەیە لە واقعی ئێستای رابـوون، بەشـێکی گرنگ لە (تەیاری برایان) پێیان وایە گۆران لە مرۆڤ و کۆمەڵ، لە واقعە خراپ و ستەمکارەکان، گەرانەوەی ماف.. بە چاکسازی‌و پەروەردەیی‌و دیالۆك‌و پاڕانـەوە دەکرێ بێ شۆڕش‌و توندو تیژی.

لەو بارەیەوە (قاموس مصطلحات الدولیـة)ش پـێ ناسـێکی هاوشـێوەی ئـەو بیرەی کردووەو دەڵێ: هەڵبژاردن و پەرلەمان‌و ژیانی سیاسـی‌و دەسـتووری دەبتـە شۆڕش‌و گواستنەوەی سەرمایەداری بۆ سۆشیالیستی (هەڵبەتە ئـەوە پێناسـێکی سوشیال دیکراسیە) گەلێ جار ئەگەر گۆرانێکی فـراوانتر بـەو ماهیەتـە ڕوو بـدا پێی دەڵێن (شۆڕشی سپی).واتە شۆڕشێکی بێ خوێن.

هەرچی بەشی دووەمە پێی وایە (بێ شۆڕش‌و جیهاد)[1] تـەنها لـە دۆخـەکانی دادگەری راستە، ئەگینا لەو جیهانەی ئێـستا مانـای خـۆ بەدەسـتەوەدان‌و سـەر شۆڕی‌و ئەوێری یە، زیاتر دەڵێن ئـەوە گوتـاری سیاسـی دەسـەلآتدارانی زۆردارە، ئەزموونە نوێیەکانیش سەلماندوویانە کە دیالۆك و چاکسازی ناتوانێ جێی شۆڕش بگرێتەوە نەك لەبەر بێ زانیاری و بێ دانایی چاکـسازان، بـەڵکو بـەهۆی لایـەنی بەرامبەرو دەسەلآتدارەکانە، کە بەو چاکسازیە قایل نین بابەتە جەوهـەری یـەکان بگرێتـەوە لەوانـە : دەســەلآت‌و دەســتوورو کۆمەڵگـەو سیـستەمی سیاسـی‌و

[1] جیهاد بەو مانایە باوەی ئێستای کە زیاتر مانای جەنگ دەگرێتەوە، ئەگینا هەروەك لە فکری ئیسلامی باسی دەکەین جیهاد بەمانای ڕەهای جەنگ نیە.

دادگەری، .. بۆیە بەکارهێنانی توندوتیـژی و داپڵۆسـین و زەبـرو زەنـگ لەلایـەن دەسەڵاتداران و بێ دەنگی و بەناو چاکسازی لەلایەن (معارەزە) یان میللەتـەوە.. لە کۆتاییدا بـەزیانی میللـەت و هـــەژاران و نیـشتمان تـەواو دەبێـت، ئـەگینا مەبدەئی (ئاشتی-لا عنف) مەبدەئی هەموو پەیامەکانی ئاسمانی یە، بەتایبـەتی ئیـسلام، بەداخـەوە زۆربـەی فەرهەنگـەکانی جیهـانی سـێ یـەمیش هـەروەك رۆژئاواییـەکان نموونـەی کـۆن بـە (بـوزا)و (مونـسو)و (مـسیح)و (زینـون).. دەهێننەوەو نوێش بە (غاندی)و (جۆن ریسکارت)و (تۆلستۆی)و (هنـری داڤیـد)و (مارتن لۆتەرکنك)، [١] .. کەچی نـاوی (اخـوان المسلمین) نایـەت خـۆ ئـەوان لـە هەموان ئاشتیخوازتر بووینە، خـۆ (مـارتن لۆتـەر) و (غانـدی)یـش ڕێبەرایـەتی نارەزایی مەدەنیان کردووە هەروەك (أ.خمینی) و شۆڕشی ئێران کەچی ناوی تۆمار ناکەن، ئەوەش ئەنقەستێکە کە چ بەیاسایی یان بێ یاسـایی، چ خـۆت بگـونجێنی یان نا.. ئەوان ئەو تۆمەتانەی (نایاسایی، یاخی، تێکدەر، تیرۆر، نا مەدەنی، دژە دیموکراسی، دژە نویگەرایی، چەتە، ڕێگر، ..) دەدەنە پاڵ ئیسلامی و ئـازادیخوازە دڵسۆزەکانیش، بۆیـە بەشـی دووەم لـە تـەیاری ئیـسلامی پـێی وایـە شـۆڕش سـوننەتێکی گەردوونیـە، هـەروەك چـۆن گـۆڕانی لەسـەرخۆ و بەرەبـەرەیی لـەو گەردوون و سروشتە هەیە ئاواش گۆڕانی توند و تیژی وەك: تەقینەوەکان، سوپەر نوفا، بڕکان، تاڤگەکان، بروسك، گەردەلول، .. ئەوە هەمووی شۆڕشی سروشـتین، ئیتر مێژووی کۆمەڵیش هەروا هاتووە، بۆیە شۆڕشـیش یاسـایەکە لـە یاسـاکانی گەشەکردنی کۆمەڵ، ئامرازێکیشە لە دەست میللەتان و ژێر دەستان، لـە دەسـت کردنەوەی ئەو ئامرازەش مانای بەنج کردنی ڕاستەقینەی میللەتانە، بۆیە شـۆڕش ئەسڵێکی بنچینەی ئیسلامە لە بـارودۆخی خـۆی، وەك سەرچـاوەیەکی سـەرەکی گۆڕان، هەڵبەتە گـۆڕان لـە دژی (وەسـتاو) بەشـێکە لـە (مقاصـد الانـسانیە) و (تەعمیر)، ﴿هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ الْأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا﴾، بۆیـە گـۆڕان و چاکـسازی

---

[١] هەر بۆ سەرنج بڕوانە (الموسوعة السياسية (ك-ل-م) ب٥ ل٣٨٥).

هێمن چارەسەری دانیمە، رەسەن ترە، چاك تر ئامانج دەپێكێ.. بـەڵام تـا رادەی خۆی ئینجا دەپەڕێتەوە بۆ شۆڕش، واتـە تـا پلەیـەكی زۆر جـۆری گـۆڕان (واتـە شۆڕشە یان چاكـسازی) ئەكەویتـە سـەر سروشـتی لایـەنی بەرامبـەر، بەشـێكی كەمیش ئەوەستێتە سەر هەلو مـەرجی (لایـەنی یەكـەم واتـە چەوسـاوەو مـاف خوراوەكان)، ئاخۆ چیان پێ دەكرێ؟ لە توانایان دا هەیە.. ئەگـەر شۆڕشـیان پـێ نـەكرێ ئـەرك نیـە، هـەر فـەرموودەی (مـن رأى مـنكم منكـرا...هتـد) ئـەوە سنوورەكانی چاكسازی و شۆڕشە.

لەڕاستیدا ئەو باسە وەڵامیـشە بـۆ مەسـەلەیەكی گـرنگ ئـاخۆ چارەنووسـی شۆڕش لە كۆمەلگەیـەكی مـەدەنی یـاخود ئیـسلامی تـەواو چـی دەبـێ؟ ئایـا لەكۆمەلگـەی مـەدەنی شـۆڕش پێویـستەو دەكرێ؟هەلبەتـە شـۆڕش بـە هـەمو رەهەندەكانیـەوە لەكۆمەلگەیـەكی مـەدەنی زۆرجیایـە لەگـەل كۆمەلگەیـەكی خێلەكی، رۆلی ئامرازی شۆڕش لە كۆمەڵگەی مەدەنی زۆر كەم دەبێتەوە، وەبگرە پێویست نامێنێ مەگەر بۆ گۆڕینی سیستەم نەك بـۆ گـۆڕینی دەسـەلات، بـەلام لەكۆمەلگەیەكی دادگەر بەیەكجاری كاری شۆڕش دەوەسـتێ وئـامرازی رەخنـەی بیناكەرو ئۆپۆزیسۆنی ئامۆژگاری كەرو...جێی دەگرێتەوە .

جـۆرەكانی شـۆڕش:

لە پێشدا دەبێ بزانین كە شۆڕش لەگەڵ (ئیـنقلاب)* جیـاوازە لـە پێناسیـشدا ئینقلاب (كۆدیتا: فەرەنسیە بەمانای ئینقلاب) گۆڕینە لە لوتكـە، زیـاتر هێـزی سەربازی لێ بەكاردێت بێ ئەوەی بنكە و خواروو بەشداری هەبێت، كەچی شۆڕش لە بنكە دەست پێ دەكات ئامانجی فـراوان تـری هەیـە، جـاریش وایـە ئیـنقلاب ئـەنجامێكی شـۆڕش دەدا، ئیـنقلاب هـەر زادەی ولاتـانی دیكتـاتۆری نیـە، لـە ئەمریكای لاتینی مەلبەندی ئینقلابات بووە، پۆلیڤیا لە هەرە پێشەوە بـووە، لـە

*

جیهانی سێیەمیش لە وڵاتە دیمکراسیەکانی وەك تورکیا و پاکستان مێژوویـەکی هاوتەریبی ئینقلابی لەگەڵ خۆی هێناوە ، زۆربەی چاودێران پێیان وایە سوڤیەتی جاران و ئەمریکاش دۆستی یەکەمی ئینقلابچیانن، هەروەك زۆربەی دیکتاتۆریـە ئینقلابیـەکانی جیهـانی سـێیەمی، ئێـستا هاوپـەیمانی ئـەمریکا و بریتانیـا و فەڕەنسان، بۆیە لە پێناسـەکانی بەشـێك لـە فەرهەنگـەکان ئـەو جیاوازیـە نیـە، بەپێی فەرهەنگی (قاموس مصطلحات الدولیـة) پێناسێکی یاساییانەی شـۆڕش دەکاو هیچ جیاوازی ناکا لەگـەڵ ئیـنقلاب مـادام هـەر گـۆڕینێکی لـە دەرەوەی دەستوور بە شۆڕشی لە قەڵەم داوە، هەروەها (موسوعة العلم الاجتمـاع)یـش لـە نموونـەی شۆڕشـەکان (شۆڕشـی فەرەنـسی ١٧٨٩ و شۆڕشـی روسـی ١٩١٧ و ئینقلابی ١٩٥٨ و ١٩٦٨ عێراقی)پێکەوە ریز کردووە بەناوی شۆڕش.

بەپێی دابەشی کۆمەڵ لەسەر بنچینەی فاکتەرە کاریگەریەکان لە (ئـابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوەیی و نەژادی و سیاسی و عەقیدەیی...)، جـا کـام فاکتەر زیاتر لە فەترەیەکی مێژوویی کاریگەرتر بـووەو شۆڕشـی لەسـەر دروسـت بووە ئەوا شۆڕشەکەش هەمان ناوی هەڵگرتووە، وەك شۆڕشی رزگاری کـە بریتیـە لەو هەمو شۆڕشانەی کە خاکی پێ رزگـار دەکرێـت (لەوانـە کوردسـتانیش) کـە پێیان دەڵێن شۆڕشی رزگاری خوازی نیشتمانی، شۆڕشـی نـەژادیش ئەوانـەی لـە ئەفریقیا کـرا بەتایبـەتی خـوارووی ئـەفریقیاو زامبیـا.. لـە دژی ئەپارتایـد، وە ئەوانەی ئێستاش لە هـەردوو ئـەمریکاو ئوسـترالیا دەکـرێ، شۆڕشـی ئـەوروپای کۆنیش دەگرێتەوە، لەو سەردەمەش بەهەندێ خۆپیشاندان و جم و جـوڵی میللـی تریش دەنوێنرێت، ئیتر ئەو پێشبینیەی مارکس لە (تیۆری بەرەو هـەژاری- بـۆس المتزاید) دەرنەچوو چونکە زۆر میللەتی برسـی کـران و شۆڕشـیان نـەکرد لەوانـە برسـیەتیە بەناوبانگەکەی سۆماڵی ئەو دواییە.

شۆڕشی عەقیـدەش (یـان بەوانـە دەووتـرێ شۆڕشـی ئایـدیۆلۆجی وەك حزبـە شـیوعیەکان پـێی هەڵـسان)، شۆڕشـی عەقیـدەیی لـەو سـەردەمە زیـاتر بـە

ئیسلامیەکان دەووتریٚ وەك لە ئێران و ئەفغانستان و چیچان و زۆربەی شوێنی تر، هەر چەندە شۆڕشەکانی ئەفغانستان و چیچان و کشمیر ئیشتمانی ئیسلامیە بەلاّم عەقیدەکە داینەمۆبوو.

هەڵبەتە هەر مەدرەسەیەك پێوەرێکی هەیە بۆ مەزنترین شۆڕش، لە ئیسلامدا رەوای دەداتە هەمو شۆڕشێك لە دژی چەوسێنەر ﴿وَمَا لَكُمْ لاَ تُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ﴾، تێبینی دەکریٚ کە (فِي سَبِيلِ اللّهِ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ) مەرجی عەقیدەیی پیٚ نەداوە، بەلاّم مەزنترین شۆڕش ئەو شۆڕشە عەقیدەییە یە کە لە: نەفامیەوە بۆ دادگەری، لە تاریکی بەرەو رووناکی، لە درندەیی بەرەو مرۆڤایەتی، لە فەرمانرەوای و یاسای دەستکردی مرۆڤەوە بۆ فەرمان رەوای دروستکەری مرۆڤ، لە شاقولیەوە بەرەو ئاسۆیی، .. یان هەرچیەکی بەو ئاراستەیە بێت، بۆیە شۆڕشەکانی رزگاریش پلەیەکە لە شۆڕش، بەلاّم بالآترین پلەی شۆڕش نین (بۆ زیاتر سەرنج بدە جەنگی رەوا لەو فەرهەنگە)، دیسان زۆربەی فەرهەنگەکانی جیهانی سێیەمیش هەروەك رۆژئاوایی چەند نموونەیەکی بە شۆڕشی سەرەکی نووسیە، بۆ نموونە (الموسوعة السیاسة- مادة: الثورة) پێنج شۆڕشی نمونەی تۆمار کردووە:

١- شۆڕشی بریتانی ١٦٨٨ز.
٢- شۆڕشی ئەمریکای ١٧٧٦ز.
٣- فەرەنسی ١٧٨٩.
٤- روسی ١٩١٧.
٥- چینی ١٩٤٩...

ئیتر شۆڕشی پێغەمبەرەکان و رزگاری خوازانی تیا نیە کە گەورەترین تەوژمی گۆڕانیان لەو جیهانە دروست کردووەو دەکەن، هەتا شۆرشی ئیسلامی ئێرانیش ١٩٧٩ لەسەر ئەو ئەزمانەیە کەچی تۆماری نەکردووە.

(١١) شــۆڕش (الثورة) revolution

١- شۆڕشی بەریتانی ١٦٨٨ز.

٢- شۆڕشی ئەمریکای ١٧٧٦ز.

٣- فەرەنسی ١٧٨٩.

٤-ڕوسی ١٩١٧.

٥- چینی ١٩٤٩...

ئیتر شۆڕشێ پێغەمبەرەکان و رزگاری خوازانی تیا نیە کە گەورەترین تەوژمی گۆڕانیان لەو جیهانە دروست کردووەو دەکەن، هەتا شۆڕشــی ئیـسلامی ئێـرانیش ١٩٧٩ لەسەر ئەو ئەزمانەیە کەچی تۆماری نەکردووە.

(١٢)

چاكسازى إصلاح reform

به مانا سادەيەكەى گۆڕينى دۆخە سەلبيەكانە بەرەو ئيجابى بەشێوازى هێمنو لەسەرخۆى بێتوندوتيژىو شۆڕش، جا ئەو چاكسازيە روو لە تاك بێت يان كۆمەڵ يان دەزگا، بۆيە چاكسازى و سياسەت نزيك ترينێكن لێك ئەگەر يەكيش نەبن، وەك لەدواى زياتر دەردەكەوێ، جاريش وايە ئەگەر چاكسازيەكى زۆر و خەستى پێ بوێ ئەوا ناوەڵناوى شۆڕشى پێوە دەنووسين وەك شۆڕشى ئيسلاحى بەو مانايەى لە دژى گەندەڵى (فسادى)[1] يان ئەگەر ئەو چاكسازيە ئەنجامێكى خێراو بەرچاويش بدا بە (شۆڕشى سپى) ناودەبرێ، لە راستيدا پەيوەندى چاكسازىو شۆڕشو نوێكردنەوە (تجديد) بەو شێوەيە نيە كە زۆربەى فەرهەنگە ليبراڵى و ماركسيەكان هەتا ئەتەوەگەريەكانيش بۆى چووينە وگوايە چاكسازى تەنها گۆڕانێكى سادەيە نەك قوڵ و ريشەيى، كەئەوەى دواى تەنها لە توانای شۆڕشە.. نەخێر ئەوەيان راستە بۆ ئەو بەرنامە بێ هێزو تواناياتەى كە خۆيان قووڵ نين ناتوانن روو بچنە ناو ناخى مرۆڤ و كۆمەڵيش، ئەگينا بەرنامەى ئاينى راستەقينە لە كۆنو نوێ چاكسازيەكەى لە كۆتاييدا دەگاتە قوڵايى و ريشەيش، واتە لێرەدا چاكسازى شۆڕشێكى هێواشە و شۆڕشيش چاكسازيەكى خێرايە، بەڵام جياوازيەكى تر هەيە جار وايە ئەو گۆڕانكاريەى شۆڕش (يان بە زاراوەى ئاينى جيهاد) بەرهەمى دەهێنێت بە ٥٠ساڵى چاكسازى نايەتەدى، هەر بۆيەش نوێكردنەوەى راستەقينە (تجديد) پانتاييەكى فراوانى ئەكەوێتە مەملەكەتى

---

[1] بۆ زياتر بروانە أ-مصطلحات سياسية- د.ترابي. ب-معركة المصطلحات- د.محمد عمارة.

چاکسازی، چاکسازیەکی بە بەرنامەو مەبەست، (تجدید) گۆڕانو چاکسازیەکە لە چوارچێوەی ڕەسەنایەتی خۆی، ئەو بەرنامەیە زۆر وردو بەنەخشە نەبێت جار وایە لەسەر هێڵی ڕەسەنی خۆی لادەدا، بەتایبەتی ئەو بەرنامە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی بیناکردنی مرۆڤ و کۆمەڵی تیادایە، واتە بەرنامە ناسۆییەکان، هەروەك چاکسازیەکەی (گۆرباتچۆڤ- گلاسنۆست وبیرۆسترۆیکا) کۆتای بەوە هات زۆربەی وڵاتانی سۆشیالیستیو نیمچە شیوعی هەڵگەڕێتەوە لە بەرنامە ناسۆییەکان بۆ شاقوڵیەکانو گەڕانەوە سەر لیبراڵی و نەتەوایەتی و دەڤەری، بەو شێوەیە چاکسازی دەبێ مدرسەیەکی بەهێزی لە پشت بێت ئەگینا هەڵی دەوەشێنێتەوە پێی چاك ناکرێ، هەر بەو شێوەش چاکسازیەکانی (مارتن لۆتەر) بەرامبەر (کاتۆلیك) بووە هۆی پەیدابوونی مەزهەبێکی نوێ بەناوی (پرۆتستان)ی لە سەدەی شانزەم.

مانای ئێستای چاکسازی هەر کۆمەڵایەتی نیە، بەڵکو دەزگا ئابووری و سیاسی و زانیاریش دەگرێتەوە، هەر چەندە زۆربەی فەرهەنگە کۆن و (تارادەیەك نوێیەکان)ی ڕۆژئاوا و زۆربەی عەلمانیەتی ڕۆژهەڵاتیش کە ناوی چاکسازی دێت یەکسەر بەمانای بەو چاکسازیەی (مارتن لوثر ١٤٨٣-١٥٤٦) دەبەستنەوە کە لە دژی (کاتۆلیك، دادگاکانیان، کلیل و چەکی بەهەشت، پشکنین، دەرەبەگایەتی، گەندەڵی، کێشە بەگشتی..)، وەك فەرهەنگی بەناوبانگی (oxford) پێناسی کردووەو دەڵێ: (چاکسازی بریتیە لەو پرۆسە یەی دژی کەنیسەی کاثۆلیکی ڕۆمی کراو کەنیسەکانی پرۆتستانی پێ دروست بوو لە سەدەی شانزەهەم)[١]، لە ڕاستیدا چاکسازی جمکە لەگەڵ مێژوو، زانایانی ئاینی و نا ئاینی باسیان لە چاکسازی کردووە، بەشێك بە هێمنیو بەشێکیش بە توندیو بەشی تریش بەهەردوو شێوە لەوانە: (ئەوین، مورسی، ئەرك، ئەدون، یوپ، ڕۆسۆ، رونتری، سندی، وێب، لوبر، ئەنجلس، برنشتاین، کونت، ورد، سپنسر،

[١] Oxford. Advanced learnens dictionary.٢٠٠٠

غانـدی، .. سـەرەرای پەیامـەكانی ئاسمـانی مەدرەسـەكانی یۆنـانی و چـینی و هندی..)، تەنانەت مەبەستی بنچینەی ئاینی ئیسلام چاكسازیە، هـەر پێناسـی سیاسەتیش لە ئیسلامو لە بنەچەی خۆشیدا هەر مانای چاكسازی گـشتیە، واتـە چاكسازی ئەسڵە، شۆڕشو جیهاد ئامرازن بـۆ مەبەسـتی چاكسازی لەوسـاتانەی كەهیچ ڕێگەیەك لەبەردەم نامێنێ، چونكە بەرهەمی چاكسازی لەرووی چۆنایەتی چاكترە لە بەرهەمی شۆڕش كە چەندایەتیەكەی زیاترە.

جار وایە ئەوانەی ئەو بڕوایەی هەیە كە هەمرو شت دەكرێو دەشێ بە هێمنـی چابكرێو بگۆڕدرێ پێیان وتراوە (چاكسازیەكان-إصلاحیون) یـان (تەقلیدیـەكان، كلاسیكیەكان، پارێزگاران).. ئەوانە لەیەك بەرەو تـراز ڕیـز كـراون لـە بەرامبـەر (أصولیون، شۆڕشگێڕەكان، مۆدێرنەكان، ڕادیكالیەكان، ..)، ئەو دوو بەرەیە هەم پێچەوانەن و هـەم هاوتـای یەكیـشن وەك دوو چـەمكی: لیـبراڵ دیكراسـەكان و سوشیال دیكراسەكان، شۆڕش و چاكسازی..، لێرەوە یەك دەگرنەوە لەو بارەیەوە، هەردوو لا لە بنەچەدا بۆ چاكردنی لایەنە سەلبیەكانی كۆمەڵگـەی سـەرمایەداری ڕۆژئاوا هاتینەكایەوە، بەشێوەی هێمنانەو سـەردەمانە، لـەو خاڵـە جەوهەریـەدا لەگـەڵ ماركـسیەكان تێـك دەگیرێـن كـاتێ ئەوانـە (لیبرالیـەكان و سۆشـیال و دیكراسەكان) پێیـان وایـە پرۆسـەی چاكـسازی (پەیوەنـدی بەرهـەم هێنـانیش) دەگرێتەوە كە لە فكری ماركسی بە مەحاڵو كوفر حسابە، بۆیە زۆربەی جـار لـە فەرهەنگی شیوعیەكان دا سوشیال دیكراسی بـە: خـائین و دووڕوو، هەڵگـەڕاوە، كرێ گرتە، ڕوویەكی تری برجوازی، ..پۆلین كراون.

بـەكردە بـاری كرێكارانیـشیان تاڕادەیـەك چاكـساز كـردووەو پێـشبینیەكەی ماركس لە كتێبی (تیۆری-بـۆس المتزایـد) دەرنەچووكە تیایـدا هـاتبوو (لەبـەر ئەوەی پەیوەندی بەرهەم هێنان چاكساز ناكرێتو ناگۆڕێت تـەنها بـە شۆڕشـێكی توندو تیژی نـەبێت)، داینـەمۆی شۆڕشـگێڕیەتی ماركـسیش لێـرەوە سەرچـاوە دەگرێ.

(١٢) چاكسازى ـ إصلاح reform

بەپێی هەمان تیۆر وا پێشبینی کرابوو کە چینەکانی ناوەندیش بکەونە پاڵ چینی پرۆلیتاریاو بگەنە ئاستێکی نەداریو بتەقیتەوە بە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی، کەچی وا دەرنەچوو..

بۆیە لە کۆتاییدا (چاکسازی) بە گەورەترین دوژمنی مارکسیزم حسابە، هەروەك لە ئامۆژگاریە بەناوبانگەکەی (مارکس) بۆ شیوعیەکان هاتووە (ئێوە شۆڕشگێڕ بن نەك چاکساز)، چونکە پێیان وایە چاکسازی (حتمیة التأریخیة) دوا دەخا، ئارادەیەك هەقی مارکسیەتە لەو بۆچوونە چونکە سیستەمی رۆژئاوا چاکسازیەکانیان وەختیانەو لاوەکیەکان بووە، تەنها دەبێتە کپ کردنی و بەنج کردنی خەڵکی، هەروەك ئێستاش وا دەبینین لە هەموو بوارەکان، هەتا رەنگی داوەتەوە سەر (un)یش کە زۆربەی بڕیارو چارەسەریەکانیان کورت خایەن و لاوەکیو سەرچیخیە، نموونەشمان کێشەکانی ئسۆماڵ، لبنان، فەلەستین، بەلکان، ئەفغانستان، کوردستان، .. هەر بەهەمان شێوەش چاکسازیەکانیان لە پەیمان نامەکانی: (سایکس-پیکۆ-١٩١٦) و (بەلفۆر-١٩١٧) و(لۆزان-١٩٢٣)..کە لەلایەك ولاتێك پێش کەش یەکێکی تر دەکا (وەك کوردستان و فەلەستین) لە هەمان نووسراودا داوا دەکا مافی هاوولاتیانی ئەو ولاتە بپارێزێ، (بۆ روون تر سەرنج بدە دەقی نامەکەی بەلفۆر[١] _ یان ناوەرۆکەکانی پەیمان نامەی سایکس بیکۆ- لوزان، ..)، ئەو جۆرە چاکسازیانەیە سەرچاوەی پشێووی و جەنگ، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە سەرتاپای چاکسازی سەلبی بێت وەك بۆچونەکەی مارکسیزمو

---

[١] دەقی تەرجەمەی نامەکە: برام لۆرد رۆتشیلد، خۆم بەبەختەوەر دەزانم لەجیاتی حکومەتی خاوەن شکۆو بەرەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانیش ئەو لێدوانەتان بۆ بنێرم وەك هاوسۆزی بۆ ئەواوی زایۆنیە یەهودیەکان: (حکومەتی خاوەن شکۆ بەسۆزەوە دەڕوانیتە گەلی یەهودی بۆ دروست کردنی نیشتمانێکی نەتەوەیی لە فەلەستین، هەموو ئەرکێکی مومکینیان بۆ دەڕەخسێنرێ، پێویستە بزانرێ مافی مەدەنی (نایەهودیەکان)ی دانیشتوانی فەلەستین نابێ پێشێل بکرێت و جیابکرێنەوە لە مافە یاساییەکانی یەهود.

برای دڵسۆزتان.

ئەرسەر بەلفۆر ١٩١٧

هەندێ زاناو فەیلەسوفو دیدگای مادی ترو لەو سەردەمەش هەندێ لەتەیاری جهادی ئیسلامیشی هاتۆتە سەر، بەڵکو ڕێگەیەکی ڕەسەنی گۆڕانو گەشەکردنو بەئیجابی کردنە.

چاکسازی لە فکری ئیسلامی دا وەك چارەی هەمیشەییە بۆ کێشەکانی مرۆڤایەتی، بۆ هەردوو تەوەرەی گیانیو مادیەکەی، پێی وایە ئەوانەی وا دژی چاکسازین تەواو لە مرۆڤ نە گەیشتوونو نە کەرەستەی تەواوی چاکسازیشیان لایە، بەڵام چاکسازیش سنوورو مەرج و بارودۆخی خۆی هەیە، بەشێکە لە یاساکانی ئاسایی سروشتو سوننەتێکی گەردوونیشە، پلە بە پلە کە لە چاکسازی دوور دەکەوێتە بەرەو جەمسەری شۆڕش مانای تر وەردەگرێ وەك : سەرنج، ڕەخنە، سەرزەنشت، گەشەپێدان، نیمچە گۆڕین، سزاکانی ئابووریو کۆمەڵایەتیو دەروونی و.. هەتا دەگاتە زیندانیش، .. شان بەشانی یەکتر بەکاردەهێنرێت بۆ چاکردنی بارێکی سەلبی بەرەو ئیجابی، بەڵام دیسان ئەگەر بەرنامە و ئامانجێکی مەزن و پیرۆز لەپشت ئەو گۆڕینە نەبێت نە سەلبی و ئیجابی مانای خۆی وەردەگرێ نە ئەو کۆمەڵە گۆڕینانەش دێتە دی، بۆیە دەبێ ئەو ئامرازووە بەکاربێت بۆ هەڵسەنگاندنی گۆڕان و هەر هەنگاوێك کە لەو ئامانجە نزیکت دەکاتەوە، هەر بۆیەش چۆنایەتی هەنگاوی گۆڕین ئەکەوێتە سەر واقیع و دەوروبەرو کارتێکەرەکانی، لە کاتێکا (تجدید) چاکسازیە لەچوار چێوەی خەلافەتی ئیسلام (یان دەوڵەتی ئیسلامی)، بەڵام شۆڕش و ڕاپەڕینە لەچوارچێوەی داگیرکراوی چەوساندنەوە یان هاوشێوەکانی، بەهەمان شێوەش مارکسیزم جەختی لەسەر ئەو سنوورو لێك جیاکردنەوە کردووە، دەبینین گۆڕان لەچوار چێوەی یەك چین یان حزبە چەپیەکاندا بەچاکسازی و ڕاستەڕێ کردن وەك ئامرازێکی سەرەکیە کەچی لەگەڵ برجوازی شۆڕشو تەرتو وێران کردنە.. بەڵام لە مەدرەسەی لیبرالیەت دا هیچ سنورێکو یاسایەك نیە چاکسازی و شۆڕش لێك جیابکاتەوە، زیاتر ئەکەوێتە سەر بەرژەوەندی بارودۆخی ئەو ساتیو کاتی، ئەو بیروبۆچوونانەی لە ئەوروپا ناوی

لێ نراوە (ئیسلاحی-چاكسازی) هەر لە مارتن لۆتەر، رۆسـۆ، روبـەرت ئـەوین، مۆرس، ... هەتا غاندیش... ئەوا لەسـەر هەمان فكرەیان راپەڕین و شۆڕش كراو جیهانی پێ گۆردرا، كەچی ئێستا كەمتر پێویستیان بەو راپەڕین و شۆڕشـە هەیـە ئەوا ناو ناتۆرەی یاسایی و كۆمەلآیەتی و دەروون ناسی جیاجیایان بـۆ داتاشـیوە بۆ یەك خستنی، هەر چەندە لەبەر گرنگیشی وەختی خۆی (un)یـش دانـی بـەوە هێناوە كە میللەتان زیاتر لە چاكسازیان پێویستە تـا دەگاتـە رادەی بـەرگری و شۆڕشی چەكداری .. هەروەك لە ماددەی (١) فەقەرە (٢، ٣)ی بابەتی (مقاصـد الامم المتحدة) هاتووە.

هێـزی چاكسـازی:

مەبەست لـێی تواناو كاریگەری ئەو مەدرەسە یە(یان دەزگایە بەگـشتی یـان ئەو كەسـە) بۆ گۆڕینی واقعێك، ئەوەش دوای خووردكردنەوەی بەسـادەتر دەبیـنین ئەو توانایە دەپیورێ بەرووبەری ئەو توانایەی چاكردنی مرۆڤێكـی سـەلبی بـەرەو ئیجابی، كەواتە بازنەی باسـەكەمان لێرەدا لـە دەوری چـاكردنی مرۆڤـە، ئـاخۆ چەندە دەكرێ مرۆڤێكی خراپ چا بكرێت؟ ئایـا خراپـە مـیرات و زگماكیـە یـان وەرگیراو فێربوونە؟ ئایا راستە هەموو مرۆڤێك هەر سروشت و ڕسكانی شـەڕانیە؟ وەك زۆربەی زانایان وای بۆچووینە، كەواتە كێـشەی بنـچینەی مـرۆڤ چـیـە؟ كـام مەدرەسەو عەقیدەو سزا دەتوانێ ئەو جۆرە مرۆڤانە چا بكا؟..

لەسەر وەلآمی ئەو پرسیارانە دابەش بوونێكی هەمە لایەن هەیـە.. بەشـێكی زۆر لە زانایـانی رۆژئـاوایی پێیـان وایـە هـەر لـە بنەچـەدا مـرۆڤ شـەڕانگێز و. گورگانیـە[١] لەوانـە: (میكـاڤیلی، نتـچە، هـۆبز، فرۆیـد، دوركـایم، مـاركس، وجودیەكان، مادیەكان، ..)، بە كورتی زۆربەی عەلمانیەتی جیهانی و دەڤەری ئەو بۆچوونەیان هەیە، ئیتر ڕەش بینن بەرامبەر مرۆڤ، بۆیە رۆژئاوا كەمتر گرنگی بەو

[١] بۆ زیاتر بروانە ئەو كتێبانە: (أمیر، طبیعة الانسانیة، نظریة الجنسـیة..).

لايەنە داوە، جگە لەوەی سزای زیندانی و جارجاریش (سێدارە) وەك دوا چارەی قەڵاچۆی تاوان، هەر بەهەمان شێوەش زاناو فەیلەسوفانی شیوعیەت و سۆشیالیستیش هەر بەجۆرێك لە جۆرەكان بێ ئومێد بووینە، چونكە بەپێ ی ئەو زانایانەی هاوبەشن لە دەروون ناسی، ئەنسرۆپۆلۆجی، كۆمەڵناسی، فەلسەفی، سیاسی.. لەدوای لێ كۆڵینەوەو ئەركێكی یەكجار زۆر گەیشتنە ئەو راستیە ئەمرە گوایە: هیچ دەزگایەك نیە چاودێری نیاز و مەبەستە شاردراوەكانی مرۆڤ بكا، چونكە یاسا لەباشترین دۆخیدا تەنها دەتوانی چاودێری لایەنە دیارەكانی مرۆڤ بكا، بەوەش نیوەی كێشەی كۆمەڵیش بنبڕ ناكرێت، باقیەكەی تره (واتە لایەنی شاردراوەكەی كە-أسرار الشخص-ی پێ دەوترێ)، سەرچاوەی سەلبیاتی كۆمەڵ و تاكە، هەر لە پەیوەندیەكانی جیهانی تا دەگاتە یەكەی خێزان، كەواتە ئەو ←اسرار-گرنگترین بەش و دوا ڕیان و قووڵ ترین كێشەكەیە، ئالێرەدا توانای بزوتنەوە كۆمەڵایەتی و سیاسی و حزب و دەوڵەت و مەدرەسەكان دەردەكەوێ كە كامیانە دەتوانی ڕوو بچێتە ناو قووڵایی ناخی مرۆڤ و چاكسازی تیا بكا، راستە ئەوانەش هەمووی لە بنەچەدا بەناوی چاكسازی دێنە مەیدان كەچی گەر بەو ئەرازووە قووڵە هەڵیانسەنگێنی تێكدانی زیاتر دەبێ لە بیناكردن، مادام بەرنامەو عەقیدەكەی نەتوانی وا ڕوو بچێتە ناخی مرۆڤ، مادام نەتوانی ئەو دوو ئەركە چاكسازیە گرنگە گەردوونی و چارەنوس سازانەی خوارەوە بۆ مرۆڤ دانەڕێژێ:

١- بتوانێ مرۆڤێكی دەروون نەخۆش و سەلبی و شەڕانی و گورگانە وەرگێڕێ بۆ مرۆڤێكی ساغی نیجابی خێرمەندی هاوكار.

٢- بتوانێ چاودێرێكی هەمیشەیی (روحی) لەناخی مرۆڤ دروست بكا بۆ گێڕانەوەی لەهەر نیاز و كارێكی سەلبی بێ ئەوەی چاوی یاسا و خەڵكیشی لێ دیاربێت، ئالێرەدا پێویستە بڵێین كێشەی مرۆڤ لەدوا لێكدانەوەدا هەر كێشەی ئەخلاقیە، بە چارەسەریەكانیشەوە، راستە دوو هۆكاری سەرەكی هەیە بۆ چاكردنو راستە ڕێ كردنی مرۆڤ و كۆمەڵ:

١- یاسای توندو تۆڵ و دادگەر.

٢- چاودێری گیانی لەناخی مرۆڤەوە.

جا وا دەردەكەوێ كە یەكـەمیان مـادی و دەرەكـی و دووەمیـشیان روحـی و ئەخلاقیە.. بـەڵام مـادام دادگـەرو تـەرازووی تیادایـە ئـەوا یەكەمیـشیان هـەر ئەخلاقیـە.. واتـە راسـتە لـە كۆتاییـدا كێشەكە ئەخلاقیـەو چارەسـەریەكەش ئەخلاقیە، ئیتر لێرەدا پەیامی عەلمانیەت و ئاین لێك جیادەبنەوە كاتی پـەیڕەوی عەلمانی تەنها جەخت لەسەر مادیانەی مرۆڤ دەكـا، ئـاینیش زیـاتر ئەخلاقیانـە، ئەگەر مەدرەسەكانی عەلمانی (چەپی و سۆشیالیـستی و لیبڕاڵـی و نەتـەوەیی..) بتوانن جارجار خاڵی یەكەم (واتە یاسایەكی بەدادگەر) بهێننـە دی ئـەوا هـەرگیز نەیانتوانیوە و ناتوانن خاڵی دووەم (چـاودێرەكە) دروسـت بكـەن، بـەو شـێوەیەو لێـرەدا مەدرەسـەكانی عەلمانیـەت توانـاو وزەی دەوەسـتێ و بەرەبـەرە لەگـەڵ گەشەسەندنی كۆمەڵ و زیاتر بەرەو عەولەمە چوون جێگە و پێگەی خۆی لەدەست دەدا بۆ پەیامی ئاینی كە لە توانای هەبووەو هەیـەتی ئـەو ئەركـە ببینـێ، هـەر بۆیەش بەزەقی دەبینین مەدرەسەكانی عەولەمە لە چاكسازی تاك و كۆمەڵ تـەواو پەكی كەوتووەو بەرەو قەلۆشیە لە هەموو بوارەكانی: سیاسی، فكری، فەلسەفیو لایەنی پەیڕەویش لە یاساو دادگەری و هێزی جەماوەرو..، هەر بۆیەش دەبینین لە هەر شوێنێكی جیهانی ئیسلامی بەئازادی عەلمانیەت و ئیسلامی وەك بەدیل لـە مەیدان بن ئـەوا عەلمانیـەت قـەتیس مـاوە لـە دەسـەڵاتخوازی و كلاسـیكیەت و فریودانو دیكتاتۆریو پشت بەستن بە سوپاوزیندانی ...، لەسەر ئەو بنچینە قووڵە بووە ئەو سەدەیەی نوێ ناونراوە سـەدەی ئاینـەكان[1]، هـەتا تیـۆرە كۆمەڵایەتیـە سەرەكیەكانی هەرە دوور لە ئاینیش ناوەڕۆك و مەبەستەكەی پـڕە لـە ئـاین وەك (تیۆری مل ملانێ ی شارستانی)، (سیستەمی نـوێ ی جیهـانی)، (عـەولەمـە و عالەمی)، (جەنگی نوێكانی جیهانی)، (ئیمپریالیزمی نوێ)، (پـڕۆژە نوێكـانی تر..)، هەتا مەدرەسەكانی تریش ئێستا داینەمۆیەكی ئـاینی بـۆ تـەرهیم كـراوە ڕاستەوخۆ یان ناڕاسـتەوخۆ (هـەروەك لـە بەشـی مەدرەسـەكانی عەولەمـە لـەو

[1] بۆ زیاتر سەرنج بدە ڕاپۆرتی كۆنگرەی هەزارەی نیۆیۆرك-هەفتەی كۆتای ٨/ ٢٠٠٠.

فەرهەنگەدا زیاتر باسی ئەو بابەتە دەکـەین)، وەرچـەرخانێکی گـرنگترو هاوتـای تریش ئەوەیە زانستی نوێو ئایدیۆلۆژیاش بەرەو ئایینە بەتایبەتی ئیسلام.

کەواتە بابزانین ئەگەر مەدرەسەکانی عەلمانی لەو چارەسەریەی ناخی مـرۆڤ بـە مەحال گەڕانەوە ئاخۆ بەرنامەی ئیسلام چـی پێیـە؟ ئایـا دەتوانـێ لـە بەرنامـە چاکسازیەکانیدا مرۆڤی شەڕانی بۆ مرۆڤیکی خێرخواز بگۆڕێ؟ هێزی پـەروەردەی چەندە؟ چەندە دەتوانـێ مرۆڤێکـی خۆنەویـست دروسـت بکـا چ سـادە بـێ یـان بەدەسەڵات، دنیا نەویست بێ، بەرژەوەندی تایبەتی بخاتـە خزمـەت بەرژەوەنـدی گشتی.. دەکرێ نموونەك لە کۆمەڵگەی نوێ دروست بکا کـە تاکـەکانی پـەیڕەوی مەبادینەکانی عەقیدەیەك بکا چی بۆخۆی ویست ئاواش بۆ خـەڵکی تـر، دوایـی چی بۆ وڵاتەکەی ویست ئاواش بۆ جیهان.. بەو شێوە بێت دادگەری جیهـانی پـێ بێتە دی.. کەواتە چۆنو لە کێ ڕا ئەو چاکسازیە دەکا؟ ئەگەر جاران توانیویـەتی ئایا لـە ئـەزمونی نـوێ نمونـەی هەیـە؟ هـەروەك تۆلـستۆی، برناردشـۆ، .. بـە ڕاشکاوانەتر بۆی چووەو دەڵێ: دادگەری بەو بنەمایە دێتەوەدی ئەگەر هەریـەکێك چی بۆ خۆی ویست ئاواش بۆ خەڵکی تر، کە ئەوەش بناغەی ئیـسلامە لـە هـەر سەردەمێك پەیڕەو بکرێ، هەڵبەتە بـەپێی ڕووکـاری مـادی ئـەو سـەردەمە ئـەو پرۆسەیە بـە مـەحاڵ پـۆلین دەکـەن، بـەڵام مـەحاڵ نیـە، لـەو بەشـەی داهـاتوو وەڵامەکەیتی بەڕوانگەی فکری ئیسلامی.

(١٣)

ناخی مرۆڤ نفس الانساني Human's psyche

لە کۆنەوە ئەو بابەتە زۆربەی مەدرەسەو زانایانی سەرقاڵ کردووە، لەبارەی پێکهاتەی دەروونی مرۆڤ، چەندین پرسیاری بێ وەڵامی وەك: ئاخۆ تەبیعات و سروشتی مرۆڤ لە کوێیە؟ چارەی هەیە یان نا؟ سەرچاوەکانی دروست بوونی (تەبیعاتی) سروشتی بەشەری چیە؟ خۆرسکەو زگماکی و میراتە یاخود بەرەبەرە مرۆڤ وەری دەگرێ لەدەوروبەر؟ ئایا تەبیعات چەسپاو و نەگۆڕە یاخود ئەویش چا دەکرێ و خراپتر دەکرێ؟

کەواتە هۆی بنچینەی (إنحراف اجتماعی) لە کوێی ئەو دەروونانە دروست دەبێت؟.. زۆر پرسیاری تریش.

هەلبەتە کێشە لەسەر پانتایی‌و شوێنی مادی (تەبیعات)یش هەیە، بەپێی (تعریفات جرجانی) ئەوا: (الطبع: ما یقع علی الناس بغیر إرادة)، واتە بەدەرە لە ویست‌و خواستی ئەو کەسە خۆی و ئیتر بەو مانایە بێت تەبیعات دەرمانی نیە هەر وەکو کوردیش وتویانە، بەڵام رەنگە (جرجانی) لەگەڵ ئەو بەشەی (طبع)ی بێت لەلایەنی حەزو ئارەززی خواردن و نووستن و توانای لەش کە (غەریزە)ی پێ دەوترێ، نەك ئەو بەشەی کە پەیوەستە بە "ئەخلاق"ی کە بەشەکانی (توورە یی، هەڵچوون، بێ ئۆقرە، خۆ ویستی، خۆبەزل زانی، بێ بەزەیی، هەڵپەرست، ترسنۆك، ...) لەگەڵ پێچەوانەکانی (درەنگ تووڕەبوون، بە ئۆقرە، گشت ویستی، سادەیی، بەبەزەیی، راستی، دادگەری، بەهەڵوێستی، بەهێزو ئازا، هاوکاری، برایەتی، بەهانا هاتن..) دەگرێتەوە، بۆیە کەمتر ئەو رایە هەیە کە (تەبیعات)

بەدەربێت لە ئیرادەی تاك خۆی، هەر چەندە بەناڕاستەوخۆ ڕایەكانی ماركس، ئەنجلس، دوركایم، فرۆید، هۆبز، نیتچە، شوینهاور، وجودیەكان، مادیەكان، بەشێكی زۆریش لە دەروون ناسان، جەبریەكانیش، .. هەر هەمان مانا وەردەگرێ، چونكە ئەوانە پێیان وایە تەبیعاتی بەشەری بەندە بە بازاڕەكەی وەك ماركس دەڵێت، كە نزیكە لە ڕایەكەی ئیمام غەزالی، كە هەڵس‌وكەوتی بەشەری دەگێڕێتەوە بە سەرەكی بۆ غەریزەی زگ تێركردن، فرۆیدیش بەندی كردووە بەبارودۆخی جنسی، دوركایم دەیگێڕێتەوە بۆ تەبیعاتی دەستە جەمعیو مێگەلی، .. ئەوانەی پێشیان وایە (تەبیعاتی بەشەری) زگماكیو خۆڕسكو میراتی نیەو بەرە بەرە دروست دەبێتو شایەنی گۆڕانیشە لەوانە (مۆنتسیكۆ، ڕۆسۆ، جۆن لۆك، بەڵام بۆ سەرچاوەی دروست بوونەكەی د ـــ ان بەهەڵە دیدەنە پاڵ فاكتەری جیاجیای وەك: نابووری، نەژادی، نەتەوایەتی، چینایەتی، ژینگە، بەشێكی تر بۆ پێكهاتەی فسیۆلۆجیو ئەو لینجانە كاریگەرن، وا بەشێكیان لێ تۆمار دەكەین: -

- ئەنجلس: بۆ گەڕان بەدوای تەبیعاتی بەشەری سەیری سەرو كەللەی مەكەن، سەیری بازاڕو دۆخی مولكیەتی بكەن.
- ستالین: تەبیعاتی هەر كەسێك بەندە بە نینتمای چینایەتیەكەی، واتە تەبیعاتو سروشتی ئاغایەك جیایە لەگەڵ جووتیارێك، دەوڵەمەندێك لەگەڵ هەژارێك.
- شیوعیەت بەگشتی: پێی وایە مرۆڤ وەك تاك تاك چانابێت بەڵكو بەچینەوە دەبێ بگۆڕێ.
- مۆنتسیكۆ: لە كتێبی (روح القوانین) ژینگەیە تەبیعاتی بەشەری دیاری دەكات، هەروەكە لە دوركایم، لامارك، داروینیەكان، مادیەی فەرەنسی كلاسیكی، .. هەتا بەشێك لە ماركسیەكانیش لەوانە (بلیخانوف) هاوبەشی

ئەوانەو (مۆنتسیکۆ) دەکەن لەو رایە*.

- دەروون ناسەکان: بەشێکی زۆر لەوانــە ئــەو جــۆرە تەبیعاتــە بــۆ (غــەریزە) دەگێڕنەوە.
- جەبریەکان لە فکری ئیسلامیشدا: هەریەکە تەبیعاتی لە ئەزەلەوە بۆ دیــاری کراوەو هیچی لەدەست نیەو مسەیەرە.
- بەشێك لەگەردووونناسی (منجمین): پێیان وایە رۆژی لەدایك بوونو جوولــەی ئەستێرەکان کاریگەریەکی زۆری هەیە لەسەر تەبیعات.
- لەکۆنەوەش (هرقلیط ٤٦٠-٣٧٧پ.ز) رای وابوو ئەو لینجیەی لە مێشكو دڵو پەنکریاس دەردەچێت تەبیعاتی بەشەری پێ دیاری دەبێت، مەدرەســەی فەسلجی نوێش هــەمان رای پەرەپێــداوە، لەوانــە هــەردوو زانــای ئــەلمانی (کریشمر)و (ڤۆند)، هەروەها (باڤلۆڤ)و (یۆنگ)، چەندین مەدرەسەی لەسەر دروست بووە وەك مەدردسەی فرنس سکون، ماك نولین، مەدرەسەی ئیتــالی (ڤیولا) مەدرەسەی کریشمر، مەدرەســەی یــۆنگ، مەدرەســەی شــلیدۆن..، لەناو کوردیش وا باوبوو پیاوی چلمن پەسندە.
- هەروەها بەشێك لە فەیلەسوفانی ئیسلامیش تارادەیەك ئەو رایەیان هــەبووە (جــلال الــدین ســیوطی) لــە کتێبــی (الرحمــة في طــب والحكمــة) هــەروەها (سمرقندی) لە کتێبی (تنبیه الغافلین -ص٧٥) دەڵێــت: ان دخــول نــسب بــین الیبوسة والرطوبة والحرارة والبرودة يحرر اخلاقیة الانسان بحیــث یقــول (..فمــن یبوسه العزم ومــن الرطوبة اللین ومــن الحرارة الحدة ومــن البرودة الانــاه فــإن زاد واحد مــنها او قل دخل الفساد).

* بنەچەی ئەو رایە لە سەردەمی ئەرستۆ وە دێت، ئەسکەندەری مەکدۆنی پرسیارێکی ئاراستەی مامۆستای خۆی ئەرستۆ کردو تیایدا هاتبوو: من چی بکەم لەگەڵ خەڵکی ناوچەی بابل (عێراقی ئێستا) کە هەردەم لە گۆرانو بێ بەڵێنین؟ لە وەڵامدا ئەرستۆ وتی: لێیان گەڕێ ئەوانە چاك نابن چونکە سروشتو تەبیعاتیان وەك ئاوو هەواکەیانە (واتە ژینگەکەیان)کە خێرا دەگۆڕیت لەوپەڕی سارد بۆ ئەوپەڕی گەرمو پێچەوانەش .

- داڤید هیۆم: له (مقالة عن طبيعة البشرية) نزيك دەبێتەوە لە راستى تەبیعەت بە نزیك خستنەوەی لە دەروونو ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەری دێت.
- ئوگست کونت: تەبیعاتی بەشەریش هەروەك قۆناغەکانی کۆمەڵایەتی هەر تاکێك بەسێ قۆناغ دەڕوا: ئاینی، فەلسەفی، علمی واقعی.
- ئەرنست بارکر لە کتێبی (اخلاق القومية) و زۆربەی نەتەوەگەریەکانی جیهانی تەبیعات دەدەنە ئینتمای نەتەوایەتی.

فکری ئیسلامی زۆر رون دەڕوانێتە تەبیعات و ناخی مرۆڤ لەژێر ئیرادەی خۆی، پێی وایە نەگۆڕو زگماکیش نیە، بەرەبەرە لە ژینگەو خێزانیو کۆمەڵو جیهان وەری دەگرێ، واتە شایەنی چاکردنو خراکردنی هەیە.

ناخی مرۆڤ وەك هەموو بەشەکانی بوونەوەر لەدوو دژ (دیاد-جووتە-زوجی) ﴿سُبْحَانَ الَّذِي خَلَقَ الأَزْوَاجَ كُلَّهَا مِمَّا تُنْبِتُ الأَرْضُ وَمِنْ أَنفُسِهِمْ وَمِمَّا لاَ يَعْلَمُونَ﴾ پێك هاتووە:

لایەنی یەکەم: لایەنی دەروونیە (نفس) هەردەم ئارەزووی زاڵ بوونو دەست بەسەراگرتنو تێر نەبوونو سنور بەزاندنو خوازیاری زۆرو تەمەلوكو جنسو دەسەڵاتو خۆ دیارخستن.. بەکورتی لایەنی سەلبی مرۆڤە (النفس الأمَّارة بالسوء) لایەنی مادیو شەهوانیەکەیە کە زیاتر بەلای دڕندایەتی مەیل دەکا.

لایەنی دووەم: عەقیدەیە، یان هەندێ جار بە (ئەخلاق) تۆماری دەکەن یان بەگشتی بە (عەقل)ی دروست دەری دەبڕن، گرنگ ئەوەیە لەدژی بەرەی یەکەمە، عەقڵە (یان عەقیدە) دەبێتە هۆی رێ گرتن لەو داخوازیە بێ سنورانەی (دەروون)، ئەو دوو لایە نە، ئەو دوو دەزگا دژ بەیەکە لەناخی هەرتاکێك هەردەم لە جەنگێکی بێ دانوستانن بەشێوەیەك ئەگەر عەقڵی دروست بەتەواوی سەرکەوت ئەوا مرۆڤێکی میان ڕەوو ڕەووشتداری ئیجابی لێ دەردەچێ، ئەگەر دەروونیش سەرکەوت ئەوا مرۆڤێکی دڕندەی بەدڕەوشتی سەلبی لێ دەردەچێ بۆیە (ابوبکر) دەڵێت: (طوبى لمن كان عقله اميرا، وهواه اسيرا.. ويل لمن كان هواه اميرا

وعقله اسيرا).

بەکـــورتی هەموو مرۆڤێك لەو جیهانە لە نێوان ئـەو دوو ئەنجامـە دایــــە، واتـە سروشـتو تەبیعاتەکانیـشی ئەوەسـتێتە سـەر ئـەنجامی ئـەو جەنگـە یـان هاوسەنگیەکانی.

رای جیاجیا لەو بابەتە:

- ﴿وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا، فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا، قَدْ أَفْلَحَ مَنْ زَكَّاهَا، وَقَدْ خَابَ مَنْ دَسَّاهَا﴾، واتە: هەردوو لایەنی دژبەیەکی لەناخی مرۆڤ شێن کردوە.
- {ان الله خلق الانسان وركب فيه العقل و الشهوة، وخلق الملائكة وركب فيها العقل، وخلق البهائم وركب فيها الشهوة، فمن غلب عقله على الشهوة فهو أعلى من الملائكة، ومن غلبت شهوته على عقله فهو أدنى من البهائم*} (فەرموودە).
- ابن عباس: ان في ابن آدم نفساً وروحاً بينهما مثل شعاع الشمس، والنفس هي التي بها العقل والتميز، والروح هي التي بها النفس والتحرك، الا ان النفس والروح يتوفيان عند الموت في حين ان النفس وحدها هي التي تتوفى عند النوم.

هەڵبەتە مرۆڤە شەهوانییەکان (کە دەکا دەروونـی زاڵ تـرە بەسـەر عـەقلی) ئەوا بێ سوودتریش دەبێت لەگیان لەبەر، چونکە ئەو سودێکی هەر هەیە، کەچـی ئەو مرۆڤە تەنها دەبێتە بارستاییەك لە سەلبیات بۆیە لە قورئانی پیرۆز لە دۆخـی وادا وەسفی مرۆڤ بە (...کالانعام بل أضل) دەکا.

- ســـعید نورسی: لە کتێبـی (الایمـان وتکامـل الانـسان) دەڵـێ: (لایـەنی جەســتەیی و دەروونـــی بــە ١٠٠ پلــە لــە خــوار ئاژەڵــە، بــەڵام لایــەنی مرۆڤایەتیەکەت ئەگەر بە پەروەردەی ئیسلامی تەواو کـرا ئـەوا جیهـانێکی باڵایە.

* بۆیە لە قورئان کاتی مرۆڤی بەد بە ئاژەڵ دەشوبهێنێ بەوە ناوەستێ وەدەڵێ: (..کالأنعام بل اضل..)

- ابن عدى له (تهذيب الاخلاق) دەڵێ مرۆڤايەتی بەندە بە هێز و دەسەڵاتی لایەنی دەروونی.
- فارابی له (كتاب الملة) دەڵێ: لەكاتی دەروون زاڵ بوون بەسەر عەقڵا ئەوا هەم كۆمەڵگايەكی نەفام وهەم سەرۆكەكەش نەفام دەبێت.
- له مانای بینای كۆمەڵایەتی هەریەكە لە (میرث) لە كتێبی (عناصر التنظيم الاجتماعی)و (براون) له (العلم الطبيعي للمجتمع)، (میرۆخ) لە (علم انثروبولوجی بريطانی) بەشی هەرە زۆری.. وانابینن كە بینای كۆمەڵايەتی بینایەكی ژێرخانی نەخلاقیە.. دووری دەخەنەوە لەناخی مرۆڤ و هەريەكە پێناسی سەیر سەیریان هێناوەتەوە بۆ ئەو بینایە كە لێرە مەودانیە هەمووی تۆمار بكەین.
- بەهەمان شێوە (موسوعة العلم الاجتماع) هەروەك زۆربەی زانایانو فەرهەنگە عەلمانیەكان چاكردنی تەبیعاتی داوەتە كێشەی كارو كاسبی.
- ئەفلاتون: جیاوازی نێوان شاو و هاوولاتی گوایە لەو (متراجحة= in equility) هاتووە، شاكان عەقڵیان زاڵە بەسەر دەروون بەڵام هاووڵاتی بە پێچەوانەوە..
- (معجم الكنوز..) العقل عقال النفس.
- رسائل (ابن سيناء): دادگەری بەندە بەزاڵ بوون بەسەر دەروونندا.
- له ئەفسانەی یۆنانی كۆن (دەروون، نفس- psych-سایك) كچێكی خوای جوانیە (ئیرۆس) عاشقی بووە.. دوای شاردرایتەوە و هەموو خەڵك حەزی لێ كردووە.. (معجم ديانات و اساطير العالم- ل١٥١).
- هەريەكە لە (لسان العرب-ابن منظور)و (موسوعة الاديان..)و چەند فەرهەنگو زانای تریش لەگەڵ زۆربەی موفەسیرەكانی قورئانی پیرۆز مەیلی ئەوەیان كردووە كە بەرەی دەروون هەردەم مرۆڤ پاڵدەدا بەرەو جەمسەرێك ناوی (أنعام)یان لێ ناوە، بەرەی عەقیدەش هەردەم مرۆڤ پاڵدەدا بەرەو

جەمسەرێك ناوی (أحسان) یان لیٚ ناوە کە نزیکە لە پلەی فریشتەیە.

- کەمتر زاناو فەیلەسوفانی رۆژئاوا هەستیان بەو بابەتە گرنگەو سەرچاوەکانی کردووە، بەلاَم بەشێکیان هەیە لەو بارەیەوە دواون کە چۆن دادگەریو چاکسازیو مەدەنیەتو ئارامی بێتە دی.. لەو بارەیەوە (سپینۆزا) لە (رسالة في لاهوت والسیاسة) دەلێت: (بۆ ئەو مەبەستە دەبیّ هەموو رێنماییەك بکەوێتە ژێر کاریگەری عەقلّ بەتەنها، بەر لە دەروونیش بگرین کە دەبێتە زیان بۆ خەلکی تر).
- هەلّبەتە مارکسیەکان ئەو جەنگە لەویّ نابینن بەلّکو بۆ (مولکیەت) و فاکتەری ئابوری دەیگێرنەوە.
- لیبرالیەکان: تەواو رێشەی لەسەر دەروون کردۆتەوە، لە وەلاَمی پرسیاری (اتتخذ الحکم هواکم..) دەلێن: بەلیّ!
- هەلّبەتە رای جیاجیاش هەیە لەبارەی ئەو شوێنەی کە لە لەشی مرۆڤەو بووەتە سەرچاوەی تەبیعاتو چاکردنەکەشی، وەلاَمەکانی هەمان هاوشێوەی وەلاَمی سەرچاوەکانی بارو تەبیعاتی کۆمەلّە بەگشتی، مارکسیەکان کە پیّیان وایە ئابووریە پێشیان وایە ئەو سەرچاوەیە لە لەشی مرۆڤ گەدەیە، بۆیە ئەگەر باری (گەدە) چا بکرێت ئەو مرۆڤەش چا دەکریّ، بەهەمان شێوە مەدرەسەی جنسی دیارە رایەکەیان چاکردنی مرۆڤ لە چاکردنی ئامرازی جینسی دەبینن، مەدرەسەی نەتەوایەتیش پیّیان وایە خوێنی پیس نەبێت و تێکەلّی رەگەزی تر نەکرێت هەروەك رای بزوتنەوەی شۆڤینیو تۆرانی و نازی و فاشی و بەعسی وزایۆنی.. زۆری تر.

لە فکری ئیسلامیشدا.. نیازو جەو جۆلّە عەقلیەکانە واتە ئەگەر عەقل بەدروستی رێکخرا ئەو سەرچاوەیتی ئەگینا هەریەکە لە گەدەو جنسو خوێنو پێستو زمان.. تەنها شێوەن نەك جەوهەرو ناسنامە، ئەوەی سەرکردایەتی دەکا عەقلە.. ئەگەر عەقلیش سەرکردە نەبیّ ئینجا راستە بۆ هەر مرۆڤێك ئەندامێك

دەبتە بنچینە لەوانە و زیاتریش.. لێرەش دەبێ جۆرە دادگەرییەك هەبێ نابێ عەقڵ دەروون زیندانی بكا، پێویستە مافی خۆی بداتێ، بەڵام دەسەڵاتی نەداتێ، وەك ئیمام غەزالی دەڵێ: (ان الأعتدال هو الميزان لجميع السلوك، والخروج عن حد الإعتدال الى الإفراط والتفريط هو مصدر الأمراض النفسية..)

جەنگی نێوان دەروون و عەقڵ:

جەنگی نێوانیان تەن بەتەن نیە، كارتێ كەرەكانی دەرەكی لە باری كۆمەلایەتیو ئاستی زانیاریو نەریتو دەوروبەرو هێزی پەروەردەو جۆری حوكم و باری سیاسی و هەڵسوكەوت و سلوكی زاناو بەرپرسان و رای گشتیو راگەیاندنو ئاین .. بە ئیجابیو سەلبی بەشدارن لەو جەنگە، ئیتر بە گشتی لە كۆتاییدا هەندێ فشار لەرێی رای گشتی بە ئیجابیو سەلبی دروست دەكا لەسەر تاك كە رێ لە (دەروون) بگرێ هەموو شت نەكا كە بە شێوەی: عەیبە، مرۆڤایەتی، لومە لائم، نەریت، بەزەیی، :.گوزارش دەبێت، هەر چەندە بەشێك پێیان وایە ئەو فشارانەش ئەلقەیەك لە كۆت و زنجیر زیاد دەكا لەسەر مرۆڤ لەوانە مدرسەی لیبرالیزم، وجودیەكان، (فرۆید) لە هەندێ ئەدەبیاتی كوردیش ئەو رایە هەیە (بروانە شیعرەكانی بێكەس لەبارەی عەیبە)، هەروەها پێچەوانەكانیشی هاندەری دەروونە لەوانە (گوێ مەدێ، عەیبە نەماوە، هەموو خەڵك وا دەكا، مەبدەئیاتو دادگەری و هەق نەماوە، هەركەسە بۆ خۆیتی، ..) بۆیەش لە فكری ئیسلامیدا كە تاوانێك دەكرێ بە تەنها لە ئەستۆی بكەرەكە نیە ئەگەر بارودۆخی دەوروبەرەكەی بەستاندەر نەبێت، ئەو كەسە دەستی نابڕێ لەسەر دزی كاتی لە وڵاتەكەی نادادگەری و باری ئابووری پەروەردەیی خراپ بێت.

بەڵام بۆ رێگرتنی یەكجاری لە خراپەو كپ كردنەوەی تەوژمی دەروون و هەڵمەتەكانی ئەوا تەنیا بە ئایینی ئیسلام ئەو جەنگە یەكلا دەكاتەوە لە قازانجی عەقڵ، بەهۆی لێپرسینەوەی دوا رۆژ، هەر بۆیەش (بوویتە كۆلەگەیەك لە ئیمان)،

ئەو بڕوایە وا دەکا هەم عەقیدە زاڵ بێت بەسەر دەروون و هەم چاودێرێکیش دروست بکا، ئیتر بینای کۆمەڵایەتی راستەقینە لێرەوە دروست دەبێت، مانای وایە "ئیمان" هەر مەسەلەیەکی شەخسی نیە لە نێوان خۆت و خودا نیە وەك ئاینەکانی تر، بەڵکو فاکتەرێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری ..تەواوی ژیانە، نموونەی کۆن و نوێ و واقیعیشمان لەبەر چاوە کە چۆن مرۆڤێکی سەلبی بەهۆی ئەو ئاینە بووە بە ئەستێرەیەکی پرشنگداری کۆمەڵ و خۆنەویست لە پێناوی ژیانی خەڵکی ترو مرۆڤایەتی و دوا رۆژ گیانی خۆی کردۆتە بەراگێڕ، لەو سەردەمە تاکە رێبازێکە پێچەوانەی رێبازەکانی تر سەرو ماڵی لە پێناو بیرو بڕواکەی دادەنێ، کەواتە مانای راستەقینەی (بینای کۆمەڵایەتی، مەدەنیەت، شارستانی، دروست کردنی مرۆڤ، پێش کەوتن، مافی مرۆڤ، مافی ئافرەت، ..) لەوە دێت کە ئەو کۆمەڵە یان ئەو تاکە یان ئەو لایەن و سیستەمە چەندە عەقڵی زاڵ ترە بەسەر دەروونی، یان چەندە دەتوانی و توانیویەتی یارمەتی بەرەی عەقڵ بدا دژی بەرەی دەروون، شانۆی راستەقینە ئەوێیە، ئەو بەرنامانەی تا ئەو رادەیە روو نەچوویتە ناو سیاسەتو فکرو ئینتمای سیاسیو مەدرەسیشی هەبوو بێت ئەوا یان نەفامەو چاولێکەریو عەوامیەتە یان بۆ بەرژەوەندیو مەبەستی شەخسی یە، با هەر ناویشی رەوشەنبیرو سیاسەتمەدارو نووسەریشی هەڵگرتبێ، لێرەدا ئەو رایەی (جان کوریس) دەبێ بەهەند هەڵگرین کە پێش سەدەیەك لەکتێبی (حقیقة عالم الملموس) وتبووی ناچمە ناو سیاسەت هەتا لە نهێنی گەردوون چاك نەگەم.

سەرکەوتنی عەقڵ مانای وایە ئەو مرۆڤە پێش کەوتووخوازە، مرۆڤ پەروەرە، بەهاناو دادپەروەرەو بە ئەمەك و بەڵێن و خۆنەویست و بەرژەوەندی گشت ویستو وڵات پارێزە...

خۆ ئەگەر دەروونیش زاڵ بوو بەسەر عەقڵ ئەوا دەروون ناوەستێ بەپێی تواناو سنووری دەسەڵاتی تا پلەی (فیرعەون) ئارەزوو بازی و زۆرداری دەکاو تیرۆریش

نابێت وەك سیفەتەكەی (دۆزەخ) هەر دەڵێ (هل من مزید)، (ئـیتر ئـەو مرۆڤـە تەنها بۆدیەكە و ئەو دەروونە بەدوای خۆی رای دەكێشێ بەپێی یاسـاكانی خـۆی نەك یاسای عەقڵی و مرۆڤایەتی)، گوێرایەڵیش دەبێت دیسان بەپێی دەسەڵات و توانای، ئەگەر دەسەڵاتدار بێت ئەوا ستەمكارە، داگیركەرە، ماف خـۆرە، نازیـە، فاشیە، درندەیە، .. ئەگەر دەسەڵاتیش نـەبێت ئـەوا خـۆفرۆش دەكـا، خیانـەت، ئەڵقە لەگوێی، دووڕوویی، دوو زمانی، بێ سەوابتی، بێ متمانەیی، بێ بـەڵێنی، شایەدی بەناحەق دان، دڵی نەخۆشە، عەوامـە، بـەپێی ئـەو كـەم دەسـەڵاتیەی زۆرداره بەكەم ترین شەپۆڵ لار دەبێتەوە، .. بەد رەوشتە.. تاد..

واتە جۆری شەخسیەت، جۆری تەبیعات، رەوشتی، پلەی مرۆڤایەتی..

دەكەوێتە سەر چارەنوسی ئەو هاوكێشەوجەنگە، نەك رەچەڵەك و چینایەتی و نەژادی وەك تیۆرانینەكانی فاشی و نازی و تـۆرانی و بەعـسیزم..هتـد. هەڵبەتـە هەریەكە لە دەوروبەرو ژینگەو رەچەڵەك و ئاستی زانیاری و باری كۆمەڵایـەتی و چینایەتی، باری ئابووری، هۆكارەكانی تری سیاسـی و..هـەمووی كاریگەریـەكی هەیە.. بەڵام لە كۆتاییدا (سەرەنجامی ئەو جەنگـە)یـە رەفتـاری تاكەكـە دیـاری دەكات، هەڵبەتە ئەو بۆچوونە بەرفراوانەی (رۆژئـاوا) گوایـە (ژینگـە و وەرەسـە بەرپرسن لە تەبیعات و شەخسیەتی.. هەڵەیە)، ئەوەی ناوی لێ نراوە (طبع) یـان (غەریزە) یان تـەبیعات دەرمـانی نیـە..ئەوانـە لـە فەرهـەنگی ئیـسلام راسـت نین..تەبیعاتیش وەك (ئیمان) لە جووڵەدایـە لـە زیادوكـەمی دایـە، بۆیـەش لـە قورئان باسی سێ جۆر (نفس)ی كردووە، (الامـارة)، (اللوامـة) (المطمئنـة) هـەتا هەندێ لە موفەسیرەكان مـەیلی ئـەوە دەكـەن كـە دەڵـێن (عومـەر) تونـدەو (ابوبكر) نەرمە.. گوایە(طبـع)یـان وایـە.. نـەخێر، ئەوانـە لەسـەر ئـەخلاقی پێغەمبەرن د خ، بۆیە دەبینین (ابوبكر) لـەكاتی پێویـست چـەندە تونـد بـووە جەنگی كردووە.. هـەتا ئـەو كەمـە جیاوازیـەی نێـوان ئەوانـەش لـە تـەبیعات دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فاكتەرەی سەروو.

ئيتر هەموو مرۆڤێك لەو جيهانە لەنێوان دوو جەمسەردايە، (مقاصد الشريعة)ش ئەوەيە سنورى نێوان عەقلّ و دەروون بەستانددرى رێك خا كە (جهاد الاكبر)ى پێ وتراوە، نەك تەرت و وێرانكردنى دەروون، هەروەك رێبازى هەندێ ئاينى غەيرە ئيسلامى لە سۆفيايەتيش، سەرنج بدە (ابو حفص) لە جياتى راى سۆفيەكان بەكورت كراوەيى ئەوەيە :(من لم يتهم نفسه على دوام الاوقات ولم يخالفها في جميع الاحوال ولم يجرها الى مكروهها في سائر أيامه كان مغرورا، ومن نظر اليها باستحسان شيء منها فقد اهلكها)[١]، ئەوەيان رەت بوونە (انفراط)ە، هەروەك جەنگەكەى ئەفلاتون لەگەلّ (نفس)، نەخێر رەهبانيەت و خۆ ئەزيەت دانى رەمەكى لە ئيسلام دا نيە، جەنگى ئيسلامى لەگەلّ (دەروون) ئەوەيە كە دەروون بگێرێتەوە سنورى خۆى، ئەو سنورەى كە كۆتايى دێت لە سنورى تاكێكى تر ،واتە كارى شريعەت ئەوەيە سنورى يەكتر نەبەزێنن،ئەوەش لە لايەن (دستور العلماء) پەيوەند بە ئەخلاق و حيكمەتەوە گوزارش كراوە، ستاندەرەكە ئەوپەرى حيكمەتەكەيە[٢]، واتە جەنگێكى دانيم نيە مەبەستى چاكسازى ودروست كردنى (نفس المطمئنة)يە، جەنگەكە لە قۆناغى (أمارة بالسوء)ە، ئەوكاتەش نە (نفس)ەكە خۆى نە خەلكى تريش لە ئاسودەيى دانين.

تەقەلاى مەدرەسەكان:

لەبەر گرنگو چارەنووس سازى ئەو بابەتە زاناو مەدرەسەو پارتە سياسيەكانو هەتا دەزگاى حكوميش لە تەقەلايەكى بەردەوامن بۆ دۆزينەوەى چارەسەر بەزەحمەتيش دەست دەكەوێ، چونكە لە قولاێكە تيايدا بابەتەكانى فەلسەفەو زانستو سياسەتو دەروون ناسىو كۆمەلّناسىو ئاينو مەنهەجيشى لێ بەيەك

[١] ابو القاسم القشيرى- (الرسالة القشيرية في علم التصوف)، هەروەها بۆ زياتر سەرنج بدە (موسوعة مصطلحات التصوف الاسلامي)-مادة-نفس، نفس الامارة،..
[٢] موسوعة المصطلحات جامع العلوم- قاض الاحمد نكري-مادة-أخلاق.

دەگەنو تۆڕێکی ئاڵۆزی تێـك چـڕژاوی لێ دروسـت دەبێـت، هـەر بۆیـەش هـەر تەقەلایەك بەدوای ئەو چارەسەریە بێت بە هاوتاو بەدیلی ئاین دەژمێردرێـت، جـا چی لە توانادایە یان نا، ئەو بابەتە بەرەبەرە لەو سەردەمە گرنگی وەردەگـرێ لـە هەموو بوارەکان لەگەڵ بەرەو عەولەمە چوونمان زیـاتر، بۆیـە زۆر جـۆرە رێگـە و ئامراز بەکاردێ بۆی، ئیتر ئەو توێژینەوانـەی کۆمەڵگـەی مـەدەنی، کۆمەڵگـەی لیبراڵی، کۆمەڵگەی شیوعی، کۆمەڵگەی یۆتۆپیەکانی کـۆن و نـوێ.. هـەمووی بەشێکە لەو تەقەلایانە، زۆربەی ئەوانە (بە مارکسیەکانیشەوە) لێـرەوە بـە پـێی دووریان و نەگەیشتنیان بەو ناخەی مرۆڤ رایەکی هاوبەشـیان بـۆ دروسـت بـووەو گوایە مرۆڤ بە پێی باری مادی تەبیعاتو کەسێتی و ڕەووشت و چـاکەو خراپـەی دیاری دەکرێ، بەڵام هەر مەدرەسەیەك بەرێگە چـارەی تایبـەتی خـۆی، رۆژئـاوا پێی وایە سەربەستی دان بە مرۆڤ و راهێنانی لە پابەندی بـە یاسـاو تێرکردنـی و بـەرەلایی جنـسی (راسـلیانە) ئـەوا کێـشەکانی کـەم دەبێتـەوە..، هـەر چـەندە ئامارەکانیش بەردەوام پێچەوانەی ئەو ئەنجامەن، هەر لـە نموونەیـەکی سـادە لـە کاتی (کوژاندنەوەی کارەبای کالیفۆرنیـا لـە مـاوەی سـەعاتێکدا نزیکـەی ٧٠٠ تاوان کرا).. هەروەها لە رووداوەکەی کاترینای ٢٠٠٥!.

هەرچی مارکسیەکانیشە.. پێیان وایـە هـەر مولکیـەت سەرچـاوەی هـەموو سەلبیاتەکانە، جا بەپێی قـەبارەی ئـەو مولکیـە مرۆڤەکـە سـەلبی و ئیجـابی دەبێ، هـەر لـەوێش چـاك دەبـێ بـەهۆی بـن بڕکردنـیو نەهێـشتنی یـەکجاری مولکیەت کە لە شـیوعیەت دێتـە دی، .. ئـەوەش مێـژوو و رەوتـی کۆمەڵگـە تەزکیەی نەکردو شکستی هێنا.

هەرچی تەقەلای حزبـە سیاسـیەکانو دەزگـای ئیـداریو سیاسـیو زانـستیو مەدەنیەکانیشە، هەر بـەردەوامن بـەپێی پێناسـی سیاسـەتو دەوڵـەتیش لـەو تەقەلایە، جم و جۆڵی سیاسی هەر حزبێك وەك (ئیـدعا چاکـسازیە) هەریەکـەش پشت بە مەدرەسەکەی دەبەستێت لەباشترین دۆخیـدا، ئـالێرەدا مـل ملانێیـەکی

شەریفانەو زانستیانە دەکەوێتە مەیدانی سیاسی ئەگەر هەموو لایەك بە ڕاستگۆیانە پابەند بن پێی ، ئاخۆ کام لا دەتوانێ بە هۆی بەرنامەسیاسیەکانی زیاترین خەڵك پەروەردە بکاو ڕێکی بخا لە سەلبیەوە بەرەو ئیجابی، ئەوە ئەك هەر ئەرکێکی ئاینی و سیاسی و حزبیە بۆ کوردستانی خۆمانیش یەکجار گرنگە لەو قۆناغەی ڕزگاریدا کە پێویستت بە دروستکردن و بیناکردنی مرۆڤی خۆنەویست و نەدۆڕاو هەیە، بەڵام زۆر بەڕوونی دەبینین ئەو جۆرە ئینتما حزبی و سیاسیانە ئەنجامەکانیان بەچی دەگا، لەو بەرنامەیەی گۆڕانکاری و چاکسازی، بە تایبەتی ئەو حزبانەی خاوەن ئایدیۆلۆژیاو مەبادیئێك نین، ئەوا زیاتر دەیڕوخێنن نەك بینا، کەواتە ئێستا دەبێ ئەو (نهێنیە گرنگە) شی بکەینەوە (کە پەیوەستە بەو بابەتە) بۆچی لە هەڵبژاردنێکی سەربەست لە نێوان کۆمەڵێك حزبی دەسەڵاتدارو بێ دەسەڵات، دیموکراسیو سوشیالیستی، شیوعیو ئیسلامیو نەتەوەیی و لیبڕالی... لەجیهانی ئیسلامیدا زۆربەی حزبە ئیسلامیەکان دەنگ دەهێنن، لە شوێنێکی وەك جەزائیر لە ٢٦\دیسمبر\١٩٩١ لە (٨٦٪)ی دەنگ بۆ بەرەی ئینقازی ئیسلامی هات، نهێنیەکە ئەوەنیە کە لە توێژینەوەکانی زۆربەی سەنتەرە ڕۆژئاواییو نووسەرە عەلمانیەکانی ناوچەکەو کوردستانیش هاتووە (گوایە) دەگەڕێتەوە بۆ خراپی باری ئابووری و فێرکردن و خزمەتگوزاری.. یان داپلۆسین، جا ئەگەر ڕاستە پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە بۆچی ئەو هۆیە نەبووە دەنگ هێنانی (جبهة القوة الاشتراكية-حسين ايات احمد) یان (منظمة الشيوعية العمالية- لويزه حنون) یان حزبە لیبڕالیەکان و سوشیالیستەکان و نەتەوەگەریەکان یان حزبی دەسەڵاتدارلە جزائر...

وەك توێژینەودیەکی زانستی بەو شێوەیەی خوارەوەیە نەك باری مادی:

لەسەروو کەمێك باسی ئینتمای سیاسی نوێ کرا کە وەك جاران ڕەمەکی و فریودانی نیە.. خەڵکی لە ڕوانگەو چاویلکەی چەند مونەزیرو سەرکردەی حزبەکەی جیهانو ناوچەکە ببینی، .. نەخێر، ئێستا لە عەولەمەدا هەر کەسەو

راستەوخۆ تێکەڵی جیهان بووەو هیچ نهێنیەکی وای لەبەردەم نامێنیٚ، ئیتر پەردەی هەڵخەڵەتاندن دادەماڵێت، ئەگەر ئەو حزب و لایەنانە لەسەر مەبادیئێکی راستەقینە نەرواو گۆتەو کردەی یەك نەبێت دەماو دەست ئاشکرا دەبێت و نیازو مەبەستەکانی سەرکردەو بەرپرسەکان سەر ئاو دەکەون، .. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی تر سەرچاوەی سەلبیاتی مرۆڤ و کۆمەڵیش (وەك لەناخی مرۆڤ بۆمان دەرکەوت) پێگەو شوێنێکی مادی نیە لەناو لەشی مرۆڤ تا بە (نەشتەرگەریەکی پزیشکی) دەری کێشیٚ، بەڵکو لایەنێکی رووحیەو تەنها بە پرۆسەی روحی چارەسەر دەبیٚ، ئالێرەدا توانای دەزگاو حزبە عەلمانیەکان بۆ چاکسازی پەکی دەکەویٚ و کەمەری دەشکیٚ، ئیتر هیچ دەورێکی سیاسی و چاکسازیو کۆمەڵایەتی راستەقینەی بیناکەری نامێنیٚ، هەتا لە پێناسی مانای سیاسەتو حکومەت و دەسەڵاتی مەدەنی و دیمکراسی بیٚ کار دەمێنێتەوە مەگەر تێکدان، ئەوەی دەوری دەمێنیٚ دەزگاو زانایانی ئاینی و لایەنە ئیسلامیەکانە دەتوانن لە رەهەندی رووحیش کاری سیاسی و چاکسازی بکەن، ئیتر مرۆڤی نویٚ چارەنووسی خۆی لەو مدرسەیە دەدۆزێتەوەو دەنگی دەخاتە پاڵ دەنگی ئەگەر ئازادی هەبیٚ، ئەوەش تەواو لەگەڵ توێژینەوە و رێساکانی سەردەم یەك دەگرێتەوە کە زۆربەی زانایان هەتا (فرۆید و بافلوڤ) ئەو قەناعەتەیان هەیە کە پەیوەندی مرۆڤایەتی لاواز دەبێت لەگەڵ زیادبوونی پەیوەندی مادی، هەروەها چەند یاسایەك هەیە زۆربەی فەرهەنگەکانی جیهانی دەست بە دەست تۆماریان کردووە بەناوی (القوانین الاجتماعیة الکونیة unvarsal social law) کە دەڵێت: (تزداد نسب الجرائم في المجتمعات التي تلعب فیها الدین دورا هامشیا و ثانویا)[1].

بەو شێوەیە زانایانی جیهان مەیل دەکەن ناو لە سەدەی (۲۱) بنێن سەدەی ئاینیو کشانەوەی عەلمانیەت، نەك هەر لە جیهانی ئیسلامی ئەو دۆخە بەرەبەرە

[1] بۆ زیاتر سەرنج بدە (موسوعة العلم الاجتماع) ل۵۰٦.

له ڕۆژئاواو جیهانیش وا تێبینی دەکرێ، هـەر ئـەو ڕەهەنـدو هۆیەشـە کـەوا لـە لایەنە عەلمانیەکان بکا شەڕە دەسەڵات بکـا بـەدەربڕینی جیاجیـا.. وەك بـەناوی تیرۆر، مل ملانێی شارستانی، پاراسـتنی ئاسـایش‌و دژی دیمکراسـی‌و ئـازادی‌و نامەدەنی.. ئەوەش هەر بەشێکە لە مل ملانێی مێژوویی نێوان خێرو شەڕە..

(١٤)

چاكسازى كۆمەڵ إصلاح الاجتماعي Society reform

بابەتى هەرە ناوەندى ئايينو فەلسەفەى كۆمەڵايەتى و تيۆرى سياسى و سيستەمى ژيان و شارستانيەتە، مەبەست لىٚى چاكردنى پەيوەنديەكانى كۆمەڵە لە پەيوەنديەكى ستەمكارى بەرەو دادگەرى، .. ئيتر زۆربەى بابەتەكانى وەك :بيناى كۆمەڵايەتى، گۆڕانى كۆمەڵايەتى، گەشەى كۆمەڵايەتى، .. دەگريتەوە، زۆربەشيان راستەوخۆ يان ناراستەوخۆ لە بەشەكانى رابووردوو باس كران، ماوە هەندىٚ پرسيارى بنچينەيى ليٚرە بووروژرىٚ بۆ دۆزينەوەى وەڵامى پيٚويست و هەم پەيوەندى چاكسازى تاك بە كۆمەڵيشەوە، پرسيارە بنچينەييەكە ليٚرە ئەوە: ئاخۆ ئەگەر تاكەكانى كۆمەڵگەيەك چاك بوون مەرجە كۆمەڵگەكەش چاك بيٚت؟ وەڵامى جياجيات.. دەست دەكەوىٚ، بەشيٚك پشت بە نموونەيەك دەبەستن كە لە كۆنەوە دروشميٚكى شارەوانى مۆسكۆ هەبووە، تيايدا هاتووە.. ئەگەر هەر ماڵەو پيٚش دەرگاى خۆى خاويٚن كردەوە ئەوا شاريٚكى خاويٚنمان دەست دەكەوىٚ.. ئەوەيان راستە چونكە زەويەكى رووتەختمو يەك رەهەندە، بەڵام لە (تەعميما) هەڵە دەردەچىٚ ئەك بۆ كۆمەڵ هەتا بۆ بينايەك راست دەرناچىٚ، واتە تەنها مەرجى بيناى راست و دروست ئەوە نيە خشتەكانى راست و دروست و بە ئەندازە بيٚت.. نەخيٚر چونكە ئەو جارە دەبتە دوو رەهەند:

١- رەهەندى (پانى و دريٚژى).

٢- رەهەندى بەرزى.

هەرچى كۆمەڵگەيە پيٚك هاتووە لە كۆمەڵيٚك رەهەندى مادى و رووحى.. واتە

نموونەیەکی یەك ڕەهەندی میکانیکی نابێتە بەڵگە بۆ واقعێکی ئاڵۆزی فرە ڕەهەند، هەروەها لە کۆنەوەش (ابن طق طقي) لە کتێبی (الفخر في اداب السلطانية) تێبینی کردبوو کە پاك بوونی دەروونی تاکەکان بەس نیە بۆ پێکهاتنی کۆمەڵگەیەکی پاك، چونکە ڕەهەندی نوێی تێ دەکەوێ لە پەیوەندیو حوکمو بەرژەوەندی گشتیو رای گشتی و..هتد، لە کۆلتوری کۆنی فکری بەشەریش (ئەرستۆ) ئەو تێبینیەی کردبوو وەك (ابن طق طقي) کە چاکردنی کۆمەڵ زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ جۆری حوکم، بۆیە ئێستاش بەشێك زیاتر داکۆکی دەکەن بەهاوشێوەی (فەرمووددەکە) [١] و دەڵێن:. (الا ان في المجتمع مضغة اذا فسد فسد سائر أجزائه وإذا صلح صلح الكل ألا وهي الحكم).

کەواتە چاکردنی کۆمەڵ بە کۆمەڵێك رووکار دەکرێ، نەك یەك، لە تاك و لە کۆمەڵ، لە بنکەو لە سەروو، لە کردەو گۆتە، ..

ئەوەش پرسیاری نوێ دروست دەکا ئاخۆ ئەو فاکتەرانەی کۆمەڵ دەگۆڕێ چیە هەر لە فاکتەری ئابووریو دەروونیو ئەژادیو خوینو هێزو ژینگەو عەقڵیو مادی..هتد

ئەزموونەکانی کۆنو نوێ بەتایبەتی لەو سەردەمەدا تەواو ساغ بۆوە کە کۆمەڵگەی چەق بەستوو و بەنج کراوەکان بەباری مادی بەهیچ فاکتەرێك ناجوڵێ تەنها بە ئاین نەبێت کە دەتوانێ رووبچێتە هەم ناخەکانو هەم ئەو بۆندە یەکبەستیەی کە کۆمەڵگەی پێك وە بەستیوە، تەواو بە پێچەوانەی رایە کلاسیکیەکان دەربارەی ئاین کە زۆربەی بەڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ مانایەکی لە جۆری مانا مارکسیەکەی (الدين افيون الشعوب) پێدابوو.. یان وەك فاکتەرێکی بەجێماو لەناو تەپوتۆزی مێژوو..

[١] ئەوە لەو فەرموودە وەرگیراوە : (الا ان في الجسد مضغة اذا فسد فسد سائر الاجزاء واذا صلح صلح سائر الاجزاء الا وهي القلب)

(١٥)

دیالـــۆگ حـــوار dialogue

بەپێی چەندین سەرچاوە لەوانە (موسـوعة العربيـة الميـسرة- مـادە: دیـالوك) دیالۆگ وشـەیەکی عـەجەمیە بە بەستەی دووقۆلی وتراوە، لەناو کوردیش هەبووە، چەمکێکی کۆنی ئاینیە لەزۆر شوێنی قورئانی پـیرۆز هـاتووە[١]، مێـژووی یەکـەم دیالۆك بۆ پـێش گـەردوون دەگەڕێتـەوە، کاتـێ خـوای گـەورە دیـالۆگی لەگـەڵ فریشتەکان کرد لەبارەی دروست کردنی گەردوون و ژیـان و مرۆڤایـەتی، دیـالۆگ چاکترین ئامرازی تێگەیشتنە، ماناکەشی بەگشتی (گفتوگـۆ و وەڵام)[٢]، یـان لـە هەندێ فەرهەنگ و سەرچاوەی تر بە "هونەری گەیشتن بەڕاستی"پێنـاس کـراوە، ئەوەیان زیاتر لە (مقاصد الشرع)یشدا نزیك دەبێتەوە، دیاردەیەکی مرۆڤانەیە بـە پێچەوانەی یاسـاکانی دارسـتان کەلـەوێ دیـالۆك تـەنها مانـای پـەلامارو لێـك مراندنە، بۆیە هەمو ئامرازەکانی کۆن و نـوێی مـرۆڤ بـێ دیـالۆگی مرۆڤایـەتی هـەروەك یاسـای دارسـتان توونـدو تیـژیو هەرەشـەو پـەلامار بـووە، زۆربـەی نووسینەوەی کتێبە کۆنەکان لەسـەر شێوەی دیـالۆك (محـاورە) بـووە، یـەکێ لـەو سەرچاوە کۆنانە دیالۆگەکەی (کۆماری ئەفلاتون)[٣] بوو لەسەدەی (٤-پ.ز)، لەناو کـەلتوری ئیـسلامیش ئـەو جـۆرە نووسـینە بـاوی هـەبووە، بـە هـەمان شـێوە نێردراوەکانی (· عیسی) بۆناو خەلکی ناویـان (حواریـون) بـووە، واتـە دیـالۆك

---

[١] بۆ زیاتر سەرنج بدە (الحوار فی القران-محمد حسین فچل الله).
[٢] بۆ زیاتر سەرنج بدە هەریەکە لە (موسوعە الادیان..ل٢٤٤، موسوعە العالمیە- مادە:حوار).
[٣] بڕوانە: جمهورية أفلاطون.

ئەسڵێکی گرنگی ئاینیە، لە فکری ئیسلامیشدا پانتایی دیالۆك گەلێ فراوانە هەتا جار وایە لەسەر (محال) دیالۆك کراوە لەگەڵ لایەنی بەرامبەر هەر چەندە لە قورئان وەسفی بە (شدید المحال) کردووە لەباری ئاسایی خۆی، ئیتر تۆبزی نیە، ئیسلام تەنها (تەبلیغ) نیە وەك بەشێك لە ئیسلامیەکانیش وای تێگەیشتوون زیاتر دیالۆگ و تێ گەیاندنی دانایانەیە، هەتا لەدەقیشدا دەبینین پێغەمبەر ﷺ چەندە دیالۆگی لەسەر موتلەقەکانیش کردووە نەك هەر لەگەڵ بێ بڕواکان لەگەڵ هاوەڵەکانیشی، لەگەڵ ئەو گەنجەی کە وتی زینا دەکەم تەنها پێ ی نەفەرموو ئەوە دەقی لەسەرد و ئەوا (تەبلیغم) کردی حەرامە.. نەخێر، کەوتە گفت و گۆ و وەلام لە زەرەرو زیانەکانی کۆمەڵایەتیو کەسێتی خۆی هۆیە خراپەکانی بۆ ڕوون-کردەوەو گەیشتە ئەنجام.

دیالۆگی زانستی ئەوە نیە وەك دەمارگیرەکان خۆی پێ ڕاست بێت و لاکەی تریش تەنها هەڵە، لەو بارەیەوە ئیمامی شافیعی بنەمایەکی لۆگیکی تۆکمەی دارشتوە ودەلێ: (رای راستم دەشێ هەڵە بێت و رای بەرامبەریشم -کە پێم هەڵەیە- دەشێ راست دەرچێت)، وارێك دەکەون کە جارێ هیچ لایەك لەسەر هەق نین و بەهەردوو لا بەهۆی ئەو دیالۆگە دەیدۆزنەوە، (إبراهیم)یش لە دیالۆگەکانی لەگەڵ خەڵکیدا (کە بەدانایانەترین شێوەی کردووە) نەهاتووە یەکسەر بڵێ (خوای) من راستەقینەیە و ئەوانەی ئێوەش پووچە، وتوویەتی وەرن بەدوا بگەڕێین رەنگە ئەو ئەستێرە گەشە خوا بێت، دوای مانگ ئینجا رۆژ.. لە ئەنجامی دیالۆگەکە گەیشتنە ئەو راستیەی کە خوای راستەقینە دروستکەری هەموو ئەو شتانەیە.. واتە هەنگاوەکان بەو شێوە بووە:

یەکەم: هەردوولا ڕێکەوتوون جارێ راستی بزرە.

دووەم: ئامانج لەو دیالۆگە هەبێت و دیواری (جمودە عەقلیەکان) بشکێت.

سێیەم: لە واقعی چەوتیو نەفامیو بێ بڕوایی دەستیان بەدیالۆگ کرد لە ڕاستیو ڕووناکیو بڕواداری کۆتایی هات.

هەتا لە قورئانی پیرۆزیش هاتووە: ﴿وَإِنَّا أَوْ إِيَّاكُمْ لَعَلَى هُدًى أَوْ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ﴾.

فیکری ئیسلامیو ڕێبازی خوایی لە کۆنو نوێشەوە بەدیالۆگ گەشەی کردووەو دەکا، لەبەر هۆیەکی سادە هەرچی ڕاستیەك -کە (قيمة المعرفة)ی پێ دەووترێ لە (فەلسەفەی زانیاری)دا- بدۆزرێتەوە ئەوا فکری ئیسلامی پێ پێتەو دەبێت، بۆیە هەر دەروازەو فەزایەك کە ئازادی دیالۆگی لێ بڕەخسێ لە قازانجیەتی، تەنها ئەو ڕێبازو مەدرەسانە دژی ئازادی دیالۆگن کە لە فکردا دەست کورتو نەدارن، بۆیە ڕێکەوتنەکی گشتی هەیە کە مەمبەستی دیالۆگ لە نێوان دوو لایەن، دوو خەت، دوو شارستانی ..هەتا دوو کەسیش بێت ئامانجەکەی دۆزینەوەی ڕاستی نوێیە، بابەتەکە واگەشە بکا کە پانتاییەکی لە زانیاری نوێ وەردەگرێ، بە پێچەوانەی (جدل-دەمەقالێ) کە ئامانج دیار نیەو هیچ لایەك بە تەرازووی (ڕاستیو ئەخلاقی) بۆ یەك ناسەلمێنن، هەروەك لە قورئانی پیرۆز دیسان باس لە (جدل) دەکا لە سوورەتی (مجادلة)و جیاوازی لەگەڵ (دیالۆگ-حوار) دەکا ﴿قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا﴾، لە سەرەتادا (جدل) بووە لە نێوان پیاو و ژنەکەی بۆیە پێغەمبەر ﷺ بەشداری نەکردووە، تا هاتوونە سەر دیالۆگ (حوار) و وازیان لە دەمارگیری بەرایەکانی خۆیان هێناوە ئینجا بەشداری کردوون ﴿وَاللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا﴾، بەشێکی تر (جدل) یان (حوار الحاد) بەجۆرێك لە (لغو) دەژمێرن، پێیان وایە نابێتە ئامرازی ئیقناع بۆیە ئامۆژگاری مامۆستاو (داعیەکانیان) دەکەن خۆ لەو شێوازە بپارێزن، لە ڕۆژئاواو سیستەمی عەلمانیەتدا ئەو جیاوازیەی نێوان (جدل) و (حوار) نیەو تێکەڵی هەیەو هەبووە.. هەروەك زاراوەش یەك بنەچەی هەیە (دیالۆگە) یان (دیالکتیك)و (مادية الديالكتيكية).. هەر لەوە هاتووە، پێناسی گشتی دیالۆك لای ئەوانیش بە (هونەری گەیشتن بە ڕاستی) هاتووە بەڵام دیسان کێشە لەسەر (پەیوەندی دیالۆگ بە فەلسەفەی ڕاستی) دروست دەبێت، ئەوان (ڕاستی) بە

چەسپاوی و بەدەر لە جم و جۆڵی عـەقڵی حـساب ناکـەن، لەگـەڵ جم وجـۆڵی زانیاری(حرکه المعرفه) تێکەڵی دەکەن (بۆ زیـاتر بڕوانـە فەلـسەفەی راسـتی لـەو فەرهەنگەدا)، بۆیە جگە لە (مەدرەسەی مارکس) ئەوانی تر هەریەکە بەشێوەیەك بە دیالۆگ قایلن ئەگەر بەکردەش جۆرێکی تر بێت، لە ئیسلام دا(لەباری ئاسایی خۆی) دیالۆك چاکترین ئامرازی تێگەیشتنە، واشی پەیڕەو کـردووە، هـەر چـەندە لایەنی بەرامبەر لە کۆن و ئێستاوە هەموو هێڵێکی سووری بەزاندووە کەچی ئـەو دیالۆگە وەرنەگەڕاوە بۆ ناکۆکی بالاترو زیندانی و.. وەك ئێستا لە هەندێ شـوێن یاسای تایبەتیشی بۆ دەرچووە بەناوی جیاجیا، بەلام ئەوە مانای ئەوە نیە هەموو دیالۆگێك سـەرکەوتوو بێـت، بۆیـە لـە ئیـسلام دا مـەرجی تایبـەتی هەیـە بـۆ لایەنـەکانی دیـالۆگو گەیـشتن بەراسـتەقینە، مەرجـەکانیش پەیوەنـدی بـە کەسایەتیو رەچەڵەکی نەتەوایەتیو باری چینایەتیو ئینتماو بڕوا و بالا دەسـتی.. نیە، بۆ هەموو کەس بوار هەیە بەو مەرجەی:

١-خاوەن بەرنامـە و زانیاریـەك بێـت ئـەگینا بـەخێرایی رێـساکانی دیـالۆك وەردەگەڕێ بۆ (جدل) وبێ ڕێزی.. ئالێرەدا (ئیمامی عەلی) وتوویـەتی: (دیـالۆگم لەگەڵ هەر زانایەك کردبێت سەرکەوتووینە، لەگەڵ نەزانیش هەر تـێ کەوتینـە). سەرکەوتن مانای دۆزینەوەی راستی بۆ هەردوولا.

٢-خاوەنی رێبازێکی فکریو عەقیدەییو سیاسی وابێت بەرژەوەندی گـشتیو مەبادینەکانی لە سەرووی بەرژەوەندی تایبـەتی بێت، بەدوای راستی بگەڕێت لـەو گەردوونە.

٣-مەرجەعیەت و تەرازووەکانی کتابێکی راستەقینەی خوایی بێت.

ئەگەر ئەم سێ مەرجەی لێ نەسازێ دەبێتە (جدل)، هەروەك لە قورئانی پیرۆز باسی هەر سێ مەرج لەو ئایەتە هاتووە ((ومن الناس من يجادل في الله بغير علم ولا هدى ولا كتاب منير..))

مەرج نیە هەر سێ خاڵی سەرووی لێ بسازێ ئینجا دیالۆگ بکرێـت، نـەخێر،

مەبەست لەوەیە ئەو شێوە دیالۆگەیە ئەمزۆك نابێت، نابتە (جدل)، لە راستیدا (جدل) بەمانا کردەو گۆتەییەکەی شێوازی عەلمانیە بۆ ئیقناع و (حوار)یش شێوازی ئاینیە بۆ تێك گەیشتن، هەرچی مدرەسەی شیوعیەتە- لەناو عەلمانیەتدا - دیسان تایبەتمەندی خۆی هەیە، کۆلەگە بنچینەییەکەی (دیالکتیکە-واتە-جدلی) وە بنەمای ناکۆکی (التناقض) بە (لب الدیالکتیك) وەسف کراوە لەلایەن (لینین)[١].

بەڕاشکاوی پێیان وایە (جدل)ە هێزی دینامیکی زانست و زانیاری و هەتا سروشت و ژیانیش، ئیتر (جدل-دیالکتیك) لە روانگەی شیوعیەت مانای گەیشتن بەڕاستی ئیمو کۆتایی بێت، بەڵکو (راستی)یش چەسپاو و پیرۆز نیە لەبەردەم دیالکتیك، هەموو شتێك دەگرێتەوە تەنیا خۆی (واتە دیالکتیك-جدل) رەهایە[٢]، هەر ئەویشە تاکە سەرچاوەی گۆڕان و گەشەکردنی هەمو بونەوەر بە پۆلەکانی ژیانیشەوە تادەگاتە دروست وگەشەی زانیاری، بەهۆی (جدل) لەپێناو (جدل).. واتە ئەو زانیاریە نوێیەی لێرەوە بەرهەم هات دیسان دەکەوێتەوە ژێر لایەنی تری جدلی، .. بەو شێوەیە وەك (هیگل) ئەو بنچینەی ناونا (سێ کوچکە: یان بەسێ کوچکەی هیگلی ناوبانگی دەرکرد[٣].

مارکسیەکانیش بەهەمان شێوە پەیرەویان کردووە، ئیتر ئەو جۆرە (جدل)ە ناگاتە هیچ راستیەك، تەرازوو و پێوانەیەك نامێنی بۆ ناوبژی نێوان دوو لایەن یان دوو کەس، ئەگەر کێشەیەکی فکری هەبێت چارسەر نابێت، بۆیەش لە مارکسیەتدا بۆچوونی جیا سەری لەبالی جیا دەوەستا ودوایش بەرەو ناکۆکی، هەر بۆیەش ئەو هەمو تەوژم و بال و لایەنانەی لێ پەیداببوو لەو تەمەنە کورتەیداوەك :ماوی، ترۆتسکی، لادەر، چەپی ساویلکەیی، پاشکۆیی،

---

[١] دفاتر فلسفیە-لینین.

[٢] مادیة الدیالکتیکیة.

[٣] بروانە: مدخل فی فلسفە هیگل (سێکوچکەکە بریتیە لە: بابەت –دژەکەی –سەرەنجامی دروست بونی "بابەت"ێکی نوێ ..بەو شێوەیە دووبارە دەبێتەوە تاهەتایە .

ئۆرۆشیوعی، جەنەی ستالینی، چەپی نوێ، شیوعی کلاسیکی، مارکسی بێ لینینی، مارکسی نەتەوەیی، مارکسی دیمکراسی، .. هەتا لەدوا (فەرهەنگی سۆڤیەتی) پێشوو زیاتر لە (٢٠٠) زاراوەی تومەتی تیا بوو تەنها بۆ جۆرەکانی شیوعیەت خۆ بەخۆ، چجای لەگەڵ خەلکی تر، رەخنە و معارەزەی یاسایی و نایاسایی جێی نەدەبۆوە، هەر دان بە معارەزە و بوونی بەرامبەر نەدەهێنرا جا (دیالۆگی) چی بکەیت، لە راستیدا ئەو (جدلە) کە لە فکر دەهێنرا ناو کۆمەڵ ئەوا یەکسەر مانای (مل ملانێی چینایەتی) وەردەگرت، ئەوەش هەردەم پلەی توندو تیژی درابوێ، ئەو دۆخ و تێروانینە بارێکی ناوەکی دیکتاتۆری و تۆقاندنی وەرگرتبوو، باری جیهانیشی والێ کردبوو نا ئارامی و چەنگی ساردو گەرمی لێرەو لەوێ پەیدا کردبوو، تیرۆر و قەلاچۆی رای جیا نەك لە ریزی دوژمنانی هەتا لە ریزی شیوعیەکانیش ئەنجام دەدرا لە هەموان زەق تر تیرۆر کردنی ترۆتسکی، چەندین زانای گەورە لە ئاوەدانی دوور خرابۆوە (لەوانەزانای فیزیایی ئەندرێ سەخاروف)، ئینجا جەنگ و تێك گیرانی ناوەخۆو هەرێمایەتیەکی بەردەوام هەبووە، لە نێوان باڵەکانی شیوعیەت خۆبەخۆشی لەوانە: سۆڤیەت و چین، ڤێتنام و کەمبۆدیا، بالی پەرچەم و خەلق لە حزبی شیوعی ئەفغانستان، ئۆنیتاو بەرەی میللی لە ئەنگۆلا، .. لە کوردستانیش (ی.ن.ك) و حزبی شیوعی، حزبی شیوعی (قیادەی مەرکەزی) و (لجنەی مەرکەزی)، لەناو کۆمەڵەش (عێراقچی و کوردستانچی)..تەنانەت ئەو هەمووناکۆکیانەی نێو حزبە عەلمانیە کوردستانیەکان (چ خۆبەخۆ چ لەگەل لایەنی تر) بەشی هەرە زۆری بۆ ئەو بیرە دەگەڕاوە..

لەبەر هەمان هۆ لە پێش دارمانی شیوعیەت زیاتر لە (١١) جۆر بزوتنەوەی مارکسی تەنیا لە کوردستانی سەروو سەری هەڵدا، هەڵبەتە لە هەموو جیهان مادام دوو باڵی جیای مارکسی لێ هەبووبێ هەرگیز لە ناکۆکی توند دابووینە.

هەرچی مەدرەسەی سۆشیال دیمکراسیشە ئەو رایە توندەی نەبوو، باوەڕی بە (دیالۆك) هەبووە هەتا لەگەڵ (چینی برجوازیو سیستەمی سەرمایەداری)و

(فەلسەفەی میسالیش) بە پێچەوانەی مارکسیزم، پێی وابووە کە دەشێ بە هێمنی لە ڕێی دیالۆك ئاشتی جیهانی و ناوەکی بێتە دی و بپارێزرێت، دەشێت سەرمایەداریش بەو شێوازە هێمنیە بگوازێتەوە بۆ سۆشیالیستی، بەڵام هەردەم جێگەی ڕەخنەی توندو سەرزەنشتی شیوعیەکان بوون.

هەرچی ڕۆژئاواشە تا سنورێکی چاك باوەڕی بە (دیالۆك) هەیە، گوێ دەگرێ بەڵام پەیڕەو ناکا، مێژووەکی بانێك و دوو هەوا و چەند هەوای هەبووە، لە نێوان ناوەکی و جیهانی، سەروو و خواروو، ڕۆژئاوای و ڕۆژهەڵاتی، بەهێزو بێ هێز، چینی سەروو چینی خواروو، .. ئەگەر بزانێ ئەو دیالۆگە بەزیانی ئەو تەواو دەبێت نایکات، هەتا لە ئاستە فکریە باڵاکانیش ئەو شێوە دیالۆگە دەکا کە لەگەڵ کەلتوور و بەرژەوەندیە باڵاکانی شارستانی ڕۆژئاوا بگونجێ، ئەگینا بەدروشم دیالۆگیە بەلام هەردەم دیالۆگی بەهێزو بێ هێز، چەوسێنەر و چەوساوە، داگیرکەرو داگیرکراو، دیالۆگێکە لەو شێوەیە، لایەنی هێزدار دەڵێ: وەرە با دیالۆگ و دانوستان بکەین ئاخۆ چۆنت بخۆم بە خۆشی یان بەڕاوەڕاو؟ بە برژاوی یان کوڵاوی؟ ئازادی و دیکراسیت پێ دەدەم خۆت هەڵبژێرە بە چ جۆرە چەقۆیەك سەرت بیرم، لە پێشرا یان لە پشت سەرت، .. بەو جۆرە دیالۆگە وتراوە (دیالۆگی ناهاوتا) یان (دیالۆگی خۆبەدەستەوەدان). یان دیالۆگی دۆزینەوەی (هەنجەت)، (بیانگە) بۆ هەڵلوشینی وەك ئەو چەند دێرە شیعرە:

ئەگێڕنەوە ئەڵێن سەردەمێ
بەرخێ تینووی بوو چووە سەرچەمێ
لەوێوە گورگێ بە فێڵ و درۆ
لەگەڵ بەرخەکە کەوتە گفتوگۆ
ووتی تۆ کاری چەوت و چیلە ئەکەی
بەرخەکە ئاوم لەسەر لێڵ ئەکەی
بەرخەکە وتی گەورەم کەی وایە

ئــەوەی تــۆ ئــەیڵێ ی زۆر نارەوایــە
ئاوێ لای تــۆوە بــەرەو لای مــن بــێ
دەبێ چۆن چۆنی و بۆچــی لــێخن بــێ
ووتــی ئــەی باشــە جنێوەکــانی پــار
دێتــــە یــــادت بــــەرخی نالــــەبار
بەرخەکــە وتــی گــەورەی ســــەردار
کۆرپــەی ئەمســالم نــەك هێنــی پــار
تــۆ ئەفــەرمووی پــار، پــارم نــەدیوە
تــەنها شــەش مــانگم تەمــەن بریــوە
ووتــی وەهــاش بــێ دیــسان تــەواوە
بــــاوك و براکـــەت جنێویــــان داوە
ئــەبێ ئــەو داخــەت هــەر پــێ برێــژم
کەلبــەم لــە دووگــی ئــەرما بنێــژم
هەر کە ئــەوەی وت بەچــەپۆك و دان
بەربووە لاشــەی بــەرخی بەســتەزمان
ئــاوا لــە ســایەی جــەوری ستەمکار
دەتلێنێتــــەوە بــــێ دەســــتی هــــەژار

هەندێ لە رەوشەنبیرو نووسەرو سیاسەتمەدارانی جیهانی سێیەمو موسڵمانانو وڵاتە داگیرکراوەکانیش جار وایــە بــە شــانازیەوە بــەدوای ئــەو جــۆرە دیالۆگانــە کەوتوون، بەرەی دووەم لە (بێهێز، چەوساوە، داگیرکراو، زیندانی کراو، ..) بە دژ بە دیالۆك لە قەڵەم دەدەن، کەی ئەو جۆرە دیالۆگە ئەنجامێکی هەبووە، لــە دوای یەك سەدە تەقەلا تەنانەت داوای دیالۆك کردن لە بارەی سەربەستی دان بە کــورد بە زمانی خۆی بــدوێ و بنووســی لــە تورکیــا بــە تــیرۆر لەقەڵــەم دراو وا ســاڵی (٢٠٠١)ە، نیو سەدەشە دیالۆکی نێوان ئیسرائیل و عەرەب.. هەمووی هــەروەك

سەرەنجامی دیالۆکەکانی جارانی ئیمپریالیزم و داگیرکەران لەگەڵ داگیرکراو و چەوساوەکانە، یەك نموونە نیە لە مێژوودا زۆردارێك مافی لە ڕێی دیالۆك گێڕابێتەوە بۆ خاوەنی، تەنانەت بەشی هەرە زۆری ئەو دیالۆگانە پیلان بووە یان بۆ ڕاگرتنی بەرگری و خۆ ئامادەکردنی یان هەر بۆ تیرۆرکردنی ڕاستەوخۆی سەرکردەکانیان، داگیرکەری ئیسپان داوای گفتوگۆ و دیالۆگی لەگەڵ (لامپیرا)ی سەرۆکی هندیە سوورەکانکرد - کە تایفەی (مایا) لەوێ دانیشتوانی ڕەسەنەکەن لە هندۆراس (هندۆراس بەزمانی لاتینی مانای: قووڵایی)[1] — لامپیرا ٣٠٠٠٠ چەکداری هەبوو و ئامادەو قایل بوو بەرەسمی کەوتنە دیالۆگ و دانوستان کەچی لەو دیالۆگە تیرۆریان کرد و خاکیشیان داگیر کرد، دەیان نموونەی وا هەبووەو هەیە، لە قۆناغی نوێش ئەوەی بەو شێوەی لامپیرای بووە، پیلان و دیالۆگەکەی حکومەتی عێراق و مەلا مصطفى بارزانی بوو لە پایزی ١٩٧١ ویستیان تیرۆری بکەن سەرکەوتوو نەبوو، هەروەها ئەو دیالۆگە تەلەفۆنیەی نێوان ڕووسیاو جەوهەر دودایێف - لە شۆرشەکەیان بۆ سەربەخۆی چیچان لە دوای ئەوەتەکانی سەدەی ڕابووردوو- کە بووە هۆی تیرۆرکردنی، هەروەها د. عبد الرحمن قاسملۆش، .. سەدان نموونەی تر.

دیالۆگ زیاتر ئەنجامی دەبێ کە لایەنی دادگەر باڵا دەست تر بێت وبنەمای (ح.ابوبکر) هاتبێتە دی (بەهێزتان لام بچووکە تامافی لێ دەستێنمەوە، بێهێزیشتان لام بەهێزە تا مافی بۆ وەردەگرمەوە)، دیالۆگی نێوان (ح.عمر) و ئافرەتێك- کەلەو سەردەمی بە مرۆڤ حساب نەکراوە- کەچی لە کۆتایی شای سەر ئەو زەویە و دەڵێ ئافرەتەکە ڕاست دەکاو عمر هەڵەیە..

کەچی لەو سەردەمەی عەولەمەش هەر بێهێزەکانن، چەوساوەکانن، داگیرکراوەکانن، میللەتان و ڕەوشەنبیرانی بێ دەسەڵاتن.. داوا لە دەسەڵاتدارو بەهێزو داگیرکەر دەکا بۆ دیالۆگ و ئایکا، حسنی مبارك لە ساڵی (١٩٩٨) بە

[1] ئەو ناوە لەوە هات کە کۆلۆمبس لە دەریاچە قووڵەکەی ڕزگاری بوو، ناونرا قووڵ (هیندۆراس).

ئاشكراترين جار گۆتی ئێمه دیالۆگ لەگەڵ ئیسلامیەکان ناکەین زەرەرمانـە، لـە کاتێکا ئەویش و دەسەڵاتدارانی عەرەب بە رێکخـراوی (فـتح)یـشەوە بـەردەوام تکایان لە ئیسرائیلە کە دیالۆگیان لەگەڵ بکەن، ئەو زنجیرەیەی بێ هێز لەگەڵ بـێ هێزترو بەهێز لەگەڵ بەهێزتر لە جیهانێکی نادادگەری بەو شێوەیەی سەرەوە هـەر لەتاکە کەسێکەوە تا دەگاتە ئەمریکاو (un)..لە ناوەڕۆکدا پەیڕەو دەکرێ .

بەهەمان شێوە دەبینین رۆژئاوا گەلاڵەی مل ملانێی شارستانی پیـادە دەکـا کەچی بێ هێزەکانی بەرامبـەری داوای دیـالۆگی شارسـتانیەکان دەکـەن، لەوانـە تیۆرەکـەی (د.خـاتمی)، هـەروەها گەلاڵەکـەی (سـەرانی عـەرەب لـە مـانگی ٢٠٠١/١١) بەناوی (حوار الحضارات: تواصل أم الصراع)، هەروەهاش تیۆرەکـەی رۆجیە غارودی بەناوی (تێك گەیشتنی شارستانیەکان).. کەچی وەڵام نیە، سەرنج بدە ئەو زنجیرە لە کوردستان هێزە دەسەڵاتدارەکان ئامادەنین تەواو دیالۆگ لەگـەڵ هێزە ئیسلامی و هەندێ نیشتمان پەروەری دڵسۆز بکـەن یـان جـار وایـە لەگـەڵ یەکتر، بەلام هەردەم ئامادەن لەگەل داگیر کەر بکەن، بەهەمان شـێوەش سـەرانی عـەرەب (کە داگیر کەرانی کوردستانیشی تیایە)ئامادەنین دیـالۆگ لەگـەڵ کـورد بکەن، بەو تەکانە پێچەوانەییەش سەرانی عەرەب دەست بۆ ئیسرائیل و ئەمریکا درێژ دەکەن و بەدروشمی (خیار السلام و الحوار خیـار اسـتراتیجی وحیـد) کەچـی لەگەڵیانە نایکەن، جا ئەلێرەدایە مامۆستایانی بەناوبانگی مەدرەسـەی دیـالۆگ لەئیسلامیەکان (بەتایبەتی خەتی ئیخـوان) دەگەڕێنـەوە سـەر ئـەو ڕاستیە وەك د.قەرزاوی لەنوێ ترین کتێبی دا دەڵێ ئەگەر لایـەنی یەکـەم هـەر دان بـەبوونت نەهێنێ چۆن و لەگەڵ کێ دیـالۆك بکـەیت[١]، بۆیـە هێرشـێکی توونـدی کردۆتـە سەرهەڵگرانی دروشمی ئـەو جـۆرە دیالۆگـەو بـە (سـباق یعـدد حـصان واحـد)ی شوبهاندووە، واتە دیالۆگیش لە جیهانی نادادگەری وەك مەسەلەی ئاشـتیە چـۆن لە مەبدەئی (دیگۆل) هاتووە (کلیلی هێزە دەرگـای ئاشـتی دەکاتـەوە) لێرەشـدا

[١] الاسلام و العلمانية-وجها لوجه-مقدمة.

ئەگەر هێزت نەبێ دیالۆگت لەگەڵ ناکەن و ناتخوێننەوەو سەرەنجامیشی نابێ، ئـیتر (سیرنۆ سیکۆفیج) لە سالی ١٨٦٨وە راستی ووتوە کەدەلێ:هێـز تـەنها بـە هێـز دەوەستێنرێ .

گرفتەکانی دیالۆگی ئیسلامی و عەلمانی:

لە ناوەڕۆکی بابەتی سەروو بەڕوونی باس لە رووکار و بوارەکانی دیـالۆگ کـرا لە نێـوان مەدرەسـە و ئاینـەکان تـا دەگاتـە شارسـتانیەکانیش.. لـەو بەشـەش مەبەستمان ئەو تەوەرە دیالۆگەیە کـە لـە نێـوان ئیـسلامیەکان و عەلمانیـەکانی جیهانی ئیسلامی (عەرەبی بەتایبەتی)، ئەوەش دوو بەشی سەرەکیە:

١-عەلمانیـە دەسـەڵاتدارەکان کـە زۆربـەیان دیکتاتۆریـەکانن، بۆیـە کـەمتر ئامادەی دیالۆگن هـەروەك (حسنی مبـارك) گۆتـەنی دەڵـێن زەرەرمانـە، ئـەو دیکاتۆریانە نەك لەگەڵ ئیسلامیەکان لەگەڵ هیچ هێزێکی کاریگەر نایکەن.

٢-ئەو بەشە عەلمانیەی کە دەسەڵاتدار نین و معـارەزەی نیـشتمان پـەروەر و نەتەوەگەریە دڵسۆز و چەپیە پاکەکانن..

لە هیچیان دیالۆگ ناڕەوا نیە بـەڵام ئـەوەی بەرهـەمی راستەقینەی هـەبێت بەشەکەی دوایە..

گرفتی لای ئیسلامیەکان: هەر زۆر بەکورتی و خێرایی ئەوانەیە:

١-گەلێ جار بەشێك لە ئیـسلامیەکان بەپێی تێگەیشتنی تەسکی خۆیان لـە فقهی سیاسی ئیـسلامیدا رێگرن لە دیالۆگ و بێ ویـستی خۆیان خزمەتی گوتـاری ناحەزانی خۆیان کردووە.

٢-لە فقهەکانی تری وەك (أولویات، واقع، موازنە، تغـیر، ممکـن..)، دەسـت کورت بووینە بویتە هۆی لێ تێکەڵ بـوونی کۆمـەڵێك چـەمك لەوانـە: (تبلیـغ و حـوار)، (واقـع و دەق)، (بەرنامـەی سیاسـی وفکـری سیاسـی)...نـەیتوانیوە بەدروستی وستاندەری دیالۆك بکا .

٣-بـەو شـێوە چـاکەش لـەناوەڕۆك و پـۆلێن کـردن و لـە مەبەسـت و خاڵـە لاوازەکانی و، هۆی پەیدابوونی، (عەلمانیەت) نەگەیشتووە.

گرفت لای عەلمانیەکان:

١-بەگشتی ئاستی تێگەیشتنیان لە ئیسلام لاوازە.

٢-بەڕوانگـەی (رۆژهەڵاتناسـەکان) دەڕواننـە ئیـسلام، لـە کاتێکـا (رۆژهەڵاتناسـەکانیش) بەهەڵەی لێ تێگەیشتوون چونکە ئەوانیش بەپێی واقعـی مەسیحی و ئاینەکانی تر ئیسلام هەڵدەسەنگێنن.*

٣-بەزۆری ئامرازو ئامانجیان تێکەڵ کردووە، ئەو دیالۆگە بەو ئامانجـە ناکـەن کە مادام لە خزمەت ئامانجەکانیانەو ئیتر عەلمانیەت و رێبازەکەی ئـامرازە نـەك ئامانج.

٤-کەمتر (سەوابت) و مەبادیئی لەناو عەلمانیەت ماوە، بۆیە گەلێ جار هـەتا ئەگەر دیالۆگیش بکرێت بە عەبەسی کۆتایی دێت.

٥-ئـەوەی هـەرە گرفتـە باڵـەکانی عەلمانیـەت بـەخێرایی شـێوەو نـاوەڕۆکی دەگۆڕێ، لە چـەپیەوە بـۆ راسـتڕەوی، لـە سوشیالیـستی بـۆ لیبراڵـی.. یـان بـە پێچەوانەوە، بەگشتی قەیرانی ناسـنامەی فکریـان هەیـە.. جـا دیـالۆکی فکـری لەسـەر چ بکرێ تەنانەت بەشێکیان گەیشتنە ئەو رادە دەڵێن فکر و ئایدیۆلۆژیاش نەماوە.

٦-زۆر بـەخێرایی لـە مەبادیئـە ئاسـۆییەکان گەڕاونەتـەوە سـەر مەبادیئـە شاقووڵیەکان.

٧-تارادەیەکی زۆر کۆمەڵێك دەردی دەروونی سیاسی وەك (لاسایی کردنـەوە، تەقەزوم، گومان، بانێك و چەند هەوا، خێرا لاربوونەوە، خێـرا وەرگـەڕان)ی پێـوە نوساوە .

٨-خەریکە ببتە رەها کە عەلمانیەت پەیڕەوی مەبدەئی (بەرژەوەنـدی) بکـا..

واتە هەردەم بەرژەوەندی تایبەتی‌و خودی خۆی بەسەر گشتی دەسەپێنێ.. وە ئیتر بە سانایی دەتوانرێ بگۆتری رارەوی سیاسی میکاڤیلی یە رێنیشاندەری عەلمانیەت، ئەوەش گەورەترین‌و کوشندەترین گرفتی گفتوگۆیە کەیە، کە نرخی زانستی نامێنێ لەبەردەم (هەرچیەك بیت لە پیناو بەرژەوەندی تایبەت).

(١٦)

دیکتاتۆری استبدادیة dictator

بەو جۆرە دەسەڵاتانە دەوترێ کە بڕیارەکان و جێبەجێ کردنیشی لای تاکە کەسێك چڕ بێتەوە، عادەتەن دەسەڵاتی ناوەستێ لە چ سنوورو یاساو دەستوورو نەریتو ئاینیش، تەنیا لای بنەماڵەکەی یان چەند نزیکێکی خۆی، ئەو راوێژانەش وەردەگرێ کە لە خزمەتی دیکتاتۆریانەی بێت.

بنەچەکەی:

لەوەو پێش باس کرا کە زۆربەی چەمکە سەلبیەکان بنەچەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی بەشەریەت و هیچ بناغەیەکی ئاینی نیە، بەپێی هەندێ سەرچاوەو فەرهەنگ لەبنەچەدا دیکتاتۆری دەگەڕێتەوە بۆئەزموونی رۆمای کۆن، بۆ ئەو دۆخە تەنگانەی کە وڵاتەکەیانی تێ دەکەوت ئەوا (ئەنجوومەنی پیرانی رۆما) بێ رای میللەت بەپێی (نیمچە دەستووری) هەندێ سەرۆکی وەختیان هەڵدەبژارد بۆ ماوەی (٦) مانگ بۆ بەڕێوەبردنو پەراندنەوەی وڵات لەو دۆخە ناسکانەدا.. هەندێ سەرچاوە ناوو نمونەی وەك (سۆلا، یۆلیۆس قەیسەر، ئۆگۆستۆس، ...)یان تۆمار کردووە لەو بابەتانەدا، بەگشتی بەو پرۆسەیە دەوترا (دیکتاتۆر) کە وشەیەکی لاتینیە لە (Dictare هاتووە مانای سەپاندن)، ئەو زاراوە سەلبی نەبوو بەڵام لەدوای ئەوەی سەرۆکی وا هەبووە کە (٦) مانگەکە تەواو دەبوو لەسەر تەخت دانەدەبەزی و ئیتر ناوی دیکتاتۆری بووە ئەو جۆرە دەسەڵاتەی کە شەرعیەتی جەماوەری یان دەستووری یان شۆڕشگێڕی یان دۆخی دژواریشی نیە..

دیسان بەپێی بەشێك لە فەرهەنگ و سەرچاوە مێژووەکان یەکەم جار لە (سقیلە)ی سەر بە یۆنان ئەو دۆخەی سەروو روویدا لە پێش زایندا، ئەو کاتی بە (tyrąns)[1] ناوزەد کراوون، بەپێی هەمان ئەو سەرچاوانە نموونەی نوێی دیکتاتۆری یەکەم جار لەسەدەی (١٦) لە بریتانیا لە (ئۆلیڤەر کرۆمویل) سازاوە، هەرچەندە ئەو مەبەستی لە ئەزموونی دەولەتی هاوچەرخە،بەلام گومان لەو راستیە هەیە ،چونکە رۆژئاوا ویستویەتی زۆربەی چالاکی پێشڕەوایەتی مێژوو بۆ خۆی پاوان بکا چ بە چاکە چ بە خراپە، بۆیە رەنگە لە وولاتی تریش بووبی بەلام ئەوەی راستی بێ یەکەم دیکتاتۆری لە دەسەلاتی ئیسلامی لەسەردەمی معاویە دەستی پێ کرد .

لەبەر ئەوەی دیکتاتۆری سیفەتێکی دانەبراوی بەشەریە بۆیەش بەپێی زەمانو زەمین و نیشانەو ناوەرۆکی گۆڕاوە، سەردەم و وەخت هەبووە دیکتاتۆری بوویتە مەدح و زاناو نووسەرو شاعیر بەسەریان دا هەلگوتووەو وتویانە دیکتاتۆریانە توانیویەتی ئیشی میللەت راپەڕێنێ، بە دەسەلاتە بێ هێزەکانیشیان وتوە دیکراسی، لە مەدرەسەی مارکسیەتیش دیکتاتۆری هەر مەدح بووەو دیکراسیەتیش سەلبی بووە.

ڕایە جیاجیاکان:

دیکتاتۆری زیاتر لە زاراوە نزیك ترە نەك لە چەمك بۆیە کەمتر مشت و مڕی لەسەر بووە، زۆربەی فەرهەنگ و سەرچاوەکانی یاسایی و سیاسی و فەلسەفی و کۆمەلایەتی.. بەگوزارشی جیاجیایان نوسیە بەلام لە کۆتاییدا هەر ماناو ناوەرۆکەکەی لێك نزیکە هەروەك هەندێکیان والێ هەلدەبژێرین:

---

[1] بۆ زیاتر بروانە: أ-موسوعة العالمية ل٣٤٠ ب-النظم السياسية.. ج-الوسيط القانوني الدستوري، د.أدموند .

- فەرهەنگی نۆکسفۆرد[١]: دیکتاتۆری واتە دەسەڵاتداری ڕەها.
- لە (المورد) و (الموسوعة العالمية)ش هەمان مانای دایتێ.
- (ڕۆسۆ) لە کتێبی (في العقد الاجتماعي) بەجۆرێکی تری گوزارش کردووە کە کورتی دەکەینەوە لە شێوەکانی دەسەڵاتدا:

١- دیمکراسی ← دەسەڵاتداران >* لە (گەل).

٢- ئورستقراطي ← دەسەڵاتداران < ** گەل.

٣- دیکتاتۆری ← دەسەڵاتدار = گەل.

٤- پادشایی هەرسێ جۆری سەرووە.

- لە سەرچاوە کۆنەکانیش کە باسی (استبداد)یان کردووە، (ماوردی) لە کتێبی (تسهيل النظر) نامۆژگاریەکەی (ئەسکەندەری مەکدۆنی) نەقل کردووە بە لێدوانەوە کە دەڵێت لەو خۆشیە دوورکەوە کە هاوڕێکانت پی ی ناگەن، .. دیکتاتۆری‌و (استبداد)ی خۆشەویستی تیانامێنێ.
- عبدالرحمن کواکبی دەڵێ (مستبد) ئەوەیە حوکم لەسەر خەڵکی دەکا بە ئارەزووی خۆی نەك بە ئارەزوی خەڵکی، یان بە یاسا، پێی لەسەر دەمی خەڵکیە تا هەق نەڵێن[٢].
- موسوعة علم الاجتماع: چەند نیشانەیەکی داناوە بۆ ناسینەوەی دیکتاتۆریەت:

١- دەست بەسەراگرتن.

٢- متمانە نەبوون بە میللەت.

٣- خۆ بەچاکترین پارێزەر زانی.

---

١ فەرهەنگی نۆکسفۆرد ٢٠٠٢ وەرگێڕانی سەلام ناوخۆش.

* ئەو هێمایە مانای زۆرترو گەورەترە .

** مانای بچووك ترە .

٢ بڕوانە : الاعمال الكاملة -القاهرة ١٩٧٠

٤-سزا و پاداشی نامەعقول.

٥-زۆر مەرکەزیەت.

٦-کەم راوێژی.

٧-گوێ نەدانە رای گشتی میللەت.

٨-بڕیاری حەدی..

زۆربەی نیشانەکانی پێچەوانەی دیکراسی هێناوە.. هەرچەندە بەشێکی وانیەو هەندێ نیشانەی تری نوقستانە، ئینجا بڕیارە حەدیەکان عادەتەن روو لە بنێ هێزەکانە نەك بۆهەموو لایەك.

+فەرهەنگی ئۆکسفۆردی ئینگلیزیەکەی نیشانەیەکی سەرەکی داناوە هەر بەدەقی ئینگلیزی هاتووە: especialy one who has gained it using ...millitary force[1]

+ئەنسرۆپۆلۆجیەکان[2]: ئۆتۆکراسی و ئیستبدادی لەخانەی دیکتاتۆریەتیان ریزکردووە.

+زۆر جۆرە رای تریش هەیە، لە کوردستانیش وەك لە (راپۆرتی سیاسی ی.ن.ك) هاتووە دیکتاتۆری و سەرمایەداری بەپێچەوانەی یەك ناسیوە، سۆشیالیزمی نزیك کردۆتەوە لە تۆتالیزمی و دیکتاتۆری.. هەروەك (مارتین دودج)یش لە نیشانەکانی دا تۆتالیزم و دیکتاتۆری پێکەوە ریزکردووە و چەند نیشانەیەکی هاوبەشی پێ داوون:

١-دەسەلاتەکە بۆ یەك تاکە کەسە لە کۆتاییدا.

٢-زۆر گوێ ناداتە گفت وگۆ و راوێژ.

٣-حزبی سیاسی و بوونی خەڵکی تری پێ هەرس ناکرێ جگە لە حزبەکەی خۆی یان تاقمە بچووکەکەی.

---

[1] Oxford-d p٣٤٧.

[2] بروانە: مقدمة في انثروبولوجيا الاجتماعية .

٤-رەخنە قەبول نيە (بەتايبەتى لەكەسى يەكەم -جودى-).
٥-معارەزەى ياسايى نيە..

ئيتر مل پێ كەچ كردنى خەڵكى و زيندانى و تەزكيەو (تەرغيب و تەرهيب) كۆكردنەوەى خەڵكى لە حزب و تاقمەكەى بەزەبرى دەسەڵات ديارەدەى هەرە زەقى ئەو سيستەمەن[1].

ئەوانە بە پوختى رايە جياجياكان بووە، لەرەوتى بابەتەكە هەڵسانگاندنيانيشى تيادايە، ديكتاتۆرى هەر لە سيستەمى سياسى پەيدا نابێت، چونكە سروشتى پۆلێكى فراوانى بەشەريە بۆيە لەناو دەزگا كۆمەلايەتى و خێڵەكى و هەتا دەزگا زانستى و مەدەنيەكانيش هەيە.

عادەتەن ئەو جۆرە ديكتاتۆرانە بيانگە يەكى پيلانى دەرەوە و گەشاندنەوەى سەروەريەكى هاوبەش هەڵخەڵەتێنەرى وا كەخۆى تيايدا ناوەند بێت و نامرازێكى ساناش دەبێ بەهۆيەوە رارەوەى نارازيەكانى بەتووندترين شێوە سەركوت بكات.

زۆربەى فەرهەنگەكان ئەو چەمك و زاراوانەى وەك ئۆتۆكراسى، تاك رەوى، مونوكراسى، دەسەڵاتى رەها، شمولى، حزبى سەركردە، حزبى پێشڕەو، شاهنشاهى (نەك مەلەكى دەستوورى)، دەسەڵاتى تۆتاليرزمى (وەك ئەوەى مۆسۆلينى)..لە پۆلى ديكاتۆرى ريزكردووە، نمونەكانيشيان لە ديكتاتۆرى هەريەكە لە (ستالين، هتلر، دڤاليە، عيدى أمين، موسولينى، سامورا، ماركۆس، شاى ئێران).. تۆمار كردووە.

كەمتر نووسەرو توێژەرەوەكان ئەو سەرۆكانەيان لە خانەى ديكتاتۆرى تۆمار كردووە كە ناسەوارو دەسەلاتيان ماوە، ئەوەش سەلبياتێكە لەبارەى دادگەرى نووسينەوەى مێژوو، هەر بەپێى نيشانەكانى بەشێكى زۆرى ولاتانى عەرەبى و جيهانى هێشتا ديكاتۆرن، كەمتر حزبە عەلمانيەكانى عەرەبى بە كوردستانيشەوە دەست گۆرى دەسەلاتو سەرۆكايەتى دەكەن، لە هەموو سەردەمێك ئەو

[1] إعرف منهبك.

ديكتاتۆرانه بەشێك له عەوام و ڕەوشەنبیرو نووسەرو هونەرمەندو سیاسەتمەداری وايان هەيەو هەبووە نەك هەر بۆيان داپۆشن بەڵكو وەستای بيانگە دۆزينەوە بووينە، گۆرانیو شيعريان بەسەردا هەڵگووتوە، نازناوی بالآيان پێ داوە لەوانە (خواوەند، مەزن، خاوەن شكۆ، قائد الفذ، سەرۆكی هێژا، ڤۆهەر، دوتش، سەرۆكی سەرۆكان، سەرۆكی بێ هاوتا، فخامة، سيادة، يان وەك (مصطفى كمال) سێ نازناوی دراوەتێ يەكيان (عصمت ئينينو) ناوی (ميللی چيف- واتە سەركردەی هەميشەيی) دووەم نازناوی غازی، لەدوايدا پەرلەمان سێيەم نازناوی (ئەتاتۆركی) پێ دا واتە باوكی تورك، .. ئێستاهەيە بەدەيان نازناوی دراوەتێ .

زۆربەی ئەوانە كێشەيەك يان فاكتەرێكی هاوبەشی مێژوويی و ئايديۆلۆژی و نيشتمانی كردۆتە دروشمو هاندەر بۆ جۆشو خرۆشكردنی هەستو نەستی خەڵكی عەوام بەپێی تيۆری (تحدي و الاستجابة-توينبي) تا شەرعيەتی جەماوەری و مێژوويی و ياسايشی پێ وەرگرێ، هەروەها هەڵدەستێ بە دروست كردنی ئەنجومەنی كارتۆنی بەناوی پەرلەمان و گەل و جارجار هەڵبژاردنێك سازدەدەن يان بۆ سەرۆكايەتی هەتا هەتايە يان بۆ ماوەيەكی درێژ و لە ٩٩، ٩٩٪ دەنگ دەهێنێ، تەنانەت سەرۆكی عێراقی لە ساڵی (٢٠٠٢) لە ١٠٠٪ دەنگی هێنا! ئەو سنورەشی شكاند، خەريكن نزيك بنەوە لەو دەنگ هێنانەی (ستالين) كە جارێكيان لە (١٠١٪)ی هێنابوولە كۆنگرەيەكی حزبی شيوعی، هەرگيز پێغەمبەرەكانيش ئەو جۆرە دەنگەيان نەهێناوە .

ديكتاتۆريەت ناسنامەی نيە لە هەموو مەدرەسەكان پەيدا دەبێت هەتا لە ديكراسيش، هێتلەر بە دەنگ دان و لە ڕێی ديكراسی لەساڵی ١٩٣٢ بووە ڕاوێژكاری ئەڵمانيا، بۆيە بەشێكی زۆری پانتايی مێژووی عەلمانيەت و ڕۆژئاوا و ليبرال ديكراسی و سەرمايەداری جەنگ و پەلامارو شەڕە دەسەڵات و ديكتاتۆريەت بووە، نموونە نزيكەكانی : هتلەر لە ئەڵمانيا، مۆسۆلينی لە ئيتاڵيا، دۆڤالی لە هايتی، فرانكۆ لە ئيسپانيا، صدام لە ئيراق.. ئيتر دەروازەی

دیکتاتۆری بەڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەو سیستەمە لـە هـەموان نزیـك تـرە مادام مەبدەئی بەرژەوەندی تایبەتیو شەخسی لە سەرووی گشتیە، مێژوی سیاسی خەلافەتی ئیسلامیش پاکانەی بۆ ناکری لـەو ڕووەوە بـەڵام بـە پێـچەوانەی ئـەو ڕایەی (کۆتایی مێژوو)و (مل ملانێی شارستانیەکان) کە جگە لـە سـەرمایەداری ڕێبازەکانی تر بەدەروازەی دیکتاتۆری لەقەڵـەم داوە، هـەر بـەخێرایی ئـەو رایـە گەیشتۆتە جیهانی سێیەمو کوردستانیش، سەرنج بدە ڕاپۆرتی سیاسـی (ی.ن.ك) کۆنگرەی (٢) هاتووە: (پەرەسەندنی بیرو داخوازی مافی مـرۆڤ و دیمکراسـی کـە هەردووکیان هەم بۆ گەشەکردنی سەرمایەداریو بازاڕی ئازاد پێویست بـوون، بـۆ ڕیسواکردنی ڕژێمە دیکتاتۆریەکان..)[١]، هەر با بە (معجم الحدیث..) وەڵامی ئەو هەڵە تێگەیشتنە بدەینەوە کە تیایـدا هـاتووە (لەسـاڵانی (٧٠-٨٠) سـەردەمی بینوشێ چالاکیە ئابووریەکانی سەرمایەداریو بازاڕی ئـازاد بـوو کەچـی ئـەرێزی مافی مرۆڤی دەگرتو ئەدیمکراسیش)، زۆربەی دیکتاتۆریەکان لەو تـرازەن و خـۆ نموونەی (ئەنجومەنی ئاسایشیش) کە چۆن (٥) ئەندامی هەمیشەیی بێ هەڵبژاردن هەردەم ئەندامن و ڤیتۆشیان هەیە ئەوەش هەر دیکتاتۆریەتە.

هەرچـی مـەدرەسـەی شیوعیەتیـشە هـەر خـودی (دیکتـاتۆری پرۆلیتـاری) کۆلەکەیـەکی بنـچینەیی یـە، یەکـەم جـار (بـابۆف)ی فرنـسی لـە ١٧٨٩داوای شێوەیەك لە دەسـەلاتی پرۆلیتاریـای کـرد ئینجـا مارکـسیەتیش داوایـان کـرد، معارەزەو لایەنی سیاسیو رەخنەی تر بە دوژمنی لەقەڵـەم درا، تـەنها حزبەکـەو تاکە شەخسەکە لە کۆتاییدا دەسەڵاتدار دەبوون چـونکە (چـینی پرۆلیتاریـا) نـە دروست بوو نە دروستیش دەبێ، ئیتر کەسانی دیکتاتۆری وەك ستالین لە رووسیا، ماو لە چین، هۆنیکەر لە ئەڵمانیا، چاوشیـسکۆ لە رۆمانیا، کیم ئیـل سـونگ لـە کۆریـا، پـۆل پـۆت لـە کـەمبۆدیا، کاسـترۆ لـە کۆبـا، .. زۆری تـر.. تەنانـەت

---

١ ڕاپۆرتی گشتی (ی.ن.ك) کۆنگرەی (٢) ل٢.

دیكتاتۆری گەیشتە ئەو رادەیە كە (كیم ئیل سۆنك) مرد وەسیەتی كرد كوڕەكەی هاتە جێی (بووە شیوعیة الملكیة)، بەو شێوەیە دیكتاتوری لەگەل دەسەلات هاوڕێ بوینە(كلا أن الانسان ليطغى إن رأى إستغنى)، جا ئەو دەسەلاتە جار وایە ناوی (دیموكراسی) هەلگرتووە وەك ئەلمانیای دیموكراسی، یەمەنی دیموكراسی .. سەرنج بدە احمد سیكۆتۆری سەرۆكی پارتی دیموكراسی غانا یە دەلی (ئیمە سیستەمیكی دیكتاتۆریمان لە نیو دیكتاتۆریەكان هەلبژاردو كە دیكتاتوری گەلە، چاكترە لە دیكتاتۆری تاكە كەسەكان یان دیكتاتوری پەرلەمانی، یان دیكتاتوری چینی برجوازی ..)[1] .

لەپاش هەموو ئەوانەش دیكتاتۆریەت زیاتر زادەی،جۆرێك لە سیستەم و عەقیدەیە، لەدوای پشكنین و وردبوونەوە وا دەردەكەوێ زۆربەی دیكتاتۆریەكانی سەدەی رابووردوو و ئێستاش بەرهەمی جۆرە عەقیدەیەكی سیاسی ناوێتەن لە رەگەزیو جۆرێك لە سوشیالیستی، واتە فەلسەفەی نەتەوەگەریو سوشیالیستیو نیشتمانی پێ گوتراوە، بەكورتی لەنێوئەو جۆرە خەلكە سەرهەلدەدا كە لایەنی ئارەزووی زالە بەسەر عەقل ونەخلاقیەكەی، بۆیە هەرگیز ئاسنامەكەی بەشەریو عەلمانی دەبیت نەك ئاینی راستەقینە، ئەوەش بە ڕوونی لەمیژوو بەدی دەكرێ هەر لە ئەرستۆ (٣٨٤-٣٢٢پ ز) وە تا میكافیلی (١٤٦٩-١٥٢٧) وبە دواوەش زاناو فەیلەسوفی عەلمانی راویژكەرو ڕێنیشاندەری دیكتاتۆر بووینە .

هەروەك دۆخی ئێستای جیهانی دەسەلاتداری عەرەب نموونەی دیكتاتۆرین لەو جهانە بە نیشانەكانیەوە، تا ئەو رادەیە (كیسنجەر) لە وەلامی ئەو پرسیارەی ئاخۆ ژمارەی دانیشتوانی عەرەب چەندن؟ وتی تەنیا (٢٢) كەسن، واتە هەر سەرۆكەی یەكسانە بە میللەتەكەی هەروەك پێناسەكەی (رۆسۆ) بۆ دیكتاتۆری، لە راستیشدا هەر خۆشیان شەرم لەو بارودۆخە ناكەن هەم لە دەنگ هێنانی بەساختەی ٩٩، ٩٩٪ هەم لە گۆتەش، لە عێراق وەك دروشم لەسەر دیوار

[1] بروانە : علم السياسة -د حسن الصعب ص٤٣٥

دەنووسرا (اذا قال صدام قال العراق).. ئیتر شەڕو جەنگو ئاشتیو ماڵ ویرانیو بەفیرۆدانی داهاتی عێراق بێ سانسۆرو ڕای میللەت.. تا گەیشتە ئەو ڕادەیە سەرۆك یەکسان بێت بە دەوڵەت، ئەوەش هەمان گۆتەی (لویسی چواردەمی فەرەنسی) بوو کە دەیووت (من دەوڵەتمو دەوڵەتیش منم)، ئەوە جۆرێکی زۆر تایبەتە لە دیکتاتۆری، چونکە دیکتاتۆریەکانی سەروو کە ناویان لە فەرهەنگەکان تۆمارکراوە لەگەڵ دیکتاتۆریەکەشیان نیشتمان پەروەر بوینە، کەچی دیکتاتۆری ئێستای عەرەبی تەنها بۆ مانەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری سەودای هەرزان لەسەر وڵاتو نیشتمان دەکا، بووە میراتگری ئەو جۆرە نەریتەی نیشتمان فرۆشی، هەروەك فرۆشتنی لیبیا بە ئیتالیا، دجلە بە بەریتانیا، فەلەستین بە یەهوود..هتد لە سەرەتای سەدەی بیستەم، ئێستاش بەجۆرێکی تر بەردەوامە.

سیستەمە سیاسیەکەی دەسەڵات لە کوردستانیش زۆر کاریگەرە بە ئەزموونی سیستەمی سیاسی عەرەبی بۆیە (عبداللە پەشێو) لە شیعرێکی دا ڕوو لە سەرکردەکانی کورد دەڵێ:

ئاگەردانێکتان کرد بە دوو
خەڵك مێژوویەکی هەیە
ئێمە دوو مێژوومان هەیە
هەموو دنیا یەك سەرکردەی لێ بەڵایە
ئێمە لەویش دوومان هەیە

نەریتی سیاسی لەناو جیهانی موسڵمانشینیش زیاتر بەلایەنی دیکتاتۆریەتە، جۆری حوکمو دەستوورو بەرنامەی سیاسیو ئایدیۆلۆژیاو عەقیدەیان عەلمانیە، لە سۆشیالیستو فەلسەفەی نەتەوەگەریو لیبراڵی یان ئاوێتەیەکە لەوانە، حوکمی ئیسلامی ڕاستەقینە وەك ئیسلامیەکانو زاناکانیان دەڵێن (قورئانو سوننە) بێت وانین، بۆیە ئەگەر دیکتاتۆری ڕەگی لە دەروونی ئەو دەسەڵاتدارانە هەبێت کە لایەنی عەقلی ملکەچی دەروونیە ئەوا لەو مەدرەسانەش ڕەگی هەیە

که مەدرەسەی روحی نین، بۆیە دیکتاتۆریەت لە فکری ئیسلامی هیچ پێگە و جێگەیەکی نیە، هەر چەندە زۆربەی پانتای مێژووی ئیسلام بەجۆرێك لە دیکتاتۆری حساب بووە ئەوەیان مێژووی موسڵمانانە نەك ئیسلام، چونکە شورا ئەسڵێکی بنچینەی حوکمە، ئینجا (ویلایەت) لە ئیسلامدا بۆ ئوممەتە هەروەك قورئان زیاتر رووی لە (ئوممەت) کردووە بە پلەیەك ئینجا بۆ (شورا) و لەوێش بۆ (فقیە-یان ئەمیر)..، مانای (ولایەتی ئومّة) ئەوەیە هیچ دەزگایەك لەسەرووی ئوممەت نیە، لەدوای دەستوور کە حوکمی خوایە، ئیتر (وەلی ئەمر)و (ئیمام) و (سەرۆك کۆمار)و (ئەنجومەنی شورا-پەرلەمان).. هیچی راستەوخۆ بەند نیە بە پەیامی خوایی، بەڵکو هەمووی بەند دەبێت بە پەیاننامەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ (ئوممە)، دەبێ هەڵبژێردرێن نەك دیاری بکرێن یان بەمیرات و خۆسەپاندن، تا رادەیەك ئەو کێشە لەناو (فقهی سیاسی) ئیسلامی هەیە بەشێك لە (شیعە و سوننە) یەك دەگرنەوە دەڵێن (ولاية) بۆ (فقیە-یان ئەمیر).. ئیتر ئەو رایە سەر دەکێشێ بۆ دیکتاتۆریەت هەروەك سەری کێشاوە، هەر چەندە ئەزموونی ئێرانی لە (ولایە فقیە) وەك (چارەسەرێکی مام ناوەندی) دەسەڵاتی زۆر دارایتیێ بەڵام هەڵیش بژراوە لە (مجلس خبرگان)، بۆیە ئێستا لە ئێران هیچ دەزگایەمی سیاسی نیە (ئوممەت) هەڵی نەبژاردبێت بە پێچەوانەی وڵاتێکی دیموکراسی زادەی وەك بریتانیا دەبینین بنەماڵەو خانەوادەی شازادەکان بێ هەڵبژاردن و بەمیرات خاوەنی ئەو میرنشینەی بەریتانیان، یان جار وایەئەنجوومەنی لۆرد (یان ئەعیان) بەمیراتە بێ هەلبژاردن، ئینجا ئەزموونی ئیسلامیەکان درەوشاوە تر بووە، هەتا لە ئەفغانستانیش(کەنموونەیەکی ناشرینی هاوچەرخی ئیسلامیە) سەرۆکایەتی بە نۆرە بووەو (٣) سەرۆك گۆڕا، کە گەیشتە (برهان الدین ربانی) گیر بوو، لە چیچانو سودانو ئێران نموونەی تەواو ئەنتی دیکتاتۆریان پەیرەو کرد بەڵام لە ئاستی پێویستیش نەبووە، لە ئێران سەرەك کۆمار تەنها دەتوانێ لەدوو دەورە خۆی هەڵبژێرێ تا ئێستا (٦) سەرۆك کۆمار گۆڕاوە (١-ابو الحسن بنی صدر٢-

محمد علي رجائی۳-علي خامنائی ٤-هاشمی رەفسنجانی ٥-محمد خاتمی ٦-محمودی نەژاد)...، لە چیچان لە دوای (جوهر دودایف) (سلیم خان یاندربایف) بووە سەرەك كۆمار، دوای لە هەڵبژاردن (ئەسلان مەسخادۆف) دەرچوو (سلیم خان) قایل بوو تەنها ببێتە سەفیرێكی گەڕیدە لەپێناو ئەو گەلەو كۆمەك پەیداكردن، هەتا لە كوردستانیش دەست گۆڕی دەسەڵاتو گۆڕینی رابەر لەناو ئیسلامیەكان زۆر ئاسایی بووە (٤) رابەریان گۆڕیوە تا ئێستا (هەر چەندە لەوەی دوای گێروگرفت هەبووە)، بەڵام لەناو حزبە عەلمانیە دەسەلات دارەكان ئەوە زیاتر لە نیو سەدەیە هیچ گۆڕینێكی سەرەك حزب نەبینراوە، مەگەر مردن یان بەڵێك ترازانو ژماردی سەركردە زیادكردن، هۆیەكەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند فاكتەرێكی مێژوویی لەوانە ئەزموونی سەقەتی خەلیفەكان لەوبارەیەوە، میر نشینەكانی كورد...، ئینجا لەو سەردەمەش دوو كاریگەری نوێی تر یەكیان ئەوەیە دەسەلاتی سیاسی كوردی لەژێر كاریگەری ئەزموونی عەرەبیە كە دیكتاتۆری پەتین، هەروەها كاریگەریش بووینە بە ئەزموونی ماركسی كە بناغەكەی لەسەر دیكتاتۆری هاتووە، ..جگە لەوەش دەسەلاتی عیراقی زیاتر دیكتاتۆری بووە

(١٧)

فيدراڵی الولايات Federation

له دوای گەشەی کۆمەڵو پەیدابوونی دەوڵەت، زیاتر تێکەڵی و پێویست بە یەکتر بوون بەو شێوە فراوانەی، ئەو زاراوانەش لەگەڵی پەیدا بووە لە ئەنجامی ئەزمونی مێژووی شارەزایی مرۆڤایەتی، ئەگینا لەپەیامدا هەموو ئەو زاراوانەی وەك : فیدراڵی، پەرلەمان، سیاسەت، مرۆڤایەتی.. هەبووە بەهەمان ناوەڕۆك، مەگەر ناو و شوێنی جیا بووبێت، هەڵبەتە پەیام بە دەیان سەدە لە پێش عەقڵی بەشەریە، جا وەك پەیام بنەچەی ئەو چەمکانە رۆژ هەڵاتیە، وەك زادەی بەشەریش رۆژئاوایین، چونکە کام شارستانی زاڵ بێت ئەو چەمکانە بە ناو و وشەی ئەوان زاڵ دەبێتەوە، لەسەر ئەو بنچینەیە (واتە لە ڕووی بەشەریەوە) فیدراڵی لە سەرەتادا لەسەر شێوەی پێویستی ئیداری و سیاسیانەش دروست بوون، بە هەردوو جۆری سەلبی و ئیجابی، لە لایەك دەبینین ئیمپراتۆرەکان بە مەبەستی سیاسی و زاڵ بوون فیدراڵیان پیادە کردووە هەر بە نموونە فیرعەونەکانی میسر وڵاتیان کردبووە (٤٢) ناوچە[1]، هەریەکە دڵسۆزێکی فیرعەونی لێ دەسەڵات دار بووە بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردنی، یان وەك کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشوش، کەچی لە خەلافەتی ئیسلامی ڕاستەقینەدا بە مەبەستی بەشداری سیاسی گشتی و ڕێکخستن و لامەرکەزیانەی دەسەڵاتو مەدەنیەت و ئازادی تاکو پێکەوە ژیانی ڕەنگە جوداکان بووە، بەو شێوەیە ئەسڵی فیدراڵی سیستەمی ویلایەتەکانە لە ئیسلامدا، هەروەك لە فەرهەنگی بەناوبانگی (ئۆکسفۆرد)یش

---

[1] الموسوعة السياسة ل٤٤٥.

هەر بە مانای (ویلایات)ی هێناوە[١]، لەگەڵ ئەو گۆڕان و کاریگەریە کەلتووری و ئابووری و نەخشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی نوێیانەی بەسەریدا هاتوون، بۆیە هەق وابوو بە (ویلایەت) سەردێڕی ئەو چەمکە بنووسین، بەڵام چونکە ئێستا فیدراڵی باووترە لە ویلایەت، لە لایەکی تریشەوە پەرلەمانی کوردستانیش بە وشەی (فیدراڵی) سەردێری کردووە، بۆیە ئێمەش لەگەڵ ڕای باو دەڕۆین جارێ ئەگەر تەرازووش نەبێت.

فیدراڵی وەك وشە لاتینیەبە مانای (یەك گرتن) یان (هاوپەیمانی) دێت، بۆ ئێستا بە مانای قەوارەیەکی نیسبی دێت و هاوتایی لەگەڵ (هەرێم-ئیقلیم) ناویان دێت، (ئیقلیم)یش جاران مانایەکی تری هەبووە، بەهەر لاکێشەیەك لەو (٧) لاکێشە تەریبەی کە ئەو هێڵانەی زەوی بە ئاسۆیی دابەش دەکرد دەووترا (ئیقلیم)[٢]، دوای لە وڵاتیش بچووکتر بۆوە، ئیتر هەر وڵاتێك چەند ئیقلیمێکە، مەبەستی ئێستا لە (ئیقلیم-هەرێم) نەك هەر سنورێکی جوگرافی تایبەت، بەڵکو دانیشتوانی ڕەچەلەك و کەلتوور و فاکتەری تریش تایبەت بێت، ئینجا پێی دەوترێ هەرێم (ئیقلیم)، تەنانەت (کیبك) لە کەنەدا تەنها تایبەتیەکەیان فەرەنسی زمانن هەرێمیان پێك هێناوە، بۆیە ئێستا فیدراڵیەت و هەرێمایەتی و دابەشی دەسەڵات جۆرێکە لە چارەسەری سەرەتای کێشەی فرە نەتەوەیش لە سنوری یەك ولاتدا، لێرەدا پێویستە بەلای ئەو باسەدا بچین کە بەشێك لە نووسەران و فەرهەنگیش نموونەی ویلایەتی سیستەمی ئیسلامی بۆ چارەی (کێشەی نەتەوەیی) دەگێڕنەوە، نەخێر، ئەو کاتی کێشەو بیری نەتەوەیی هەر نەبووە[٣]، هەرێم و نەتەوەو دەسەلاتی سیاسیش لەو پەیوەندیەیاسایی وسیاسیەی وەك ئیستا نەبووە ،دابەش بوونی ولایەتەکان لەسەر بنچینەی نەتەوەیی نەبووە،

[١] قاموس أكسفورد ل٢٢٢.

[٢] موسوعة الكشاف إصطلاحات الفنون و العلم ل٢٤٧،ومعجم البلدان –ياقوت الحموى، إبن الخلدون–المقدمة ...

[٣] بۆ زیاتر بڕوانە: نەتەوایەتی.

لەسەر بنچینەی ئیداری بووە، هەتا لە سەردەمی عوسمانیش ئەگەر تەماشای هەر ٣٢ ویلایەت بکەین هیچی جووت نیە لەگەل ئیشتمانێك، دوای مەشروتیەتی ١٨٧٦ز پیش هەروابوو، لە مادەی ٧١ی دەستووری (مەشرووتیەی یەکەم) عوسمانی هاتبوو کە ئەندامی مەبعوسان (پەرلەمان) نوێنەری بەتەنهای ویلایەتەکەی ناکا بەلکو نوێنەرایەتی هەموومیللەتی عوسمانی دەکا ، بۆیە هەرێمی ئیستاو ویلایەتی ئیسلامی لێك جیانە، هەتا خودی ئیقلیم (هەرێم) عەرەبی نیە، لە ئیخلیمی لاتینی هاتوە، بەلام هەردوولا هاوبەشن لە (لا مەرکەزیەت)، کەواتە فیدرالی (یان ویلایەتەکان یان هەرێمەکان) شەخسیەتی سەربەخۆیی (نیو دەولەتی) لە دەست دەدەن بۆ یەك شەخسیەتی ناوەندی، لە بەرامبەریشدا (ناوەند) کۆمەڵێك دەسەلاتی بۆ ئەوان بەجێ دێلێ، لە کۆنفدرالی وانیە، هەر یەکە شەخسیەتی مەعنەوی دەمێنێ، ئیستا کەمتر ئەزموونی کۆنفدرالی تەمەنی درێژ بووە هەتا لە نێوان یەك نەتەوەش هەروەك کۆنفدرالی (عەرەبی یەکگرتوو) کە لە ٨/مارس/١٩٥٨ لە دیمەشق لە نێوان یەمەن ومیسر، دوای عیراق و سوریا، دوای میسر لەگەل چەند ولاتێکی تری عەرەبی، جاران نمونەی سویسرا یەکیتی سوڤیەت کۆنفدرالی بوون، بەلام تائیستا کۆنفدرالی (امارات العربیة المتحدة) ماو، دیارە فیدرالی بەردەوام ترە .

بە زۆری دەسەلاتی ناوەندی چ وەزیرەکانی (تنفیذی) چ (پەرلەمان) لە ئەندامانی هەرێمەکانی فیدرالی و ناوەند پێك دێت (هەڵبەتە ناوەندیش هەرێمێکە لە فیدرالیەت، خۆ ئەگەر سنووری جوگرافی و ولاتی جیاجیا بن وەك ئەو شێوەیەی بریتانیا ئەوا پەرلەمانیان کە ژمارە (٦٣٥) ئەندامن بەو شێوەیە پێك هاتووە:

(٧١) ئەندام سکوتلەندا، (٣٥) وێلز، (١٢) ئێرلەندای سەروو، ئەوی تر ئینگلتەرا*، مە، لە قوبرس لە کۆی ٥٠ ئەندام (١٥)ی تورکە، (٣٥)ی

* جاران بەبەشی خوارووی بەریتانیا (جگە لە وێلز) دەوترا ئینگلترا

یونانیه، دیاره چڕی دانیشتوانی هەرێمەکان ئەو کاریگەریەیان هەیە، لە ویلایەتەکانی ئەمریکا دەبینین هەردوو ویلایەتی میرمۆنت و ئەلاسکا نزیکەی ٣\١١ی ئەندامانی کۆنگرێس پێك دەهێنن، هەرچی ویلایەتی تیتر بورگە ٤١ ئەندامی هەیە لەکۆی(٤٣٥ نوێنەران +١٠٠پیران)، ئەنجومەنی هەرێمەکانی سویسرەش ٤٤ئەندامن، بۆ هەر کانتۆنێك ٢ ئەندام .

هەریەکە لە هەرێمەکانیش پەرلەمانی سەربەخۆیان هەیە، واتە فیدراڵی حکومەتو پەرلەمانیشە، زۆربەی وڵاتانی جیهانیش ئێستا بە جۆرێك سیستەمی دەسەڵاتیان فیدراڵیە، جا ناوی جیاجیای وەرگرتووە، لەوانە: ولایات وەك جارانی خەلافەت و ئێستای ئەمریکا، ئیمارات وەك ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو، کۆماری وەك یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، ئوستانەکان وەك ئێران، هەرێم وەك کوردستان، و کانتۆنات[1] وەك لە سویسرەو فەرەنساش..، ئیتر ڕەنگە نموونەی نەبوونی ئەو سیستەمە دەگمەن بێتو تەنها لەوڵاتە دیکتاتورەکان نەبی (کە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و سوشیالیستەکان و هەندێکی ئەفریقی دەگرێتەوە)، ئەزموونێکی زۆر سەرکەوتووە هەم بۆ ئیداری و هەم سیاسی و هەم نەتەوەییش، ئەو وڵاتانەی خاوەنی ئەو سیستەمەن زیاتر ئارام و ئاسایش و گەشە و تەبایی و بە یاسایی بەڕێوە دەچێ .

لە ئەزموونی نوێ دا سویسرە کۆن ترین سیستەمی فیدراڵی یە، بەڵام ئەگەر ناوەکەشی نوێ بێت، ئەوا ناوەڕۆکی نوێ نیە، بە هیچ جۆرێك لە داهێنانی ئەورووپی نیە هەروەك دەیانەوێ هەموو مۆدێرنیەکی ئیجابی بکەنە موڵکی خۆیان، هەموو ئەوانە بناغەی پەیامی هەیە، ئەگینا با سەرنج بدەینە شارستانی (ئەزدیل ١٣٢٥-١٥٢٠ پ.ز) چەند کۆنیشە و وەسفی لە لایەن زۆربەی فەرهەنگەکان بە کۆنفدراڵی کراوە[2]، لەو سەردەمەدا: لە دوای دابەش کردنی و

[1] کانتۆن فەرەنسیە واتە (قضاء، سویسرەش مانای محافظة) -قاموس جیب- ل٤٤ فرنسی-عربی.
[2] الموسوعة السیاسة -کیالي- م-ن -ب[6] ل٢٩٤.

وەچەرخانی جیهان لە چاخی ئیمپراتۆریەتەوە بۆ ولاتە نەتەوەییەکان کە بناغەکەی بۆ جیهانی ئیسلامی و سێیەمی لە ڕێکەوتنی (١٩١٦)ی سایکس بیکۆ- سازانۆف) بەدواوە دروست بوو، ئیتر کێشەی نەتەوەییش بووە سەرباری پێویستیەکانی سیستەمی فیدراڵی.

لە ئەزموونی نوێدا هەرێمەکانی فیدراڵی بە پێی سەروەری دەنگ دان و دیموکراسیانە توانیویانە جۆری حوکم و مەزهەبی سیاسی و دەستووری هەرێمیش بگۆڕن وەك لە هەرێمەکانی سەرووی نایجیریا تا ئێستا (١٠) ولایەتیان جاڕی پەیڕەوکردنی شەریعەتی ئیسلامی داوە وەك مۆدێرنترین چارەسەری کێشەی کۆمەڵ و تاك بۆ ئەو شوێنە، هەروەهاش لە مالیزیا و پاکستانیش هاوتای ئەو شێوەیە هەیە.. هەر چەندە رۆژئاوا و رۆژهەلات و عەلمانیەتی جیهانیش راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە دژی پێش هاتی وان، لەو چوارچێوەدا پەرلەمانی کوردستانیش بۆ پەیوەندی هەرێم بە ناوەند فیدراڵی لە نێو زنجیرەی لا مەرکەزی و خود موختاری و کۆنفدراڵی.. هەلبژاردووە، کە لە لایەن شۆڤێنیستە عەرەبەکان پەسند نەکراوە، هەرچەندە بەشێکیش(بەتایبەتی رەگەز پەرستەکانی عەلمانی عروبی) پییان وایە ئەوە سەرەتای جیابوونەوەیە، دەڵێن دەبێت ئەو هەنگاوە بیگێڕدرێتەوە بۆ راپرسیەکی گشتی دیموکراسیانەی، سەرانسەری عێراق نەك تەنیا لە کوردستان، بەو بۆنەشەوە بۆ وەڵامیش هەلوەستەیەك دەکەین:

١-فیدراڵی و دیموکراسی لەو پەیوەندیە ئۆرگانیکیە نینە، زۆر وڵات هەیە و هەبووە فیدراڵی بووە و دیموکراسی نەبووە وەك لە فیرعەونەکان کە باسمان کردو یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو وەك دیکتاتۆری، سیستەمی ویلایاتی ئیسلامی پێشووو ئێرانی ئێستاو سودانیش وەك نموونەی تر.

ئینجا ئەوەش عەیبێکی دیموکراسیە کە مافی دەخورێت هەر وەختێك راپرسی سەرانسەری بکرێت زۆرایەتی عەرەب لە عێراق دەنگ نادەنە فیدراڵی یان هەر

مافێكی تری سروشتی خەڵكی كوردستان، (بۆ زیاتر بڕوانە بابەتی دیموكراسی لەو فەرهەنگە).

٢-وولاتە فیدراڵیەكان هێزی یەكگرتوویان گورج و گۆڵ ترە لە ولاتە نافیدراڵیەكان، بۆیە هەموو زانا و فەرهەنگەكان فیدراڵیان بە مانای (یەكێتی سیاسی) وەرگێڕاوە[١]، بە پێچەوانەوە زۆربەی ئەو وڵاتانەی شۆڕش و كێشەكانی نەتەوەیی تیایە نا فیدراڵین و دەسەلاتی ناوەندی تاك ڕەو دیكتاتۆر و تائیفی بووە، ئەگینا ولات هەیە چوار سەدەیە فیدراڵیە و زۆریش ئارام و گەشە سەندووشە.

٣-بۆ دیاری كردنی شێوەی پەیوەندی ڕاپرسی بە سەرانسەری ولاتەكە ناكرێ بە تایبەتی ئەزموونە نوێیەكان، لە دوای ١٩٩٠ تا ئێستا ئەو پرۆسانە ئەنجام دراون لە ژێر چاودێری (نەتەوە یەكگرتوەكان): ئەریتریا، چەند كۆمارێكی سۆڤیەتی پێشوو، بیابانی روژئاوا، تەیموری رۆژهەلات، هەردوو بەشی چیكۆسلۆڤاكیا، چەند پارچەیەكی یۆگسلافیا، كیبك لە كەنەدا، .. هیچی لە وانە ڕاپرسیەكان لە سەرانسەری ولاتەكە نەكراوە تەنها لە هەرێمەكە كراوە، چونكە دوو ئیرادەی لێك جیان هەروەك ئیستا وا دەبینین پەرلەمانی كۆسۆڤا بەكۆی دەنگ داوای سەربەخۆیی دەكاو پەرلەمانی سربیاش بەكۆی دەنگ دژیەتی ، ئینجا مەرج نیە لەو هەرێمەش هەر ڕاپرسی كرا هەمووی هەر سەربەخۆیی هەڵبژێرێت، هەر چەندە ئەگەر هەڵیش بژێرن هەم لە ڕووی یاسایی و هەم لە ڕووی شەریعەتەوە ڕەوایی پێدراوە، لەوانە كیبك لە سالی ١٩٩٨ ڕاپرسی كرا لە هەرێمەكە لە (٥١٠%) دەنگی مانەوەیان دا لە كەنەدا نەك سەربەخۆیی، بۆیە زیاتر ئەوەستێتە سەر جۆری دەسەلات و دەستورو دادگەری ئەو ولاتە.

٤-هەرچەندە مافی جیابوونەوە، ڕەواشەو یاساییشە، چەندین بریاری نێو دەولەتی بو دەرچووە، هەلبەتە بە پیی یاسای نیو دەولەتی گشتی هەرمیللەتیك

---

[١] بۆ زیاتر بڕوانە: أ-الكشاف ب٣٠ (ش-ی) ل٢٨٥. ب-موسوع العالمية.

خاوەنی هەریم وگەل ودەسەلاتی سیاسی بوون مافی بوون بە دەولەتیان هەیە، بویە لە راستیدا فیدرالی هەریمیکی نەتەوەیەك بریتیە لە دەسەلاتی سیاسیەکەی و واتە زیاتر نزیك بوونەوە لە مافی چارەی خونووسی لە دەولەتە .

٤-فیدرالی فاکتەریکی گرنگی یەك پارچەیی و کۆکردنەوە و پیکەوە ژیانە، با نموونەی سەربردەی دروست بوونی فیدرالی لە نوسترالیا باس بکەین، (بیجگە لە دانیشتوانی رەسەنی نوسترالیا کە (ئەبۆرجینیەکان)ی پی دەووتری، چەندین دەستەو تاقمی جیاجیای لیك پیچراوی لە بەندی و مەنفی و بەدرەوشتانی تی هەلدراوی بریتانی لە چوار قوژی جیاجیای نوسترالیا دەژیان، کەچی لە دوای سالی ١٩٠٠ز سیستەمی فیدرالی دروست بووە یەکسەر گەشەی دەست پی کرد، پەرلەمانیشی لی دروست بوو و یاسایان دارشت و کۆمەلگەیەکی پارچە پارچەی یەکخستەوە و ئەو نوسترالیە پیش کەوتووەی ئیستای لی دەرچووە، هەر چەندە ستەمیشیان لە دانیشتوانی رەسەنەکە کردووە کە زیاتر لە ٥٠٠٠٠ سالە لە نوسترالیا دەژیان، لە هندیش هەمان دۆخ روویدا لە دوای جیابوونەوەی پاکستان لەری باری ناوەخۆی هەلوەشایەوەو هەر نەتەوەو تایفەیەو ئاینیك بەرەو نارستەیەك بوون، نیتر لە دوای ١٩٥٠ سیستەمی ویلایاتی پەیرەو کردو هندیان کردە (٢١) ویلایەت، لە هەر هەریمیك پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکی هەریمیش خۆی بۆ دروست بوو نیتر تا رادەیەکی چاك ئارام بۆوە و لە پارچە پارچەیی رزگاری بوو.

لە کۆتاییدا ماوە بلیین کۆنفیدرالی و فیدرالی جیاوازیەکەیان لەوەیە یەکەمیان: چەند دەولەتیك لەسەر بنچینەی سەربەخۆیی هاوبەش لە چەند روویەك لە دەرەوە دا یەك دەگرن، هەرچی فیدرالیە ئەوا یەکگرتنی چەند حکومەتیکە لەناو یەك دەولەت یەك دەگرن،ئەوکاتی دەولەتەکە دەبیتە دەولەتیکی فیدرالی، بۆیە ناتوانریت بەعیراق بووتریت عیراقی فیدرالی تا بەلایەن کەمەوە هەریمیکی تری فیدرالی بۆ دروست نەبی وەك ئەوەی خوارو داوای دەکەن .

(١٧) فیدرالی   الولایات   Federation

لە کۆنفیدراڵی دا بۆ هەر هەنگاوێك یان بڕیارێك کە هاوبەشە پێویستی بە کۆی دەنگی دەوڵەتە بەشداربووەکانە، کەچی لە فیدراڵی دا بەپێی زۆرایەتی دەنگی هەرێمەکان دێتە دی و گەلێ مەسەلەی تر (بۆ زیاتر سەرنج بدە: (کۆڤر، ئەدوارد- Amodern dictionary).

(١٨)

شورا (پەرلەمان) Parliamen- National Assembly

ئـەو زاراوەیـە لـە ناوەڕۆکـدا کۆنـە، زۆر بـە راشـکاوی لـە قورئـانی پـیرۆزو فەرموودەو وتە بە نرخەکان هاتووە بە پەیڕەویشەوە (ما رأیت أحد أکثر مـشورة لأصحابه من رسول الله ﷺ) رواه الترمذي.

به پێی فەرهەنگەکانیش دەوڵـەتی ئیـسلام یەکـەم سیـستەم بـوو کـە شـورا بەکاربهێنێ[1]، بە پێی هەندێ سەرچاوەی تری شارەزا لە مێژووی سیاسی دەوڵەتی ئیسلامی لە مەدینە ئەوا (عشرة المبشرة) زیاتر شورای دەوڵەت بووینە بـە پـێی نوێنەرایەتی ئەخشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکەی:

١-أبـوبکر و طلحـة- لـە تـیم، ٢-عمـر و سـعید بـن زیـد- لـە عـدی، ٣-عبدالرحمن بن عوف-سعید بن أبی وقاص-لـە زەهـرە، ٤-علـی لـە هاشـم، ٥-عثمـان-بنی ئومەیە، ٦-زبێر بن عەوام- لە ئەسـەد، ٧- ابـو عبیـدالله- لـە فهر،[2] بەڵام رۆژئاواییەکان ئەوەش وەك هەموو بەشەکانی تری زانـست و فیکـر و فەلسەفەو دۆزینەوەکان خۆمـاڵی دەکـەن، بـە پـێی بـۆ چـوونیان کـە زۆربـەی فەرهەنگو ئەنسکلۆپیدیەکانی جیهانی ئیسلام و سێ یەمیش بە لاسایی کردنەوە تۆماریان کردۆتەوەو دەیگێڕنەوە بۆ ئـەو سـەرەتاییەی سـەدەکانی ناوەڕاسـت کـە ئەنجومەنێك دروست بووە بۆ بەرگری لە بەرژەوەندی دەرەبەگـەکان، دوای گەشـەی

---

[1] موسوعة أدیان- ص٣٢٢.
[2] الموسوعة السیاسة ـب٣ ل٥٠.

کردو بووه ئەنجومەنی شایەکان و جێی راوێژو نوێنەرایەتی.. تا بووه پەرلـەمان[١]،
لە هەندێ سەرچاوەی ورد تر دەیگێڕنەوە بۆ پـێش سـەدەی (١١)ش بـە تایبـەتی
کاتی هێرشی نۆرمەندیەکان بۆ سەر بەریتانیا، ئەوە بوو شای بـەریتانیاش بـانگی
پیاو ماقول و نایبی شارەکانی کرد بـۆ چارەسـەری، ئـیتر ئـەوە بـووە نـەریتێکی
سالانە (٣) جار دادەنیشتن، لـە دوایـدا لـە ژێـر فـشاری مـاقولان جـۆن سـانتێر
(بەلگەنامەی ماگناکارتا)ی دەرکرد لـە ١٢١٥/٦/١٥ز کـە لـە ٦٣ مـادە پێـك
هاتبوو، هەقی چینەکانی سەروو لـە (مـاقوولان، پیـاوانی ئـاینی، بازرگانـەکان،
بیانیەکان..) دیاری کرا، ئەنجومەنی بۆ دروست کـردن، بەردبـەرە لـە سـەردەمی
(هنری سێیەم لە سالی ١٢٥٤ز بوو بە پەرلەمان، دوایی لە سالی ١٢٦١ز بـووە
دوو ئەنجومەن، (ئەنجومەنی لۆردەکان-پیـاو مـاقولْ و نایبیـەکان)- (ئەنجومـەنی
گشتی-نوێنەری شارەکان)، تا ئێستاش هـەر بەردەوامـە[٢]، بـە هـەمان شـێوەش
مێژووی پەرلەمانی نمونەیی کە بە (شای پەرلەمانان)یش ناو دەبەن بـۆ بـەریتانیا
دەگێڕنەوە لە سەردەمی (شا ئەدوارد)، لە سالی ١٢٩٥ز کە بۆ یەکەم جـار پیـاو
ماقولانی دەرەوەی کنێسـەشی بانگ کرد لە کۆبونەوەیەك، ئیتر لە ئـەوروپا ئـەوە
بە پەرلەمانی نمونەیی نـاو دەبـرێ[٣]، پەرلـەمانی بریتـانی ئێـستاش بـە کـۆنترین
پەرلەمان دەژمێردرێت، هەرچی (موسوعة البلدان) ئـەوا پەرلـەمانی(ئایـسینك)
ئایسلەندا بەکۆن ترین لەقەلەم داوە، هەلبەتە ئەو تێ ڕوانینـە لـە چـوار چـێوەی
یەکسان کردنی مێژووی جیهان بە مێژووی ئەوروپاوەیە، ئەگینا لە پـێش (ماگنـا
کارتا)و پەرلەمانی نموونەیی (نەك لە دەولـەتی ئیـسلامی) مەدینـەو دواتـریش،
یەکەم راوێژیش پەروەردگار بە فریشتەکانی کرد لەبارەی دروست کردنـی ئـادەمی
زاد، بۆیە مێژوەکی پەیامیو گـەردونی هەیـە، هـەتا لـەناو زۆربـەی خێلـەکانی

[١] الموسوعة العالمية ب١٠ ل٥٧٩.
[٢] بۆ زیاتر ١-نظم السياسة، ب-الوسيط في قانون الدستوري د.أدموند. ج-موسـوع العالميـة ب١٠ ل٥٧٩.
[٣] الموسوعة العالمية ب٢ ل٣٥٦، هەروەها (احزاب السياسية-دوبرجيه).

جیهانیش شێوەیەك لەو ئەنجومەنە هەبووە كە پێك دەهات لە سەرەك تیرەكان بۆ توێژینەوەو بڕیار دروست كردن لەبارەی هەر كێشەیەكی نوێ، بۆیە زۆر فەرهەنگی تر ولاتی تر بە خاوەن یەكەم پەرلەمان دەزانی، لەوانە (موسوعة البلدان)پەرلەمانی ئایسلەندا بە كۆن ترین پەرلەمانی جیهان دەزانی، لە كەلتووری ئەلمانیا ئەونەریتە بۆ (رایشتاخی) ئەلمانیا دەگێڕنەوە، لەوێشەوە بۆ (ئەنجومەنی پیرۆزی رۆمانی كۆن)، هەرچی ی (قاموس المصطلحات السیاسیة والدستوریة والدولیة) پەرلەمانی پاریس بە كۆن ترین ناسیە ٠

ئەو زەمینە سازیەی ئەورووپی بە گشتی و لەگەڵ گەیشتنی شارستانیەتی ئیسلامیش پێیان لە رێی ئەندەلوس ودوایش لە رێی عوسمانیەكان زیاتر فێرە سیستەمی شورا بوون هەروەك لە نووسینەكانی (قصة الحضارة-ویل دوارنت)، (بناء الانسانیة-بریفولت)، هەروەها ریتشار كۆڵ، دوزی، سارتۆن، شارلز سنجر، .. باس كراوە، رون تر لە هەموان لە نامەكەی (جۆرج)ی بەریتانی بۆ خەلیفەی ئەندەلوس (هشامی سێیەم) دەردەكەوێ (دەقی نامەكە لە كۆتایی ئەو بابەتیە)، ئیتر بەرە بەرە سیستەمی شورای لێ پەرەسەند لەگەڵ گەشەی ئەورووپا، ناوی جیاجیاشی وەرگرتووە لەو سەردەمە، وەك :(پەرلەمان بەگشتیەكەی ، رایخشتاخ و دییت و پەندەستۆك لە ئەڵمانیا، كۆنگرێس (نوێنەران+پیران) لە ئەمریكا، ساسكواتجوان لە كەنەدا، دوما لە رووسیا، لوكسابا لە هند، تریبون فرنسی، دیل ئیرلەندی، ریكسداخ سویدی، ڤولكتنگ دانی ماركی، لاندرات سویسرە، كنێسە لە ئیسرائیل، كورتیز لە ئیسپانیا، ئەنجومەنی گەل لە هەندێ ولاتانی عەرەب، ئەمانەتی میللی (لیبیا)، .. ناوی تریش هەیە ئێستا: ئەنجومەنی یاسادانان، شورا، سوڤێتیات، ..)، ئەوەش نیشانەیەكی ترە كە لە بنەچەدا ئەو ناوو ئەزموونە ئەورووپی ولاتینی رەسەن نیە بۆیە ئەوەندە ناوە جیاجیایەی هەیە .

لە دوای سست بوونی جیهانی ئیسلامی کارنەکردن بە شـوورا لـە دوای ئـەو ئینقلابەی معاویە کردی جـارێکی تـر بـەوناوە نوێیانـەوە هاتـەوە نـاو جیهـانی ئیسلامی، یەکەم جار لەسـەردەمی مەشـرووتیەتی یەکـەم لەسـالی ١٨٧٦ز لـە دەولەتی عوسمـانلی ئیـشی پـێکراوە، دوای وەسـتا وجـاریکی تـر لـە ئینقلابـی ئتحادیەکان لە ١٩٠٨ ئیـشی پێکراوەبـە نـاوی (مەبعووسـان) ئنجـا پەریـەوە جهانی ئیسلامیش لەگەل دروست بوونی دەولەتی هاوچەرخ بوێیان .

هەموو ئەو زاراوانەش لە ناوەرۆکدا هەرمانای شورا دەگرێتەوە، بەلاّم ڕەنگـە لە هەندێکیان مەرجە ئیسلامیەکانی لێ نەیەتەدی ئەگینالـە پێناسـی پەرلـەمان وەك لە فەرهەنگی بەناوبانگی (ئۆکسفۆرد) هاتووە:

The group of people who are elected to make and) change the lows of acountny([1]، ئـەوەش دەقـا و دەق نـاوەرۆك (مقاصد)ی مانای شورایە، هەروەك لە فەرهەنگە نوێیەکانیش فەرمانی شـورایان بەو دەقە هێناوە (كانت سبيلا لتعديل الرأى أو الموقف)[2].

لە جیهانی سێیەم هەتا کۆتـایی جـەنگی سـاردیش شـان بـە شـانی ولاّتـانی سوشیالیستی (بێجگە لە چەند ولاّتێك نـەبێت) سیـستەمی پەرلـەمانیان جێگیر نەبوو، هەروەهاش لە جیهانی موسولّمان نشینیش کار بە شورا نەدەکرا مادام کار بە شەریعەتی ئیسلامی نەکرێت، بۆیە دەسەلاّت هەمووی کۆبۆوە لە سەرۆك، لـە هەندێ شوێنیش پەرلەمان هەبوو بەلاّم تا ئێـستاش هێمایـە و بـەس، دەسـەلاّتێ ڕاستەقینەی نیە بە تایبەتی لە ژێر سایەی ولاّتە دیکتاتۆرو تاك لایەنو بنەمالـەو سەرۆكو حزبی سەرکردەدا، گرنگترین نیشانەکانی بێدەسەلاتی پەرلەمان ئەوانەن:

١- مـسەیەرن.

٢- زۆربەی جار قایل و ناقایلیان لە ١٠٠٪)ە.

[1] .Oxford –D- p٩٢١

[2] الموسوعه السياسه ب١ ل٥١٩.

۳- کەمتر گفت و گۆ لەسەر بابەتەکانی پشت هێڵی سوور دەکرێ.
٤- ملکیین أکثر من ملك.
٥- ئەندامانی پەرلەمان بێ ئاگان لە باری خەڵك.
٦- پسپۆڕ نین لەو کارمیان.

جاران بە هەردوو شێوە پەرلەمان هەڵدەبژێردرا چ ڕاستەوخۆ لە لایەن میللـەت چ بە میراتیشەوە، لە سیـستەمی دیموکراسـی ئێـستادا پەرلـەمان هەڵدەبـژێرێت ڕاستەوخۆو دەسەڵاتی یاسادانانی هەیە، حکومەتیش دەسەڵاتی جێبەجێ کـردن، لەژێر سایەی دەستور، لە هەندێ شوێنیش هەر پەرلەمانـە حکومـەت و سـەرۆك هەڵدەبژێرێت یـان لێـی هەڵدەبـژێردرێت، سـزاو چـاودێری دەکـا تـا ئـەو رادەیـە متمانەی لە حکومەت دەسێنێتەوە، ئەو پرۆسەیە پـێی دەڵـێن (حجب الثقـة)، عادەتەن کورسیەکانی پەرلەمان پڕ دەکرێتەوە لەسەر بنچینەی ڕێژەی بەشـداری و دەنگی ئەو حزبە، بۆیە چەند فراکـسیۆنێك (کوتلەیـەکی) لـەناو یـەك پەرلـەمان دروست دەبێت، ئەو کۆمەڵـە فراکـسیۆنەی دەکەونـە هاوپەیمانیـەتی و زۆرایـەتی دەنـگ مـسۆگەر دەکـەن بـۆ دروسـت کردنـی حکومـەتێکی ئیئتلافـی، ئـەو فراکسیۆنانەی بەشداریش نین لە حکومەت پێیان دەووترێ (معـارەزەی یاسـایی) ئەو ناوە بۆ جیاکردنەوەیەتی لە معارەزەی چەکداری و دەرەوەی پەرلەمانە.

بە پێی (دۆڤرێجە) لەسەر هەمان بنچینەی هاوپەیمانیەتی ئەو فراکسیۆنانە لە دەرەوەی پەرلەمانیش فیکـرەی (حـزب)ی لێ دروسـت بـووە لـە ناوەڕاسـتەکانی سەدەی (۱۸)[١].

لەو لایەشەوە مەرج نیە پەرلەمان و حکومەت تەواو لێك جیاببنەوە لە هەندێ شـوێن هـەر ئەنـدامی پەرلـەمانن دەبنـەوە سـەرەك وەزیـرانیش وەك تورکیـا، لەڕاستیدا لە دوای پێك هاتنی (ئەنجومەنی مـەزنی تورکیـا)لـە ۱۹۲۱لەلایـەن ئەتاتورکەوە بـەپێی مـادەی ۲، ۳ دەسـتوورەکەی، ئـەوا دەسـەلاتی پەرلـەمانی

[١] الاحزاب السیاسیە-دوفریجە.

حكومی نزيك كرانەوەو تا ئيستاش سيستەمی ديموكراسی بە هۆيەوە لەنگە، بۆيەش نەسلی ليك جياكردنەوەی (نسبی) هەر سێ دەسەلاتەكانو دەسەلاتی ئومەتيش (كلكم راع و كلكم مسؤول عن رعيتە..) لە ئيسلام هاتووەلەسەردەمی (راشدين) كاری پيكراوە، نەك وەك ئەوروپيەكان بۆ (مۆنتسيكۆ)ی دەگێرنەوە[١] .

خودی پەرلەمان وەك هەموو دەزگاكانی تر ناسنامەی (عەقائدی) نيە، ئەكەوێتە سەر بەكارهێنەرەكانی، واتە ئەگەر گريان كورسيەكان هەمووی بە شيوعيەكان پڕ كرايەوە ئەوا پەرلەمان دەبتە دەزگايەكی ديكتاتۆری پرۆليتاريا و گواستنەوە بەرەو شيوعيەت، ئەگەر ئيسلاميش دەرچوو دەبتە شورا، هەر چەندە لەناو بەرەی چەپيشدا مشتومڕ هەيە لەسەر خودی پەرلەمانيش، شيوعيە رەسەنەكان پەرلەمان بە دەزگايەكی برجوازی تايبەت بە سيستەمی سەرمايەداریو ليبراڵ ديموكراسی لە قەڵەم دەدەن، بەلام سوشيال ديموكراسيەكانو (ئۆرۆ شيوعيەكانيش) چوونە ناو پەرلەمان و لە شوێنانی وەك فەرەنساو ئيتالياو يۆنان و پرتغال سووديان لێ بينی، پێش بينيەكەيان تا رادەيەك هاتە دی كە دەكرێ لە ڕێی بەشداری پەرلەمان دەروازەی گۆڕانكاریو چاكسازی بكەيتەوە بە هێمنانەوە دوور لە ديكتاتۆريانە.

بە هەمان شێوەش لە فكری ئيسلامی هاوچەرخيش كێشە هەيە لەسەر بەشداری پەرلەمانو دەسەلاتەكانی و هەم لە خودی شوراش بە تايبەتی لەو پرسيارە ئاخۆ ويلايەت بۆ كام لەم سێ دەزگايە بۆ (فقيە-يان ئەمير) يان بۆ (شورا) يان بۆ (ئومەتە)؟ (زياتر ئەو وەلامانە لە بەشی فكری ئيسلامی باس دەكەين)، بەلام بۆ بەشداری ئيسلاميەكان لە پەرلەمانێكی فرە لايەنی عەلمانی و چەپی نەتەوەيی ديسان كێشە هەيە، بە شێك لە ئيسلاميان پێيان وايە پەرلەمان جێگەی ياسادانانەو ئەوەش تەنها مافی خواييە دايبڕێژێ بۆيە (كفرە)، هەندی فەيلەسوفی ئەوروپيش ئەو ڕايەيان هەيە لەوانە (ئەمانويل كانت) دەلی مرۆڤ

---

[١] بۆ زياتر سەرنج بدە (روح القوانين)- مونتسكيۆ.

ناتوانی یاسا بۆخۆی دابڕێژی چۆن بۆ کۆمەل دەتوانی، بەلاّم بەشێکی تـریش زیـاد لە پێویست بێ سێ و دوو بەشداری دەکەن هەتا لە کنێسەی ئیسرائیلیش ئەندامی ئیسلامی هەیە، بەشی سێیەمیش بەمیان ڕەوانـەتر وا دەڕواننـە پەرلـەمان کـە دەزگایـەکی بـێ ناسـنامەیە، ناسـنامە عەقائیدیەکـەی نەکەوێتـە سـەر ئـەو ئەندامانەی کورسیەکان پڕ دەکەنەوە لە لایەك، لە لایەکی تریش ئەو دەسـتوورەی ولاّت، هەردووکیشیان بە دەوری خۆیان دەکەوێتە سەر جۆری میللەت و ڕاسـتی و دروستی هەلّبژاردنەکە، ئەگەر بەو شـێوە دروسـتیە بـوو و ئیـسلامیەکان دەنـگ بهێنن ئەوا هەمان پەرلەمان دەبێتە شورایەکی ئیـسلامی بـە هـۆی دیموکراسـیانە دەتوانن دەستوریش وەرگێڕن، کێشەی ئەو بەشە ئیـسلامیەی کـە دژی ئـەزمونی بەشداری پەرلەمانین بە هەموو بارێك کێـشەی زانیاریـە، لـە راسـتیدا پەرلـەمان یاسا دانان نیە بەلّکو دەرهێنجرانی یاسایە لە دەستوور، بۆیە ئەو کێشەیە لەگـەلّ دەستوورەنەك لەگەل پەرلەمان، دەستوریش لەلایەن پەرلەمان دانارێـژرێ ئـەوەیان لە سەرووی دەسەلاّتی پەرلەمانە، لە دەسەلاّتی میللەتە، کەواتـە هاتینـەوە سـەر ئەو پرسیارە ئاخۆ ئەو میللەتە ئیسلامیە، عەلمانیە، مەسیحیە، .. واتە لێرەوەیە کێشەکە. بۆیە ئەو کاتی دەنگ دەدرێتە دەستورێکی ئیسلامی کـە دەنـگ دەران سیفاتی (ئومە)یان هەبێت نەك عەوام.. ئـا لـەو کاتەیـە عەلمانیـەت سـوودمەند دەبێت لە نەزانی خەلّك و جێگـەی خـۆی دەکاتـەوە، لـەو دۆخـە هەلّبژاردنانـەدا پەرلەمانیکی پسپۆر دروسـت نابێـت لـە یاسـا دەرهێنـان و دارشـتن بـەپێی ڕای (ستیورات مل)، خەلەل لە بنەچەدا لەوە دێ لە دەنگ دانـی میللـەتێکی عـەوام ئەوا دەنگی زانا و نەزانێك وەك یەکە، ئەو میللەتە هەلّخەلّەتاو و ڕەمەکی دەبێت ناتوانێ ببێتە چاودێرێك لەسەر ئەو پەرلەمانەی کە خۆی هەلّی بژاردووە، بۆیە ئەو جۆرە پەرلەمانەش دەبێتـە شـێوە دیکتاتۆریـەك لـە میللـەت دەپـچڕێ هـەتا لـە باشترین دۆخی دیموکراسیـشدا وەك کەمایەتیـەك جـار وایـە بریـاری پێـچەوانەی خواستی میللەتەکەش دەدا، ئەوەیان سەلبیاتەکانی گشتی پەرلەمانە.

بۆ هەموو ئەو چارەسەریە دیسان دەبێ بگەڕێینەوە سەر چاوگی کێشەکان کە دەستووره، ئەگەر دەستوور بە عەیار دارِژرابوو ئەو کاتی ئەك عـەلمانی دەتـوانێ لەگەڵ ئیسلامیەکان نوێنەری ئایینی تریش ئەنـدام بـن لـە پەرلـەمان یـان شـورا هەروەك لە ئێران چەندین ئەندامی شورای مەسیحی و یەهودی و بەهائی تیادایە، لە شورای سودانی سەردەمی (ئینقاز)دا دەبینین چـەندین ئەنـدامی شـوراو هـەتا سەرۆکی ویلایەتیش نافرەت و مەسیحیشە، هەروەك لە قوبرسیش لـە سـەردەمی سوڵتانی عوسمانیەکان قەشەی مەسیحیەکانی ئەندام بـووە لـە دەسـتەی بـالاّ بـە فەرمانی سوڵتانو شێخ الاسلام.

مەبەســـتەکانی شـورا (پەرلەمان):

لە راستیدا ئەو شێوازەی لیبراڵ دیموکراسی و پەرلەمان و فرە لایەنی و دەست گۆڕی ... بەرهەمی ئەزمونێکی دوور و درێـژە.. لـە کاتێکـا ئـاینی راسـتەقینە نەبێت زۆرێـك لەو ئەزموونانە باشـترین داهێنـانی بەشـەرین، (سـتیورات میـل) لـەبارەی سـنورەکانی پەرلـەمانو دەسـەلاّتی حکومـەتو سـەربەسـتی تـاك نووسیویەتی: ئەوانـە چـاکترین مەبادینـەکانی لیـبراڵ دیموکراسـین، پێـشی وایـە حکومـەت نوێنەرایـەتی هـەموو لایـەك ناکـا، بـۆ ئـەوەی ئـەو حکومەتـە ستەمکارنەبێ و (لا مرکزی) بێت وبـۆ ئەوانـەی لـە حکوومـەت نـین ئـەوا ئـەو دەزگایانە بۆ پڕکردنەوە و بەشداری لە حکومەت شێوازێکی هـەرە گونجـاوە، بـەو شێوەیە ئەویش پەرلەمان بە هەڵە دەزانێ، بەلاّم هیچ بەدیلێکی تـری ئەدۆزیتـەوە ئەگینا زۆر گومانی لە پسپۆڕی ئەندامانی پەرلەمان هەیە، هەڵبەتـە (سـتیورات میـل) ناهـەقی نـەبووە لـەو تێبینیانـە، هـەر ئەوەشـە لـە بنەڕەتـدا جیـاوازی پەرلەمانێکی ئاسایی و شورا، شـورا دەبـێ هەڵبـژێرابێ لـە لایـەن ئومـەت کـە هەموویان دەزانن (کەسی شایستە بۆ ئەو شوێنە شایستە) هەڵبژێرن کە پـسپۆڕن، چەند مەرجێك هەیە لە ئیسلام بۆئەو کەسانەی شایستەی شوراو مشاوەرەن، یـان

شورا هەلدەبژێرن نابێ نەفامو دزو حەسودو دوڕوو ترسنۆك و ئارەزووباز خۆویـست بێ، واتە نابێ عـەوام و ڕەمـەكی بـن، ئـەوەیان جیـاوازی بنـچینەیـە لـە ڕووی هونەری كار، جگە لە جیاوازیەكانی تری فكـری، دلّـسۆزی، چـینایەتی، .. بۆیـە دەبینین بنەماكانی شورا ستاندەرترە لە مەبەستەكانی پەرلەمان كـە هەریەكـەیان لە فەرهەنگە جیاجیاكانی ئیـسلامی و عەلمانی هاتووە.

بنەماكانی شـورا:

١-دوور خستنەوە لە جەبریەت (دیكتاتۆریەت).

٢-وادەكا دەسەلاّت لا مەركەزی بێت.

٣-خەلیفە بە هەلّبژاردن و (بەیعە) بێت[1].

٤-ویلایەتیش لە كۆتاییدا دەبتە مولكی نومەت.

٥-دەست گۆڕی دەسەلاّت دەبێت نەك میراتی و خۆ سەپاندن.

٦-خەلكی شایستە لە شوێنی شایستە.

٧-چارەسەری بە ستاندەر بۆ كێشەكان.

مەبەستەكانی پەرلەمانیش كە لە فەرهەنگەكانی سەردەم هاتوون هەمان شتە:

١-چەق نەكردنی دەسەلاّت و بلاّوكردنی دەسەلاّت (دژە دیكتاتۆری).

٢-بەشداری زۆربەی خەلّك.

٣-بڕیار و هەلّوێستی دروست.

٤-بە مونەسەساتی كردن نەك ئارەزوویی.

٥-پسپۆریەتی.

٦-بوونی یاسا لە سەرووی هەموان.

٧-بە یاسایی كردنی معارەزە.

[1] (من بايع أمير من غير مشورة المسلمين فلا بيعة له، ولا بيعة للذي بايعه، فالخلافة شورى) (عمر بن الخطاب).

٨-ئارامی و تەقاندنەوەی تواناکان.

٩-راوێژ لە بڕیارە گرنگەکان و جێبەجێ کردنیش.

پەرلەمانی کوردستان:

لە دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و کشانەوەی ئیدارەی حکومەتی ناوەندی و گەشەی رێکخستنی کۆمەڵی کوردستان و بێسەروبەری بەرەی کوردستانی و ململانێی دوو هێزە سەرەکیەکە.. هەموو ئەوانە بیری هەڵبژاردنی پەرلەمانی هێنایەکایەوە و لە ١٩٩٢ پەرلەمان هەڵبژێردرا بە پێشبڕکێ و بەشداری ئەو حزبو لایەنانە بە ئەنجامەکانیشیەوە:

١-(لیستی زەرد) پ.د.ك: ٣٣٧٨٧٩ کە دەکاتە ٤٥,٢٪.

سەرۆك: ٤٦٦٨١٩ کە دەکاتە ٤٨,٣٪.

٢-(لیستی سەوز) ی.ن.ك +(زەحمەتکێشان): ٤٢٣٩٣٣ کە دەکاتە ٤٣,٨٪.

سەرۆك: ٤٤١٠٥٧ کە دەکاتە ٤٥,٦٪.

٣-لیستی (سەوزو سپی) ئیسلامی، (یەکگرتوو[1]+بزوتنەوە): ٤٩١٠٨ کە دەکاتە ٥,٠٨٪.

سەرۆك: ٣٨٨١٥ کە دەکا ٤٠٤٪.

٤-حسك (شین): ٢٤٨٨٢ کە دەکا ٢,٥٪.

سەرۆك: ٢٣٣٤٢ کە دەکا ٢,٤٪.

٥-ح.شیوعی عێراقی: لیست:٢١١٢٣ کە دەکا ٢,١٪.

٦-پارتی گەل: ٩٩٠٣.

٧-بێ لایەن: ٥٠١ دەنگ.

لیستی زەرد یەکەم دەنگی هێنا بە زیادی (١٤٠٤٢) دەنگ کە دەکاتە رێژەی ١,٤٪ لە سەرۆکایەتیش (٢٥٦٧٢) دەنگی زیادی هێنا، ئەو رێژەیەی کە هاتە

---

[1] یەکگرتوو جار نەدرابوو، بەڵام کاری ریکخراوەی دەستی پێ کردبوو.

سەر دەزگاو پـەخشو کـار پـێکردن (٤٩٪)ی یـەکێتیو لـە ٥١٪ی (پ.د.ك)، ڕێژەی ڕاستەقینە نیە، بەڵکو ئەوە زیادەی دەنگی ئەو حزبانـەن کـە دەنگـەکانیان نەگەیشتە (ڕێژەی یاسایی لە ٧٠٪.کەوا ڕێکەوتبوون.

هەرچەندە ئەزموونێکی نوێو دەگمەن بوو، تا رادەیەك سەرکەوتوو بوو، بـەڵام دوایی (ی.ن.ك) بە ئەنجامەکەی قایل نەبوو، لەو کـاتی (پ.د.ك) تـەنازولی لـەو برە زیادە دەنگەی کرد، ڕێکەوتن کە ئەنجامەکـەی جـاڕ نـەدرێت، دەسـەلات بـۆ هەریەکەیان (٥٠به ٥٠) بێ، یەکەم کۆبونـەوەیان گرێـدا، لەسـەر ئـەو بنـچینەیە حکومەتیان دروست کرد کە سەرۆکی پەرلـەمان لـە (پ.د.ك) بێـت و سـەرۆکی حکومـەت لـە (ی.ن.ك)، بـاڵا دەسـتی هەمـە لایەنـەی (ی.ن.ك) لـە هـەموو بوارەکانی پێوە دیار بوو، دوای ماوەیەکی کورت سـەرۆکی حکومـەت و وەزیـری پێشمەرگە لە لایەن (ی.ن.ك) گۆڕدرا و لە مەدەنیانە زیاتر بـەرەو عەسـکەریانە، ئیتر ئەوەندەی نەبرد سەرەتای شەڕی برا کوژی دەستی پێکرد لە لایەن (ی.ن.ك)و (بزوتنەوەی ئیسلامی)، دوایـیش لەگـەڵ (پ.د.ك)، یەکـەم جەنگیـشی لەگـەڵ هێزەکانی (پ.ك.ك) بوو.

لە دوا شەڕی برا کوژیو گرتنی بینای پەرلەمان لە لایەن (ی.ن.ك) بووە هـۆی ئەوەی (پ.د.ك) شەرعیەت لە پەرلەمان بسێنێتەوەو بە ناشەرعی لـە قەڵـەم دا، بەهانەی (ی.ن.ك) ئەوەبوو گوایە (سەرۆکی پەرلەمان-جەوهـەر نـامیق) بوویتـە ڕەسەدی تۆبچیەکان، بەخێرایی هێزەکانی ئیسلامی گەیشتنە بینـای پەرلـەمان و بۆ پارێزگاریو دەرکەوت تەنها مشتو مڕێکی سـادەیە نـەك داگیرکـردن، بـەلام دیاردەیەکی زیدە ناشرین وبێ مەسـئولیەتانە بـوو، لـە مێـژوودا چـەند جاریـك بەدەگمەن کاری وا ڕووی داوە، لەوانە : (کرۆمیـل) پەرلـەمانی بـەریتانیا داگـیر کردو لەسەر دەرگاشی نووسی ئەو خـانووە بۆکرێیـە هەرچـی دەیـەوێ، یـان وەك (یالتسین) و هێرشەکە بە تۆپ و تانك کە لە (دۆما)ی ڕووسیای دا لەو سەردەمی (ڕۆسلان حسب الله ترف) سەرۆکی پەرلەمان بوو..

لە میانەی شەڕی برا کوژی چەند جارێك تەمەنی پەرلەمانیان درێژ کردەوە کە لـە ئەسـڵدا بـەڵێن وابـوو تـەنها لـە دوای سـاڵێك هەڵبـژاردن بکرێتـەوە، دوای ١٩٩٧/٨/١ هێزەکانی (پ.د.ك) بە هاوکاری هێزەکانی عێراق بە ناوی (توکلت علی الله) هەولێریان گرتەوە و لەو کاتیەوە (پ.د.ك) پەرلەمانی دروست کردەوە، زیاتر لە (٦٠) ئەندام دەوامیان دەکرد لە کۆی (١٠٥) ئەندام، بە پێی بۆچوونی (پ.د.ك) ئەوە رادەی یاساییە، بۆیە وەك پەرلەمانێکی شەرعی لـەو ماوەیـە تـا ساڵی (٢٠٠٢) چەندین یاساو بڕیاری دەرکرد تا گەیـشتە هـەموارکردنی یاسـای حزبایەتیش، هەرچی نەیارو بەشدارنەبووەکانی پەرلەمانیشە دەڵێن ئەو پەرلەمانـە هێزی یاسایی لە دەست داوە، چونکە:

١-ماوەی درێژکردنەوەی لە هەموو پێوانەیەکی ئاسایی و نائاسـایی دەرچـووە (وەختی مانای دانیم نیە).

٢-رادەی یاسایی ناکەوێتە سەر ژمارەی ئەندام، بەڵکو دەکەوێتە سـەر رێـژەی لیستی بەشدار کە دەبێ بکاتە لە (٥٠٪+١)، لە کاتێکـا بـە حیـسابێکی سـادە دەبینین ئەو رێژەیە دەرناچی چونکە بەشداربوان (لیستی مۆر) و (لیـستی زەرد)ن، کە دەکاتە:

٤٥,٢٪+(٥٠٠).٪= ٤٥,٧٪ نووقستانە.

٣-کۆمـەڵێك خەڵك مردوون لە دەنگ دەران و نەوەیەکی نـوێش پێگەیـشتوون کە شایستەی دەنگن.

٤-ئەو پەرلەمانانەی کە درێژ دەکرانەوە وەك نەوەی لبنـان تـەنیا لـە کـات و ساتە جەنگیەکان بوو هەر جەنگ تەواو بوو هەڵبژاردن کرا، ئینجا هیچ چالاکی و یاسایەکی دەرنەکرد. لەگـەڵ چـەندین خـاڵی تـر لـەو شـێوەیە، بـەڵام پاسـاوی بنـچینەی بـۆ مانـەوەی پەرلـەمان هـەروەك سـەرۆکی (پ.د.ك) لـە دانیـشتنی پەرلەمانی ساڵی (٢٠٠٢) ئاماژەی بەو قەیرانـە کـرد و وتـی: دەزگایـەکی تـری شەرعی شك نابینین لە کوردستان جگە لە پەرلەمان، کە تا رادەیەك راستە، ئـەو

قەیرانە بە هەڵپەسێردراوی ماوە تا لە ٢٠٠٢/١٠/٤ جارێکی تر پەرلەمان بە هەموو لیستی بەشدار کۆبوونەوە و (ی.ن.ك) بە ئەنجامەکەی ساڵی ١٩٩٢ قایل بوو کە (٤٩٪) کورسی هەبێت و (٥١٪)یش بۆ (پ.د.ك)، تا هەڵبژاردنی نوێ و ناوی لێ نرا پەرلەمانی ئینتقالی.

لە راستیدا دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەت لە کوردستان هەنگاوێکی بوێرو گرنگ بوو، هەر هەمان دوو دەزگای یاسادانانو جێبەجێ کردن بوو ئەو زاراوە نوێیانەی پێ درا کە تەواویش لەگەڵ دەستوورو یاسای نێو دەوڵەتیش کۆك بوو، چونکە هەم لە (خود موختاری-حکم الذاتي) و هەم لە فیدراڵیش و بەسەرروو تر دەتوانرێ حکومەت و پەرلەمانی هەبێت، هەروەك لە هند، رووسیا.. نموونەی پێش چاوتر حکومەتی و پەرلەمانی فەلەستین لە چوارچێوەی (حکم الذاتي)یشە، بووە مایەی شادمانی خەڵکی کوردستان، نیتر هیوایان وا بوو کە ئەزموونی کورد وەك وڵاتانی عەرەب نەبێتە دیکتاتۆری و دەنگ هێنانی ٩٩,٩٩٪ و پاوان و شەرە دەسەڵات، کە لەزۆر لادا دەسەڵاتی حزبە کوردیەکان بەدەسەڵاتی عەرەبی چووە.. بە داخەوە لە کۆتاییدا وا دەرچوو.. هێشتا ئەو پەرلەمانەش دەسەڵاتی راستەقینەی خۆی لە ژێر رێنمایی حزبایەتیدایە، زۆربەی بڕیارەکان لە پێشدا بە ئامادەکراوی لە (م.س)یەوە دێت،لەراستیدا دەسەلاتی پەرلەمان لاواز دەبێ لەژێر سایەی (بنەمای تەوافوق)، چونکە لە کوردستانیش لە نیوان ئەو دووحزبە دەسەلاتەکان بەپێی تەوافوق دابەش کراوە ،ئەو تەوافوقودەش لە جهان دا تەنها لەو وولاتانە پەیرەو کراوە کە دووپێکهاتەی لێك جیان لەوانە: چیکۆسلۆفاکیای پێشوو قوبرس و لبنان و عیراقی ئێستا .. کەواتە ئەو دوو حزبە لەبەر دەسەلات بازی ئامادە بوون میلەتیکی یەك مێژووو زمان و مەزەب و ..بکەنە دووبەشی وا کە خەریك بوو لەسایەیدا فیدرالی نوستانی (محافظات)بەرجەستە ببێت، بەلام بۆ داهاتوو کە رەنگە فرەلایەنی بکەوێتە ناوی و بەرەو پێش تر بچێت.

دەقی نامەکـەی شـا جۆرج:

لە شای ئینگلتراوە (جۆرج) بۆ خەلیفەی موسڵمانان لە شانشینی ئەنـدەلوس، خاوەن شکۆ (هشامی سێ یەم)ی پایە بەرز.. دوای سڵاو و ڕێز:

گوێبیستی بـاڵای پلـەی خوێنـدن و زانـست و پیـشەسازی بـووین لای ئێـوە، ویستمان بەشێك لەو ڕووناکیە بەر نەوەکانی ئێمەش بکەوێ کە تەواو بـێ بەشـن لە زانست و زانیاری، ئەوا خوشکە زایەکم شازادە خانم (دوبانت)م نارد بـە خـۆ و بە دەستەیەك لە کچە ماقوڵانی ئینگلترا بە دیاریـەکی سـادەش بـۆ جـەنابتان[1]، داوامانە کە بە زانست و زانیاریەوە بگەڕێنەوە لامان تـا نـەوەکان فێـرە زانـست بکەن.

خزمەتکارتان

جۆرج

خەلیفەش وەڵامی داوەو قایل بوو و فێرە زانست بکرێن لەسەر بودجەی (بیـت المال)[2].

❊ ❊ ❊

بەو شێوەیە دەردەکەوێ ئەگەر هەموو مێژوو بە مێژووی ئەورووپاشـەوە دارنـێن لە کاریگەری ئاین و هەتا ئەو نامەیەی سەرووش چاوپۆشـی لێ بکـەین، دەبیـنین ئەزموونی بەشەری تەنها لـە دوای سـەدەی (۱۲) دەسـتی پـێ کـردووە، کەچـی شورای ئیـسلامی بە لایەن کەمەوە (٦) سەدە پێش ئەو مێژووە بـە نـاوەڕۆکێکی کردەیی دامەزراوە، ئینجا شورا پڕ بەناوی راوێژو تەگبیرو دارشـتنی هەڵوێـست و یاسای نوێیە، کەچی پەرلەمان وەك لـە زمـانی فەرەنـسی بـە مانـای (قـسەکەر

[1] دوایی لە کتێبی تر دەرکەوت دیاریەکان زێڕ بووینە.
[2] بۆ زیاتر سەرنج بدە ا-التمکین للأمة الاسلامیة ل٦٩. ب-نحو أسلوب أمثل للدعوة الاسلامیة ل١٧٧. ج-الغرب نحو الدرب.

parler) ئەوەندە لەو ناوەڕۆکەی ئەرك و فەرمانی ئێستای پەرلەمان نزیك نیـە، کەواتە هەردەم لە گەشەی زاراوەکان سەربردەی لای رۆژئـاوا زیـاتر زەق دەبێتـەوە چونکە لەوێ بە ناتەواوی رێ دەگری بەرەو تەواویەك کـە لـە ئیـسلامدا هـەبووە، هەر بە سەرنجێکی سادە دەبینین هەر لێرەش لـەوانی پێـشوو داهـاتووش دەبیـنین چۆن پەرلەمان لە سەدەی (١٢)وە بەرێ کەوتووە بەرەو ناوەڕۆکێك گەشە دەکا؛ کە شورایە.

(١٩)

دەســـتوور القانون الاساسي Constitution

لە سەردەمی دەوڵەتی مەدینە دەستوور هەبووە ناوی (الـصحيفة) بووە، مـادە بە مادە لە قورئان وەرگیراوە[١]، بـەڵام وەك (وشـەکە) واپـیێ دەچـی لـە بنەچـەدا کوردی یان فارسی بیت ، لەسەدەی ١٩پەرییەوە نێو فەرهەنگی عوسمـانی دوایـش عەرەبی بۆیە لە(لسان العرب) ئەو زاراوە نیە کەچی لـە (قـاموس المحيط) هەیـەو دەلی (الدستور: النسخة المعمولة للجماعات التى منها تحريرها) لـە (فەرهـەنگی (کوردسـتان)یـش هـاتوە دەسـتور مانـای بنەگـە، ڕێ پیـشان دان ...کـە دەڵـێن دەستوری کوردەواری بەمانای داب و نەریتە ڕەسەنەکان دێت.

جاران بە وەزیری دەستە ڕاست یان وەزیری گەورە یان ئەو وەزیرەی زیـاتر لـە ئیش وکاری خەڵکی پێچاوەتەوە وتراوە (دەسـتوور)[٢]، لـە ئیرانـیش بـەو دەفتـەرە وتراوە دەستوور کە مانگانەی سەربازەکانی لێ تۆمارکراوە .

بەڵام بەو مانایەی ئێستا کە یاسـای بنـەڕەتی بـە یەکـەم جـار (وەك فکـری بەشەری) لە بەریتانیا پیادە کرا، ئەویش وەك فکرە لە ڕێـی ئەندەلوسـەوە پـێی گەیشت، بە پێی سیستەم و نەریت و بەرژەوەندی شایانەی خۆیان و هەندێ نـەریتی سیاسی ڕۆمان و یۆنـانی کـۆن دەسـتوورێکی وایـان دارشـت وەك ڕێکـەوتن نـەك نووسـینەوەی مـادە بـە مـادە، کـە هـەمان سەرچـاوەی بەڵگەنامـە بالاکـەی (ماگناکارتایە) ی ساڵی (١٢١٥)ز لە لایەن شا جۆن سانتێر دەرچووە، ئیتر بـەرە

[١] معركة المصطلحات –د.محمد عمارە، ل٣٧.
[٢] تعريفات جرجاني –مادە :دستور- ل٦١.

بەرە وڵاتانی تریشی گرتەوە، دەستوری ئەمریکی لـە ١٧٨٧و دوایـش دەسـتوری فرنسی لە ١٧٩١وەك دەسـتوری نوسـراو سـەری هەڵـداو تەنیـەوە بـۆ ووڵاتـانی هاوچەرخ، تا جارێکی تریش لـە ١٨٧٥ز هاتـەوە نـاو دەوڵـەتی عوسمـانیش بـە تایبەتی لە ڕێی مدحت پاشـاو بزوتنـەوەی (عوسمـانی لاو) بـەناوی مەشـروتیە، لەناو وڵاتانی عەرەبیش یەکەم دەستوور (بە مانای ڕەچەڵەکی دەستوری لە سـاڵی (١٨٥٧)ز لـە لای (محمـد بـای دووەم) لـە تـونس دەرچـووە، دوایـی لـە میـصر ١٨٨٢ز، لە سـعودیەو لبنـانیش ١٩٢٦ز، ئـوردن ١٩٢٨، لـە سـوریا ١٩٣٠، لیبیا ١٩٥٠، عێراقیش ٢١ \٣\١٩٢٥ ..ئەوەی لەسەر ئەو دەستورانەی وڵاتانی عەرەبی دەگوترێ تا ئێستاش ئەوەیە هەموو ئەو دەستوورانە لـە لایـەن (د.أحمـد عبـدالرزاق سـنهوری ١٨٩٥-١٩٧١) نووسـراوەتەوە کـە فەقیهـەکی یاساناسـی میسریە، دکتۆرای لە فەرەنسە تـەواو کردبـوو، زۆر لـە ژێـر کاریگـەری یاسـا و دەستووری فەرەنسی نوسیویەتەوە تا رادەی وەرگێرانی کت و مت، هەرچـی لایـە سیاسیەکەشیتی زۆربەی خورد کردنـەوەی ئینتـداب و وەسـیەکانی ئیمبریـالیزمی بووە، لەو دواییە هەندێ بەندی بەلای سۆشیالیستی ئەتەوەیی و لە هەندێ شـوێن بـەلای شـیوعیەت و (بـاری کەسـیش)ی بـەلای شـەریعەتی..چـووە، بۆیـە ئـەو دەستورانەی ئێستای وڵاتانی عەرەبی زۆربەی بە ڕەچەڵەك فەرەنسی و ئەویش بـۆ ئەریتی رۆمانی کۆن و ماگناکارتاو ئەریتی بیانی دەگەڕێتەوە، کە زیاتر گـوزارش لە ئەریتو فەرهەنگو کەلتوورو ئاینی خۆیتیان، بۆیـە ئـەو دەسـتوورانە نـە لـە نزیك نە لە دوور لەسەر ئیسلام حـساب نـین، چـاکترین پێنـاس دەتـوانرێ بڵـێی دەستووری عەلمانین، دەستووری ئیسلامی و عەلمانیش بەوە لێك جیا دەکرێتەوە لە وڵاتانی موسوڵمانئشین دا، دەسـتووری ئیـسلامی سـەرچاوەی وەرگرتنـی بـە تـاقی تەنها شەریعەتە، ئـەوەش گـەورەترین شـۆڕشو ئامـانجی پێغەمبـەرەکان بـوودو ئامانجی بزوتنەوە ئیسلامیەکانی ئێستاشە.

دەستووری عەلمانی لە جیهانی ئیسلامیدا لە باشترین دۆخیدا پەیوەندی بە شەریعەتی ئەو بەندە لاوازەیە کە لە بنە چەدا لە (کۆنگرەی یاسایی لاهای ١٩٣٧)[١] لە لایەن یاسا ناسانی ئەورووپی ئەو بەندە تۆمار کرا وەك هەنگاوێکی ئیجابی بۆ هەموو جیهان، بەو شێوەیە: (الشريعة الاسلامية مصدر هام التشريع) یان (مصدر رئيسي من مصادر التشريع)، واتە شان بە شانی (شەریعەت) هاوبەشێك لە دەستوور و شەریعەتی غەیرە ئیسلامی بۆ دادەڕژن کە ئەوەش لە لایەن زانایانی ئیسلامی و بزوتنەوە ئیسلامیەکان ڕەت دەکرێتەوە بە پێی ئایەتی ﴿وَلاَ يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَداً﴾، ﴿وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ﴾. بەشێکی تری ئیسلامی پێی وایە ئەو بەندانەی سەرووەدروستە بۆقۆناخی گواستنەوە نەك هەتا هەتا یە ٠

بەو شێوەیە زۆربەی وڵاتانی موسوڵماننشین بریتین لە کۆمارێکی سۆشیالیست یان نەتەوەیی یان شاهنشین و لیبراڵی، یان کۆمارێکی تێکەڵ لەوانە.. یەکەم دەستووری ئیسلامی لە قۆناغی نوێدا لە (ئێران) لە دوای شۆرشی ١٩٧٩ دارشترا کە شەریعەت تاکە سەرچاوەی دەستوورەکە بێت، ئینجا ئەفغانستان و سودان و چیچانیش وەك دەوڵەت بەدوایدا هات، لە زۆر ویلایەتی تری وەك پاکستان، مالیزیا، نایجیریاش ئەو پەیڕەوکردنە هەیە.. هەرچی وڵاتی عەرەبی سعودیە ئەوەیان سیستەمێکی شاهنشاهیە تەنها (باری کەسێتی) تەواوەن شەریعەتە،ئەگینا بناغەی دروست بوونی ئەو دەولەتە لەسەر بنچینەی ڕێکەوتنە بە ناوبانگەکەی محمد بن عبدالوهاب ومحمدبن سعود لە ١٧٣٨ز کەتیایدا وا ڕێکەوتن دەسەڵات بۆ بنەماڵەی ئال سعود وفتواش بۆ بنەماڵەی عبدالوهاب ئەوەش بەرجەستە کردنێکی ترسناکی جیاکردنەوەی ئاینە لە دەسەلات و سیاسەت بۆ یەکەم جار لەجهانی ئیسلامی بەو ڕاشکاویە ، هەرچەندەماڵی ئال

[١] معلمه الإسلام –انور جندی م ٢ ص ٣٣٤

سعود لە ساڵی ١٩٢٩ز ئەو ڕێکەوتنەیان هەڵوەشاندۆتەوە بەلام زانایانی ئاینی سەر بەدەسەڵات تا ئیستاش لەلای خۆیان یەك لایەنانە پا بەندن پێی .

دەستوور کۆمەڵگەی پێ ڕێك دەخرێ و لە سەروو ڕا تا خواروو، لە هەموو بارێکدا پەیمان (مەرجعیەت) و پەیوەندی نێوان دەسەڵاتدار و هاوڵاتیە لە لایەك و لە لایەکی تریش هاوڵاتی خۆبەخۆ، بۆیە (بەرای زانایانی ئیسلام) ئەگەر دەستوور ئیسلامی نەبێت لە حوکمدا حەتمەن ستەمی تیا دەبێ ﴿وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾.

بۆیە دەبێت دەستوور لەسەرووی پەرلەمان بێت، نابێ پەرلەمان دەستوور دارێژێ بەلکو راستەوخۆ لە لایەن میللەت (یان ئومەت لە ئیسلامدا) دیاری دەکرێ، ئینجا پەرلەمان لە ژێر رۆشنایی دەستوور مەودای دەسەڵاتی تەشریعی دەبێت، ئەو دەستوورەش چەسپاو نیە لە بنچینەدا بۆ گۆڕین و گەشەکردنی کۆمەڵ هاتووە، بۆیە هەردەم بە پرۆژە حسابە هەر چەندە یاسای بنەڕەتیشی پێ دەووترێ بەو مانایەی یاسای نا بنەڕەتی لێ هەڵدەهێنجرێ نەك بنەڕەتی بەمانای چەسپاو، بەلام لە زۆربەی سیستەمی دەستووری عەلمانیدا جۆرێك لە چەسپاویە و بەپێی نەریت و کەلتووری میللەتەکان و بنەماڵەی دەسەڵاتدار دروست دەبێت (هەروەك لە بەریتانیا باسمان کرد)، بۆیە (گیزۆ)ی فەرەنسی ئەو مەتەڵەی لادروست بوو بلاوی کردەوە بە پرسیارێك: ئاخۆ دەستوور سلوك و نەریتی خەڵکی دیاری دەکا یان پێچەوانە، یان بەشێوەیەکی تر جوڵان و گەشەی کۆمەڵ دەستوور نوێ دەکاتەوە یان پێچەوانە ؟

ئەو مەتەڵە لە دەستوری عەلمانی بێ وەلام بووە هەروەك (هێلکە لە مریشك یان پێچەوانە)، لە مارکسیەتیش خێرا وەلامەکەی ئەوەیە سیستەمی کۆمەلایەتیە دەستوور دیاری دەکا[1]، بەلام لە ئیسلامدا زۆر روونە مادام دەستور پرۆژەیە، مانای دەستووری ئیسلامی تەواو جووت بوون نیە لەگەڵ (پەیام)،

[1] القانون و الاشتراکیە- ل٦.

چونکه خودی دهوڵهتی ئیسلامیش له قۆناغی پرۆژه دایه لـهو (فـترة انتقاليـة).. میللهت گهشه پێ دهدا له ههموو ڕوویهکانی کۆمهڵایهتیو ئابووریو شارستانیو تهکنـهلۆجی و سیاسـی و عهقیـدهیی بـهرهو خهلافـهتی ڕاسـتهقینه و ئومـهی ئیسلامی و دادگهری.. وهلامی پرسیارهکهی (گیـزۆ) زۆر ڕوونـه لـهلای زانایـانی ئیسلامیو ئهوهیه دهستووره سلوکی خهڵکی دیاری دهکا، ئهگهر چی دهسـتووریش ڕهنگ دانهوهی واقیعه بهومهرجهی دهستور پێشرهو بێت، واته مانـای بـێ دهوری خهڵکیش نیه، ههر خهڵکه ئهو دهستووره ههڵدهبژێرێ تـا لـهو پـرۆژه دهردهچـێت دهگاته قورئان و سوننه، تا ئهو کاتی دهستووری ئیسلامیش دهشێت ههڵه بێـت، گفت گۆی لهسهر بکرێت، گهشهی پێ بدرێت، هـهروهك لـه سـهردهمی دهوڵـهتی مهدینه که پێغهمبهر (د خ) خۆی بهپێی پهیام دایمهزراند یهکسهر قورئانی پیاده نهکردووه، بهڵکو دهستورێکیان دارشت قۆناغ به قۆناغ که ههر له قورئانی پـیرۆز وهردهگیرا بهناوی (صحيفة)، ئایهتهکانی قورئان زیاتر خـورد دهکرایـهوه بـۆ ئـهو (فـترة انتقاليـة)ی لـه کۆمهڵگهیـهکی نـهفامی بـهرهو کۆمهڵگهیـهکی دادگـهری شهریعهتی، ههروهك لهو مادهیهی (صهحیفه) به نموونـه (..ماکـان بـين اهـل هـذه الصحيفة من أشتجار يخشى فساده فمرده الى الله و الى محمد)[1]، بهلام دوایـی کـه کۆمهڵگهیهك ڕهنگ و ئینتمای ڕاستهقینه عهقیده بوو، (ئومـهت) دروسـت بـوو (پهیام) ڕاستهوخۆ بووه ئهو دهستووره شایهنی دهسـتکاری گهشـهپێدان و گفـت و گۆ نامێنێ، بهلام ئهو یاسایانهی که شورا (یان پهرلـهمان) لـهژێر ڕۆشـنایی ئـهو دهستوره ههڵی دههێنجێ چ له (فـهترهی ئنتقـالی) ئیـسلامی چ لـه سیـستهمه دیموکراسیهکاندا دهشـێ ههڵـسهنگێنرێ، ئـهوجۆره دهسـتورانهی بـواری گـۆڕان و دهستکاری زۆری ههبێ پێی دهوتـرێ "دهسـتووری نـهرم" ، بـه پێـچهوانه پێـی دهوترێ "دهستوری پتهو" ،ئهوجۆره دهستووره پتهوه یان زۆر بهداناپانهو له سهر بنچینهی ئاینی ودهقی نهگۆر دروست بووه یان له ئهنجامی ڕێکـهوتنی کۆمـهڵێك

[1] مجموع الوثائق السياسيه للعهد النبوى و الخلافه الراشده، ل٢٠، د.محمد حميدالله الحيدر ئابادى.

پێکهاتەی نێو یەك دەولەت لەسەری ڕێك کەوتوون وەك تەوافوق،عیراقی نوێ یەکێکە لەو جۆرە دەستورانە، واتە پتەو، بۆیە دەستکاری هەر مادەیەك مەرجی قورسی بۆ دانراوە .

پتەوی ئەو دەستوورە ڕێ لە دەسەڵاتی سەرۆك، ئەمیر، خەلیفە، ڕەهبەر، .. دەگرێ کە بەهەڵە یاساو فەرمان دەربکا.. وئەوەش مانای سەروەری یاسایە، لە سیستەمی دیموکراتیشدا ئەگەر فەرمانێکی میری دەرچوو دەستووری نەبێت ئەوا دەزگای تایبەتی هەیە بەزۆری ناوی (پارێزەرانی دەستوورە) یان (چاودێرانی دەستور)، ئەو فەرمانە هەڵدەوەشێنێتەوە، دەگوترێ دەستووری نیە، هەرچی دیکتاتۆریەکانە ئەوا هەر خۆیان هەم پەرلەمانو دەستورو نومەتیشن، لە یەکەم دەستور لە سەروی سەرۆکە لە دووەم دا دیکتاتۆر لەسەرووی دەستوورە .

(٢٠)

ياسا قانون (تشريعات) Law

له ئەسڵدا وەك وشە (قانون) عەرەبی نیە، لە یۆنانی بە ڕاستەدار وتراوە (کانون)[١]، لە کوردیش وشەی "یاسا" لە (یاسق)[*]ی جەنگیز خان هاتووە، لە ڕۆمیشدا (نوما) مانای یاسایە بەو تێگەیشتنەی هێزو یاسا لە پاڵ یەك بن بۆیە (ڕۆما)ش هەر ئەسڵ لە (ڕۆمۆلوس واتە هێز) هاتووە[٢]، هەربۆیەش یاسا نزیکە لە .(دیفاکتۆ)ی لاتینی کە دەکاتە (هێزی ئەمری واقیع) ئیستاش دەبینین سەرچاوەی زوربەی یاسا تایبەتیو گشتیەکان بە یاسای دەولیشەوە لە (دیفاکتۆ) ئەمری واقیعەوە هاتوەو دێت هەروەك هۆبز بە راشکاوانە تر دەلیت یاسا بریتیە لە فەرمانی دەسەڵاتدار[٣]، (سەفسەتیەکان-سۆفیەکان) هاوشێوەی ئەو ڕایەیان هەبووە سەبارەت بە یاساو هەر وتویانە (هێزە یاسا دروست دەکا)، لە (پروتوکولات ..) ورای (هوبز) هێزو یاسایان پێك وەبەستوەو .

بەگشتی بە مانای جێ بەجێ بوون و پەیڕەوکردنی لە هەموو بەشەکانی[٤]، ئەوەش مانای جەرهەریەکەی پەیام و شەریعەتە، قورئان خۆی پێکهاتووە لە (عەقیدەو شەریعە واتە بیرو بڕواو یاسا)، ئەگەر ئینجیل مانای (مژدە)یە بەڵام

---

[١] موسوعة المصطلحات العلوم عند العرب -مادە- قوانین.

[*] جەنگیز خان کۆمەڵێك بڕیاری دەرکرد لەشێوەی شەریعەتێکی تێکەڵ وتەرهیم لە ئەریت وئاینی جیاجیا .

[٢] فی عقد الاجتماعی-روسو.

[٣] بروانە :موسوعە الفلسفیە المختصرە —المادە هوبز

[٤] موسوعة المصطلحات جامع العلوم-مادە-قانون.

تەورات و ئافیستامانای (شەریعەتە)، کە راستەوخۆ بەو مانایە هاتوون نەك وەك (قانون) بەمانای راستەدار گەشەی کردبێت، هەموو ئەو زاراوە ئیجابیانەی رۆژئاوا کە لە ئاوەڕۆکدا لە ئاین وەرگیراوە دوای دەستکاری و وشەیەکی خۆماڵی نزیکیان پێ داوە..هەر کتێبە ئاسمانیەکان دادگەری و یاسایی راست و دروست بە (طریق المستقیم)، (صراط المستقیم)، (الاستقامة) بەستوە کە لە قورئانیش پێکیان بەستووە بۆیە فیکرەی (قانون-کانون) ناوەڕۆکەکەی ئاینیە، بە ئینگلیزیش بە مانای (الاستقامة) یان (معیار) یان (قاعدة)، (مبدأ)..، هاتووە (بۆ زیاتر سەرنج بدە قاموس التربیة وشەی-CANON) ل٤٥.

زۆر جۆرە پێناسی لێك نزیك تریش هەیە هەندێکی لێ هەڵدەبژێرین:

یاسا بریتیە لە:

•بەر زەفت کردنی کۆمەڵ بەهۆی دەسەلاتێکی رێکخراوەوە (رۆسکۆپۆند)[1].

•کۆمەڵە رێسایەکی یەکسان و هاوبەشە بۆ رێکخستنی پەیوەندی نێوانیان کە لە لایەن هەموو لایەکیشەوە قەبووڵ بێت. (ماکس کلاکمان)[2].

•بە پێی ئەنثرۆپۆلۆجیەکان هەمو رێکموتنێکی گشتی یاسایە (مقدمە فی أنثروبولوجیا الاجتماعیة).

لە فەرهەنگە کۆنەکانیش وا هاتوە:

•یاسا لە فیقهدا زیاتر بۆ گەڕانەوەی ئەحکامی فیقهی یە، بەلام بە مانای رێکخستنی پەیوەندی تاکەکان لەهەموو بوارەکان هاتووە. (زیاتر سەرنج بدە: معجم مصطلحات أصول الفقه).

•جرجانیش لەسەدەی (١٤) لە (١٣٤٠-١٤١٣)ز ژیاوە.. بە بۆنەی یاسای زمان پێناسێکی گشتی کردووە لە (تعریفات) دەڵێ :(أمر کلي منطبق علی جمیع جزئیاته التي تتعرف احکامها منه).

[1] مدخل الی علم الانسان.

[2] مدخل الی علم الانسان.

+قاموس المحیط: قانون هو مقیاس کل شیء

+زۆر جۆرە پێناسی نوێ تر هەیە، بەشێك پێیان وایە یاسا ئەوەیە کە دەوڵەت دروستی دەکا لەوانە (هۆبز، هیگل، دۆهرنگ،..) وەك نێستاشی وابووە، بەشێکی تر دەڵێن ئەخێر لە سروشت و بنچینەدا یاساکان خوایین (خوا رسکن نەك خۆرسك) لەوانە (شیشرۆن، قدیس ئۆگستین، توما أکوینی، ..)، هەندێکی تریش دەڵێن لەناو دەروونی ئادەمیزاد رەگی هەیە (رای یۆنانی کۆنیشە).

+ رای تریش هەیە دەلی یاسا ئەوەیە کە لەلایەن بە هێزەکانەوە دەردەچێت، لەوانە: هۆبز، نیتچە، میکافیلی ... یاسای دادگەری (یان شەریعەت) پێویستسەکی تاك و کۆمەڵایەتیە، بۆ بەردەوامی ژیان، مادام دەروونی ئادەمیزاد پڕە لە حەزو ئارەزووی تێر نەبوو لە ڕووی: خۆ دەرخستن و تەمەلوك و جنس و حەز بە زاڵیەتی و.. ئەوەش لەگەڵ بوونی دەسەڵات و بوار دەبتە هۆی هەڵلوشینی حەزو ئارەزووی خەڵکی تر.. ئیتر ئەوە بناغەی جیایی بەرژەوەندیەکانە،جا ئەو یاسایە لە ئەسڵدا بۆ ئەوە هاتووە رێ لەو حەز و ئارەزووەزیادە رەویە بگرێت و بیگێڕێتەوە سنوری خۆی، سنوری ئازادی وئارەزووی هەر یەکێك کۆتایی دێت لە سنوری یەکێکی تر، ئەرکی یاسا ڕاگرتنی ئەو سنورەیە، ئەوەش مەبەستی پەیامەکانی ئاسمانی بووە بەگشتی، دادگەریترین یاسا ئەوانەن کە بەستاندەری ئەو سنورانە دادەرێژێت لە نێوان مرۆڤەکان، پەیوەندیەکانیان رێك دەخا، بە پێچەوانەش یاسای بەدیل جۆرە یاسایەکی ستەمکار دەبێت نەك لەگەڵ زۆرایەتی خەڵك هەتا لەگەڵ یاساکانی سروشت و کۆمەڵ و گەردوون میکانیکی و کیمیایی.. هتد رێك نابێ، بۆیە وەك لە پێناسەکان هاتوون هەمووی پێناسی ڕاست و دروستی یاسا نیە، یان بەلای کەمەوە پێناسی یاسای دادگەری نیە، مەرج نیە هەر رێکەوتنێك یان دەوڵەت و دەسەڵاتدارێك یان پەرلەمانێك بریار دەرکا یاسا بێت، هەتا ئەریتیش لەگەڵ یاسا جودایە ئەنسرۆپۆلۆجیەکان ئەریت و یاسا تەنها بەوە لێك جیادەکەنەوە کە (یاسا) هێزێکی جێبەجێ کردنی

(متفرغ)ی له پشته، .. نەخێر ئەوە زۆربەی نەریتە (نەك یاسا) كە بەهێز دروست دەبێت[1]، كۆمەڵگەیەكی دەرەبەگی یان خێڵەكی یان برجوازی لێ دروست دەبێت هەروەك دەبینین زۆربەی یاساكانی رۆژئاوا بە تایبەتی بریتانیا زیاتر گوزارشی نەریتە ئابوری و ئاینی وكۆمەلایەتیەكانە تەنانەت كۆمەلە بەلگەنامەی ماگناكارتاش بەو شیوەیە دەرچوو، بە تایبەتی نەریتی چینی برجوازی، یاسای راست و دروست ناكەوێتە سەر هێزو زۆرایەتی و زەمان و زەمین و ماقولایەتی و رەچەلەك و..

یاسا بە گشتی چ كۆمەلایەتی چ سروشتی چ زانستی..كۆمەلێك سیفاتی نەگۆری هەیە بەوەش جیا دەكرێتەوە لە رێساو تیۆرو بەلگەنەویست و فەرەزیە.. یاسا راستی موتلەقە، لە دووبارە بوونەوەی هەمان راستی دروست بوە.. واتە رۆژهەلاتن و ناوابوون یاسایە.. چونكە هەروەك خۆی (لە جەوهەردا) دووبارە دەبێتەوە. تاقی كراوەتەوە، ئەوەی تاقی نەكراوەتەوە پێی ناوترێ یاسا ئەگەر ئەو ناوەشی بۆ داتراشێت، مەگەر دووبارەی گۆراوی بێت وەك یاسای (یەك لە دوای یەكی ئەندازەیی)، بۆیە بەهەڵە لە لایەن عەلمانیەكانەوە دەگوترێت پیادەی شەریعەت گەرانەوەیە بۆ دواوە.. نەخێر مادام یاسا كۆن نابێت، گەرانەوە و چوونە پێشی نیە، پەیوەندیەكی جێگیرە نەك هەر حوكم لەسەر نەگۆرەكان بكا بەلكو حوكم لەسەر جولان و گەشەو گۆرانەكانیش دەكا، یاسا ئەو پەیوەندیە نەگۆرەیە لەنێو كۆمەلێك دیاردەو شتومەكی گۆراو كە گوزارش لە لایەنە گشتی و وێك چووەكانی دەكا، هەموو دیاردەو شتێك هەندێ لایەنی تایبەتی خۆی هەیە كەباری ناوەكی خۆی پێ رێك دەخاو ناسنامەی پێ گوزارش دەبێ، چەند لایەنێكی گشتیش هەیە كە هاوبەشە لەگەڵ ئەوانی تر..

---

[1] ح -ابوبكر دەڵێ: (بەهێزتان لام بێ هێزە تاهەقی لێ وەردەگرمەوە، بێ هێزیشتان بەهێزە تا مافی بۆ وەردەگرم).

بۆ نموونە هەموو تەنێك وێك چووە لە راکێشان، ئیتر یاسایەك نوێنەری ئەو پەیوەندیەی نێوان هەموو تەنێك دەکا لەو جیهانە بە (کێش=ك (ب١×ب٢)\(دووری)[٢]).

هەر چەندە ئەوەی سەروو نموونەی یاسای سروشتی بوو، بەلاّم یاسا بەگشتی ئەو نیشانانەی هەیە:

١-دووبارەبوونەوەی بەردەوام.

٢-بەند نەبوونی بە زەمان و زەمین.

٣-دەدۆزرێتەوە دروست ناکرێت.

٤-پەیوەندیەکی چەسپاوە.

٥-لە چوارچێوەی یاسادا (ناوێر) نیە، (شاز) نیە، شمولیە..

بۆیە (لکل قاعدة شاذ) نەك (لکل قانون شاذ)، مادام یاسا شازی تیابوو لە پایەی یاسا دادەبەزێ بۆ (رێسا-قاعدة)، چونکە هەندێ جار لە کتێبە کۆن و نوێیەکانیش یاساو رێسا بەیەك چەمك لێکدراونەتەوە[١]، بەو شێوەیە یاسای تەواو وەك یاساکانی سروشت ئەو سنورە رادەگرێ کە بە ئەندازەیەکی ستاندەر -عەیار- بەرێوە دەچی، کەمترین ترازان جۆرە سەرەنجامێکی وای دەبێ هەموو سروشت تێك دەچێ، ترازان لە یاسای کۆمەلاّیەتیش کارەساتی ستەم و کێشەکانی تری لێ سەرهەلّدەدا، کەواتە یاسا سنوورە، رادەیە، عەیارە، ئەندازەیە.. رێکخستنە، لە نێوان ئەوپەڕو ئەم پەڕ، هەردەم یاسا نە زۆر توند نە زۆر نەرم، نەبزێو نە وەستاو، نە ئاژەلّی نە فریشتەش، نە مسەیری و نە مخەیەری، نە سەربەستی موتلەق و نە بەستانەوەی موتلەقیش .. لە نێوان هەموو ئەوانە سنورێکی ناسك هەیە پێی دەلێن (عەیار)،هەر ئەوەشە پێی دەلّێن یاسای دادگەری (شەریعەت)، کەمتر بە نادەمیزاد دەدۆزرێتەوە یا دادگەریشی بوێ، هەروەك (ئەمانویل کانت ١٧٢٤-١٨٠٤) لە پیش هەموان دانی پیا هێناوە، جا لە تەقەلای دۆزینەوەی ئەو عەیارە

---

[١] بۆ زیاتر سەرنج بدە (موسوعة الاصطلاحات الفنیة و العلمیة)، ئەوەش بە ڕونی تێکەلّی کردوە.

(كە ناتوانرێ) زۆر جۆرە ياساى لێ پەيدا دەبێو هەمووش ناوى ياساى لێ دەنرێ، جگە لە وانەش بەشى تريش كە هەر لە ئەسڵدا بەدواى ستەم و چەوساندنەوەن و دەيكەنە ياساش، هەروەك مەسەلەى سياسەتى ميكافيلى و سياسەتى رەوشتى، لێرەش ياساى راست و دروست رەوشتيە، بەشێكە لە رەوشت هەروەك لە كۆنەوە (سقرات، ئەفلاتون، ياسايان بە بەشێك لە رەوشت زانيوە، زۆر راستە ياساى بێ رەوشت كوێرە هەق و ناهەق تێكەڵ دەكا، دەبتە دارستان تا ئەوكاتى (محامات-پارێزەر)، مافى مرۆڤ، مافى زيندانى، ..هتد پێويستە، دادگەرى بەوە دەچەسپێ كاتێ ياسايەكە بەشێك بێت لە رەوشت، عەقيدە، .. هەم مرۆڤەكانى چوار چێوەى ئەو ياسايەش رەوشتداربن.. ئەو كاتى ئە (پارێزەر)ى پێويستە بۆ دادگا ئە دەزگاى (مافى مرۆڤ)، ئيتر ياساى رەوشتى (سيفاتى راستى) هەيە، بەند نابێت بە بارودۆخو زەمەنو قۆناغى مێژووى شايەنى دەستكارى نيە، ئەگۆڕن، .. هەر بۆيەش ئەو ياسايانەى پێش (١٤) سەدە دادگەرى بوونە ئێستاش هەر دادگەرى دەبێت، بۆ هەموو سەردەمێكى تريش، هەروەك (مۆنتسكيۆ)ش دانى پيادا هێناوەو دەڵێ، لە پێش پەيدابوونى (ياساى دەستكرد)يش ياساى دادگەرى هەبووە[1] ، هەر چەندە لەو بۆچوونەيدا لە دوو شوێن تەواوى ئەپێكاوە چونكە (ياساى دەستكرد) هەرگيز دادگەرى نابێت، ئنجا ئەو پێى وايە لە پێش ياساى دەستكرد بە ياساى سروشت كاركراوە.. نەخێر ئەوەى ياساى سروشتى داناوە هەر ئەويش ياساى كۆمەڵى داناوە لە رێى پەيام وهەر ئەويشە دادگەرى - كە هەماهەنگە لەگەڵ ياساى سروشت ئەك هەر عەينى ياساى سروشتى خۆى بێت، هەر بەو بۆنەيەوە دێينە ناو ئەسڵى ياساى دەستكرد و هەموو ئەو بەرهەمانەى عەقڵى بەشەرى لە (ياسا، دەستور، رێكخستن، دەوڵەت، ماف، رەوشت، مرۆڤايەتى، ..) هەر هەمووى يان ئەسڵى ئاينى هەيەو گۆڕانيان بەسەر هێناوە، يان لە ياساكانى سروشت سود وەرگيراوە چ بەسەلبى چ بە ئيجابى هەڵبەتە بە

[1] روح القوانين- مونتسكيو.

یاساکانی حمورابیشەوە کە دەڵێن یەکەم سیستەمی یاسا ئەو دایڕشتوە! لە یاسای خێڵەکی هاتووە: خوا بەردی گەورەو بچووکی داناوە..ئەوە یاسایەکی سروشتیە، دادگەریە بۆ سروشت .. کە دەبێتە یاسای کۆمەڵایەتی و چینایەتی لەسەر بنچینەی غەیری بنچینەی (ان اکرمکم عند الله اتقاکم) لێ دەردەچێ و ستەمە، واتە یاسای سروشتی مەرج نیە دادگەری بێت بۆ کۆمەڵ، لەسەر ئەو بنچینە دوو جۆرە یاسا (بەسەرەکیانە) لەناو کۆمەڵ و دەسەڵاتدا هەیە، یەکەمیان:(یاسای دانراوی ئادەمیزاد)، دووەمین: یاساکانی خوایین کە بریتیە لە بەرنامەی رەسەنی ژیان، چونکە ئاینی ئیسلام (طقوس)ی نیە بەو مانایەی کە ئەنسرۆپۆلۆجیەکان بە (ئاینی جادووی یان کۆمەڵە سەما و هەڵپەرکێیەك) وەسفی دەکەن.. ئیسلام بەرنامەی چۆنیەتی ژیانی بەستاندەرە.. بەدیلی بەرنامەی سوشیالیستی و شیوعی و سەرمایەداریە.

وەك ئێستا ئێران، سودان، چیچان و ئەفغانستانی جارانیش، بەشێکی عەرەبی سعودی و پاکستانیش ئەگینا وڵاتانی موسڵماننشین، یاساکانیان لە فەرەنسی و بەریتانی وەرگیراوە، ئەوانیش بمرەچەڵەك و ئەریت دەگەڕێتەوە سەر رۆمانی کە لەسەردەمی ئیمپراتۆر (جەستیان) بەدەی شەشی زاینی بەناوی (کۆمەڵە یاسای مەدەنی)[1] دارڕشتراوە.

ئەو دوو جۆرە یاسایە بەهەڵە جارجار بە دەستکردەکە´دەووترێ یاسای زەمین و بە ئاینیش دەووترێ یاسای ئاسمان یان (شرائع الارض و شرائع السماء).. ئەوە هەڵەیە، یاسای زەمین و ئاسمان هەر یەکە، هەروەك دیاردەی عەلمانی شان بەشانی یەك هاتوون، ئەوەی لە لایەن (تطوریەکان) بەناوی گەشەکردنی یاسا و نەبوونی یاسا لەسەردەمێك.. هەمووی هەڵەیە، ئەسڵی هەمو یاساش ناگەڕێتەوە بۆ (حمورابی) یان رۆمانی، هەتا لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانیش کە بۆ (مۆنتسیکۆ) دەگێڕنەوە راست نیە، چاکتر وابوو بنووسن مێژووی یاسای

[1] الموسوعة العالمية -ق- ل٤١.

دەستکرد بۆ ئەو مێـژوو و سەرچـاوانە دەگەڕێتـەوە نـەك هـەموو یاسـا، یاسـای دەستکردو یاسای دادگەری (شەریعەت) ئەو جیاوازیانەی هەیە:-

هەڵبەتە لە پێش هەموو شتێك دەبێ تێبینی بکرێت هەندێ زاراوەو وشە هەیە لە جێی خۆی نیە، دەبینین وەك ئەسڵ (ئیقلیم-هەرێم) گـەورەتر بـووە (نـەك لـە دەوڵەتی ئێستا) لەسنوری ئیمپراتۆریەتیـەکانیش بـە نێـوان دوو هێڵـی ئاسـۆیی دابەشیەکانی زەوی وتراوە، سەردەمێك هەموو جیهـان چـوار ئیقلـیم یـان حـەفت بووە، کەچی ئێستا بە چەندین (ئیقلیم) ئینجا وڵاتـەك پێـك دێـنن، هـەروەهاش لەبارەی دەوڵەت و حکومەتیش چەمکی حکومـەت فـراوانتر بـووە لـە دەوڵـەت، زیاتر بە زەنگینەکان وتراوە (دەوڵەتدار) واتە سـامان دار، هـەتا لـەناو کـوردیش (دەوڵەمەند) لە بنەچەدا (دەوڵەت مەندە) واتە خـاوەن سـام ن.. کەچـی ئێـستا دەبینین چەمکی دەوڵەت لە حکومەت فراوانتر بـووە، بەهـەمان شـێوەش جـاران یاسا فراوانتر بووە لە دەستوور، کەچی ئێستا پێچەوانەیە، بۆیـە لـەو بـەراوردەش رێك دەرناچێ لەبەر هەمان هۆ، یاسای دادگەری (شەریعەت) هاوتـای دەسـتوورە زیاتر نەك یاسا، (فقهی یاسایی) هاوتای یاسایە بەڵام بەهەر حاڵ جـارێ لێرەشـدا وەك زۆربەی چەوتیەکانی تری باو (العادة محكمة) دەڕۆین.

بە کورتی چەند بەراوردێکیان لە نێوان تۆمار دەکەین بەو شێوەیە :

١-یاسای دەستکرد دەگۆڕێت و هەموار دەکرێت (تعدیل)، بەندە بە بارودۆخو زەمان و زەمین و ویست و نارەزووی دەسەڵاتدار، ئـیتر نیـشانەی هـەرە گـەورەی یاسای دەستکرد ئەوەیە فرە ڕوو و فرە وەڵام و فرە تەرازوی بۆیەك کێـشە هەیـە، یاسای دادگەریش (خوایی) تاقانەیە، یەك وەڵامـە.. هـەروەك پێغەمبـەر چەندین هێڵی خوارو خێچی کێشاو یـەك هێڵـی راستیـشی بـەنێوانیان دا هێنـا، وەسفی هێڵە خوارو خێـچەکانی بـە بەرنامـەو تـەرازوو و یاسـای دەسـتکردو نـا دادگەری بـرد، تاکـە هێڵـە راسـتەکەش بـە یاسـای خـوایی ﴿وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلاَ تَتَّبِعُوا السُّبُلَ﴾.

۲-یاسای دەستکرد لە باشترین دۆخیدا وەڵامی بارودۆخی ئەو ساتەی کۆمەڵ و عەقڵی بەشەریەتن بە پێچەوانەی یاسای دادگەری کە سەرتاسەری و نەگۆڕ و جووتە لەگەڵ جەوهەری مرۆڤ.

۳-یاسای دەستکرد وەك (مەتاتی) ئەوسەرو ئەم سەری پێ دەکرێ، بە هەمان یاساو دەستور ڕەش سپی دەکرێ، نیشتیمان پەروەر خائین دەکرێ، بەرگری نیشتیمانی بە تێکدەر بە یاسایی دەکرێ، تێکدەرانی خۆی بە (دفاع عن الوطن) بە یاسا دەکاو.. هەموو ئەو تاوانانەی مێژوو پشت بە یاسا کراون بۆیە ناهەقی (ڤۆلتێر) نەبووە ئەگەر ڕەتیشی دابێ کە وتوویەتی: (مێژوو بریتیە لە تۆمارگای تاوانەکانی بەشەریەتن) کەچی یاسای خوایی ڕوونو ئاشکراو ڕەونەقدارە.

٤-یاساکانی دەستکرد کە جووت نابێت لەگەڵ ستاندەر، هەم ناکۆکە خۆبەخۆ هەم لەگەڵ واقع و هەق هەم لەگەڵ یاساکانی سروشت، هەم لەگەڵ ڕسکانو (فیترە)ی بەشەری، بە پێچەوانەی یاسای دادگەری لەگەڵ هەرسێ تەوەر کۆك دەبن.

٥-کێشەی بنچینەیی یاسای دەستکرد ئەوەیە (عەقیدەی) لەگەڵ نیە، بۆیە لە هەر شوێنێك چاوی دیار نەبێت، یان بێهێز، بێ پۆلیس.. ئەو یاسایە جێ بەجێ ناکرێو دەبێتە هۆی بەردەوامی تاوان، هەروەك لەو سەعاتەی کوژانەوە بەناوبانگەکەی کارەبای کالیفورنیا زیاتر لە (۷۰۰) تاوانی لێ ئەنجام درا، بەڵام لە ئیسلامدا کە شەریعەو عەقیدە لێك جیانیە بۆیە (بڕوادار)ی ڕاستەقینە چۆن یاساکە لە پێش چاوی دەوڵەتو پۆلیسو چاودێر جێبەجێ دەکا، ئاواش لە غیابی ئەوان، ئەوە جیاوازیەکی بنچینەییە، لە هێزی یاسای (شەریعەت)و خاڵی هەرە لاوازی یاسای دەستکردیشە، واتە یاسای دەستکرد هێزی جێ بەجێ کردنەکەی خودی نیە، بەندە بەهێز هەروەك ئەریتی ڕەسەنی خۆی لە پێناسی ڕۆمانیو سەفستیەکان هاتووە، تا ئێستاش هەر تەواوە.

٦-كۆمەڵە یاسایەك هەیە لە فەرهەنگ و ئەنسكلۆپیدیەكان بەناوی (قوانین اجتماعیة الكونیة- Univarsal social law)[1] هاتووە وەك دەقی خۆی (ژمارەی تاوان لە كۆمەڵگەیەك زیاد دەكات ئەگەر ئاینی رۆڵێكی پەراوێزی هەبێت).. هەڵبەتە یاسای دەستكردو عەلمانیەت بەگشتی دەكەوتە بەر چوارچێوەی ئەو یاسایەو كۆمەڵگەیەكی پڕ تاوان و نادادگەری دروست دەكا.

٧-هەردەم یاسا لایەنی گشتی تاك دەگرێتەوە ئەوەش نیوەی كێشەكانە، بەلام ئەوەی سەرچاوەی تاوان و گیروگرفتی كۆمەڵایەتیە لایەنی تایبەتی مرۆڤە كە (نهێنی تاك یان أسرار الشخص)یە، یاسای دەستكرد ناتوانێ ڕوو بچێتە ناخی مرۆڤ و تایبەتمەندی و نهێنیەكانی ستاندەر بكا، هەرگیز تایبەتیش ناچوێنرێتە ناو چوارچێوەی یاسا، بۆیە لە باشترین دۆخی یاسای دەستكرد تەنها نیوە بەختیاری و دادگەریەك دەهێنێتە دی، تەنها یاسای خوایی دەتوانێ بە یاسای ستاندەری و چاندنی (ڕەوشت) لە ناخی تاكەكان زاڵ بێت بەسەر پاڵنەری تایبەت و نهێنیەكانی، دەتوانێ ڕێگرێك وچاودێرێكی زاتی لە دەروونی دروست بكا بە ئەندازەی زیاتر لە هێزی یاسا ڕێگر بێت لە خراپەو هاندەری چاكە.. بەوەش دادگەری ئیسلامیەو پرۆژەی شارستانیو مرۆڤایەتی پێ دێتە دی بۆ سەرجەم كۆمەڵ.. هەر ئەوەش توخمی هەرە بنچینەی (تمكين الاسلامي) و دادگەری كۆمەڵایەتی یە.

٨-لە یاسای دەستكرد، هەر بۆشاییەكی یاسایی هەبێت یەكسەر مەبدەئی ویرانی (بەرژەوەندی تایبەتی) دێتە جێ، كەچی لە شەریعەتدا هەر بۆشایی لەیاسا نیە، ئەگەر ئەشدۆزرایەوە وەك بۆشایی دەركەوت ئەوا عەقیدەو ڕەوشتی دێتە جێی و بەرژەوەندی گشتی بۆی ئامادەیە.

٩-یاسای دەستكرد كاتێ دادەرێژرێ كە پێویستە، واتە ڕووداوە یاسا دروست دەكا، كەچی یاسای خوایی لە پێش ڕووداني ئامادەیە .

[1] موسوعة العلم الاجتماع ل٥٠٦.

۹-چارەنووسی یاسای دەستکرد بەرەو یاسا کۆمەلاّیەتیەکان (شەریعەت)، هەتا زانستو زانیاریو گەشەی کۆمەلایەتی زیاد بکات یاسا.دەستکردەکان بەرەبەرە لە ئەنجامی گۆڕانیان بەرەو ئاراستەیەك وەردەگریّ، ڕوو لە (شەریعەت)ە، هۆیە بنچینەییەکەشی ئەوەیە چونکە ئەویاسایانەی کۆمەلاّیەتی ڕاستەقینە (دادگەرنو بە عەیارو ستاندەرن..)، بۆیە لە هەناوی کۆمەلّ و تاکەکان ئەو یاسایانە هەن و بەدەرن لەویستی مرۆڤ، نەك دروست بکریّ یان دابتاشریّ یان پەرلەمان بۆیان دابڕێژیّ.. بەلّکو دەدۆزرێتەوە وەك زانست، ئیتر لەگەلّ گەشەی زانست و کۆمەلّ بەرەبەرە ئەو یاسایانە لە هەناوی کۆمەلّ دەدۆزرێتەوە و جیّی یاسای دەستکرد دەگرێتەوە.. بەو شێوەیە ئەگەر پەیامی ئیسلامیش نەهاتبایە (بەگریمانە)، ئەوا پەیامی عەقلّی (کە هەمان پەیامی خواییە) ئەو شەریعەتەی دەدۆزیەوە بەرەبەرە، سەرنج بدە (برناردشۆ، تۆلستۆی، شکسبیر،ڕۆسۆ ،سپینۆزا..) لەدوای نزیکەی (۱۳) سەدە بەختیاری دەدۆزێتەوە و دەلّێن (بەختیاری بەوە دێتە دی کە هەر کەس چی بۆ خۆی ویست ئاواش بۆ خەلّکی)*.

بەو شێوەیە عەقلّی پێش کەوتوو و یاساکانی کۆمەلاّیەتی ڕاستەقینە یەکتر پاسادان دەکەن و دەبنە پالّپشتی یەك، بە پێچەوانەش بۆ یاسا دەستکردەکان.

سەرەنجام تا ڕادەیەکی زۆر وەك (زۆربەی زانایان) گۆتەنی یاسای دەستکرد لە لایەن بەهێزانەوە و ڕاپێچ دەدریّ، هەردەم بانێك دوو هەوایە (الكيل بالمكيالين- dauble stander)، لە دەست ویست و ئارەزووی دەسەلاّتدارە، یان ئەریت و ڕای باوی عەوام و ئەویش بۆ چینی سەروو، .. ئیتر ستەمە، ماف خورانە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ.. ئەوەش بەپێی ئەرازووی ئیسلام هەموو نیشانەکانی سەرەتای (یاسای نەفامیە) با لەسەردەمی تەکنەلۆجیاو ئینتەرنێتو مافی مرۆڤ و دەزگای (un)یش بێت، هەر پێناسە کۆنەکەی ڕۆمە بۆ یاسا

* ئەوەش هەمان فەرموودەیە: (لا يؤمن أحدكم حتى يحب لأخيه ما يحب لنفسه)، واتە کۆمەلّگەی سەردەمی مەدینە لەسەدەی (۷) جیهانی هاوچەرخیش بەهەمان یاسا بەختەوەری بۆ دێتە دی.

هەروەك سپنوزا بەجۆرێکی تری گوزارش کردووە و دەڵێ: هەتا لە سیستەمی دیموکراسیش سەرۆك لە سەرووی یاسایە[١]، هەر چەندە (رۆسۆ) وەسفی کۆماری بەوە دەکا کە (هەمو دەزگا و پایەکان لە ژێر رکێفی یاسا دەبن، صاحب السیادة، نامێنێ)[٢]، بەلاّم زۆر روونە (صاحب السیادة، میللی چیف، ڤۆهر، فخامة الرئيس، ..) بە زیادەوە هەرماوە لە سەرووی یاساشن بە تایبەتی لە ولاتانی دیکتاتۆری.

خۆ بەشێکی تریش لە کاردانەوەی ئەوە هەر خودی یاساش بە دادگەریەکەشەوە بەسەلبی دەزانن، لەوانە تەتەوریەکان بەگشتی و ئاینی تاویەو (کە لە یابان و دەوروبەری) هەیە، باکۆنین، جیرالّد، ستانلی، جۆدین، برۆدون، .. زۆری تر.. بەرای (باکۆنین) ئازادی لەبیّ یاسایی دەست پێدەکا، .. لەو کونیلەوە هەڵوێستی مارکسیەتیش لە بارەی (یاسا)بناغە رێژ کراوە بەسەلبی، پێی وایە: یاسا لە خزمەت چینی دەسەلاّتدار بووە بەپێی قۆناغی مێژوو هەردەم بەندیش بووە بە دەوڵەت و سیستەمی کۆمەلاّیەتی، ئەریت و یاساو ئاین و کەلتوری سەردەمی دەرەبەگایەتی لە خزمەت ئاغە بووە، دوای لە خزمەت برجوازی.. لەدوا قۆناغ لە خزمەت کرێکارە کە یاسا خۆشی نەماوە چونکە چینایەتی و دەوڵەتیش نەماوە، بۆیە لینین دەڵێ: (پرۆلیتاریا بەهیچ یاسایەك پابەند نابێت)، ئیتر کە لە شیوعیەت یاسا نیە بەهەمان شێوەش پێیان وایە کۆمەلگەی سەرەتاییش یاسای نەبووە، هەندێك لە جیهان بینیە سۆشیالیستیە (مارکسیەکان) رەتی دەدەن و دەڵێن مادام (پرۆلیتاریا بەند نەبێت بەیاسا ئەوا لە سۆشیالیستیش یاسا نیە)[٣]..هەر چەندە لە شوێنی تری نویّ مارکسیەکان لەو بۆچوونە پەشێمان دەبنەوەو (سۆشیالیستی لیّ دەبوێرن) لە کتێبی (القانون و

---

[١] رساله فى اللاهوت و السياسه -سپنوزا- ل٣٨٢.
[٢] في عقد الاجتماعي -رۆسۆ- ل٨٠.
[٣] منطري قانون سۆڤیاتی.

الاشتراكيه-ل٣٠) هـاتووه: (بـۆ بينـاكردنی سۆشياليـستی يـان گـۆڕينی بـەرەو شيوعيەت مەحاڵە بكرێت دەوڵەت ياسا بەكار نەهێنێ...).

ئەو رايـەی ماركـسیو تەتەوريـەكانيش دەگەڕێتـەوە بـۆ هـەمان سەرچـاوەی (بەسروشـتی كردنـی ياسـاكانی كۆمـەڵ)، بـەڕای ماركسيەكان لـە شـيوعيەتدا (بەديلی ياسا) بەرپرسياريەتی گشتيەو خەڵكی گوايـە دەگەنـە ئاسـتێكی وا كـە خۆيان دەوری هەم پۆليـسیو هـەم ياسـاو دادگـا دەبيـنن لەسـەر شـەقام، چـۆن ئێـستاش دەبينين نەريت و ويژدانی خەڵكـە نايـەڵێ دەسـت درێـژی بكرێتـە سـەر ئافرەتێك يان دوو شەرکەر لێك دەكەنەوە[١]، ..تا ئێرە بۆچوونی ماركس بوو..

بەڵام بەسـەرنجێكی سەرەتايی دەردەكەوێ كە ئەو بەديلە (نەريتـە) ئـەوەش بـە خێرايی دەگەڕێتەوە بـۆ هێـزو بـێهێز و شيرازەشـی تێـكو پێـك دەچـێ لەگـەڵ قەيرانێكی ئابووری يان كۆمەڵايەتی يان ياسايی..هتد، ئەوميان ئەوكاتی كـەمێك راست دەبێت كە بتوانی ئەو لايەنە شەڕە سروشتيە دەركێشی كـەخۆی لـە نـاخی هەموو مرۆڤێك مەلاس داوە، هەڵبەتە ناشكرێ[٢]، هەموو ئـەو بۆچـوونانە هەڵـە دەرچـووە ئيـستا، ڕای ئەنـسرۆپۆلۆجيەكان و(ئيـستا ماديـە تەتەوريـەكانيش گەڕانەوە) سەر ئەوەی كە ياسا بەجۆرێك لە جۆرەكـان هـەر هـەبووە لـە هـەموو زەمان و زەمينێك.. هەر بەلای كەمـەوە مـادام ئـايين هـەبووبێ ياسـای لەگـەڵ هەبووە، قەدەغەو (بكەو مەكەی-حلال وحرام) لەگەڵ بووە، رەوشتی لەگەڵ بووە، هەر لە توێژينەوەی رەوشتی هندۆكیو بوزیو كۆنفۆشی و زەردەشـتيەكان، ئنجـا سەرنج بدە ئـەو بڕوايانـەی لـە (مـانۆ) ی هنـدی ٢٠٠٠ پ.ز و (ڤيـدای) ئـاری ١٨٠٠ پ.ز، كتێبە پيرۆزە كۆنەكانی تری چـاپۆكی مەكـسيكی، پۆپـۆل ڤـونی هنديە سورەكان[٣]،...، هەروەها ئەو دابەشيە چينايەتيەی هنـدی كـۆن -براهمـاو

---

[١] بۆ زياتر سەرنج بدە (القانون و الاشتراكيه) -ترجمه هنری رياج- ل٢٠.
[٢] بۆ زياتر بڕوانە بابەتی ناخی مرۆڤ (هەر لەو فەرهەنگەدا).
[٣] كۆنترين ڕووداوەكانی مێژوو -گربۆشكی.

شادراو مەنبووز[١]، ئەوە بەدی دەكرێ چ جای ئاینی سەرەكی و ئەسڵیەكان.. هەتا تەتەوریەكانیش دان بەوە دەنێن كە (نەریت) هەبووە[٢]، ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە نمونەكانی خۆشیان دەڵێن خێڵە بەربەرەجەرمانیە كۆ نەكان (كە شارستانی رۆمانیان رووخاند)گوایە ئاین ویاساوچینایەتی ...نەبوو لەنێویان دا، كەچی وەسفیان دەكەن دەڵێن لەنەریتی ئەوان گەڕانەوە لەجەنگ ئەوەندە ئابڕوو چوون بوو خۆی دەكوشت ...ئایا عەیبەو شەرم كردنو ئابڕوو چوون ..هەموو مانای بوونی یاسا(بكەو مەكە)ی سەردەمی خۆیان نیە ؟، هەندێكیشیان وەك (راد كلف، براون، مالیتۆفسكی) وتویانە یاسا هەبوو.. نەریتیش هەر یاسایە مەرج نیە بەنووسینەوە بێت هەروەك ئێستاش دەستووری بەریتانیاو یان ئەو شیوعیەتەی كە دەڵێن لە جیاتی یاسا نەریتی خەڵكی دەبتە بەدیل بەنووسین تۆمار نەكراوە .

نەبوونی یاسا بەشی هەرە گرنگی (سیستەم و بەرنامەی ژیانی لیبراڵ دیموكراسی) دەگرێتەوە، هەر خودی لیبراڵی لەهەمو فەرهەنگەكان بەمانای سەربەستیو پابەند نەبوونی (بەتایبەتی تاك) بەیاسایە، بۆیە ئەگەر لەدوای ئەزمونێكی زۆر ئنجا هاتنە سەر دارشتنی یاسا بۆ باری كۆمەلایەتی، بەلام تا ئێستاش لەبواری ئابووری و بازارو بەرژەوەندیو باری كەسێتی -بێ یاسان.. كە سەرچاوەی ستەمی چینایەتیو بوونی هەژاریو كارەساتی زۆرە لە داگیركاری و چەوساندنەوە.

[١] المند القديه، د.محمد إسماعيل.
[٢] بۆ زیاتر سەرنج بدە (مقدمة في أنثروبولوجيا الاجتماعية).

ياساكانى كۆمەلآيەتى (دادگەرى) :

مەبەست لێى لايەنە چەسپاوەكانى (ثوابـت)كۆمەڵ و كۆمەلآيەتى يە ، بـريتين لەو ياسا (نەگۆرانەى) كە حوكم لەســەر گـۆران و پەيوەنديـەكانى كۆمەلآيـەتى و سياسى‌و كاريگەريەكانى دەكـا، هـەمان نيـشانەى ياسـاى سروشـتى هەيـە، بـە تەرازووەكانى (ياساى سروشتى) و (فەلسەفەى راستى)دا دەيان ناسينەوە، ئەوەش ئەركى فەلسـەفەى ياسايە، ئەو ياسايانەش ئەگەر بـە دروسـتى دۆزرابنــەوە ئــەوا نەگۆرِە هەر لەسەرەتاى بەشەريەوە تا كۆتايى، ئەو حاڵەتە بەند نيە بـە (قۆنـاغ و گەشەى كۆمـەڵ، بە زەمان و زەمين، بەبارى تەكنـەلۆجيا).. ئـەو ياسـايەى لـە (داس‌و ناشى با) راست ودروست بووە لە دەراسەو ناشى هەڵمى‌و لە ئينتـەرنێتيش ياساى دروستن، هەر هەمانيشن كە دادگەرى لە هەمو سەردەمێك دروست دەكـەن كە لە ئاينى ئيسلام پىّ ى دەووترێ (شـەريعەت)، ئێـستا زۆربـەى فەيلەسـوف و زاناو سياسەتمەدارانيش بەحوكمى سەرچاوە جياجياكانى مێـژوو دان بـەوە دەنـێن كۆمەڵگەيەكى ئموونەيى بەهۆى ئەو ياسـايانە (ئـەو شـەريعەتە) دروسـت بـووە، ئەوەى لايان گرفتە ئاخۆ لەو سەردەمەى جيايى بارى كۆمەلآيـەتى و چينايەتى و زانسـتى و ئابوورى و شارستانى لەگەڵ ئێـستادا چۆن بە هەمان ئەو ياسـايانە ئـەو كۆمەڵگەيان پىّ دروست دەبێتەوە، هەڵبەتە بەو روانگە (تەتەورى)و (ماركـسى)و تارادەيەك (ئەنثرۆپۆلۆجيانەش) كە گوايە ياساى كۆمەلآيـەتيش بەرهـەم وەلآمـى پێويستيەكانى بارى كۆمەلآيەتى و چينايەتى و شارستانى سـەردەمى خـۆى بێـت، واتە مرۆڤ دروستى دەكا، نەك خوا رسكى، واتە هۆكارەكە (علە)كەى لـە واقعـى كۆمەڵ دا نيە.. تا ياساشى بۆ هاتبێـت، يـان وەك ياسـا بدۆزێتـەوە بـەلكو وەك (برگـسۆن) گۆتەنى ياساو (راستيش) وەك دارتاشى دەتاشرێ! واتـە لـەو حاڵەتـەدا بەردەوام ياسا دەگۆرِێ مادام ئەو بارە بەردەوام بگۆرِێ (..مالها من قـرار)، بۆيـە هەندێك لە رەوشەنبيرانى جيهانى موسوڵمانـشينيش لەسـەر ئـەو بنـچينە داواى

دەستكاری (شەریعەتیان) كردووە تا بگونجیّ لەگەڵ پێشهاتەكانی سەردەم یان هەر بەیەكجاری ئیلغا بكرێتەوە لەنەوەی یەكەمی عەلمانیەتەوە لەسەردەمی (مصطفی كمال ئەتاتورك) و (ئەلب كۆك)و هەتا طه حسین، حبیب بۆرقیبە، تەسلیمە نەسرین، ..با بزانین ئەو خەلەلە لە كیّ یە؟ عەلمانیەكان وا راهاتوون لە هەمو ولاّتە خاوەن دەستورەكان هەر لەماوەیەكی كەم چەند جار دەستكاری یەك یاسا و بگرە دەستوریش بكریّ، بۆیە بەزەحمەت دەچێتە عەقلی یاسایەك هەبیّ بۆ هەتا هەتایە هەر راست بێت و پێویستی بەدەستكاری نەبێت بیّ زیاد و كەمی لە ژیانێكی گۆڕاودا؟ بۆ یەك لاكردنەوە پێویستە بگەڕێینەوە سەر چاووگە بنچینەییەكان كە "فەلسەفەی راستیە"، دەبیّ بزانین ئاخۆ (راستی) چەسپاوەو ناگۆڕیّ یاخود ئەویش دەگۆڕیّ؟، واتەگۆڕان سەرتاپای ژیان دەگرێتەوە، لە هەمو زەمانو زەمینێك ٣+٦=٩، هەروەها رەوشتو بەهاو تەرازو و پێوەرە راستەقینەكان نەگۆڕن، .. واتە سروشتی درۆو خراپە لە هەمو زەمان و زەمینێك چەسپاوە، ئەمەك هەر چاكەو درۆش هەر خراپە..یان هەر لە نمونەكەی (تۆلستۆی) بیّ ئەوەی ئاگای لیّ بێت كە پێش (١٣-١٤) سەدە لەپێش ئەو یاسایەك هەبووە بەناوی (یاسای ئیحسان) كە فەرموودەیە و دەڵێ: (لا یؤمن أحدكم حتى يحب لأخيه ما يحب لنفسه) كە كۆمەڵگەیەكی پیّ دروست كرا دادگەر و بەختەوەر و پێش كەوتووی هەمەلایەنی لیّ هاتەدی لە بیابانیكی هەرە دواكەوتە، بەهەمان یاسا كە (تۆلستۆی) بە عەقڵ دۆزیەوە وتی بەختەوەری بۆ كۆمەڵ نایەتەدی هەتا یاسـای (هەركەس چی بۆ خۆی دەویّ ئاواش بۆ خەڵكی تری نەویّ) نەیەتەدی.. هتد .

كەواتە چۆن یاساكانی سروشت نەگۆڕن ئاواش یاسای كۆمەڵایەتی هەیەو نەگۆڕە، ئەوەی دەگۆڕیّ و دەستكاری دەكریّ و زیادو كەمی لیّ دەكریّ هەر ناوی (یاسا)ی لیّ نراوە، ئەگینا سیفاتی یاسایی نەبووە، لێرەدا واراهاتووین كە هەرچی ـە دەوڵەت و دەستورێكەوە دەربچیّ ناوی (یاسای) لیّ دەنریّ.. ئەوەیان هەر ناو

لێنانە، دوورە لەو یاسایەی ئێمە لێرە باسی دەکەین، کە هەمان حوکمی چەسپاوو شمولیەتی یاسای سروشتی هەیە، بەڵام درێژکراوەی ئەو نیە، یاساکانی سروشت و یاساکانی میکانیکی و فیزیایی و کۆمەڵایەتی و فکری، هەر یەکە بەجۆری خۆی یاسان، هەر بە نموونە: یاسای (کارو کاردانەوە) لە میکـانیکی یاسـایەکی ڕاستە (دادگەریە بۆ میکانیك)، مەرج نیە لە هەموو سروشت وا ڕاست بێت یـان لـە کۆمەڵدا.. گەلێ جار دەبینین کاردانەوەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ کارێکی کۆمەڵایەتی هەیە، بەڵام یەکسـان نیە بەهەمان بڕی کارەکە، کـە ئـەوەش سـیفەتی بنـچینەیی یاسا میکانیکیەکەیتی.. کە لەیاسای کۆمەڵایەتی و دادگەری وا هـاتووە (الـسن بالـسن..)، بەڵام بۆ هەموو کارێك بەهەمان بڕ نیە، بـەبڕی جیاجیایـە، کوشـتنی بەناهەق کوشتنە، بەڵام زینا کاردانەوەکەی (سزایەکەی) زینـا نیـە (جەلدەیـە).. بەو شێوەیە.

ئەوەی مەبەستمانە چۆنیەتی حوکمیان وشمولیەتیەکەیان لە هـەموو بەشـەکان هاوبەشە، جا ئێستا با بزانین ئەو دۆخە تایبەتیەی کە نادەمیزاد تیایدایە چۆنە؟.. هەڵبەتە یاساکانی سروشت هەمو لایەنەکانی شت و مەکـەکان دەگرێتـەوە، هـیچ بوارێکی سەربەستی بۆ سروشت و پارچەکانی نەهێڵراوەتەوە، بۆیە ئەو دارو بەردو ئاسن و ئاو و هەوا و ئەلەکترۆن و مانگ و ڕۆژە هەموو مـسەیرن، مخەیـر نـین.. هەروەك لـە پرسـیارەکەی قورئـانی پیرۆزیـش وا دیـت وەڵامەکـەی: ﴿فَقَالَ لَهَا وَلِلأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ﴾، .. بـەڵام مـرۆڤ و کۆمـەڵ لا ئاسۆیەکی لە پێش کراوەتەوە و سەربەستی تیادراوە کـە ئەسـڵی تـاقی کردنـەوە خوایـیەکەش تا لەو ئاسۆیە..کە قورئانی وەسفی دەکا: ﴿إِنَّا عَرَضْنَا الأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَالْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَنْ يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا الإِنْسَانُ إِنَّهُ كَانَ ظَلُومًا جَهُولاً﴾.

بۆیە مرۆڤ تا ڕادەیەك مخەیرە، دەتوانی یاخی بێت، چاك بێـت، خـراپ بێـت، دەتـوانی بەسـتاندەریش بـژی (کـە ئـەوەیان یاسـاکەیە)، یـاخی بوونەکـەی لـەو

ستاندەرەیەو ئنجا یاخیشە لە یاسای سروشتیو یاساکانی فیترەو لە (شەریعەتیش)، کە یەکەم سەرەنجامی ئەو یاخیە کێشەکانی کۆمەلأیەتیە لە دابەشی چینایەتیو ستەم و ئاژاوەو چەوساندنەوە و..بۆیە ستەم وچەوساندنەوەو یاخی بوونو پێش ئەوەی لە شەریعەت سەرپێچی بێ لە یاساکانی سروشتی و مرۆڤایەتیش سەرپێچیە، بەهەمان شێوە یاسای دەستکردو سیستەمی عەلمانیش بە پێناسی ستاندەری یاخیی بوونێکە لەو پلە .

یاساکانی کۆمەلأیەتی هەروەك یاساکانی سروشتە لە سیفات و نیشانە و حوکم و هاوکێشەو هاوسەنگی دا، ئەو یاسایانەش سیفاتی (تاقی تەنیای- Al one)ی هەیە بەدیلەکەی فرەیە، یاخیە، ستەمە، ڕێبازی جیاجیایە، ئەگەر ناویش لەو بەدیلە یاساییانە نرا -یاسا-، لە راستیدا یاسا نین، فەرمانێکە و بەس، .. بۆ لێك جیاکردنەوە ناوی لێ دەنێین (یاسای دەستکرد)، کەمترین جیاوازی ئەوەیە کە یاسای دەستکرد[1] هەردەم ناکۆکە لەگەلّ دادگەری، لەگەلّ یاساکانی سروشت، بە پێچەوانەی یاسای کۆمەلأیەتی (راستەقینە) کە چەسپاوە و هەماهەنگە لەگەلّ سروشت و ناخی مرۆڤ و.. چونکە یەك دانەر و بەڕێوەبەری هەیە: ﴿أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلاً كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِي السَّمَاءِ، تُؤْتِي أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍ بِإِذْنِ رَبِّهَا وَيَضْرِبُ اللَّهُ الأَمْثَالَ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ، وَمَثَلُ كَلِمَةٍ خَبِيثَةٍ كَشَجَرَةٍ خَبِيثَةٍ اجْتُثَّتْ مِنْ فَوْقِ الأَرْضِ مَا لَهَا مِنْ قَرَارٍ﴾.

ئیتر وەلأمی ئەوپرسیارانەی پێشوو سانا تر دەبێتو دەتوانین لێلی و تێکەلّیەکە راستەوخۆ تر لێك بکەینەوە، لە مادەی (سیاسەت) باسمان کرد، کە بەشەکانی کۆمەلّ زۆربەی دوو لای هەیە لە شێوەی: زانستی و کۆمەلأیەتی و ڕێبازی کۆمەلأیەتی، زانستی ئابووری و ڕێبازی ئابووری، زانستی سیاسی و ڕێبازی سیاسی، زانستی فکرو ڕێبازی فکر..هتد.

---

[1] بۆ زیاتر سەرنج بدە جیاوازیەکانی یاسای دەستکرد و یاسای (شەریعەتی) لەمادەی-یاسا-.

ئەوەی لەو بەشانە دەگۆڕێن زانستەکانی کۆمەڵ و ئابووریو سیاسەت و فکرە.. کە سەرچاوەی بەرهەم و تەکنەلۆجیا و شارستانی و..هتد.

ئەوەی چەسپاوە ڕێبازەکانە.. کە سەرچاوەی ئاسنامە ومەدرەسە وئاین و ئایدیۆلۆژیەکانە، ..ئەوانەش (پەیڕەو-منهج)ی کۆمەڵن، ئەو یاسایانەش لایەنی زانستی هەیە کە پێی دەڵێن (زانستی یاسا) کە فەرمانی لێ کۆڵینەوەی مێژوو و واقعی یاساو چۆنیەتی پەیڕەوکردنی و بەراوردەکانیەتی، ئەوانەش دەگۆڕێن و ئاسنامە نین، هەرچی (ڕێبازی یاسایە) ئەوەش چەسپاوە و ناگۆڕێت، بەند نیە بە زەمان و زەمین، چۆن ٣+٦=٩، مانگ لە دەوری زەوی دەسوڕێ، یاسان، چەسپاون، ئاواش یاساکانی کۆمەڵایەتی لە ڕێبازی یاساییدا چەسپاوە، بۆیە ئەو یاسایانەی (١٤) سەدە لەوەو پێش دادگەری داوە ئێستا و ١٤ سەدەی تریش هەمان یاساو دادگەری دەداتەوە، هەر دەستکاریەك یان هاوتایەك یان هاوبەشیەکی بۆ پەیداکەی پێش ئەوەی دژی شەریعەت بێت، دژی یاساکانی کۆمەڵیشە.. هەر بۆیەش کێشەکانی کۆمەڵ و دۆزینەوە زانستیەکان و فشاری گەشەی کۆمەڵ.. هەمووی بەتێکڕایی هێزەکی کێش کردن (جاذبیة) دروست دەکەن، تیایدا یاسای دەستکرد بەرەو شەریعەت پاڵ دەدات، هەروەك ئێستاش زۆرێك لە بەندەکانی یاسای دەستکرد لەو ئەنجامەو لە ئەنجامی پێویستی واقعیو ژیانو تەندروستی وا بەرەو ئامێزی شەریعەت دەچن، بۆیە زۆربەی دەستورەکانی عەلمانی ئێستا پڕیەتی لەبەندی شەریعەت، لە کۆتاییدا هەمو بەشەریەت بە ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاواوە پێویستی پێ دەبێت.

(٢١)

سەرتاپای شمولی all-inclusive

ئەو زاراوەیە تەنها وەرگێردراوی وشەیەکی ڕۆژئاوایی نیە، بەڵکو وەرگێراوی چەمکێکی تایبەتە بە خۆیان، مەبەستی ئێستا زیاتر ئەو ئایدولۆژیاو ئاینەو تیۆرە سیاسیانەیە کە لە زۆربەی لایەنەکانی مرۆڤ دەدوێ، وەك زاراوەیەکی سلبی سەیر دەکرێ لەلایەن عەلمانیەتی نوێ وە (واتە عەلمانیەتی دوای شکستی عەلمانیەتی چەپ-سیکۆلاریزمی ڕۆژئاوایی)، لە لایەن ئیسلامیەکانو مەدرەسە فکریەکانی تر بە ئیجابی سەیر دەکرێ لە سنوری خۆی، واتە کاتێ مانای دەست بەسەراگرتنی هەموو لایەنەکانی ژیانی تاكو کۆمەڵ بێ لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیەوە ئەوا سلبی دەبێ، لە جیهانی ئیسلامی زەمینەی مێژوویو فکری ڕاستەقینەی نیە، زۆر زاراوەی ڕۆژئاوایی هەیە زادەی بارودوخێکی ئەلبی یە (تەعمیم) کراوە، زاراوەو لایەنی تریشی گرتوتەوە، کەچی مەرج نیە لە هەموو دۆخێکدا سەلبی بێت، پێچەوانەی واشی هەیە، هەموو ئەو دۆخانە لەوە دێ کە ڕۆژئاوا هەرگیز نەبوویتە خاوەنی ئاینێکی تێرو تەسەلو هەمەلایەن، بەڵکو هەر کێشەشیان بووە لەگەڵی ئەوەش ڕەنگی داوەتە سەر بارودوخی ئایدولۆژیو مدرسەی سیاسی وفکری لە ئەنجامدا بۆشاییەك لە ژێرخانی مەنهەجی زانیاریو فەرهەنگیو شارستانیو یاساییان هەر هەبووە، ئیتر وەك کەلتوورێکی دێرینیان فرە ئایدۆلوژیاو مدرسە بۆچوونی لێ پەیدا بووە، بێ ئەوەی (مەرجەعیەتێکی) یەکگرتووی هەبووبێ، هەریەکەشی وەڵامێکی جیای بۆ کێشەیەك هەیە، واتە هەر پرسیارێك فرە وەڵامی لێ قووت دەبێتەوە مەرجیش نیە هەموو ئەو وەڵامانە

ڕاست بن، هەر تەنها یەکیان ڕاستە یان دەشێت ئەویش ڕاست نەبێ، خۆ ۳+٤=۷ یەك وەلام هەڵدەگرێ ئەوانی تر زیادە یە هیچ سودێکی زانستی نیە فرە وەلامی پێشکەشی بکەیت، بۆ مەسەلەی ئالۆزو فراوانەکانیش هەتا چارەسەرو وەلامی هەمە لایەن (نەك فرەلایەن) تەواو پێشکەشی بکرێ ئەوا لە نوقستانی و دەست کورتی ڕزگاری دەبێ، سەرنج بدە کاتێ (ئانیشتاین) ویستی تێۆرو هاوکێشەیەکی شمولی وا بدوزێتەوە واتای بونەوەر بدا، بەناوی "تیۆری هەموو شتێك "پێی نەگەیشت بەلاّم بە زەبەلاح ترین زانا تومار کرا بەهوی ئەو تەقەلایانەی، واتە هەتا چارەسەر و وەلاّمەکان ئامێزی فراوان قوول و هەمەلایەن(شمولی) تربێت ئەوا زانستی ترو ڕاست ودروست تر دەبێت، بەهەمان شێوە مدرەسەو فکرو ئایدولۆژیای هەمەلایەن (شمولی) هەلگری چارەسەریەکانی هەمە لایەنی ژیان بێت ئەوا پیروز ترە، وەلامی پرسیارە ئەمرەکانی مرۆڤی بەستاندەری پێ بیت، ئەوا سیفەتێکی (شمولی) وەردەگرێ و زۆر ئایابە و بەلگەی بەهێزی وراستی و دروستی وقوولّی و هەمەلایەنی ئەو مدرسەیە یان ئاینەکە دەردەخا، بۆیە لە ڕۆژئاواش جاروایە وەسفی شارستانی پێش کوتوو و بەهێز لە لایەن زانایانیان بە شارستانیەکی شمولی وەسفی کراوە[۱]، کەواتە هۆی چیە زاراوەی (شمولی) بە ڕەهای بە تومەتو سەلبی بژمێردرێ؟ .. لە ڕۆژئاوا دا ئاین، ئایدۆلۆژیا، زانستو تیۆری سیاسی، سیستەمی ئابوری ئەخلاقیو شارستانی ... هەمووی لێك جیایە، هەر پارچەیەك لە لایەك هاتووە، هیچ (مەرجعێك)ی نیە لایەنەکانی ئەو سیستەمانە بەیەك ببەستێ وسیستەمێکی ژیانی تەواو وەك بەرنامە بداتە مرۆڤ وپەیوەندیەکان ڕێك بخا بە دادگەری، بۆیە لای ئەوان ئەشیاوە مدرسەیەك یان ئاینێك هەر بەرنامەیەکی ژیان شمولی بێت، هەر بۆیەش شمولی ئارادەیەك بە مەحال و بەدەر لە توانای بەشەری پیشان دراوە ....تا ئەو رادەیەی بە دکتاتوری و زۆرداری تێکەل کراوە، لێرەدا دیسان خەلەل لە (تەعمیم)ە ئەرو

[۱] بروانە (المدخل علم الانسانی)

وشكی سوتاندوه، سنور بەزاندن و تێكەل كردنێكە لە بەشێكی دا ئیجابیەو لە بەشی تر سەلبی یە، لە كاتێكا شمولیەت بۆ زانست و ئایدولۆژیاو مدرسەو ئاین نیشانەی راستی و دروستی یەتی، كەچی هەمان شمولیەت لە پەیرەوكردنی سیاسی و دەسەلاتا سەلبی و تومەتە، كاتێ بتەوی بەهۆیەوه گورەپانی سیاسی پاوان بكەی و هەموو لایەنەكانی چالاكی سیاسی كۆمەڵ و تاك دەست بەسەرا بگریێ، وەك ئیستا دبینین زۆربەی دەسەلات دارانی سیاسی عەرەب و ئەو ئەزمونەی كوردستانیش تا رادەیەك وێچوی ئەوانە كە هەموو بونەو یادو چالاكیە میللی سەندیكاكان دەبیێ مولكی ئەوان بێت، هەر لە جەژنەكانی ئیسلام، جەژنی كرێكاران، جەژنی مەسیحی، جەژنی نەتەوایەتی، جەژنەكانی منالێ، ئافرەت، نوسەران، ...هتد هەمووی هەر دەسەلاتی سیاسی بە مولكی خوی دادەنیێ، دەست دەخاتە هەموو رووبەكی ژیانی گشتی مرۆڤ، بەشێكی زوری تایبەت بە تاكیش جگە لە جموجولی نزیك سیاسەتیش هەتا ئابوری و مالداری ..بە (تەزكیەی حزبی) نەبیێ رێت پێنادەن مافی هاوولاتی خۆت لە یاسایی و سیاسی و كومەلایەتی وبژیوی و ئابووری و...بەكاربهێنیێ، ئەوە سیاسەتی شمولیەو زۆر سلبیەو دەروازەی دكتاتوریەتە، ئیتر ئەو حزبە دەسەلاتدارە هیچ چالاكیەكی مەدەنی بو لایەنو حزبەكانی تر نایەلێتەوەو جورێك لە ئابلوقەی یاسایی و ئابووری و سیاسیو كومەلایەتی دەخاتە سەریان ئەگەر بەناو فەزایەكی دیوكراسیش بێت، لەلایەكی ترەوه هەر یەكە لە حزبە چەپی و ئیسلامیەكان كە پالپشت دەكەنە سەر ئایدولوژیایەكی شمولی ئەوەیان پەسەندە، بەلام هەركاتی ئەو ئایدولۆژیا شمولیە دەسەلاتی شمولی پیێ دروست كرد و گۆرەپانی سیاسی داگیر بكەن رێگە بە هیچ حزبێكی سیاسی تر نەدەن بە ناوی ئەوەی گوایە ئایدولۆژیاكەیان شمولیەو پێویست بە ئایدولوژیاو تیوری سیاسی تر ناكا! ... ئەوەش سەلبی یە، وەك بینرا لە ئەزمونەكانی شوعیەت و فاشیو نازی تورانیو بەعسیاتی روویاندا، هەروەها لەئەزموونی تالیبانیش روویدا، رێیان بە هیچ

چالاكیەكی سیاسی تر نەدەدا شان بە شـانی ئـەوان ئایـدولۆژیاو تیـۆری سیاسـی گەلاڵە بكەن، زۆربەی پاساوی تیۆری حـزبو سـەركردە دكتـاتۆرو شمولیـەكانیش ئەوە بووە گوایە ئەوان پەیامێكیان پێیە بە هۆیـەوە كۆمەڵگـە دەپەرێننـەوە لـە قۆنـاغێكی سـەختی مێـژوویی، هـەروەك پـەیامی شـیوعیەت بـەناوی رزگـاری پرۆلیتاری، پەیامی نەتەوە گەریـەكان بـە نـاوی یـەك خـستنو رزگـاری، .. یـان زاڵیـەتی، یـان پاسـاوی تـری وەك بـاری ناسـكی میللـەت، پلانـی دوژمـنو ئیمپریالیزم، .. حزبی بەعس·(٦) پاسـاوی بـۆ ئـەو مەبەسـتەو (حـزب القائـد) هێناوەتەوە:

١- خۆی شۆڕشی كردووەو سەركردایەتی ئەو پەیرەوی دەكا .
٢- ئامانجەكانی ئامانجی میللەتیشن .
٣- توانایی گەیشتن بەو ئامانجانە تەنها بەو حزبو سەركردایەتی یە دەكرێ.
٤- زۆرایەتی خەڵكیش لە دەوری ئەو رێبازو سەركردەو حزبەیە .
٥- سەركردەكەی هەم سەرەك حزبەو هەم سەرۆكی میللەتیشە .
٦- بە تەنها ئەوان ئەو بەرپرسیاریەتەیان پێ هەڵـدەگیـرێ بـە خـەڵكی تـر ناكـرێ [١].

بە سەرنجێكی سەرەتایی دەردەكەوی كە : خاڵی (٣) پاسـاوی دیكتاتۆریـەتی شیوعیەكانە، لە خاڵی (٥) دیكتاتۆریـەتی فاشـیو نازییـەكانـە، لـە خـاڵی (٦) نمونـەی وەك (بەعـسی) كـە هـەمو جـۆرە دیكتـاتۆریو تۆتـالیزمو ئۆتۆكراسـی كۆدەبنەوە، بەڵام ئەگـەر وەك خـاڵی (٢) بێتـەدی، واتـە (ناوەنـدی -مەرجـەع) بیروباوەرو پەیامێك بێ نەك (دەسـەڵاتی سیاسـی)، بـەڵكو دەسـەڵاتی سیاسـیو سەرەكو..، ئامراز بن، ئەوەیان تەواو جیایە، لەو رووەوە لایەنە ئیسلامیەكان تـا ئێستا لە سیاسەتدا شـمولی نەبووینە، هەرچەندە پاڵپشت دەكەنە سـەر ئـاینێكی

١ بروانە: تعریفات ببعض المصطلحات ـ مادة: حزب القائد .

شمولی، ئەزمونەکانی تورکیا، جزائر، ئێران، سودان، .. لەزۆربەی بزوتنەوەکانی ئیسلامی جیهان دەبینین دەست گۆڕی دەسەڵاتیشتان لەگەڵ دەکرێ، ئەگەر چی لەو ڕووەوە لەئەفغانستان نمونەیەکی ئیجابی پێشکەشی نەکرا، هەروەها لەدوای خولەفای راشدینیش نمونەی سلبی زیاتر بووە، تێکەل کراو، شمولیەتی ئایینی لە پێناو شمولیەتی دەسەڵاتی سیاسی بەکار هاتووە، بەڵام ئیستا زیاتر لایەنە ئیسلامیەکانن کە لە هەلبژاردن دەردەچن ئازادیەك بو عەلمانیە معارەزەکانیش فەراهەم دەکەن، هەر بە نموونە هەتا حماس لە فلستین دەرنەچوو لە ٢٠٠٦ز هەرگیز فتح هەموو دەسەلاتی بو خۆی قۆرخ کردبوو، لەسایەی دەرچوونی ئەوانە شەفافیەت وئازادی بیرو راو مافی یاسایی معارەزەو سەروەری یاساو دژە گەندەلی سەری هەلدا، . سەرەنجام شمولیەت بە تێکرای سەلبی نیە، تەنها لە ڕەفتاری سیاسی دا سەلبیە، ئەو تێکەڵیەشی مەبەستێکی سیاسی و مەرامی زالیەتی شارستانیانەی لەپشتە، لە چوار چێوەی مل ملانێ ی شارستانی و مەدرەسەیی، لە کاتێکدا مدرەسەی لیبرالیەت زۆر هەژارە لە فکرو ئایدولۆژیا بۆیە حزبێکی سیاسی لاوازی بێ تیورو نەخشەو ستراتیژیەت لێ گەلالە دەبێ، دەبێتە مەیدانێك بۆ سەودای (پێم بدە تا بۆت بکەم) کە ناشرین ترین دیمەنی سیاسی میکاڤیلیە، تەنها خەلکێکی بە بەرژەوەندو نانی پێ کۆ دەبێتەوە .. لە کاتێکدا مدرەسەی ئیسلام (یان چەپیەکانی پێشوو) لە فکرا دەوڵەمەند بوون بە خێرای لەناو جەماوەرا حزبە لیبرالیەکان هەلدەلوشێ، بۆیە ئەو زاراوەیەی (شمولیەت) یان وا فراوان کرد کە بتوانن لە ژێرخانی (منافسەکان) ی خۆیان بدەن لە چوارچێوەی ئەو مل ملانێ یە، ئەگینا لە بنەچەدا چالاکی سیاسیش (عقدی فکریە —نەك عەقدی ئابووری) بۆیە بەشێکە لە عەقیدە نەك بەرژەوەندی، خەلکێکی ساغ مەیلیان بەلای ئەو حزبانە زیاتر کە تێوری سیاسی ئاوسی هەلگرتووە، پالپشت دەکەنە سەر ئایدولۆژیاو فەلسەفەیەکی شمولی فراوانی گەردوونی و سروشتی و کومەلایەتی، بۆیە دەبینین (جان کوریس) لە کتێبی (حقیقة العالم الملموس) دەڵی

تا لە دوا نهێنی گەردوون نەگەم ناچمە ناو سیاسەت، واتە سیاسەتی نوێ دەبێ پالپشت بکاتە سەر بنچینەیەکی قوڵی فەلسەفەی و زانستی وعەقلی ئەگینا یەکسەر حزبە ئاینیەکان ئامادەن جیهان هەللوەشن بە دیموکراسیانە، ئا ئەوە نهێنیەکەی زاراوەی (شمولیەت) کەوا تێکەڵ کراوە، ئەگینا ئایدۆلۆژیاو فکرو ئاینی شمۆلی جیایە لەگەڵ دەسەلاتی شمولی .

رەچەلەك و گەشەی

زاراوەی شمولیەت بەو سنورەی خۆی نەك هەر سەلبیە یان تومەت، بەلکو وەسفێکی نایابەو بە دەگمەن دەست ناکەوێ، ئەوا لەگەل زاراوەیەکی تر تێکەل کراوە هەم لە ناوەروك و هەم لە وشەو زاراوەشی لە (تۆتالیتاریزم totalitarize) هاتووە، هەروەك مەسەلەی عەلمانیەت چۆن وشەیەکی نزیك (علم)ی هەلبژێردراوە بە مەبەست، ئاواش لە وەرگێرانی زمانیشدا فێل لەبابەتەکە کراوە، تێکەلی تۆتالیتاریزم کراوە بە مانای(کلیانی) نەك (شمولی)، شمولی وەسفێکی گرنگی بەرنامەی ئاینیە، کەچی کلیانی- totalitarizeme سەرتاپای دیاردەیەکی سیاسیە و ئەو سیستەمە سیاسیەیە کەدەست بە سەر چالاکی و هەموو جولەیەکی میللی -مەدەنی دادەگرێ، لە کونەوە پێی ی وتراوە (تۆتالیتاریزم) لە (موسوعة العربیة) تۆتالیتاریزم (کلیانی) بەو (٦) خالە دەناسێتەوە.

١- زال بوونی دەسەلات ٢- بێ دەنگ کردنی معارەزە ٣- چاودێریەکی زیاد لە پێویست ٤- پیروز کردنی سەروك ٥- بەکارهێنانی ئامرازی ترقاندن ٦- زال بون بەسەر ئیش‌وکاری خەلك...[١] ئەوانەش بەشێکە لە نیشانەکانی دکتاتوری تاك رەوی‌و هەتا نازی‌و فاشیش کە لەلایەن دەسەلاتەوە دەست بەسەر هەموو دەزگا مەدەنی‌و سیاسی‌و حقوقیەکان دا دەگیرێ، تادەگاتە پێویستیەکانی ژیانی

---

[١] بۆ زیاتر بروانە: موسوعة عربیة ج٢ ل ٧٣ وە (موسوعة السیاسیة) ج٥ ل١٣٦

ڕۆژانەی تاك .. هەمووی دەخەنە ژێر ڕکێفی ڕاستەوخۆی دەسەلات، تا نەتوانێ لە ژیانی ئاساییدا لەو دەسەلاتە جیا بێتەوە هەتا لەناو مالیشیدا، .

ئەوەی زیاتر یارمەتی ئەو وەرگێرانەی داو تا وا بەهەلەدا بچن لە تێکەل کردنی (شمولیەت) و (کلیانی) ئەوەیە لەسەرچاوەکانی بیانیش ئەو دوخە هەبووە، سەرچاوەی دکتاتوری لە لایەن (نویمان) لە کتێبی (الثورة الدائمة ١٩٤٠) دەداتە پال شۆرش و سەروەریەکانی، کەچی (کارل فریدریك) دەی داتە پال ئایدولوژیای شولی[1]، لەلایەکی ترەوە لە پێش ئەوانە(هیگل)ی ئەلمانی بەرنامەیەکی توێژینەوەی هەبوو بە هەمە لایەنی و قوولی ناوی نابوو (شمولی)، هەردەم باسی لە شمولیەتی تێگەیشتن دەکرد لە بابەتەکان تاسەر چیغ نەچن، دوای (براتراند راسل)ی بریتانی رەخنەی لە شمولیەتی هیگل گرت لە کتێبێکی بە ناوی (تأریخ فلسفة الغربیة ١٩٤٦) ... لەو هەنگاو هەنگاوە پێچەوانانە شمولیەت هەم پەریەوە ناو سیاسەت و فکرو فەلسەفەو ئایدولوژیاو.. هەم لە تێکەلیەکەشی بە درێژایی خۆی مانای تومەتی وەرگرت لە رۆژئاوا ... هەلبەتە پەرەسەندنێ فکری شمولی ئەزمونی شیوعیەت و تەیاری نەتەوە گەری لەلایەك، لەلایەکی تریش زاوزێ ی نێوان هەردوو لا وپەیدابوونی دیاردەی نازی و فاشی ... دوایش شکست هێنانی گشت ئەو ئەزمونانە .... یارمەتی یەکی زوری پەرەسەندنی ئەو تێرۆانینە سەلبیە دا بەرامبەر شمولیەتو تەعمیم کردنەکەی، لەبنەچەدا لە پێ ناسە فەلسەفیەکەی را بە چە وتی دادەرێژێ بۆیە شکستی دەبێتە شکستی شمولی بەتەواوی، لە تێروانینی فلسفی شمولی بە مانای تێ روانینی ژیان و سروشت و گەردوون لەچوارچێوەی یەك یاسا، واتە دۆزینەوەوەی فەلسەفەیەك لەلایەن مرۆڤەوە کە بتوانێ فەرمان لەسەر گەردوون وسروشت وژیان بکا، لەسەر مادی و گیانی بکا... هەلبەتە ئەوەش رەنگە مەحال بێت، شکست دەهێنێ وەك لە مارکسیەت

[1] بروانە هەمان سەرچاوەی پێشوو.

شکستی هێنا، ئیتر ڕۆژئاوا دەیکاتە شکستی (شمولیەت) وبەتێکەڵیەوە بێ ئەوەی سنورەکان لێك جیا کاتەوە .

لە کاتێکدا دەبینین ئایدۆلۆژیای شمولی یان ئاینی شمولی بووە لە تاریکاییەکانی مێژوو بەرەنگاری جورەکانی دیکتاتۆری وتاك ڕەوی زۆرداری بوویتەوە، ئەو تەعمیمە بەو ڕەهاییە چەوتە، هەڵبەتە ئایدۆلۆژیای شمولی، ئاینی شمولی، تێروانینی شمولی .. هەریەکە پلەو جیاوازی هەیە لەگەل یەکتر، هەموو ئەوانەش جیان لەگەل دەسەڵاتی شمولی، ئەوەی دواییە سەلبییەکەیە، لەپێش تریش رون کرایەوە مەرج نیە دەسەلاتی شمولی سەربە ئایدولوژیاو ئاین و بەرنامەیەکی شمولی بێت، پێچەوانەشی بەپێچەوانەوە، وەك دەبینین زۆربەی دەسەلاتدارە شمولیەکانی ئێستا لە جیهانی عەرەب سەربە مەدرەسەی لیبرال دیموکراسیە وهیچ ئایدیولوژیەکی شمولی لەپشت نیە، بە دەگمەن مدرەسەی تریش هەیە لەوانە هەردوو حزبی بەعس لە عێراق و سوریا کەسەر بە مدرەسەی سۆشیالستێکی نەتەوەگەریە، نمونەی ولاتانی سۆشیالستی و پێشوش هەبوو کە ئایدۆلۆژیایەکی شمولی و دەسەڵاتی شمولی لەسەر دروست کرابوو، بەلام دەبی بووتری هەر خویان ناویان بە بە ئایدیۆلۆژیای شمولی بردووە بو مەزن کردنی ئەگینا شمولی نەبووەو زور مەودا کورت بووە .

لە چوارچێوەی ئەزموونی رابوونی ئیسلامی نوێش لە ئەفغانستانی سەردەمی بزوتنەوەی تالیبان تا رادەیەك دەسەلاتی شمولی دروست کرابوو، ئەوەی ولاتانی سوشیالستی پەیرەو کردنی راستەقینەی (شوعیەت وبەندەکەی دکتاتوری پرۆلیتاریا) بوو، بەلام لە فکری ئیسلامیدا هەتا چالاکی ئاینی تر قەدەغە نیە چجای چالاکی سیاسی، (لا اکراه فی الدین)، (لکم دینکم ولی الدین)، (من یشاء فلیؤمن ومن یشاء فلیکفر....) ئینجا دەسەڵاتی سیاسی ئیسلامی راستەقینە هەرگیز شمولی نیە، ئەگەر فرە لایەنی سیاسیش سەردەمی نەمێنێ وەك لە ئێران چیچان و بۆسنە کە خۆی لە خۆیدا بونی ئەو زەمینە نیە، واتە هەر

لە خودی کۆمەڵگەکە لایەنی سیاسی تری غەیرە ئیسلامی لێ شین نابێ، لەو دوخانەش هەر شمولی نیە مادام بەرنامەکانی بریتی بێت لە دەست گوری دەسەڵاتو ئازادی بەرامبەر، مافی معارزە وهاوڵاتییەتی، بوونی دەزگای مەدەنی، ... لە هەموان گرنگتر بەجێ هێشتنی زۆربەی دەسەڵات بۆ (تومەت)و پانتایەکی زوریش بۆ تاك .. واتە هەرگیزاو هەرگیز دەسەلاتێکی شمولی نیە، بەکار هێنانی ئەو زاراوەیەو زۆربەی زاراوەکانی تر بە وردی ئامانجی خۆی ناپێکی لەلایەن رەوشەنبیر و سیاسەتمەدارانەوە، هەتا ئەوانەی لە بەرامبەری دەسەڵاتی شولیش وەستاون، لەلایەك لەبەر سەرچیخی تێگەیشتن لەلایەکی تریشەوە چونکە شمولی زاراوەیەکی سوکترە لە دکتاتۆریەت بۆیە زیاتر ئەو زاراوە بەکار دەهێنن، بۆ تووڕەنەبوونی دەسەڵات دارە دکتاتۆرەکان، ئەگینا ئاوەروك و نیشانەکانیان هەر یەکە. یەکێ لە نیشانە گشتیەکانی ئەو جورە دەسەڵاتانە لەگەڵ داروخانی دا هەموو دام و دەزگاکانی دەوڵەتی و بەڕێوەبەرایەتی یە گشتی یەکانیش بە بەرپرس بە بەڕێوەبەر... و تەواوی قاوغی ئەو دەسەڵاتە تێك دەروخێ... ئەو دیاردەیە لە کوردستانی خوارووش بەدی دەکرا، هەر جارەك لایەنێکی شەرکەرە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان لەشارێك یا لە ناوچەیەك دەسەڵاتەکەیان دووچاری شکست دەهات بەرامبەر یەکتر ئەوا لە رەگو ریشەوە تێك دەرووخا هەتا کورسیو مێزەکانیش بەدیل دەکران ...! ئەوەش مانای وایە ئەو دەسەلاتانەی کوردی لە چوارچێوەی شمولیەت بوون لەو نێوانەی ١٩٩١ هەتا نوسینی ئەو بابەتە.

(٢٢)

ڕەگەزپەرستی العنصرية racism

هەرچی سەروەری دانێك بە یەكێ لە ئینتما میراتیەكان یان فاكتەرێكی شاقولی ئەوا دەروازەكەی دەچێتە سەر ڕەگەزپەرستی، شانازی كردن بە ڕەچەڵەك، بە باو باپیران، بە نەژاد، بە نەتەوە، بە هۆزو تیرە، بە خاك.. و سووككردنی خەڵكی تر لە بەرامبەر، .. هەموو ئەوانە جۆرێكن لە دەمارگیری تاكو عەوام، بە سیاسی كردنی ئەو تێروانینانە دەبێتە ڕەگەزپەرستی .

بنەچەكەی :

ئەو زاراوەیە دەگێڕنەوە بۆ ئەو شانازیو یاخی بوونەی شەیتان ئەنجامی داو ڕەچەڵەكی خۆی لە ڕەچەڵەكی (ئادەم) بالآتر داناو وتی من لە ئاگرمو تۆ لە قوڕ.. سەرەنجامەكەشی چارەنوسێكی شومی بۆ خۆی هەڵبژارد، ئیتر مێژوو پڕیەتی لە كارەساتی ڕەگەزپەرستی، بۆیە هەندێ زانا بە ڕەش بینیەوە وەسفی مێژوو بە تۆمارگای تاوانەكان دەكەن، لە مەدرەسە هەرە ڕوناكەكانی بەشەری كۆنو نوێ، ڕەگەزپەرستی لێ دەرەوشاوەتەوە، (ئەرستۆ)و (گروتیوس) مرۆڤەكانی پێ وەك (أسنان المشط) نەبووە، بەڵكو بچوكو مەزن بەندەو ئازاد پلەی لێك جیای كۆمەلآیەتی بوونە، هەتا هاوەلآتی سەردەمی كۆمەڵگای ڕۆمانی هەرگیز هەژارو غەوارەو بەندەو ئافرەتی نەگرتوتەوە، لە كۆمەڵگە دیوكراسیەكەی ئەسینیش هەروا بووە، مەدرەسەی یۆنانی تا ڕادەیەك دوو ڕاو بوچونی جیای هەبوو، بالّی لاهوتیەكان لەژێر كاریگەری كەلتوری ئاینی وا بۆ مرۆڤەكان دەچوون

کە هەمووی لە قوڕنو کەس لە کەس گەورەتر نیە، هەرچی لاباڵی عەلمانی بوو پێیان وابو کە ڕاستە هەموو لە قوڕن بەڵام (بەندەکان) لە قوڕێکی خراپن، دەرەبەگو مەزنەکانیش لە قوڕێکی تێکەڵ بەزێر دروست کراون، ڕۆمانیەکان کۆمەڵگەکەیان دابەشی چینایەتی نەژادیو ڕەگەزی دەکرد، هاو وڵاتی پلە یەکو دوو و سێ هەبوو، ئەوەی لەوانیش نەبوایە یان دژیان بوایە بە (بەربەر) دەخوێندرایەوە، ئەوەی ئاینی ئەوانیش نەبوایە بە (ئیثنی) دەخوێندرایەوە، تەنانەت هیرودتس-کە بە باوکی مێژوو ناوزەد دەکرێ ئەویش شەڕی نێوان ئاسیاو ئەوروپی بە شەری بەربەرو مەدەنی لە قەڵەم داوە، بەمو شێوەیە سیستەمیکی خنکاوو لە ڕەگەزپەرستی کۆمەڵایەتیو ئاینیو فکری،.. یان پەیرەو دەکرد، (چینی)ەکانیش ئەوروپیان بە (قژ سپی) ڕەزاگران وەسف دەکرد،.. لەناو یەهودیش ئەوەی لەوان نەبوایە بە (جویم) دەخوێنرایەوەو بە چاوێکی نزمتر سەیر دەکرانو بنەچەی (شعب الله المختار) لەوە دێ، و زۆربەی ئایدۆلۆجیای زایۆنی لێرەوە سەرچاوەی دەگرێ، هەروەها لەنێو شارستانی هیندۆسەکانیش ئەو دابەشیە هەبووە، براهماو شودرا چینێکی باڵاو مەنبووزەکانیش چینی خواروون، لە نێوان زۆر شارستانی تریش ... جگە لە سیستەمی ئاینە ئاسمانیەکان ئەگینا مێژووی مرۆڤ بریتی بووە لە ڕەگەزپەرستی، لەدوای لادان لە ئیسلامی ڕاستەقینە ئەوەی لە ئەمەویەکان نەبوایە بە موالی ناو دەبرا، لە سەردەمی عەباسیش بە شعوبی، ئیتر هەر کۆمەڵگەیەکی نەفامی بەجۆرێك یان سەرتاپای ڕەگەزپەرستی بووە، لەنێو بەهای خێلایەتی کوردیش ئەوەی لە خێلەکەیان نەبوایە بە بێگانە دەخوێنرایەوە بە هەموو مانایەکانی یەوە، هەرچی ڕەگەزپەرستی نەتەوایەتی نەژادیو شارستانیە... ئەوانە لەدوای ڕابوونی نەتەوایەتی سەری هەڵدا لە سەدەکانی (١٨-١٩) لە ئەوروپا، لە سەدەی (٢٠)یش لە جیهانی سێیەم، سەرەتا لە ئاستی فکریەوە کۆمەڵێك زاناو فەیلەسوف تەنزیریان بۆ ڕەگەزپەرستی کردووە، لە هەموان زەقتر: گوبینوی

فەرەنسی، شامپرلینی ئینگلیزی، (بەواس)، (فیشەر)... زوریکی تر وای بۆچوینە کە نەك خوێن و پێست و زمان هەتا توانای ئەقلی نەتەوەیەك لەگەڵ نەتەوەیەکی تر لێك جیایە، هەریەکە توانای ئەقلی نەتەوەکەی خۆی بەسەر مەشق زانیوە، جۆرە تەنزیرێکی ڕەگەزپەرستی وای کردووە هانی هێرشی سەربازی بۆ سەر یەکتر بدەن، ئاپارتایدو فاشی و نازی لێ پەیدا بوو .. سەرلەنوێ هەریەکە لە (هۆبز)و (نیتچە) زۆرێکی تر لە زانایان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هاتونەتەوە سەر بۆچونەکەی یۆنانی کۆنی (ئەرستۆ) (گرۆتیوس) کە مرۆڤەکانی وەك (دەمی شانە)نین و یەکسان نین، هەیە بۆ بەندە باشەو هەشە بۆ ئاغەو .... بەتایبەتی تەنزیراتە ڕەگەزپەرستیەکانی (هیگل) لەبارەی کۆتایی مێژووی کۆمەڵ لەسەر دەستی نەتەوەی ئەڵمان، ئەو هەموو جەنگەو پاکتاوی ڕەگەزی و قەڵاچۆی ڕەگەزی لێ پەیدا بوو، .. ئێستاش بە دەمامکێکی تر ڕەگەزپەرستی بەناوی (سەر شارستانی- ڕۆژئاوا سالاری) سەری هەڵداوە ... هەمووی یەك ماهیەتی ڕەگەزپەرستیە ئەگەر چی بەدریس زەمان و زەمین و شێوەی گەشە دەکات، بەو شێوە ئەو ڕەگەزپەرستیە نەتەوە گەری نەژادیە پەرپەوە ئاسیاو ئەفریقاش، لە جیهانی ئیسلامیش زیاتر نەتەوەی تورك و عەرەبی گرتەوە، عەرەبەکان شانازیان بە خاکەکەی دەکردو بە (ارض الرسالات)یان ناو دەبرد، میللەتەکەشی بەسەر مەشقی میللەتان و بە (أمة العربية وامة الرسالات، خالدة،..) یەهودیش بە شعب الله المختار، تورکیش خۆیان بە (نجیب زادە)و تورانی حساب دەکرد .

لە بەرامبەردا :

لە بەرامبەری ئەو چالاکیە مێژوییەی ڕەگەزپەرستی بەردەوام ئاینی ڕاستەقینە لە دژیدا لە سەنگەر بووە، خاوەنانی ئەقلی ڕاست دروستیش دژی ئەو ڕەوتە بوینە، لە بەرامبەر مەدرەسەی عەلمانی یۆنانی کۆن (فیساگورس ئەنقلامیدس و ئەفلاتون و سوقرات...)، و زۆرتر ڕەخنەگر بووینە لە کۆمەڵگای

بێت، تاکە شارستانیەکە کەرەشەکانی جیهان ئێستاش شانازی پێوە دەکەن هەروەك لە داستانی (الجنور) بەروونی هاتووە[1]، کە لەو کاتی دا گەورە پاشاکان یەکتریان بەزۆرە ملەی (بەندە)و (ئاژەڵێکی) درندە داوەت دەکرد، ئەو واقیعە ئەوەندە رەسەن ببوو لەنێو دنیای ئائیسلامی گەیشتبووە پلەیەك نەك عەوام هەتا لەچاخی رابونیش دەبینین (مونتسیکۆ) لە کتێبی (روح القوانین) بەتوندی دەکەوتە نارەزای لە دژی دروست کردنی ئادەمیزادیکی قولەرەش، دەڵێ ئەوە سوودی چیە؟ یان لە شوێنی تر پرسیار لەسەر مرۆڤایەتی ئافرەت کراوە ... لەزۆر شوێن رۆژانە (٣) جار لە (بەندە) دەدرا تا بەبیری بێتەوە ئەوە بەندەیە[2]، زۆربەی یاساکانی کۆنی حمورابی، رومانەکان لە بارەی مافی (خاوەن) لەسەر (بەندە)بووە ....، لە کۆمەلگەی ئیسلامیدا هەموو چین و توێژو نەژادو نەتەوەو رول و کەسایەتی خۆی هەیەو هەبووە ،کەس ناوی (کەمایەتی) و (زۆرایەتی)و سەید وبەندە نەبووەو بەچەوتیش دروست نەکراون!، بەدرێژای خەلافەت (سەرەرای گەلێ سەلبیات) لە دەزگای رەگەز نامەدا ناسنامە لەسەر بنچینەی رەگەزی تۆمار نەکراوە، رەگەزپەرستی هاتە جیهانی موسلمانشین لە دوای :

١ـ هاتنی عەلمانیەت

٢ـ پەیدابوونی بیری نەتەوایەتی

٣ـ دارمانی خەلافەت

سەرچاوەکەشی لەرۆژئاوا لەسەر دەستی مدرەسەی لیبرالیزم سەری هەڵدا، ئەگەر چی ئێستا چاکسازی زۆریش لەو مەدرەسەیە تیاکراوە، تا رادەیەك جیاوازیەکانی نەژادی ورەگەزی و نەتەوەگەریان سڕیتەوە بەهۆی مافی یاسای هاوولاتی (حق المواطنة)، بەلام بەجۆرێکی ترو لەبەرەیەکی تر ئەو رەگەز پەرستیە بەکار دەهێننەوە، لە دەزگاکانیان، لە راگەیاندن، لەرەفتار، لە تیۆرە

---

[1] بروانە : الجنور - ئەلیکس هایلی

[2] بروانە سینوهە دکتوری فیرعەون

بەناوبانگەکەی (مل ملانێی شارستانی)، لە دیموکراسی و مافی و بریارە جهانیەکانو لە نەتەوەیەکگرتووەکان... هەتا لە دەستکەوتە زانستیەکانیش، زۆربەی دوزینەوەکانی فلسفی وزانستی وتەکنیکی دەگێرتەوە بۆیەکەم کەسی رۆژئاوای نەگەر خەلکێکی تریش دۆزیبیەوە، بەو شێوەیە مێژووی جیهان لە مێژووی رۆژئاوا دەبینن، خەلکی ترو کیشوەرەکانی تر ناخوێننەوە هەروەك (براترند راسل)ی بریتانی زۆر بە ئاشکرا لەدوای سەردانە جهانیەکەی دانی پیاهێناو وتی: (جاران وا تێ گەیشتم هەر ئەوروپا هەیە ئیستا دەبینم جهانی تریش هەیە) .تاکۆتای سەدەی بیستەمیش ئەو دۆخە ڕەگەز پەرستیە بەیاسایش کرابوو، یان لە دەستوور تۆمار دەکراو و حزب و دەولەتی لەسەر دروست دەبوو، وەك لە دەسەلاتی ڕەگەز پەرستی (ئاپارتاید)* ی خوارووی ئەفریقا ، لە ۱۹٤۸ هەتا رزگاری ڕەشەکان لە بەرامبەر سپیەکان لە مولکداری وفەرمانبەری خوێندن هەتا لە پارك و چێشتخانەکان قەدەغە کرابوون، یەك دەنگی سپی بەرامبەر (۳) دەنگی ڕەش بوو لە هەلبژاردن، ئەو دۆخە لەسەر دەستی زۆربەی ولاتە داگیرکەرەکان بەرامبەر نەتەوەی ژێر دەست ئەنجام دراوە، لەوانەش نەتەوەی کورد، ئەوانەو سەرەرای ڕەگەز پەرستی تری یاساکانی ئەفامی و بانێك دوو هەوای (الكيل بالمكيالين) ... ئینجا ڕەگەز پەرستی شارستانیەك لەگەل شارستانی و کەلتوور فەرهەنگێکی تر، هەتا دەگاتە ڕەگەز پەرستی هونەر وزانستی و سینەمایی و هەریم چیایەتی و ...، لەیادی ۲سالەی جەنگی کەنداوی دووەم (۱۹۹۱) لە کەنەدا ڕێپێوانێك کرا تەنهاسەدو قەوور خاچیان بەرزکردبووە کە یەکسان بوو تەنها بە ژمارەی کوژراوەکانی هێزەکانی رۆژئاوا، لە کاتێکدا کوژراو لە ڕیزەکانی سعودیە وکوێت ولاتانی کەنداو و عەربی هەبوو ئەوانەیان بەمرۆڤی تەواو حساب نەکردبوو،ئەوەش ترۆکی ڕەگەزپەرستیە، بەو دواییە زەق تر ئەو

---

* ئاپارتایدا وشەیەکی ئەفریقیە، مانای (جیاوازی) دێت، بەمانای جیاوازی نەژادی سپی و نەژادی رەنگەکانی تر.

دیاردە دەردەکەوت ئەگەر ئادەمیزادێکی ئەمریکی بکوژرا یە ئەوا قەرەبوی چوار قاتی یەکێکی ئەفغانی وپاکستانی وئیراقی بوو .

هەرچی مدرەسەی شیوعیەتیشە وەك تیۆرو پەیرەویش تا ڕادەیەکی چاك ئەو شێوازە ڕەگەز پەرستیە شاقولیانەی قەلاچۆ کردبوو، بەلام کێشە وڕەگەزپەرستی گەلێ جار لەگەل نەتەوە بچووكو کەمایەتیە ئاینیەکان دەکرا، بەتایبەتی لەگەل ئیسلام، لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشووش زۆر بەدل ڕەقانە ڕەگەز پەرستی کراوە لەگەل کەمایەتی کورد زیاتریش لەسەردەمی ستالین، لەلایەکی تر جۆرێك لە ڕەگەزپەرستی چینایەتی لەمدرەسەی شیوعیەت کراوە بەهۆی تیۆری (ناکۆکی چینایەتی).... ئەوەش شێوەیەکی تری ڕەگەزپەرستی دەگمەنە (ڕەگەز پەرستی ئاسۆی) .

لە جیهانی ئێستا ولە عەولەمەدا هێشتا بەگشتی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوە مرۆییەکان بەردەوام ڕاپۆرت دەربارەی ڕەگەزپەرستی دەدا، زۆربەی ولاتانی جهانی بە ڕەفتاری ڕەگەز پەرستی لەقەلەم داوە لەوانەش : هەردوو ئەمریکا لەگەل دانیشتوانی ڕەسەنی ئەمریکی.

دەزگاکانی وەك زانکۆی عربی، فرانکۆ فۆنیە، ئەنگلو سکونیە، زایونی ... ڕەگەز پەرستین هەروەها شارستانی لەگەل (شارستانی تر) ... هێشتا جیهان مەودایەکی زۆری لەپێشە تا لە ڕەگەز پەرستی رزگاری دەبێت

(٢٣)

کەمایەتی أقلیـــة minority

زۆر کێشە نیە لەسەر پێناسی ئێستای، بۆیە هەرکەمێك لەسەری هەڵوەستە دەکەین و پێناسـی (موسوعة الدولية للعلوم الاجتماعية) هەڵدەبـژێرین کـەتا رادەیەك هەمەلایەنەو دەڵێ : ئەو کۆمەلە خەلکەن جیاوازیەکیان لەگەڵ زۆرایەتی هەیە لە یەکێ لە فاکتەراکانی (رەچەلەکی، نەتەوایەتی، ئاینی، زمـان،...) یـان زیاتر، بەهۆیـەوە وەك نوقـستانیەك دێتـە بەرچـاوی گـشتی، فەرهـەنگی بـالای (british Enseclobidi..) هەمان پێناسی هەیـە، بـەڵام (موسوعە لاروس) دەڵێ کەمایەتی ئەوانەن کە دەسەلاتیان کەمە، ئەو پـێ ناسـەی دوای لـە رەوتـی باسە کە دەردەکەوێ زۆر ورد نیە، کەمایەتی مانای وانیـە لـە هـەموو بوارەکـان لەگەل زۆرایەتی لێك جیا بن، سەرباری ئەو فاکتەرانەی لە (موسوعة الدولیە...) هاتووە هەریەکە لـە جیاوازیـەکانی فەرهـەنگی، تـایفی، کـەلتووری، .. دەبێتـە دابەش بوون بۆ زۆرایەتی وکەمایەتی ئەگەر ئەو فاکتەرانە لە یەکی لەلایەنـەکانی کەمایەتی یان زۆرایەتی بنچینەیی بوو، بۆیە گەلێ جـار نەخـشەیەکی نـسبی لـە کەمایەتی و زۆرایەتی دروست دەبێ بەپێ ی بنچینە بوونی ئەو فاکتەرە، هەر بـە نمونە لەگەل دروست بوونی عێراق لە١٩٢١ کە فاکتـەرو جیـاوازی نەتـەوەیی لێ بنچینە بوو ئەوا یەکسەر کورد لە چاو زۆرایەتی عەرەب بوونە کەمایەتیـەکی لـە ٢٢٪، بـەلام دوای بـەرپابوونی شۆڕ شـی ئیـسلامی ئێـران ١٩٧٩ ئاکتـەری ئیسلامی (سـواق دراو بـە تـائیفی) گەشـەی کـرد ئـەو نەخـشە گـۆڕا سـوننەی ناوەراسـتی عـەرەب بوونـە کەمایـەتی٢٠٪، ... ئێـستا جـۆرە نەخـشەو

سەرەنجامێکی تر پەیدا بوو، بۆیە کەمایەتی و زۆرایەتی بەرز ونزمی وگۆڕانی تیایە بە پێ ی فاکتەرە کۆمەلایەتیەکان لەلایەك ، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی فاکتەری سیاسیش، وەك ئەو واقعەی ئێستای کێشەی کەمایەتی لە جیهان کەزۆربەی لە ئەنجامی ئەو سنورە دەستکردە دروست بووینە، بەپێی ئاماری رەسمی ٢٢٢-٢٣٠ کۆمەلە کەمایەتی سەرەکی لەو جیهانەی ئێستا هەیە کە خاوەن کێشە بن، ژمارەیان بە پێ ی ئاماری ١٩٩٠ز (٩١٥) ملیۆنە، سەرجەم ژمارەی نەتەوەو گەلانیش بەپێ ی (بونارد نیتچمان) لە نێوان(٣٠٠٠-٥٠٠٠)ە[١]، بە پێی (القاموس السیاسی) ژمارەی زمانی ئەو گەلانەی لە ملیۆنێك زیاترن و لە هەریمی خۆیان دەژین ١٥٦ زمانە، رەنگە لە تویژینەوەی نویێ زیاتر بن، بۆیە رەنگە ژمارەی کەمایەتی وکێشەکانیان زیاتر بێ.

بنەچەو گەشەی ئیثنی :

لەبنچەدا ئەو زاراوەیە~لە کەمایەتی ئایینی و نەژادی هاتووە، کۆن ترین مانا کە تۆمار کرابێ ئەوەیە جاران لە کۆمەلگای رۆمان هەر یەکێك مسیحی یان یەهودی نەبوایە پێ ی دەووترا (ئیثنی)، یان جویم، بە پێی هەندێ سەرچاوە (ئیثنی) وشەیەکی یۆنانیە زیاتر مانای (گەل، نەژاد) دەگرێتەوە[٢]، رەنگە (نەژاد)ەکە نزیك تر بێت، لە ئاینە راستەقینەو دەستکاری نەکراوەکان ئەو زاراوەیە نەباوی هەبووە، نە تۆماریش کراوە، چونکەهاوولاتی (کە موسولمان واهل الذمە ی) گرتۆتەوە لە دە ولەتی ئیسلامی بەند نەبووە بە ئنتمای ئاینی و کۆمەلایەتی و رەچەلەکیەکانی تر، وەك لە کۆمەلگەی رۆمان (ئیثنی) یەکێك بووە لەو کەمایەتیانەی کە لەماف دا بێ بەش بووینە لە ئەرکدا زیادیان خراوەتە

---

[١] بروانە: موسوعة العربیة، هەروەها کتێبی (أقلیات فی خطر ــ تید رویرت جار – ترجمة د. رفعت سید احمد)

[٢] الملل والنحل والاعراق- ل ٢١

ئەستۆ لەناو زۆرایەتی مەسیحی، ئەوە لە ڕووی ئایینی لەڕووی شارستانی و نەژادیش ئەوەی لەرۆمان نەبوایە عادەتەن ناوی (بەربەر)یان لێ دەنا، لەسەردەمی عەباسی وئەمەویش ڕەگەزپەرستی سەری هەڵداوەو زاراوەکانی وەك: مەوالی و شعوبی پەیدا بوو، لە هەندو چینو هەتا لەنێو عەشیرەتو هۆبەو دێیەکیش ئەوەی لەخۆیان نەبوایە دەیانووت بێگانەیە، لەدوای خەملینی سیاسی ڕەگەزیو دروست بوونی دەوڵەتو سنور لەسەر ئەو بنچینەیە، کەمایەتیو زۆرایەتی بە جۆریکی تر سەری هەڵدا لەسەر ئەو بنچینەیەش لە دوای سەدەی (١٨)بەولاوە بانگێشەی مافی کەمایەتی کرا، هەرچەندە بەشێك بۆ دەقی ڕێکەوتنامەی ڤیەننای (١٨١٤-١٨١٥)ی دەگێڕنەوە کە داوای مافی ئازادی ئاینیو سیاسی کرا[١]، گەلێ جار ئەوانە کەمایەتی نەبووینە، بەلاّم دروستبوونی ئەو سنورە دەستکردانە کە لەدوای وەرچەرخانی سیستەمی ئیمپراتۆری بۆ سیستەمی (دەوڵەتی نەتەوەی) هاوچەرخ بە ئارێکی لە چوارچێوەی نەخشەکانی ئیمپریالیزمی جیهانی، کەمایەتی زۆرایەتی لێ دروست بووە، بە دووکەرتو چەند کەرت کردنیان، هەندێ نمونە لە هەردوو دۆخی کەمایەتی ڕەگەزی و ئیسنی تۆمار دەکەین :

ئەمریکا: پێك هاتووی ٢٥٠ جۆر نایینی یە، سەرەڕای زۆرایەتی مەسیحی، لە هەموو ئاینیو نەتەوەیەکی جیهانی لێیە، وەك ئەژادیش لە ٧٤٪ سپی، ١٠٪ ڕەش، ٩٪ هندیە سوورو ئیسپانیو لاتینین .

بەریتانیای مەزن: لە ٨٠٪ ئینگلیز، ١٠٪ ئیرلند، ٤٪ وێلز، ٢٪ هندی.

چین: ٩١٪ هان چینی، ٤٪ نەتەوەی جوانگ، ٨.٪ هاو، تیبتیەکانیش کەمایەتیکی کێشەداریان لەگەڵ چین هەیە، سەرجەم ٥٥٠ جۆر کەمایەتی لێیە.

ڕووسیا : ١٢٨ جۆری لێیە، بەو شێوەیەش هندو مالیزیاو ولاّتانی جیهان......

---

١ هەمان سەرچاوە.

ئەوانەی خوارەوەش سنوری دەستكرد كردوويانن بە كەمايەتی وكێشەيان هەيە، بريتين لە:

ئيرلەندا : سەرنج بدە هەنگاوەكانی دروست بوونيان بە كەمايەتی كە خۆيان لە بنەچەدا زۆرايەتين وەك نمونەيەك بۆ گشتی:

زۆربەيان غيلی زمانو مەزهەب كاسۆليكن لە سەدەی پێنجەوە ئايينی مەسيحيان وەرگرتووە، پايتەختيان دبلنە، لە سالآنی ١٩٢٠-١٩٢١ تا ١٩٤٩ قۆناغەكانی سەربەخۆی ئيرلەندا تەواو بوو لە دەست بەريتانيا، لە هەمان كات بەريتانيا هەڵسا (٦) هەرێمی لە بەشی سەرووی ئيرلەندا (اليستر) وا جياكردەوە كە ئينگليزە مەزهەب كاتۆليكيەكان زۆرايەتی پێك بهێنن لێی و (بلفاست)ی كردە پايتەخت، .. ئيتر لەوكاتەدا ئەوانە لەسەر خاكی بابو باپيرانيان بوونە كەمايەتیو كێشەيان هەيە.

كوردستان: هەمان دەردی هەيەو خۆی زياتر لە ٤٠ مليۆنە كەچی لەبەر ئەو دابەشبوونەی لەسەرەتای سەدەی بيست بوويتە كەمايەتی لەهەر چوار پارچە.

بەربەر: بە سەرەكی لە نێوان جەزائيرو مەغريب دابەش كراون، لە جەزائير لە ٢٢٪ ی دانيشتوان پێك دەهێنن .

تاميللييەكان : لە ٢٠٪ ی سريلانكا پێك دەهێنن، زۆرايەتيەكەش سەنهالين.

باسك: دابەش كراون سێ هەرێمی بەلای فەرەنساو چار هەرێميش ئيسپانيا، تەنها ٢ مليۆنی كەوتۆتە ديوی ئيسپانياو بوينە كەمايەتی .

قوبرسی: لە ٢٠٪ توركو زۆرايەتيەكە يۆنانيە: ﴿لە كۆتاييدا كۆمەڵێك زانياری تر لەبارەی كەمايەتی تۆمار دەكەين﴾ .

زۆربەی ئەوانەی بە كەمايەتی ناودەبرێن نەتەوەی ڕەسەنو كۆنترن لە زۆرايەتييەكە، بەو دۆخەی ئێستايان كێشەی كەمايەتی يەكێكە لە گرفتەكانی ديموكراسيش، زۆربەی ئەو وڵاتانەی كێشەی كەمايەتی هەيە ديموكراسيشن كەچی بەو ديموكراسيە ئەو كێشە چارەسەر نابێ، لەبەرهۆيەكی سادە، ئەويش ئەوەيە

بنەماى يەكەمى ديكراسى ئەوەيە ئەنجامى ڕاستى‌و دروستى دەوەستێتە سەر زۆرايەتى، بۆيە كەمايەتى تێدەشكى ئەگەر لەسەر ڕاستيش بێ، بۆيەش ديوكراسى لە كۆتاى شێكردنەوەيدا بە ڕەگەزپەرستى كۆتايى دێت با هەرچەندە چاكترين داهێنانى بەشەريش بێ.

ڕاى مەدرەسەكان :

ئەو زاراوەيە وەك لە سەرووش ڕا دەركەوت لە هەناوى عەلمانيەت‌و مەدرەسەى ليبرال ديوكراسى چەكەرەو گەشەى كردوە، هەرچەندە ئێستا تا ڕادەيەكى چاك بەهۆى ديوكراسى‌و دروستكردنى كۆمەڵگەى مەدەنى‌و فراوانكردنى چەمكى هاوولاتى لە جياتى هاونەتەوەيى ئەو كێشە كزبووە، بەلام عەلمانيەت‌و تەيارى نەتەوەگەرى جيهانى سێيەم كە زياتر زادەى مەدرەسەى ڕۆژئاواين، ئەوانە زۆرداريەكى بێ وێنە لە كەمايەتى دەكەن، ئەگەر كەمێك بەرگرى لەو چەوسانەوەش بكەن ئەوا يەكسەر ناوى (انفصالى، عملاء، ارهابيە، خارج قانون، ضد الحرية والدمقراطية،...)ى لێ دەنێن. هەتا لە فەرهەنگەكانيش وەسفى كەمايەتى لە كۆتايدا بە (قوڵى پێنجەم- طابور الخامس) ناو دەبرێ، سەرنج بدە (موسوعة السياسية)ى د.كيالى كە فەڵەستينيەو خۆشى داگير كراوە كەچى دەڵێ: ئيمپرياليزم هەردەم كەمايەتى بەكاردەهێنێ لە دژى زۆرايەتى بۆ پشێوى!! دەقەكەى: (في مجتمعات متخلفة والتابعة فأن امبريالية حاولت بأستمرار تطبيق مبدأ فرق تسد وذلك من خلال تحريض الاقليات ضد الاكثرية)[1]، ئەوەى جێى سەرنجە (د رفعت سيد احمد)ى وەرگێڕى كتێبى بەناوبانگى (اقليات في خطر) هەمان ئەو گوتەيەى كەيالى دووبارە دەكاتەوە ئينجا دەڵێ: كەمايەتى لەنێو عەرەب لە مەترسيدا نيە[2]!!.

---

١ موسوعة السياسية - .د.كيالى ج١ ل٣٤٠

٢ بروانە پێشەكى ئەو كتێبە .

لە مەدرەسەی مارکسیەت چونکە فلسفەو فاکتەری (یەکلاکەرەوە) لەسەر بنچینەی ڕەچەڵەكو نەژادو زمان نەبووە، بۆیە کەمایەتی مانایەکی وای نەبەخشیوە، تاڕادەیەك جۆرە چارەسەریەکی ئەو کێشەی کردووە، تەنیا لەسەر بنچینەی جیاوازی چینایەتی دەروانیتە زۆرایەتیو کەمایەتی، ئەو باسەی کەمایەتی زۆر دەگمەن بووە مەگەر جار بە جار لە ئەدەبیاتی مارکسی باسی لە زۆرایەتی پرۆلیتاریاو کەمایەتی برجوازی کردبێ.

لە فیکری ئیسلامیدا هیچ جۆرە جیاوازیەك نەبووە، نە لەسەر بنچینەی چینایەتی نە نەژادی، تەنیا بنچینەیەك دارِشتراوە کە لەتوانای هەموو کەسە بێ ئەوەی نەژادو چینایەتیو نێرو مێیاتی و.... هیچ فاکتەرێکی میراتی ڕێگر بێت، ئەویش فاکتەری (تەقوایە)، واتە جیاوازی پایەو پۆلین لەوەیە کامیان دادگەرو دڵسۆز بەخزمەت و پەیڕەوکەرتری یاساو شەریعەکەیە، لەوبارەیەوە زانایەکی ئەمریکی گوتەیەکی زێڕینی هەیەو دەڵێ (لەو جیهانە تەنها یەك خواپەرست هەبێت بە زۆرایەتی حسابە)، واتە لە ئیسلامدا زۆرایەتیو کەمایەتی لەسەر بنچینەی ژمارەو چەندایەتی نیە، بەڵکو لەسەر بنچینەی ڕاستییە، بۆیە لە کۆمەڵگەی ئیسلامی کەمایەتی ماناو شوێنی فەرهەنگیش نیە، تەنها بۆ جیاکردنەوەی زاراوەی وەك ملل، نحل، اهل الکتاب، اهل الذمة، دار الحرب، دار العهد... ئەگینا هیچ سیستەمێك وەك ئیسلام نەیتوانیوە، ناتوانێ چارەی (کەمایەتی) بکا، ئومەت لە ئیسلامدا مانای نەتەوە ڕەچەلەكو نەژاد ناوچەو سنورێك ناگرێتەوە ... بەڵکو هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە بە پیر بانگی ئیسلام دێن، بۆیە سەرکردەو مونەزیرو دەزگاکانی ئیسلامی بەتایبەتی لە سەردەمی خەلیفەکانی (راشدین)پێك هاتبوو لە کەمایەتی چینی هەژارو نوقستانانو ئافرەتانیش ئەوەتا بلال حبشی، سەیادی رۆمی، سەلمانی فارسی، .. سەرکردە بووینە، هەربۆیەش پیاو ماقوڵانی قورەیش بەپێی سیستەمی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمی (بگرە ئەو سەردەمەش) ئەو جۆرە پێکهاتو کۆمەڵگەیان پێ قبووڵ

نەدەکرا کە ڕەشێك یان غەریبەیەك یان کەمایەتیەك یان هـەژارو نوقـستانێك لـە سەرووی ئەوان بێت.

کاتێ وەڵامی پرسیارەکەی (عمری کوری بن مەکتوم)ی کەمێك پشت گوێخرا لە لایەن پەروەردگارەوە گەورەترین وشیاری بە پێغەمبەر ﷺ دراو سورەتێك بـەو بۆنەوە هاتە خواری بەناوی (عبس وتولی)، لەبەرئەوەی پێغەمبـەر ﷺ کـەمێك زیاتر ویستی وەڵامی پرسیاری زۆرایەتیەکی مجلسو پیـاو مـاقوڵانو شـێخەکانی قورەیش بداتـەوەو پـشت لـە کەمایەتیـەکی هـەژارو نوقـستان بکـا. هـەتا لـە سەردەمی دوای راشدین (هەرچەندە لادانێکی ترسناکیش هەبووە) ئـەو دیاردەیـە باوی نەبووە زیاتر لەناو جیهانی مسوڵمانشین لە دوای هەڵوەشـانەوەی خەلافـەت و هاتنی عەلمانیەت و سەرهەڵدانی تەیاری نەتەوایەتی پەیدابووە تا بـە میللـەتێکی ڕەمـەنی ٤٠ ملیۆنی وەك کورد بگوترێ کەمایەتی کە هەر بۆ مـاوەی سـەدەیەك لە مێژووی خەلافەت سەرکردایەتی جیهانی کردووە.

بە یاســایی بوونی کێشــەی کەمــایەتی :

هەڵبەتە لە دوای دروستبوونی پەیوەندی لە نێوان خاكو تـاكو دەسـەڵات کـە سەردەمی ڕابوونی نەتەوەگەری پێ دەڵێن، ئەوا بە پێی یاسای نێو دەوڵـەتی سـێ توخمی یاسایی دیاری کرا بو بوون بە دەوڵەت: ١- هەرێم (نیـشتمان)، ٢- گـەل (نەتەوە) ٣- دەسەڵاتی سیاسی .

هەڵبەتە لە سەردەمی ئیمپراتۆرەکان ئەو پەیوەندیە نەبووە، چونکە (سـیادە) باڵی بەسەر زەمینـدا نەکێشا بوو، ئێـستا یەك بست خاك لەسـەر ئەو زەویە نەماوە سیادەی وڵاتێك نەبێ، بەجۆرێك سنوری نێو دەوڵەتی هەر وڵاتێك کۆتایی دێت بە سنوری وڵاتێکی تر، بۆیە جاران ئاسایی بـوو دەسـەڵاتو ئیمپـراتۆریەت لەسـەر خاکی خەڵکی تر دروست بکەیت، زۆر سروشتی بوو ڕۆم لە شام بـن، ئەسـکەندەر مەقدۆنی لە بابل بێت، صلاح الدین لە میـسر بێـت، عوسـمانلی لـە ڕۆمانیـا

بيت، ...بەلام ئيستا ئەوە نابيت، وەك ياساى دەولَيش چەسپاندوويەتى، هەرگەليك لەسەر خاكى خۆى بەرپرسە لە خۆى نەك لە خەلكى تر، جا ئەو كيشانەى لەو ئاستەن ئەوا كيشەى نەتەوەيە نەك كەمايەتى، ياخود بە روونتر: كيشەى ئەو ميللەتانەى كە خاوەنى هەريمو گەلن ئەوا كيشەكەيان لە ئاست ياساى نيو دەولەتيە بنەماى مافى چارەى خۆنوسى دەيانگريتەوە تا رادەى بون بە دەولەتو وەرگيران لە نەتەوە يەكگرتووەكان، لەوانە: كوردو فەلەستينىو چيچانىو كشميرو باسك و....، ئەوانەى هەمرييان نيە لە ئاست كەمايەتى دەژميردرينو پرسەكەيان بە كيشەيەكى ناوەكى لە قەلەم دەدريت، چەندين بريار بۆ نەتەوەكان هەيە لە هەموان روون تر مادەى (١) كەچى مادەى(٢٧) بۆ كەمايەتى هاتووە كە مافى فەرهەنگى پى بدرى، ئەگينا بە هۆى مافى هاولاتى بون لە دەستورى ولات چارەسەر دەكرىو ياساى نيودەولەتى كەمتر ريگەيان پى دەدا دەولەت دروست بكەن، بۆيە بەشيكى زۆر ليّيان وا دەتويتەوە .

پيناسى لارۆس :

ئەو پيناسەى لارۆس كە لە سەرەتادا تۆمارمان كرد مانايەكى زۆر دەبەخشى ئەگەر جوان تر سنوركيش بكردبايە، بەلام بۆ ئەو واقيعەى ئيستا زۆر تەواوەو، زۆرايەتىو كەمايەتى ناكەويتە سەر ژمارەو چەندايەتىو رووبەرى جوگرافى ... بەلكو زياتر دەكەويتە سەر دەسەلات، هەردەم دەسەلاتداران دەبنە چينيكى كەمو دژى زۆرايەتى ميللەت، ئەوەيان لە ولاتە ديكتاتۆرىو شمولىو تاك رەويەكان زۆر روونە، بەلام لە ولاتە ديوكراسيەكانيش لە جەوهەردا هەروايە، هەتا دەست گۆرى دەسەلاتو هەلبژاردنيش بكەن، چونكە لە كۆتاييدا كەمايەتيەك دەگەنە دەسەلات بەناوى نوينەرانى ميللەتو نوينەريش نين، .. بۆيە بەردەوام ئامارى ريكو پيك دەردەچى لەبارەى خۆشگوزەرانى چينى دەسەلات، بەراستى دەركەوتووە ئەوانە كەمايەتيەكى دەسەلاتدارنو پيناسەكەى (لارۆس) راستو

دروستە بەو پێیەو چینی دەسەڵاتدار ڕەگەزپەرستیو جیاوازیش دەکەنو هەردەم بە چاوی سووك دەڕواننە چینی بێدەسەڵات، ئەوەش تەواو لەگەڵ پێناسەی مارکسیزمو ئەو زانایانەی کە لە ناوەڕۆکی دەسەڵاتیان کۆڵیوەتەوە تێك دەکاتەوە کە پێیان وایە دەسەڵات ئامرازێکە بۆ ملکەچ پێکردنی چینە بێدەسەڵاتەکان، لە ڕاستیدا ئەو نمونە پێچەوانانەی کە لە هەندێ شوێن کەمایەتی دەسەڵاتدارن پاساوی ئەو جۆرە پێناسە دەکا، لەوانە ئەو کەمایەتیەی (ئەلبوێر) کە لە بنەچە سپی هۆڵەندین دەسەڵاتی لە خوارووی ئەفریقا بەدەستەوە بوو حوکمی زۆرایەتی ڕەهای ڕەشی پێستەکانی دەکرد، هەروەها لە مۆزەمبیقیش، هەمان ئەزموون ئێستا وا لە بۆرندیو ڕاوندا کە دەبینین تۆتسیەکان تەنها ١٤٪ نو هۆتۆش لە ٨٥٪ ن کەچی بەهۆی ئەو دەسەڵاتە کەمایەتیەکە دەسەڵاتدارن زۆرایەتیەکەش بێ دەسەڵات، لە عێراقیش بەهۆی ئەو دەسەڵاتە لە ٢٠٪ ی سوننەی عەرەب (سوننە بەمانا کۆمەڵایەتیەکەی) زاڵ ببوو بەسەر هەردوو زۆرایەتی کورد لە ٢٢٪ و شیعە ٥٥٪، بەڵام بە دەمامکێکی ئاڵۆز کەمایەتیەکی خۆی داپۆشیوە. ئەو جۆرە دابەشیە پێی دەوترێ (عرقیة السیاسیة) Ethno political .

هەندێ زانیاری تایبەتی تر:

لە ڕاستیدا کەمایەتیو زۆرایەتی نەخشەیەکی چەسپاوی نیە، دەکەوێتە سەر ئەو فاکتەرەی کە دەکرێتە تەرازوو، ئەگەر بە تەرازووی نەتەوەگەری نەخشەی کۆمەڵایەتیت دارشت، ئەوا ڕوونە ئەوانەی لەو نەتەوە نەبنو کەمترین دەبنە کەمایەتی، بەڵام لە هەمان کۆمەڵدا ئەو جارە تەرازووو فاکتەری ئاینیت کردە بنچینە ئەو جارە نەخشەکە دەگۆڕێو بە جۆرێکی تر کەمایەتی دروست دەبێ... بەو شێوەیە ئەگەر دیسان فاکتەرت گۆڕی بۆ مەزهەبی یان فەرهەنگی یان ئابووری یان ... ئەوا هەر جارەی جۆرە نەخشەیەکت دەداتێو هەر یەکە

کەمایەتی زۆرایەتیەکەی جیایە لەگەڵ ئەوانی تر، هەرلە یەك کەسدا ڕەنگە لە نەتەوەیی زۆرایەتی بێ، بەڵام کە هاتە سەر ئایینی هەمان کەس ببێتە کەمایەتی، بۆ نمونە لە عێراق مسیحیەکی عەرەب زۆرایەتیە لە چاو تورکمان، کەچی هەمان کەسی دەبێتەوە کەمایەتی لە چاو ئایینی بەرامبەر هەمان کەمایەتی، کەواتە نەخشەی کەمایەتی دەگۆڕێ بە پێی گۆڕانی فاکتەری کاریگەر لەسەر کۆمەڵگەکەو سەردەمەکەی.

بەو رووکارە ئەو نووسراوو لێکۆڵینەوانە هەریەکە بە جۆرێك لەو کەمایەتیەی پێچاپەتەوە، لە پێش سەدەی بیستەم توێژینەوەکان هەر لەسەر کەمایەتی ئایینی بووە، بەلای ڕەچەڵەکیو نەژادی نەچوونە، ئێستا نووسینەکان هەمەلایەنی وەرگرتووە بەڵام هەریەکە بەپێی ئینتمای فیکری خۆی، واتە هەیە تەنها مسوڵمانانی جیهانی تۆمار کردووە، لەوانە مێژووناس (محمود شاکر)، هەشە کەمێك فراوان تر وەك (تید روبرت جار) لە کتێبی (أقلیات في خطر) یان فەرهەنگی باڵاو ئنسکلوپیدیای ولاتان ڕێژەی ئافرەتو پیاو، هەژارو دەوڵەمەند .... بەو شێوەیە ... لە کۆی هەموان وا هەندێ زانیاری لەبارەی کەمایەتیان لێ هەڵدەبژێرین:

*بە پێی کتێبی (أقلیات في خطر)٢٣٣ کەمایەتی چالاك لە ٩٣ وڵات هەیە، واتە ئەوە کۆی گشتی نیە بەڵکو ئەوانەی کێشەیان هەیە لە وڵاتانی نا دیموکراسی بەتایبەتی، ئەگینا بە دەگمەن وڵات هەیە کەمایەتی تیانەبێ، بەڵام یاسای هاووڵاتی لە زۆربەی وڵاتان کۆمەڵگەیەکی مەدەنی وای دروست کردووە کەمتر ئەو کەمایەتیە زەق بێتەوە بەڵام لەگەڵ کەمترین ووڕژان ئامادەیە سەرهەڵدا.

* لە دوای ویستڤالیا ١٦٤٨ز و سەردەمی خەملینی وڵاتان لەسەر بنچینەی نەتەوایەتی کەمایەتی زۆر دروست بوو، بەشێکیان بە خێرایی لەو وڵاتە نوێیانە پەڕینەوە بۆلای زۆرایەتی وڵاتی خۆیان وەك لە نێوان پاکستانو هند، ئەڵمانیا بۆ لزانۆ لە سەرووی ئیتالیا لە ١٩٣٠و١٩٤٥، و لە نێوان تورکیاو یۆنان سەرەتاکانی

١٩٢٠ بەدواوە ... لە زۆر شوێنی تریش، وا ئێستا لە نێوان شیعەو سوننەی عێراقیش ڕوودەدا .

هەندێ ئاماری ساڵی ١٩٩٠ لەبارەی کەمایەتی:

* کیبك ٦,٨ ملیۆنن فەرەنسی زمانن لە ٢٧٪ ی دانیشتوانی کەنەدای ئینگلیزی زمانن، بە هەردوو باری خۆشیو ناخۆشی تێکۆشاون بۆ سەربەخۆیی، بەڵام ئێستا دەنگی یەکگرتووی زیاترە، ئەو ناوچەیە سەرەتا کە فەرەنسا دۆزیەوە ناوی نا (فەرەنسای نوێ) لەنێو هەرێمی کیبیك ٧١٠٠٠ ئینگلیز زمانی لێ دەژی، وەك کەنەدا کیبیکیەکان کەمایەتین، وەك کیبیك ئەو ٧١٠٠٠ دەبوونە کەمایەتی.

* پێکهاتەکانی سۆڤیەتی پێشوو کۆمارەکانی ئێستا: ڕووسیا ٣٦ کەمایەتی، ئوکرانیاش =٧،

* یۆگوسلاڤیا: شەڕ لەنێوان پێکهاتەکان ڕوویدا لە کۆتایی سەدەی ڕابووردوو، نەخشەی کۆمەڵایەتیشیان بەو شێوەیە بوو: ٦٦٪ صربیا، ١,٣٪ ئەلبان، ٣٩٠,٠٠٠ مەجەری، ٢,١٦٠٠٠ ئیسلامی بۆسنە، ١٥٠٠٠ کروات، ١٤٨مۆنتی نیگرو ١١١٠٠٠غەجەری (ڕۆمی)، لە کرواتیاش نەتەوەی ڕەسەن ئەستونیەکانن لە ٧١٪، ئەوانی تر سرب ٦٣٢٠٠٠، لە بۆسنەوهرسك ٤٠٪ بۆسنە مسوڵمانەکانن ئەوانی تر ١,٣٢١٠٠٠ سرب، ٧٥٨٠٠٠ کروات، لە مەکدونیا ٧٦٪ مەکدۆنی ڕەسەنن، ئەوانی تر ٣٤٨٠٠٠ ئەلبان ٤٧٠٠٠ تورك، ٤٥٠٠٠ سرب، ٤٣٠٠٠ ڕۆم، ٤٠٠٠٠ بۆسینە ئیسلامەکان، لە سلۆڤینیا ٩٠٪ سۆڤیەتن ئەوانی تر ٦٥٠٠٠ کروات، ٤٢٠٠٠ سرب، لە مۆنتی نگرۆ ٦٨٪ ڕەسەنەکان، بۆسینە ئیسلامەکان ٧٨٠٠٠، ٣٠٠ ئەلبان ١٩٠٠٠سرب، ٧٠٠٠ کروات.

(٢٣) کەمایەتی — اقلیة — minority

---

* لە سەرجەم جیهانیش ڕێژەی ئافرەت زیاترە لە پیاو.، بۆیە ئافرەت زۆرایەتیە و پیاویش کەمایەتی .

(٢٤)

جـــاش مرتزقة Mercenry

زاراوەیەکی تایبەتە بە کورد، هەرچەندە لە هەموو جیهان هاوشێوەی هـەبووە کە دۆخەکەی لە جەوهەردا بەجاشی کوردستانی بچێت بەڵام وەك یەکیش نین، لـە کوردستان بەو خەلکانە وتراوە (جاش) کەچەکی دوژمنی داگیرکـەری هـەلگرتووە دژی شۆرش بەرامبەر هەندێ پـارە، لـەناو کـوردا نامۆوناشـرین تـرین پیـشەیە، بارێکی هەرە تایبەتە لەبە یەك گەیـشتنی سـێ تـەوەری سـەلبی لـە ئـابووری و سـایکولوجی و سیاسی دێت ،کە لە زاڵ بوونی: ١ــ بەرژەوەندی تایبەت بـە سـەر بەرژەوەندی گشتی ٢ــ دەروونێکی نەخۆشی بەسـەر ڕەوشـتی بـاڵای خـۆی ٣ــ میکاڤلیەتی سیاسی بەسەر مەبادینیەکان . بۆیە ئەو نـاوە دەگمەنـە لـەدوخێکی دەگمەنی کەسێتیەکە بۆ دۆزرایەتەوە لە نێوان کۆمەلە نـاوێکی تـر وەك خیانـەت، خۆ فروش، گەل فرۆش، بێگانە پەرست، کە لە ناو هەموو میللەتان هەبووە بـەلام ئەو زاراوەیە شایەنی بە جیهانی کردنە لەسەر زاری کورد ناو لە هەموو خانێنێـك (بەپێی ئەو پێناسە) بنرێ (جاش ــjash)، پرۆسەی جاشـایەتی مانـای دارنینـی ئەو کەسە لە هەموو خـوو و ڕەوشـت و (سـەوابت)ە وە دابەزینـە بـۆ ئـاژەلێکی دڕندەو هەردەم بێ بـەلێن دەسـت پـیس، تالانـچی، بێـسپاردەی، دروزن، دەروون شکاو، ترسنوك، مادی، بێ ئوقرە، بێ متمانە، گومانداز، دەروون نزم، بێ شەرم، بێ پەروەردە، .. ئەو سیفەتانە یە —کە بریتین لـە بـەهای جـاش- ئێـستا لـەناو کۆمەلگای کوردستان تەنیتەوەو، هەرەشە لە بنەماکانی کۆمەلگەکـە دەکـا کـە وێنەی وای لە مێژوو بەخۆ نەبینیوە، بۆیە لەگەل سازبوونی زەمینـە دیـسان ئـەو

دیاردەیە لە گینە بە ترسناك تر سەرهەلدّاتەوە هەروەك لە بەلگەنامەو دۆسیەکانی بەعس بە روونی دەسەلمێنێ، زۆریش لێی بەخەم نینە.

مێژووناسان دیاردەی (مرتزقە) بۆ سەردەمی (ڕۆم) دەگێڕنەوە، گوایە لە کێشە ناوخۆیەکانیاندا بەشێك لە ڕۆمەکان هەندێ لە جەرمانو سولاڤیەکانیان بەکرێ دەگرت وەك پیشەی جەنگاوەری لە دژی ڕۆمەکانی تر، لە سەدەکانی ناوەڕاستیش لە کاتی جەنگە ئاینیەکاندا فەرەنسیە پرۆستانتەکان، ئەلمانو ئینگلیزەکانیان بەکرێ دەگرت لە دژی فەرەنسیە کاتولیکەکان، لە هەلمەتە ئیمپرالیزمەکانی فەرەنساش بۆ جیهان تیپێکی جاشی بیانیان هەبوو ژمارەیان (٢٢٠٠٠) بوو زۆربەیان ئەلمانی بوون، دوای بوونە کرێگرتەی جیهانی هەرچی ئیشی جەنگی پێ بوونایە بۆیان دەکرد بەو کرێیەی لەسەری رێك دەکەوتن، لە جەنگەکانی جیهانی یەکەم بە فراوانتر بەکار هات، ئێستاش ئەو جۆرە (مرتزقەیە) زیاتر نزیکە لە دیاردەی جاش، چونکە تەکنۆلۆجیای نوێ زۆر پێویستی بە ئەفەر نەماوە بۆ یەکلاکردنەوەی جەنگ بەلاّم، هەردەم سوپای داگیرکەر پێویستی بە چاوساغی نێو میللەتی داگیرکراوەکە هەیە، ئەو جاشانەش کاریگەررو شارەزاترن، بۆیە سیستەمی (مرتزقە) بەرەو گۆڕانی تەواوە بۆ سیستەمی (جاش) بە تایبەتی لەو نیشتیمانانەی داگیرکراون.

ناوی جاش لە شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ زیاتر پەرەی سەند هەرچەندە لە بنەچەدا هەر لە لایەن سەرەك هۆزە خۆفرۆشەکان سەری هەلّداوە، بەلاّم دوو هەنگاو کاریگەریەکی قوولیان کردە سەر فراوانبوونی ئەو دیاردەیە، یەکەم ناکۆکی بالّی (م.س) پ ـ د ـ ك لەگەلّ (مەلا مصطفی) لە ئەنجاما وەرچەرخانی بالّی (م ـ س) بەلای داگیرکەری حکومەتی عێراقو چەك هەلگرتنیان لە دژی شۆڕشی کوردستان لە ١٩٦٦ - ١٩٧٠ کە بە (جەلالی) ناسران، دووەم چەك هەلگرتنی (تەنیا لیژنەی ئیقلیمی کوردستان)ی حزبی شیوعی عێراق لە فەترەی ١٩٧٣ - ١٩٧٥ لە دژی شۆڕشی کوردستان، ناسۆیەکی ترسناکی فیکریو

سياسی و سايكۆلۆجی كۆمەڵايەتی وەرگرت وئەو ديوارە شەرمانەی شكاند، بەو شێوەيە جاشايەتی لە ژێرخانی كۆمەڵگەی خێلەكی وستونی وعەوام وئەفاميەوە پەڕيەوە ڕيزی ڕەوشەنبير و سياسەتمەدارو و سەركردەو كۆمەڵگەی مەدەنيەوە، بانگێشەی ڕاستی پاساويەتی سياسی بۆ دەكرا..، بۆيە چەمكی "جاشايەتی پەتی "فراوان تر بوو لقی تری لێ بووە وەك: جاشی قەلەم، جاشی ئايدولوژيا، جاشی بێژەر، جاشی سياسی، ... ئيتر لە جاشايەتيەكی نامۆی دەگمەن بەرەو بووە پيشەيەكی نيمچە ناسای، لەگەل هەندێ هۆكاری تر لەدوای با ـ دەكرێ بە تايبەتی لە شۆرشی نوێی كوردستان بە پێشەنگی (ی.ن.ك) گەورەترين قەبارەی جاشايەتی لە مێژووی كوردستان بەخۆوە بينيوە ... ژمارەی جاش نزيكەی (٤٥٠) جار بە ئەندازەی پێش مەرگە بووە، ئەوەش نەك لە مێژووی كورد، لە مێژووی سياسی هيچ ميللەتێك وێنەی نيەو نەبوە، بەشداری ئەو تاوانانەی ئەنفال، وێران و سوتاندن، كيميايی، تالان، ... يان كردووە وببوونە پێشەنگی سوپای عێراق ، سەرەڕای تێكدەرانەی ڕەوشتی كوردەواری و ڕۆڵێكی مازدەكی و مانيانەيان بۆ دەسەڵاتدارانی داگيركەر كردوە، هەر لەگەل ڕاپەڕينی ١٩٩١ ی كوردستان وتێكەڵ بوونی جاش و پێشمەرگە يەكسەر بەها و نەريتەكانی جاشی زاڵ بوو ... بۆيە سيفەتی پێش مەرگەی نوێ ناوا دزێوە ٠

مێژووی (جاش)لە كوردستان زۆر كۆن نيە، لەگەل مێژووی سياسی نەتەوەی كوردە لە دەوروبەری سالآنی١٩٢٠ وە دروست بووە، جارجار لە ئەدەبياتی ئەو سەردەمی ناوی جاش بە دەگمەن هاتووە، هەرچەندە هەندێ مێژووناس زيادە ڕەوی دەكەن وئەو دياردەيە بۆهەزاران سالٚ دەگێڕنەوە، هەشە بۆ جەنگی چالدێران، ... بەشێكی زۆريش بۆ سوارەی حميدی دەگێڕنەوە ... ئەو زيادەڕەويە دروست نيە، ئەوە هەمان تێڕوانينە چەوتەكەيە سەبارەت بە مێژووی سياسی كوردو سەربردەی مەينەتی كورد، .. بەڵام ڕاستيەكەی ئەوەيە بەپێ ی پێ ناسەكەشی كە (چەك دژی داخوازيە سياسيەكانی ميللەتی كوردستان هەڵگری)

... ئــەوە نەهــەزاران ســاڵە ونەچاڵدێرانیــشە، .. هــەتا ســوارەی حمیــدیش کــە دیاردەیەکی ناپەسەند بووە مادام فرۆشتنی ئەرکێکی فکری ونیشتیمانی بە پـارەو پوول بەڵام بە (جاش) حساب نەبوون، چونکە لە دژی میللەتی خۆیان نــەبوون لــە دژی ڕووس و ڕۆژئاوا و تا ڕادەیــەکیش ئەرمــەن، هــەروەك لــەو ڕوون کردنــەوەی کتێبی (الملل والنحل والاعراق) ل٢١٨ هاتووە (عوسمانیەکان ســەربەخۆی تــەواوی دابووە کوردەکان هەتا لە باجیش،، سکەشیان هــەبووە، تــەنها بەرامبــەر ئــەوەی کوردەکان بە میلشیای خۆیان سنورەکانیان بپارێزن ولەکاتی هێرشی دەرەکیش بــە هانای عوسمانیەکان بێن)، هەروەهابە پێی ڕیککەوتنی (سولتان -بەدلیسی)کە لە ١٥١٤زمۆر کرابوو وەك دوو دەولەت لە مــادەی (٤)و(أ) هــاتبوو هــەردوولا لــە کاتی دەست درێژی دەرەکی یارمەتی یەکتر بدەن، نەك تەنها کــورد . ئــیتر ئــەوە بەندێکی بنچینەی سیستەمەکانی فــدرالی کۆنفــدرالی و... هــەموو بەرگریــەکی هاوبەشە.. جا سوارەی حمیدی لەو چوارچێوە مێژووییــە دروســت بــووە، ســوارەی حمیدی لە سەردەمی خەلافەت هەتا ١٩٠٨ ز جیایە لەگەل سوارەی حمیــدی دوای ئەو مێژووە، لە ڕاستیدا لە دوای ئەوەی ئیتحادیــە عەلمانیــەکان ئینقلابیــان کــرد بەسەر خەلافەت و دروشمی تورکایەتیان هەلگرت دژی نەتەوەی تر بوون، ئەوا ئــەو جارە سوارەی حمیــدی بــەکارهێنرا بــۆ دژی نەتەوەکــەی خــۆی، بــۆ دژی شۆڕشــی عبدالسلام بارزانی ومەلا سلیم .. ئینجا ناویشی گــۆڕا لــە ســوارەی حمیدی بــۆ (أفواج خفیفة-ئەو ناوەی ئەفواجی سەردەمی بەعس لەوە هاتووە) ... ئــیتر لــەو مێژووە بە (جاش) حسابن ، کەواتە سوارەی حمیــدی وجــاش لێــك جــودان، هــەتا (مرتزقە)ش نین مادام بۆ هەموو دەسەلاتداریکیان نەکردووە، بەپێ ی پــێ ناســی (قاموس سیاسیة)مرتزقە ئەو جەنگاوەرانــەن کــە خزمەتەکــەیان دەفرۆشــنە هــەر یەکێك پێویستیان پێ بێ بەرامبــەر هەنــدێ پــارەو پــوول بــێ ڕەچــاوی شــەرم و ئەخــلاق وحەرامی نیشتیمانی. ئەگەرچی (سوارەی حمیــدی) جێــی شــانازی نیــە، بوار دەدات بکرێتە پاساوێکی فکری و مێژووی بۆ ئــەو دیاردەیــە، لەوســەردەمی

خێڵە عەرەبەکانیش لەلای خێڵە کوردەکان دەبوونەوە "سوارە"بەناوی (ساریــچە)، لە سەردەمی دەسەڵاتی فارس لە خواروی عێرلق بەو عەرەبانــەی جاشـی فـارس بوون دەووترا "شەبانە"واتە پاسەوانی شەو، لەدوای داگیرکردنی عێراق لـە لایـەن بەریتانیاوە دیسان دیاردەی جاشایەتی لەنێو عەرەب بەناوی شەبانەو "حوشـیە"و فرسان صلاح الدین سەری هەڵدا، لەنێو مەسیحیش بەناوی" لیڤـی" و"تـەیاری" پەیدابون، لەناو کورد زاراوەیەك هەیە وا پێدەچی سەرچاوەکەی جاشـایەتی بێـت، زاراوەی "حیز"، لە حفیز هاتووە بەپێی د علی الوردی، بەوانە دەووترا "حفیز"ی کە هاوشۆی (ئوفیس-offic)ی بەریتانیان دەکرد بە نهێنی، ئەو ووشەیە لـەنێو کوردو عەرەب ناشرین بوو، دوای وای لێهـات هەرچـی بـۆ دوژمـن کـارێکی وای بکردبایە لەنێو عەرەب دەبووە حەفیزو لەنێو کوردیش "حیز".

لە ئەستۆی کام مەدرەســەیە ؟

زۆر روونە جاشایەتی لـە چوارچـێوەی (شـەرعیەتی بەرژەوەنـدی تایبـەت)ەوە دێت، واتە لەو کەسانەی کە لایـەنی مـاددیو دنیاییـان تـەواو زاڵ بێـت بەسـەر لایـەنی ئـەخلاقیو ئـایینی، لـەو پۆلـە خەلکـە سـەرهەڵدەدا کـە ئایـدولۆژیاو بیروباوەرەکـانی بەنـدەی قـازانجو بەرژەوەندیـەتی ... واتـە زیـاتر لیبـــرالیە... جێگەی سەرنجە دیاردەی جاشایەتی هەروەك لەگەڵ سەرهەڵدانی عەلمانیەت سەری هەڵداوە ئاواش بە هاوتایی گەشەیان کردووە، کەواتە جاشایەتی زادەی سیـستەمو تەرزێکی تایبـەتی کۆمەلگـەی نـەفامیو مەدرەسـەی فیکـریو سیاسـیە، لـەو کۆمەلگە داروخاوانە شین دەبێ کە بناغەی ئەخلاقیو پەروەردەکانیان دارمـاوە، بەتایبەتی لە کۆمەلگەی خێڵەکی ستونی دوورە ئاین.

کۆمەلگەی جیهـانی سـێیەم زۆر کاریگـەرە بـە نەفامیونـەریتی عـەوامیو خێلەکی ستونی، تەنیا ئایینە رێگـە لـە دیـاردە نێگەتیڤـە پـەنگ خواردووکـان بگرێ، کاتێ عەلمانیش لەو دۆخە دەیەوێ جێ بە ئاین لەق بکا ئـەوا بـە خێرایـی

بۆشایی مەزن پەیدا دەکا ودیاردەی جاشایەتی وەك (دەرد) ئامادەیە سەرهەڵدا ئەگەر پێویست بێ، چونکە عەلمانی نوێ زیاتر لیبراڵە، کەمتر خاوەنی بنەماو بیروباوەڕو پەروەردەیە تا ڕێگری دەروونی بێت لەو کەسانە، بۆیە لەگەڵ وەرچەرخانی سەرکردایەتی لەدەست سەرکردەیەکی کاریزمی وەك (مەلا مصطفی) بۆ سیستەمی سەرکردایەتی عەلمانی ژمارەی جاش ١٥٠ هێندە زیادی کرد لە قۆناغی نوێدا، بنەماکانی عەلمانیەت لە چەپی‌و لیبراڵی‌و سۆشیالیستی تا زاڵ تر بوو بەسەر بنەماکانی ڕەوشتی کوردەواری ئەوا زیاتر زەمینەی دەروونی کۆمەڵایەتی دەسازا بۆ زیادکردنی جاش، هەرچەندە عەلمانیەتی کوردی شۆڕش گێڕو ماندوو نەناس بووینە، بەڵام بیرو کردەو ئایدۆلۆژیایان یارمەتیدەری ئەو دیاردەیە بووە، تا ئەو ساتەش ڕەوت‌و ڕەفتارو ئەزموونەکانیان هاندەرە با واشیان نەوسیتبێ، بۆیە دەبینین ئێستا ئیسلامیەکان زیاتر نیشتمان پەروەرو وڵات پارێزن، بە پێچەوانەوە ئەوەی هاریکاری دوژمنی داگیرکەری کردووەو دەکا زیاتر لە ڕیزی عەلمانیەتە، لە کۆنەوە لەنێو عەرەب لە شام لە میسر لە کەنداو لە عێراق.. خۆیان دەچوون هێزی بەریتانی‌و فەرەنسی یان ...دەهێنا بۆ سەر وڵاتی خۆیان بەتایبەتی لە کۆتایی سەدەی ١٩، ئنجا ناچار ئیسلامیەکان بە شۆڕش هەڵدەستان، شۆڕشەکانی مەهدی لە سودان خەتابی لە مەغریب بادیسی‌و عبدالقادر جەزائیری لە جەزائیرو عومەر ئەلموختار لە لیبیا شۆڕشی بیست لە خوارووی عێراق سەرەنجامی ئەو سەربردانەن، لەنێو کوردیش کەمێك ئەو نەریتە بە شێوەیەکی تر هەبووە میرنشینەکان لە ڕقی یەکتر جاروابوە وایان کردووە هەروەك لە براکوژیەکانی ئەو دواییەی نێوان پارتی‌و یەکێتی وایان کرد، لەو سەردەمەش هەروایەو ئیسلامیەکانن زیاتر بەرگریکەرن هەر لەوساتەی نوسین دەبینین لە سۆمال چۆن لایەنی عەلمانی دەسەڵاتدار لەپێناو مانەوەی ئەسیوبیای دوژمنی داگیرکەری (هەرێمی ئۆگادین)ی هێناوە لەدژی (اتحاد المحاكم الاسلامية)، هەروەهاش بزوتنەوەی فەتح لە دوای دۆڕاندنی لە هەڵبژاردنەکەی فەلەستین و

هاوپەیانی نێوان فەتح و ئوردەن و میسر لە دژی حەماس و جیهادو نیشتمان پەروەرە دڵسۆزەکان، ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە لوبنان، فەلەستین، چیچان، کشمیر، .. زۆربەی ئەو وڵاتانەی کێشەی داگیرکاریان هەیە ئەوا بەزەقی دەبینین لایەنە ئیسلامیەکانن وڵات پارێز، ئەگەر لوبنان بە نمونە وەرگرین، لە ساڵی ١٩٨١ ئیسرائیل خوارووی لوبنانی راستەوخۆتر داگیر کرد، ئەو کاتی حزبە عەلمانیو نیشتمانیەکان هەموو میلیشیایان لە دژی یەك هەبوو، کەچی کەس بەرگری نەکرد هەتا سوپای لوبنانیش- جا نازانرێ ئیتر ئەرکی سوپا چیە ئەگەر پاسەوانی نیشتمان نەکا!!، تەنها لایەنە ئیسلامیەکان (حرکة التوحيد والجماعة) بە سەرۆکایەتی فتحی یکن بە رابەرایەتی "حزب الله"پێی هەڵسان.

لەسەردەمی ناکۆکی لایەنە عەلمانیەکان لەگەڵ باڵی مەلا مستەفا دوو رێبازی سروشتی خۆی وا وەرگرت: یەکەمیان بەرەو جاشایەتیو دووەمیش بەرەو وڵات پارێزی، هەر بەگشتی مەدرەسەی بیروباوەڕدارەکانی وەك چەپیو ئیسلامی کەمتر دیاردەی جاشایەتیان لێی پەیدابوە، بەو دەروازەیەوە دەچینە ناو هۆیەکانی زیادکردنی دیاردەی جاش لە کوردستان بەو ئەندازە ئەشیاوە.

هۆیەکانی زیادبوونی جاشایەتی :

١- قازانج کردنیان لە ئەزموونی جاشایەتی بێ سزاو تەئدیب.

٢- پەرینەوەی ئەو دیاردە لە دواکەوتەیی وخێڵەکی بۆ ناو خەڵکانی سیاسی حزبی.

٣- ناکۆکی ناوەخۆییو شەڕەکانی براکوژی..

٤- پەروەردەی عەلمانی بە هەموو مەدرەسەکانی- چەپی، لیبراڵی، سۆشیالستی، نەتەوەیی، ... وای کرد لە جێی رەوشتی کوردەواری باڵاو خاوەن بەهای (عەیبەو گوناھە) وەرگرێو ببێتە دیلی مادەو سەرشۆڕی...

٥- يەكێ لـە ئەنجامـەكانی خـاڵی (٤) بریتیـە لـە وەرگـەڕانی (بەرژەوەنـدی گشتی) بۆ (بەرژەوەندی تایبەتی)و ئیدی بەدەیان سـەرەنجامی خراپـی تـری لێ هەڵدەقوڵێتەوە، لەوانەش جاشایەتی.

٦- ماڵ وێرانـی بـۆ لایـەنگیری شـۆڕش (جگـە لـە چـینێكی دەسـەڵاتدار)و ئیمتیـازیش بـۆ جاشـەكان، ... بـەردەوامبوونی ئـەو گیانـە مـاددی‌و كۆمەڵایەتیـەیان لـە دوای ڕاپـەڕین‌و سـەردەمی حكومەتـەكان هـەرێمی كوردستان ... ئەوا مەزنترین هاندەری دەروونیە..

٧- خیتابی سیاسی‌و بەرنامەو سیرەی سـەركردەكان‌و نـەبوونی دادگـەری بـە گشتی لەناو شۆڕش‌و.. هاندەرێكی تری بەهێزی ئەو دیاردەیە.

٨- هەروەك روون كرایەوە جاشایەتی وەك هەنـدێ بـەكتریای پـیس تـەنها لـە شوێنی بۆگەن دەژی، ئاواش جاشـایەتی‌و دەسـەڵاتی گەنـدەڵی‌و بـەرتیل‌و خۆپەرستان‌و بێبیروباوەڕەكان .. لـە كۆمەڵگەیـەكی نـەخۆش‌و داڕووخـاو دەژین، كەواتە وەك مەنهەجی ئەوانە كۆمەڵگەی پاكیان نـاوی، ئـیتر ئـەو بارودۆخـە نوێیـەی لـە كۆمەڵگـەی كـوردەواری سـەری هەڵـداوە وەك: بێبەڵێنی، خۆویستی، بەرژەوەنـدی تایبـەت ویـستی، دوورە ئـاین، دوورە بەهای ڕەسەنایەتی كـوردەواری، بـێ سـەوابتی، ئەوبـەر ئەوبـەر لـەپێناو گیـرفان، شەر لەپێناو دەسەڵات‌و ماددە.. هەموو ئەوانە بنەماو زەمینەی بەهێزن بۆ سەرهەڵدان‌و بەردەوامی جاشـایەتی دروسـت دەكـەن، زیـادیش دەكا لەگەڵ زیادبوونی ئەو دیاردە دزیوانـە، لـەوەش خراتـر بـە ئاشـكراو بێشـەرم دیفـاع لـەو جـۆرە دیاردانـە بكرێـت، هـەموو ئەوانـە بـارێكی دەروونی‌و كۆمەڵایەتی‌و نیشتمانی‌و سیاسی‌و فیكـری سـانا بـۆ دیـاردەی جاش دروست دەكەن.

٩- دروستبوونی جۆرێك لە ڕای گشتی سەبارەت بـە چـەند ڕاسـتیەك كـە لـە دوای ئـەزمونێكی زۆر لای خـەڵك وەك (هـەمووی بـۆ گیرفانیـەتی)،

(هەرکەس بۆ خۆیەتی) (هــەر فەقیـــرە تێدەچــێ) (پــارە بوویتــە هــەموو شتێك)...

ئەوانە بنەمای ترسناکن لە داڕووخانی بناغەکانی کۆمەڵو دیوارەکانی عەیبــە ئیتر کێ پارەی دەستکەوێ بە هەر ئامرازێك پێی دەڵێت بـووە پیــاو .... ئەوانــە جۆرێك لە میکاڤیلیەتی ماڵداری وای دروست کردووە کە جاشایەتیش لەو پێناوە حەلال بێت..

ئێستاش لەژێر سایەی ئەو گەندەڵیە سامناکەی کوردستــان هــیچ زەمانــەتێك نەماوە بۆ دووبارە نەبوونەوە بە شێوەیەکی فراوان.

(٢٥)

میان ڕەوی الوسطیة ـ اعتدال Moderate

لەو سەردەمە(میان ڕەوی) وەك زاراوەیەكی جیهانی بە زۆر جۆر بەكارهاتووە ، بەلام ئیستا مەبەست لیّ ی زیاتر ئەو تەیارە ئیسلامیانەیە كـە لـە دژخـە هـەرە سەختەكان و پێویستەكانیش نەرمن وپەنا بۆ بەرگری نابەن، .. گەلیّ جـاریش بـە هەموو گروپ و دەستەو تاقمێك دەووترێ "میان ڕەو"كە لە قـەیران و گرفتـەكان دا هەلوێستیان لاوازە و زیاتر لەگەل بەرنامـە و بەرژەوەنـدی زل هێـزان دێتـەوە، تەیاری (اخوان المسلمین) زیاتر ئەو زاراوە بەكاردەهێنن وخۆیان بە تەیارێكی میان ڕەو دەناسێنن بـۆ خۆجیاكردنـەوە لـە تـەیاری توونـد ڕەو، بـەو جـۆرە بزوتنـەوە ئیسلامی و نا ئیسلامیانەش دەووترێ توندڕەو كە بە ساناى بۆ داگیركەرو جیهان خۆران ناوەستن و پەنا بۆ بـەرگریش دەبـەن وەك بزوتنـەوەكانی:حمـاس و جیهـادی فەلەستینی، حزب الله ی لبنانی، كـشمیر، چیـچان، بـەرەی مـۆرۆ لـە فیلیـپین، جەزائر،...، ئەو دابەشیەی میان ڕەوی ئیسلامی وتووند ڕەوی لـە دوای شۆرشـی ئیسلامی ئێرانی ١٩٧٩ هات وجیهانی هەژاند، ناوی توند ڕەوی كەوتە سەر ئـەو شۆرشە وهەموو ئەو بزوتنەوانەی لە دوای ئەو سەریان هەلدا، بەلآم بـەركاهێنانی ئەو زاراوەیە كۆنە، هەردەم داگیركار بە جاش و لایـەنگیرانی خـۆی وتـووە میـان ڕەو، بەبەرەی بەرگری وپێش مەرگەی رزگـاری وتـووە تونـد ڕەو، ئینگلیـز نـاوی توند ڕەوی دابـووە پـال هـەموو ئـەو كوردانـەی ناواتـە خـوازی كوردسـتانێكی سـەربەخوبوون ،بەرابـەرانی شۆرشـی بیـستی ئیراقیـشیان دەووت،هـەروەك بـە عەرەبەكانی (فلستین) یش دەووترا توندڕەو كەمتر بە یەهودیەكان ووتراوە ئەگـەر

چی زۆرداریش بووینه، ئەو ناوزەدکردنە ئێستا زیاتر قەتیس کراوە بۆ ئیسلامیەکان، لەوساتەش تەیاری (برایان) ناسنامەی (میان ڕەوی)یان بەخۆداوە. لەو سەردەمەی واقیعی ڕابوونی ئیسلامی جیهانی سێ پۆلی سەرەکی لەو بارەیەوە لێ خەملیوە:

١- پۆلێکی هەردەم زۆر توند، زیاتر لە (ئەلقاعیدە) خۆی دەنوێنێت لەو ساتەدا.
٢- پۆلێکی هەردەم زۆر نەرم کە خۆی لە (برایان- أخوان) دەنوێنێت لەو ساتەدا.
٣- پۆلی سێیەم پۆلێکی نێوەڕاستی هەردوولایە کە بریتین لە باقی بزوتنەوە ئیسلامیەکانی جیهان کە دوای زیاتری لێ باس دەکەین.

هەڵبەتە ئیسلام بە سروشتی خۆی میان ڕەوە، بەڵام میان ڕەوی مانای هەردەم نەرمو بێدەنگو بێ بەرگری نیە وەك لە قورئانو فەرمودەکانو فیکری ئیسلامدا دەردەکەوێ،(وجعلناکم امة وسطا)، وا هەندی نمونەی لە ڕای زانایان هەڵدەبژێرین:

- فارابی لە کتێبی (اهل مدینة الفاضلة) دەڵێ: میان ڕەوی لە نێوان هەردەم پێکەنین وهەردەم داماویە، هەردەم خۆشی وهەردەم ناخۆشیە[١] .
- هەرخودی میان ڕەوی (إعتدال) لەگەڵ (عدالة- دادگەری) یەك جەوهەرن، بۆیە لە فیکری ئیسلامدا میان ڕەویو دادگەری لە (مقاصدەکانی) شەریعەتی ئیسلامین، (ابن سیناء) لەوبارەیەوە دەڵێ (العدالة وسط بین الظلم والظلام).
- لە (دستور العلماء)ش هاتووە: بین التفریط والمفرط.[٢]
- پێناسی (حکمة) لە کۆنەوە لە (تعریفات جرجانی) واهاتووە: (الحکمة هی هیئة القوة تحولیة العلمیة المتوسطة بین الجزیرة التي هي افراط القوة والبلادة التي هي تفرطها)[٣].

---

١ بۆ زیاتر سەرنج بدە (موسوعة المصطلحات العلم الاجتماع والسیاسي في فکر الاسلامی) مادة: الاعتدال.
٢ موسوعة مصطلحات جامع العلومـ قاض نطیری.
٣ الجرجاني - ل٥٤

- هەروەها بن يوسف العامرى لە كتێبى (سعادة الإ سعاد)دەڵێ: سياسەتى ڕاستو ميانڕەو ئەوەيە لەسەر هەردوو تەوەرى توندو نەرم، ترغيب وترهيب، بڕواو، هەريەكەيان لە زەمانو زەمينى خۆى بەكاربهێنى، ئەگينا سياسەتێكى نادروستە .
- ئەرستۆش لە كۆنەوە وتوويەتى: السياسة أهل الذراوة لاتستوى ولاتستقيم البتة الابالإضافة والهوات، بأن السياسة اهل الشرق لاتستقيم الا بالكرامة والإحسان.
- د. محمد عمارەش لە كتێبى (معركة المصطلحات) دەڵێ: وسطية الاسلامية ... هى انها عدل والتوازن بين قطبين ... وليست انحياز لواحد منهما ولا مقابزة التامة لهما! انها حق بين باطلين، ... والعدل بين ظلمين، والاعتدال والتوازن بين تطرفين وغلوين .

لە پێناسەكانو لە مقاصدى فيكرى ئيسلاميشدا دەردەكەوێ كە ئيسلام خۆى ميان ڕەوە نەك ميان ڕەوى ئيسلامى، هەروەك ياساكانى سروشتيش هەمووى لەسەر بنچينەى عەيارو ميان ڕەويە، ئينجا ئەو ژيانەى ئێمەى پێ بەرد.ام دەبێت لە نێوان هەموو ئەو دژو جەمسەرانەى وەك: (خێرايى وەستان) (گەرم-سارد)(ڕەق- نەرم) (بەرز- نزم) (مەحال- مسۆگەر)...، خۆ ئەگەر ئەو سروشتەى ئێمە تاك جەمسەر بوايە (واتە تەنها خێرايىو گەرمو ڕەق ...، ناوەڕاستەكانيان نەبوايە ئەوا پەكمان دەكەوت، ژيان كۆتايى دەهات، يان ڕاستتر ژيان هەر نەدەبوو، بەڵام خوا ئەم گەردوونەى وا بۆ ئێمە ڕێكو پەخ كردووە بسازێت، بە هۆى ئەو (ميانڕەويە)ى لە نێوان زۆر گەرمو زۆر سارد زۆر ڕەقو زۆر نەرم، ... خۆ بە هەزاران پلەى گەرمى لەو بوونەوەرە هەيە بە هەزارانيش لەژێر سفر هەيە، سەرنج بدەين ئەگەر زەوى ئێمە لە پلەى گەرمى ١٠,٠٠٠ بوايە يان ١٠,٠٠٠ لەژێر سفر بوايە يەكسەر ژيانو مێژوو دەوەستا، هەموو ئەوانە هاتوونەتە نێوانێكى هاوسەنگ ئەستاندەر، ژيانى ئاسايىو تێكرايى لە نێوان ١٥پلەو تا ٥٥

پله دەجولێ ... ئەو بابەتە لە سروشتی پێ ی دەووترێ (هاوسەنگی)، نە نەرم بێ نەرەق، نەسارد بێ نەگەرم ... نە پێچەوانەکانیش، بوونایەتی (وجود)لە بوونی هەردووجەمسەری دژ بەیەك دەبێت، بەو شێوەیە ئەو میانرەوی (اعتدالە) جەستەی ئێمەشی پێك هێناوە بەدروستی وستاندەری، هەر بەزاندنێك لەو هاوسەنگی ومیان رەویە چ لەسروشت چ لە ژیانی جەستەمان و ئینجا ژیانی کۆمەڵایەتیشمان بە کارەساتی ترسناك کۆتای دێت، لە یەکەمیان کارەساتی سروشتی، لە دووەما نەخۆشی سامناك لە سێ یەما کێشەو گرفتەکانی کۆمەلایەتی وسیاسیی و ژیاری .

شریعەتی ئیسلامی ویاسا سروشتیەکان و میان ڕەوی کۆمەڵایەتی یەك سەرچاوەی هەیەو یەکتریش پاسادان دەکەن، لەسەر ئەو بنچینە قوولانە شریعەت هاتووە کە هەماهەنگە لەگەل یاساکانی سروشت وتەبیعاتەکانی مرۆڤ و لایەنی فسیولوجی و بایلۆجی ومرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتیش، نابەو شێوە شریعەتی ئیسلامی خۆی بە میان ڕەوی هاتووە ئەو کاتی کە تووندە، سزایە، بکوژە، .. هەر میان ڕەویە ... مانای میان ڕەوی هەرنەرمی وهەربێ دەنگی وخۆ بەدەستەوە دان نیە، .. ئەوە بنەمای ئیسلامە کەواتە ئەو زاراوە ناوێتەیەی (ئیسلامی میان ڕەو) (ئیسلامی سیاسی) (ئیسلامی نەرم) (ئیسلامی سەردەم) ... هەڵە ویەڵەیە، واتەئیسلامی نامیان ڕەو ئیسلامی ناسیاسی وئیسلامی توندیش هەیە، ئیسلام پارچە پارچە ناکرێ تا بەشەر بێت چاك ونیجابیاتەکانی لێ هەلبژێرێ .. هەروەك د. محمد عمارە [1] ، د.یوسف قەرزاوی لەگەڵ کۆمەڵێك زانای تری لەو ترازە وای بۆ چووینە، لەگەڵ زانیاریەکی زۆر وخزمەتێکی زۆریشیان وا پیدەچی لەو تێڕوانینەدا ورد نەبن کە دەلێن ئێمە ئیسلامی میانڕەومان هەڵبژاردووە بە واتا گول بژێرێکی ئیجابیان لە ئیسلام کردووە ودوای دەستکاری ئەوەیان لێ هەڵبژاردووە، بەشێکیش لە ئیسلام کە توندە بێ کەلکە

[1] بۆ زیاتر سەرنج بدە (معرکة المصطلحات) .. وای تۆمارکردووە (الوسطیة الاسلامیة)

بەجێیان هێشتووە !! . ئەوە زۆر ڕوونە ناشیّ ونابێت،با ئەو مەبەستەشیان نەبیّ ، دەروازەی ترسناك دەكاتەوە لەسەر خودی ئیسلام، دەشی بلّی موسولّمانی توندڕەو، نەرم ڕەو، میان ڕەو یان تەیاری توند ڕەو ونەرم ڕەو بەلام بۆ خودی ئیسلام هەلّەیە ... ئیسلام خۆی سیاسیە، میان ڕەوە پێویست بە ناوەلناوی ئیسلامی سیاسی، ئیسلامی میان ڕەو ... ناكا ٠

هەرچی مدرسەو ئاین وئایدۆلۆژیای ترە كەزیاتر لەژێر كاریگەری مروڤە ئەوا هەلەو چەوتیەكەی لەوە دیّ لایەك زیاتر دەگریّ بە پیّ ی (عەقلی كورت بینی) مرۆڤ وناتوانیّ ئەو ستاندەرانە بدۆزێتەوە ومیان ڕەوبێت، دەبینین لیبرالیەت ئازادیەكی بیّ سنور دەداتە تاك، شیوعیەتیش هەموو ئەو ئازادیەی ستاندۆتەوە، .. لەو لایە دەبینین ئەو مسیحیەتی ئێستا زۆر لاهوتیە، زۆر نەرمە، هەمووی لیّ بووردنە، هەمووی قیامەتیە ... كەچی یەهوودی زۆر توندە . دەبینین بەرنامەی ئیسلام میان ڕەوە لەنێوان ئەو دوو تێپەرینەو بریتیە لە: ئازادی بە سنور، دنیای و قیامەتی، روحی مادی، لیّ بووردەی وسزا، .. هەلبەتە میان ڕەوی ئیسلام و شریعەتەكەی نەهاتووە بەدوای بەرنامەی مرۆڤ كەوتبێت و بە ڕاستە وسانتیمەتر ناوەڕاستەكانی ئەو لاو ئەم لای دۆزیبێتەوەو ناوی نابیّ میان ڕەو و ناوەڕاست، نەهاتووە بەرنامەكانی لە نێوان نەرمیەتی مسیحی وتووندی یەهودی، لە نێوان بەرنامەی سەرمایەداری وبەرنامەی شیوعیەت، لە نێوان رادیكالی و پارێزگاری، لە نێوان نویگەرای وكەلتورایی .. هەلبژێریت وبارەگایەكی لە نێوان هەردوولا بكاتەوە ...، بەرنامەكانی دانەڕشتراوە لەسەر بنەمای (توفیقیە بین ماهو موجود)، نەهاتووە هەربەشێك لەلاكانی بەرامبەریەك وەرگرێت، بەلكو لە پێش ئەوانە ولەسەر بنچینەیەكی قوولی گەردوونی بەرنامەكانی خۆی داڕشتووە، بەرنامەی بەشەریە ئەو ستاندەروناوەڕاستەی نەدۆزێتەوە، بۆیە گەلیّ جار مەرج نیە هەق وراستی لە ناوەڕاستی دوولای دژ بەیەك بێت، جاروایە بە حوكمی سروشتی ئیسلام لە لایەك نزیك ترە، هەر بە نمونە،لە دیموكراسی نزیك ترە نەك

دکتاتۆری، لە ئابووری سۆشیالستی نزیك ترە نەك لە هەردوو ئابووری شیوعیەت سەرمایەداری، لێرەدا هەندێ هەلوەستە دروست دەبێ لەسەر لایەك لە پێ ناسەکانی پێشوو بە تایبەتی (د.محمد عمارە) مەرج نیە بە هاوسەنگی لە نێوان دوو (باطل)، دوو (غلو)...، بە پێچەوانە هەموو (باطلەکان) لە جەمسەرێکن و بەرنامەی ئیسلام لە نێوانیان نیە لە بەرامبەریتیان بە گشتیەکەی نەك لە (موفرەداتی).

میان ڕەوی وتەیارە ئیسلامیەکانی نوێ:

هەڵبەتە مەسەلەی ئەو پۆلێنانەی میان ڕەوی وتوونـد ڕەوی هەر بۆ ئیسلامیەکان دانەتراشراوە، لە بوهاری شیوعیەتیش ئەو دابەشیە هەبووە، بە بەشێکی تەواو پەیرەوکەری مارکسیەت دەووترا توونـد ڕەو، ئەوەی لە ژێر ڕۆشنایی سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەتی سەودای لەسەر بنەماکانی مارکسیەت دەکرد گەلێ جار پێ یان دەووترا میان ڕەو، ئەو پۆلێنە بۆ زۆربەی بزوتنەوە بەرگری وشۆرشگێڕەکانی وتراوە، لە زۆربەی ئەو پۆلێنانە (بەچەپیەکانیشەوە) سێ پۆلی سەرەکی بووینە، هەر بە نمونە لەناو حزب و ڕێکخراوە مارکسیەکانیش (٣) پۆلی سەرەکی هەبوو:

<u>پۆلی یەکەم</u> زۆر توندەکان کە بریتی بوون لە ڕێکخراوەکانی: بادرمانیهۆف، الویە الحمراء، فیدائی خەلق، یەکێتی باکۆینن..، زۆر ڕێکخراوی توندی تری جیهانی سێ یەم، تا ڕادەیەك لە کۆمەنیستی (چینی) نزیك تربوون کە بە (شۆرشگێری)بەناوبانگ بوون.

<u>پۆلی دووەم</u> بریتی بوو لە حزبە شیوعیەکانی ئەوروپا کە بە (ئۆرۆشیوعی) ناوزەد دەکران، ئەوانە تا ڕادەیەك نزیك بوون لە ئەزموونەکانی سوشیالی دیمکراسیەکان بە ئاشتیانەی هەلبژاردن ومل ملانێ ی دیمکراسیانەو هاتوونە

گۆڕەپانی سیاسی لەگەڵ حزبی برجوازیو لیبراڵیو سیستەمی سەرمایەداری بە گشتی .. ئەوانە تەواو لەگەڵ دەقەکانی مارکسی پێچەوانە بوون.

پۆلی سێیەم حزبە شیوعیەکانی تر کە بە هەردوو ڕێگەی ئامرازی شۆڕشگێڕیو ئاشتی کاریان دەکرد، لەناو ڕابوونی ئیسلامی هاوچەرخیش لەبەر چەندین هۆی مەعریفیو مێژوویی هونەریو سیاسیو سایکۆلۆژی لە کۆتاییدا فرە تەیار لە بزوتنەوە ئیسلامیەکان سەری هەڵداو سێ پرۆژەی سەرەکی لێ خەملی، هەریەکە لە کۆمەڵێك ئامرازی بنچینەی لێك جیان، بەڵام لە ئامانجدا هاوبەشن، بەو شێوەیەی خوارەوە:

پۆلی یەکەم:

بریتین لە پرۆژەی (اخوان المسلمین)و هەندێ تەیاری نزیك لەوان، ئەوانە پێ یان وایە مەرج نیە جیهاد مانای ناخۆشیو توندوتیژیو بەرگری بێت، ئەوەی بە ناخۆشی دێتەدی بە خۆشیو ئاشتیش دێتەدیو بە بەرهەم تریشە، لە سەردەمی (سیرة وفتح)یش ئەوانەی بە قەناعەتو بانگ (تهذیب بالسیرة) ئیسلام بووینە باوەڕیان قایم تر بووە ..، ئیتر ئەو تەیارە پێی وایە بە هۆی دەوڵەمەندیو فیکرو ئەزموونی ئیسلاما دەتوانن لە گۆڕەپانو لە ڕێی ئاشتیو دیموکراسیانە سەرکەوین، بۆیە دەبێ ئەوپەڕی نەرمیو هێمنی بپارێزێ وەك تاکە ستراتیجیەك دوور لە توندوتیژیو تێك شێوانی، هەڵبەتە کۆمەڵێك پاساوی تریان هەیە لەو کورتە باسە گوزارش ناکرێ، .. ئەو تەیارە لەو ئەزموونە دوورو درێژەی کە خەریکە بگاتە سەدەیەك تا ئێستا نەگەیشتۆتە دروستکردنی نمونەیەکی مورتاح بۆ سەرمەشقی ئەوانی تر، هەرچەندە لە تەقەلایەکی بوێرانە لە دوای سەرکەوتنی ﴿ئەزموونی (جیهادی ئێرانە)وە لە ساڵی ١٩٧٩﴾ ئیخوانیش لە ساڵی ١٩٨٠-١٩٨١ جارێ جیهادێکی چەکداری توندیاندا لە سوریا بەڵام شکستیان هێنا.

ئەو ناوو ناتۆرەی وەك (ئوسوڵی، متزمت، توند، متطرف، تیرۆرست، .. لەدوای شۆڕشی ئیسلامی ئێرانو ڕابوونی نوێوە سەری هەڵدا لەلایەن عەلمانیەتی

دکتاتۆری ناوچەکەو دەسەڵاتە جیهانی یەکان، ئەوەش زیاتر پاڵی بە ئیخوان المسلمین نا زاراوەیەی (میان رەوی) هەڵبژێرن بۆ دروستکردنی ناسنامەیەکی تایبەتو جیا لە باقی بزوتنەوە ئیسلامیەکان، بە پێی پۆلێن کردنو جێگیرکردنی ئیخوان لە نێوەڕاستی چەند تەیارێکی ئیسلامی ئەم سەرو ئەوسەر هەڵەیەکی زەقی تیایە، چونکە مەدرەسەکانی سۆفیگەریو دەروێش بە بزوتنەوەیەکی سیاسی رێز دەکەنو توندڕەوە سیاسیە نوێکانیش لەلایەکی تر، ئیتر خۆشیان لە نێوان هەردوولا ... ئایا ئەوە راستە؟ نەخێر، لەبەر هۆیەکی زۆر سادە، چونکە سوفیو دەروێش بزوتنەوەی سیاسیو مەدرەسە نین، ئینجا ئەگەر سیاسیش بن لە هەندێ شوێن شێوەی برایانی وەرگرتووە، هەندێ شوێنیش شێوەی جیهادی وەك لە هەندێ وڵاتی ئەفریقیو لە کشمیریش حەرەکەی ئینقلابی ئیسلامی سۆفیگەریە، هەروەها زۆربەی بزوتنەوە کۆنەکانی کورد سۆفیگەری بووە. هەر لە بنچینەشدا (برایان) لە بەرگریو جیهاد دەمارگرژن، تا رادەیەکیش دەمارگریشن بۆ رێبازو ئەو فیکرەیەی (اللاعنف)*، هەر بزوتنەوەیەکی جیهادی گەشە بکا یان بتوانێ نمونەیەك دروست بکا ئەوا جێگەی ئیگەرانی پرۆژەی (اخوان) بووە، بۆیە گەلێ جار دوودڵ بووینە لە دۆزینەوەی ناوێکی راستو دروست بۆ شۆڕشی ئیسلامی ئێران بزوتنەوە جیهادیەکانی تر، دان پیانەهێنانی (اخوان) بەو کۆمارە وەك دەسکەوتێکی جیهادی لایەکی دەگەرێتەوە بۆ ئەو مەبەستە.

ئەو پاکانەکردنەش بەو زاراوانە زۆر دادی ئەدا، هەرچەندە لەو کاتیدا کە بزوتنەوە ئیسلامیەکان لە گەشە بوون گەلێ جار لەلایەن زلّ هێزانو دکتاتۆرانی ناوچەکە بەسەر ئەو رێبازەو نەرم نیانەکەی هەلگوتراوە بە (میان رەو تەیاری عەقلانیو شارستانی..) وەسف کراون، بەڵام هەرکاتێ هەڕەشەی بزوتنەوە جیهادیەکان کەم دەبۆوە بەخێرای لەو وەسفانە پەشێمان دەبوونەوە ئەوانیشیان بەو زاراوەی (ئوسوڵی، متزمت، توند، متطرف، تیرۆرستیش..) تاوانبار دەکرد، لە

* کە لەو سەردەمە زیاتر بۆ تێروانینی غاندی دەگەرێتەوە.

گۆڕەپانی سیاسی بێبەشیان دەکردن، هەروەك ئێستا لە زۆربەی وڵاتـان ئـەوانیش یان قەدەغە کراون یان بەرەو قەدەغەیین، ناوە ناوەش بە کۆمەڵ زیندانەکانیان لـێ پڕ دەکەنەوە ... لە ڕاستیدا سروشتی هەموو دنیا جۆرێك وایە دەیـەوێ دژەکـانی بەناوی جیاجیا پارچە پارچە بکاو بە نۆرە قوتیان بدا، .. نۆرەی هەمووشی دێـت، هەتا عەلمانیە نیشتیمان پەروەرەکانیش کە هەتا ئێستا بەخەم ساردی جارجـاریش یارمەتی دژ بە ئیسلامیەکانیان داوە ئەوا نۆرەی ئەوانیش دێت، لە دوا چواچێوەی (ملـ ملانێی شارستانی) بە ڕوونی ئـەوانیش دەگرێتـەوە، هـەر سـەرنج بـدە لـە سەرەتا سعودیە بە میان ڕەو ئێران بە توندڕەو، ئێستا نۆرەی سعودیە هاتووە بـە جۆرێك، هەتا لەناو عەلمانیەتیش سەرنج بدە مـروان بـەرغوثـی دادگـایی دەکـرێ چونکە عەلمانیەکی دڵسۆزە کەچی باقی سەرکردەکانی (فتح) لەوپـەڕی ئازادیـدان لەگەڵ ئیسرائیل خـەڵات دەکـرێن، نمونـە زۆرە، .. ئـەزموونی جـەزائیریان لـەو بارەیەوە یەکجا زۆر جێی سەرنجە (محفوظ نحناح) سەرۆکی بەشـی ئیخـوان بـەناوی (حرکة مجتمع سـلمي)، لەگەڵ عەلمانیەتی دەسەڵاتدار بەشداری لە داڕشتنی ئەو ناو ناو تێزانە کرد لە دژی ئیسلامیەکان (بە تایبەتی بەرەی ئینقازی ئیـسلامی) کـە بە دیموکراسیانە ٨٦٪ دەنگی میللەتیان هێنا، لایـەنگیری لـە ئینقلابەکـەی دژی ئیسلامیەکانو دژی دیموکراسیش کرد لە دژی بزوتنەوە ئیـسلامیەکان، ئەوەنـدەی دژایـەتی چـەكو بـەرگریو جیهـادی کـرد بـۆ ڕازیکردنـی لایـەنی عـەلمانیو دەسەڵاتدارەکان .. تا بتوانێ بە مورتاحیو بـێ نـاوو نـاتۆرە خـۆ هەڵبـژێری بـۆ سەرۆکایەتی، ئەو خەونە هاتەدی لە ١٥/نیسانی/١٩٩٩ لە ناکـاو لـە بڕیـارێکی (ئەنجومـەنی پارێزگـای دەسـتوری جـەزائیر)دا فەرمانیانـدا هەرچـی پاڵێوراوێـك بەشداری بەرگری چەکداری ڕزگاری جەزائیری نەکردبێت نابێ خۆی هەڵبژێرێ، بەو شێوەیە شێخ (محفوظ نحناح) بە سانایی لادرا، بەهۆی لایەنگیری نەکردنی لە توندو تیژی شۆڕشگێری! ئا بەو شـێوەیە چـۆن شۆڕشـگێری تۆمەتـە بـۆ ئیـسلامیەکان ناواش نا شۆڕشگێریش تۆمەتە... کەواتـە چـۆنی لـێ دەردەچـن ... بـەو زاراوە

سادانە هەڵبەتە لێشی دەرنەچوون، لە تونس نـاوی (اتجاه اسلامی) بـە (نهضة) گۆردرا تا لەگەڵ یاسای نوێی (حزبەکان) بگونجێ کەچی هەر لە دواتر قەدەغـەیان کردن، لە تورکیا لە میسر، ... هتد.

لـە دەسـتورو یاسـای دەسـتکرد (دیفـاکتۆ) (دیجـۆرا) دیـاری دەکـا، بۆیـە دەسەلاتدار یاساوی یاسایی کۆتایی نایەت بەرامبەر نێچیرو ناحەزەکانی، هـەردەم وە بەردەمی یاسای دەدەنو ئەو پرۆژەیەی ئیخوانیش هەر لە خولگەیەکی داخـراو دەسوڕێتەوە لەگەڵ ئەو خزمەتەشیان بە ڕابوونە ئیسلامیو دڵسۆزیو لێهـاتوویی‌و پاکیشیان هێشتا ئامانجە پیرۆزەکانیان نەهاتۆتە دی بەو ئامرازو ڕێگەیـە، ڕەنگـە زیاتر لە کاروان بەجێ بمێنن، جا بۆ پاساوی ئەو بەجێمانە گەلێ جـار بـە ناچـاری پەنا بۆ تێکدانی پرۆژەی بەدیل دەبەن بە پێی بۆ لوان.

پـۆلـی دووەم:

پرۆژەیەکی جیهادیە، بەو مانایەی جهاد تەنها جەنگو بەرگری بێـت، ئەوانـە بە (١٨٠) پلە بە پێچەوانەی پۆلی یەکەمن، تا ڕادەیەك حوکمی زیاد لە پێویست دەنێرن بۆ پۆلی یەکەم، ئەوانە پێیان وایە تاکە ڕێگەی گەیشتن بە ئامانج تەنها بە جیهادە، ئەوەش پەیرەوی سیرەی ڕاستەقینەیە، پێیـان وایـە هـیچ مافێـك لـەو جیهانە نادادگەریە بە خۆشـی نەدراوەتـەوە بـێ مانـدووبوونو شـۆڕشو جیهـاد، ئەوانە زۆربەی کۆمەڵە خەلکێکی دڵسۆزی خوێن گەرمن، کەمتر لـە فیقهـەکانی (واقـع، تغـیر، سیاسـة شـرعیة، تـدرج، ممکـن،..) گەیـشتون، لـە حیکمـەتو زانستەکانی قورئان فەرموودە کەمێك سەرچیخن بە پێی هەندێ لە زانایانی بـالاَ، ئەوانە لەو سەردەمە زیاتر لە تەیاری (ئەلقاعدە) خۆی دەنوێنێ بەرنامەکانیان تـا ئێستا نەشیاوە وەك پۆلی یەکەم بە تۆبزیش نمونەیـەکی مورتاحیـان پـێ دروسـت نەبووە، لەناو خەلکیش کەمایەتیەکن ناگاتە لە ٥٪، بە پێچەوانە گەلـێ نمونەیان تێکداوە لەگەڵ مەبەستی خزمـەتکردنی ئیسلامیـشیان، بـەلاَم زەرەرو زیـانێکی زۆریشیان لە ئەزموونی ئیـسلامی داوە بـە پێـی شـارەزایانی بـواری ئیـسلامی،

دەشێ ئەو پۆلە لە هاوکێشەکەی (مۆدێ) بنوێنرێت کە پێی وابوو (چاکسازی لە کۆمەڵو دەسەڵاتەوە دەست پێ دەکات ئینجا بۆ تاك،) کۆمەڵ ← تاك. کەچی چاکسازی نەدەوی: لە تاك ← بۆ کۆمەڵ کە زیاتر پڕۆژەی تەیاری یەکەم بوو.

پـۆلی سـێ یەم:

ئەو پڕۆژەیە زیاتر نێوەندی هەردوولایە، نە نەرمی هەردەم نە ڕەقی هەردەم، نە ئەو سەر نە ئەم سەر،.. ئەوانە لە جیهان وەك هێزو ئەزموونێکی زیاتر واقیعیانە حسابیان لەلایەن دۆستو ناحەز بۆ دەکرێ، لەگەڵ پەیامی ئیسلامی زیاتر ڕێکن، هەم ڕێکیشە لەگەڵ یاساکانی سروشتو تەبیعاتە بنچینەیەکانی مرۆڤ وکۆمەڵ، وەڵامێکی ڕاستەوخۆو واقیعانەتری جیهانی ئێستاشە، ئەگەر پڕۆژەی یەکەم ئاشتی بە تاکە ڕێگەی گەیشتن بە ئامانج بزانی ئەوا پڕۆژەی دووەم جەنگو بەرگری بە تاکە ڕێگەی گەیشتن بزانێ ئەوا پڕۆژەی سێیەم هەردوو ئامراز لە بارۆدوخی خۆی بە ڕەوا دەزانێ، واتە: جیاوازی بنچینەی لەگەڵ هەردوو پڕۆژە ئەوەیە هەریەکە لە ئاشتیو بەرگری بە یەکێ لە ئامرازەکانی کاری ئیسلامی دەزانێ نەك بە تاکە ئامراز، ئەو پڕۆژەیە لە شکستی پڕۆژەی یەکەمو دووەم سەری هەڵداوە لە دوای هەشتاکانەوە هاتە مەیدانو سەرەڕای سەر ڕەقی زل هێزانی جیهان بەرامبەر ئەو پڕۆژەیەش، بەڵام توانیویەتی بەو ماوە کورتە نمونەی واقیعی دروست بکا، دروستکردنی دەوڵەتو ئەزموونی ڕزگاریو ئەزموونی کاری سیاسیش، ئەو دەوڵەتانەی پێ دروست بووە: ئێران، سودان، ئەفغانستان، چیچان، .. ئەگەر ئەو سێ یەی دوایش تووشی قەیرانی ترسناکیش کراون بەڵام بە سروشتی خۆی دروست بوو وەك ئەزموون، ئینجا حزب الله توانی بەو جیهادە بۆ یەکەم جار دوای مێژووی خەلافەت خاکی نیشتمانی ڕزگار بکاو ئیسرائیلی لە خاکی لوبنان دەرکرد لە ساڵی ٢٠٠٠ بە هۆی ئەو پڕۆژەو بێ ئەوەی وەك میسرو ئوردەنو دەسەڵاتی فەلەستین ملکەچ بێ بۆ (الارض مقابل السلام)، ئینجا ئەزموونەکانی حەماس، جیهاد لە فەلەستین، بەرگریەکانی کشمیر،

چیچان، خوارووی فلپین، بوسنە وکۆسۆڤا.. سەرکەوتنەکانی هەڵبژاردنی بەرەی ئینقازی جەزائیرو پاکستان دوایش بەحرەین فلستین ولبنان، ... ڕاستی دروستی ئەو پرۆژەو نمونە دروست کردنیان پێشان دەدا .. هەروەها ئەو واقعەی لە بەلقان دروست بوو بەهۆی ئەو پرۆژەیە ئەگەر چی کەم و کوریش هەبێت، کێشەی کۆسۆڤا کەوتبووە بەر تەپ و تۆزی مێژوو ئەگەر هەر لەسەر ڕێرەوی (ئاشتی وبێ توانای) برۆیشتانایە بەلاّم لەساڵی ١٩٩٧(سوپای ڕزگاری کۆسۆڤا_ KLA) دروست بوو بە ماوەیەکی پێوانەی کێشەکەیان بەرزکردەوەو گەیاندیانە ئەو ئاستەی ئێستای ڕزگاری، ئەوە هەموو بەرهەمی پرۆژەی پۆلی سێیەمە، هەروەك چۆن لە گۆرەپانی هێز ئامادەیە ئاواش لە گۆرەپانی دیمکراسی و ئازادی و هەڵبژاردن ئاواش لە گۆڕەپانی خزمەتگوزاری بەرنامەی ژیان.

لیستی بەراوردە بنچینەییـەکان:

پۆلی یەکەم	پۆلی دووەم	پۆلی سێ یەم
١ـ هێمن ئاشتیانە وەك تاکە ڕێگە وئامراز	١ـ توند وشۆڕشگێڕانە وەك تاکە ئامراز	١ـ هەردووکیان لە بارودۆخی خۆی
٢ـ چاکسازی لە تاك بۆ کۆمەڵ تاك ← کۆمەڵ	٢ـ چاکسازی لە کۆمەڵ بۆ تاك	٢ـ کۆمەڵ ↔ تاك واتە بە هەردوو ئاڕاستە
٣ـ بەرگریان نیە لە کاتی پێویستیش	٣ـ لەکاتی ناپێویستیش پەنا بۆ بەرگری شۆڕشگێری دەبەن	٣ـ لە هەردوو باردا لە کاتی پێویست
٤ـ نمونەی سەرکەوتویان نیە	٤ـ نیە	٤ـ نمونەیان زۆرە
٥ـ را دەڕواننە جیهان بە دڵنیایی وکۆمەڵگەیەکی ساغ	٥ـ را دەڕواننە جیهان بە گومان وپیلان وسیناریۆ وتاکتیك کۆمەڵگەیەکی نەفامی خێرا تەکفیر کردنی خەڵك	٥ـ بۆهەر ڕوداو و پێش هاتەکان بە ئەندازەی خۆی حوکمی لەسەر دەدەن
٦ـ (امربالمعروف) بێ (نهی عن المنکر)	٦ـ نهی عن المنکر..بێ (امر بالمعروف)	٦ـ امر بالمعروف ونهی عن المنکر
٧ـ گفت وگۆو دانوستان وئاشتی بێ هێز	٧ـ تبلیغ بێ دانوستاندن	٧ـ هەردوولا
٨ـ لەو پەڕی نەرم	٨ـ لەو پەڕی توند	٨ـ لەنێوان هەردوولا
٩ـ بەبەرپرسیاری بێ جورئەت	٩ـ بێ بەرپرسیاری بە جورئەتی	٩ـ هەردوولا

کامیان میـــان ڕەون؟

ئەگەر سەرنج بدەیتە لیستی بەراوردە کـە زۆر بـەروونی دەردەکـەوێ کامیـان میان ڕەوە، خۆ ئەگەر بچینەوە لای پێناسەکان وەتا پێناسەکانی د.محمد عمـارە کە گوزارشی لە (ڕێبازی برایان) دەکا هەروەها لە فکـری ئیسلامیش، هـەمووی کۆکن کە (میان ڕەو) لە نێوان دوولای تێپەڕیوە، زۆر توونـد، زۆر نـەرم، لێـرەدا

(تەیاری ئیخوان) لە نێوان دوولا نیـە، بـەڵکو لـە پەرگەیەکـە، لـە ناوەڕاسـتەکە تێپەڕیوە، .. بۆیە بەو پەری سادەیی دەردەکەوێ میان ڕەونینە، هەلبەتە تـەیاری ئەلقاعیدەش میان ڕەونینە، تەیارو پۆلی سێ یەم پۆلێکی میان ڕەون. بەلام لێردا وەك پێناسـەکەی د.محمد عمارە نیە میان ڕەولە نێـوان دوو باطـل، دوو غلـو، .. ئەو پۆلانەی ئیـسلامی باطـل نـین، هـەموو مەبەسـتەکانیان خزمـەتی نامـانجی ئیسلامیە بەلکو ئەوە لە ئامرازو ڕێگە گرتنە، بە وردتر دەستنیشانی هەریەکە لە قۆناغەکانی گەشەیان بکەین دەبینین هەریەکە لە قۆناغێك لە زەمـان وزەمینێـك لە (میان ڕەوی) دەکەوێ، پرۆژەی (ئیخوان) لە سەراتاکانی گەشەکردنی سیاسی و بناغە دارشتنەوەی کۆمەلگەو ولاتە تـەواو دیکراسـیەکان دا تـەواو میـان ڕەون، دروشمی ئیخوان لە سـەرەتادا (هـەق، هێـز، برایـەتی) ئینجـا دووشـێر ونایـەتی (واعدوا لهم ما استطعتم..) وە بەشداری جەنگەکانی فلستین و سـینایان کـرد بـە دلسۆزی و لە خۆبردەیی، بەلام کە ئەو ڕێرەوە (تعمیم) دەکرێ بەسەر بـارۆدوخێکی وەك کوردستان، چیچان، کشمیر، جەزائیر، .. ئەوا لە میان ڕەوی دەکەوێ ٠

پۆلی سێ یەمیش لە ولاتێکی دیکتاتۆری ولـە دژی داگـیر کـەر هەلوێـستی شۆر شگێریان هەیـە ئـەوا (میـان ڕەون) بـەلام کـاتی لـە سـەرەتاکانی ڕابـوونی ئیـسلامی و لە ولاتێکی فەزا ئازادا جاری توندو تیژی وجهاد دەدەن یەکـسەر لـە (میان ڕەوی) دەکەون، ..واتە تـەیاری میـان ڕەو ئەوەیـە وەك پێناسـەکەی (بـن یوسف العامری) کە دەلێ (سیاسەتی میان ڕەو ئەودیـە لەسـەر هـەردوو تـەوەری توندی ونەرمی بڕوا هەریەکیان لە زەمان وزەمینی خۆی، .. هەر ئەوەشە لەگـەل (سیرە) دێتەوە، هەرخودی (ادعوا الی سبیل ربك بالحکمة..) مانـای ئەوەیـە بـۆ هاوین تاکە کراسێك لەبەردەکەی بۆ زستانیش جلی قورس، .. هـەر ئەوەشـە لـە مەبەستی پێناسەکەی (جرجانی لە بارەی حکمە)، لە ڕاسـتیدا تـا ڕادەیـەکی زۆر دەسەلاتداران بەرپرسن لە لادانی هەریەکە لە تەیاری یەکەم ودووەم لەسەر سـکەی ڕەسەنی خۆیان بەهۆی ئەو فشارە سیاسی وناسایشی ویاسای بەسەریاندا، ئـەگینا

(٢٥) میـــان ڕەوی الوسطیة – إعتدال Moderate

لە سەرەتای دروست بوونیان یەك بەش بووینە بە میـان ڕەویانـە، بـەڵام فـشارێ دەسـەڵاتداران زیاتر هەریەکەی بەلایەك دا پاڵداون.

(٢٦)

نیشتمانی الوطنیة patriotic

مانای کۆنو نوێیەکەی ئەو زاراوەیە زۆر لێك جیایە، لە ڕۆژئاواشی گەلێ جار تێکەڵی ناشینالیزم دەکرێو لێکیش جیان، ئێستا زیاتر مانایەکی سیاسی هەیە لە ڕووی یاسای بریتیە لەو خاکە سنوردارەی کە دەسەڵاتێکی سیاسی نەتەوەیەکی لەسەر بەڕێوە دەچێ یان لە هەوڵی دەسەڵات دروست کردنن، لایەنگرانی تیۆری نەتەوەگەری (نیشتمان) بە تۆخمێکی بنچینەی نەتەوە دەزانن، کاتێ سنوری نیشتمان جووت بێت بە سنوری نەتەوەکەی، ئەوەش بە دەگمەن نەبێ وانەهاتۆتە دی، کەچی هەڵساون ناوی نیشتمانەکەو نەتەوەکەیان جووت کردووە، ئەگەر سنوری نەتەوەیی و سیاسیەکەی یەکسان بێت، بەڵام ئەگەر نەتەوەو نیشتمانی تری بەرکەوتبێت ئەوەیان ترسناکترە، کێشەی نەتەوەیی لەوەوە سەر هەڵدەدا، وەك تورکیا بەناوی (تورکە) کەچی نیشتمانی کوردستانو بەشێکی عەرەبیش بەرکەوتووە بە ناوی ئەسکەندەروونە، ئینگلتراش بەشێکی وێلزو ئیرلەندەی بەرکەوتووە، بۆیە لەوێ بەخێرایی ناوی نیشتمانی بووە بەریتانیا کە ناوێکی ئاینی کۆنە گوزارش لە مانای خواوەندێکیانە، ئێران ناوێکی گشتی هەڵبژارد هەموو لایەك بگرێتەوە کە لە (ئاری)* هاتووە، ئەهات ناو لە وڵات بنێ (فارس)، پاکستان سێ پیتی یەکەمی لە هەرێمەکان هەڵبژارد .. ئەو تاوتۆیە تا ڕادەیەك چاکترە لە بە ناسنامەکردنی ناوی نیشتمان بە نەتەوەکە، .. هەرچەندە

* زۆربەی وڵاتانی ئاسیاو ئەوروپا ئارین، ماناشی (ماقوول) یاخود سریەر، ئیتر سریەرمانو تیۆری نازی لەوە هات، بە پێی (الموسوعة العربیة المیسرة) یەکەمجار هندۆسیەکان ناوی ئاریان لە خۆ نا.

كوردستانيش لەو شێوەيە بەلاَم كۆمەلێك هۆى سروشتىو مێژووى واقيعى دەگمەن هەيە ئەو ناوەى لەگەڵ خۆى هێناوە، هەرچەندە كوردستان وەك نيشتمان جووتە لەگەڵ نەتەوەيى يەكەشى .

بوونى چەند نيشتمانو نەتەوەيەك لە سايەى يەك ولاَتو دەسەلاَتێك كێشەى نيشتمانى نەتەوەى لىَ پەيدا دەبىَ ئەگەر بەو ڕوانگەى سەروو (نيشتمان) بسياسێنرێت، بۆيە هەم ئەو پێناس وڕوانگەى سەروو هەم واقعى نيشتمانى جهانى ئێستا كۆمەلێك گرفتى سامناكى هەيە لەبارەى: سنورى نيشتمان، هێزە نيشتمانيەكان، پەيوەندى نيشتمان بە مرۆڤەوە، فرەنەتەوەو فرە نيشتمان لە چوارچێوەى يەك دەسەلاَتەوە، ناسنامەى نيشتمانى ...بۆيە هەتا ئەو ڕێكەوتنە ياساى وسياسى يەى لەسەر پەيوەندى هێزو حزبى سياسى بە نيشتمانەوە كراوە تەواو ڕاستو دروست نيە كە وتراوە ماناى هێزو حزبى نيشتمانى ئەوانەن كە: بەرژەوەندى دانيشتوانى ئەو سنورە لە سەرووى بەرژەوەنديەكانى تريەتى، يان بەرژەوەنديەكانى ئاسايشى نەتەوەيى.. ئەوەش هەمان كێشەى ناوەرۆكى ئاسايشى نەتەوەيىو كێشەى سنورى ڕاستەقينەى نيشتمانە، نەك ئەو سنورانەى ئيمپرياليزمى جهانى لە پێناو بەرژەوەندى خۆى كێشاويەتى يان ئەو سنورەى كەلە ژێر چەپۆكى دەسەلاَت دروست بووەو بىَ دەسەلاَت تيايدا بێبەش كراون .

گەشەى ئەو زاراوە:

نيشتمان لە بنەچەى دا زاراوەيەكى سياسى نەبووە، لەسەراتاكان ولەناو عەواما گەلىَ جار بەو كێلگەو پاوانو تەوويى دێيەكە وتراوە (مەفتەن)، نيشتمان زادەى نەتەوايەتى نيە ماناى زمانەوانى نيشتمان (وطن) لە (لسان العرب)[1] و (قاموس المحيط)[2] بە (منزل الاقامة) هاتووە، الوطن: المنزل تقيم بە وهو موطن

[1] لسان العرب ــ ابن منظور، مادة: الوطن.
[2] قاموس المحيط ــفيروز آبادي.

الانسان ومحله) ماناکەی لە بنەچەدا لەو فەرموودە هاتووە: (انه نهی عن نقرة الغراب وأن یوطن الرجل فی المکان بالمسجد کما یوطن البعیر) واتە شێوازی مانای تاکی وەرگرتووە نەك کۆمەڵە کەسێك، لە فەرهەنگە کۆنەکانی ئیسلامی نیشتمان و نەتەوە هاوتای یەك نەهاتوونە، ابن خلدون لە (مقدمة) باسێکی نیشتمانی ونومەتی کردووە بەلام جیایە لەگەل تێگەیشتنی ئێستا، هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو لێکدانەوەی خوارەوە کە دەبینین نیشتمان لە(دارالا سلام)دا بەند نەبووە بە نەتەوایەتی وسیاسەت و عەقیدە ... بۆیە (نیشتمان) کراوە سێ بەشی گۆڕاوو هەروەك لە (دستور العلماء) هاتووە :(الوطن الاصلي هو : مولد الرجل فی بلد، وطن الإقامة: وهو موضع ینوی أن یستقر فیه خمسة عشر یوما او اکثر من غیر أن یتخذه مسکنا، وطن السکني: وهو موضع ینوی فیه الاقامة اقل من خمسة عشر یوما)[1]، ئەو پێ ناسە کراوەیە بەپێ ی دەسەڵاتی سیاسی ئیسلامی، واتە نیشتمان سنوری نەبووە ئیمکانی هەبووە هەموو سەر زەوی بە نیشتمان حساب بکرێ وەك زانایانی ئیسلامی بەتایبەتی(ا. شافعی)ش وای بۆ چووە،لە ئاینە جهانیەکانی وەك مسیحی وئیسلام نیشتمانیان نەبووەو نیە بە:کوو هەموو سەر زەوی نیشتمانیانە ، کەواتەلەو ساتی (دار الاسلام) نیشتمانی هەموو کەسێك بووە بە گواستنەوەشەوە، نەك نیشتمانی عەرەب و تورك و عەجەم و، ....هتد . بۆیە لە ڕەگەزانامەش ناوی نیشتمانی ونەتەوە نەنوسراوە، بەناوی ئیسلامی نووسراوەو بەس[2]، لە فەرهەنگە کۆنەکانی تری ئیسلامیش هەتا (ابن منظوریش) شوێنی لە دایك بوونی کردۆتە (موطن الاصل) نیشتمانی ڕاستەقینە، بەڵام ئەو (ژینگە)شی بۆ زیادکردووە[3] ،(موسوعة الکشاف..)یش هەردوو دۆخی لە دایك بوون وژینگەی بە(نیشتمان) داناوە ... بەکورتی زۆربەی

---

[1] موسوعة مصطلحات جامع العلوم ـ قاضی نکیری ـ ماده ـ وطن

[2] بۆ زیاتر سەرنج بدە هەردوو زاراوەی (ناسنامە) و(نەتەوایەتی) لەو فەرهەنگە

[3] معرکة مصطلحات ـ د. محمد عمارة مادة : الوطنیة فطرة انسانیة

فەرهەنگەکان ئەو دۆخانەی بە (نیشتمان) هەژمار کردوە: (لەدایك بوون، بژێوی، جێنشین، ژینگە، ...) ... واتە (نیشتمان) پێ ناس ومانای تاکی هەبووە نەك بەکۆمەل وسیاسەت.، زۆربەی زانایان ئەوە بە سروشتی تر لەقەلەم دەدەن هەروەك د. محمد عمارە ئەو پێ ناسە (تاکیەی) سەرووی بۆ (نیشتمان) تەواوتر لەگەل (فیترەتی مرۆڤ) دەگونجێنێ نەك ئەو مانایەی ئێستای، بەو شێوەیە لە فەرهنگی خەلافەت هەتا ١٩٢٤/٣/٣ بەمانای (دار الاسلام) بووە نەك دار(العرب، عجم، تورك، کورد، ...)، لە دوای ئەو مێژووەو سەرهەلدانی عەلمانیەت وبیرۆبڕوای نەتەوەگەری (نیشتمان) پێناسێکی سیاسی نیمچە رەگەز پەرستی وەرگرت، لە کەلتووری ڕۆژئاوا و جیهانی نائیسلامی نەگەر مانایەکی هەبووبێ لە سەردەمی رۆمان ومدرسەی یۆنانی بە شوێنی لە دایك بوون (مسقط الرأس) وتراوە، بۆیە لە زۆربەی زمانەکانی ئەورووپی ئێستاش نەتەوایەتی و نیشتمانی و جێی لە دایك بوون و... زۆربەی زاراوەی ناشی (natio)، ناتزی، دوتش، ڤۆلك ،پاتریۆت..هتد وەرگرتووە .

سەرهەلدانی سیاسی و پاسایيانەی :

ئەوپێناسە تاکیانەی سەروو گوزارشی لە سەردەمێك دەکرد کە سەردەمی ئینتمای خیلەکی وئیمپراتوریات بوو، پەیوەندی نیشتمان ونەتەوەو دەسەلاتی سیاسی نەبوو، یان زۆر لاواز بوو، بۆیە زور سروشتی بوو هەردەسەلاتەکی سیاسی لە هەر شوێنیك دروست ببوایە، ئەسکەندەری مەکدۆنی دامەزرێنەری یونان خەلکی مەکدونیایە ودەولەتی لەبابل بوو، عبدالرحمنی کوڕی رۆستەم فارس بوو دەولەتی لەمەغریب دروست کردبوو، صلاح الدین دەولەتی لەمیسر بوو، عوسمانی لەناوەراستی ئاسیا لەدەست مەغۆل هەلاتبوون لە ئەورووپا دەولەت بوون، گیان پۆلایەکانی کورد (جنبلاطی ئیستا) دەولەتیان لەشام ولبنان بوو.. ئەو کاتی لە رووی یاسایشەوە (بنەمای (سیادە) نەبوو، سنوری نێو دەولەتی بەگشتی بریتیی

بووه لەو خاكەی لە ژێر پێی دوا سەربازی ئیمپراتۆره بچووك و گەورەكان، كەمتر تاكیش هەستی بە خۆشەویستی نیشتمان كردووه، بەڵام لە ئیسلامدا ئەو هەستە بە (دار الاسلام) بەشێك بووه لە ناوجەرگەی عەقیدە، هەڵبەتە لەگەڵ (وطن)ی ئیستای نەبووه، پەیوەندی خاك بە مرۆڤ تاك تاكی بووه، تا ئەوكاتەی مرۆڤەكان لەسەر بنچینەی رەچەڵەك و نیشتمان تۆیەڵیان كرد، ئینجا ئەو پەیوەندیە لە سەدەكانی (١٨بۆ١٩) لە تاكەوه گواسترایەوەبۆ كۆمەڵ و نەتەوایەتی لێ چەكەرەی كرد، یەكەم جار لە ئەوروپا بیرو ئایدۆلۆجیەكانی نەتەوەیی چەكەرەی كردو لە سەرەتاكانی سەدەی بیستەم بە یەكجاریش سیستەمی ئیمپراتۆریەكان گۆڕان بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ، ئەو كاتی نیشتمان و نەتەوەو دەسەڵاتی سیاسی خرانە پەیوەندیەكی سیاسی ئۆرگانیكی، دوایش بەرز بۆوه بۆ ئاستی یاسای نێودەوڵەتی، بەجۆرێك كە ئەو سێ توخمە بنچینەییە سازابی بەپێی یاسای دەونی مافی بوون بەدەولەتی پێدراوه ١- هەرێم (نیشتمان) ٢- گەل (نەتەوه) ٣- دەسەڵاتی سیاسی)، لەوەوه بنەمای سیاسی و یاسایی و جارنامەی "مافی گەلان" هاتە دی، ئی دی نیشتمان هەم بووه زاراوەیەكی سیاسی و یاسای و هەم بووه پرسێكی سیاسی و دەستوری كۆمەڵایەتی و فكریش، لە فەرهەنگە نوێكان نیشتمان یەكسان كرا بە خاكی نەتەوەیەكی یەك زمان ویەك مێژوو ویەك بەرژەوەندی وهەتا بەشێك یەك ئاین ویەك باری دەروونی و فەرهەنگ و كەلتووریش بۆ زیاد كرا، معەمەر قەزافی دەڵێ: القاعدة السليمة هي لكل قوم دين[1]، بەڵام بەدەگمەن وا رێك دەكەوی، هەڵبەتە رەگەزی تریش دەبی بۆیە بەرەبەرە حزبی نیشتمانی و دەوڵەتی نیشتمانی جێگەی دەوڵەتی نەتەوەیی گرتەوه، یەكەم جار لە ئەمریكا بە هۆی شۆرشی رزگاری ١٧٧٦ز ئەو وەرچەرخانەی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ دەوڵەتی نیشتمانی بناغە رێژ كرا، لە زۆربەی دەستوورەكانی وڵاتانی عەرەبی و توركیاش پێناسێكی سەرەتای نیشتمانی كردووه بە بەندی یاسای

---

[1] كتاب الاخضر.

سنورو پەیوەندی بە خەڵکی وڵاتەکەی بەستۆتەوە، لە بەرامبەریشدا وەك چارەسەری یاسای بۆ نەتەوەو رەگەزو ئاینو کەلتوور چەمکی (هاو نیشتمانی- هاووڵاتی) داهێنرا لە جیاتی (هاونەتەوەیی)، یەکەم ڕوبەروو بوونەوە لە نێوان نیشتمانی و نەتەوایەتی دیسان هەرلە شۆڕشی ئەمریکی ساڵی ١٧٧٦ز گوزارش دەبی، چونکە بەریتانیو ئەمریکی یەك رەگەزو رەچەلەك بوونو نیشتمانیان جیا بوو، دیارە فاکتەری نیشتمانیش لە نەتەوەیی بەهێزتر بوو بۆیە شۆڕشەکە سەرکەوتووبوو بەریتانیا دەریەڕێندرا، ئەوەش زیاتر لەگەڵ چەمکیو کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێك دەکەوێ و لە چەمکی نیشتمانی (نەتەومیەك) ترازان، بۆیە بەشێکی تر نیشتمانیان بە دەر لەنەتەوەو بە دەسەڵات بەستەوە وەك لە فەرهەنگی (اعرف مذهبك) هاتووەو دەڵێ نیشتمان ئەو پەیوەندیە توندو تۆڵەیە کە خەڵکی وڵاتێك پێك دەبەستێت، لێرە سەرچاوەکەی دەسەڵاتە نەك سنوری خاکێك ونەتەوەیەك، ئەو پێ ناسەی ئێستاو واقیعەکەش زادەی مەدرەسەی لیبراڵیەو ئەگەر وردتر بڵێین زادەی مەبەستەکانی ئیمپریالیزمی بووە لە چاوچێوەی (فرق تسد)ی جهانی بۆ ساناى زاڵ بوون بەسەریدا، هەروەك کاتی فیرعەونەکان لەو ئەزموونە یان دا بۆ زاڵ بوون پانتای ئیمپراتۆریان کردە (٤٢) پارچە، بە هەمان شێوە لە ئامۆژگاری (ئەرستۆ) بۆ ئەسکەندەری مەکدۆنی بۆ زاڵ بوون بەسەر ئیمپراتۆریەکەی لە ڕۆژهەڵات داوای لێکرد پارچە پارچە یان بکەو هەریەکە دەسەڵاتدارێکی نامۆیان لەسەر بسەپێنی بەڵام لە خۆیان بێ، ئیتر لەوەوە بیرۆکەی ئەو دەوڵەتە بچووکانە لەجیاتی (دارالإسلام) هاتە کایەوە لەلایەن ڕۆژئاواو لەسەرەتای سەدەی بیستەم پەیرەو کراو ئەو واقیعەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی لێ هاتەدی بە مەینەتی کوردیشەوە.

(٢٦) نیشتمانی الوطنية patriotic

ڕای مەدرەسەکان:

ئەو واقیعەی ئێستای نیشتمانی بەهۆی دەسەڵاتەوە گەلێ جار لەلایەن سیاسەتمەدارە باڵاو نووسەرو توێژەرەوەکانیش لایان وەك ڕاستیەکی مێژووی دەردەکەوێ، لەیادیان دەچێ کە ئەو واقیعەی سنوری نیشتمان داهێنراوە بە مەبەستی ئیمپریالیزمی، هەموو مەسەلە پەیوەندیدارەکانیش لەگەلی بە نەتەوایەتیو دەوڵەتی نەتوەەیی .. پیلان بووە، بە هۆیەوە نەتەوەی سەر دەستو بن دەست دروست بووە، کێشەو پشێوی بەردەوام هەیە ... بەلاّم واقعێکە بۆیە سڕینەوەی بەیەکجار لەلایەك و پیرۆزکردنیش لەلایەکی ترەوە هەردووك تێپەرین و پەڕەگرتنە (تطرف) وەك ئێستا لە ڕای مەدرەسەکان لێ یان دەردەکەوێ :

مەدرەسەی شیوعیەت دان بە نیشتمان ناهێنێ نەك ئەوانەی ئیمپریالیزم دروستی کردووە وەك عێراق، تورکیا، ولاّتانی عەرەبی.... بەڵکو دان بە نیشتمانە سروشتیەکانیش ناهێنێ هەروەك لە مانیفێستەکەی بە زەق تر باسی دەکاو دەڵێ (کرێکاران نیشتمانیان نیەو بەرژەوەندیەکانیان لەسەرووی هەموو بەرژەوەندیەکی ترە)[1]، ئەوە لە چواچێوەی ناکوکی چینایەتی وەك ناکۆکی بنچینەی لە قۆناغی سەرمایەداریدا، ناکۆکیەکانی تر ناسەرەکین، کرێکارانی هەر ولاّتو سنورێك بەشێکە لە کرێکارانی جیهان، هەر دروشمی (ئەی کرێکارانی جیهان یەکگرن) لەوەوە هاتووە، پاساوێکی تری ئەوەیە زۆربەی ئەو نیشتمانانە ئیمپریالیزم دروستی کردوون ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کێشەی نەتەوایەتی لەسەر دروست بووە، بە ڕای شیوعیەت قەلاچۆکردنی ئیمپریالیزم وسیستەمی سەرمایەداری هەموو کێشەکانیشی لەگەڵ چارەسەر دەبێ ... بۆیە خەباتی نیشتمانی بە (جزئی) لەقەڵەم داوەو خەبات دژی سەرمایەداری (کلی)یە... هەڵبەتە دووەم لەپێش یەکەمە، (کلی) شەرعی ترە لە (جزئی)، بەلاّم بە ڕوونی

[1] بیان الشیوعی ـــ مارکس، ئەنجلس .

دەردەکەویّ فەلسەفەو دروشمی مارکسیزم لە واقعیّکی جیهانی گرنگ خۆی لاداوە کە نەخشەی میّژووی نویّ یە و نیشتمان وکیّشەکان مەزن ترین بزویّنەر بووینە، هەربۆیەش شیوعیەکان بەزۆری لەرِیّ ی ئەو رِزگاری نیشتمانیە گەیشتونەتە دەسەلاّت کەبە (جزئی) لە قەلەمی داون، نەك لە رِیّی ناکۆکی چینایەتی و نەگونجانی هیّزی بەرهەم هیّنەر وپەیوەندیەکانی بەرهەم هیّنان کە جەوهەری تیّوری مارکسیە لە بارەی شۆرش، ئینجا کیّشەی نیشتمانی وداگیرکاری (جزئی) نیە هەروەك بەشیّك لە ئیسلامیەکانیش جارجار بۆچوونی وایان هەبووە بە چەوتی، چونکە داگیرکار هەرداگیرکەرە چ ئیمپریالیزمی بیّت چ بچووك و دەڤەری بیّت هەروەك ئیبن تەیەمیەش وای فتوا داوە ، بۆیەش بەشیّکی زۆر لە فەرهەنگەکان ئیمپریالیزم دەکەنە دووبەش: ئیمپریالیزمی دەرەکی کە بریتیە لە ئیمپریالیزمی جیهانی، دووەم ئیمپریالیزمی ناوەکی کە بریتیە لەو دەسەلاّت حکومەتانەی کە نیشتمانی نەتەوەیەکی تریان خستۆتە ژیّردەستی خۆیان بە زۆری وەك کیّشەی کوردستان، ... دوای ئەزموونیّکی زۆر مدرسەی مارکسیزم ناچار هەندیّ دەستکاری لە بنەماکانی شیوعیەت کردو هاویّریّکی گرنگ بۆیاساکەی فلسفی مارکس زیاد کرا، وا نوسرایەوە (دەکریّ) "ناکۆکی دووەم لە هەندیّ دۆخ جیّگەی ناکۆکی یەکەم بگریّتەوە"، لەوانە ناکۆکی بزوتنەوەی رِزگاری - نیشتمانی لەگەل داگیرکەران بە پیّش ناکۆکی کریّکار وسەرمایە بکەویّ، لەگەل زنجیرەیەك سەرەنجامی تر لەو دەستکاریانە ئەوانیش وەك واقعیّك دەولەتی نیشتمانی ومانای نیشتمانیان لە دەستور ومەنهەج تۆمار کرد وبەپیّچەوانەی رِاو بۆچوونەکانی (ترۆتسکی کە لە کتیّبی- ثورة الدائمة) هاتبوو، بەو شیّوەیە شیوعیەکان لە سەردەمی خۆیان رِۆلیّکی میّژوویی گرنگیان بینی لە رِزگاری - نیشتمانیدا. تا رادەیەکیش توانیبیان کیّشەی فرە نیشتمانی لە یەك ولاّت چارەسەر بکەن .

هەرچی مەدرەسەی لیبرال دیمکراسیشە کە لە سەروو باسکرا بەرپرسە لە ڕاپێچکردنی ئەو واقیعە نادادگەریەی جیهانی سێیەم، بەتایبەتی لە دابەشکردنی نیشتمان بەو شێوەیە، بەڵام لەناوەخۆیدا توانیویەتی بەهۆی بە دەستوریکردنی چەمکی (هاووڵاتی) لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا لە جیاتی (هاونەتەوەیی) زۆربەی کێشەکانی نیشتمانی چارەسەر بکا، هەتا لە قۆناغی ئیمپریالیزمیش چاکتر بووە لە داگیرکەرانی نەتەوەگەری نوێی عەلی، کە بە هیچ شێوەیەك کێشەی نیشتمانی بەو پێناسەی"نیشتمان"- و بەندکردنی بە نەتەوەی (ئومە)- پێ چارەسەر نابێ، دەمارگیریەکی زیادەڕەویان بۆ نیشتمان هەیە، گەلێ جار بە ئایینو پیرۆزیەکی وای دەخەملێنن کە مرۆڤ تیایدا بە ڕاگیرە، هەر ئەو کارەشە، کاردانەوەیەکی لەنێو نیشتمان پەروەرانی کوردستان دروست کردووە سروودی (ئەی ڕەقیب) بکەنە سروودی نیشتمانی کە تیایدا هاتووە (..دینمانە ئاینمانە هەر نیشتمان !)، لە هەمان کاتدا دەبینین سرودی نیشتمانی (چیچانی) (٧) جار (لااله الا الله)ی تیایە، لە یەکەمدا ئاین دەکەنە بەشێك لە نیشتمان لە دووەمدا نیشتمان دەکەنە بەشێك لە ئاین، ئەو دوو تێڕوانینە زۆر لێك جیایە بەتایبەتی لەو سەردەمە، ئەوانەی بەشی یەکەم عەلمانیەتەو بەرەو کزیو لاواز بوونن لە گیانی بەرگری، ئەوانەی نیشتمان دەکەنە بەشێك لە ئاین ئیسلامیەکانن گیانی بەرگریان زۆرەو بەرەو سەرکەوتن لەوانە (چیچان، کشمیر، مۆرۆ..) هەتا ئیسرائیلیش نیشتمانی کردۆتە بەشێك لە ئایینی، بۆیە بەسەر دەسەڵاتدارانی عەرەب چاك زاڵ بووە، کە ئەوان بە پێچەوانەی ئیسرائیل ئاینیان کردۆتە بەشێك لە نیشتمان لە باشترین دۆخیاندا.

لە فیکری ئیسلامیشدا واقیع بەشێکی گرنگی فیقهی ئیسلامە بەناوی (فقه الواقع).. بۆیە ئەو فیقهە وا دەڕوانێتە وەلانی نیشتمانی بە دیاردەیەکی نەفامی، بەڵام لەبەرئەوەی واقیعێکە ئیسلام بەرپای نەکردووەو بەرپاش ناکا بە پێی (.... قُلْ إِن كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَ

مساكن ترضونها احب اليكم من الله ورسوله وجهاد في سبيله فتربصوا حتى ياتي الله بأمره والله لايهدي القوم الفاسقين)... زۆر ڕوونە هەموو ئەو وەڵامە شاقوڵیانەی: خوێن، ڕەچەڵەك، خێڵەکی، ئابوری، نیشتمان، کۆمەڵایەتی میراتی، ... وەرناگیرێن، ئەوانە ئینتمان نەك ولاء، ئەگەر وەلائی مرۆڤ بەند بوو بە ئینتمای شاقوولی ئەوا سەچاوەکانی نەفامی ورەگەز پەرستی لێرەوە سەرهەڵدەدا، بۆیە لە نێو هەموو ئەو ئەلقانە ئەلقەی وەلائی ئینتمای ئاسۆیی وەردەگرێلە لایەن ئاین، ... ئەوە ئەسلەکەیە، بەڵام واقعەکە جۆرێکی تر، بۆیە بەشێك لە ئیسلامیەکان لە قەبلاندنی ئەو بەراوردە لایەك مەغدور دەکەن کە بە پێی ئەسل حوکم لەسەر ئەو واقعە دەکەن گەلێ جار لەنێوان ئەو (ئەسل) و(واقیعە) تووشی ناکۆکی هەلوێست دەبن، سەرنج بدە گەورە زانایەکی وەك (سعید حوی) چەندە بیر تیژو وردیشە کەچی دەبینین لەو نێوانە لە ناکۆکی دایە، لەلایەك لە وەسفی (ئومەت) حەوت یەکێتی بۆ هێناوە حەوتەمەکەی (وحدة اللغة) یە ئەوەش نەشیاوە چونکە ئومەت چەمکێکی ئاسۆییە هیچ پەیوەندی بە (زمان) نیە کە چەمکێکی شاقولیە، هێندەی پێ ناچێ ئەو جارە لە وەسفی (نیشتمان) دەڵێ: (... اما مجتمع الاسلامي فإرتباطه بالوطن والقوم بمقدار إرتباط هذا الوطن واهله بالاسلام، فولاء المسلم لإسلامه اولا واخيرا) [1]، بەو شێوە دەبینین لەیەکەوە بە هەلە داچوو بە حوکمی ئەو واقعەو لەدووەما ڕاستی پێکاوە بە حوکمی ئەسلەکە، هاتۆتە سەرهەمان ڕای (جمال الدين أفغاني) کەدەڵێ:(لا جنسية للمسلمين الا في دينهم) ، بە وردی نەقەبلاندن لە نێوان واقع وئەسل زۆر جار دەبێتە هۆی قەیرانێکی فکری ئیسلامی وگەلێ جاریش بزوتنەوەیەکی ڕزگاری ــــ نیشتمانی بە (أنفصالي، فتنه، تعصب، ..) تاوان بار دەکەن، لەو بارەیەوە (شێخ سعيد پیران) جوان ترین بنەمای دارشت کاتێ داوای لە مەڵبەندی خەلافەت کرد کە لەو کاتی عەلمانی تورکی زال بوو، وتی : یان خەلافەت بگەڕێتەوە یان

[1] (١)(٢) سعيد حوى ــ الاسلام ــ ل ٣٤١ــ٣٤٢

کوردستانیش وەکو ئێوە خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێت، هەرچەندە ئێستا ئەو لەنگیە بەرەو چارەسەریە هەموو لایەك خەریکە تەواو لەو بنەمایەی (شێخ سعید) دەگەن، لەنگیەکە واقعێکی خەستە تێڕوانینی هەموو کورت بینێك دەگۆڕێ، وا دەزانن ئەو واقیعە وەختیەی نیشتمانی ئێستا ڕاستیەکی مێژوویە، وادەزانن ئیسرائیل هەر لە فەڵەستین بووەو، کوردستان بەشێك بوە لە عێراق ... ئەو وڵاتانەی ئێستا هەروا بووینە .. نەخێر، کوردو عەرەب هەزاران ساڵ لەو نیشتمانەی (عێراق) برا نینە بەڵکو هەزاران ساڵە لە (ئومەتێك) و (دار الاسلام ــ نیشتمانی ئیسلامی) برا بووینە، نەك لەو عێراقەی کە لە ڕێکەوتنی سایکس بیکۆی ١٩١٦ داڕژراوەو ١٩٢١ جێبەجێ کراوە بە مەبەستی پارچە پارچەکردن لە لایەك و لە لایەکی تریش لەپێناو سەرکەوتنی بەڵێنی بەلفۆر ١٩١٧ لەگەڵ کۆمەڵێك مەبەستی ئیمپریالیزمی جاڕ دراو نەدراو، بۆیە نیشتمانی عێراقی هیچ پاساوێکی مێژوویی، جوگرافی، کەلتووری، فەرهەنگی، ئاینی، ....نیە جاران ئەو شوینەی ئێستا ناوی عێراقە هەر بەشێك لێی ناوێکی هەبووە ، تا پێکهێنانی عێراق لە ١٩٢١ لەلایەن بەریتانیاوە، لەو ناوانە: أرض السواد، میزوپۆتامیە (بلاد مابین النهرین)، نجد، جزیرە، شام بەلای ڕۆژهەڵاتەکەی نەریما، بلاد بابل، بلاد اشور، بلاد کلد، عیراق العربی (بصرە)، عراق العجمی (کوفە) بلاد الرافدین، منتفك، ئەراك، ... ئیتر شیا ئەو نیشتمانە دەستکردە بەناوی عێراق بۆ عەرەب ناوبنرێ لەلایەن ئینگلیزەوە (لەلایەن : مسبیل، لورانس، کۆکس) هەڵبژاردراوە، بەڵام تێکەڵکردنی دوو نیشتمانی عەرەبی وکوردی لەژێر ناوێك گەورەترین کێشەی دەستوری و سیاسی و ئاینی و مرۆڤایەتیشە کە چۆن ئینتمای دوو نیشتمانی ڕەسەن جیا لە نیشتمانێکی داهێنراو لەلایەن ئیمپریالیزمەوە کۆدەکرێتەوە؟ ... لەوەوە کێشەی نیشتمانی بزوتنەوەی ڕزگاریخواز پەیدا بوو، لە سەرەتادا عەلمانیە نەتەوەگەریەکان ڕۆڵی بەرچاویان بینی بەڵام

لەو سەردەمە زیاتر بزوتنەوە ئیسلامیەکان هەلگری ئەو بەرگریەن، بابزانین کامیانە.

کامیان نیشتمانی ترن؟ ئیسلامیەکان یان عەلمانیەکان

.نەتەوەگەری سیاسی وا خۆی دەناسێ کە بۆ رزگاری نیشتمانی وتەواوکردنی بەرنامە سیاسیەکانی نەتەوەیی هاتووە، کەمتر ئەو ئەرکەی بە چەپیەکان و ئیسلامیەکان دەبینن، لەو لاشەوە چەپیە راستەقینەکان نیشتمانیان نیە بە پێ ی دەقی مارکسیەت، بۆیە ئەوانیش ئەو ئەرکەیان بە ئەرکێکی بورجوازی و رەجعی لە قەلەم دابوو، هەرچی ئیسلامیکانیشە هەتا دوای رابوونی ئیسلامی و هەردوو شۆرشی ئیسلامی ئێرانی ئەفغانیو ئەو ئەرکەیان بەئەرکێکی عەلمانی دەزانی ... بەلام ئێستا ئەو تێروانین و واقعە گۆراوە، بەدەگمەن ئەبێ ئێستا بزوتنەوەیەکی عەلمانی بەنەتەوەگەریشەوە نادوزیەوە خاوەنیەتی بەرگری چەکداری بکا، لە راستیدا بە پێ ی گەشەی تکنۆلۆجی سەربازی ئیمپریالیزم و داگیرکەران قوناغەکانی بەرگریش گوراوە، بەشێوەیەك کە قوناغی یەکەم تکنولوجیای سەربازی یەکەی داگیرکەران ئەوەندە بەهێز ئەبوو ئەوا بە بەرگری یەکی میللیانەو نەتەوەییەکان دەکراو ئەنجامێکی باشی بووە، ئەو قۆناغە هەتا شەستەکانی سەدەی رابووردوو دەوامی کرد، دوای گەشەسەندنی زیاتری ئەو تکنولوژیە لەتوانای نەتەوەگەری ئەما ئەو جارە پێویستی بە رێکخستن و پلان و دارشتنی بنەماو ئایدولوژیا بوو، بۆیە چەپیەکان لەو قوناغەدا گەرم بوون قوناغی دووەمی هێرشی ئیمپریالیزمیان پشتەو شکێن کردەوە، .. لە قۆناغی سێ یەم وکۆتای ئیمپریالیزمی کە بە تکنۆلۆجیایەکی زەبەلاح وا هاتۆتە مەیدان ئەوا بەرگریەکەی نەلەتوانای نەتەوەگەری نەلە توانای چەپیەکانیشە، زیاتر پێویستی بە بنەمای تۆکمەو عەقیدە هەیە ،بۆیە ئێستا تەنها ئیسلامیەکان ئەو بەرگریەیان پێ دەکرێ، کەواتە سروشتیە کە دەبینین بزوتنەوەکانی رزگاری ـ نیشتمانی: چیچان،

کشمیر، خوارووی فیلیپین، خوارووی لبنان، فەلەستین، .. تەنها ئیسلامیەکانن، هەروەها ئەو بەرگریەی ئێستای عێراق و ئەفغانستان بەئاشتی و بە نائاشتی، ئەوانەی لەسەرتاسەری بەلقان کرا ... با سەرنج بدەینە (حزب الله) لە خوارووی لبنان، کاتێ ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٨٠ خوارووی لبنانی داگیر کرد ئەوا (حزب الله) لەدایك نەببوو، پڕی لوبنان حزبی عەلمانیو دیموکراسیو نەتەوەییو چەپیو سوشیالیستی بوو، میلیشیاشیان هەبوو، کەچی کەس بەو ئەرکە هەڵنەسا تەنها، (حزب الله) پێی هەڵسا، هەتا سوپای لوبنانیش بەو ئەرکە هەڵنەستا.... کەواتە ئەو حزبانەو سوپای لبنانیش ئەرکی نیشتمانیان چیە ئەگەر بەرگری داگیرکەریش نەکەن؟ لەو سەرەنجامە بەشێکی زۆر لە عەلمانیەکان بە چەپی و لیبراڵی و نەتەوەگەریو سوشیالیستیشەوە بە خێرایی گەڕانەوە سەر بنەماکانی میکاڤیلی لە سیاسەت، بۆیە زیاتر بەرژەوەندی تایبەتی رەچاو دەکەن تەواو وازیان لە ئایدولۆژیاو مەبادینەکانو بەرگری هێناوە، بە دەگمەن لایەنێکی وەك پ ك ك ماوە لەو پۆلە لە ئەرکی بەرگری بێت، بنەمای میکاڤیلیش لەو سەردەمە هەرگیز بەرگری لە تواناد‌ا نیە، هەر خۆی وتویەتی (حبـي لروحي دون حبـي لبلادي)[1]، ئاواش ئەو جۆرە عەلمانیە پەیڕەوی ئەو بنەمایە دەکەن، بۆیە دەبینین زۆربەی تەیارە عەلمانیەکان لە بێزینگی ئەو هاوکێشو پرسیارە دەرناچن: ئاخۆ ئەگەر بەرژەوەندی نیشتمانیو بەرژەوەندی حزبی خودی تێك گیرا کامیان سەردەخەن؟ هەڵبەتە روونە یەکسەر بەرژەوەندی خودی حزبیەکەیە بەڵام ئەو حزبەی کە مولکی تایبەتی خۆیتیان، وەك لە سەرجەم ئەزموونەکانی کوردستانو عەرەب هاوشێوەکانی دەردەکەوێ، لە کوردستان ئەو پرسیارە هێشتان لە گۆرەپان وەڵامێکی بەزەقی نیە چونکە ئیسلامیەکان نەیانتوانیوە بەتەواوی بەرنامەی رزگاری نیشتمانی هەڵگرن وەك فەلەستینو چیچانو کشمیرو خوارووی فلیپینو خوارووی لوبنانو بەلکان . . گرای ئەوانە وڵاتیان لەلایەن (غەیرە ئیسلام)

[1] بڕوانە (الامیر).

داگیرکراوه نازانن داگیرکار هەر داگیرکاره چ ئیسلامی بێ چ نائیسلامی، زۆر لە مێژه (ابن طاوس) ڕێسایەکی گرنگو بوێری داهێناو دەڵێ: (کافر العادل خیر من مسلم الجائر) هەروەها (ابن تیمیة) لەبارەی داگیرکەریەکانی مەغول فتوای دا: ئەگەر داگیرکەر قورئانی لەسەر سەریش بوو مادام داگیرکەرە بەرگری بکەن تا دەری دەکەن، ئیسلامیەکانی کوردستان بەرگریان کردووەو لە شاخ بوونە، خوێنیان ڕشتووه، بەشداری ڕاپەرینو بەرگریەکانی دوای ڕاپەڕینیان کردووە بەکردە، بەڵام بە گوفتە کەمیان لەسەر کوردستانو چارەنوسەکەی وتووه، بۆیە بەشێکی زۆر لە عەلمانی بۆ هێنانی سوپای داگیرکەر بۆ سەر کوردستان یان لە کیمیابارانی و ئەنفال بەشدار بووه کەچی مزایەدە لەسەر ئیسلامیەکان دەکا، ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو گوفتەیەی (نووسەری حیزبی شیوعی کوردستان کە لە ژمارە-٤٧ -ی هەفتەنامەی هاوولاتی هاتبوو) دەڵێت: ئێمە بە ئەندازەی دوورو نزیکی ئیسلامیەکان لە کوردایەتی لێیان نزیك دەبینەوە .

لە کاتێکا حزبی شیوعی کوردستانی نەبووە، عێراقی بووە، چونکە کوردستانی بە نیشتمانی سەربەخۆ نەزانیوە، ئینجا لەسەر دیوارەکانی شارەکانی کوردستان دەیاننووسی (کوردایەتی شەرمەزاریيە).

یەکێتی نیشتمانی و عەلمانیەت:

لە جیهانی ئیسلامی هەندێ گەلاڵەی کۆمەلایەتیو سیاسیو نیشتمانی هەیە لەلایەن عەلمانیەوە دەخرێتە ڕوو کە زۆربەی دەستورەکانیشیان بە هۆیەوە پێ دارشتووه، ئەوانە دەڵێن ئێستا هەموو نیشتمانێك لە چەند ئایین و مەزهەب و تایفە پێك هاتووه، ئیتر هەر دەسەلاتێکی تری غەیرە عەلمانی یەکسەر دەبێتە پارچە پارچەو یەکێتی نیشتمانی تێك دەچێ، بۆیە بنەمای عەلمانی دەبێ لە (ثوابت)ەکان بێ، بەهۆیەوە دیکتاتۆریەت پەیرەو دەکەنو زل هێزانی جیهانیش بە

راگەیانـدنو کـردەو گۆتـە تـا رادەیـەکی زۆر پـشتگیری لـەو گەلاڵەیـە دەکـەن، بەتایبەتی لەنێو جیهانی عەرەب.

بەلام ئەگەر سەرنجێکی بەدیقەت تری بدەینە ئەو گەلاڵە دەبینین :

١. زۆربەی ئەو وڵاتانەی یەکێتی نیشتمانی تێك چووەو پارچە پارچە بووینـە هەر عەلمانی دەسەلاتدار بووە، جەنگە تایفیو ئاینـەکانی: لبنـان، چـاد، راونـدا، بوروندی، ئەنگولا، سۆمال، یەمەن، ... هتـد لـەو سـەردەمەدا، دیـسان پارچـە پارچە بوونی یـەکێتی سـۆڤیەت، یۆگـسلاڤیا، چیکوسـلوڤاکیا، .. هـەر لەسـەر دەستی دەسەڵاتی عەلمانی بووە، یەك نمونە هەیە لە ئەزموونی ئیـسلامی ئـەویش ئەفغانستانە کە بووە جەنگی ناوخۆی ئـەویش لـە پێـشدا لـە ئـەزموونی حزبـی شـیوعی ئەفغانـستانیش کـە زل تـرین هێـزی لـە پـشتەوە بـوو، کەچـی نـەك کۆمەڵگەکە خـودی حزبـی شـیوعی بوونـە دوو بـاڵ (پەرچـەم) و (خـەلق) و لـە ململانێی خوێناوی بون، هەردوو سەرکردەشیان (نور محمد تراقی، حفیظ الله امین) کوژران، ئەوە یەك سەدەیە عەرەب پەیرەوی عەلمانیەت دەکا کەچـی هێـشتا لـەو (٢٢) پارچەیە رزگار نەبووینە، ئەو جیهانە پڕیەتی لە نموونەی پێچەوانە.

٢. ئەو گەلاڵەیە پشت دەبەستێت بە ماناو بوونی نیشتمانێك کە ئیمپریالیزم وای دروست کردووە کە ئەو سـنورە لەسـەر بنـچینەیەکی کۆمەلایـەتی سیاسـی، ئاینی، جوگرافی، مێژووی، ... ڕاستو ڕەوا نەبێت، ئەوەك ئـارامی وەرگـریٚ،... نەهاتووە پشت بەمانایەکی ڕاستەقینەی نیشتمانی سروشتی ببەستێت (کە هەیە) بیٚ دەستکاری ئیمپریالیزم.

٣. ڕاستە لە هەندیٚ وڵات دەبینی لەژێر دەسەڵاتو بنەمای عەلمانی ئارامە، لەوانە تورکیا بە نموونە ... بەلام بەزەبری ئاگرو ئاسن وەستاوە قەدەغـەی زمـانی زك ماکی کوردی کردووە، لە عێـراق گەیـشتە ڕادەی کیمیـایی بەکارهێنـــان لـە وڵاتـە دکتاتۆریـەکانی تـریش بـەو شـێوەیە، لـە یوگوسـلاڤیا هـەموو لایـەك تێکگیران لە شەڕێکی درندانانەدا، نەك هەر دکتاتۆری زۆر جـار لـەناو جەرگـەی

ديموكراسيش ئەو تێكگیرانە ڕوودەدات لە لوبنـان لـە نێـوان مەسـیحی‌و ئیـسلام مەسیحی خۆبەخۆ، ئیسلام خۆبەخۆ بە هەموو ئاراستەیەك، لـە هینـد لـە نێـوان سیخ‌و هیندۆس، ئیسلام‌و هیندۆس هەموو لەگەڵ هەموو، سۆماڵ یـەك نەتەوەیـە یەك مەزهەب‌و ئاینن کەچی هەر هۆزێك دەسەڵات‌و نیشتمانێکیان بـۆ خـۆ جیـا کردۆتەوە هەمووش دەسـەڵاتی دەسـتوری عـەلمانی بـووە، سـەرباری نموونـەکانی بورندی، ڕواندا، چاد،... ئینجا کێشەکانی نیشتمانی لە وڵاتە هەرە دیموکراسـی‌و عەلمانیـەکانی وەك: (فەڕەنـسا۔ کورسـیکا)، (ئیـسپانیا، باسـك)، (بـەریتانیا، ئیرلەندا)، (هـەردوو ئـەمریکاو ئوستراليـا۔ لەگـەڵ دانیـشتوانی ڕەسـەنەکەی)، (سریلانکا، تامیل)، (هیند، کشمیر)، (قوبرس)...هتد.

٤. ئەو یەکێتی نیـشتمانیەی ئێـستا هەیـە، لەسـەر فەرهـەنگو گەلاڵـەی ڕەگەزپەرستی‌و زەبرو زەنگـی پێـچەوانەی بنـەماکانی مـافی چـارەی خۆنووسـی میللەتان دروست بوە، کە ئاین‌و یاسای نێودەوڵەتی هەموو یاسایەکی مرۆڤایەتی دانی پیا هێناوە.

٥. کەواتە دەسەڵاتی عەلمانی لەو گەلاڵەیـدا ئەگـەر چـی جیـاوازی ئـاین و مەزهەب ناکا، بەڵام لەو لایە ناتوانێ نەتەوەو نەژادە جیاجیاکـان بـسازێنێت لـە چالاکیە تایبەتیەکانی، واتە هەر دەبێ دکتاتۆری بێت، بەو شێوەیە ئەو گەلالەیـە لە مەبەست‌و ڕێڕەودا دکتاتۆریانەیە، ڕاستە لە هەنـدێ وڵاتـی تـەواو دیموکراسـی توانیویانە ئەو یەکێتی یەی نیشتمانی بـە ئـارەزوو مەندانـە بـچەسپێنن بـەهۆی دارشتنی مافی هاووڵاتی لـە جیـاتی مـافی هاونەتـەوەی و هاوئـاینی، وەك لـە کەنەدا بینیمان لە ساڵی ١٩٩٨ هەرێمی کیبك- کە فەرەنسی زمـانن جیـان لـە کەنەدی زمان ئینگلیزی - بە هەڵبژاردنێکی ئارەزومەندانە لە ٥١٪ دەنگیان بـۆ مانەوەدا لەگەڵ کەنەدا، لـە ئیسلامیـشدا مـادام فاکتـەری شـاقۆلی کاریگـەری نەمێنێ ئەو کێشانە ئۆتۆماتیکیەن چارەسـەر دەبـێ، کێـشەی فـرە ئـاینیش لـە ئەزمونە کۆنەکانی خەلافەتی ئیـسلامی بە سانای چارەسـەر کـراوە مـادام مـافی

هاوولاتى بەند نەبێت بە ئايدولوجياو عەقيدەو ئينتمايەكانى تر، بۆيە دەبينين هەموو كەمايەتيەكى مەسيحى، يەهودى، ئاگر پەرست، گا پەرست، ... بەسەر بەستى لەناو خەلافەتى ئيسلام ژياون بێ ئەوەى بچەوسێنرێنەوە بەو ناوە، با سەرنج بدەين دواى ئەوەى قوبرس لە ١٥٧١ لەلايەن عوسمانيەكان گيرا سەربەخۆيى تەواو درابوە كنيسە لەلايەن باب العالى، نوسقف وەك نوينەرى ميللەتى رۆمى ئەرسەدۆكس دووەمين كەسيتى دانرا لە سالّى ١٧٥٦ لەسەردەمى سولّتان محمدى دووەم، دوايش لە ١٨٥٦ لە سەردەمى عبدالمجيدى يەكەم ئەنجومەنێكى ئيدارى دادگاى پێك هێنرا لە چوار ئەندام لە توركى ويۆنانى[1] قەشە دوەم كەسێتى ئەو ئەنجومەنە بوو لەدواى والى، ئيتر ئەو گيرو گرفتانەى تايفى و مەزهەبى و ئاينى لەنا دادگەرى دێت جا هەر لايەك بن ·

[1] موسوعة السياسية ـ د كيالى

(٢٧)

جەنگـــی ڕەوا الحرب العادلة justice war

جەنگ توندترین ناکۆکیە، ئەوە پێناسەیەکی فەلسەفی گشتیە، پرسـیارێکی زۆر هەیە لەبارەی سەرچاوەو بنەچەی جەنگو سەرەتای پەیـدابوونی لـە شـێوەی: ئایا هۆکاری بنـچینەی جـەنگ کامەیـە؟ جـەنگ هـەر هـەبووەو هـەردەمێنی؟ جۆرەکانی جەنگ لەگەڵ گەشەی مێژوو گۆڕاون؟ تەرازویەکی چەسپاو بۆ ڕەوایـی‌و نارەواییەکەی هەیە؟ بۆچی ئەو زاراوەیـە لـە فەرهـەنگی سـەربازییەوە پەڕیتـەوە فەرهەنگی سیاسیش؟

هەڵبەتە هەر مەدرەسـەو سیـستەمێك بـە جۆرێـك وەڵامـی ئـەو پرسـیارانە دەداتـەوەو ڕوانگـەی جیاجیـای بـۆ دروسـت دەبـێ، هەریەکـەش گـوزارش لـە بەرژەوەندی مەدرەسەیەك دەکا، بۆیە ئـەو زاراوە زیـاتر سیاسـیە نـەك سـەربازی (معجم الحدیث للتحلیل السیاسي) بەو ڕوانگـە پێناسـی جـەنگی کـردوە: (حالـة صـراع بـین کیانـات سیاسـة حـادة) (قـاموس الـسیاسي)یـش دەڵـێ: (الحـرب في الاصطلاح الدولي، صـراع مـسلح بـین دولـتین او فـریقین مـن دول ینـشب لتحقیـق مصالح وطنیة).

سـەربردەو سـەرچاوەکـانی جـەنـگ:

جەنگ بەشێکە لە مێژووی مرۆڤ، بۆیە زۆربـەی دەیگێڕێتـەوە بـۆ سـەرەتای مێژووی کوشتاری نێوان (قابیل‌و هابیل)، جار وایە زێدەڕەوی تیا دەکەن‌و دەڵـێن ئەو کوشتنە یەکەم جەنگی جیهانی بوو، بەشێکی تر دەیگێڕنەوە بۆ ئەو مێژووەی

کە کۆمەڵگەی چینایەتی پێ دروست بووە، واتە بە پێی ئەو تیۆرە (ئەوە تیۆری مادیە کانە - بەتایبەتی مارکسیەت) جەنگ بەند بووە بە قوناغێکی مێژووی، بەشێك لە ئەنسروپۆلۆجیەکان دیاردەی جەنگ و ئەو دڕندایەتیەی لەگەڵیەتی دەدەنە پاڵ کۆمەڵگای سەرەتای[1] ، (سپنسر)یش دەڵێ:(مانای گەشە کردنی کۆمەڵ بریتیە لە: وەرچەرخانی کۆمەڵگەیەکی دامەزراو لەسەر جەنگ بۆ کۆمەڵگەیکی دامەزراو لەسەر پیشەسازی)، بەشێکی تر لە (تەتەوریەکان) پێ یان وایە هەر خودی مرۆڤ ئەوەی ئاژەڵە بۆیە غەریزەی پەلامارو جەنگ خوازی هەیە، بەشێکیش لە توێژەرە دەرونیەکان پێیان وایە سەرچاوەی جەنگ دەگەڕێتەوە بۆ نەگونجانی ئارەزووە جنسیەکان، لە هەموویان بەناوبانگ تر ڕای مارکسیەکانو بەشێکی زۆریش لە ئابووری ناسەکانە دەڵێن:جەنگ بەهەر هۆیەكو لەژێر هەر ناوێك رووبدا لە دوا هۆیدا هەر بۆ فاکتەری ئابووری دەگەڕێتەوە، لەوێش ڕا جەنگەکە هەر چونێك بێت هەرلە ماهیەتدا بۆ جەنگی چینایەتی دەگەڕێتەوە با لەسەر خانیشدا ناوو هۆی تریش هەڵگرتبێ، جەنگی چینایەتی جەنگێکی ئابووری یە لەو بارەیەوە (ماوتس تۆنگ کە زیاتر پسپۆرە لێی) دەڵێ:(جەنگ بۆ یەك چرکەش لە ئابووری جیا نابێتەوە)[2]، بۆیە دەڵێن جەنگ لەگەل پەیدابوونی چینایەتی پەیدا بووە بە نەمانی ئەو چینایەتیەش (لە شیوعیەت) بەیەك جاری بنەبڕ دەکرێ ·

ئەوە کومەڵێك ڕاو بوچوون بوو لەو بارەیەوە، لە ڕاستیدا جەنگ بە جمکی لەگەڵ مرۆڤ هاتووە، قوناغی نیە مادام ڕەگو ڕیشەکانی دەگەڕێتەوە سەر دەروونی مرۆڤە کە هەردەم پێك هاتووە لە (جووتە دوودژ ـ زوجی-دیاد)ی (خێرو شەر)، (نەرم ورەق)، (بەبەزەی و توند)، (دەروون و رەوشت)، (مادی وگیانی)، (ئاسویی وشاقۆلی)، .. ئەو کۆمەلە دژانە سەرەنجام سروشتێکی تایبەتی وئالۆز

[1] مقدمة فی الانثرو پولوجیا الاجتماعیة

[2] بۆ زیاتر سەرنج بدە: أ- رأس مال ـ مارکس ب - فی التناقض - ماو

بۆ مرۆڤ دروست دەکات، یەك پێوەر ناتوانێ لەهەموو بارێکدا ئەندازە کێشی ئەو سروشت تەبیعاتەی مرۆڤ بەووردی بکا ، هەربۆیەش کێشەی هۆیەکانی هەلچوونی مرۆڤ و بەجەنگ هێنانی ئالوز بێ، جا مەرج نیە ئەو جەنگە هەر بە هۆی ئابووری یان جنسی بێت، زۆر شێوە جەنگی تر هەیە، لەوانە: دەسەلاتو زالیەتی، عەقیدەو بیروڕا، نەریت و چینایەتی، خێلەکی، ناوچەگەری، نەژادی، نەتەوایەتی، ... زۆر جۆری تر لەجەنگە نوێیەکانی یاسایی، دەولـــــــــی، رزگاری، .... مەرج نیە یەك هۆکار -لەوانەی سەروش- پەیدا کەری جەنگ بێت، جار وایە کۆمەلێك هۆکار لەوانە کەلەکە دەکاو هۆکارێکە دوای دەبتە بەهانەو جەنگی راستەوخۆی پێ هەلدەگیرسێ، لەو کاتە هۆیەکانی جەنگ بۆ هۆیە ڕاستەخۆو ناڕاستەخۆ کان دابەش دەکرێت، هەموو ئەو هۆکارانەی جەنگ کە لە سەروو ریز کراون دوو بەشی سەرەکین : یەکەمیان، هۆکارە شاقۆلیەکان، دووەم هۆکارە ئاسۆییەکان، بەهەمان هۆش جەنگی شاقۆلیی وجەنگی ئاسوی لێ دروست دەبێ، جەنگە شاقولیەکانی وەك: جەنگی خێلەکی، نەژادی، نەتەوەگەری، ناوچەگەری، بنەمالەی، رەچەلەکیەکانی تر...) لەلایەن زۆربەی ئایدولوژیە مرۆڤایەتیەکان وەك ئاین ئاسا بەجەنگی نارەواو (دواکەوتەی) لەقەلەم دەدەن ئەگەر بەرگری نەبێ، بەلام لەسەرجەم جەنگەکان جەنگی بەرگری وجەنگی دەست درێژ کار وەك یەك نین، جا ناسنامەیان هەر چیەك بێت، چونکە بەرگری کەر بەرپرس نیە لە جەنگ وسەرەنجامەکانی ، ئەو مەسەلە کوردی یە تەواو ڕاست نیە کە دەلێن:(چەپلە بە دەستێك لێنادرێ) بەمانای لە جەنگا هەردوولا لێ ی بەرپرسیارن، ڕاستە لە ئاشتیا بە هەردوولا نەبێ ناکرێ بەلام جەنگ بەیەك لاش دەکرێ، بەتایبەتی هەندێ مدرسەو سیستەم جەنگ بە (دەرمانی مێژوو) دەزانن، لەوانە مارکسیەت لە بارەی جەنگی چینایەتی هەروەها تیۆرەکانی یەهودی لەبارەی جەنگی (هرمجدۆن)، جا لەو کاتە لایەنی بەرامبەر چی بکا، لەو سەردەمەش گەلێ جار دەبینین یاسای نێو دەولەتی بەرانبەر جەنگێك دەکەوێتە

قەیرانی بێ وەڵامی ناخۆ کامیان دەست درێژکارە ؟ لەبەر پاراستنی بەرژەوەندی ناوێرێ وەڵامێکی بێ پێچ وپەنا بدەنەوە، لەهەمان کاتیشدا تێکرای جەنگ سەلبی نیە هەروەك تێکرای جەنگیش ئیجابی نیە، ئەگەر لای بەرگری کەر (نەك دەست درێژکار) کەمێك بەرنامەیەکی مرۆڤایەتی هەبێ ئەوا زۆر بەسانای وەسفی ئەو جەنگە دەگۆڕێ، ناشێ بلێی ئەو جەنگە شاقۆلیە، ئەو وەسفانە دەبنە وەسفێکی عەوام، وەسفی ورد لەو کاتی وادەبێت دەست درێژکار جەنگێکی شاقۆلی دەکاو بەرگری کەریش ئاسۆیی، بۆیە دەبنە دوو جەنگی مدرەسی و شارستانی ولێك جیاش، ... بەو شێوە جەنگی بەرگری دەگاتە پلەی جەنگی ڕەوا، ئەوا ئەگەر بەرنامەی سیاسی لایەنی بەرگری زیاتر بەرەو دادگەری بێت، چونکە لەنێوان ئەو هەموو جەنگە هەر جۆرێك لە جەنگی ڕاست و دروست هەیە، کە پێ ی وتراوە "جەنگی ڕەوا"، کەواتە جەنگی ڕەوا دۆخێکی تایبەتی یە لە جەنگە ئاسۆییەکان، لە بنەچەدا ناوی (جەنگی ڕەوا) بۆ ئەوە هاتووە تالە جەنگەکانی تر جیا بکرێتەوە، کە بە جەنگی نارەوا ناوزەد دەکرێ، دیسان هەر مدرەسەو سیستەمێك بەپێ ی ناوەرۆکی ئایدۆلۆژیاکەیان یەکێ لەو جۆرە جەنگانەی پێ (ڕەوایە)، لەوەوە تێك گیرانی سیاسی و فکری و فلسفی مدرەسەکان روو دەدا و زاراوەی (جەنگی ڕەوا)ش دەبێتە زاراوەو چەمکێکی سیاسی.

ڕای مەدرەسەکان:

لە کاتێکا لیبرال دیمکراسەکان و رۆژئاوا هەموو ئەو جەنگ و دەست درێژ کاریانەیان پێ ڕاستو رەوایە کە لە خزمەتی بەرژەوەندی دابێ، ئیتر هەموو ئەو شێوە پەلامارە ئیمپریالیزمیو کۆکوژیو وێرانی .. ڕەوای پێ دراوە بە دیموکراسیو مەدەنیانەش، دەنگی زۆرایەتی پەرلەمان ورێکخراوەکانی مەدەنی و مافی مرۆڤیان تەواو هەبووە، بەهێزی یاسای دەستوریشەوە، ئەوە هەموو لەلایەك

لەلایەکی تریشەوە بەھەمان تەرازوو ئەو مدرەسە ڕەوای بە بەرگری دەدا لە بەرژەوەندی لەدژی داگیرکەران و خۆشی کە ئیمپریالیزم بووە، ئەوەش لە چوارچێوەی کارەکانی مرۆڤە کە ھەردەم بەشەکانی ناکۆکە لەگەل یەکتر، ھەلبەتە ئەو مدرەسەیە لەجەنگەکانی ٥٠٠ سالەو ١٠٠ سالەو ٣٠سالەی .. ئەورووپی و لە ھەردوو جەنگی جیھانیو جەنگە ڕەگەزپەرستی و نەژادی وناپارتاید و... جەنگی ئێستای شارستانی بەرپرسیارە .

ھەرچی مدرسەی مارکسیەتیشە تەنیا ئەوجەنگانە بەرەوا دەزانێ کە لە نێوان چینەکان ڕوودەدا، جالە ھەر قۆناغێکی مێژووی جۆرێك لە جەنگی چینایەتی نواندووە، لە کاتێکا پێی وایە لە (مشاعة البدائية) کۆمەڵگەیەکی بێ چین بووە، لەوێ جەنگی چینایەتی نەبووە بەڵکو ھەرجەنگ بە گشتی نەبووە، بەڵام جەنگێکی تر لەگەڵ سروشت ھەبووە، بە ھەمان ڕوانگە لە قۆناغی بەندایەتی تەنیا جەنگی بەندە لە دژی (خاوەن- سادە) پێ ڕەوا بووە، لە قۆناغی دەرەبەگایەتی (جەنگی جوتیار دژی دەرەبەگ) ،لە سەرمایەداری (جەنگی چینی کرێکار لە دژی سەرمایەداری) بەرەوا دەزانێ، لە قۆناغی کۆتایی مێژووشدا کە (سوشیالستی وشیوعیەتە) ئەوا جەنگ بە یەکجاری کۆتای دێت[1]، دیسان جەنگی لە شێوەی ناکۆکی لەگەل سروشت لە پێناو بەرھەم دێتەوە، واتە جەنگی ڕەوا لە ڕوانگەی مارکسی لە کۆتاییدا لە پێناوی نەمانی جەنگە ....، تا ئێرە ڕای مارکسیەت بووە .

ھەرچەندە لێرەشەوە وەك پێشتر کەوتۆتە ناکۆکی لەگەل خۆ، چونکە لە لایەك دەلێ ھەموو جەنگەکان لە ماھیەتدا جەنگی چینایەتیە و ڕەوایشی پێ داوە، لەلایەکی تریش کۆمەلە جەنگێك بە جەنگی ناڕەوا دەزانێ، ئینجا ئەو قۆناغانەی مێژوو ودابەشیەکەی ڕاست دەرنەچوو ھەتا تەرازوو پێوەرەکانی کە لەسەری بنیات دەنێ ڕاست دەرچێ، ئنجا تاکە نمونەیەك نیە تا بیسەلمێنێ جەنگی

---

[1] بۆ زیاتر سەرنج بدە کتێبەکانی (مارکس، ئەنجلس، لینین،تروتسکی، ماوتس تۆنگ ..)

(٢٨)

زايـــۆنی الصهيونية Zionism

بزوتنەوەیەکی سیاسی یەهودی یە، یەکەم جار لەسـەر زاری (ناتـان برنبـاوم - ١٨٩٠) ناوبراوە، زایون شاخێکە لە خوارووی قودس لە فەلەستین وبـە سـەهیونی لە (تەورات) هاتووە، بـە پێـی (جـدول الـشروح –کتـاب المقـدس) بـە (مدینـە الداود)یش هاتووە بە کۆن ترین گەڕەکی ئۆرشلیمی پۆلین کردووە .

مەبەست لێی شاخی (زایون) بکاتە بەلگەی گەڕانەوەی خـاکی فەلەسـتین بـۆ یەهوودی بەهۆی گرێدانی کەلتوری ئایینیو مێژوویی بە بەرنامەی سیاسی، ئـاوا زایۆنی وەك زاراوەو ڕێباز یەکەم جار زیاتر لەناو یەهودی ڕۆژئاوا چەکەرەی کـرد، ئەو داوایەی (زایۆنی) کرا ڕای گشتی بەهۆی هۆنینـەوەی سـەربردەو پـێش بینـی ئاینی، ئیتر بووە بەشێك لـە ئـەدەبیاتی نوسـەرانیان لەوانـە: کتـێبی (بحث عـن الصهیون- هەش کایـشر- ١٧٩٥- ١٨٧٤)، هـەروەها کتێبـی (ڕۆمـاو قـودس ١٨١٢-١٨٧٥)...، بووە هۆی چەکەرەبوونی شەبەنگێکی ئایدۆلۆژی زایۆنی وەك:

١- یەهود سامیەو ڕەچەلەکی عبـریەو پاکن پێویستیان بە پاك ڕاگرتن هەیە لە خاكو ولاتێك کە تا ئێستا نیانە.

٢- فەلەستین خاك و ولاتی دێرینی یەهودو ئیسرائیلە.

٣- دەولەت تاکە زامنێکە بۆ کۆل نەبونەوەی یەهود بەهۆی پرۆسەی (دژ بـە سامیەت).

٤- سەرکەوتنی یەهود لەو دەولەتە جیهانیش پێ دەحەسێتەوە .

وەك ڕێکخستن‌و پەیڕەوکردنیش لـە بەرنامەیـەکی سیاسـیدا سـاڵی١٨٩٧ بـە سەرپەرشتی هرتزل - خاوەنی کتێبی (الدولة اليهودية)- کـۆنگرەی (زایـۆنی) لـە (بازل - سویسرە) جاری ڕێکخراوێکی زایۆنی درا بە ئامادەبوونی زیـاتر لـە ٢٠٠ نوێنەری جیهانیان، تیایدا بڕیاریاندا فەلەستین بکەنە نیشتمانیان.

ســەربردەی زا یۆنــی:

ئەو تەقەلایە زۆر کۆنـە، پاڵپـشت دەکرێتــە ســەر دەقــی ئـاینی، لـە (کتـاب المقدس- جدول والشروح مادە: اسرائیل) وا هاتووە: بەو ١٠ خێڵەی سەرووی سینا ووتراوە (مملکە اسرائیل) کە دامەزرێنەرەکەی یربعـامی یەکـەم لـە دوای وەفـاتی سلێمان پێغەمبەر لە ٩٣٠ پ ز، ناوی فەڵەستینیش بە پێی هەمان سەرچاوە لـە (فلسطیا)ی یۆنانی لە ڕێی دورگەی کریت هـاتووە، چـەندین جـار بـە هاوبەشـی ڕۆژئاوا ویستویانە (قودس) بگرن، (٢) جـار ڕزگـار کراوەتـەوە، یـەکیان لەسـەر دەستی (عمر کوری خەتاب) دووەم جار لەسەر دەستی (صـلاح الـدین ئـەیوبی)، تەقەلا سیاسی‌و بڕواییەکانیش لـەوەش کـۆنترە، بەشـێك زایـۆنی دەگێڕنـەوە بـۆ هەمان مەبەستی (ماسۆنی)، بەشی هەرە زۆری فەرهەنگـە باڵاکـان قۆناغـەکانی زایۆنی دەبەستنەوە بە تەقەلاو بزوتنەوە یەهودیەکانی وەك ﴿بزوتنەوەی مکـابین- (٥٨٦ /٥٣٨)﴾ پ ز، بزوتنەوەی ﴿بارکوفیا(١١٨ /١٣٨)﴾ دوایـش بزوتنـەوەی مــوزمن کرینــی، بزوتنــەوە (داڤیـد روســیل)و قوتابیــانی (ســۆلومون مولــوح ١٥٠٠/١٥٣٣)ز بزوتنەوەی (ـشەبێن ئیـسرائیل/١٦٠٤/١٦٥٧)، شـیتای زفـی (١٦٢٦/١٦٧٦)، بزوتنەوەی جولەکە لە ڕۆسیا ١٨٨٢ ز، .. تا دەگاتـە زایـۆنی نوێی (هرتزل) لەکۆتایی سەدەی ١٩، زۆربەیان داوای گەڕانەوەی (گەلی جـوو)یـان کردۆتەوە بۆ سەر خاکی فەلەستین، لە قۆناغی نوێشدا ئـەو تەقەلایـە ئامـانجێکی بنـچینەی ئیمپریـالیزمی بـوو، لـە سـاڵی١٨٤٠ دیـسان سـەرۆکی بـەریتانیا (بالمرستون) داوای لە یەهودیەکان کرد کۆچ بکەن بـۆ فەڵەسـتین، بالمرسـتۆن لـە

بیرەوەریەکانی دەڵێ تەقەڵایەکی زۆرمان لەگەڵ (سلطان عبدالحمید)دا بە ماددە فەلەستین بفرۆشێ، قایل نەبوو (سلطان عبدالحمید)یش لە بیرەوەریەکانیو لە نامەکەشی بۆ (محمود ابو الشامات) ئەو ڕاستیە دوپات دەکاتەوە؛ ئەوکاتی هەرێمو مەملەکەتی گەورە کڕین فرۆشتنی لەسەر دەکرا لە نێوان ئیمپراتۆرو ئیمپریالیزمە جۆر بە جۆرەکان، ئەمریکا (فیلیپین)ی لە ئیسپانیاو بە ٢٠ ملیۆن $ کڕی یەوە، دوایی زۆربەی ویلایەتەکانی ئێستای ئەمریکای کڕیەوە، بەریتانیا ڕووباری دیجلەی لە ئیتحادیەکان کڕی، کۆرسیکاش چەند جار کڕینو فرۆشتنی لەسەر دەکرا...، هەر بە پێی بیرەوەریەکانی (بالمرستون) وادیارە (سلطان عبدالحمید)و خەلافەتەکەی زۆریش پێویست بە ماددە هەبووە، بەڵام بەهیچ جۆرێك قایل نەبووە یەك بستە خاکی فەلستین بفرۆشێ، ئەو ڕاستیە لەلای زۆر سەرچاوەی جیهانیو خودی یەهودیش هاتووە، بڕی (٥) ملیۆن لیرەیان بردە پێش عبدالحمید نەیفرۆشت، بەڵام دوایی ئیتحادیە عەلمانیەکانی تورکو سەرکردەکانی شۆرشی (مەزنی) عەرەبی زۆر بە هەرزانترو بە بڕی (٤٠٠,٠٠٠) لیرەیان فرۆشت یان بە پێی سەرچاوەی تر بە دوو سینیە زێڕ، ڕووباری دیجلەش بە (٢٥٠,٠٠٠) لیرە فرۆشرا بەریتانیا، لەو سەردەمی یەهوودی وەك پەنابەر لە خەلافەت وەردەگیران بە هۆی ئەو ستەمەی لێیان دەکرا لە ئەوروپا، بەڵام دوای ئەو جمۆجولە گوماناویەیان سوڵتان عبدالحمید لە ماوەی (١٠) ڕۆژ سێ فەرمانی دەرکردوو بڕیاریدا چیتر وەرنەگیرێنو بنێردرێنەوە ئەو شوێنەی لێی هاتوون، لە راڤەی فەرمانەکان هاتبوو ئەو جووانە ئەگەر ڕاست دەکەن پلانی دروست کردنی دەوڵەتی موسەویان نیە لە فەڵەستین با بچنە ئەمریکا خاکی بێ نەتەوەی لێیە با ئاوەدانی بکەنەوە، لەو هەنگاوەش عەلمانیە تورکو عەرەبەکان پشتگیری یەهودیەکان بوون، ئەو کاتی بە پێی ڕەچەڵەك عەرەبە عەلمانیە نەتەوەییەکان پاگندەی ئەوەیان دەکرد کە یەهودیش لە ئەسڵدا سامینو لە ڕەچەڵەکی عەرەب نزیکترن بەڵام عەجەم لە عەرەب نزیك نیە، بۆیە بەشێك لە عەرەبە عەلمانیەکان دژی ئەو فرمانانەی

عبدالحميد بوون، يەهودیەکان پەنایان بۆ پرۆژەو چارەسەری تر بردووە بۆ دۆزینەوەو نیشتمانێك، لەوانەش دوزینەوەی برازیل دوای ئوگەندا، ئینجا کینیا جار جار نۆر لە عیراقیش، چونکە هەتا بارە هەرە لاوازەکانی خەلافەتیش ئەو ئاواتەی یەهوودی ورۆژئاوا نەدەهاتە دی، بەلام لەگەڵ سەرهەڵدانی عەلمانیەت و پەرەسەندنی بیری نەتەوایەتی لە جێی خەلافەت و دروست بوونی قەوارەی نەتەوەیی و بەیەکجاری داڕووخانی خەلافەت لەسەرەتای سەدەی بیستەم ئەو دەرگا قوفل دراوەیان بۆ کرایەوە، ئیتر کەلەشی نیشتمانی ئیسلام کەوتە سەر سەفرەی چەندین جۆری ئیمپریالیزمی وەك (قسعەکەی فەرموودەکە)، یەکەم جار رێکەوتنی (سایکس پیکۆ - ١٩١٦) بۆ کێشراو جهانی ئیسلامی پارچە پارچە کرا بۆ یەکەم جاریش کوردستان وەبەر ئەو پارچە پارچە رەسمیە کەوت، وایان دابەشیەوە تاهەر لە تێك گیران و ناکۆکی ناوەخۆیی بخنکێن و بەسانای پلانی تری داهاتوو جێ بەجێ بکرێ، بەو شێوەیە دروست بوون و داهێنانی ئەو وڵاتانەی وەك عێراق و سوریا تورکیا و.... هتد یەکێ لە مەبەستەکانی جێ گیرکردنی بەلێنی بلفۆری وەزیری دەرەوەی بریتانیا (ئەرشەر بلفۆر) لە ١٩١٧/١١/٢ بۆ یەهودیەکان درا، کە ولاتێکیان لەسەر خاکی فلستین بۆ دروست بکەن، لە دەرفەتێکی گونجاودا لەبەرامبەر یارمەتیدانی ئینگلیز بۆ شۆرشی عربی ١٩١٦ لە دژی خەلافەت ودروست کردنی عێراق و سوریا و.... ئەوا سەرکردەکانی ئەو شۆرشەش دان بە بوونی ئیسرائیل و بەلفۆر بهێنن، بەو پێیە مەلیك فەیسەل عێراقی بۆ دروست کرا وەك دەولەتێکی سەربەخۆ، ملك فیصلیش لەگەل وایزمان نوینەری یەهودی بە ئامادە بوونی (لورانس) پەیمان نامەیەکی دووقولی لە٣\١١\ ١٩١٩ لەجیاتی عەرەب مۆر کردو پیك هاتبو لە ٩مادە دانی نا بە واقعی سایکس -بیکو و بەڵێنی بەلفۆر هێناو وایزمانیش مۆرەکەی لەجیاتی فلستین کردووە -دەقی رێکەوتنەکە لەکتێبی(ملك فیصل الاول ص٢٨-٢٩) بە ئینگلیزی وعەرەبی بخوێنەوە.

دەقی بەڵێنەکەی بەلفـور:

﴿برام/ للۆرد روتشیلد*، خۆم بە بەختەوەر دەزانم لە جیاتی حکومەتی خـاوەن شکو ئەو لێدوانەی خوارەوەتان بۆ بنێرم وەك هاوسۆزی بـۆ خواسـتەکانی زایـۆنی (یەهودی) کە لە ئەنجومەنی وەزیران پێ قایـل بـوون: (حکومـەتی خـاوەن شـکو بەسۆزەوە دەڕوانێتە گەلی یەهودی بۆ دروست کردنی نیـشتمانێکی نەتـەوەی لـە فلستین، بەپێی تواناش هەموو ئەرکەکانیان بۆ دەرەخسێنێ ، دەبێ بشزانرێ مافە یاسایی و مەدەنیەکانی غەیرە یەهودی دانیشتوانی فەلەستین پێ شێل نەکرێ ﴾ ـ براتان ئەرشەر بلفۆر-١٩١٧ .

لە ساڵی ١٩٤٨ ئەو کیانە دروست کرا بە دروشمی (مـن النيـل الى الفـرات)، ڕۆژهەلات وڕۆژئاوا و نەتەوەیکگرتووەکانیش لە ١٩٤٩/٣/١١ دانیان پیا هێنـا، دەقی بەلگەنامەکەی دان پیا هێنانیش لە کۆتای ئەو نوسـینە تۆمـار دەکـەین . ئیتر ئیسرائیل خۆی پڕچەك کردو ئەوەی نازیەکان بەوانیان کرد تۆلەکـەیان بەسـەر خەڵکی فلستین دارشت، یەهودی خۆی بەدەست ئایـدۆلۆژیای نـازی گرفتـاربوون، بەلام بەهەمان ئایدولوژیای وەرگێڕدراو بۆسەر زایۆن کاریان دەکـرد، بۆیـە گـەلێ جار بە(نازیة الصهیونیة) ناویان دەبردن، چونکە نەژادی یەهودی دەخەنە سـەرووی نەژادەکانی تر .. ئەو بیرە لـەوە دێ کـەئاینی یـەهوودی یەکێکـە لـەو ئاینانـەی (مکتسب)نیە ،واتە موبەشیر ودەعوەی نیە تاخەڵکی نـوێ ی لێ وەرگـیرێ، ئـەو سیفەتە ئاینی تریش هەیە ئاوا رەچەلەکی ومیراتیەوەك زەردەشتی بەنموونە، بـەلام زیندەگیەکەی بێهێزە نەبوویتە ئاینێکی نەتەوەی شۆفینی ، هەرچـی یەهودیەتـە زیندەگی ئاینەکەیان بەهێزە لەلایەك و لە لایەکی تر خەڵکی تـری لێ وەرنـاگیرێ ئیتر ئـەو هێـزە تیایـدا پـەنگ دەداتـەوە بـۆ رەگەزپەرستیو خۆیـە زل زانـی و پەیدابوونی دروشمی (شعب الله المختار) وەك ناسنامەیان-ئـەو تەقەلایـە لەلایـەن

* : بارون رۆتشیلد رابەری جالیەی یەهودیەکان بوو لە بریتانیا .

عەرەبی شۆڤینیش ئاوا دراوە کاتی دەیانەوێ ئاینی ئیسلام بکەنە مولکی عەرەبو زاراوەی ئوممەی عەرەبیو (أمتی العربیة والاسلامیة) بەکاردەهێنن-، گوایە خەڵکی تر هەمووی لەپێناو ئەوان دروست بووینە، دەبێ بۆیان یەخ بکرێن هەروەك لە پرۆتۆکۆلی (١١) حکماء صهیون واهاتوە تیایدا خەلکی تر لەلایەن یەهودیەکان بە (جوویم) یان بە (أممي)، ناودەبرێن، جاران یەهودیەکان بە مسیحەیەکانیان دەووت (جوویم)، دوای هەرچی یەهودی نەبوایە بە (جوویم) ناوبراوە بە مانای نەفامو غەوارە، ئیتر جوویم لە پێناوو خزمەتی ئەوان دروست بووینە وەك مێگەلە مەڕ هەروەك لە (تەلمود)و (پرۆتۆکۆلات صهیون) و ... زۆر سەرچاوەی تریان هاتوومو بنچینەی (شعب الله المختار) لێرەوە دێ، لەگەڵ کۆمەڵێك بیروڕای سەیرتر لە بنەماکانی (حیزبی نەتەوەی ئایین)ی زائیف یهوداك (١٩٨٢/١٨٩١) هاتوە: ((ان الله یظهر نزول مسیح کخلاص البشر بالمعجزة التالیة: جعل کل اراض تحت سلطة الیهود المقدسة التوراتیة)) ئەوەش مەولەتێکی خوایە بۆ داگیر کردن چەوساندنەوەی میللەتانی تر، هەروەك لە درێژەی ئەو مەبدەئانەی تر هاتووە (وکل تنازل یؤدي الی تأخیر نزول المسیح) ئەو بابەتە مێژوویانە لەگەڵ چەند بابەتێکی داهاتووی مێژوویانە لە مزگێنی سەرکەوتنی (حەتمی) یەك دەخەن لە داستانێك بەناوی (هرمجدۆن).

بیــرۆکــەی (هــرمجــدۆن):

بیرۆکەی بوونی جیهان لەژێر دەوڵەتی یەهودیو هاتنەخوارەوەی (ح. مسیح) و هەڵبژاردنی (شعب الله المختار) (کە یەهودن) بۆ ئەو دەورە گرنگە لەلایەن خواوە بۆ ڕزگاری بەشەریەتە وەك پێویستیەکی مێژوویی، (هرمجدۆن) بەرزاییەکە لە بەرزاییەکانی (جلیل) لە سەرووی فەڵەستین، ناوی ڕاستی دەشتی (مجیدۆ)یە، یەکەم جار ناپلیۆن بینیو وتی ئێرە دوا جەنگی یەکلاکەرەوە بەخۆ دەبینێو جیهانیش کۆتای دێت بە پێی (کتاب المقدس)، هەر ئەو جەنگەشە بە ناوی (هرمجدۆن) لە

تەورات، ئیتر زۆری لەسەر نووسراوە تا ئێستاش لەوانـە: (س.س.کـریس ۱۹۷۱) سەرۆکی قەشەکانی تەوراتی لە ئەمریکا کە بە رادیکالیە مەسیحیەکانیش ناوزەد دەکرێن، (هال لیندرس -الكرة الارضية العظيمة السابقة)... لـە هـەموو ئـەو نووسینو پێش بینیو مێژوویانەدا دەوڵەتی ئیسرائیلو هـاتنی مەسـیح بەیەکـەوە دەبەستنەوە دژی دکتاتۆران زۆردارانو ....، (لیندس) ئەو جەنگەی هەرمجدۆن بـە (کۆتایی مێژوو) دەزانی،و دەڵێ: تەنها (۱٤,٤۰۰) یەهودی لە جیهان دەمێنێت لە دوای ئەو جەنگە، ئەو تیۆرە ئاینیانە بووینـە بنـچینەیەکی سیاسـی دەوڵـەتی ئیسرائیلو پێرەوی دەکەن، سەرنج بدە هەتا (ڕۆنالد ڕێگن)ی سەرۆکی ئـەمریکای پێشوو دەڵێ: ئەو نیشانەو مەرجانەی هەرمجدۆن بەدیارکەوتن ماوە (مەسـیح)یـش بگەڕێتەوە، هەریەکە لە (مۆلویل، لندس، روبرتسن،..) زۆری تـریش ڕایـان وایـە کە هەردوو کتێبی پیرۆزی (مقدسو ئینجیل) پـێش بینـی گەڕانـەوەی (عیـسی) دەکەن لەدوای جەنگە ناوکی هەر دەشبێ ڕووبدا، ئینجا مەسیحیش دابیـەزێ بـۆ سەرپەرشتی جەنگی هرمجدۆن، دوای ئەویش۱۰۰۰ سـاڵ لـە جیهـان حـوکم دەکـا پێش ئەوەی بە یەکجاری مێژوو کۆتایی بێت ... ئـیتر تیۆرەکـەی (فوکۆیامـا)ش هەر لەوبیرە داکانەیە دێت بەجۆرو گوزارشێکی تر کە دەڵێ: (کۆتایی مێـژوو) لـە لیبرال دیموکراسیە، لیبراڵ دیموکراسیش ئەو مبادیئـە ۱۰۰۰ سـاڵەکەی تیایـە لـە دیموکراسیو بەختەوەری ڕۆژئاواو شارسـتانیەتەکەیان. ئەوانـە هـەمووی کۆمەڵـە تیۆرو سەربردەو پێش بینی ئایینی بووە بۆ بیرۆکەی زایۆنیو دەوڵەتی ئیـسرائیلو پاکی ئەو نەژادەو زیاتر باڵایـان لـە خـەڵکی تـر، بۆیـە ئـەو بیرۆکەیـە لەلایـەن جیهانەوە بە جۆرێك بە ڕەگەزپەرستی وەرگیرا تا ئەو ڕادەیە لە سـاڵی ۱۹۷٥ بـە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکانی (ژمارە: ۳۳۷۹) بزوتنەوەی زایـۆنی بەشـێوەك لـە شێوەکانی ڕەگەزپەرستی ناسرا لە ڕووی یاساییەوەش، ئـەو کـاتی لـە ئـەمریکاو ئەفریقیا ئەو جۆرە ڕەگەزپەرستی گەرمەی بوو، بەڵام دوای هەڵوەشانەوەی بلـۆکی

سـۆڤيەتی پێـشـــوو لــە ســاڵی ١٩٩١ جـارێکی تـر ئـەو بڕیـارە بـە خێرایـی هەڵوەشایەوە.

لــە بەرامبــەر هــەموو ئـەو هەنگاوانــەش تـەیاری نەتەوەگــەری عــەرەبو دەسەڵاتدارانیان ڕۆژبەڕۆژ لە کشانەوەن، لە ساڵانی دوای ١٩٤٨ بـە ئیـسرائیلیان دەووت (کیان المزعوم) دوای (کیـان الـصهیۆنی) ... بـووە ئیـسرائیلی ئاسـایی، ئێستا تەنها داوای زەوی لەدەستچووەکانی جەنگی١٩٦٧ دەکەنەوە، واتـە تـەنها بە ئۆتۆنۆمی قایلن .. بەو شێوەیە هەتا عەرەب لە ئیسلام دوور کەوتۆتەوە زیاتر سەر شۆڕی ئیـسرائیل بووینە، لە کێشەیەکی جیهانیو ئیسلامی بەرەبەرە بـچووك کرایەوە، قۆناغ بە قۆناغ، بووە کێشەیەکی عـەرەبیو ئیـسرائیلی، دوایـی بـووە کێشەی نێوان ئیسرائیلو (جبهة الرفظی) ئینجا (جبهة المواجهة)، دوای هـەر دژی (ڕێکەوتنی ئاشتی کام دیڤد).. تا لە دوای هەموو گەڕانـەوە ڕیـزی کـام دیڤیـد، بووە کێشەیەکی ناوەکی نێوان دەسەڵاتی فەلەستین و ئیـسرائیل، ئێـستا لـە ژێـر سیستەمی نوێی جیهانیو لەژێر ڕۆشنایی ئەو دۆخەی عـەرەب تیایـە قـایلن بـە هەموو چارەسەریەك، وەك ستراتیژی تاقانە ئاشتی خوازن لەژێر گورزی ئیسرائیلو بەردەوامی تیورەکانی بـێ ئـەوەی لــە هـیچ هــەنگاوێکی واز بهێنـێ، تەنانـەت عەلمانیەتی عەرەب لە ستراتیژیەکانیاندا ئەوەنـدە ئـامۆ بووینـە دۆسـتـەکانیان خستە خانەی دوژمـنو پێـچـەوانەش بـە پێـچەوانە، لـە جیـاتی ئیـسـرائیل شەڕێکی ٨ ساڵییان لەگەڵ ئێـران کـرد، تـا ئـەو ڕادەیـە لـە کـۆنگرەی ١٩٨٧ عەممانی سەرانی عەرەب بە تێکڕای دەنگ (جگە لە لیبیاو سوریا) ئیـسرائیل بـە هەرەشەی یەکەم حسێب نـەکرا بـەڵکو ئێـران وا حـساب کـرا، ئێـرانیش لەگـەڵ سەرکەوتنی شۆڕشیان، سەفارەتی فەلەسـتینی خستە جێی سەفارەتی ئیسرائیل، یەکەم جارە عەرەب بتوانن بە سەربەرزیو بێ سەودا خاکی خۆیـان ڕزگـار بکـەن لەسەر دەستی (حزب الله)ی لوبنانی هاوپەیمانی ئێران، کە لـە سـاڵی (٢٠٠٠) توانی خواروی لوبنان ڕزگار بکـا بە زەبـری چـالاکی سـەربازی لـە دوای (٢٠)

ساڵ داگیرکردنی، به گەڕانـەوەی عـەرەب بـۆ نـاوەرۆکی ئیـسلام فلـستین رزگـار دەکرێتەوە وئاشتیەکی ڕاستەقینە لەگەڵ یەهودیەکان (نەك زایۆنی) دەگەڕێتــەوە، هەردوولا مافی چارەی خۆ نووسیان بەدەستی خۆ هەیـە لەسـەر خـاکی ڕەسـەنی خۆیان بە پێچەوانەی ڕای هەندێ شۆڤێنی عەرەب کە هەموو یەهود بە دوژمــن و (أبنـاء القردة والخنـازیر) دەزانێ، ئەوەیان لە (مقاصد)ی ئیسلام دوورە، لە کۆنەوە تا ئێستا ئیسلام چاکترین نمونەی پێکەوە ژیانی ئاینە جیاجیاکانی پێك هێناوە.

دەقی بەڵگەنامەی دان پیا هێنانی نەتەوەیەکگرتووەکان بە ئیسرائیل :

وثیقة القرار ٢٧٣ـ١٩٤٩/٣/١١ قبول اسرائیل عضو فی امم المتحدة ... تقرر ان اسرائیل دولة محبة للسلام، لذلك نقرر ان تقبل عضواً فی امم المتحدة:

لایەنگیری بڕیار: ئەرجەنتین، ئوستراليا، بۆلیڤیا، بیلۆروسیا، کەنەدا، تـشیلی، چین، کۆلومبیا، کوستاریکا، کۆبا، چیکۆسلۆڤاکیا، دومنکان، ئیکوادور، فرنسا، گواتیمالا، هایتی، هندۆراس، ئایسلاند، لیبیریا، لوکمبۆرك، مکسیك، هۆلەنـدا، نیوزیلاند، نیکاراگوا، نەرویج، پەنەما، پاراگوای، پیرۆ، ڤلیبین، پۆلەندا ئۆکرانیا، جنوب ئەفریقیا، یەکێتی سۆڤیەت، ئەمریکا، ئورگوای، ڤەنزویلا، یۆگوسلاڤیا .

دژەکان : ئەفغانستان، بۆرما، میسر، حەبەشە، هند، ئێران، عێـراق، لبنـان، پاکستان، سعودیە، سوریە.

بێ دەنگ : بەلجیکا، بەرازیل، دانمارك، سلڤادور، یۆنان، سیاح، سوێد، ترکیـا، بریتانیا ..

بەو شێوەکۆی (٣٧) دەنـگ بەرامبــەر ١٢ دەنـگ دژو ٩ دەنگـی بـێ لایـەن ئیسرائیل وەك دەوڵەتێکی ئاشتیخواز بووە ئەندام لـێی.

بۆ زیاتر لە باسی زایۆنی ئەو باسانە سەنج بدە أـ موسوعة الـسیاسیة ب ـ موسوعة الادیان ج ـ معجم دیانـات واسـاطیر عالمیـة د ـ اسـاطیر المؤسـسة ـ غارودی

(٢٩)

تيــرۆر الارهاب terrorism

له كۆتايى سەدەى ١٩ له نێـوان ســالآنى (١٨٩٤ تـا ١٩٠١) پێـنج سـەرۆك تيرۆركران، بريتى بوون له سەرۆكو شاى: (فەرەنسا، نەمسا، ئيـسپانيا، ئيتاليـا، ئەمريكا)، دواى لـه سـالّى ١٩١٤ جێنـشينى نەمـسا (ئەرشـيدوك فردينانـد)و خێزانەكەى لەلايەن (پرانسيب—قوتابيەكى سربى سەر بە رێكخراوى -كف الاسود- بوو) تيرۆركرانو جەنگى جيهانى يەكەمى لـێ هەلگيرسـا، ئـيتر ئـەو رووداوانـە بوونە هۆى لێكۆلينەوەى له زاراوەى تيرۆر، له سەردەمى (عصبة الامـم)يـش لـه سالّى ١٩٣٤شاى يوگوسلاڤيا (ئەلەكزەندەرى يەكەم) تيرۆركرا، لەگەلّ زۆر رووداوى تر دژ به دەسەلآت وايكرد تيرۆرى دژ به دەولّەت ببێتـە مـادەى لێكۆلّينـەوە وەك بەندێكى ياساى نێو دەولّەتى، بۆ يەكەم جاريش له مادەى (٢)ى (عـصبة الامـم) سيفەتو سروشتى تيرۆر دياريكرا، ئيتر بووە مادەيەكى نێودەولّەتى.

ئەگەر چى (تيرۆر) وشەيەكى لاتينيە، بەلآم لەو سەردەمە بە هەموو زمانەكان بەكاردێت، يان له هەندێ زماندا وشەيەكى هاوتايان بۆ داتاشيوە، لـە عەرەبيـدا (ارهاب)يان له بەرامبەر داناوە، بەلآم تەواو ماناو مەبەسـتى تـيرۆر- بـە مانـاى رەشەكوژى- نادا، ئيرهاب بە تۆقاندنو زەندەق بردن دێت، يان وەك له فەرهەنگى (إعرف مـذهبك)دا هاتووە ئيرهاب زياتر له (Totalitarzm) نزيـك تـرە، واتـە مەرج نيە ئەنجامى كردەوەكەى دابيت، له كاتێكدا تيرۆر- له ماناى ئێستادا- بـە كوشـتنو ئەنجامـدانى كردەوەكـەى دێـت، وەك لـە دواى زيـاتر دەردەكـەوێ جياوازيان هەيە.

تیرۆر(به تایبەتی تیرۆری سیاســی) زۆر مــشت و مــڕی لەســەره لــه بــارەی: بنەچەکەی، شمولیەتی، ناسنامەی...ئایا هەر دیاردەیــەکی کۆمەڵایــەتی و زادەی لایەنی شەڕی ئادەمیزادە یاخود سروشتیەو ڕەسەنایەتی خۆی هەیە؟ پەیوەستە بــه قۆناغێکی مێژوویی یان بــه تــەربیی لەگــەڵ مێــژووی مــرۆڤ هــاتووە؟ هەمیــشه سەلبیه یان جار جاریش ئیجابیاتی هەیە؟ ئایا جیاوازی له نێــوان تــیرۆر وتــیروری سیاسی هەیە؟ کەواته تــیرۆری سیاســی لــه کەیــەوه پەیــدابووەو کــێ هەمیــشەو ئێستاش به کاری دەهێنێ؟ ئایا تیرۆر ناســنامەی هەیــە؟ پێنــاس و نیــشانەکانی چیە؟ بۆچی تا ئێستا پێناسە سیاسیەکانی به پێی ئەو یاسا(نادادگەریانەش) هــەر نەخراوەتە قاوغێك؟ ئایا پێوانەی کۆتایی بــۆ دیــاری کردنــی کــاری تیرۆرســتی و تیرۆر چیە؟ ...

کەم زاراوە هەیە به ئەندازەی تیرۆر مشتومڕو قەبارەی جیاوازی هــەلگرێت، هۆیە سەرەتاکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زاراوەیەکی زیاد له پێویست سیاسیە، زادەی جم و جۆڵی بەشەری و ڕۆژئــاوای دووره ئاییــنیــه، کــەمتر بناغــەی فکــری هەیە، بۆیە بواری لێك کێشانەوەی بەو سەرو بەم سەر گەلێك زوره، هــەتا ســاڵی ١٩٨٣ (٢٠٩) پێناسەی ڕەسمی جیاجیای لێ تۆمــار کــراوه[١] ،ئێــستا گەیــشتۆتە هەزاران، به پێچەوانەی چەمکه ڕەسەنەکان کــه داکــوتراوێکی فکــری و شــەرعی هەبێت کەمتر دەتوانێ ئەوەنده مانا جیاجیایه هەلگرێ.

بنەچــەی تیرۆر:

له سەرچاوەو فەرهەنگه کۆن و نوێکانی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوای وەك زمخشری، ابن کثیر، لسان العرب، فەرهەنگی فەرەنسی ١٩٦٤، فەرهەنگی ڤــۆلتیر(١٧٠١) فەرهەنگی ریشیله ١٧١٩ ..تا دەگاته فەرهەنگی جۆزی ١٩٣٩و دائــره المعــارف

[١] بۆ زیاتر بڕوانە: موسوعة العربیة- بابەت: الارهاب الدولي.

١٩٧٣، موسوعه العاليـه، (G.b.Encyclopidioe)ى بريتانيـاو فەرهـەنگى بەناوبانگى ئۆكسفۆرد.. هەمووى ماناى تيرۆرلەسێ خاڵى سەرەكى كۆدەكەنەوە :

١- ماناى ترس و توندوتيژى و تۆقاندنى سايكلۆجى.

٢- دەسەڵاتداران و خاوەن هێزەكان لە دژى خەڵكى لە خۆيان بێ هێزتـر وەك (تۆقاندن) بەكاريان هێناوە.

٣- هەندێ جاريش بە ڕەفتارى لەشكرى داگيركەر يان دادگا بێ بەزەييەكانيش وتراوە تيرۆر.

كەواتە زۆر كۆنە، بەڵام وەرگەڕانى لە مانايەكى: كۆمەڵايەتى بۆ سياسـى، لـە سايكۆلۆجى بۆ ئايدۆلۆجى، لە تاكى بۆ كۆيى .. ئەوا هەموو توێژينەوەكان يـەك ڕان كە لە دواى شۆڕشـى فەرەنـسى ١٧٨٩ هـاتووە كاتـێ (ڕۆبيـسپير، گۆسـتو، گۆدون) لە ٢ ساڵى فەرمانڕەوايان بە ناوى دروشمەكانى شۆڕش و ئازادى كۆمەڵێك فەرمانى (تيرۆرانەيان) جاردا، بەسـەردێرى (شمـشێرى ياسـا لەسـەر ملـى تـاوان باران) لە دژى ناحەزانى شۆڕش يان ڕاست تـر بڵێين وەك ئێـستا ئاسـا (لـە دژى دەسەڵاتى خۆيان) كە بەرەسمى لە ئەنجومـەنى نيـشتمانى ودەزگـا مەدەنييـەكانى فەرەنـسى دارڕژا، پێيـان دەوتـرا (پـەيرەوانى ئايـدۆلۆژياى چـاكۆبيان)، لـە دواى كەوتنى (ڕۆبسپێر) بە (٢) ڕۆژ لە ١٧٩٢/٧/٢٩ لە گۆڕەپانى شۆڕش بـە تـاوانى (تيرۆريزم) لە سێدارەدرا بە هەمان ئەو (مەقسەلەى) كە هاوڵاتى و تێكۆشـەرانى پێ لە سێدارە دەدرا، ئيتر لە دواى ئەو ڕووداوە چەمكى تيرۆريزم باوى وەرگـرت و لە ديار دەيەكى سايكلۆجى پەڕيـەوە بـۆ سۆسـيۆلۆجى، لـە تاكـەوە بـۆ كـۆ، لـە ڕەمەكيەوە بۆ ڕەسمى، لە كۆمەڵايەتى بۆ سياسيشەوە،.. لـە سـەدەى ڕابـردووش زياتر بە فاشيەكان دەوترا تيرۆريزم وەك لە فەرهەنگى ئـەو سـەردەم دەردەكـەوێ، بەڵام سياسـەتمەدارانى جـاران (تـيرۆرى سياسـيان) بـە گـشتى دەدا پـاڵ ڕارەوى ميكاڤيلى، چونكە نارەواترين ئامرازێكە كە پێى بگەيتـە ئـەنجام و تـەنهاش لـە ڕارەوى ميكاڤيلى بۆ كارى سياسى حلال كراوە ...لە هەموو بارێكدا ئەسـڵەكەى

له تۆقاندنی خەڵکی یەوە هاتووە لە لایەن کاربەدەستان و تاوانباران، بۆیە هەموو فەرهەنگەکان تا دوای نیوەی سەدەی (٢٠)یش بەو شێوەیە تیرۆریان راڤە کردووە، هەر بە نموونە (قاموس السياسي) لە ساڵی ١٩٦٧ نووسراوە پێناسی وەك خۆی ئەوەیە: (محاولة نشر ذعر والفزع لاغراض السياسية والارهاب وسيلة تستخدمها حكومة استبدادية لإرغام الشعب على الخضوع والاستسلام لها أو على شعب من شعوب لإشاعة روح الإنهزامية) لە دوای ١٩٧٠- ١٩٨٠ گۆڕدرا زیاتر بە بەرگری میللەت دژی دیکتاتۆر وتراوە تیرۆر بێ ئەوەی ناو و هۆی (کردەکە- فعل) بەیان بکرێت کە دەسەڵاتە دیکتاتۆریەکانن، لە ڕاستیدا لە ڕیزی میللەت و بێ دەسەڵاتانیش کاری تیرۆریستی هەیە. بەڵام زۆربەی کاردانەوەی هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارانە، لە سیستەمی نوێ زیاتر لە(کار) باز دەدەن بۆ سەر (کاردانەوە) و دەیخەنە ژێر میکرۆسکۆب و دوایش دادگا، تێکەڵیەکی ناڕەوا هەیە لە سنور و ماناو چەمکەکان، پێویستی بە لێك جیاکردنەوە هەیە، لەلایەك کۆمەڵێك بڕیاری یاسای نیو دەوڵەتی هەیە سەبارەت بە بەرگری گەلان لە مافی چارەی خۆ نوسی وەك: پەرەگرافی (٣)ی مادەی (١)المقاصد، بڕیاری ژ:١٥١٤ی خولی(١٥)ی ساڵی١٩٦٠ز، وە بڕیاری ٢٦٢٥ی ٢٤\ئەکتوبەر\١٩٧٠وتیایدا مافی بەرگری چەکداریشی دا، زۆری تریش بەڵام گەلی جاریش لەگەڵ تیرۆر تێکەڵ کراون .

ئیرهاب، تیرۆر، توندوتیژی:

ئەوانە بە گشتی لێك جیان، لە فەرهەنگی میللەتە تێکشکاوەکانی جیهانی سێیەم بە حوکمی لاسایی کردنەوە و کلکایەتی هەرسێك تێکەڵ کراون، لە کۆتاییدا ئێمەین زەرەرمەند تیایدا، چونکە تێکەڵ کردنی چاكو خراپە، ڕەسەن و ناڕەسەن، یاساو نایاسایی، .. لە کاتێکدا تیرۆر بەو مانایەی ئێستای "ڕەشەکوژی"، سەلبیە، زۆر جیایە لەگەڵ توندوتیژی و ئیرهاب (نەك ئیرهابی سیاسی)کە ئەو دووەی دوای مەرج نیە هەموو دەم سەلبی بن، جار وایە زۆر

پێویستن، لە سنوری خۆشی یاسایەکی گـەردوونی و سروشـتی و مرۆڤایـەتی یـە، وەك لە خواردوە بە خێرایی باسی دەکەین:

* ئیـرهاب لە بوونەوەر:

ئەگەر ئیرهاب بەو مانایەی (گۆڕانێکی توندو تیژ) بێت، ئەوا سـاناتر لایـەنی سەلبیو نیجابیەکـەی لـە زەمـان و زەمـین و ناراسـتەکەی دەردەکـەوێ... لـەو بوونەوەرەدا (بە گەردوونو سروشت و کۆمەڵەوە) دوو جۆر یاسـای گـۆڕان هەیـە، یەکەمیان گۆڕانی هێمن و پلە بە پلە هەمیشەییەکانن، دووەمیـان تونـدو تیـژ و لەناکاوەکانن، یەکەمیان زۆرەو دانیمە بەلام دووەم چ لە گەردوون چ لـە سروشـتی خۆمان نموونەی دەگەمەنی وەك: (ئەستێرە ڕەشەکان (الثقوب السوداء)، ئەسـتێرە نیوترۆنیـەکان، سـۆپرنۆڤا، .... تـا دەگاتـە گڕکـان و بروسـکە و لافـاو و تەقینەوەکانی ترو گەردەلول و زەمین لەرزین و تاڤگـەکان و.... هتـد دەشـتوانین ئەو دوو گۆڕانکاریە لە ڕەوتی ڕووبارێـك دەرخـەین کـە چـۆن بـە ئاسـایی خـۆی هێمنانەو پلە بە پلە دەڕوا بەلام ناوە ناوە لـە ناکـاو دەبێتـە تاڤگـە و کۆمـەڵێك گۆڕانکاری خێراتر دروست دەکا، ئەو نموونە پڕ بە پێستی مێژووی کۆمەڵیشە کـە چۆن مێژووەکەی وا هاتووە بە گۆڕانکاری هێواش و چەندایەتی و پلە بـە پلـەی و پەیـژەیی شـان بەشـانی گۆڕانکاریـە چـۆنایەتی ناکـاو و تونـدەکان، جۆرەکـانی جموجۆڵی ڕۆژانەی واقعیو کۆمەلایەتی بریتیە لـە گۆڕانکـاری یەکـەم، هەرچـی گۆڕانکـاری دووەمـە (واتـە تونـدو تیـژەکان وەك: شۆڕشـەکان و یـاخی بـوون و وەرگەڕانو جەنگ و تێك هەڵچونەکـانە (بۆ زیاتر سەرنج بـدە چـەمکی شـۆڕش لەو فەرهەنگەدا).

* ئیرهاب له دهروونی مرۆڤدا:

لایەنی شەڕی مرۆڤ بە هەردوو شێوەی کپ کراوی و مەیلی پەلامارییەکەی بەشێکە لە سروشتی ئەو مرۆڤە، کە لە ناخی مرۆڤ شین بووە لەگەڵ خێر وەك "جووتە" (القاعدة الزوجیة-دیاد)ی بوونەوەر،، (بۆ زیاتر سەرنج بدە ناخی مرۆڤ لەو فەرهەنگە) .

بۆیە مرۆڤی شەڕانی هەم ئیرهابیە هەم ئیرهابیش بۆی دەرمانە[*]، هەروەك ئەو ڕێسایە لەساڵی ١٨٦٨وە لەلایەن سیرنۆ سیکۆفیچ سەلمێندوویە (هێز تەنها بە هێز دەوەستێنرێ)، ئینجا دیگۆلیش جاری دا کە دەرگای ئاشتی بە کلیلی هێز دەکرێتەوە ....، هەموو مرۆڤێك بەرێژەی جیاجیا لە ناخیدا (ئیرهابی) هەڵگرتووە، (فألهمها فجورها وتقواها)، بۆیە تەمەنی بریتیە لە گۆڕانە هێمنەکانی جەستەیی و عەقلی و کۆمەڵایەتی و هەم گۆڕانە توندوتیژی و ئیرهابیەکان بە پێی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و باری ئەو کەسەش لە هاوکێشەی نێوان عەقڵ و نەفسدا.

بەو شێوەیە لە هەرسێ تەوەری سروشتی -کۆمەڵایەتی -مرۆڤایەتی گۆڕانی توندو ئیرهاب یاسایەکی زیندەکیە شان بە شانی گۆڕانە هێواشەکان.

بە کورتی ئەو جیاوازیانەشیان هەیە هەر بۆ زانین لەو خشتەکەدا:

گۆڕانی لەسەرخۆ	گۆڕانی توندوتیژ
١. لەسەر خۆیەو هێمنە	١. خێرایە و توندە
٢. بەرەبەرەیە	٢. لە ناکاوە
٣. گۆڕانی چەندایەتی یە	٣. گۆڕانی چۆنایەتی یە
٤. هەمیشەیی یە	٤. ناوەناوەیە
٥. ئاساییە	٥. دۆخە
٦. قەبارەی گۆڕانی بچوکە	٦. قەبارەی گۆڕانی گەورەیە

[*] ئەوە مانای وانیە کە وێچووی ڕایەکەی (فریدریك هاکر)بێ کە وتویەتی: (أفضل لنا أن نرهب الاخرین من ان یرهبنا الاخرون)

به گشتی بەشــێکه لــه ســوننەتی گــەردوون و زینــدەگیش، واتــه ئــەو تــرس و تۆقاندنه بەشێکه له یاسای ژیان، بەلاّم با بزانین کەی و له کێ ڕا دەبێتــه ســەلبی وەك هەموو چەمکەکانی تر له سنوری خۆی ترازا به سەلبی ومردەگــەڕێ وەك لــه پەرەگرافی داهاتوو ڕوون دەبێتەوە.

سەلبی و ئیجابی ئیرهاب:

له ڕاستیدا (تیرۆر) بەو مانایەی سەروو (ڕەشــەکوژی) ســەلبیه، بــەلاّم کاتــێ تیرۆرو ئیرهاب تێکەڵ دەکــرێ دەبــێ تــەرازووەکی وردتــر بــەکاربهێنین بــۆ ســنور کێشکردنی لایەنی ئیجابی و سەلبیەکانی، لــەوەو پــێش گەیــشتینه ئــەنجامێکی ڕەها که ئیرهاب بــەو مانایــەی (نــەك دەشــێ یــان ناشــێ) بــەڵکو پێویــستیەکی ژیانیشه له (١٢) شوێن له قورئان وای باس کردووە، له هەموان ئــزیکتر (واعــدوا لهم ما استطعتم من قوة ومن رباط الخيل ترهبون به عدو الله وعـدوكم ..) کەواته نابێت لەبەر شەپۆلێکی کاتیدا سنورەکان تێکــەڵ بکــرێن و(تعمــيم)ی چــەوتەکان بکرێن، هیچ شتێك نیه دوو لای چــاکی و خراپــی نــەبێت ئــەوەتا زانــستیش کــه بیناکەرە له هەمان کاتدا وێران کەریشه، هاوکاری لەسەر (إثم- تەاوان)و ســلبیه، لەســەر چاکەش ئیجابیه، توندوتیژی لەگەڵ پیاو کوژو ڕێگران چــاکه لەگــەڵ پیــاو چاکانیش خراپه، زۆر جار ئەو لاسایی کردنەوانه به هەڵەت دەبەن، لەبەر ئــەولێك جیانەکردنەوانــە، وەك دەبیــنین یاســای ئــەحزابی کوردســتانی ١٩٩٣ کــه لــه پەرلەمانی کوردستان دەرچوو و دەڵێ (نبذ الإرهاب بجميع أشكالها) جــارێ باســی ئەوە ناکەین وەك خاوەنی کتێبی بەناوبانگی (ارهــاب الــسياسي) دەڵێــت هــەموو دەسەلاّتدارانی ئێستا (كل اشكال الارهــاب) بــەکاردەهێنن، بــەڵکو مەبەســتمان لەوەیه هەموو (اشکال ارهاب) سەلبی نیه، بەڵکو ئیرهاب هەیه له شوێن و کاتی خۆی ئیجابیه وەك له خوارەوە دەردەکەوێ:

ســودەکانی ئیرهاب:

جاروایە ئیرهاب ئەو سودانەی هەیە، زۆر بە کورتی شتێکی لێ باس دەکەین :

١. دەبێتە هۆی پابەندبوونی سەرپێچی کەران بــە یاســا، واتــە یاســا خۆشــی هەوێنی ئیرهابی لەگەڵەو پێویستە لە هــەموو زەمــان و زەمینێــك، خــۆ لــە نــاو جەرگەی ئەمەریکای سەرمەشقی شارستانی (بە حساب) لە کارەبا کوژانەوەکــەی ١٩٨٥ی کالیفۆرنیا کە چاوی یاسا کەمێك بزربوو زیاتر لە ٧٠٠ تــاوانی لێکــرا، واتە ترس و تۆقاندن بۆ ئەو جۆرانە هــەردەم پێویــستە جگــە لــەو میللەتــەی کــە بەتێکڕای دەگەنە پلەیەکی مەدەنی بالا لەچەمکی ئومەت.

٢. دەبێتە هۆی هەڵوەستەکردنی تاوان باران لە تاوان پــێش ئــەوەی ئــەنجامی بدەن.

٣. بەشێکە لە مافی مرۆڤ، چونکە ئەو ترسە(ئیرهابــە) وای لــێ دەکــات هــەم گیانی (قوربانیەکە) هەم گیانی (تاوانبارەکەش) ڕزگار بکاو ئەوێڕێ بیکا ...وەك لە (مقاصد)ی ئایەتەکەش (واعدوا...ترهبون به .....)....ناڵێ بیان کــوژن دەڵــێ بیان ترسێنن با تاوانەکە نەکەن، ئــەو ئایەتــە لــە چوارچــێوەی قەڵاچــۆی تــاوان و وەزارەتی بەرگریە بۆیە دەبینین لە ٣٠ ساڵی حــوکمی خەلافــەتی ڕاشــیدین تــەنیا دەستی چەند کەسێك براوە کەچی ئێستا مانگانە لەم وڵاتە دەیــان کــەس گیــانی لەدەست دەدات بە قوربانی و تاوانبارەکەش.

٤. دەبێتە هۆی ئاسایش و ئارامی وڵات و جیهان، سەرنج بدە ئــەو وەڵامــەی وەزیری بەرگری یابان سەبارەت بەو پرسیارەی کە ڕۆژنامەنوســێك لێــی پرســیبوو ئاخۆ یابان هەیبوایە بۆمبی ناوەکی بەکاردەهێنا لە تۆڵەی هیرۆشیما و ناگــازاکی لە دژی ئەمەریکا..لەوەڵاما وتی ئەگەر یابان چەکێ ئەتۆمی هەبوایــە ئەمــەریکا هەر ئەیدەوێرا لە هیرۆشیما و ناگازاکی بدا تا بیر لە تۆڵە سەندنەوەکە بکەینــەوە، ئەو نائارامیەی ئێستای جیهانیش لەوەیە کە لایەك پڕ چەکەو تۆقێنەر(مرهب)ە و لایەکیش دەست بەتاڵ، ترسی پێشەکیە کە ڕێگر دەبێ لە تاوان.

٥. دەبێتە هۆی بوون و پارێزگاری لە سیستەم و (تشكلية) كۆمەڵایەتی و سەربازی و هەتا یەكەی خێزانیش.

٦. دەبێتە هۆی ترساندن و تۆقاندنی داگیركەر و دەست درێژكەر و ئیمپریالیزم و مشەخۆران تا سڵ بكەنەوە لە پرۆسەی داگیركاری و ستەم، هەروەك (فرانتز ڤانون) دەڵێ: ڕزگاری- نیشتمانی- یان ڕاپەڕینی نەتەوەیی یان هەر جۆرە ڕزگاریەكی میللەتان لە كۆتاییدا فەوتانی ئیمپریالیزمی و داگیركەرە هەر دەبێ بە شێوازی توند و تیژ كۆتایی بێت[1]، بەهەمان شێوە بۆ ستەمكار و دیكتاتۆران چ بە تاك چ بە كۆو. ئەو ئیرهابە پێچەوانەیە ئەبێت ئەوا ئیرهابی ستەمكاران بە هیچ ئامرازێك لە هیچ سنورێك ناوەستێ.

زیانەكانی:

ئەوەی سەروو سوودەكانی ئیرهابە ئەگەر لە زەمان و زەمینی بەمەرجی خۆی بەكارهات، بەڵام هەر ئەو دەرمانە دەبێتە دەرد ئەگەر بەكارهات لە دژی : میللەت، لە دژی هەق، چەوساوان، گەلێكی بندەست، ڕەشەكوژی دژی سیاسەتمەداران و بیریاران، لە دژی بیروباوەڕی جیا، لە دژی ڕەخنەگر و ئۆپۆزیسیۆنی مەدەنی و یاسایی، ....ببێتە بیانو بە دەست زل هێزان و دەسەڵاتداران، ئەوانە هەمووی شێوەن لە ئیرهابی سیاسی كە بەشی هەرە زۆری بابەتی داهاتومانە.

جیاوازی نێوان ئیرهاب و ئیرهابی سیاسی:

واتە جیاوازی نێوان تیرۆر و ئیرهاب چونكە مانای ئێستای تیرۆر چ سیاسی چ ناسیاسی بە مانای كوشتنە نەك تۆقاندن، تیرۆركرا واتە كوشترا، كە دەڵێی ئەوانە كۆمەڵێكی تیرۆرسیتن یان كەسێكی تیرۆریستە بە مانای بكوژە..كەمتر ئەو

[1] معنبوا الارض - ص١٣

زاراوەیە ڕوو لە حکومەت و دەوڵـەت و دەسـەڵاتی خـاوەن یاسـا دەکـرێ ئەگـەر ڕەفتاریشی تیرۆریستانە بێت، سیستەمی جیهانی ئێستا بـەرەو ئـەو بنەمایـەن، دەیەوێ زاری چەوساوە بگرێ، بە چەوسێنەر نـاڵێ بوەسـتە، بـە چەوسـاوە دەڵـێ کاتێ چەوسێنەر ستەمت لێ دەکا هاوار مەکە، مەجوڵێ بەرگری نەکـەی چـونکە دەچیە خانەی تیرۆریزم! ڕەنگە ئەوە یەکێ لە مەبەسـتەکانی (سـایکس- پیکـۆ- ١٩١٦) بێت لە دابەش و دروستکردنی ئەو دەوڵەتـە سـەرکوت کەرانـە. ئـەوەش نادادگەریەکی زەقی ئەو سەردەمەیە، کەواتە تیرۆر ئەو ماناو مەبەستە نادا بۆیـە گەڕاینەوە سەر (ئیرهاب) لە جیاتی تیرۆر.

بێجگە لەوەش ئێستا زۆر ڕوونە کە جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان (ئیرهاب)و (ئیرهابی سیاسی)، ئەگەر (ئیرهاب) ڕەگـو ڕیشەی قوڵ ببێتەوە بۆ ناو گـەردوون و سرۆشت و ناخی مرۆڤ ئەوا ئیرهابی سیاسـی بـە هـەموو ڕەنگـەکانی یـەوە وەك: (ئیرهابی فکری، ئیرهابی عەقیدەیی، ئایینی، کەلتوری، نەژادی، نەتـەوەیی، ..) دەرهاوێشتەی جموجوڵی کۆمەڵایەتیەو لە داهێنانی دەسـەڵاتدارانی دیکتاتۆریـە، هـیچ ئەسـڵێکی شـەرعیو مـەبادیئی و گـەردوونی نیـە، تاوانیـشە، زادەی سیاسەتێکی میکاڤیلیانەیە، دژی سەربەستی بیروڕاو دەسـت گـۆڕی دەسـەلات و بزوتنـەوە ڕزگـاری خـوازو ئیـسلامیەکانو هـەتا چـەپی و دیموکراتخوازەکانیـشە، ئێستاش وا کراوەتە چـەکێك بـۆ مانـەوەو پـاوان کردنـی دەسـەڵات و چەواشـەی ڕاستیەکانە، ئیرهابی سیاسی کە زیاتر لە تـیرۆر نزیکـە چ خـەڵکێك بیکـەن بـۆ گەیشتن بە دەسەڵات یان چەسپاندنی ڕای خۆیان چ دەسەڵاتدار بیکا بـۆ مانـەوەی لە دەسەڵات یەك تاوانـە، ئیرهـابی سیاسـی دەکەوێتـە بەشـی پانتـایی سـەلبی ئیرهابەوە، (ئیرهاب)و (ئیرهابی سیاسی)لێك جیان تێکەڵکردنی ئەو دوو چـەمکە زۆر ترسناکن ئەوا(تاوانبارو قوربانی)، (چاکەو خراپـە)، (داگیرکـەرو داگیرکـراو)، (تێکدەرو چاکساز)، (دیموکراسیو دیکتاتۆر)، (ئیستعمارو یارمەتی)، (تۆقێنـەرو تۆقێنراو).... هەموو ئەك تێکـەڵ دەکـرێن، بـەڵکو پێـچەوانەش دەبنـەوە، وەك

ئیستاله جیهانی سێیەم بەگشتی و وڵاتانی عەرەبی بە تایبەتی (کوردیش لەو سەلبیەدا وێ چووی وڵاتانی عەرەبە) بە زەبری هێز و زیندانی و تیرهاب بیروباوەڕیان دەگۆڕن بۆ لای خۆیان، بەشی سیاسی لە ئاسایشەکان بە ئاشکرا دەکرێنەوە،لە هەنگاوێکی هەلەی پەرلەمانی کوردستان بە یاسای فەرمی لە بڕیاری ژ:٣٥ی سالی ٢٠٠٦ ڕێگەی بە دەزگای سەرکوتی پاراستن وزانیاری داوە بوونی یاسایی هەبێ، سەرۆك هەتا مردن هەر سەرۆکی وڵات و حزبە، نوێ ترین دیاردەش ئەومیەدەسەلات وحزبەکەی کردوتە مولکیەی تایبەت و میراتوەك لە سوریا ڕوویدا، لە پاداشتی لایەنگیری ئەو ئاهەقیەو دەسەلاتەکەی پارچە زەوی و ئیمتیازو لێبووردن و فیتۆت پێ دەبەخشێ، تەزکیەو (مقاعد خاصة)ت خەلات دەکا بە پێچەوانەی ئەوانەی کە ڕەخنمیان لێ دەگرن بێ بەشیان دەکەن لە ژیان ئەگەر زیندانی و تیرۆریشیان نەکەن، .....ئەوانە هەمووی جۆرێکن لە تیرهابی سیاسی بۆیە (دوفرجە) لە کتێبی (ارهاب السیاسي) دەلێ.زۆربەی دەسەلاتداران هەموو شێوەکانی تیرهاب بەکاردەهێنن، لە کۆتاییدا زۆر پێوانەکان تێك دەشێوێ و چڕ دەبێتەوە، بۆ پێوانەیەکی حیزبی و لەوێش بۆ سەرۆك ئەوەش نەك لەگەلێ ئیسلام لەگەلێ مەدەنیەت و بنەماکانی پێشکەوتن و دیموکراسی و دادگەریش هەرگیز ناگونجێ بە تایبەتی بۆ میللەتێك کە لە قۆناغی ڕزگاری یان بیناکردنی کۆمەلایەتی بیت، کەواتە دیاری کردنی سنوری نیوان ئیرهاب وئیرهابی سیاسی وەك هەموسنورەکانی تری کۆمەلایەتی (دادگەری و ستەم، سەوداو سوو، یارمەتی و داگیرکردن، چاکەو خراپە، غەریزەو سنوور، ڕادەو ئارەزوو، حیکمەتو تەنازرل، گوتەو کردە، .....) بە حیزبێکی سیاسی لیبرالی دیاری ناکرێت، بە یاسا ناکرێت بە بڕیاری پەرلەمانی ناکرێ، بەلکو قوولێ دەبێتەوە بۆ تێڕوانینی فەلسەفی، پێویست بە مدرسەی فکری و بەرنامەیەکی ئایدۆلۆژی دەکا کە سیستەمی سیاسی سنووری نێوان ئیرهابی ئیجابی و ئیرهابی سەلبی دیاری بکات.

مەدرەســەکان و ئیــرهاب:

لە باسی تیرۆرو مانای ئێستای زۆر کێشە نیە کە لە لایەن هەموو لایـەك بـە دزێوی سەیری دەکرێو کەس خۆی لـێ ناکاتە خاوەن، بۆیە ناسنامەی نیە، بـەڵام مەسەلەی ئیرهاب جیایە.... هەرچەندە هەموو ئەوانـە دیـسان نـەك پێناسـێکی سیاسیو فەلسەفیو کۆمەڵایەتی ڕوونی نیە، هەتا پێناسێکی یاسـاییو دەولیـشی بە یەکگرتوویی نیە، لە کـۆنگرەی جاکارتـای وڵاتـانی موسـڵمانیش لـە مـانگی ٢٠٠٢/٤ نەگەیـشتنە هـیچ پێناسـێکی یـەکگرتوو..نـەیانتوانیوەو نـاتوانرێ سنورەکانی ئیرهابو ئیرهابی سیاسی، تیرۆرو تیرۆرستانو تیـرۆر لێکـراو.. لێـك جیابکەنەوە.

ئەوەی باسکرا لە بڕگەکانی پێشوو لە ڕاستیدا هەڵوێستی فیکری ئیـسلامییە کە چۆن لە گەردوون یاسا هەیە ئاواش لە کۆمەڵ، هیچ بەندێکی شەریعەت نییـە بناغەی گەردوونیو سروشتی نەبێت، جا زۆرجار هەڵەو لادانێك لە یاسـا دەکـرێ ئەوەیان نادەمی زادەکەیە نەك بەرنامەکە، هەرچی مەدرەسەو سیستەمەکانی ترە لەو بارەیەوە وردنـین، زۆربـەیان سـنورەکان تێکـەڵ دەکـەن .... هـەر بـەکورتی باسێکیان دەکەین:

١. مەدرەســەی لیبــراڵ دیموکراســی:

وەك لایەنی واقیعیو مێژوویـیەکەی بریتیە لە داگیرو داگیرکـاریو ئیـستعمارو خۆ پڕچەك کردنو تۆقانـدنو ئیرهـابی میللـەتان، خـاوەنی دووجـەنگی جیهـانی دڕندانەن، بەکارهێنەری چەکی ئەتۆمیو کیمیایین لە یابانو ڤێتنامو کەمبۆدیا..، یەکـەم تیرۆرو تۆقاندنو بەکارهێنانی چــەكو باروتو چـەکی قەدەغـەی تـر لـە لایەن ئەوانەوە بەکارهاتووە، چەکی ئەتۆمیو چەکی کیمیایی لە لایەن ئەمــەریکا بەکارهات یەکەم جـار، گـازی ژاراوی لـە جـەنگی جیهـانی بـەکارهات، یەکـەم فڕاندنـــی فڕۆکــــە لەلایـەن فەرەنـساوە بـەکارهات کـــاتێ سـەرکردەکانی

شۆرشی جەزائیری فرِاند لەناو فرۆکە لە سالّی ١٩٥٦ کە بـۆ دانوسـتاندن لەگـەلّ فەرەنسـیەکان بە ئاسمانەوە بوون ، بەهەمان شـێوە چـەندین تیرۆریـان کـردووە لـە کاتی دانوستاندن و دیالۆگ، لە رووی تیۆریـشەوە هـەموو زانـاو فەیلەسـوف بـە سیاسەتمەدارانی ئێستاشیانەوە کۆکن کە هێز و ئیرهابە چارەسـەر ، دروشمەکـەیان ئەوەیە (لە جیاتی بمان تۆقێنن با بیان تۆقێنین) هەتا خودی ئاشتی لـە روانگـەی ئەوان هەر بە هێز دێتـە دی وەك لـە بنـەما بەناوبانگەکـەی (دیگـۆل) هـاتووە: (دەرگای ئاشـتی هـەرگیز بـە کلیلـی هێـز دەکرێتـەوە)، ئـیتر هـەزاران تـاوان و رەشەکوژی و وێران و تۆقاندنی رۆژئاوا هەیە، زۆربەشیان بە بریار یاسای رەسمـی و مەدەنی و دەنگی پەرلـەمانی و دیموکراسـیانە دارێـژراوە، ئێـستاش بـە هـەمان ماهیـەت بـەردەوامن تـەنیا شـێوەو ئەدرێـسی دەگـۆرن، راسـتە ئیـستا ئـەوان راستەوخۆ تیرورناکەن بەلام تیروری میللەتان دەکەن، راستەوخو یان لەرێی وەکیلـە دەسەلاتدارەکانیان، پشتیوانی دەسـەلات داری تیروریـستن، هـەروا خـۆ پـر چـەك دەکەن و خەلکی تریش چەك دەکەن، جیهان هەمووی کەوتۆتـە ژێـر تۆقانـدنێکی بێ وێنە.

٢. مەدرەسـەی شـیوعیەت:

لایەنی واقعیەکەی لەوەی پێشوو چاتر نیە، مێـژووی ٧٠ سـالّەی شـیوعیەت سـەرباری جەنگ و کوشتارو تۆقاندنی جیهان، ئـەوا رەوشـەنبیرو ئـەیاران و هـەتا هاورێیانی خۆشیان نەك هەر تۆقاندوە بـەلکو تیرۆرکـردووە، وەك مدرسـە تـەواو باوەریان بەیەك لاکردنەوەی فکری و سیاسی هەبووە لە رێی تیرۆر، واتە پـەیرەوی ئیرهابی سیاسیان کردووە وەك بنەمایەکی رەسەنی شیوعیەت نەك تەنها رەفتاری شیوعیەکان، ئەنجلس کتێبێکی هەیە بە ناوی (دور العنـف في التـاریخ)، مـارکس ئامۆژگاریەکی بە ناوبانگی هەیە بۆ شیوعیەکان و دەلّێ (ئێـوە ئیـسلاحی مـەبن توندو شۆرشگێر بن) واتە تۆقێنەرو ئیرهابی بن وەك (لینین) روون تـر لـە کتـێبی

(من اين نبدأ) دەڵێ: (مبدئيا نحن لم نرفض ابدا ولايمكننا أن نرفض الارهـاب إنـه وجه من وجوه الحرب، ربما لايمكن استغناء عنه في بعض الظروف)، لـه كۆتاييـدا ئەو بنەمايەی باکۆنين لەو مدرسە خەملی کە دەڵێت (خێر لەوەيـە: تێـك و پێـك شکاندنی چی واقعيه)[1]، ئەوەش لەسەر بنچينەيەکی ڕەسەنی مارکسی و ياسـای ديالێکتيەکان هاتووە، کە پەيڕەوانێکی زۆری (باکۆنين) هـەبووە لـە ئـەوروپا لـە شێوەی ڕێکخـراو بـە نـاوی: (ارادة الـشعب)، (إشـتراکيون الثوريـون)، (إنتقـام)، (المرعبون)، (ديناميتيه)، (إتحـاد بـاکونين إيطاليـا)، (لجنـة الثـورة)...ڕێکخـراوی تيرۆرستی بوونە، تـا ئـەو دواييـەش شـان بەشـانی (ئـۆرۆ شـيوعية)و (سۆشـيال ديموکاسی)- (الوية الحمراء إيطاليـا)، (خلايـا المسلحة لاتحـاد لـشعبی الفرنسـا)و ڕێکخراوی (بادرمانيهۆف) لە ئەڵمانيای ڕۆژئاوا هەبووە- کـە دامەزرێنـەرەکانی: (ئەندرياس بادرو تۆلريك فاينهۆف) چەپيەکی برجوازيش بوون، زۆر ڕەوشـەنبيريش بوون چاکيش لە مارکسيەت گەيشتبوون .....زياتر لە دژی ئەو هەنگاوانەی ئۆرۆ شيوعيەکان دروست ببون ...بەڵام لە ڕاستيدا ئۆرۆشيوعيەکان واقعيانە تـر بـوون بەو بەرنامە هێمنانەيان لـە ئەورۆپايـەکی ديموکراسـی، کەچـی ئـەو ڕێکخراوانـە مارکسی ڕەسەنتر بوون لەوان، لە پێش ئەوانەش لە ڕوسيا ڕێکخراوی ((نيهيليزم- کە دروست کەرەکەی تۆرچينۆف بوو) دژی ئاين و لە پەيڕەويـدا کوشـتنی ئاغـاو برجوازی تومـارکردوە، بۆيـە تيرۆريـستيان ڕەسـەنايەتی لـە نـاو کۆمەڵگەيـەکی جيهانی وەگرت لەگەڵ فکرەی شيوعيەت.

٣. مەدرەسـەی سۆشياليست و نەتەوەييەکان:

هەڵبەتە باڵی سەرەکی سۆشياليستی لەسەر ئەو دوو مدرسەی سـەروو حـسابە بە مێژووەکانيشيانەوە. ئينجا ئەو ئايدۆلۆژيەی کە ناوێتەيـە و پێـك هـاتووە لـە نيوە نەتەوايەتی و نيوە ليبڕاڵی يان سۆشباليستی يان شيوعی ئەوا سيـستەمێکی

[1] مبادی الثورة- پاکۆنين

ڕادیکـاڵی ترسـناك و تۆقێنـەری لـێ پەیـدابووە وەك: تورانیـەکان، نازیـەکان، فاشیەکان، بەعسیەکان، نەژاد پەرستەکانی تـرو ..هتـد کاریگەریـەکی زۆریـان لەسەر جیهان هەبووە، مەینەتیەکانی کوردی ئێستاو تۆقاندنی لەسـەر دەسـتی ئەوانەیە زیاتر.

بەرگـــری و ئیرهاب:

بەشێکی گرنگی تر لەو پیلانەی ئێستای جیهان ئەوەیە بەرگری و شـۆڕش دژی ستەم و چەوساندنەوە بە(ئیرهاب، تیرۆر، عنف) لە قەڵەم دەدەن، دەیەوێ ئـەو بـە نوێترین چەك داتکوتی و خێرو بێری وڵات بخواو پارەی ئەو فیشـەکەت لێسەنێتەوە کە تۆی پێ تیروردەکا، برسیت بکا، سەگت تێ بـەردا، بەسـەرو مـاڵ بتـسوتێنی هەتا زمانت لێ قەدەغە بکا، ئەوبێتە خاوەن ماڵ و تۆش بێگانە، ئینجـا ئەگـەر بە کۆنە تفەنگێك بەرگریت کـرد پێـت دەڵـێ ئیرهـابی، تیرۆریـستی، تێکـدەرە، ناپاسایی ...، هەڵبەتەداگیرکەران ئەوزاراوە یاساییەیان بۆئامادە کردووین، دەبـێ ئاگادار بین ئەچین بەلای ئەو پیناسانە کەلە کۆتاییدا دەبێتە تیغ بۆ ملـی خۆمـان، ئەگـەر بـە وردی سـەرنج دەینـە ئـەو پێناسـانەی نێـو دەوڵـەتی دەیـەوێ ئـەو ئیجرائەتانەی لەدەرەوەی یاسا دەکرێ بـە تـیروری پـۆلین بکـا، هەڵبەتـە ئێمـەی کوردیش خاوەن دەوڵەت و یاسا نین، بەپێی ئەو پێناسە یاساییانە بێت جم وجـۆڵی شۆڕشـــگێرانەکانمان هـــەمووی دەچـــێتە خانـــەی تـــیرۆر بـــە ســـەرکردە مێژووییەکانیشمانەوەو دوژمنانیشمان دەکەونە خانەی هەق ، بۆیە دەبـێ وریـابین لە هەڵبژاردن ولایەنگیری لە پێناسـە جیاجیاکان، ئەگینا تەڵەی ئیقلیمی وجیهانی ئامادەیە بتلیستێنی بەتیرور، جگـە لـە کوردسـتانی سـەروش هەتالەودواییـەش جاروابوە ناوی کوردستانی عیراقیش بە تیرۆر هـاتووە، لەوانـە وتـاری foreign affairs ژ: ٥ سـالی١٩٩٦، هەروەها سەرنج بـدە terrorism and garillaی (ولتر لاکیور)·

ئیسرائیل خاوەنی گەورەترین جبەخانەی قەدەغەکانیشە کەچی چەند کۆنە چەکێك لە ناو باخیرەیەك دۆزرایەوە گوایە هاتووە بۆ بەرگری کەرانی فلستین خەریك بووە دنیای لەسەر وەرگەڕێ، لە خوارووی ئەفریقیا سپیە نەژاد پەرستەکانی رۆژئاوا و قوتابیانی لیبرال دیوکراسی، مرۆڤێکی رەشیان خستبوە ژێر چەپۆکی ٢ سەگی درندە کەچی کە کابرای رەش ویستبووی تەنیا سەگەکان لە کۆڵ خوی بکاتەوە دەمانچەیان لێ راکێشابوو پێیان گوتبو هەی تیرۆرست ئەوا دەتەوێ لە سەگەکان بدەی!!

ئەوە پلانێکی زۆر گەورەیە بەسەر فەرهەنگی جیهان و نێودەوڵەتیش، چونکە هەموو پێناسەکانی کۆن بۆ تیرۆرست هەر دەسەلاتدارو داگیرکەری گرتۆتەوە، هەتا راپۆرتەکەی (لیژنەی تایبەتی-UN- دەربارەی تیرۆر لە ساڵی ١٩٧٣) دەڵێ: کارە تیرۆریستیەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو داپلۆسینەی کە دەسەلاتداران ئەنجامی دەدەن دژی میللەتانو گەلانی ئازادی خواز کە بۆ مافی چارەی خۆنوسینو ئازادیەکانیان تێ دەکۆشن، لەو سەردەمی بریاری یاسای نێو دەولەتی کە لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچوو لە٢٤\نۆکتۆبەر\١٩٧٠ژ:٢٦٢٥شەرعیەتی بە بەرگری چەکداری وشۆرشیش داوە ، کەچی ئێستا دەیانەوێ هەموو میللەتان بێ بەرگری خۆ بدەن دەست، بەلاّم یاسای بەرگری یاسایەکی سروشتی و گەردوونی زیندەگی و خواییە، ئەو بەرگرییە هەر سروشت و رووەك گیاندار و هەتا بەکتریایەکیش هەیەتی چ جای مرۆڤ، ئەگەر بەرگری نەکا لە قیامەتیش تاوانبار دەبێت وەك لە ئایەتەکانی (ظالمی أنفس) هاتووە.

تاقمی ئیرهابی:

لەوەی سەرەوودا کە باسمان کرد وامان لێ نەکا هەڵوێستی رەهایی لە توندوتیژی و بەرگری وەرگرن بێ رەچاوی زەمانو زەمینی خۆی، لە بارێکی ئاسایی و ئازادو دیوکراسیانە ئارام ئەوا بەکارهێنانی توندوتیژی چ لە لای

تاقمەکان چ لە لای دەسەڵاتدار زۆر سلبیە، مانای وایە ئەو دەستەو تاقمانە نوقسانن لە بنەماو بەرنامەو ئایدۆلۆژیاو زەخیرەی فکری، خێرا پەنا دەباتە بەر ئیرهاب، لەو سەردەمەدا دوو چینی سەرەکی لە تاقم و کۆمەڵە سیاسیەکان بە ناهەق پەنا دەبەنە بەر ئیرهاب وتیرۆر، یەکەمیان: عەلمانیە نادیموکراسیەکان کە لە فکرو مەبادینا قەڵۆش بووینە دووەم هەندێ دەستەو تاقمی خاوەن مەبادیئو عەقیدەش کە بە چاکی لە دەست نیشان کردنی قۆناغ و واقیع نەگەیشتوون، ئەوانەش لە هەموو لایەك هەیە چەپەکان، ناشیونالیزمیەکان، ئاینیەکان، هەتا لیبرالیەکانیش ...(بۆ زیاتر سەرنج بدە زاراوەی (پەرەگر) لەو فەرهەنگە)، ئەو ئەزانیەنەی چینی دووەم خزمەتێکی زۆر بە بەرنامەی چینی یەکەم و دەسەڵاتدارە دیکتاتۆریەکانیش دەکەن، هەڵبەتە چینی یەکەم لەبەر قەڵۆشیان زۆر پێویستیان بە دەسەڵات هەیە تا بە هۆیەوە ئەندام و لایەنگر لە ڕێی ئیمتیاز پەیدابکا، ئەو جۆرە دەسەڵاتدارانە ئیرهاب، تیرۆر، توندوتیژی بەکاردەهێنن بۆ پارێزگاری لە دەسەڵات لە ژێر ناوی جیاجیای یاسایی و دیموکراسی و بە ئازادی دەزگای داپلۆسێنەری دروست دەکا زیندانی پڕ لە سیاسەتمەدار و نووسەر و ڕەخنەگر دەکا. ئا لێرەدایە زۆربەی ڕەوشەونبیرانی دڵسۆز دروشمەکەی بەوورد دادەڕێژن دەڵێن: بەکارهێنانی توندوتیژی و ئیرهاب و تیرۆر ناڕەوایە چ بۆ گەیشتن بە دەسەڵات چ بۆ پارێزگاری دەسەڵات، لە ڕاستیدا هەندێ دەستە و تاقمی ئیرهابی فاولی گەورە دەدەنە دەسەڵاتدارانی جیهانی و ئیقلیمی و ناوەکیشی، ئەوەش لایەنێکی تری ئاڵۆزی کێشەکانە لەو جیهانە، هەڵبەتە پەنابردنی هەندێ دەستەو تاقمی بچووك لێرە ولەوێ بۆ ڕەشەکوژی و تیرۆر هیچ ئەسڵێکی ئاینی ڕەسەنی نیە، چونکە ئەوەندە دەوڵەمەندە لە فکرو عەقیدە و ئایدۆلۆژیا و سیاسەت و ئەوونە، هیچ پێویستیەکی بە تیرۆر نیە (لا اکراه فی الدین) (فمن شاء فلیکفر ومن شاء فالیؤمن) ئەگەر ئاین گۆڕین بە تۆبزی نەبێت چ بنەمایەك بۆ تۆبزی گۆڕینی فکرو سیاسەت دەمێنێ، کۆمەڵ و تاقمەکانی سەر بە مەدرسەی مەبادینی

هەردەم پێویستیان بە نێو میللەتە تا بەرنامەکەیان لێ ساغ بکەنەوە، ئەوەش کەشێکی نارامی پێویستە نەك تۆقاندنو ڕاوەڕاو کە سایکۆلۆجیەتی خەڵکی پێ دەشکێ‌و. هیچ مەبادیئێك بە سروشتی وەرناگرێ، بۆیە لە مێژووی موسڵمانانندا بە دەگمەن دەستەو تاقمی تیرۆرستی لێ پەیدابووە، لەوانە بەشێك لە (خەوارجەکان) یان (جەماعەتی شێخ الجبل) لە خۆراسان. بەڵام جیهانی تر پڕیەتی لە نموونەی کۆن‌و نوێ لەوانە (فرسان الهیکل، جماعة جوبتیر، السحر الاسود، جمعیة قطاع الطرق، جماعة خصیان روسیا، محاکم التفتیش، کوشتن‌و سوتاندنی زانایان تا دەگاتە شۆڕشی ڕەشەنبیری ستالینی و دوایش ماوی، هەروەها لەو دوایەش خەمیرە سوورەکان لە کەمبۆدیا، ڕێکخراوەکانی (الویة الحمراء) لە ئیتالیا (بادر ماینهۆف - واتە سوپای چەکدار) لە ئەڵمانیا، سوپای سووری یابانی، خلایا الثوریة الفرنسیة، اشتراکیون الثوریون، فهد، انتقام. المرعبون، دینامیت، اتحاد باکونین ایطالیا، لجنة الثورة... ڕێکخراوی لەپ ڕەشەکان (کف الاسود)ی سربی.. دەزگاکانی سیاو موسادو KGB و میت‌و موخابەراتەکانی تر، لە پرۆتۆکۆلی (١٨-حکماءصهیون) دەڵێت: ((وەکیلەکانمان کارێکی زۆری تیرۆری ماقووڵانەیان ئەنجام داوە))، جیهانی ئێستاش پڕیەتی لە وڵاتان‌و دەسەڵاتی ئیرهابی‌و وەك (د.ئەدۆنیس ئەکرە) دەڵێت: (ئیرهابی سیاسی یەکێ لە ئەسڵترین ستراتیجیەتی سیاسی دەسەڵات‌و حکومەتانی نوێیە)، بەتایبەتی وڵاتانی عەرەبی‌و هەندێ وڵاتانی ئیسلامی تر.

کێ تیرۆریستە؟

پرسیارێکی سانایە کەچی لەسەردەمی بێ دادگەری (یان تەرازوویەکی سەرانسەری)وەك زۆر پرسیاری تری وا سانا وەڵامی ڕوونمان دەست ناکەوێت، ٨ ساڵ جەنگی عێراق‌و ئێران کرا لە پێش چاوان دەزگایەکی ڕەسمی دەولی بوێری نەکرد لایەنی دەستپێکەر دەست نیشان بکا، لە کوردستانیش ئەو هەموو شەڕە

براکوژیە کرا کەس نەیتوانی لایەنی دەست پێکەر دەست نیشان بکا،هەرچەندە لەهەردووجەنگی براکوژی و عیراقی و ئیرانی لایەنی شەڕانی وەك مانگی چاردە دیار بوو، هەتا لە دوا سات لە بەرنامەیەکی ڕادیۆی مونتیکارلۆ (نقطة الساخنة) لە نوێنەری پارتی ویەکێتی هەمان پرسیارکرا، ئەوانیش لە وەڵامی زەق ڕایان کرد .....دەبێت ئەو مەتەڵە چی بێت؟ لەو سەردەمە هەق ناگۆترێت، لە قورئانی پیرۆزدا زۆر بە توندی بەگژ ئەو دیاردەیە داچویتەوە (ولا تلبسوا الحق بالباطل وتكتموا الحق وأنتم تعلمون) ...لە فەرمووده‌ش هاتووە: (هلك قوم مالم يقل للسيء أسأت..) بۆیە ئەو پرسیارەش ئاخۆ کێ ئیرهابیە؟ قەیرانی بێ وەڵامیمان هەیە، ئایا ئەوەی دەچەوسێتەوە بە کیمیاوی لێی دەدرێ؟ ئەوەی زیندانی پڕ لە بیرۆکە سیاسەتمەدارو هونەرمەندو خەڵکی ڕەش و ڕووت دەکا تیرۆرستە یان قوربانیەکە؟ ئایا کامەن ئیرهابی سیاسی پەیڕەو دەکەن میللەتانی ژێر دەستە یان داگیرکەران؟ زل هێزان یان بێ هێزان؟ بەرەی خێر یان بەرەی شەڕ؟ ..پرسیار زۆرە؟

وا پێدەچێ هەر وڵاتەو بە جۆرێك پێناسی سیاسی و یاسایی تیرۆر دەکا بۆیە جار وایە پێناسەکانی ئەوانیش خۆیان و دەوڵەتی زل هێزو دەسەڵاتە ڕەسمیە دیکتاتۆریەکان دەگرێتەوە بۆیە وازیان لە پێناس و نیشانەکانی هێناوە، گەلێ جار ڕۆژئاوا دەیەوێ هەندێ بزووتنەوەی ڕزگاریخواز یان ئیسلامی بخاتە ئەو لیستانە بەڵام هەر بە خێرایی هاوتای بۆ دروست دەبێ کە بڵێن (بانێکودوو هەوا)، ئینجا ئەو کاتەی تیرۆرست دەست نیشان دەکرێ کە دادگەری لە جیهان هەبێت یان بە لایەنی کەمەوە لەو وڵاتە جۆرێك ئازادی و سەربەستی بیروڕا و دیموکراسی و دەست گۆڕی دەسەڵات هەبێت، دادگەری نیە کاتێ ڕێکخراوی (پ.ك.ك) بە تیرۆریست بلیستێنرێ لەگەڵ ئەوەش هەندێ جەو جوڵی بە داناییانە نەکردووە بەڵام دەبێ ئەو زەمینەو بارودۆخە ئەوی پەیداکردووە چی یە؟ بریتیە لە چەوساندنەوەی نەتەوەیی، پاکتاوی ڕەگەزی، شۆڤینی. ڕەگەزپەرستی، چەوساندنەوە، سوتاندن، قەدەغەی هەموو شتێك لە کورد هەتا زمانیش لە ژێر

داموو دەزگاکانی تۆقێنەر، ....هەڵبەتە ئەوە بەرهەمی دەبێ، ئینجا دادگەری ئەوەیە یەکەم جار (کار)ەکە هەڵسەنگێنی و بڕی ئینجا کاردانەوەی، هەتا ڕێکخراوەکانی تری ئەورووپاش لەوانە (الوية الحمراء) لە ئیتالیا کە لە وڵاتێکی دیموکراسی و ئازادی سیاسی پەیدا ببوو بۆیە هیچ پاساوێکی تیرۆرستانەیان نیە، کەچی لە دوای لێکۆڵینەوە دەبینین دامەزرێنەرەکەی (ریناتۆ کۆرشیۆ) مەسیحیەکی ئاین پەروەریش بووە لە کاردانەوەی بزوتنەوەی فاشیەکان کە چالاکیان هەر بە گەرمی مابووەوە، لە ساڵی ١٩٧٠ ئەو ڕێکخراوەی لە دژیان دروست کردووە ....تا گەیشتە ئەو ڕادەی (ئەلدۆمیرۆ)ی سەرەك وەزیرانیش کە هەڵبژێردرا بوو بیرفێنن و تیرۆری بکەن ...بۆیە پێویستە لە بنچینەکانیان بکۆڵینەوە، دەبینین (کار)ەکان، توندوتیژی دیکتاتۆریانە بووە لە وڵاتەکە، یان وەك جیهانی ئێستاو مەبدەنەکەی ئەمەریکا (یان لەگەڵمی یان ئیرهابی) گەورەترین ئیرهابە هەر زیاتر ئیرهاب دەزێنێ، ... لەسەرجەم ڕا زۆر بە ڕوونی دەردەکەوی کە لەگەل هەبوونی هەندێ دەستی تیرۆریستی بێ ناسنامە بەلام ئەو هەبوونە بو زل هیزانو دەسەلاتە دیکتاتۆرەکان پاساوێکی دەگمەنە بۆ لێدانی تەڕو وشك و ئۆپۆزۆسون و ڕەخنەگرو نەخوێندنەوەی خەڵکی تر، ساغ کردنەوەی ململانێی شارستانیەکانەو زیاتر ڕۆژئاوا دەیەوێ ئەو تۆمەتە بە بزوتنەوەی ئیسلامیو ئیشتمان پەروەرە ڕاستەقینەکان وەبنوسێنێ کە لە بەرژەوەندی ئەوان نین، جا ئەو بزوتنەوانە چەکدار بن یان بێ چەك، میان ڕەو یان توند ڕەو، ... ئەگەر ئۆپۆزۆسیونی چەکدار تیرۆرستیە ئەوا کۆلۆمبیا، مەکسیك، زۆربەی وڵاتانی ئەمەریکای لاتینی و ئەفەریقا ئۆپۆزۆسیۆنی چەکداری هەیە بۆچی بەوانیش ناوترێ تیرۆریست، هۆتۆ و تۆتسی چیان لێك کرد، بەوانە ناوترێ تیرۆریست لە کاتێکدا ئەمەریکا مەشقی چەکداری بەو عێراقیانە دەکرد لەمەجەر بەهەمان شێوەش ئۆپۆزۆسیۆنی ئەفغانی، ئەگەر بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی تیرۆریستن بزوتنەوەکەی تەیموری ڕۆژئاوا، باسك، تامیل، هندۆسەکان و

سیخەکان، سوپای چەکداری خوارووی سودان، بە بەشی سەروو دەوترێ تیرۆریست کەچی بە بەشی خواروو ناوترێ، بەڕاستی یاسای نەفامیە بانێك سەد هەوایە. خۆ ئەگەر بزوتنەوەی ئایینی تیرۆرستێ خۆ ئیسرائیل لەسەر ئەو دەقە ئایینیانە ئەو ئیرهابە دەکا، لە پرۆتۆکۆلی (١٨)ی حکماء صهیون دەڵێ ((...قامت وکلائنا بإنجاز عدد من الاغتيالات الفردية..))!!، دەیان ڕێکخراوی تری مەسیحی و یەهودی و بوزی ...چەکدار هەن ...بۆچی ئەوان تیرۆریست نین؟ ...خۆ ئەگەر ئەوان ڕوون نین ...خۆ ڕەشەکوژی و کوشتنی ژن و منداڵ تیرۆریستە هەر دەبینین زل هێزان و داگیرکەران و حکومەتە دیکتاتۆریەکانن پەیرەوی دەکەن جا چ بە دەمانشە یاخود تۆپ و فڕۆکە فەرقی چیە، خۆ ئەگەر کوشتنی سیاسەتمەدارو موفەکیر تیرۆریست بێت بکوژانی پاتریس لومومبا، ترۆتسکی ...تا دەگاتە فتحي شقاقي، ابوجهاد، محمد باقر الصدر، صالح یوسفی، بە ئاشکرا دیارن ....کەواتە کێ تیرۆریستە؟ واتە تیرۆر زارەوەیەکی زیاتر سیاسیە کەمتر بناغەی فکری و ئایدۆلۆژی و ئاینی هەیە، بۆیە چاك ناناسرێتەوە دەتوانرێ هەر زل هێزێك بەزنجیرە وەك تۆمەت بەکاری بهێنێ لە دژی بچووك تر لە خۆی لە کاتی پێویستا بێ هیچ پاڵپشتێکی یاسایی گشتی، هەتا داواکردنی خەڵکی کوردستانی سەروو لە تورکیا بە زمانی خۆیان بخوێنن لەسەردەمی حکومەتی ئەجەوید ئەوا ئەو داوایەیان بە داوایەکی تیرۆریستیانە ناساند، با سەرنج بدەینە سێ نموونەی زەق لەو بارەیەوە:

١. لە ساڵی ١٩٩٩ ڕوسیا بەرەسمی و لە ڕێی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنی ژن و منداڵ وگیانلەبەری ناو گرۆزنی (چیچان) ئاگادار کردەوە ئەگەر لە ماوەی (٤٨) سەعات دەرنەچن بە تیرۆریست لە قەڵەم دەدرێن!

٢. لە مانگی ٨/٢٠٠٠ ئەمەریکا بە هەمان شێوە ڕێکخراوی (فتح)ی فەلەستینی ئاگادار کردەوە ئەگەر بەزوو وام نەبی لە دانوسانەن لەگەڵ ئیسرائیل ئەوا دەیگێڕێتەوە لیستی تیرۆر.

۳. نموونەی سێیەم لە هەموان سـەرنج ڕاکێـشترە، دەبیـنین ئەگـەر چـەکداری بزوتنەوە ئیسلامیەکان هۆی تۆمـەتی تیرۆر بێت ئەوا بۆ چەکیشیان هـەر تۆمەتـە ...محفوظ محناح[1] سەرکردەیەکی ئیخوانە لە جەزائیر، زۆر بەناوبانگە کە بە هەموو هەڵوێستێکی خواروو خێچی دەوڵەت قایلە و هەرگیز چەکدار نەبووە بـە ماسـتی سـپی وتـوە ڕەش لەبـەر خـاتری دوورخـستنەوەی لـەو تۆمەتـەی ئیرهـاب، لـە ۱۵/٤/۱۹۹٤ بە ڕەسمی لە مەیدانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دەرکرا بە تۆمـەتی چەکدار نەبوونی لە کاتی بەرگری جەزائیر ...واتە ئەوجارە بـۆ چـەکیەکەی بـووە داو و بە ئەندازەی تیرۆر کاری لێکرا. کەواتە چی بکات؟!

[1] لە ساڵی ۲۰۰۲ وەفاتی کردووە

(٣٠)

ديموكراسي الديمقراطية Democracy

وەك زاراوە وشەیەکی کۆنی ئەغریکی‌یە لە (دیموس+ کرات) پێك هاتووە، واتە دەسەڵاتی گەل، دوای یۆنانیەکان کردیانە دیوکراتی و بەکاریان هێنا، ئێستا (دەسەڵاتی گەل) بەمانا(دیوکراسی ئەسینیە) یان (دیوکراسی ڕاستەوخۆ)شی پێ دەڵێن بێ نوێنەرو پێناو(وسیط)، جار وایە ئەو وەسفەی سەرۆکی ئەمریکی (ابراهام لنکۆلن)یشی پێ دەدرێ (دەسەڵاتی گەل لە پێناو گەل).

گەشەکردنی:

بە پێی چەندین سەرچاوەی مێژووی لە سەدەی (٦- پ- ز) لە یۆنانی کۆن نموونەی بەکارهێنانی هەبووە، بەڵام لە (معجم الحديث للتحليل السياسي) دەڵێ لە سەدەی ٤ پ. ز بووە نەك ٦ پ- ز، لەو کاتی لە شارۆچکەیەکی بچووك هاووڵاتیان کۆدەبوونەوە بۆ بڕیار دروستکردن،بە پێی (جمهوريه أفلاتون) شارێك بریتی بووە لە هەرێمی دەوڵەتێك، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین لەو کاتی مانای هاووڵاتی تەنیا چینەکانی سەروو وماقولەکانی دەگرتەوە، چینەکانی هەژارو بەندەو ئافرەت وغەوارەو ڕەگەزە بێ هێزەکانی نەدەگرتەوە، کەمایەتیەکی دەگرتەوە بە پێی زۆربەی سەرچاوەکان ژمارە ی دانیشتوانی ئەوسای(ئەسینا) ٣٠٠٠٠ کەس بووینە بە پێی مانای ئۆرستکراتی بۆ هاووڵاتی کەمیکی لەو دانیشتوانە بۆ دیوکراسی گرتووتەوە کە زانایانی ئەو سەردەمە بە تایبەتی (ئەفلاتون) داوای بۆ کردووە، تا ئەودوایەش ئەو بنەمایە پەیڕەو دەکرا لە لایەن

ڕۆژ ئاوا،له كاتی داگیر كردنی كوردستان له لایەن بریتانیاوله كاتی ڕاپرسیەكەی سەبارەت به لكاندنی كوردستان به ئیراقەوە ڕاپرسیەكە تەنها ئەوانەی دەگرتەوە كه زیاتر له ٢٠٠روپیەیان هەیە و تەنها شولی ٢٠٠ كەسی كرد له سلێمانی* .

هەرچەندە له نوسینەكانی هەریەكە لە(هیرۆدۆس)، (ئەرستۆ)، (ئەفلاتون).. له بارەی دیموكراسیان نوسیوە زۆر شاریان به دیموكراسیانە وەسف كردووە، بە بەراورد لەگەڵ ئەرستۆكراسی و حكومەتی ئۆلیگاركیەوە، بەلام (شكلی)بووە هەر ئەرستۆكراسیەكە بووە.

سەردەمی واش هەبووە زیاتر دەسەلاتە لاوازەكان پیادەی دیموكراسیان كردووە، چونكە پێویستیان بە ڕای خەلكی هەبووە، دەسەلاتە بە هێزەكان نەیان كردووە، بۆیە زۆر جار لە مێژوودا دیموكرسی مانای دەسەلاتی لاوازی داوە[١]، ڕۆمانیەكان دیموكراسیان بەكارنەهێناوە، ناوە ناوە له مێژوودا به دەگمەن نمونە دەهێننەوە.

لە ساڵی ١٢١٥ ز (ملك جۆن سانتیر) دەستووری (ماگناكارتا)ی لە ئینگلتەرا جاڕدا و دانی پێهێنا كه خەلكی تریش دەسەلاتی هەیە شان بەشانی دەسەلاتی (مەلیك) له ئەنجوومەن ،ئەوە بە سەرەتایەكی دیموكراسی هاوچەرخ دەژمێرن، لە سەدەكانی (١٧) و (١٨) لە نێو ئینگلاند دیموكراسی ڕاستەوخۆ بەكاردەبرا، له ١٧٩٢دوایی شۆڕشی فەرەنسی زیاتر ئەو چەمكە گەشەی كرد، لە سەردەمی ڕابردووی ئەوروپاو هەلوەشاندنەوەی ئیمبراتۆریەكان بۆ وڵاتی هاوچەرخ زیاتر باوی وەرگرت، دیاردەكانی پەرلەمان و ئازادی تاك و هەلبژادن و ڕەخنەو دەست گۆڕی دەسەلاتوو فرەیی‌و (لا مەركەزیەت)و ... هەریەك بە

---

[١] G- B- Enciclobia

* لەو ٢٠٠ەش تەنها ٢٢كەس قایل بوون كوردستان بە عێراق بلكێ ،بۆ زیاتر بڕوانە بەلگەنامەی A-٨٦٣٥ تقرير رقم - -دائره المعتمد السامی البريتانی فی البلاد مابين النهرين .

ڕێژەی خۆی بە دیاردەی دیموکراسی حسابە، بەلاّم لەو سەردەمەی پەرەسەندنی دانیشتوان و ئالۆزی ژیان پیادەی تەواوی ناکرێ و نەکراوە وەك (ڕۆسۆ) گۆتەنی.

ئەو هۆیانەی بوونە وەرچەرخانی دیموکراسی ڕاستەوخۆ (ئەسینی) بۆ دیموکراسی ناڕاستەوخۆی هاوچەرخ دوانن:

١. زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان.

٢. یەك نەبوونی بەرژەوەندی گشتی...حەتمەن بەرژەوەندیەکان لێك جیان بە ئاسۆیی و ستونیانەوە، بۆیە یەك دەنگ نابێ ...مەگەر تەنها بە ئاینێ بێتەوە دی، هەرچەندە (ڕۆسۆ) زیاتر پێی وایە دیموکراسی ئەسینی (نەکراوەو ناکرێ)[1] بە دەگمەن هەندێ نموونەی کۆن و نوێ باس دەکرێ، تەنیا چەند هەرێمێکی سویسرا (کلارس، ئەپێتزل، ئەنتروالد) گوایە دیموکراسین، لیبیاش دەڵێ من دیموکراسیە ڕاستەوخۆ و میللیەکەم، ئیستا هەمووی ناڕاستەوخۆیەکەیە، لە ڕێی ئەنجومەن و دەزگا و نوێنەران بڕیار و فەرمان پەیڕەو دەکرێ، ئەوەش لە مانا ڕەسەنەکەی دادەکەلێ، بەو هۆیەوە لە دوو سەدەی ڕابووردودا گۆڕانێکی زۆر بەسەر دیموکراسیدا هاتووە وە بگرە هەر وڵات و هەر شارستانیەك بە شێوەیەك دیموکراسی پەیڕەو کردووە، بۆیە زۆر جۆرە دیموکراسی لێ پەیدا بووە، هەندێکیان بە نمونە تۆمار دەکەین لەو پەرەگرافەی داهاتوو .

جۆرەکانی دیموکراسی:

١. دیموکراسی میللی یان ڕاستەوخۆ، ئەوە دیموکراسی ڕەسەنە (ئەسینی)یەکەیە، ئێستاش لەو جیهانە نمونەی نیە تەنیا (لیبیا) دەڵێ ئێمە لەو جۆرە دیموکرسیەین ! هەندێ هەرێمی سویسراش.

---

[1] في عقد الاجتماعي

٢. ديموكراسى نوێنەرایەتى: چەند نوێنەرێك لە جیاتى میللەت بڕیار دەدەن وەك سیستەمى ئێستاى وەزارەت و دەزگاكانى پەرلەمان و دەزگاكانى ترى سیاسى.

٣. ديموكراسى ناوەندى: داهێنانێكى شوعیەت بووە، واتە ديموكراسیى بۆ ئەنجومەنى سەركردایەتى، گوێڕایەڵى خواروو بۆ سەروو یان وەك بنەماى (نفذ ثم ناقش).

٤. ديموكراسى سۆسیالیستى ...(سەرنج بدە سۆسیال دیموكراتى لەو فەرهەنگە).

٥. ديموكراسى مەسیحى، یان ئایینى نوێ ..بگەڕێوە بۆ بەرنامەى (مخطاط و عبر- ڕادیۆى- مۆنتى كارلۆ) ١٩٩٨/٨/٢٧ دەڵێ: إن الله ديموقراطي في عمله.

٦. ديموكراسى لیبڕال (سەرنج بدە لیبرال ديموكراسى لەو فەرهەنگەدا).

٧. زۆر جۆرى ترى دیموكراسى هەیە ...بەڵام بە گشتى دەكرێتە دوو جۆر: یەكەمیان دیموكراس ڕاستەوخۆو بەشەكانى تر بە(ديموكراسى ناڕاستەوخۆ) حسابە، ديموكراسى ڕاستەوخۆ نەماوەو ڕەنگە نەشبوبێت، ديموكراسى ناڕاستەوخۆش ئایدۆلۆژیاو بنەماو ڕێبازو مەبادیئى نیە، كۆمەڵە ڕێكەوتن و بەهایەكى سیاسى هاوبەشە، هەموو لایەك كۆكن لەسەرى بۆیە ئەو هەموو دۆخە وەردەگرێ‌و خۆى بە تەنها نیە لەگەڵ تەیارو مدرەسەیەكى تر بوونى سەربەخۆیى دەبێت.

هەڵسەنگاندنى:

مەبەست لە هەڵسەنگاندنى هەردوو لایەنى سەلبى و ئیجابیەكەیەتى بەگشتى: هەڵبەتە هیچ شتێك نیە دوو ڕووى چاكى‌و خراپى نەبێت، بۆیە شتێكیش نیە لە هەموو دۆخەكانى بۆ هەموو لایەك ساف ئیجابى، حەلال، چاك، خێر، .. بێت بە هەمان شێوەش نى یە ساف سەلبى، حەرام، خراپ، شەڕ، ....بێت، ئاواش ديموكراسى ئەو سیستەمە ئەفسوناویە نى یە وەك لە

زۆربەی پەیڕەوانو ڕاپۆرتە سیاسیەکانی لایەنە کوردستانیەکانیش هاتووە، نەخێر، هەروەك لە پێشتر عەلمانیەتی کوردستان لـە قەبلاندنی مارکسیەتدا وا بەهەڵـە داچووبوون و ئەوکاتی پێیان وابوو دیموکراسی ئامرازێکی برجوازیە، کەچی ئێستا بە (دەرمانی هەموو دەردان)ی ناو دەبەن، ڕەنگە بەشێکیان لـە کاردانـەوەی ئـەو سیستەمە دیکتاتۆریانـە بێـت، بەگـشتی وەك لـە لایـەن ئیـسلامیەکان پێنـاس دەکرێو دەڵێن، دیموکراسی چاکترینی نێـو عەلمانیەتـە، یـان چـاکترین داهێنـانی بەشەریە، ...ئەگینا پڕیەتی لە سەلبیات.

سـەلبیاتەکانی:

ئەگەر دیموکراسی پڕ لە بالای خۆشی پـەیڕەو کـرا واتـە میللـەت سەرچـاوەی دەسەلاتیش بێت ئەوا ئەو سـەلبیە سـەرەکیانەی هەیـە کـە هەریەکـەیان دەبنـە سەرچاوەی چەندین لقی تری سەلبیات، وا هەندێکیان لێ هەڵدەبژێرین:

١. زۆرجار بووە و هەمیشە میللەت یەك ڕابووینە کەچی هەڵەبووینە، هەر بە نمونە زاناو و نەزانی سەر ئەو زەویـەی خۆمـان واتـی گەیـشتبون زەوی ناوەنـدی گەردوونە کەچی (کۆپەر نیکۆس) بە تـەنها پێـچەوانەی ئـەو کـۆ ڕایـە بـوو لـە کۆتاییدا ڕایە تاقانەکەی ئەو ڕاست دەرچوو، کەواتە زۆرایـەتی پێـوەری ڕاسـتی و دروستی ودادگەری نیە، زیاتر لەوەش هەردوو توێژینەوەی ئاینی و زانستی کۆکن کە ڕای گشتی عەوامی خەڵك بەشـی هـەرە زۆری بەهەڵـە داچـووە، زیـاتر ئـەو بابەتانە دەگەڕێتەوە بۆ پسپۆڕی، خۆ ئەگەر ١٠٠ ئەندازیار ڕایان وابوو نەخۆشـێك عەمەلیات نەکرێو یەك دکتۆر ڕای پێچەوانە بوو ڕای دکتۆرەکە وەردەگـیرێ، بـا سـەرنج بـدەین لـە کۆتـایی مـانگی ١/٢٠٠٠ لـە پەرلـەمانی میـسر کێـشە بەناوبانگەکەی (مافی خولع لە لایەن ئافرەت) ی خستە بەردەم ئەنجومەنی زانستی (زانکۆی ئەزهەر) کە پێکهاتبوون لـە (٤٠)کـەس، لـە ئـەنجامی دەنـگ دان ٣٥ بەرامبەر (٥)کەسی ناڕازی دەرچوو، دوای لێکۆڵینەوەیەکی سـەرەتایی دەرکـەوت

ئەو (٣٥) کەسە پسپۆڕ نەبوون تەنها ئەو (٥) کەسە شارەزای (شەریعەت) بوون‌و دەنگیان دژی ئەو (خولعە)دا ....لە کۆتاییدا زۆرایەتی دەنگی هێنا بەلاّم ڕاستی ژێرکەوت، بەو شێوەیە دەنگی نا پسپۆڕی وەك یەکە لە دیموکراسی، هەڵبژاردنی خەلکێك بۆ (فەرمانڕەوای) لە هەموان زیاتر پسپۆڕی دەوێ، وەك دەشزانین عەوامی خەڵك (نەك ئومە) هەرگیز پسپۆڕنین تا بزانن نوێنەری ڕاست بۆ خۆ هەڵبژێرین‌و بەکەم شتێك سەرە ڕۆیانە هەڵدەخەڵەتێن‌و هەنگاوو هەڵوێست‌و دەنگەکانیان نوقسانە، لەیەك لایەنی‌و ناقوولّی و ئەنجام لێك نەدانەوەو هەنوکەییانە هەڵدەقوڵێ،... لەوبارەیە دەقەکانی ئایینی، دەرون ناسی و ئەنترۆپۆلۆژی یەکان ...ڕای میللەت بە ڕایەکی هەڵخەڵەتاوی تێ نەگەیشتوو لە قەڵەم دەدەن، کەچی لە دیموکراسیەت ئەو ڕایە سەرچاوەی حوکمە.

٢. لە دەنگ دانا دەنگی زانایەك و نەزانێك، فەیلەسۆفێك و نەخوێندەوارێك، خۆفرۆش و نیشتمان پەروەرێك، دکتۆرێك و نەخۆشێك، خۆپەرستێك گشت ویستێك ... وەك یەکەو هەریەك دەنگێکە، هەتا لەنێو میللەتانی ئەورووپاش (کە بە حساب پێشکەوتوون) زۆربەی میللەتان لە دەنگ دانا هەڵخەڵەتاون و دەنگێکی قەناعەتی نیە، کێشەکەش لەوەیە خەڵکی عەوامی ئەورووپا نە ئارەزووی سیاسیانەی هەیە نە پسپۆڕیشن لێی، هەڵبەتە پرۆسەی دیموکراسیش بە دەنگدان و هەڵبژاردنیشەوە پرۆسەیەکی سیاسیە ....

٣. لە زۆربەی دۆخەکان ئەو نوێنەرانەی هەڵیان دەبژێرین ئۆتۆماتیکیانە دەبنە نوێنەری بەرژەوەندی خۆیان و دەوڵەمەندان، بۆیە لەو سیستەمە هەژاریەکی زۆر و کەمایەتیەکیش خۆشگوزەران دەبن، هەر لە ئامارێکی ئەمریکی سامانی یەك تاك بە ئەندازەی (٢٠٠)ی ئەمریکیە، ئەو دۆخە لە کیشوەرێك بۆ کیشوەرێکیش ڕاستە، هەر لە ڕاپۆرتی ١٩٩٨ی ئامارەکانی نێونەتەوەیی بە هەمان شێوەش لە (قمة الارض- جوهانس برگ) ئاماری ترسناك تر پێشکەش کرا، ئەو دۆخە گەیشتۆتە وڵاتانی خۆشمان، ئەو دیموکراسیە وای بۆ هەندێك ڕەخساندووە بەرپرسی

حزبی و ئیداری وا هەبێت مووچەکەی بە ئەندازەی (٤٩٦) موچە خۆری ئاسایی وەربگرێت.

٤. کێشە سەرکیەکانی جیهان و ناوەخۆش، چ تاك چ بە کۆمەڵ بە دیموکراسی چارەسەر نابێت، هەتا کێشەی نەتەوایەتی پێ چارەسەر نابێت کە گوایە تاکە چارەسەریەتی، ئەوەتا لە وڵاتانی دیموکراسیش کێشەی نەتەوایەتی بە گەرمی لە ئارادایە وەك: کشمیر- هند، کوردستان- تورکیا، فلستین - ئیسرائیل، ئیرلەندا- بەریتانیا، کۆرسیکا- فرنسا، باسك- ئیسپانیا، سریلانکا- تامیل، زۆربەی وڵاتانی هەردوو ئەمەریکاو- گەلانی ڕەسەنەکەی، ئوسترالیا- بورجوانیەکان،.... لەو ئوقبستانیەیە سیستەمی دیموکراسی تەوافوقی سەری هەڵدا،ئەوەش دابەشی دیموکراسیە بۆ (دیموکراسی بەشی –دیمقراطیة الجزئیة-(sub- dimocracy واتە لە هەر بەشەی کیانی نەتەوەو پێکهاتێك پرۆسەیەکی دیموکراسی سەربەخۆ جێ بەجێ دەکرێ، ئەو جۆرەش لە چیکوسلۆفاکیای پێشوو و قوبرس‌و لبنان‌و عێراقی ئوێش پەیڕەو دەکرێ، لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کوردستان یەك پێکهاتەو نەتەوەو ئاین‌و مەزهەبە.. کەچی لەژێر سایەی سیستەمی عەلمانی ئەو دووحزبە پەیرەوی دیموکراسی تەوافوقی دەکەن، هەرچەندە هەریەکە لەلای خۆی دیسان ئەو دیموکراسیە شەپرەیەش تێك دەشێوێنێ‌و ناوێکی ماقوول نامێنی لێی بنێن .

٥. خودی دیموکراسی دیموکراتخواز دروست ناکا، تەنها بەرژەوەندی پەرستەکان دروست دەکا، نموونەی جەزائیر بەڵگەنەویستێکە بۆ سەرجەم ئەو ئەزموونانە، ئیسلامیەکان بە دیموکراسیانە زیاتر لە ٨٠٪ ی دەنگیان هێنا کەچی حکومەت و عەسکەر هەڵیان وەشاندەوە و جیهانی دیموکراسیش نەك هەر دەنگیان هەڵنەبڕی بەڵکو لایەنگری حکومەت و لایەنە عەلمانیە دۆڕاوەکانیان کردوە دیموکراسی سەربڕا لەبەر چاوان.

٦. لە کۆنەوە تێبینی ڕەگەزپەرستی لەسەر دیموکراسی هەر هەبووە، لە کاتێکدا لە هەموو مێژوو و بە ئێستاشیەوە بە دەگمەن نموونەیەکی نیە لە نێو

قولەڕەش‌و بەندان کەگەیشتبێتە پلەی سەرکردایەتی وەك لە ئیسلاما (بلال حبش) پێی گەیشت، پیاوێك ئاوا هەژارو غەوارەو بەندە بە دیموکراسیانە بگاتە پایەکی ئاوا (نموونەی نەبووە)، هەر بۆیەش دیسان ڕاپۆرتی ۲۰۰۱ی ڕێکخراوی لێبووردنی گشتی کە لە کۆتایی مانگی (۷) بلاو کرایەوە ڕەگەزپەرستی دا پاڵ زۆربەی وڵاتانی جیهانی نوێش، ئەو خەلەلە لە ناخی دیموکراسیە مادام ڕاستی و دادگەری بە زۆرایەتی دەنگ و کەمایەتی دەپێوریّ لە ئەنجاما زۆرایەتی کەمایەتی دەبا، ئەوەش هەمان یاسای بنجینەیی (دارونیەتی کۆمەلاّیەتیە)کە لە کۆتاییدا (البقاء للاصلح) بۆ بەهێزو زۆرەکان دەبێت، ... ئیتر ئەوە سەرچاوەی کۆمەلێك دەردی نابووری‌و نەتەوەیی و چینایەتی و... دەبێت.

۷. لە دیموکراتیا بانێك و دوو هەواو چەند هەوا زۆربـاوی دەبێت، هەر لەژێر خوردکردنەوەی ئەو دیموکراسیە بووە جەنگەکانی جیهانی لیّ بڕیاردراوە، بە تاوانەکانی بەکارهێنانی چەکەکانی کیمیاوی و ناووکی و گینۆسایدی تری هەر بە پرۆسەی دیموکراسیش نازیەکان گەیشتنە دەسەلاّت، تا ئێستاش تاوانێکی زۆر بەدەنگی ڕەسمی دیموکراسیانە دەکریّ ...

ئیجابیاتەکانی:

بێجگە لەو خالاّنەی سەروو زۆربەی پانتای دیموکراسی ئیجابیە، هەر ئەو وەسفەی ڕەنگە بەس بێت بۆ ئیجابیاتەکانی کە دە وتریّ چاکترین داهێنانی بەشەریە، لەو وەسفەدا ئیسلامیەکانیش تیادا هاوبەشن[1] مەبەستیان لەوەیە مادام حوکمی ئیسلامی ئامادە نەبێت ئەوا دیموکراسی لە هەموویان چاکترە، لە سەربەستیەکانی بیروڕاو دەست گۆڕی دەسەلاّت و سەروەری یاسا بۆ گشتی و مافی نەیاری سیاسی و یاسایی، ...هتد. بەکورتی هەموو ئەو جۆرە سیستەمانەی داهێنانی بەشەری وەك مەدەنیەت، دیموکراسی، سەروەری یاسا، امم المتحدە،

[1] علی باپیر- چارەسەری کورد لە نێوان ئیمان و پەرلەماندا

مافی مرۆڤ، مافی ئافرەت، یاساکانی تری نێودەوڵەتی، مافی چارەنووس، زۆر داهێنانی تر، ئەوانە دادگەری‌و بەهەشت ناهێنن بۆ مرۆڤ بەڵکو لە باشترین دۆخیاندا لە دۆزەخیان رزگار دەکەن.

تێبینی: هەندێ خاڵی تری سەلبی‌و ئیجابی هەیە بۆیە تۆمارمان نەکرد چونکە بەشێکی دەکەوێتە ئەستۆی لیبراڵ دیموکراسی‌و بەشێکی تری دەکەوێتە ئەستۆی پەرلەمان و .... هەڵبەتە هەریەکەیان لەوانە جیان لەگەڵ خودی دیموکراسی.

دیموکراسی و مەدرەسەکان:

ئەوەی ئێستا پەیڕەو دەکرێ لە جیهان هیچی دیموکراسی ڕاستەوخۆ (یان دیموکراسیە ئەسینیەکە) نیە، فەرمان ڕەوای ڕاستەوخۆی هەموو گەل بێت، بەڵکو لە ڕێی نوێنەران و ئەنجومەن هەڵبژاردنە ، واتە دیموکراسیەکی ناڕاستەوخۆی یان (دیموکراسی نوێنەرانی) یە، بگرە هەر وڵاتو هەر شارستانیەك بەجۆرێك دیموکراسی بۆخۆی سوڕاندوە هێناویەتە سەر واقیعی میللەتەکەی، بۆیە دیموکراسی ئەمەریکا لەگەڵ ڕووسیا جیان، لەناو عەرەبیش وەك (معمر قزافی) بە نوکتە وەسفی دیموکراسی کردو ووتی: لە دوو وشە پێکهاتووە یەکەمیان یۆنانیە دیمۆس واتە (حوکم) دووەمیان (کراسی) عەرەبیە کەواتە دیموکراسی مانای (حکم کراسی)[١]!! لە کوردستانیش شەڕ لەسەر دەسەڵات دەکرێ کەچی هەموو لایەکیش بە خۆ دەڵێن دیموکراسی، لە کاتێکدا دەست گۆڕی دەسەڵاتو قایل بوون بە ئەنجامی سندووقەکانی دەنگ خاڵی جەوهەری دیموکراسیەو لەو سەردەمەدا، هەرچەندە دیموکراسیەتی کوردی زۆر پێشکەوتووترە لە دیموکراسیەتی عەرەبی ئێستا، بەهەر حاڵ چونکە دیموکراسی ئایدۆلۆژیاو ڕاڕەو بەرنامەو مەبادیئی چەسپاو نین، زیاتر پەیمانێکی سیاسیە نەك ڕاڕەوی سیاسی،

---

[١] لە کۆنگرەی هاوبەشی ئەفریقی ئەورووپی ئەو باسەی کرد.

واته میکانیزمێکه بۆ ڕێکخستنی ڕەنگە جیاجیاکان، (لیون براده‌ر) لەکتێبی ((political ideology)) وه (جاك لیڤی)ش لەکتێبی (democracy) زۆری تریش وەسفی دیکراسی بەبێ لایەن وبێ ئایدیولۆژیا و...دەکەن، بۆیە تاڕادەیەك ناونانی حزب وحکومەتێك به (پارتی دیموکراتی) هەڵەیه، دەشێ حزبێك لیبراڵی بێت یان لیبڕاڵ دیموکراسی بێت، بە هەمان شێوە مدرسەی دیموکراسیش نیه، هەر مدرسەیەك بە جۆرێك سوودی لێ وەرگیراوە، واته هەموویان لەگەڵ دیموکراسی لێك جیان، ئەو تۆمەته زۆر بە هەڵەیی دەدرێتە پاڵ ئیسلامیەکان بە نادیموکراسی ناوزەدیان دەکەن، کەچی هیچیان دیموکراسی نین، ڕەنگە هەندێکیان لەبەر نوقستانی خۆی زاوزێ لەگەڵ دیموکراسی (یان هەر سیستەمێکی ئیجابی وباو) دەکا. ڕاستیەکەی ئەوەیه لە باری سروشتی خۆی دیموکراسی ئەو پەیمان و میکانیزمە دەدا بەو مدرسانە کە تواناکانیان لە ڕێی دیموکراسیەوە بتەقێنێتەوەو کامەیە سەرکەوتوو گونجاو. بۆیە دیموکراسی بەو پلە خەستە بەند نیە بە قۆناغی مێژوویی و پێشەکی‌و گەشەی سەرمایەداری و مەدەنیەت و عەقلانی ...هتد، هەروەك (ئالان تورین) لە کتێبی (ما هي الديمقراطية؟) دەڵێ دیموکراسی نایەتەدی بێ عەلمانیەت[1]، ئێستاش عەلمانیەتی کوردی و عەرەبی سەر لەنوێ ئەو بانگێشەیان زیندوو کردۆتەوە و دەڵێن دیموکراسی ئەو کاتە دێتەدی کە ئاین و سیاسەت لێك بکرێتەوە...!! ئەوەیان چ پەیوەندی بە دیموکراسی نیە، ئەوە مەزهەبی میکافیلی و هۆبزیە، ئەوانە بیانوی دیکتاتۆرانە کە لە دیموکراسی دەترسن، ئەگینا دیموکراسی ڕێکەوتنێکە و بەرهەمی سەعاتێکە لە هەموو سەردەم و لە هەموو ئاستێك و زەمان و زەمینێك دەکرێ، چاکترین نموونەش دیموکراسی سنگاڵو نایجیریاو هندستان و ....زۆر وڵاتی تر، لێرەدا دیموکراسی ئەو میکانیزمە دەبێت کە کامیانە میللەت هەڵی دەبژێرێ، ئیتر کە هەڵبژێردرا مانای هەڵبژاردنی دیموکراسی نیە، مانای ئەوەنیە ئەوەی هەڵبژێردرا دەبێ

[1] خۆ دیموکراسیه ئەسینیەکە کە پەیدابوو نە عەلمانی و نە ڕاسمالی هەبوو.

پەیڕەوی دیموکراسی بکا وەك زۆربەی ڕەوشەنبیرانیش وای تێگەیشتون- نەخێر، ئەو مدرسەیە بەرنامەی خۆی پەیڕەو دەکا کە لە ڕێی دیموکراسیەوە دەنگی دراوەتێ جا چ شیوعیەتە، چ سۆشیال دیموکراتە، ئیسلامە، لیبرال دیموکراسە، واتە دیموکراسی هەریەکە لە لیبرالی وشیوعی وئیسلامی دەدا بەلام خۆی نە لیبرالەو نە شیوعیەو نە ئیسلامیشە، بەو شێوەیەی زۆر بەکورتی باسێکیان دەکەین.

١. لیبڕال دیموگراسی:

بەشی زۆری عەوامی خەڵك و ڕەوشەنبیرێکی زۆر (دیموکراسی) و(لیبڕال دیموکراسی) تێکەڵ دەکەن، بویتە هۆی کۆمەڵێك کێشەو هەڵسەنگاندنی چەوت، لە کاتێکدا دیموکراسی تەنها میکانیزمێکە، ئایدۆلۆژیا نیە، ڕێباز نیە، لیبڕاڵ دیموکراسیە ڕێبازێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیە وە سیستەمێکی تێڕوانینی ژیانەو ڕۆژئاواش پیشەنگیەتی، کۆمەڵێك گۆڕانکاری بەسەرهێناوە، لە کۆتاییدا هەر هەمان مانا دەبەخشێ و ئەو مدرسەیە دەیەوێ کۆمەڵگەیەکی لیبڕالی و ڕێبازێکی ئابووری سەرمایەداری دروست بکا لە ڕێی پرۆسەی دیموکراسی، ئەو سیستەم و شێوازە نوێ نیەو زادی (عەولەمە)ش نیە، بەڵکو بەرهەمی پرۆسەیەکی مێژوویی سەرمایەداریە، دیموکراسیەتێکە گەمارۆ دراوە بە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی لیبڕاڵی بۆیە هەرچەندە بەڕواڵەت پێکهاتووە لە فرە لایەنی و سەربەستی بیروڕاو نوێنەرایەتی پەرلەمان و یاسای ئۆپۆزسیۆن و دەست گۆڕی دەسەڵات ...بەڵام لە کۆتاییدا هەر دەسەڵاتی سەرمایەدارانە بەسەر زۆرینەی گەل، لە جەوهەردا مانای هەر شێوە ی ئەو گەلەیە لە یۆنانی کۆن، تەنها بۆ چینێکە، چینی بورجوازی، بۆیە ناهەقی مارکسیەکان نەبووە کە بەو جۆرە سیستەمەیان وتووە دیموکراسی بورجوازی، هەرچەندە لە هەموو مدرسەکانی

تر لە دیموکراسی نزیك ترە کەچی دیسان لە دیموکراسیە ڕەسەنەکە زۆر دوورە، چونکە:

أ. ئەو نوێنەر پەرلەمان و حکومەتەی هەڵ دەبژێرین دیسان هەر کەمایەتیەکن بەسەر زۆرایەتیە ، زۆربەی جار نوێنەری بەرژەوەندی هەڵبژێر ناکەن.

ب. ئەو دەنگ دانە هەڵخەڵەتاوی تیایە، و دەستورەکان ڕێگرن لە گۆڕانکاری ڕیشەیی، و دیموکارسیشیان تەنگەبەر کردووە.

٢. مەدرەسەی شیوعیەت:

خۆی بەرنامەیەکی تیروتەسەلە، (دیکتاتۆری پرۆلیتاریا)ش یەکێ لە کۆڵەگە بنچینەیەکانیەتی، بۆیە لە ڕووی واقعی بریتی بوون لە کۆمەڵێك ڕژێمی دیکتاتۆری ڕەسمی، زۆر بە ناستەنگ جێگەی جۆرە دیموکراسیەك کراوە لە قۆناغێکی گواستنەوە بە ناوی (دیموکراسی ناوەندی)،ئەوەش هەر دیوێکی تری مانای دیکتاتۆریە، ئەوەیان لە کاتی توانـاو دەسەڵاتی ڕەهایتیان، بەڵام وەك حزبێکی شیوعی بۆ بەشداری ژیانی سیاسی لەگەڵ حزب و لایەنە نا شیوعیەکان، ئەوەیان مەیدانێکی مشتومڕی خەست بووە، بە شێکی ڕەسەنی شوعی(چەپیەکان بە گشتی) باوەڕیان بە توندو تیژو ئیرهابانەهەبوە لەدژی دام و دەزگای سەرمایەداری بەحزب و لایەنە سیاسیەکانیش، بەشێکی تریش کە زیاتر (ئۆرۆ شیوعیەکان) بووینە پێیان وابووە دەشێت لە ڕێی دیموکراسیانە بینای سۆسیالیستیو دوایش شیوعیەت بکرێ...بەو بنەمایەوە چوونە ناو مل ملانێی دیموکراسیەکانو بەرجەستەیەکی ڕاستەقینە تری شیوعیەتیان پێش کەش کردووە لە چەندین ولآت، خەریك بوو بگەنە دەسەڵات لە وانە حزبە شیوعیەکانی فەرەنسا، برتغال، ئیتالیا، .....واتە لە قۆناغێك لە قۆناغەکان دەشێ دیموکراسی وەك ئامرازێك لە خزمەتی شیوعیەت وەرگیرێت، نەك دیموکراسی خۆی ئامانج

بێت .... ئەگینا سەرانی شیوعیەت هەردەم دیموکراسیشیان بە ئامرازێکی بورجوازیانە لە قەڵەم داوە، وەك خزمەتکارێکی سەرمایەداری.

٣. مەدرەسەی سۆشالیستیەکان:

لە ڕاستیدا ئالێرەدا- واتە سەبارەت بە دیموکراسی - هەردوو سۆشیالیستی سەربە ڕێبازی مارکسی و سۆشیال دیموکراسی و دیموکراسی لێکجیابوونەوە، ناو لە سۆشیالیستی مارکسی نرا "سۆسیالیستی زانستی" تا بە تەواوی لە سۆسیالینستەکانی تر جیابکرێتەوە بە تایبەتی (سۆسیال دیموکراسی) کە بە (دوو ڕوویی) وخراتر لە سەرمایەداری باس کراوە لە لایمن: مارکس، ئەنجلس، لینین،.. لە کاتێکا سۆسیالیستی زانستی هەمان هەڵوێستی شیوعیەتی سەبارەت بە دیموکراسی هەبووە، کەچی سۆشیال دیموکراسیەکان زۆر جیاواز بوینە، تەنانەت لەگەڵ ئۆرۆشوعیەکانیش، سۆسیال دیموکراسەکان لە ئامانجە بنەڕەتیەکانیش هەندێ مەبادینی سۆسیالیستیان خەفەکردوە بە مەبدەئی دیموکراسی ڕەسەن و ڕای جەماوەر و......بەڵام لە کۆتاییدا ئەوانەش هەر دیموکراسی نین بەڵکو دەیانەوێ کۆمەڵگەیەکی نیمچە سۆشیالیستی لە ڕووی ئابووری پێك بهێنن لە ڕێی پرۆسە دیموکراسیەکان ..بۆیە ناویان نراوە سۆسیال دیموکراسیەکان .....ئێستا ئەزموونەکانی ئەو مدرسەیە سەرکەوتوو تر بوو لە ناو شیوعیەت و سۆشیالیستیەکانی تر.

٤. مەدرەسەی ئیسلامی:

هەروەك لە مدرسەکانی پێشوش دەرکەوت کە هەریەکە ڕێگاو بەرنامەو ئامرازە کۆمەڵایەتیەك دەگرێتەبەر بۆ پەیڕەوکردن و پێشکەشکردنی نموونەیەکی کۆمەڵگەی دادگەر، لە ئەنجامداو لە کۆتاییدا کۆمەڵگەیەکی دیموکراس دروست نابێت و هەر خودی فەرمایشتی (کۆمەڵگەی دیموکراسی) چەوتە، بەڵکو

كۆمەڵگەیەكی لیبراڵ یان شیوعی یان سۆشیالیستی یان ئیسلامی یان تێكەڵێك لەوانە دروست دەبێت، بە هەمان شێوش بەرنامەی ئیسلام وا دەخرێتە مل ملانێی دیموكراسیانە بۆ وەرگرتن و پێشكەشكردنی نموونەیەكی نوێی كۆمەڵگەی ئیسلامی، بەڵام دەبێ بزانرێ كە بەرنامەی ئیسلامی وەك بەرنامەعەلمانیەكانی تری وەك: (شیوعی وسۆشیالیستی و لیبراڵ و ...)نیە كە بەردەوام دەستكاری بكرێت و زیادو كەمی تێدا بكریت، یان زاو زێی پێ بكرێ لەگەل مدرسەو ریبازو تەوژمی تر، بەڵكو بەرنامەیەكی تێرو تەسەلە جێگەی هیچ هاوردەیەكی تێنا نابێتەوە، بەرنامەیەكی چەسپاوە بۆ كۆمەڵگەیەكی گۆڕاو، ئەو بەرنامەیەی لەسەردەمی نەزانی و مرۆڤ فرۆشتن و نافرەت لە چاڵ نانەوە كۆمەڵگەیەكی باڵای پێشكەوتوونموونەیی دروستكرد هەمان بەرنامە لە سەردەمی ئینتەرنێت و فابریكەی باڵاو عەولەمی قێ دروست دەبێتەوە، ئێستا وا نەك هەر ململانێ لەگەڵ مدرسەكانی عەولەمە دەكا بەڵكو بە تاكە چارەسەر بۆ هەموو كۆمەڵ خۆی گەڵاڵە دەكا، كەواتە پەیوەندی ئیسلام و دیموكراسی پەیوەندی زاوزێ نیە، هاوبەش نیە، تەواوكەری یەكتریش نین، ..دیموكراسی تەنها ئامرازێكە بۆ گەیشتن بە ئیسلام، واتە قۆناغێكە لە رێگە، لە كاروان، لە نێوان (سفر)و (یەك)دا، بۆیە حوكمەكان لەسەر دیموكراسی بە زەمان زەمین و وێستگەی پێگەیشتنی كۆمەڵگە دەگۆڕێ ....ئەگەر ئاستی كۆمەڵ لە نزیك سفر و ژێر یەك بێت جیایە لەگەڵ ئەوەی لە سەرووی یەك بێت، نە قەبلاندنی ئەو (ئاستمیە) بوویتە هۆی بەرپابوونی دەمەتەقێیەكی بێ پسانەوە لە ناو ئیسلامیەكان لە بارەی دیموكراسی، كە بە سەرەكی دەبنە سێ بەش :

بەشی یەكەم: بە تاكە رێگای گەیشتن بە ئامانجی دەزانن و هەتا دەیگەیننە پلەی هاوبەشی شەریعەت.

بەشی دووەم: بە كوفری دەزانێ.

بەشی سێیەم: ئەو بەشە زیاتر واقعیانە ترو سەرکەوتوو ترە کە بەرێگەیەك لە رێگەکانی دەزانی لەکات و سات و قۆناغی خۆی.

ئەوەی یەکەم و دووەم وەك لە توێژینەوەکانی زۆربەی زانایەکانی سەردەمی رابوونی ئیسلامی دەردەکەوێ کە لیبرال دیموکراسی و دیموکراسی تێکەڵ کردووە.....بۆیە هەریەکە بە جۆرێك دیموکراسی بە ڕێبازێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە قەڵەم داوە و ناوی وەك: (أسلوب الحیاة، دین المعاصر، عقیدة الدیموقراطیة، ......)یە پاڵ وەناوە، هەموو ئەو ناوو هاوەڵناوانەش هەڵەن ....ئەوانە دەشێ لیبرال دیموکراسی بن بەلام دیموکراسی ئەو سیفەتانەی نیە، بە تایبەتی دیموکراسی ئێستا مانا ڕەسەنەکەشی گۆڕاوە وەك لە پێشوو باسکرا، زیاتر مانای (دەست گۆڕی دەسەلات، ئازادی بیروڕا، هەقی معارەزەیی، سەروەری یاسا بۆ گشت، ..) هەموو ئەو ئیجابیانە بە جۆرێك لە جۆرەکان لە ئیسلام دا هەیە، بەلام لە هەمووشیان لێك جیایەو ....هەر بە نموونە لە دیموکراسیدا (معارەزە) هەمیشەییە ئەگەر بەشداری (حوکم) نەبوو ...کەچی لە ئیسلامدا ئەرکی معارەزە دۆزینەوەی بەڵگەی بێ شەرعیە، واتە هەمیشەیی نی یە، لەسەر هەق لایەنگریەتی ولەسەر ناهەق ناتەبا دەبێت. هەروەها دەبینین بالاترین شێوەی دیموکراسی (یان دیموکراسی ئیجابی) لە ناو ئیسلام ساغ دەبێتەوە، با سەرنج بدەین: ڕاستی مانای دیموکراسی بریتیە لە(الولایة للشعب) لەوەشدا وەك باسمان کرد کۆمەڵێك سەلبیاتی هەبوو، سەلبیاتەکانیش لە سروشتی ئەو(شعب)ە دێت کە نەزان و نەفام و عەوام و....زاناو پسپۆڕ تێکەڵە، بەلام کاتێ ئەو (شعب)ە پەروەردە دەبێت و گەشەدەکات بۆ پلەی (ئومە)کە نەزانی و نەفامی و عەوامیەتی تیا نامێنێ ئەوا (ولایة للشعب) دەبێتە (ولایة للامة)، ئەوەش (مقاصد)ی بنچینەی حوکمی ئیسلامە ...بەو شێوەیە (دیموکراسی سەلبی) دیموکراسیە نزم و دواکەوتووەکەیە لەگەڵ ئیسلام ناکۆکە ئەگینا (دیموکراسی بالا) ناکۆك نیە لەگەڵ بیری ئیسلام، ئەو دۆخە بۆ هەردوو جۆری دیموکراسیەکە ڕاستە

چ ئەسینیەکە (ڕاستەوخۆیەکە) چ گۆڕاوەکە (ناڕاستەوخۆیەکە)، ئەوکیشانە هەر زادەی ئەو دەم ودەستە نیە ئەگەر بەووردی سەرنجی بدەینی دەبینین ئەوەش دەچیتەوە کیشەکانی فقهی کۆن، بەشیك پێیان وابوو شریعەتی خودا لە خودی شتەکان هەیە بۆیە وەك پیویستی بەشەری بەرە بەرە دیتە جێ بەجی بوون، ئەگەر پەیامیشی لەگەل نەبوایە، ئەو ڕەوتە پێی وایە عەقلی بەشەری ڕاست ودروستیش دەگاتە هەمان ڕاستیەکانی پەیام لە دوا گەشتی گەشەسەندنیدا، هەرچی لای ترە عەقلی پێ دەست کورتەو تەنها پەیام بەتاکە سەرچاوەی دادگەری دادەنێ، ئیترلەگەل سەرەتاکانی دیموکراسی لەگەڵ (حكم الشعب) ناتەبا دەبێتەوە پێی وایە حوکم تەنها نی خوایە، لاکەی تریش پێی وایە حوکمی خوایە،بەڵام چۆنیەتی پێی گەیشتنی بەدیموکراسی وعاقلا نە لەهەموونامرازەکانی تر چاك ترە، ئەوەش زیاتر لەسەردەمی کۆن ونوێدا سەرکەوتووتر بوینەبە هۆی بەرنامەکانی چاکسازیان.

کەواتە ئەرکی بنچینەیی بزوتنەوە ئیسلامیەکان لە فەزای دیموکراسیدا گەشەپێدان و پەروەردەکردنی تاك و کۆمەڵە بەرەو پێش و بیناکردنی ژێرخانی ئەخلاقی و فکری ئەو کۆمەڵگەیە، ئەو کاتی بە ئۆتۆماتیکی خۆی دەبێتە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی ئەگەر دەسەڵاتداران لە دیموکراسیەتەکە پەشیمان نەبنەوە ...ئەوەش دەروازەی چارەسەرکردنی تێك گیرانی یەکجاری نێوان دیموکراسی و فکری ئیسلامیە.

* تێبینی: هەڵبەتە جارێکی تر لە زاراوەکانی فیکری ئیسلامیدا دەگەڕێینەوە سەر ئەو بابەتانە.

ئەزموونە نوێکانی:

لێرەدا کەمتر مەبەستمان لە دیوکراسیەتی ڕۆژئاوایە کە خاوەن کەلتورێکی مێژوویی‌و زەمینەیەکی ئاینی مەسیحی بۆ سازاوە گەمارۆدراوە بە لیبرالیەتی کۆمەڵایەتی‌و ئابووریەکی سەرمایەدارانە، وای لەو دیوکراسیە کردووە (مسەیەر) بێت، بۆیە دەبینین زیاتر لەیەك سەدەیە ئەو دوو حزبەی ئەمەریکی بە نۆرە فەرمانڕەوان، زیاتر مەبەستمان لە ئەزمونی وڵاتانی موسڵمان نشینە، لە دوای شکستی شیوعیەت لە ۱۹۹۰ بە دواوە جۆرێك دەروازەی دیوکراسی ناوەناوە دەکرێتەوە بە خێرایی دادەخرێ، لەو وڵاتانەی کە بۆ ماوەیەکیش بێت دیوکراسی بە ڕاستی لێ نەهاتبێتەدی. ئەوا بە خێرایی ئەو لایەنانە گەشەی کردووە کە خاوەنی بەرنامەو پەروەردە و ئلیدۆلۆژیاو ......بە پێچەوانەش هەموو ئەو لایەنانە شکستی خواردووە کە خاوەن بەرنامەیەکی نامەبدەئی و عەلمانی بووە کە هەر خۆویست و بێ خزمەتگوزاری بووە، بۆیە بینیمان لە وڵاتانی جەزائیر، ئوردەن، تورکیا، بەحرەین، مەغریب، نایجیریا، پاکستان، مالیزیا، هەندێ وڵاتی تر ...لە هەمووی ئیسلامیەکان زۆر بە خێرایی لێی سەرکەوتووبوون، هۆیەکەش سادەو ساکارە، ئەوەیە ئیسلامیەکان دەوڵەمەندن لە بەرنامەو فکرو مەبادیئەکان کە بەشی هەموو کەسی پێوەیە، کەچی حزبە عەلمانی و دەسەڵاتدارەکان دەوڵەمەندن لە ماددەو زەبرو زەنگ، مادەکە بۆ کەمایەتیەك و زەبرو زەنگەکەش بۆ زۆرایەتی، بۆیە لە دیوکراسی وئازادیدا زۆرایەتی دەنگ بە ئاسانی لە عەلمانی و دەسەڵاتداران لادەداو ئیسلامیەکان دەنگی گەلێ زۆریان دەهێنا، بەڵام بەشی هەرە زۆر لەو وڵاتانە بە پشتیوانی ڕۆژئاوا لەو دیوکراسیە ڕاستەقینە پشێمان دەبوونەوە، جۆرێك لە دیوکراسی دەتاشرا کە هێزە سەرەکی وکاریگەریەکانی لێ هاوێر دەکرا، ئینجا حیزبی دەسەڵاتدار تەنها لەگەڵ چەند حزبۆکەو لایەنی وا دەچووە نێو پرۆسەکە کە دەرچوونی خۆی مسۆگەر بێت، ئەو دیوکراسیەی جیهانیش ڕوون تر دەردەکەوێ ڕۆژ بە ڕۆژ بە تایبەتی لەو هەموو خۆپیشاندانە

جیهانی و نەرەکیەکانی وڵاتانی لایەن لە جەنگی عێراقی ٢٠٠٣ کە دیموکراسی و ڕای گشتی و زۆرایەتی دەنگ و شەرعیەتی دەولی ...بەرامبەر هێز هەر ژێرکەوتووە.

(٣١)

سیستەمی دوو حزبی نظام الحزبين BI-PARTY

سیستەمی دوو حزبی چەمکێکی سیاسی سەربەخۆیە، مەبەست لێی ئەوەیە لە وڵاتێکی دیموکراسی دوو حزبی سەرەکی بۆ منافسەی دەسەڵات چالاکی سیاسی دەکەن ،حزبی سێیەم و چوارەم و....هەیە بەڵام ڕۆڵێکی وایان نیە، عادەتەن بە نۆرە دەسەڵات دەگرنە دەست، نەك دوو حزبی منافسی جەنگی لە پێناو دەسەڵات وەك ئەو ئەزموونانەی لە کۆتایی سەدەی بیستەم هەریەکە لە: کوردستان لە نێوان (پ.د.ك)و (ی.ن.ك) ڕوویدا، لە چاد لە نێوان (حسین هەبری و غۆکۆنی عویدی)، لە یەمەن لە نێوان (حزبی سۆشیالیستی و حزبی کۆنگرە)، لە ئەنگۆلا لە نێوان (یەکێتی نیشتمانی بە سەرۆکایەتی ساڤمبی و بەرەی میللی بە سەرۆکایەتی نۆگستینۆنیتۆ لە ساڵی ١٩٧٦ بەدواوە)...، ڕاستە ئەو ئەزموونانە دوو حزبی بوینە بەڵام دیموکراسیانە نین و زیاتر دوو حزب و دوو دەسەڵاتیشیان بە خۆ داوە بێ ئەوەی بگەڕێنەوە دەنگی میللەت، سیستەمی دوو حزبی دیموکراسیانە ئەوەیە کە لە ئەنجامی دەنگی میللەت و چالاکی سیاسی دروست بوینە، هەریەکەیان کە دەنگی سەرکەوتن دەهێنێ کەمتر پێویستی بە دەنگی حزبی منافسەکەی یان حزبێکی تر دەبێت بۆ هاوپەیمانیەتی و تەواوکردنی ژمارەی یاسایی یەکەی بۆ حکومەت دروست کردن، ئەوەی تر جاری جەنگ نادا بەڵکو دەبێتە معارەزەیەکی یاسایی و تا هەڵبژاردنێکی تر، دەتوانین دوو نموونەی زۆر بەناوبانگ لەو سیستەمە وەرگرین یەکیان بەریتانیا بوو ئەوەی تر ئەمەریکا، کەمێك هەڵوەستە لەسەر مێژووی ئەزموونەکانیان دەکەین بۆ چاکتر تێگەیشتن:

نمونەی یەکەم – ئەزموونی بەریتانیا (کرێکاران و پارێزگاران) :

لە سالی ١٦٨٠ز را بەرە بەرە لێك نزیك بوونەوەیەك سەری هەلدا بۆ یەکخستنی راوبۆچوون و پالێوراوی بۆ دەسەلات لە لایەن کۆمەلێك خەلکی بازرگان و پیشەسازو تەکنۆکرات کە پێیان دەوترا (وێگ –دوای لە چینی برجوازی خەملی)، چینی دووەم زیاتر ئەو خەلکانە بوون کە دەرەبەگ و جوتیاری گەورە و پیاوانی ئاینی و لایەنگرانیان لە پارێزگارانی داب و نەریتی بەریتانیای رەسمەن دەکرد پێیان دەوترا (تۆری)، چینی یەکەم زیاتر ئارەزووی گۆرانیان هەبووە کەچی چینی دووەم (تۆری) ئەوانە (محافزکار- پارێزکار) زیاتر کۆنەپەرست بوینە، دوای لە چاکسازیەکانی (١٨٣٠، ١٨٧٦، ١٨٨٤)....بە تەواوی بوونە دوو حزبی لیبرال (ئەحرار)و پارێزگاران، لە کۆتایی سەدەی (١٨) حزبی کرێکاران دروست بوو تا گەیشتە ئاستێکی چالاك، لە نێوان ١٩٢٢ تا ١٩٣٥ بووە سیستەمی سێ حزبی (کرێکاران، ئەحرار، پارێزگاران)، لە دواییدا (حزبی ئەحرار- لیبرال) بە جێما، سیستەمی دوو حزبی لە دوای ١٩٣٥ خەملیَ لە (کرێکاران و پارێزگاران)، تەنها لە دۆخە سەختەکان هەلوێستەکانیان هاوبەش بووە وەك لە جەنگی جیهانی دووەم بە سەرۆکایەتی (چەرچل) لە سالی ١٩٤٥ بۆ یەکەم جار کرێکاران بردیانەوە لە هەلبژاردن ئیتر تا ئێستا بە نۆرە دەسەلات دەگرنە دەست.

نمونەی دووەم–ئەزموونی ئەمەریکا (کۆماری دیموکراسی) :

لە دوای سەربەخۆیی ١٧٧٦ز و گەشەی کێشە سیاسیەکانی دەسەلات زیاتر سیاسەتمەداران بوونە دووبەش (نەك دوو حزب)، یەکێتیەکان بە سەرۆکایەتی (هاملتۆن) و کۆماریەکان بە سەرۆکایەتی (جیفرسۆن)، ئەو دابەشیە لە سەردەمی ج. واشنتۆن بوو، ئەویش زیاتر لایەنگری (یەکێتیەکان) بوو، دوای تەواو بوونی هەردوو دەورەکەی ج.واشنتۆن لە سالی ١٧٩٦ ململانێیەکی سیاسی توند لە

نێوانیان پەیدا بوو لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێ، هەریەکە لە(ج نادەمز) پاڵێوراوی یەکێتیەکان و(جیفرسون)یش پاڵێوراوی کۆماریەکان بوو، لە ئەنجاما نادەمز دەرچوو، لە ساڵی ١٨٠٠ نۆرەی کۆماریەکان هات و دەرچوون، لە ساڵی ١٨٢٨ یەکێتیەکان ناوی خۆیان گۆڕی بۆ (دیموکراسی)، کۆماریەکانیش بە سەرۆکایەتی (ابراهام لینکۆلن) وەك خۆیان مانەوە، لە جەنگە ناوخۆییەکانیان دا بەرە بەرە ئەو شێوە حزبیەی وەرگرت، لە ساڵانی ١٨٦٠- ١٩٣٣ کۆماریەکان وەك تاکە حزبێك لە گۆڕەپان بوون ..تا (رۆزفلت)ی دیموکراسی دەسەڵاتی وەگرتەوە لە ١٩٣٢ وە تا ئێستا هەر بە نۆرە دەسەڵات دەگرنە دەست وەك سیستەمێکی دوو حزبی[1]، دوو حزبیەکەی سیستەمی ئەمریکا توندترە، ڕەنگە لە بریتانیا مۆڵەتی ئەو سیستەمە درێژە نەکێشێ.

ئەوەی سەروو دوو نمونەی مێژووی بو لە دروست بوونی ئەو سیستەمە، بەشێکی زۆر لە لێکۆڵەوەران پێیان وایە ئەو جۆرە سیستەمە بە جۆرێك لە دیکتاتۆری و یان (دیکتاتۆری دیموکراسیانە)ی لە قەڵەم دەدەن، چونکە زۆربەی دابەش و دارشتن و پێکهاتنی هەڵوێستی ئەو دوو حیزبانە لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی چینە باڵاکانە، حزبی بەرژەوەندی لێ دەردەچێت نەك مەبادیئی، ئیتر رۆڵێکی زۆرینەی چینی هەژاری تیا نامێنێ، بەڵام ئیجابیاتیشی ئەوەیە بە سانایی حکومەت پێك دەهێنن، بریار دەدەن، کاروبار ڕادەپەڕێنن بێ قەیران، یەکسەر دەنگی یاساییان تەواوە بێ (ئیئتلاف)کە یەکێکە لە قەیرانەکانی ئەزموونی دیموکراسی و فرەیی وەك ئەزموونی ی فرنسا کە ماوەیەك لەو قەیرانە وا ناڵابوو، هەر کابینەی حکومەت دەگۆڕا .

ئەو جۆرە سیستەمە لە ڕۆژئاوا زۆر درێژەی کێشاوە، وا ئێستا لە عەولەمە ئاسۆی فرە حزبی لێ سەری هەڵداوە، لە جیهانی سێیەم ئەو جۆرە دوو حزبیە چ بە دیموکراسی چ بە نادیموکراسی تەمەن درێژ نیە، لە تورکیا (ئەجمویدو دیمیریل)

---

[1] بۆ زیاتر بڕوانە –النظم في العالم المعاصر-د.سعاد الشرقاوی. النظم السیاسیة د.مشهدانی

چەند سالێك لەھەشتاكانی سەدەی ڕابووردوو بە ھاوتایی وا ھاتن ،دوای گەشەكردنی (حزبی ڕەفاھو- حزبی دادو پەرەپێدان)ی ئیسلامی ئەو ھاوسەنگیەی ھەڵتەكاندو لەو ساتەی نووسین ھیچیان تاكە كورسیەكیان نیە لە پەرلەمان، ھەروەھاش ئەزموونی یەمەن لە نێوان ھەردوو حزبی سۆشیالیستی (علی ناصر)و كۆنگرەی (علی عبدالله صالح) تەنھا چەند ساڵێكی خایاند (حركة الاصلاح)ی ئیسلامی وەك ھێزی سێیەم كەوتە مەیدان و لە ھەڵبژاردنی ۱۹۹۳ (٦۳) كورسی ھێنا، حزبی سۆشیالیستی تەنھا (٥٦) كورسی ھێنا، حزبی كۆنگرە (۱۲۱) كورسی ھێنا كوتایشی بە سیستەمی دیارشی (دوانەیی) ھینا.

ھەروەھا لە پاكستان لە نێوان (ڕابیتەی ئیسلامی-بەسەرۆكایەتی نەواز صشریف)و (حزبی گەل-بەسەرۆكایەتی بنەماڵەی بۆتۆ) ماوەیەك ئەو ھاوتاییە پەیدابوو، دوای ڕابیتەی ئیسلامی بە شێوازی دیموكراسی بە یەكجاری زاڵ بوو بەسەر گۆڕەپان تا كودەتاكەی (پەرویز مشرف)، لە كینیاش بەھەمان شێوە (یەكێتی نیشتمانی)و (یەكیتی دیموكراسی)، ... لە كوردستانیش لە دوای ۱۹۷٦ سیستەمی دوو حزبی بە نادیموكراسیانە بەردەوام بووە تا ئێستا، (پ.د.ك)و (ی.ن.ك)، لە یەكەم ھەڵبژاردنی نیمچەدیكراسی لە۱۹۹۲(پ د ك) ٤٦٪ دەنگی رابەریشی ٤۸٪ ، ۲٥٦۷۲ دەنگی لە یەكێتی زیاتر ھێنا، بە ھەمان شێوە ئەو دوو حزبەش وەك جیھانی سێیەم وا پێدەچێ ھێزی سێیەم لەسەر دەستی ئیسلامیەكان جێگە بە سیستەمی دوو حزبی لە كوردستانیش لێژ بكا. ئەو وەستانەی لەسەر شێوەی سیستەمی دوو حزبی دەق دەگرێ لە جیھاندا گۆڕانی زەحمەتە، بەڵام لە جیھانی ئیسلامی ئەو گۆڕانە تەنھا بە (ئیسلامیەكان) دەكرێ چونكە ھێزی گۆڕان لە ئیسلام دا خەستە، بۆیە زۆربەی سیستەمەكانی دوو حزبی چ بە دیموكراسیانە چ بە نادیموكراسیان لەسەر دەستی ئیسلامیەكان كۆتایی پێھات. لەھەر وڵاتێك ئەگەر زیاتر لە دوو حزبی لێ پەیدابوو كە قورساییان بایی ئەوە نەبێ بە تەنھا حكومەت دروست بكا، ئەوا سیستەمی فرە حزبی پێ

(٣١) سیستەمی دوو حزبی   نظام الحزبین   BI-PARTY

دەوترێ، هەڵبەتە هەموو ئەوانە لە چوارچێوەی سیستەمێکی فراوانتری دیموکراسی کە بە(فرە لایەنی- تعددیە) ناو دەبرێ.

(٣٢)

فره لايەنی التعددية pluralism

چەمكێكی سیاسیه مەبەست لێی بوونی چەند لایەنی سیاسی له چوارچێوەی دەولەتێكی دەستووری سیستەم دیموكراسییه، زۆرجار فـره لایەنیـەكی رواڵـەتی دەكرێ وەك له جیهانی عەرەبی زیاتر، بـەڵام حزبـی سـەركرده سـەرۆكی هـەتا هەتایـه ... لـه ژێـرەوه دەولـەتی نادسـتوری و مولكیـەتی دەولـەت (پاشـای نادەستوری) دەسەلات داره، ئەوەیان فرەلایەنی ساختەیه.

لەو سیستەمەدا وەك پێشوو نیه، زیاتر پێویستی به هاوپەیمانیـەتی و لیـستی هاوبـەش دەبێـت هـەم بـۆ هەڵبـژاردن هـەم بـۆ پێكهێنـانی حكومـەت و بەردەوامیەكەی، ئەگینا زۆربەی جار رووبـەرووی قـەیران و نائـارامی دەبێتـەوه، زۆرجاریش سەوداو سەوداكاری ماددی بەرامبەر ئـەو هاوپەیمانیەتیـه دەكـرێ بـۆ وەگرتنی رادەی باسایی دەنگەكان، زۆرجاریش ئەو دۆخه رەنگ دەداتەوه سەرباری نابووری و كۆمەڵایەتی و سیاسی و هەتا سایكۆلۆجیش به سەلبی، بۆیـه هەنـدێ له زانایان رەخنەی توند ئاراستەی ئەو سیستەمه دەكەن، هەتا (ملـك فیـصل) ی یەكەم شای عیراق لـه ١٩٢١ زۆر دژی فـره لایـەنی سیاسـی وحزبـی بـوو، بـەڵام سیاسەتی بالآی بریتانیا بێ دەنگی كرد ، له لایەن زانایانەوه ئـەو سیـستەمه بـه ئامرازی دابەش و پارچه پارچـەیی میللـەت حـسێب دەكـەن، شـەرە دەسـەلآت و بەرژەوەندی پەرستی و چەند روویی و گواستنەوەی وەلائوسەنگەر ...وەك لایـەنی سـەلبی ئەو سیستەمەیه، سەرباری قەیرانی گۆرانی خێرایی حكومـەت، تەنانـەت له فرنسا له ساڵی ١٩٤٦ تا ١٩٥٨ (٢١) كابینەی وەزارەت دروست كراو گـۆرا.

بە تێکڕایی لە کۆماری سێیەمی فرنسا نزیکەی ۱۰۰ کابینـە دروستکراو گـۆڕا ....تا دیگۆل لە ۱۹۵۸ هاوپەیمانیەکی دروست کرد، ئیتر ئەو قەیرانە کـەم بـۆوە بۆ نێوان ڕاست ڕەوەکانی-دیگولی‌و چەپ ڕەوەکانی سۆشیالیستی، ....بۆیە ئـەو سیستەمە لە چاو دیکتاتۆریەت وسیستەمی شمولی ئیجابیە ئەگینا نموونەیی نیە، ئێستا دیسان نەخشەی سیاسی وا دەگـۆڕێ، حزبی سـەرەکی بـەرەو لاوەکیـەو پێـچەوانەش، بەتایبـەتی لـە جیهـانی ئیـسلامی کـە بزووتنـەوە ئیـسلامیەکان کەوتونەتە گۆڕەپانی سیاسی بە شێوازێکی دیموکراسیانە وا بەرە بەرە کۆتـایی بـە سیستەمی فرە لایەنی‌و هەتا دوو حزبیش دەهێنرێ هەروەك بینرا لە جـەزائیر لـە ٨٦٪ ی دەنگیان هێناو بێ پێویستی بە هاوپـەیمانی لەگـەڵ هـیچ حزبێکـی تـر، (بەرەی ئنقازی ئیـسلامی جزائـر) بـە سـەرۆکایەتی پرۆفـسۆر عـەباس مـەدەنی دەیتوانی حکومەت پێك بهێنێت بەهۆی خزمەت و دڵسۆزیەکەی بـەردەوام بێـت، هەروەها لە تورکیاش لە فرە لایەنیەوە (حزبی دادو پەرەپێدانی ئیسلامی) دەنگی تەواوی هێنا وەك تاکـە حـزب لـە دەسـەڵاتدا ....بـەڵام ئـەزموونی جـەزائر بـە دیموکراسیەوە لە لایەن دەسەڵاتی سەربازیەوە وەرگێڕدراوە بۆ دیکتاتۆریەوە ..بۆیە ئێستا جیهانی ئیسلامی لەگەڵ بوونی دیموکراسی ڕاستەقینە یەکسەر کۆتـایی بـە فرەلایەنی دێت.

ئەو دیاردەیە هەر لە جیهانی موسڵمان نشین نیە، چونکە فـرە لایـەنی تـەواو ڕاست و دروست نیە، لە بەرامبەر دیکتاتۆریەت هاتەکایەوە هەرلە چـاو ئـەویش ئیجابیـە، ئـەوا لـە ئـەوروپاش ڕادیکالیـەکان بـەرەو گەشـەن وەك بینـرا لـە هەڵبژاردنەکانی فەرەنسا، نەمسا، ڕووسیا، ....هەڵبەتە ئەو تاك حیزبەی سـەروو کە ئیـسلامیەکان بە دەستیان هێناوەو دەهێنن لەو جەوهەرەدا جیایە لەگـەڵ تـاك حزبی دەسـەڵاتە دیکتاتۆریـەکانی وەك حزبـی شـیوعی، نـازی، فاشـی..وحزبـە دیکتاتۆریە نەتەوەگەریەکان وعەلمانیەکانی تر، لە یەکەمدا لە ڕێی دیموکراسـی و ڕای میللەتـە لـە دووەمـدا لـە ڕێی دیکتـاتۆری و ئینقلابـی سـەربازی و ڕای

کەمایەتی و تاکە کەسێکە ، هەڵبەتە فرەلایەنی زور پەیوەستە بە دیموکراسیەوە، تافرە لایەنی هەبی دیموکراسی پێویستە، بەڵام هەردووکیان ئامانجی ئەبەدی وئەزەلی نین، لەکۆتایدا یەکێ لەو مدرسانە دەردەچێت ئیتر کۆمەلگە بە دیموکراسیانە لایەنەکانی تر خانەنشین دەکا، وەك ئێستای تورکیا وئێران وفلستین و زۆر شوێنی تریش بەرێوە ن .

مەدرسەکان و فرە لایەنی:

ئەو فرە لایەنیەی باس کرا لە پێش تر بە ئاسایی خۆی ئەوە دەقاو دەق هەڵوێستی مدرسەی لیبرال دیموکراسە، کە تەواوە رەنگ دانەوەی بازاری ئازادو چالاکیە سەرمایەداریەکانە، بۆیە فرە لایەنی سیاسی یەکێکە لە کۆڵەکە بنچینەیەکانی بنەمای لیبرال- دیموکراسی، لەو مدوسەیە فرەلایەنی ئامراز نیە ئامانجیشە، واتە فرە لایەنی لە پێناو گەیشتن و دۆزینەوەی راستی و دادگەری نیە، پاساوەکانی فەلسەفی و زانستیش بۆ ئەو هەڵوێستە سیاسیو کۆمەڵایەتی و ئابووریانە ئەوەیە کە سروشت و گەردوون بە تێکرایی لە رەنگ و جۆری جیاجیا پێك هاتوون، بە هەمان شێوەش پێکهاتەی دەروونی بەشەری و کۆمەلگەش لە تەبیعاتی جیا جیاو ئاستی جیاجیا پێکهاتووە، ئاکرێو ئاشێ لەیەك قاوغ کۆبکرێتەوە، بۆیە فرەلایەنی بە دیاردەیەکی رەسەن و پێویست دەزانن، تا رادەیەك سۆشیال دیموکراسیەکانیش هەمان رایان هەیە بە تایبەتی دوای زەق بوونەوەی عەولەمە و دارمانی مدرسەی شیوعیەت، ئەگینا پێش تر رایان وابوو کە فرەلایەنی واقیعێکە بەڵام مەرج نیە واقیعێکی راست و دوروست بێ، بۆیە هاتنیان بۆ ناو ئەو واقعە بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە فرەلایەنی و بەرەو بنیادنانی کۆمەلگەیەکی سۆسیالیزم بووە.

هەرچی مدرسەی شیوعیەت بوو، تەواو پێچەوانەی ئەو فرەلایەنیە بووە، ئەو مدوسەیە پێی وابوو حزب نوێنەری چینێکە، چینەکانیش لە ئاکۆکی (مان و

ئەمان) دان لەگەڵ یەکتر، بوونی یەکیان نەبوونی ئەوی ترە، بۆیە فرەلایەنی بەڕای مارکسیەت دیاردەیەکی ڕۆژئاوایی و لە خزمەتی سەرمایەداری و چینی برجوازیە، لە جیاتی فرەلایەنی فکرەی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا هاتەدی[1]، کە لە کۆتاییدا دەبووە دیکتاتۆری تاکە شەخس و تاك حزبی بە تەواوی مانا و سیفاتی دیکتاتۆریەو، لەسەر ئەو بنچینەیە لە وڵاتانی سۆشیالیستی و یەکێتی سۆڤیەت تەنیا بوار بە(حزبی شیوعی) دەدرا گوایە نوێنەری چینی کرێکارە بە بێ منافسە و هەڵبژاردن، لە دەستوریش وا تۆمار دەکرا وەك بە ڕوونی لە دەستوری سۆڤیەتی ١٩٧٧ ڕۆڵی حزبی شیوعی وەك سەرکردە و پێشڕەو بە تاقی تەنها دەکا، بەڵام سەرەنجام ئەو تاك ڕەوی دیکتاتۆریەی شیوعیەت لە لایەن کۆمەڵ ڕاپێچی ڕابردوو کرا، هەڵبەتە ئەوانەی دژی فرە لایەنن و باوەڕیان بە دیاردەی (تاك حزبی و حزبی سەرکردە) هەیە جگە لەوەی پاساویان ئەوەیە کە پەیام و ڕزگاریان پێیە بۆ قۆناغێکی میللەتەکەیان یان یەکجاری، گوایە پەرینەوەو دەرباز و جێبەجێ‌کردنی ئەو پەیامە تەنها بەو حزب و سەرکردەیە دەکرێ ....لەوانە حزبە ناسیۆنالیزمەکانی نازی و فاشی، شۆفینی، فالانژسی، بەعسی، تورانی، .... هەروەها چەپیەکان و هەندێ باڵی ئیسلامی سەلەفیش ئەو باوەڕو پاساوەی هەیە.

هەرچی هەڵوێستی فکری ئیسلامیە ئەوا وەك هەڵوێستەکانی تر دووبەشی سەرەکیە لە نێوان دروستی و نادروستی (وەك زیاتر لە چەمکەکانی فکری ئیسلامی بە درێژتر باسی دەکەین)، بەڵام بەشی هەرە زۆری بزووتنەوە ئیسلامیەکان ڕایان وایە کە فرە لایەنی گۆڕەپانێکی ئازادە بۆ بەشداری کردنی خەڵك و دەرخستنی بەرنامەکان، مادام لە هەڵبژاردنی ئاینا مرۆڤ ئازاد بێت ئەوا لە هەڵبژاردنی عەقیدەی سیاسیش ئازادە، بۆیە لە مدرسەی ئیسلامیدا فرەلایەنی قەدەغە ناکا بەڵام تێ دەکۆشێ لە پێناو نەهێشتنی لە ڕێی پرۆسەی دیموکراسی،

---

[1] بۆ زیاتر سەرنج بدە : أ- مبادئ الشرعية- انجلس ب. بيان الشيوعي- انجلس- ماركس ج. الدولة والثورة- لينين د- نظم السياسية ل٢٢٧

واته هەتا لە کاتی دەسەڵاتی ئیسلامیش بە تۆبزی رێ لـە فرەلایـەنی سیاسـی و ئاینی ناگیرێ، هەروەك لە ئەزموونی نوێی سوودان و ئێران بینیمان، مەولەت بـە حزبی نا ئیسلامیش دراوە، لە ئێران رێ بە (حزبی توده- حزبی شیوعی)ش دراوە لە تورکیاش (حزبی دادوگەشە) حکومەتە بە تەنها حزبەکانی تریش سەربەستن لـە چـالاکی سیاسـی، ئیـستا وای لێهـاتووە کـاتی ئیـسلامیەکان لەرێیـە دەگەنـە دەسەلات بوار بۆ لایەنە عەلمانی ونۆێژیسۆنیش دەکرێتەوە، بە هـەمان شـێوە لـە نموونەیەکی مێژوویش لە شوێنێکی وەك قوبرس کـە نزیـك پایتـەختی خەلافـەتی عوسمانیش بووە زۆر لێشی بالاَ دەست بووینە کەچی دەبینین لە دوای رزگـارکردنی لەسالی ١٥٧١، لە لایەن (بـاب العـالی)ی عوسمانیـەوە سـەربەخۆیی تـەواو درا کەنیسە ئۆسقف وەك نوێنەری میللەتی رۆم و ئەرتۆدۆکـسی قوبرسـی، لـە سـالّی ١٧٥٩ز وە دووەمین کەسێتی ولات لە دوای (والی) ناوی هاتووە،، لە سـەردەمی سـولتّان عبدالمجیـدی یەکـەم (١٨٣٩-١٨٦١) لـە ١٨٥٦ ئەنجومـەنی ئیـداری و دادگای پێکهات لە چوار چێوەی نوێنەری هەریەکە لە یۆنانی و موسـلّمانی[١]، بـە هـەمان شـێوەش لـە قۆنـاغی (ئینتقالیـدا) هـەموو واقعێـك لـە لایـەن فکـری ئیسلامیەوە هەڵسوکەوتی لەگـەلّ دەکـرێ، بـەلاّم بـە مەبەسـتی گـۆڕینی نـەك گونجانو راهاتن لەگەلّی، بەو جۆرە وا هەڵـسوکەوتی لەگـەلّ واقعـی فـرە لایـەنی دەکا، هەموو کەرەستەو ئامرازی هاوتا بوونی مرۆڤەکانی پێیە لەسەر ئەو زەویـە بێ پێویستی بە فرە لایەنی، بە پێچەوانەی مەوسەی شـیوعیەت کـە بانگێـشەی دژی فـرە لایەنـە و کەچـی بەرنامـەو عەقیـدە سیاسـیەکەی هـەموو کۆمەلّگـە ناگرێتەوە، لـە باشـترین دۆخیـدا چـینێك لـە کۆمەلّگـەی دەگرتـەوە کـە چـینی کرێکـاران بـووە، ئـەگینا چـینەکانی برجـوازی و دەرەبـەگو جوتیـارو....هتـد چینەکانی تری کە ناوی نراوە وردە برجـوازی‌و زۆر توێـژی تـری نەدەگرتـەوە، لـە ئیسلامدا لەسەر ئەو بنچینەیەی چینایەتی و هێزی ماسولکەو قەبارەی مولکیـە

[١] موسوعة السیاسیة ب٤ ل٧٤٦

ناڕوانێتە مرۆڤ، بەڵکو لەسەر بنچینەیەك دەڕوانێتە مرۆڤ کە هەموو مرۆڤ تیایدا وەك یەك هاوبەشە، ئەویش بنچینەی عەقڵە، بۆیە بەرنامەی ئیسلام کراوەیە بۆ هەموو مرۆڤێك لەسەر ئەو زەویە بێ هاوێرکردن، هەر بۆیەش مەحاڵ نیە کۆبونەوەی هەموو مرۆڤایەتی لەسەر بەرنامەیەکی عەقلانیەت هەروەك چۆن هەموو مرۆڤایەتی ئێستا کۆکن لەسەر ڕاستی و دروستی (٣+٤=٧)، لەو کاتەدا فرە لایەنی نابتە پێویست، بۆیە دیاردەی سروشتی و گەردوونی فرە ڕەنگی و فرە ئاستی و جیایی سروشتی و مرۆڤ و جیای شێوەی نابتە پاساو پەرژین لە ڕێی ئەو هەڵوێستە گەردونیە، دەبێ بە وردتر تێی بنۆڕی، ئەو پاساوانە بۆ فرە لایەنیەکی کۆمەڵگەیەکی ستونیە، واتە پاساوە بۆ ئەوەی ڕەوایی فرەلایەنی ڕەگەزی‌و تایفی‌و نەتەوەیی و ئاینی و کۆمەڵایەتی کلاسیکی پێ وەرگرێ ....بەڵام پاساو نیە بۆ کۆمەڵگەیەکی ئاسۆیی، کە تیایدا تاکەکانی مرۆڤ لە ئینتیما ئاسۆی (عەقلی، فلسفی، سیاسی، ئاینی،....) یەکسان بن.

فرە لایەنی لە عەولەمەدا:

لە عەولەمەدا گۆڕان بەسەر نەخشەی کلاسیکی عەقیدەو هزرو فەلسەفەو ئینتمای سیاسی هاتووەو زیاتر دێت، لێرەدا سنوری جوگرافی نابێتە فاکتەرێکی پۆلین، نابێتە لە قالب دانی بیروڕاو عەقیدە ....، بەو تێڕوانین و هەتا ئینتمایەکانیش (عابر القارات)ە، هەر بۆیەش ئەو ڕستانەی ئێمەی موسڵمان، ئێوەی مەسیحی، ئەوانی هندۆسی، ئەوروپای مەسیحی ... دەقیق نین، وەك مەسەلەکەی نیسبی ئاینشتاینی لێهاتووە ١٠٠٪ ڕاست و دروست نین، بە هەمان شێوەش ئەو ڕستانەی دار الاسلام، دار الكفر، دار الحرب، ... ئەو حوکمە ڕەهایانە پڕ مانا نیە بە تایبەتی لە سەردەمی عەولەمە، مادام ئەو حوکمانەی (دار الاسلام)، (دار الكفر).. لەسەر بنچینەی سنوری جوگرافی دەدرێ نەك لەسەر بنچینەی عەقلی سیاسی کۆمەڵگە، ئەوە لەو سەردەمە هەڵە دەردەچێ....بە

تایبەتی لەو ساتەی کە سنوری جوگرافی (لەو عەولەمەدا) کاریگەری لەسەر مرۆڤەکانی نێو باوەشیدا زۆر لاواز بووە، ئێستا هەر تاکێك ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەموو جیهان کارلێك دەکا، بۆیە ئەو تاکە کوڕی هەموو جیهانە نەك شوێن و ناوچەو نیشتمانێك، وا ئێستا دەبینین لە (دار الاسلام) -ئەگەر ڕاست بێت دارالاسلام یەکسان بێت بە وڵاتانی موسڵمان نشینەوە- ئەوا پۆشاکی ئیسلامی لێ قەدەغەیە، مزگەوتەکان دادەخرێن، .....کەچی لە (دار الکفر)ە بە دەگمەن نە بێت ئەگینا هەر ئازادی هەیە بۆ ئیسلامەتی، لە (دار الاسلام) پڕیەتی لە ئنتمای شیوعی و سوشیالیستی و لیبڕالی....پڕیەتی لە ئنتمای فەلسەفی و عەقیدەی جیالە ئیسلام، با لە ناسنامەشی نوسرا بێت ئیسلام، بەهەمان شێوەلە ئەوروپاش دەبینین پڕیەتی لەوئینتمایانەو ئینتمای ئیسلامیش، ئەو چوار مدرسە سەرەکی یە (ئاینی، سۆشیالیستی، شیوعی، لیبڕالی) لە فەزای سیاسیدا بە جیهان تەنینەوە بێ ئەوەی فاکتەرە شاقوڵیەکان لە شوێنی جوگرافی و نیشتمان و ڕەچەڵەك ڕێگر بێت، بەو شێوەیە عەقیدە و ئاین و ئینتمای سیاسی بە تەواوی لە جوگرافیا جیا بویتەوە، ناوچەیەك نیە بە ڕەهای بۆ مدرسە و ئاینێك لەو ساتەدا، ڕەنگە لە ئاییندە جۆرە وەسفێکی تر هەڵگرێ، هەر خۆشی ئاین و هەموو بیرو بڕوایەکی ئاسۆیی میراتی نین، لە باوك و دایکەوە بۆی بێنێتەوە، بەڵکو وەرگیراوە (مکتسبە) و خۆی لێی بەرپرسیارە بە پلەیەك، کەواتە هەڵەیە ئەگەر بڵێین ئەوروپای مەسیحی و سەرووی ئەفریقای ئیسلامی و هندستانی هندۆسی و یابانی تاوی و .....لە خودی ناویەك میللەت و نیشتمان ئەو ڕەنگانەی تیایە بابە زارەکی و ناسنامەدا ناوی تر هەڵگرێ لە ..مەسیحیەت و هندۆسی و ئیسلامیدا، ئەو ناسنامەیە گوزارش لەجەوهەری مرۆڤی نوێ ناکا، لە ڕاستیدا ئەو جەوهەرە شێوازێکی ترە لە ئینتماو لایەنگیری بۆ مدرسەکان کە پێك هاتوون لە ئاوێتە بوونی ئایدۆلۆژیاو ئاین، ئەو ئاینانەی کە پێویستیان بە تەواوکردن هەیە لە لایەن ئایدۆلۆژیای مرۆڤەوە، واتە لە هەموو جیهان وا بەرەو ئەو ڕەوتەیە

که له هەر فەرزایەکی سیاسی ئینتما و بوونی هەر چوار مەوسەی سەرەکی لێ پەیدا دەبێت، واته فرەلایەنی له عەولەمەدا به لایەنی کەمەوە چوار لایەنی تیایە یان زیاتریش له پێکهاتەی نێوانیان، ئەو چوار لایەنە لە سەروی دەستوور و یاسان، ئەوانە تەزکیەی گەردوونیان هەیە بۆ مەزۆڵەتی چالاکی سیاسی لەو فەترە مێژووییه، ئەگەرچی لەو سەردەمە ئەو فاکتەرە (واتە عەولەمە) بنچینەو داینەمۆی فره لایەنیه بەڵام هەڵەشە ئەگەرفره لایەنی تەنها بدەینە پاڵ عەولەمە، بەڵکو گەلێ جار دیاردەی لێك ترازان (ئنشقاق)و کێشەی تایبەتی و سزای حزبی ....بوویته پەیدابوونی فره لایەنی، ...هەروەك ئەزموونی حزبە کوردستانیەکان بەڕوونی دەردەکەوێ، دەبینین زۆربەی حزبە کوردستانیەکان له حزبی پێش خۆیان جیابوینەوە، به تایبەتی له (پ.د.ك) .

دەبێ له لایەکی تریشەوە تێبینی بکرێت کەوا (عەولەمە) فرەلایەنی دەدا له هەمان کاتیشدا فاکتەری سڕینەوەی فرەلایەنیشی هەلگرتووە*، چونکە هەتا هەتایی نیه له کۆتاییدا عەولەمە یەکیان تەزکیه دەکا، به پێی یاسای (البقاء للاصلاح) یەکێ لەوانە که له فکرو فەلسەفەکەی وئینجا پیادە کردنەکەی له هەموان دەوڵەمەندترە، له بەرنامەو پەیڕەوکردنا له هەموان شمولی ترو تێروتەسەل ترە، ئەومیان سەردەکەوێ و چارەنووس کۆمەڵی سەر زەوی دیاری دەکا..نەك هێزی سەربازی بەڵکو زیاتر بەهۆی پێویستی کۆمەڵ بەو بەرنامەیە وەك دەربازو چارەسەری کێشەکانی مرۆڤ و کۆمەڵ.

---

* هەتاکاریگەری لەسەر لێك نزیك کردنەوەی فره زمانیش کردووە بۆ یەکخستنی، وا ئێستا له کوردستان بەرە بەرە زاراوەی زمان لەنێو دەچی له قازانجی زاراوەی تر، یەکێ لەوانە زاراوەی هەولێرە

(٣٣)

پێکدادانی شارستانیەکان اصطدام الحضارات
the clash of civilization

لە وەرگێڕانی ئەو چەمکە لە سەرچاوە ئینگلیزیەکەی بۆ عەرەبی بە ڕستەی جیاجیایا گوزارش کراوە لەوانە: (صراع الحضارات، اصطدام الحضارات، ...... بۆیە لە کوردیەکەش بە (پێکدادانی شارستانیەکانو ململانێ شارستانیەکان، .....) هاتووە.

ئەو ئەدرێسەی سەروو کتێبێکە لە لایەن (ساموئیل هندگتون)ی ئەمریکی نووسرایەتەوە لە دوای شکستی شیوعیەت لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابووردوو، زیاد لە پێویست برەوی پێدرا، بە کورتی دەیەوێ بیسەلمێنێ کە جیهانی نوێ و عەولەمە دابەش بووە بۆ چەند شارستانیەکی جیاجیای سەرەکی ڕۆژئاوای مەسیحی، ئیسلامی، کۆنفۆشیوسی، ئەفریقی، یابانی، هیندۆسی، ئەرتەدۆکسی،..... هتد ئیتر ئەم شارستانیانە لەگەڵ یەك ناسازێنو پێکدا دەدەن، لە پێش هەموویان شارستانی ئیسلامیو شارستانی ڕۆژئاوایی بە هیچ شێوەیەك پێك ناگەنو ناشێت تێك بگەن بە یەك دادەدەن بە پێی ئەو تیۆرە......، سەرەنجامی ئەو ململانێیەش هەم لە ناوەڕۆکی ئەو کتێبە هەم لە کتێب و ئەدرێسێکی تایبەتی تر هاتووە بە ناوی (کۆتایی مێژوو) لە نووسینی فۆکۆیاما، لەگەڵ چەندین کتێبو ئەنزیراتی نوێی تری وەك (سەرکەوتنی بێ جەنگ- نیکسۆن) تەنزیراتەکانی (کیسنجر)...بە هەموویان هەروەك (مەسەلەی جەنگی هرمجدۆن) ئامۆژگاریەکی ناڕاستەوخۆی جیهان دەکەن کە بە خێراتر خۆیان تەسلیم بە شارستانی ڕۆژئاواو

(حتمية التاريخية)ی سەرمایەداری بکەن، ئێستا ئەو تیۆرە لە سەردێری کتێبێك دەرچوو بووەتە چەمك و زاراوەیەکی سیاسی و فکری و فەرهەنگی، بۆیە چەکی تیۆری‌و پیادەکردنی ڕۆژئاوا لەو قۆناغەدا، واتە بە کورتی دروستکردن‌و تەنزیرکردنی بناغەیەکی فراوانی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی و زانستی‌و مێژوویی‌و ئابووری‌و نەژادی‌و ئاینیشە...بۆ ئەو ململانێ و دۆخەی جیهانیەی ئێستا، بە هۆی ئەو تیۆرە هەموو ئەو ئامانجە داگیرکاری و چەوساندنەوەو جیهان خۆری‌و نادادگەریەکەی کە لە بەرامبەردا خەباتی گەلان و تەقەلای پەیداکردنی زانستی‌و ڕزگاریەکانی نیشتمانی و فکری و سیاسی و فەرهەنگی.. بە سەریەکی کۆکردۆتەوە بە ناونیشانی (ململانێی شارستانی) پیشانی دەدا، ....بۆیە ئەو تیۆرە ئێستا چەمکێکە گوزارش لە سیاسەتی ڕۆژئاوا دەکا بەرامبەر جیهان بە گشتی‌و جیهانی ئیسلامی بە تایبەتی، بە هەمان شێوەش بۆ هەڵسەنگاندن‌و لێکۆڵینەوە لەو تیۆرە نابێت تەنها لە لاپەرەکانی ئەو کتێبە بۆی بگەڕێین بەڵکو ڕۆژانە نموونەی نوێی لێ پەیدادەبێ‌و بەڵگەی نوێی بۆ پەیدا دەکەن هەر لە ڕاستیشدا بە درێژایی بەشی هەرەزۆری بەرەی پێك گەیشتنی هەردوو شارستانی ئیسلامی‌و مەسیحی لە جیهاندا وەك هێڵی تەماس ئارام نین و ئازادییەك ئەو تیۆرە بەهێز دەکا، نەك بۆ ڕووداو جەنگە مێژوویەکانی نێوانیان هەتا بۆ سەردەمی ئێستاش، وەك دەبینین لە نێوان (چیچان‌و ڕووسیا، ئەرمینیاو ئازەربێجان، ئەلبانیاو کۆسۆفۆو بۆسنەو سربیا، هەردوو بەشی قوبرس، بەرەی مەسیحی‌و ئیسلام لە لبنان، مەغریب‌و ئیسپانیا، سودان‌و خواروو، میسری‌و قبتیەکان، ئەریتریاو ئەسیوبیا، ویلایەتە موسڵمانەکانی نایجیریاو بەشەکانی تری نایجیریا .... تا دەگاتە تەیمووری خۆرئاواو ئەندۆنیسیا، فلیپین‌و ئیسلامیەکانی مۆرۆ ....، چەمك و بانگەوازەکانی ئەمریکا لە بارەی تیرۆر، عەولەمە، سیستەمی نوێی جیهانی، ....هەروەها دووبارە دابەش کردنەوەی جیهان بۆ دوو بەرە (یان لەگەڵمی یان دژمی) وەك (ج. بۆش لە دوای ١١/ی سپتمبری ٢٠٠١ز

جاری دەدا) هەمان دروشمی دارشتەوە کە لە کێشەی کوبای١٩٦٢ سەری هەڵدا ولاتە بچوکەکانی کەوتنەوە ژێر ئیرهاب، ئەوانەو هێزەکانی ئەمریکاو داگیرکردنی ئەفغانستان و عێراق و هەنگاوەکانی داهاتویشی پەیرەوکردنی ئەو تیۆرەیە.

بەڵگە نوێیەکانی ئەو تیۆرە:

گەرچی ئەو تیۆرە داهێنانە نەك دۆزینەوە، بەلام رۆژانە بەڵگەی رواڵەتی (شکلی) دێتە پێش پاساوەکانی ئەو تیۆرە بەهێز بکا، بەشێکیش لەو پاساوانە لە لایەن هەندێ تەیاری ئیسلامی پێشکەش دەکرێ بەو تیۆرە بێ ئەوەی بە چاکی هەست بە خۆیان بکەن، جاردانی جەنگ لەگەڵ رۆژئاوا، تەقینەوەکانی بێ سنور، گوتارەکانی دژ بە سەرانسەری رۆژئاوا......یارمەتیەکی راستەوخۆی ئەو تیۆرەیە، دەبێتە بەڵگەی سەرباری دروستی ئەو تیۆرە، هەر بە کورتی و خەستی بەشێکیان لێ هەڵدەبژێرین:

١. هەموو ئەو ململانێیەی کە لە سەروو باسکرا لە نێوان رۆژئاوای و میللەتانی ئیسلام.

٢. پەیدابوونو بەردەوامی ناکۆکی میللەتانی ئیسلامو گەلانی دراوسێیانیشیان. هەر لە: عەرەبو جوو، کشمیرو هند، ئیسلام و هندۆس، ئەرمینیاو ئازربێجان، لیبیاو چاد، سودان و دراوسێکانی خوارووی، .....لەگەڵ نموونەکانی سەرووی پێشێووی نێوان ئیسلام و مەسیحی لە بەرەی جیهانی ئەوا بەڵگەیەکی تری پێکدادانی شارستانی ئیسلامە لەگەڵ شارستانی رۆژئاوا. ئیتر لەگەڵ ئەم هەموو تەقەلاو مەزنکردنەی (مەترسی ئیسلامی) بە ئەدرێسی جیاجیای وەك مەترسی تیرۆر، یان وەك دەڵێن شیوعیەت بەیەك تەوەر دژایەتی دەکردین خەریك بوو هەڵمان لوشی، کە تەوەری ماددی بوو، ئێستا ئیسلام بە دوو تەوەر دەیەوێ هەڵمان لوشی. کە(تەوەری ماددی و رۆحی)یە....یان وەسفکردنی پێغەمبەری ئیسلام بە رابەری ئیرهاب، قورئانیش بە کتێبی

ئیرهاب، .... دەیانەوێ ململانێیە فکری و سیاسی و شارستانیە هێواشەکان وەرگێڕن بۆ توندو تیژی کە ئەوان لێی زاڵن.

٣. ئەو فتواو و گوتارانەی ڕابەرانی جیهادی ئیسلامی بەرامبەر بە ڕۆژئاوا: داواکردنی جیهاد لە دژی ڕۆژئاوا ..وەك ئەو هەڵسوکەوت و هێرشانەی (القاعدة) بە شلم کوێری، زۆر فتواو هەڵسوکەوتی تر بێ ویست و ئارەزووی خۆیان یارمەتی چەسپاندنی ئەو تیۆرەیان داوە، وەك بەڵگەی سەربار بۆ زانستی ئەو تیۆرە.

٤. زۆر نموونەو بەڵگەی دروستو ورد هەیە، تا ڕادەیەك ئەو تیۆرە بسەلمێنێ. با سەرنج بدەینە کوردستان کە وڵاتێکی نموونەیی بووە لە پێکەوە ژیانو تەبایی هەروەك لە ڕاپۆرتی لێژنەی نێودەوڵەتی (کێشەی موسڵ ١٩٢٥)یش بە نموونەیی ئەو پێکەوە ژیانەی تۆمار کردووە، لە ڕەوتی مێژوویش جیاوازی مەسیحیایەتیو ئیسلام دوو جۆر ژیانو فەرهەنگو کەلتووری دروست نەکردووە .. بەلام لە قۆناغی نوێدا وا دەبینین فەرهەنگی مەسیحی کوردستانیش بەرە بەرە بەرەو دۆخێکی تایبەتی دەڕوا، ئینجا لەوەش بە سەرنج تر کە تەواو ئەو تیۆرە دەسەلمێنێ ئەوەیە هەموو ڕێکخراوە بیانیەکان چ خزمەتگوزار خەیری چ سیاسی کە دێتە کوردستان یەکسەر لەناو مەسیحیەکان دەگیرسێتەوە، ئەوە بە سادەیی دێتە بەرچاو بەلام وەك بەڵگەیەکی بەهێز گوزارش لەوە دەکا کە فەرهەنگ و شارستانیەتی مسیحی ناگونجێ لەگەڵ شارستانی میللەتی کورد، کەچی دەگونجێ لەگەڵ مەسیحیەکانی کوردستان، بە مانایەکی تر واتە شارستانی (مەسیحی کوردستانیش) جیایە لەگەڵ خەڵکی کوردستانی لە دوای زەق بونەوەی عەولەمە.

بەڵگەکانی دژی ئەو تیۆرە:

بۆ ئەوەی چاکتر لە بناغەو مەبەستەکانی ئەو تیۆرە بگەین پێویستە لە پێشدا چەند ڕاستیەك هەیە بزانرێ کە لە خوارەوە تۆماری دەکەین لە بارەی مەبەستی

ڕاستەقینەی ئەو تیۆرە، ئینجا باری مێژوویی و واقعی ئەو تیۆرە، لەگەڵ پێناس و مانای شارستانی، لەگەڵ چەند خاڵێکی تریش، ....زۆر بە کورتی:

١. بە ڕەخنەیەکی بیناکەرانە بۆ هەندێ نوسینی بەرزی بەرەی شارستانی ئیسلام دەست پێ دەکەین، ئەو نووسینانەی لە دژی ئەو تیۆرە نووسراویتەوە چەند کتێبێك و گوتارێکی بەناوبانگ لەوانە (حوار الحضارات- گارودی فرنسی)، (تفاهم الحضارات- خاتمی ئیرانی)، (تواصل حوار الحضاري- مؤتمر قمة العربية).. زۆر بابەتی چاکی لێهاتووە بەڵام دوو تێبینی بنچینەیی هەیە لە بارەیان:

أ. ئەو دەڵێ جەنگە، جاری جەنگیشیان داوەتەوسەری ئیسلامیش بە هەڵاتنەوە داوای ئاشتی دەکەن، وەك مەسەلەی ئیسرائیل و عەرەبە، ئەو لە مەیدانە بە چەك و جبەخانە، کەچی گوتاری دەسەڵاتدارانی عەرەبیش هەر داوای ئاشتیەکی سەرشۆڕانە دەکەن و دەڵێن (خيارنا للسلام خيار الاستراتيجي والوحيد)!!.. ئیتر لەو پەڕی دۆڕاوینە، بە هەمان شێوەش لە بەرامبەر ئەو تیۆرە شێوەیەکی وایە، ڕۆژئاوا بە خۆی و ئەو تیۆرەوە باسی پێکدادان دەکا تۆش هەر باسی دانوستان و دیالۆك دەکەیت، ئەو دەیەوێ ئاشتیەك بێت تیایدا خۆت بدەیتە دەست.

ب. هەر ئەو گەڵاڵانەی (حوار الحضارات) (تفاهم الحضارات)..هتد مانای وایە تەسلیمی ناوەڕۆکی ماناکەی ئەو تیۆرەی (صراع الحضارات) بووی، واتە دابەشی شارستانی هەیە لەو جیهانەو واقعێکە، کەچی وانیە، ئەگەر بە وردی سەرنجی بدەینێ، ئەوە وەك مەسەلەی شەڕە نوسینەکەی نێوان (دۆهەرنگ)و (ئەنجلس)ە، مارکسیەکان تیۆرەکەی خۆیان بە نوێی دارشت لەسەر بنچینەی (یەك ڤاکتەری- ڤاکتەری نابووری)، ڕەدەکانی دۆهەرنگ لە بنچینەدا تەسلیم بوون بوو بە (یەك ڤاکتەری)، کە دەیگوت نەخێر فاکتەری ئابوری کۆمەڵ ناجوڵێنێ بەڵکو (چەوسانەوە- الاستعباد) ئەو ڕۆڵەی دەبینی ..بەو شێوەیە لە کۆتاییدا بۆ چوونی ئەنجلس بەسەر دۆهەرنگ زاڵ بوو، لێرەش بەو شێوەیە لە کۆتاییدا تەسلیم بوونە بە

(پێکدادانی شارستانی) کە لە ڕاستیدا ئەو پێکدادانە نیە جۆرە پێکدادانێکی تر هەیە.

٢. لە زۆر سەردەم و بۆنە و واقیعی تری جیهانی باس لەوەها ململانێیەك کراوە وەك (صراع الطبقات- ململانێی چینەکان) کە لە لایەن مارکس و ئەنجلسەوە دوایش بووە ڕێبازێکی سەرەکی شیوعیەت، ئینجا لە پێش تر باس لە (صراع الاقوام- ململانێی نەتەوەکان) کە لە لایەن فەیلەسوف و زانایانی ئەڵمانیاو ئیتاڵیاو ئەورووپیەکان هاتبوو دوایش گەیشتە بەشێك لە سیاسەتمەدارو زانایانی تورك وعەرەبیش ...بەو شێوە زۆر جۆر ململانێی لەو شێوەیە گەلاڵە کراوە وەك صراع الاجناس،صراع الحضاری البربری ،... سەرەنجامی نەبووە، بوویتە هۆی سەرەنجامی سەلبی ڕەگەزپەرستی وەك سەرهەڵدانی فاشیو نازیو بەعسیو ....

٣. بناغە فکریەکانی ئەو تیۆر و ململانێیە لە جەوهەردا دەچێتەوە سەر هەمان (صراع الانواع- ململانێی جۆرەکانی) تیۆری پەرەسەندنی داروینی و ئەو بەشەی کە لە لایەن (سپسنر)و دوایش بە ناوی داروینیەتی کۆمەڵایەتی بڵاو بۆوە، هەمان هۆکاری مانەوەشی پێداوە کە لە تیۆری داروین بە (البقاء للاصلاح) باس دەکا، لە کاردانەوەی (هیگل)و (شپنگلر) دوایش (لینین) کە هەریەکە لەوانە بە جۆرێك باسی شارستانیان کردووە لە کۆتاییدا بە قازانجی خۆیانیان سوڕاندووە، هیگل و شۆبنهاورو نیتچە چارەنوسی شارستانی بۆ نەتەوەی مەزنی ئەڵمانیا نیشاندا، هەرچی شپنگلرە لە کتێبی (داتەپینی ڕۆژئاوا) پێشبینی دارمانی شارستانی ڕۆژئاوای کردووەو گوایە شارستانی ئاسیا جێی دەگرێتەوە...

(لینین)یش پێش بینی کۆتایی مێژووی سەرمایەداری کردبوو لە کۆتایی سەدەی بیستەم ...، هندگتۆن سودیش لە تێڕوانینی هەریەکە لە (ابن خلدون) (ڤیکۆ) (هارینگتۆن) لە بارەی تەمەنی شارستانیەوە وەرگرتووە هەڵساوە،

بەرگێکی هونەری و زانستی زیاتری بە شارستانی داوە کە لە جەوهەردا لەو تیۆرەی (ئەرنولد توینبی ١٨٨٩- ١٩٧٥) هاتووە لە بارەی (التحدي والإستجابة)، کە تیایدا هاتووە هەرکاتێ (تحدی) واتە دوژمن و ترسی دەرەکی نەمێنێ پرۆسەی شارستانی پێشکەوتن و یەکێتی ناوەوە لەباردەچێ، (توینبی) گەلێ جار شارستانی جیهانی لەسەر بنچینەی کۆمەڵگەی مەسیحی ئەرسەدۆکس، کۆمەڵگەی ئیسلامی، کۆمەڵگەی هندۆسی، ....کۆمەڵگەی وەك شارستانی بەکارهێناوە. لەسەر ئەو بنچینانە زۆربەی سەرۆکەکانی ئەمریکا لە گوتاری سیاسیان دا ترسێکی دەرەکیان داتاشیوە، یان ترسی شیوعیەت، ترسی ئیسلامی، ترسی تیرۆر، ....هتد هندکتۆن سودی لەو تیۆرە وەرگرتووە و لە تیۆرەکانی (نایبول) کە دەڵێ شارستانی رۆژئاوا لە هەموان گونجاو ترە، ئینجا لەوانەی پێشووش بۆ دارشتنی وەها تیۆرێك.

٤. ئەو جۆرە تیۆرانە لە بنەچەدا لە چەوتی زەمینەیەك چەکەرە دەکا کە پێناسی شارستانیە، لەو کۆمەڵگانەی پەیوەستن بە ئاینێکی بێ شەریعەت(بوّش) ئەوا زۆر چەمك هەیە بە خێرایی بەرەو ئەو بۆشاییە دێ و پڕی دەکاتەوە، بۆیە لە رۆژئاوا ئەو چەمکانەی وەك: (فەرهەنگ، کەلتور و شارستانی،کۆمەڵگە، مدرسە، فلسفە، یاسا،دەولەت ...) لە پێناس و راڤەدا رۆڵی ئاین دەبینین، وەك لێرەدا پێناسی شارستانی لە لایەن (هندگتۆن)ەوە هەمان ئەرکی ئاینی دراوەتێ، بۆیە ئەو دابەشیەی جیهانی بە خۆوە دەبینی ئەگینا شارستانی ئەو رۆڵ و ئەرکەی نیە (هەروەك زیاتر لە بابەت و چەمکی فکری (شارستانی) باس دەکەین.

٥. کەواتە زۆر روونە ئەو دابەشیەی جیهانی لەسەر بنچینەی شارستانی بنەمای زانستی نیە، لەسەر بنچینەی ئاینە زیاتر، هەمان ململانێی کۆنی کەلتووری ئەوەرەی یۆنانی- رۆمانی دوایی فرنسی و بریتانی بە ئیسلامیە، بەڵام بەرگێکی شارستانی بە بەرخراوە ..ئەوانەش لەگەڵ گەشەی زیاتری فکرو هەندێ رووداوی لە ناکاو زیاتر ئاشکرا دەبێ.

٦. ئەگەر لە قوڵایی مێژووش شیابێت ئینتمای شارستانی جارجار پلەیەکی لە جیاوازی وەگرتبێت، هەرگیز لەو سەدەمەی عەولەمی و یەك پارچەیی و تێکچڕژانی دیاردەکانو مولکیەتی گشتی زانست- کە تۆخمی بنچینەیی شارستانیە- ئەوا ئینتمای شارستانی جیاجیا نیە لەو جیهانە، تاوەکو ململانێی شارستانیش هەبێت، دەشێت ئینتمای سەقافی، فەرهەنگی، کەلتوری،ئاینی جیا هەبیت، کە هونەرو ئاین و نەریت و مێژوویەکی تایبەت دورستی دەکا، ڕەنگە میللەتان، کیشوەرەکان لەوانە لێك جیابن بەڵام لە شارستانیا هەموو دانیشتوانی سەرزەوی لێی هاوبەشن و بابەتێکە لە (منهج)نیە، داهێنانی بەشەریە، هەر بۆیەش دەبینین لە (منهج)ی ئیسلام کە لەوپەڕی هەستیاری لە فەرموودەدا هاتووە (زانیاری لە چینیش بوو وەریگرە)، واتە زانست و زانیاری و شارستانی وەردەگیرێ و کارلێك دەکا، بەڵام ئەی وتوە دادگەری و پرۆگرام و شەریعەت لە چین یان ئەمریکاش بوو وەرگرن.. (بۆ زیاتر سەرنج بدە جیاوازیەکانی زانست و ڕێباز لەو فەرهەنگە)،

٧. ئەگەر ئەو ململانێیەی شارستانی ڕاست بوایە نابوایە ئەو ڕووداوانە لە چوارچێوەی یەك شارستانی ڕوویدا وەك: جەنگی سەد ساڵەی نێوان فرنسا و بریتانیا، دوای سی ساڵە لە ئەلمانیا، ئینجا هەردوو جەنگی جیهانی، ئەو هەموو کێشانەی تری ئێستای بریتانیاو ئیرلەندا، فرنسا و کورسیکا، باسك و ئیسپانیا، بەلقان، هەردوو ئەمریکا لەگەڵ ڕەگەزەکانی تر، ....هەموو ئەوانە لە چوارچێوەی یەك شارستانی بووە، ئینجا جەنگی عێراق لەگەڵ (ئێران، کوێت، کوردستان)، هەردوو یەمەن، جزائر و مغرب، ....کێشەکانی تر، هەروەها کێشەی مەزنی نێوان چین و سۆڤیەت، ڤێتنام و کەمبۆدیا، ....زۆربەی ڕووداوە مەزنەکان لە چوارچێوەی یەك شارستانی بووە، هەتا ئەگەر بە پێناسی و ڕوانگەی (ململانێی شارستانیش) ڕوانیمانە جیهان. بۆیە زیاتر (صراع البدائل) و (صراع المدارس)ە

نەك (صراع الحضارات) واتە لە ڕیزکردنی ناکۆکیەکان بە دەگمەن ئەو وەسفە ناچیتەوە سەر ململانێی شارستانی.

٨. لە عەولەمەدا زیاتر دابەشیەکی ئەو تەومرانە ومردەگریّ: هەژاریو سەرمایەداری بە هەموو خانەکانیەوە، لیبرالی ومەبادینی، ڕزگاری خوازیو داگیرکاری، ئاینی و عەلمانی، دیکتاتۆریەت و میللەتان و ئازادیخوازان، .....بۆیە دابەشیەکە نە لەسەر بنچینەی کیشوەرو شارستانیە نە لەسەر بنچینەی زمانو ڕەگەزو نەژادیشە، سەرنج بدە ئەو هەموو خۆپیشاندان و بەرگریەی لە ڕۆژئاوا لە دژی عەولەمەی سەرمایەداری دەکریّ، کیشەکانی سەروو و خواروو، سەرنج بدە ئەو ململانیّ توندەی نیّوان بزووتنەوە ئیسلامیەکان و دیکتاتۆرە عەلمانیەکانی ناو شارستانی ئیسلامی زۆر بەهیزترە لە ململانیّی نیّوان حکومەتە عەرەبیەکان لەگەڵ ڕۆژئاوا، تا ئەو ڕادەی زۆربەی سەرۆکەکانی عەرەب دیالۆك لەگەڵ ئیسلامیەکان بە حرام دەزانن کەچی دەرگای دیالۆگ لەگەڵ ئیسرائیل و ڕۆژئاوا هەردەم لەسەر پشتە.

٩. ئەو هیّلە تەماسەی باسکرا گوایە لە بەیەك گەیشتنی شارستانی ئیسلامیو مەسیحی بەیەکدادانە .... ئەوانەش هەمووی کیشەی ئیسلامیو مەسیحی نیە، کیشەی شارستانیش نیە،...ئەگەر کەمیّك لیّی قووڵ بینەوە دەبینین کیشەکان بریتین لە:

أ. کیشەی ڕزگاری خوازیە وەك چیچان لە دژی سۆڤیەت، بۆسنیەکانو ئەلبانیەکان لە دژی سربیا، فەلەستینە عەرەبەکان لە دژی ئیسرائیل، مەسیحیەکانی خوارووی سودان لە دژی سوودان ....تا دەگاتە تیمووری خۆرئاواو بەرەی مۆرۆ لە فلیپین .. ئەوانە بەشیّك نین لە ململانیّی شارستانی بەڵکو ئەوانە بەشیکن لەو ململانیّیەی جیهانی نیّوان داگیرکەرو داگیرکراوی وەك ئیرلەنداو باسکو کوردستانو کشمیرو کورسیکاو فلستینو بیابانی ڕۆژئاوا وهەردوو ئەمریکاو ئوستراليا و تبت...زۆر شوینی تر.

ب. بەشی دووەم ململانێی کێشەی سنوورەکانە وەك لە نێوان ئەرمینیا و ئازەربێجان، مغرب ئیسپانیا هەتا بریتانیا و ئەرجەنتین.

ج. بەشی سێیەم دەسەڵاتی دیکتاتۆریە لەگەڵ گەلانی وەك کێشەی قبتی لە میسر، ویلایەتە ئیسلامیەکان و نایجیریا، ....

د. بە دەمیان نموونەی پێکەوە ژیانی ئاسایی هەیە لە نێوان شارستانی ئیسلامیو مەسیحیی وەك دەبینرێ ئێستا لە لبنان، لە فلستین، لە کوردستان، لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی تر.

رەگەزپەرستی و ئەو تیۆرە:

بە روونی رەگەزپەرستی بەو تیۆرەوە دیارە، هەروەك نەریتی زۆربەی رۆژئاوا وایە، ئەو هەموو جەنگ و ماڵ وێرانانە لەسەر پاکی و ناپاکی نەژاد (سۆپەرمان)و تیۆرەکانی (هەرمن، هەرخۆمان، ...) بۆیە زۆربەی زاناو فەیلەسوفو سیاسەتمەدارانی بە ویژدانی رۆژئاواش لەگەڵ ئەو تیۆرە نین، هەر لە ئەسڵدا ئەو رەوتە تیۆرەو (هندگتۆن) خۆشی پێناسێکی وای لە شارستانی هەڵبژاردووە لایەنی رەگەزپەرستیەکەیە، ئەویش پێناسەکەی (پیترمان)ە لە کتێبی (مدخل الی إجتماع الحضري) مانای شارستانی بە شارو ئەهلی شار لێك دایتەوە بە چینێکی پێشکەوتوو و ژیرو پێشرەو زانیوە، ئەهلی لادێش بە دواکەوتەیی و (بداوە- رەوەند)و بێ عەقڵی لە قەڵەم داوە ..ئەو بۆچوونەش هەر لە ئەسڵدا لەگەڵ پێناسو ئەسلی وشەی (شار: civis)کە وشەیەکی لاتینی گونجاوە تا بە پیاو ماقوڵانی رۆمان یووترێ "شارستان"، وشەیەکە بۆ لێك جیاکردنەوە لە خەڵکی ترکەگەلێ جار بە(بەربەر) ناویان براوە، یەکەم نووسەر ئەو زاراوەی بە کارهێنابێ (میرابۆ ١٧٥٧) لە کتێبی (مقال فی السکان، مقال فی الحضارة) بەڵام بەو رەگەزپەرستیەی پێناس نەکرد زیاتر بە مانای (تعمیر)، بە کورتی پێناسە سەلبیەکانی زیندوو کردۆتەوە کە باڵایی نەریتو رەوشتو جۆری ژیانی:

ڕۆمان بەسەر خەڵکی تری (بەربەر)، شار بەسەر لادێ (بەداوە)، مەسیحی بەسەر غەیرە مەسیحی (ئەتنیك)..دەردەخا.

هەڵبەتە گیانی ڕۆژئاوا جۆرێك لە ڕەگەزپەرستی تیا دەردەکەوێ لە زۆربەی چالاکیەکانیان، هەتا زانستیش، ئەوان بە ڕوانگەی ڕۆژئاوا مێژووی جیهان دەخوێننەوە، هەموو دۆزینەوەکانو کەلتوری فیکریو بەشەریو زانستی بۆخۆیان پاوان کردوە، سەرنج بدە خەڵکێکی زۆر گەیشتوونە سەر لوتکەی (ئیڤرست) لە هملایە، کەچی تا ئوستراڵیەك لە ساڵی ١٩٣٥چووە سەری ئینجا ئەو مێژوویەیان بۆ یەکەم مرۆڤ تۆمار کرد کە گەیشتبێتە سەر ئەو لوتکەیە، هەر بۆیەش (داکانەی) زانست بۆ باپیرانیان دەگێڕنەوە وەك: (أب التاريخ- هيرۆدس)، (أب الجغرافية- سترابۆ)، (أب علم الاجتماع: ارستۆ)، (أب علم السياسة: افلاتون)، (أب الديالكتيك: هركليت)، (أب الطب: كيرانتۆس)..، ئەو خەسڵەتە لە هونەریش زیاتر ڕەنگ دەداتەوە لە زۆربەی فلیمەکانیان خەڵکی بەوەحش دەنوێنن یەکێکی ڕۆژئاواش دەبتە ڕزگارکەرو ڕێ نیشاندەریان....ئەوانە هەمووی لە ناخی دەروونێکی ڕەگەزپەرستیەوە هەڵدەقوڵێ با خۆشی ئەوەی نەویستبێ.

ئێستاش هەمان جەوهەری ڕەگەز پەرستیە لەو دابەشیەی شارستانی ڕۆژئاوا بەسەر غەیرە ڕۆژئاوا، بۆیەش ئێستا دەبینین ڕەگەزپەرستیەکی بەربڵاو هەیە، خەریکە ڤیتۆ بۆ تەواوی ئەمەریکیەکان لە یاسای دەولی پەیداکەن، سەرنج بدە نموونەیەك لە کەنەدا لە ساڵیادی جەنگی کەنداوی ڕزگاری کوێت ڕێپێوانێك کرا نزیکەی ١٨٣ خاچیان هەڵگرتبوو کە یەکسانە بە ژمارەی کوژراوەکانی ڕۆژئاوا لەو جەنگەکە کەچی کوژراوانی کوێتیو سعودیو زۆر وڵاتی تری هاوپەیمانیان هەر بەمرۆڤ و گیان لەبەر حساب نەکران، ئینجا لە قەرەبووی زیانەکانی گیانی وەك دەرکەوت لە نێوان ئەفغانیەك کە بەدەست ئەمریکا گیانی لەدەست دەدا لەگەڵ ئەو ئەمریکیەی بە دەستی ڕۆژهەڵاتیەك گیانی لەدەست دەدا بە ڕەسمی بۆ

ئەمریکیەکان داوای قەوبوی (١٥٠) قـات زیـاتر لـە ئەفغانیەکـەی دەکـرد ، بـە تەرازووی ئەمریکی لە قەرەبوویانە ئەورووپی و ئەمریکیش جیابوو زۆر.

مەبەست و نهێنیەکانی ئەو تیۆرە ... ئەو تیۆرە بۆچی؟

ڕۆژئاوا بە دوای فاکتەرێکی مەبادینی و سیاسی و کۆمەڵایەتیە کە ئەو تیایدا براوە بێت و نەبووە، نەك هەر بەرامبەر ئیـسلام بـەڵکو بـۆ هـەموو جیهـان جـا هەموو تیۆرەکانی شۆڕشـی کۆمـەڵایـەتی، چاکـسازیەکان، بینـای کۆمەڵایـەتی، مەدەنیەت، ڕەوشی مۆرڤایەتیو دادگەری ....هەرچی مەبادینی بێت لە کۆتاییدا لە قازانجی سەرمایەداری نیە، لە دنیای مەبادینیدا ئیسلام لێی باڵا دەست دەبێ، ئەوەیان لە کۆنەوە لە لایەن سەرکردە سـەربازیو سیاسـیو فەیلەسـوفەکانیان بـە ڕوونی هەست پێکراوە بۆیە ئامۆژگاریە بەناوبانگەکەی (کرۆمر) کە وتوویەتی بـۆ ئەوەی دەست بەسەر جیهانی ئیـسلامی دابگرن هەوڵ دەن ئـەو ئاینـەیان لـە نێـو دەرکێشن، یان بـشێوێنن، ماکینـەی مـەبادینیو توانـای بەرگریـەکانیان یـەکی دەکەوێ، یەکێ لە مەبەستەکانی سایکس- بیکۆی ١٩١٦و دروست کردنـی ئـەو دەوڵەتۆکانـەی وەك عـیراق وسـوریا وئـوردەن وکویـت و... ئـەوەبووە، هەرچـی ڕۆژئاواشە یان مدرسەی لیبرالیەتە بەگشتی تـەنیا لـە تکنۆلۆجیـاو زانـست بـاڵا دەستو پێشرەون، ئەوەش ناسـنامە نیـەو مـوڵکی گـشتیە، ئیتر چـۆن بتـوانن تیۆرێکی ململانێی لەسەر دابڕێژنو بیکەن بە موڵکی ڕۆژئاوایی بە تەنها، هـیچ ململانێیەکی کۆمەڵایەتیو سیاسیو فکـــریو فلـسفیو... لەسـەر بنـچینەی زانستی دروست نابێـت، بۆیـە (شارسـتانیان) دۆزیـەوە کـە بنـچینەی زانـستو تکنۆلۆجیای هەیە و بە دەمامکێکی تر بیکەنە ناسنامەو پۆلێنی جیهانی نـوێی پێبکەن، بەو شـێوەیە تیـۆری (ململانـێی شارسـتانی) چـەکەرەی کـرد و بـووە چەکێکی تیۆریو فکری نوێ لە دەست ڕۆژئاوا، دەتـوانین مەبەسـتەکانی ڕۆژئـاوا لەو تیۆرە لە (٥) خاڵی سەرەکی کۆبکەینەوە:

١. بۆ ئەوەی ناکۆکیە واقعیەکانی ئێستا لە ئاینیو چینایەتیو ڕزگاریدا وەرگەڕێ بۆ ناکۆکیەکی وەهمی نێوان شارستانیەکی پێش کەوتوو و شارستانیەکی دواکەوتوو، هەڵبەتە ئەو لە یەکەم لاوازەو لە دووەم بە هێزە.

٢. فاکتەرێك بدۆزێتەوە تا جیهان بە جۆرە ئەخشەیەکی لێڵاوی و ناڕاستی دابەش بکا کە کێخوایەتی خۆی لێ مسۆگەر بکاو ئەو خاڵە لاوازانەی جیهانی سێیەم لە دواکەوتەییو نادیموکراسی بقۆزێتەوە بۆ زاڵیەتی بە ناوی شارستانیەکەی، لە کۆتاییدا لە ژێر پەردەی یاساییو زانستیدا شەرعیەت بە سەرمایەداری، و پێویستیەکانی لە بازاڕو جەنگو زاڵیەتی مسۆگەر بکا.

٣. هەردەم بتوانێ دوژمنێکی داتاشراو بۆ هەموو ڕۆژئاوا بدۆزێتەوە تا ناکۆکیە ڕاستەقینەکانی چینایەتیو ژیانیەکانی لە ژێر بیانوی (خطر الخارجي- مەترسی دەرەوە) بشاریتەوە.

٤. بتوانن خۆ لەو فاکتەرانە لادەن کە لێی لاوازن بە تایبەتی فاکتەری ئایدۆلۆجی، هەر بۆیەش لە چلەکانی سەدەی ڕابردوو دەنگی (کۆتایی ئایدۆلۆژیا) بەرزکرایتەوە، ئێستاش گەلێ ئەزانی جیهانی سێیەمو کوردیش ئەو دەنگە هەڵدەبڕن نازانن ماناو مەبەستی چ دگرێتەوە لە چوارچێوەی ململانێی شارستانی، ئەوان لە فاکتەرەکانی سیاسیو ئایدۆلۆجیو فلسفیو ئاینی و فکری بەگشتی لاوازن، بۆیە لە ستراتیژیەتی ئەوان دایە کە لە جیاتی (صراع المدارس) بیکەنە (صراع الحضارات)، ئەگەر بە داتاشراویش بێت.

٥. تا بتوانن ئەو (عەولەمە)یە لەسەر بنچینەی ئەو فاکتەرە بێت کە ئەوان لێی بالادەستن، ئەویش سەرمایەداریو تکنۆلۆجیایە، واتە بە فاکتەری ئابووریو زانستە ئەتوانرێ عەولەمە بخرێتە ناسنامەی ڕۆژئاوا، نەك بەوە ئایدۆلۆجیا هەموو بەشەریەت یەکخاو ڕزگاری بکا، لە (عەولەمە)وە بگۆڕدرێ بۆ (عالمی) کەسکەو سروشتی خۆیەتی.

(٣٤)

كۆتایی مێژوو نهایة التاریخ
The End of History

ئەوەش وەڵامو ئەدرێسی کتێبێکی هاوشێوەی (ململانێی شارستانیەکانە) لە ڕەهەندەکانی فکریو سیاسیو زانستیو ئەزمونیدا، (فرانسیس ڤۆکۆیاما) نوسیویەتی، کە بە ڕەچەڵەك یابانیەو ئێستا دانیشتووی ئەمریکایە، ڕووداوەکانی دارمانی شیوعیەتو بلۆکی سەربازگەی ڕۆژهەڵات زیاتر بوێری پێدا ئەو تیۆرە گەڵاڵە بکا، بە تایبەتی لە کاردانەوەی جارنامەی سۆڤیەتی (ئیمپریالیزم کۆتایی مێژووی سەرمایەداری یە)[1]، بەخێرایی بووە چەمکێکی سیاسی زۆر بەکار، ویستویەتی ئەو ململانێیە لە (ململانێی شارستانی) نەخشەکێش کراوە لەو کتێبەدا یەکلایی بکاتەوە بە سەرکەوتنی مسۆگەر بۆ شارستان و نموونەی ڕۆژئاوا لە: بازاڕی ئازادو سەرمایەداریو سیستەمەکانی سیاسیو دیموکراسیو کۆمەلایەتی لیبڕالیو هەروەها سیستەمی یاساییو ئەخلاقی مەدەنیەتو مافی مرۆڤ .. ئەو ئەدرێسە هەر سەردێری کتێبێك نیە، بۆ ئەو قۆناغە گوزارش لە ڕاو بۆچوونی ڕابەرانی ڕۆژئاوا* دەکا، بەشێکە لەو هەڵمەتە نوێیەی جیهانی سەرمایەداری بۆ دەست بەسەراگرتنی جیهان لە عەولەمەدا، ئەوەش چەکێکی تیۆریە لە بەرەکانی فکرو فەلسەفە و تیۆری سیاسی شان بە شانی چەکی

---

[1] هەڵبەتە ئەمریکاش قەڵا مەزنی ئیمپریالیزم بوو بە پێی فەرهەنگی سۆڤیەت.

* هەموو دەم کە ناوی ڕۆژئاوا دەهێنین مەبەستمان ڕابەرانی ڕۆژئاوایە، ئەگینا ڕۆژئاوا یەك ڕەنگ و ئاست نیە، چینی جیاوازو هەڵوێستی جیای تیایە.

سەربازی، بۆ ڕووخاندنی ورەو باری دەروونی جیهان بە گشتیو ئیسلام بە تایبەتی ،تا بەبێ جەنگ خۆیدەنە دەست هەروەك لە كتێبەكەی نیكسۆن (سەركەوتنی بێ جەنگ) دایهێناوە، بۆیە گفتوگۆ لەسەر ئەو جۆرە كتێبانە لە چوارچێوەی ڕەوشەنبیری دانیە بەلكو بەرنامەیەكی سیاسیو سەربازیە، هەر نامۆژگاری نیە بۆ جیهان كە بە پێشڕەوایەتیو سەرمەشقی ڕۆژئاوا قایل بن، بەلكو لا بەلا هەرەشەلە مدرسەو سیستەمو ئەزموونەكانی تر دەكا وەك مەسەلەی (هرمجدۆن)ی یەهودیەت داوایان لێ دەكا بە خێرایی واز لە ڕێبازوفەرهەنگەكانیان بهێنن، چونكە وەك (حتمیة التاریخیة)ی ماركسیەت ئەویش دەیسەلمێنێ كە هەم شارستانیەكانی ترو هەم نموونەكانی تری ژیانی ڕۆژهەلاتیو مدرسە ئاینەكانی تر شكست دەهێنن و ناتوانن نموونەیەكی زیندوو و سەركەوتوو دروست بكا، ئاماریێكی زۆری ولاتانی جیهانی كردووەو هەموو دیاردەكانی دیكتاتۆریو ڕەفتارە فاشیستەكانو جەنگی كۆمەلایەتیو دواكەوتوویەك دەداتە پال غەیری ڕۆژئاوا، وەسفی سیستەمو شارستانیو ڕێگەی ژیانی جیهانی تر دەكا كە گوایە ئەگونجاوە لەگەل پێش هاتە مەوزوعیەكانی جیهان، لەوەسفێكی تری دا هانووە: كێشەی ئیسلام لەگەل ڕۆژئاوا نیە بەلكو لەگەل نوێگەراییە، كە ئیسلام لەگەل گەشەی زانستو تەكنیك ناگونجێ.

تا ئێرە بە كورتی ماناو مەبەستو گەلالەی ئەو چەمكو كتێبە كراو لە بەشەكانی شارستانیو مدرسەكان زیاتر باسی ناوەڕۆكو مەبەستی كراوە.

سەربردەی "كۆتایی یەكانی مێژوو" لە مێژوودا:

هەلبەتە ئەو ئەدرێسە یەكەم جار نیە دەنوسرێ لە بارەی (كۆتایی مێژوو) بە جۆراو جۆر نوسرایتەوە، نوسینەكانی (فۆكۆیاما) وەك بۆچوونەكانی: ئایبولو هیگلو ماركسو لینینو زۆریتر كۆتایی مێژوو بە كۆتاییو (دنیا خرابوون)نازانێ وەك پێش بینیەكانی ئایینی، هە موو ئاینەكان بە جۆرێك لە جۆرەكانی باسی

(كۆتايى مێژوو)يان كردووه، تيايـدا جيهـان كۆتـايى دێـت، هەرچى مەبەستى ئەوانەيە گۆڕانى كۆمەڵ لە گەشەى كۆمەڵايەتى لەسەر سيستەمێك بە يـەكجارى دەچەقێ! ..ئەوەش خـۆى لـە خۆيـدا ناچێتە عەقڵـەوە، ناكۆكـە لەگـەڵ ياسـا بنچينەييەكانى (گەشەسەندن)، هەموو ئـەو تيۆرانـە جـۆرە هەڵـچوونێكە بـەهۆى ڕووداننێكى مەزنى ناكاوى ئەو ساتى دروست دەبێ، لە بۆچوونو قەبلاندنا زۆربەى جار بەهەڵەش داچوينە، ئەو جۆرە ڕووداوانە بوێريەك دەدەنە نووسەر لـە سـنوورى مەعقولى ڕەت بێت، چەند نموونەيەك لەو جۆرە كۆتاييانە لە تەودرەكانى زانستىو كۆمەڵايەتىو سياسى دەهێنێتەوە:

- كە يەكەم تەلەفزيۆن لە سالّى ١٩٢٦ لە لايەن (جۆن پێـرد)ەوە دامـەزرێنراو لە سالآنى ١٩٣٦ گەشەى كرد..چەندين تيۆر بۆچـوون دەرچـوون لـە بـارەى شكستى ڕاديۆ و(گوێ) وتيان تەلەفزيۆن كۆتاييـە ...كەچـى نـە تەلـەفزيۆن كۆتايى مێژوويى ڕاگەياندن بوو نە ڕاديۆش شكستى هێنا.

بەهەمان شێوەش كە ڕاديۆ دۆزرايەوە كەوتەكار وتيان كۆتايى بە ڕۆژنامەو خوێندنەوە هات مێژوو بووە مێژووى گوێ گرتنو ئيتر باس لە كۆتايى مێـژوو كرا لە (گوێ) نەك لە (چاو)، كەچـى لـە تەلـەفزيۆن جـارێكى تـر باسـى لـە (چاو)كرايەوە، بەو شێوەيە كۆتايى مێـژووى هـيچ ئەنـدامو دەزگايـەك نيـە، بەهەمان شێوە چاپ پەيدابوو وتيان ئەوە كۆتايى مێژووى قەڵەمە.

- نموونەيەكى تريش بۆچوونى خۆشى تيايە ....كاتێ بيركـارى پـەرەى سـەندو دۆزينەوەى تازەى تيا دەركەوتو پەلى هاوێشت بـۆ زانسـتەكانى تـر، ئـەوا (فۆرى)و زۆر لە زانايانى بيركارى واى بۆچوون كە هەموو شتێك لەو جيهانـە بريتيە لە بيركارى، ئيتر بيركارى بـە كۆتـايى زانسـتى مێـژوو و تـەرازووى پێشكەوتنيشى حسێبكرا، هاوكێشەيەكى بۆ مۆسيقاش دارشت وتى هـەموو شت هەتا مۆسيقاش بە هاوكێشـەى بيركارى گوزارش دەكرێ:

ئەوە هاوكێشەكەيە... $Yn= y_1 \sin n_1 + y_2 \sin n_2 +$

● لە بـواری سیاسـیو کۆمەڵایـەتیش زۆرجـار ئـەو کۆتاییانـە بەسـەر ڕۆم و شۆڕشی فرنسیو ئیمپراتۆریەکانی تر هـەڵگوتراوە، لـە هـەموان بـەڕیکوپێك تـر (هیگل) تیۆرێکی (کۆتایی مێژوو)ی لە بـارەی نەتـەوەی (ئارمـان) [1] داڕشـتوە، گوایە مێژوو هەرجارەی لە دەست نەتەوەیەك بووە بە بەسەرمەشـقی پێشڕەو،ئەو جارە بە ڕابەرایەتی نەتەوەیی ئارمانیاوە هەر لە دەست ئەوانیش دەمێنێ چـونکە نەتەوەیەکی داهێنەرو پاكو شایستەن ...کەچی وا دەرنەچوو تووشـی گـەورەترین سەرئێشە بوون بە هۆیەوە.

● هەروەها مارکس (حتمیة التـاریخ)ی بـەهۆی کۆمـەڵێك بەڵگـەی بـەهێزی زانستیو فلسفیو ئابووری داڕشت گوایە مێژوو لە (شـیوعیەت) کۆتـایی دێـتو سـەرمایەداریو بـاقی سیـستەمو ڕێبـازو ئـاینو شارسـتانیەکانی تـر شکـست دەهێنن..

● لینین و باقی ڕابەرانی سۆڤیەتی پێشوو لە جەنگی ساردو گەرمیاندا لەگـەڵ ڕۆژئاوادا دروشمی (ئیمپریالیزم کۆتایی مێژوو سەرمایەداریە)یان هەڵگرتبوو، ئـەو قۆناغەی ڕۆژئاوایان ناونابوو (ئیمپریـالیزم)و گوایـە ئـەوە بـالاترین شـێوازو دوا قۆناغی سەرمایەداریە، بە ڕزگاری میللەتان ئیمپریـالیزمیش دەڕوخـێو کۆتـایی سەرمایەداریە..

● بەو شێوەیە تیۆری زۆری تری کۆتایی مێژوو دەرچوو لەوانە نەتەوەگەریـیە عەرەبەکان بە ناوی (أمة عربية واحدة ذات رسالة خالدة) (خير الأمة)و یـەهودیش بەناوی (شعب الله المختار)، و هەروەها هەریەکە لە (هال لینـدرس)و (مولویـل)و (روبرتسن) کۆتایی مێژوویان لە تیۆرەکە لە(جەنگی هەرمجدۆن) داڕشـتووە لەسـەر

---

[1] بە عەرەبی ئەلمان هەڵەیەو کورد ناوی (ئارەمان)ی بردووە هەر لە ئەسڵیشدا خۆی ئەرەمانە ئەك ئەڵمانیا، ئەسڵدا ڕەنگە لە ئاریەمان هاتبێ و بە ئینگلیزی (german) لەگەڵ وشەی (کرمانج)ی کوردی لێك نزیکن و ڕەنگە یەك سەرچاوەی هەبوو بێ.

دەستی یەهودەکان، (ئۆگۆست کونت)یـش کۆتـایی مێـژووی بـە بـیرو بەرنامـەی زانستی هێنا لە قۆناغەکانی ژیان (ئەفسانە- لاهوتی- زانست)

• بە هەمان شێوە کەوتنی سەربازگەی سۆشیالیست ئەزموونەکەیان ئەو بـارە فکری و دەولیەی بۆ (فۆکۆیاما)و داڕێژەرانی ئەو تیۆرە دروست کردووە کە جـاڕی کۆتـایی مێـژوو لەسـەرمایەداری بدەنـەوە ...لـە گەلیـشدا جـاڕی کۆتـایی ئایدۆلۆجیاش داوە..زۆر سودیش لە بۆچونەکانی (نایبول) وەرگرتووە کە بـاس لـە نموونەی سەرکەوتووی لیبڕالی و دیموکراسی فەرهـەنگی ژیـانی ڕۆژئـاوا دەکـا بـە بەراورد لەگەڵ فەرهەنگی ژیانی جیهانی تر.

هەڵبەتە هیچی ئەوانەی سەرووش ڕاست دەرنەچووە و مێژووش ناوەستێ.

لە ڕاستیدا مێژووی بونەوەر بە زەوی و ئاسمان و ژیانـەوە کۆتـایی هەیـە، لـە چەندین سەرچاوەی جیا، لە گـەردوونا کۆتـایی فـراوان بـوونی هەیـە کـە دەبێتـە کۆتایی بوونەوەر، دەشێ یەکێ لە(ئەستێرە ڕەشەکان- ثقوب السوداء) قوتمان بدا، دەشێ سووتەمەنی خۆر لە هاوکێشەی He ← H٢ کۆتایی بێت، دەشـێ لەسـەر زەوی بە چەندین هۆی تـر مێـژووی ژیـان کۆتـایی بێـت، .... زۆر شـیانی تـری زانراوە، بە مـسۆگەر ژیان و بوونەوەر تـەواو دەبـێ، بـەڵام مـادام ژیـانی کۆمـەڵ بەردەوام بێت کۆتایی بە مێژووی گـۆڕان نایـەت، هـەردوو گـۆڕانی چـەندایەتی و چۆنایەتی وەك دوو یاسای یەك سوننەت بەردەوامە، سەرەڕای ئـەوەی سیـستەمی (سەرمایەداری)و دادگەری دژ بە یەکن ، بۆیە ئـەو سیـستەمە لـە بنـچینەدا بـە نەخۆشی هەمیشەیی ناوزەد کراوە، ژیانو ئەزموونی وەستاوە لەسەر سەرنەکوتنی ئەزموونی تر، ئەگینا خۆی ئەزموون نیە، ئەخشەو بەرنامەی نیە، ....هەروەك لە بابەتی مدرسەکان، کۆمەڵگەی لیبڕالی، ...زۆر شوێنی تر باسکراوە، لە ڕاسـتیدا بزووتنـەوەی مێـژووش وەك بزووتنـەوەی زانیاریـە (حرکـة المعرفـة) بزووتنـەوەی زانیاری بە تێکڕایی هەر دەجولێ بەڵام تـاك تـاکی (جزئیـات)ی لـە دۆزینـەوەی (ڕاسـتی) دەوەسـتێ، ئـەوەش (قیمـة المعرفـة)یـە، بـە هـەمان شـێوەش مێـژوو

ناوەنتیّو هەردەم لە جووڵەیە بە گشتی، بەڵام لەکۆتاییدا ئامانجی هەیە (غائیە)، ئەویش وەك تاك تاك لە دۆخە دادگەریەکەی ئارام دەگرێ ...تا لە کۆتاییدا هەمووی لە مەبادینەکانی دادگەری ئارام دەگرێ وەك لایەنی (ڕێبازی مێژوو)، و لاکانی تری زانستی مێژوو بەردەوام گەشە دەکا،، هەڵبەتە مەبادینەکانی دادگەریش تەواو جیایە لەگەڵ مەبادینەکانی سەرمایەداری، بۆیە شیانی گۆڕانو وەرچەرخانو هەتا وەرگەڕانیش لە سیستەمی سەرمایەداریدا لە هەموو سیستەمەکانی تر زیاترە.

کەواتە کۆتایی مێژوو لە نێو هەموو سیستەمو ڕێبازو ئایینیو مەدرەسەیەك هەیە، لە بەرنامەی ئیسلامیش وا دەڕوانینتە مێژوو کە کۆتایی دێت لە پەیڕەوی کردنی شەریعەتی ئیسلام لەسەرانسەری جیهان نەك وەك سەرەنجامی دەعوە و ئاینی پەتی، بەڵکو وەك پێویستیەکانی کۆمەڵ وتاك، بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەمەلایەنەکانی کۆمەڵ، هەروەك ئێستا دەبینین کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، ئوسترالیا، ئەفریقیا بە ئەندازەی جیهانی ئیسلام پێویستی بەو بەرنامەیە هەیە تا بناغەکانی کۆمەڵگەیەکی دادگەری دروست بکا. لە قورئانیش هاتووە (لقد كتبنا في الزبور من بعد الذكر ان الارض يرثها عبادي الصالحون ....)، هەروەها لە فەرموودەش ئەو هاوکێشە هاتووە:

(پەیام) (دادگەری) (میرات) (دیکتاتۆریە) (ئیسلام)

- نبوة - خلافة (الراشدون)- ملك العذرذ- جبرية - خلافة الراشدة
- سيبلغ هذا الدين ما بلغ الليل والنهار

زۆربەی مەنهەجو ڕێبازە جیاجیاکانی وەها هاوکێشەیەکیان هەیە بۆ کۆتایی مێژوو، وا گرنگترینیان لێ تۆمار دەکەین جگە لەوانەی سەروو کە باسمان کردن بە(کۆتایی مێژووی فۆکۆیاما)شەوە:

- مارکسیەت: دڕندایەتی ← بەندایەتی ← دەرەبەگایەتی ← سەرمایەداری ← سۆشیالیستی ← شیوعیەت
- ڤیکۆ: سەردەمی پەرستن ← سەردەمی پاڵەوانیەتی ← مرۆڤیەتی ← داڕووخان ← گەڕانەوە بۆ پەرستن.
- ئۆکست کۆنت: لاهوتی ← میتافیزیکی ← زانست
- فریزەر: جادوو← ئاین ← زانست
- تەتەوریەکان: دڕنایەتی ← خێڵەکی ← ئیمپراتۆری ← پاشایەتی ← کۆماری

Natfional

(٣٥)

ئاسايشى نەتەوەيى أمن القومي Natrunal Security

چەمكێكى ياسايى‌و سياسيە لەو سەردەمە ڕاستەوخۆ مانای نەتەوەگەری ناگرێتەوە ئەوەندەی گیانی دەسەڵات دەگرێتەوە بە تايبەتی لە ولاتانی ديكتاتور، عادەتەن ئەنجومەنێكيشی بەو ناوە وەك بالاترين دەسەلات بۆدروست دەكرێ، هەرچەندە مێژوو نووسان هەردەم ويستوويانە ڕەگو ڕيشەی ئەو ناوو چەمكانە بۆ قولايی مێژوو بگەڕێننەوەو زۆربەی جاريش دەيگێڕنەوە بۆ مدرسەكانی يۆنانی كۆن، ڕاستە ناوەڕۆك و مەبەستەكانی كۆنە بەلام وەك چەمك (ئاسايشی نەتەوەيی) لەگەڵ مەسەلەی نەتەوايەتی‌و وەرچەرخانی سيستەمی ئيمپراتۆريەو بۆ (دەوڵەتی هاوچەرخ) سەری هەڵداوەو بوويتە چەمكێكی سياسی‌و ياسايی و ستراتيژی، گەلێ جار لە سەرووی دەستوورو پەرلەمان‌و حكومەتيشە، ئەركەكانی فراوان‌و ترسناك ترينيانە، بە پێی پێناسە نوێ و جۆر بەجۆرەكانی وەك: (ليپمان، پرۆفيسۆر بانی، بيدك، د. حامد الربيع، فەرهەنگی وێبستەر، تا دەگاتە موشی دايان‌و كيسنجەر...) ئەو زاراوەيە قاوغێكی ياسايی وسياسی و هەتا فەلسفيشی بە ڕوونی نيە، بەلام هەموو لايەك كۆكن لەسەر چەند لايەنێك لە بنەماكانی ئاسايشی نەتەوەيی كە بريتيە لە: دڵنيايی خەڵك (هاولاتی‌و نەتەوەو دەوڵەت) بەرامبەر ترس و هەڕەشەی دەرەكی و ناوەكی، ئيتر ئاسايشی تاك‌و كۆمەڵ و خێزان‌و كۆمەڵگەو جيهان‌و بوارەكانی ئابووری‌و ژياری‌و سياسی ئايدۆلۆژيايی و نەژادی....دەگرێتەوە، لەكۆتايدا لەو بوونەوەرە هيچ كەستەواوو بەرەهايی دڵنياو دوورە نيگەران نيە چ لەكاردەساتی بەشەری يان سروشتی يان گەردوونی كە

زۆربەیان بەدەرە لە توانای بەشەری بۆیە یەکێ لە وەسفەکانی بەهەشت ئەو جۆرە دلنیایی وئاسایشە ڕەهایە بۆ ئادەمی زاد فەراهەم دەکرێ، (موسوعة السیاسیة) بە سادەتر پێناسێکی (ئاسایشی نەتەوەیی) بە ڕوانگەیەکی زیاتر یاساییانە نەک سیاسیانە کردووەو دەڵێ: (زامن کردنی سەلامەتی دەوڵەت لە هەڕەشەی ناوخۆو دەرەوە)[1]، بەڵام لێرەدا مەبەستی دەوڵەتێك پێك هاتبێت لەسەر بنچینەی نەتەوەیی، واتە (دەوڵەتی نەتەوەیی) کاتێ سنوری سیاسی ئەو دوڵەتە یەکسان بێت بە سنوری جوگرافی نەتەوەکە (پێی دەوترێ دولة القومیة) هەروەك لە (موسوعة العالمیة) وا هاتووە، دەبێ تێبینی بکرێ لەو پێناسەدا باس لە هەڕەشەی ناوەخۆشی کردووە، کە لە جیهانی سێیەم (عربی بەتایبەتی) زیاتر مەبەستیان معارەزەی دەسەڵاتیشە، ئەوە جۆرێکە لەو ئاسایشە..بوار دەدرێت بە دیکتاتۆر بەناوی هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دەست لەمعارەزە بوەشێنی.

لە سەرەتادا چەمکی (ئاسایشی نەتەوەیی) بە ئاسایشی باروودۆخی هێزی سەربازی تایبەت بوو، دوای هەموو لایەنەکانی دەوڵەتی گرتەوە،هەلبەتە هەمۆو لایەك کۆك نین لەسەر ئەو بنەمایانەی کە ئاسایشی نەتەوەیی لەسەر وەستاوە، هەندێك پێناسەکانیان هەمان پێناسو ڕێ و شوێنی پارێزگاری دەسەڵاتە، بەشێکی تر بەهێزکردنی سەربازیە، بەشێکی تر پارێزگاری بەرژەوەندی ئیمپریالیزمی و داگیرکاریە لە دژی بەرگری کردن، ..زۆربەی چوارچێوەکەی دەدرێتە دەوڵەتێك، جا سروشتی ئەو دەوڵەتە بە خۆیو بە دەستوورو سیستەمی حوکمی چۆنە ئەوەش بەشێکی تری بابەتەکەیە، لە وڵاتێکی نزیك خۆمان کە پێك هاتبێ لە فرەنەتەوەو فرە نیشتمانو فرە فەرهەنگ.. ئەوا لە خوێندنەوەیەکی سەرەتایی بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیدا دەردەکەوێ دوو نەتەوە لە یەك وڵاتی وا جێیان نابێتەوەو تەواو مانای دوو سەرکە بەرانەکەیە، چونکە دوو ئامانج و دوو بنەماو دوو دنیای لێك جیا دەبن (مادام بە پێوانەی نەتەوەگەریە)، سەرنج بدە

[1] الموسوعة السیاسیة- د کیالي ج١ ل٢٣١

فەرهەنگی دەسەڵاتی عێراقی بەعسی لەبارەی ئاسایشی نەتەوەیی دەڵێ: (فالأمن القومي العربي هو الأمن الوطن العربي الكبير..)[1]، بەو سەرەنجامەدەگاودەڵێ: (..وتجسيداً لايدولوجية حزب البعث، يعتبر القطر العراقي ذلك القطر الذي يجعل بالقول والفعل من امنه الوطني جزءا من الامن القومي العربي...) بەو شاقوڵەی چ پەیوەندیەك بە ئاسایشی نەتەوەیی کورد وتورکمان و ئاشووری و کلدانی عێراقی هەیە هەتا شیعەی خوارووش، ئیتر ئەو هەموو جەنگ و ماڵ وێرانیە باجەکەی گەلی عێراق بەگشتی دایەوە، هەڵبەتە ئاسایشی نەتەوەیی لە دۆخی وادا (واتە لە دۆخی دەوڵەتی نەتەوەییدا) یەکسان دەبێ بە بەرژەوەندی و تێڕوانینی نەتەوەیی دەسەڵاتدار، بوونی ئاسایشی نەتەوەیی بێ دەسەڵاتیش بە مانای یاسایی و دەستووری و سیاسیەکەی دەبێتە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی سەردەستەکە...، بەو شێوەیە دوو ئاسایشی نەتەوەیی پێچەوانە دروست دەبێ، کۆتایی دێت بە زاڵ بوونی نەتەوەی سەردەست، نەتەوەی بن دەستیش هیچ بوارێکی تری لە بەردەم نامێنێ جگە لە شۆڕش یان خۆبەدەستەوەدان...ئەوە نهێنی کێشەی نەتەوەییە، خەڵکی کوردستان نمونەیەکن لە نەتەوەی بن دەست هەروەك نەتەوەکانی ئەو سەردەمەی فەلەستین، کشمیر، چیچان، ئیرلەندا، بەربەر، تبت، تامیل، نەتەوەکانی ڕەسەنی هەردوو ئەمریکا و ئوسترالیاو..، ئەوانە ماناو بوونی ئاسایشی نەتەوەییان لە چوار چێوەی دەوڵەتەکە نابینن، تا لێرەدایە بە زەقی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتی وا تێك دەگیرێ لەگەڵ بنەماکانی چارەی خۆنووسی میللەتان و هەتا بەشە یاساییەکەی کە لە بڕگەی (٣)ی ماددەی (١)ی (نەتەوە یەکگرتووەکان) هاتووە، زیاتر لەگەڵ بنەمای یاسای نێو دەوڵەتی (مبدأ عدم التدخل) دێتەوە، جا لەو کاتەیە هەقی خۆیەتی یان جیابوونەوە وەك (شێخ سعیدی پیران) هەرزوو هەستی پێکردو جاڕیداو وتی یان دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ ئێمەش یان جۆرە دەوڵەتێك بێ دوو ڕلە نەتەوەگەری نەژادیو ڕەگەزیو

[1] تعريفات ببعض المصطلحات -مادة : (الامن القومي)

چینایەتی....ئەو داوای کرد ئیسلامی بێت، بە تەنها ئەوە دەتوانێ کۆمەڵە مەبادیئێکی نوێی ئاسۆیی وا بۆ فرە نەتەوەکانو فرە فەرهەنگو فرە نیشتمانیەکان دابڕێژێتەوە بەشی هەموان بە یەکسانی تیا بێ.

ئێستا ئەگەر بۆچوونی ڕەخنە گرانیش بێت ئەوا کورد کەمتر خاوەنی ئاسایشی نەتەوەییە ئەگەرچی خاوەن کیانی شۆڕشگێڕیش بووە، هەر لەبەر ژێر دەستی نیە بەڵکو بەهۆی هەڵسوکەوتی ڕێبەرانیە لەو سەردەمەدا، مادام لە تێك گیرانی هاوکێشەی نێوان بەرژەوەندی حزبیو کەسێتیو بەرژەوەندی باڵای گەلو نیشتمانا ئەوا یەکسەر یەکەم بەسەر دووەم دەخەن، ئیتر پانتاییەك بۆ ئاسایشی نەتەوەیی نامێنێ، ئەوەش هۆیەکانی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ئەو مدرسانەی کە ئەو جۆرە ڕێبەرو حزبانەی پێوە پا پەندە، ئیتر لە ئەنجاما لە بەردەم بنەمای بەرژەوەندی تایبەت هیچ خەتێکی سوورو، نەگۆڕێك، پیرۆزیەك، قەدەغەیەك... نامێنێ، ئەو دۆخە بەزەقی لە کوردسان دیارە، بەڵام لە جەوهەردا هەمان دۆخە لە زۆربەی وڵاتانی دیکتاتۆری بە تایبەتی وڵاتانی عەرەبی، لە وڵاتانی دیموکراسی ڕۆژئاوا تەواو زاڵ بووینە بەسەر نەریتە سیاسیە خۆویستیەکان، سەرچاوەی ئەو زاڵ بوونەش لە(ثوابت، مەبادیئەکان) هاتووە لە بەرنامە ئاینیەکان کە بەرژەوەندی گشتی لە سەرووی بەرژەوەندی تایبەتی بێت..بۆیە هەرگیز سەرچاوەی ناگەڕێتەوە بۆ مدرسەکانی لیبڕالیزم و لقەکانی، هەر بۆیەش لەڕۆژ ئاوا ئەگەر(بەرژەوەندی باڵای وڵات و ئاسایشی نەتەوەیی یەکەی) لەگەڵ (بەرژەوەندی حزبی دەسەڵاتی) تێك بگیرێ ئەوا بێ هیچ گرفتێکی وا یەکەم زاڵە بەسەر دووەم، بە پێچەوانەوە لە وڵاتە دیکتاتۆریە جۆربەجۆرەکان دەبێتە چەکێکی یاسایی لە دژی ئۆپۆزیسیونی نیشتمانی، زیاتر لە پێناو ئاسایشی دەسەڵاتە نەك وڵات، هەر لە بنەچەشدا لە ئەزموونی بەشەری یەکەم جار ئەو چەمکە لە لایەن (لویسی چواردم) پەیدابوو (بەپێی زۆربەی شارەزایان) لویس بەهێزبوونی دەرو دراوسێو یەکتر داگیرکردنی بە هەڕەشە زانی لەسەر فرنسا، ئەگەر هێرشیش ڕوو لە فرنسا

نەبێت، لە دابەشی دەسەڵاتو جیهاندا پتەوی ئاسایشی یەکێکیان دەبێتە هەڕەشە لەسەر ئەوی تر، بە تایبەتی ئەوانەی (بەدیلن بۆ یەکتر)، ئاسایشی یەکێتی سۆڤیەت هەڕەشە بوو لەسەر ئەمریکاو پێچەوانەشی بە پێچەوانە، هەتا وڵاتە بچووکەکانی جیهانی تریش بە تایبەتی ناوچەکانی ئاڵۆزو درێژکراوەکانی سایکس پیکۆدا، هەتا ئەزموونی سیستەمی دوو حیزبی یەك وڵاتیش، وەك ئەزموونی (پ.د.ك)و (ی.ن.ك)، هەرچەندە ئەوە ئەسڵ نیە ٠

لە وڵاتە دیموکراسیەکانیش ئەنجومەنو دەستورێکی وا پیادە دەکەن کە لە کۆتاییدا زیاتر لە خزمەتی چینێك بێت، هەرچەندە لە پێناسی دەستووری ئەو ئەنجومەنە وای لێ ناخوێندرێتەوە، بەڵکو چی لە بەرژەوەندی باڵای وڵات و میللەت بێت بەگشتی ئاوا تۆمار دەکرێ، ئەنجومەنی ئاسایشی تورکیا پێك دێت لە زۆرینەی جەنەراڵەکان و بەرپرسی هەرە باڵای دەسەلات، زۆر بە سانایی جم وجۆڵەکانی ئیسلامی، چەپی، کوردستانی.. بە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی تورکیا لە قەڵەم دەداو قەدەغەی دەکا، هەتا داواکردنی خوێندن بە زمانی کوردی بە داوایەکی تیرۆرستیو هەڕەشە لەسەر ئاسایشی تورکیا ناسانرا، ..بەو شێوەیە ئەم چەمکە لە زۆربەی وڵاتان بەشێك لە داپڵۆسین و چەترێکی ئێدەکی یاسایە بۆ چەوساندنەوەو دەرکردن لە گۆڕەپانو پاوان کردنی دەسەڵاتە بۆ چین و کۆمەڵێك بە تۆرە ئەگەر دیموکراسی بن، هەر جۆرێکی داهێنراوی زیرەکانەی دیکتاتۆریە.

ڕای مەدرەسەکان:

دوای خوردو سادەکردنەوەی ئاسایشی نەتەوەیی دەبینین تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە (مقاصدەکان)ی دەستوورو سیستەمی دەسەڵات لە لایەكو لە لایەکی تریش بە مدرسەکانی سیاسی، چونکە بەرژەوەندی باڵای هەر میللەتو وڵاتێك لە لایەن مدرسەو شارستانیەکان جیایە لەگەڵ ئەوانی تر، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتن لە ژیانی مرۆڤ، مانای مافی مرۆڤ، فاکتەرە

کاریگەریەکانی سەر مرۆڤ و کۆمەڵ...بەو شێوەیە (ئاسایشی نەتەوەیی) لە سیستەمی وڵاتە شیوعیەکان زۆر جیایە لەگەڵ وڵاتانی لیبرالی رۆژئاوا، ئەوانەش لەگەڵ وڵاتانی دیکتاتۆری نەتەوەگەری جیهانی سێیەمو عەرەبی، هەموو ئەوانەش لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی ڕاستەقینە، .....لە کاتێکدا لە رۆژئاوا زیاتر ئاسایشی جەستەییو خۆراکی گرنگە (واتە لایەنی مادیەکەی)، دەبینین لە شیوعیەتدا ئاسایشی چینی کرێکارو نوێنەرایەتی لە دەسەڵاتو پرۆلیتاریا گرنگە، بە هەمان شێوە دەبینین لە سیستەمەکانی حوکمی وڵاتێکی وەك عێراقی سەردەمی (صدام حسین)- کە نموونەیەکە لە وڵاتانی عەلمانی نەتەوەگەریو دیکتاتۆری - ئەوا ئاسایشی نەتەوەیی کەمتر مانای بەرژەوەندی باڵای میللەت و وڵات لە بەردەم خەونەکانی سەرۆك دەمێنێ و زۆربەی سامانی وڵات و هاوڵاتیان و...دەخستە خزمەت بەرنامەیەکی هەڵە...بۆیە لەو جۆرە وڵاتە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی نەبووە، ئەو ئەنجومەنە لە وڵاتە دیکتاتۆریەکان بە گشتی هەر لە هاوکێشەکەی دەسەڵاتی میللەت یەکسانە =بە دەسەڵاتی سەرۆك نقوم بووە، ئەو کاتی مانایەك بۆ ئەنجومەنی ئاسایش و ئەو ئاسایشەش نامێنێ ئەوکاتی ئاسایشی نەتەوەیی بریتی دەبێ بە ئاسایشی دەسەڵاتی سەرۆك، هەروەك بە زەقی لە هەڵسوکەوت جەنگەکانو دانوستانو پەیوەندیە دبلۆماسیەکانی عێراقی ئەو سەردەم بەدی دەکرا، ئەوەش لەوەوە دێت کەدیکتاتۆری ئیستا وەك جاران ئیشتمان پەروەر نین زیاتر بەرژەوەندی کەسێتی خۆی دەخاتە سەرووی هەمووان ، هەر بۆیەش دیکتاتۆرو زاڵمی ئیستا ترسنۆکیشن .

لە ئیسلام دا ئاسایشی نەتەوەیی بەو زاراوە نەبوو (تەنها ئاسایش- أمن- باسکرا بێ) بەڵام لە ناوەڕۆکدا پەیڕەوکراوە و دەکرێ، چونکە ئەو چەمکە جۆرێك لە ڕەگەز پەرستی تیایە، لە مەبەستو ئامانجدا ئاسایشی هەموو مرۆڤی سەر زەویە، بەڵام وەك واقعێکیش کە وڵاتی سنوردار هەیە ئەوا بە پێی ئەو واقعە بۆ ئەو قۆناغە هاوشێوەی ئەو ئاسایشەو ئەنجومەنەکەش پیادە کراوە، هەروەك لە

ئێران دانراوە، ئاسایش لە ئیسلامدا هەر تەنها بۆ دەسەڵاتو چینێکو نەتەوەو ئاینو سنورێك نیە، لێرەدا ئاسایشی فکری و ئابووری و ئایینی و ئایدۆلۆژی و ژیاری و فەرهەنگی بۆ گشت لایەکە لە باری سروشت و ئاسایی خۆی، نەك لە کاتی دەست درێژی و جەنگا، هەڵبەتە ئاسایش بۆ دەست درێژکارو پیاو خراپ نیە. ئەو ئایەت و فەرموودەو ڕێسا گشتیەکانی ئیسلام لە بارەی ئاسایشە کە لە خوارەوە تۆماری دەکەین:

- فليعبدوا رب هذا البيت الذي أطعمهم من جوع وآمنهم من خوف.
- من رأى منكم منكراً.........
- أمر بالمعروف ونهي عن المنكر..

لە بارەی زاراوەی (أمن) لە ئەدەبیاتی ئیسلاما زۆری لەسەر نوسراوە:

- لەبارەی (امن العام)دا زانایانی ئیسلام وتویانە (الأمن اهنأ عيش والعدل أقوى الجيش)
- ماوردي- کتێب (ادب الدين والدنيا): أمن العام تطمئن اليه النفوس، وتنشر فيه الهم، ويسكن فيها البدي، ويأنس فيه الظعيف.

لە وەرچەرخانەکانی ئێستای جیهان بەرەو عەولەمە زیاتر (ئاسایشی نەتەوەی) بەرەو تەرازوی ڕوانگەی ئیسلامی وەردەچەرخێ، کەمتر ئەو ماناو مەبەستە کلاسیکیەی جارانی دەمێنێت، لە ئیسلامدا ئاسایش هەر ناگەڕێتەوە بۆ دەسەڵات، بەشێکی زۆریش لێ دەگەڕێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگە، ئەوەش بەشێکی گرنگی کۆمەڵگەی مەدەنیە لە ئیسلامدا، بڵاوکردنەوەی ئاشتیو ئاسایش ئەرکی بنچینەییە، زامنکردنی ژیانو تەباییو هاریکاریو هەموو بنەمایەکی ئەخلاقیو دادگەری.. تاکە سەرچاوەی ئاسایشی تاكو کۆمەڵە...کە لەو پێناسانە کەمتر بە لای داچوینە، ئیتر دڵنیا کردنەوەی دەزگا کۆمەڵایەتی لە تاك- خێزان- نەتەوە- کەمایەتی نەتەوەییو ئەژادیو ئایینیو فەرهەنگی چینایەتی هەتا معارەزەی یاسایش بە شەریعەتی ئیسلامی دەچەسپێ کە ئومەتێك دروست

بکرێو دادگەریش لە فەرمانڕەوایدا، بۆیە کاتێ نوێنەری ئەهلی کتاب نامەی بۆ (عمر) هێنابوو، وای زانی ئەویش وەك ئەو سەردەمەی ئیمپراتۆران لەناو چ کۆشك و تەلارویەرژینی پۆلاو دیواری بڵندو حیمایەو .. کەچی کە پیشانیاندا لە ژێر سێبەری کۆنە دیوارێك پاڵی دابووە وە بە تەنها، ئەو نوێنەرەش سەری بە جارێك سوڕما و وتی، عدلت ثم أمنیت فنمت...

بنەمای هەموو ئەو دڵنیایانە کە لە یاسای دراوسێی گشتی، بنەمای تکامل اجتماعي، تکافل اقتصادي، ذمة، اقتصاص، ......لە ئیسلامدا وا هاتووە مادام ئاسایش تاکێك پێشێل کرا ئەوا ئاسایشی گشتی پێشێل کرا، مادام خراپەیەك (منکرات)ێك جێی بۆوە بێبەرگری ئەوا دادگەری تێك ڕووخا..، مادام زاڵم بووی ئەوا زوڵمیشت لێ دەکرێ و ئاسایش نامێنێ.

لەسەر ئەو بنچینانە دەتوانین چەند بنەمایەك بۆ ئاسایشی نەتەوەیی لەهەردوو ڕوانگەی فکری ئیسلامی و مرۆڤایەتی دابڕێژرێن کە گوزارش لەو قوناغە مێژووییە دەکا وە بۆ زیاتر ناوچەکەی خۆمان:

١. ژێر دەستەیی و چەوساندنەوە سەرچاوەیەکی بەردەوامی نا ئارامیو ناسایشە، ڕزگاربوونیش چارەسەریەکەیەتی، نەخشەی (سایکس پیکۆ) لەو وڵاتانەی ئێمە بۆ نائارامی سنورکێش کراوە.....کەواتە هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێکەوتنامە ئیمپریالیزمانە و قەڵاچۆی داگیرکاری و چەوساندنەوە بنەمایەکی هەرە بەهێزی ئاسایشی نەتەوەیی ئەو قۆناغەیە.

٢. نادادگەری یاساکانی جیهان، بنەمای"بەرژەوەندی تایبەتی" سەرچاوەیەکی تری ئەو نائارامی و ناناسایشەیە، دڵنیایی خەڵك دەشلۆقێنی، لە جیاتی ئەوە بنەمای "بەرژەوەندی گشتی"و دادگەریە دڵنیاییو ئاسایشی پێ دەگەڕێتەوە.

٣. دەبێ هەروەك تاکەکان لەسەر بنچینەی یاساو ڕەوشتی بەرز ڕەفتار لەگەڵ یەك بکەن (لایؤمن أحدکم حتی یحب لاخیە مایحب لنفسە) تا ئەو بنەمایە نەکرێتە پەیوەندی دەولیش ئەوە جیهان ئارام نابێ، ئەگینا گەورە بچووك قوت

دەدا، ئاسایشی نەتەوەیی لایەك لەسەر حسابی لایەکی بێهێزتر دەبێ، حوکمەکان بانێكو دوو هەواو چەند هەوا دەبێ، هەروەك لە ئیسلامدا بەو جۆرە حوکمانە وتراوە (حكم الجاهلية).

٤. ولاتیش وەك تاك دەبێ لە ژێر بنەمای (لايظلم ولايظلم) نابێ ئاسایشی نەتەوەییەکەی هەرەشە بێت بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەی ولاتێکی تر.

٥. هێزی بەرگری (نەك هێزی هێرشکەر)و توانای ماددیو یەکێتیو یەك ریزیو یەك سەرکردەو یەك بیروباوەڕو سپاردەیی لە دەسەلاتو پێش کەوتنی زانستی و .....بنەمای گرنگی ئاسایشی نەتەوەییە.

٦. پەروەدەکردنی خەلکیو خەلکی جیهان بەگشتی لەو سەردەمەدا بە ڕەوشتی بەرزو وشیاری مرۆڤایەتیو خۆنەویستی بەشێکی گرنگی زامنکەری ئەو ئاسایشەیە، پێچەوانەشی ئەنجامی پێچەوانە دەداتەوە.

٧. دەزگایەکی بەکارترو دادگەری تر لە جیاتی (UN) وەك دەزگا لە سەرووی هەموانو بێ ڤیتۆو بەڕاستی نوێنەرایەتی فرمیی جیهان بکا بە کەمایەتیەکانیشەوە.

٨. دەسەلات وەك سپاردە بێت نەك مولك، کە سەرچاوەی دیکتاتۆریەتو پادشایەتیو پاوان کردنی دەسەلاتە، ئەوانەش سەرچاوەی نائارامیو دلنیاییو تێکدانی ئاسایشی گشتیو تایبەتیشە، لە بەرامبەردا دەست گۆڕی دەسەلاتو سەربەستی بیروڕاو ئازادی و هەلبژاردن و...دەبێتە پتەوکردنی پەرژینە بالاکانو خەملینی بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی لای هەموو تاکێك.

هاتنەدی ئەو بنەمایانە تەنها ناکەوێتە سەر دەستوورو یاسا بەلکو زیاتر دەکەوێتە سەر مدرسەکانی سیاسیو فکری سەرەکی (ئیسلامی، لیبڕال، سۆشیالیستی، شیوعیەت)..

ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان:

لە ڕاستیدا ئاسایشی نەتەوەیی بە پێی بنەمای بەرژەوەندی دەکرێتەوە چوار بەشی سەرەکی:

١. ئاسایشی زل هێزانی جیهانی لە وڵاتانی سەرمایەداری‌و ئەوانەی دەیانەوێ کۆنترۆڵی دەروازەکانی عەولەمە بکەن.

٢. ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتانی زاڵی نەتەوەیەکی سەردەستە.

٣. ئەو میللەتانەی ژێردەستن.

٤. وڵاتە تاک نەتەوەییەکان یان گرفتی کێشەی ستوونی.

هەڵبەتە هەریەکە لەوانە چەند بنەمایەکی هاوبەشی هەیە لە هەمان کاتدا لە چەند بنەمایەکیش لێك جیادەبنەوە، بۆیە نابێ ڕابەرانی عەلمانی کورد ئەو بابەتەش وەك مەسەلەی تیۆری سیاسی‌و فلسفی‌و فکری هەڵسن لە پێناو دارشتنی بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە هەر شوێنێك بێت و چۆن بێت هەر بیهێنن...، نەخێر دەبێ زۆر بە وردی بزانن بنەماکانیٰ ئاسایشی نەتەوەیی (کە لە کۆتاییدا تۆماری دەکەین) لە کوێدا سەرچاوەکانی بوون و ڕاست کردنەوەیەتی، لە کوێشدا سەرچاوەی مەینەبی و بەردەوامیەکیەتی، لەو چوار پۆلەی سەرەوەدا کامەیە شوێنی کوردستان؟ ئاخۆ لە بەرەی عەلمانیەت بن یان ئاینی؟ لە بەرەی نەتەوەگەری یان ئومەتی؟ لە کام بەرەی ململانێی شارستانیەکان بن؟ لەبەرەی میکافیلی‌و بەرژەوەندی پەرستی؟....هەموو ئەو پرسیارە ئاسایشیانە بە ڕوون کردنەوەی هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان ڕوون دەبێتەوە، ئەگەر پێناسەکەش وەك بە سادەیی دەربڕا لێرەش هەر مانای پاراستنی بەرژەوەندیە باڵاکان‌و نەگۆڕەکانی میللەتانی کوردستان بێت لە هەڕەشەی دەرەوەو ناوەوە کە بریتین لە ١- داگیرکەران‌و هەموو پارمەتیدەرەکانی، ٢- ئەو بیروباوەڕو ئایدۆلۆژیاو یاساو نەریتە دەولیانەی ڕەوایی ئەو داگیرکەریەی لەسەر وەستاوە کە بریتیە لە ئایدۆلۆژیای نەتەوەگەری عەلمانی‌و سۆشیالیستی دیکتاتۆری، یاسای

(عدم التدخل)و (سيادة الدولة) (ئەندامیەتی دەوڵەتان بۆ UN لە جیاتی نەتەوەكان-(كە ناویشی نەتەوە یەكگرتووەكانە كەچی نەتەوەیەكگرتوو نیە وڵاتە یەكگرتووەكانە)-، نەریتە دەولیەكان بە تایبەتی ئەوەی ئێستاكە هەموو هەڵسوكەوتی رەسمی دەوڵەت بەرەوا دەزانن هەرچیەك بێت كەچی بەرگریو رزگاری بە نارەواو بەدەر لە یاساو جارجار بە تیرۆرستیش لە قەڵەم دەدەنو زاراوەی وەك (إنفصالي، تجزئة، خروج عن قانون، دعاة العنف، مخربین، أرهابیین...) دەدەنە پاڵ شۆرشگێران· ٣- هەموو ئەو رێكەوتنو ڤاكتەرە مێژووییانەی بوینە هۆی مەینەتی خەڵكی كوردستان لە سەرەتای سەدەی رابردوودا دەست پێدەكاو بریتین لە:

أ. ڤاكتەری جیهانی كە خۆی لە رێكەوتنامەی سایكس پیكۆ ١٩١٦ سان ریمۆ ١٩٢٠، قاهیرە ١٩٢١، لۆزان ١٩٢٣ كە مدرسەی لیبرال دیموكراسی و رۆژئاوایی لێی بەرپرسیارە، یان دەكرێ بڵێین عەلمانیەتی جیهان.

ب. ڤاكتەری ئیقلیمی كە بریتین لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی دەستووریو عەلمانیو نەتەوەگەری ئتحادیەكانو دواییش ئەتاتوركو مدرسەی نەتەوەگەری عەلمانی عەرەبی.

ج. ڤاكتەری ناوەكی كە خۆی دەنوێنێت لەو هاوكاریە هەڵخەڵەتاویەی تەیاری عەلمانی كوردی كردیان لەگەڵ تەیاری عەلمانی توركیو جیهانی بە تایبەتی ئەو وەرگێرانەی رێكەوتنی سیڤەر بۆ لۆزانو وەرگێرانی خەلافەت بۆ كۆماری عەلمانی توركی.

بنەماكانی ئاسایشی نەتەوەیی كوردستان:

١- هەموو هەنگاوە پێچەوانەكانی تەوەرەكانی (هەرەشەی ناسایشی نەتەوەیی) كە لە سەروو باسكرا بە وردیو تەواویەوە، كە زیاتر هەرەشەكانی دەرەكیە.. ئەو خاڵانەی داهاتووش زیاتر هەرەشەو دژە هەرەشەكانی ناوەكیە.

٢- یەك ڕیزیو یەك ڕابەریو هەموو دەروازەكانی كە دەچێتەوە سەر ئەو یەك ڕیزیو یەك ڕابەریە، بۆ ئەو مەبەستە دەبێ:

أ. ئەو میللەتە وا پەروەردە بكرێ لەسەر ئەو بیروباوەڕو ئایدۆلۆژیانەی كە ڕەسەنن‌و زۆرایەتی هەرە زۆری قەبوڵی دەكەن نەك ئەو فكرو ئایدۆلۆژیانەی كە دەبێتە پارچە پارچەكردن‌و نەگونجێ لەگەڵ عەقیدەی زۆرایەتی.

ب. فرەلایەنی لە قۆناغی ڕزگاری- نیشتمانی پەسەند نیە، بەڵام ئەگەر واقعێك بێت ئەوا نەبتە فرە دەسەڵات فرە ڕێبەر فرە گیانی میلیشیایی.

ج. خۆ دوور خستنەوە لە دەروازەكانی بەرژەوەندی تایبەتی وێرانكەر.

٣. ڕاهێنانی میللەت لەسەر بنەماكانی ئەخلاقیو بەرگری لە كاتی پێویستو وای لێ بكرێ بەرژەوەندیەكانی گشتی بخاتە سەرووی بەرژەوەندی تایبەتی، ئیتر ئۆتۆماتیكیەن دەبنە پاراستنی بنەماكانی ئاسایشی نەتەوەیش، ئەوەش مانای دروستكردنی ئومەتێكە كە ڕاست گۆیی، هاریكاری، بەهاناهاتن، بە ئۆقرە، خۆنەویستن، ڕەوشەنبیر، .... ئومەتی وا فێڵی لێ ناكرێ، لێ ناخوردێ بە هەموو لایەك، بە پێچەوانەی بنەما ئەخلاقیەكانی فكری ماددی، كە دەبتە هۆی درۆزنی، خۆویستی، هەڵەشە، خۆفرۆشیو میللەتو خاك فرۆشی، ئەزانی، پارچەپارچەییو خێرا گۆڕاوی...... لە كۆتاییدا ناتوانێ بەرگری نیشتمانی بكا لە كاتە سەختەكان.

٤. دروست كردنی ڕێبەرێكی كاریزمی میللی ڕوحی، باوەشی وا فراوان بێت جێگەی هەموو ڕەنگو تەرزوو چینو بیروباوەڕی جیاو ئایدۆلۆژیای جیا ببێتەوە، ڕێبەرێك بێت لە سەرووی حزبایەتیو منافەسەو چاو لە تەختو خۆویست، خاوەن بەرنامەو بیروباوەڕێكی مەزنی وا بێت ئامۆژگاریو ڕێنماییەكانی لە هەڵسوكەوتەكانی دابێ، ... بە كورتی عەقیدەی زاڵ بێت بەسەر ئارەزووەكانی دەروونی.

٥. پەروەدەی زانستیو تەکنیکیو داهێنانی بزووتنەوەی وشیاریو بیناکردنی ژێرخانی کۆمەڵ بە هەموو ئاراستەکانی ئابووریو تەکنیکیو فکریو شارستانیو مەدەنیەتو ئەخلاقیو شۆڕشگێڕیو ئاشتی خوازی و بۆ هەموو ئەو بنەماو دەروازەکانی سەروو دەبێ بە وردی بۆی بگەڕێین ئاخۆ ئەو بنەمایە لە کام مدرسە بەدی دەکرێو پێی دێتەدی لە (ئیسلامی، لیبرالی، سۆشیالیستی، شیوعی) کامە مدرسە دەرچوو ئەوا ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان لە ستراتیژیەتدا دەبێتە ئاسایشی ئەو مدرسە لە هەرسێ ئاستی جیهانیو ئیقلیمیو ناوەکی.

developmentalism (٣٦)

پێشکەوتوویی التقدم advance- progress

وەك ماهیـەت پێشـکەوتوو نوێنەرایـەتی مانایـەکی کـۆن دەکـا، لەگـەڵ مرۆڤایەتی ماناکەی بەجۆرێك هەبووە بەڵام وەك چەمك زۆر کۆن نیە، تا ڕادایـەك تێکەڵیەکیش هەیە لەنێوان پێشکەوتنەکانی هەریەکە لە: کۆمەڵایەتی، ئـابووری، زانستی، فیکری، .. ئەوانە لە بنەچـەدا لێـك جیـان، ئـەوەی لێـرە مەبەسـتمانە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیـە، بـەتاك و کـۆوە، پێـچەوانەی دواکـەوتن بـەجێمانو (ڕەجعیەت)، جار وایە ئەگەر لە دژەکان نەگەین لەخودی بابەتەکە چـاك ناگـەین، دواکەوتوو (ڕەجعیەت) بەزۆری لەو سەردەمە بەو مانایە بەکاردێ کە یەکێك یـان لایەنێك پشت بە فاکتەرە کلاسیکیەکان ببەستێت لەوانە فاکتـەرە کۆمەڵایـەتیو خێڵەکیو تایفەییو ڕەچەڵەکیەکانی تر، لە ڕووی ئایدیۆلۆژیاو فکـریش پـشت بـە سـەرخانی ئـەو فاکتەرانـەی سـەرووی کۆمەڵایـەتی ببەسـتێت، یـان لـە ڕووی کەرەسـتەو ئـامراز ئـارەزووی کـەلو پەلـە کۆنـەکانت بێـت، هەڵبەتـە هـەر مەدرەسەیەك بەجیا دەڕوانێتـە هـەردوو چـەمکی (ڕەجعیـەت)و (پێـشکەوتن)، پێشکەوتنیش کاریگەرە بـە بەشـەکانی تـری پێـشکەوتنی زانـستیو ئـابووریو تەکنەلۆجی.. بەڵام هەر یەکە ماناو شوێنی خۆی هەیـە بەداخـەوە بەشـی هـەرە زۆری فەرهەنگو ئەنسکلۆپیدیەکـــانیش تێکـەڵیان کـردووە، وا هەندێکیـــان لـێ هەڵدەبژێرین.

را یە جیاجیاکان:

• لەو سەردەمە لە فەرهەنگە دەولیەکان پێشکەوتوویی بە پێشکەوتنی باری ئابووری ولاتو ژێرخانەکەی لەداهاتو نوێگەرایی و ئاستی زانستی و تەکنۆلۆجی.. لێك دەدرێتەوە، پاشکەوتوویش- تخلف نەك (رەجعیەت) بە پێچەوانەی سەروو لێك دەدرێتەوە.

•ئەو تێروانینەی سەروو هەر فەرهەنگە پاساییەکانی نەگرتۆتەوە، فەرهەنگە سیاسیو کۆمەلآیەتیەکانیش کاریگەرن بەو بۆچوونە، فەرهەنگێکی وەك (موسوعة علم الاجتماع) کە لەوانی تر چاکتر بۆی چووە، کەچی لەباسو مادەی (تقدم الاجتماعي)و (تخلف اجتماعي) هەر بە سادەی بە رادەی پێشکەوتنو پاشکەوتنی دەزگاکانی لێك دایتەوە، نەك خودی مرۆڤەکان، هەرچەندە لاباسێکی مرۆڤەکە دەگرێتەوە، لەکاتێکا گەوهەری باسەکەمان مرۆڤە نەك ئامرازو دەزگا.

• فۆرێ، ابن رشد، .. پێیان وایە پێشکەوتنی هەر میللەتێك بە پێشکەوتنی ئافرەتانیان دەپێورێ.

• بەشی هەرە زۆری ئابووری ناسو مەدرەسەی مادیو مەدرەسەی لیبرالیەکانیش پێشکەوتن لایان مانای پێشکەوتنی ئامرازەکانی بەرهەم هێنانە.

• بیترمان: پێشکەوتنی بە شارو لادێ بەستۆتەوە، لەکتێبی (مدخل الی علم اجتماع الحضري) دەلێ شار پێشکەوتووەو لادێش دواکەوتوو، زۆر روونە ئەومیان تێروانینێکی رەگەزپەرستی کۆنی رۆمانیو یۆنانی لە ئەسلی زاراوەکانی (سیاسەت)و شارستانی)و (مەدەنیەت).. ئەوان وەرگیراوە.

• ئوکست کۆنت: پێشکەوتن مانای پێشکەوتنی زانستی.

• نەتەوەگەریەکان: پێشکەوتن دەبەستنەوە بە ژینگەو خاكو رەچەلەك، ئیتر رەچەلەکی ئەورووپیو ئاوهەوای ئەورووپی هەر دەبێ میللەتێکی پێشکەوتوو و پێشرەوی جیهان بدات، وەك خۆیان دەلێن، لەناو عەرەبیش (خاکی پەیامەکان) هەردەبێ پێشرەوی جیهان بێت، لەناو یەهودو سربو ئەرمەنو تورك... هەریەکە

له به جۆرێك دیدێكی وای هەیه.

• پێشکەوتوویی لای زاناکانی تر پێوانەی جیاجیای تری هەیه، لای (سپنسر) بەمانای له ١- سادەیی بەرەو ئالۆزی ٢- لەپێکەوەیی بەرەو پەرش‌و بڵاوی‌و دوورکەوتنەوە.

• زۆر جۆرە تێروانینی تر هەیه کۆماری له پادشایی پێ پێشکەوتووتره.

یان بەپێی سیستەمی سیاسی و ئینتمای مەدرەسییەکەی، ...هتد٠ پێش ه پاش کەوتوو دیاری دەکرێ .

له راستیدا ئەو پێوانو تەرازوانه بۆ پێشکەوتن ئەوەنده وردو تێر نین، زۆربەیان دەردی یەك لایەنی هەیه، جارێ پێشکەوتنی کۆمەلایەتی گشتی‌و پێشکەوتنی تاك تێکەڵ کراوەو یەك هۆکارو بنچینەی دراوەتێ، ئنجا مەرج نیه شاریەك له لادێیەك رەوشەنبیرو پێشکەوتووتر بێت، یان خاوەن ئاشی هەڵمی له ئاشی هەوای پێشکەوتووتر بێت، یان ئافرەتێکی سەر کۆمپیوتەر پێشکەوتووتر بێت له ئافرەتێکی سەر دەستار، ئەومیان راسته ئاشی هەڵمی پێشکەوتووتره له هەوایی، کۆمپیوتەر له دەستار، بەلام مانای وانیه خاوەنەکانیشیان پێشکەوتووتر بێت، به هەمان شێوە مەرج نیه ولاتێکی کۆماری پێشکەوتووتر بێت له ولاتێك پادشایی زۆربەی ولاته گرنگەکانی ئەوروپی پادشایین، کەچی له ئەفریقا تەنها (سوازیلەندو لیسونۆ، مغرب، نیبن) پادشایین ئەوی تر هەمووی کۆمارین بەو تەرازوە بێت ئەوا ئەفریقا پێشکەوتووتره له ئەروپا.. ئنجا یابان ئەك پادشاییه، هێشتا سیستەمی ئیمپراتۆریەو زۆر پێشکەوتووشه له تەکنەلۆجیاو ئیدارەو باری ئابووری.. ئەو مەرجانەی سەروو رەها نین، ئنجا له رایەکەی (سپنسەر)یش بە روونی دەردەکەوێ دیاردەیەکی سروشتی و بایۆلۆجیەکانی کردۆته بنچینه بۆ پێشکەوتنی کۆمەلایەتی، دەشێ له بایۆلۆجیا گەشەکردن‌و پێشکەوتن مانای له سادەییەوە بەرەوئالۆزی و لێك دوورکەوتنەوە بێ، بەلام هەمان مانا له کۆمەلایەتی پێچەوانه دەبنەوە، لێك دوورکەوتنەوەو یەك نەگرتن مانای

پێچەوانەی پێشکەوتنە..

بۆ لێك کردنەوەی هەموو ئەو لێلی و تێك گیرانە بەتایبەتی لەنێوان مانای پێشکەوتنی تاك‌وکۆ ئەوا بە پرسیارێکی سادە دەست پێدەکەین: ئاخۆ مرۆڤێکی پێشکەوتوو چی پێشکەوتووە؟ جلو بەرگو شێوەیەتی یان ماڵ و سامان و سەیارەو کارگە؟ یان بڕوانامەیەکی باڵا و پایەیەکی باڵایە.. کامەیە یاخود شۆڕشگێڕو سیاسەتمەدارێکی بەرزە.. لە سیاسەتمەداریشدا کامەیە میکاڤیلیە، مەبادینیە، لیبرالیە، یان سەرجەمیانە، ئەوانە هەمووی لەلایەك ئەدی گرنگی ڕەوشتو بەها.. لە وەڵامی ئەو پرسیارە بەو خوردکراوەیی کەس بوێری ناکا (پێشکەوتوویی) بداتە پاڵ فاکتەرە ڕواڵەتیەکانی وەك: جلو بەرگو سامانو بڕوانامەو پایە.. بەڵام باسەکە کە لەتاکەوە دەپەڕێتەوە بۆ کیانو کۆو کۆمەڵگا ئەوا ئەو جارە لە وەڵامی پرسیاری هاوشێوەکەی ئاخۆ کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو یان وڵاتێکی پێشکەوتوو چی پێشکەوتووە؟ بەخێرایی وەڵامت دەست دەکەوێ‌و دەڵێن پێش کەوتنی باری ئابووریەکەیتی، واتە فاکتەرەکانی کاریگەر لەسەر کۆمەڵ، کامەیە یەکلاکەرەوەی (پێشکەوتن) لەو فاکتەرانە: ئابووری، ڕەچەڵەك، کۆمەڵایەتی، ژینگە، پەیوەندی جنسی، دەروونی، ئاستی فێرکردن، لە بەرهەمەکانی ئاسۆیش (زانستو فەلسەفەو ئایدیۆلۆژیاو ئاینو پێکەوە ژیانی سیاسیو حزبایەتی.. واتە بە کورتی فاکتەرە شاقولیەکانە یان ئاسۆییەکانە؟ دەتوانرێ ئەو پرسیارانە ڕوو لە تاکیش بکرێت ئاخۆ کام لایەنی مرۆڤە پێوەری پێشکەوتنی هەڵگرتووە لە شێوەو جلو بەرگ، ماسولکەکانی، گەدەی، باری جنسی، نەژادی، ڕەچەڵەکی، نێرو مێیاتی، ماڵو سامانی، پایەی.. یان هەموو ئەوانە تەنیا هۆکاری یارمەتیدەرن و گرنگەکە ئەوەیە چی لە مێشکدایە. لە وەڵامی (کێ مرۆڤێکی پێشکەوتووە؟) دوای کەمێك دەمەقاڵێ هەموو لایەك دەگەنە ئەو ئەنجامەی کە مرۆڤی پێشکەوتوو دواکەوتوو زیاتر بەوەی لێك دەدرێتەوە کە چی لە مێشکیدایە (بەو مانایەی چی لەدڵو دەروونی دایە)، بەڵام

کە باس لە کیانو وڵاتو جیهان دەکرێ، ئەوا زۆربەی هەرە زۆری پشت بەو واقعە جیهانیە دەبەستریّتو یەکسەر وەڵامی پێشکەوتن بە مانای پێشکەوتنی پیشەسازیو زانستیو باری ئابووری وەردەگیرێ، بۆیە جیهان بەو پێوانەیە دابەش کراوە وڵاتە پێشکەوتووەکان، وڵاتانی تازە پێگەیشتووەکان، وڵاتانی دواکەوتوو.. جار وایە بە شێوازێکی رێز لێنان بە وڵاتە پاشکەوتووەکان دەوترێ — وڵاتە تازە پێگەیشتوەکان یان جیهانی سێیەم)، ئەگینا بە بەجێماوو بەربەرو هەمەج و.. ناوی تریشیان لێ دەنرێ، بەو شێوەیە تێکەڵکردنی پێناسی پێشکەوتوویی بۆ تاکو بۆ کۆ بە ئەنقەستە لە بنچینەدا، مەبەستی تایبەتیانە، ئەوەیە لیبرال و سەرمایەدارەکانی رۆژئاوا لەرووی مادیو تەکنەلۆجیا پێشکەوتوترنو ئیتر دەیانەو لەو فاکتەرەی کە لێی باڵادەستن تەرازوویەکی هەڵسەنگاندنی گشتی لێ بتاشن و بیکەنە تێڕوانینیەکی نوێ بۆ ژیانی نوێ لە پەیوەندیەکانی دەولی تا دەگاتە ئایدیۆلۆژیای تاك و رەوشت و بەها مرۆڤایەتیەکانی تر، بەو شێوەیەش تیۆری (ململانێی شارستانیەکان) هاتە کایەوە، وەك بەدیلێك بۆ ململانێی مەدرەسەکانی فیکریو سیستەمی سیاسی کە لێی دەست کورت بوون، لە ململانێی شارستانیدا توخمی بنچینەی زانستو تەکنەلۆجیایە کە ئەوان لێی دەست درێژن، بۆیە بلیمەتانە ئەو تیۆرەیان داهێناو دایان تاشی (نەك دۆزرابێتەوە)، بەو شێوەیە پێشکەوتن بەند کرا بە شارستانیو ئەویش بە زانستیو تەکنەلۆجیا.. ئیتر لیبرالی رۆژئاوا لێی باڵادەستن واتە پێشکەوتوون، گەورەترین چەمکیان بۆ خۆ پاوەن کردووە کە دەروازەیەکی ستراتیجیە بۆ پێشرەویو سەرکردایەتی کردنی جیهان و هەتا ئیستعمارکردنیشی.

لەوەی سەروو بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە هەر وڵاتێك مادام تەکنەلۆجیدارو سەرمایەدار بێت پێشکەوتووە کە عادەتەن ئارامو بەمو ئەسەساتی بوونو مەدەنیەکی ڕواڵەتیش لەگەڵ دێ، جا با شەڕانگێزو بێبەزەییو ئیستعمارو بێ دادگەریش بن، بەو پێیە ئەڵمانیای هتلەری، ئیتالیای مۆسۆلینی،

ئـەمریکای ترومـان، سـۆڤیەتی سـتالینی، هـەموو ئیـستعماریەتیش ولاتـانی پێشکەوتوون! ئیتر پێشکەوتن هیچ ناکۆکی نامێنێ لەگەڵ داگیرکـاریو بەکۆمـەڵ کوشتنو ئیمپریالیزمیو برسی کردنو دابەش کـردن.. لـە چـەمکە نەخلاقیەکـەی دادەرنێ، ئەوەش گـەورەترین نـاکۆکی زەقـە چـونکە پێـشکەوتوویی مرۆڤایـەتی پەیوەستە بە (ڕێباز) نەك (تەنها زانست)، پێـشکەوتووی مانـای هـەبوونی نیـە، دواکەوتوویش مانای نەبوونی نیە، بەو پێیە بێت ئەوا لـە ولاتـی خۆشمـان ئاغـاو برجوازیو سەرەك خێڵو دەسـەلاتدارو دەوڵەمەنـدەکان پێـشکەوتوون و جوتیـارو کرێکارو پالاو کاسبکارو نووسەرو ڕەوشەنبیری نەداریش.. دواکەوتوون.

ئەوە تێڕوانینێ ڕۆژئاوایی لیبرالی دیموکراسی چەوت و بێپێوەرە، ڕەتکراوەتەوە لەلایەن هـەموو مەدرەسـەو سـەنتەرو زۆربـەی زانایـانیش، مەگـەر مەدرەسـەو لایەنێك کە قەلۆش بێـت تـەنیا لاسـای کردنـەوە پـەیڕەوی بێـت، هەڵبەتـە لـە کۆمەڵگەیـەك کـە (مەبادینـەکانی ملکەچـی بەرژەوەندیەکانیـەتی) مەحاڵـە پێشکەوتوویی راستەقینەی لێ بێتە دی، وەك تاکیش مادام بەرژەوەندی تایبـەتی خستە سەرووی بەرژەوەندی گشتی هەروەك ئێستا زیاتر باوی وەرگرتووە هـەرگیز مرۆڤێکی پێشکەوتوویی لێ دروست نابێ بۆیە هەموو ئامارەکان بە ژمارەو کێرڤ (خط بیانی) دەیسەلمێنن کە جیهانی ئێستا - بە پێوەرەی دادگـەری -زۆر نزیکـە لە یاساکانی دەریاو دارستان با تەکنەلۆجیاو زانستیش هەر پێشکەوتوو بێت.

پێوەرە چەسپاوەکانی فەلسەفەی مارکسیش بۆ هەموو چەمکێك (لێـرەش بـۆ چەمکی پێشکەوتن) ئەوەیە تا چەند ئایدیۆلۆژیای بەرەو شیوعیەتە بـا ئینتمـای چینایەتیشی لەو نەبێت، هەرچی کیانە کۆمەلایەتیو دەزگا سیاسی و سیـستەمە ئابووری و ولاتیش بەگشتی بەوە هەڵدەسەنگێنرێ کە ڕێڕەوە مێژووییـەکەی چەندە نزیك بوویتەوە لە قۆناغی شیوعیەت، چـەندە وەرچـەرخاوە لـە سـەرمایەداریەوە بەرەو سۆشیالیستیو شیوعیەت کە دواوێستگەی پێـشکەوتنی هـەموو جیهـانو مێژووشە کە پێی دەڵێن (حتمية التأريخية)، جـا گـرنگ نیـە ئـەو ولاتـە خـاوەن

پیشەسازیە، دیکتاتۆریە، جەنگەڵستانە، ڕای میللەت چیە..

ڕای سۆشیال دیموکراسەکانیش وەکو زۆربەی جار بە لێڵیو دوودڵی دەردەکەوێ، بەشێکیان بەلای ڕۆژئاواییو بەشەکەی تر مارکسیەت، هەرچەندە لەو سەردەمە زیاتر بەرەو ڕۆژئاوان لەو پێناسەشدا.

لە فیکری ئیسلامدا بەتەواوی (پێشکەوتن)ی لێك جیادەکاتەوە (هەر خۆشی جیایە) لەگەڵ پێشکەوتنی زانستیو تەکنەلۆجی، بەندیشی نەکردووە بە زەمەن و قۆناغی کۆمەڵایەتی، لەکاتێکدا مارکسیەتو لیبرالیەکانو مەدرەسەی عەلمانی بە تێکڕای پێیان وایە پێشکەوتن بەشێوەی هێڵێکی بێ گەڕانەوەیە هەموو کۆمەڵ بەدوای یەك پێیدا تێپەڕ دەبن، هێڵەکەش بەندە بە زەمەن لە جەمسەری (کۆن) دەست پێدەکات بەرەو نوێ و پێشکەوتن، واتە هەموو نوێیەك لێرەدا پێشکەوتووتر دەبێت لەوانی پێشەخۆی، یان وەك هێلکاریەکەی مارکسی کە بە سپرینگی سەردەکەوێ، بەهۆی هەرسێ یاسای دیالێکتیکی (١- یاسای ناکۆکیەکان. ٢- یاسای وەرچەرخانی گۆڕانە چەندایەتیەکان بۆ چۆنایەتیەکان. ٣- یاسای نەفی نەلنەفی)، جارێ بەلای ئەوەدا ناچین ئەوانە چەندە مەرجی (یاسا)ی لێ سازاوە، مەبەست لێرەدا مارکسیەت پێی وایە ئەو گەشەو پێشکەوتنە کە بەهۆی ناکۆکیە ناوەکیەکان دروست دەبێت هەردەم بە پێش دەکەوێ، هەر ئەلقەیەکی سەروو هەم نەفی ئەلقەی پێشووە هەم نەفی کراوی ئەلقەی پێش خۆیەتی، هەر یەکەش مانای قۆناغێکی کۆمەڵایەتی دەبەخشێ کە سیستەمی بەرهەمهێنانی پێشکەوتووترە لەوەی تر بەهۆی ئامرازی پێشکەوتوو، بەدوایدا سیستەمی زانستی و سیاسیو کۆمەڵایەتی و فیکری و دەروونیو هەرەدواییەکەی ئاینیشە دەگۆڕێت و پێشتر دەکەوێ، جارێکی تر ناگەڕێتەوە سەر قۆناغی یەکەم، ئەوە (یاسای ڕەوشی مێژووە) هەموو باڵ و مەدرەسەکانی عەلمانی لەسەری کۆکن بەرەو سەرکێشی مێژوویی (الجاذبية التأريخية) دەڕوا.. بەو شێوەیە ئەگەر ئەو تێڕوانینە خوورد کەینەوە بە سادەتر مانای وایە هەردەم وڵاتانی

سۆشیالستی پێشکەوتووترن لە وڵاتانی سەرمایەداری، هەروەها کرێکار بە رەهایی پێشکەوتووترە لە بۆرجوازی، جوتیار لە ئاغا، چینی کرێکاریش لە چینەکانی تر، تەواو پێچەوانەی بۆچوونی لیبراڵی و رۆژئاوایە.. هەر بۆیەش لە تیۆری سیاسی مارکسیدا یەکێ لە مەرجەکانی سەرکەوتنی شۆڕشی (پێشڕەوێکی پرۆلیتاریا)یە، ئیتر لەناو یەك وڵات و میللەتیش پێشکەوتن و دواکەوتن دەبێتە چینایەتی.. کەچی لە واقعدا دەبینین تەواو پێچەوانەیە، هەتا لەو میللەتانەی کە دابەش بوون بۆ سۆشیالیستی و سەرمایەداری وەك کۆریای سەروو و کۆریای خواروو، هەردوو یەمەن، ئەڵمانیای رۆژهەلات و رۆژئاوا... دەبوایە سۆشیالیستەکان پێشکەوتووتر بێت کەچی پێچەوانەکەی راست تر دەرچوو.

هەموو ئەو تێڕوانینانەی سەروو بە (تطور الخطي)یشەوە، بە تێڕوانینی هەموو مەدرەسە مادی و عەلمانیەکانیشەوە بە ناکۆکی خۆ بەخۆ و بە واقعیش شکستی هێنا و دێنێ..

لە فیکری ئیسلامیدا پلەی پێشکەوتنی کۆمەڵ و تاکیش بەو شێوەیە نادۆزرێتەوە، جارێ پێشکەوتنی میللەتان و مێژووش بە (راستەهێڵ- وەك تەتە وریەکان)ی رۆژئاوا نیە، نەوەك (سپرینگیەکەی) مارکسیشە، لەبەر هۆیەکی سادە، چونکە دادگەری و یەکسانیو پیاوەتی و بەزەیی و هاریکاریو مرۆڤایەتی لە سەردەمێك زۆر زیاتر هەبووە لە ئێستا کە پلەی زانستی تەکنەلۆجی نزیك سفر بووە.

فیکری ئیسلامی بە راستەقینەتر وەڵامی ئەو پرسیارەی پێشوو دەداتەوە لەبارەی فاکتەری بنچینەی پێشکەوتنی مرۆڤ، لەنێوان جوانیو مۆدێرنیو شێوەی دەمو چاوو قژو خوێنو سامانو کۆشکو تەلار پایە رەچەڵەکیو خانەدانیو پلەی خوێندن و.. هەموو ئەوانە ناتوانن بڕوانامەی پێشکەوتن بە مرۆڤێك بدەن، گرنگ نیە ئەو مرۆڤە چی لەبەرە، چی دەخوا، کوڕی کێیە، کوڕی چ زەمانو زەمینێکە، پایەی هەیە، نیە، .. گرنگ ئەوەیە چی لە مێشکیدایە، چی لە دڵ و

دەروونی دا هەیە، یان زانستیانە تر دەری ببڕین تا چەندە لایەنی ئەخلاقی زاڵە بەسەر لایەنی دەروونی (وەك لە بابەتی ناخی مرۆڤ باسکرا)، واتە تا چەند ئەو مرۆڤە بەرەوشت و هاریکارو بە ئەمەكو خێرمەندو پابەند بە یاساو بەرپرسیاریەتی گشتی و چەندە بە خەم بەرژەوەندی گشتیە چەندە ولاتپارێزە، راستگۆو بەبەزەیی و خۆنەویست و... تا ئەوەیە پێوەری پێشکەوتن هەم لە واقعیشدا هەم بەپێی پەیامیش، ئەوانەش هەمووی مەبادیئەکانی سەرەتای رەوشتن، واتە پێشکەوتن و پاشکەوتنی تاك بە ئەندازەی پانتای رەوشتی هەڵدەسەنگێنرێ ئاخۆ ئەو گیان لەبەرە ئادەمیزادە یاخود گورگە، بۆیەش ئامانج(مقاصد)ی هەموو پێغەمبەرەکان (انما بعثت لأتمم مکارم الأخلاق)..

بە هەمان شێوەش کیانە سیاسی و دەزگا و کۆمەڵگە و مەدرەسە و وڵات و سیستەمەکانیش بە هەمان پێوەر هەڵدەسەنگێنرێ، ئیتر ناشێ بڵێین هەرگیز پەیوەندی نێو دەوڵەتی پەیوەندیەکی بەرژەوەندیە.. ئەوەیان لەو سەردەمە باوە بەڵام ئەوە نیشانەی رەسەنو بنەچەی مرۆڤ و کۆمەڵگە نیە، کۆمەڵگەیەکی جیهانی دادگەرو یاسای نێو دەوڵەتی راستو دروست پەیدا نابێ، چاکترین نیشانەی پێشکەوتنی کۆمەڵ بە رەهبەر (مرجع)و سەرۆکەکانی دەردەکەوێ چەندە مەبدەئی (سید القوم خادمهم)ی پەیڕەو کردووە، کە کۆمەڵگەیەکی خۆنەویست و بە مەبادئیت پێشکەش دەکا.

ئەو بنچینەیەی پێشکەوتن لەژێر خانەکانی رەوشتو عەقڵانیەت پەیوەندی بە شوێنی جوگرافیو رەچەڵەكو نێنتمای چینایەتیو نەتەوەی نیە.. بەڵکو دەکەوێتە سەر پەروەردە و پرۆسەی زانستی چاکسازی، هەر بۆیەش بەرنامەی ئیسلام (پوختەی ئاینی هەموو پێغەمبەرەکان بووە) ئاینێکی جیهانی و سەرمەشقی پێشکەوتنیشە ئەگەر بە راستەقینەی پەیڕەو بکرێت، ئاینەکانی دەستکردیش سەرمەشقی دواکەوتن (رجعیت)ە مادام کۆڵەگەکانی فیکری و سیاسی بریتیە لە فاکتەرە شاقولیەکان، خۆ ئەگەر هەر بپەرێتەوە بۆ فاکتەرە ئاسۆییەکان ئەوا

یەکسەر دەچێتە سەر رارەوەی میکاڤیلی و درۆو بێئەمەکیو بەرژەوەند پەرستیو خۆویستی، گیرفان پڕکردن و پایە ویستی..گورگایەتی وەك میکافیلیو هۆیزو نیتشەو..وەسفیان کردووە .

لێرەدا دەگەینە ئەنجامێکی گرنگ ئەوەیە رەوتی مێژوویی و پێشکەوتن وەك رەوتی مێژووی زانیاری و زانست و فەلسەفە و تەکنەلۆجیا نیە، لەکاتێکدا راستە ئەوانە سیفاتی (monotonice- أطراد)یان هەیە، واتە لەگەڵ زەمەن ساڵ بەساڵ زیاد و فراوان دەبن، نیتر ئەو کێرڤە وەردەگری، بەڵام پێشکەوتنی کۆمەڵ و تاك بەو شێوەیە نیە، هەم لەناو نەخشەی دەروونی مرۆڤ و هەم لەسەر نەخشەی واقیعی کۆمەڵایەتیش، چونکە هەر مرۆڤێك لەگەڵ بوونی رەوشت و بەهاکان بە میرات و زگماکی ناهێنێ نە بەچاك و نە بە خراپ، بۆیە مەحاڵ نیە کوڕی شۆڕشگێڕێك خائین بێت، کوڕی خائینێك نیشتمان پەروەر دەرچێت، هاوسەری فیرعەون چاك و هاوسەر و کوڕی ح.نوح خراپ... هەندێ تێڕوانینی سەردەمی یۆنانیەکان راستی تیابوو لەوانە لەبارەی پێشکەوتن وتویانە: کۆمەڵگە پێش دەکەوێ، بەڵام دوای وەك وەرزەکان لە (بوهار) دەچێتە هاوین و زستان و دەمرن، یان بە دەورەی گەنجی-پیری-مردن، یان قۆناغی (زێڕین)، قۆناغی زیوی، برۆنزی، ئاسن، .. تا ئێستاش ئەو بیرۆکەیە بەردەوامە و بەشێکی راستە کە پێش کەوتن لەگەڵ زەمەن راستەوانە نیە.. بەڵام بازنەیش نیە (وەك وەرزەکان، یان منداڵی و گەنجی و پیری مردن..).

کەواتە رەوتی مێژوویی کۆمەڵگەش وانیە وەك لە هێڵکاریەکانی (مارکس) یان (تطوریەکان).. ئەوەیان دەشێ راست بێت بۆ پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆجیا و فەلسەفە و زانیاری، بەڵام پێشکەوتنی کۆمەڵ و تاك بە شێوەیەکی تر وەك ئەو هێڵکاریەی گوزارشت لەگەشەسەندن لەڕوانگەی ئیسلامی ومارکسی دەکا (بڕوانە نامیلکەی : هەلبژاردن لە نێوان ئیسلام وعەلمانی -نووسەر) ، بۆیە دەشێ بڵێی کۆمەڵگەی کوردەواری پەنجاکان پێشکەوتووتر بووە لە ئێستا، یان

لادێییەك پێشکەوتووترە لە شاریەك، یان کۆمەڵگەی ئیسلامی سەرەتای (ژمارەی پێوانەییە) لە پێشکەوتن، ئەو دوا وێستگەی پێشکەوتنە لە مێژووی کۆمەڵ و دەشێش چەندجارە ببتەوە، ناشکەوێتە سەر قۆناغی مێژوویی و ئاستی زانستی، هەرچەندە کاریشی لێ دەکا، ئیتر ئەو پێوەرانەی گوایە هەردەم شاریەك لە لادێییەك پێشکەوتووترە، یان دەوڵەمەندێك لە هەژارێك، ئەورووپییەك لە ئاسیاییەك، ئاغایەك لە کرمانجێك، بەڕێوەبەر لە فەرمانبەرێك.. ئەو تەرازوانە چەوتن، ئەوە پێوەرو تەرازووی بۆرجوازیو لیبرال دیموکراسیو زۆربەی عەلمانییەتە.

هەتا ناکەوێتە سەر بڕوانامەو پلەی زانستیش، ئەوەتا چەندین خاوەن بڕوانامەو نووسەرو توێژەرەوەی باڵاو پزیشکان.. بەرژەوەندی تایبەتی بە حەوت قات خستۆتە سەر بەرژەوەندی گشتی لە رەوتی ژیانیدا.

(٣٧)

ستراتيج سوقي strategic

ئەو زاراوە زیاتر لە کاروباری سەربازیەوە گەشەی کردووە، دوای پەرپیەوە بۆ بوارەکانی ترو ئێستا لەنێو سیاسەتو دیپلۆماسیەتو پلانە ئابووریو کۆمەڵایەتیو زانستیو هەتا لە ڕێڕەوی تاکیش بەکاردێت.

لە بنەچەدا وشەیەکی یۆنانیە مانای (خطط عامة- پلانە گشتیەکان)[١]، بەڵام بە پێی (الموسوعة العربية) ناوێکە نەسڵەکەی لە (strategos) هاتووە، دوو وشەی لێکدراوە، یەکەمیان (stratos) واتە هێزەکان، دووەم (ago) واتە سەرپەرشتی دەکەم[٢]، یان خودی، بە مانای سەرپەرشتی کۆمەڵێك هێز کردنو ڕاپەڕاندنی، دوای لە سەدەی (١٩) لەلایەن (کلاوزیفتز) پێناسێکی سەربازیانەی پێدرا، بەو مانایەی ئامانجە سەرەکی و دوورەکان بپێکی، دوای هەریەکە لە (هارت، بۆفر، ماو، سۆلوفسکی..) ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لە فراوان کردنی مانای (ستراتیجیەت) بۆ نێو سیاسەت بەهەمان مانای (نەخشەی درێژ لەپێناو هێنانەدی ئامانجی سیاسی)، ئینجا دوایی پەرپیەوە زۆربەی بوارەکانی ژیانی لە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فێرکردن و.. هەتا دەگاتە بەرنامە شەخسیەکانیشی گرتەوە، بۆیەش کۆمەڵێك پێناسی بەخۆ وەرگرتووە، بەشێك پێیان وایە هەرچی گرنگیەك ئاسایی نەبێت ئەوا ستراتیجە، لە (موسوعة العربية) پێناسەکانی کۆکردۆتەوە، دەقەکەی بە عەرەبی تۆمار دەکەین: (علم و فن یعنیان بدراسة

---

[١] الموسوعة السياسية ج١ ل١٦٩

[٢] الموسوعة العربية- مادة: ستراتيج.

طاقات وقوة المتاحة، وتوفير الخطط والوسائل لتحقيق أهداف السياسية تحقيقاً مباشرة أو غير مباشرة)، زانستيشە چونكە ئەوەستێتە سەر زانیاریو وردبوونەوەو ئەزموون، هونەریشە چونكە چۆنیەتی هێنانەدی لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر جیایە[1]، بەشێكی تریش بە (فن القیادة- هونەری سەركردایەتی) ناو دەبەن، یان (فن الحرب- هونەری جەنگی) یان دەڵێن (الحرب خدعة) جەوهەری ستراتیجیەتە كاتێ دەبەسترێتەوە بە تاكتیك، لەرووی سیاسیش وا رێكەواتوون كە بریتیە لە (دیاریكردنی رووكاری سەرەكی بزوتنەوەكەو ئیمكانیەتەكانی هێنانە دی ئامانج)، كە ناوی ستراتیج دێت یەكسەر (تاكتیك)یش وەك جمك لەگەڵیدا قووت دەبێتەوە، بۆیە پێناسی ستراتیج لە تاكتیك جیا نەكرایتەوە، ئەگەر ستراتیج (فن القیاده یان فن الحرب) بێت ئەوا (تاكتیك) (فن القیادة في میدان المعركة آنیاً) كراوە، واتە تاكتیك تەواوكاری بەش و قۆناغەكانی ستراتیجیەتە، بۆیە لە سیاسەتیش دا پێناسی تاكتیك هەروا هاتووە كە (بەدەست هێنانی دەستكەوتێكی سیاسی ساتی لە مەیداندا)[2] هەرچەندە زۆربەی جار بەپێی ئەو پێناسانەو بەپێی واقیعی مەیدانیانەش تاكتیك لە جوغزی ستراتیج دەردەچێ.. بۆیە دەبینین ستراتیجیەتی ئەو حزبو لایەنو بەرنامانەی (بەتایبەت كە مەبدەئیش نەبێت) دەبێتە كۆمەڵە كردارێكی تاكتیكیو بەس، بەپێچەوانەی بەرنامە عەقیدەییەكان كە زۆربەی هەڵسو كەوت و مەیدانیەكانیش ستراتیجیەو تاكتیك مەودایەكی زۆری نیە، ئنجا (تاكتیك) زیاتر لەگەڵ دوژمن نەك لەگەڵ دۆستو هاوتاو هاوپەیمانو سنور ببەزێنێ بۆ فریودانو هەڵخەڵەتاندنی هەموو كەس، ئەوەش دارێنینی ستراتیجە لەناوەڕۆكە ئەخلاقیەكان، (توقیة) زاراوەیەكە لە فقهی ئیسلامی لە ناوەڕۆكدا تا رادەیەك دەچێتەوە سەر (تاكتیك)، هەرچەندە لە سەرەتای (سیرة) بەكارهاتووە، بۆ هەموو سەرەتایەكو لە قۆناغەكانی بێهێزی

---

[1] الموسوعة العربية.

[2] ما العولمة ؟- د.حسن حنفي، د. صادق عظم.

پێویسته، بۆیه له دوایيدا لەلایەن (رارەوی شیعه)و بەشێكی زۆری ئیمامەكانی رارەوی سوننەش رێی پێداوه له بارودۆخی خۆیدا، هەروەك ئێستاش زیاتر له هەموان (بزوتنەوەی برایان) بەكاری دەهێنن.. ئەوەی كێشەی لەسەره زیاتر ئاخۆ چەندە دروستەو دەشێ لەگەڵ هاورێو لایەنە ئیسلامیەكانی تر بەكاری بهێنێ؟ چەندە دروستە بۆ فریودانو هەڵخەڵەتاندن بەكاری بهێنی؟.

لەو سەرەدەمەدا مەبەست لە ستراتیجیش هەموو ئەو نەخشە درێژخایەنانەیە كە دادەرێژرێ بە بەرنامەو پرۆژەیەك بۆ ئامانجێكی دوور یان چەند ئامانجێك.

هەڵبەتە (تاكتیك)یش لە باری دروستی خۆی مانای ئەو هەنگاوە دەمو دەستانەیە كە لە خزمەتی ستراتیجە، زیاتر ئەو هەنگاوانەش دەگرێتەوە كە لە رووكەش ئاسایی نینو تەواو ناگونجێن لەگەڵ سروشتی بەرنامەكە یان هەتا بەرنامە ستراتیجیەكەش بەڵام لە بنچینەو دیوی ناوەوەدا خزمەتی پرۆژەو ستراتیجیەكە دەكا، ئێستا كەمتر ئیشوكارێك ماوە بێ پلانو بەرنامەو ستراتیجیەت بە تایبەتی لە عەولەمەدا، چونكە بۆ هەر هەنگاوێك، بۆ هەر بەرنامەو پلانێك بەدەیان پلانو هەنگاوی دژ پەیدا دەبێت، مادام ئیشو كارەكانی بەشەریەت زیاتر تێك دەچرژێو بەرژەوەندیەكان راستەوخۆترو بە پانتاییەكی فراوانتر تێك دەگیرێن، بۆیە لەگەڵ ئەو فرەییە، فرە ستراتیج پەیدادەبێ لە هەرە چاكو هەرە خراپ، سەلبیو ئیجابی..، جا ستراتیجی زانستی بریتیە لەو هەنگاوانە:

١- دۆزینەوەی سەرچاوەكانی دروستكەری روداو واقیعی هەنووكەیی.
٢- دۆزینەوەی جۆری پەیوەندیە دیارو نادیارەكانی ئەو سەرچاوانە.
٣- دۆزینەوەی رووكارو مەوداو ئیمكانیەتو فاكتەری هەرە كاریگەر لێیان.
٤- نەخشەو پلان دارشتن بە پێی ئەو دۆزینەوانە بەهۆی یاسای (علة ومعلول) تا بتوانی دەستكاری هۆیەكانی (علل) بكەی بۆ هێنانە دی ئامانجە ویستراوەكان، دەبێتە هۆی كۆنترۆڵكردنی روداوەكانو وەرچەرخاندنی لە قازانجی

بەرنامە ستراتيجيەکە، بەو شێوەیە کارێکی پسپۆڕیە نەك عەوامی.. بۆیەش سەرکردەیەکی خاوەن ستراتيجی هەنگاوەکانی هەردەم ئەو نیشانانەی هەیە:

١- قووڵە نەك سەر چیخە.

٢- بابەتیە نەك تەنیا خودی.

٣- ئەنجامەکانی ئەو هەنگاوە تەواو هەڵسەنگێنراوەو ناکاوی تیا نابێ.

٤- هەنگاوەکە هەمەلایەنی لێك دراپتەوە نەك لەسەر یەك لا بیناکرابێت.

٥- دووربینی تیایە نەك هەنوکەییانە.

ئەو نیشانانە یەکە یەکە لەگەڵ هەنگاوەکانی (سیرة) تەواو جووت دەبێت، هەروەها لەگەڵ زۆربەی سەرکردە دانا و زاناکان کە توانیویانە واقیعی جیهانو ناوچەکەیان بگۆڕن، هەر لەو سەردەمەش ستراتيج دەورێکی گرنگی هەیە لە هەموو بوارەکان بۆ وەرگێڕانی رووداوە سەلبیو نیمچە سەلبیو قەدەری نادیار بۆ ژێر کۆنترۆڵ، بۆ مسۆگەرکردنی چارەنووسێکی دیار، ستراتيجیەتێکی راستو دروست هەردەم دەتکاتە خاوەن بەرنامەو پرۆژەی هەمەلایەن و ئەو بەرهەمانەی دەبێت:-

١- بەهۆی ئەو ستراتيجیەتە سوود لە هەموو دیاردە و رووداوەکان وەردەگیرێ، هەتا سەلبیش بێت ، لای سەلبیاتەکەی روو لە دەربکرێتو لای ئیجابیەکەش بۆ ناوەوە.

٢- هەردەم دەزگاو (تشکیلەکان) مونەسەساتی و رێك و پێك دەبێت.

٣- لەپێش رووداو دەبێ نەك لە دوای.

٤- ئەو جۆرە بەرنامەو پرۆژانە لە باری ئاساییو نائاسایی، یاساییو نایاسایی، زانستیو نەفامی، مەدەنیو سەربازی، شەڕو ئاشتی... کاری خۆیان ئەنجام بدەن.

٥- ئەگەر هەڵوێست هەنگاوەکانیشیان لە زەمانو زەمیندا لێك جیا بن ئەوا لە ماهیەتدا هاوبەشە.

٦- دیاردەکانی پەشیمان بوونەوە، رەمەکی، عەبەسیەت، ناکاوی، دووبەرەکی، ناکۆکی نێوان کردەو گوفتە، نێوان بنکەو سەرکردە، نێوان ئێستاو داهاتوو، هەنگاوی بێ ئەنجام کەمتر لەو فەرهەنگە جێگەی دەبێتەوە.

٧- لە هەر پرۆژەیەکی ستراجیداردا بەشەکانی سەروو خواروو، لە دەرەوەو لە ناوەوە، رەسمی و نارەسمی.. بێئەوەی ئاگاداری یەکیش بن هەڵوێستەکانیان جووت دەبێت نەك هەر لەسەر رووداوو کێشەکانی رابوردوو، هەڵوێستە سەرەکیەکانی فیکری و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و سیاسی.. هەتا لە رووداوە نوێکانیش.

٨- جم و جۆڵ و چالاکیە جیاجیاکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و میللی و یاسایی و نایاسایی و هونەری و رەوشەنبیری و وەرزش.. لە کۆتاییدا هەمووی دەرژێتە ناو یەك دەریاچەی ئەو ستراتیجیەتە.

٩- دەتوانرێ لەژێر ناونیشانی جیاجیا ئەو ئامانجانە بهێنرێتە دی.

١٠- هەردەم پرۆژەکە تێرو تەسەل و ستاندەر دەبێ، رەگی قووڵ دەبێتەوە بۆ کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکری و رای گشتی و نیشتمانی و مێژوویی.. هەردەم فرە کارتت لە دەست دەبێت، فرە رێگەو بوارت لەبەردەم دەبێت، زۆربەی دەرگاکانت بۆ والا دەبێتەوە، هەتا لەژێر دەسەڵاتە دیکتاتۆریەکانیش هەموو رێگە و کارتەکانت لە دەست نابێتەوە، هەردەم خاوەن بەدیلو هاوتا دەبێ، بەکورتی لە ئیجابیاتی هیچ رووداو و دیاردەو گەڵاڵەیەك بێبەشی نابی، تاکە سەرچاوەیەك داینەمۆت نابێ تا دوژمن بە ئاسانی وشکی بکا.. هەردەم خاوەن فرەسەرچاوەی..

ستراتیج لە مەدرەسەکانی عەلمانیدا کەمتر مەبەستی خزمەتی مرۆڤایەتی دەبێ، مەبەستەکە لە کۆتاییدا مادی ئابووریە، لە فیکری ئیسلامیدا ستراتیژیەت بۆ هەموو لایەن دادەرێژرێ و هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە، بەلام (بیت القصید) بزر نیە، مەبەست تیایدا خزمەتی مرۆڤە، هەرچەند لە فیکری ئیسلامیدا ئامرازو ئامانج بێ مرۆڤ نیە نەپەسەندیشە، بۆیەش لە هەموان گرنگۆ

ستراتيجيەتی: دروست کردن و بینای کۆمەڵایەتی و مرۆڤە کە لە مەدرەسەکانی عەلمانی ئەو لایەنە گرنگ و ناوەندی نیە، ئیتر بەشی هەرەزۆری بەرنامە و ستراتیجیەتی ئیسلام بۆ ئێستاو داهاتووە نەك بۆ رابوردوو،بە پێچەوانەی پۆلێکی فراوان لە رۆژهەڵاتناسی (مستشرق)ەکانو هەندێ نووسەر بالای خۆشمان کە وەسفی ئاین دەکەن وای دەناسنەوە گوایە ئاین لەگەڵ عەلمانیەت لەو رووەدا بەوە لێك جیادەکرێتەوە کە ئاین گرنگی بەرابوردوو دەداو عەلمانیەتیش بە داهاتوو و چارەنووس.. ئەوەیان بوختانە، راستیەکەی ئەوەیە عەلمانیەت گرنگی زیاتر بە (ئەو ساتە) دەدات، بەلام ئاینی ئیسلام زیاتر بە چارەنوس، نەك تەنیا (رۆژی دوایی) چارەنووس مرۆڤ لەسەر ئەو زەویە، واتە جگە لە (بەروا) و (رۆژی دوایی).. ئەوا بەرنامە کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووریەکانیشی هێزێکی نیمچە سەربەخۆن بۆ لەباوەش گرتنی کۆمەڵو دادگەریو خۆشگوزەرانیو پێشکەوتن.

(٣٨)

پاكتاوى رەگەزى- (تەعريبو تەتريك) تطهير العرقي
Ethnic Cleansing

لێرەدا هەردوو چەمكى (تەعريب)و (تەتريك) تايبەتن لە بابەتەكەمان، بـەڵام ئەو دووەش بەشێكن لە چەمكێكى فراوانتر كە پێى دەڵـێن (پاكتـاوى رەگـەزى)، ئـەو دياردەيــە نوێيــە لەگــەڵ ســەرەنجامەكانى بــيرى نەتــەوەيىو هەڵمەتــە ئيمپرياليزمىو داگيركارى سەرى هەڵداوە، بۆيە دەبينين ئـەو چـەمكە كـەمتر لـە فەرهەنگە كۆنەكان تۆماركراون، هەتا لـە (دائـرە المعـارف العالميـة)، (موسـوعە العالمية).. نەبووەو نيە، مەبەست لە پاكتاوى رەگەزى ئەو پرۆسەيە كە دەســەڵاتى رەسمى هەڵدەستێ بە گۆڕينى ديموگرافى ناوچەيەك، واتە نەخشەى دابـەش بـوونى رەنگەكان دەگۆڕێ، بەهۆى گواستنەوەى (بەخۆشى يان ناخۆشى) خـەڵكێكى جيـا لە رەچـەڵەكى دەســەڵاتدارو لـەجياتى خـەڵكێكى تـر دەهێننـە جێيـان كـە لـەو رەچەڵەكە بن، لە كوردستان ئەو پرۆسەيە لەو سەردەمە بـە (تـەعريب) ناوبـانگى دەركردووە، (تەتريك- بە تورك كردن) كەمتر بۆتەوە.

ئەو دياردەيە هاوكاتە لەگەڵ ئەو هەنگاوانە:

١-پەيدابوونى سيستەمى ئيمپرياليزمى.

٢- پەيدابوونى بيرى نەتەوەيىو عەلمانى.

٣- لەدواى سيستەمى ئيمپراتۆريەت بەگشتىو لـە ناوچـەكەو كوردسـتانيش لەدواى لاوازىو داڕمانى خەلافەتى عوسمـانى سـەرى هەڵـدا، بـەپێى (موسـوعة السياسية) دياردەى (پاكتاوى رەگەزى) يەكەم جار لەلايەن نەتەودگەريـە عەلمانيـە

تورکەکان (کە بە تۆرانی ناوی بردووە) ئەنجام دراوە لە دژی نەتەوەی غەیرە تورکی وەك ئەرمەنو عەرەبو کوردو چەرکەس..، وردتر لەلایەن (توماس بوا) پرۆسـەی (بەتورك کردنی) دژ بە کورد یەکەجار لەسەر دەستی (انور پاشا) گەورە بەرپرسـی حزبی (اتحاد والترقی- عەلمانی نەتەوەیی) کراوە[1]، ئەنوەر پاشاو (ئیتحادیەکان) لەکۆتایی سەدەی (١٩) دامو دەزگایان لەناو خەلافەت دروست کردبـوو هـەر لـەو کاتیەوە بناغەی ئەو دیاردە نوێو سـەلبیانەی: دەمـارگیری نەتـەوەیی، پاکتـاوی رەگەزی، جیاوازی نەتەوەیی، دووبەرەکی، ... دروست ببوو، ئەوە مانای ئەوە نیە پاکانە بۆ دامو دەزگای هەندێ لە خەلیفەو سولتانەکان بکرێ، نەخێر، بەلام مانای ئەوەیە خراپەو چاکەی ئەو خەلیفانە شێوازی نەتەوەگەری نەبووە، بۆیە ئەو شێوازە لەگەڵ سەرهەڵدانی تەیاری عەلمانی نەتەوەگەری کە لە کۆتای سەدەی (١٩) لەناو خەلافەت خۆیان دەمامـك دابـوو، بەتایبـەتی ئـەو (٣) سـەرکردەیەی (ئیتحـاد الترقی- انورپاشا، طلعت پاشا، جمـال پاشـا) هەریەکـە وەزارەتـەکانی (نـاوەخۆ، جەنگ، دەرموە) یان لەدەست بووە، نیتر کاریگەریان زۆر بوو لەسەر دروستکردنی رووداوەکانی لە جۆری پاکتاوی رەگـەزی لـەدژی ئەرمـەن دوایـش کـورد، چـونکە ئەوانە زیاتر کاربەدەست بوینە بۆیـە نـاوی ئـەو ولاتـە لـە کتێبـەکانی ئـەورووپی بەناوی (ولاتی ئەنوەر) ناسرابوو.

بنەچـەکـەی: هەڵبەتە سەرچاوەی ئەو دیاردە بە شەپۆل لای رۆژئـاوا لەگـەڵ بیری عـەلمانیەتو نەتەوەگەری سەری هەڵـداوەو هاتۆتـە ناوچـەکەش، پالـەرێکی سیاسیو ئابووریو کۆمەلایەتی ئالۆزی لەگـەڵ بـووە، هـەروەك لەگـەڵ نەتـەوەو خەلکی هەردوو ئەمریکاو ئوسترالیا کراوە، کە نەتەوە رەسەنەکانیان ئەوانەن: لـە بەرازیل (گوارنا، توبنابا)، کۆلۆمبیـا (نشیتـشا)، پـاراگوای (گـواران)، بۆلیڤیـا (أبهارا)، پیرۆ (انکا، کیشوا)، هندۆراس (مایا)[2]، ئوسـترالیا (پورجـوان).. کـە

---

[1] بۆ زیاتر سەرنج بدە: تأريخ الاکراد- تۆماس بوا ص١٩٥

[2] بۆ زیاتر سەرنج بدە الموسوعة العالمية

ئێستا خەریکە ناویان هەر بزر بێت، لە ئەمریکا هندیە سورەکان کەمتر لە ٩٪ی دانیشتوان پێك دێنن. هەروەها لە ئیرلەندای سەرووش (گالی)زمانەکانی ئیرلەندای ڕەسمن مەزهەبیشیان (کاسۆلیکە) مەزهەبی ئینگلیز (پرۆتستان)ە دووچاری پرۆسەی پاکتاوی ڕەگەزی بە ئینگلیزکردن بوونەوە،و ئێستا بوونەتە کەمایەتی بەهۆی ئەو پاکتاوی ڕەگەزیە.

لە هەموو نموونەیەك نزیکو زەقتر بە فەرەنسی کردنی سەروی ئەفریقا بوو تا ئەو ساتەش ناسەواری ماوە، ئیتر لە ئەفریقاو جیهان زۆر نەتەوە هەیە بە زمانو نەریتو واقیعەوە تواونەوە بەهۆی ئەو پاکتاوە ڕەگەزیە کە ئیستا زۆربەشیان ئەندامن لە ڕێکخراوی فرانکۆ فۆنیە، چونکە ئەو پاکتاوە هەر قەتیس نەما لە گۆڕینی دیموگرافی ناوچە، بەڵکو بۆ تەواوکردنی ئەو پرۆسەیە هەڵمەتی پێشینەی (غزو الثقافي)، پاکتاوی زمانەوانی، کەلتوری، مێژویی، مەزهەبی، ئاینی، ڕەچەڵەکی، نەژادی، .. زۆر لای تریش دەگرتەوە.

لە هیندستانیش گەورەترین لێك جیابوونەوە بەهۆی ئەو پاکتاوە ڕەگەزیە دروست بوو لەساڵانی ١٩٤٧ ئاڵوگۆڕێکی دەگمەن ڕوویدا، موسڵمانەکان بۆ پاکستانو هندۆسەکانیش بۆ هیند، هەتا سیکەو بوزیشی گرتەوە، وەك شێوازێکی مەزهەبی، ئەو شێوازە کۆن ترینیانە هەتا لە مێژووی وڵاتانی ئیسلامیش.

لە خوارووی ئەفریقا ئەو جۆرە سیاسەتە تا کۆتایی جەنگی ساردیش هەر بەردەوام بوو، شێوازی نەژادی وەرگرتبوو، سپی پێستەکان لەدژی ڕەش پێستەکان کە بە ڕژێمی ئاپارتاید بەناوبانگ بوو، لە فەلەستینیش شێوەی ئاینی وەرگرتبوو. لەدوای هەڵوەشانەوەی شیوعیەتو گەڕانەوەو زیندووبوونەوەی فاکتەرە شاقوڵیەکانی نەتەوەگەری دیسان پاکتاوی ڕەگەزی بە چەندین ئاڕستەی ئاینی (لەگەڵ موسڵمانەکان)، مەزهەبی (لەگەڵ کرواتیە مەسیحیەکانی کاسۆلیك)، نەتەوەگەری (لەگەڵ ڕەچەڵەك ئەلبانی لە کۆسۆڤا).. هەمووی لەلایەن سربەکان کرا..

لەدوای سەدەی ١٩ هەر بە گەیشتنی بیری عەلمانیەتو نەتەوەگەری بۆ سەر دەسەڵات ئەو دیاردەیە رووی لە کورد کردووە، شێوازی وا لە کۆن هەبووە لەسەر بنچینەی مەزهەبیو ئاینیو چینایەتی بە تایبەتی لەلایەن رۆم، بەڵام بەو مانـاو مەبەستو ماهیەتە نەبووە، لە کوردستان هەرگیز راگواستن بەو شێوازەش نەبووە، کە جارجار بە یەکێ لەو سێ دۆخو هۆیانە روویان دەدا:

١- کاتـێ سـەرەك خێڵێـك لەناوچـەیەك لـە دەسـەڵاتی (ئیمپراتـۆر یـاخود فەرمانڕەوای ناوچەکە) یاخی دەبوو دەگەیشتە دەربەدەرکرانو بەرەو ناوچـەکی تـر بە کۆڕەو.

٢- یان لەسەر سنوری نێوان دوو ئیمپراتۆریەت یان دەسەڵاتی دەڤەری هەسـت کراوە هەندێ خێڵ پەیوەندی بە ئیمپراتۆرەکەی تر کردووە راگوێزراوەتەوە.

٣- پاڵنەرێکی گرنگ تریش هەیە جـار وایـە (ئیمپراتـۆر) چـەند ناوچـەیەکی گرنگی بەچەند خێڵێکی بە برشت دەسپارد بۆ پارێزگاری لە هێرشی دەرەوەو ئـیتر لە شوێنی خۆیان بەکۆ دەچـوونە ناوچـەکە بـۆ بـەرگریو جێنـشین دەبـوون، ئـەو دۆخەی دوای لەمێژوودا بەرچاو کەوتووە لەگەڵ خێڵەکوردیەکان کـراوە، بـەلام لـە هیچ دۆخیکیان دا گۆڕینی دیموگرافی نەبووە، هـەروەك محمـدأمین زکـی بـەگ لـە کتێبـی (کـوردو کوردسـتان) ل٤٣ هەنـدێ نمونـەی نـەقڵ کـردووە وەك خـۆی دەینوسینەوە: ((شاعەباس گەورە بۆ محافظـە کردنـی حـدودی شمـال شـرقی ئـیران بەرامبەر تورکمان بعض عشائیری کوردی لـە شمـال غربـی ئیرانـەوە نقـل کـردوە خوراسان وەك (شاهدار، زافرانلو، کیوانلو، امانلو..).. ئەوەش جێگەی شـانازیو پیاوەتی ئەو عەشیرەتانە بووە)).

هەرچی دیاردەی (بەتورك کردنو بـە عـەرەب کـردن)ە ئـەوا لـەدوای سـەدەی بیستەم لە هەموو لایەك لەگەڵ کورد کراوە، لە یەکێتی سۆڤیەتیش بـە تایبـەتی لە سەردەمی (ستالین) بە سیاسەتی توانەوەش، بەڵام لـە قۆنـاغی نوێـدا لـەدوای ساڵی ١٩٥٨ز وگەیشتنی بیری نەتەوەگەری عەلمانی (عروب)ی بە دەسەڵاتەوە بـۆ

عێراق زیاترو ڕاستەوخۆتر ئەو سیاسەتە پەیڕەو کراوە، لەلای ئێران کەمتر ئەو جۆرە سیاسەتە پەیڕەوە کراوە، تایبەتمەندیەك هەیە لەو لایە نەك هەر لە سەردەمی (شۆڕشی ئێرانی دوای ١٩٧٩) بەڵکو لە زەمانی (شا)ش ئەو بیرە نەتەوەییە کەم تر ئەو تەفاعولەی کردووە لەگەڵ میللەتانی ڕۆژهەڵات، زیاتر بیری مەزهەبی زەق تر بووە بەسەر نەتەوەیی، بۆیە دەکرێو دەشێ سیاسەتی مەزهەبیو پاکتاوی مەزهەبی لێرەو لەوێ بووبێ، بەڵام (بەفارسی کردنی کورد) وەك زاراوەش دەگمەنە، لەکاتێکا ئەو شەپۆلە هەمە لایەنەی پاکتاوی ڕەگەزی لە دژی کوردِ کە لایەنەکانی زمانەوانی، کەلتوری، مێژوویی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، جوگرافیو مێژوویيو زانستیشی گرتبۆوە ئەوەندە بە گوڕو تین بووە تا ئێستاش کە (١٦) ساڵە لەدوای ڕاپەڕینو دروست کردنی حکومەتی خۆی کەچی دیاردەی تاوانەوەی نەتەوەی کورد لە پرۆسەیەکی ئاڵۆز لەناو جەرگەی کوردستانو دەوروبەری هەر بەردەوامە (بەتایبەتی کە بەرنامەی بیناکردنەوەی مرۆڤ لەلایەن حکومەت وحزبە کوردستانیەکان ڕەچاو ناکرێ)، لەو (٣) تەوەرە:

١- بەدرێژایی سنوری بەیەك گەیشتنی نێوان کوردو عەرەب لە خواروو.

٢- لەناو هەولێر لەگەڵ تورکمان بوون.

٣- هەڵوەشانەوەی ئینتمای نەتەوەیی مەسیحیەکان بەرەو ئاینیو کەلتوری ڕۆژئاوایی.. سەرەڕای کۆچو هەڵوەشانەوەی تری ئینتماکانی نیشتمانیو نەتەوەیی.

ئەو مێژووەی بۆ پاکتاوی ڕەگەزی نەتەوەی کورد (یان هەر بە گشتی) دانراوە کە دەیگێڕنەوە بۆ قوڵایی مێژوو هەروەك گێڕانەوە مێژوویی سیاسیو مەینەتی کورد بۆ قوڵایی مێژوو.. هەردووکیان چەوتە، هەڵبەتە چەوسانەوە هەبوە، ئەوەی دەڵێین نەبووە چەوسانەوەی نەتەوەییە، هەر بۆیەش لەسەردەمی خەلافەتدا ڕەنگە بنەماڵەی سەردەستو بن دەست هەبووبێت، بەڵام هەرگیز نەتەوەی سەردەستو بن دەست نەبووە، بەهەمان شێوەش سیاسەتی (تەتریك- بەتورك کردن) نەبووە،

ئەسلّەن تـورك ئەوەنـدە دەسـەلاّتدار نەبووينـەو ئيمتيـازى زيـادى نـەبوە ئەگـەر كەمتريش نەبووبێت، بۆيە ناوى (تورك) زياتر هاوتاى (أعرابي) بووە [١]، هەتا لە كوردسـتانيش نـاوى سـەربازى عوسمـانلى بـە تـورك نـەهاتووە لـەبارە هـەرە خراپەكانيش لە كوردستان ناويان بە (جل خوارەكان) يان (گورگەبۆرەكان)[٢] ناوو نازناوى هـيچ خەليفەوسـەركردەيەك بـە تـورك نـەهاتووە، (د. قوتيبـە شـهابى) فەرهەنگێكى دەگمـەنى لـەناو نازنـاوى خەليفـەو پادشـاو سـولّتانو واليـەكانى مێژووى ئيسلام كۆكردۆتـەوە بـەناوى (معجـم ألقـاب أربـاب الـسلطان في الـدول الإسلامية من عصر الراشدي حتـى بـدايات القـرن العـشرين).. لـەو (معجـم)ەدا تەنيا نازناوێكى نەتەوەگەرى يان رەچەلّەكى تيا نيە وەك شانازى بـە عەرەبايـەتى يان بە توركايەتى يان بە كوردايەتىو فارسايەتى.. كرابێ، تەقەلايەكى تريش لەو شێوە لە لايـەن (سـاطع حـصري) كـراوە، ئەنـدامانى پەرلـەمانى (مەبعوسـان) نوێنەرى نەتەوەو ويلايەتەكەيان نەدەكرد بەلّكو هەريەكە بەپێى مـادەى (٧١)لـە دەستوورى عوسمانى (مەشرووتيەى يەكەم) نوێنەرايەتى هەموو ميللەتى عوسمانى دەكرد، تەنانەت لە دەزگاى رەگەزنامـەى عوسمانليـەكان نـاوى نەتـەوەيى تۆمـار نەدەكرا، يەكەمجار هێماى (ع)* لەبەرامبەر ئەفسەرە عەرەبەكان دانرا لەسەردەمى ئيتحاد والترقى بـوو لـەدواى ١٩٠٩، بۆيـە خەلافـەتى ئيـسلامى لـەو ديـاردەو تاوانانە بەرپرس نيـە، بەپێـچەوانە هـەر لەگـەلّ نـەمانى دەسـەلاّتى خەلافـەتو سـەرهەلّدانى فيكرى عەلمانيەتو نەتەوەگەرى پەيدا بـووە، هـەر بۆيـەش دەبيـنين نەخشەى كوردسـتانى ئێـستا بـەهۆى پرۆسـەى پاكتـاوى رەگـەزى نـاوا بـچووك بوويتەوە، ئەونەخـشەيەى لايـەنى كـوردى بـلاّوى دەكاتـەوە ئـەو نەخـشەيە لـە سەردەمى خەلافەت بووە.

---

[١] بۆ زياتر سەرنج بدە (ساطع حصري- محاضرات في نشوء القدمية).

[٢] بۆ زياتر بروانە: (ياداشتەكانى- رفيق حلمى).

* واتە عەرەب، گوايە ئەو ئەفسەرانە گومانى ئەوەيان لێدەكرا كە پەيوەنديان بە سوپاى هاوپەيمانان هەبێ لە جەنگى جيهانى يەكەم

نەخشەی کوردستان لە سەردەمی خەلافەت لە چەندین سەرچاوە هەیە، بۆمـان دەستنیـشان دەکـەن وەك سـیاحەتنامەی ئـەولیا چـەلەبی (لـە سـەدەی ١٧)، گەڕیدەکانی ئیبن بەتووتە، معجم البلدانی یاقووت حەمەوی، (شەرەفنامە) کە لە سەدەی (١٥٤٣-١٦٠٣)، لە کتێبی (کوردو کورستان-ئەمین زەکی بەگ-سەدەی بیستەم)، لـە رێکەوتنامـەی سـیڤەری١٩٢٠ بەنـدی (٦٢) بەشـەکانی سـەروو و خواروو دیاری دەکات، هەروەها لیژنەی (تحكيمی موصل) کە لـە ١٩٢٤/١٠/١٣ دروست ببو پێکهـاتبوو لـە (ڤۆنـت نیکلی، موسـیو برسـت، کولومـل پـولس) راپۆرتەکەیان لە ١٩٢٥/٧/١٦دا (عصبة الأمم) تیایـدا هـاتووە: نـاو موصـلیس کوردی زیاتر بووە بە رێژەی ٥\٨ یان بـە پێـی هەنـدێ سەرچـاوەی تـر ٧\٨، لـە هـەولێر رێـژەی تورکمـان ١,٥٪ هەرچـەندە لـە سەرانـسەری (سـەرژمێریەکە) کوردێکی زۆر ناونووسی نەکرابوون لە ترسی سەربازی کردن.[1]

ئنجا بەڵگەنامەکانی تـری مێـژوویی، لەوانـە ئـیبن خلـدوون (جبـل حمـرین)ی ئێستای کە زیاتر لە ١٠٠کم لـە کوردسـتان دوورکەوتۆتـەوە بـە (جبـل الأكـراد) ناوبردووە، هەروەها زۆر لەناوی شاخەکانی.. هەتا لە لبنان لە نزیك (مرجعیـون) (جبل الأكراد)و زۆر ناوی تری کوردی لێ هەیە، لە میسریش زۆر لەناو ئیـداری و سەربازیو کوردین..، لە نەخشە کۆنـەکانی ئیـسلامی (ئیدریـسی) (مـسعودی) (ئەلبیرۆنی) (ئستخاری)[2]،.. ناوو خاکی کوردسـتانی لێ تۆمـار کـراوە لەبـەر گەورەیی، زۆر سـەرچاوەی تر لەبەر بەهێزی شەخسیەتی کورد بەدرێژایی خەلافـەت وا هەستیان کردووە کە میللەتانی تـری عـەرەبو تـورکو تورکمـان و ئاشـوریو کلدانیو کەمایەتی تـر تواوەتـەوە، لەوانـە (تۆمـاس بـوا) دەڵـێ: تـا سـەرەتای

١ بە درێژی لە (کوردو کوردستان) ئەمین زەکی بەگ بخوێنەوە.

٢ بۆ زیاتر سەرنج بدە: نەخشەکانی ئەوانە لە (العراق في الخوارط القدیمة)، هەروەها بروانە: (أطلس حضارة الإسلامیة).

بیستەمیش (تورك) لەناو كورد دەتوایـەوە[١]، هەڵبەتـە تـوركو توركمـان لێـك جیان، رایەكی فراوان وا دروست بووە گوایە توركمانی كوردستان پاشماوە پاكتـاوی رەگەزیی عوسمانلیمو رەچـەڵەكیان توركیـە، یـان پیـاوی تـورك (turk-man).. نـەخێر ئەوانـە لـە دوورێگـە هـاتوون، یەكـەمیان بـۆ كرێگرتـەیی بەتایبـەتی لەسەردەمی عەباسیەكان وەك سـوپای ئـازای جـەنگی بـەكاری دەهێنـان، دووەم لەگەڵ هێرشەكانی مەغۆلو تەتەر.. هاتوون لە ناوەڕاستی ئاسـیا هـەروەك (ابـن خلدون) جوانتر هەردوو ڕەگەزی تـوركو توركمـانی لێـك كردۆتـەوە هـەتا لـەناو توركیاش توركمان جیابوونە..

هەڵبەتە پتـەوی شەخـسیەتی كـوردیش نیـشاندەری پتـەوی بـاری سیاسـی و كۆمەڵایەتیو مێژوویيو جیوپۆلۆتیكیو هێزی سەربازی بووە، باشترین بەڵگـەش هەتا سەرەتای سەدەی بیستەم (سەیدەكان)یش لەناو كـورد تواونەتـەوە، دەبیـنین هـەتا لـەناو فـارس كـە خـاوەن شەخـسیەتی بـەهێزی مێـژوویین نەتواونەتـەوەو ئیمتیازی كۆمەڵایەتیان هێشتا زۆرە، هەروەها ئاشـوریو كلـدانی و لـەناو كـورد تواونەتەوە..، تا ئەو ساتەش كە كورد دوو حكومـەتی بـۆ خـۆی دروسـت كـردو شەخسیەتی نەگەیشتۆتە نیوەی ئاستی ئەو سـەردەمی.. چـاكترین نمونـەی لاوازی ئێستا دیاردەی كۆچكردنو هەڵوەشـانەوەی ئینتمـای نیـشتمانیە بـە سـانایی..، ئەوەش كۆمەڵێك هۆی دیاریكراوی هەیـە، سیـستەمی سیاسـیو كۆمەڵایـەتیو فیكریو تا دەگاتە ڕاگەیانـدن لێـی بەرپرسـیارن كـە نـەتوانراوە بینـای مـرۆڤ و شەخسیەتی كورد دابڕێژنەوە..، دەتوانین بڵێین لە هەموان زیـاتر نـەریتی سیاسـی كورد تەعریب كراوەو دەسـەڵاتی كـوردیش تـا ئـەو سـاتەی نووسـینیش هێـشتا وێچووی دەسەڵاتی سیاسی عەرەبە كە بە سفر وەسف كراوە، هەروا لـەرزۆك بـووە بەهۆی ئەو كۆمەڵـە شكـستو چەواشـەكاریو فریودانیـەی لـە چـەپو ڕاسـت، سەروو خواروو، دەرەكیو ناوەكی... بینیوە.. ئیتر ئەو دۆخە زەمینەیەكی سـانا

---

١ تۆماس بوا- (تأريخ الاكراد) ل١٩٧.

ساز دەدا بۆ سەرکەوتنی پاکتاوی ڕەگەزی بەسەریدا.

لە کۆتاییدا ماوە بڵێین پاکتاوی ڕەگەزی نەك هەر لە فیکری ئیسلامیو فیکرەکانی تر هەتا لە فیکری نەتەوەگەریش جێگەی شەرمە، بۆیە بۆ پێکەوەژیان لە دەوڵەتی نەتەوەییش چەمکی (هاوولاتی) دروست بوو کە فراوان ترە لە نەتەوەو ڕەچەڵەك، لەڕووی یاسایی بەشێکی چاکی لە کێشەکانی کۆمەڵایەتی چارەسەرکردووە کە لە بنەچەدا لە دەوڵەتی ئیسلامی پەیڕەو کراوە..

(٣٩)

راگەیاندنی بە ئامانج اعلام الهادف
Obiective Media

راگەیاندن لە بنچینەدا مانای بلاوکردنەوەی راستیەکانە وەك خۆی، جا رووداون یان دیاردەو پەیوەندی کۆمەلایەتیو سروشتیو سیاسین.. یاخود مێژوویی.. ئەوەیان پێناسێکی زانستی تەواوە بۆ کۆمەلگەیەکی پێگەیشتوویی ترازی (ئوممەت) بێت بە هەموو ماناو ناوەرۆكو نیشانەکانی، لەو کاتە ئەو راگەیاندنە تەنیا ئەرکی بلاوکردنەوەی رووداو دەنگو باسەکان وەك خۆیەتی، بەلام لەو ئاستە بەخوارەوە واتە کۆمەلگەیەکی پێ نەگەیشتوو ئەو راستیانەش لێ دەبێتە دەرد، بۆیە راگەیاندنیش لەو دۆخانە زیاتر لایەنی رێباز وەردەگرێت نەك زانستی، لێرەدا راگەیاندنی ئامانج دار لە راگەیاندنی بەرەلا بەوە لێك جیادەکرێتەوە یەکەمیان هەموو شتێك بلاو ناکاتەوە.

بنەچەکەی: لە هەموو سەردەمێك بەپێی بارودۆخی کۆمەلایەتیو هونەری سەردەم راگەیاندن رۆلی خۆی بینیوە، نوسەرو شاعیرو قسەزان بۆ دەسەلاتدارە سیاسیە جۆربەجۆرەکان پارسەنگ بوونە لە دروست کردنی رای گشتی بۆ چاکەو خراپە، بانگەوازو ئاگاداریەکان لەرێی پیاوە دەنگ بەرزەکان بلاوکراونەتەوە، بەلام (راگەیاندنی بە ئامانج- اعلام الهادف) جگە لە پێغەمبەرەکانو درێژکراوەی ئەو بەرنامە کۆمەلایەتیو سیاسیانە کەمتر هەبووە، هەرچەندە لە مەدرەسەی یۆنانی هەندێ رێنمای لەو بارەیەوە لە کتێبی (جمهورية- کۆماری) ئەفلاتوون هاتووە.. تیایدا دەلێ:باس کردنی هەموو شتێك لە (راگەیاندن) بینای کۆمەلگە

دەرووخێنێ، هەتا ئێستاش ئەگەر دەزگاو حکومەت ولایەنی سیاسی بۆ بەرنامە بێ ئەوا راگەیاندنێکی تەواو بەرەڵای هەیە بۆ گوێدانە سەرەنجامەکانی، بۆیە لە ئەزموونی بەشەری بەتایبەتی لە رۆژئاوا کەمتر ئەو دوو مانایەی راگەیاندن بەجیایی بەدی دەکرێ، هەر تەنیا سەرچاوەی هەمووی (ئینگلیزیەکەی، فەرەنسی، ئەڵمانی...) زۆربەی ئەوروپی لە (information)ی لاتینی هاتووە بە مانای (دەنگو باسو روون کردنەوە بۆ خەڵکی).

لەگەڵ پەیدابوون وگەشەی تەکنیك وئامراز راگەیاندن گەشەی کردووە وەك (چاپ، رادیۆ، تەلەفزیۆن، تا دەگاتە ئینترنیت..)، بەو شێوەیە:

• چاپ لەساڵی ١٤٣٦ز دۆزراوەیەوە لەلایەن چۆتنبرغ[1] دوای کەمێك سینەماش دۆزرایەوە لەلایەن ئەدیسۆن.

• وێنە لە ساڵی ١٨٢٢ دۆزرایەوە.[2]

• بروسکە لە ساڵی ١٨٣٨ دۆزرایەوە.[3]

• رادیۆش لە سەدەی (١٨) سەربردەی دەست پێدەکا، بەڵام لە سەدەی بیست ئیزگەی رادیۆیی دروست بوو بەپێی (الإعلام الدولي والعلاقات الإنسانية)، بەپێی (موسوعة العربية)ش لەساڵی ١٨٩٥ز ئێزگە دەستی بەکارکردووە (هەر نزیکە لێك).

• تەلەفزیۆن: بەپێی (تأريخ الصحافة)و (الاعلام...- د.یوسف ابو هلاله) ئەوا یەکەم تەلەفزیۆن لەساڵی ١٩٢٦ لەلایەن (جۆن بیرد) دامەزرێنرا، یەکەم پەخشی تەلەفزیۆنی لەساڵی ١٩٢٧ لەنێوان واشنتنو نیویۆرك بووە، لەساڵی ١٩٣٦ تەواو کەوتە کار، بەپێی (الموسوعة العربية)ش لەساڵی ١٩٣٤ کەوتۆتە کار، هەتا ساڵی ١٩٥٠ تەنها پێنج وڵات تەلەفزیۆنیان هەبووە.

---
[1] الإعلام الدولي والعلاقات الإنسانية.
[2] الموسوعة العربية.
[3] الموسوعة العربية.

● یەکەم بڵاوکراوەی دەرەوەیی (بەپێی الاعلام الدولی...) بەناوی (لاگازیت) بووە، زۆرسەرچاوە یەکەم رۆژنامە بۆ ئەزموونی چین دەگێڕنەوە، بەپێی (الموسوعة العربیة...)ش هەر لەدوای دۆزینەوەی چاپ یەکەم رۆژنامە لە ئەڵمانیا لەساڵی ١٦٠٩ز دەرچووە، یەکەم گۆڤاری زانستیش لەفەرەنسا لە ١٦٦٦ز دەرچووە، [1] یەکەم رۆژنامەی عەرەبیش لەساڵی ١٨٢٨ز لە سەردەمی محمد علی پاشا لە میسر دەرچووە بەناوی (الوقائع المصریة)،لە بەغداش یەکەم رۆژنامە بەناوی الزوراء لە ساڵی ١٨٦٩ز ژمارەی یەکی رۆژی سێ شەممە لە سەردەمی داوود پاشا دەرچوە .

تا گەیشتە ئەو رادەیە لە سەردەمی سۆڤیەتی پێشوو تەنها لەو وڵاتە ٦٣٩ رۆژنامە دەردەچوو، هەندێکیان تەنها تایبەت بوون بە دژایەتی ئایینیو ئیسلام لەوانە (المآخذ اسلام)، (دین اسلام)، (فینم دین).. رۆژنامەی وا هەبوو رۆژی سێجار بەسێ رەنگی جیا دەردەچوو وەك لەوەی چین بەناوی (کین یان) [2]، سەرەڕای ئەو ئاژانسانەی وەك: رویتر، ئەسوشیتدپرێس، .. ئەو دەزگایانەش هەروا تا ئێستاش بەکارن، چونکە لە سەرەتادا کە رادیۆ دۆزرایەوە وتیان (ئیتر کاری رۆژنامەو چاپ تەواو) کە تەلەفزیۆنیش پەیدابوو وتیان کاری رادیۆش تەواو، کە کۆمپیوتەرو ئنتەرنێتیش هات وتیان ئیتر چاپو رادیۆو تەلەفزیۆنو مەکتەبە تەواو دەبێت کەچی هەمووی وا شان بەشانی یەك بەکارن لەو جیهانە.

لە پێناسە سەرەکییەکانی دا: راغب ئەسفەهانی (اعلام)ی بەهاوتای (اخبار) رێزکردووە، وەك زاراوەش دەڵێ: ((هو نشر الحقائق والمعلومات الدقیقة الصادقة بهدف التنویر والأقناع))، هەڵبەتە ئەوە پێناسێکی نزیکە لە (اعلام الهادف) نەك ئەو راگەیاندنەی شێوازی میکاڤیلیو هتلەری کە ئێستا زۆربەی وڵاتانو حزبە عەلمانیەکان پەیڕەوی دەکەن.

---

[1] تأریخ الصحافة، الاعلام..

[2] بۆ زیاتر سەرنج بدە (الاعلام...) هەروەها (الاعلام الشیوعي المعاصر).

هەرچی (الاعلام...)ی (د.یوسف ابو هلاله) وای پێناس کردووە: ((استعمال وسائل الأعلام وأساليبه كافة ضمن حدود الشرع لبيان الحق، ودعوة الناس وتعرية الباطل وصدهم عنه، لئلا يكون للناس في البعد عن الإسلام حجة.))

لە کتێبی (الإعلام في ضوء الإسلام) هاتووە: ((هو نشر الحقائق والأخبار والأفكار والآراء في وسائل الإعلام المختلفة.))

راگەیاندن لە کۆنو ئێستاشەوە هەروا رۆڵی گرنگ تر دەبێت بەهەموو ئاراستەیەك، بە سەلبیو ئیجابیشەوە، ئامرازێکی دووڕووە، دەتوانی خزمەتی مەزن بۆدروست کردنی رای گشتیو وشیاری خەڵکی پێ بکرێو دەشتوانرێ چەواشە بکرێ، مەرج نیە راگەیاندنی چەواشە هەموو دەم درۆو هەڵخەڵەتاندن بێت، جار وایە دەنگو باسی راستیش بڵاو دەکاتەوە یان داوایەکی راستیش بکا مەبەستەکەی چەواشەکاریو وێرانیە، ئیمام عەلی ناوی لەو ترازە ناوە ((كلمة الحق يراد بها الباطل))، تا لێرەدا پێناسی راگەیاندنی لیبرالی روون ترە کە بە سادەییەکەی ئەوەیە : هەموو جۆرە دەنگو باسێك بڵاو دەکاتەوە بێ گوێدانە بیناکردن، ئەوەش لە چوارچێوەی مەبادیئەکانی لیبرالی دێت کە (سەربەستی تاکەکەس لەسەر حسابی سەربەستی کۆمەڵ)ی زیادکردووە، بەگشتی ئەوانە بەناوی (رارەوی تاك- مذهب فردي) دێت، چونکە رووداوەکانیش بەگشتی دوو بەشە، یەکەمیان پەندو وانەی پەروەردەی وان مرۆڤی پێ بینا دەکرێ، بەشی دوەمیان وێران کردنو فێرکردنی تاوانو نادڵسۆزیو نیشتمان فرۆشیو بەرژەوەندی پەرستیو خۆویستی...هتد، راگەیاندنی (هادف) تەنها بەشی یەکەم هەڵدەبژێرێ بۆ بڵاوکردنەوە، دووەمیش تەنها دەتوێژێتەوەو تایبەتی دەکا بۆ پسپۆڕان، واتە دەنگو باسو رووداوەکان بەسەر ئاستەکان دابەش دەکا، هەریەکە بەشی خۆی دەداتێ تێکەڵی ناکا، بەشی توێژینەوە لە دیاردە سەلبیەکان تایبەت دەکا بۆ پسپۆڕان نەك بۆ عەوامی خەڵك، تەنها دەنگو باسە پەروەردەییەکان هەڵدەبژێرێ بە هەوادا بۆ گشتی بڵاودەکاتەوە، کە خزمەتی ستراتیجیەتی بەرنامەی بینای

کۆمەڵایەتیە، ﴿وَإِذَا جَاءَهُمْ أَمْرٌ مِنَ الأَمْنِ أَوِ الْخَوْفِ أَذَاعُوا بِهِ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَى أُوْلِي الأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنْبِطُونَهُ مِنْهُمْ وَلَوْلاَ فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ لاَتَّبَعْتُمُ الشَّيْطَانَ إِلاَّ قَلِيلاً﴾، بۆیە راگەیاندنی (هادف) تەنیا مولکی (ئاینی) یان فیکری ئیسلامی نیە، بەڵکو زۆربەی بەرنامە خاوەن ئایدیۆلۆژیەکان بەجۆرێك لە جۆرەکان وان، بەڵام نەك وەك راگەیاندنی شیوعیەت کە سانسۆری وا تەسك کردبۆوە تەنها (وەك خۆیان دەڵێن) لە خزمەتی شیوعیەت بێت، هەتا سانسۆری خستبووەسەر دەنگو باسی زانستیش، ئەدریسی سەیر سەیر پەیدا ببوو وەك فیزیای پرۆلیتاریا، زانستی برجوازیانە، زانستە مەیل میتافیزیکەکان، گەردوونی مەیل میسالی.. یان وەك هەڵمەتەکانی ستالین‌و ماوتسی تۆنگ بەناوی زانستیش چینایەتیە!

ئەو جۆرە تێروانین‌و سانسۆرە راگەیاندنێکی (هادف)ی سەلبی دروست کردبوو کە تەنها رێی بەو دەنگو باسانە دەدا کە لە خزمەتی حزبایەتیە تەسکەکە بوو، یان لە خزمەتی دەسەڵاتداران نەك لە خزمەتی بینای کۆمەڵایەتی بێت، ئێستاش ئەو ئاسەوارەی ماوە زۆرێك لە حزبە عەلمانیەکان‌و ناوەندو دەزگاکان تەنیا ئەو جۆرە دەنگو باس‌و توێژینەوانە هەڵدەبژێرن‌و بڵاودەکەنەوە کە چۆن خەڵکی وا رابێنن لە کۆتایدا لایەنگری ئەو جۆرە دەسەڵاتدارانە بکەن بە خۆشی یان ناخۆشی، راگەیاندنێك کە خەڵکی بەرەو عەوامیەتی‌و مێگەلی‌و ناوشیاری دەبا، ﴿فَاسْتَخَفَّ قَوْمَهُ فَأَطَاعُوهُ...﴾، تەواو پێچەوانە لەگەڵ راگەیاندنێك کە خەڵکی دروست دەکا بەرەو مەدەنیەت‌و ئومەت‌و وشیاری، .. بەپێی هەردوو ئایەتی پێشووش نە راگەیاندنێکی بەرەڵا بە رەهای نە بە سانسۆرێکی مقەسی تیژ پۆزەتیڤن، ئیتر ئەوە ماناکەی روونە کە هەتا دەنگو باسیش نابێت بۆ سانسۆر بڵاوبکرێتەوە، سانسۆرێکی گەردوونی تەرازوو بالا نەك سانسۆرێکی سیاسی، سانسۆر ناوبانگی زراوە بە سەلبی کاتێ دەبێتە چاودێر لەسەر راگەیاندن‌و نووسین‌و بیروبڕوای بەرامبەر، بەڵام سانسۆر لەسەر راگەیاندنێکی دژ بە بینای

کۆمەڵایەتی زۆر پێویستو نیجابیە، جار وایە ئەوانە تێکەڵ دەکرێنو بە هەڵچوانە رایەك دەگوترێ، با میللەت هیچی لێ نەشاردرێتەوە..! ئەوە هەڵەیە هەرچەندە لە کاردانەوەی دیکتاتۆریەتی راگەیاندن وا هەڵدەچێ، چونکە هەموو لایەك لە توێژەوەرەکان کۆکن کە راگەیاندنو کاریگەریەکانی لەژێر رۆشنایی سۆسیۆلۆجیو ئەنسرۆپۆلۆجیو فەلسەفەو تیۆری سیاسیشدا دەبێ ئامانجی هەبێت، پەروەردەو رێکخستن بێت، بە روانگەی یاسا بنچینەییەکانی کۆمەڵایەتی، یاسای تاوان، تایاسایی سیاسیش.. جەخت لەسەر ئەوە دەکەن بڵاوکردنەوەی دەنگو باسە سەلبیەکان هاندانی خەڵکە لەسەر کاری سەلبیات،کە خێراتر کار لە مرۆڤ دەکا هەروەك تێکدان بەگشتی لە سیستەمی ئەو گەردوونەماندا ساناترو خێراترە لە بیناکردن، مرۆڤیش هەروا لایەنی شەری ساناتر دەوروژێ نەك لایەنی خێری (بەتایبەتی عەوام)، بۆیە دەنگو باسە تێك دەرەکان کاری گەری خێراتر دەبێت لەسەر خەڵکی، جا دەبینین بەشێك لە راگەیاندنەکانی (رۆژنامەگەری، کەناڵەکان، نووسین..) ئەو رووکارە دەگرێتە بەر بە مەبەستی ناوبانگو بازاڕ لەسەر حیسابی ئەو بینا ستراتیجیە، یان ئۆرگانی حزبو دەزگایەك کە دەست کورتە لە بەرنامەی کۆمەڵایەتیو بیناکردن ئەوا قەرەبۆی بێبازاڕیەکەی بەو شێوازە راگەیاندنە دەکاتەوە، کە لەدوای خوردکردنەوەیەك هەمان مانای بەرژەوەندی تایبەتی خستنە سەر بەرژەوەندی گشتیە، بابە ناوی: سەردەم سەردەمی ئازادیە، دەبی راگەیاندن ئازاد بێت.. نەخێر بۆ هەموو شتێك دەبێ پێوانەو یاسا هەبێت، یاسای چاپەمەنیو وەزارەتی راگەیاندن تا رادەیەك شایستەیە ئەگەر نەبێتە دەردی پاوەن کردنی ئازادی، لەو بارەیە زۆربەی وەزارەتەکانی راگەیاندنی وڵاتە دیکتاتۆرەکان ئەو ئەرکەی سانسۆری ئازادی پێ سپێردراوە هەروەك وەزارەتی ئەوقافو وەزارەتی رەوشەنبیری... بەڵام هەندێ وڵاتیش هەیە وەزارەتی راگەیاندنی هەر نیە وەك ئەمریکا، بۆیە چینەکانی کۆمەڵ خۆیان لەوانە چاتر ئەو چاودێرو سانسۆرە مەدەنیە بن، هەتا یاداشت وسکاڵای خۆشیان هەڵبژێرن بەو ئەرازووە هەمووی

بڵاونەکریتەوە، با لە سەرحسابی مافی خۆشی بێت، سەرنج بدە سەربردەی ئەو (شێخە-دەڵێن ئەو شێخە راوێژکاری صلاح الدین ئەیوبی بووە) زۆر گرنگە بۆ ئەو بابەتە،وادیارە لەو کاتی سەرقاڵی دووبارە دروست کردنەوەو بیناکردنەوەی کۆمەڵگەی ئیسلامی بووینە، چۆن لەگەڵ ئەو بەسەرهاتە رەفتار دەکا بە لێزانیو رەچاوی بەرنامەی بینای کۆمەڵایەتیو ڕاگەیاندنی بەئامانج دەکا، ئەو شێخە بە سواری ولاّخ لەرێگەی تووشی کەسێك دەبێ خۆ بە نەخۆش دەردەخا، شێخ داوای لێ دەکا کە لەگەڵی سوار بێت، نەخۆشەکە دەڵێ من ناتوانم بەجووتە سوار بین لەبەر نەخۆشیەکەم، شێخیش دادەبەزێو نەخۆش بە تەنها سواری ولاّخە بەنرخەکە دەبێتو (وەك دز نەك نەخۆش) بۆی دەردەچێت، شێخەکە بانگی دزەی کردو وتی ئەی دز ولاّخەکە بۆ خۆت، بە یەك مەرج، دزەکەش گەڕایەوە بە سەرسوڕمانەوە وتی: ئەو مەرجە چیە؟ شێخ وتی: تەنیا مەرجم ئەوەیە لای کەس باسی مەکە، دزە وتی: من هەقی تۆم بردووە، خۆ باس کردنی قازانجی تۆیە.. شێخ وتی: بەڵێ قازانجی منە، بەڵام بە زیانی کۆمەڵگەکەم تەواو دەبێ، بە بڵاوبوونەوەی ئەو دەنگو باسە چیتر خەڵکی لە رێگەویان بۆ نەخۆش راناگرنو چاکە کەم دەبێتەوەو پیاوەتیو ئەخلاقو هاریکاری لەرزۆك دەبێتو بناغەی کۆمەڵگەشمان لەرزۆك دەبێت.

ئەگەر سەرنج بدەین رووداوێکی پڕ لە پەندو وانەیە بۆ بیناکردنەوەی کۆمەڵ، چونکە بڵاوبوونەوەی ئەو جۆرە دەنگو باسە هەڵخەڵەتانەنو سەلبیە کارێکی قووڵ لە گیانی هاریکاریو بەزەییو بەهاناهاتنو متمانەو ئەخلاقو مرۆڤایەتیو خۆنەویستی.. دەکا چونکە هەر مرۆڤ خۆشی بە هەقەتە لێی، پێچەوانەکانی زیاد دەکا لە بێبەزەییو خۆویستیو بەرژەوەندی تایبەتیو ئەنانیەتو دڕندایەتی ودڵ رەقی.. وەك ئێستا لە کوردستانیش ئەو دیاردە پێچەوانەیە بڵاوە، جاران کورد ناوبانگی بەوە دەرکردبوو کە میللەتێکی بەهاریکارو بەهاناو رووخۆش لەگەڵ میوانو بەزەییو چاکەو.. کەچی ڕاگەیاندنێکی پێچەوانەی (هادف) یان

بێخاوەنی لە (ڕاگەیاندنێکی هادف) چەند ڕوداوێکی ڕاستەقینەو هەندێکیش هەڵبەستراو بەخێرایی بڵاوکرایەوە (ڕای گشتیەک)ی سەلبی وای وەرگرت کە گوایە چاکە لەو زەمانە دەبێتە خراپە، ئەوەیان بەسادەیی دێتە بەرچاو، بەڵام گەلێ گرنگەو داگیرکەران‌و دوژمنانی کوردیش بێتاوان نین، بگرە بە بەرنامەی داڕێژراو نامانجدارانەو تێکدەرانە پەیڕەوی ئەو پلانەیان کردوەو دەیکەن، خەلکی سادەش کەمتر هەست بە ترسناکیەکەی دەکەن، لە ئەنجامە هەرە سەرەتاییەکانیشی ئەوەیە کەس ناتوانێ چاکەو هاریکاری لەگەڵ کەس بکا، ئیتر بناغەکانی کۆمەلگە، گەل، نەتەوە، کۆمەلگەی مەدەنی، .. ئومە، .. هەرچیەك هەیە تێك دەڕوخێ، بۆیە لە شەریعەتی ئیسلامدا حوکمی تاوان ئەوکاتی چەند قات گەورەتر دەبێت ئەگەر بلاویش دەکرێتەوە یان لەبەر چاوی خەلکی دەکرێ ناوو زاراوەی (أفشاء)ی لێنراوە، ئەو دۆخە زیاتر بۆ میللەتێك ترسناك ترە کە خەریکی خۆ دروست کردنەوە بن، یان لە قۆناغی ڕزگاریدا بن وەك میللەتی کورد، ئەوەیان کەمتر هەستی پێکراوە نەك لەلایەن عەوامی خەلك هەتا لەلایەن سەرکردایەتی‌و توێژەرەوەکانیش، تا ئێستاش ڕاگەیاندنی کوردی نەیتوانیوە ئەو بینا کۆمەلایەتی یەی (داگیرکەرانی تێکیان ڕوخاندووە بە مەبەستی کوشتنی گیانی بەرگری) دروستی بکاتەوە، هەلبەتە ئەوەیان وەك یاسایەکی گشتی بۆ هەموو وڵاتانی ئیسلامی‌و هەتا لە کات‌و ساتی خۆی بۆ هەمو جیهانیش پێویستە، ئەوەیان بەپێی پێوانە ئەخلاقی‌و پرانسیپەکانی بینای کۆمەلایەتی، خۆ لایەن‌و مەدرەسەی واش هەیە ژیان‌و بەردەوامیەکەی وەستاوە لەسەر تێك ڕوخاوی مرۆڤو کۆمەلگە هەروەك زۆرێك لە پۆلەکانی زیندەوەران ژیانیان لەسەر ناخاوێنیە، ئەو لایەن‌و مەدرەسانە لە کۆمەلگەیەکی بە تەرازوو، مەبادینی، دادگەری، هەستیارو وشیار، ستاندەر، .. ناتوانێ بژوا، هەلخەلەتێنێ، ڕاست چەوت بکاو چەوتیش ڕاست بکا، ...هتد.

کۆمەلگەی کوردستانی ئێستا لە هەموو کاتی زیاتر پێویستی بە

راگەیاندنێکی (هادف)و بیناکەر هەیە، چونکە نەك هەر باری کۆمەڵایەتیو نیشتمانیو سیاسی.. تێکرووخاوە باری دەروونیشی تەنك بووە کە دوا سەنگەری بەرگری باری شەخسیو سایکۆلۆجیە، با سەرنج بدەین لەناو کۆمەڵگەی خۆمان ئەو دەردە دەرونیانە خەریکە باو وەرگرێ، دەردەکانی (تەقەزوم، امتصاص ثقافي، صدمة الثقافية، انصهار ثقافي، غزو الثقافي، گومان، چەند روویی، خودویستی، پەرتەوازەیی، چاولێکەری، بەدواکەوتن، مەزەندەی خراپی..)، لێرەوە سەرانی بەرژەوەندی پەرست ژیانو سەرمایەکەیان بیناکراوە لەسەر ئەو تێك روخاویو چەواشەیەی خەڵکی هەروەك لە کۆنەوەش ژیانی پادشاو ئیمبراتۆرو دەستو پێوەندیان لەسەر ئەو فریودانو دەردو چەواشەکاریە بووە، لە هەموو جۆرە راستیەك ترساون، ئێستاش ئەوانەو دەسەڵاتخوازو دیکتاتۆریەکانیش بەگشتی بە ئەندازەی موشەك لە راگەیاندنی (هادف) دەترسن، لە بیناکردنەوەی مرۆڤو کۆمەڵ دەترسن، لە وشیاریو زانیاری خەڵکی ترساون.. بۆیەش دەبینین لەو عمولەمە سیاسیە هەر شەرعیەتو برەو بە فاکتەرە شاقوولیە کۆمەڵایەتیو کلاسیکیەکان دەدەن، ئەو نوێگەراییەش بەو نەساغیەی هەر مەرگە.. بۆیە راگەیاندنی (هادف) ئەرکی زۆر گرنگو ئاڵۆزە.. بەداخەوە لە کوردستانو وڵاتانی عەرەبی بەگشتی راگەیاندنی عەلمانی لەو بوارە نەیپێکاوە، لەپێش راپەرین راگەیاندنی کوردی زۆر کاریگەر بوو بە سانسۆرێکی چەپی کەچی لەدوای دارمانی مەدرەسەی چەپو شیوعیەت ئەوجارە بەو ١٨٠پلە پێچەوانەو تەواو بەرەڵاکراوە، راگەیاندنێك کات بەرێ دەکا بێ ئامانج مەگەر تێکیش نەدا، ئەوەیان بەوردی لە پشکنینێکی سەرەتای راپۆرتی سیاسی کۆنگرەی حزبە کوردستانیەکان دەردەکەوێ کە هیچ وەسیەتێکی تیا نیە بەو مەبەستە[1]، نمونەیەك تۆمار دەکەین کەوا دەردەکەوێ زۆر دوورە لەو بابەتە کەچی چەندە کاریگەرو نزیکەو راگەیاندنی کوردی سازی داوە سەرنج بدە: لەو ماوەیە چەند وتارو نووسینێك لەبارەی ژیانی

---

[1] سەرنج بدە هەریەکە لە راپۆرتی سیاسی (یەك)و (ینك) بۆ نمونە.

(مەلا مستەفا بارزانی) نووسرا، گوایە پیاوێکی زیاد دنیایی بووەو مەشروبی خواردووەو...هتد[1]. سەیرتر لەوە لە وەڵامدا دەزگای راگەیاندنی گوڵانی (پ دك) گوایە بەرپەرچی ئەو جۆرە نووسینانە دەداتەوەو دەنووسێ: ((باشە کام سەرکردەی کورد هەیە مەشروبی نەخواردبێتەوە[2]))! ئنجا هەر دوابەدوای ئەوەش نازناوی (مەلا)شی لێ ستاندرایەوە.. هەموو ئەوانە راگەیاندنو گوتارێکی لیبرالی روخێنەرە لەبەر هۆیەکی سادە: جارێ ئەو زانیاریانە راست نین، ئنجا مەلا مستەفا پیرۆزی لەناو میللەتی هەیە، وا بەناوبانگە کە خۆنەویستو ئاین پەروەرو سەودانەکەرو بێسامانو دادپەروەر بووە، بۆیە لە ٩٥٪ی خەڵك ویستویەتی، کەچی ئێستا هیچ سەرکردەیەك لە ٥٠٪ی دەنگ نیە، خۆ ئەگەر ئەو زانیاریە راستیشی بوایە ئەوا ئەگەر رەچاوی (راگەیاندنی هادف) بکرێتو لە خەم بینای کۆمەڵایەتی کورد بوونایە نابوایە بڵاوی بکەنەوە (إفشاء نەکرێ) وەك شێخەکە، چونکە ئەو میللەتە زیاتر متمانەی دادەرمێ بە سەرکردەکانیان هەردەم خۆ بە هەڵخەڵەتاوو فێڵ لێکراو نەزانن کە زۆر کاریگەرە لەسەر سایکۆلۆجیەتی تاكو دەردەکانی بەزیوی (گومان، بێمتمانەیی،گوایە : راستی نەماوە، هەرکەسە بۆ خۆیەتی، ...)، چونکە ئەو کەسێتیانە هێمای مێژوویین بەڵکو بەشێکن لە (ناسایشی نەتەوەیی)و پاڵپشتە کۆمەڵایەتیەکان بۆ نمونەی کۆمەڵایەتیو سەرکردەی خۆنەویستی نوێ کە ئێمە قەیرانی کەمیمان لێ هەیە.

---

[1] هەر یەکە لە کتێبەکانی (جرجیس فتح الله)و (نەوشیروان مستەفا) هاتووە.

[2] بڕوانە کتێبی (پشکۆ نجم الدین) کە لە گوڵان دەرچوو.

(٤٠)

نەتەوايەتی القومية Nationalism

زۆر جۆرە پێناسی هەیە، هەریەکە بەپێی مەدرەسەو رۆڵەکانی لە واقیـعو لـە مێژوو و لە ئایندەشدا پێناسی خۆی هەیە، لـە هـەموویان بـاوتر کـە لـە لایـەن نەتەوە گەریەکانی ئێستا پەیڕەو دەکرێ ئەوەیە: (کۆمەڵە خەڵکێکی خـەملیو لـە نەتەوەیەك دا بەهۆی پرۆسـەیەکی مێـژوویی تیایـدا زمـانو مێـژوو و کـەلتوورو دەروونو خاکێکی هاوبەشیان بۆ دروست بووە)[١].

هەڵبەتە نەتەوەو نەتەوایەتی لێك جیـان، نەتـەوە ئینتمایـەکی کۆمەڵایەتیـە، بـەلام نەتەوایـەتی دەبتـە ئینتمایـەکی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی، هـەروەك لـە پێناسەکان دەردەکەوێ، لـە فەرهـەنگێکی وەك (موسـوعة العالمیـة هـەڵێنجراوی (دائیرەی معارفی بەریتانیا- G.E british)یە،) کە زۆر دەمارگیری نەتەوەییش نیە دەڵێ: (تعبیر سیاسي یعني شعور الناس جمیعا بالإنتماء الی أمة واحدة).

لە هەندێ دۆخ جۆرێك لە رەوای وەردەگرێ، ئەگینا بە سیاسی کردنـی ئینتمـا کۆمەڵایەتیەکان سەرچاوەی ستەم و نادادگەریە، لە (پێش ئیسلام) (نەتەوە-قـوم) (بە بنەماڵەو تایفەك وتراوە تەنها بە پیاوەکانیان بێ ئافرەت)[٢] یاخود بە کۆمەڵـە خەڵکێك وتراوە کە بۆ ئیشێکی دیاریکراو هەڵدەستن[٣]، بەلام لەسەردەمی ئیـسلام

---

١ موسوع السیاسة – ع.غ.ف.ق، ج٤ ل٨٣٠.

٢ معجم الکنوز الامثال والحکمة العربي ، ل٣١، هەروەها مختار الصحاح-الرازي، مادە: القوم.

٣ بروانە: لسان العرب، معجم الألفاظ القرآن،...

(نەتەوە-قوم) بەو کۆمەڵە خەڵکە (ژنو پیاوە) وتراوە کە هەڵساونو ئامادەن بۆ کارێك هەروەك (مفردات الفاظ القرأن)ی راغب و (لسان العرب)و (قاموس المحیط).. (د.ترابی)یش هەروا دەڵێ: (.. والقوم کلمة في القرآن تشیر الی من قاموا معا علی شأن مشترك)[1]، لە قورئانیش کە باسی (یاقوم) کردووە مەبەستی نەتەوە نیە، (القوم: في الاصل مصدر قام یقوم فوصف به ای جعل وصفا شاملا للذکورء الاناث لتحقیق القیام بهما، ثم غلب علی الرجال خاصة لقیامهم بأمور النساء..)[2]، لە کوردیش وا پێدەچێ نەتەوە لە (نەوەی-تە)ی بادینی هاتبێت کە جاران کەفەرهەنگی ئەوان زاڵتر بوو بەسەر سۆرانی، ئیتر گەشەی ئەو زاراوە لە نەتەوەوە بۆ نەتەوایەتی (کە لە دوایی زیاتر باسی دەکەین) لە ئەنجامی (غیابی ئاینی راستەقینە)و گەشەی کۆمەڵە.. ئەوا بەشێك زیادە رەوی لێ دەکەنو دەیکەنە (مەبادیئی ئەمر) وەك (أمة عربیة واحدة-ذات رسالة خالدة)، یان وەك لە کۆنگرەی بنیاتنانی حزبی بەعس ١٩٤٧ لە هەردوو مادەی (٣)و (٤) هاتووە: (أنه حزب قومي یؤمن بأن القومیة حقیقة خالدة..) لە فەرهەنگی حزبی بەعس دەڵێ: (قومیة لیست مرحلة تاریخیة..)[3]، فاکتەری بەهێزتر بەکار دەهێنن بۆ دارشتنی بناغەیەکی (تەزویر) بۆی کە نیەتی، بۆ نمونە بەشێکی زۆر لە نەتەوەگەریەکان ئاینو مێژووو خاكو زمانو باری دەروونیو بەرژەوەندیو چارەنوسی هاوبەش دەکەنە بنچینەو فاکتەرەکانی پێکهاتنی نەتەوایەتی، جاریش وایە دەیگەیەننە ریزی نومە.

هەڵبەتە مرۆڤ زۆر جۆرە ئینتمای جیاجیای شاقوڵیو ئاسۆیی، وەرگیراوو میراتی، .. هەیە، هەندێك لەو ئینتمایانە نووستونو هەتا نەووروژێن دەرناکەون،

[1] المصطلحات السیاسیة في الاسلام. د.حسن ترابي.
[2] موسوعة المصطلحات جامع العلوم.
[3] تعریفات ببعض المصطلحات مادة: القومیة

لەوانە ئینتمای نەتەوایەتی یە، کە ئینتمایەکی سروشتیە، لە ریزی زنجیرە ئینتمایەکانی شاقوڵی وەك: خێزان، بنەماڵە، تیرە، خێڵ، نەتەوە..، بە پێچەوانەی زۆربەی بۆ چوونە نەتەوەگەریەکان کە نەتەوە بە ئینتمایەکی تایبەت تر لەوانە حسێب دەکەن، سەرنج بدە ئەو تەقەلایەی (د.کیالی) داویەتیو دەڵێت: (پەیدابوونی نەتەوایەتی سیاسی بۆ ئەوەیە ئەو دابەشیە شاقوولیەی خێڵەکیو تائیفیو نەژادیو تیرەیی نەهێڵێ)[١]، نەخێر، ئەوەش هەر شاقوولیە، هەمو ئەو جۆرە ئینتمایانە بەدەرە لە خواستی مرۆڤ، میراتیە، خوێنە، بایۆلۆجیایە، .. جەوهەری مرۆڤی پێ دیاری ناکرێت لە چاکەو خراپەو رەوشتو تەبیعات و.. ئەو ئینتمایەش (بەنەتەواتیشەوە) (نەمر)و (ئەزەلی) نەبووەو نیە، هەروەك زۆربەی نەتەوەگەریەکان وای بۆ چووینە، بەڵکو لە قۆناغێکی درەنگی مێژوویەوە ئەو دیاردە مێژوویانە زیاتر بەپێ ی پێویستو فاکتەری بابەتی (لە غیابی ئاینی راستەقینە) دروست دەبێت، جاران مرۆڤ تەنها پێویستی بەبوونی لە بنەماڵەیەك بووە مادام بازنەیەکی بچووکی جوگرافی مەودای چالاکیەکانی ئابووریو کۆمەڵایەتی بووە، پاش گەشەکردنو فراوان بوونی ئەو بازنە، ئنجا پێویست بە تیرەو هۆزیش بووە، لە دوای گەشەیەکی هەمەلایەنی کۆمەڵ -کەبریتیە لە پێ نان لە قۆناغی عەولەمە- بەرەبەرە مرۆڤ پێویستی بەبوون لەنەتەوەیەك بوو وەك ناسنامەش، جاران لە وەڵامی ئەو پرسیارە تۆ کێی؟ دەی وت من فلانە هۆزم، بەڵام ئەو پرسیارە ئێستا لە ژێر رۆشنایی بە جیهانی بوونا دەڵێ فلانە نەتەوەم، ئیتر پرسیاری وا لە (عەولەمە)ی تەواو رەنگە جۆرە وەڵامێکی تر بخوازێ..

پرۆسەی پەرینەوەی ئینتمای مرۆڤ لە خێڵەوە بەرەو نەتەوە وەچەرخانێکی سادە نەبووە، کۆمەڵێك گۆڕانکاری ریشەیی لەسەرخانو ژێرخانی کۆمەڵیش لەگەڵ خۆی راپێچ کردووە، بەکورتی شتێکی لێ باس دەکەین:

---

[١] موسوع السیاسة.ع.غ.ف.ق، ج٤ ل١٨٠.

لە سیاسیەوە:

- لە سیستەمی ئیمپراتۆریەتەوە وەرچەرخاوە بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی.
- لە پادشاییەوە[1] بۆ کۆماریەوە.
- لە سیوکراتیەوە بۆ دیموکراسیو دەزگاییو مەدەنیەتەوە.
- لە دیکتاتۆری تاکی بۆ دیکتاتۆری مونەسسەساتیشەوە.
- لە پەیوەندی خێڵەکی بۆ پەیوەندی فکریو (حزبی)یشەوە.

لە ئابووری:

- لە کشتو کاڵەوە وەرچەرخاوە بۆ پیشەسازیش.
- لە بەخێوکردن بۆ جێنشینیشەوە.
- لە قورسایی لادێ بۆ قورسایی شار.

لە کۆمەڵایەتی:

-لە ناسنامەی خێلەکیەوە بۆ نەتەوەیشەوە.
-لە دەرەبەگیەوە بۆ بەرجوازیەتیشەوە.
-لە جووتیاری بۆ کرێکاریشەوە.

لە ڕەووشتی:

- لە مەبادیەوە بۆ بەرژەوەندی.
- لە بەرژەوەندیشەوە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی تر.
- لە سیاسەتی مەبادینی بۆ سیاسەتی میکاڤیلیشەوە.

لە فکـری:

- لە ئاینی کلاسیکی بۆ عەلمانی.
- لە میسالی بۆ مادیشەوە.
- لە کاریگەری کۆمەڵایەتی بۆ کاریگەری ئایدیۆلۆجیش.

---

[1] هەڵبەتە مانای وانیە ئەو وەرچەرخانە ئەوەی پێشووی خۆی فت (نەفی) کردبێ، واتە لە کشتوکاڵیەوە وەرچەرخاویشە بۆ پیشەسازی وکشتوکاڵیش هەر ماوە، .. پادشایی هەرماوە..

- لە ئینتمای کۆمەڵایەتی بۆ ئینتمای سیاسیشەوە.

لە ئەحوالی تاکەوە:

- لە ئینتمای خێڵەکیەوە بۆ ئینتمای نەتەوەیشەوە.
- لە پێکەوەیی زیاتر بۆ بەتەنهایی.
- لە توانەوەی فاکتەرە کۆمەڵایەتیەکان بۆ فاکتەرە ئایدیۆلۆژیەکان.

لەگەڵ کۆمەڵێك گۆرانکاری تر...

بەو شێوە گۆڕانی نەتەوەش بەرەو (عەولەمە) کە ئەوەیان لە راستیدا کۆتایی پێ هێنانی ئینتماو وەلای شاقوڵیەکانە بۆ ئینتمای ئاسۆیی کە ئەویش کۆمەڵێك گۆڕانکاری قووڵ لەسەرخانو ژێرخانەوە لەگەڵ خۆی رادەپێچێ.. لەهەمووی گرنگ تر ئەوەیە پانتایی(ئینتمای موکتەسەب- وەلا) جووت ئامێنی لەگەل پانتایی (ئینتیمای میراتی)، بەڵکو (وەلا) لە ئینتما جیا دەبتەوە بە یەکجاری (زیاتر لە عەولەمە باسی دەکەین)، لێرەوە مانای چەوتی (نەتەوایەتی نەمر- خالد) دەردەکەوێ کە قۆناغێکە رەت دەبێ، ئیتر جیهانیش بەرەو دابەشیە لەسەر بنچینەی شارستانی وفەرهەنگیو ئایدیۆلۆجیو مەدرەسەییو لە کۆتاییدا بەرەو ئاینی دەبا، بۆیە هەم لە کۆنگرەی هەزارەو هەم زانایانیش ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو سەدەیەو قۆناغی عەولەمە دیسان گەڕانەوەو بەرەو ئاین چوونە.

بەو شێوەیە پەڕینەوەی مرۆڤ بۆ نەتەواتیش ئاسۆو سەردەمێکی نوێی لە واقیعی کۆمەڵ هێنا ئاراوە، بەتایبەتی لە بواری سیاسیو دەستووریەوە، سەرنج بدە گۆڕانی پادشایی لە میسر بۆ کۆماری لە ساڵی ١٩٥٢ بەدواوە، بووە هۆی بە دەستووری کردنی بیرو ئینتمای نەتەوایەتی، هەروەك لە دەستووری ١٩٥٦ لە مادەی ١٩٢ نووسرا: (يكون مواطنون اتحادا قوميا للعمل على تحقيق الاهداف التي قامت من اجلها الثورة).. ئاواش لە عێراقو ولاتانی تر ئیتر نەتەوایەتی کرا مەبادیئو تەرازووی سیاسی وهەتا ئەخلاقیش، لە زۆر کتێب باس لە (ئەخلاقی نەتەوەیی)یش کراوە هەروەك کتێبەکەی (ئەرنست بارکەر)، لەناو عەرەبو تورکو

نەتەوەی تریش نمونەی لێ پەیدا بوو، جۆرە رەوشتێکی چاکو شارستانیو کەلتووری بالاو هەتا ئاینیشیان تایبەت بە نەتەوە کرد هەروەك لە (الکتاب الاخضر) وەك چارسەرێك دەڵێت: (القاعدة السليمة هو ان لكل قوم دين)[١].

ئەوەی نوێ هاتە سەرئەو قۆناغە وشیاری ڕابوونو هەستی نەتەوەیی یە، کاتێ بینرا خەڵکی نەتەوەی هەیەو لەسەری یەکدەگرنو دەوڵەت دروست دەکەن..

لە (غیابی ئاینی راستەقینە) جۆرێك لە ڕەوایی وەردەگرێ، جەوهەرو ناوەڕۆکی ئەو زاراوە لە ئەوروپا سەری هەڵدا نە ئیسلامو نە مارکسیەتیش بەشداریان لە دروست کردنی نیە، هەمو مێژوو فەرهەنگە ئیسلامیەکان بێشکنی هەر زاراوەی (قومیة)شی تیدانیە بەو ماناسەی ئیستا، لە هەموو کەلتوورو فەرهەنگی ئەمەوی، عەباسی، ئەیوبی، عوسمانلی، .. بابەتێك نادۆزیەوە بەناوی (قومیة) یان (عروبة) یان تورکایەتی یان کوردایەتی، هەتا لەسەردەمی عوسمانیش دەزگاکانی ڕەگەزنامە بەناوی نەتەوە تۆمار نەکراوە، بەناوی ئاینی بووە، ئەگەر بەووردی (معجم الكنوز الامثال الحكمة العربية) یان (معجم الالقاب أرباب السلطان في دولة الاسلامية) هیچی نیشانەی نەتەوەیی تیادا نیە، ئەو نازناوانە هەبووە: (أسد الدولة، الاشراف، الاعز، الاغا، الافضل، أفندي، أقبال الدولة، امين الدولة، تاج الملوك، الخواجة، شاهنشاه، صاحب الجلالة، الغازي، القائم بحق الله، القاهر، المستنصر بالله، المظفر، ملك الاشراف، ملك العادل، المهدي بالله، الناصر..هتد)، هەتا سەدەی بیستەمو بەرەبەرە لەگەڵ کشانەوەی ئیسلام لە گۆڕەپان ئەو جۆرە بیرانە هاتنە پێشو ناوی وەك: قائد العربي، ئەتا-تورك، بطل التحرير القومي، .. ناوی تری تورکیو عەرەبیو فارسیو.. هاتە پێش، لەسەردەمی ئەمەویەکان توندڕەوی لە دەسەلاتیاندا، بەشێك شێوازی ڕگەز پەرستی وەرگرتبو، ئەوەی لەخانەدانە عەرەبەکان (قوڕەیش)

---

[١] معمر القذافي - كتاب الاخضر

نەبوایە بە (موالي) ناوزەدیان دەکرد، دوای بە (شعوبی) ئەوانەش ئەو زانایانە بوینە کە عەرەبی بە سەر عەجەم (فضل) نەکردووە.

نەتەوە لە ئیسلامدا تەنیا زمانەو بەس نەك (مێژوو، خاك، باری دەروونی، چارەنووسی هاوبەش، حوکم، دەوڵەت، بەرژەوەندی هاوبەش، ..)، ئەوانە هەموو بە (عصبیة) لەقەڵەم دراوە و(حرام) کراوە.. هەروەك لە فەرموودەش هاتووە (أیها الناس ان الرب رب واحد، والاب أب واحد، الدین دین واحد، ان العرب لیست لاحدکم بأب ولا أم، إنما هي لسان، فمن تکلم العربیة فهو عربي)، لە قورئانی پیرۆزیش: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾.. بۆ رەت کردنەوەی هەمو ئەو فاکتەرانەی کاریگەر لەسەر مرۆڤ دەفەرموێ: ﴿قُلْ إِنْ كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُمْ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ﴾.

لە مارکسیەتیش نەتەوایەتی بەرەوویەکی تری بەرجوازیەت لەقەڵەم دراوە، بۆیە لە مانفێستەکەی مارکس و ئەنجلس دەڵێ: (کرێکاران نیشتمانیان نیە)[1]

بنەچەو گەشەکردنی:

بەپێی هەموو پسپۆرو فەرهەنگەکانی ئەو بەشە لە سەدەکانی (١٨-١٩) لە نوسینەکان هیگڵ و نیتچە پێش تریش رۆسۆو شۆڕشی فەرەنسی، بانگی سەربەخۆییەکانی ئەوروپی بەتایبەتی یۆنان و سربیا لە عوسمانی کراوە، بزوتنەوەکانی تری کە لە فکر بەرەو واقع بەرێکەوت وەك: لە ئەڵمانیا (لەهیگلەوە بۆ بسمارك تا نازیەکان)، فەرەنساش لە رۆسۆ بۆ ناپلیۆن وشۆڤینیەت، ئینگلترا: (گلیدستۆن تا ئیمپریالیزمی)، ئیتالیاش: (گاریبادلی-مزینی تا فاشیەکان)..،

[1] بیان للشیوعی-مارکس-أنجلس .

بەو شێوەیە ئیسپانیاو جیهانی تری گرتەوە. نەتەوایەتی سێ دۆخ وەمەبەستی سەرەکی هەبووە، یەکەم ڕزگاری لە ژێر دەستی داگیرکەران، دووەم یەکگرتنەوەی پارچە پارچەیی نیشتمانێك، سێیەم داگیرکاری ...

یەکەم جار لە کۆتایی سەدەی (١٨) لە ئەڵمانیا وەك بزوتنەوەیەکی ڕۆمانسی لەلایەن نووسەرو سیاسەتەدارو هونەرمەندەکانی سەری هەڵدا لەکاردانەوەی شکستەکانی[1]، (بسمارك)یش یەکەم پەیڕەوکەری بووە لە جەنگی ١٨٧٠زو یەك خستنەوەو دروست کردنی ئەڵمانیا لە١٨٧١، هەرچەندە لەسەر ئەو سەرەتایە کۆك نین هەندێکی تر شۆڕشی فەرەنسی‌و جارەکەی مافی چارەی خۆنووسی گەلانی پێ سەرەتا بووە کە ئیمپراتۆرەکان بەرەو دەوڵەتی نەتەوەیی پێ وەچەرخا، بەشێکی تر (پەیمان نامەو ڕووداوی ویستیفالیا (WEST PHALIA)-١٦٤٨)[2] بەو سەرەتایە لەقەلەم داوە، بەشێکی تر هەڵمەتەکانی ناپلیۆن بۆسەر هەندێ میللەتی ڕەسەن‌و کاردانەوەیان دەکەنە سەرەتا، هەشە جارنامە (١٤) خاڵیەکەی مافی میللەتانی (ویلسۆن)ی سەرۆکی ئەمریکی کە لە ساڵی ١٩١٨ دەرچوو دەکەنە ئەو سەرەتایە، دوای مافی میللەتان لە (عصبة الامم - کۆمەڵەی نەتەوەیی لە مادە (١) فەقەرە -٣-)و تا دەگاتە چەپیەکان کە سەرەتای ئەو مێژووە بۆ شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧، جارنامەی (لینین) بۆمافی میللەتان کە بووە هۆی سەربەخۆیی فنلنداو پۆلەندا، ئنجا پەیدابوونی بزوتنەوەی ڕزگاری نەتەوەیی، تا ئەو ڕایەش کە لە هەردوو جەنگی جیهانی هەر لایەی نەتەوە بچووکەکانی ناو لای دوژمنی هان دەدا بۆ ڕزگاری‌و شەڕو کێشە..

بەداخەوە بەشی زۆری نووسەرانی جیهانی سێ یەمیش وەك ڕۆژئاوا بڕیارو هەڵوێستەکانی خەلافەتیان فەرامۆش کردووە، سەرەڕای ئەو سەلبیات‌و کارە دڵتەزێنانە.. کەچی لەگەڵ سەرهەڵدانی کێشەی نەتەوەیی، لە کۆتایی سەدەی

---

[1] موسوع السیاسة.ع.غ.ف.ق، ب٤ ل٨٣١.
[2] بڕوانە (عەلمانیات) هەر لەو فەرهەنگە.

(١٩)و سەرەتای سەدەی (٢٠) خەلافەتی عوسمانی زۆر بڕیاری گرنگی دا سەبارەت بەسەربەخۆیی نەتەوەکانی عەرەبو کوردو چەرکەس و..لە هەموان لە پێش تر جارنامەی (جامعة الاسلامیة)کە تیایدا هەر میللەتەو مافی دەوڵەتی پێ درابووکە ببنەوە ئەندام لەو جامیعەیە،کوردیش لە ڕێی شێخ سعید نورەسی ئەندامێکی چالاکی ڕێزی پێشەوە بوو، بەڵام سەرکەوتنی تەیاری عەلمانی کەمالی بەسەر خەلافەت بەشێك لە بڕیارەکانی لەباربرد، ئەوەی پێی ڕاگەیشتن بڕیارەکانیان ڕاگرت، ئینجا لە پێشتریش بە حوکمی سیستەمی (ویلایات)و شوراییانە کەمتر نەتەوەکان ئەو کێشەیان هەبووە (لە مەسەلەی کورد زیاتر باسی دەکەین).

ڕەنگە هەموو ئەورووداوانە دەوری خۆی هەبووبێ بۆسەرهەلدانی نەتەوەیی نەك تەنها یەکیان، بەهەر حاڵ لە کۆتایی سەدەی (٢٠) نەتەوایەتی بەفراوانی لە ئەوروپاشەوە پەڕیەوە بۆ جیهانی ئیسلام، بەپێی هەندێ سەرچاوە (ناپلیۆن) بە یەکەم گەیەنەری ئەو بیرە دانراوە، لەناو جەرگەی عوسمانیش حزبی ئیتحادو الترقی لە ١٨٨٩ دروست بوو، لەناو عەرەبیش بەدەیان سەنتەرو ناوەند دروست بوو بۆ ئەو مەبەستە، هەر بەو شێوەیەش لەناو کوردانیش وەك فکرەیەك تەنها لەناو ڕەوشەنبیران هەبوو، تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم ئینجا بووە خواستێکی میللی، کەواتە مێژووی سیاسی نەتەوەیی بەهەموو پێوانەیەك لەدوو سەدە تێ ناپەڕێ لە جیهان، بۆیە دەبینین هەرناوەی نەتەوەیەکیش لە بۆنەو ناوێك هاتووە، ئەسڵی ئەرمەنی گوایە لە خواوەندێکی جەنگی Armenius هاتووە[1]، ئەسڵی (فارس) (پارس) بوو، کە جاران بەزاراوەی شایەکانیان وتراوە زاراوەی پارسی[2]، لە فەرهەنگە کۆنەکانی عەرەبی لە (کشاف)یش ئەو ئەسڵەی تیانیە، بەڵام بەخەڵکی نەفامە ڕەوەندە عەوامەکان وتراوە (عەرەب)[3]، (إبن أزرق) لەکتێبی (بدائع

[1] معجم البیانات، أساطیر العالم، امام عبدالفتاح امام، ل١١١
[2] بۆزیاتر بڕوانە (فەرهەنگ فارسی عمید) ب١ (ا-ح) ل٤٩٥.
[3] المنجد في اللغة و الاعلام ل٤٩٥.

السلك في طبائع الملك) و (إبن خلدون)یش لە (مقدمة) بەراشکاوە تر باسی (عەرەبی) کردووە بە درندەو دژ بەشارستانی وەسف کردوە نەگەر لە ئیسلام دابرنرێ.

بە پێی هەندێ سەرچاوە تورکیش ناوێکی عەوامانەو هاوتای (بێ ئیدراك)یە[1]، رەنگە ناوی کوردیش بە خێلەکیە تۆخەکانی دوور لە شارستانی ووترا بێ.

ناوی زۆربەی ئەو دەوڵەتە نەتەوەییانە بە سنورەکەشیانەوە هەر بەو شێوەیە هاتووە، واتە نیشتمانێکی دەستکردە، عێراق بەو پارچە زەویە رەشەی سەرووی بەسرەی وتراوە عێراق و ناوێکی فارسیشە لە ئەراك هاتووە[2]، لبنان شاخێکە ناوی (جبل لبنان) بووە، ئوردەن رووباری ئوردەن، کۆنگۆش بەناوی روبارەکەی هاتووە... هەمو ئەو ناوانە نوێن بەبۆنەی جیاجیا ناویان لێ نراوە (جگە لە هەندێکیان) کە ناوی جوگرافیان هەبوە نەك سیاسی، چەند نمونەیەکیان لێ هەڵدەبژێرین:

ئەریتریا: لە ئەسڵدا ئەریتیریۆمە واتە دەریای سوور بەزمانی یۆنانی، بەو قوڕە سوورەی لە دەریاکە هەیەو سور دەردەکەوێ.

+**عێراق:** أرض السواد، بلاد بابل، بلاد اشور، میزۆبۆتامیا، بلاد مابین النهرین ...لەگەڵ زۆر ناوی تری هەڵگرتووە،زیاتر بەو پارچە زەویە رەشەی سەروو بەسرا وترا عێراق[3] لە نەخشەی ئیبن ئەلحۆقل نەخشەکەی لە بەیەك گەیشتنی هەردوو رووبار لەقورنە دیاری کردووە لە ٥٠کم' تێ ناپەڕێ، (عیراقان) بە کوفەو بەسەر وتراوە، یان جارواپە کووفە بە (عراق العجم) ناوبراوەو سەرووی (بصرە) بە عراق العرب، هەرگیز کوردستان بەشێك نەبووە لە عێراق.. هەتا لە نەخشەی

---

١ محاضرات في نشوء القومية، ساطع الحصري، هەروەها بڕوانە دراسات في حركة الكردية المعاصرة – د. عثمان علي.

٢ بروانە نەخشەی ئیبن ئەلحۆقل

٣ أطلس الحضارة الاسلامية.

ئیسلامی کۆن ناوی کوردستانی تیادایە ناوی عێراقی تیادانیە، عێراق بەو خاکە سوێرەش وترا کە ئەڕوێ[1] (سەرنج بدە: موسوعة التاريخ الاسلامي، ج٧ ل٦٢).

لبنان: شاخێك بوو بەناوی جبل لبنان.

ئوردەن: بەو دۆڵە وتراوە (وادي الاردن) کە ڕووبارەکەی تیادایە.

ئەسیوپیا: بەیۆنانی مانای وڵاتی دەمو چاو سوتاو (لەبەر ڕەشی) ئەوەیان وەك لە نووسینەکانی هیرۆدۆتس، ستراپۆ، ئینجیل، .. دەردەکەوێ بەهەمو ئەفریقیان وا وتوە.. ناوێکی ڕەگەز پەرستیە بۆیە لە ئیسلام هەر بەحەبەشە ناوبراوە.

ناوی ئەمریکا: بە (جیهانی نوێ-عالم جديد) ناو دەبرا، دوای لەساڵی ١٥٠٧ز (جمعية العلماء المختصين) لە (سان دیبە)ی فرنسی ناویان نا ئەمریکا بە ناوی (ئەمریکۆ فیسبۆتکی) کە چوار جار چووبووە ئەمریکا لە ساڵی (١٤٥٤ز-١٥١٢ز).

+ **بریتانیاش** جاران ناوی خوایەکیان بوو دوای بووە تاجی شاهنشاهی.

+ **ئوستڕالیا:** بەمانای لاتینی (خوارووـجنوب) .

+ **جزائر:** جاران ناوی بلاد بربر بوو دوایش (مغرب الاوسط)، دوای ئەوەی عوسمانیەکان شارێکیان لەسەر دەریا دروست کرد بەناوی (جزائر) وئیدی وڵاتەکەش بووە ئەو ناوە.

+ **سری لانکا:** جاران ئەو ناوچە بە سیلان ناوی ڕۆیشتبوو چونکە گوایە ئادەم لەو نزیکان هاتتە خوار لە دوای سزاکەی، لە ساڵی ١٩٧٢ ناوی نراسری لانکا بەمانای زەوی درەوشاوە، چونکە دەدرەوشاوە بەشەو.

+ **مۆریتانیا:** ئەو ناوە لە (مۆر) هاتووە کە ناوێکی ڕۆمانیو ئیسپانیە بە موسوڵمانانیان دەووت بە زمانی ڕۆمانی مانای (ڕەشتاڵە)، لەهەرجێیەك ئیسپانی پێ گەیشتبێ ئەو ناوە لێ هەیە وەك لە خوارووی فیلیپینیش بە موسڵمانەکان دەووترێ مۆرۆ..، لە سەرەتا بە سوپای (طارق کوڕی زیاد) کە خەڵکی سەرووی

---

[1] المنجد: ل٥٠١.

رۆژئاوای ئەفریقیا بوون وترا (مۆر)، بەڵام سەنیگالیەکان بەو ناوچەیەی ئێستای مۆریتانیان دەووت (ڤۆتی) دوای بووە (مۆریتانیا).

+ **ئەرجەنتین:** لە (ئەرجەنتیۆم) لاتینی هاتووە مانای خاکی زیوی (لەبەر رەنگی زەویەکەیان)[1]..

تەنانەت پاکستان کە دەوڵەتی دروست کرد هیچ ناوێکی پڕ بەپێستی نەبوو، کە جاران بە (دۆڵی سند) ناودەبرا، هەڵسا هەرپیتەی رەگەزێکی وەرگرتو (پاك)[2]ی لێ دروست کرد.. ناوی نەتەوەیی نەبووە، هەر لەبەر هەمان هۆی نەبوونی فاکتەری نەتەوایەتیو سستی ئەو هەستە دەبینین کورد حوکمی فارسو عەرەبو تورکی کردووە (ئەردەشێر، کریم خانی زەند، ..) لەسەر فارسو (صلاح الدین) لەسەر هەموو..، قاچاری تورك بوو حوکمی ئیمپراتۆریەتی فارسی کردووە، عەرەبێك حوکمی رۆمی کردووە، (عبدالرحمن بن روستم بن بهرام)، لە دەست فارس هەڵات چووە مەغریب، ئیمپراتۆریەتی رۆستەمی لە مەغریب دروست کرد لە (١٣٧-٢٩٧)[3]، لەسەردەمی عەبباسیەکان دەورێکی گرنگیشی بینی لە بڵاوکردنەوەی ئیسلام لەسەرووی ئەفریقیا ئەوە دوای ئەوە کورەکانیشی حوکمیان دەکرد، خەڵکی ئەوەندە پابەندی حوکم نەبووە، خەڵکی عەوام قایل بوون تەنها ناوی شازادەی لێ بنرابا، زۆر بەناگانەبوون هەتا ئیمپریالیزمە گەورەکان جار وابوو ئەو وڵاتانەیان دەفرۆشتەوە یەکتر، ئەمریکا (فلیپین)ی لە ئیسپانیا بە (٢٠) ملیۆن دۆلار کڕیەوە، چەندین ویلایەتی ئێستای کڕیەوە، ئیتحادیەکان

[1] نۆ هەموو بروانە: (موسوعة العربية ج٢ ل١٢٦). (موسوعة التأريخ الاسلامی، ج٤ ل٢٤٥). (موسوعة التأريخ الاسلامی ج٦ ل٥٠١).معجم البلدان - یاقوت الحموی هەروەها (إبن بەتروتە، نەخشەی هیرودتس، ئبن الحوقل،....

[2] بە پێی خۆیان مانای خاکی پاکانە، بەڵام یەکێ لە گلەییەکانی بەنگلادیش (پاکستانی رۆژهەڵات) ئەوەبو کە پاك بریتیە لە پیتی یەکەمی رەگەزەکانی پاکستانی روژ ناواو هیچ رەگەزێکی ئەوانی تیا نیە.

[3] موسوعة التاريخ الاسلامي، د.أحمد شلبي.

(ليبيا) يان هەراج كردبوو بە دوو كەشتی جەنگيی بدەنە ئيتاليا...، زۆربەی ئەو نيشتمانانە بی خاوەن بووينە سەودای وای لەسەر كراوە، ئەو كاتی پەيوەندی نيشتمانو نەتەوەو دەسەڵاتی سياسی لێك جيابوو، دوای لە سەردەمی ڕابوونی نەتەوەيی بە ئۆرگانيكیو سياسيانە پێك بەستران، دوايش بوە مادەيەكی ياسای دەولی بۆ دروست بونی دەوڵەتی هاوچەرخ، بۆيە هەروەك نەتەوەييە عەرەبەكان هەڵەن كە وەسفی ئاشوریو ئەمەویو عەباسی بە عەرەبيانە دەكەن، مەغۆلو تەتەرو عوسمانی بە تورك، بەهەمان شێوەش هەڵەيە وەسفی ئەيوبييەكان: بە كوردايەتی بكرێت.

سەردەم سەردەمی نەتەوەيی نەبووە، سەردەمی ئيمپراتۆرياتو بنەماڵە بووە- ئەگەر ئيسلامی ڕاستەقينە نەبوبێ، ئيتر زۆرجار بە تەرازوويەكی ئەو واقيعەی ئێستا واقعێكی مێژوويی پێ هەڵدەسەنگێنين هەڵە دەردەچێ، وەك حوكم دان لەسەر (صلاح الدين) كە بۆچی دەوڵەتی كوردستانی دروست نەكردووە؟!!.

يان عەباسیو ئومەوی بۆ دەوڵەتی عەرەبيان دروست نەكردووە.. ئيتر ئەگەر وابوايە ئابوايە نەتەوەيە توركەكان بە سەركردايەتی ئەتاتورك شۆڕش لەسەر عوسمانی بكەن..

هۆكارەكانی سەرهەڵدانی نەتەوەيی -پوختە-:

١- قۆناغی مێژووییو گەشەی زانستیو تەكنەلۆجی.

٢- غيابی ئاينی ڕاستەقينە.

٣- پەيدابوونی بۆشايی ئايديۆلۆجیو باوەڕ لەدوای لاوازبوونی مەسيحيەت، وەك ڕەهەندی ئەورووپيەكەی.

٤- پێويستی مرۆڤ بە كۆمەڵێكی كۆمەڵايەتی بۆ ئينتماو تەفاعول كردن.

٥- گەشەی ئامرازەكانی فريودان بۆ پەيداكردنو ڕاكێشانی لايەنگيری سياسی لەلايەن دەسەڵاتداران.

٦- گەشەی عەلمانیەتو سیاسەتی مەزهەبی میکافیلی.

٧- پاڵنەرە ئیمپریالیزمیەکان.

٨- پاڵنەرێکی دەروونی هەیە بۆ مرۆڤ، کە ئارەزووی خۆ دەرخستنی هەیە، بەتایبەتی رەوشەنبیران، بۆیە هەر کاتێ لە ئینتما ئایدیۆلۆژیو سیاسیو ئاینیو (ئاسۆییەکان بەگشتی) شکست بهێنێت بەخێرایی دەگەڕێتەوە بۆ ئینتمایە (شاقولیەکانی) وەك خێڵەکیو نەژادیو نەتەوەیی و.. ئەوەیان داینەمۆیەکی بەهێزی وروژاندنو نوێ کردنەوەی ئەو هۆکارەیە بەسەر هەڵدانیشیەوە.

٩- لەناو هەمو نەتەوەیەکیش داستانو سەربردەیەکی ئەفسوناوی هەیە وەك سەروەریو یادکردنەوەیەکی نەتەوەیی، لەناو کوردو ئاریەکان (سەربردەی نەورۆز) کە زۆر روونیشە ناکەوێتە عەقڵی دروست، هەروەها (تۆرانیەتی) تورکی، (هرمجتونو شعب الله المختار)ی عبریو یهودی، أرض الرسالاتی عەرەب، (ئارام)یش لەناو ئەرمەنیەکان، بەسەربردەی واش بیری فاشی لە ئیتالیاو نازی لە ئەلمانیاو شۆڤینی فرنسی و فالانژیسی ئیسپانی... .

جیاوازی نێوان دوو چەمك:

نوممەو نەتەوە: لەلایەن نەتەوەگەریە عەرەبەکان تەقەلا دراوە نوممەش بخرێتە ریز (قومیة)و خێل وبنەماڵە وخیزان هەروەك لە (کتاب الاخضر) بەڕوون تر هاتووە : الامة عبارة عن اسرة كبيرة بعد ان مرت بمرحلة القبيلة، بەو شێوەیە امە دەبتە زاراوەیەکی کۆمەڵایەتی ستونی کەمێك فراوانتر لە نەتەوە، هەر بە سەرنجێکی سەرەتایی بەڕوونی دەردەکەوێ ئەو دوو چەمکە زۆر لێك جیان، کەچی زۆربەی نووسەرە نەتەوەییو فەرهەنگەکانیش یان بە ئەنقەست تێکەڵیان دەکەن یان لەژێر کاریگەری زانیاری تایبەتی ئەوروپی، نووسەرانی خۆشمان پێی بەهەڵەدا چوونە، لە فەرهەنگێکی باڵای وەك (الموسوعة العالمية) کە بەو پلە نەتەوەگەریش نیە، کەچی ئاوای نەتەوایەتیو ئوممەت تێکەڵ کردووە، سەرنج بدە

له پێناسی نەتەوە، دەڵێ: (تعبير سياسي يعني شعور الناس بإنتماء جميعا الى أمة واحدة)[١]، بەهەمان شێوە (قاموس التربية) له پێناسی (مادەی: nationalism –القوميه: وعي قومي يركز على مجد الامة ثقافتها مصالحها)[٢]، هەروەهاله(القاموس السياسى)هاتووه : (..جملة عوامل معنوية التى تربط جماعة انسانية وتضمها فى ايطار وحدة تعرف بالوحدة القومية و تعرف هذه الجماعة باسم –الامة- .) زۆربەی ئاوا لێی بەهەڵە داچووینە.

تا رادەیەکی زۆر باویشی وەرگرتووە بۆیە فەیلەسوفێکی وەك (ئەنجلس)یش لە نووسینەوەی مەرجەکانی (ئوممەت) گەڕایتەوە سەر هەمان مەرجەکانی نەتەوایەتی، لەدوای پشکنینێکی ورد لە زمانەکانی ئەڵمانیو ئینگلیزیو فەرەنسیو زۆربەیان وا دەردەکەوێ لە زمانی ئەوروپی ئەو دوو زاراوەیەی (نەتەوە)و (ئوممە) بەیەك واتای (national) هاتووە، مەسیحیە نەتەوەگەریەکانی شام ولبنان یەکەم توێژ بوون کە دروشمی (العرب ثم الإسلام)یان بە کارهێنا ودامەزرینەری بیری نەتەوەی عروبیشن، لەوانە (بوتروس بیستانیو ئبراهیم یازجی ...نەجیب عازووری کتێبێکی بەناوی (يقظة أمة العربية) نووسی، ئوممەی عەرەبیان هێنا ئاراوە لە جیاتی ئوممەی ئیسلامی، ساتیع ئەلحوسەریش یەکەم کەس بوو (ناشینال)ی کردە (ئوممە)و ئیتر (الامة العربية) بەکارهات، ئەگینا لە هیچ کتابێکی کۆنی ئیسلامی ئەو زاراوەی ئوممەی عەرەبی نادۆزیەوەبۆیە زۆریك لە ئەکادیمیە نەتەوەگەریە عەرەبەکانیش وا تێگەیشتون کە نیازی قورئان لە نوومە ئوممەی عەرەبە*، نەخێر، ئوممە تەنها لە فەرهەنگی ئیسلامی مانای خۆی هەیە، ناوبردنی نەتەوەیەك بە (ئوممە) بۆ باڵاو پیرۆزکردنی نەتەوەگەریەکەیە، جار وایە مارکسیەکانیش زاراوەی (ئوممە)یان بەو کۆمەڵە

---

[١] الموسوعة العالمية، ق- ب/١٨ ل٤٢٧.

[٢] قاموس التربية: مادة (nationalism)، د.خولي.

* له کوردستانیش بەشێك وای تێگەیشتوون

خەلکە داوە کە شێوازی بەرهەم هێنانیان وەك یەك بووە، لە جیهانی سـێیەمیش کێـشەی پێنـاس‌و تێکـەڵکردنی (ئومـە) بـە (نەتـەوە)و هەنـدێ جـار بـە (نیشتمان)یش، جاروایە بە نەتەوەیەکی سیاسی وتراوە (واتـە: ئومـە= نەتـەوە + ئایدیولۆژیا)، لە ڕووی یاساییەوە بـە میللـەتانێك وتـراوە ئومـە کـە دەوڵـەتیان هەبوویی بۆیەش ناوی (أمم المتحدة) واهاتووە.

وەك ڕونـە قـەیرانی ڕەوشـەنبیرانی جیهـانی سـێیەم لـەو ڕووەوە ئەومیـە ئیعتمادێکی لاساییکەرەوەیان کردۆتە سەر ڕۆژئاوا بۆ ئـەو پێناسـانە، لـەکاتێکا پێناسی (ئومە) تەنها لە شەریعەتی ئیسلام و (مقاصد الشريعة) دەکرێ هـەروەك (م.وات)یش دانی پیادەهێنێ‌و دەڵێ: (ئومە تایبەتە بە ئیسلام‌و هیچ سیستەمێك نە پێی دروست دەبێ، نە بۆی دروست بووە)[١]، بۆیـەش دەبیـنین لـە (تەرجەمـەی ئاشێ) بە نەتەوەو ئومەو جاریش وایە بە نیشتمانیش هاتوە، تێکەڵ بوە، هەتا لـە وەرگێڕانی (نازی- لە پیتەکانی یەکەمی پارتی سوشیالیستی نەتەوەیی ئەڵمانیا-naze) بەهەرسێ جۆر هاتووە (حزبـی سوشیالیـستی نیـشتمانی ئـەڵمانی)، بـە (حزبـی سۆشیالیـستی نەتـەوەیی ئـەڵمانی)، بـە (حزبـی سوشیالیـستی ئومـەی ئەڵمانی)ش هاتووە، ئومە لە هەموو ئەوروپا دەگێڕنەوە بۆ (nation) کە هەمان مانای نەتەوەو جاروایە نیـشتمانیش دەدا، کـە ئـەوەش لـە ئەسـڵدا لاتینیـە لـە (natio)، ئەوەش لە (noscere) هاتووە بە مانـای (زان) یـان (زاوزێ)یـان لـە (ناسیوم ونیتوس) هاتووە دەکاتە (مـسقط رأس)، ئەو مانایانەش زیاتر ڕەچـەڵەك دەگرێتەوە، بۆیە ئومەش لە پۆلەکانی شاقوولی‌و نەتـەوەیی خانەڕێـژ کـراوە، لـە کاتێکا ئەسڵیەکەی لە ئیسلام ئومەیە هیچ پەیوەندیـەکی بـە ڕەچـەڵەك‌و زمـان‌و نیشتمان نیە، بەڵکو تەنها لەسەر ئاینی هاوبـەش پێـك دێـت، بۆیـەش (عبـاس محمود عقاد) دەڵێ: نە (nation) نە (people) نە هـیچ زاراوەیـەکی ئـەورووپی

---

١ بۆ زیاتر سەرنج بدە: ا- الاسلام و الجماعة المتحدة- وات، ب- مايقال عن الاسلام، ل٢٤٩.

(غەیرە ئیسلامی) مانای ئومە نادات[1]. پێناسی ئومە لە کتێبە کۆنەکانی ئیسلامی وەك: جرجانی، ئیبن مەنزوور، فەیروز ئابادی، ئەسفەهانی.. بەو کۆمەڵە خەلکە وتراوە کە وەلامی دەعوەی ئیسلامیان داوەتەوە، ئەوەش (واتە ئەو ئاینەش) لەو فەترەیەی سەدەی (١٩) بەدواوە کەمتر ئەو رۆلەی مابوو زیاتر فەرهەنگی عەلمانی لە جیهانی ئیسلامیش زاڵ تر بووە، فەرهەنگە جیهانیەکانیش وەك (موسوعة دیدرۆ، ئەکادیمیەی فەرەنسی ١٦٩٤، فیختە، رینان، مارسیل، هیگل، نتچە، مارکس، ئەنجلس، لینین، ..) هەموو ئەوانە لەبارەیان نووسیە، خاك‌و زمانیان کردۆتە بنچینەی ئومە کە دوو فاکتەری نەتەوەییە، بۆیە دەبینین وا تێکەڵ کراوە، سەرنج بدە (د.کیالی) چۆن لە پێناسی نەتەوەیی (هەروەك پێناسی سەروو لە موسوعة العالمية) گەیشتۆتە ئومە، (أمة: مجموعة بشرية تكون تآلفهما تجانسها القومي عبر المراحل تاريخية تحقق خلالها لغة مشتركة تاريخ تراث ثقافي معنوي وتكوين نفس مشترك والعيش على الارض واحدة مصالح اقتصادية مشتركة مما يؤدي الى احساس بشخصية قومية، و تطلعات ومصالح القومية موحدة مستقلة)[2]، ئەوەش بەدەقی لە فەرهەنگی (حزبی بەعس) هاتووە بڕوانە (تعريفات ببعض المصطلحات – مادة: امة).

ساطع حصری کە جیهان بینێکی عەرەبی نەتەوەگەریە دەڵێ (..لكن لا الدين ولا الدولة ولا حياة الاقتصادية من مقومات الامة الاساسية، ولكن اللغة و التاريخ هما عاملان الامة)، لە (موسوعة العربية)ش کە (نوێترین‌و بەهێزترین موسوعەیە) دەڵێ (ئومە) بەیەك فاکتەر دروست نابێت، واتە تەنیا بە ئاین دروست نابێت[3]، دیسان لە (موسوعة العالمية) لە پێناسی (نەتەوە) بە (ئومە) کۆتای هاتووە، ئومەش بە نەتەوە: (قومية: تعبير سياسي، يعني الشعور الناس

---

١ ما يقال عن الاسلام ل٢٤٩.

٢ الموسوعة السياسية ب١ ل٣٠٦.

٣ موسوعة العربية ب٣ ل٦٣٤.

بالأنتماء جميعا الى امة واحدة)، (امة: مجموعة من الناس يتقاسمون ثقافةً تاريخاً لغة مشتركةً لهم شعور بالوحدة القومية)[١]، له بارەی نەتەوەیی هاتووە (الدولة القومية: هي اذا تطابقت حدود الدولة مع حدود الامة نفسها)[٢].

له ئەنترۆپۆلوجیەکانیش هاتووە: ئومە بە: ١-بەرژەوەندی هاوبەش، ٢- خاکی هاوبەش، ٣-شارستانی هاوبەش، ٤-مێژوو، ٥-زمان، ٦-ئاینی هاوبەش[٣].

له موسوعەی (مذاهب مفاهیم في فلسفة الاجتماع- ل١٥ -کە پسپۆڕیشە لەوبارەیەوە -) هاتووە: (ان الامة مرتبط اشد الارتباط باللغة، ..)، ئەوەش هەرداکۆکی لە: (زمان، مێژوو، ئابووری، دەروونی، کەلتوور، ..) وەك مەرجەکانی ئومەی لە قەلەم داوە، بەڵام لە دوایدا دێتەوە سەر ئەو راستکردنەوە دەڵێ : ئومەو نەتەوایەتی لە ئیسلامدا لێك جیان.

لەپێناسێکی دەگمەن بۆ نەتەوایەتی لە لایەن (کارلتون هیس) کراوە تەنیا تێڕوانینێکی ئایدیۆلۆجی کردوتە بنچینە نەك مێژوو وخاك وزمان ودەلی : (نەتەوەیی بریتیە لە کۆمەلە خەلکێك کە تێڕوانینێکی هاوبەشیان بۆ گەردوون و ژیان هەیە)[٤] ئەو پێناسە نزیکە لە (ئومە) نەك نەتەوە، پێناسەکانی ئەلمانی و فرنسی وورووسی بۆئومە لێك جیایە، ئەلمانی تۆخمی ڕەچەلەك بنچینەیە، لەفرنسا نیشتمان، لەروسی ئابوری،.. تێگەیشتنی عەرەبو تورك سەبارەت بە نەتەوە بۆئەلمانیەکە دەگەڕێتەوە، لەرووی یاسایەوە بەشێك پێیان وایە ئومە ئەوانەن کە خاوەن دەوڵەتن، (قاموس المصطلحات السياسية والدستورية والدولية) لە مادەی ئومە دەڵێ: (مشتقة من أصل لاتيني nasci– بمعنى يولد) سەرنج بدە بنەچەکەشی بردوتەوە سەرلاتینی! .

---

[١] موسوعة العالمية ب ١٨ ل٤٢٧.

[٢] موسوعة العالمية ب ١٨ ل٤٢٧.

[٣] مقدمة في أنثربولوجيا الاجتماعية.

[٤] Easy of nationalism

بەشێکیش هەیە ڕاستتر بۆی چوونە لەوانە (موسوعة کشاف اصطلاحات فنون) دەڵێ ئوممەت تەنها لەسەر بنچینەی ئاین دروست دەبێت، ئەوەیان تیروانینی فکری ئیسلامیشە بەسەرجەم زاناکان وپسپۆری ئیسلامی لەو بوارە، (لە بابەتی چەمکەکانی فکری ئیسلامی تایبەت تر لە ئوممە دەدوێین)، ئەوکاتی بۆمان دەردەکەوێ هەروەك (ئوممە) لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ چۆن (سەلمانی فارسی و صوهەیبی ڕۆمیو گابانی کوردیو بیلالی حەبەشی عومەری کوری خەتاب) یەك ئوممەت بوونە، لەدوای ئەویش وا دروست بووە بەبێ هاوبەشی زمانو مێژوو و خاكو باری دەروونیو جیای کەلتوری.. ئاواش ئێستا دەبینین (ڕۆجیە غارودی، سعید نورسی، سید قطب، ابو أعلی مودودی، خمینی..) هەریەکە زمانی جیا، ئابووریو خاکی جیا، کەلتورو مێژووی جیا.. کەچی یەك ئوممەتیشن.. پێناسەکەش هەمو ئەوانەن کە پێشوازیو پەیرەوی لە پەیامی محمد ﷺ دەکەن، (کل من بعث الیهم نبي، ویسمون امة الدعوة، وأخری علی المؤمنین به وهم امة الاجابة)[1]. یان وەك د.حمیدالله وەسفی کردووە: (ئوممە: ئەوانەن وەلامی بانگی پێغەمبەر ﷺ دەدەنەوە لە هەر سەردەمێكو لەسەر بنچینەی ئەو وەلامە یەك دەگرن، تێ دەکۆشن)[2].

ڕاستە لە قورئانیش بەزۆر جۆر مانا هاتووە بە زەمەن، بە خەڵکی، بە مێژوو، .. بەڵام لە (مقاصد الشریعة) ئەو مانایانەی هەیە بە تەنها کە لە پێناسەکەی سەروو هاتووە، بۆیە هەندێکی تر ئوممەو ئوممەی ئیسلامیشیان لێك جیاکردۆتەوە، لەوانە (معجم اصول الفقه)، ئوممەی وەك نەتەوە پێناسی کردووەو (ئوممەی ئیسلام)یش هەمو ئەوانەن کە باوەڕی بە پەیامی پێغەمبەر ﷺ هەیەو ئامانجی: (هي تحقیق الاستخلاف لله في الارض بعمارتها وفق منهج الله ومراده)[3]،

١ موسوعة کشاف مصطلحات فنون ل٢٠٦٢.
٢ الوثائق السیاسیة في عهد النبوي و الخلافة الراشدة.
٣ معجم مصطلحات أصول الفقه، د.قطب سانو.

ئەنوەر جندی لە پێناسی ئوممە زۆر بە وریاییو ئەندازیارانە جیاوازی کـردووە لـە نێوان ئوممەو نەتەوە، کەچی هەریەکە لە زمانو جـوگرافیو مێـژووی بـە تـەماوی بەجێ هێشتووە، مەرجەکانی ئوممەی لە ٩ خال کۆکردۆتەوە، (بیروبروا، ووشـیاری ئیسلامی، زمانی قورئان، مێژوو، نەریتە ئیسلامیەکان، پابەندی بـە شـەریعەت، بەندایەتی بە کۆمەڵ، پەیوەندی جوگرافی، یەك ئامانجی)[1].

(سـعید حـوی)ش بیریـارێکی ئیـسلامیە نیـشانەکانی (ئوممـە)ی لـە کتێبـی (الإسلام)بەو شێوەیە دیاری کردووە: (وحدة العقیدة، العبـادة، السلوك والاخلاق، الدستور والقانون، القیادة، التأریخ، اللغة)[2].

ئەوەی جێی سەرنجە لێرەدا (سعید حوی)ش تا ڕادەیەك کەوتۆتە ژێر کاریگەری ڕابوونی نەتەوەیی، دەبینین هەردوو فاکتەری (زمـانو مێـژوو)ی کردۆتـە مـەرج، بەڵام هەر لە (ل٢٨٦)ی هەمان کتێب گەڕاوەتەوەو هـەموو جـۆرە پەیوەسـتێکی بێجگە لە ئیسلامی ڕەت کردۆتەوە بۆ بناغە دارشتنی ئوممەو پەیوەندیـەکانی بـە نەتەوەو نیشتمانو دەڵێ: (..أما المجتمع الاسلامي فأرتباطه بالوطن والقـوم بمقـدار أرتباط هذا الوطن وأهله بالاسلام، فولاء المسلم اولا وأخيرا).. هەڵبەتـە ئـەوەش هەمان ڕای جمال الدين ئەفغانیە کە دەڵێ: (لا جنسية للمسلمين الا في دينهم)..

بەو شێوەیە ئوممەت لە فیکری ئیسلامیدا ڕەچەڵەكو میرات نیە بەنـد نیـە بـە مێژووو زمانو خاكو بابو باپیران، واتە ئەو زاراوانـەی وەك: أمـة الالمانيـة، امـة العربية، امة الكردية..، هەڵەن، لە بەرامبەریدا ئەو زاراوە هاوتایانە ڕاسـتن (امـة الاسلام، امة المستجابة، امة الايمان، امة العقيدة.

ئیتر ئەو چەمکانە: دار الاسلام، وڵاتانی ئیسلامی، دار الكفر، دار الحرب، دار الامان، کۆمەڵگەی ئیسلامی، ئێمەی ئوممەتی محمد، لەو سەردەمە بەتایبەتی لەو

---

١ معلمة الاسلام – مادة: المسلمون امة.

٢ الاسلام –سعيد حوى ل٣٤١-٣٤٢.

عەولەمەیەو لەژێر دەسەڵاتی عەلمانیدا ماناکانی پڕ بەپێستی نیە، هەموو ئەو پۆلێنە جیوگرافیی و رەچەڵەکیە بۆ بنچینەی پۆلینی ئایدیۆلۆژیی و ئاینی هەڵە دەردەچن، بە حسابی دارالکفر و دار الاسلام بێت.. کە دەرناچێت وەك دەبینین بە هەزاران مزگەوت و ناوەندی دەعوە لە ئەوروپاو ئاسیایە، بە هەزارانیش لێرە لە دایك و باوك و خاکێکی ئیسلامیەوەو عەقیدەکەی سوشیالیستیە یان چەپیە یان لیبراڵ دیموکراسیی و نەتەوەگەریە.. بۆیە ئەو بانگەوازەی (پاپا) لە سەردانەکەی بۆ هند لە کۆتایی مانگی ١١/١٩٩٩ تا رادەیەك هەقە کە وتی: با بەندێك بۆ (مافی مرۆڤ) زیاد بکرێت کە هەر کەس بتوانی بەسەربەستی ئاینیش بگۆڕی.

ئینتمای (ئومەی ئیسلامی).. موکتەسەبە.. پرۆسەیەکە بەردەوام پێویستی بە پەروەردە و دروست کردنە.. نەك هەر لە دایك بووی سنورێکی جوگرافی بەناو ئیسلامی بێت ئیتر تاکێك بی لە (ئومەتی ئیسلام).. نەخێرئینتمای ئومەی ئیسلام زکماکیی و میراتیی و نەتەوەییو..نیە، دروستکردنە، جوڵانەوەیە لە سەرەتاکانیدا حزبایەتیشە لە(حزب الله).. ﴿وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾. واتە (ئومە) زاراوەیەکی سیاسیشە لە کۆمەڵەی زاراوەکانی ئاسۆیی وەك (حزبایەتی، ئایدیۆلۆژیا، ئاین، مەبادیەکان، فەلسەفە،..) بنچینەی حزبایەتی ئیسلامی لە جیهانێکی وا بۆ ئەوەیە ئومەتێك دروست بکەی لە خاکێك (کە دەوڵەتی ئیسلامی) پێ دەوترێت، بەپێی بەرنامەی (قورئان و سوننە) وەك پێغەمبەر ﷺ ئەو کۆمەڵە هێڵە خوارو خێچەی کێشاو هێڵێکی ڕاستیش بە ناویان داو فەرمووی: (هذا صراطي مستقيماً فاتبعوه ولا تتبعوا السبل)، ئیتر پێویستی بە ئەرك هەیە بۆ کۆکردنەوەو ڕێکخستن و تێگەیاندن و ڕێنمایی و ئینتماکردن لەسەر ئەو هێڵە، .. کەواتە بزوتنەوەیەکی سیاسیە لەسەرەتادا، ئەگەر وردتر بیقەبلێنین خودی کۆمەڵگەی ئیسلامی ڕاستەقینە کۆمەڵگەیەکی سیاسیە، هەر بۆیەش لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ دوای خولەفای ڕاشدین و سەردەمی عومەری کوڕی

عبدالعزیز، صلاح الدین، زۆر سولتانی عوسمانیش دەبوایە هەمو کەس فێرە ئاینەکەی بکرێت بەپێی ﴿فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ﴾، ﴿لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ﴾، لە کۆتایی دەرچوونی ئینجا لێی دەپرسرا ئاخۆ ئەو ئاینەت دەوێ وەك بەرنامەی ژیان.. بۆی هەبوو وەری گرێ، بۆشی هەبوو رەتی بکاتەوە.. بەو شێوەیە ئومە دروست دەبێت بەردەوام دەبێت نەك وەك ئێستا، عەلمانیەتەو لەهەمان کاتیشدا دەڵێ ئومەتی موحەمەدم،و دەڵێ مارکسییم وئیسلامیشم، بەرنامەی (عصبی قومیة)و دەڵێ رابەری ئومەی ئیسلامیم!، ئەو تێکەڵیە لە قازانجی ئیسلام نیە وەك تێکەڵ کردنی هێڵە راستەکەو خوارو خێچەکانە، ئەوانەی تێکەڵی دەکەن ودژی لێك جیاکردنەوەی ئەو دوو چەمکەن، مەبەستی سیاسیو ستراتیجی لە پشتەوەیە، دەیەوێ بیری نەتەوایەتی بسیاسینێو بنچینەیەکی فکریو فەلسەفی بۆ دروست بکا کە نیەتی، ئەوەش بەکورتی جیاوازیەکانی نێوان ئومەو نەتەوەیە:

١- نەتەوە لە زنجیرەی ئینتمای شاقولی (بنەماڵە، تیرە، هۆز، خێڵ، نەتەوە، ..)یە، کەچی ئومە لە زنجیرەی ئاسۆی (ئایدیۆلۆژیا، ئاین، مەبادیئی،سیاسی، حزبایەتی..)، هەڵبەتە زنجیرەی یەکەم کلاسیکیو دووەمیش پێش کەوتوونو مانا مرۆڤایەتیەکانە.

٢-ئومەت وشیاریەو نەتەوایەتی عەوامو هەڵخەڵەتاوەیە، ئەو دوو سیستەمە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووری یەی لەسەر هەر یەکەیان بنیات دەنرێ لەجەوهەردا زۆر لێك جیان.

٣-ئینتمای نەتەوایەتی بایۆلۆجیە، میراتە، خوێنە، .. بەدەرە لە خواستی خۆت، .. کەچی ئینتمای ئومە ئایدیۆلۆژیە، موکتەسەبە، مرۆڤایەتیە، عەقڵە، بەدەستە خۆتە، مخەیەری، ..

٤- نەتەوە لە باشترین بنـچینەی زمـانو خـاكو مێـژووو رەچـەڵەك دروسـت دەبێت، كەچی ئومە لەسەر بنچینەی عەقیدە دروسـت دەبێـت بـێ پێویـستی بـە پرۆسەی مێژوویی هاوبەش لە خاكو مێژوو و زمان..

٥- نەتەوەیی ـلەو سەردەمە ـزیاتر بەرهـەمی سـایكس ـپیكـۆی ١٩١٦و پرۆژەكەی ئیمپریـالیزمو سـیكۆلاریش بـەڕێوەی دەبـات، ئومـەتیش پرۆژەیـەكی ئیسلامیە، بزوتنەوە ئیسلامیەكان بەڕێوەی دەبەن .

٦- فراوانترین سنوری ئیمكانیاتی نەتەوە سنوری نەتەوەكەیە، كەچی سـنوری ئیمكانیـەتی ئومـە هـەموو مرۆڤـی سـەر زەویـە بـە نەتـەوەو نـەژادو رەگـەزی جیاجیاشەوە، بۆیە لە (ئومە) مانای كەمایەتیو (ئثنی)و زۆرایەتیو.. نامێنێ.

٧- ئەو دەوڵەتەی لەسـەر بنـچینەی نەتـەوە دروسـت دەبـێ، سـنووردارە لـە هەموو لایەك بە تایبەتی لە ڕووی جوگرافیەوە كەچی دەوڵەتی ئومە جیهانیە.

٨- نەتەوە ئینتمایەكی كۆمەڵایەتیە، ئومە ئینتمایـەكی سیاسـیە، واتـە لـە یەكەمدا تەنها ئینتمایە، لە دووەمدا ئینتماو وەلایە، لـە یەكەمـدا چـالاكی وەلا دەبتە ڕەگەزپەرستی، لە دووەم دەبتە مرۆڤایەتی.

نەتــەوە	ئومـــە
١- ئینتمایەكی ئاسۆییە.	١- ئینتمایەكی ستوونیە.
٢- وەرگیراوە.	٢- میراتە.
٣- دەڤەریو سنوردارە.	٣- جیهانیو بێ سنورە.
٤- بایۆلۆجیە.	٤- ئایدیۆلۆجیە.
٥- تاك زمانی.	٥- فرە زمانی.

(٤١)

بيرى نەتەوەيى فكر القومي nationalism

لە وەرگێرانى ئەم كۆمەڵە زاراوانەى وەك: نەتەوە، نەتەوايەتى، بيرى نەتەوايەتى، ئايديۆلۆژياى نەتەوايەتى.. لە بەرامبەرەكەيان بە ئينگليزى يان لە لاتينيە رەسەنەكەى هەندێ گرفتى زمانەوانى رووبەڕوو دەبێتەوە، لە راستيدا نەتەوەو نەتەوايەتى، نەتەوايەتىو بيرى نەتەوايەتى، .. هەتا لەگەڵ ئايديۆلۆژياى نەتەوايەتيش لێك جيان، (نەتەوە) بە كۆمەڵە خەڵكێكى هاوزمان دەوترێ، تەنها چەمكێكى كۆمەڵايەتيە نەك سياسى، نەتەوايەتى دەبێتە چەمكێكى سياسى، بەماناى كۆبونەوەو وەلاء، لە زمان تێ دەپەڕێ بۆ داڕشتنى بنچينەى زياترى وەك، مێژوو، خاك، بەرژەوەندى بالا، .. (بەپێى هەندێ سەرچاوە ئاينو دەروونو كەلتوريش، ..) نەتەوەگەريە،نەتەوەپەروەريش ئەو كەسانەن كە ئەو ئەركە سياسيە دەخەنە ئەستۆى خۆيان، هەرچى بيرى نەتەوەييە.. زياتر لەوانە قووڵ دەبێتەوە، لەباشترين دۆخيدا بريتيە لەو بيرو بەرنامەيەى كە دەيەوێ جەمو جۆڵى سياسىو جيهانبينيەكەى بە تەرازووى بەرژەوەندى نەتەوەيى بۆ مرۆڤايەتى دابڕێژێ ودەگەڕێتەوە سەر بنەماى (أنصر أخاك ظالما أو مظلوما)، هەر چەندە خاوەنانى ئەو بيرە ويستويانە وەسفى بە : بيرى مرۆڤايەتى، بيرى سەردەم، بيرى رەسەن، .. بكەن، بەلام لەبەرامبەريشدا وەسفى بەبيرى رەگەزپەرستىو تەسكو نەژادى و.. كراوە، هەروەك لە پێناسەكەى سەرووش وشەى (دەيەوێ)ى تيادايە، واتە شايەنى پەيڕەوكردن نيە بە ئاسايى، بۆيە زۆربەى زاناو ئەنثرۆپۆلۆجىو

سیاسەتمەدارانیش بە بیرێکی نوقستان بگرە هەر (نەتەوایەتی) بە ئایدیۆلۆجیاش نازانن، جگە لە لێکدانەوەی زیادەڕەو..

لە راستیشدا یەکێ لە سروشتەکانی مێژووی مرۆڤایەتی بە زانستی‌و سیاسیشەوە ئەوە بووە لەگەڵ دۆزینەوەو پەیدابوونی دیاردەیەکی نوێ، شەپۆلێکی هەڵچوون لە لایەن کۆمەڵێك لە رەوشەنبیرو جیهان بینو سیاسەتمەدار دروست دەکا لە رادەی خۆی تێ دەپەڕێ، هەروەك دەبینین لە مەسەلەی نەتەوایەتیش، کە دیاردەیەکی ئاسایی گەشەی مێژووە (لە غیابی ئاینی راستەقینە)، ئیتر ئینتمای نەتەوایەتی ئاساییە، تاوان نیە، بەڵام کاتێ ئەو ئینتمایەو ئەو بەهاو رەوشت‌و نەریت‌و فەرهەنگ‌و کەلتوری سەروەری نەتەوەیەك بەسەلبیات‌و ئیجابیاتەوە، بە کۆن‌و نوێ یەوە، بە ستەم‌و ناهەقیەکیەوەش.. ناوێتە بکەیت بۆ بەرنامەیەکی سیاسی، بیکەیتە رێ نیشاندەرێك، تەرازویەك، .. نەتەوەی ترو مرۆڤی تر پێ هەڵسەنگێنێ..و جیهانی پێ ببینی بەو روانگەیەوە.. ئەوەیان بیری نەتەوەییە، کە دیاردەکانی شۆڤینی، رەگەز پەرستی، فاشی، نازی، تۆرانی، جەنگە جیهانیەکان، دیکتاتۆریەکان، .. تەعریب، تەتریك‌و پاکتاوی رەگەزی، .. هەتا بەشێکیش لە ئیمپریالیزمی‌و دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بیرە، بە کێشەو مەینەتی کوردیشەوە چ فاکتەرە دەرەکیەکانی داگیرکاری چ فاکتەرە ناوەکیەکانی هۆی رزگارنەبوونی، بۆیە ئەو بیرە ئەگەر چی لە سەرەتادا لایەنێکی لە کاردانەوەو مەبەستی رزگاری بووە وەك ئێستا ئەو دەوڵەتە نەتەوەییانەی پێ دروست بووە، هەر خێرا بووە هۆی جۆرە داگیرکردنێکی (ئاسۆی)تر، نەتەوەی سەردەست‌و بن دەست، ستەمی نەتەوەیی.. لێ دروست بوو لە بەرامبەریشدا بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانی لێ پەیدا بووە، گەلی جار ناوی –ئیمپریالیزمی نیشتمانی یان محەلی –لێ نراوە.

بۆیە هەریەکە لە بیری نەتەوەیی‌و ئینتمای نەتەوەیی‌و هەستی نەتەوەیی لێك جیان، هەر چەندە زۆرێك لە نووسەرو بیریارە نەتەوەگەریەکان تا ئێستاش تێکەڵی

دەكەن، لە راستیدا نەتەوایەتی ئینتمایە نەك وە لاء، بایۆلۆجیە نەك نایدیۆلۆجیا، خوێنە نەك سیاسەت، هەستە نەك عەقڵ، فسیۆلۆجیە نەك سوسیۆلۆجی، جمو جۆڵە نەك حزبو بەرنامە، هۆنراوەو پەخشانە نەك فكر، هەڵچوونە نەك زانست، وەختیە نەك دائیم، .. بیری نەتەوەیی دەیەوێ ئەو سنورانە ببەزێنێ بیكاتە (وەلاء، ئایدیۆلۆجیا، سیاسەت، ..هتد)، هەڵبەتە ناشبیتێ بۆیە دەبینین بیری نەتەوەیی بە تەنها بیرێكی شۆڤێنیو رەگەز پەرستیە یان داپۆشراوەو تەواوكراوە بەیەكێ لە مەدرەسەكان، هەر بۆیەش حزبە نەتەوەییەكانیش ناوەڵناوێكی مەدرەسەیەكی تری هەڵگرتووە، وەك حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی، حزبی دیموكراتی كوردستان، حزبی سۆشیالیستی نەتەوەیی -نازی)، .. هتد، لە كۆنگرەی دامەزراندنی حزبی بەعس هاتووە: (.. یؤمن بان الاشتراكیة منبعث من صمیم القومیة العربیة)[1]، چونكە وەختیشە بۆیە دەبینین دروشمەكە (وحدة-حریة-اشتراكیة)، كۆتای بە مەدرەسەكە دێت نەك بە عەرەبیەكە، بەشێك بەوە نەوەستاون دوو مەدرەسەیان هێناوە بۆ تەواوكردنی ئەو بیرە نەتەوەییە، جمال عبدالناصر دەڵێت: (بیری نەتەوەییمان بە دوو باڵ دەفرێ، سۆشیالیستیو دیموكراسی)[2]، ئیتر ناوەرۆكی ئەو بزوتنەوە نەتەوەییە تا رادەیەكی زۆر دەكەوێتە سەر ئەو مەدرەسەیەی كە بیرۆكەكەی پێ تەواو كراوە، بۆ نمونە ئەو حزبو بزوتنەوانەی بە سۆشیالیستیان تەواوكردووە ئەوا (فاشیەتو نازیەتو بەعسیەتی..) لێ پەیدا بووە، بەڵام دیموكراسیو ئیسلامیەكان جۆرێكی ترن.. بەدەرن لە رەگەز پەرستی، ئەوەش گەرانەوەیە بۆنەفامیو پۆلینە كۆنەكەی یۆنان كە خەلكی دابەش كرا بۆكانزای زێرو زیو وناسن..و لەكۆتاییدا بنەماكەی ئەرستۆ (الناس لیسوا كأسنان المشط)ی لێ هاتەدی، بەپێچەوانەی یەكسانی ئیسلام، بەو پێیە بێت ئەوە بیلال حەبەشی تەنەكەیەو (أبو جهل) یش زێڕ.

---

[1] مؤتمر تأسیسي ١٩٤٧-مادة (٤).

[2] فلسفة الثورة- جمال عبدالناصر.

فەلسەفەی ڕەگەز پەرستی‌و زیانی بیری نەتەوەیی‌و نامرۆڤایەتیەکەی لە بنچینەدا لەوە دێ کە وەلائی مرۆڤ نابێت لەسەر بنچینەی ئینتمای زگماکی بێت، هەموو ئەو فاکتەرە کۆمەلآیەتی‌و نەژادی‌و ڕەگەزیەی دەگرێتەوە کە بوون‌و ئینتمات تیایدا بەدەست خۆت نیە، وەك بوونت لە بنەماڵەو هۆزو تیرەو نەژادو نێرینەو مێینە و.. بیری نەتەوەیی وەلائی مرۆڤ لەسەر بنچینەی ئینتمای نەتەوایەتی بەند دەکاو بیرو ئایدیۆلۆژیەکی ڕەگەزپەرستی لێ زادە دەبێت، کەنا مرۆڤایەتیە، ئایدیۆلۆژیاو بیری مرۆڤانە بەلایەنی کەمەوە دەبێ لەو سنورە بێت کە وەلائی مرۆڤ لەسەر بنچینەی عەقڵ‌و بەرهەمەکانی بێت کە ئینتماکردنی لەدەستە خۆتەو ئایدیۆلۆژیاو فکرو ئاین‌و حزب‌و بزوتنەوە عەقیدیەکان.. دەگرێتەوە، یان بە گوزارشێکی تر ئەگەر تەوەری ڕزگاری -نەتەوەیی زال بوو بەسەر تەوەری ڕزگاری -کۆمەلایەتی ئەوا ڕەگەز پەرست دەردەچێ، پێچەوانەشی بە پێچەوانە.

مێژووی گەشەی ئینتماو وەلاء واهاتووە هەروەك لایەك لە ئامانجی شۆڕشی پێغەمبەرەکانیش ئەوە بووە کە: وەلائی خەلکی لەسەر بنچینەی زگماکی (لە: خوێن، ڕەچەڵەك‌و نەژادی‌و دەڤەری...) بگۆڕنە سەر بنچینەی عەقلی، کە بریتیە لە بیروبڕوا تا ئوممەتێك دروست بکەن نەك نەتەوەی جیاجیا، لە بەرامبەریشدا هەموو دەسەلآت‌و بەرنامە نەفامیەکان تا ئەوساتەش ویستویانە وەلائی مرۆڤ لەسەر بنچینەی دەسەلآتی بنەماڵەیی، خێڵەکی، ئیمپراتۆریەتی، نەتەوەیی.. دروست بکات، هەر ئەوەش مێژووی گەشەی بەندایەتیە، وەلائی جاران بە ئەوروپیشەوە هەتا سەردەمی ڕابوونیش جگە لەو وەلائە کۆنەپەرستانەی سەرووش بۆ (دۆق، برگندیا، پادشا، شازادە، ئیمپراتۆر، کاتۆلیکی مقدسی، پاپا، کنیسە، ..) بووە، وەلائی نەتەوەیی گەشەی ماهیەتی ئەو فاکتەرە کۆنانەیە هەروەك عەلمانیەتیش گەشەی ماهیەتێکی کۆنی ئەو پۆلەیە، گەشەی سەردەم هەردووکی کۆکردنەوە لە پێك گەیشتنی کۆمەلێك هۆکاری تر بۆی لەوانە:

١-کۆتایی وەلاتی ئیمپراتۆریەکان بۆ نەتەوایەتی.

٢-فراوان بوونی ئینتمای خێڵەکیو دەڤەری.

٣-بەندبوونی تاك بە دەسەلاتی دەولـەتی نەتـەوەیی زیـاتربوو لـە دەسـەلاتی ئیمپراتۆریەت کە ئەوکاتی تاك ئەوەندە راستەوخۆ لە ژێـر کاریگـەری دەسـەلاتی سیاسی نەبوو.

٤-پەرینەوەی ئینتما لە خێڵەکی یەوە بۆ بۆشاییەك (کە ئاینی راستەقینە یان مەبادیئێکی مرۆڤانە نامادە نەبێت)ئەوا بەسروشتی خـۆی بـەوەلاتی نەتـەوەیی دەگا.

ئەگەرچی ئینتمای نەتەوایەتی کۆنە جا مرۆڤ هەسـتی پـێ کـردوون یـان نـا، ئینتمایەکی نوستوو بووە، هەتا ئەووروژێ ناجوولێت، ئەو هۆکـارە مێژوویـانـەی سەروو بوونە وروژێنەر، بۆیە (ئەزەلیو ئەبەدی نیە)و (حقیقـة خالـدة) نیـە [١]، وەك لە راپۆرتی (حزب البعث)و زۆر سەرچاوەی تر هاتووە، لە ئاینیش رەسەن تـر نیـە وەك سـاطع حـصری دەڵێـت: (تـا ئێـستا عـەرەب (٣) ئـاینی گۆڕیـوە، کەچـی عەرەبایەتیەکەی نەگۆڕاوە.. واتە رەسەن تـرە)، بـەڵکو لـە قۆنـاغێکی درەنگـی مێژوویی هاتە مەیدان، ئەو دیاردە مێژوویـانە زیاتر بەپێی پێویستو فاکتـەری بابەتی (لە غیابی ئاینی راستەقینە) دروست دەبێت، بیری نەتەوەیی لـە ئـەوروپا لەو بۆشاییە ئاینە سەری هەڵدا، لە لایـەن چـەند فەیلەسـوفێك لەوانـە (هیگـل: بنچینەیەکی فەلسەفی بۆ دارشت، گەیشتە ئەو ئەنجامـەی کـە مێـژوو لـە بـالای نەتەوەیی پروسیاو دوایش لە (ناریەتی [•]) کۆتـای دێـت، بـسمارك بـەو رێنمونیـە ئـەڵمانیای لـە سـالی ١٨٧١دروسـت کـرد،دوای سـۆیەرمانو سۆشیالیـستی نەتەوەییو نازیەتی لێ پەیدابوو...، بۆ رۆژهـەڵاتو جیهـانی ئیـسلامیش لەگـەڵ هاتنی عەلمانیەتو کزبوونی خەلافەت دەستی پێکـرد، یەکـەم جـار لـەنێو چـەند

---

[١] سەرنج بدە : تقرير سياسي التأسيسي حزب البعث –١٩٤٧– مادە (٣).

[•] هەرخودی ناری بەمانای ماڤول وسوپەر مان دێت

ناوەندو سەنتەرێك لە لبنانو ئەستەمبۆڵو قاهیرە.. زیاتر لای مەسیحیە عەرەبەکان سەری هەڵدا،لە نێو تورکیش لەسەر دەستی یەهودیەکانی دۆنمە لەسالۆنیك سەری هەلدا، چونکە مەسیحیەکان وەك پاڵنەری دەروونی (خۆ دەرخستن) لە فاکتەری (ئاینی)دا بوونێکی کۆمەلایەتیو سیاسی لاوازیان هەبووە، بۆیە بەدوای فاکتەرێکی تر گەڕان- کە نەتەوەییە- بەهۆیەوە گوزارشیکی بە هێز تر لە ئینتماکەی بکا، هەربۆیەش کۆنگرەی (پاریس ١٩١٣نەتەوایەتی عەرەب) نیوەی مەسیحی بووەو بووە هۆی سەرهەلّدانی بیری نەتەوەیی بەخێراتر، بزوتنەوەی (ئیتحاد الترقی-کەلەسالی ١٨٨٩ز دروست بوو، دوای احمد رەزا سەرۆکایەتی وەرگرت)و کەسانی وەك (انور پاشا، طلعت پاشا، جمال پاشا) لە پایتەختی خەلافەت دروست بوون، بەهاوتای بیری ئسلامیو میللەتی عوسمانیو بیری نەتەوەیی دروست بوو، لەوانە (نکین ئەلب) (٥) بەرگی لەسەر (تۆران) نووسی، نجیب عازوری کتێبی (یقظة الامة العربیة)ی نووسی، وەکتێبو تەنزیراتەکانی (ساطع الحصری) ..ئیتر ئەو بیرە لەسەرەتای سەدەی بیستەم هاتە جیهانی ئیسلامی، پێشتر نەبووە، هەتا لە (هند)یش کە خاوەن شارستانیەکی قووڵیان هەیە سەرەتای وشیاریو بیری نەتەوەیی بۆ سالّی ١٨٨٥ز دەگێڕنەوە، کە (حزبی کۆنگرەی نیشتمانی هندی) دروست بوو، لە سالّی ١٩٠٥ بووە رێکخستنێکی میلليو دوایی لە سالّی ١٩١٦ غاندی سەرکردایەتی ئەو حزبەو رزگاری نیشتمانی کرد، بەهەمان شێوە هەمو سەرچاوەکان ئەو هەستو سەرەتای بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم دەگێڕنەوە، بەلاّم بیری نەتەوایەتی لەناو میللەتی کوردو هەندێ میللەتی تری وەك فارس، بلوش، چەرکەس، .. تا ئێستا رەگو ریشەی وای نیە، ئەوەش وەك وەسفەکەی (ابن خلدون) نیشانەی پێشکەوتنە.

رای مەدرەسەکان :

ئەگەر چی نەتەوایەتی‌و بیرەکەشی بەفرە مەبەست بەکارهاتووە لە کۆن‌و نوێوە لەلایەن رۆژئاواوە، لەوانە : بۆ رزگاری خۆیان، بۆ داگیرکردنی خەڵکی تر، بۆ دابەش کردن‌و تێك گیران‌و نانەوەو هەڵگیرسانی ناوەندی ناکۆکی..، بۆیەش دەبینین بەڵێنە ئیجابیەکانیان بۆ میللەتان‌و بەکوردیشەوە جێ بەجێ نەکردووە، وەك : بەلینەکانی هاوپەیمانانی رۆژئاوا لە فەترەی جەنگی جهانی یەکەم، ١٤بنەماکەی ویلسون له١٩١٨، بەڵێنەکانی جۆرج ١٩٢٠، سیڤەر ١٩٢٠..)، کەچی سەلبیەکانیان هەمو جێ بەجێ کردوون وەك (بەلفۆر ١٩١٨، سایکس بیکۆ ١٩١٦، لۆزان ١٩٢٣، سعد ئاباد ١٩٣٧، جەزائیر ١٩٧٥..هتد)، تا ئیستاش ئەو دۆخە بەردەوامە..

هەرچی وڵاتانی سۆشیالیستی‌و مەدرەسەی چەپیشە، بەحوکمی بنەماکانی بیری ئومەمی لە مارکسیەت دان بەبیری نەتەوەیی نانێن‌و هەتا مل ملانێ‌ی نێوان داگیرکەرو داگیرکراویش بەسانەوی دەژمێرن، هەر چەندە هەندێ ناخافتنی مارکس هەیە سەبارەت بە ئێرلەندە، بەڵام لە دوای ئەوەی زۆربەی وڵاتانی سۆشیالیستی دروست بوو بە پێچەوانەی ئەو (ئەسڵە مارکسیانە)کە گوایە دەبێ لە وڵاتانی پیشەسازی دروست ببێ، بەڵکو لە وڵاتە کشت‌و کاڵی‌و لەرێی بزوتنەوەی رزگاری خوازی نەتەوایەتی دروست بوون.. ناچار دەستکاری (ئەسلێکی) گرنگی مارکسیان کرد لە مەرپایەکانی ناکۆکی.. وە تۆماریان کرد کە: **دەشێت جارجار (ناکۆکی پلەیەك –کە ناکۆکی کریکار وبەرجوازیە -بچێتە جی‌ی ناکۆکی پلە دووو بە پێچەوانەش)**، نموونەو پیادەکردنیشیان ناکۆکی بزوتنەوەی رزگاری خوازی نەتەوەیی دژ بە ئیمپریالیزم بوو، کە بەردەوامو توند بوو، کەچی بەردەوام ناکۆکی کرێکارانی رۆژئاواو سەرمایەدارەکان لەسەرخۆ بوو..، مەدرەسەی چەپی بە چاکی نەیتوانی ئەو سنورانە لێك بکاتەوە کە ئینتماو هەستی نەتەوایەتی‌و بیری نەتەوایەتی جیایە، رزگاری- نەتەوەیی‌و

رزگاری-نیشتمانیش لێك جیان، ئنجا حزبی نەتەوەیی لە وڵاتێکی داگیرکراوو لە وڵاتێکی سەربەخۆ دیسان لێك جیان.

لە ئیسلام دا ئەو لێك جیاکردنەوانە بە وردی دەست نیشان کراوەو لە قورئانیش هاتووە: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾، واتە بۆ (تعارف) نەك (تقاتل) یان (احتلال) یان (افتخار)..تەعاروفیش واتە دان پیاهێنان بە یەکتری، بەڵام لەو سنورە بترازیو ببێتە وەلائو بیرو ئایدیۆلۆجیا و.. ئەوا ئیسلام دژی وەستاوە: (ليس منا من دعا الى العصبية)، (لينتهين اقوام يفتخرون بآبائهم ماتوا انما هم فحم جهنم.. الناس بنو آدم، آدم من تراب)، چاکترین دەستکاری ئەو بنەمایەی نینتماو وەلائەی (أنصر أخاك ظالما أو مظلوما) کرا لەلایەن پێغەمبەر ﷺ ڕەگەز پەرستی و نامرۆڤانەی وەرگێڕا بۆ مرۆڤایەتی بێ ئەوەی دەستکاری شێوەی بکا تەنیا ماهیەتی گۆڕی، کە لە پێشتر مانای یارمەتی هاوخوێنی خۆت بدە چ لەسەر هەق بێت یان ناهەق.. وەری گێڕا بەو مانایەی.. ئەگەر هەق بوو یارمەتی بدە، ئەگەر ناهەقیش بوو یارمەتی بدەو دەستی بگرە تا نەیکا.

تەقەلاکانی بە ئایدیۆلۆژی کردنی نەتەوەیی:

ئەو سەردێرە لەوە هاتووە کە نەتەوایەتی بیرو ئایدیۆلۆژیا نیە، وەك (إبن خلدون)یش دەڵێ: (النسب علم لا ينفع و جهالة لا تضر)، بۆیە زۆر تەقەلای کۆن و نوێ هەیە تا بنچینەیەکی ئایدیۆلۆژی بۆ نەتەوایەتی بدۆزنەوە، هەندێکی لێ هەڵدەبژێرین:

١-شەیتان بە یەکەم وروژێنەرو شانازیکەر بە ڕەچەڵەك دەژمێرێت، بووە هۆی ئەو دۆخەی ئێستای شەیتان، کاتێ وتی من لە (ئادەم) گەورەترم، ڕەچەڵەکم ئاگرە، ئەسڵی ئادەمیش لە قوڕە.

٢-بەشێكی تر بنچینەی دەروونی زیرەكایەتی دەگێڕنەوە بۆ رەچەڵەك، (شعب الله المختار) ی یەهودی و(ارض الرسالات)ی عەرەب لەوە هاتووە، لە پروتوكولاتی(٥)ی حكماء صهیون هاتووە : وقد منحنا الله العبقرية كي نكون قادرين على القيام بقيادة العالم) ناشیونالیستە عەرەباكانیش ئەوە دەڵێنەوە،تەنانەت لە كتێبی (العروبه بين الشعوبيه والاستعمار) دەڵێ: هەموخەلكی زەوی وئاسمان پێویستیان بە عەرەب وخاكی عەرەب هەبووەو هەیە، لەولاش هەریەكە لە : (ئەرسەر دی گۆبینۆی فەرەنسی، شامپرلینی ئینگلیزی، بەواس، فیشەر، ..) وای بۆ چوون كە توانای عەقڵی نەتەوەیك لەگەڵ نەتەوەیەكی تر جیایە، گوایە هەندێ نەتەوە شایستەی پێشڕەوایەتیو سەركردایەتی سیاسی جیهان بكەنو خەلكی تریش لە خزمەتیان بن، گوبینۆ پێی وابوو ئاریەكانن شایستەی هەلگرتنی پەیام بۆ هەموو بەشەریەت، وەك بنەمایەكی ئایدیۆلۆجی، ئەوەش هەمان بۆچوونی كۆنی (رۆم) بووجگە لەخۆی خەلكی تری بە (بەربەر) لەقەڵەم داوە هیرودوتس -كە بە باوكی مێژووژمێردراوە- شەڕی ئاسیایی وئەورویی بەجەنگی بەربەرو مەدەنیەت لە قەلەم داوە وەك (شیشرۆن ١٠٦-٤٣ پ ز) وەسفی دەكا[1]، هەمان تێ ڕوانینی (داروینیەتی كۆمەلایەتیشە).. بەلام (باستیان) لە كتێبی (وحدة النفس)و (راتزل) لە كتێبی (حضارة التقليدية) سەلماندیان كە تواناكی ئەقڵی مرۆڤ یەكسانەو بەند نیە بەرەچەڵەكو نەتەوەو فاكتەری جوگرافی.. ئەوەش هەمان رای ئایینی راستەقینەیە بە ئیسلامو چەپیشە.

٣-هیگڵو چەند فەیلەسوفێكی تر بنچینەیەكی تری مێژوویيو فەلسەفیو جیهانیان دۆزیەوە بۆ ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی، گوایە مێژوو واهاتووە هەر جارەی نەتەوەیەك پێشڕەو بووە ئێستاش نۆرەی نەتەوەی ئەڵمانە پێشڕەوبنو گەیشتونە لوتكەی گەشەسەندنو ئەوە كۆتای مێژووە.. بۆیە دەبێ نەتەوەی ئەڵمان

[1] شیشرون نازناوی "باوكی مێژوو"ی بە هیرۆدرتس دا .

سەرکردەی سیاسی‌و ئایدیۆلۆژیای جیهان بێت، لەوەوە بانگێشەی پاکی ئاریەتیش لە رەگەزەکانی تر هات‌و دیاردەکانی سوپەرمان‌و نازیەت‌و بەجەنگی جیهانیشەوە لەسەر ئەو بنچینەیە دروست بوو، ئەو هەمو کوشت‌و کوشتارەی توخمی نا ئاری کرا گوایە تا خزمەت بە مرۆڤایەتی بکریّ‌و توخمی ئاری بەپاکی بمێنێتەوە تێکەڵ بە توخمەکانی تر نەبێت بەتایبەتی (یەهودی)، هەمان فکرەی (تۆرانیەت)و کوشت‌و بڕی (ئەرمەنی) و.. دوایش ئەنفال‌و کیمیایی دژ بە کورد کرا لە سەر هەمان بنچینەی جاڕنەدراو .

٤-بەشێکی تری نەتەوەگەریەکان بەهەندێ (سەفسەتە) دەیانەوێ بیسەلمێنن کە فاکتەری نەتەوایەتی بەهێز ترە لە فاکتەری سیاسی‌و ئایدیۆلۆجی‌و هەتا لە ئاینیش، ساطع الحصری دەڵێ: (لە قۆناغێکی دیاری کراودا عەرەب (٣) ئاینیان گۆڕیوە کەچی عەرەبایەتیان نەگۆڕاوە، کەواتە عەرەبایەتی رەسەن ترە لە ئیسلامیش)، (ملك فیصل)یش دەڵێ: (...و أننا عرب قبل موسی‌ء عیسی‌ء محمد)[1]، شبلی عیسمیش دەڵێ: (أحیانا العروبة أوسع من الاسلام)[2]، علی ناصر الدین دەڵێ: (الإلحاد بالدین غیر هام‌ء لکن الإلحاد بالعروبة جریمة)، العلایلی دەڵێ: (القومیة هي دین العرب)، هەروەها لە (قضیة العرب)دیسان دەڵێ: عەرەبایەتی نبوەی سەردەمە) .. عمر فاخوریش لە کتابی (کیف ینهض العرب) دەڵێ: (عەرەب سەرناکەون هەتا خۆشەویستی ئیسلامی بەعروبایەتی نەکوژێننەوە)، لە کوردستانیش لە شیعریکی ئیبراهیم ئەحمد دەڵی: لەپیش ئاینا ئیمە هەرکورد بووین وهەر کورد دەبین، لە سرودی نیشتمانیەکەش وا هاتووە: (دینمانە ئاینمان هەر نیشتمان).

٥-هەردەم نەتەوەیی‌و خوێن بەهێزترە لەبیروبڕواوەو هەتا عەقیدەی ئاینی، بەشێکی زۆری نەتەوەگەریەکان بۆ پاڵپشت کردنی ئەو بۆچوونەیان دەگەڕێنەوە

---

[1] خیتابەکەی لە شام.

[2] العلمانیةء الدولة الدینیة، شبلي عیسمي ل٢١٣.

سەر (ئیمام غەزالی)و (إبن خلدون) کە وتوویانە پەیوەندی خوێن بەهێزوو دائیمترین پەیوەندییە[١]، بۆیە هەتا نەتەوەگەریە میان ڕەوەکانیش کردوویانە بنچینەی ئایدیۆلۆژی نەتەوەیی، سەرنج بدە (کتاب الاخضر) کە بە دەستوری لیبیا دەژمێرێت دەڵێت: (...العوامل الاجتماعية هي العلاقة القومية ...، ينتصر حتما العامل الاجتماعي على العامل السياسي، .. لذلك.. العامل القومي هو المحرك الحقيقيء الدائم للتأريخ)[٢].

٦-نەتەوایەتی یەکێتی دروست دەکا، لە دوای دارشتنی ئەو سنورە دەستکردانەی پەیمانی سایکس بیکۆ ١٩١٦ بەپێی نەخشەی ئیمپریالیزمی.. ئیتر لەلایەن نەتەوەگەریە عەرەبەکان ئەو واقیعە نوێیەی زادەی ئیمپریالیزمیش دەکەنە بنچینەیەکی فکری بۆ یەکێتی نەتەوەیی‌و نیشتمانی، کورد لە هەموو خەڵکی تر لەو پاساوەزیان پێ کەوتووترە، کەچی نەتەوەگەری کوردیش گەلێ جار پەنا بۆ ئەو پاساوە دەبەن بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە مەزنەی فکرو ئایدیۆلۆجی (بیری نەتەوایەتی)، دەڵێن ئاین دەبێتە هۆی پارچە پارچەیی نیشتمان‌و نەتەوە.. بە پێچەوانەوەش بیری نەتەوایەتی دەبێتە یەکێتی نیشتمانی، ئیتر لە (راپۆرتی سیاسی کۆنگرەکانی حزبە نەتەوەییەکان) زۆر دژی بزوتنەوەی ئاینی هاتووە، هەروەك (کتاب الاخضر) دیسان دەڵێ: (العامل الديني الذي يقسم الجماعة القومية، .. لذا، .. القاعدة السليمة هو أن لكل قوم دينا)[٣]، لە راپۆرتی کۆنگرەی (حزب البعث) هاتووە: (..يعطوا الدعوة للوحدة العربية مضمونا ديمقراطيا اشتراكيا بعيدا عن صبغة الدين)..

٧-لەگەڵ ئەو هەڵمەتەی دژی ئاینیش، بەڵام لە لایەکی تریشەوە بەکاریشی دەهێنن بۆ بنیاتنانی ئایدیۆلۆژی نەتەوەیی، یەهودیەکان دەڵێن ئێمەین (شعب

---

[١] لە راستیدا ئەوانە وتویانە (پەیوەندی خوێن‌و ئاین نەك خوێن بەتەنها..).

[٢] کتاب الاخضر -معمر القذافي- ل٣،١٤٣،١٢٣.

[٣] کتاب الاخضر -معمر القذافي- ل٣،١٤٣،١٢٣.

الله المختار)و يهوذاك دەڵێ: (نیشانەیەك هەیە بۆ هاتنەوەی مەسیح و رزگارکردنی مرۆڤایەتی، ئەویش ئەوەیە کە دەبێ لەموکاتی یەهودی دەسەڵاتی سیاسی جیهانی وەرگرێ.. بۆیە هەر رێگرتنێك لەو دەسەڵاتە رێ گرتنە لە رزگاری مرۆڤ)[1]، -بۆ زیاتر سەرنج بدە کێشەی (فەڵەستین) لەو فەرهەنگە-، زۆر باسی تر لەو شێوەیان، لەسەر ئەو بنچینە ئایدیۆلۆژیە ئاینیە دەوڵەتێکی سیاسی عەقیدەیی نەتەوەیی (عبری)یان دروست کردووە، لەناو نەتەوەگەری عەرەبیش ئەو تەقەلایە گەیشتۆتە رادەی هۆنینەوەی فەرموودەش وەك: (حب العرب من إيمان)، (العرب مادة الاسلام، إذا ضل العرب ذل الاسلام)، لە کۆتاییدا دروشمی (أمة عربية واحدة، ذات رسالة خالدة) و (العروبة قبل الاسلام) و.. ویستویانە (بیری نەتەوەیی عەرەبی) دەوڵەمەند بکەن بەهۆی: گوایە نەتەوەی عەرەب پەیامی ئیسلامی بۆ هەمو جیهان هەڵگرتوە، وەك میشێل عەفلەق دەڵێ: (العروبة جسم والاسلام روحها) هەڵبەتە ئەوەش هەمان بیروکەی هیگلە کە نازیەتی لێ پەیدا بوو، هەمان بیری تورانیەتە کە عوسمانیەتی پێ رووخا قڕی ئەرمەنو کوردی پێ کرا، هەمان بیری زایۆنییشە کە ئیسرائیلی پی دروست کراوە، .. لە تەقەلایەکی تری بەستانەوەی بیری تەسکی نەتەوەیی بە دەریای ئیسلامەوە میشیل عەفلەق دەڵێ: (هیچ عەرەبێك نیە ئیسلام نەبێ، .. سەرم سوڕماوە کە ئیسلام عەرەبی خۆش نەوێ)[2]!

ئەو جۆرە تەقەلایانە زۆر لایەنی تری گرتەوە، لە کۆتاییدا کۆمەڵێك فاکتەری فراوانتریان بۆ بیری نەتەوەیی داتاشرا وەك: هاوبەشی مێژوو، بەرژەوەندی مادی، هاوبەشی دەروون، هاوبەشی ئاین، هاوبەشی خاك، .. و زاراوەی وەك (ئومە) بەکارهات، هەتا پەنایان بۆ فکری مارکسیەتیش برد کە وەك ئیسلامیش نیە

---

١ بۆ زیاتر سەیری ا-أمريكا طليعة الانهيار، ب-الاساطير المؤسسة.. روجيه غارودى، ج-مادە هرمجتون، فى مصطلحات.

٢ الكتابات السياسية كاملة -ميشيل عفلق.

جياوازى بكا لە نێوان نەتەوەو نەتەوەگەرىو بيرى نەتەوايەتى، ئەو هەمووى بە ڕوويەكى ترى بورجوازى لەقەڵەم دابوو.. كەچى نەتەوەگەريەكان هەندێ ئاخافتنى (ماركس)يان لە بارەى ئێرلەندا دۆزيبۆوەو كردبوويانە بنچينەيەكى ئايديۆلۆجىو بۆ بيرى نەتەوەيى.. هەروەك زۆربەيان بەهۆيەوە ناوەڕۆكێكى سوشياليستى نەتەوەييان دابووە ئەو بيرە نەتەوەيى يە..

زيانەكانى:

لە ڕاستيدا هەمو ئەو تەقەلايانە لە ماوەيەكى كورت نەبێت سەركەوتوو نەبووە، چونكە تێكەڵكردنى كۆمەڵێك چەمكو خانەى جياجيا بووە، هيچ نەتەوەيەك نيە بەرژەوەندى جياجياو ئينتماى جياجياى ترى نەبێت، نە خاكو نە ئاينو نە مێژوو.. ئەو فاكتەرە بەهێزو بەتەنهايە نين بۆ نەتەوەيى، ئنجا ئەو بيرە يەكێتى نەتەوەيى عەرەبى لە يەكپارچەيى كردۆتە زياتر لە (٢٢) پارچەى ڕەسمى، سۆماليكى يەك نەتەوەو يەك مەزهەبو يەك، .. كردۆتە دەيان پارچە.. لوبنان، ڕواندا، بوروندى، ئێرلەندا، هيند، عێراق، يوگوسلافيا، سۆڤيەتى جاران، ..) پارچە پارچە بوون.. يەكێتى نەتەوەى نەيتوانى يەكێتى ئەمريكىو بەريتانى بپارێزى بەڵكو شۆڕشيان لەدژى بەريتانيا لە ١٧٧٦ز هەڵگيرساندو بە داگيركەريان وەسف كرد، ئيتر لەوساتيەوە دەوڵەتانى نەتەوەيى وەرچەرخان بو دەوڵەتى نيشتمانىو چەمكى هاووڵاتى دەستووريانە هاتە جێى هاونەتەوەيى، لە چەندين شوێنى ئەو تەقەلايانە ئينتماى زگماكىو ئينتماى (مكتسب)يان تێكەڵو پێكەڵ كردووە.. بۆيە ئێستا ئەو بيرەنەتەوەيية لەژێر ڕۆشنايى گەشەى زانستىو شكستى ئايديۆلۆجياى ماركسىو عەلمانى بەگشتى پێنانە عەولەمەوە.. لە هەمو كات زياتر لە قەيرانو تەڵۆشى دەژى، جگە لە دەسەڵات پاڵپشتێكى ترى واى بەدەستەوە نيە، ئەوەش سەرچاوەكەى كۆمەڵێك زيانى ترى سياسىو شارستانىو كۆمەڵايەتىو ئابوورى و.. لە ڕاستيدا كاتێ (إبن خلدون) وتويەتى

(النسب علم لا ينتفع وجهالة لا تضر).. سەردەمى (نەتەوايەتى) نەبووە بۆيە تەنها لە پۆلى نەفامى بێ زيانى ڕيـــز كردووە، بەلاّم لەسەردەمى وروژاندنى نەتەوەگەرى زيانێكى زۆرى هەبووەو هەيە، ئەگەر بمابوايە تا ئيستا دەستكارى (..جهالة لا تضر)ى دەكرد و(لا)يەكەى هەلدەگرت، ئەوەش ليستێكى زياترى زيانەكانى بيرى نەتەوايەتيە كە بە كورتيەكەى:

١-بووە هۆى پارچە پارچە كردنى جيهانى ئيسلامو هەتا يەك نەتەوەش، كورد بووە چوار پارچەى سەرەكى.

٢-سەرقالّ بوون پێك، بووە هۆى وەستان لەگەشەكردن.

٣-بووە هۆى دروست بوونى نەتەوەى سەر دەستو ژێر دەستو ستەمو بوختان.

بەدەگمەن نەبێت هەموو نەتەوەگەريە عەرەبەكانو تورك نكوڵى لە بوونى كێشەى كورد دەكەن، لە توركيا لە هەموو دەستوورەكان لە دواى خەلافەت بە توركى شاخى ناوبراون.. سەرنج بدە (موسوعة السياسية -الكيالي)، بە حيساب زانستيەو بێ لايەنەو خەڵكى فەڵەستينيە نەك عێراقى سەبارەت بە بزوتنەوەى رزگارى كوردستان چ دەڵێ كە لە كەسێتى (بارزانى) كۆى كردۆتەوەو نووسيويەتى:

(قائد المتمردين الانفصاليين الاكراد في شمال العراق، .. تمرد على الحكومة المركزية بالأتفاق مع قوة أجنبية،و عمل مع قوة الاستعمارية العالمية و محلية على استنزاف العراق عسكريا واقتصاديا و سياسيا و منعه من توجه الى فلسطين)!!.

٤- هەمو ئەو ديارده ترسناكانەى (ئيمپرياليزمى، جەنگە جيهانيەكان، ديكتاتۆريەكان، فاشيەت، نازيەت، تۆرانيەت، ئەنفال، بەعسيەت، ..) بەشى زۆرى دەكەوێتە ئەستۆى ئەو بيرە..

با تێچاويك بخەينە (توخمەكانى فاشيەت-عناصر الفاشية) كە بريتيە لە:

ا- گێڕانەوەى سەروەريەكانى نەتەوەگەرى رۆمانى.

ب- دیکتاتۆریەت.
ج- بیروباوەڕی ئاوێتەی سوشیالیستیو دیوکراسی.
د- مەرکەزیەت.
هـ- نەتەوایەتی سیاسی واتە (ولاء القومي).

راستی خاڵی (٤) بە روونتر دەردەکەوێ،کە زۆربەی حزبە نەتەوەگەریەکان ئەو تۆخمانەی هەلگرتووە، لەگەل پەرەسەندنی ئەو نەتەوە گەریە بەرەو لوتکە زیاتر میللەتانی جیهان بەرەو کارەسات دەبا، تیایدا تاکە کەسێك دەکرێتەسەروەری، سرودو هۆنراوەی بەسەردا هەڵدەڵێن، بەپێی (القاموس السیاسي) یەکەم سرودی نیشتمانی لە جیهان لە هۆلەندا بەناوی (میر ولیەم نیساو-١٥٧٠) دەرکەوت، دوای سرودەکان ڕوو لە نیشتمانی ئەو سەرۆکانە کرا، وەك سرودەکانی ئەلمانیا لە سەرووی هەموانە، هەموو نەتەوەگەریەکان سرودێکی وروژێنەریان بۆدروست کرا، ئیتر بەرەبەرە سرودی نەتەوەی بە دەستووریش کرا لە جهانی ئیسلامیش.

٥-نەتەوایەتی بەپێی ئەو واقیعەی دەرهاوێشتەیەکی ناچاری گەشەی مێژووە بۆیە لەباروودۆخی خۆیدا ڕەوایە، جا ئەو ڕەواییە سنورو مەوداو ناوەڕۆکی هەیە.. کە ڕەت کراو سنورەکە بەزێنرا دەبێتە دەرد، کیانی ئەو بیرو نیمچە مەدرەسەیە لە کارو کاردانەوەو وروژاندن پێك دێت نەك ڕەسەن، بەشێوەیەك: کارەکەی بریتیە لە ڕەگەز پەرستیو داگیرکاریو کاردانەوەکەش خەباتی ڕەوای گەلانە، ئەگەر بە فراوانتر بیلێین ئەوا ناوەڕۆکی ئەو نەتەوایەتیە ئەوەستێتە سەر پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە فکریەی کە لە بنەماکانی خەباتی نەتەوەیی هەیە، بە جۆرێك ئەگەر بە مەدرەسە توندە نامرۆڤایەتیەکان پڕکرێتەوە ئەوا لە رزگاری خوازی وەردەچەرخێتە داگیرکەرو ستەمکار، هەروەك (نەهرۆ)ی هندی بە (مصطفی کمال)ی وتبو: ئەوانە دوێنێ رزگاری خواز بوون کەچی ئەمڕۆ ستەم لە کورد دەکەن[1]، نمونەی ئەوانە زۆربەی وڵاتانی عەلمانی جیهانی سێ یەمە، لە هەندێ شوێنی تر بە

[1] لمحات من تأريخ العالم -نهرو-.

(شیوعیەت) ئەو ئایدیۆلۆژیـە تـەواوکراوە وەك: کـەمبۆدیا، ڤیێتنـام، ئـەنگۆلاو ولاتانی تری ئەفریقی.. سـەرەنجام ولاتـی دیکتـاتۆری لیّ پەیـدا بـووە، بەشـێکی تریشی ئاینی بووە وەك: (ئیّرلەندا، ئیسرائیل، پاکستان، ..)، ئێـستاش زۆربـەی بزوتنەوە رزگاری خوازەکان ئیسلامین وەك (کشمیر، چیـچان، فلەسـتین، خـوارووی لبنان، مۆرۆ، ..)، ئەگەر تیّ بینی بکریّت بـەرگری نیـشتمانی بەرەبـەرە لەگـەڵ گەشەی تەکنەلۆجیای داگیرکەرو ئیمپریالیزم گۆڕا بەسیّ قۆناغ: یەکەم لەسەرەتای رابوونی نەتەوایەتی ولاوازی تەکنەلۆجیای سەربازی داگیرکەران ئەوا بزوتنەوەکانی بەرگری نیشتمانی زیاترلە ئاستی توانای نەتەوەگەرییەکان بـوو، قۆنـاغی دووەم: لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنەلۆجیای سەربازی چیتر لە توانای تەیاری نەتەوەیی نەما، ئـەوجا نـۆرەی چـەپیەکان هـاتو پێـشەنگو سـەرکردەی بزوتنـەوەی رزگـاری نیشتمانیان کردتا هەشتاکانی سەدەی رابووردوو، قۆناغی سـێیەمو ئێـستاش لـە عەولەمەدا بـەرگری نیـشتمانی لـە توانـای هـەردوو تـەیاری نەتـەوەیی‌و چـەپی نەماوە، تەنها بە ئایدیۆلۆجیەکی بە هێزی وەك ئیسلامیەکان دەکریّ .

ئەنجام:

باس لە واقیعی نەتەوایەتی‌و سەرەنجامەکانی ناکەین، کە چـەندە دەردەسـەری بووە، نەك نەتەوەی بن دەست هەتا سەردەسـتیش، بەتایبـەتی عـەرەبو تـورکو سرب کە زیاتر پابەندبووینە بەو بیرە.. ئێستا ئەو بیرە بەجیّ مـا.. بـەلام لیّـرەدا باسی ئەو فاکتەرانەی هاوبەشی مێژوویی‌و خاكو زمـانو بەرژەوەنـدی‌و دەروون.. لە ژێر رۆشنایی (مێژووی بینراو) باس دەکەین.. ئاخۆ بزانین ئەو فاکتەرانە چەندە توانیویەتی ئومەتێك یان هەتا مانای میللەتێك، یان گەلێك دروست بکا بـەهۆی ئەو فاکتەرە نەتەوەییانە، هـەر بـە سـووکە خوێندنەوەیـەکی واقعـی نەتەوایـەتی جیهانی‌و ناوەخۆش دەردەکـەویّ تـەنها (زمـان) راسـتەقینەیە، هـەروەك ئـاینی

ئیسلام بەتاکە فاکتەری نەتەوەیی داناوە.. ئەگینا فاکتەرەکانی تری وەك ئیستا یەکە یەکە باسیان دەکەین:

•**مێژووی هاوبەش:** مێژووی نەتەوەکان هاوبەش نیە، با هەر لە کورد دەست پێکەین بەپێی ئەو مێژووەی قۆناغی نەتەوەیی دەبینین یەك دەنگو یەك رەنگ نەبووینە، نەك بۆ کێشە کۆمەلایەتیو عەقیدیەکان هەتا بۆ کێشەی نەتەوەییش، بەشی هەرە زۆری لە ڕیزی داگیرکەر بوون، لە پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١ ژمارەی جاش زیاتر لە (٣٠٠) هێندەی (پ.م) بووە، ئنجا ئەو چەند هەزارەی (پ.م)ش لە شەری براکوژی بووینە، کەواتە مێژووی کام لایە مێژووی نەتەوەیی هاوبەش، کامە مێژووە پێکهێنەری نەتەوایەتی کوردی کردووە، ئێستاش خراتر، بەهەمان شێوە ناو عەرەبیش بریتیە لە فرە تەیاری جیای ناکۆك، هەر لە خودی نەتەوەییەکان تەیاری زۆرایەتی (ئیستسلامی، رادیکالی، رۆژهەلاتی، رۆژئاوایی، ..) بەش بەشو مێژوویەکی مل ملانێ یانەیان هەبووە ..

•**بەرژەوەندی هاوبەش:** هیچ نەتەوەیەك بەرژەوەندی هاوبەشی نەبووەو ناشبێ، هەر دیسان لە کوردستان چینی جیاجیای دژ بەیەك، بەرژەوەندی جیا وای کردووە ئەو هەموو خائینو خۆ فرۆشە نیشتمانو نەتەوەش بفرۆشن، ئیستاش چینایەتی تیك گیرانی بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد بە هێز ترە لە جیاوازی چینایەتی براهماو شودراو مەنبوز لە هند .

لە مارکسیەت بەرژەوەندی چینایەتی هاوبەشەو بەس، بۆیە لە (بیان الشیوعي) دەلێ: کرێکاران نیشتمانیان نیە،کەچی دوای (ئەنجلس) کەوتۆتە ناکۆکی لە مەرجەکانی نەتەوایەتی، بۆیە مارکسیەکان تا درەنگ کوردستانیش نەبووینە و تارووخانی ئینجا شیوعیە کوردستانیاکان گەرانەوە سەر نەتەوەگەری.

•**دەروونی هاوبەش:** دەروون بەندنیە بە رەچەلەكو ژینگەو نەتەوەو سنوری جوگرافیو رەگەز.. ئەوەیان باسێکی زانستیە هەروەك (باستیانو راتزل سەلماندیان)، ئێستاش دەبینین لەناو یەك نەتەوە دەروونی جیاجیاو تەبیعاتی

جياجياو پێچەوانەی یەکترە.. بەڵکو بەندە بە هاوکێشەیەکی دەروونی کە لە(چەمکی ناخی مرۆڤ)باسمان کردووە،ئەوەیان دوورترینیانە.

•خاکی هاوبەش: خاکی هاوبەش کوردی یەك نەخستووە وا چوار پارچەیە، کورد خۆشی وا زیاتر ژمارەی پارچەکانی زیاد دەکات، عەرەب زیاتر لە (۲۲) پارچەن،کۆریا یەك خاکەو دووکیانی سیاسی جیای داوە ..، ئەو مەرجە ساغ نیە چونکە کوردی زمان هەیە لەسەر ئەو خاکەش نیە کەچی ئینتما کوردیەکەی زیاترە.. ئەو کۆچە بەکۆمەڵەی خاك بەجێ هێشتن چاکترین بەڵگەی بێ‌هێزی ئەو فاکتەرەیە.. لەسەر ئەو بنچینانە نەتەوەیەکی وەك کورد کە لە گەرمەی قوناغی نەتەوەییە کەچی ژێرخانی لە ئاینی گواستراتیەوە سەر ئەو فاکتەرانەو بوویتە هۆی لەباریەك هەلوەشاندنەوەی قولپەکانی .

ئەگەر لەسەرجەم دا تێی بڕوانین، دەبینین (ئیسرائیل) هیچ کۆمەڵگەیەکی لەو وەسفانە نەبوەو وابووبە کیانی نەتەوەیی، لەلایەکی تر هەموونەو فاکتەرانە لە نێوان ئەمریکاو بریتانیا سازاوە تەنها خاکیان جیا بو کەچی لێك جیابوونەوە بە شۆڕشیش لەولایەش بۆ عەرەب ئەو فاکتەرانە سازاوە دیسان ۲۲پارچەن .. کوردیش زۆربەی لێ سازاوە کەچی پارچە پارچە بووە،کەواتە ئەو مەرجانە تەواو دروست نین .

ئەوەی بێ گیروگرفت فاکتەری نەتەوەییە (زمانی هاوبەشە).. راستەو بەس.

(٤٢)

Kurdish Nationalism کـوردایەتی

گوزارشێکە هاوتای بزوتنەوەی رزگـاری خـوازی کوردسـتانە، لەسـەر شـێوەی (عروبة)، لە قۆناغێکی درەنگەوە پەیدا بووە، مەبەستی بنچینەو کۆتایی دروست کردنی دەوڵەتێکی نەتەوەییـە لەسـەر خـاکی کوردسـتان هـەروەك خـەڵکی تـر، کۆتایـشی دێ بـەرزگاری ئـەگینا دەبێتـە چـەمکێکی رەگەزپەرسـتی، بۆیـە ئـەو زاراوەیە لە هەموان ناسك تر وشیاو ترە بۆ وەرگمرانە سەلبی، زاراوەیەکی نیسبی وبە ندە بە بارودۆخو قۆناغی خۆی، هەروەك لە (عروبة)ش وا دەخوێندرێتەوە، لـە کاتێکدا بەسەرسوڕمانەوە دەڕواننە هەندێ بۆچونی سەبارەت بە عروبە بە تایبەتی لەلایەن ئیسلامیەکانەوە هەروەك ئەنوەزجوندی کە گوایە جیاوازیشی کـردووە لـە نێوان (قومية)و (عروبة)، قومیـەی رەت کردۆتـەوەو عروبەشـی بەسـتۆتەوە بـە ئیسلام*، رەنگە ئەوە بۆ قۆناغی خۆی جـوان بێـت بـەڵام ئێـستا بەتایبـەتی بـۆ غەیرە عەرەب گوتارێکی قێزەونە، زاراوەی کوردایەتیش ئاوایە، دەبـی ماناکـانی سنور کێش بکری بە زەمانو زەمینی خۆی نەکرێتە دائیم، ئـەگینا وەك ئـەنوەر جوندی و زۆری تر بۆنی رەگەز پەرستی لێدێت، لە فەرهەنگەکانی نـازی وفاشـیو تۆرانی و بەعسی نەتەوەگـەری دائیمـە، سـەرنج بـدە فەرهـەنگی حزبـی بـەعس

* بروانە :معلمة الاسلام -م٢ -العرب والاسلام ص٢٦٠-٢٦٩(واهاتوە:العرب مادة الاسلام، اختار الله تبارك وتعالى العرب لحملة رسالة الاسلام -ص٢٦٤،..وعلاقة الاسلام بالعروبة هى علاقة عميقة الجذور بعيدة المدى حتى تكـــاد ان تكون علاقة عضوية -ص٢٦٠) لێرە جیاوازیەکی نامێنێ لەگەڵ ناشیونالیزمیەکان .

(الشخصية القومية.. لها قابلية التجدد والإنبعاث وهذا ما جعلها أهلا لحمل رسالة خالدة[1])·

بەپێی هەمو لێكۆڵەرەوەكان زاراوەی كوردایەتی لە نیوەی سەدەی بیستەم بەولاوە بەو فراوانیە نەبووە، لە شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ زیاتر پەرەی سەند، لە كاردانەوەی داگیر ودابەش كردنی كوردستانەوە هاتە كایەوە، مێژووی نوێو نزیكی ئەو زاراوە باشترین بەڵگەی ترە كە كێشەی نەتەوەی كورد ناگەرێتەوە بۆ (١٥١٤ز) چاڵدێران، بەڵكو لە قووڵترین مێژوویدا لە سەدەی بیست تێ ناپەرێ، (بۆ زیاتر سەرنج بدە زۆربەی سەرچاوەكانی مێژووی بزوتنەوەی رزگاری خوازی كورد - محمد ئەمین زەكی، بلە چ شێركۆ، د.عبدالرحمن قاسملۆ، جلال تاڵەبانی، د.كمال مەزهەر، رفیق حلمی، د.شمزینی، د.مجید جعفر، جلیلی جلیلی.. هەروەها كورد لە بەڵگەنامەكانی بەریتانیا، كورد لە بەڵگەنامەكانی ئەرمەنی،،، كتێبە بیانیەكانیش..)، هەتا ئەو زاراوانەی عەرەبیش وەك: عروبة، وطن العربي، قومية العربية، امة العربية، امتي العربية والاسلامية، رأي العام العربي ... لە سەرەتای سەدەی بیستەم هاتووە، مەگەر زاراوەی (امة العربية) كەمێك زیاترو لە چارەكی كوتایی سەدەی ١٩ لەسەر دەستی (نجیب عازوری) هاتە كایەوە لە كتێبێك بە ناوی (يقظة امة العربية)·

هەر چەندە كوردایەتی زاراوەیەكی تایبەت بە كوردە، بەڵام دیسان پێناسەكەی بەندە بەو مەدرەسەیە كە پێناسی دەكا، بەڵام بەتێكرایی لە لایەن كەمایەتیەك نەبێ مانای بیری نەتەوایەتی نەداوە، هەر بۆ زانیاری جگە لە نەتەوەگەری تورك‌و عەرەب، نەتەوەكانی تری ئیسلام لە كوردو فارس‌و عەجەم‌و ئەفغان‌و چەركەس‌و ئەلبان‌و بەربەرو.. كەمتر خاوەنداری بیری نەتەوەییان كردووە، دوور نیە ئەو دەمارگیریە پەیوەست بیت بە بەهاو نەریتی بەدەویەت‌و بیابانی، چونكە هەردووكیان (مسقط رأس) یان بیابانیە. هەرچەندە كوردو بەربەرو ئەلبان

[1] تعريفات ببعض المصطلحات –مادة: شخصية القومية

دراوسێی (عەرەبو تورکو سرب) هەرسێکیان بیری نەتەوەییان تیا پەیڕەو کراوە، بەتایبەتی کورد لە نێوان دوان بووە، ئەویش لەکاردانەوەو لاسایی کردنەوەدا هەندێ توندڕەوی تێکەوتوە لەسەر ئاستی فکر، هەر بە نمونە لە ئەوروپا ئەو پرسیارە گەلاڵە بوو: کام لە پێش کامەیە؟ ئایین یان نەتەوە، ئیتر لەنێو عەرەبو تورکیش ئەو پرسیارە سەری هەڵداو تورکە نەتەوەگەریەکان وەڵامیان بە ئینقلاب لەسەر خەلافەت داوە ، هەریەکە لە ساطع الحصریو ملك فیصلو زۆری تریش باسیان لەوە کرد کە ئینتمای عەرەبی لە پێش یەهودیەتو مەسیحیەتو ئیسلامیش بوە، بە هەمان شێوە ابراهیم احمد بە شیعر دەڵێ: لە پێش دیانەتاو لە پێش عیسیو موسیو محمد ئێمە هەر کوردینو هەر کورد دەبین، ئەوەش زیاتر کاردانەوەی داگیرکاریە، جگە لەوانە چەمکی کوردایەتی لەودەمە مانایەکی مرۆڤانە دەدا:

١- بۆ مەبەستی رزگاری نیشتمانی نەك رزگاری- نەتەوەیی.

٢- هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە کوردستان دەژین لە تورکو مەسیحی عەرەب .. نەك تەنها کورد، هەر بۆیەش بواری هەموو مەدرەسە جیهانیەکانی فکریو سیاسی هەیە بە ئەستۆی بگرن، هەتا ئیسلامیش.. ئیتر ئاسنامەی جەوهەری کوردایەتی زیاتر ئەکەوێتە سەر ئەو مەدرەسەیەی کە بە ئەستۆی دەگرێ... ئەگەر بێ مەدرەسەش بوو، ئەوا کوردایەتیەکی ڕەگەزپەرستی لێ دەردەچێ.. کە کەمتر بووە تا ئێستا، بەڵام هەڵگرانی فیکری ئەو مەدرەسانە بەتایبەتی مارکسیو ئیسلامی کەمتر توانیان ئەو دوو چەمکەی (کوردایەتیو مرۆڤایەتی) پێك ببەستن بۆیە ماوەیەکی دوورو درێژ (حزبی شیوعی عێراق) کوردستانی نەبووە، تا (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) لە شۆڕشی نوێدا کۆتایی بەو قەیرانە هێنا، دوایی حزبی شیوعیش بووە کوردستانی، هەروەهاش لە ڕیزی ئیسلامیەکانیش هەتا (رابیتەی ئیسلامیو دواییش بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان)، ئەو قەیرانەی کۆتایی پێ هێنا ئێستا (یەکگرتوی

ئیسلامیش..)- کە عێراقی بوو- بووە کوردستانی.. پەیوەندیەکی روونو راستەوخۆ تر لە نێوان کوردایەتی وەك تەوەرێکی وەختی، دەڤەری، شاقوڵی، ..و مرۆڤایەتیش وەك تەوەرێکی دائیم، جیهانی، ئاسۆی.. دۆزرانەوە،کە بریتیە لە تەوەری:

١- رزگاری- نیشتمانی.

٢- رزگاری-کۆمەڵایەتی..

کە لە دوایی زیاتر باسی دەکرێ..

نەزانینی پێناسی کوردایەتی لەسەر ئەو بنچینەی سەروو تا ئێستاش نەك نەتەوەگەری عەرەب هەتا هەندێ لە ئیسلامیەکانیش نەیانتوانیوە تێی بگەن کە ئەوە (انفصالی)و (تعصب القومی) و.. نیە، بەهەمان شێوەش مەدرەسەی شیوعیەت لە دوو لا ناوەرۆکی ئەو زاراوەیەی پێ هەرس نەدەکرا، لە لایەك هەر بنەماکانی ماکسیزم ناخێوێتە بەسیاسی کردنی نەتەوایەتیو نیشتمانی، بۆیەش دەبینین (حشع) زۆر لەو کوردایەتیە مورتاح نەبووە تا ئەو دواییەش لەسەر دیوارەکانی کوردستان وەك دروشمێکی چەپی هاوچەرخ دەنووسرا: (کوردایەتی شەرمەزاریە)، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ رایەکەی (منصور حکمت) (ناشیۆنالیزم شەرمەزاریە)، لەوێش بۆ مارکسیەتی رەسەن کە دەڵێن،(بەرژەوەندی کرێکاران لە سەرووی هەمو بەرژەوەندیەکەو.. نەتەوایەتی دووڕوویە)، هەر بۆیەش ئەو ئەزموونەی (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان-کە مارکسی بوو) تەواو سەرکەوتوو نەبوو، چونکە بەشێکی گرنگی لێی جیابوونەوە بەناوی (عێراقچێتی)و دیسان کوردایەتیو کوردستانیان پێ بەند نەدەکرا بە مرۆڤایەتیو مەبادیئەکانی رزگاری کۆمەڵایەتی.

ئەو زاراوەی (کوردایەتی) زۆر بەندە بە مێژوویەکی نوێی سەدەی بیستەمو زاراوەی (کوردستان)و کۆمەڵێك سەرکردەی وەك (شێخ عبیداللە، شێخ عبدالسلام، ملا سلیم، شێخ سەعید، سمکۆی شکاك، شێخ مەحمود، سەید رەزا،

قازی محمد، ملا مصطفی بارزانی، د.قاسملو، عبدالله ئۆجەلان، جەلال تالـەبانی، مەسعود بارزانی، ..)، هەروەها بابەتی تری وەك (کورد لە مێژوودا، سەرهەڵدانی کێـــشەی کـــورد، بەرپرســـیاریەتیەکەی، بـــەردەوامی مەینەتیەکـــەی، حزبـــە کوردستانیەکانیان، چارەنووسی، ..)

هەروەها ئەو ڕووداوانەش:

١- دارمانی خەلافەت.

٢- سەرکەوتنی هاوپەیمانان.

٣- هاتنی بیری عەلمانی —نەتەوە گەری.

٤- سایکس پیکو...

بەڵام لە پێش ئەوانەو بۆ ئـەوەی لـەو بابەتانـە بگـەین زاراوەی (کوردســتان) دەخەینە پێش.

(٤٣)

Kurdistan كوردســتان

ئەگەر چی لە بنەچـەدا زاراوەیـەکی جوگرافیـە، لـە هـەرە بـەرزترینی دەبێـە زاراوەیکی کۆمەڵایەتی، بەڵام لەو سەردەمەی کە لـە لایـەن وڵاتـانی داگیرکـاری کوردستانەوە نکوڵی لە بـوونی کـوردو کوردسـتان دەکـرێ، بوویتـە زاراوەیـەکی سیاسی لـە نووسـینو هـۆنراوەو بابـەتی سیاسـیدا، هـەروەك لـە هـەمو جیهـان فەرهەنگی داگیرکەرو داگیرکراو لێك جیایە، بگرە پێچەوانەش، لـەلای داگیرکـەر (خەباتی رزگاری-تەخریبو ئیرهابـە، کوردایـەتی-عەمالەتـە، حزبایـەتی خـارج القانونە، شۆرش عـصاتە، .. بـەڵام لای ئـەو جـاشو خـانینو خـۆفرۆش- صـف الوطنیـة.. بە فەرهەنگی داگیرکەر (کۆسۆڤۆ)یە لای خویان(کۆسۆڤا)یـە، لەلایـەن ئیسپانیاوە دورگەی ئیخلیایـە، لـە لای مـەغریب لەیلایـە، لـەلای بریتانیـەکان (کیبك)ە لەلای فرنسیەکان (فرنسای نوێیە)، لەلای تورك قوبرسـە لـەلای یونـانی کبریاکە ..بەو شێوەیە لەلای ئێمەش کوردستانە، لە لای داگیرکـەر شمـال العـراق یـان جنـوب شـرقی ترکیـا، لـە لای ئێـران کـەمتر چـونکە ئوسـتانەکە بـەناوی کوردستانە.

لەرووی یاسایەوە ناوی کوردستان بەڵگەیـەکی تـری پێگەیـشتنی پەیوەنـدی یاسایی نێوان هەرێم وگەل ودەسـەلاتی سیاسیە،بۆیە ئەوناوانەی کـە گـوزارش لـە ناوی مێژوویی نەتەوەکەی دەکا ناسنامەیەکی ناشکراو زەقـتری هـەلگرتووە لـەو ناوانەی ئەو گوزارشتە ناکەن وەك عیراق بە نموونە کەناوێکی عەرەبی نیە فارسیە، بـەمانا پەیوەنـدی هـەرێمی عێـراقو گـەلی عـەرەبیو دەسـەلاتی سیاسـیەکەی

بێبنچینەیە، پێش ئەوەی لە مێژوو ئەو ڕاستیە دەرکەوێ لـە خـودی ئـەو ناوانـە دەردەکەوێ.

وەك روونـە (سـتان) بـەزمانی ئـاری (جێگـە) دەگرێتـەوە، وەك هندسـتان، پاکستان، قەبرستان، دارستان، .. بەپێی هەندی سەرچاوە (ستات)ی ئەورویی کـە دوای مانای دەوڵەتی وەرگرت لەو ستانە هاتووە، لـە بنەچـەدا کوردسـتان واتـە نیشتمانی کورد، بەڵام ئێستا لەو مانایە فـراوانترە، کـە دەگـۆترێ (کوردسـتانی) تەنها کورد ناگرێتەوە، هەرچی لەسەر ئەو خاکە لە کـوردو تورکمـانو ئاشـوریو عەرەبیش دەگرێتەوە..

یەکەم جار سوڵتان سنجاری سەلجوقی (سەدەی ٥-٦هـ) لە رووی ئیداری ناوی لە ناوچەکانی کرمانشا تا کوردستان، یەکەم جاریش لەنوسینی فـەرمی لـەکتێبی (نزهة القلوب)ی ابن المستوفی لە سەدەی ١٢ هاتووەو وەسفی کوردستانی بـە ١٦ هەرێم کردووە،کەچی بەشێکی تر دەڵێن لەپێش ئەویش ئەو ناوە هەبووە، بەڵام بـۆ یەکەم جار هەرلەسەر نەخشەی ابن مستوفیش ١٣٣٩م کوردستان تۆمارکرا، بـۆ یەکەم جاریش لە سەردەمی عوسمانی کوردستان وەرچـەرخا بـۆ نـاوێکی ئیـداری وسیاسیو تابووە ئیالەتیش .

ئیتر نیشتمانی کوردان عێراقو کوردستان نیە پێکـەوە،.. ئـەوە یەکێکـە لـە گیروگرفتەکانی نێوان داگیرکەرو داگیرکراو.. عێراقێکی سنور دەستکردی سایکس بیکۆ ١٩١٦ نابێتـە بـەدیلی نیـشتمانی، ئـیتر وشـەی لێکـدراوی (کوردسـتانی عێراق-کوردستانی ئێران..) هەڵەیە، هـەتا کوردسـتانی خـوارووی یـان سـەرووش تەواو دروست نیە کە جار وایە بەبـەدیلی ئـەو ناوانـە بـەکاری دەهێـنن، چـونکە کوردستانێکی (پارچە پارچە نـەکراو) زۆر لـە پـێش ئەوانـە بـەناوو ناوەرۆکـەوە هەبووە، مێژووی تورکیا زۆر ڕوونەو ناوێکی (بیدعـە)ی نوێیە، بەڵام ناوی عێـراق کەمێك مشتو مڕی لەسەرەو گوایە کوردو عەرەب بە هـەزاران سـاڵە بـران لـەو نیشتمانە! ئەوەیان گوتاری داگیرکەرەو.. ڕاستە بران، بـەڵام لـە عێـراق هاوبـەش

نێنو یەك نیشتمان نیە.. بۆیە لاباسێکی راست کردنەوەی بۆ تەرخان دەکەین بەخێرایی..

١-لەسەردەمی خەلافەتی ئیسلامیو ئیمپراتۆریەکان بەگشتی ویلایەتەکان لەسەر بنچینەی نەتەوایەتی نەبووە، زیاتر لەسەر بنچینەی ئیداری یان جوگرافی بووە، هەتا لەسەردەمی مشروتیەی عوسمانیش سەرنج بدە مادەی (٧١)ی دەستووری عوسمانی، بۆیە نەك کوردستان هیچ لە نیشتمانێکی نەتەوایەتی ویلایەتێکی سەربەخۆی نەبووە.. هەر بۆیەش هەتا لە کوردستانیش -کە لە میللەتانی تر زیاتر سەربەخۆییان هەبووە بەتایبەتی لەسەردەمی خەلافەتی ئیسلامی هەتا سەدەی بیستەمیش.. میرنشینەکانی کوردیش لەسەر بنچینەی نەتەوایەتی نەبووە یان خێڵەکی یان جوگرافیو بنەماڵەیی بووە.

٢- نەك کوردستان ئێستا واتێ بینی دەکرێ زۆربەی داگیرکەران نەتەوەی رەسەنی ناوچەکە نەبووینە، بەڵکو داگیرکراوەکان رەسەن تر بووینە[1]، باسك نەتەوەی ژێر دەستی ئیسپانیاو بەشێکیشی لە دەست فەرەنسیە، کەچی لە هەموو ئەوروپا مێژوویان قولترە، بەهەمان شێوە بەربەریەکان بەرامبەر عەرەبو ئەفریقیەکان، تامیلیەکان بەرامبەر سەنهالیەکان لە سریلانکا، هەروا تبت، کشمیر، فەلەستین، دانیشتوانی رەسەنی هەردوو ئەمریکاو ئوسترالیا، کورسیکیەکان بەرامبەر فەرەنسا، ئیرلەندیەکان بەرامبەر ئینگلیز، هەتا ئەسیوبیاش شارستانیەکی کۆنی هەیە کەچی تگری لەوێ رەسەن ترە ... بەهەمان شێوەش کوردستان بەرامبەر ولاتانی وەك عێراقو تورکیا..، ناویشی لە پێش ناوی عێراقو تورکیاو.. هەبووە،بەو شێوەیە ناوی کوردستانیش بەو مانا نیشتمانیو سیاسیەی ئێستای نەبووە، زیاتر بەناوچەی سنە وتراوە، بەلام لە نەخشەکانی کۆنی ئیسلامیو جهانی وەك: هیرۆدتس (سەدەی ٥، ٥پ ز)

[1] ئەوەش هەر نیشانەیەکی ئاشکرای بێ دادگەری جیهانە کە لە قورئان وەسفی دەکا (إِنَّ الْمُلُوكَ إِذَا دَخَلُوا قَرْيَةً أَفْسَدُوهَا وَجَعَلُوا أَعِزَّةَ أَهْلِهَا أَذِلَّةً وَكَذَلِكَ يَفْعَلُونَ).

ونیرانتۆس(١٩٦ پ ز).. به میدیا گوزارشیان کردووه، ئیبن حۆقل (٩٧٧ز)بـه بلاد الجبال گوزارشی کردووه، ابن مستوفی (له سەدەی چاردە) ڕاستەوخۆ ناوی کوردستانی لەسەر نەخشەجیهانیەکەی خۆی تۆمـار کـرد، کەچـی نـاوی عێـراقو ئەوانی تر یان نەهاتووە یان لە سەرووی بەسرەو بەس[1].

٣- خاکی کوردان (یـان کوردسـتان) هـەتا سـەدەی بیـستەمیش واتـە هـەتا کۆتایی خەلافەتیش پانتاییەکی فراوانی هەبوو، نیشتمانێکە لـە عێـراقو تورکیـا گەورەترە، هەر چەندە ئامارێکی نوێو وردی پانتای نیە چـەندی بـەرەسمی وتـراوە زۆر زیاترە، بەپێی فەرهەنگی (کوردستانی –گیوی موکریـانی)٤٠٠-٥٠٠کـم[2]، بەپێی معجم البلدانی یاقووت الحمـوی وابـن بەتوتـەو نەخشەنیـسلامیەکان وتـا شەرەفنامەو سیاحەتنامەو بەندی (٦٣)ی ڕێکەوتنی سیڤەر.. هاتووە یان ئەوەی لە (محمد امین زەکی بەك-کوردو کوردسـتان)، هـەتا لێژنـەی (ناوبـژی ویلایـەتی موصل)یش..، لە نووسینەکانی (إبن خلدون)یش ناوی (جبل حمرین)ی نێـستا بـە (جبل الاکراد) هاتووە، لە شامیش جبل الاکراد، حـصن الاکـراد، زۆرن هـەروەك (جۆرج حنا)ش دەڵـێ: بـوونی کـوردی لێ بـەهێز بـووەو زۆر لـە ناوەکـانی شـام کوردین[3]، بۆیە ئەو سنورەی لەهەندێ نەخشە بە زیادەرەوی دەردەکەوێ بنـچینەی خۆی هەیە، ئیبن بەتووتە کە لە بەسرە بەرەو شیراز بەڕێ کەوتووە لە ڕێگا میـوانی خێلە کوردەکان بووە وەك خۆی باسی دەکا، یاقووت الحموی باسی نـاکۆکی کـورد وچینێکی تر بە ناوی (اهل الجامعە) لە ناو حیللە دەکا، بۆیە کووفە نـاوی عـراق العجم بووە خۆ هەتا کۆتایی سەدەی ١٩ لە ناو بەغداش هەسـت بـە شـوینەواری عەرەبی نەدەکرا تەنانەت ڕۆژی یەك شەم پشوودان بووە[3]، ئیتر سنووری کوردستان لە سەروو دەگەیـشتە نزیـك ئـارارات‌و بـەرەو شـام وقـەراغ دەریـای ناوەراسـت،

---

[1] بۆ زیاترُ بروانە:أ -نەخشە کۆنەکانی ابن حوقل، ئیستخاری.. تا دەگاتە نەخشەکانی هیرۆدتس‌و بەتلیموس، ب- (أطلس حضارة الاسلامیة) ل٢٤٥- نەخشەی ئیدریسی-ل١٧١٧.

[2] قصة الانسـان-جۆرج حنا ل٩٥.

[3] بروانە:الاسلام والعلمانیة واثرهما فی نشاة الدولة العراقیة الحدیثة

دەهاتەوە فرات بەرەو بەغدا بو نزیك كەنداو لە رۆژهەلاتیش تانزیـك هەمـەدان و تەوریز، ئەو سنورە پانو بەرینە كوردستان بووە هەتا سەردەمی خەلافـەت بـووە، كە عەلمانیەتو بیری نەتەوەیی لەجیاتی خەلافـەتی ئیـسلامی هـات لەسـەرەتای سەدەی (٢٠)، ئنجا كوردستان بچووك كرایەوە تا ئەوساتەش بەردەوامە..

٤- لەو ولاتانەی كێشەی نەتـەوەیی هەیـە هـەمو ئـەو سـنورە بـەو ناوانـە دەسـتكردو نـوێن*، ئێرلەنـدای سـەروو ناوێكـە لەسـالی ١٩٢٠ بـۆ ١٩٢١ بەفەرمانێكی بەریتانیا (٦) هەرێمی لە ئێرلەنـدەی گـەورە جیـاكردەوە نـاوی نـا ئێرلەندای سەروو كە تیایـدا زۆرایـەتی پرۆتـستانی ئینگلیـزی مـسۆگەركرد، .. لەسالی ١٩٧٢ ناوی سریلانكای لێ نرا كە جاران زیاتر بـە (سـیلان) نـاو دەبـراو سریْ لانكا بە مانای (زەوی درەوشاوە)، (٢٢) سەدەیە زیاترە تامیلیەكان لـەوێن كەچی لەو سەدەیە بەو سنورە دەستكردو رابوونی نەتەوەیی بوونە كەمایەتی، (بۆ زیاتر سەرنج بدە ئەو ناونەسلی ئەو ولاتانە لە بابەتی (نەتەوایەتی) ل٥٢).

ئەو ولاتانەی كە كێشەی نەتەوەیی هەیە وەك ئیسرائیلو فەلەستین، بەربـەرو جەزائیرو مەغریب، بەلقان، كـشمیر، كۆمارەكـانی سـۆڤیەت، ..هتـد، زوربـەیان ناوونیشتمانی خویان رەسەن ترە لەو ولاتـەی پێیـوەی لكـاوون، بەهـەمان شـێوە نێوانی كوردستانو عیراقیش، بۆیە پێویستە كەمێك زیاتر لەسەر ئەسـلی عیـراق بووەستین:

* موسوعة التأريخ الاسلامی-ب٧، ل٦٢ دەڵێ:.. كما يشمل أرض السواد و هي التي تسمى العراق والتي تضم جزء الجنوبي من العـراق الحـالي، وكانت جزء من بلاد الفارس.

* مختار الصحاح-الرازي: ناوی عیراق فارسیة، عەرەبی نیە.

* هەندێكیان هەبرینە لەوانە یۆنان كەلە بنەچەدا لە ناوی ئـیونس هاتووە، هەروەها ئەسیوپیاش لە لایەن هیرودوتس ئەوناوەی لێنرا بە مانای ولاتی دەم وچاو سووتاو چونكە یەكەم جار كەبینران وایان زانی ئەوە دەم وچاویان سوتایە بۆیە ئەوەندە رەشن .

- (موســـوعة المـــصطلحات العلـــم والاجتمـــاع والـــسياسة في الفكـــر العربـــي و الاسلامي) هاتووه: له بارەی مانای (أرض السواد).. بەو بەشـەی سـەرووی (جزیرەی عەرەب) وتراوە (سواد)، چونکە بینیان کە لـە (جزیـرة) زەویـەکی سپی بەیار، بێ دارو درەختو گیا، لەدەست کیسرا بوو، دوایی ناوی لـێ نرا عێراق بە مانای زەوی ڕاستو بێ دۆڵو بڵندایی و شاخ و داخ..
- (الاحكام الـسلطانية-أبو يعلي الفراء الحنبلي): (سمو عراقا لأسـتواء أرضـيه خلت من جبال تعلوا وأودية تنخفض، والعراق في اعلام العرب هو: الاستواء).
- لسان العرب: بـەمانای شـاری شاهنـشاهیەکانو نـاوێکی فارسـی تـەعریب کراوە، جارجاریش بەمانای لیواری دەریا هاتووە.
- المنجد: دەڵێ بەو زەویە خوێیاویەی بێ گژوگیا وتراوە عێراق.
- لە نەخشە کۆنەکانی ئیسلامی (ئەلبیرۆنی، ئیدریـسی، مـسعودی، ..) یـان ناوی نەنوسراوە یان لە سەروی بەسرەو خواروی کوفە عێراقی عەرەبی بووەو باقیەکەی تر عیراقی عەجەمی بووە، لەسەر نەخشەکەدیاری کراوە، (سەرنج بـدە: الاسـلام والعلمانتيـة واثرهمـا في نـشأة الدولـة العراقيـة الحديثـة، وە هەروەها: اطلس الحضارة الاسلامية).
- لە هەندێ سەرچاوەی تر وتراوە عراق العربـي و عێـراق العجمـي: مەبەسـت لێی عراق العربی بەسرا بووەو عـراق العجمـیش لـە کوفـەڕا تاسـەروو بـۆ پانتایی خاکی فارس بووە. (لە سەرچاوەکان: مختار الصحاح-الرازي، أطلس حضارة الاسلامية، الملل والنحل، سیاحەتنامە، شەرەفنامە، لـسان العـرب، قاموس المحيط، ...ناوێکی فارسیە لە ئەراك هـاتووە بـەمانای شـاری شـا، لەراستیدا زوربەی هەرەزوری شارەکانی ئیراقیش فارسـی بووینـە نـەك هـەر بەغداو سامرا هەتا موسلیش ناوی ئەسـلی نـو ئەردەشـێرە، بابـل یـش لـە بافیلی فارسی هاتوە، الحديثة ناوی نودێ بووە[1] ...).

[1] بروانە : الاسلام والعلمانية واثرهما فى نشأة الدولة العراقية الحديثة .

• لەنەخشە کۆنەکانیش تاسەدەی بیستەم کەمتر ناوی عێراق هاتووە ئەو ناوچەیە زیاتر بە میزۆپۆتامیا* هاتووە لە نەخشەکانی بیانی، لەنەخشەکانی ئیسلامیش ئەگەر هاتبێت بەبچووکی لەنزیك بەسرە، لەهەموان ڕوون تر لەنەخشەی ابن الحوقل هاتووە لەچوارگۆشەیەکی بچووکی نزیك بەسرە ئاماژەی پێکراوە، ئەگینا لە هەموو ئەو نەخشانەی کتێبێکی وەك (تاریخ العالم DTV-) تاسەدەی بیستەم ئینجا ناوی عێراق هاتووە.

بەو شێوەیە عێراق بەو سنوورەی ئێستای کە هەرگیز ئەگەیشتۆتە بەغداو هیچ ڕەسەنایەتیەکی مێژوویی‌و ئاینی‌و جوگرافیشی نیە، هیچ بنچینەیەکی نیە بۆ ناسنامەی هاوبەش، بۆیەش هەزاران ساڵ‌و بگرە دەیان ساڵیش نیە کوردو عەرەب گوایە بران تیای.. لەو کاتەی عێراق دروست بووە وەك (جمکێکی) دڕدۆنگ هەردوو جمکەکە لە ئازار دان، ئاواش هەردوو نەتەوە خۆشیان لێك نەدیوە بەتایبەتی خەڵکی کوردستان ڕووبەڕووی کۆ کوژی‌و وێرانی‌و جەرگ بڕین‌و کیمیایی‌و ئەنفال‌و پاکتاوی ڕەگەزی.. بوویتەوە..نەخشەی وڵاتەکەی دووچاری بچووك بوونەوە بووە، دووبران -لە بەش کردنا- لەبارە هەرە باشەکەی ئەوەیە ئەوان لە خواروو هەتا سەربانی بۆ خۆیان‌و بەشە زۆرەکەش کە لەسەربانی هەتا ئاسمانە دەدەنە کورد!.

مام هەژاریش دەڵێ:

بە فەرموودەی ئەو لە ژینا	هاوبەشین لە شایی‌و شینا
شین بۆ من‌و شایی بۆ ئەو	من ئەبێ لەرێم ئەو قەڵەو

* هەندێ سەرچاوەی کوردی مەزمەندەیان بۆ ئەوە دەچێ‌کە میزۆپۆتامیا لە جزیرەو بۆتان هاتبێ، ئارادمیەك پێ‌دەچێ چونکەئەو ناوە لەلایەن یۆنانیەکان بەو ناوچەیان وە نرا، ئەوانیش زیاتر لەو ناوچانەی جزیرەو بۆتان بوون،هەڵبەتە ئەو ناوە پەیوەندی بە (بلاد مابین النهرین)نیە کە لە لە ئەوراتیش بە ئارام نهرین هاتووە، بەڵکو ناوی (مابین النهرین)یش لە بنەچەدا بەپێی معجم البلدانی یاقووت حموی لە (میان ڕۆزانی)عەجەمی هاتووە .

لەسەر ئەو بنچینە نەتەوەی سەردەست بانگەوازی (عێراقی مەزن)و (یەکێتی عیراق)و (ابناء بلد الواحد)..دەکا

ئەو سنورە دەستکردەی (سایکس-بیکۆ١٩١٦)* نەك هەر جەرگ بڕینی کوردە، هەتا نەتەوەگەریەکانی عەرەبیش بەناڕەوایی دەزانن بۆیەك خستنەوەی هەموو عەرەبو بە سنووری دەستکردی دەزانن، ئیسلامیە کانیشیان زۆر بە خەست تر، بۆیە لەیەك کاتدا ئینتمای تاك بۆ دوو نیشتمان نابێت، نیشتمانی راستەقینەی خەڵکی کوردستان عێراق نیە، کوردستانە، مادام نیشتمانی لەسەر بنچینەی فاکتەرە شاقولیەکانی بناسرێت، هەرکاتێ فاکتەری ئاسۆییش بووە بنچینەی پێناسی نیشتمان ئەوا ئەو نیشتمانە وەختیانە بەو مانایە نامێنێت ودەبیتە هەمرو جهان یان وەك زاراوەی ئیسلامی پێی دەووترێ (دار الإسلام).

مێژووی کـورد :

مێـژووی سیاسـی هـیچ نەتەوەیـەك لەسـێ سـەدە تـێ ناپەڕێ، ئـیتر بـاقی مێژووەکەی تری نەتەوەیی نیە، بۆیە پشکنینو گوشینی رووداوە مێژووییەکانی نەتەوەیەك بەدوای رەگەزی سیاسی تیایدا زۆر قورسە، دەتوانرێ ئەو مێژووە لەسەر بنچینەی جوگرافی زیاتر دیاری بکرێت، (واتە رووداوەکانی ناوچەکە نەك فلان نەتەوە).

بەگشتی لە پێش ئیسلام ئەو مێژوانە زۆر لێڵن، ئەگەر چی چەند شارستانیو کیانێکی سیاسی لەناوچەکە هەبووە، هەریەکە لە : هێرۆدۆش،، ستراپۆ زەینەفون..لە دوای ئەوانیش زانایانی ئیسلام باسی کورد زمانیان کردووە.. ئەوەی بەڕوونی دەردەکەوێ کورد لەسەر ئەو خاکەی کۆنترین میللەتێکە نەك لەسەر ئاستی ناوچەکە هەتا لە هەمو جیهانیش..

---

*

بەپێی سەرچاوەیەکی زۆر (مێنادەم) لە دەوروبەری (هیمالایە) دابەزیوە[1]، نەوەکانی بەو جیهانە پەرتو بڵاوبوونیە، تا تۆفانەکەی (صنوح) دیسان ئادەمیزاد کۆتاییان هاتەوە، چونکە تۆفانەکە سەرانسەری جیهانی گرتبۆوە هەروەك لە کتێبە جیاجیاو سەرەکیەکانی جیهانی کۆن دەردەکەوێ: قورئانی پیرۆز، ئینجیل، مانۆیهندی، چیسالپۆکی مەکسیکی، کتێبی پیرۆزی هندیە سورەکانی ئەمریکا، پۆپۆڵ ڤۆنغ، زەندە-ئاڤێستا، .. هەریەکە لە ناوچەکەی خۆیان دەنگو باسی تۆفانەکەیان لەیەك کاتدا نەقڵ کردووە[2]، لەو بارەیەوە (معجم دیانات‌و أساطیر العالم)یش دەڵێ: ئەو تۆفانە لە بەسەرهاتەکانی یۆنانی کۆن، ئەمریکاو هند.. باس کراوە لەیەك سەردەم، هەمووش گێرسانەوەی کەشتیەکە بۆ (جودی) دەگێڕنەوە. هەرچەندە بەشێك لەوانە د.أحمد سوسە لە کتێبی (حضارة العربیة)و إمام عبدالفتاح إمام لە (معجم دیانات و أساطیر العالم)و (موسوعة العربیة المیسرة) بەشێکی تری فەرهەنگە عەلمانیەکان دەڵێن: لە ئەرارات گیر بووە، راست ترین کتێب (أصدق الحدیث)یش دەڵێ: کەشتیەکەی

هەر لەراستیدا مەبەستەکانی سایکس پیکۆ بریتیە لە:١- زامن کردنی بەلفور ١٩١٧ز ٢-پارچە پارچە کردنی جیهانی ئیسلامی ٣-لێکجیاکردنەوەی گەلانی ئیسلام ٤-لاوازکردنی توانای دەولەتو شارستانی ئیسلامی ٥-دروست کردنی دەولەتۆکەی بچووك بچوکی وەك عیراق سوریا وئوردەن ..تا هەروا بێ‌توانا و ناکۆك بن ٦-هەردەم جیهانی ئیسلامی نائارام بێت بەهۆی خستنە ژێردەستی هەندێ لەگەلان بۆ گەلی سەر دەست وەك کورد ٧-بۆ ئەوەی لەڕوی تەکنیکیشەوە دواکەوتەو بەکارهێنەر بن نەك بەرهەم هێنەر ٨-تا ئەو ناوچەیە دیموکراسی‌و ئازادی بەخۆوە نەبینێ وهەر دیکتاتۆر بێت ٩- هەڵبەتە ئەو دابەشیەش تۆمانێکی دەبێتە هۆی لەناوچونی فکرەی دار الاسلام و ئومەی ئیسلامی‌و ..ئیتر هەڵتەکاندنی رابوردوو ١٠- بۆ ئەوەی ئەو دەسەلاتدارانەی لەو دەولەتۆکانە پێك دێت تواناو گیانی شۆرش وبەرگری ڕیشە کێش بکا ١- بۆ ئەوەی بە خێرایی زال بن بە سەریاندا لە کاتی پێویست ...

[1] (ابن کثیر)یش لە (البدایة النهایة) ئاماژەیەکی پێ کردووە،هەریەکە لە ابن العباس وطبرانی‌و ابو النعیم‌و ابن العساکر بە هەمان شێوە، بە پێی فەرموودەش لە هند هاتە خواری، رایەکی لاوازیش هەیە دەڵێ لە تایف هاتە خواری، لە (اطلس القران) دەڵێن لەسیلان -سرندیپ) سریلانکای ئێستا هاتە خواری‌و ابن بەتوتەش یەکەم جار زیارەتی ئەو مەزارگەیەی کردووە .

[2] بۆ زیاتر سەرنج کتێبی (کۆنترین رووداوەکانی مێژوو)-ئەلکسەندەر گەربۆفسکی.

(سنوح) له شاخی (جودی) کوردستانی سەروو گیرسایەتەوەو جارێکی تر مێژووی مرۆڤایەتی لەوێ دەستی پێ کردۆتەوە بۆ هەمو جیهان، زۆربەی شارو دێیەکانی نزیك (جودی) نازناوی (نوح)ی پێوەیە، هەتا (شارناخ)یش گوایە مانای (شاری نوحە)و گۆڕی (ح.نوح)و خانەوادەی لە خوارووی جودی یە لە شام، بەو پێ یە کورد کۆنترین میللەتن لەسەر خاکی خۆیان لەو جیهانەو ناویشیان زور بەچڕو پڕی بەندە بە جودیو خودایی .

لە دوای ئەو رووداوە تەنها مێژووی میللەتە بالاّ دەستەکانی وەك: فارسو رۆمو ئاشووریو یۆنانی و.. رونە، باقیەکەی تر زۆر لێڵە مادام پەیوەندی خاك وگەلو دەسەلاتی سیاسی بەو جۆرە نەبووە، بەلاّم بەمەسۆگەری سەرۆکی هەندێ دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتی کورد بووینە بەرەچەڵەك، ئەوزانیاریانە دەگەڕێنەوە بۆ قوولایی ٤٥٠٠ پ.ز، لە (لولو، گوتی، ماد، کاردۆخی، کاردوو، ..) هەتا لەناو فارسو دوایش عەرەب، بەپێی هەندێ سەرچاوەو ناوەرۆکی ئەو نامەیەی لە لایەن (ئۆردانی پێنجەم) بۆدامەزرێنەری ئیمپراتۆریەتی ساسانیەکان (ئاردەشێر)چووە دەردەکەوێ بەرەچەڵەك کورد بووە،، زۆربەی سەرەتای شارستانیانەکانیش لە بنەچەدا درێژکراوەی پەیامێکی ئاسمانی بووە، پاش ئیسلامیش هەتا دەوڵەتی ئەیوبیو میرنیشینەکانی کوردیشو تا راپەڕینەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمیش بەناوی ئەتەوایەتیو کوردو کوردستان نەبووە، وەك هەموو میللەتانی تر قۆناغەکەی وابووە، پەیوەندی سیاسی وياسایی نەبووە لەنێوان هەرێم (نیشتمان)و گەل(ئەتەوە) ودەسەلاتی سیاسی وەك ئێستا، پێ ناسی کۆنو ناوەڕاستو ئێستاو داهاتووی نیشتمانو ئەتەوەش گۆڕاوە، جاران بنەماڵە ئەتەوە بوو، دێیەکەش نیشتمان، ئینجا بۆ هۆزەکەو دەڤەرەکە بە"هۆیە"ناوزەد کراوە وەك چۆن عەرەب ناوی ناوە (دیرە)، ئێستاش ئەتەوەو نیشتمان لە پەیوەندی ڕاستەوخۆدان کە دەسەلاتی سیاسی لەسەر دروست دەبێ،

له عەولەمەشدا رەنگە(زەمین) هەموو نیشتمان بێت، یـاخود (دار الإسـلام، دار الاشتراکیة، دار اللیبرالیة، ..).

واتە نیشتمان لە سنوری جـوگرافی دەردەچیٚو دەبێتـە مەدرەسـەو ئینتمـای مەدرەسـی، جـارێکی تـریش بگەرێنـەوە سـەر دەسـتوری ئیـسلامو نیـشتمانی ئیسلامی ببێتەوە بنچینەی ئینتمـای نیـشتمانی.. ئـەوەی زۆر روونـە لـە پـێش ئیسلام،ئەو کوردستانە کەوتبووە نێوان رۆمو فارس هەر جارەی یەکێکیان داگـیری دەکردو سەرانەی زۆرو ئازارو سوغرەو بێگاری.. زۆریان لیٚ دەکرا.

لە رووی کۆمەلآیەتیشەوە هەردوو رێبـازی(مـازدەك)و (مـانی)یـان لـە نێـو بلآوکرابۆوە، جۆرە دیموکراسـیو لیبرالیـەکی کۆمەلآیـەتیو جنـسی وابـوو کـەس خاوەنی کچو خێزانی خۆی نەبوو، مافی شەوی یەکـەم (diving right at the king) بۆ میرو وەکیلەکانی داگیرکەر بـوو، خـەلکی کوردسـتان لەوپـەڕی بـاری ئابووریو کۆمەلآیەتیو سیاسی خراپ دابوو، پەروشی رزگارکـەرێك بـوون، بۆیـە هـەر ناوبـانگی ئیـسلامو دادگەریەکـەیان بیـست، لـە هـەنگاوێکی دەگمـەنی میللەتانی تر، لەلایەن ژیرەکانی کورد هەر لە سالی (١٤-١٦)ی کۆچی (گابـانی کوردی) بە نوێنەر چووە سەردانی پێغەمبـــە وو پەیوەنـدی بـە ئیـسلام کـردو رێکخستنەکانی بەنهێنی لە کوردستان بلآوکرایەوە، هەر بۆیەش لـە جەنگـەکانی ئیـسلام لـە کوردسـتان (کـە لـە راسـتیدا دەکـا جـەنگی سـوپای ئیـسلام دژی داگیرکەرانی کوردستان)، بە پێی بەلگەنامـەی راسـت هـۆی تێـشکانی رۆسـتەم ولەشکری فارس بە یەکجاریەدەگەرێتـەوە بۆنـەو یارمەتیـە مەزنـەی هێزەکـانی (دێلم)ی کورد دایە پال لەشکری ئیسلام لە شەری قادسیە لەدژی ئەو هـەموو زولم وزۆریەی فارس کەلە دوای شکـستی میدیەکانەوە دەکرا[1]، ئیتر نەك بەرگری نەکرا،

[1] بۆ زیاتر بروانە : ١- شەرەفنامە ٢-أمجاد الاکراد –رۆژهەلآتناس ماستیان دەلیٚ:بۆیە دیلم وا بە توندی لە سوپای فارسی داو لایەنگری سوپای ئیـسلامی گرت لەتۆلەی میدیەکانی باپیرانیان کە بەدەستی فارس تیك روخا، بەلام واپێناچی چونکە ئەو روداوەی میدیەکان ٦ سەدە پیش ئەو جەنگە

بـەڵكو پێشوازی لێكـرا، چـونكە ئـەو سـوپايە عـەرەب نـەبوون زيـاتر سـوپای (حمرابوو - سوپايەكەی دێلم لەبەر نازايی ناوی لێنرابوو حەمرا) لە هەنـدێ شـوێن دەبووە ڕاپەڕين دژی هێزە داگيركەرەكان كە بـەرگری سـوپای ئيـسلاميان دەكـرد وەك ناوچەی شارەزور، ئينجا يەكسەر والی ناوچە كوردەكان (والی حـمران و والی جەلەولا..) لەو حەمرايە ئەو كوردانە دانران، بۆيە ئـەو شـوێنەوارانەی بـە نـاوی ناودارانی ئەسحابەی عەرەب لەكوردستان گوايە لە جەنگ شەهيد بووبن، ڕەنگـە بێ بناغە بن .

(تۆماس بوا) دەڵـێ: شـەڕێكی وا شـايەنی بـاس نـەكرا لـە كوردسـتان، بـە پێچەوانەوە بەخێرايی شارستانی‌و زانياری بڵاوبۆوەو شەخسيەتی كورديش بەهێزتر بۆوە[1]، دەسەڵاتێكی زۆريشيان پەيداكرد[2]. (سير مارك سايكس)يش دەڵـێ: كـورد بە ئاسانی ئيسلاميان وەرگرت، لە كتێبی (كوردو كوردستان -محمـد امـين زەكـی بەگ)يش دەڵێ: لە شانزەمين ساڵی هيجريدا تەماسيان لەگەڵ ئيـسلام كـرد، لـە (روح المعانی) ناوی ئەو هاوەڵە كوردانەی تيادايە.

چونكە ئيسلام هێزێكی (وەك ئيمپراتۆريەكانی تر) داگيركەرو خێرو بێـر خـۆر نەبوو، بەڵكو خاوەن بەرنامەيەكی هەمەلايەنی ژيان بووە، چرايەكی ڕوونـاك لـەو تاريكستانە بوو، مەبەستيشی گەياندنی ئەو بەرنامە بوو تـا هەركەسـە حـوكمی خۆی بكات، بۆيە كورديش لەدوای ئيسلام بوونيان بوونە خاوەنی خۆيـان، ئـەگينا لە دروستكردنی دەوڵەتی ئيسلامی تەنيا (٢٠٠٠) مـسوڵمانێك هـەبوو، بەشـی هەموو دنيای چۆن كرد.

لـە تەقەلايـەكی زانـستيانە وا پێدەچـێ لـە لايـەن هەنـدێ بـاڵی عـەلمانی توونديشەوە بێت، يان بەپێی هەندێ سەرچاوە بەهاوبەشی لەگەڵ (د.سعيد) ئـەو

جـــەنگە بووە، بۆيە زياتر بەلای ئەوە دەچی كە ديلەو جەنگاوەرەكان سەر بە ڕێكخـستنەكانی ئيسلام بووبن لە ڕێی گابان .

١ تأريخ الاكراد - توماس بوا، ل١٨٨.

٢ هەمان سەرچاوە، ل١٨٩.

کەسەی کە ئاینی مەسیحی هەڵبژاردو بەرنامەی (تەبشیری) لە (مۆنـاکۆ)و (رادیۆی پیرۆز بە زمانی کوردی) هەبوو لە ئەسڵدا فەلکی سنەیە، .. ئەوانە پێستێکی نووسراویان گوایە لە ناوچەی هەورامان دۆزیتەوە تیایدا باس لە زوڵمو زۆری سوپای ئیسلام دەکا (لە کۆتایی ئەو بابەتە دەقی نووسینەکە تۆمارکراوە لەگەڵ تێبینیەکانی شارەزایان..).

باشترین بەڵگەی خۆشەویستی خەڵکی کوردستان بۆ ئەو بەرنامەیەی ئیسلام ئەوەیە:

١-یەکەر ناوی منالەکانیان لەو سەردەمی تا ئێستاش هەموو بووە (محمد، علی، عمر..)، کەچی بەدەگمەنیش ناوی (یەزدەجور) یان (هەرقەڵ) وەك ئێستاش نیە بەناوی (ئەتاتورك)، (صدام)، (بەهلەوی)، (لینین)، (بۆش)، ..

٢-لە کوردستان بەپێچەوانەی جەزیرەی عەرەب دیاردەی هەڵگەڕانەوە نە لەکاتی بەهێزی نە لە کاتی بێ هێزی ئیسلام رووی نەدا.

٣-ئەو هەموو سەرکردەو والیو هونەرمەندو رەوشەنبیری لێ پەیدابوو.

٤-تا ئێستاش هەم کەلتوورو نەریتو ئەخلاقو عەقیدەی ئیسلامی لە هەموو کەلتوورو فەرهەنگەکانی جیهانیو عەقیدەکانی سۆشیالیستیو شیوعیو لیبراڵ دیموکراسی بەهێزترە.

٤-تەنانەت لەدوا ساتی هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت،کورد شۆڕشی دژی ئەو هەنگاوە کرد وداوای گەڕانەوەی خەلافەتی کرد،واتە خێری لێ بینیبوو بۆیە هەریەکە لە شێخ عبد السلام وملا سلیم وشێخ سعیدی نورسی وشێخ سعیدی پیرانو هەتا ئیحسان پاشاش ئەو داوایەی کرد .

بەو شێوەیە کورد مێژووی راستەقینەی بۆ دروست بووە، سەرەڕای بەدکاری هەندێ خەلیفەو والیو سوڵتانەکان، بەڵام کورد شەخسیەتو دەسەڵاتێکی زۆری پەیداکرد لە بوارەکانی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو زانستیو هونەریو

سەربازی‌و شارستانی‌و هەتا سایکۆلۆژی‌و تەندروستیش، تا ئەو رادەیە بۆ یەکەم جار سەرکردایەتی جیهانی کرا لە دەوڵەتی ئەیوبی هەروەك شارەزایانی مێژووناسانی کوردیش هەمان بۆچوونیان هەیە، تۆماس بوا دەڵێ: بە درێژایی خەلافەتی ئیسلام (جگە لە هەندێ دۆخی تایبەت نەبێت) سەربەخۆییەکی بێ وێنەیان هەبووە[١].

بەشی زۆری مێژووی کورد بە رێکەوتن بووە هەروەك: هاتنی سوپای ئیسلام بەهۆی رێکەوتنی کابان‌و پەیامبەر دوایی لەگەڵ مەیموونی کوردیدا، دوایش لەگەڵ دێلم، لە سەردەمی ئەمەوی‌و عەباسی لە باردودۆخێکی باش نەبوونە هەروەك زۆربەی میللەتانی مسوڵمان بەتایبەتی بنەماڵەی پێغەمبەر ﷺ لە دۆخێکی تەنگەباری بوونە، سەرەرای ئەوەش بەپێی (الملل والنحل والأعراق) و زۆر سەرچاوەی تر، جگە لە هەندێك دۆخ نەبێ نەگینا کورد سەربەخۆی تەواو بووە.

لە سەردەمی عوسمانلیش بە هۆی ریکەوتنی شێخ ئیدریسی بەدلیسی‌و سوڵتان سەلیمی یەکەم لەگەڵ ٢٣ میرنشینی کورد لە ساڵی ١٥١٤، پێك هاتبوو لە (٥) مادە تیایدا هەردوولا یارمەتی یەکتر بدەن لەکاتی پێویست، بە رێکەوتن کوردستان لە شەر لادراو، بووە هۆی دروست بوونی سیستەمی ویلایات و لامەرکەزیش‌و وەرچەرخانی سەڵتەنەتی عوسمانی بۆ خەلافەت، چونکە ئەو رێکەوتنە بووە هۆی داگیرکردنی وڵاتانی عەرەبی‌و وەرگرتنی بەیعەتی خەلافەت لە (متەوەکیل) لە میسر.

ئەو دۆخە بەردەوام بوو هەتا کۆتایی خەلافەتی ئیسلام لە سەرەتای سەدەی بیستەم، کە کۆمەڵێك گۆرانکاری تریشی لەگەڵ بووە، هاتن‌و سەرهەڵدانی عەلمانیەت‌و بیری نەتەوەیی، کۆتایی وەرچەرخانی ئیمپراتۆریەکان بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی.. لەوێشرا مەینەتی کوردی وەك مەینەتی نەتەوایەتی دروست بووە.. ئیتر بەردەوام دەبین لەباسی مێژووی کورد لەو مەینەتیەوەو هەم وەك زنجیرەی چەمکەکانیش.

[١] تۆماس بوا: تأریخ الاکراد. هەروەها بروانە :الملل والنحل والاعراق .

دەقی نووســراوی سەر پێستەکە:

لە سەرچاوەی نا ڕەسمی دەست کەوتووە:

هورمزگان ڕمان ئاتران کوژان
ریشان شاردەوە گەورە گەورەکان
زۆر کار ئارەب کردە نەدە خاپوور
گناو پالەیی هەتا شارەزور
شەنو کەنیکانو دیل بشینا
مەرد ئازا تەلی دەرووی هەینرا

گوایە ئەوە بوو لەسەر ئەو پێستە نووسرابۆوە،ئەو پێستەیە وەك باسی دەکەین ئێستا گەیشتۆتە مۆزەخانەی بەریتانیا، وا تێ بینی دەکرێ:

١-بەپێی پسپۆڕانی زمانەوانی زۆر وشەی نوێی تیادایە.. بۆیە بە دەستکرد دەچێت وەك ئەو ڕووداوەی (ئنسان پلتداون)، کە ویستیان هەندێ ئێسك وا تەزویر بکەن لەگەڵ (تیۆری پەرەسەندنی-داروینی) بگونجێ..

٢-هەمان ئەو بەندانە بەش بەش لە شینی ژنانی دەرسیم هەیە، لێرە هەندێ ناوی تری (ئارەب)، (شارەزور).. زیادکراوە.. بۆ زیاتر سەرنج بدە کتێبی د.نوری دەرسیمی (دەرسیم لە مێژووی کوردستان)- دەقی هەڵبەستەکە بەلاتینی لە لاپەڕە (٤١) هەیە.

(٤٤)

مەینەتی کورد Kurdish Calamity

ئەو زاراوەش بە وشە تایبەتە بە کورد، بەڵام بە ناوەرۆك زاراوەیەکی جیهانیــە، مەبەست لــێی چەوساندنەوەی نەتەوەییە، هەڵبەتە لــە پــێش تــریش لــە قــوڵایی مێژوو چەوسانەوە هەبووە وەك چەوسانەوەی : چــینایەتی، کۆمەڵایــەتی، ئــاینی، خێڵەکی، رەگەزی، دەسەڵاتو بێ دەسەڵاتی، بەهێزیو بێ هێــزی، ..تــاد، بــەڵام میللەتێك میللەتێکی تر بچەوسێنێتەوەو خاكو وڵاتی لێ داگیر بکــاو بــە پــێی دەستورو یاسای رێکخراو نەتەوەی سەردەستو بن دەست دروســت بێــت ئــەوەیان نوێ یە..، هەڵبەتە پرۆسەی هەڵمەتو داگیرکاریو پەلاماری ئیمپراتــۆریو هــەتا میرنشینو خێڵەکیانــەش زۆربــەی پانتــای مێــژوو پــڕ دەکاتــەوە، بــەڵام دیــاردەی چەوسانەوەی نەتەوایەتی لەگەڵ ئەبووە وەك لەو (٢) ســەدەیەی دوایــی جیهــانیو بەنسبەت کوردیش لەو سەدەی دوایی، .. بۆیە رستەی گوایە کورد هەزاران ســاڵە دەچەوسێتەوە.. هەڵەیە، کە لــە لایــەن نەتەوەگــەریو عەلمانیــەکان بــێ زانیــاری دەگوترێ.. ئەگەر عاتیفیو هەڵچوونانەش بێت راستــەوخۆ لە خزمــەتی داگیرکــەر دەبێت.. مانای وادەدا ئەو دۆخەی داگیرو دابەشکردنی کوردستان نوێو شاز نیەو داگیرکەران بێ تاوان دەکەن بەخۆڕایی! هەروەك سەرۆکی فرنسی وتی خۆ ئیمە لــە مەینەتی کورد بەر پرسیار نین، بــەڵکو مێــژوو بەرپرســیارە، .. ئــەخێر هــەروەك ئێستا زۆربەی میللەتانی جیهان رۆژی رزگاریو جەژنی نیشتمانیان هەیە، ئــاواش رۆژو ساڵی داگیرکراویان هەیە..

جا بابزانین ئەو مێژووەی مەینەتی کورد لەکەیەوە بووە، دەست نیشان کردنی زۆر چەمکی بنەڕەتی سیاسیو کۆمەڵایەتیو نەتەوەییش دەگۆڕێو ڕاستی دەکاتەوە.

ئەگەر بەووردی سەرنج بدەینە فەترەی ئینقلابەکەی ١٩٠٨ بۆ ڕێکەوتنی نهێنی (سایکس- بیکۆ١٩١٦ز)ی لێ بەسترا هەتا ساڵی ١٩٢٤ز کە خەلافەتی ئیسلامی تیادا رووخا، مەودایەکی پڕ لە ڕووداو وەرچەرخانی گرنگە بۆ هەر کەسێك کە دەیەوێ لە بنەچەو سەرچاوەو زەمان زەمینی "مەینەتی کورد" بگات، کەوتۆتە ئەو نێوانە.. کە باری کورد لەڕووی چۆنایەتیو سیاسیو کۆمەڵایەتیو شەخسیەتی مەعنەویو دەسەڵاتو نەتەوایەتیش، پێشو پاشی ئەو فەترەیە لە جەوهەردا لێك جیایە.. ئەوەش هەر هەمان مانای ئەدرێسی باری کوردە لە پێشو پاش خەلافەت، بۆیە ئەو بەراوردە بە وردتر ئەو ڕۆژەمان بۆ دیاری دەکا کە کورد تیای کەوتوە..

باری کورد لە پێشو پاش خەلافەت:

یان هەمان مانای ئەوەیە باری کورد لەسەردەمی خەلافەتو لەسەردەمی عەلمانیەت، بە بەراوردێك زیاتر هۆو لایەنە بەرپرسەکانی ئەو مەینەتیە دەردەکەوێ:

١-بەدرێژایی سەردەمی خەلافەت کوردستان سەربەخۆ بووە، جگە لە هەندێ دۆخ، کە بەهۆی پەنادانی هەندێ لایەنی دژ بەیەك لە دەسەڵاتی باڵای خەلیفە دەبووە هۆی تێوەگلانی کورد، هەڵبەتە ئەوەش مانای ئەوە نیە حوکمی خەلیفەو سوڵتانەکان زێڕینو دادگەریو ئیسلامی ڕاستەقینە بووبێت، نەخێر.. ستەمو ئازاریان هەبووە بەڵام بۆ گشتی بووە، شێوازی ستەمی نەتەوایەتیو دەسەڵاتی نەتەوایەتی نەبووە، عەرەب بەسەر کورد یان تورك بەسەر چەرکەسو عەرەب، .. یان کورد بەسەر عەرەبو تورك و..هتد.

بۆیە (د.س.شاذلی) راست دەکات دەڵێ: (فقد إكتفى معظم خلفاء في دولتين الاموية و العباسية بتعبيرات الولاء من قبائل الكردية دون ممارسة حكم المباشر عليهم من دمشق و بغداد)[1]، کەواتە تەواوو راستە (د.نوری دەرسیمی) کە دەڵێ هەتا ساڵی (١٩٣٦ز) کاتێ عەلمانیەتی تورکیا دەسەڵاتیان گرتە دەست ئنجا بۆ یەکەم جار بەدرێژایی مێژووی خەلافەتی ئیسلامی سوپای بێگانە هاتە دەرسیم[2]، ئیتر بووە سەربازگەی داگیرکەرو مەیدانی کوشتنو کوشتارو قڕکردن تا ئێستاش.

کەواتە هەمرو بەڵگەنامەکانی مێژوویی کە مێژووی جوڵانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان بۆ سەرەتای سەدەی (٢٠) دەگێڕێتەوە هەماهەنگە لەگەڵ ئەو راستیە، قووڵترین مێژوو لە لایەن (بەڵگەنامەکانی کورد لە بەریتانیا) دەیگێرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٠٨ز، هەشە بۆ پەیمانی سایکس بیکۆ-١٩١٦، بەشێکی تر بۆ شۆرشی ئۆکتۆبەر ١٩١٧ کە تیایدا ئەو پەیمانەی (سایکس بیکۆ)ش ئاشکرا کرد، بەشێکی تر بۆ ساڵی ١٩٢٤و دەقاو دەق بۆ ئەو رۆژەی کە خەلافەت لە ١٩٢٤/٣/٣ هەڵوەشایەوەو دەسەڵاتی عەلمانی هاتە جێی، ئەو هەڵمەتە سیاسیو فەرهەنگیو کەلتوریو سەربازیەی کرایە سەر کورد، بەشێکی تریش پێیان وایە لەگەڵ سەربەخۆیی ئەتەوە سەردەستەکانی کوردی تیادا هاوبەشەمەینەتی کورد دروست بووکە دەکاتە سەرەتای سەدەی بیستەم.

٢- بە درێژایی خەلافەت بەپێی سیستەمی سیاسی سەردەم دەسەڵاتی کورد هەرلە دەست خۆیان بووە، میرنشینو نیمچە ئیمپراتۆریەتیان هەبووە، هەر لە شەدادیو مەروانی (لەسەردەمی عەباسی) تا دەگاتە سەردەمی عوسمانلی دادگاو ئیدارەو هەتا سکەی دراویشیان هەبووە، بەزۆری شەریعەتی ئیسلامیشیان پەیرەو دەکرد، بەڵام لەدوای خەلافەتو لەسەردەمی عەلمانیەت کوردستان دابەشو

---

[1] ملل و النحل و الاعراق ل٢١٨.

[2] مێژووی دەرسیم- د. نوری دەرسیمی.

داگیرکراوە، نەك میرنشین بەلکو ئەگەر ریکخراویکیش هەبوویێت دەبێ لە کەلێنە شاخەکان بێتو کیمیاویو ئاگرو ئاسنی تێ گیراوە.

٣- لەسەردەمی خەلافەت هەتا دوا سولتانیش دەسەلاتێکی زۆریشیان لە خودی دەولەتی خەلافەت هەبووە، بۆ ماوەی سەدەیەك دەسەلاتی وەرگرتووە، ئنجا پایەی سیاسی بەرزیشیان هەبووە، هەر لە کۆتایی خەلافەت سەرۆکی مجلس أعیان (شێخ عبدالقادر)و سید تەهاش، سەرۆکی ئەنجومەنی شورای دەولەت بووە، بە هەزاران نمونەی تر، سەفیرو وەزیر کورد بووە، (شیخ الإسلام)و سەرۆك وەزیرانی چەرکەسو کوردو عەرەب و.. لەسەر بنچینەی کەفائەتو جارجاریش لەسەر بنچینەی وەلائی شەخسی، بەلام لەسەر بنچینەی وەلائی نەتەوەیی نەبووە، سەرباری سەرکردە سەربازی و.. زاناو پێشەوای ئاینیو زانستی تر.. لەو کوردستانە.. تا ئەو رادەیە زۆربەی والیەکانی شامو میصرو شوێنانی تریش کورد بوونە، تا ئێستاش خانەوادەکانیان لەو ولاتانە وەك چرایەکی رووناك ماون، هەروەك (تۆماس بوا) دەلێ: دەسەلاتی کورد لە دوای ئیسلام بوونیان ئەوەندە پتەو بووو زیادی کرد دەسەلاتیان دەگەیشتە دەرەوەش[1]، هەروەها لە (مللو النحلو الاعراق) هاتووە: (وقد ترك سلاطین ال عثمان الشیوخ القبائل الكردية قدرا واسعا من الحرية في إدارة شؤونهم الداخليةو اعفوهم من الضرائب من مقابل تكوين ميليشيات تحرس حدودهم..)[2].

بەلام لەسەردەمی عەلمانیەت لە تێکرای بەرەکان کورد زەرەری کردووە بە پاشیان خستووەو هاوولاتی نەك پلە دوو، بەلکو جار وایە وەك پێشوولە حساب کراوە.

٤-دەسەلاتو (نفوز)ی کورد لەبارە هەرە خراپەکانی خەلافەتیش هەر زۆر بووە، باشترین نمونە.. لە کۆنگرەی (بەرلین)و ریکەوتنامەی (سان ستیفانۆ)

[1] توماس بوا: تأريخ الاكراد ل١٨٨.
[2] مللو النحلو الاعراق، ل٢١٨.

رۆژئاوا پشتی (ئەرمەنیان) گرتو داوایان لـە خەلافـەت کـرد کـە سـەربەخۆیی‌و مافیان بدات، کەچی ئەرمەنیەکان داوایان لەسەرانی کۆنگرە کرد کـە تـەنها داوا لە سەڵتەنەت نەکەن، داوا لە سەرکردە کوردەکانیش بکەن کـە قایـل بـن نـەگینا سەڵتەنەت بە تەنها بێ کورد ناتوانێ مافمان پێ بدات، هـەروەك لـە بەنـدەکانی (١٦، ٦١) ئەم رێکەوتنە وا هاتووە، سەرنج بدە لەسەردەمی خەلافـەت خـەڵکی تر داوای مافی خۆی لە کورد کردووە، لە دوای خەلافەتو لەسەردەمی عەلمانیەت هەر کوردە نەك مافی زمانیشی لێ قەدەغە کراوە کە تەیرو گیـان لەبـەریش بـە زمانی خۆی قسە دەکەن، هـەر کـورد داوای کـەمترین مـافی خـۆی دەکـاو چـی پێ‌کراوە.

٥- هەموو ئەو دیاردانەی تەتریك، تەعریب، چەوسانەوەی نەتەوەیی، زیندانی سیاسی نەتەوەیی، کۆکوژی، پاکتاوی رەگـەزی، دابەشـی کوردسـتان، بەیاسـایی کردنی نیشتمانێکی تـر... هـەموو ئـەو دیاردانـە بـۆ یەکـەم جـار لەسـەردەمی عەلمانیەت لە دوای ساڵانی ١٩٢٠ دەسـتی پـێ کـردووەو بەرەبـەرە لەگـەڵ تـۆخ بوونی عەلمانیەت مەینەتی کوردیش خەست تربووە، بە پێی (توماس بوا-تـاریخ الاکراد)[١] یەکەم جار (انور پاشا) تەتریکی کـردووە، یەکـەم مێـژووی.کۆکـوژیش دەگەرێتەوە بۆ (مصطفی کمال)کاتێ لە خـەربوت گـازی ژەهراویـشی بـەکارهێنا بەپێی رۆژنامـەی (wr-aglu) ژ:٣٨٣ لـە ١٩/٩/١٣، یەکـەم نەخـشەش کـە کەرکوکی لە کوردستان جیا کـردەوە نەخـشەی سـایکس -پیکـۆ ١٩١٦ بـوو، یەکەم تەقەلای تەعریبیش ئینگلیز کردی لە کیشەی ویلایـەتی موسـڵ لـە دوای ١٩٢٣ .

[١] تاریخ الاکراد- توماس بوا ل١٩٣.

مەینــەتی و.. ســالیادی:

مەبەست لێرە دەست نیشانی ئەو زەمـانو زەمینەیـە کـە کـورد وەك نەتـەوە مەینەتی چەوسانەوەکەی دەستی پێ کـردووە، بریتیـشە لـە مێـژووی بزوتنـەوەی رزگاری خوازی کورد، ریشەی زاراوەی کوردایەتیشە، ..ئـەوەی زۆر بەدڵنیاییـەوە هەڵەیە ئەوەیە کە دابەشی کوردسـتانو مەینـەتی کـورد بگێرنـەوە بـۆ جـەنگی چاڵدێرانی ١٥١٤ز.. لەگەڵ هیچ پێوانەیەکی مێژوویی و نەتەوەیی ناگونجێ بۆیەش (تۆماس بوا) دەڵێ هەر لەدوای ١٥١٤ز میرنشینو دەسـەلاتی کـورد زۆر تۆکمـە بوو لە ئیدارەو فەرهەنگو هەتا سکەی دراویشیان هەبووە[١].

هەڵبەتە لە نێوان باری چاکی کورد (نسبیەن) لەسەردەمی خەلافەتی ئیـسلامو تێك چوونی ئەو بارە حەتمەن رووداو وەرچەرخانی دیاری کراو هەیە، دەبـێ (خـاڵی وەرگـەڕان) بـووبێ لـە ژیـانی ئـەو کوردسـتانە.. ئـەوەی تێبینـی دەکرێـت وەك توێژینەوەیەکی زانستیو واقعـی نـەك سیاسـیو فکـری، وا دەردەکـەوێ لەگـەڵ هەنگاوەکانی جێگیر بوونی عەلمانیەت (بەهەمو باڵەکانی چەپیو سۆشیالیـستیو نەتەوەییو لیبراڵ دیموکراسیشەوە..)و دەزگاکانی وەك بیروباوەڕو حزبـی ئیتحـادو الترقیو دەستوور(مەشرووتیەت)و پەرلەمان (مەبعوسـان)و رێکخـراوە مـەدەنیو هەتا گۆڕانی پادشایی بۆ کۆماریش لە زیانی کێشەی کـورد بـووە، بۆیـە بەشـێك مەینەتی کوردی راسـتەقینە لەبەشـی خـواروو بـە وەرگـەڕانی لـە پادشـایی بـۆ کۆماری لە ١٤ی تموز ١٩٥٨ دەزانن، هەر چەندە لەگەڵ دروست بوونی عێراق لـە ١٩٢١ سازدراوە، بۆیە یەکێ لە هەڵە سـتراتیژیەکانی سـەرکردایەتی عەلمانیـەتی کورد لەسەرەتا تا کۆتایی ئەوەیە، پێشوازیان لە هەمو ئەو هەنگاوانـەی تەقـەلا دەستوریەکەی مدحت پاشا لە ناوەراستی سەدەی ١٩، حزبی ئیتحادوالترقی سالی ١٨٨٩، دروستکردنی کۆمـاری عەلمانیـەتی تـورکی لـە ١٩٢٢و هەڵوەشـانەوەی

[١] تأريخ الاكراد -توماس بوا ل١٩٣.

خەلافەت لە١٩٢٤، لە دوایشدا گۆڕینی شورا بۆ (مجلس وطني)، گۆڕینی عەقیدەو ئینتمای ئیسلامی بۆ بیری نەتەوەیی و ئینتماکەی، .. ئەگەرچی (ملا مصطفی بارزانی) سەرکردەیەکی عەلمانی نەبووە، بەلام لە ژێر کاریگەری عەلمانیەت و بارودۆخی ئەوکاتی و دووره ولاتی وا دەردەکەوێ دڵخۆش بووە بە شۆڕشی ١٩٥٨ تموز، کە ئەوەش بەشێکە لەو هەڵەیەی پێشو باس کرا، چونکە هەمو هەنگاوەکانی عەلمانیەت بریتیە لە زیاتر جێگیر بوونی شەرعیەتی ئەو ولاتانەی کە لە (سایکس بیکۆ) ١٩١٦ دامەزرێنران، ئەوەش بێ دوو دڵی لە زیانی ستراتیجی کوردە، ئەوە توێژینەوەیە (شەرم ناکا) ئەگەر راستی بڵێین هەر هەنگاوێکی ئیجابی بۆ عێراق (یان هەر داگیرکەرێکی تر) (نەك گەلی عێراق) ئەوا ئۆتۆماتیکیەن هەنگاوی سەلبیە بۆ کوردایەتی، ئەوە یاسای پۆلاینی (چارەی خۆنووسی کوردستانە)، کەواتە زۆر روونە لەگەڵ دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ تورك و عەرەب و.. مەینەتی کورد دروست بووە، ئەوەش هەنگاو بە هەنگاو لە دژی خەلافەت دەستی پێکردووە بە زیانی قورسی کوردیش کۆتایی هاتووە بەو شێوەیە:

١- هاتنی دەستوور لەق کردنی شەریعەتی ئیسلامی لە کۆتایی سەدەی ١٩و دروست بوونی لە(١٨٧٦ز).

٢- هاتنی بیری عەلمانی نەتەوەیی لەسەرەتای سەدەی ١٩دەست پێ دەکاو پەیدابوونی شەخسیاتی وەك (ئەنوەر پاشا، جمال پاشا، طلعت پاشا) کە سێ ناوەندی دەوڵەتی عوسمانی گرتبوو وەزارەتەکانی (دەرەوە، ناوەوە، بەرگری)، تا گەیشتە رادەی لادانی عبدالحمید لە١٩٠٩ بە راشکاوانەتر هاتنە مەیدان.

٣- پەیدابوونی اتحادو الترقی لە ١٨٩٩ز.. لە ساڵی ١٩٠٨ز ئینقلابیان کرد.

٤- لە ساڵی ١٩١٦ رێکەوتنی (سایکس بیکۆ) کرا، لە لایەن فەرەنسا.. بەریتانیاو ولاتانی رۆژئاواو رووسیای قەیسەریش و کوردستان کرا (٦) پارچە.

٥- لە ساڵی (١٩٢٣) ڕێکەوتنی لۆزان کرا لە نێوان تورکیای عەلمانیو ڕۆژ ئاوا، هەنگاوەکان یەك لا کراوە، سایکس بیکۆ جێبەجێ کرا، خەلافەت لێ خرا، لە جیاتی شەریعەت بووە عەلمانی، کوردیش بێ بەش کرا لە کۆی ١٤٣بەند ناوی کوردی تێدا نەبوو..لە کوردستانی خواروش کونگرەی قاهرە لە١٩٢١ گرێ درا وعێراقی پێدروست بوو کورد لەکاروان بە جێما ·

٦- ئەو مل ملانێیەی عەلمانیو خەلافەت لەسەرەتای سەدەی بیستەمو بەلابەلاش لە چارەکی دوایی سەدەی (١٩) دەستی پێ کرد بوو، دوای جەنگی جهانی ١٩١٨ دەسەڵاتەکان لێك جیابوونەوە، دەسەڵاتی عەلمانی لە ئەنقەرە بوو، دەسەڵاتی خەلافەتیش لە ئەستەمبوڵ، خەلافەت لە بڕیارێك دا مافی هەمو گەلانی دا، کە سەردەمی (دەوڵەتی نەتەوەیی) هات (هادی پاشا) نوێنەری (سوڵتان محمد وحیدالدین) بوو لەگەڵ (شێخ عبدالقادر شەمزینی وشەریف پاشا) مۆریان کرد کە سەربەخۆیی بدەنە کوردستانو هەردوو لاش لەگەڵ نوێنەری ئەرمەن (بوغوس پاشا) ڕێکەوتنی سیڤەریان مۆرکرد.. بەو شێوەیە کورد چارەنوسێکی ڕوونی لە خەلافەت دیاربوو بە کەوتنو هەڵوەشانەوەی خەلافەت بەتایبەتی لە ڕۆژی ١٩٢٤/٣/٣ز بە دواوە کە بووە هۆی سەرکەوتنی عەلمانیەت بەیەکجاری بەسەر خەلافەت، دەستوری بەسەر شەریعەت، بیری نەتەوەیی، بەسەر عەقیدەی ئیسلامی، عەوام بەسەر ئوممەت، ئەنقەرە بەسەر ئەستەمبوڵ، .. لەگەڵ شکستی ئەو بەرەیە،کوردیش شکستی هێنا.. ئیتر هەڵمەتی کوشتو بڕو داخستنی ناوەندو مونەسەسە زانستیو فەرهەنگیو سیاسیەکانی کوردیش کە زۆربەیان لەژێر دەسەڵاتی خەلافەت بوو تارو مار کرانو پەلاماری سەربازیو کۆکوژی (مصطفی کمال) دەستی پێ کردو هەتا ئەو چەند ئەندامانەی کوردی لایەنگریشی لە سێدارە دان، .. ستەمو چەوسانەوەی نەتەوەیی کوردستان لەو ساتیەوە دەستی پێ کردو.. تا ئێستاش بەردەوامە.. کە پێی دەڵێن (مەینەتی کورد).

هۆیەکانی مەینەتی کورد:

پوختە:

لەبارەی شادنەبوونی کورد بە دەوڵەتو مافی چارەی خۆ نووس زۆر هۆی جیاجیا باس کراوە، لەوانە:

١- داخراوی کوردستان. ٢- نەکەوتنی سەر لێواری دەریا. ٣- نەبوونی مەڵبەندی بازرگانی. ٤- پێکهاتەی کۆمەڵایەتی. ٥- ناوشیاری. ٦- هۆیە مێژوویییەکان. ٧-کەوتنی لە نێوان دوو ئیمپراتۆریەتی گەورەی وەك عوسمانیو سەفەوی. ٨-دەوڵەمەندی کوردستان لە نەوتو کانزاو داهاتی تر. ٩- بوونی وەك نەتەوەیەکی ئیسلامیو قینی ڕۆژئاوا لە دژی بەتایبەتی لە تۆڵەی گورزەکانی سەلاحەدین.. لەگەڵ زۆر جۆر هۆی تر باس دەکرێ .

ئەوەی ئەو توێژینەوانە خەست تر دەکا ئەوەیە بەپێی یاسای دەولیش کورد خاوەنی توخمەکانی دەوڵەت بووە. ١- هەرێمێکی دیارو ڕوونی هەبووە سنووری بریتی بووە لە سنووری نەتەوەی کورد. ٢- گەلێکی ڕێکترو جێگیر تری لەسەر بووە لەچاو گەلی عەرەبی عێراقی بە نمونە. ٣- دەسەڵاتی سیاسیش هەبووە کە خۆی لە حکومەتی شێخ محمود دەنواند.

بەڵام لەلایەکی تریش هاوشێوەی کوردستان هەبووە بەو مواسەفاتە سەلبیانەی کە لەو خاڵانەی سەروو باس کراوەو کەچی ڕزگار بووەوو ئێستا دەوڵەتن.. بۆیە هۆی بنچینەییەکەی ئەو خاڵانەی سەروو بە تەنها نیە، ئەو بابەتە لە توێژینەوەیەکی سادە دەردەچێت بۆ مەدرەسەو تەوەرە جیهانیەکان، بەربرسیاریەتیو مەینەتیو بەردەوامیەکەشی تاساتەش لە ئەستۆی عەلمانیەتەوەك مەدرەسە، بەو شێوەیەی خوارەوە:

تەوەری یەکەم (جیهانی): لە نێوان سایکس -پیکو ١٩١٦ بۆ لۆزان ١٩٢٣ دەنوێنێتو بەردەوامیەکەشی جەوجۆڵی ئیمپریالیزمی بە تایبەتی لە پەیمان

نامەکانی (پاریس ۱۹۱۷، لۆزان ۱۹۲۳، سەعد ئاباد ۱۹۳۷، بەغدا ۱۹۵۵، .. هەتا دەگاتە پەیاننامەی ۱۹۷۵ جەزائیر، ..

تەوەرەی دووەم(ئیقلیمی): بریتی بوو لە گەیشتنی بیری نەتەوەو عەلمانیو دروستبوونی ئیتحادو الترقی، کەمال ئەتاتورك، تۆرانیەت، .. دروستبوونی دەوڵەتە نەتەوەییەکان لەسەر ئەو بنچینەیە کە بریتیە لە (سەربەخۆیی نەتەوەیی تورك‌و عەرەب..) لە تورکیاو عێراق لە سەرەتای سەدەی بیستەم لەسەر حیسابی بێ بەشی کورد.

تەوەرەی سێیەم (ناوەکی): بریتیە لە هەموو ئەو تەقەلاو دەرفەت لەدەست چوونەی کە عەلمانیەتی کورد لەو سەردەمیدا بەهەڵەیی یارمەتی تەیاری نەتەوەیی‌و بە عەلمانی کردنی خەلافەتیاندا.. هەروەك (رۆبرت ولسن) دەڵێ: (..نەتەوەییە تورکەکان وا سەر نەدەکەوتن ئەگەر عەلمانیەتە کوردەکان وا یارمەتیان نەدابوونایە لە دژی ئەستەمبۆڵ (خەلافەت).. (خالد بەگی کوردیش لەسەردەمی خۆی گۆتبوی: ئەو یارمەتیەی مصطفی کمال‌و ئیتحادیەکان‌و دژایەتی ئەرمەنیش، شمشێرە تیژی دەکەین بۆ ملی خۆمان)[1]، راستیان‌وتووە.. هەردوولا. بەکورت‌و پووختی هۆیەکانی مەینەتی کورد لە دیاریکردنی ئەو وەرچەرخانە گرنگانە لە هەناوی خەلافەت‌و ناوچەکە رویدا، بەو شێوەیە :

۱- دارمانی خەلافەتی عوسمانی‌و جێگرتنەوەی بە دەوڵەتی نەتەوەیی.

۲- جێگرتنەوەی دەستوری عەلمانی لە جیاتی شریعەت .

۳- جێگرتنەوەی بیری نەتەوەگەری عەلمانی لە جیاتی بیروبڕوای ئایینی .

٤- جێگرتنەوەی بنەمای بەرژەوەندی تایبەتی لە جیاتی گشتی .

۵- سەرکەوتنی هاوپەیمانان بەسەر وڵاتانی ناوەند لە جەنگی جیهانی یەکەم... هەموو ئەو وەرچەرخانانە لە نێوان ۱۹۰۸– هەتا ۱۹۲٤ رویداو مەینەتی کوردی لێ دروست بوو.

---

[1] راپەرینی شێخ سەعید- روبرت ولسن، ل ٦٨.

هۆی بەردەوامی مەینەتیەکەی:

پوختە:

هۆکار زۆرە، بەڵام دیسان لەو سێ تەوەرەی سەروو کۆدەبێتەوە، ئەو بنەمایەی کوردستانی پێ دابەش کرا هەمان جەوهەرو (مقاصد العلمانیة)یە لەو جیهانە کە بریتیە لە (بنەمای بەرژەوەندی تایبەتی) کە هەمو سەرمایەداری لەسەر بنیات نراوە، ئێستاش هەمان ئەو بنەمایە پەیوەندیەکانی جیهانیو ئیقلیمیو هەتا ناوەکیش رێك دەخاو سەرمەشقیەتی، کەواتە بەردەوامی مەینەتی کورد هەر ئەو تەوەرانەی سەروو لێی بەرپرسیارن، یەکێ لە ئەنجامە هەرە سادەکانی ئەو بنەمایە ئەوەیە ناکۆکی داگیرکەرانی کوردستان هەردەم بچووك ترە لەچاو بەرژەوەندی هاوبەشیان لە مانەوەی دابەشی کوردستان، بەهەمان شێوەش پەیوەندی دەولیو جیهانیش، واتە ئەوبەندانەی یاسای نێو دەوڵەتی لەبارەی مافی چارەی خۆنووسی لاوازترن لە چاو ئەو بەندانەیوەك (سیادە)و (عدم التدخل للشؤن الداخلیة)و بنەمای (تعایش السلمی) .. بۆیە مەینەتی ڕاستەقینە کۆتایی نایە هەتا عەلمانیەت کۆتایی نەیەت یان جەمسەری بەرامبەریشی کاریگەر نەبێت، (هەروەك لە پرۆژەکانی رزگاری کوردستان زیاتر باس دەکرێت).

بۆ هەموو ئەو بەشانەی سەروو لە ئەتەوەییەوە تا مەینەتی کورد.. هەموو ئەو بەڵگەنامانەی پێویست لە نووسینێکی تایبەت سەبارەت بە (کوردستان) تۆماری دەکەین.. هەندێ بەڵگەنامە نوێن بڵاو نەکراینەوە.

١

(٤٥)

پـــــارت حــــزب party

مانای باوی ئێستای لەگەڵ ئەسڵەکەی کە لە قورئان هاتووە تا ڕادەیەك جیاوازە، حزبی ئێستا بە مانای (حزبی سیاسی)، بەو کۆمەڵە خەڵکەوتراوە کە پەیوەندیەکانیان ڕێکخراوە[1]، بەڵام لەوەرگێڕانی ئەو چەمکە (بەو مانایە) بۆ عەرەبی‌و ئنجا بۆ کوردی هەندێ کەم‌و کورتی لەپێناس‌و ماناو تەمەن‌و دابەش بوونی لەگەڵ خۆی دێنێ، چونکە حزب بەمانا قورئانیەکەی هەم بە مانا سروشتیەکەی زۆر فراوانترە لە (حزبی سیاسی)، هەتا چەمکەکانی هاوتاش لە (شورا)و (سەرۆك)و (بەرنامەو نەخشە)و... هەر بۆ سیاسەت نیە، بۆ دەزگا کۆمەلایەتی‌و بازرگانی‌و زانستی.. هەتاوەرزشیەکانیش دەبێت، ئەوانە زیاتر چەمکی ژیانن، هەرچەندە سیاسەتیش‌وا بەرەو فراوان بوونە، بەرەو پێناس‌و مانای قورئانی دەڕوا..

پێناس: هەڵبەتە حزبیش زۆر جۆرە پێناسی هەیە، جیاوازیەکانی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی مەدرەسەو تێڕوانینی سەرچاوەکان،وا بەشێکی لێ هەڵدەبژێرین:-

- فرانسو گوجیل: ئەو کۆمەڵە خەڵکە ڕێکخراوەن بە مەبەستی بەشداری لە ژیانی سیاسی کردن بۆوەرگرتنی بەشێك لە دەسەلات یان هەمووی.
- هـ.کلسن: پەیکەرێکە کۆمەڵە پیاوێکی هاوڕا لەنێوی کۆدەبێتەوە بۆ مسۆگەرکردنی بەشداریەکی ڕاستەقینە لە کاروباری گشتی.

---

١ المصطلحات السياسية في الإسلام- د.حسن الترابي، هەروەها (علم السياسە- صدرالدين قبانجي).

- بۆردۆ: بە هەموو ئەو کۆمەڵە خەڵکە دەوترێ، کە هاوبیری سیاسینو دەیانەوێ زیاترین خەڵك کۆکەنەوە بۆ دەسەڵات وەرگرتن یان بە لایەنی کەم کار لە بڕیارەکان بکەن.[1]
- دوڤرجە: کۆمەڵە خەڵکێکی یەکگرتوون لەسەر بنچینەی سیستەمێك.[2]
- فەرهەنگی (Oxford):[3] ڕێکخراوێکی سیاسیە هاوبەشن لە بڕواو ئامانجو دەنگ دان لە هەڵبژاردنەکان.
- زۆربەی فەرهەنگو ئەنسکلۆپیدیە بەناوبانگەکانی ڕۆژهەڵاتیش (جگە لە مارکسیەت) لەژێر کاریگەرەی ئەو پێناسە دەڤەریانەی ڕۆژئاواین، لەوانە: (موسوعة العالمیة)، (موسوعة العلم الاجتماع)یش هەر (دەسەڵاتو یەکێتی) کردۆتە توخمی بنچینەی حزب.
- (النظم السیاسیة)ش هاوشێوەیە توخمی (ڕێکخستن، ئایدیۆلۆجیا، ئامانج) بۆ حزب کردۆتە بنچینەو دەڵێ: (حزب بریتیە لە ڕێکخستنی کۆمەڵە خەڵکێکی هاوبیر، لەپێناو دروستکردنی ڕای گشتی بۆ خۆیو گەیشتنی بەدەسەڵات).

زۆر بەڕوونی لەو پێناسانە دەردەکەوێ کە زیاتر گوزارش لەڕاو نەریتی سیاسی سیستەمێك دەکا کە ڕۆژئاواییە، توخمە بنچینەییەکانی ئەوانە بووە: ڕێکخستن، ژیانی سیاسیو دەنگ وەرگرتنو ئامانجە وەختیەکانی تر..

هەڵبەتە حزب پشت بە فەلسەفەیەکی قووڵ دەبەستێ، تارادەیەکی زۆر بەندە بە پێناسی سیاسەت بۆیە (چاکسازی گشتی) یەکێکە لە بنچینەو ئامانجی کە لەو پێناسانە نەهاتوون، ئنجا ئەو پێناسانە ناتوانی باوەشی فراوان بکا بۆ حزبە شۆڕشگێڕو ڕادیکالیو معارەزە... زیاتر پێناسی لیبرالین، لەکاتێکا حزب وەرگەڕانێکی گرنگە لەوەرچەرخانی ڕەوتی کۆمەڵ لەسەر بنچینەی فاکتەرەکانی

١ بڕوانە: (النظم السیاسیة، علم السیاسة ،...).
٢ الأحزاب السیاسیة.
٣ Oxford-a.l.d.،٢٠٠٠.

شاقوولی رەچەڵەکیو کۆمەڵایەتیو نەژادیو هاوخوێنیو بۆ فاکتەرە ئاسۆییەکانی بیروبــرواو ئــاینو بەرنامــەو سیاســەت..، واتــە خــودی حــزب دانەیەکــە لــە فاکتەرەئاســۆییەکان، ئــیتر دەوری ئــاین دە بینــی یــان بــە بــەدیل یــاخود بــە یارمەتیدەری، واتە تەواوی بەرنامــەکانی ژیــان دەگرێتــەوە.. نــەك بــەو پێناســە سادانە.. تا ئەو رادە (کلسن) تــەنها بــۆ پیــاوانی تــەرخان کــردووە هــەروەك لــە پێناسەکەی سەرووی دەردەکەوێ، بۆیە کەمێك قوڵتری گەڕانەوەی بۆ مێژوو دەوێ لەبارەی سەرەتای پەیدابوونو ماناکەو ئنجا پێناسی..

ســەرهەڵدانی حـــزب:

ناتوانرێ بەچاکی لەحزب بگەین ئەگەر لە پرۆسە مێژووییەکــەی ســەرهەڵدانو دروست بوونی نەگەین.. کە بەو پرسیارانە دەست پێدەکــەین: بۆچــی حــزب لــە سەرەتا نەبووەو بە درەنگەوە پەیدا بوو؟ پەیوەندی گەشەی کۆمــەڵو حــزب چــیە؟ رەوتی مێژووی کۆمەڵ لەکام لا بــۆ کــام لایــە لــەو فاکتەروپەیوەســتە شــاقولیو ئاسۆییانە: بنەماڵەیی، خــوێن، خێڵــەکی، نەتەوایــەتی، کۆمەڵایــەتی، ئــابووری، چینایەتی، فیکری، سیاسی، ئایدیۆلۆژی، ئاینی، ...؟ وە مانای چی دەگەیــەنێ؟ کەواتە چەندە راستە دروست بوونی حزب لە (غیابی ئــاینی راســتەقینە) هــەمان مەبەســتی پەیامــە وەك داهێنــانی بەشــەری؟ ئەوانــەو چــەندین پرســیاری تــر دەروازەکان دەکاتەوە.

هەڵبەتە پێشکەوتن سیفەتی بنــچینەی بــەتاقی تــەنهای کۆمەڵــە، نــەك وەك مادیەکان ئەو سیفەتەیان داوەتە سروشــتو هــەموو گــەردوون، راســتە مــادە لــە سروشت دەگۆڕێ بەلاّم گەشە وپــێش نیــە، زیــو نابێتــە زێــڕ، ئاســن نابێتــە زیــو لەخۆوە، ئاو نابێتە جیوە، .. رووەکــی ســێو مــۆزت ناداتــێ... ئــەو تێڕوانیننانــە هەمووی هەڵە دەرچووو گۆڕان لە سروشت بازنەییە، ئاو تەنها دەتوانێ لەو بازنــە بخولێتەوە لە گۆڕانە چەندایەتیو چۆنایەتیەکەی (شلە- هــەڵم- ســەهۆڵ- شــلە)،

رووەکیش: (دەنکۆڵە-شتل- رووەك- بەر- دەنکۆڵە).. هەتا لایەنی بایۆلۆجی مرۆڤیش هەر بازنەییە (بە پێچەوانەی تیۆرەکەی لامارکو داروین): (مرۆڤ- نطفة- کۆرپەلە- منداڵ- مرۆڤ).. بەو شێوەیە تەنها کۆمەڵە بەکراوەیی (نابازنەیی) گەشە دەکا لە سەلبیەوە بەرەو ئیجابی، لە خوارەوە بۆ سەرەوە، لە چەندایەتیەوە بۆ چۆنایەتی، لەکەم دەسەڵاتی بۆ کۆنترۆڵ کردنی سروشتەو پەیداکردنی ئامراز، لە کاری ماسولکەی بەرەو کاری زیهنی، لە هەستەوەش بەرەو (عەقڵ)، لە فاکتەرە شاقولیەکان بەرەو ئاسۆییەکان، ... لە خودی مرۆڤیش ئەو گەشە فراوانە بە ئەمپیرێکی تەسك پیشان دەدرێت کە بریتیە لە کاریگەری زیهن (عەقڵ) بەسەر کاریگەریە زیادەڕەویەکانی تری گەدەو جنسو خۆویستیو باقی ئارەزووە دەروونیەکانی تر کە (دەروون-نفس) نوێنەرایەتی دەکا.

هەڵبەتە ئەو گۆڕانو گەشەکردنانە هەروا رەمەکی نین، چەندین یاساو رێسا هەیە فەرمان لەسەر ئەو گۆڕانکاریانە دەکاو کارکەرە دەرەکیو ناوەکیەکان رێك دەخا، چەند رێسایەکی لۆژیکی هەڵدەبژێرین کە لێرەدا پێویستمان پێیەتی: •

١- لە هەر پرۆسەیەکی (گەشە) هۆکارە دەرەکیو ناوەکیەکان لەسەرەتا تا کۆتای لە پلەی (پێویست-ضروري) بەشداری دەکا.

٢- لەسەرەتادا هۆکارە دەرەکیەکان بنچینەیی ترن بەرەبەرە لەگەڵ رەوشی گەشەکردن (بنچینە بیایەتیەکە) لەلایەن هۆکارە ناوەکیەکان لەهۆکارە دەرەکیەکان دەستێنرێتەوە.

ئەو رێسایانەی سەروو بە سانایی چەند راستیەکمان بۆ دەردەخاو چەندین لوغزیشمان بۆ دەکاتەوە وێنەیەکی بەرجەستەی سەرەتای کۆمەڵیشمان پێ دەدا بەو شێوەیە:

١- زۆربەی پەیامو موعجیزەی هەستیاری.

٢- کاری سروشت لەسەر کۆمەڵ خەست تر بووە.

٣- پێویستی تاكو خێزان بە بنەماڵەو خێڵ بۆ پارێزگاری لە دوژمنو

كارەساتە سروشتيەكان.

٤- ئاسۆى فيكرى كۆمەلآيەتى تەسك بووە، چونكە هەر كۆمەلّە ديارديەكى سروشتىو كۆمەلآيەتى دووبارە بوويان بە ميراتى فيكرى بۆ دەماوە.

٥- هێزى ماسولكە زياتر يەكلاكەرەوە تر بووە لە هێزى عەقڵ.

... بەلاَم دواى گۆڕانو گەشەسەندنى كۆمەلّ ئێستا لەرووى هۆكارى ناوەكى بەو شێوەيە:

١- پچڕانى پەيامى ئاسمانىو بوونى يەك بەرنامەى چەسپاوو سەرتاسەرى.

٢- كەمتر ئيعتماد دەكرێتە سەر سروشت، لەجياتى پەيوەندى جارانى مرۆڤو سروشت راستەوخۆيانە بەرەبەرە نامێر بووە (ناوەند) لە ئەنجامدا زياتر كۆنترۆڵى سروشت كرا.

٣- كۆمەلّە بەشەريەكانيش لە بنەمالّە بەرەو خێڵو نەتەوە وا بەرەو عەولەمەن.

٤- ئاسۆى گشتى فيكرى كۆمەلآيەتى زۆر فراوان بووە لە بازنە تەسكى نيمچە ميراتى دەرچووە.

٥- هێزى ماسولكەى ئێستا تەنها لە پلەى (پێويستە نەك بنچينەو يەكلاكەرەوە) ئەو رۆلّە وا لاى چالاكى عەقڵىو نەخشەو بەرنامەو پلانە.

٦- كۆتاى موعجيزە وكارتێكەرە هەستيارەكانەو سەردەمى بوونى بەلّگەى عەقڵى يە.

ئەو گەشەكردنەى لەسەروو باس كرا لەلايەن زۆربەى زاناو پسپۆڕان رێكن لەسەرى، بەلاّم هەريەكە بەجۆرێك دەريان بڕيوە، وا هەندێكى بەنمونە لىّ هەلّدەبژێرين:

- ابن خلدون: بداوە (رەوەندى) ←خێلّەكى ←دەولّەت .
- ماركسيەت: دڕندايەتى ←بەندايەتى ←دەرەبەگايەتى ←سەرمايەدارى ←سۆشياليستى ←شيوعيەت.

- ئۆگست کۆنت: لاهوتی ← میتافیزیکی ← زانست .
- فریزەر: جادوو ← ئاین ← زانست .

تەتەوریەکانی مادی: دڕندایەتی ← خێڵەکی ← ئیمپراتۆریەتی ← پادشایی ← کۆماری .

ئیسلام: نبوە ← راشدین ← میرات ← دیکتاتۆری ← گەڕانەوەی ئیسلام (راشدین).

بە هەمان شێوەی سەرووش گۆڕانکاری قووڵ لە مرۆڤیش وەك تاك روویدا، بـە تایبەتی رزگاربوونی لەدەست فاکتەرە شاقولیە کۆمەڵایەتیـەکانی کلاسـیکی کـە عەقڵی زیندانی کردبوو نەتوانێ ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆی وەرگرێ لە فاکتـەرە ناسۆییەکان کە جەوهەری مرۆڤـ لەوێ دیاری دەکـرێو مرۆڤەکـە دەکەوێتـە ژێـر کۆنترۆڵی عەقڵ کە جاران لەژێر کۆنترۆڵی میراتیو رابوردوو نائیرادی بووە.

ئیتر بە ساناتر کۆمەڵگە رێـك دەخرێتـەوەو پـۆلێن دەبێـت لەسـەر بنـچینەی ناسۆی چینایەتیو فیکریو سیاسی.. کە پێشتر بـەهۆی پـەیامیش بـە زەحمـەت دەکرا، مرۆڤ ئەندامێکی کۆمەڵایەتی بووە بەهۆی پـەیام کۆمەڵگـەی ناسـۆی لێ دروست بووە، بەڵام بەشێوەی رەوەی لێـك دابـڕاو، هـەر پـەیامی لێ پـچڕا بێـت بەخێرایی گەڕاوەتەوە سەر فاکتەرە شاقولیو کۆمەڵایەتیە کلاسـیکیەکان، بـەپێی قۆنـاغی گەشـەی کۆمـەڵ، هـەروەك (موسـی) تـەنها ٤٠ رۆژ لێیـان دابـڕا لـە بەرنامەیەکی مرۆڤانەی زانـستی دادگـەریو مـەدەنی گەڕابوونـەوە سـەر یاسـاو سیستەمی نەفامیو گۆلك پەرستن. بۆیە تا ئامرازی هاتو چۆو بینینو بیستنیش گەشەی نەکرد ئینتمایـەکانی نـەگۆڕا تـا سـەرەتای سـەدەی (١٩) بەرەبـەرە لـە ئینتمای دەڤەری بۆ ئینتمای عەولەمی چەکمەی کردو جولاً، ئیتر بەرەبـەرە بـوو بە کۆمەڵە ئینتماو ئەلقەی یەکتربڕ، (نەك تەماس)،وەك خێڵو نەتـەوەو نـەژادو چینو توێژو تایفەو رەشو سپیو ئاینی جیاجیاو دەستەو کۆمەڵەی فیکـری لێـك جیاو پیشەو پسپۆڕی جیا، لە یەك کاتدا مرۆڤی نوێ ئینتمای هەیە بۆ زنجیرەیەك

ئەلقەی کـۆك‌و نـاکۆك، شـاقولی‌و ئاسـۆیی، کلاسـیکی‌و توێگـەرایی، ئـیرادی‌و ناثیرادی، عەقلّی‌و رەچەڵەکی،.. لەکاتێکا کوردێکی هەژارو عـەرەبێکی ئاسـایی جیان لە ئینتمای نەتەوەیـداو ناتـەبان، کەچـی هـەردوولا یەکدەگرنـەوە لـەدژی دەوڵەمەندێکی عـەرەبی‌و کـوردی، نـاکۆکن لەگـەڵ ئەمریکیـەکی رەش لەسـەر بنچینەی جوگرافی‌و کەلتوری، یـەك دەگرنـەوە لـە دژی سـەرمایەداری، نـاکۆکن لەگەڵ تورکێك لە هەمان کاتدا یەکدەگرنەوە لەسەر بنچینەی ئاین، بـەو شـێوەیە لەناو یەك میللەت‌و شارێکدا ئەو هاوبەشی‌و جیاییە بە هەمان ئەندازە هەیە، ئەو ئەلقە کۆك‌و ناکۆکانەش لە کاریگەریدا یەکسان نین، لە هـەر زەمـان‌و زەمینێـك ئەلقەو ئینمایەك گەشتر‌و سەرەکی تر دەبێت لەوانی تر، بـۆ نمونـە لـە کوردسـتان بەهۆی ستەمی داگیرکـەری ئەلقـەی کوردایەتیەکـەی سـەرەکی تـر دەرچـووە لـە چینایەتی‌و نەژادی‌و خێڵەکی‌و تایفەیی.. لە ئەفریقاش نەژادی یەکەی، لە ئەوروپا چینایەتیەکەی،.. لەگەڵ تێکەڵ بوونی ئەو ئەلقانە زیـاتر دەورۆژێ، ئـالێرەدا وەك گەشەی ئامرازی گوزارش لەو سۆزو هەستە فیکرەی حزب گەڵاڵە دەبێت.. چۆن؟ تا کێشەی مرۆڤ دەفەری بوو لە ئاستی خێڵێك‌و بنەماڵەیەك بووە ئەوا پەیوەنـدی خزمایەتی روون بوو پێویستی بە کۆکردنەوەو ناونووسین‌و رێنمایی نەبوو، بەلاّم لە نەتەوەو چین‌و ئایینێکی گشتی (نەك ئاینێکی بە بەرنامە) هـیچ پەیوەندیـەکی وا توندی رێکخـراوی راسـتەوخۆ نیـە کۆیـان بکاتـەوەو رایـان پـەرێنێ بـە هـۆی ئۆتۆماتیکیەتی پەیوەندیە شاقولیە هەست پێ کراوەکان،تا یـەك رایـان بکـا... بەو شێوەیە ئۆرەی لەدایك بـوونی فیکـرەی حـزب دێتـە کایـەوە وەك پێویـستی بەشەری، ئەگینا وەك پەیام مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەلاّم فکری بەشەری بەدەیان سەدە لەدوای پەیام ئنجا بە گەشەی تایبەتی خۆی پێی دەگا.

یەکەم حـــزب لە کوێ پەیدابوو؛

هەڵبەتە لەوەش زاناو توێژەرەوەکانی رۆژئاوا ئەو سـەردتایەش دەگێڕنـەوە لای

خۆیان، پێیان وایە فیکرەی حزب یەکەم جار لە ئەوروپا سەری هەڵدا، لە سەرەتادا کۆمەڵە خەڵکێك یەك را دەبوون بەرامبەر هەڵبژاردنو دوای لە پەرلەمان (کوتلەی رای جیاجیا) دروست دەبوو.. بەو شێوەیە مێژووی حزب بەو شێوەی ئێستای لە ساڵانی ١٨٥٠ز دەست پێدەکات بەپێی (احزاب السیاسیة- دۆڤرجە)، زۆربەی سەرچاوەو فەرهەنگە جیهانیەکانیش هەمان رای (دۆڤرجە)یان هەیە کە حزب لە سەدەی ١٨ بۆ ١٩ پەیدا بووە.

(موسوعة علم الاجتماع)یش هەمان مێژووی تۆمارکردووەو دەڵێ: ((هەتا ساڵی ١٨٥٠ز لە هیچ وڵاتێك حزبایەتی لێ نەبووە بەو ماناو پێناسەی ئێستای حزب)). ئەگینا دەستەو یانەو کۆبونەوە هەبوە، بەشێك لە مێژوونووسانی تر دیاردەکانی دژایەتی کردنی پادشاکانی ئەوروپایانوەك ماهیەت بە جۆرێك لە حزبایەتی وەسف کردووە لە سەدەکانی (١٦) کە ناوی (ویگ)و (توری)یان لێ نراوە، بەڵام بەو پەیکەرو زیندەگیە سیاسیە نەبووە، لە ئەمریکاش لە نیوەی سەدەی هەڤدەم (تۆماس جیفرسون) حزبی دیموکراسی -کۆماری دروست کردووە، لەپێش ئەو مێژووەش وێچوویەك هەبووە وەك (موسوعة العالمیة) باس دەکا دەڵێ: (هەڵمەتەکانی ئەندرۆجاکسن بۆ سەرۆکایەتی لە ١٨٢٨ لایەنگرانی ناویان لەخۆ نابوو دیموکراسیەکان، بەڵام ئەك شێوازی حزبی بێت)[1]. وەك ئەزموونی بەشەری مێژوویی رۆژئاوا روونترە بۆیە مێژووی سەرهەڵدانی بۆ ئەوێ دەگەڕێتەوە جا چ لە ئەوروپا بێت یان لە ئەمریکا.

بەڵام هەمووی یەك دەگرنەوە کە ئەو حزبایەتیە لەژێر سێبەری چالاکیەکانو ململانێی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان هاتووە، ئەوانەش ئەو جۆرە حزبانەن کە پێناسەکانیان بۆ دارێژراوە (کە لە سەرەتا تۆمارمان کرد)، دوایی لەسەر دەستی یەکەم جار سۆشیالیستەکانو ئنجا شیوعیەکان بەتایبەتی (لینین) گەشەی پێکردو ناوەندیەتیو دیسپلینیو مەکتەب سیاسی بۆ زیادکردو ناوەرۆکێکی

١ الموسوعة العالمية — ج- ص٣٢٢.

نوێی بە حزب دا، تا ئێرە ڕای باوو ئەکادیمیە کە لەو سەردەمە ڕای ئـەکادیمی زۆر لە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیای ڕۆژئاوایە ئەگەر چی بە بێ لایەنیش دەژمێررێت.

بەداخەوە زۆربەی فەرهەنگو ئەنسکلۆپیدیەکان کەمتر گەڕاونەتەوە سـەر ئـەو مێژووەی کۆمەڵگەی مەککە کە چەند حزبی لـێ بوە بەو شێوەیە: حزبی ئیسلامی (پێیاندەوت حزبی محمد)، بێبـاوەڕانیش حزبـی بـوون، عـەوامو عەشـیرەتەکانیش هەریەکە حزبو نوێنەریان لە (دار الندوة) هەبوو، ئایندارە کلاسیکیەکانی تـریش حزبێك بوون..واتە کۆمەڵـە حزبێـك هـەبوو لـەو شـارە.. ﴿وَلَمَّا رَأَى الْمُؤْمِنُـونَ الأَحْزَابَ...﴾.واتە زۆر حزبی لێ بووە، بەڵام بەگشتی دوو بەشی سـەرەکی بـووە، (حزب الله)و (حزب الـشيطان)وەك لە قورئانی پیرۆز وای دابەش کردووە. هەڵبەتە چالاکیەکانی تەبشیری ئاینیو بزوتنەوەی ماسـۆنیو.. هـەموو ئەوانـە سـەرەتای حزبی بووینە.

بۆ ناو جیهانی ئیسلامیشوا پێدەچێ یەکـەم حزبـی عـەلمانی (اتحـاد التعـالي والترقـي) عـەلمانی تـورکی بێـت کـە لـە سـاڵی ١٨٨٩ دروسـت بـووە، بـەپێی پشکنینەکان لەپێش ئەوە حزب نەدۆزراوەتەوە، هەرچەندە لەپێشدا (ترکیا الفتاة – جوان تورك) کە لە ١٨٦٥ سەری هەڵداوە، لەناو عەرەبیش (جمعية العلم الـسوري کە لە ساڵی ١٨٥٨) سەری هەڵداوە، بەڵام بە فەرمی حزبی نەبووینە.

بەپێی (موسوعة العالمية) لەناو عەرەب کۆنترین حزب (حزبی ئومەی میسریە) کە لە ١٩٠٧ بە سەرۆکایەتی (حسن عبدالرزاق)، بەشێکی تر حزبی تونس الفتـاة کە دامەزرێنەرەکەی عەلی پاشا لە ١٩٠٨ز بە یەکـەم دادەنێـت، بـەپێی هـەمان (موسوعة)، یەکەم حزبیش لە عێراق (حزب الحر العراقي)١٩٢٢ دامەزرێنەرەکەی (محمود نقيب)ە، کە بە فیتی ئینگلیز دایەزراند، بەڵام ئەگەر عێـراق کوردسـتانی ئەوسای گرتبێتەوە، ئەوا لە کوردســتان (تعالي و ترقـي کورد جمعیـت لـەر) لـە ساڵی ١٩٠٨ز دروست بووە،واتە (موسوعة العالمية) بە هەڵەدا چـووە ئنجــا لـە پێش ئـەو مێـژووەش کۆمەڵـەو حزبـی تـر هەبووینـە لەوانـە: حـزب العهـد بـە

سەرۆکایەتی عزیز میسری –لـە بنـەڕەتا چەرکەسی بـوو، جمعیـە النهضة بـە سەرۆکایەتی محمد سەدر، حزبی ئیسلامی بەسەرۆکایەتی محمد داغستانی ...

ئێستاش بە هەزاران حزب لەو جیهانە پـەرش‌و بـڵاو بـووە، بووەتـە بەشێکی گرنگ لە چالاکی بەشەریەت‌و وێنەکێشانی چارەنووسـەکانی، یـەك جـۆرو یـەك پێنـاس ناتوانـێ شـێوازی ئـەو هـەموو حزبانـە لـەخۆ بگـرێ، بـەڵام دەتـوانین گوزارشێکی تەواو گشتی بدۆزینەوە کە هەموو لێی هاوبەش بن، حزب بریتیە لـە یـەکگرتنێکی ئارەزومەندانـەی کۆمەڵـە خـەڵکێك لەسـەر بنـچینەو کۆمەڵـە ئامانجێکی نیمچە هاوبەش.

حزب لە روانگەی مەدرەسـەکان:

ئەو پێناسە جیاجیایانە گوزارش لە دیدە لێك جیاکـانی مەدرەسـەکان دەکـا، حزب لە روانگەی مەدرەسەی لیبرال دیموکراسیدا زۆر جیایە وەك لە مەدرەسەکانی تر، لێرەدا ئەو پەروەردەو ئایدیۆلۆجیاو مەبادینەکان بەشێکی لاوەکین لەچاو یـەك گرتنی بەرژەوەندیەکان، بەرژەوەندی گـشتیش نیـە، بەرژەوەندیـەکی هەنوکـەیی، بۆیە حزبایەتی لەوێ یان هەڵخەڵەتاویە یان چینایەتیەکی روتە، لـەو سـەردەمەش کەم وایە حزبێك نوێنەرایـەتی چـینە هـەژارەکان بکـا هـەر چـینەکانی سـەروون خاوەنی بەرژەوەندیـەکی هاوبەشـن‌و چـالاکیە حزبیـەکان بـەکار دەهێـنن، بۆیـە هەڵخەڵەتاوی بۆ چینەکانی خوارووە.

هەرچی مارکسیەتیشە لە کاردانەوەی ئە رەوتە لیبرالیـە، پێـی وایـە حـزب‌و بیروبـاوەڕو سیاسـەتیش بەگـشتی رەنگدانـەوی بـاری چـینایەتیەکەیەتی، واتـە ئینتمای چینایەتیەکەی لەژێرخاندا بە ساناى ئینتمای فیکریش لەسەر خان دیاری دەکات.. بۆیە حزب بەروانگەی فەلسەفەی مارکسی تۆخمێکە لەسەرخان‌و هەردەم حزب گوزارش لە چینێك دەکا.. لە کۆتاییدا بۆچـوونێکی هاوشـێوەی ئیـسلامی هەیە لەو دابەشیە دیارشیەی (یان حزب الله یان حزبی شـەیتان)، ئـەوا ئـەوانیش

یان حزبی پرۆلیتاریایە کە بریتین لە حزبە شیوعیەکان یـان حزبـی برجوازیـە کـە بریتیە لە حزبە نەتەوەیی‌و کۆمەڵایەتی‌و لیبرالیەکان..

لە راستیشدا کۆمەڵە بنچینەو پاڵنەرێك هەیـە یـەك یەکـەو پێکەوەشـی بـۆ پێکهێنانی حزبی جوداجودا وەك:

١- بەرژەوەندی چینایەتی بە تایبەتی لە جیهانی سەرمایەداری.

٢- پایەو پوول وەك حزبە دەسەڵاتدارو دیکتاتۆرو حزبی سەرکردە.

٣- بەرگری، وەك بەشێك لە حزبـە نیـشتمانی‌و نەتەوەییـەکانی بـن دەسـتو نەژادە چەوساوەکان‌و هەندێ کەمایەتی تر.

٤- بیروباوەڕی، وەك حزبە ئیسلامی‌و حزبە مارکسیەکانی پێشوو...و هەنـدێ حزبی رادیکالی تر.

وەك دەردەکـەوێت ئـەو ئامـانج‌و بنـچینانە هـەمووی خێـر نیـە، هەرچـەندە دیاردەی پەیدابوونی حزب لە مێژوودا نیشانەیەکی زەقـی پێـشکەوتنی کۆمـەڵ‌و بیری بەسەریە، نیشانەی وەرچەرخانی قورسایی:

کاریگەرییە کۆمەڵایەتیەکانەبەرەو کاریگەریـە فیکریـەکان، لـە کاریگەریـە بایۆلۆجی‌و میراتیەکان بەرەو ئایدیۆلۆجی‌و فێربوون، لە کاریگەریە (لا إرادیەکان) بۆ (إرادی)، ... بە کورتی لە ئینتما شاقولیەکان بـۆ ئاسـۆییەکانە، ئـیتر مانـای بەرەبەرە مرۆڤ لەگەڵ کۆنترۆڵی خۆی‌و سروشت کۆنترۆڵی مێـژووش دەکـا، بـەڵام رەوتی مێژووی کۆمەڵ ئۆماتیکی‌و میکانیکی نیە بە یەك جار بپەڕنەوە، وەك لە تیۆرانینی (تطوریە مادیەکان) هاتووە، نەخێر، پاش ماوەو شـوێنەواری فاکتـەرە کلاسـیکیەکان لەگـەڵ خـۆی راپێـچی مێـژووی نـوێ دەکـا، بۆیـە کـاروان‌و حزبایەتیەکـەش (خێـرو شـەڕ)و (سـەلبیات‌و ئیجابیـات)، (رەنجـەرو رەنجبـەر)، (داگیرکەرو رزگاری)، (هەق‌و ناهەق)... بـە جمکـی دەهێنێ،هەربۆیـەش لەگـەڵ پەیدابوونی حزب کۆمەڵێك جۆرە حزبی لەگەڵ پەیدا دەبێت، وا هەنـدێکی بەنونـە تۆمار دەکەین:

١- حزبە نەتەوەگەریەکـان:

ئێستا زیاتر لە وڵاتانی عەرەبو تورکیاو سربیاو رووسیاو... لە ئەوروپاو ئاسیاو بەرەو لاوازیـە، لـە کوردسـتان کـەمتر نمونـەی ئـەو جـۆرە حزبـە هەیـە، نیشانەیەکی روکەشی ئەو حزبانە (نەك جەوهەری) ناوەکانیان لـە کۆتاییـدا نـاوی نەتەوەکـەی پێوەیـە نـەك وڵاتو نیـشتمانەکە، وەك حزبـی بەعـسی عـەرەبی سۆشیالیستی، پارتی سوشیالیستی کورد، بەرەی تورکمانی، .. کۆمەڵگە لەسـەر دەستی ئەو حزبانە زۆر تاڵی کێشتووە، بۆیە حزبـە دەسـەڵاتدارەکانی لـەو جـۆرە هەردەم مەڵبەندی پشێوی جەنگـە لـە ناوچـەکە.. هـەروەك جـاران بینیمـان لـە هەڵەتـەکانی نـاپلیۆنو شـۆڤینیەتەکەی، فاشـیو مۆسـۆلینی، نـازیو هیتلـەر، ڤالانژیسیو جنرال فرانکۆ ..وە نیستاش دەبینین عێراق، تورکیا، سربیا کە زیـاتر لەو جۆرە حزبە دەستەڵاتدارە بوونە بۆیە لەگەڵ هەموو دەوروبەرو لە ناوەخۆشـی سەرچاوەی نائارامین.

لە کوردستان سـەرەڕای داگـیرو دابـەشو سـتەمی نەتـەوەیو دراوسـێی دوو تەوەری جیهانی لەو ترازە حزبانەن کەچی کەمتر لەو جۆرە حزبەی لێ پەیدا بـووە، نمونەی دەگمەن (کاژیك)و (پاسۆك)ە.

٢- حزبـە نیشـتمانیەکـان:

ئەو جۆرە حزبانە گەلێ بڵاون، جیاوازیەکی سادە لەنێوان حزبـی نەتەوەگـەریو نیـشتمانی (نـەك لـە جەوهـەردا) وەك لـە سـەروو نیـشانمان دا، لـە ناوەکەشـی دەردەکەوێ، کە لە کۆتاییدا ئاخۆ ناوی نیشتمانەکەی پێوەیە یان نەتەوەکـە، لـە کوردستان زۆربـەی حزبـەکان (کوردسـتانین- نـەك کـورد) واتـە نیـشتمانین نـەك نەتەوەگەری.

٣- حزبـی ئـەژادی:

بەشێك لە توێژەرەوەکان هەردوو حزبـی کۆمـاریو دیکراسـی ئـەمریکی بـەو جۆرە حزبانە دەشوبهێنن، لە ئەفریقاو هەندێ شوێنی تر بەلاوازی ماوە.

٤- حزبـه دیمکراسیەکـان:

تا رادەیەك ئەو ناوە بە هەڵە باوی وەرگرتووە (حزبی دیمکراسـی) نیـە چـونکە (دیمکراسی) ئایدیۆلۆژی نیە، بۆیە دەبینین وڵاتێکـی دیکتـاتۆری وەك ئـەڵمانیای رۆژهەڵات ناوی ئەڵمانیای دیمکراسی بوود، کە ئایدیۆلۆژیای شیوعیەت بووە، یـان بەرەی دیمکراسی فەلەستین، ... لە راستیدا لەو سەردەمەدا حزبـە دیمکراسـیەکان بە مانای زیاتر حزبە لیبرالیـەکان دێـت، هـەر حزبێـك سـەر بـە مەدرەسـەیەکی رادیکالی نەبێت (-کە لەو سەردەمەش قەیرانی هەیـە-) بـە لیـبرالی حـسابە، بۆیە زۆربەی حزبەکانی جیهـانی بـەرەو ئـەو تـرازەن، هەڵبەتـە رۆژئـاوا پێگـەی سەرهەڵدانی ئە جۆرە حزبانەن.

٥- حزبـه سۆشـیالیستیەکـان:

ئێستا لەدوای دارمانی شـیوعیەت حزبـە سۆشیالیـستە (بـەناو زانـستیەکان) هەڵوەشانەوە زیاتر حزبە سۆشیال-دیمکراسیەکان ماوون، ئەوانـەش زیـاتر بـەدیلی حزبە لیبرالیەکانن لە رۆژئاوا، بۆیە بەخێرایی پەرینەوە بۆ ئەفریقاو ئاسـیاش کـە جاران کەمتر هەبوو.

٦- حزبە خێڵەکیەکان :

ترازێکە بەدەگمەن ماوە، نمونەی هەرە زەقی (حزبی ئەنکاسا)یە لـە خـوارووی ئەفریقا کە نوێنەرایەتی خێڵی (زۆلۆ) دەکا بە سەرکردایەتی بۆتەلیزی.

٧- حزبـه تـایفیـەکـان:

لەو شوێنانە هەیە کـە ململانێـی تـایفی لـێیە، لـە شـوێنێکی وەك لبنـان هەریەکە لە حزبی مەسیحی بە هـەردوو تایفـەوە حزبـی تایفیـان هـەبوو (حـزب کتائب) بە سەرۆکایەتی بنەماڵەی پێـر جومـەیل، حزبـی (الـوطنین الاحـرار) بـە سەرۆکایەتی بنەماڵە کمیل شمعون، هەروەها حزبی سوننیو شیعی هەیـە (حرکـە أمل)، حزبـی دورزی- هەرچـەندە ناویـشی سۆشیالیـستە (حزبـی سۆشیالیـستی پێشکەوتو- بنەماڵەی جونبلات) لە پاکستانو ئەفغانستانو هند بە پێی تـایفی

هندۆسی، ئیسلامی به هەردوو باڵی (سوننەو شیعە)، لە بۆرِندا لە نێوان هۆتـۆو تۆتسی، .. هەتا لە نایجیریا وا تێبینی کراوە کە سێ ئایینی سەرەکی لێ بووە لـە کۆتاییدا سێ حزبی سەرەکی لێ پەیدا بووە.

٨- حزبە ئاینیە کلاسیکیەکان:

وەك لەو نمونانەی هیندو نایجیریا باسکرا، لە ترازی نوێش ئەو حزبە مەسیحیو یەهودیانەی بەخێرایی لە زۆربەی وڵاتانی رۆژئاوا پەیدا بووینە، هەنـدێ دەسـتەو کۆمەڵی واش لەناو ئیسلام هەیەوەك (کۆمەڵەی موسـڵمانانی ئەندەنوسـیا) یـان (رابیتەی ئیسلامی پاکستان، ....).

٩- حزبـی دەســـەڵات:

لە هەمو شوێنێکی دیکتاتۆری هەیە، بێ مەبادینە، لەگەڵ دەسەڵات دایە بە چارەنووسەوە، گەلێ جار بە حزبی مووچەو پایەش ناو دەبرێت.

١٠- حزبــە ئومــەمیەکــان:

حزبە شیوعیەکانن، کە جاران گەورەترین فراکسیۆنی جیهـانی بـوون، بـەڵام ئێستا لە: چین، ڤێتنـام، کۆریـای سـەروو، کوبـا، لاوس وەك حزبـی دەسـەڵاتدار ماوون بە قەیرانەوە، بەڵام ئومـەمی تـەواو جـووت نیـە لەگـەڵ نامانجـەکانیان، چونکە ئەوان لە هەر ئومـەتێك چینێك تیایـدا ئامانجـە (کـە چـینی کرێکـارە- پرۆلیتاریا)و چینەکانی تر دوژمنن، بۆیە ئومـەمی نـین لـە راسـتیدا، هەرچـەندە واش باوی وەرگرتووە.

١١- حزبە ئیســلامیەکــان:

ئەوانــە ئومــەمین بــەڵام بــە ســەرەتایەکی ئیشتمانی دەسـتیان پـێکردووە، هەرچەندە ئیسلامیەکان بەخۆیان نە بەناوی (ئومەمی) نە بە (عەولـەمی) قـایلن دەڵێن ئێمە جیهانین، بەرەو گەشەن، لەدوای ١٩٨٠ی سەدەی رابـوردووو لـەدوای هــەردوو شۆرشـی ئێـرانو ئەفغانسـتان بـەخێراتر سـەریان هەڵـداو پـەیامێکی گەردوونیان بـۆ هـەموو بەشـەریەت هـەڵگرتووە، چارنامەیـەکی رەتکردنـەوەی

هـەموو ئـەو دابەشـيـەی سـەرووە، دامـاڵينی مرۆڤـە لـە وەلای هـەمـوو جـۆرە ئينتمايەكی شاقولی، نەك رەت كردنەوەی ئينتمايەكە.

چەند دابەشـيەكی پێچـەوانە:

چەند جۆرە حزبێك هەن هاوتاو جمكن، بۆيە پێكەوە ناويش دەبرێن، لەوانە:

١- حزبە راديكالیو حزبە محافزينەكان: بەجۆرێك يەكەميان خاوەن بەرنامـەو گۆڕينی ريشەيیو دووەميشيان پارێزگاری كردنە لە واقيعەكە.

٢- حزبە ميكاڤيلیو حزبە مەبادينيـەكان: يەكـەميان بەرژەوەنـدیو فـرتو فێڵو فريودانو نەچەسپاویو بەرژەوەنـدی پەرسـتیو هـەمـوو جـۆرە ئـامرازێكی رەواو نارەواو بۆ مەبەستی تايبەتی، كەچی دووەمـيـان حزبـی راسـتگۆو يـەكێتی گۆتەو كردەو بەڵێنو مەبادينە، ئەندامانو سەركردەكانی خزمەتێكی بيروباوەڕێك دەكەن لە پێناوا بۆی دەژين كەچی لە يەكەما لەسەری دەژی.

٣- حزبە عەلمانیو حزبە ئاينيەكان: يەكەميان لە هەرە باشيدا ئاين لە ژيانو دەوڵـەتو سياسـەت جيادەكاتـەوەو بـەرێزەوە خانەنـشينی دەكـا دەيكاتـە مەسەلەيەكی شەخسیو لەچوارچـێوەی دەسـتور چـەند بەنـدێكی بـۆ دەكاتـەوە. دووەميان ئاين بـە سەرچـاوەيەك وەك (مەسـيحیو يـەهودیو بـوزیو هندۆسـی و...هتد.) دەزانن يان وەك ئيسلاميەكان بـە تاكـە سەرچـاوەی ياسـاو دەسـتوور دەزانن بۆ رەوتی تاكو كۆمەڵ، لێرەدا ئاين دەستوور رێك دەخا نەك پێچەوانە.

٤- حزبە چەپ رەو راسـت رەواكان: كەمتر مـاوە، بـەكورتی گوايـە يەكـەم نوێنەرايەتی هەژاران دەكاو دووەميشيان دەوڵەمەندان.

پێشـكەوتوترين حـزب:

بۆ وەڵامی ئەو پرسە هەموو حزبێـك بـە خێرايـی دەڵـێن مـن پێـشكەوتووم، مـۆدێرنم، دژی رەجعيـەتو دواكـەوتوويم، بـەڵام پێـوەرو تـەرازووی مێـژووی،

کۆمەڵناسی، ئەنسرۆپۆلۆجی، ... سیاسی، ئنجا واقعی لەو وەڵامە بەرپرسیارە، زۆر ناڵۆزو لێڵیش نیە، مادام ئەسڵی حزبایەتی مانای پەرینەوەی کۆمەڵگەو تاکە لە کاریگەرە شاقولیەکانی ئنتمای تاك وتائیفیەتو ئاینی کلاسیکیو خیلەکیو رەچەڵەکیو نەژادی یە بۆ کاریگەریە ئاسۆییەکانی ئنتمای عەقیدەیو فکریو مەدەنی یە، واتە دیاردەی حزبایەتی تا رادەیەکی زۆر لە پرۆسەی مەدەنی دەچێت ئەویشو حزبایەتیش بریتین لە دارنینی کاریگەریە کۆمەڵایەتی یەکانو فاکتەرەکانی سەروو لە سەر تاكو دارشتنەوەی کاریگەرو خستنە ژێر رێنمای کۆمەڵێکی کراوەی نوێی فکری، بەو شێوەیە ئەو حزبانەی لەسەر بنچینەی خێڵەکی نەژادیو نەتەوایەتیو جوگرافیو تایفەگەری دروست دەبێت یان هێزێك لەوانە وەردەگرێ بە (حزبی دواکەوتوو کلاسیکی) حسابن یا هەر ناوی نوێگەرایش لە خۆ بنێن یان لە ولاتێکی تەکنۆلۆجیداریش بێت، لە کۆتاییدا هەروەك ئەخشە کۆمەڵایەتیەکان بەرژەوەندی تایبەت پاڵنەری سەرەکی جمو جۆڵە سیاسیو ناسیاسیەکانی دەبێت.

بە پێچەوانەش ئەو حزبانەی بە سافی لەسەر بیروباوەر دروست دەبنو ئەندامو لایەنگرانیا رەچەڵەكو نەژادو نەتەوەو چینو زەمینی جیاجیایە ئەوەیان پێشکەوتووە، جا لەو پێشکەوتووەش دیسان پلە هەیە، هەڵبەتە حزبە مارکسیەکانیش لەو خانەن واتە بیروباوەرین، مەبادیئەکانیان جیهانیە بەڵام چینایەتیە واتە (پرۆلیتاریا) دەگرێتەوە، بەهەمان شێوەی تەسك ترو خێراتر حزبە لیبرالیەکانی رۆژئاواش چینایەتیەو (چینی برجوازی)و جوگرافی تەسك دەگرێتەوە، بۆیە پێشکەوتووترین حزب ئەو حزبەیە مەبادیئەکانی جیهانی بێتو کراوەش بێت بۆ هەموو مرۆڤ لەسەر ئەو زەویە بێ هاوێر.. ئەوەش تەنها حزبی ئیسلامی راستەقینەیە، دەتوانین جۆری حزبایەتی لەسەر بنچینەی دواکەوتوییو پێشکەوتویی بەو شێوەیە رێز بکەین:

حزبی خێڵەکی، حزبی نەژادی، حزبی تائیفی، حزبی نەتەوەگەری، حزبی

نیشتمانی، حزبی لیبرالی، حزبی ئومەمی، حزبی ئایینی، حزبی ئیسلامی، لێرەدا تێبینی دەکرێ حزبـی لیـبرالی لـە ریزەکـانی پێـشووە، لـە راسـتیدا ئـەو حزبـە نەیتوانیوە بە حزبایەتی خەلکی لە کاریگـەر کۆمەڵایەتیـە کلاسـیکیەکان رزگـار بکا بەلکو ئـەوە زادەی پرۆسـەی دیموکراسـیو بـازاری ئـازادو سـەروەری یاسـاو دەولەتی مەدەنی یە، بەلام ئەو جۆرە هەلّ وەشاندنەوەیە بێ بیناکردنەوە.

(٤٦)

حزبە کوردستانیەکان الاحزاب الکوردستانیە
Kurdistani Parties

وەك زاراوە بەکاردێت بۆ ئەو حزبانەی کە سنوری چالاکی سیاسیان تەنها کوردستانە،واتە لە کۆتایی ناوەکەی (کوردستان)ی پێوەیە وەك نیشتمانی کوردستان، لەو سەردەمەدا بریتین لە: (پدك)، (ینك)، (حسك)، (حشك)، (یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان)، (کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان) ...

هەڵبەتە حزبایەتی (لە غیابی دادگەری راستەقینەدا) داهێنانێکی بەشەری نیجابیە، هەرچەندە پرۆسەیەکەوا دەردەکەوێ پارچەپارچەکردنی میللەت بێت، وەك مەسەلەی (درۆ)یە هەرچەندە سەلبیە، بەلاّم کە منالّ درۆی کرد نیشانەی جولاّنو سەلامەتی عەقڵیەتی (وەك لایەنی ئیجابی)، جا بەگوێرەی پێشکەوتنی شارستانیو سیاسیو باری ئایینیو فەرهەنگە گشتیەکانیانو دۆخی دەروونی چینو توێژەکانی میللەت ئایدیۆلۆژیاو رای گشتی حزبە سیاسیەکان دەخەملن.

لەسەر ئەو بنچینە زۆر ئاساییە پەیدابوونی حزبایەتی لەناو میللەتانی جیهانی سێیەم پاشکەوتووش، سەرەڕای ئەوەش حزبایەتی لەناو کورد (بەتایبەتی لەناو رەوشەنبیرانی) بگرە لە پێشەنگا بووینە، بەلاّم لە پەنجاکان بەدواوە زیاتر بووەتە بزوتنەوەیەکی میللی، ئەوەش بەهۆی:

١- داگیرو دابەشکردنی کوردستانو ستەمی نەتەوەیی.

٢- گەیشتنی فیکری مارکسی.

مێژووەکی خێرای حزبایەتی لە کوردستان:

کوردستانو رەوشەنبیرانی کوردستان وادیارە دەورێکی گرنگیان هەبوو لە دروستکردنی بریارو رووداوو مێژووی سیاسی ناوچەکە.

بەپێی زۆربەی سەرچاوەکانی دروستکردنی (حزبی ئتحادو الترقی -کە دوایی بووە، مولکی نەتەوەگەریە عەلمانیە تورکەکان) دامەزرێنەرەکەی کورد بووە، ئەو چوار قوتابیەی پزیشك دامەزرێنەری (اتحاد الترقی) بوون: ئیبراهیم تەمو، محمد رەشید چەرکەسی، د.عبداللە جودت، د.ئیسحاق سکوتلی)[1]، ئەمو دوو ناوەی دوایی (کوردن)، زۆربەی بڵاوکراوەو راگەیاندنو رێکخراوە مەدەنیەکان لەدەست کورد بووە، شەریف پاشا گۆڤاری (مشروطیەی عوسمانی) بەرێوە دەبرد، دوایی رێکخراوی (تشکیلات اجتماعی عوسمانی) لە دەست ئەمین عالی بەدرخانی، .. دواییش رادیکالی عوسمانی هەر لە دەست شەریف پاشا بووە، د.عبداللە جودت گۆڤاری (عوسمانی) لە دەست بووە، سەرەرای زۆربەی پایەکانی تری ئەنجومەنی دەوڵەت، شورا، جاروایە باب العالی، شێخ الإسلام، زۆرێك لەوالیەکانی دەرەوەی کوردستانیش، سەفیرەکان، ... لە دەست کورد بووە، یەکەم جاریش لەسەر دەستی د. عبداللە جەودەتی کورد پیتی لاتینی هێنرا نێو تورکیای هاوچەرخ.

هەر لەدوای ئاشکرا بوونی نیازی تورکایەتیەتی (ئیتحادو ترقی) ئەوا هەر خێرا ئەوانەو شەریف پاشاو (ذو الکفل)و ئەمین عالی بدرخان حزبی (تعالیو ترقی کورد جمعیتلەر)یان دروست کرد لە ١٩٠٨، بە یەکەم حزبی بە مانای حزبایەتی لە کوردستان دروست بووە، بە سەرۆکایەتی شێخ عبدالقادر، هەرچەندە راوبۆچوونی تر هەیە لەسەر یەکەم رێکخراوی، بەپێی بەڵگەنامەکانی ئەرمەنی دەڵێن (یەکێتی کورد) یەکەم رێکخراوی کورد بووە بە سەرۆکایەتی (شێخ

---

١ ترکیا الفتاة... أرنست راموز، هەروەها (کوردو کردستان في وثائق البریطانیة.. و زۆربەی بەڵگەنامەکانی تری روسی عوسمانی ئەرمەنی دوپاتی دەکەنەوە.

عبیدالله نهری)، راستە لەپێش (کورد تعالی‌و ترقی جمعیەت لەر) وەك (ئەمین زەکی بەگیش) تۆمـاری کـردووە رێکخـراوی تـری وەك (کۆمەڵـەی هێڤـی)، (رادیکالی عوسمانی)، (تشکیلاتی اجتماعی)، (لامرکزی)، (رادیکالی عوسمانی)، ... بەلام ئەوانە رێکخراو بوون نەك حیزب[1].

لەناو حزبی تعالی‌و ترقی کورد کێشەیەکی توونـد هـەبوو لەسـەر هەڵوێـست وەرگـرتن لەمـەڕ کێـشەی خەلافـەت کـە لـەو سـەردەمی خەلافـەت بـوە دوو دەسەلات، یەکەمیان تەوەری عەلمانیە نەتەوەگەریـە تورکـەکان بـە سـەرۆکایەتی (مستەفا ئەتاتورك) لە ئەنقەرەو دووەمیان لە ئەستەمبۆل (بە سـوڵتانیەتی محمـد وحیدالدین) سەرەك وەزیرەکەشی (فرید پاشا) بوو بەتایبەتی لە فـەترەی ١٩١٨-١٩٢٢، لەبەر ئەوەی سولتان بە کردە مـافی کـوردی دابـوو تـا دروسـت کردنـی دەوڵەت هەروەك لە رێی وەفدی تایبەتی سوڵتان (هـادی پاشـا)و وەفـدی کـوردی (شریف پاشا)و (عبدالقادر شمزینی) هەم لەسەر سیڤەرو هەم لەسەر گەشەسەندنی نوێی کێـشەی نەتـەوەکان.. بـەلام لەگـەڵ مـستەفا ئـەتاتورك هـیچ رێکـەوتن‌و مۆرکردنێك نەبووهەر خەریکیش بوو لە ژێرەوە ئەو یاساو ئیمتیازانەی کـە کـورد بـە درێـژایی خەلافـەت بـە دەسـتی هێنـابوو هـەمووی هەڵوەشـێنێتەوە، هـەتا سیڤەریشی کردە (لۆزان) لەسەر هەموو ئەو جیاوازیانە ئەوا بـاڵی ئیـسلامی نـاو (حزب اتحاد والترقی کورد)و باڵی عـەلمانی کـۆك نـەبوون، لـە دەرەوەش کێـشەی هەبوو لەگەڵ عەلمانیە کوردەکان، باڵی ئیسلامیەکان پێیان وابوو لەرێ خەلافـەت مـافی کـورد زامـن تـرە، کەچـی عەلمانیـەکانی وەك: شـەریف پاشـا، بەشـێك لەبدرخانیەکان، ئیسحاق سکوتلی... لەو لایەش حسن خەیری‌و برنجی زادەو ٧٢ نوێنەری کوردی تریش لە ئەنجومەنی نیشتمانی تورکیا بوون، کوردی عێراقیش لە عەلمانیەکان بەرەو لای (ئەتاتورك) بوون هەروەك (رفیق حلمی) لـە یاداشـتەکانی باسی دەکا، باڵی ئیـسلامیەکان دەرفەتیان بـە عەلمانیـە کوردەکـان دا تـا لەگـەڵ

[1] بۆ زیاتر بروانە: حزبە کوردستانیەکان لەو فەرهەنگە .

ئەتاتۆرك میللەتی کوردیان بەرەو هەڵدێر برد، ئیتر لە کۆتایی رووداوەکانو سەرکەوتنی ئەتاتۆرك بەسەر سوڵتان ئنجا دانیان بە هەڵەکان هێناو ئیسلامیەکانی کورد بەخۆکەوتنو هەریەکە لە شێخ عبدالقادر، شێخ سەعیدی پیرانو سعید نەورەسیو زۆری تر.. تا شۆرشی شێخ سەعید دەستی پێکرد لە ۱۹۲۵و لە کۆتاییدا سەرکەوتوو نەبوو، حزبی ئتحاد والترقی لە ۱۹۲۷کۆتای پێهات، ئنجا نۆرەی حزبی خۆیبوون هاتو حکومەتی ئەراراتیان دروست کرد بە سەرۆکایەتی (احسان پاشا) ئەو ئەزموونەش سەرکەوتوو نەبوو.

کورد تا ئەو سەردەمەی دوای جەنگەکانی جیهانی لەشام ومسریش دەوری سیاسی گرنگیان هەبوو، لە نیوەی سەدەی رابوردووش ئینجالەلای تەواوی خەڵکی کوردستان ستەمی نەتەوایەتی(حزبایەتیش) هەستی پێکراو بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان لەگەڵیدا پەیدابوو کە دەوری هەرەگرنگی دەگەرێتەوە بۆ بیروبروای (پ دك —ئەویش بۆ ژ ك)و قۆناغێکی نوێ دارشت لە مێژووی حزبە کوردستانیەکان، وەك لە دوایدا دەردەکەوێ بریتیە لە (حزبی دایك)و هەموو ئەو حزبە عەلمانیانەی ئێستا حزبە کوردستانیەکان پێك دێنن لە لقو پۆپی ئەو هاتوون، هەردوو سەرکردە (قازی محمد- مەلا مستەفا) زیاتر ئەو تەوژمە روحیەیان پێدا کەوا بچەسپێ لەناو میللەتی کورد.

١- پارتی دیموكراتی كوردستان:

لەساڵی ١٩٤٦ لە یەك گرتنی هەردوو حزبی رزگاریو شۆڕش بەناوی پارتی دیموكراتی كورد دروست بوو كە هەمان ساڵی جاڕدانی كۆماری مەهابادیشە، دامەزرێنەرەكەی (هەمزە عبداللە)، بەپێی ئەدەبیاتی نوێی (پ د ك) دەڵێن: سەروەری دامەزراندنی ئەو پارتە هەر بۆ (مەلا مستەفا)* دەگەڕێتەوە، كە ئەوكاتی لە كوردستانی ئێران (پ د ك) باوی وەرگرتبوو تا لەمودیوەی كوردستانیش دروست بێتو هەر بە سەرۆكایەتی خۆی، هەر لایەنەی حزبی شۆڕشو هیوا لە دوای جەنگی جیهانی دووەم ڕا ڕەگو ڕیشەیان دروست ببوو، بە چەندین قۆناغو كێشەو دووبەرەكیدا تێپەڕین تا گەیشتنە دروستكردنی (پ د ك)، بەكارترین شەخسیەتەكانی (ئیبراهیم ئەحمەد، شێخ لەتیف، هەمزە عبداللە، جەلال تاڵەبانی، ساڵح حەیدەری، ...).

هەرچەندە ڕای تر هەیە كە ئەو حزبە لە بیستەكانی سەدەی ڕابووردوو كاری كردووە – بۆ زیاتر بڕوانە نووسینێكی فراوانو تایبەتی لە بارەی حزبە كوردستانیەكان -توێژەر

ئایدیۆلۆژیاكەی:

بە گەلێ قۆناغو وەرچەرخاندا تێپەڕیوە بەپێی كاریگەرو نزیكی جۆری ئەو سەركردەو مەیلی فەلسەفیان لەناوەندی بڕیارەوە، بە كورتی بەپێی كاریگەری بارزانی ناوەڕۆكی ئایدیۆلۆژی بۆ دروست بوە، بارزانی زیاتر مەیلی بە ئاینیو ڕێڕەوی ڕەسەنی كورددا كەوتوە، كەمتر كەوتۆتە ژێر كاریگەری ئەمری واقیعی ڕۆژهەڵاتیو ڕۆژئاوایی، بە گشتیەكەی حزبێكی نیشتمانیو نەتەوایەتی بووە،

* بۆ زیاتر بڕوانە: حزبە كوردستانیەكان (دانەر)- تیایدا هاتووە كە ئەو حزبە دامەزرێنەرەكەی نە هەمزە عبداللە یە نە مەلا مستەفا .

جارجاریش مارکسی بوون له غیابی بارزانی وەك له کۆنگرەی ١٩٥٣ی کەرکوك بەرەو مارکسی چوون، له سالّی ١٩٧٩ کۆنگرەی (٩) به تەواوی له مادەی (٥)و (٦) دیسان گەرانەوە سەرمارکسیەت کە لەو سەردەمی له کوردستان باوی وەرگرتبوو، لەدوای شۆڕشی ئیسلامی ئێرانو کۆنگرەی (١٠) جارێکی تر گەرانەوە سەر نەتەوەییو دیموکراسیەکەیان، ئێستا وەك حزبێکی لیبرالی نەتەوەی ئەوەندە گرنگی به مەبادیءو بیروباوەڕ نادەن، زیاتر کۆکردنەوەی خەلّکیە لەسەر بنچینەی بەرژەوەندیو تارادەیەکیش مێژووی سەروەریەکەی.

کەمێك له مێژووی:

• لەدوای شکستی مەهاباد مەلا مستەفا کەوتە یەکێتی سۆڤیەت تا شۆڕشی ١٩٥٨ عبدالکریم قاسم گەرایەوە عێراق (پارتی) قەدەغە بوو، بێ ئەو سەرکردەش بالّی ئیبراهیم احمدو بالّی همزە عبداللە هەر له ململانێ بوون، دوای همزە عبداللە به یەکجاری دەرکرا.

• لەو نێوانەی ١٩٥٨ هەتا له سالّی ١٩٦١ عبدالکریم قاسمو مەلا مستەفا نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك.

• له ١١ی ئەیلول ١٩٦١ شۆڕشی دەستی پێکرد بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا وا باوە دەلّێن بە ڕێبەرایەتی (پ دك)یش کە مەلا مستەفا سەرۆکی بووە، بەلاّم بەپێی هەندێ سەرچاوە لەوانە (لا أصدقاء سوی الجبال) یەکەم جار پارتی بەیانی دژی ئەو شۆڕشە دەرکردووە دوای چووەتە ناوی، واپێدەچێ ئەو پارتە هەموو دەم لەگەلّ مەلا مستەفا یەك نەبووینە .

• لەسالّی ١٩٦٣ عبدالسلام عارفو حزبی بەعس ئینقلابیان بەسەر عبدالکریم قاسم کردو هەلّمەتێکی بە تەوژم تر کرایە سەر کوردو حزبی شیوعی عێراقیو خەلّکێکی نوێ چووە ڕیزی شۆڕش.

• لەبەر نەبوونی ئایدیۆلۆژیایەکی توندو تۆلّ کێشەی فرەتەوژمی تیابووە،

بۆیە لەدوای کۆنگرەی (٦) قەلادزە لە ١٩٦٤ ساڵی (م.س) بە سەرکردایەتی (ئیبراهیم احمد- جلال تالەبانی) دیسان لەدژی (مەلا مستەفا) راست بونەوە، گوایە رەجعیو خێڵەکی یە بەناوی (مەلایی)و (جەلالی).

• لەساڵی ١٩٧٠ لە١١ی ئادار رێکەوتن نامەکە راگەیەنراو عێراق بە دەستووری دانی نا بە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، بۆ ماوەی ٤ ساڵ جێ بە جێش بکرێ .

• لە هەمان شەوی ١١ی ئادار بارزانی لێبوردنێکی گشتی گرنگی جاڕدا بۆ جاشو جەلالی، ئەو سەردەم زۆربەی نەخشەکانی حکومەتی هەڵوەشاندەوە، جەلالیەکانیش بە خێرایی کۆنگرەیەکیان بێك هێنا بەناوی (پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان) چوونە ناو (پ دك).

• لەو فەترەیەی ١٩٧٠-١٩٧٤ بەهۆی باشی ئیدارەو کاریزمی سەرکردەکەی بووە گەورەترین حزب، زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ ئەندامی هەبوو.

• لە ١٩٧٣/٧/١٧ حزبی بەعسو حزبی شیوعی عێراقی بەرەیەکی دووقوڵیان راگەیاندو بەو شێوەیە ئەو حزبە دیسان کەوتەوە سەنگەری حکومەتو پارتی بەجێهێشت، بەبیانوی گوایە بەرگری لە حکومەتێکی نیشتمانیو خۆماڵی نموت دەکەن لەدژی ئیمپریالیزمی ئەمریکی ئەوەك وەك ئەزمونی تشیلیو سلفادۆر ئەلیندی دوبارە بێتەوە، گەیشتە رادەی چەك وەرگرتن لە حکومەتی عێراق .

• لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ حکومەت یەك لایەنانە یاسایەکی دەرکرد بەناوی یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان هەردوو ئەنجومەنی (یاسادانان)و (جێبەجێکردن)ێکی لاوازی دروست کرد، یەکسەریش دەستی بە شەڕ کردەوەو هێزی هێنا کوردستانو پرۆسەی (تعریب)یش هەر بەردەوام بوو.

• دوای یەك ساڵ شەڕ لەلایەن شۆڕشی کورد بە رابەرایەتی (پ دك) پشتیوانی شای ئێرانو ئەمریکاو حکومەتیش لەگەڵ حزبی شیوعیو جاشێکی

زۆرو وڵاتانی سۆشیالیستی‌و له ڕێكه‌وتن نامه‌ی جه‌زائیر ١٩٧٥/٣/٦ عێراق‌و ئێرانی شا كۆتاییان به شۆڕشی ئه‌یلول هێنا، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌و حزبه‌و شۆڕشیش زۆر به‌ند بوو به شه‌خسی مه‌لا مسته‌فا وه‌ك سه‌ركرده‌یه‌كی زۆر خۆشه‌ویست بۆیه كه مه‌لا مسته‌فا جاڕی كۆتایی شۆڕش‌و ده‌ست كێشانه‌وه‌ی له سیاسه‌ت دا به یه‌كجاری هه‌م شۆڕش‌و هه‌م (پارتی)یش كۆتایی هات.

بۆیه به‌شێك له ناحه‌زانی ئه‌و شۆڕشه ئه‌و پرۆسه‌یه به زاراوه‌ی (ناشبه‌تاڵ) ناوزه‌د ده‌كه‌ن، چونكه له‌كاتی جاڕدانی كۆتایی شۆڕشی خاوه‌نی ئیمكانیه‌تێكی زۆری مادی‌و به‌شه‌ری بووو هیچ مافێكی نوێی بۆ كوردیش ده‌سته‌به‌ر نه‌كرد.

- قۆناغی نوێی حزبایه‌تی-

مه‌به‌ست له‌دوای ١٩٧٥ به‌دواوه‌یه، كۆمه‌ڵێك سیفات‌و نیشانه‌ی تایبه‌تی خۆی هه‌یه جیا له پێشتر.

٢- یەکێتی نیشتمانی کوردستان:

له ١٩٧٥/٦/١ له شام دروست كرا له‌لايه‌ن (جلال حسام الدين تاڵه‌بانی- مام جه‌لال)، له پێكهاتنی سێ باڵی سه‌ره‌كی‌و كۆمه‌ڵێك كسايه‌تی خاوه‌ن ئه‌زموونی وه‌ك (نه‌وشيروان مسته‌فا- د.فؤاد مه‌عصوم- د.كمال حسن خۆشناو- د.كمال فؤاد- د.عمر شيخ موسى..).

باڵه‌كانی ناو یه‌کێتی:

پێكهاتنێكی داهێنه‌رانه‌ی زۆر بليمه‌تانه‌ی پياده‌كردنی ياسای سێيه‌می ماركسی بوو له فه‌لسه‌فه (قانون وحدة و صراع المتناقضات) به‌و شێوه‌يه:

١- كۆمه‌ڵه‌ی ره‌نجده‌رانی كوردستان: به‌پێی ته‌قويمی خۆيان له ١٩٧٠/٦/١٠ له لايه‌ن (شهاب شێخ نووری-وه‌ستا ئه‌نوه‌ر- جعفر كۆيی) دروست كراوه، به‌ناوی كۆمه‌ڵه‌ی ماركسی لينينی كوردستان تاراده‌يه‌ك له سه‌ره‌تای ١٩٧٦(ماويانه) بووه، بوو به باڵێك له‌ناو يه‌كێتی.

٢- باڵی بزوتنه‌وه‌ی سۆشياليستی كوردستان: به ته‌قويمی خۆی هه‌ر له دوای ناشبه‌تاڵ مانگی ١٩٧٥/٤ بۆی دانيشتن له ورمێ‌و به‌ره‌سمی له مانگی ١٩٧٦/٨ يادی دروستبوونی ده‌كه‌نه‌وه.

٣- باڵی خه‌تی گشتی: ئه‌و باڵه بيدعه‌يه‌ك بوو له ماركسيه‌ت، چونكه بنچينه‌ی چينايه‌تی‌و مه‌نهه‌جی دياليكتيكی نه‌بوو، به‌ڵام توانرا له‌و باڵه كۆمه‌ڵه خه‌ڵكێكی بيروباوه‌ڕی جياو نينتمای جيا له ئاغاو نيشتمان په‌روه‌رو ناماركسی جێگه‌يان ببێته‌وه، زياتر جه‌ماوه‌ری تايبه‌تی مام جه‌لال بوون.

به‌و شێوه‌يه وه‌ك سكرتێری يه‌كێتی وه‌سفی ده‌كرد يه‌كێتی ئه‌و ته‌يره جوانه بووه كه به دوو باڵ ده‌فڕێ‌و له‌شه گه‌وره‌كه‌شی خه‌تی گشتی بوو، قاوغه‌كه‌ی وا داڕێژرا بوو، كه بيانوو بواری هيچ ته‌يارو لايه‌نێكی تری فكری‌و سياسی نه‌مێنێ له ده‌ره‌وه‌ی ئه‌و قاوغه‌دا.

ئایدیۆلۆژیای: ڕێکخراوێکی مارکسی بوو لە سەرەتادا بەلای (ماوی) دا، دژی ئیمپریالیزمی جیهانیو سەرمایەداریو ڕەجعیەتی ناوچەکەو برجوازیەتی ناوخۆ بوو، دۆستیشی ولاتانی سۆشیالیستیو هێزە رزگاری خوازو شۆڕشگێڕەکان بوو، نوێنەری زەحمەتکێشو هەژاری کوردستان بووە..ئەوەش ستراتیجیەت وخەتی سووری شۆرشی نوێ بوو.

دۆخی دروست بوونی:

١- باری ناوەکی: پ دك زۆر بەبێئومێدی جاری کۆتای شۆڕشی ئەیلوولی دا بە حزبایەتیشەوە، بۆ ماوەی سالێك تەنها جمو جۆلی حزبی شیوعیو پارتی- عزیز عقراوی-و پارتی شۆڕشگێڕی-عبدالستار تاهیر شریف-و بزوتنەوەی پێشکەوتن خوازانی-عبدالله اسماعیل- مەلا ماتۆر...هەبو، هەموویان لەریزی حکومەت بوون، حکومەتیش زۆر توندو زالْ بوو، ئیتر کوردایەتی دیسان کەوتەوە نێو شیعرو گۆرانیو شانۆگەری، کۆمەلە ڕایەك لەو سەردەمی باوی وەرگرت کە زیاتر گوتاری یەکێتی بوو گوایە ئەو شکستەی کورد لە ئەنجامی کوردایەتیەکی کلاسیکیو خێلەکیو تاکڕەو دەست کورت لە: تیۆری زانستیو عەلمانیو مارکسی بووە، بەتایبەتی ئەو شکستەی ١٩٧٥ هاودەم بوو لەگەلْ سەرکەوتنە مارکسیەکانی ڤیتنامو کەمبۆدیاو لاوسو ئەنگۆلاو مۆزمبیق و... بەو شێوە تەیاری عەلمانی مارکسی زۆر تەشەنەی کرد لە کوردستانو حزبی شیوعیش لەبەر عێراقیانەیو لاوازی هەلوێستی بەرامبەر کورد ئەو شەپۆلەی پێ هەرس نەکرا، بۆیە ئەو شەپۆلە بووە زەخیرەیەکی قەبە بۆ (ی ن ك).

٢- باری ئیقلیمی: هەرسێ ولاتی (عێراق-بەعس، ئێران-شاه، تورکیا- ئەتاتۆرکی) ڕێکەوتنی خنکێنەریانەهەبوو لەدژی کورد، سوریاو عێراق ناکۆك بوون.

٣- باری جیهانی: جیهانی سەرمایەداری بەپێی (مەبدەئی بەرژەوەندی) ئەو لایەنە بوو هەر تیایدا بە کورد وە دەدرا (من جحر واحد..)، ولاتانی

شۆسیالیستو یەکێتی سۆڤیەتیش پەیمان نامەی ٢٠ ساڵی هەبوو لەگەڵ عێراق، وڵاتانی جیهانی سێیەمو جامعەی عەرەبیش شۆڤێنیانە پاڵپشتی عێراقیان دەکرد، تەنیا کۆمەڵە وڵاتێکی وەك (چین، کۆریا، لیبیا) لاتەریك بوو، ئەویش جگە لە (لیبیا- معمر قذافي) کەمتر ئامادەی هاوکاری بوون، بۆیە بارودۆخێکی ناوەکیو ئیقلیمی جیهانی زۆر سەخت بوو بۆ شۆڕشی دروست کردنەوە، بەلام رێچکەیەکی تەسکی وا لەبەردەم مابوو کە کوردایەتیەکی بە ناوەڕۆك مارکسی هاوچەرخ جیا لە مارکسیەتی شیوعیە رەسمیەکان دروست بێت ئەویش (ی ن ك) بوو.

کەمێك لە مێژوی:

● هەر سالێك لەدوای دروست بوونی چالاکی پێش مەرگانەشیان لە شاخەکانی کوردستان دەستی پێکردو بە گەیشتنی کەسانی وەك (علی عسکری، د.خالد سعید، سید کاکە، محمد حاجی محمود..) بۆ رێزی شۆڕشی نوێ لەناوەوەدا تەکانێکی مەزنی پێدا، زۆر بەخێرایی رووبەڕووی کێشە کۆنی (جەلالیو مەلایی) بوونەوە، لە هەمووی ترسناك تر شەڕی هەکاری بوو لە ١٩٧٨/٦/٤ (ی ن ك) شکستێکی گەورەی هێناو زۆربەی سەرکردە مەیدانیەکانی لەدەست دا، لە سەرەنجامدا کێشەش زیاتر کەوتە ناو رێزەکانی بە تایبەتی لەنێوان هەردوو باڵی بزوتنەوەو کۆمەڵە، (ی ن ك) هەر تەنها (٧٠) پێشمەرگەیەکی بۆ مایەوە.

● لەساڵی ١٩٧٨ شۆڕشی ئیسلامی ئێران دەستی پێکردو لە ١٩٧٩ سەرکەوت، ئیدی باری (ینك)و کورد بەگشتی لەو تەنگە خنکیە رزگاری بوو.

● لە هەمان ساڵ عێراق دیسان لە حزبی شیوعیداو دیسان بە کوردستان خۆیان گرتەوەو ئەو تیۆرەی (لا أصدقاء سوی الجبال) دەرکەوت بۆ ئەوانیشە، هەرچەندە هەلوێستی حزبی شیوعی بەرامبەر جمو جۆڵی پێشمەرگانەی یەکێتی سەلبی بوو، بە رجعی دژ بە میری نیشتمانی لەقەڵەمی دابوو.

● لە ١٩٧٩ بەهۆی کۆمەڵێك هۆکاری فیکریو ئیداریو مێژوویيو دەروونی

بزوتنەوە بەتەواوی لە (ینك) جیا بۆوەو زیاتر لـە نیـوەی پێشمەرگەو فەرمانـدە هەرە چالاكەكانی لەگەڵ خۆی برد كە نزیكەی ٧٥٠ نەفەر دەبوون بە سەرۆكایەتی رەسول مەمەند.

● لەسـاڵی ١٩٨٠ دوو بـەرەی دژ بەیـەك دروسـت بـوو، یـەكیان زیـاتر بـە سەركردایەتی (یەكێتی) دووەمیان بە سەرۆكایەتی تەوەری پارتیو حـسك، حزبـی شیوعی لە هەردوو بەرەدا ئەندام بوو.

● لەدوای هەڵگیرسانی جـەنگی عێـراق- ئێـران، جـەنگی نـاوەخۆی كـە بـە (براكوژی) ناودەبرا بە گەرمی لـە هـەموو لایـەكو بەهـەموو روكارێـك دەسـتی پێكرد.

● لەساڵی ١٩٨١ یەكەم شەڕی سەرتاسەری براكوژی دەستی پـێكردو بـەهۆی درەنگ بەهاناهاتنی هێزەكانی (پدك) حسك شكستی هێنا، رۆڵی یـەكێتی زیـاتر پتەو بوو.

● لەساڵی ١٩٨٢ (ینك) بەهانای حزبی دیمكراسی كوردستانی ئێران چوو، كـە بەرەو شكست بوو لـە بەرامبـەر هێزەكـانی پاسـدارانو پ د ك، ئـەوكاتی نـاوی هێزەكانی یەكێتی بەهێزی پشتیوان دەخوێنرایەوە.

● لە یادی ١٩٧٤/٤/٢٤ی بەردوماناكەی قەلادزەدا یـەكێتی تـوانی جـۆشو خرۆشێكی بێوێنە بە خەڵكی بداو خۆپیشاندانو بەرگریەتی میللی لەناو شارەكان دروست بكا، زۆربەی ناوچەكانی سۆرانی گرتەوە، یـەكێتی زیـاتر بـەرەو گەشـەو حزبەكانی تریش بەرەو كزی بوون.

● لە جەژنی هەمان ساڵ بڕیاری دا لە (لەشكری ئیسلامی) بـداو هـەموویانی چەك كرد كە لەشكرێكی زیاتر دروست كراو نارەسمن بـوو، پەیوەنـدی زیـاتر بـە لیبیا بوو نەك ئێران، بەلام (معمر قذافي) چاكەی بۆ كورد زۆر بوو وەستا.

● دوای ئەوە پەیكەری ئیداریو سیاسیو سەربازیشی گۆڕی، چوار مەڵبەنـدی كردەوە: مەڵبەنـدی (١) لـە حـاجی مامەنـد (مـەلا بـەختیار بەرپرسـی بـوو)، مەڵبەندی (٢) لە یاخسەمەر (جبار فەرمان بەرپرسی بـوو)، مەڵبەنـدی (٣) لـە

لەوەرتێ (سید مجید بەرپرسی بوو)، مەڵبەندی (٤) لە بالیسان (د.کمال خۆشناو) بەر پرسی بوو، کە پێکهاتبو لە (٣) بەرپرسی کۆمەڵەو یەکێتی شۆڕشگێڕان- کە لە یەکگرتنی بزوتنەوەی پاشماوەکەو خەتی گشتی یەکیان گرتبوو.

- لە ساڵی ١٩٨٢ لە سەرکردایەتی (حزبی شیوعی- حسک- پاسۆک)ی داو، گەورەترین زیان بە حزبی شیوعی کەوت، هێزی (پ دك) کەمتر لەناو کوردستانی عێراق بوو.
- هەموو ئەوانە زەمینەیەکی سازدا بۆ دانوستانێکی نیمچە ڕەسمی لەگەڵ حکومەتی عێراق بۆ ماوەی ساڵێکو تیایدا حکومەتی عێراق زۆر سوودی هەمەلایەنی وەرگرتو لەبارە هەرە تەنگەکەی فشاری سەربازی ئێرانی دەرچوو.
- سەرنەکەوتنی یەکێتی لەو ستراتیجیەی دانوستان لەلایەکو لەلایەکی تر ماندووبوونی حزبی شیوعیو حسك بە بیرۆکراسیەتی بڕیاری ئەوسای پارتی (وەك خۆیان دەیانوت)، لەولایەش نەخشەی قەڵاچۆی کوردو ئەنفالو کیمیای بەڕێوە بوو.. هەموو ئەوانە پاڵیان نان بەرەیەکی (٨) لایی پێك هات لە ١٩٨٨/٥/٧، بەبێ ناوهێنان یەکێتی بووە سەرکردەی ئەو بەرەیە چونکە:
  ١- بە حوکمی بوونی یەکێتی لە مەیدان.
  ٢- ئامادەو جورئەتو مونەسەساتیەکەی.
  ٣- چالاکی خەستی سەربازیەکەی.
  ٤- داهێنانی سیاسیو ئیداریو پێشڕەوایەتی لە گۆڕانو بەرەنگاری.
  ٥- چاوشکانی لایەنەکانی تر.
- لەدوای ئەم هەنگاوە زۆربەی لایەنەکان، جگە لە حزبی شیوعیو بزوتنەوەی ئیسلامی پاسداریان لەگەڵ خۆ هێنا.
- لەدوای وەستانی جەنگی عێراقو ئێران کەوتنە دیوی ئێران، دارمانەکەی مارکسیەتیشی بەسەرهات، زۆربەی کادیرانو پێشمەرگەکانیان یان هاتنەوە عێراق یان بەرەو ئەوروپا چوون.
- لەو فەترەیە چالاکی هەموو حزبەکان زۆر سست بوو، جگە لە جموجۆڵی

سكرتێری (ینك).

● لە ٢/٨/١٩٩٠ عێراق كوێتی گرتو بووە هۆی لێدانی، هەروەها هەڵگیرسانی راپەڕین لە ٥/٣/١٩٩١ كە داینەمۆكەی دیسان یەكێتی بوو زیاتر لە هەموان.

● یەكەم كۆنگرەی (ینك) لە هەولێر لە ١٩٩٢ بەستراو تیایدا:

١- هەردوو باڵی كۆمەڵەو شۆڕشگێڕان هەڵوەشانەوە.

٢- سۆشیال دیموكراسی هاتە جێی ماركسیەت.

● لەدوای هەندێ كێشەی ئیداریو ناهاوسەنگی (بەرەی كوردستانی)و تەقەلای یەكێتی وەك حزبی سەركردە گەیشتنە ئەو ئەنجامەی هەڵبژاردنێك بكریتو یەكێتی وای دەبینی كە لە ٧٠٪ی دەنگ دەهێنێ، كەچی لەگەڵ زەحمەتكێشان بەیەك لیست دابەزین، ئنجا ٤٣,٨٪ی بەدەست هێنا، ١٤٠٤٦ دەنگی لە (پارتی) كەمتر هێناو یەكێتی بەو ئەنجامە قایل نەبوو، سیستەمی (پەنجا بە پەنجا) حكومەتو پەرلەمانیان دروست كرد.

● لە كۆتایی مانگی/١٢/١٩٩٣ شەڕێكی سەرتاسەری لەگەڵ (بزوتنەوەی ئیسلامی لە كوردستان) كرد.

● لە ١/٥/١٩٩٤ خوولی یەكەمی شەڕیشی لەگەڵ پارتی كرد، دوای گەشەسەندنی ئەو شەڕە هەریەكە لە پارتیو یەكێتی هێزی ئەقلیمیان هێنا بۆ ئەو شەڕە، لە ئەنجامدا بووە هۆی دوولەت بوونی ئیدارەو وەستانی پەرلەمان. تا لە ٢٠٠٢ یەكەم دانیشتنی پەرلەمان كراو یەكێتی بە ئەنجامەكەی هەڵبژاردنی ١٩٩٢ وەك خۆی قایل بوو، لەدوای ئەو هەموو شەڕو شۆڕە لەسەر دەسەڵات وا دەركەوت یەكێتی دەسەڵاتی لاواز تر بوو.

٣-پارتی دیموکراسی کوردستان- سەرکردایەتی کاتی (س.ك) قیادة مؤقتة :

لەدوای شکستی ١٩٧٥خانەوادەی مەلا مستەفا بەرەو ڕۆژئاوا چوونو خەڵکی تریش بێ هیچ ڕێنماییەك پەرتو بڵاوبوون بە سەرکردەو بنکەوە، بەشێکی تریش گەڕانەوە عێراق، بەشێکی کەمی تری بەرزێز بە نیازی نیشکردن بوو، لەوانە (سامی عبدالرحمن، د.محمود عوسمان، ...)، د.محمود بەتەواوی لێیان جیابۆوەو (پ د ك- لیژنەی ئامادەی) دروست کرد، عەلی سنجاری (یەکێتی دیموکراتی کوردستان)ی دروست کرد، سامی عبدالرحمن یش سەرکردایەتی کاتی (پ د ك) دروست کرد، بەپێی تەقویمی خۆیان لە ١٩٧٦/٥/٢٦.

ئایدیۆلۆژیای ئەوجارەیان زیاتر وەرچەرخا بوو وەك (ینك) بەرەو سەربازگەی سۆشیالیستیو مارکسیایەتیو دوورکەوتنەوە لە ڕۆژئاواو دەرەبەگی ناوەخۆ، لە بارودۆخێك دروست بوون هەروەك لە پێشەکیەی (ینك) نووسراوە، بەپێی ئەدەبیاتی (ینك) ئەوانە لە کاردانەوەی دروستبونی یەکێتی دروست بوون، ئەگینا وازیان هێنابوو.

کەمێك لە مێژووی:

بەپێی تەقویمی خۆیان هەر لەگەڵ دروستبوونی ئەو، (س.ك) لە مانگی (٥)ی گوڵان مەفرەزە سەرەتاییەکانی پێشمەرگەو (شۆڕشی گوڵان)ی لێ دروست بۆوە.

- لەدوای دروست بوونەوەی کێشەی سەرکردایەتیان هەبوو، بارزانی قایل نەبوو بەو شۆڕشو حزبایەتیە نوێیە، بۆیە لە سەرەتاوا ڕێکەوتن کە (ئیدریس بارزانی)وەك ڕابەرێکی هێنا، بەڵام لە کۆنگرەی (٩) بە یەکجاری (سامی عبدالرحمن) لادراو (مسعود بارزانی) بووە سەرۆكو (س.ك) نەماو بۆوە (پارتی دیموکراتی کوردستان).

● سامی عبدالرحمن (حزبی گەل)ی دروست کرد.

● کەمتر دەهاتنە ناوچەرگەی کوردستان، زیاتر چالاکیان سێگۆشەی سنورەکان بوو، لە سالآنی ١٩٧٩، ١٩٨٠، ١٩٨٢، .. دەهاتنە کوردستانو لەلایەن یەکێتی دەردەکران.. تا بەرەی ١٩٨٨.

●لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران ١٩٧٩ ئەوانیش بوژانەوەو لە وەلآمی پیرۆزبایی سەرکەوتنی (أ.خمینی) داوای لە بارزانی کرد بگەرێتەوە ئێران، بەلآم پێرا نەگەیشت، لە ١٩٧٩/٣/١ لە ئەمریکا وەفاتی کرد، بەپێی وتارەکەی نیسانی ١٩٧٩ی (مسعود بارزانی) مردنەکەی ناسایی نەبوو بەدەستی ساواکو سیا بووە.[1]

● لەو ماوەیەدا زیاتر سەرقالّ بوو بە شەڕی حدکای دیوی کوردستانی ئێرانو لەولایەش لەگەلّ یەکێتی.

● لە ١٩٨٨/٥/٧ لە بارەگای حزبی شیوعی بەرەی کوردستانی جاردرا.

● لە راپەرینی ١٩٩١/٣/٥ بە شلۆقی هاتنەوە کوردستان لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانی، هەرچەندە بەدوودڵی دەیانڕوانیە ئەو ئەنجامەی راپەرین، بەلآم تەکانو خۆدروستکردنیان لە هاتنی سەرۆکی پارتی خۆی بۆ گۆڕەپانی کوردستان راستەوخۆ ئەو تەوقانەی شکاند کە پێشتر بەری گرتبوون، تا لە شەڕی کۆڕێ خۆی سەرپەرشتیان بوو.. ئەگینا کادیرو لایەنگری کەم توانای هەبوو.

● لە کۆنگرەی (١١) کۆمەڵێك کادیرانی بەتواناو ئەزموونی سۆشیالیستو پاسۆك هاتنە ناو پارتیو ناوەکەی بووە (پارتی دیمکراتی کوردستانی یەکگرتوو).

● لە هەڵبژاردنەکەی پەرلەمانو رابەرایەتی دەنگی یەکەمیان هێنا بەرێژەی ٤٥,٢٪ دەنگی رابەرایەتیش لە ٤٨,٣٪، ٢٥٦٧٢ دەنگی لە سکرتێری یەکێتی

---

[1] بۆ زیاتر بڕوانە وتارەکەی کاك مسعود لە ١٩٧٩ کە لە زنجیرە کتێبی (ئەوەی بەعس پێی نەکرا أ-رەوشەن کردی) فیصل دباغ- لە بەرگی دواوەی نووسراوەتەوە، ئەو وتارە بە کاسێتیش بلاو بۆوە وەختی خۆی.

زیاتر هێنا.

● حکومەتو پەرلەمانیان بە (پەنجا بە پەنجا) دروست کرد، یەکەم شەڕیان بە هاوبەشی دژ بە (PKK) بوو، بە هاوکاری حکومەتی تورکیا.

● لەدوایدا روبەڕووی شەڕی ناوخۆی بۆوە لەگەڵ یەکێتی هەروەك قۆناغەکانی لەوێ نوسراوەتەوە.

٤-حزبی سۆشیالیستی یەكگرتووی كوردستان (حسیك):

لە ساڵی ١٩٧٩ لەیەك گرتنی باڵی جودابووەوەی (بزوتنەوەی سۆشیالیستی كوردستانی ناو یەكێتی) بە سەرۆكایەتی رسول مەمەندو (لیژنەی ئامادەیی- پارتی دیمكراتی كوردستان) بە سەرۆكایەتی د.محمود عوسمان دروست بوو، وا رێكەوتن كە رسول مَمند سەرۆكی ئەو حزبە بێتو د.محمود جێگر.

ئایدیۆلۆژیای: نەتەوایەتی+ سۆشیالیستی زانستی.

كەمێك لە مێژووی:

بەدیلی ئەو دۆخە مێژوورییەی بە میرات وەك ناكۆكی مابۆوە لەنێوان (جەلالیەتو مەلاییەت.. بە زاراوەی خۆیان) وا دەهاتە بەرچاو كە هێزێكی سێیەم بێت، بۆیە لە سەرەتا حسیك زۆر گەشەی كرد كەسانی سیاسیو سەربازی وەك :(شمس الدین موفتی)، (عدنان موفتی)، (قادر جەباری)، (تاهر علی والی)، (مەلا ناصح)، (محمد حاجی محمود)، (قادر عزیز)، (عادل مراد)، (عبدالخالق زەنگەنە)، .. (سید كاكە)، (عولا بۆر)، (عولا سور)، (سید سلیم)، (ئەنوەر مجید سولتان)..تیابوو.

- لەدوای ئەو لێك جیابوونەوانە نەخشەیەكی سەربازیو سیاسی وا خەملی كە ناوچەكانی بادینان تەنها پارتی لێ بوو، سۆرانیش حسیكو یەكێتی تێك ئالابوون، ئیتر بەو عەقڵیەتە ستالینیانەی ئەو سەردەم هەر زوو تێك گیرانو بەخێرایی مێژوویی ئەو حزبە بووە شەڕی براكوژی با نەشی ویستبێ.
- ئەویش لەساڵی ١٩٨٠ لەرێی د.قاسملو دانوستانێكی یەك لایەنی جارنەدراوی لەگەڵ حكومەتی عێراق كرد بێ هیچ ئەنجام.
- لەساڵی ١٩٨١ رووبەرووی شەڕێكی سەرتاسەری بوو لەگەڵ (ینك)و شكستی هێنا هەرچەندە لەسەربازیش ئەو بەهێزتر بوو، بەلام لە نەخشەو پلانی

سیاسی زیاتر شکستی هێنا.

● لەدوای کارەساتی پشت ئاشانی ۱۹۸۲ بە یەکجاری ئاودیوی ئێران کران.

● لە ۱۹۸۵/۱۲/۱۲ قادر عزیز وەك تەیاری مارکسی ناو حسیك جیابووەوەو حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانیان دروست کرد.

● لەدوای ماندوبونێکی زۆر بە سستی پارتیو بیروکراتیەتی- وەك لەوکاتی وتیان لە۱۹۸۷پێش جاڕدانی بەرەی کوردستانی بەخۆیانو سەرکردایەتیان لەگەڵ حزبی شیوعی تەسلیمی ئەمری واقیعی یەکێتی بوونەوە، بە یەکجاری وازیان لە هاوپەیمانیەتی پارتی هێنا، دوایش بوونە لایەنێکی لاواز لە بەرە هەشت قۆلیەکە.

● لە راپەڕین رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە چوارچێوەی بەرە.

● لە هەڵبژاردنەکەی ۱۹۹۲ لە ۲,٥٪ دەنگیان هێنا، بۆ راپەریش د.محمود تەنها ۲۳۳٤۲ دەنگی هێنا.

● لە ۱۹۹۲/۲/٥ بوونە دووبەشی (سید کاکەو محمد حاجی محمودو قادر جەباری) لەگەڵ (پارتی گەل- سامی عبدالرحمن) یەکیان گرتو یەکسەر هاتنە ناو پارتی، بەشەکەی تریشی بە سەرکردایەتی رسول مند چوونە ناو یەکێتی.

● لە کۆنگرەی (۱۱)ی پارتی جارێکی تر دیسان محمد حاجی محمود لە پارتی جیابوەوەو حزبی سۆشیالیستی دیمکراسی کوردستانی دروست کرد، تا ئێستاش وەك لایەنێکی ئاسەرەکی جمو جۆڵی سیاسی هەیە.

٥- حزبی شیوعی کوردستان (حشك):

بەرەسمی لە ١٩٩٣/٦/١٨ بەدواوە بە حزبێکی کوردستانی لیست دەکرێ، لە کۆنگرەی (٥)ی (حشع) کە لەژێر دروشمی (الديمقراطية والتجديد) بەسترا، پێشتر لیژنەی هەرێمی کوردستان بوو لە (حزبی شیوعی عێراقی-حشع)دا، ئینجا بووە حزبێکی سەربەخۆ بە سەرۆکایەتی (کریم احمد).

ئایدیۆلۆجیاکەی روونە- مارکسی- لینینی.

کەمێك لە مێژووی:

هەڵبەتە بەپێی پێناسی (حزبە کوردستانیەکان)، (حشع) حزبێکی کوردستانی نیە تا ئەو مێژووەی سەروو، بەڵام مێژووی (حشك) هەر مێژووی (حشع)ە، بۆیە دەبێت شتێکی بەخێرایی هەر لێ باس بکەین.

+ لە ١٩٣٣/٣/٣١ بەناوی (لجنة مكافحة الاستعمار) بزوتنەوەیەك دروست بوو بە سەرۆکایەتی (عاصم فليح)، لەدوای گەڕانەوەو دەرچوونی لە (زانکۆی شیوعی) مۆسکۆ.

+ لە ١٩٣٥ بووە (حشع)، دوای لە ١٩٣٨ سەرۆکایەتی بە (یوسف سەلمان- فهد) سپێردرا (مسیحی بوو)، لەگەڵ (عزيز محمد، زکی خیری، عامر عبدالله، مکرم تالەبانی، کریم احمد...).

+ هەڵوێستیان بەرامبەر کێشەی کوردجێگیر نەبوو جاروابوو بە نازیو کرێگرتەیان لەقەلەم دەدا جاریش وابوو داکۆکیان لە مافی چارەی خۆ نووسیبۆ کوردستان دەکردەوە، بەتێکڕاییەکەی بەندیان کردبوو بە چارەنووسی کێشەی پرۆلیتاریا لە عێراق.

+ زۆر جار دوو لەت بوونە یان لەتی تری لێ بوویتەوە لەوانە :(كتلة العمل، وحدة النضال، لجنة الوطنية الثورية، الأتحاد، راية الشغيلة).. بەڵام سەرەکیەکەی

لە ساڵی ١٩٦٧ لەسەر کێشەی چینیو سۆڤیەتی ئەوانیش لێرە دابەش بوون بۆ:

١- قیادە مرکزی- عزیز الحاج- چینی.

٢- لجنە مرکزی- عزیز محمد- سۆڤیەتی.

+ لەدوای چوونە ناو شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٦٣ هەتا دوای ڕێکەوتنی ئادار دیسان لەگەڵ حزبی بەعس (بەرەیەکیان) ڕاگەیاند لە ١٩٧٣و چەکیشیان وەرگرت.

+ لە شەڕی چارەنووسی ١٩٧٤-١٩٧٥ لە بەرەی حکومەت بوون.

+ لە دوای شکستی ١٩٧٥و نەمانی شۆڕشی کورد یەکسەر هەم چەك کرانو سیاسەتی (ضغط على القواعد وتقريب القيادة)یان لەگەڵ بەکارهاتو زۆر لاوازی کردن تا لە ساڵی ١٩٧٨ بەناچاری دیسان بەرەو شاخەکانی کوردستان هاتنەوە.

+ لە ١٩٨٣/٥/١ لەدوای نێوان کردنێکی نەزانانەی شەڕی براکوژی خۆیان بوونە گەورەترین بەراگێڕ، بە کارەساتی (پشت ئاشان) بەناوبانگە کە نزیکەی ٢٠٠ کادیرو پێشمەرگەیان بەدەستی (ی ن ك) لەناوچوون بەدیلەوە، هەریەکە لە (کریم احمد، احمد بانی خێلانی)و سەرکردەکانی تریان دەستگیر کران.

+ تا لە ١٩٨٨/٥/٧ لە ڕێکەوتنە سەرانسەریەکە (حشع)یش لایەنێك بوو لەو (٨) لایەنەی بەرەی کوردستانی.

+ لەدوای ڕاپەڕینو دارمانی شیوعیەت لە مەدرەسەوە زیاتر فیکرەی دروست کردنی (حشك) هاتە ئارا، بەتایبەتی ئەو دەنگەی لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان کە تەنها ٢١١٢٣ دەنگی هێنا دەکا لە ٠,٠٢٪

+ لە گۆنگرەی (٥)ی شەقڵاوەی ١٩٩٣ (حشع) بووە چەند پارچەیەکی ویستراو نەویستراو:

١- حشك- کریم احمد

٢- پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان (ابو حکمت)و (محمد حەلاق).

٣- حشع- دحمید موسی.

جیابوونەوەی (حشك) بە ڕێکەوتنو نەخشەو پلان بوو، لە ئەسڵدا ئەوە لیژنەی هەرێمی کوردستان بوو کە لە کۆنگرەی (٣) ی ساڵی١٩٦٧ بڕیاری لەسەر درابوو، ئەو حزبە بە حوکمی مێژوویی‌و دابڕانی لە کێشەی کوردو ئایدیۆلۆجیە (مارکسی لینینی)یە زەقەکەی ئێستا وەك حزبێکی بچوك لە کوردستان کەمتر ئاسۆی گەشەکردنی لە پێشە.

٦- کۆمەڵ و بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان:

چەند بەراوردێکی جیا لە ئەدەبیاتی ئەو بزوتنەوە هەیە وەك یادی دامەزراندنی، چونکە لەپێشتر رێکخستنی (ئیخوان) لەپەنجاکان لە کوردستان هەبووە، بەشێك دەیگێڕنەوە بۆ پێش ۱۹۸۰، بەڵام ئەوەی روونە لە ساڵی ۱۹۸٤ بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی لە کوردستان دامەزرا بە رابەرایەتی نۆرەیی م.شێخ لەتیف و .شێخ محمد بەرزنجی، دوای لەساڵی ۱۹۸۷ لە ئەنجامی یەکگرتنی کۆمەڵە زانایەك لەگەڵ ئەو (پەیوەندیە) بزوتنەوەی ئیسلامیان راگەیاند بە رابەرایەتی (شێخ عوسمان عبدالعزیز)و یەکسەر جاری شۆڕشیان دا، دابەزینی هەریەکە لە شێخ محمد بەرزنجی‌و . شێخ لەتیف لە رابەرایەتی و متمانە پێدانە رابەری نوێ ئەزمونێکی نوێ بوو لە سیستەمی سەرکردایەتی‌و وەدەست گۆڕی دەسەڵات‌و هەتا دیمکراسیش کە لە قۆناغی نوێی کوردایەتی هەر شەڕی لەسەر کراوەو وادەکرێ.

کەمێك لە مێژووی:

+هەر کەوتنە شاخ زۆر بەخێرایی هێزەکانی دروست کرد بەناوی لەشکری قورئان، لەچەند داستانێك وەك قەڵاتووکان، دەشتی هەولێر، سلێمانی ... متمانەیەکی سەرەتای لەناو خەڵك دروست کرد، کە پێشتر ئەزموونی (لەشکری ئیسلامی) بێ‌متمانەی کردبوون، هەرچەندە سەرکردایەتی ئەو بزوتنەوەیەش هەر لە سەرەتادا دەست کورتی لە ئەزموونی سیاسی‌و واقیع‌و پەیوەندیە ئیقلیمی‌و جیهانیەکان پێوە دیار بوو.

● لە ماوەی ۱۹۸۸ تا راپەڕین تاکە لایەن بوون کە جموجۆڵی رێکخستنیان لە گەشەکردن بووە، بۆیە لە راپەڕینەکان بەشداریەکی کاریگەریان هەبوو لە پلەی (۲) (۳). هەم لە راپەڕینەکەو هەم لە بەرگریەکانیشدا لە هەندێ دۆخدا لە پلەی

یەك بوون.

● هەم لە دانوستانەکەی ١٩٩١ی بەرەو حکومەت بەشدار نەبوون، هەم لە هێنانی پاسدارانیش بۆ کوردستان ئەوانو حشع بەشداریان نەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا ئەندامیش نەبوون لەو بەرەی کوردستانیە.

● لە دوای راپەرین زۆر بەخێرایی گەشەیان کرد، یەکەم کەناڵی تەلەفزیۆنی لە کوردستان لە رانیەیان کردەوە.

● لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢ سێیەمین دەنگی هێنا بەرێژەی ٠,٠٥، ٤٩١٠٨ لە لیستی رابەرایەتیش ٣٨٨١٥.

● لە مانگی ١٩٩٣/١٠ لە چەمچەماڵ دوایش لە مانگی ١٩٩٣/١٢ لەگەڵ (ی ن ك) تووشی شەڕ بوون.

●لە بۆسەیەکی بازگەی گەرمیانی (ینك) لە ١٩٩٣/١٢/١٨ لە سەیارەیەکی (باسك).دراو سەرەتای شەڕێکی سەرتاسەری بووە شکستی بزوتنەوە.

● لەلایەن ئێران، مجلس أعلی، حزب الدعوە، حزب الله ی کورد، حزب الله ی لبنان، حزبی رفاە، ... زۆربەی بزوتنەوە ئیسلامیەکانی تریش نارەزاییان دەربڕی، حزبە کوردستانیەکانیش یان بێدەنگ بوون یان لاریيان نەبوو.

● ئەو شکستە نەبووە داستان بۆ یەکێتی وەك جاران لەگەڵ (پدك)و (حسك)و (حشع) کردبووی، چونکە بە کەمێك پێشمەرگەی بزوتنەوە بەرگریەکی بێوێنەی هێزێکی زۆری (ینك) دەکرا، بۆیە هۆی شکستیەکە بە سادەیی دەرکەوت کە بێبەرنامەیی سەرکردایەتی بوو.

● رەوتی گەشەیان لەکار نەکەوت، هەرچەندە متمانەو تەوژمی رابوون لە بەرهاریدا پشتەوشکێن کراوە.

● لە جەنگەکانی مانگی ١٩٩٤/٥ بە قورسی خۆی سەلماندەوەو هاتەوە مەیدان.

●لە خولی دووەمی جەنگ بەشدار نەبوون، بۆیە لە کۆتاییدا لە پاوانکردنی

هەر لایەی بۆ دەسەڵاتی خۆی روبەڕووی تەنگەبەری بوونەوە لە هەردوولا.

- لە کابینەی (٣)ی پارتی بە دوو وەزیر بەشدارییان کرد.
- لە دوای شەڕو پێکدادانێکی زۆر لەگەڵ (ینك) لە نیسانی ١٩٩٧وەستانی جەنگ، رێکەوتننامەی تارانیان مۆر کردو لە حکومەتی سلێمانیش بەشدار بوون بە دوو وەزیرو بووە هۆی کشانەوەیان لە حکومەتی هەولێر.
- لە کۆنگرەی (٧)یاندا کۆمەڵێك گۆڕانکاری ناوەکی لــێ هاتــە دی، لەوانــە گۆڕینی رابەر لە (م. عوسمان) بۆ (مەلا علی عبدالعزیز) کە ئەوە سـێیەمین رابەر بوو دەگۆڕا.
- لە ١٩٩٨/٨/٢١ لەگەڵ (بزوتنەوەی راپــەڕین) یــەکیان گــرتو (بزوتنــەوەی یەکبوونی ئیسلامی کوردستان) یان لــێ هاتە دی.
- دوای لەکۆنگرەی (٨) هاوپەیمانیەتی هەردوو باڵی عەلی باپیرو . صــدیق عبدالعزیز دەرچوون و باڵی عەلی عبدالعزیز شکستی هێنا.
- ئەو ئەنجامە لەلایەن جەماعەتە دەرنەچوەکان قەبوول نەکرا، بۆیە بوونە ســێ بەش: ١- زۆرایەتیەکەی کۆنگرە کۆمەڵی ئیسلامی بە ئەمیرایەتی م.عــەلی باپیریان دروست کرد ٢- ئەنصارو لئیسلام ٣- لە هەموان لاوازتــر ئەوانــەی دەنگیان نەهێنابوو ناویان لە خۆناوە بزووتنەوەی ئیسلامی .

٧- یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان :

بزوتنەوەیەکی ئیسلامی چاکسازیە (وەك خۆیان وایان پێخۆشە بگوترێ) هەرچەندە هەموو بزوتنەوەیەکی ئیسلامی بگرە هەموو بزووتنەوەیەکی سیاسی چاکسازیە، لە ١٩٩٤/٢/٦ بە ئەمینداریەتی (م. صلاح الدین بهاءالدین) ڕاگەیەنرا،واتە پێشتر هەبووینە نەك لەو بەروارەدا، لە ڕیز ڕارەوی (ئیخوان)ی جیهانیە، لە کورستانیش جمو جۆڵی خێرخوازیو جارجار سیاسیش هەبووە، بەلام ڕێکخراوێکی کوردستانی نەبوونە، وەك مەسەلەی (حشع)، بۆیە لەو بەروارەدا مێژوی سیاسی دەست پێدەکات بە پێی پێناسی (حزبە کوردستانیەکان).

کەمێك لە مێژووی :

- لە دوای دارمانی خەلافەت لە١٩٢٤/٣/٣ بە تەواوی، لێرەولەوێ لەنێو ڕەوشەنبیرانی بیر نیسلامی ڕێکخراوو دەستەو کۆمەڵە دروست بووە، هەر لە ئەندۆنیسیا هەتاولاتانی عەرەبی، لە هەمووی گرنگتر (برایانی موسڵمان).. بەلام ئەو بزوتنەوانە لەدوای شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران تەکانی پێدراو لە (نخبة)ی دابەزی بۆ ناو شەقامو گۆڕەپانی سیاسی گشتیو میللەتانەش. ئەو کاریگەریە لەبەر چەندین هۆی گشتیو تایبەتی زیاتریش لە کوردستان کرد.. ئیتر لە جمو جۆڵی خێرخوازیو ڕێکخستنی زیندانی دەرچوو بە تایبەتی کە شۆڕشی ئەفغانستانیشی بەدوادا هات.
- زەمینەیەکی جیهادی سازا، بۆیە (ئیخوان)ی جیهانیش لە سەرەتا بە خێرایی بەرەو جیهادی وەرچەرخان، بەلام لە یەکەم ئەزموونی (سوریە)یاندا شکستی هێنا، دیسان هەڵوەستەیان کردەوە.
- لە کوردستانیش بە هەمان شێوە لە سەرەتادا لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی پێکەوە بوون تا لە هەڵبژاردنەکەی ١٩٩٢ بە یەك لیست دابەزین، دەتوانین بە

حیسابێكی سادە رێژەی دەنگەكانی ئەوانیش دەرخەین، سەرجەم دەنگی لیستی پەرلەمانی بزوتنەوە ٤٩١٠٨ دەنگ بوو، رابەریش ٣٨٨١٥ بوو، خەتی برایان (واتە یەكگرتوو) رایان بۆ رابەرایەتی نەدا، بۆیە دەنگی یەكگرتوو دەكا: ٤٩١٠٨ - ٣٨٨١٥= ١٠٢٩٣، بەلاّم هەر لە سەرەتادا تێبینیو ورییایەكی زۆریان بەرامبەر سەركردایەتیو رابەری بزوتنەوەی ئیسلامی هەبوو لەبارەی كەم ئەزموونیو نەشارەزایی لە زانستی سیاسەتو پلانو ستراتیجیەتو كۆمەڵێك كێشەی تر، بۆیە هەر لە گەرمەی شكستی بزوتنەوەو بەرامبەر شەڕی یەكێتی یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان راگەیەنرا، كە زۆرجار (ئەوكاتەو هەڵو مەرجە) جێی سەرزەنشتی هاوڕێیانی ئیسلامیەكانی تریانە.

لەدوای دروست بوونیان بەخێرایی دەزگاو بارەگاكانیان دروست بوو، یەكەم كۆنگرەی ئاشكرایان گرێدرا بۆ ئەوەی گۆڕانێكی وا لە نەخشەی سیاسیو سەركردایەتی بێتە دی، لە ناوچەكانی بادینان زیاترو بەرچاوتر گەشەیان كرد كە پێشتر ئەو وەلاّمە جەماوەریە كەمتر بۆ حزبی تر بووە، بەلاّم لەدوای فشارو تەنگەبەری دیسان بەرەو لاوازبوونەوە چوون لە كاتێكا كە هیچ هێزێكیان نیە بۆ پارسەنگی فشارەكان.

لە پارچەکانی تری کوردستانی

لە راستیدا حزبە کوردستانیەکان وەك زاراوە زیاتر حزبەکانی چوارچێوەی ئەزموونی کوردستانی عێراق دەگرێتەوە، بەڵام کە دەڵێن حزبە کوردستانیەکان هەرگیز فراوانترە لەو ئەزموونە.. بۆیە دوو نمونەی سەرەکی کوردستانی ئێرانو تورکیا بە خێراییەك باس دەکەین.

٨- حزبی دیمکراتی کوردستانی- ئێران (حدکا)

لە ساڵی ١٩٤٦ی ئەزموونی کۆماری مەهاباد دروست بوو،– وەك لە پارتی بەشی عێراق باس کرا -لە پێشیدا لە ١٩٤٥/٨/١٦ (ژ ك) بوو بە حزبی دیمکراسی کوردستان بە سەرۆکایەتی قازی محمد.

● دیارە پەیوەندی (پ دك) بەشی عێراقو شای ئێران (حدکا)ی خستبوە دۆخێکی تەنگ تا رووخانی شا، هەر بۆیەش دوو حزبی ناوەڕۆك تەواو لێك جیان.

● لە نزیك کۆتاییەکانی شۆڕشی ئێران (حدکا) دەوری پەیدا کرد بە سەرۆکایەتی د.قاسملو، ئەویش لە ئەوروپا گەڕایەوە ناوچەرگەی رووداوەکا، لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی کوردستانی ئێران بارێکی تایبەتی بەخۆوە گرت بەهۆی ئەو حزبەو (کۆمەڵە) زیاتر مارکسی بوو کە لەلایەن (محمد مهتدی) دروست کرا کە پێش تر ئەندامێکی ئەو حزبە بوو.

● سێ شەڕ لەپاوە، سنە، نەغەدە، هەڵگیرسا، زیاتر حدکا دەرکەوت.

● چەندین شەڕودانوستان شان بەشانی یەك کرانو هەریەکە لە (أ. تالەقانی)و سەرکردەکانی کوردستانی عێراق ئامۆژگاری (حدکا)یان کرد کە جەنگ لە قازانجی کورد نیە.. بەڵام وا دیاربوو هەر یەکە لە (کۆمەڵە)و (مجاهدینو فدائی خەلق) لە ئێرانو حکومەتی عێراقیش رۆڵێکی چالاکیان بینی لە دروستکردنی

ئەو شەڕە.

● لە ساڵی ١٩٨٠ شەڕی عێراق-ئێران دەستی پێکرد، بەدوای ئەوەدا (حدکا) بە تەواوی لە بەرەکان لە بەرامبەر هێرشەکانی (پاسدارو قیادة مؤقتة) شکا، یەکێتیو عێراقیش هاتنە پشتیوانی حدکا.

● ئەو حزبەش بەهۆی فیکری عەلمانیو کاریگەری چەپی زۆر جار روبەرووی دوولەت بوون بووە، لە کۆنگرەی ١٩٨٠/٦/٢١ گرۆهی (٧) نەفەری بە سەرۆکایەتی (غەنی بلوریانی) جیابوونەوەو ناوی مارکسیو سەر بە توودەیان لێنرا، جارجاریش لەو لایە لەگەڵ کۆمەڵە تووشی شەڕ دەبوون، لەگەڵ قیادەی موەقەتەی (پارتی) هەر لەشەڕدا بوون.

● حدکا جارێکی تریش دوو لەت بوونەوە باڵی (جلیل گادانی- نەقەلیەت) جیابوونەوە.

● د.قاسملو لە ١٩٨٩/٧/١٣ لەنمسا تیرۆر کرا، د.شرف کەندی هاتە جێی، دوای ئەویش تیرۆر کرا.

● دیسان (حدکا)بوونە دوولەت ئەو جارە سکرتێرەکەی (مستەفای هجریە)و باڵی ئەقەلیەت گوایە عبداللە حسن زادەیە،چالاکی عەسکەری لە ساڵی ١٩٩٦وە بە یەکجاری نەماوە

● چەند جارێك هێزی ئێرانی بەناو سنوری یەکێتی هاتونە سەر بارەگاکانیان لە کۆیە.

● ئێستا زیاتر روو لەو بۆچوونەیە کە سود لەو ئازادیو ژیانی سیاسیەی هەڵبژاردن وەرگرن کە رەخساوە لە ئێران بەهۆی دەستورێکی شەریعەتیەوە.

٩- پارتی کرێکارانی کوردستان PKK :

- ڕاپەڕینەکانی کوردستانی تورکیا: ١٨٢١، ١٨٤٧ بۆتان، ١٨٥٣ جزیرە، ١٨٨٠ شێخ نەهری، ١٩٢٠، ١٩٢٥، ١٩٢٧، ١٩٢٨، ١٩٣٠، ١٩٣٤، ١٩٣٧، ١٩٣٨، ١٩٣٩... لە پاش چلەکان جۆرە بێئومێدیەك بالی کێشا، دیارە شۆڕشی ئەیلول ئەو ئاسەوارەی نەبووە لەسەر کوردستانی سەروو بۆیە (پارتی لقی تورکیا بەرەبەرە پوکایەوە)
- لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران جیهان بەگشتی هەژا، کوردیش لە هەموان زیاتر، بۆیە لە سەرەتاکانی ٨٠ زیاتر لە ١٢ لایەنی (مارکسی) تەنها لە کوردستانی سەروو دروست بوو، لەوانە: (کاوە، دەنگی کاوە، ئالای رزگاری، دەدە قادە، حزبی سۆشیالیست، PKK، ...).
- بەپێی تەقویمی خۆیان لە ١٩٧٨/١١/٢٧ لە ناوچەی ئامەد (دیاربەکر) دروست بووینە، یەکەم کۆنفرانس لە ١٩٨١/٧/١٥ کراو، یەکەم جەو جوڵی پێشمەرگایەتیشیان لە ١٩٨٤/٨/١٥ لە شەمزینیان دەستی پێکرد، ئەو حزبە مێژووەکەی زۆر بەندە بە سەرۆکەکی (عبداللە ئۆجەلان- ئاپۆ) کە لە ساڵی ١٩٧٠ لە چالاکی خوێندکاریەکەی دروست بووەو بڵاوکراوەی (سەربەخۆبوون)ی دەرکردووە، لەسەر ڕێبازی (مارکسی- لینینی)ی هەرە شۆڕشگێڕیان پەیڕەو کردووە.
- پەیوەندیەکی بەتینی لەگەڵ (بەرەی میللی فەلەستین- جۆرج حەبەش) هەبوو بۆیە گەریلاکانی لە لوبنان ڕادەهێناو (ئاپۆ) خۆی لە بیقاع بوو.
- دوای ڕاپەڕینی١٩٩١ی کوردستانی خوارووی ئاسۆیەکی فراوانتری بۆ ڕەخساندن، لە سەرەتادا زۆربەی لایەنە چەپیو عەلمانیەکانی کوردستانی عێراقیش (ئاپۆ)ی بە ڕابەرو مونەزیری خۆی دەزانی.
- پرۆژەی ئابووریو سیاسی باش دارشتو حزبەکانی تری لاوازکردو، نێزگەو

کەناڵی ئاسمانی دروست کرد.

● لە ١٩٩٢ بۆ یەکەم جار رووبەڕووی هێزی هاوپەیمانی (پدك)و (ینك) بۆوە بە هاوکاری تورکیا.

● بە یەك لایەنی تا ئێستا ئەوە پێنجەمین جارە شەڕ رادەگرێت بێ ئەوەی تورکیا وەڵامی هەبێ.

● لە ١٩٩٥/٨/٢٥ لەناکاو هاتە ناو شەڕی ناوخۆی کوردستانی لە قازانجی یەکێتی لە دژی پارتی، هەرچەندە بەپێی PKK هۆکەی دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەڵێن (پدك) لە ١٩٩٢را شان بەشانی تورکیا لەناو خاکی کوردستانی تورکیا شەڕو راوە پێشمەرگەی PKK دەکا، هەرچەندە ئێستا هەڵوێستی سەرکردایەتی کوردی ئێراق بەرامبەریان باشە.

● لە ١٩٨٨ تورکیاو ئیسرائیل کەوتنە هاوپەیمانیەتیەکی ستراتیژیو ئوردنیشیان راکێشاو چواردەورەی سوریا تەنگ بۆوە بووە هۆی دەربەرانندنی (ئاپۆ)و دوای لە کینیا لە ١٩٩٩/٢/١٦ کەوتە داوێکی ئاڵۆزی دەزگا سیخوریەکانی سیاو میتو مۆساد رفێنراو بە سرکراوی بۆ ئیسرائیلو لەوێش بۆ تورکیا تا ئێستا زیندانیە بۆ هەتاهەتایە.

● دوای ئەو هەنگاوە PKK شەڕی وەستاندوەو هێزەکانی کشاندۆتەوە دەوروبەری قەندیل لە دوای چەند شەڕێك لەگەڵ (ینك) زیاتر جێگیر بوو.

(٤٧)

ماسۆنی الماسونية Masonism

ڕێکخراوێکی فیکریو نهێنی کۆنی خێرخوازیو مرۆڤایەتی یە بە پێناسی خۆیان، ئەوانە سنووری جوگرافی کۆمەلایەتیو نەتەوایەتیو ئاینیان نی یە، جیهانینە، خۆ بە ڕزگارکەری مرۆڤایەتی دەزانن، بە ناوی (بنیاتنانی سەربەستی)یەوە .

بوونی ڕاستەقینەیانو دروستبوونو دامەزرێنەرەکانیان لێڵترین بابەتە، بۆیەش ڕیوایەتی زۆری لەسەرە، بەشێك پێی وایە لەگەڵ بوونی مرۆڤ و مێژوو ئەوانەش هەنە، بەشێکی تر زیاتر مێژووەکی دیاریکراویان بۆ نووسیوە دەیان گێڕنەوە بۆ ٤٠٠٠ ساڵ (پ. ز)، بەشێکیش تر پێیان وایە ڕاستەوخۆ ڕێکخراوێکی یەهوودی یە، بەمەبەستی زاڵ بوونیان بەسەر جیهان دروست بووینە، لەوانە فەرهەنگی (الموسوعة الميسرة في الأديان والمذاهب المعاصرة)[1] بەڕاشکاوەتر دامەزرێنەرومێژووەکەی دەستنیشانکردووەو گوڵیە لە (٤٤ ز) شای ڕۆمان (هیرۆدس ئەکریا) دروستی کردوون بەهاوکاری ڕاوێژکارە یەهودیەکان، هەشە پێی وایە لە سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەورووپا دروست بووینە، بەشێکی زۆریش هەیە پێی وایە ماسۆنییەت هەر گۆتەیەو ڕاستەقینەی نی یە،

[1] لە ماددەی (الماسونيه) سەرنج بدە .

سەربردەو هۆی دروست بوونی:

لە لایەن ئەوانەی کە پێیان وایە ماسۆنی یەت بوونی ڕاستەقینەی هەیە بەبێ لایەنی دەیتوێژنەوەوای بۆ دەچن کە لە بنەچەدا خەڵکانێك بووینە پیشەیەکی تەکنیکی سەرەتاییان هەبووە، ئەو پیشەیەش لەلایەن دەسەڵاتدارە کۆمەڵایەتی یەکان بەرەبەرەکانی کراون، بۆیە ئەوانە پێویستیان بە پارێزگاری هەبووە لە دەسەڵاتی دەرەبەگو ئاغاو سەرەك خێڵەکانی ئەو سەردەم، بۆ ئەو مەبەستە ڕێکخراوی (ماسۆنیان) دروست کردووە لە سەدەی (١٣) لە پەنای کنێسە، بەناوی (ماسۆن) واتە بیناکەر، لەوشەی (froacs-masone) هاتووە واتە (البنـاؤون الأحرار) (بیناکەرە ئازادی خوازەکان)، گوایە ئەو ناوە وێنەی ئەو جوولەکانەیە کە لە بابل گەڕانەوە بە دەستێك شمشێرو بە دەستێکی تر ئامرازی بیناکردنیان هەڵگرتبوو، لەناو فۆلکلۆری کوردیش ئەو ناوە نامۆ نی یە بە سەلبی هەیە کاتی وەسفی یەکێك بە خراپەو فێڵبازو ڕقەستوور دەکرێت پێی دەڵێن (ئەو فەرماسۆنە).

یەکێ لە ئامانجەکانیان دروستکردنەوەی پەیکەری (سلێمان) لە قودس، هەرچەندە تا ئێستا گەڕاونو دەگەڕێن بە دوای ئەو پەیکەرە لە قدس نەدۆزراتەوە، بۆیە تا ڕادەیەکی زۆر هاوبەندن لەگەڵ (زایۆنی)، بەو شێوەیە شان بە شانی دەسەڵاتی سیاسی ئەوان لە پەنای دەسەڵاتی (ناسیاسی) هاتوون، جێ پەنجەیان لە زانستو فەلسەفەو ئایدۆلۆجیاو تیۆرە سیاسی یەکان هەیە، لەدوای وەرگەڕانی کنێسە بۆ شۆڕشی پیشەسازی، بارەکانیان ئەوجارە کەوتەوە ژێر پەردەی کۆمپانیاو خستەخانەو بیناکانی حوکومەتی ستراتیژی، تا دەگاتە ڕێکخراوە خێرخوازو دەزگا جیهانییەکانی تری مرۆڤایەتیو زانستیو تەندروستیو منداڵ پارێزی ... هتد، لەوەوە تێڕوانینێکی گومانـاوی خستی ڕەسمیو نارەسمی بە زیادەوە دروست کردووە لەسەر دیاردەو ڕووداوو هەڵوێستەکانی جیهانی، بە سەلبیو ئیجابی یەوە، ئیتر تیۆری (گومان، پیلان،

سیناریۆ ...) ..وەك نەخۆشی بەشێکی زۆری ڕوشەنبیرو سیاسەتمەدارانی جیهانی سێیەم بەگشتیو جیهانی ئیسلامی بەتایبەتی گرتۆتەوەو گومان لە هەموو شتێك دەکەن، جاروایە گومان لە هەڵوێستو ڕووداوی ڕاستەقینەش دەکەن، ..ڕەنگە ماسۆنی یەتیش مەبەستی بێ کە گومان دروست بکا.

ئینتیماکردنی:

بەپێی هەندێ لەوانەی کە لەو ڕێکخراوە بوونە ئەوا ئینتیماکردنی ماسۆنی یەت بە سەرەتای (غسل دماغ)و شێوە ڕێوڕەسمێکی سوێندخواردنەوە دەست پێدەکات، بە پێی (قاموس السیاسة) بوونو گەشەکردن لەنێو ماسۆنییەت هەتا ٣٢ پلەی دەبڕی، ئینجا لە کۆتایی (٣٣) پلە، کە دەبێتە (مامۆستای مەزن- یهوذا)، دەڵێن ئەوانەی تا ئێستا گەیشتوونە ئەو پلە جوولەکەن، وەرگرتنیشی لەشێوەی تاك تاكو بە کۆمەڵیشە، گوایە سەرۆكو پاشاش ڕێك دەخا لەو ماسۆنیەتە، هەندێ سەرچاوەو فەرهەنگ ئەو زانیارییانەیان کۆکردۆتەوە کە بە پوختەیی لێرە تۆماری دەکەین :-

- دروشمیان: (یەکسانی، برایەتی، سەربەستی)یە.
- یەکەم بارەگای نهێنیو لەژێر پەردە لە ١٧١٧ز لە بەریتانیای کردەوە.
- دوایی لە ئیرلەنداو ئیسکوتلەنداو ئەمەریکاو ئەورووپا کردەوەو لەگەڵ شەپۆلی ئیمپریالیزمیش بە جیهاندا تەنینەوە، ژمارەی ئێستای بە (٣٠٠٠٠) زیاتر لە قەڵەم دراوە.
- بە دژە ئاینو لایەنگری ئاینییش لەقەڵەم دراون، بەڵام ڕەنگە بە پێی پێویست هەردوو دەور ببینن.
- هەندێك ژمارەی ئەندامانیان ئامارکردووە تا کۆتایی سەدەی ڕابردوو بە (٦) ملیۆن، بەڵام دوای ڕووخانی (سۆڤیەت) زیادەکەیان لە ئەندازە دەرچووە.

- ١٣ سەرۆکی ئەمەریکی بە ماسۆنی تۆمارکراون، گوایە زۆربەی دامودەزگاکانی ئەمەریکاش بە ماسۆنی پڕکرایتەوە.
- یەکەم بارەگای نهێنی بەناوی (محفل فلسطين) لە بەیروت لە ساڵی ١٨٦٢ کرایەوە.
- لە بەسرەش لەگەڵ هێزی بەریتانیا لە ساڵی ١٩١٤ز کرایەوە.
- زۆربەی چالاکیو بەرهەمەکانی عەلمانییەتی جیهانی ئیسلامی لەلایەن بەشێك لە زانایانی ئایینی بە دەستی ماسۆنییەت لەقەڵەم دراون ...
- وادیارە لە سەروبەری شکستی جیهانی ئیسلامی لە کۆتایی سەدەی (١٩) هەندی لە ناودارانی ئیسلامیش پەیوەندیان پێوە کردووە، لەوانە جمال الدین الافغانی، محمد عەبدە ..گوایە کاتێ بە ماهیەتەکەیان زانیوە وازیان لێ هێناوە، بەڵام سوڵتان عبدالحمید هەر بە گوماناوی دەینواڕیە ئەو زانایانە.

بەپێی ئەو سەرچاوانەو سەرچاوە نزیکەکانی ماسۆنییەت دەڵێن: زۆربەی ڕووداوە گرنگەکانی جیهان لە دروستکراوی ماسۆنییەتە لەوانە:- ڕابوونی ئەوروپی، شۆڕشی فەرەنسی، شۆڕشی ئۆکتۆبەرو شیوعییەت، سەربەخۆیی ئەمەریکا، هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت، جەنگەکان، سایکس بیکۆ .. تا دەگاتە دروستبوونی دەزگا جیهانییەکانی وەك (عصبة الامم و un) ... دەیانەوێ بڵێن مێژوو لەلایەن ماسۆنییەتەوە وێنە دەکرێو دادەڕێژرێ.

دەبێ بزانین لەولاشەوە بەهەمان تەوژم لە (پرۆتۆکۆل حکماء) پروپاگندەی لەو شێوەی تیایە هەر بەوەندەش نەوەستاوەو دەڵێ: هەر لە شیوعییەتو شۆڕشی فەرەنساو ئۆکتۆبەر ...هەتا ڕێکخراوی ماسۆنییەتیش دروستکراوی ئێمەیە، ئەوەی زیاتر هانی ئەو گومانە دەدات هەندێ لایەنی هاوبەشی ماسۆنییەتو زایۆنییەتە لە لایەكو لەلایەکی تر ئەو دەزگاو دیاردە کۆمەڵایەتییانەیە، هەر بە نمونە دروشمی ماسۆنی بریتیە لە (یەکسانی- برایەتی – سەربەستی)* دەبینین

* لە کتێبی (جمهورية افلاتون)یش ئەو دروشمە(سەربەستی و یەکسانی) بەدی دەکرێ.

دروشمی شۆڕشی فەرەنسی سێکوچکەی (سەربەستی – برایەتی - یەکسانی)، دروشمی (ئیتیحادو الترقی)یش خەلافەتیان داڕوخاند پریتی بوو لەو سێکوچکەیە (یەکێتی – سەربەستی – چاکسازی)، دروشمی (حزب البعث) یش (یەکێتی- سەربەستی - سۆشیالیستی) ...، لە پروتوکولات حکماء صهیون دەڵێ: هەموو ئەو دروشمانە لەلای ئێمە دروست دەکرێ، ئەو وێکچوونە گومان دەخاتە سەریان بۆیە لە هەڵبژاردنی وەها دروشمێك جاروایە بێئەوەی ناگاداربیت ئەو گومانە دروست دەکەی، هەرچەندە ئەوە مەرج نیە، چونکە دروشمی (إخوان المسلمين)یش سێکوچکەیەك بووە (ڕاستی – هێز، سەربەستی)، دروشمی (ژ ك)یش بریتی بوو لە (حەقیقەت، کوردایەتی، تەمەدون) دروشمی (یەکگرتوو)ش ئەو سێ کوچکەیەیە، بەڵام دیسان ئەوەش بواری بە هەندێ گوماناوی داوە ئەوانەش لەو پۆلە ڕیز بکا، ... ئەوەش زۆر ڕوونە بە مەبەستی شکاندنی دەروونی بەرامبەرەکەیە تاوای لێ بکات گومان لە دەوروبەرو سەروو خوارووی خۆشی بکا، باوەڕی بە (ڕاستی) نەمێنێت ...کاریگەرییەکی سەلبی زۆری هەیە وای کردووەو وابزانری ماسونیەت ئەوەندە بەهێزە شایستەی بەرگری نیە، چونکە لە کۆنەوە تا ئێستا ڕێبازە چەوتەکان تەنها سوودیان لە تێکەڵبوونی ڕاستیو چەوتی کردووە، سودیان لە (گومانو چەواشە)وەرگرتووە، بەهۆیەوە توانیویان زیاتر ڕای گشتی هەڵخەڵەتێنەر دروست بکەن، هەر ئەوەشە لەو سەردەمە خۆراکی مانەوەی سیاسەتی میکاڤیلی بەرامبەر سیاسەتی ڕاستی، لێرەدا بەشێکی تریش پێیان وایە ئەو ڕێکخراوە بوونی ڕاستەقینەی نیە تەنها ڕاگەیاندنێکی داڕێژراوە لە پەنای وەها ناوێکی خەیاڵی کارە تێکدەرانەکەی خۆیان لە دژی جەمسەری بەرامبەر دەکەن.

لە ڕاستیدا بوونی ڕاستەقینەی ماسۆنی یا نەبوونی لەگەڵ پروپاگندە زلەکانی پرۆتۆکۆلیش دەبێ بزانین پلانو سیناریۆو ستراتیژییەتی داڕێژراو هەیە لە دژت، دروستکردنو داتاشینی بیروبڕواو کەسێتی هەیە، بەڵام هەر یەکە لەوانە نیشانەی

خۆی هەیە، با لە خۆمانی ئاڵۆز نەکەین، ڕەنگە وەها ڕێکخراوێك هەبێت بەڵام ئەو دەسەڵاتەی نیە، بەتایبەتی لە هەندێ نووسینو بیروەری کەسانی ناودار کە ماوەیەك کاری نهێنیان لەگەڵ ماسۆنییەت کردووە دوای وازیان هێناوە، لەوانە (یوسف الحاج) کە کۆمەڵێك نهێنی لێ ئاشکرا کردوون لەبارەی هاریکاری ماسۆنییەت لەگەڵ زایۆنی دژ بە جیهانی ئیسلامیو جیهانی سێیەم .. هەتا مەسیحییەتی ڕاستەقینەش، هەرچەندە بەشێك، ئەو بیروەریو دان پیاهێنانەش بە بەشێك لە (سیناریۆ) دەزانن، بەڵام لە سەرجەمدا مانای وایە ئەو ڕێکخراوە کاریگەری لەو جیهانە هەیە، واتە هەیە، ئەوە لە ڕێساکەی (دیکارت)یش زیاتر، کە دەڵێ: (من مادام بیر دەکەمەوە واتە هەم) .. لێرە مادام کار لە جیهان دەکات واتە هەیە: بەڵام بەپێی قەبارەی خۆی بوونەکەی بۆ دیاری بکەی.

- بۆ زیاتر سەرنج بدە :
  ١- موسوعة الأديان .
  ٢- أساطير المؤسسة..روجيه غارودی.
  ٣- موسوعة السياسية.
  ٤- پرۆتۆکۆل الحکماء.

زاراوە سیاسیەکان

* بەشی ڕابردووو بریتی بوو لە چەمکە سیاسیەکان (مفاهیم سیاسیة- polical conept) ئەگەر چی گەلێ جاریش بۆ سادەکردنی گوزارش بە زاراوەش ناوزەد دەکرین، ئەگینا لێرەوا ڕێکەوتین کە ئەو زاراوانەی ڕای جیا جیا هەڵدەگرێو قووڵاییەکی فکریو فەلسەفی هەبێت بە (چەمك) ناومان بردن، ئەوانی تریش کە پێناسی جیا جیاو بۆچوونی جیا جیای زۆر لەسەر نیە بە (زاراوە) ناوی دەبەین، وامان چەمك پۆلێن کرد، کە زیاتر لە (ڕێباز) نزیکە، کەچی (زاراوە) لە (زانست) نزیکە.

* لەنێو ئەو هەموو زاراوانە تەنیا دەتوانین ئەو زاراوانە هەڵبژێرین کە:

١. لێرە زۆر دوبارە دەبێتەوەو خەڵکی پێویستی پێ هەیە.

٢. ئەو زاراوانە کە لە خزمەتی چەمکەکانو تێگەیشتنو زانیاری بۆ یەکتر تەواو دەکەن.

* هەڵبەتە ئەوانەش بە کورتو پوخت تر باسێکیان دەکەین .

(١)

ڤیتۆ حق النقض VETO

وشەیەکی کۆنی لاتینییە بە مانای (قایل نیم)، پێش تر بۆ یەکەم جار لە (ئەنجومەنی مورحەلفین) لە دادگاکان ئەو مافەیان هەبووە بەناوی (ڤیتۆ) بەکاریان هێناوە بۆ تێهەلچوونەوە لە دادگاکان هەروەکو ئێستاش، بە گشتی لە مێژوودا ئەو مافە دەسەڵاتێکە زیاتر بۆ کەسانی بنچینەیی یان نوێنەری زل هێزو خاوەن دەسەڵاتیك بووە لە ئەنجومەنە دەڤەریی وجیهانییەکانیش، هەندێ پادشا ئەو مافەیان لە وڵاتەکەی خۆیان پێ دراوە لەوانە پاشای بریتانیا کە بە پێی (القاموس السیاسي) لە ساڵی ١٧٠٧ ز وە ئەو مافەی بەکار هێناوە، بە هەمان ماهیەت لە جیهانی ئێستا بە رەسمی و بە پێ یاسایی ئەو مافە تایبەتو چەسپاوە، هەندێك بە راستەوخۆ بەشێکیش بە ناراستەوخۆ، بەشێکە لە درێژکراوەی مافی تایبەت بۆ خەڵکی تایبەت لە چوارچێوەی یاساو نەریتە نەفامیەکان، لەو سەردەمەش (ڤیتۆ) زیاتر بەدەسەلاتی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش دەگوترێ کە مافی هەڵوەشاندنەوەی بریاریان هەیە، ئەنجومەنی ئاسایش لەئەندامیەتی (١٥) وڵات پێك دێت، هەر ٢ساڵ جارێك هەڵدەبژێرین لە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، کاری جێ بەجێ کردن دەبینن بۆ بریارەکانی (UN)، واتە ئەنجومەنی ئاسایش لایەنی راپەراندنی نەتەوە یەکگرتوەکانە، پێنج ئەندام هەمیشەیی ئەندامن لەو ئەنجومەنە بێ ئەوەی ئەو هەلبژاردنە بیان گرێتەوە، ئەوانەش بریتین لە (ئەمریکا، بریتانیا، فرنسا، روسیا، چین) بە پێ ی مادەی (٢٧) لە بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتوودکان مافی ئەوەیان هەیە هەریەکە بەیەك لایەنی بریارێکی (ئەنجومەنی ئاسایش) هەڵوەشێنێتەوە

به‌هۆی به‌کارهێنانی ئه‌و (ڤیتۆ)یه‌[1]، به‌ پێی (قاموس المصطلحات السياسية والدستورية والدولية) له‌ ساڵی ١٩٤٦-١٩٩٢ سه‌رجه‌م ڤیتۆکانی به‌کارهاتوو به‌و شێوه‌یه‌ بوو: یه‌کێتی سۆڤیه‌ت ١١٤ جاری به‌کارهێناوه‌، ئه‌مریکا ٧٩ جار، به‌ریتانیا ٢٩ جار چین ٣ جار، فه‌ره‌نسا ١٨ جار.

هه‌نجه‌تی ئه‌و مافه‌ ئه‌وه‌یه‌ که‌ تاکو (کۆ ده‌نگ) له‌ بڕیاره‌کان دروست ببێت به‌ پێی کاریگه‌ری ئه‌و وڵاتانه‌و بۆ چه‌سپاندنی ئاشتی، به‌ پێی (قاموس السياسي) ئه‌و وڵاته‌ خاوه‌ن ڤیتۆیانه‌ش مافی به‌کارهێنانی نابێ ئه‌گه‌ر لایه‌نێك بێت له‌ کێشه‌که‌. ئه‌و وڵاته‌ش هیچ تایبه‌تمه‌ندیه‌کی ئه‌خلاقی نیه‌ جگه‌ له‌ هێز نه‌بێت، زۆربه‌ی ئه‌و ڤیتۆیانه‌ش له‌ نادادگه‌ری‌و به‌رژه‌وه‌ندی زل هێزان له‌ دژی وڵات‌و میلله‌تانی هه‌ژار به‌کاردێت، له‌و سه‌رده‌مه‌دا زۆربه‌ی ره‌های ڤیتۆکانی ئه‌مریکا له‌ دژی وڵاتانی عه‌ره‌ب‌و قازانجی ئیسرائیل به‌کارهاتووه‌، ئیتر ئه‌و جیهانه‌ پریه‌تی له‌ ڤیتۆی به‌ ده‌نگ‌و ڤیتۆی بێ‌ده‌نگ له‌ ئه‌نجومه‌نی بچووك‌و گه‌وره‌ به‌کاردێت، له‌ هه‌موو دام‌وده‌زگاو یه‌که‌یه‌کی کۆمه‌ڵگه‌ نادادگه‌ری ماهیه‌تی ئه‌و ڤیتۆیه‌ی ده‌دۆزیه‌وه‌، ئه‌گه‌ر ئه‌و ناوه‌شی نه‌بێت، ئه‌و ڤیتۆیه‌ له‌ بنه‌چه‌دا مانای به‌ده‌رو له‌ سه‌رووی یاسا، واتای بانێك‌و دوو هه‌وا، واته‌ یاسا به‌ یه‌کسانی هه‌موان ناگرێته‌وه‌، ئه‌وه‌ش له‌گه‌ڵ زۆربه‌ی به‌ڵگه‌نامه‌ مرۆڤایه‌تیه‌کان ناته‌بایه‌ به‌تایبه‌تی به‌ندی (٧)ی جارنامه‌ی مافی مرۆڤ، که‌ ده‌ڵێ: (هه‌موو که‌س یه‌کسانه‌ له‌ به‌رامبه‌ر یاسا.......)[2]، هه‌روه‌ها له‌گه‌ڵ بنه‌ما یاساییه‌کانی جیهان (مساواة الدولية) که‌ تیایدا هاتووه‌ (تنص مادة (٢) منه على ان: تقوم الهيئة على مبدأ المساواة في السيادة بين جميع اعضائها)، له‌ (عصبة الأمم) کاتی خۆی به‌ ڕوونتر هاتبوو: (أن الاعتراف بحقوق واجبات واحدة لجميع الدول من مبادئ اساسية التي

١ (موسوعة العالمية)، ب ١٧، ل ٦٤٧.

٢ بروانه‌ جارنامه‌ی (مافی مرۆڤ).

تقوم عليها عصبة)[١]، لە فکری ئیسلامیو فەرهەنگەکانیدا جێگەیوەها زاراوەیەك نەبووەو نیە، بە دوو تەرازووو دوو ڕووی یاسایی نەفامی ناوزەد کراوە، هیچ کەسو هێزێك لە سەرووی شەریعەت نیە، ئەوەش بەوردی لەو ڕووداوەی دزیەکە دەدرەوشێتەوە، کاتێ یەکێ لە ئەشرافەکان دزی کردبووو خەڵکێکی ماستاوکەر داوایان لە پێغەمبەر ﷺ کرد کە لەوە ببورێ شەریعەتی بەسەر جێبەجێ نەکرێ چونکە لە ئەشرافەکانە، پێغەمبەر ﷺ زۆر بە توندی ئەو داوایەی ڕەت کردەوە ئەو فەرموودە بەناوبانگەی کردە دروشم: (ئەگەر فاتیمەی کچی محمدیش دزی کرد دەبێ دەستی ببرێ). چونکە یاسای بەشەریەت لەرزۆکە لە مێژووو ئێستاش کێی بەهێز بێت هەردەم ڤیتۆی هەیە، بە پێی زنجیرەی دەسەڵاتو هێزی، هەر لە بوارە جیهانیەکان تا ئیقلیمیو دەفەری خۆشمان، زەقترین نمونەی نزیك، ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ بە (ڤیتۆ) ئەنجامەکەی ڕەت کرایەوە، وترا (من قایل نیم)، چونکە هێزیشی هەبوو، قایل نەبوونەکەی ئەنجامی هەبوو، لە هەڵبژاردن دەنگی میللەت کرا بە ڕێکموتن (تەوافوق).

---

١ القاموس السياسي- ل ١١٧٢.

(٢)

نەتەوە یەکگرتووەکان   أمم المتحدة   UN

دەزگایەکی جیهانی گشتیە، پێك هاتووە لە نوێنەری وڵاتە سەربەخۆکان، هەرچەندە ناوی نەتەوە یەکگرتووەکانە، بەڵام وەك ڕاستی زیاتر دەوڵەتە یەکگرتووەکانە نەك نەتەوە، چونکە نوێنەری هەمو نەتەوەیەکی تیانیە بەپێی ئاماری (القاموس السیاسی) نزیکەی (٣٠٠٠-٥٠٠٠) نەتەوە هەیە کە ژمارەیان لە ملیۆنێك زیاترن‌و زمانی تایبەتی خۆیان هەیە، کەچی نوێنەری وڵاتان ١٩١ ئەندامە، هەرچەندە هەموو دەوڵەتێکیشی تیا نیە لەوانە (سویسرا) تا ئێستا ئەندام نیە لێی، لەو ماوەیە دیسان ئەندامی نوێی بۆ زیاد بووە دوا ئەندامی تا کاتی ئەو نوسینەدا تەیموری خۆرئاوا بوو، بەڕەسمی بوو بە ئەندام لێی لە مانگی ٢٠٠٢/٩ بە ژمارەی (١٩١)یەمین ئەندام، هێشتا بوار هەیە زیاد بکا...، زمانی ڕەسمی (ئینگلیزی، فەرەنسی، ڕوسی، چینی)یە، بەڵام زیاتر ئیش بە زمانی ئینگلیزی‌و فەرەنسی دەکرێ، بارەگاکەی لە نیویۆرکە بە پێی بەڵگەنامەیەکی دەستوری کە پێکهاتووە لە (١٩) بەش‌و ١١١ مادەو دیباجەیەك کە نیازەکەی ئەو دەزگا دەردەخا لە بنچینە ئەخلاقی‌و ئاشتی‌و دادگەری‌و سەربەخۆیی گەلان، بەشەکانیش بریتیە لەو دەزگایانە (١ـ ئەنجومەنی گشتی. ٢ـ ئەنجومەنی ئاسایش. ٣ـ ئەنجومەنی ڕاسپاردەی ئابووری. ٤ـ دادگای لاهای ٦ـ سکرتاریەتی گشتی. ٧ـ ئاژانسە پسپۆڕەکانی تر[1]).

کارو فەرمانی بنچینەیی، ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی نێو دەوڵەتیە، ئاشتی‌و هاریکاری‌و پابەندی بە یاسایی‌و ڕێکەوتنەکان‌و سەرهەڵدانی ناکۆکیەکان، دەتوانین بڵێین حکومەتێکی جیهانیە، هەڵبەتە ئەو فکرەیەش لە بنەچەدا لە

---

[1] بۆ زیاتر سەرنج بدە: أ- موسوعة السیاسیة ب- دیباجة بیان المنظمة .

جیهانیه‌تی په‌یامه‌كان هاتووه، به‌لأم وه‌ك په‌یڕه‌وی به‌شه‌ری له كاتی پێویسته‌كان‌و گه‌شه‌ی كۆمه‌ڵ دەیسه‌پێنێ، ئه‌وه‌ش سه‌ره‌تایه‌كی ڕاسته‌وخۆی عه‌ولەمه‌یه، په‌یڕه‌وكردنی یاسای (هه‌ڕه‌م)ه كه له ژیان‌و سروشت‌و گه‌ردوون به‌كاره، بۆیه به پێی فراوانی گه‌شه‌ی كۆمه‌ڵ وه‌ها ده‌زگایه‌كیش زیاتر پێویست ده‌بێ كه بناغه‌كه‌ی له‌وه ده‌بێ: (اذا كنتم ثلاثة فأمرو أحدكم) هه‌روه‌ك له چه‌مكی (سه‌ركرده) دیاریمان كرد، هه‌موو كۆمه‌ڵه تاكێك له ژیانی كۆمه‌ڵایه‌تیدا پێویستیان به یاساو جێبه‌جێ كردن‌و سزاو پاداشت ته‌رازووو پێوه‌ر هه‌یه له لایه‌ن ده‌زگایه‌كی سه‌رووتر، ڕه‌نگه كۆمه‌ڵگه‌ی په‌رت‌و بڵاوی جاران كه‌متر پێویستی به ده‌زگایه‌كی وا باڵا هه‌بووبێت، به‌لأم له دوای گه‌شه‌ی ته‌كنیك‌و په‌یوه‌ندی‌و سه‌ربازی‌و ئابووری‌و بازرگانی، ... له‌لایه‌ك‌و له‌لایه‌كی تر زیاتر گه‌شه‌ی عه‌قلی به‌شه‌ری ویژدانی مرۆڤایه‌تی‌و به‌ها باڵاكانی مرۆڤ كه یه‌كێك بووه له ئامانجه‌كانی په‌یامی ئایینی ... ئه‌وا به‌ره‌به‌ره پێویستی زیاتری هه‌مه‌لایه‌ن به ده‌زگایه‌كی جیهانی‌وا ده‌بێت له بواره‌كانی سیاسی، ئابووری زانستی، یاسایی، مرۆڤایه‌تی، ... ئیتر تۆڕه‌ی ڕێكخراوی جیهانی له شێوه‌ی مافی مرۆڤ پزیشكانی بێ سنور، مافه‌كانی تری چین‌و توێژه‌كانی جیهان ...

مه‌رجه‌كانی بوون به ئه‌ندام: ئه‌و مه‌رجانه له سه‌رده‌می (عصبة الامم)و دوایش له (امم المتحدة) هه‌رلێك نزیك بوو، مه‌رجه‌كان له پاره‌گرافی (١)ی ماده‌ی (٤)و هه‌روه‌هاش له ماده‌ی (٥٢)ی میساقه‌كه‌ش هاتبوو، بریتین له:

١- بۆ هه‌موو ده‌وڵه‌تێكی ئاشتی په‌روه‌ر به یه‌كسانی.

٢- بتوانێ پابه‌ند بێت به میساق‌و بڕیاره نێو ده‌وڵه‌تیه‌كانێ.

٣- پێویسته له كۆی ١٠ ئه‌ندامی ئه‌نجومه‌نی ئاسایش (٩)ی لاگیر بێت بێجگه له ولأته خاوه‌ن ڤیتۆكانیش- له عه‌صبه‌ی پێشوو ئه‌و مه‌رجه وا هاتبوو كه (٣\٢)ی ئه‌نجومه‌نی (عصبة) لاریان نه‌بێ.

٤- سەرەڕای ئەو مەرجە سەرەتاییانەی وەك: بوونی هەرێمو گەلو دەسەڵاتی سیاسیو سەروەری هەرێمو بوونی ئیرادەی بوون بە دەوڵەت ....

ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە مەرجی یەکەمی مادەی (٤)ی سەروو دەبینین باس لەوە دەکا هەر دەوڵەتێك دەتوانێ ببێتە ئەندام ... ئەوەش گیروگرفتی یاسایو بگرە ناکۆکی یاسایشی تێدایە چونکە باس لەوەرگرتنی دەوڵەت دەکا نەك گەلێك یاخود دەسەڵاتێك، بەڵام دەڵێن مەبەست لێی هەر دەسەڵاتێك کە لەسەر خاکی خۆی مومارەسەی دەسەڵات بکا بە دەوڵەت حیسابە، بەڵام هەمووش بەو لێکدانەوە قایل نین، کەچی بەردەوام ژمارەی ئەندام زیاد دەکا ئێستا دوانەندامی مۆنتینگرۆ بوو ژمارەی گەیشتە ١٩٢ کەواتە پێوەری ڕاستەقینە ئەوەیە:

أ- بە شانوباڵی خۆت هەوڵدەی.

ب- ئەو دەوڵەتەی داگیری کردووی بە پێیویژدانی مرۆڤانەو بە یاسایانە ئازادت بکا.

ح- یان ڕاستی ئەوەیە هەردەمەکی وڵاتە زل هێزەکان ئیرادەیان لەسەر بێت دوو لەت بوون دەبێت.

سەربردەی نەتەوە یەکگرتووەکان:

لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم لە ساڵی ١٩٢٠ لە پەیاننامەی فرسای بە هۆی ئەو هەموو گیروگرفتو هەژانەی جیهان ئەنجومەنێکی جیهانی دانرا بەناوی (عصبة الامم) بارەگاکەی لە سویسرە بوو، ئەو بیرە کۆنە لە بیری ئایینی جیهانگیری وەرگیراوە، ئەو پێشنیارە لە دوای جەنگی سی ساڵە - کە لە ویستیفالیای ١٦٤٨ کۆتایی هات- کرا، دوای ئەمانوئیل کانت لە کتێبی (نحو السلام العالمي) ئەو پێشنیارەی کردەوە، لە سەرەتای سەدەی بیستەمیش جنرال سمتیس پیش نیاری کردەوە، تا لە کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم ١٩١٤-١٩١٨

له لایەن ویلسون سەرۆکی ئەمریکی لەمیانەی ١٤ بنەماکەی خاڵی چواردەمی پێشنیاری کۆمەڵەی نەتەوەکانی کرد، له فرسای بریاری پێکهێنانی درا، بەڵام لەپێش جەنگی جیهانی دووەم زۆربەی وڵاتەکانی لێ کشایەوەو هەڵوەشایەوە بە تایبەتی کاتێ زۆر بە ناپاسایانە ئیتالیا حەبەشەی داگیر کرد، سەرلەنوێ لە ساڵی ١٩٤٢ چەندین کۆبونەوە کرا بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنێکی نوێ لە مۆسکۆ دوای لە دیرتون، تا لە دوای جەنگ لە ١٠/٢٤ /١٩٤٥ بە ئامادەبوونی (٥٠) وڵاتی[١] هاوپەیمانانو لایەنگرانیان لە (سان فرانسیسکۆ) بڕیاریان لەسەر (بەڵگەنامەکانی)داو لە ١٩٤٥/١٢/٢٤ مۆریان کرد، نەتەوە یەکگرتووەکان لێ دروست بوو، ئەو ناوەش لە پێشنیارەکەی سەرۆکی ئەمریکی فرانکلن رۆزفلتە، هەمان ئەو مێژووەش یادی دامەزراندنی، ... یەکەم ئەمینداری گشتی بۆ ماوەی ٤ ساڵ بۆ دوو دەورەش:

١- (تریجیفی) نەرویجی بوو لە ١٩٤٦ هەتا ١٩٥٣.
٢- هامرشۆ لە (١٩٥٣- ١٩٦١ سویدی).
٣- تویانت ١٩٨١-١٩٧١ بۆرمی بوو .
٤- کورت ڤالد هایم ١٩٧٢-١٩٨١ نەمساوی بوو.
٥- بیدس دیکویلار ١٩٨١- ١٩٩١ پیرۆیی بوو.
٦- بطرس غالی ١٩٩٢- ١٩٩٦میسری بوو تەنها یەك دەورە هەڵبژێردرا.
٧- کوفی عنان لە ١٩٩٦-٢٠٠٧ غانایيە.
٨- بانکی موون ٢٠٠٧- ؟

پێك هاتووە لە سێ بەشی سیاسی سەرەکی:

---

١) (٥٠) وڵاتەکەش ئەمانەن: ئەرجەنتین، ئوستالیا، بۆلیڤیا، ڕوسیا، کەنەدا، شیلی، کۆلومبیا، کۆستاریکا، تشیکۆ، سلوڤاکیا، دومنیکان، ئەکوادور، سلڤادور، ئەسیوبیا، فەرەنسا، یۆنان، گواتیمالا، هایتی، هندوراس، هیند، عێراق، ئێران، لوبنان، لیبریا، لیکسمبورگ، هۆلەندا، نیوزلەندا، نیکاراگوا، نەرویج، پاراگوای، فیلپین، میسر، سعودیە، خوارووی ئەفریقا، تورکیا، ئوکرانیا، یەکێتی سۆڤیەت ئورگوای، ڤەنزەویلا، یوگوسلاڤیا، پۆلەندا ژمارەی (٥١)ی تەواو کرد.

١- ئەنجومەنی گشتی وەك دەزگای یاسادانان .

٢- ئەنجومەنی ئاسایش کە پێکهاتووە لە (١٥) ئەندام، (١٠)ی هەردوو ساڵ جارێك هەڵدەبژێرێن لەلایەن ئەنجومەنی گشتی، (٥) ئەندامی هەمیشەیشی بریتین لە: (ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، روسیا، چین) لەگەڵ مافی ڤیتۆش، ئەو ئەنجومەنە جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی گشتیە.

٣- دادگای لاهای (دادگای جیهانی): زۆر لە کۆنەوە ئەو فکرە هەیە لە ساڵی ١٩٢٠ لەگەڵ عصبة الامم (کۆمەڵەی نەتەوەیی یەکەم) دروست بووە، لە ١٥ قازی پێك هاتبوو بۆ ماوەی ٩ ساڵ هەڵدەبژێرا، لە ساڵی ١٩٤٥ لەلایەن (نەتەوە یەکگرتووەکان) بە دەزگای قەزائی ڕەسمی ناسراوە، بووە بەشێکی گرنگ لێی، ئامانجی ئەو دادگایە بڕلێك کردنەوەی جەنگو ناکۆکیەکانە، دەزگایەکی مرۆڤانەیە لە مەبەستدا، بەڵام ئەو ئەنجومەنانەش وەك ئەنجومەنی کۆنو عەوامی دیوەخانەکان خۆ لەڕاستیو هەق گۆتن دەبوێرن، بڕیارو هەلوێستەکانیان تا ڕادەیەکی زۆر (بانێکەو دوو هەوا ... الکیل بالمکیالین) پێوە دیارە، زیاتر یاساو بڕیارەکان لە قازانجی زل هێزو ولاتە دەوڵەمەندو داگیرکەرانە، کەمتر بۆ میللەتو زەحمەتکێشانو داگیرکراوەکان بووینە، هەتا لە دروستبوونی ئەو دەزگایەش ئەو لاریەی تیا بووە نەتەوەکان ئەندام نەبووینە کیانە سیاسیەکان ئەندامن، واتە دیفاکتۆیی بووە، بۆیە سکاڵای میللەتانی بێ دەوڵەت ناخوێندرێتەوە وەك میللەتێکی کوردی ٤٠ ملیۆنی کەچی دەوڵەتی چەند هەزاری هەیە دەنگو ڕەنگی خۆی هەیە لەوێ، نوقستانی بنەڕەتی ئەو ئەنجومەنە نەبوونی دادگەریە بە بڕیارو هەلوێستو تەشریعەکانەوەش، هەتا لە وەرگرتنی ئەندام دەبوایە کۆمەڵێك مەرجی مرۆڤایەتی دادگەریو ئازادی تیا بوایە بە لایەنی کەمەوە وەك ئەو مەرجانەی (یەکێتی ئەوروپی) چۆن مەرجی هەیە وا تورکیا وەرناگرێ، بەو شێوە دەبینین بێ هیچ بەرگریەك هەموو ئەو ولاتانەی کوردیان بەسەر دابەش کراوە لە ساڵی

١٩٤٥ یەکسەر بوونە ئەندام هەرچەندە بەشێکیان لەوانە (عێراق) بە پێی بەڵێنی ئینتدابیو رێکەوتنی لە کێشەی موصل ١٩٢٥و بەڵێنامەکانی وەرگیرانی لە (کۆمەڵەی نەتەوەکان) لە ١٩٣٢... کە رەچاوی مافی کورد بکا ئەو مەرجەی بەجێ نەهێناو پێشێلی زۆرێك لەو رێکەوتنە جیهانیانە کراوە، دەریش نەکران لە ئەنجومەنی گشتی، یاخود بەلای کەمی دووبارە لە نەتەوە یەکگرتووەکان پێیان نوێ بکردابوونایە، بەهەمان شێوە ئیسرائیلیش لە ١٩٤٩/٣/١١ بوو بە ئەندامو بە ئەندامێکی ئاشتیخوازیش وەسفی کرا، زۆر وڵاتی تری رەفتار فاشیو درندە لەگەڵ میللەتانی خۆی بوونە ئەندام لە مێژووی دروستبوونی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەرکردە کوردستانیەکان زۆر هەوڵی پەیوەندی پێ کردن بووینە، بێ هودە بووە، جار وابووە بە مەسروفێکی زۆر دەوڵەتێکی تریان لە دوور قایل کردووە، کە باسێکی کورد بکا لەو ئەنجومەنە، شین گێڕیش وەك جەرگ سووتاونیە.

لە دوای هەڵوەشاندنەوەی سۆڤیەتی جارانو سەرهەڵدانی تاك جەمسەری لە ١٩٩١ دەسەلات بە ئەمریکاو هاوپەیمانی درا لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان بە زەبری هێز عێراق لە کوێت دەربکەن بەناوی (گەردەلولی بیابان- عاصفة الصحراء) لە ١٩٩٢، دیسان دەسەلاتی درایە بچێتە سۆمال بەناوی (اعادة الامل) لە کۆسۆڤاش لە ١٩٩٩، ئەفغانستانیش لە ٢٠٠١-٢٠٠٢، .. گرتنی عێراقی ٢٠٠٣ بێ بڕیاری یاسایی نێودەوڵەتی بووە هەریەکە لە بڕیاری ٦٨٨و هێڵی ٣٦ دڵنیا لە ساڵی ١٩٩١ بۆ یەکەم جار بۆ کورد لەو سەدەیەدا وەها بڕیارێك دەربکەن.

بۆ زیاتر سەرنج بدە :

١ـ موسوعة العالمیة. ٢ـ قاموس السیاسي.

(٣)

فاشی — الفاشية — fascism

وەکوشە لە ڕۆمانی کۆن بەکار هاتووە بە مانای هێزو یەکگرتووی پۆلاینی دەدا، وەك زاراوەش بە پێی القاموس السیاسی، المورد، زۆربەی فەرهەنگەکانی تر لە (فاشیۆ) ی ئیتالی هاتووە، بە مانای باوەشە دارێکی درێژی پێچراو دێت، کە نیشانەی توکمەیی و یەکپارچەی دەدا، دوایی مۆسۆلینی لە حزبی سۆشیالستی نەتەوەی ئیتالیا بە تیۆرێکی سیاسی دایڕشتەوە، تیایدا سەروەریەکی خەست بە مێژووی نەتەوەو سەرکردەکانیان دەداو هەموو لایەکی چالاکی کۆمەڵگەو دەوڵەتی خستە ڕێی خزمەتی نەتەوەیی، ناوەناوە لە کاتی شلۆقیدا وشەی (فاشی) زیندوو دەکرایەوە، دوایی فاشی بەو مانا سەلبیو کارەساتییەی بە بەخەی بزوتنەوەی (مۆسۆلینی) بەسترا لە ئیتالیا، لە سەرەتای سەدەی بیستەمیش دەسەلاتی پێ گرتە دەست .

ئەو بیرەی فاشی لە دوای سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی لەسەر دەستی کۆمەڵێك زانای ڕۆژئاوایی وەك میکاڤیلی، نتچە، هیگل، گوبینو، .. لە ئیتالیاش فکری (گازیبانی، مزینی..) هەروەك زۆربەی فکرەکانی تر، بیری نەتەوایەتیش یەکەم جار زۆر بە تەوژم هات، (هەروەك لە چەمکی نەتەوایەتی) باسکرا ئایدۆلۆژیایەکی ناتەواو نوقستانە، بۆ پڕکردنەوەکەی پەنا بۆ مەدرەسەیەکی فکریو سیاسی بردراوە، بیری نەتەوەی خۆی لە تێزە بۆ سەرکێشی بەرەو ڕەگەزپەرستیو دکتاتۆریەتو عەسکەرتاریەتو تەقدیس کردنی ڕابەرو پێشەوا، جا ئەگەر ئەو بیرە تەواو کرا بە مەدرەسەیەکی مرۆڤایەتی، ئەوا تا ڕادەیەکی چاك ئەو دژواریو توندییەی سست دەکاتەوە، بەرەو عەقلانیەتو مەدەنیەت دەیگێڕێتەوە، بەلام ئەگەر بە مەدرەسەیەکی توندو شۆڕشگێڕی نامرۆڤایەتی تەواو کرا وەك مەدرەسەی سۆشیالیستیەکان یان چەپیەکان یان ئاینێکی نارەسەن ئەوا بزوتنەوەیەکی ڕادیکالی نەتەوەیی توندو پیتێنراو دروست دەکا،

کە هەردەم لە بارێکی ناناساییو هانداندو جۆشوخرۆشی جەماوەری دەبێت لەسەر بنچینەی ورووژاندنی سەروەرییەکانی مێژووی نەتەوەی شانازی بەبابو باپیرانو نیشتیمان ... ئەوانەش تۆخمەکانی فاشین، جا ئەو بزوتنەوەیەی نەتەوایەتی ئەو ناوچە بەشێکی زۆر لە جۆرێك لە (سۆشیالیست) کە ئەستونگەی دکتاتۆریو گۆڕانی توندو تیژە، لە هەموان توندتر (باکونین) دەڵێ: (تەمرتو وێران کردنی هەر واقعێك خێرە)[1]، زاوزێ کردنی بیری نەتەوەی لەگەڵ سۆشیالستی بەناوی (سۆشیالستی نەتەوەیی) یان (سۆشیالستی نیشتمانی) بزوتنەوەیەکی ترسناکی لە شێوەی فاشیونازیوبەعسیو ...هتد بەبەرهەم هێناوە .

لە پێناسی (فاشی)دا (مارتین دودج) چوار پێناسی بۆ سۆشیالی نیشتمانیەکان دەکات:

١. حکومەتێکی شمولی .
٢. پروپاگەندەی دیموکرسیو هەڵبژاردن بە ساختە .
٣. زاڵی حزبایەتی بەسەر مونەسەساتی یاساییو دەستوری.
٤. هەردەم حکومەتی جەنگیو بودجەی بەرگری لە سەرووی هەموان[2].

لە راستیدا بە پێی پێناسو ئەو نیشانانە زۆربەی وڵاتە نەتەوەگەری شمرانیەکان بە جۆرێك لە جۆرەکان فاشی بووینە، هەروەك زۆر لە توێژەرەوەکان هەڵمەتەکانی فەرەنسا بە سەرۆکایەتی ناپلیۆن بە سەرەتای فاشی دەزانن، بەڵام بۆچی وا بەزەقی بە ئیتالیاو (مۆسولینی)یەوە لکا؟ زۆر جار ئەو مێژوونوسو چاودێرانەش سەر چیغو سادەن ئەگینا فاشی هەر لە ئیتالیا نەبووە، لە پاشو پێش ئەوان هەبووە، بەڵام چونکە مۆسۆلۆنی هەمان ئەو هێمایەی فاشی رۆمانی کۆنی کردە دروشم، کە بریتی بوو لە باوەشێك داری بەیەك بەستراو تەوشیەکیش لە سەرویەوە، ئەوەش مانای یەك ریزیو پۆلاینی دەسەڵات دەدا لە سەردەمی رژێم کە بە زاراوە پێی دەووترا (فاشی)، مۆسۆلۆنی هەمان هێمای هەڵگرتو ناوی فاشی پێوە زەق بۆوە، (مۆسولونی) بەخۆییو ئەو ئایدۆلۆژیە فاشیەی بە رەسمی لە

---

١ مبادئ الثورة — باکونین.

٢ اعرف مذهبك - مارتین دودج ل ٧٦.

ساڵی ۱۹۱۹ ڕاگەیاند، لە۳۰/ئۆکتۆبەر/۱۹۲۲ دەسەڵاتی گرتە دەست بۆ ماوەی ۲۱ ساڵ بە تاك ڕەوی یەوەو کارەساتێکی زۆری لە شەڕو شۆڕو دکتاتۆری‌و ماڵ وێرانی دروست کرد، هەتا لە ساڵی ۱۹٤۳ ڕووخا، ... لەم ماوەیەدا ئەو ئایدۆلۆژیە تەنیەوە، بووە جۆرێك لە سیستەمی دەسەلات، بە هەموو دەسەڵاتێکی نەتەوەیی ڕادیکاڵو پەڕەگرەکان دەووترێ فاشی یان ڕەفتار فاشی، زۆر ڕێکخراو دروست بوو لەسەر ئەو تۆخمو بنچینانەی فاشی لە ئەوروپاو بەتایبەتی (ئیسپانیا، بەلجیکا، ڕۆمانیا، بەریتانیا، فەرەنسا، .. ئەلمانیاش) پەریەوە جیهانی سێیەمیش، هەندێ حزبی خاوەن میلیشیاش فاشیەتی لێ دەدرەوشێتەوە، ئێستا قاوغێکیان بۆ دارشتووەو دەڵێن هەموو دەسەڵاتێك ئەگەر:

١- ئابووری یەکی ڕەها ئازاد.
٢- گورەپانێکی ئائازاد .
٣- بەسانسورێکی گشتی حیزبانە .
٤- ئیدارەو سەروەری تاکەکەسی یەکەم (پالەوانیەتی) .
٥- هەڵبژاردنی‌و دەست نەگۆری دەسەڵات .
٦- حزبی سەرکردە .
٧- خۆ پڕ چەك‌و هێزکردن .

ئەوانە دەروازەی فاشی نوێنن .

مەدرەسە سەرەکیەکان ئامادە نین فاشی بکەنە کەلتووری خۆیان، بۆیە هەریەکە دەیداتە پاڵ دژەکەی، مەدرەسەی مارکسی ئەو دیاردەیە دەدەنە پاڵ سەرمایەداری‌و وای بۆ چووە (اكثر اشكال النظرية الدكتاتورية راس مال صراحة، والفاشية ئايدولوجية برجوازية استعمارية هدفها سحق البروليتاريا) بۆیەش لایەنە چەپیەکان زۆر بە وردی بۆ ئەو زاراوەیە دەچوون کە بە هەر جۆرێك بێ لە مەدرەسەی سۆشیالستی‌و مارکسیەت دوری بخەنەوە، بۆیە دەبینین (حزبی بەعس) ئەو هەموو تاوانە بێ‌وێنانەی ئەنجام دەدا، کەچی لەلایەن (ی. ن .ك)وە قەدەغە بوو بە (حزبی بەعس) بگوترێ حزبێکی فاشیە، دەبوایە بوترابایە (ڕەفتار

فاشی)، چونکە بەپێی ئایدۆلۆژیای یەکێتی حزبی سۆشالیستی نابێ فاشی بێت، تەنها سەرمایەداریو ڕۆژئاوا میراتگری فاشین، هەرچەندە ئێستا بە ١٨٠ پلە دژی ئەو بۆچوونانەی خۆیانن، هەرچی لیبرال دیموکراسی سەرمایەداریشە ئەو دیاردەیە دەداتە پاڵ هەموو ئایدۆلۆژیایەکی ڕادیکاڵی بە شیوعیەتیشەوە.

لەو سەردەمە لیبراڵ دەیەوێ بداتە پاڵ ئایدۆلۆژیای ئیسلامیش، هەندێ فەرهەنگی باڵاش ویستویانە ئەو تێك گیرانە لێك بکەنەوەو لە هەموویان دور بخەنەوە، وەك (موسوعة العالمية)وای دارشتووە: (فاشية= نزعة قومية متطرفة + علمانية ضد شيوعية + دكتاتورية ضد ديمقراطية + تمجيد الزعيم الى درجة قوله يساوي قانون + نظام منضبطة + التعبئة العامة.....)، بەڵام واش نیە (فاشی)یش ڕەچەڵەکێکی لە نێو جموجۆڵی بەشەریەوە پەیدابووە، ئەگەر کەمێك شێی بکەینەوە دەبینین هەر لقێکی دەچێتە سەر مەدرەسەیەك لە مەدرەسەکانی عەلمانی، فاشی پێك هاتووە لە ئایدۆلۆژیایەکی ناوێتەی: نەتەوەگەری + سۆشیالستی + بازاڕی ئازاد ... کەواتە لە ئەوەی هەر سێ مەدرەسەی مارکسیو لیبرالیو نەتەوەگەریە، ...واتە دیاردەیەکی عەلمانی پەتیە دوور لە ئاین، چونکە ئایینی ئیسلام لەگەڵ سەرەتاکانی فاشی تێك دەگیرێ، کە بناغە نەتەوەگەریەکەی شانازی بە بابو باپیرانو ڕەچەڵەكو دەمارگیری کردنە، هەمووی بە ئایەتو فەرموودە ڕاستەوخۆ دژیەتی، بێجگە لەوەی دژی سۆشیالستیو بنەمای ئیمپریالیزمیو دیکتاتۆریشە..، ئینجا مۆسۆلینی مەزنترین عەلمانیە نەك لەبەر هەڵسوکەوتەکانی، بەڵکو بە هۆی بیروباوەڕەکانی کە ڕێکەوتن نامەیەکی دەگمەنی عەلمانیە لەگەڵ پاپا لە ساڵی ١٩٢٩ مۆرکرد لەسەر بنچینەی: مرۆڤ تازیندووە بۆ موسیلینی بێت لەدوای مردن ببێتە مولکی ئاین!! ئەوەش بڕبڕەی پشتی عەلمانیەتە[١].

[١] بروانە : الإسلام والعلمانية واثرهما في نشأة الدولة العراقية الحديثة .

(٤)

نــازی — النازیـة — Nazism

بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی سۆشیالیستی نەژاد پەرست بـوو لـە ئـەڵمانیا سـەری هەڵدا،وەك‌وشە (نازی) کورتکراوەی دووبڕگەی یەکەمی ناوی پـارتی کرێکـاری سۆسیالیستی نەتەوەی ئەڵمانی یە، National so zialis Tishe Deutsche Arbeieer partei [1] Nazi

توخم‌و پێکهێنەرەکانی نازیش وەك فاشی بریتی بووە لە: سەروەری نەتەوەیی‌و شانازی بە باپیران‌و پیـــرۆزی‌و بـالآی نیـشتیمان‌و بەسـەردا گـوتنی پالەوانیـەتی کەسی یەکەم‌و سەرکردە، ئەوەش زیاتر خەست بوو، کاتێ بزوتنـەوەی نەتەوایـەتی پەرەی گرت بە زیادەڕەوی‌و زاراوەی ئومــمە بۆ نەتەوە بەهێزەکان بەکار هات، لـە ئەنجاما تیۆری سیاسی‌و نایینی سۆسـیۆلۆژی بـەکارهات‌و جـارێکی تـر بنـەمای (انصر أخاك ظالما أو مظلومـا) بەکارهات لە دەمارگیری خێڵەکی بـۆ نەتـەوەیی‌و ئیتر زاراوەکانی وەك: شۆفێنی لە فەرەنـسا، فاشـی لـە ئیتالیـا، فالانژیـسی لـە ئیسپانیا، تۆرانی لەنێو تورك‌و بەعسیەت لـەنێو عـەرەب‌و نـازی لـە ئـەڵمانیا... سەری هەڵدا .

نازیەت زیاتر لە کاردانەوەی ئەو شکستانەی لە دوای جەنگی سی ساڵەی (کـە بە ئاشتی ویستفالیا لە ساڵی ١٦٤٨ز کۆتایی پێهات) هاتە کایـەوە، هیگـل زۆر بە ڕۆمانسی‌و خـەمناکی سـەرەنجامە سـەلبیەکانی ئـەو جەنگـەو ویـستیفالیای نووسی، داخی ئەوەی خوارد کە گەلی ئەڵمانیا ببـوە نزیکـەی ١٨٠٠ کیـان‌و ٣٠٠ میرنشین —تا بسمارك لە ساڵی ١٨٧١ کۆی کردنەوە لە ئەڵمانیا، ئەو کەلتوورە لە دوای جەنگی جهانی یەکەم‌و شکستی ئەڵمانیا‌و ئەو هـەموو مەرجـە خـراوە سـەر

---

١ موسوعة العالمیة ب ١٧، ل ١٩٤، هەروەها (القاموس السیاسی) .

ئەڵمانیا لە کۆنگرەی فرسای لە ١٩١٩\٧\٢٨، بووە هۆی سەرهەڵدانی تیۆری سیاسی نەژادی، ئاریایەتی وەك ڕەگەزێك بە پاكو باڵاترین نەژاد حیساب کرا هەر خودی مانای ئاری واتە ماقوڵ، لە چەند تەوەرێکەوە سەرهەڵدانی نازی بۆ ئەو زەمانو زەمینە کۆ ببۆوە، لە هەموویان گرنگتر کاردانەوەی شکستەکانی ئەڵمانیا لە جەنگی جیهانی یەکەم، سەرەڕای ئەو بیروباوەڕە نەتەوەیی‌و نەژادی هەریەکە لە: شامبرلین، گۆبینۆ، هیدر، هیگل، نتچە، فیشتە، شۆرنر، شپنگللر ...، جگە لە شامبرلن‌و گۆبینۆ ئەوانی تر زۆربەی زاناو مونەزیری ئەڵمانین زۆر بە خەستی ئەدەبیاتی فەلسەفی‌و سیاسی هونەری ئەو سەردەمەیان کردە بیرۆکەی باڵای نەتەوەیی ئەڵمانیاو ئاری، بەتایبەتی لە کاردانەوەی هەڵمەتی ناپلیۆن .

هیگل دەڵێت : مێژوو وا هاتووە لە هەر سەردەمێك لەسەر دەستی نەتەوەیەك پێشڕەوایەتی جیهان کرلوە، ئەو جارە ئەو ڕابوونو تەکنیکو زانستو دادگەرییەی پەیامە لە لایەن ئومەتی ئەڵمانیاو نەژادی ئاری بۆ جیهان، دوا هەنگاوی مێژووەو ئیتر ئارییە وەك باڵاترین نەژادی مرۆڤایەتی دەبێتە سەرمەشقو پێشڕەوی میللەتانی جیهانو کۆتایی مێژووش لەو ئومەتە دێت، گۆبینۆش لە کتێبی (حول عدم تساوي أجناس البشرية) دەڵێ: تۆخمی ئاری سازاوترینیانە بۆ ژیان، لە پۆلێنی نەتەوەکانی تر میللەتی یەهوود بە نزمترین ژمێردرا، لەو سەردەمی، لە دوای سەرهەڵدانی (تیۆری پەرەسەندنی- داروین)و (تیۆرەکانی سپنسر) پەیدابوونی تیۆری (داروینییەتی کۆمەڵایەتی) گەلێ لەو پۆلێنانەی (کۆمەڵگەکانی جیهان) بە ڕوانگەی ڕەگەزی دادەڕێژرا، لەلایەکی تر لە سەرەتای سەدەی بیست کۆمەڵێك زانای وەك (شورنی- ١٨٤٢ -١٩٢١) شپنگلر - ١٨٨٠-١٩٣٦) .. بەدیدیکی سۆشیالیستی نیشتیمانی (بە جیاکردنەوە لە سۆشیالیستی ئومەمی) داڕشترا، لەگەڵ تیۆرەکی هیگڵو زاناکانی تر... گەیشتنە پوختەیەك کە پاککردنەوەی ئەڵمانیا لە نەژادە خوێن پیسەکانی

تری وەك یەهوود خزمەتی مرۆڤایەتی یە - کە بە (اللاسـامیة) ناو دەبرێ، ئەوانە هەموو لەچەند مەبەستو داخوازی یەکی سیاسـی کۆکرابـۆوە وە لـە (٢٥) بەنـد وەك مافـە نەتەوەییـەکانی سـەرەتای ئـەڵمانیا لەوانـە ١- هەڵوەشـاندنەوەی پەیماننامەی فرسای ٢- یەکگرتنەوەی ئەو ناوچە ئەورووپییانەی کـە بـە ئـەڵمانی دەدوێن (مستەعمەرەکان)و زانکۆیەکی جەرمانی - کە ڕێکخراوێکە لە شـێوەی فرانکۆفۆنیو تۆرانی وزانکـۆی عـەرەبی ئێـستا دەیویـست ئاریـیەکان تیـا کـۆ بکاتەوە، لەپێش جەنگی جیهانی یەکەم لەلایـەنی ڕێکخـراوی (یـەکێتی گـشتی ئـەڵمانی) بـە سـەرۆکایەتی (ئەلمرکلاسـی) دروسـت ببـوو بـەناوی (زانکـۆی جەرمانی) ٣- ناسنامەی ئەڵمانی نەدرێتە "غەیرە ئـاری" بەتایبـەتی یـەهوود .. لەگەڵ چەند داخوازییەکی تری چاکسازی ئابوری و چینایەتی کە لەگەڵ بنەما دیکتاتۆریە سۆسیالیستییەکانی نیشتیمانی دەگونجا، ئەوانە بەنەمای (نازی) بوو کە لە بنەچەدا حیزبیکی کرێکارانی بوو، دامەزرێنەرەکەی (ئەنتوان درکلر)ە، بـەو شێوە زەمینەیەکی فیکریو کەلتوریو فەرهەنگیو ڕەگەزی سازا بـۆ پەیـدابوونی پیاوێکی وەك (ئەدۆلف هیتلەر) کە (عریـف) بـوو لـە سـوپای ئـەڵمانیا لـە٢٠/ ئەپریل /١٨٨٩ لە (پرۆناوە) دێیەکی نەمساوی یە لە دایك بووە، زۆر بە بیرۆکەی (سۆپەرمان)ی (نیتشە) کاریگەر بووە، بۆیـە سـروودی ئـەڵمانیش (ئـەڵمانیا لـە سەرووی هەموو) ی ساڵی ١٨٥٢هیناوە مەیدان وەك سروودی نیشتیمانی.

سـوپەرمان زاراوەیەکـە لەلایـەن (نیتـچە) دارشـترابوو لەسـەر هـەمان بۆچوونەکانی سەروو بەناوی (رجل الخارق — سوپەرمان) کە لە پەیڕەودا مەبەست لێی ئەوە بوو خوێنێکی پاکی ئاری لە ئەوەکانی داهاتوو دروست بکاو لە پیسو پۆخڵی یەهودو سامیو نەتەوەی تر پاك بکاتەوە ... هەریەکە لە : ئایدۆلۆجیای ئومەمی مارکسی، لیبرالی یەتی ڕۆژئاوایی، بوونی یەهودی یەتی، .. وا لیستاند کە هۆکاری شکستی ئـەڵمانیا بوونـە لـە جـەنگی جیهـانی یەکـەم ... بـەڕای هیتلەر سەرکەوتنی ئەڵمانیا واتە سـەرکەوتنی شارسـتانی مرۆڤایـەتیو ئـەوەش

دەگەشێتەوە بۆ توخمی ئاری کە ئەو پەیامەیان هەڵگرتووە، بەو ڕەوتە توندە (هیتلەر) هاتە گۆڕەپان لە دژی هەموو جیهان جگە لە ئارییەکان نەبێت، لە ساڵی ١٩٢٤ لە زینداندا باوەڕەکانی خۆی لە کتێبی بەناوبانگی (تێکۆشانم – کیفاحی mine comfe) دارشت بە مەودای (پان ئەڵمانی)و یادی بسمارکیو ئەزموونەکانی فاشی ئیتاڵیاو زانکۆی ئەڵمانیا، ئەو بارو دۆخانەو جۆشو خرۆشی شۆڕشگێڕی لەنێو جەماوەر لەگەڵ هەندێ هۆکاری تر لەوانە :

١- دواکەوتنی یەکخستنەوەی ئەڵمانیا تا ساڵی ١٨٧١ز.

٢- ئەوەش بووە هۆی دواکەوتنی بزوتنەوەی تەکنیك وسەرمایەداری .

٣- لەبەر هەمان هۆ بەشی لە (مستعمرات) کەم بوو .

ئەوانە وای کرد لە ساڵی ١٩٣٣ بە هەڵبژاردنێکی دیموکراسییانە هیتلەرو حزبی (نازی) (٢٨٨) کورسی بەدەست بهێنێ وبە دەنگی یەکەم دەرچێت لە پەرلەمان- ڕاینشتاخ، هیتلەر بووە (ڕاوێژکارو سەرەك وەزیرانی) ئەڵمانیا، هەموو حزبەکانی تری هەڵوەشاندەوەو بووە خاوەنی ٨ ملیۆن ئەندام، ئەو ١٢ ساڵەی دەسەڵاتی لە دژی دیموکراسیو ئازادیو نمونەی دڕندەیی دەسەڵاتی دیکتاتۆرىو شوێنیو شەڕەنگێزی بووە، بەکورتی سروشتو ڕەفتارو دەسەڵاتی نازی وا پێناس کراوە ڕێبازێکی تاکیانەی لیبرالی دەوڵەتی یە، دەوڵەتیش لە ژێر فەرمانی حزبێك بووە، حزبیش لە ژێر فەرمانی تاکە کەسێك بووە بە ناوی (ڤۆهر – ڕابەر)* کە تیایدا (ڕاوێژکاریو سەرۆکایەتی کۆمارو وەزارەتیش) کۆکردبۆوە لە دەسەڵاتی خۆی، بەو شێوەیە ئەو بزووتنەوەیە تەشەنەی کردو ئەڵمانیاش لە زانستو تەکنیكو بوارەکانی تر زیاتر پەرەی سەند بوو، جەنگی جیهانی دووەمی لەسەر درووست بوو، درووشمە کۆنەکەی ئیمپراتۆری یەکان (بەتایبەتی تەیموور لەنگ) کە شەڕیان بە بیانۆی ئەوەی (یەك خوا هەیە لە ئاسمان دەبێ یەك

* ئەوەش هەمان پێ ناسی (ئیتحاد الترقی) تورانی تورکیە، کە وەسفی وادەکرا: هەموو عوسمانی لەژێر دەستی ئیتحادیەکان، ئەوانیش لەژێر دەستی مرکز عامو ئەوش لەژێر فەرمانی أنور .

حوکومه‌تیش هه‌بێت له‌سه‌ر زه‌وی) هه‌ڵده‌گیرساند، هیتله‌ریش جه‌نگی جیهانی دووه‌می به‌و ئایدۆلۆژیایه هه‌ڵگیرساند، یه‌که‌م جار داوای هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی په‌یماننامه‌ی فرسای کرد بۆ یه‌کخستنه‌وه‌ی هه‌موو ئه‌وانه‌ی به ئه‌ڵمانی قسه ده‌که‌ن له: (نه‌مسا، سوید، به‌شێك له چیکۆسلۆڤاکیا، به‌نده‌ری دانزاگ له پۆڵه‌نده، ..) هه‌ندێ ورده به‌شی تریش، جه‌نگی جهانی به هۆیه‌وه به‌رده‌وام بوو، سه‌رکه‌وتنی مه‌زنی به‌ده‌ست هێنا پاریس‌و مۆسکۆشیان گرت، تا له ساڵی ۱۹٤٥ سوپای سووری سۆڤیه‌تی پێشوو (له سه‌رده‌می سه‌رۆکایه‌تی ستالین) چووه ناو به‌رلین نازیه‌ت شکستی هێنا.

له‌و نێوانه‌دا بزووتنه‌وه‌ی نازی زۆر ناوبانگی ڕۆیشت‌و زۆربه‌ی بزووتنه‌وه‌کانی نه‌ته‌وه‌گه‌ری به جۆرێك له جۆره‌کانی کاریگه‌ری نازییه‌تیان پێوه دیار بووه، ئه‌گه‌ر به وردی سه‌رنج بده‌ینه بزووتنه‌وه (تۆرانی‌یه‌ت)ی (پان تورکی) -که له‌سه‌ر ده‌ستی (نیکیتن ئه‌لب) نووسرایه‌وه به (٥) به‌رگ — وه تا ئێستاش کاریگه‌ری ماوه، ده‌بینین هه‌مان داخوازی یه‌کخستنی سه‌رتاسه‌ری تورك زمان‌و بالای نه‌ژادی تورکی‌و سه‌روه‌ری باب‌و باپیران‌و نیشتیمانی پان‌و به‌رینی (تۆران)، .. به‌هه‌مان شێوه دروشمه‌کانی (پان عه‌ره‌بی) له‌لایه‌ن عه‌ره‌به نه‌ته‌وه گه‌رییه‌کان، .. تا ده‌گاته بزووتنه‌وه‌ی زایۆنی‌و (شعب الله المختار)، به‌ڵام جێگه‌ی هه‌ڵوه‌سته‌یه له ڕۆژهه‌ڵات میلله‌تانی (نا ئاری) وه‌ك عه‌ره‌ب‌و تورك کاریگه‌ر نه‌بووینه به‌و بیره، هه‌رچه‌نده دروشم‌و ئامانجه‌کانی ئاری یانه بوو، هه‌تا نیشانه‌ی (+) نازیایه‌تی که به ئه‌ڵمانی پێی ده‌وترا (سواستکا) ئه‌وه نیشانه‌ی (خاچ) نه‌بوو، به‌ڵکو هیمایه‌که میلله‌تانی پێشووی مه‌غۆڵ‌و جه‌رمانی کۆن‌و هه‌تا هینده سووره‌کانیش هه‌ڵیانگرتووه، به‌پێی هه‌ندێ سه‌رچاوه له بنه‌چه‌دا ئه‌و دروشمه له‌لایه‌ن پاشماوه‌ی زه‌رده‌شتی‌یه‌کانی ئێستای ناوه‌ڕاستی ئاسیا (سه‌رووی ئێران ماوه له هه‌ندێ مه‌تحه‌ف)، یه‌که‌م جار له ساڵی ۱۹۱۹ له به‌ڵتیق سه‌ربازانی ئه‌ڵمانیا هه‌ڵیان گرت، دوایی بووه نیشانه‌یه‌کی حکومه‌ت‌و حزبی نازی .. بۆیه

ئەگەر فاشی یەت سەرجەلەکەی لە رۆم دابدۆزرێتەوە ئەوا ئازی سەری لە رۆژهەلاتو کەلتووری زەردەشتی ئاریەتی دێتەوە، چونکە (نیتچە) کاریگەریەکی زۆری لەگەیشتنی فلسفەی نەتەوایەتی بەنازی هەیەو لەهەمان کات کتیبیشی هەیە بەناوی (هکذا تکلم الزرادشت) .

بۆ زیاتر سەرنج بدە :-

١- كفاحي – هيتلر
٢- موسوعة السياسية-د.كيالي
٣- مقدمة في أنثروبولوجيا الإجتماعية
٤- الموسوعة العالمية - هيئة الموسوعات
٥- قاموس السياسي - د.أحمد عطية الله

(٥)

شۆڤینی الشوفينيه Chauvinism

بەجۆرێك لە ڕەگەزپەرستی توندو پەڕەگری نەتەوەیی دەوترێ، لە بنەچەدا ئەو زاراوە فەرەنسی یە، لەواقیعی سەربازێکی ناپلیۆن هاتووە کە ناوی (نیقۆلا شۆڤان)[1] بووە، هەتا بڵێی سەربازێکی دڵسۆز بوو بۆ ناپلیۆن. لە هەمان کاتدا تا بڵێی دەمارگیرو توخم پەرست بووە، ئەو دەمارگیرییەی لەگەڵ دڵسۆزی یەکەی بۆ ناپلیۆن گوزارشت لە ماناو سەردەمێك دەکا کە ڕابوونی نەتەوەیی بە سەلبیو ئیجابییەوە لێی تەنیبۆوە، هەڵبەتە (ناپلیۆن)یش سەرکردەیەك بوو لە هەناوی ئەو ڕابوونە دروست ببو، بەشێکی زۆری ئەو واقیعەی فەرەنساو هەڵمەتەکانی ناپلیۆن بوونە دروست کردنی توخمەکانی فاشیو نازیو...، بۆیە گەلێ فەرهەنگی بەناوبانگ ناوی ناپلیۆن وەك فاشی یەك دێت، جا بوونی سەربازێکی دڵسۆزو دەمارگیری وا گوزارشت لە پابەندبوونی بە ڕێبازێکی سیاسیو ئایدۆلۆژی ناپلیۆنو مەبەستەکانی هەڵمەتەکانی دەکا، بۆیەش ناوی (شۆڤان) وەك نمونەیەکی سەر مەشق کەوتە نێو ئەدەبیاتو نووسینەکانی فەرەنسی کە دەوترا (شۆڤینی) بەمانای دڵسۆز بۆ ڕێبازی نیشتیمانیو نەتەوەیی فەرەنسا، ئیتر ناوبانگی زاراوەیی پێ بڵاوبوەوە، هەڵبەتە تا هەڵمەتو ئەزموونەکە ڕوو لە سەرکەوتنە بە ئیجابی باسی دەکرێ، لە دوای شکستی ئینجا دەبێتە سەلبی، لە سەرەتادا لە هەندێ دۆخدا ئەوروپیی یە نافەرەنسی یەکان دیاردەی شۆڤینیان وەك دیاردەکانی فاشیو نازی پۆلێن کردبوو، ڕاستیشە هەموو ئەو ڕێبازانە کۆ دەبێتەوە لە ڕێبازێکی لیبرالی کۆمەڵایەتی دەوڵەتی، دەوڵەتەکەش لەژێر سەرکردەی حزبێکە، ئەو حیزبەش یەك کەس هەڵی دەسوڕێنێ بێ قەید، زۆر

---

[1] الموسوعة السياسة ل ٥٠٣

بەشیان ئایدۆلۆژی نەتەوەیی بە توندەکەیان بە جۆرێك لە سۆسیالیستی نەتەوەیی تەواو کردبوو، بۆیە هەندێ جار لەلایەن شیوعی یەکان تاوانی شۆڤینی یەت دراوەتە پاڵ مەدرەسەی سۆشیال دیموکراسی یەکانیش، چونکە خەباتی نەتەوەیی یان خستبووە سەرووی ئینتیمای چینایەتی لە چوارچێوەی چالاکی یە سیاسی یەکان لە دەنگدانی پەرلەمانیو دیموکراسی دا، ئەوانەی پەیامی ئیمپریالیزمی یان هەڵگرتبوو پەندیان لە ئاینی ئیسلام زۆر وەرگرتبوو کە ئیمپراتۆر بێ پەیامو بەرنامە تەنها مانای داگیرکەرو دوژمنایەتی دەدا، بۆیە لەلایەن زاناو فەیلەسوفەکانیان دەست کرا بە دارشتنی (پەیامی جیهانی) لەسەر دەستی گەلان، ئیتر هەر ئیمپریاتورریەتیك پەیامو پاساوی بۆ خۆی پەیداکرد، زۆربەی بانگەشەی رزگاریو قەدەغەی بازرگانی بە قولە رەش ومرۆڤ ئارامی وتێرکردنی برسیان، ...دەکرد، لەو سەرو بەرەش سەردەمی رابوونی نەتەوەیی بوو بۆیە بەرنامەی سیاسیو پەیامەکانیان ئاوێتەیەك بوو لە (نەتەوەی دەڤەریانە)و (سۆشیالیستی جیهانیانە)، کە سۆسیالیستی نەتەوەیی لێ زادە دە بوو، ئیتر هەریەکە لەوانەی بە نیازی ئیمپریالیزمی روویان لە جیهان کرد تەنزیری بە جۆرە بەرنامەیەکی نەتەوەیی دەکرد، فەرەنسا بە شۆڤینی، ئیتالیا بە فاشی، ئەڵمانیا بە نازی، ئیسپانیا بە ڤالانژیسی، تورکیا بە تۆرانی ...،

ئیستا زاراوەی (شۆڤینی) زۆرتر مانای خۆوویستو رەگەز پەرستی نەتەوەییو جیاکردنەوەی نەتەوەیەك لە نەتەوەیەکی ترو دانانی پلەی یەكو دووو سێ .. کە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بەبلاوی پەیرەو دەکرێ، هەموو ئەو زاراوانەی رەگەز پەرستی، نەژادپەرستی، شارستان پەرستی، نەتەوە پەرستی ئەپارتایتی، .. هاوتای شۆڤینین، ئەپارتایدی راستەوخۆ هەتا کۆتای سەدەی بیستەمیش لە ئەفریقیا بە دەستووریش کرابوو، لە وڵاتێك کە کەمایەتی یەکی سپی ئەو سیاسەتەی ئەپارتایتیان بەسەر زۆرایەتی رەش سەپاندبوو، لە هەردوو ئەمەریکاو ئوستورالیاو هەندێ لایەنی یاسایی ئەورووپیش هێشتا پاك نەبوویتەوە لە

شۆڤینیەت بەمانای شارستانی یەکەی، گەلانی کوردستانو فەلستینو چیچانو کشمیرو بەلقانو زۆر شوێنی تر بەخەستی دووچاری ئەو جۆرە سیاسەتە بوونەوە، خەلکی کوردستان بە ئاشکرا شۆڤینی یەتی کۆنو تازەی بەسەردا سەپێنراوە، جگە لە هەلمەتەکانی کوشتو برو جینۆسایدو وێرانو کیمیایی و ئەنفال (لە سەرووی کوردستانیش) قەدەغەکردنی زمانیش، ئەوا پاکتاوی رەگەزی بە شۆڤینیانە لەگەلّ کراوە لە بەعەرەب کردنو بە تورك کردنی ناوچەکانی کوردستان ولەدوای دروستبوونی مەینەتی کوردیش هەرگیز بە پلە دوو بەسەرەوە لەناوەندەکانی پێکهاتەی ئەو دەولّەتانە رێزکراوە .، هەموو ئەوانە لە دوای بلاوبوونەوەی شۆڤینی لە جیاتی (برایەتی ئیسلامی) سەریان هەلّداوە .

بۆ زیاتر سەرنج بدە :

١- الموسوعة السياسة

٢- G-B-Encyclopedia

(٦)

بەربەری البربرية Barbarism

زاراوەیەکی فرە مانای سیاسی و کۆمەلآیەتی و شارستانی یە، بەپێی تیۆری (تەتەموری یەکان) بەتایبەت (مۆرگان ۱۸۱۸ –۱۸۸۱ ئەمەریکی یە) لە کتێبەکەی (المجتمع القديم ۱۸۷۷) باسو مانایەکی تری بۆ (بەبەری) داتاشیوە، مارکسو ئەنجلسو زانایانی سەر بەو خەتە دوای مۆرگان زۆر گرنگیان بەو تویژینەوە داوە، بەپێی سەرجەم تویژینەوەو تیۆرە مەیدانیەکانیان بەربەر بریتی بوە لە کۆمەلگەی هەرە کۆنو شێوەیەك لە درندە بووینە، بێ مولکی یەتو بێ زمان یاساو نایین و... دایك سالاری بووە، لە دوای ئەو قۆناغە سەرەتایی یە ئینجا کۆمەلّ کەمێك گەشەی کردووە، بەتایبەتی لە بەخێو کردن، ناوی ئەو قۆناغە نراوە (بەربەر) ئەوە لەگەلّ (رەوەند-بدوی) لێك جیایە، بەپێی (کوردن چایلد) پەیدابوونو دۆزینەوەی (نووسین) خالّی وەرچەرخانە لە بەربەر بۆ مەدەنیەت، کوردن چایلد بەو قۆناغەی نێوان کۆمەلگەی سەرەتایی و دۆزینەوەی نووسین دەلّێ (بەربەر)، بەوشێوەیە هەموویان لەگەلّ (مۆرگان) رێکن لە پۆلێنو دابەشی شارستانی بەو شێوەیە: درندایەتی← بەربەری← شارستانی ... هەلبەتە هەموو ئەو دابەشیە لە بنچینەدابۆ تیۆری (پەرەسەندنی داروین) دەگەرێتەوە کە ئیستا فری بەسەر راستیو زانستی نەماوە.

کەواتە روونە ئێستا وەك زاراوەی سیاسی ئەو ناوەی (بەربەر) بەهەرکەسو کۆمەلێك بوترێ مانای ئەوەندە کۆنەپەرستو دژ بە مەدەنیو بەدرەوشتو تێنەگەیشتوو (هەمەجی)یە، بەکارهێنانی مێژووی ئەم تۆمەتە بەناوی (بەربرایەتی) دەگەرێتەوەبۆ کۆمەلگەی رۆمانی کۆن، هەروەك چۆن ئێستا شێوە ناخاوتنێك ماوە لەناو سیستەمی کۆمەلآیەتی هۆزە داخراوەکان چۆن بەهەموو کەسێکی دەرەوەی هۆزەکەیان دەلّێن (بێگانە) ناواش کۆمەلگای رۆمانی بە

هەموو ئەو کەس‌و میللەتانەی تریان دەووت (بەربەر) کە لەوان نەبوایە بەتایبەتی ئەوانەی دژایەتی ڕۆمیان بکردایە، (هیرودتس)یش شەڕی ئەورووپی‌و ئاسیایی بە شەڕی بەربەرو مەدەنیەت لە قەڵەم داوە،، بەپێی هەندێ مێژوونووس یەکەم جا لە ئەورووپی خۆیەخۆ بەو تیرو هۆزە جەرمانیانەیان وت (بەربەر) کە دەوڵەتی ڕۆمانی تێك‌و پێکدا، ئەگەرچی وەك سیاسی بەتۆمەت بە خەڵکێکی زۆر کۆنەپەرست‌و ڕەفتار ناشیرین دەوترێ، ئەوا وەك زاراوەیەکی زانستی بەو کۆمەڵە خەلکەش دەوترێ (بەربەر) کە نەخوێندەوارە، بەو هۆزو خێڵە دواکەوتووو دابڕاو لە جیهان کە تەکنۆلۆجیای نوێ بەکارناهێنن دەووتری بەربەر، (إبن خلدون) عەرەبی لە هەموان بە (بەربەر)تر لە قەڵەم داوە، ئەگەر ئایینی ڕاستەقینەی تیا نەبێ، بەڵام ئەیکردۆتە ڕەچەڵەك بەڵکو کردوویەتی یە پیشە، جا ئێستا نەتەوەیەکی گەورەش هەیە پەرش‌و بڵاو بووینە لە مەغریب، جەزائیر، لیبیا، تونس، مۆریتانیا، بەناوی بەربەر، زمانیان ئەمازیغی‌یە، سوننی موسوڵمانیشن، (إبن خلدون) ئەو (بەربەر)یەی بەو (بەربەر)یە نەبەستۆتەوە، ئەو نەتەوەیە لەپێش هاتنی ئیسلامیش هەر بەناوی (بەربەر) بووینە، جا بە ڕوونی نازانرێ ئەو ناوەیان لە بنەچەدا لە کێ بۆ هاتووە، ڕەنگە هەر ڕۆمی یەکان ئەو ناوەیان لێ نابن لە چوارچێوەی دژەکانی ڕۆم، چونکە ڕۆم ناویان لە هەموو ئەفریقیا نابوو (بەربەر)، ئەوکاتیش بەربەر لەوێ ژیاون، بەپێی زۆربەی مێژوونووسان نەتەوەی بەربەر لەو ناوچانەی خۆیان ژیاوون پێش ٣٠٠٠ ساڵ (پ.ز) یان بەپێی کتێبی (أقليات في خطر) ٤٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر، بە خۆشی بووینە ئیسلام لەسەردەمی ئەمەوی لە نێوان (٦٦١ – ٧٥٠) خاکەکەشیان هەر ناوی (باربەریا) بووە، ئێستا زیاتر قورساییەکەیان لە مەغریبە نزیکەی (١٠) ملیۆنن، ڕێژەیان لە مەغریب ٣٧٪ لە جەزائیر (٦) ملیۆنن ڕێژەیان٢١٪، ڕەنگە ژمارەیان زیاتر بێت، چونکە خەڵکێکن وەك خەڵکی کورد پارێزگاری لە کەلتوورو زمان‌و نەریت‌و خاکی خۆیان بە چاکی دەکەن، بۆیە ڕەنگە هەموو دانیشتوانیان تۆمار نەکرابێ ..، مێژوویەکی پڕ بەرگرییان هەیە، هەتا لە قۆناغی نوێی ڕزگاریشدا ئەوان لە ساڵی ١٩٢١ز لە

دژی ئیسپانی شۆڕشیان هەڵگیرساند، بۆیه زۆر ئاساییه ئەو ناوو ناتۆرەی سەلبی له دژی ئەفریقیا بەوان وەنوسین، ئەوانە خاوەن دەسەڵات بووینە، خاوەنی ئیمپراتۆریەتی (المرابطین) بوون کە گەورەترین دەسەڵاتیان هەبوو لە جەزائیری ئێستا (ئەوكاتی بەناوی مەغریبی ناوەڕاست بوو)و لە هەموو ئەو ناوچانە، تارقی کوری زیادیش هەر لەوانە، رەنگە ئەو ناوەی (بەربەر) گەشابێتەوە لەگەڵ هەڵمەتەکانی (طارق) بۆ سەر ئەوروپا، چونکە زۆربەی سەرکردەو سەربازە ئازاکانی (طارق) بەربەر بووینە. رۆژئاوا لەسەردەمی رابوونی یەوە تا ئێستاش لە تەقەلایەکی بێ‌ووچاندایه کە پێشکەوتنی زانستی گشتی بکاتە مولکی تایبەتو تێکەڵی سیستەمی ژیانی خۆی بکا .. تا شارستانییەتی باڵای دەستکەوێ بەرامبەر کۆمەڵە شارستانییەکی نزم هەروەك لە تیۆرەکانی (ململانێی شارستانی)و (کۆتایی مێژوو) ..وا وێنە کراوه، هەڵبەتە ئەو تیۆروانینەو تێروانینەکانی تری سەرووشی بە (مۆرگان)یشەوه له توێژینەوەکانیان یەکلایەنانە (تعمیم) کراوه بەچەوتی، هەڵساون نمونەیەکی بچوکی ناوچەیەکی هەرە دواکەوتووی ئەفریقیا، یان ئەمریکایان هەڵبژاردووەو ئەنجامەکانیان کردۆتە یاسا بۆ هەموو کۆمەڵ، ئێستا زۆر روونە ئەو دابەشیەی قۆناغەکانی مێژوو لەلایەن مۆرگانو مارکسو ئەنجلسو هۆلباخو ئۆگستو تایلەرو ...زۆرانی تر لە زاناو فەیلەسوفانی مادی (تەتەوری) لەلایەن زانستی نوێوه بە هەڵە دەرچووه، کۆمەڵگای سەرەتایی کۆمەڵگایەکی درندایەتی نەبووە، لەدوای ئەویش بەربەرییەت نەبووه، ئێستا دۆزینەوەکانی شارستانی تەواو دان دەنێن، کە لە هەموو سەردەمێك وەك ئێستاش سیستەمی مرۆڤایەتیو شارستانی شان بەشانی سیستەمی نەفامی دڕندایەتی هەبووه .

بۆ زیاتر سەرنج بده :

١- المجتمع القديم – مۆرگان.

٢- الموسوعة الفلسفية المختصرة.

٣- G.B.Encyclopedia .

(٧)

چه‌پگه‌ری‌و ڕاستگه‌ری   الیمینیة والیساریة
Leftism and rightism

زاراوه‌یه‌کی سیاسی زۆر به‌ربڵاو بوو، له بنه‌چه‌دا ئه‌و زاراوه له چۆنی یه‌تی دابه‌شی چینایه‌تی هاتووه، هه‌ر له کۆنه‌وه ئه‌و دابه‌شی‌یه به پله یه‌ك‌و دوو ...، پیاو ماقولان‌و هه‌ژاران، ئاغه‌و جوتیار، بنه‌ماڵه‌و غه‌واره، ... ئیتر هه‌رده‌م شوێنیان جیا بووه، ئه‌گه‌ر تێکه‌ڵیش ببونایه دیسان هه‌ریه‌ك له لایه‌ك بووینه، یان له‌باشترین شێوه‌دا هه‌روه‌ك لای خۆشمان (که ئاینی ئیسلامی ڕاسته‌قینه‌ی لێ دوور که‌وتبێته‌وه‌و نایه‌تی .. إن أكرمكم عند الله أتقاكم - ته‌رازوو نه‌بووبێ) ئه‌وا ئه‌نجومه‌ن ودیوه‌خانه‌کان وا پڕبوویته‌وه، کێخواو ده‌وڵه‌مه‌ندو شێخو ماقوڵان‌و مه‌لا له‌لای سه‌روو، هه‌ژارو غه‌واره‌و خزمه‌تکارو بێکه‌سه‌کانیش نزیك ده‌رگا دانیشتوون، بۆیه ئه‌و پۆلێنه له تێز بوو بۆ دۆزینه‌وه‌ی وه‌ها زاراوه‌یه‌ك، کاتێ ئه‌نجومه‌نی نیشتیمانی فه‌ره‌نسی له ١٧٨٩دروست بوو دوای شۆڕشی فه‌ره‌نسی ئه‌و زاراوه‌یه‌ش سه‌ری هه‌ڵدا له‌وکاته‌ی پیاو ماقوڵ‌و ده‌وڵه‌مه‌ندان له‌لای ڕاستی سه‌رۆکی ئه‌نجومه‌ن داده‌نیشتن، نوێنه‌رانی میلله‌تی هه‌ژاریش له‌لای چه‌پ[1]، به‌پێی هه‌ندێ سه‌رچاوه‌له‌پیش ئه‌و مێژووه‌و شۆڕشی فه‌ره‌نسی ئه‌و نه‌ریته به جۆرێك هه‌بووه، به‌و شێوه‌یه بێ بڕیارو ڕێککه‌وتن ئه‌و نه‌ریته ته‌نیه‌وه نێو زۆربه‌ی ئه‌نجومه‌نه‌کانی تری ئه‌وروپا، هه‌تا له په‌رله‌مانیش ئه‌و نه‌ریته دروست بوو، له دوایدا نوێنه‌ری ڕادیکال‌و کراوه‌و پێشکه‌وتووه‌کان به تۆماتیکی له‌لای چه‌پ داده‌نیشتن، .. ئیتر په‌ڕی یه‌وه ناو زاراوه‌ی سیاسی‌و زۆر فراوان بوو به هه‌موو ئاراسته‌یه‌ك، سه‌رده‌مێك به‌نوێنه‌ری حوکومه‌ت ده‌وترا ڕاست‌ڕه‌و به ئۆپۆزسیۆنیش

---

[1] بۆ زیاتر بروانه (الموسوعة السیاسیة ل ٤١٦)

(معارضة) دەوترا چەپڕەو، دوای بە مەدرەسەو تەیارە شۆڕشگێڕو ڕزگاریخوازو ڕادیکالییەکان دەوترا چەپڕەو، بە تەیارە سیاسییە پارێزگارو برجوازیو دەسەڵاتدارەکان دەوترا ڕاستڕەو، .. لەدوایدا کەوتە ناو یەك مەدرەسەو یەك تەیارو یەك حزبیش، هەتا حیزبی شیوعیشی گرتەوە، لە کێشەکانی نێوان: سۆشیال دیموکراسو سۆشیالیستی زانستی، ترۆتسکیو ستالینی، چینیو سۆڤیەتی، ئۆرۆ شیوعیو شیوعییەکانی تر، شیوعیە کلاسیکەکانو مارکسیە نوێیەکان .. ئەو زاراوەی ڕاستڕەویو چەپڕەویانە لەدژی یەکتر بەکاردەهێنا، لەنێو باڵە دژ بەیەکەکانی کوردستانیش بە خەستوخێرایی یەکتریان بە ڕاستڕەوی تۆمەتبار دەکرد، نیتر ڕاستڕەوی تۆمەت بوو و هەریەکە بە ناحەزی خۆی دەووت ڕاستڕەو، هەرچەند لینین لە کتێبێکی بەناوی (اليسار الطفولي) کەمێك لەو تەوژمەی کز کردەوە، تا بەو دواییەش لەلایەن مارکسیەکانەوە بە هەموو تەیارێکی نەتەوایەتیو نیشتیمانیو ئایینیو کۆمەڵایەتیە کلاسیکیەکانی تر دەوترا ڕاستڕەو، لە داوی دارمانی بلۆکی شیوعیەتو یەکێتی سۆڤیەت ئ مو زاراوەیە بە خێرایی کز بۆوە.

ئەو زاراوە نەیتوانی بچێتە ناو فیکری ئیسلامی، چونکە جەوهەری شەریعەتی ئیسلامی نایەڵێ دیاردەی وا ڕەسەنایەتی وەرگرێ ئەگەر هەندێ دۆخیش وێ بچێ، هەروەك لە سورەتی (عبس) هاتووە هەتا خوای گەورە سەرزەنشتی پێغەمبەری ﷺ کرد، چونکە لەو مەجلیسە کەمێك زیاد ڕووی لە نوێنەری دەوڵەمەندو پیاوماقوڵان (ڕاستڕەوەکان بەپێی ئەو زاراوە) کردبوو، کەمێك نوێنەری هەژارانی فەرامۆش کردبوو کە خۆی لە (عمری کوری بن مکتوم) دەنواند، ئەگینا لە فیکری ئیسلامی ئەو زاراوەیە تەواو پێچەوانەیە (ڕاست) پیرۆزترە هەر لە (شەهادە هێنان)و خێرکردن ... تا دەگاتە وەرگرتنەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوەی دونیا، ئەگەر بەدەستە ڕاستەوە وەرت گرت سەرکەوتووبوویی، ئەگەر بەدەست چەپیش بێ، ئەوا تێکەوتی.

(٨)

قۆڵی پێنجەم   طابور الخامس   fifth column

بە هەموو ئەو خەڵکو تاقمانە (کە لەناو کۆمەڵێکی فراوانترن) دەوترێ قۆڵی پێنجەم کە لە هەڵس‌وکەوتو ئاخاوتن لە قازانجی هێزێکی ناحەزی دەرەوەی ئەو کۆمەڵەن. لە بنەچەدا ئەو زاراوەیە وەرگێردراوی ئیسپانیەیە، لە سەردەمەکانی جەنگی ناوەخۆی ١٩٣٥ هەتا ١٩٣٩ ز هاتووە، کاتێ جەنەڕاڵ فرانکۆ ویستی لە چوار قۆڵ هێرش بکاتە ناو (مدريد) -هەرچەندە بەشێکی تر ئەو بۆچوونو وەسفە بۆ (جەنەراڵ ئەمیلیۆ مولا) دەگێرنەوە نەك فرانکۆ-وە وتی قۆڵی پێنجەمیشمان لەنێو مەدریدە یارمەتیمان دەدەن، ووتیان چۆن؟ وتی پروپاگندەی وامان بۆ دەکەن کاریگەریەکانی بە ئەندازەی قۆڵێکە، کەواتە بەو لایەنگرانەی فرانکۆی وترا (قۆڵی پێنجەم) کە لەناو مەدریدن، لەنێو جەنگی جیهانی دووەم زیاتر ئەو تاکتیکە بەکارهات، (ڤیدگۆن) کۆنە وەزیری بەرگری نەرویج هەمان ڕۆڵی (قۆڵی پێنجەمی) بۆ ئەڵمانییەکان بینی بۆ داگیرکردنی نەرویج ..، ئەودۆخە سەربازییە بەخێرایی پەڕییەوە نێو فەرهەنگی سیاسی، بۆیە لە سنووری نەخشەی سەربازی دەرچوو، مەرج نیە قۆڵی پێنجەم کۆمەڵە مەفرەزەو چەکدار بن، ئێستا بە هەموو ئەو جەنگە دەروونیو پروپاگندانەش دەوترێ قۆڵی پێنجەم کە لە قازانجی هێزێکی ناحەزی دەرەوەی کۆمەڵگایەك یان هێزێك یان کیانێکو وڵاتێك دەکرێو ورەیان پێ دەڕووخێنن، لەناخی هەموو میللەتو هێزێك ئەو قۆڵە هەبووە، ئەگەر چی وەك زاراوە نوێیە ئەگینا ماهیەتی کۆنە لەگەڵ کۆنی مێژوو، هەر لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ بێبڕوایانی قورەیشو عەرەبە دووڕووەکان لە قۆڵی پێنجەم بۆ هێزە هێرشکەرەکانی دەرەوەی مەدینە، نەك هەر بە پروپاگندەو جەنگی دەروونیو ڕاگەیاندن، بەڵکو گەلێ جار بە شیرو تیریشەوە، ئێستا پلە بە پلە ئەو

قۆڵی پێنجەمەوەك تۆمەتو بیانووی سزادان بەکاردێت لەلایەن زلهێزانو دەسەڵاتداران بۆ هێزەکانی لەخۆ بچوکتر، ئەوانیش بۆ زیاتر بچوکتر، .. ئەو زاراوە هەر لە فەرهەنگی سیاسی قەتیس نەماوە پەڕیوەوە بوارەکانی ئایدۆلۆجیاو فەلسەفەو ئەدەبیاتو ڕاگەیاندنو .. هەتا ڕێکخستنی سیاسیو مەدرەسەی فیکریو سیاسیش، لەناو جیهانی مسوڵمان نشینو جیهانی سێیەم.

جاران بۆ هەردوو بەرەی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا دەبوونە قۆڵی پێنجەم بە ڕێکخستنی سیاسیشەوە، بەو شێوە گەلێ جار دەبوونە قۆڵی یەکەمی داگیرکەران، لە نێو وڵاتانی عەرەبی لە کۆتایی سەدەی (١٩)وە باڵی نەتەوەگەری تەغریبی بۆ ڕۆژئاوا وەك قۆڵی پێنجەم کاریان کردووە لەسەر هەموو ئاستێك، لەنێو دەوڵەتی عوسمانلیش ئەو بزوتنەوەی کە پێی دەووترا (عوسمانی لاو دوای تورکیای لاو دوای (اتحاد والترقی) .. وەك قۆڵی پێنجەم کاریان کرد تا لە دوایی بوونە قۆلی یەکەمو خەلافەتیشیان ڕوخاند، بۆیە (ئەمیل لودفیغ) ووتی: ئەتاتورك لە ناپلیۆن بەهێز ترە، چونکە ناپلیۆن نەیتوانی خەلافەت بڕوخێنێ بەڵام ئەتاتورك توانی[1]، واتە قۆڵی پێنجەم جاروایە ڕۆڵی قۆڵی یەکەم دەبینێ، لەو دواییەش دیسان بۆ یەکێتی سۆڤیەتی کرا لە ئەفغانستانو زۆر شوێنی تر، ئێستاش بەهەمان ماهیەت بۆ ڕۆژئاوا دەکرێ، زۆربەی جار دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرو شمولیەکان خۆیان ئەو ڕۆڵە دەبینن، ئەو زاراوەیە لەگەڵ بازدانی عەولەمە بۆ قۆناغێکی باڵاتر زیاتر مانای هەمەلایەنی وەرگرتووە، هەتا دەگاتە کەلتوورو شارستانیو فەرهەنگو نەریتو .. هتد، ئێستا لەژێر ڕۆشنایی تیۆری (ململانێی شارستانی) هەموو ئەو ڕێبازانەی سەر بە مەدرەسەی لیبراڵ – دیموکراسییە لەناو جیهانی ئیسلامی بە سروشتی خۆی دەبێتە قۆڵی پێنجەم لە چوارچێوەی ئەو ململانێیە شارستانیە، هەروەك پێشتریش مەدرەسەی چەپی دەبووە هەمان قۆڵ بۆ یەکێتی سۆڤیەت، ... لەناو میللەتانی داگیرکراوو دواکەتووەکانیش ئەو قۆڵە

[1] بروانە :الاسلام والعلمانية واثرهما في نشأة الدولة العراقية الحديثة ص١٥٧

زۆر بەزەقی‌و بەناو ئەدرێسی ئاشکراتر ناو دەبرێن وەك خۆفرۆشی، خائن، جاش، بەپێی ڕای ئیسلامی‌و نیشتیمانپەروەرەکان لە هەندێ دۆخدا قۆڵی پێنجەم زۆر ترسناکترە لە بەرەکانی تری دەرەکی، چونکە عادەتەن ئەو قۆڵە لە خانەی ڕەگەزی خۆت دایە، بۆیە ناونران (منافق)، هەروەك ئێستاش دەبنین بەربەرەکانی دوژمنی ئاشکرا چەندە ساناتر لەگەڵ عەلمانییەتی ناوەخۆی با تەکنۆلۆجیای لاوازیش بیت ... ئەو قۆڵە چاکترو شارەزایانەتر دەست دەوەشێنن لە ئیسلامی‌و هێزە نیشتمانیەکان، ئەوە لە لایەك، لەلایەکی تر دوور لەناوی وەك داگیرکەرو ئیمپریالیزم‌و غەیرە دین‌و .. بەرنامەکان جێبەجێ دەکەن، ئەوانە ناوی خۆماڵی وەك ڕزگاری‌و دادگەری‌و ئاینی‌و نەتەوەیی .. هەڵدەگرن.

گەلێ جار قۆڵی پێنجەم بە نەخشەو بەرنامەیەکی نهێنی ترسناك‌و ئاڵۆز کارەکانی جێبەجێ دەکات، وەك نمونەی ئەو وەزیرە بەکرێگیراوەی لە ئەزموونی ئەوروپای ڕۆژهەڵات چۆن تەنیا کارو فەرمانی ئەوەبوو خەڵکی ناشایستە لە شوێنی شایستە دابنێ وە بە پێچەوانەش تا ژێرخانی ئەو ئیدارەیە برزێتەوە، ئاواش جاروایە هێزو تاقمی‌وا لە ڕیزی میللەتێکی داگیرکراوو کارو فەرمانی ئەوەیە بناغەکانی کۆمەڵ‌و بەهاو ڕەوشتەکان برزێنێتەوە بۆ ئەوەی بە ئاسانی‌و بێ بەرگری ئەو میللەتەو نیشتیمانەکەی داگیر بکرێ، ..وەك ئێستا دەبینرێ لە کوردستانیش بە هەموو ئاراستەیەك ئەو پلانانە جێبەجێ دەکرێ، جامەرج نیە هەمووی سەرکردایەتی هەستی تەواوی پێ بکا، بۆیە گەلێ جاریش تاقم‌و هێزی سیاسی‌وا بەهۆی ئەو نەخشە بالاو ئاڵۆزانەی جیهانی دەبتە قۆڵی پێنجەم بێئەوەی هەست بەخۆی بکا.

(٩)

سیستەمی نوێی جیهانی نظام عالمي جديد
New International Order

زیاتر زاراوەیەکی سیاسی دەماودەستە، هاوتای عەولەمە نیە وەك هەندێ فەرهەنگی سیاسی وای بۆچوینە یان بە سەرەتای (عەولەمە)یان لەقەڵەم داوە، ئەو زاراوە لەدوای تێکڕوخانی بلۆکی سۆشیالیستیو یەکێتی سۆڤیەتی سەری هەڵدا بە هەڵچوونەوە بە بۆنەی سەرکەوتنە سەربازیو سیاسیو یاسایەکەی هاوپەیمانان بەسەرۆکایەتی ئەمەریکا لە جەنگی کەنداوی دووەم بەسەر عێراقدا، تیۆرێکی سیاسی نوێ بە درێژایی ساڵانی ١٩٩٠ – ١٩٩٢ ڕاگەیەنرا لە لایەن (جۆرج بۆش – باوك) بەناوی (سیستەمی نوێی جیهانی) تیایدا کۆمەڵێك نەریتی جیهانی نوێی هێنا پێش، جیا بوو لەگەڵ نەریتو سیستەمەکانی سەدەی بیستەم لەوانە: بازاڕی ئازاد، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، پابەندی یاسای نێو دەوڵەتی، تەدەخولو ئەوەستان لەسەر سەروەری سنوری نێو دەوڵەتی...

هەڵبەتە گەلێ جاری تر جاری، سیستەمی وا جاڕدراوەو ناونراوە سیستەمی نوێی جیهانی وەك ئەو ڕێکەوتنەی لەدوای جەنگی سی ساڵەی ئەوروپیو دوای لە ڕێکەوتنی ویستیفالیا ١٥٤٨ز بەستراو (عائلة الاوروبي) لێ دروست بوو، دوایی بووە سیستەمێك هەموو جیهانی گرتەوەو دەوڵەتی عوسمانلیش لە سەردەمی سولتان عبدالمجید لە ١٨٥٦چووە ناویەوە، لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم دیسان ئەو ١٤ بنەمایەی ویلسون لە ١٩١٨ز لەبارەی جیهانو (عصبة الامم) ئەوکاتی بە سیستەمی نوێی جیهانی خوێندرایەوە، زۆرجاری تریش ... زۆربەشیان نەدەهاتە دی، هەتا لە سیستەمە جاڕدراوەکەی ویلسونی ئەمریکی لە خاڵی ١٤ پێشنیاری پێکهێنانی (عصبة الامم)ی کردبووکەچی خۆشی نەبووە ئەندام تیایدا

بەهۆی قایل نەبوونی کۆنگریس، ئەو جارەش سیستەمی نوێی جیهانی نەبووە قۆناغو وەرچەرخانێك، چونکە هەر لە سەرەتایدا دووچاری قەیرانێکی ناوەندی ترسناك بۆوە، ئەویش ئەوە بوو جاڕنامەکەی زیاتر دیموکراسی بوو کەچی ئەو دیموکراسی یە لە جیهانی موسوڵمانشین بووە هۆی سەرکەوتنی بزوتنەوە ئیسلامییەکان لە هەڵبژاردنە دیموکراسیەکان وەك لە جەزائیرو ئوردنو تورکیاو تاجیکستانو بەحرەینو کویتو عێراقو فەلەستین ... گەلێ شوێنی تر .. بۆیە بەهۆی عەلمانییەتی ناوچەکە بە خێرایی لەو دیموکراسی یە پەشیمان بونەوە، کەوتەوە پشتیوانی دیکتاتۆریو ئینقیلابچی یەکان. ئا لەوکاتەدا ئەمریکاو رۆژئاوا لە جیهانی ئیسلامی دۆستی ئەو لایەنە دەسەڵاتدارانەن، کە لە هەڵبژاردن دەرنەچوونیەو دەسەڵاتیش بە دیکتاتۆرانە بەڕێوە دەبەن لەوانە دەسەڵاتی فتح لە فەلەستین، پەرویز موشەڕەف لە پاکستان، عەلی مەهدی لە سۆمال ... بۆیە ئەو جاڕنامەیەی (سیستەمی نوێی جیهانی) لەگەڵ گۆڕانی سەرۆكو هاتنی (بیل کلینتۆن) بە خێرایی لە عەولەمە توایەوەو قۆناغێکی تری ئەو نەخشەیە هاتە پێش بەناوی (ململانێی شارستانی)، ئیتر لەسەردەمی (کلینتۆن) لە نوسینو سەردێرا کەمتر باسی لە سیستەمی نوێی جیهان دەکرا، گۆڕا بۆ یاسای عەولەمە کێشە شارستانی یەکان، سەرەڕای ئەوەش چەند نیشانەیەکی روونی پێوە دیار بوو، لەوانە:

١- بالکێشانی تاك جەمسەریو تاکڕەوی ئەمەریکا بەسەر جیهانو دەزگا نێو دەوڵەتییەکان بە زاراوە ناونراوە (أمركة).

٢- زۆربەی کارو هەڵمەتەکانی ئەمریکا لە سەرەتادا لەژێر چەتری یاساییو یاسای نێو دەوڵەتیو کۆکردنەوەی دەوڵەتان بوو بۆی، .. دوایی بەرەبەرە ئەو چەترەشی فەرامۆش کراو دەکرێ.

٣- بنەمای (بانێكو دوو هەوا) بەسەر زۆربەی بوارەکانی ژیانی سیاسیو یاساییو شارستانیو باری نێو دەوڵەتیەوە دیارە.

٤- زل کردنی فاکتەری ئابووری بەهۆی بازاڕی ئازاد بەسەر هەموو فاکتەرەکانی تری بەکار لە جیهاندا وەك فاکتەری ئایینیو سیاسی، ئایدۆلۆژی، کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی، جوگرافی، نەژادی، ...

٥- لە جەنگی هەمەلایەندا بە بۆ ئەو خاڵانەی سەروو .. بە هەموو ئاستەکانییەوە لەوانە: ململانێی شارستانی وەك لایەنی فیکری، تیرۆر وەك لایەنی یاسا، بازاڕی ئازاد وەك لایەنی ئابوری، لیبراڵی وەك لایەنی کۆمەڵایەتی، عەلمانییەت وەك بەدیلیی لایەنی ئایینی، سیستەمی دیکتاتۆری وەك لایەنی سیاسی،.. لێرەدا تێبینی دەکرێ ئەوانەی سلبیە دەنێردرێتە دەرەوە، ئیجابییەکان بۆخۆی گل دەداتەوە، ئینجا ئەو دیکتاتۆریو سلبیاتە تەنها بۆ جیهانی ئیسلامی دەنێرێ، ئەگینا ڕاستە وا جەنگ لەسەر دیموکراسی دەکا لە شوێنانی تر.

٦- لەبەر ئەوەی ئەمەریکا هێزەکەی ڕێکخراوە بەرامبەر هێزی دیارو ڕێکخراو سەرکەوتووە، بەڵام بەرامبەر هێزی بزرو پارتی زان سەرکەوتوو نین، چ لەو سەردەمە چ لەکۆنەوە، هەروەك لە شۆڕشو بەرگریەکانی خەتابی لە مەغریب عومەر موختار لە لیبیا، عبدالقادری جەزائیری، مەهدی لە سودان شۆڕشو بەرگری شێخ محمود لە کوردستانو زانایانی ئایینی لە نەجەفو کەربەلا، تا ئەو ساتەش هەروایە زۆر بە سانایی ڕووبەرووی دەوڵەتی عێراقی بۆوە، کەچی تا ئێستا چارەی ئەو بەرگریەی نێو سوننی عەرەبی پێ ناکری، بۆیە لە تەقەلایەکی بێوچان دایە تەنیا شەرعییەت بداتە بوونی ڕەسمی، تا بتوانێ بەسانایی زاڵ بێت بەسەریاندا، ئیتر شەرعییەتەکانی شۆڕشگێڕیو جەماوەریو ... کپ بکاتەوە بەناوو ناتۆرەی (تیرۆر، تێکدەر، بەدەر لە یاسا ...) ئەوەش یەکێ لە مەبەستەکانی سایکس-بیکۆ بووە لە دروستکردنی ئەو دەولەتۆکانەی وەك: عێراق، ئوردن، سوریا، کوێت .... .

٧- ڕۆژئاوا گەلێ جار بەڵێنی وای لە شێوەی (سیستەمی نوێی جیهانی)یەوە جارداوە تەنها لایەنی سەلبییەکانی جێبەجێ کردووە، بەڵام لەلایەنی ئیجابی

یه‌کان هەر دەنگ بووەو بەس، ئیتر بەو شێوە لە کۆنەوەش دروشمی بەناوی (عدم إنتشار البارود) بەهەمان شێوەی ئێستای کە چۆن مل لەبەر ملی ئەو وڵاتانە دەنێت کە لەگەڵ بەرژەوەندی ئەو تێك ناکاتەوە ئەوا بەناوی (عدم إنتشار أسلحة الدمار الشامل) (.. نووی) .. ڕوو بەڕوویان دەبێتەوە

پەیوەندی سیستەمی نوێی جیهانی بە سایکس بیکۆو ململانێی شارستانی یەکان:

ململانێی شارستانی لە هەناوی سیستەمی نوێی جیهانی نەهاتووە، بەڵکو تیۆرێکی کۆنە بەشێوەی جیاجیاو ناوی جیاجیا پەیڕەو کراوە، سیستەمی نوێی جیهانی قۆناغێك بوو لەو (ململانێیە)، لە سیستەمی نوێی جیهانی دا کۆمەڵێك فاکتەری سیاسی نوێ هاتە کایەوە لەوانە: ١- تێك ڕووخانی بلوکی سۆسیالیستی ٢- سەرهەڵدانی ڕابوونی ئیسلامی ٣- جەنگی دووەمی کەنداو .. وای کرد ئەوجارە ئەمەریکا بە بەرپرسی جیهانو نوێنەری ڕۆژئاوا بێتەوە گۆڕەپان لەسەر شێوەی (ڕۆم)ی کۆنو هەڵەتە ئیمپریالیزمی یەکانی ناوەڕاستو شارلمانی فەرەنسی ...، بە شێوەیەك بازی دا بەسەر عەلمانی یەتی ناوچەکەو خودی ئەخشەی سایکس -بیکۆی ١٩١٦، بۆیە لەپێشدا دەبێ لایەنێك لە نیازە نهێنی یەکانی پەیاننامەی سایکس - بیکۆ تۆمار بکەین، ئینجا زیاتر لەو سیستەمەو ململانێی شارستانی تێدەگەین بە تایبەتی لەناوچەکانی جیهانی ئیسلامی :

مەبەستەکانی سایکس- بیکۆ:

جگە لە نیازە ئاشکراکانی کە ئیمپریالیزمە ئەو نیازە شاردراوانەشی تیایە زۆر بەکورتی:

١- بۆ دابەشکردنی جیهانی ئیسلامیو یەك نەگرتنەوەی ﴿لە چوارچێوەی یاسای (فرق تسد) کە لە زەمانی ئەسکەندەری مەقدۆنیەوە پەیڕەو کراوە[1]﴾.

٢- ئاسانی زاڵبوون بەسەر جەنگی میللی، لەڕێی دەسەڵاتی عەلمانی ناوچەو وڵاتەکە، ئەو نەخشەیە لە زەمانی فیرعەونەکان پەیڕەو کراوە بۆ زاڵبوون بەسەر تەواوی خەڵکی وڵاتیان کردە (٤٢) هەرێم، لەلایەکی تر ڕۆژئاوای ئەو ساتیو ئەمەریکای ئێستاش لایان سانایە سزای هەر دەوڵەتێك بدا بەڵام لای زۆر قورسە بەسەر بزووتنەوەیەکی میللی زاڵ بێت، بۆیە ناوچەکەیان کردە چەندین دەوڵەتۆکەو هەریەکەشی دیکتاتۆرێکی بەسەردا سەپاندووە.

٣- بۆ ئەوەی بەڵێننامەی بەلفۆر١٩١٧بچەسپێ.

٤- هەردەم ناوچەی نائارامی دروست بێ وەك پاساو بۆ هاتنەوەو سزاو دەست تێوەردانی ناوچەکە.

٥- دارشتنی دامو دەزگا نوێکان لەسەر بنچینەی عەلمانییەتو بۆشاییەك بەجێ نەمێنێ، کە جارێکی تر دەوڵەتی ئیسلامی جێی بێتەوە.

ئەو خاڵانە نزیکەی 3/4 سەدەیەکی خایاندوە، بەڵام دوایی دیسان ڕابوونێکی ئیسلامی لەپاش شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی خومەینی ١٩٧٩ سەری هەڵداوە، زۆر بەخێرایی ئەمەریکاو ڕۆژئاوای ترساند، لەگەڵ ڕەخساندنی باری جیهانی بەرەو پێشچوونی تەکنۆلۆجیاو هەرەسی بلۆکی سۆشیالیستیو فاوڵی عێراق لە جەنگی کوێت، وایکرد ئەمەریکا خۆی بێتەوە مەیدان جارێکی تر نەخشەی سایکس-بیکۆ سەرلەنوێو لەسەر بنچینەی سەدەی (٢١)و بە بنەماکانی ململانێی شارستانی دارێژرێتەوە، لە دوای ١١ی ئەیلول- ٢٠٠٢ بە سەربازیش هاتەوە گۆڕەپانو سیستەمی نوێی جیهانی کۆتایی هاتو قۆناغی پەیڕەوکردنی

[1] کاتی ئەسکەندەر سەرکەوتووبوو بەسەر ڕۆژهەڵاتو لە خاکی فارس ڕا نامەیەکی بۆ ئەرستۆی مامۆستای نارد وداوای لێکرد ئاخۆ چی بکاو چۆن زاڵ بیو لە کاتێکا لە جەنگ زاڵ بوەو خاکی گرتووە چۆن بەسەر تاکیش (میللەتانیش) زاڵ بێ، لە وەڵامدا ئەرستۆ وتی سیاسەتی (پەرتکەو زاڵ بە) یان بەسەردا بسەپێنە.

ململانێی شارستانی نۆرەی هات، لە سەرەتادا ئەفغانستان‌و دوایی عێراقی داگیر کرد .. بەڵام سەرەنجامەکانی واپێدەچێ زۆر بەترسناکی ڕوو لە ئەمریکا بکاتەوە، چونکە لەلایەن ئیسلامییەکان بەربەرەکانێی ڕاستەوخۆی ئەمریکاو ڕۆژئاوا ساناترە نەك بەربەرەکانی عەلمانییەتی خۆماڵی با تەکنۆلۆجیای یەکەم بەهێزتریش بێت، بۆیە ئێستا ئەمریکا بیر لە چاوپیاخشاندنەوەی ئەو هەنگاوە گۆبەندیە (مجازفیە) دەکاتەوە، چونکە هەر وڵاتێك داگیر دەکا ئەوا لەدوای حکومەتە عەلمانییە دیکتاتۆرییەکە یەکسەر ڕابوونی ئیسلامییەکی بەهێز لەجێی دەتەقێتەوە، کە پێشتر لەلایەن حکومەتە عەلمانییەکە وەك پاسەوانێکی ڕۆژئاوایی سەرکوتی کردبوو، بەلادانی ئەو قەپاغە یەکسەر ڕابوونەکە دەتەقێتەوە. بۆیە هاتنی ئەمریکاو گۆڕینی لە ناڕاستەوخۆ بۆ ڕاستەوخۆ زۆر لە قازانجی ئیسلامییەکان بووەو دەبێ کەچی ئیسلامییەکان ئەو ستراتیژیەیان پەیڕەو نەکردووە هەروا دژی ئەمریکان بە پلە یەك.

(١٠)

ناردنـــی شـۆڕش   تصـدیر الثـــورة

Export Revolution

به مانای به‌رپاکردنی جموجۆڵی سیاسی تا پله‌ی شۆڕشی بـه‌هۆی فاکتـه‌رێکی ده‌ره‌وه، ئه‌و زاراوه‌یه له‌سـه‌رده‌می شۆرشـی ئۆکتۆبـه‌ری ١٩١٧بـه سـه‌رۆکایه‌تی (لینین) که‌مێك به‌و شێوازه سـه‌ری هه‌ڵـدا، بـه‌ڵام نـه‌بووه زاراوه‌یـه‌کی سیاسـی، له‌دوای سه‌رکه‌وتنی شۆرشـی ئیـسلامی ئێرانـی به‌سـه‌رۆکایه‌تی (آ.خمـینی) لـه ١٩٧٩ ئه‌و زاراوه‌یه سه‌ری هه‌ڵدا، ئه‌وشورشه جموجۆڵو ڕابوونێکی فراوانی خـسته ناو جیهانی ئیسلامی، چـونکه چـۆنایه‌تی شۆرشـه‌که زۆر جۆشـده‌ر بـوو، یه‌کـه‌م جاریش بـوو شۆڕشـێکی جـه‌ماوه‌ری به‌سـۆز بـه‌ناوی ئیـسلامی نـاوا سـه‌رکه‌وێ بێئه‌وه‌ی پاڵ بداته ڕۆژهه‌ڵات یا ڕۆئاوا، له‌دوای سه‌رکه‌وتنیش سه‌رکرده‌و ڕابـه‌رانی شۆڕشی ئێرانی به‌دوای ژیان‌و خۆشگوزه‌رانی نه‌بوون، یه‌کـسه‌ر ڕوویـان لـه کێـشه نادادگه‌ری یه‌کانی جیهان کردو هه‌ر خـودی ئـه‌و شۆڕشـه‌ش زۆر ووروژێنـه‌ر بـوو، هه‌موو جیهانی له زۆرداران به‌خه‌به‌ر هێناوه سه‌لماندی یه‌وه که هێزی جه‌ماوه‌ر لـه ته‌کنۆلۆجیای سه‌ربازی به‌هێزتره، بێئه‌وه‌ی ئه‌وان جارێ بتوانن بپرژێنه سه‌ر ناردنه ده‌ره‌وه‌ی شـۆرش هـه‌ر خـودی ڕووداوی (شۆڕشـه‌که)بـووه هانـدانی خـه‌ڵك لـه زۆرداری‌و دیکتاتۆره‌کان هه‌ڵـسن، به‌و شێوه‌یه جمو جۆڵو نائارامی یه‌کی بێ وێنـه جیهانی ئیسلامی گرته‌وه، شۆڕشی ئه‌فغانستان به‌ناوه‌ڕۆکی ئیـسلامی زیاتر ته‌قی یه‌وه، له تورکیا له عێراق لـه وڵاتـانی عـه‌ره‌بی ... هتـد خـوارووی ئاسیاشـی گرته‌وه، زۆربه‌ی شۆڕش‌و به‌رگری یه میللی یه‌کانی داگیرکه‌رانیـشی گه‌شـانده‌وه، به‌رگری فه‌له‌ستین، مۆرۆ، کـشمیر، خـوارووی لبنـان.. زۆر گه‌شـه‌ی بـه شۆڕشـی کوردیش کرد، ... به‌و شێوه‌یه له‌به‌رامبـه‌ر ئـه‌و دیه‌نـه ترسـناکه‌ی ده‌سـه‌ڵاتداره

دیکتاتۆری‌و زلهێزانی ڕۆژهەڵات‌و ڕۆژئاوا ئەو زاراوەیە دۆزرایەوە بەناوی (تصدیر الثورة)، بۆ ئەوەی ئەو دۆخە شۆڕشگێڕی‌یەی کەوەك شەپۆڵ وڵاتانی دەگرتەوە بە سروشتی بیخەنە ئەستۆی دەوڵەتێك، ئیتر میللەتان لە ئەنجامی باری خراپی دەسەڵاتداران بەخەبەر دەهاتنەوەو کێشەکە لە نێوان میللەت‌و دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆری بوو .. بەهۆی ئەو زاراوەیە دەویسترا بکرێتە کێشەیەکی نێوان دەوڵەت‌و دەوڵەتێکی تر، .. بەو شێوەیە ئەو زاراوەیە زۆر گەشەی کرد ... تا بە هەموو لایەك جەنگی عێراق دژی ئێرانیان سازدا کە لە نزیکەوە دیوارێکی پۆڵاینی لە پێش ئەو شۆڕشە دروست بکا، لەکۆتاییدا بەرەبەرە ئەو زاراوەیە بووە تۆمەتێك هاوتای ئەو زاراوەیە، زاراوەی وەك (ئوسولی، تزمت، تیرۆریست، ئیسلامی، ...) لەگەڵی پەیدا بوو، پێکیشیان دەبەستەوە، لە ژێرەوەش تەقەلایەکی جیهانی خەست تر هەبوو بۆ بەرگرتنی ئەو (تصدیر الثورة) بەدەیان کۆبونەوەی ڕەسمی‌و نارەسمی سازدرا، لە هەمووی گرنگتر لە نێوان ئەمریکاو ئیسرائیل کۆمیتەیەکی باڵای هاوبەش پێکهات بەناوی (کۆمیتەی گشتی هاوبەش) بەدەیان سەنتەری توێژینەوەی لەبەردەست بوو، بودجەیەکی خەیاڵی بۆ تەرخان کرابوو، کارو فەرمانی دۆزینەوەی ئیختیلاف‌و زیندووکردنەوەی جیاوازی مەزهەبی وەك شیعەو سونەو ئیسلامی سیاسی‌و ناسیاسی‌و ...پەیداکرد، لەو ڕووەوە دەسەڵاتدارانی وڵاتانی عەرەبی بەشداربوون بە تایبەتی میسر، وڵاتانی کەنداو، عێراقی بەعس، .. ئەو لێژنەیە ئەرکی زۆر فراوان بوو هەتا دروستکردنی کەسێتی ئیسلامی‌و بانگخوازو بیروباوەڕی توندو ناکۆك، لەچاپدانی کتێب بۆ ئەوەی ناکۆکی لە ڕیزی ڕابوونی ئیسلامی دروست بێت تا ئەو جۆش‌و خرۆشە جیهانی‌یە کپ بێتەوە، .. بەو شێوەیە تا ڕادەیەك توانیان پێش لەو شەپۆلە بگرنەوە، بەڵام هەر کاریگەرییەکەی بەردەوام بوو هەتا ئەو ساتەش، لەکاتێکا جەنگی عێراق‌و ئێران بەردەوام بوو بۆ بەرگرتنی ئەو (تصدیر الثورة) دەبینین پەڕییەوە ئەفغانستان بەرەو ڕۆژهەڵات لەولایەش پەڕییەوە وڵاتانی عەرەبی‌و

سودانو جەزائیرو تونس، .. تا لەنێو تەیاری سێیەم بە ناوی (سەلەفیەت) لەناو ڕابوونی ئیسلامی دروست کرا، کاریگەرییەکی لە هەموان زیاتر لەو (تصدیر الشورة) کردو کۆمەڵێك جیاوازی نوستووی بەخەبەر هێنایەوە، زیاتر دەسەڵاتدارانو زلهێزانی حەساندەوە .

(١١)

تۆرانــی الطورانیــة Toranism

بیرێکــی عــەلمانی نەتــەوەیی توندڕەوە هاوتــای فاشــی و نــازی شــۆڤینی‌و ڤالانزیسی‌و بەعسی، لە ناوەڕاستی سەدەی ١٩ چەکەرەی کرد، بەلام لەدوای ساڵانی ١٩٠٨ پەرەی سەند، وەك ئامرازێکی ترسناك لە دژی عوسمانلی‌و نەتەوەکانی تری موسولمان، دەقی بیری تۆرانی ئەوەیە: کە لەکتێبەکانی (تکین ئەلب) هاتووە بە ناوی (تۆران) : تۆران پارچە خاکێکی ڕەسەنی تورکە لەناوەڕاستی ئاسیا[1] بەلام تۆرانی بزوتنەوەیەکی ڕەگەز پەرستی سیاسی یە مەبەستی کۆکردنەوەی هەموو ئەوانەی بە تورکی دەدوێن لە تورك‌و تورکمان‌و تەتەرو مەغۆل‌و قیرغیزو ئازەری‌و ئۆزبەك‌و .. بە هەموو ئە خاکە پان‌و بەرینەشی یەوە کە لەسەری دەژین، بەو شێوەیە ئەخشەی سیاسی‌و جوگرافی‌و مێژوو یی‌و ئەخشەی عوسمانلی زۆر لێك جیان، ئینجا بیروباوەڕو مێژوو فەرهەنگ‌و کەلتوورو .. هەتا دەگاتە عەقیدەو تێڕوانین‌و ئامانجەکانیشیان، لەجیاتی (پەیوەندی ئاسۆیی ئیسلامی عوسمانلی) کرایە پەیوەندی ئاقوڵی ڕەچەڵەك، دەستکارییەکی بنچینەی ئەدەبیات‌و ڕووی مێژوو کەلتوورو بیرو ڕوا ئینتیماکانی کردووە، لە ئاسۆیی یەوە بەرەو ئاقوڵی، لە پێشکەوتوویی یەوە بەرەو دواکەوتویی، لە مرۆڤایەتی یەوە بەرەو ڕەگەز پەرستی، مێژووی عوسمانیشی کردە بەشێك لەو پرۆسەیەی پانتایی تۆرانی .. لەسەردەمی عوسمانی بیری نەتەوەیی ئەبوو، خەلافەت بەناوی ئیسلامی بوو نەك تورکایەتی، هەموو نەتەوەو هێزو توێژی جیاجیا بەیەکسانی ئینتیمایان لەو خەلافەتە بووە سەرەڕای بەدکارییەکی زۆری سوڵتانەکان بەلام ئەوخراپییەیان بەناوی نەتەوەیی ئەبووە، هەر

[1] لە سەرووی ئێرانیش ناوچەیەك هەیە بەناوی (توران) بەلام ئەو جیایە لەگەڵ ئەو تورانە

بۆیەش نازناوی سوڵتانەکانیشیان بەناوی تورکایەتی نەبووە نازناوی وەك سوڵتان، خادم حرمین، خاقانی بروبحر، .. بۆ زیاتر سەرنج بدە (موسوعة الألقاب ...) هەتا لە هیچ شوێنێك بە سەربازی عوسمانی نەوتراوە سەربازی تورکەکان، هەر وتراوە سەربازی عوسمانی یەکان یا سەربازە ئیسلامیەکان، لەناو کوردیش بە خراپەش کە ناویان هاتووە بە ناوی (جل خوارەکان) یان (گورگە بۆرەکان) لەناو عەرەب بە (ئەفاندم) ناویان هاتووە، بەناوی تورك نەهاتووە[1]، هەروەك هەندێ فەرهەنگو ئەنسکلۆپیدیاو نووسەری ئێستا جاروایە تورك‌و عوسمانی یەکان تێکەڵ دەکەن بەتایبەتی گوتاری ئیمپریالیزمی یەکان، بۆ ئەو مەبەستە سەرنج بدە (ساطع حصري) کە جیهانبینێکی نەتەوەگەری توندی عەرەبیشەو لە سەردەمی خەلافەت (قائیمقامی) مەقدۆنیا بووەو باوکیشی قازی بوو بە هەموو هەرێمەکانی عوسمانلی دا گەڕابوو دەڵێ: لە هیچ شوێنێك ئەو هەستەی نەتەوەیی لای هیچ لایەك نەبوو لەلای تورکەکانیش[3]، لە دەزگاکانی ڕەگەزنامەش لە ناسنامەدا ناوی نەتەوە نەدەنووسرا تەنها ئایین دەنووسرا[4]، (محمد آمین زەکی بەگ)یش لە پێشەکی کتێبی (کوردو کوردستان) دووپاتی ئەو ڕاستی یە دەکاتەوە، لەڕاستیدا توێژەرەوان تا ئێستا زۆر گەڕاون لە نێو بەڵگەنامەکانی عوسمانی بەڵگەیەکی نەتەوەگەریان نەدۆزیتەوە تیایدا لایەنگیری ڕەگەزی تورك بکا، بە پێچەوانەوە زۆربەی تورکمانو نازەرو.. دژی عوسمانی بوون زیاتر لایەنگیری سەفەوی بووینە، کەچی کوردو عەرەب لای عوسمانی بووینە.

بەو شێوەیە ئەگەر سەلبیات‌و نادادگەریش هەبووبێ لە ڕووی نەتەوەیی نەبووە، بۆیە لەدوای داڕووخانی خەلافەت زۆربەی نەتەوە (ناتورکەکان) سەرلەنوێ داوای گێڕانەوەی خەلافەتیان کردەوە، نەتەوەگەری یە تورکەکان بەو دۆخەی ناو

---

١ بۆیە زیاتر سەرنج بدە (بیرەوەرییەکانی ڕەفیق حلمی).

٣ و ٤ بۆ زیاتر بڕوانە: محاضرات في نشوء القومية- ساطع حصري .

عوسمانلی قایل نەبوون، ئیتر جاری ئەوەیان دا کە ڕەگەزی تورك لە خەلافەتو ئەو (رابطة)یەی ئیسلامی زەرەریەتی، هەروەك (مصطفی کمال) لە وتارەکانی هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت دووبارەی دەکردەوە، ئەو چینە خەلکە زۆربەی (دۆنمی) بوون ئەو جوانەن لە سەدەی (١٨) لە ئیسپانیا دەرکرانو لە سالۆنێك دالّدەدران لەلایەن خەلافەتەوە دوای ئیسلام بوونیان، بەلاّم وا دەگوترێ کە لە ژێرەوە بەتەواویو هەموویان ئیسلام نەبووینە، ئەوانە وەك مەسیحی ناو عەرەب ڕۆڵێکی گرنگیان هەم بۆ دامەزراندنو بلاّوکردنەوەی تۆرانی یەت بینی هەم بۆ ئینقیلابەکەی ١٩٠٨ لەوانە: مصطفی کمال - کە لە بنەچەدا سەر بە خێزانێکی یۆنانی ناوچەی ڕیسە، حسین جاهد، چاوید بەگ، ... لەبەنەچەدا زۆربەی سەرانی ئەو بزووتنەوە وەك : ئەنوەر پاشا، طلعت پاشا، جمال پاشا، تکینی ئەلب، زیا ئەلب کۆك، .. ڕەچەڵەکو ڕەوتیان لێڵ بوو، تورك نەبوون، ... گومانەکە لێرەوە درووست دەبێ کە ئەوانە تورك نەبووینەو هاتوون تیۆری سیاسی ناسۆنالیزمی یان بۆ تورك دارشتووەو باسی چەوساوەیی تورکیان کردووە لە هاوکێشەی عوسمانلی، تا ڕادەیەك ئەگەر واشبێت هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وەسفەی (تورك -بێ ئیدارك)[١]، تورك زۆر خەڵکی بەتوانای ئیداریو فکریان نەبوو هەرچەندە جەنگاوەری شازاش بووینە، ئیتر زۆربەی پایە سەرکییەکانی ناو خەلافەت خەڵکانێك بووینە لە عەرەبو کوردو چەرکەسو ئەلبانو ... بۆیە بزووتنەوەی (تۆرانیەت) بناغەیەکی تری تەواو جیای دارشتەوە بۆ ئەو سیستەمەو بانگی سەروەری بابو باپیرانو ڕەچەڵەکو ئەو خاکە فراوانەی جیهانی تورکی کرد نەك جیهانی ئیسلامی، داوایەکی هاوشێوەی نازیایەتی کرا، لە ڕاستی دا دیسان گەڕانەوە سەر فاکتەرە شاقوڵی یە ڕەچەڵەکی یەکان کە لەزەمانی یۆنای کۆن دابەشی یە ڕەچەڵەکی یەکانی کۆمەلاّیەتی بە (تەنەکە، ناسن، زیو، زێڕ) دابەش کرابوو، لەلایەنی ئیسلام بەیەکجارییو بە واقیعی تێکو پێك شکێنراو هەریەکە

---

[١] بروانە (ساطع حصري – محاظرات في نشوء القومية)

له (بیلالی حه‌به‌شی، سوهه‌یبی ڕۆمی، سه‌لمانی فارسی، گابانی کوردی...) شان به‌شانی عه‌ره‌ب سه‌رکرده‌ی ئه‌و کۆمه‌ڵگه‌یه بوونه، بیلال حه‌به‌شی به حیسابی یۆنانی (ماده‌ی ته‌نه‌که بووه له ئاژه‌ڵ نزیك بووه نه‌ك مرۆڤی ته‌واو) ... هه‌موو ئه‌و جیاوازیانه هاتنه‌وه ناو میلله‌تی ئیسلام، هاو شێوه‌ی ڕۆژئاوا که نازییه‌تو فاشییه‌تو زانکۆی جرمانی، زانکۆی ئه‌مریکا، ئه‌نگلوسکونی، فرانکۆفۆنی ئێستاو زانکۆی عه‌ره‌بی ... تۆرانییه‌تیش به خه‌ست تر له‌وانه هاته مه‌یدان .. هه‌ر به‌و هۆیه‌شه‌وه ده‌ستیان به پاکتاوی ڕه‌گه‌زی کرد، ئه‌و گوورزه‌ی له ئه‌رمه‌ن وه‌شێنرا هه‌ر له ده‌ستی تۆرانییه‌کان بوون چ له‌نێو ناوه‌نده‌کانی خه‌لافه‌ت چ له دوای ۱۹۰۸و ده‌سه‌ڵات وه‌رگرتنیان، هه‌ر ئه‌وانیش ده‌سه‌ڵاتدار بوون زیاتر خه‌لافه‌تی عوسمانلی ئه‌وکاتی به (پیاوه نه‌خۆشه‌که) ناوبانگی ڕۆیشتبوو، به‌ره‌به‌ره گوتاری سیاسیی‌و مێژوویی‌و که‌لتووری‌و فه‌رهه‌نگیان گۆڕی هه‌تا پیتی نووسینیش، تا له‌کۆتایی نووسینه‌کانی (تیکین ئه‌لب)یان کرده په‌یڕه‌و، ئه‌و نووسه‌ره به‌هێزه (۵) به‌رگی له‌باره‌ی ڕه‌چه‌ڵه‌کی تورك‌و ڕه‌وشت‌و خانه‌دانی‌و نیشتیمانی تورك‌و جه‌نگه‌کان‌و پیاوه‌تییه‌کانی نووسی به‌ناوی (تۆران)، تیایدا جۆره گوتاریکی دارشته‌وه زۆربه‌ی ڕووداوه مێژووییه‌کانیان سه‌ر له نوێوه نووسییه‌وه به ڕوانگه‌یه‌کی نه‌ته‌وه‌گه‌ری نائیسلامی، له سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی بیسته‌م ئه‌و بیره بڵاوبۆوه وه‌ك: جوان تورك‌و تورك ملیکشی‌و ئیتیحاد الترقی‌و تورك ئۆجاغی..و ئینقیلابه‌که‌ی ۱۹۰۸ی له‌سه‌ر دروست بوو، ئه‌وان ده‌سه‌ڵاتیان گرته ده‌ست له ساڵی ۱۹۲۰ سوڵتان خه‌لافه‌تی به‌جێهێشت، تا له ۱۹۲٤/۳/۳ به یه‌کجاری خه‌لافه‌تی ئیسلامی (عوسمانلی) هه‌ڵوه‌شێنرایه‌وه‌و کۆماری تورکیای عه‌لمانی له‌جێی دارشترا له‌سه‌ر ده‌ستی (مصطفی کمال)، له‌گه‌ڵ دارمانی خه‌لافه‌ت‌و سه‌رکه‌وتنی بیری تۆرانییه‌ت مه‌ینه‌تی کوردیشی له‌گه‌ڵ دروست بوو، به‌ڵام له کۆتاییدا ئه‌و بیره هه‌م ته‌واو سه‌رکه‌وتوو نه‌بوو هه‌م زیانێکی کوشنده‌شی له ئیسلام‌و میلله‌تانی ئیسلامی‌و هه‌تا میلله‌تی تورکیش دا، ئه‌گه‌ر به‌و ته‌رازووه

نەتەوەگەرییانەش هەڵیسەنگێنین دەبینین ئەو عوسمانلییەی دەسەڵاتی لە ئەورووپاو ئاسیاو ئەفریقیا هەبوو بچووك بۆوە بۆ خاکێکی بچوکی تورکیا بە پێی مادەی (١٠)ی جاڕنامەی ویلسونو مەرجە کوشندەکانی لۆزان دروست بوو، لەیادی ساڵانەی سەربەخۆی تورکیای ئێستا پێویستە لەجیاتی ئاهەنگ شین بگێڕن، هەروا بەدوای مەرجەکانی یەکێتی ئەورووپیەوە پێی ناگا، ڕۆڵێکی وای نەك لە جیهان لە ناوچەکەشی وەك پارێزگایەکی بەرژەوەندی ئەمەریکی کار دەکات..

بزووتنەوەی تۆرانییەت لەگەڵ ئارەزووەکانی (مصطفی کمال) تەواو نەهاتەوە بۆیە ئامانجەکانی نەهاتە دی، بەڵام وەك بیرێکی نەتەوەیی لە تورکیا باوی هەبووە، ئەو دوایەی هەندێ حزبی تورکیاو (بەرەی تورکمانی عێراقی) کە داوای یەکگرتنەوەی جیهانی تورك دەکەن هەمان داواو مانای تۆرانییە، .. هەر ئەو بیرە درێژکراوەیەتی ئێستا زمانی کوردیان قەدەغە کردووە، لە دوا هەڵبژاردن ئەو جۆرە ڕێکخستنو بیرو ڕێبازانەی تۆرانییەت تەواو شکستیان هێنا، ئێستا سەر لە نوێ ئیسلامییەکان لەو هەڵبژاردنەی (٢٠٠٢) بە ڕەهای دەرچوون لە پەرلەمانو حکومەتو ئاسۆیەکی پێچەوانەی نوێیان بینا کردووە، بەڵام دەسەڵاتی تەواویان بەرامبەر سوپا نی یە، لە بەرامبەردا بزوتنەوەی تۆرانی نەتەوەگەرییو عەلمانی تورکی بە گشتی دیمەنێکی ناشیرینی هەیە، چونکە بە ئاشکرا خۆی داوەتە دەست سوپاوەك پارێزەری بنەماکانی عەلمانیەت ئەگینا قەلۆش بووە.

(١٢)

هەڵوەشاندنەوەی سۆڤیەت تفكك إتحاد السوڤیاتی
USSR break up

ڕۆژی ١٩٩١/١٢/٣١ بە یادی هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت‌و دارمانی مەدرەسەی شیوعیەت دەناسرێ، ڕووداوێکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی‌و شارستانی‌و ستراتیژی مەزن بوو، ڕەوتی مێژوویی بەتەواوی گۆڕی .

سەرەتاو کۆتا

هەرچەندە شۆڕشی شیوعی لەسەر دەستی (لینین) لە ١٩١٧ مانگی ئۆکتۆبەر لە ڕوسیا کرا کە بە شۆڕشی ئۆکتۆبەریش ناو دەبرێ، بەڵام درووست بوونی یەکێتی سۆڤیەت لە ١٩٢٢/١٢/٣٠ بووە، خاکەکەی ٦ملیون میل دوجا (سۆفیەتی جاران ٢٢ ملیون کم[٢]) ولە ١٦٪ ی جیهانە، پێکهاتبوو لە ١٢٠ نەتەوەو ١٤ کۆمار: (ڕوسیا، ئۆکرانیە، کازاخستان، ئۆزباکستان، ڕوسیای سپی، جۆرجیا، لتوانیە، ئازەربێجان، مالدڤیە، تاجکستان، لاتڤیا، ئەرمینیا، تورکمانستان، ئستونیە، قیرغیزستان) لەگەڵ هەندێ هەرێمی خود موختاریش بەناوی (یەکێتی کۆمارەکانی سۆڤیەتی سۆشیالیستی- إتحاد جمهوریات الإشتراكیە السوفیتیە)، ناوی نەتەوەیی بە ڕوسی (سویز سۆڤیتك سوسیالیستی سیکخ ریبدبیك)، لە بنەچەدا (سۆڤیەت) وشەیەکی ڕووسی یە بە مانای (ئەنجومەن) یان (شورا)، یەکەمجار لە ڕاپەڕینە کرێکاری یەکانی ١٩٠٥ درووست بوو کە (لینین) ناوی بردن بە پڕۆڤەی شیوعی یەت، دوای لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر ١٩١٧ ئەو (سۆڤیەتە) دروست بوو کاتێ کرێکاران‌و جوتیاران‌و سەربازانیش ئەو

ئەنجومەنمیان پێك دەهێنا بۆ هەڵبژاردنی نوێنەریانو دوای بووە سیستەمی بنچینەیی دەوڵەت، سەرۆکەکانی سۆڤێتی بریتی بوون لە :

(لینین: ١٩١٧ – ١٩٢٤)، (ستالین: ١٩٢٤ - ١٩٥٣)، (خرۆتچۆڤ: ١٩٥٣ – ١٩٦٤)، (برێجنێف: ١٩٦٤ – ١٩٨٢)، (ئەندرۆپۆڤ : ١٩٨٢ – ١٩٨٤)، (تشارنیکۆ: ١٩٨٤ – ١٩٨٥)، (گۆرباتچۆڤ : ١٩٨٥ ١٩٩١) دوا سەرۆك بوو.

یەکێتی سۆڤیەت بەهۆی ئەو ئایدۆلۆژی یە شیوعی یەتە توانی بینایەکی مەزن لەناوەخۆ درووست بکا بگاتە ئاستێکی وا رۆژئاوای وێك هێنابۆوە، بەتایبەت دوای جەنگی جیهانی دووەم رۆڵی زیاتر دەستی پێکرد، وەك رزگارکەری جیهان لەدەست نازی ناوی دەرکرد، لەگەڵ رۆژئاوا هەردەم لە جەنگی ناڕاستەوخۆو جەنگی راگەیاندنی فکریو سیاسیو فەلسەفی و شارستانی بووە کە بە (جەنگی سارد) ناوبراوە، هەتا دوای حەفتاکانیش هەر لەزیاد بوون دا بووە، دوای ئەوە هەندێ قەیرانی زانستی و سیاسی و ئابووریو کۆمەڵایەتیو دەروونی وای بۆ پەیدا بوو کە کاری زیاتر لەژێرخانی ئەو یەکێتی یە کرد، بە سیستەمو مەدرەسەی شیوعی یەت چارەسەر نەدەبوو هەروەك لە نامەکەی (ا.خمینی بۆ گۆرباتچۆڤیش وا هاتبوو)، بۆیە ویستی لە رێی قووت دانی جیهانی بەهۆی هێزی سەربازییەوە چارەسەرییەکانی دەست کەوێ کە بە (بنەمای برێجنێڤ) ناوزەد دەکرا، ئیتر سوپای سۆڤیەتیو کۆبیو ئەڵمانی وەك ئامادە گاردی کۆماری جیهانی بە ئاشکرا دەچوونە پاڵ کێشەکانی ئاسیاو کەمبۆدیاو لاوس سەردەکەوتنو ئەمەریکا بە ترسناکی شکستی هێناو لە گۆرەپانی جیهان کشایەوە، لە ئەفریقیاش لە دوای سەربەخۆی ئەنگۆلا لە نێوان (بەرەی میللی بە سەرۆکایەتی ئوگستینۆ نیتۆی شیوعی سەر بە سۆڤیەتو بەرەیەکی ماوی پێکهاتبوو لە بەرەی نیشتیمانیو یەکێتی نیشتیمانی بەسەرۆکایەتی جۆزیف ساڤمبی لەویەری ناکۆکی دابوون، هێزەکانی روسی و کوبی و ئەڵمانی بەهانای بەرەی میللی هاتنو ئەنگۆلایان کردە سەنگەرێکی تری شیوعی بۆ ئەفریقیا،

پەلاماری ئۆگادینی زاڵتر درا دوای ئەسیوبیاو سۆماڵ ... لە هەموو پرۆسە سەربازی یەکان زەق تر هاتنیان بۆ ناو ئەفغانستان بوو لە ساڵی ١٩٧٩، لەدوای ململانێیە خوێناوی‌یەکەی نێوان دوو باڵی حزبی شیوعی ئەفغانستان (پەرچەم)و(خەلق) ئەوە بوو (حفیظ الله أمین) زاڵ بوو بەسەر(نور محمد تراقی)و کوژرا، سوپای سۆڤیەتی ڕاستەوخۆ لە فرۆکەخانە دابەزین و یەکسەر (حفیظ الله أمین) کوژراو (بابراك کارمل) یان کردە سەرۆك، بەو شێوە ویستیان هەموو جیهان قووت بدەن .. دیارە ئەو یاسایەی (قانون دورة الحضارات) کە لە قورئانی پیرۆزیش بەڕوونی باسی کراوە، زانایانیش هەر لە (ئەرستۆ) هەتا (إبن خلدون)و (توینبی) باسیان کردووەو (ناپلیۆن) لێی کوشیوەو لە یاسایەك دەقەکەی دەڵێ: **شارستانی یەکان بە پارووی گەورە مردوون**، ئیتر یەکێتی سۆڤیەتیش بەو پاروە گەورە هاتە مردن هەروەك ئەڵمانیاو بریتانیا لەپێش ئەو وا ئەمەریکاش خەریکی هەمان پاروە ٠

هۆیەکانی کەوتنی:

خورد کردنەوەی هۆیەکانی کەوتنی سۆڤیەت گەلێ درێژخایەنە هەر دەتوانین بەشە سەرەکی یەکانیان لێ هەڵبژێرین، بەشێکی لە ژێرەوە کاری کردووە وەك لە سەروو باس کرا هەندێ قەیرانی بەردەوامیش هەر هەبوو لە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەژادی ... هەندێکیشیان ڕاستەوخۆبوون بەو شێوەیە :

١- **فاکتەری زانستی** : ئیمپراتۆری‌یەتی سۆڤیەتی بنچینەکەی ئایدۆلۆژی بوو .. هەتا ئایدۆلۆژی یەکەی سەلامەت بوو زۆر گەشەی کرد لەناوەوەو دەرەوە، دوای ئەوە زانست و دۆزینەوە نوێکانی گەردوونی و کیمیای و فیزیایی و بایۆلۆجی و بە ڕووکاری ئامادی و ئاینی (یان وەك خۆیان گوتەنی بەرەو میسالی) بە

پێچەوانەی بناغە فەلسەفییەکانی ئەو ئایدۆلۆژیایە هاتەوە[1] ژێر خانەکانی شکاندو بەرەو قەیرانی ترسناك ڕۆیشت .

٢- **ئابووری:** ئەو هەموو بودجەو پێویستی یە مادی یەی بۆ بەڕێوەبردنی ململانێ لەگەڵ ڕۆژئاوایەکی خاوەن تەکنۆلۆجیاو سەرمایەداو ئابووری یەکی زەبەلاح، هەردەم بارێکی قورسی ئابووری کەوتبووە سەر شانی، تێچووەکانی گەلێ زیاتر بوو لە داهاتەکانی، سەرەڕای جۆری بەرنامەی ئابووریو فەلسەفەی مولکی یەتو خراپی تەرزەکانی بەهۆی شیوعی یەت لە بەرهەمدا .

٣- **سیاسی:** چەند ڕووداوێك لە جیهان هاتە پێش لەوانە:

أ- **بزووتنەوەی سەندیکا کرێکارەکانی** وڵاتانی سۆسیالیستی ئەورووپای ڕۆژهەڵات لەدوای ساڵانی ١٩٨٠ سەریان هەڵدا بەتایبەتی لە پۆلەندا بە سەرۆکایەتی (لێخ ڤاونسا)، ئەوانە نەك تەنیا داوای چاکسازیان کردبێ لەو وڵاتانەی خۆیان بەڵکو داوای نەمانی شیوعییەتیان دەکرد، ئەو خاڵە زۆر کاریگەر بوو چونکە بە حیسابی فەلسەفەی مارکسیزم چینی کریکار (پرۆلیتاریا) شیوعی یەت دێنێتە دی کەچی ئەو بزووتنەوەی کرێکاران دروست بوو یەکەم داوای سڕینەوەی شیوعییەت بوو نەك سەرمایەداری کە پێچەوانەی هەموو بنەماکانی شیوعییەتو فکری مارکسی بوو .. ماکینەی فیکری شیوعییەت کەوتە سەرسوڕمانێکی ئاڵۆز تا ئەو سەندیکایە لە پۆڵەندە لە ٩/١٢/١٩٩٠ بۆ یەکەم جار لەرێی هەڵبژاردن دەرچوون حزبی شیوعی.لە بەرامبەریان مەزنترین شکستی هێنا .

ب- **شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران:** شۆڕشێکی سەرتاپایی بوو بە هەموو مانا پێچەوانەکانی (یاسای شۆڕش لە شیوعییەتدا)، مەزنترین شۆڕش لەدژی بەهێزترین قەڵای سەرمایەداری لەسەر دەستی مەدرەسەیەك (ئایینی) کە

---

[1] بۆ زیاتر بڕوانە بەشی زانستی لەو فەرهەنگە.

(مارکس) بە (أفیون الشعوب)ی وەسف کردبوو، گوایە سستترین فاکتەر ئایینەو لێرەدا بەکارترین فاکتەر دەرچوو، بووە داینەمۆیەکی بەهێزی گۆڕانی جیهانیش زۆر بەکارتر لە شیوعییەت، جێگەشی بە شیوعیەت لەق کرد.

جـ- شۆڕشی ئیسلامی لە ئەفغانستان: لەدژی داگیرکەری سۆڤیەتی، بۆ یەکەم جار سوپای بەهێزی سۆڤیەتی دوچاری شکستێکی وا بێتەوە، دیمەنێکی ناشیرینی بۆ جیهانو بۆ ناوەخۆش دروست کرد .

د- ڕووخانی دیواری (بەرلین)یش: کە لە ١٩٦١/٨/١٦ دروست کرابوو لە ساڵی ١٩٨٩ میللەت ڕووخاندیان، ئەو دیوارەوا دروست کرابوو کە خەڵکی لە ئەڵمانیای (ئەزموون سۆشیالیستیو شیوعی) ڕای دەکردو ئەو دیوارە ڕێگری بوو، ئیتر بە ڕووخانی ئەو دیوارە دیمەنی شیوعییەتو بلۆکی سۆڤیەتی شەرمەزارو ناشیرین کرد ...

٤- فاکتەرێکی زۆر دەگمەنو یەکلاکەرەوە: لە ماوەی سێ ساڵ لە ١٩٨٢ هەتا ١٩٨٥ سێ سەرۆك مردن (چونکە لە سیستەمو حوکمی سۆڤیەت سەرۆك نەدەگۆڕا مەگەر بمردبایە)، هەریەکە لە (بریجنێف، ئەندرۆبۆڤ، تشارنیکۆ) بەوماوە کورتە مردن، ئیتر ڕێ خۆش بوو کە (گۆرباتچۆڤ) بگاتە ترۆکی دەسەڵات بەخۆیو ئەو بیروبۆچوونەی (بیرۆسترۆیکاو گلازنۆست -واتە الانفتاح والاصلاح وأعادة البناء)،ویستی سەر قەپاغی ئەو مەنجەڵە هەڵچووە هەڵگرێ پێش ئەوەی بتەقێتەوە، ئەوە پاساوی ئەو چاکسازییانەی گۆرباتچۆڤ بوو کە لە ژێرخانی یەکێتی سۆڤیەتیو پەیوەندییەکانی ئەنجام دەدا، ڕەوتی ئەو چاکسازییە بەرەبەرە کۆنترۆڵو ناوەندییەتی دەسەڵاتی لەدەست دەداو میللەتانو کۆمارەکانی سۆڤیەتیش بەرەبەرە سەریان ڕاست کردەوە، گەورەترین کاریگەریش یاخود دوا چەکوچی مەرگ ئەو ئینقیلابەکەی حزبی شیوعی بوو لە ١٩٩١/٨/١٩ دژی گۆرباتچۆڤ کردیانو سەرکەوتوو بوون، گۆرباتچۆڤیان خانەنشین کرد بەناوی (بێتەندروستی)و دوور خرایەوە بۆ دوورگەی (قەرم)، لێرەدا

دەوری (بۆریس یالتسین) بۆ ڕۆژی دووەم دەرکەوت کە ئەو کاتی سەرۆکی کۆماری ڕوسیا بوو (لە چوارچێوەی یەکێتی سۆڤیەت)، لە دژی ئینقیلاب ڕاپەڕیو خۆپیشاندانو مانگرتن لەناو (مۆسکۆ) دەوروبەریو نارەزایی کۆمارەکانی تر دوای (٣) ڕۆژ ئینقلابچی یە شیوعی یەکان پاشەکشەیان کرد، گۆرباتچۆڤیان هێناوە دەسەڵات، بەڵام وەك دوا خەلیفەی عوسمانلی ناسا بەبێ دەسەڵاتی و بە پیاوە نەخۆشەکە مایەوە، زیاتر کۆنترۆڵو ناوەندیاتی لەدەست چوو، کۆمارەکانیش داوای سەربەخۆییان بە ئاشکراتر کردو حزبە شیوعی یەکانی کۆمارەکانیان دوورخستەوە، دوا دەستی پۆلاین لە یەکێتی سۆڤیەتو گۆرباتچۆڤ وەشێنرا ئەو کۆبوونەوەی نێوان (بۆریس یا لتسین –سەرۆکی ڕوسیا، لیۆنید کراتشۆك-سەرۆکی ئۆکرانی، شوسکنیچ –ڕوسیای سپی) لە ١٩٩١/١٢/٨بەستراو کۆتاییان بە یەکێتی سۆڤیەتی هێناو هەڵیان وەشاندەوە بە ڕەسمی لە ١٩٩١/١٢/٣١ لە تەمەنی (٦٩) ساڵو یەك ڕۆژ .

لەدوایدا کاری کوشندەی کردە سەرجەم فکری شیوعی و لە چالاکی کەوت، هەرچەند پاشماوەی شیوعی یەکان تەنزیرێك دەکەن دەڵێن ئەوە پرۆڤەیەك بوو مادام سەرمایەداری مابێت ئەوا شیوعی یەت هەر بەدوای دێت، بەڵام ئەو تەنزیرەی (پرۆڤە)ش لاوازە چونکە کاتی خۆی (لینین) ناوی لە شۆڕشو تەقەڵاکانی ١٩٠٥و ١٩٠٧ ی ڕووسی نابوو (پرۆڤە) .

جەنگو کێشە جیهانیەکان

ئەو چەمکانەن پەیوەستە پێی لەهەمان کاتدا پەیوەستە بە بیری سیاسیو باویشی هەیە لەو سەردەمە .

● هەڵبەتە ئەو جیهانە هەروا بەردەوامە لە جەنگو کێشەو زۆرداری قووتدانی بچووك لەلایەن گەورەو بێ هێز لەلایەن بەهێز ... بەڵام هەمووی بەناو ئەدرێسی نوێیەوەك: پێشکەوتوویی، رزگاری، دیموکراسی، دادگەری، قەڵاچۆکردنی تیرۆر، دژ بەیاسا، جیاوازی خوازی، ...

هەڵبژاردنی کۆمەڵێك لەو جەنگو کێشەجیهانیانە زیاتر ماناو زانیاری خوێنەر لەبارەی ئەو چەمكو زاراوانە پتەو دەکا سەبارەت بە: ناسنامەی مەدرەسەکان، لایەنی تیۆریو واقیعەکەی، هەروەها ئەو دەزگا جیهانیان، رەوتی جیهان، ... هێزی بەرگری، مەبەستەکانی شاراوە، ... زۆر لایەنی تر رەوشەن دەکاتەوە.

● باسێکی ئەو جەنگە نزیكو دوورانە گەلێ جار خوێنەر بەناگا دەهێنێتەوە لەو بەنج کردنەی دووچاری دەبێ لە ئەنجامی رووتێکردنی راگەیاندنەکان بە ناراستەیەکی ناهەق، وەك ئەوەی دەگوترێو ناوە ناوە لەناکاو گەلاڵەی وا دێتە شاراوە گوایە زۆربەی کێشەو جەنگەکان لەناو جیهانی ئیسلامیو ولاتە هەژارەکانە، گوایە ئەوەش بەرەنجامێکی سروشتی ئەو سایکۆلۆجی کەلتووری توندو تیژیەی کە لە رێنماییەکانی پەروەردەی ئیسلامی دروستی دەکا بۆی، ئەوەش لەکۆتایی دا دەخرێتە چوارچێوەی ئەو ململانێ شارستانی و بنەمای (مانەوە بۆ چاکترین شارستانی– البقاء للحضارة الأصلح) ماناو قوڵاییو کۆمەڵە

ئامانجێکی ترسناك دەبێکێ، بەنەفامیەوە کۆمەڵێك نووسەری دەسەلاتداران بێ تێگەیشتن لەو قوڵاییە بە خێرایی هەمان بەند دەبێژنەوە، ... لەکاتێکا لەمێژووی کۆن و نوێ دەبینین، تەواو پێچەوانەیە، جەنگەکانی ئەوروپا زوربەی ناویشی جەنگی سەد ساڵە یان سی ساڵە ..، لەسەردەمی نوێشدا هەر لەهەردوو جەنگی جیهانیو جەنگی ساردو گەرمی نێوان یەکێتی سۆڤیەتو ئەمەریکا، ڤێتنامو کەمبۆدیا ولاوس لەگەڵ ئەمەریکا، ڤێتنامو کەمبۆدیا خۆیەخۆ، ڤێتنام لەگەڵ چین، هەردوو کۆریا، جەنگەکانی ئەنگۆلا مۆزەنبیق، ڕواندا، بۆرندی .. زۆری تری خۆیەخۆو لەگەڵ یەکترو هەمووی لەگەڵ ئیمپیالیزمی جیهانی، جەنگی فۆکلاندی نێوان بەریتانیاو ئەرجەنتین، کرواتیاو سربیا، ... گەلێ لە جەنگو کێشەی تریش ... بەلگەی زەقی پێچەوانەی ئەو بۆچوونو گەلاڵەن، هەڵبەتە لە نێو جیهانی ئیسلامیو ولاتە دواکەوتووەکانیش ئەو کێشەو جەنگانە هەیەو هەبووە، بەلام هۆیەکەی (ئیسلام) نیە چونکە زۆربەی دەسەلاتدارانی جیهانی ئیسلامی سەر بەیەکێ لە مەدرەسەکانی ڕۆژهەلاتی یان ڕۆژئاوایی بووە، ڕاستە تا ڕادەیەکی چاك دەسەلاتی دیوکراسی جەنگو کێشەی کپ دەکاتەوە، بەلام هێشتا زۆربەی کێشەکانی ئیستای جیهانیشی لەدەرەوەی ولاتانی ئیسلامیە، ئەگەرچی ولاتانی ئیسلامیش بەهوی ئەو مەدرەسان پاکانەیان بۆ ناکرێ، لەوانە: ئیرلەنداو بەریتانیا، باسك وئیسپانیا، کورسیکاو فەرەنسا، زۆربەی ولاتانی ئەمەریکای خواروو، زۆربەی ولاتانی ئەفریقیاش، لە ئاسیاش سریلانکاو تامیل، کێشەکانی ناوەخۆی هند، جگە لە کشمیر وەك هندۆسو سیغی، لە چین کێشەی تبتیەکان، زۆری تر، ....

لەناو ولاتانی ئیسلامیش ئەو کێشانەی سەری هەلداوە لە دوای داڕمانی خەلافەتی ئیسلامی پەیدا بووە، وەك کێشەی کورد لەگەڵ هەر چوار داگیرکەری، مەغریبو بیابانی ڕۆژئاوا، ئەفغانستان خۆیەخۆ لەگەڵ داگیرکەرەکانی، جەزائیر، سوودان، بەشێکی تر میللەتانی ئیسلامە داگیرکراوە لەلایەنی تر وەك چیچانو

ڕوسیا، کشمیرو هیند، خوارووی لوبنانو ئیسرائیل، فەلەستینو ئیسرائیل، کۆسۆڤاو سربیا، بۆسنەو سربیا، مۆرۆو فلیپین، ..دەتوانین بڵێین ئێستا هەر ڕۆژئاوایە هێزەکانی جەنگی بە جیهان پەرت کردووە بە دەگمەن وولاتێکی ئیسلامی هێزی لە دەرەوەی سنوری خۆی هەبێ.

- باسکردنی چەند دانەیەك لەو کێشانە کە هەم کاریگەری لەسەر ڕەوتی فەرهەنگەکە هەیە هەم لەسەرواقیعی ئێستای جیهانی (هەڵبەتە زۆر بە کورتیو پەستراوی) لە چوارچێوەی پێناسیکی سەرەتایی بۆیان، تا خوێنەر زیاتر ناسنامە جیاجیاکانی ئەو چەمکو زاراوانەی لەو پێکهاتە ئاڵۆزەو هۆو ئەنجامو ئامانجو لایەنەکانو ڕەوتو فاکتەرەکانی لەو کێشانە بدۆزێتەوە، بەهەمان شێوەش بو ئەو کیشانەیوا تازە سەر هەڵدەدەن ...هتد.
- لە کێشەی نیشتیمانیو نەتەوەییەکان کە لەدوای جەنگەکان دێتوا تێبینی دەکری زۆربەی ئەو میللەتانەی کێشەیان هەیە لەگەڵ نەتەوەیەکی سەردەستی داگیرکەر، ئەوا میللەتە ژێردەستەکە ڕەسەنترە نەك هەر لە نەتەوە سەردەستەکە بەڵکو لە هەموو نەتەوەکانی ناوچەکەش، وەك کورد لە هەموو میللەتانی ناوچەکە ڕەسەنترە لەسەر خاکی خۆی، باسك لە ئیسپانیاو لە هەموو ئەوروپیەکان کۆنترە لەوی، بەربەر لە هەموو عەرەبو ئەفریقیەکان کۆن ترە،.. بەو شێوەش دانیشتوانی ڕەسەنی هەردوو ئەمەریکاو ئوسترالیا، تگریەکان لە ئەثیوبیا- هەرچەندە ئەثیوبیاش شارستانیەکی کۆنی هەیە لە ئەفریقیا بەلام سەرەتاکەی لە مەملەکەتی ئەکسۆسیت دەست پێدەکا (٥٠٠ ساڵ پ.ز) لە ناوچەکانی تیگری-، ئینجا مۆرۆ لە فیلیپین، تامیل لە سریلانکا، ئێرلەندی غیلی زمانیەکان لە ئینگلیزەکان، فەڵەستینیە عەرەبەکان لە ئیسرائیلیەکان، ڕۆمی (غەجەر) لە وڵاتانی ئەوروپی، ...هتد.

(١)

جەنگی جیهانی یەکەم   الحرب العالمية الأولى

جاران بەو پێوەرە جیهانیەتی جەنگ دەپێورا، کە زۆربەی وڵاتە گرنگەکانی جیهان بەشدار بونایە، بەڵام بە سەرنجێکی خێرا بەپێی سەردەمو ئاستی جیهان گەلێ جار بەو پێوەرە جەنگی جیهانی روویداوە ... بۆیە ئەو پێوەرە زۆرورد نیە، نهێنیو فاکتەرێکی تر هەیە کە جەنگی پێ بووەو دەبێتە جیهانی ئەویش ئەوەیە جیهان لە سەدەکانی (١٧– ١٨) بەرەو (جیهانگیری - عەولەمە - جیهانایەتی) دەڕوا ... یان بەراشکاوانە تر بڵێین ئیتر لێرە بەولاوە هەر جەنگێك بێت جیهانیە مادام جیهان بوویێتە دێیەکی بچووك، ئیتر تەنها دوو جەنگی جیهانی رووی نەداوە، جەنگی عێراقو ئێران، کوێت، کۆسۆڤا، ... ئەوانە هەمووی جەنگی جیهانی چوارەمو حەوتەمو دەیەمە،... . بەڵام بەپێی ئەو ریزکردنە باوانە ئێمەش لەسەری دەڕۆین:

جەنگی جیهانی یەکەم: لە ساڵی ١٩١٤را دەستی پێکرد لە ساڵی ١٩١٨ کۆتایی پێ هات، ئەو عەقلیەتیەی ئیمپراتۆریەتیو پەلامارو زاڵیەتییە فراوانەکەی جاران جێی نەدەبۆوە لە سنووری وڵاتێکی نەتەوەیی دەمارگیر، بەتایبەت تەکنۆلۆجیای سەربازیش روو لە گەشە بوو، ئەو بارودۆخە هەڵچوویەوە چووە ناو سەرمایداری جیهان ... ئیتر چەندین تەوەرەی خۆویستیو بەرژەوەندی لە کاکلەی لیبراڵیزمێکی بێ بیرو بڕوا یەکی دەگرتەوەو سەرەنجام ناوەندێکی دژوارو ناثارامی لە ئەوروپا دروست کردبوو کە پێکهات بوو لەچەند بەرەیەکی دژ بەیەك، ئەڵمانیا زۆر پەرەی سەند لەولایەش بەریتانیاو فەرەنسا لە دژی ئەڵمانیا بوون ئیتر وای لێهات ئەڵمانیاو مەجەرو نەمساو بولگاریا بوونە بەرەیەك بە ناوی وڵاتانی تەوەر، بەریتانیاو فەرەنساو ئیتالیاو بەلجیکیا کەوتنە بەرەیەك بەناوی هاوپەیمانان، لەدواییدا عوسمانیش کەوتە بەرەی تەوەرو ئەمریکاش بۆ

بەرەی هاوپەیمانان، بە پێی (world book encyclopedia) بەریتانی چوار هۆی سەرەکی هەیە بۆ ئەو جەنگە:

١- سەرهەڵدانی نەتەوە گەرایەتی.

٢- زیاد بوونی هێزی جەنگ.

٣- ململانێ‌و ناکۆکی لەسەر ولاتانی داگیرکراو.

٤- هاوپەیمانیە سەربازیەکان.

بەڵام لە هەمووش گرنگتر ئەوەیە لایەنی شەڕی مرۆڤە کە دەسەلاتی بوو، لە ژێر گەشەی تەکنۆلۆجیای جیهانی-وەك ئێستاش- کە بەرەو ترسناکی دەڕوا (ئاسایش) زامن نابێ مادام سەرچاوەکانی هێز لەدەست کەسانێك بن (لایەنی دەروونی زاڵ بێت بەسەر لایەنی ئەخلاقی)، فاکتەرێکی بزر هەبوو لەو جەنگە بۆی ئەچووینە ئەویش ئەوە بوو، هەریەکە ویستویەتی بە فاکتەرە زاڵەکەی خۆی کۆنترۆلی عەولەمەیەك[1] بکا کە لەو سەردەمی هەر ناویشی لێ‌نەنرابوو ...
ئیتر زۆر هۆی تر هەبووە ئەوانە ناویان نراوە هۆیە ناڕاستەوخۆیەکان، هەرچی هۆی ڕاستەوخۆشە بەهۆی تیرۆرکردنی (جێنشینی پادشای ئەمسا) (ئەرشیدۆك فرانسیس فردیناندو هاوسەری) لە ٢٨/ یۆنیۆ / ١٩١٤ بەدەستی (پرانسیب)ی قوتابیەکی سربی لە ڕێکخراوی تیرۆریستی (کف الاسود) بوو، بەهۆی داگیرکردنی بۆسنیاوە، لەدوای ئەو ڕووداوە ئەمسا مۆلەتی (٤٨) سەعاتی بۆ صربیا دیاری کرد تا ئەو بکوژانە تەسلیم بکا، یەکسەر شەڕی ئەمساو صربیای لێ هەڵگیرسا، هەریەکە لە فەرەنسا، بەریتانیا، روسیا (قەیسەر)، لای صربیان گرت، ناویان (هاوپەیمانان بوو)، ئەڵمانیاو مەجەریش لای ئەمسایان گرت بە (هێزی ناوەند یان تەوەر) ناو دەبران، عوسمانیش لەسەردەستی ئیتحادیەکان خزانە نێو ئەو جەنگە لە قازانجی ئەڵمانیا، بێ ڕەزامەندی خەلیفە، دوای زۆربەی ولاتانی جیهان کەوتنە نێو ئەو جەنگە، بۆ یەکەم جار لەو جەنگە فڕۆکەی شەڕکەرو چەکی ئۆتۆماتیکی‌و

١ بۆ زیاتر تێگەیشتن بڕوانە (چەمکی عەولەمە) لەو فەرهەنگە.

غەواسە بەکار هات کە زۆربەی لەلای بەریتانیاوە بەکاردەهات، لە ساڵی ١٩١٥ش ئەڵمانیا گازی ژەهراوی بەکارهێنا، دوایی هاوپەرمانانیش بەکاریان هێنا، لە سەرەتادا ئەڵمانیا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، دوایی ئەمەریکاش لە ساڵی ١٩١٧ لە قازانجی هاوپەیمانان هاتە ناو جەنگ، تا ساڵی ١٩١٨ (بەرەی ناوەند) شکا کۆتایی هات بە کۆمەڵێك رێکەوتن، بە پێی ئامارەکان (١٠) ملیۆن مرۆڤ کوژران، بایی ٣٣٧ ملیۆن دۆلار زیانی ئابووری بوو، کارێکی زۆری سەلبیو ئیجابی کردە سەر جیهان، گۆڕانێکی زۆریش ڕوویدا، یەکێ لە سەرەنجامەکانی داروخانی عوسمانی بوو، لەدوایش دروست بوونی مەینەتی کورد.

بۆ زیاتر بڕوانە:

١- الحرب العالمية الأولى ٢- الموسوعة العالمية .

(٢)

جەنگی جیهانی دووەم — الحرب العالمية الثانية

ئەو جەنگە لە ساڵی ١٩٣٩ هەڵگیرسا لە ساڵی ١٩٤٥ کۆتایی هات، زیانی گەلێ زیاترو فراوانتر بوو، بەشێکی زۆری درێژکراوەی هۆیەکانی جەنگی جیهانی یەکەم بووە، ئەوجارە (ئەدۆلف هتلەر) بەخۆی بە ئایدۆلۆژیایەکی نەتەوەگەری سۆشیالیستیو تەکنۆلۆژیای سەربازی تۆکمە کردبوو بۆ تۆڵە سەندنەوەی سەروەریەکانی ئەڵمانیاو جەنگی جیهانی یەکەمو هەتا هەڵمەتەکانی ناپلیۆنیش تادەگاتە رووداوەکانی جانەی سی ساڵەکەش، کە رێکەوتنی ویستیفالیای ساڵی ١٦٤٨ی لێ هاتە ئاراوە، .. ململانێ لەسەر زاڵیەتی جیهانیو ناحەزیەکانی لەگەڵ (هاوپەیمانان)یش هەر بەردەوام بوو، ئەوەی گۆڕا بوو رووسیا لە قەیسەریەوە وەرگەڕا بۆ شیوعیەتو ئەو سەردەمی (ستالین) سەرۆك بوو، بەرەکانی جیهانی بەو شێوە دابەش ببوو: ئەڵمانیاو ئیتاڵیاو یابانو دوایش ئەلبانیاو بولگاریاو تایلاندو رۆمانیاو فنلەنداو مەجەریش هاتنە ئەو بەرەی بە ناوی (وڵاتانی تەوەر - دول المحور)، ئەو وڵاتە گرنگانەی تریش هەموو لەلایەك بوون یان هەڵسوکەوتی نازی هیتلەری وای لێکردن بچنە بەرەی (هاوپەیمانان) کە ژمارەیان (٥٠) وڵات بوو، لە سەرەتادا ئەڵمانیا سەرکەوتنی مەزنی بەدەست هێنا پاریسو مۆسکۆش گیرا، لە ساڵی ١٩٤١ ئەمەریکاش هاتە مەیدان تا ساڵی ١٩٤٣ بەرەبەرە ئەڵمانیا شکستی هێنا، جەنگی یەکلاکەرەوە لە رووسیا دروست بوو، سوپای سووری رووسی بەخۆی ئەو عەقیدە مارکسیە توندو تۆڵە ئەڵمانیای شکاند، لە ٧/ مایۆ / ١٩٤٥ تەواو شکستی هێنا، بە پێی هەندێ ریوایەت دواشەو هتلەر (ئیڤای) خۆشەویستی گواستەوە، سوپای رووسی گەیشتنە ناو بەرلین، هەواڵی جیاجیا لەسەر چارەنووسی هتلەرو ئیڤا هەبوو گوایە خۆیان کوشتبێ، ژمارەی کوشتار بەپێی هەندێ ئامار گەیشتە (١٧) ملیۆن سەرباز جگە لە هاوڵاتیان.

(٣)

جەنگی عێراق – ئێران الحرب العراقية الإيرانية

لە پێش چوونە ناو ئەو جەنگە چەند لایەنێکی هۆکاری ئەو جەنگە هەیە بەبێ ئەوانە ناتوانین ڕوو بچین لەگەڵی: -

١- حزبی بەعس لە عێراق لە ساڵی ١٩٦٨از دەسەڵاتی گرتە دەست، حزبێکە لە ڕیزی فاشیو نازی بوو، ئایدۆلۆژیایەکی ئاڵۆزی ترسناکی هەبوو، بە شیتەڵ کردنی ئەو ئایدۆلۆژیایە دەردەکەوێ سەرچاوەکانی لە کوێیە، پێکهاتبوو لە: شۆڤینیەتی نەتەوەگەری (وەك لایەنی کۆمەڵایەتی) + ڕێبازی میکاڤیلی وەك (لایەنی سیاسی) + دیکتاتۆریو تاکرەوی وەك (لایەنی دەسەڵاتی ئیداری) + سۆشیالیستی نیشتیمانی وەك (لایەنی عەقیدەیی) = حزبی بەعس .

وەك تێبینی دەکرێ دۆخە هەرە سلبی مەدرەسەکانیان وەرگرتووەو تێکەڵیان کردووە ئەو ڕێبازەی لێ دروست کرابوو لەلایەن (میشیل عەفلەق، شبلی عیسمی، الیاس فرح..) ئەوانەش لە عەلمانیە کاریگەریەکانن، بەتایبەتی ئەو (سۆشیالیستی نیشتیمانیەو شۆڤینی نەتەوەگەریەکە ..) هەمان تۆخمی بنچینەی ئایدۆلۆژیای فاشیو نازی بوو، جا ئەو حزبە بەو توندیەی جڵەوی عێراقی گرتبووە دەست .

پێکهاتەی عێراق :

وەك ئاشکرایە عێراق لەئەنجامی دابەشی سایکس بیکۆ ١٩١٦ ئەو قەوارەی وەرگرت، ئەگینا نەکوردستانو نە (وادي الرافيدين) نەفرات الاوسطو نەویلایەتی بەسرەو نەناوچەکانی (مدن المقدسة) سەر بە عێراق نەبوونە، عێراق ویلایەتێکیش نەبوو، کەوتبووە نێوان کوفەو بەسرە، ئیتر ئەو قەوارە بۆ

مەبەستی ئیمریالیزمی دروست کرا، .. بۆیە ناهاوسەنگیو تایفەیەکی خەستی ببوە بنچینە، لە ٥٣٪ شیعە، ٢٢٪کورد، ٥٪کەمایەتی، ٢٠٪سوننە، حزبی بەعسو سەرکردایەتیەکەی بەو ڕەوتەی لە نێوان ئەو (٢٠٪)یە پێکهاتبوون ... بەڵام تا پێش شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی ١٩٧٩ نەخشەیەکی تری کۆمەڵایەتی زاڵ بوو، ئەویش ٢٢٪ کورد، ٧٨٪ عەرەب، ئەو نەخشەیە لەگەڵ دروست بوونی عێراق لە ساڵی ١٩٢١و ڕابوونی نەتەوەیی بەردەوام بوو، ئەو نەخشەیەو دیکتاتۆریو تاکڕەویو شۆڤینیەتی حزبی بەعس قورساییو ستەمی نەتەوەییەکی زۆر لێکەوتبووە سەر کورد، بۆیە کورد لە شۆڕشو تەقەلایەکی مانو نەماندا بوو، تا لە ڕێکەوتنی جەزائیر ١٩٧٥ (صدام حسین) بەشێکی زۆری لە خاکو ناوی (شط العرب)یدا بەشای ئێران بەرامبەر پیلانێکی فراوانی نێو دەولی جەرگ بڕ لە دژی شۆڕشی ئەیلولو شکستی پێ هێنا، کورد یەکجاری کەوتە مەینەتییەکی بێ وێنە، لە خوارووش شیعەکان لە ناوەندە گرنگەکانی عێراق بێبەش بوون، لە مێژووی ئەو عێراقە نە شیعەیەك (کە زۆرایەتیشن) نە کوردێکیش سەرۆك نەبووینە، کەواتە ئەو بارودۆخە زۆر ناسكو لەرزۆکە لە تێزە بۆ هەر ورووژانێك، .. لێرەدا شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی دەستی پێکردو سەرکەوت دەبێ چەندە کاریگەر بێت لەسەر ئەو عێراقەوە بەو دۆخەی .

- شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران لە ١٩٧٨ دەستی پێکرد بەو سۆزو هەڵچوونە ئیسلامیەی ڕابەرەکەشی لە نەجەف بوو، بە فەرمانی حزبی بەعسی دەرکرا، لەوێ بۆ فەرەنساو دوایی لە گەرمەی شۆڕش گەڕایەوە ناو ئێرانو شۆڕشەکەیان سەرکەوت لە ١٩٧٩ ... هەر لەگەڵ سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە جیهانی هەژاندو بەخەبەری هێنانەوە، لەهەموان زیاتر کاری لەسەر عێراق کرد، شۆڕشی کوردستان بە تەوژمتر هەڵگیرسابۆوە، نزیکەی (٣) بەشی عەرەبی عێراق هەستو ئەستێکی نوێی بۆ دروست بوو، نەخشەی ئینتیمایەکانی گۆڕی، بەو شێوە هەم سیستەمی سیاسی عێراقو، هەم

سیستەمی کۆمەڵایەتی عێراقی کەوتە مەترسی، لەگەڵ چەندین هۆی ناوەکی ترو ئیقلیمیو دەولی، (صدام حسین) خۆی بۆ ئەو جەنگە ئامادە کرد، لەسەرەتادا(أحمد حسن البکر)ی لێ خستو خۆی جێی گرتەوە، کۆمەڵێك سەرکردەی حزبی بەعسیشی لە سێدارەدا، بە دەست لەپشتدانی رۆژهەڵاتو رۆژئاواو زۆربەی رژێمە دژ بە میللەتانی ناوچەکە بەپێی هەندێ سەرچاوەی بێلایەنی ئەمەریکی ئەوا (ئەمەریکاو سعودیە) زیاترین هاندەرو سازدانی ئەو جەنگە بووینە، یەکەم هەنگاو بە هەڵوەشاندنەوەی رێکەوتنەکەی جەزائیری ۱۹۷۵ لە رۆژی ۱۹۸۰ /۹/۱۷ دەستی پێکرد، دوای چەند رۆژێك (صدام حسین) جاری جەنگی لەگەڵ ئێراندا، دیسان ئەو (رێسایە) هاتەدی کە دەڵێن تا کێشەی کورد چارەسەر نەبێ نە عێراقو نە ناوچەکە ئارامی بەخۆوە نابینێو جەنگی عێراق ئێرانو دوایش کوێت هەر درێژکراوە جەنگی عێراق لەگەڵ کوردستان دروست بوون .

قادسیەی صدام:

ئەو ناوە ئەدرێ هێرشەکەی عێراق بوو لە ۱۹۸۰/۹/۲۲ بۆ سەر ئێران لەناکاو، لەکاتێکا سەرکردایەتی نوێی ئێرانی سەرقاڵی رێکخستنەوەی دامودەزگای دەوڵەتی ئێران بوون، کەمتر ئامادە بوو بۆ ئەو جەنگە، لە سەرەتادا عێراق لاسایی هێرشەکەی ئیسرائیلی بۆ سەر عەرەب کردەوەو هەڵسا بە فرۆکە بۆردومانی زۆربەی فرۆکەخانەکانی بەشی رۆژئاوای ئێرانی کردو هێرشی زەمینیش دەست پێ کرد، رووبەرێکی فراوانی زەوی داگیر کرد یەکسان بوو بە (۲ هێندەی رووبەری لوبنان) وەك (عدنان خیراللە) لەوکاتە رایگەیاند، لەوکاتەوە عێراق وای ئەنجامی ئەو جەنگەی دەخوێندەوە کە چەند رۆژێك بخایەنێو بەسەرکەوتوویی بگەرێتەوە ناو عێراقو چاوی نەیارانی پێ بشکێنێ، .. بەڵام رەتکردنەوەی ئێران بۆ هەموو دەست پێشخەریەکی عێراقیو جیهانی هەموو

نەخشە سیاسیو سەربازیەکانی عێراقی هەڵوەشاندەوە، لەسەرەتادا هاوسەنگی هێزی نێوان هەردوو لا بەو شێوەیە لەلایەن چاودێرە ستراتیژیەکان دیاری کرا:

لە زەمینی عێراق بەهێزتر بوو، لە ئاسمانی کەمێك ئێران، لە دەریایی ئێران زۆر بەهێزتر بوو، داوا سیاسیەکانی عێراق لە شێوەی مەرج بوو، بریتی بوو لە گێڕانەوەی ئەو ئاوو خاکەی درابووە شاه لە ڕێکەتنی جەزائیر ١٩٧٥، هەندێ داوای تریشی هەبوو لەوانە: گێڕانەوەی (طنب الکبری) (طنب الصغری)و (جزیرة أبو موسی) بۆ (شانشینی عەرەبی یەکگرتوو).

ئەو جەنگە بە (٣) قۆناغی سەرەکی تێپەڕی، یەکەم هێرشو سەرکەوتنەکانی عێراقو بەردەوامی تا ساڵی ١٩٨٢، قۆناغی دووەم هێرشە پێچەوانەو کوشندەکانی ئێران بوو توانی سوپای عێراقی لەناو هەموو خاکی ئێران دەربپەڕێنێو چارەنووسی ڕژێمی عێراق لەو پەڕی ترسناکی دابوو، بەڵام هەموو جیهان ئەوجارە بەڕاستەخۆتر بەهانای عێراق هاتن، بەتایبەتیولاَتانی کەنداو (ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو) یان ڕاگەیاند لە ٦ / ٢ /١٩٨١ کە پێکهاتبوو لە (ئیمارات، بەحرەین، سعودیە، قەتەر، عەمان، کوێت)، ئینجا (٣) فرۆکەی ئۆفاکسی سیخوری باڵای ئەمەریکی هاتە سعودیە بۆ سەرپەرشتیو ڕێنماییو چاودێری ئەو جەنگە، شارەزایانی جەنگی فەرەنسیو ڕووسیو زۆر وڵاتانی تر هاتن بۆ نەخشەی نوێو دارشتنەوەی سوپای عێراقی کە تێلەو پێك شکابوو، لەگەڵ زۆر ئیجرای ئیقلیمیو جیهانیو ناوەکی لەوانە ڕێککەوتنی نێوان (ی.ن.ك)و حکومەتی عێراق بۆ دانوسان لەو ساتە ناسکەدا، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژ بە ئێران .. هەموو ئەوانەو چەندین فاکتەری ستراتیژی تری نهێنی عێراق توانی بەو واقیعە نوێیەی سەربازی هاوسەنگیو وەستانێك بەو جەنگە بدا کە بریتیە لە قۆناغی سێیەمی جەنگەکە، لە ساڵی ١٩٨٤ەوە تاکۆتایی جەنگ، ئەو جارە دیسان خەریك بوو عێراق وەك جاری دووەم تێك بڕوخێ، بەڵام سوپای ئەمەریکی بە ڕاستەوخۆ هاتە کەنداو کەوتە جەنگ لەگەڵ ئێران، ئەو ڕۆژەی کە

عێراق (فاو)ی گرتەوە لە سەرانسەری کەنداو جەنگی نێوان ئەمەریکاو هاوپەیمانانی بوو لەگەڵ ئێران، ... تا لە ڕۆژی ۱۹۸۸/۸/۸ ئێران بەناچاری قایل بوو بە بڕیارەکانی وەستانی جەنگ کە لە لایەن (UN) ڕاگەیەنرابوو شەڕی (۸) ساڵەش کۆتایی هات.

لەو جەنگەدا هەریەکە لە (UN)و دەزگا جیهانی ئەکان هەتا ڕاگەیاندنیش زیاتر دەرکەوتن کە هەروا هێزە بڕیار دروست دەکات نەك هەق، ساناترین پرسیاریان پێ وەڵام نەدەدراوە ئاخۆ کام لا لە ئێرانی یان عێراقی دەست درێژکارن، هەرچەندە ئەو جەنگە لەبەر چاوی ئەو جیهانە ڕوویدا، تەنانەت یەکجار وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا دانی پیا هێنا کە عێراق دەست درێژکارە بەڵام بەخێرا یی لێی پەشیمان بۆوە، ئەوە لەکاتێکا بوو هەتا ئەگەر کەسێك بێ ئاگا بووبێ لەو جیهانەو لەسەر ئەستێرەیەکی تر بهاتبایە سەرنجێکی ئەو جەنگەی بدابوایە ئەوا چەند نیشانەیەکی زەقی پێوە دیار بوو کە کامیلێ دەست درێژکارن، لەوانە :

۱- ناوی ئەو جەنگە لەلایەن عێراقەوە ناو نرابوو (قادسیە صدام) لەلای ئێران ئەو جەنگە ناوی نەبوو، تەنها ناوی هێرشەکانی هەبوو .

۲- لەسەرەتادا عێراق بوو مەرجو داخوازی هەبوو، لەوانە: ئاوی کەنداو، سیف سعد، زین القوس، طنب الکبری والصغری ... .

۳- لەسەرەتادا عێراق سەرکەوتوو بوو ئێران هێزی لە سنوور نەبوو.

٤- لە ڕەوتی جەنگەکە عێراق وازی لە مەرجەکانی هێنا و هەر ئێران بوو مەرجی هەبوو .

٥- لە هەمووی گرنگتر هەر ئێران بوو داوای لێژنەیەکی جیهانی دەکرد کە بێن دەست نیشانی دەست درێژکار بکەن، عێراق یەك جاریش ئەو داوایەی نەکرد یان پێی قایل بێت ..

٦- دوای بەردەوامی جەنگەكە عێراق لە تەقەلایەكی بێوچان بوو بۆ گۆڕینی مێژووی هەڵگیرسانی جەنگ لە (٩/٢٢ بۆ ٩/٥).

ئیتر هەر عێراق بوو لە بەرامبەر مێژووی جـەنگو زەمـانو زەمینـی دەسـت پێكردنی دەستكاری واقیعێكی دەكرد لە پێش چـاوان، زۆربـەی وڵاتـانی كەنـداو بەتایبەتی (كوێت) بە ڕەشو سپیەوە، بە خـراپو چـاكەوە .. هـەر لای عێراقـی دەگرتو .. ئەو فەرموودەش پڕ بەو وەڵامەی عێراقە بۆ كوێت ﴿مَن أعان ظالماً سلّطه الله عليه ...﴾ (هەرچی یارمەتی زاڵم بدات خـوای گـەورە وەبـەر زوڵمـی ئەویشی دەخا).

ئەو جەنگە كۆتایی هات بـەڵام عێـراق كەوتـە ژێـر بـارێكی قورسـی قـەرزو پابەندی نەخشە سیاسیەكان، لەگەڵ سروشتی شەڕانگێزی ڕژێمی عێراق بازی پێدا بۆ جەنگێكی تری كەنـداوو داگیركردنـی كوێـت كەدۆسـتو پـشتیوانی جـەنگی پێشووی بوو.

(٤)

جەنگی عێراق – کوێت

یان ڕاست تر بڵێین داگیر کردنی کوێت لەلایەن عێراق چونکە کوێت بەرگریەکی وای سوپای زەبەلاحی عێراقی پێنەکرا هەتا بەئەندازەی هێزو بەرگری پێشمەرگەی کوردستانیش .

بارودۆخی جیهانیو ناوچەکە :

کۆمەڵێك بارودۆخی نوێ هاتە پێش لە جیهانو ناوچەکە، سەرکردایەتی عێراق(صدام حسین) هەستی بە گرنگیەکەی نەکرد، لە هەموان گرنگتر کەم بوونەوەی ڕۆڵی بوو بەرامبەر قەڵای ڕابوونی ئیسلامی (بەوەسفی ڕۆژئاوا)، لەلایەن ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاواوەو وڵاتانی عەرەبیو کەنداو بە پشتیوانی هەواڵگیریەکانی ئەمەریکاو ئیسرائیل توانیان ئەو شەپۆلەی بەناوی (تصدیر الثورة) ی ئێران ڕابگرن، ئیتر (صدام حسین) ئەو نازەی پێشتری لەلای وڵاتانی عەرەبو هەموو بەرەی دژ بە ڕابوونی ئیسلامی لێ بوەوە تەفرەو لەخۆبایی لە قەبلاندنی بارو دۆخی جیهانی و ناوچەکە، گەلێ جار یاخی دەبوو لەو بەرەیە، بەتایبەتی لە ژێر ڕۆشنایی ئەو گۆڕانکاریە ترسناکەی لە هاوسەنگیەکانی جیهان ڕوویداو جەمسەری یەکێتی سۆڤیەت بەرەو هەڵوەشانەوە بوو، ڕۆڵی تاکجەمسەریو زاڵیەتی ئەمەریکی سەری هەڵدا ..

لەئاستی ناوچەکەش تێکنەگەیشتنێکی ترسناك هەبوو لە نێوان عێراقو وڵاتانی عەرەبی بەتایبەتی کەنداو، لەولایە (صدام حسین) بەڕوانگەیەك ئەو ئەنجامانەی جەنگی عێراقو ئێرانی دەخوێندەوە کە هەر ئەوە پارێزگارو پاسەوانی دەرگاو دەروازەکانی ڕۆژهەڵاتی عەرەبو گوایە ئەو نەبوایە شەپۆلی (خمینی) لە

ولآتانی كەنداو نەدەگەڕایەوە،، لەو لایەش ولآتانی كەنداو خۆیان دەیانزانی ئەگەر ئەوان بەهانای عێراق نەهاتبوونایە ئەو هەموو پشتیوانەی ڕۆژئاوا لەڕێی ئەوان نەبوایە عێراق لەساڵی ١٩٨٢ تێكو پێك دەشكا .. ئیتر ئەو هۆكارە دەروونیەو چەندین هۆی تر جۆرێك لە ناتەبایی عێراقو بەشێك لە ولآتانی كەنداوی گرتبۆوە.

لەناوەخۆی عێراقیشدا (صدام حسین) زۆر زاڵ ببوو، هەموو كوردستانی لەسەرجەم (٨٠ – ٩٠ كم٢) كۆكردبۆوە، هەموو دێو شارۆچكەكانی كیمیابارانو وێران كرد بوو بێ سزاو نارەزاییەكی جهانی وا، لە خواروش هاووێنەیەكی سەروو، هەموو ئەوانەو شەڕانگێزی سەركردایەتی عێراق بووە هۆی خولێكی تری جەنگی لەگەڵ كوێتی پارمەتی دەری لە دژی ئێرانو كوردو .. لەگەڵ كوێت پێنج جۆرە ڕێكەوتنی دراوسێیو عەرەبیو جیهانیش هەبوو ..

كوێت :

كەوتۆتە دامێنی عێراق، ڕوبەرەكەی ١٧٨١٨كم٢، پڕە لە نەوت، جاران ولآتو پایتەختو دانیشتوانی یەك بوو، تا ساڵی ١٩٤٦ زۆر هەژار بوون، مێژووەكی ئاوەدانی وای نیە جگە لەچەند بنەماڵەیەكی ڕەوەند، لەكۆنەوە پێش ئیسلام سەر بە ئیمپراتۆریەتی فارسی بووینە، پەیوەندیان لەگەڵ ئینگلیز لەسەدەی (١٧) ڕا دەست پێ دەكا، لەسەردەمی عوسمانی بەشێك بووە لە ویلایەتی بەسرە (ئەوەشە پاساوی داگیكردنەكە بووە) بەلام ئەو كاتی عیراقی سیاسی نەبووە، لە ساڵی ١٩٦١ كوەیت سەربەخۆییان وەرگرتووە، شێوەی دەسەلآتیان (ئەمیریە)، سوپایان لەچەند هەزار پاسەوانێك تێناپەڕێ، ئێستا ژمارەی دانیشتوانیان نزیكەی (٢) ملیۆن دەبێو كرێكارێكی زۆری بیانیو ئاسیایی ئەفریقی خزمەتیان دەكەن، لە ڕاستیدا زۆربەی سەرۆكەكانی عێراقی هەر لابەلا داوای كوێتیان كردووە، هەر لە نووری سەعید، عبدالكریم قاسم،،،، تا صدام حسین، هەرچەندە بەلگەیەكی یاسایی ومێژوویی تەواویش نیە ..

چونکه عێراق خۆشی بەڵگەیەکی مێژووی نیە، لە جەنگی عێراق – ئێران، کوێت زۆر بە توندی پشتیوانی عێراقی کرد، (شێخ عبدالحمید کشك) لەووتارێکی هەینی دا لە ساڵی ۱۹۸۰ ڕایگەیاندوەك پێشبینی.. ئەگەر عێراق لەو جەنگە نارەوایەی دژ بە ئیران سەرکەویٚ خۆشترین‌و نزیکترین سەندەویچ (کوێت)ە .. ئەوە بوو دوای (٨) ساڵ هاتە دی ..

داگیرکردنی کوێت:

بەیانی ڕۆژی ۱۹۹۰/۸/۲ عێراق بلاوکراوەیەکی جاڕداو جیهانی سەرسام کرد، تیایداوا هاتبوو کە گەلی کوێت ڕاپەڕیوون‌و تەختی بنەماڵەی (صباح زادە)یان تێك رووخاندووە، تا ئێرە بەیانەکەی عێراق بوو، لەلای (کوێت)یش هەموو دامودەزگای ڕاگەیاندنی وەستابوو تەنها یەك ئێزگەی ڕادیۆی لەکار نەکەوتبوو، ئەویش تەنها یەك بانگەوازی بۆ جیهان دووبارە دەکردەوەو هاواری دەکرد کە جیهان بەهاناایان بێت بۆ ئەو مەینەتیەی خەڵکی کوێت تێیکەوتووە، لە دوای چەند ساتێك دەرکەوت هێزەکانی عێراق کە ماوەیەك بوو لەسەر سنووری کوێت بەزیادەوە کۆ ببونەوە هێرشیان کردووەو کوێتیان داگیر کردووە، هەرچەندە عێراق بەردەوام بوو لەسەر ئەو سیناریۆیەی جاڕنامەکەی‌و (علاء محمد علی) کوێتیەکی کردە سەرۆکی کوێت دوای ماوەیەك ئەو (سەرۆك علاء) خۆی‌و دەوڵەتی کوێتی گوایە بە یاساییانە هەڵوەشاندەوەو بووە شاری نۆزدەیەمی عێراق، ئیتر کاردانەوەی جیهانی‌و عەرەبی زۆر بەتووندی دەستی پێ کرد لە هەموو لایەك، خێراترین سزای ئابووریەکە بوو لە ۱۹۹۰/۸/۱٦ بە داسەپاندنی ئابلۆقەی ئابووری کە دەماودەست کاریگەری توندی لەسەر عێراق کرد، چونکە خۆی کۆمەڵێك ئابلۆقەی ناوەکی‌و ئیقلیمی خستبووە سەرەخۆ، ژێرخانی ئابووری عێراق بریتی بوو لە (۳) تەوەری ئابووری سەرەکی، یەکەمیان: کشتوکاڵ کە بەدەستی خۆی ویرانی کردبوو، دووەم: پیشەسازی لە جەنگەکانی عێراق - ئێران‌و

عێراق – کوردستان وێران کرابوو، سێیەم: بازرگانیشی لەگەڵ وڵاتە دراوسێیە سەربەخۆکان بە بازرگانی نەوتیشەوە داخرابوو، تەنها لەگەڵ وڵاتانێك کە سەر بە رۆژئاوا بوون، بۆیە هەر ئابلۆقەکە جاڕدرا لەلایەن (UN) یەکسەر سەرکەوت بە تۆکمەیی.

چەندین بڕیاری تری لەسەر دەرچوو تا لەکۆتاییدا مۆڵەتی یاسایی نێو دەولی درا دوا مۆلەت ١٩٩١/٢/١٥ بە ئەمریکاو هاوپەیمانان کە بە زەبری هێز عێراق لە کوێت دەربپەڕێنن تا لە ١٧-١٨ / ٣ /١٩٩١ هاوپەیمانان (٣١ وڵاتی جیهانی) هێرشیان دەست پێکردو عێراق زۆر بە توندی شکستی هێنا، هاوپەیمانان دەیانتوانی شاری بەغداش بگرن، بەڵام جەنگیان ڕاگرت.

سەرەنجامەکانی ئەو جەنگە:

- لە هەردوو بەشی سەرووو خوارووی عێراق میللەت ڕاپەڕین لە (٨٠٪)ی خەڵکی عێراق هەڵسان، بەڵام توانی بەهۆی هێزەکانی گاردی کۆماری کە لە بەرامبەر هێزی بیانی بەکاری نەهێنا بۆ میللەتی خۆی بەکاری هێناو بە درندانە کوژاندیەوە، بەرەزامەندی ئەمەریکاوە.
- لە دوای کۆمەڵێك بڕیارو دانوستاندا، کوردستان لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی عێراق بە یەکجاری دەرچوو.
- بە هۆی زیاتر لە (٤٠) بڕیاری (UN) عێراقیان خستە زیندانیەکی‌وا لەکار کەوتبوو، هێڵی (٣٦)و ناوچەی دژە فڕین سەربەخۆی عێراقی شلۆق کردبوو.
- بە پێی ئەو بەڵگەنامەیەی (٦٨٧)ی ٣/٤/١٩٩١ لیژنەی پشکنین دروست بوو.
- سزای ئابووری‌و ئابلۆقەدانیش هەر بەردەوام بوو.
- کێشەی توندی‌و نەرمی نێوان لیژنەی پشکنین‌و عێراق ناوە هەر بەردەوام بووو ئەمەریکاش بەردەوام ناوە ناوە لە عێراقی دەدا.

- لە ١٤/ ٨ /١٩٩٨ سەرۆكی ئەمریكی بناغەی یاسای رزگاری عێراقی مۆر كرد.
- لەگەڵ چەندین هەنگاوی ترو رووداوی ١١ی سپتێمبر داگیركردنی عێراقی خێرا كردەوە تا لە ئاداری ٢٠٠٣ سوپای ئەمەریكی و بەریتانی عێراقیان داگیركرد، بێ ئەوەی بەرگریەكی وا بكا .. ئەوەش بە جەنگی سێیەمی كەنداو ناسراوە .

** **

ئەوە جەنگە گرنگەكانی نێوان دەوڵەتان بوو، ئێستا كێشەكانی میللەتان لەگەڵ دەوڵەتانی داگیركەرەكان باس دەكەین.

(٥)

کێشەی خوارووی سوودان

ئەو ڕێسایە نیوەی ڕاستە کە دەڵێ: کێشەی نەتەوەیی نوێ لەگەڵ سەربەخۆیی نەتەوەی سەردەست دروست دەبێ، هەر لەوەشە ئەو وتە بەنرخەی (نهرۆ)ی هیند لە کتێبی (لمحات في تأريخ العالم)کە دەڵێ: تا دوێنێ ئەوانە (مەبەستی تورك و عەرەبە ..) خۆیان چەوساوەو ژێردەست بوون کەچی ئێستاوا بێ بەزەییانە خەڵکی کورد ژێردەستە دەکەن.

خوارووی سوودان کە زۆربەی مەسیحین یەکێکە لەو کێشانە، سوودان وڵاتێکی کۆنە لە معجەمەکانی یاقووت حەمەوی‌و ئیبن بەتووتەو تابتلیمۆس ئیبن خەلدوون هاتووە، لە ١٩٥٦/١/١ سەربەخۆیی وەرگرتووە، هەر لە ناهەنگی سەربەخۆییدا وەرچەرخا بۆ ئەو کێشەیە، لەکاتێکا عەرەبی سەروو ناهەنگیان بوو خەڵکی خوارووی کەوتنە نیگەرانی‌و ئەو کێشەیە زیاتر زەق بۆوە بەچاکی بەشداری ناهەنگەکەشیان نەکرد، لەوکاتیەوە تاوە ڕاپەڕیوون، مادام سیستەمی دەسەڵات شاقوڵی‌و نەتەوەگەری بێت ئەوا ڕاستە لەگەڵ سەربەخۆی نەتەوەی سەردەست ئۆتۆماتیکی لە دەستدانی سەربەخۆی نەتەوەیەکی هاوسنوورەکەیەتی، یان بەگشتی کە سنووری سیاسییەکسان نەبێ بە سنووری جوگرافی نەتەوەییەکەی، بەڵام نابێ ئەو ڕاستیە زەقە ڕاستیەکی شاراوەمان لەبیر بباتەوە ببتە پاکانە بۆ سیستەمی ئیمپریالیزمی، چونکە لە وەرچەرخانی ئیمپراتۆریەکان بۆ دەوڵەتی هاوچەرخی یاسایی ئەوا سەرجەم داگیرکاریە گشتی‌و پانو بەرینەکانی ئیمپراتۆریش دەگوازرێتەوە بۆ داگیرکاریەکی خەستو تایبەت تر، هەر بۆیەش لەگەڵ وەرچەرخانی سیستەمی ئیمپراتۆری بۆ سەربەخۆی سوودان ئەو ژێردەستە گشتیەی جاران چڕ بۆوە بۆ سەر خوارووی، ئیتر شۆڕش‌و بەرگری تایبەتیش دروست دەبێ، یەکەم تریشقەی سەرهەڵدانیان بۆ ساڵی ١٩٥٥ دەگەڕێتەوە، گەلێ جار ڕاپەڕیون، دواجار ساڵی١٩٨٣ شۆڕشیان دەستپێکردەوە

بە سەرۆکایەتی ئەفسەرێکی سوپای سوودان (جۆن گەرەنگ) لەدایك بووی ١٩٤٣، بەناوی (بزووتنەوەی ڕزگاری خوارووی سوودان) لە ژێرناوی (سوپای ڕزگاری گەلی سوودان - spla= Sudan people liberation army) زۆربەی حکومەتەکانی نەتەوەگەری عەرەبی سوودانی ئەو جوولانەوەیان بە کرێگرتەو جیاوازی خوازو تێکدەر لەقەڵەم داوە، بەڵام لەدوای نۆهەتەکان لەسەردەمی حکومەتی (ئینقاز)و کاتێ د.حسن ترابی زیاتر دەسەڵاتدار بوو چەند جارێك دەست پێشخەری کرا بۆ (ڕاپرسی – إستفتاء) بۆ یەکلا کردنەوەی ئەو کێشەیە، بەڵام وا دیار بوو (spla) نیازی زیاتری هەبوو یان پێی سپێردرابوو کە قایل نەبێ، چونکە لەو کاتی هەریەکە لە میسرو ئۆگەنداو ئەریتریاو ئەسیوبیا .. لە دژی سوودان بوون لەگەڵ بەرەی جیهانی، لەناوەخۆش ئۆپۆزسیۆنی سەروو (حزب الأمة + حزب الأتحاد ... وورده حزبەکانی تری وەك حزبی شیوعیو ناسریو .. لەگەڵ (سپلا) بەرەیەکیان پێك هێنا لە ژێر ڕۆشنایی بەرە جیهانیەکەی دژ بە ڕابوونی ئیسلامی، ئەو جارە داواکاریەکانی (جۆن گەرەنگ) لە سنووری کێشەی خوارو دەرچوو کەوتە چوارچێوەی ئەو بەرەیە، هەموو لایەك چ عەلمانیەکانی بە رەگەز ئیسلامو چ مەسیحیەکانی خوارو پێکەوە داوای سەرەکیان ئەوە بوو: ئاین لە دەولەت جیا بکرێتەوە، لەگەڵ ڕەوای ئەو کیشانەش لێرە دا ناسنامە ڕاستەقینەکان ئاوەڵا دەبنو ئەو جۆرە سەرکردانە بە شێکن لە مەینەتی میللەتەکەیان، ...

ئەو کێشەیە بەردەوامە بەو دۆخەی، لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٣ ڕێکەوتنێك مۆرکرا لەنێوان حکومەت بەسەرۆکایەتی عمر حسن بەشیرو جۆن گەرەنگ، گەیشتنە ریکەوتنیك بۆ ماوەی ٥ ساڵ، بەشدار بن لە حکومەت وجیگری سەروك کومار لەوان بێ، دوای ریفرونداميك بکەن بو بریاری چارەنووس، جون گەرەنگ پایەی جیگری سەروك کوماری وەرگرتو دوای لە فرۆکە کەوتە خوارەوەو مردو جیگرەکەی هاتە جێی .

(٦)

كێشـــەی فەڵەســـتین

لە بابەتی (زایۆنی) بنچینەكانی ئەوبیرۆكە باس كرا، تكایە سەرنجی بدەوە، هەڵبەتە چاوبرینی یەهودو ڕۆژئاوا لە فەلەستین كۆنە، جارێكی تر سەلاحەدین ئەو چاوچنۆكیەی بۆ چەندین سەدە دوورخستەوە، ئەوا لەقۆناغی نوێدا دیسان بیرۆكەی (شعب الله المختار) زیندوو كرایەوەو زایۆنی لێهاتە دی، ئیتر بەدوای نیشتیمانێك بوون پەیدای بكەن بۆ دارشتنو بانگی ئەو بیرەو بەرجەستە كردنی لە دەولەتیكدا، لەگەڵ قۆناغی نوێی ئیمپریالیزمیش تێكی دەكردەوە، یەكەم جاری (بارون هـرش) تەقەلای ئەوەبوو وڵاتێك بۆ یەهودیەكانی ڕووسیا لە (ئەرجەنتین) دروست بكا، ئەو وڵاتانە ئەو كاتی تازە دەدۆزرانەوەو دەكرانو دەفرۆشان لە لایەن ئیستعمارەكان بەیەكتر، دوای (تیۆدۆر هرتزل) داوای كرد نیشتیمانێك بدۆزرێتەوە بۆ هەموو یەهودی جیهان نەك تەنها یەهودی ڕووسیا، فەلەستینیان دەست نیشان كرد، هرتزلو حاخامی گەورەیان دووبارە داوایان لە (عبدالحمید) كردەوە تا سنجاقی (قدس)یان پێ بفرۆشێ .. قایل نەبوو ... بەڵكو (عبدالحمید) زیاتر فەرمانی دەكرد تا زەویو زار لەو ویلایەتی نەفرۆشنە یەهودیان، عبدالحمید لە بیرەوەریەكانی خۆی دەڵێ ئەوەی زۆر دڵتەنگی كردم لە (ئنقلابی ١٩٠٨) بەسەرم دا ئەوەبوو ئەو لێژنەیەی هاتە لام بۆ تەبلیغو دەست لەكار كێشانەوەم كە بینیم ئەو یەهودیەی تیایە كە چەندجار هاتە لام تا فەلەستینی پێ بفرۆشم !!

یەكەم جا وا پێشنیار كرا كە (ئۆگەندا) یان (كینیا) ئەو نیشتیمانە بێت، لە جەنگی (حەتین) وا لە (صلاح الدین) ترسا بوون نەدەوێران ئەو ئەزموونە دووبارە بكەنەوە، بۆیە جارجار تامی زاری سوڵتانەكانیان وەردەگرتو داوایان لێدەكردن كە بەپارە فلستینیان بفرۆشنێ وەك چۆن ئەمەریكا فلیپینی لە ئیسپانیا بە (٢٠

ملیۆن) دۆلار كڕیو بەریتانیا (كۆرسیكا)ی لە ئیتالیا كڕی، لەو سەردەمی ئەو كڕینو فرۆشتنەی ئیشتیمانێكی تەواو باوی هەبوو، (ڕۆتشیلد) دەوڵەمەندی بەناوبانگی زایۆنی نوێنەرێكی ناردەوە لای (سوڵتان عبدالحمید) بۆ كڕینی سنجاقی قودس ... بەڵام سەركەوتوو نەبوو[1]، ئەوەیان بەهیچ شێوەیەك نەكرد، هەر كە خەلافەت لاواز بوو ئەو تەقەلایانە دیسان بە ئاشكراتر ڕوویان سوڕاندەوە بۆ فەڵەستین، دوای ئینقلابی ١٩٠٨ عەلمانیەتی توركی بەهاریكاری عەلمانیەتی عەرەبی ئەو پرۆژەیە زیندوو بۆوە، ئیتحادیەكان لەگەڵ بەرپرسانی عەرەب لە كێبڕكێ دابوون بۆ فرۆشتنی ویلایات، لیبیا هەراج كرابوو بە دوو بەلەمی جەنگی بۆ ئیتالیا، ڕووباری فوراتی فرۆشتە ئینگلیز، ..یەكێ لە هۆیەكانی ڕاپەڕینی شێخ عبدالسلام لە كوردستان لە دژی ئیتحادیەكانی تورك ئەو خاك فرۆشتنە بوو، كاتی خۆی بڕی (٥ ملیۆن) لیرەیان بە (عبدالحمید)دا بۆ كڕینی فەڵەستین، بەتوندی ڕەتی كردەوە، بەڵام ئیتحادیەكان بە (٤٠٠٠٠٠) لیرەیان فرۆشت، دوایش عەرەب خۆیان بەگەر لەشكری ئینگلیز كەوتن بە سەرۆكایەتی جەنەراڵ لنبیو فەڵەستینیان لە عوسمانی ستاندەوەو تەسلیمی بەریتانیا كراو، ئەویش بۆ ئیسرائیل ئامادەی كرد، كەچی جێی گاڵتە جارییە لەلایەن عەرەبە نەتەوەگەریە عەلمانیەكانەوە بەو پرۆسەیەی (شریف بن حسین) دەڵێن: (الثورة العربیة الكبری)!!.

لە پێشدا پەیمانی (سایكس – بیكۆ) ١٩١٦دارێژرا تا میللەتانی ئیسلام پارچە پارچە بكرێو توانای یەكبوونو یەك بەرگری نەبێ، هەر تێكبگیرێن، تا ڕێ خۆش بێت بۆ پەیمانو بەڵێنێكی تر، بەو شێوەیە لە بەڵێنی بەلفۆری ١٩١٧ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا (ئەرسەر بلفور) بەڵێن بە یەهودیەكان درا وڵاتێكیان لە فەلەستین بۆ دروست بكەن، دەقی بەڵێنەكە:

---

[1] بۆ زیاتر بڕوانە موسوعة سفیر تأریخ الإسلامي- الدولة العثمانیة- ل٧٢، هەروەها خفایا عهدین- حسام الدین ئەرتوك، هەروەها بڕوانە (العلمانیة والاسلام واثرهما في نشاة الدولة العراقیة الحدیثة).

خۆم بەبەختیار دەزانم لەجیاتی میری خاوەن شکۆ شای بەریتانیا ئەو ڕوونکردنەوەتان لەبارەی قایل بوومان لە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەو بەڵێنانەی بە یەهودیە زایۆنیەکان دابوومان- «حکومەتی خاوەن شکۆ بەچاوی سۆزەوە دەڕوانێتە دروستکردنی وڵاتێك بۆ گەلی یەهود، چی لەتوانای دابێ بۆ ئەو مەبەستە دریغی ناکا، دەبێ لای هەموان ڕوون بێ نابێ لە فەڵەستین پێشێلی مافە مەدەنیو یاسایەکانی خەلکی تری (نایەهودی) بکرێت» زۆر سوپاستان دەکەم، ئەو ڕوون کردنەوەم بە یەکێتی زایۆنی بگەیەنن – دڵسۆزتان ئەرسەر بلفۆر ٢/تشرینی/١٩١٧.

بەو شێوە لەدوای دارمانو دابەشکردنی خەلافەتو بە پێی ئەخشەی سایکس بیکۆی ١٩١٦و مەینەتی گەلانی وەك فەڵەستینو کوردو میللەتانی تر دروست بوو، فەلەستین لەدوا قۆناغی لەدەست بەریتانیا بوو بە پێی سیستەمی (ئینتداب)ی کە وڵاتانی وەك: عێراقو سووریاو ئوردەنو عەرەبییەکانی تری پێ دروست بوو، ئەو چەکە ئینتیدابیەی کە (عصبة الامم) مۆریان کرد بۆ بەریتانیا لە ٢٤ یۆلیۆ/١٩٢٢ز لە ٢٨ بەند پێك هاتبوو، تیایدا: بەڵێنی بەلفۆری تۆمارکرا بوو، ساناکردنی کۆچی یەهود (جوو)وە وەرگرتنی ناسنامە لە پاڵ عەرەب بۆ یەهودیش، زمانی ئینگلیزیو عەرەبیو عەبری ڕەسمی بێت .. بەرەبەرە بەرنامەکەی بلفۆری تەواوکرد تا لەناکاو لە ١٩٤٨ کشایەوەو فەڵەستینی بە (نەتەوە یەکگرتووەکان) سپارد، لە ١٥/ ٥ /١٩٤٨جاڕی دروست کردنی قەوارەی زایۆنی درا لەسەر بەشێك لە فەڵەستین بەناوی (دەوڵەتی ئیسرائیل) کە لە دەستووریدا بەو پێناسە هاتووە (ناوی دەوڵەت کۆمارێکی سەربەخۆی دیموکراسی ئیسرائیلە)، ئیسرائیل وشەیەکی کەنعانی کۆنە لە دوو وشەی لێکدراو پێك هاتووە (ئیسر=سەرباز، ئیل=خوا) واتە سەربازی خوا (جند الله یان عبد اللەش دێت) ئاماژە بە ناوی ئەو وڵاتە کۆنەیە گوایە مەملەکەتی

(شـــائوول، داوود، ســـولەیمان) بـووە، بـەناوی مەملەکـــەتی ئیـسرائیل لـە (١٠٢٠ – ٩٢٠) پ.ز .

زۆر بە خێرایی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان دانی پیا هێنرا بـە پێـی بڕیـاری (١٨١) ساڵی ١٩٤٧ لە ١١/ ٣ /١٩٤٩ بە پێی بەڵگەنامەی ژمارە (٢٧٣) بـە ئەندام وەرگیـرا لێی، بە زۆرینەی (٣٧) دەنگ بەرامبەر (١٢) دەنگی دژو (٩)ی بێدەنگ، لەدوای جاردانی ئیسرائیل لە ١٩٤٨ فەلەستین کـرا (٣) بـەش، قطـاع غزە بۆ میسر، (ضفة الغربیة) بۆ ئەردەن لە ١٦/ دیسمبر /١٩٤٩ شـوردەنیش بـە ڕەسمی بڕیاریدا بەیەکجاری بەشێك بێت لێی، دوای ئیسرائیل لـە ١٩٦٧ داگـیری کردەوە[١]، لە زەمینەیەکی ڕابوونی نەتەوەگەری عەرەب زیاتر پایەکانی ئیـسرائیل پتـەو بـوو، بـەکاری تیرۆرسـتانە تاوێـلەو تـاوێکی تـر بـە ڕێکـەوتنی خـۆ بەدەستەوەدانی وەکو (کامب دیڤیـد، ئوسـلو، شـەرم شـێخ، ...) قۆناغـەکانی بەکارهێنانی زاراوەی دان پیاهێنانی دەسەڵاتدارانی عەرەب بەو شێوەو قۆناغانەدا تێپەڕی: کیان الصهیونی المزعوم، عدو الصهیونی، ما یـسمی بدولـة الإسـرائیل، دول الإسرائیل المحتلـة، ... تا ئەورۆ گەیشتنە ئاسـاییو (دەوڵـەتی ئیـسرائیل، ڕا ئێستا داوایان ئەوەیـە تـەنها ئـەو خاکـەی لـە سـاڵی ١٩٦٧ لـە دەسـتیان داوە وەریگرنەوە بەرامبەر دان هێنان بـە ئیـسرائیل بـەناوی بنـەمای (الأرض مقابـل السلام)، لەدوای ڕابوونی ئیسلامی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابـودوو هەریەکـە لـە (حمـاس، جیهـاد، حـزب الله ...) گـەورەترین هەرەشـەن لەسـەر ئیـسرائیل، لـە مێـژووی عـەرەب یەکـەم جـارە خاکیـان لەدەسـت ئیـسرائیل ڕزگـار بکـەن بـێ دانوستانو سەودا لەسـەر دەسـتی حـزب الله، بـەهێزو بـازووی خـۆی خـوارووی لوبنانی ڕزگار کردو ئیسرائیلی دەرکرد لە ٢٠٠٠ز، (حماس)یش باڵێکی سەربازی بەناوی (عزالدین قسام) دروست کرد، عزالدین قسام ئەو ناوە موجاهدە بـووە لـە (جوبلە)ی سوریا لە دایك بـووە، لـە دژی ئینتـدابو دوای لـە فەلەسـتینیش لـە

١ القاموس السیاسي، ل٧٥٣ .

١٩٣٥ ڕاپەڕینی ئاشکرا کردو دوای شەهید بوو ..، ئێستا تەواوی ب
عەلمانیەتی دەسەڵاتداری عەرەب لەسەر ڕەوتی سەوداو پێکهاتنن بەهەر جۆرێ
بێت بەهۆی (السلام خیار إستراتیجی الوحید) ... تەنها ئیسلامیەکانن بەتەمای
بەرگریو شۆڕشنو لە تواناشیاندا هەیە، لە هەمان کات ئەو ئیسلامیانە خودی
عەلمانیە دەسەڵاتدارە عەرەبەکانو دەسەڵاتی فەلەستینیش بە توندی بەربەرەکانێ
دەکرێ، تا ئەو ڕادەیە گەلێ جار لەگەڵ ئیسرائیلو ئەمریکا دەکەونە یەك بەرە
لە دژی ئیسلامیەکان.

(٧)
کێشـــەی کــــورد

دوای لاواز بوونی خەلافەت، بە نهێنی لەرێکەوتنی سایکس- بیکۆ سـازانۆف ١٩١٦ بڕیاری دابەشکردنی مەملەکـەتی عوسمـانی درا، کوردسـتانێکی نیمـچە ئازادی خاوەن کۆمەڵێك دەسەڵاتو میرنشین کرا بە چوار پارچەی سـەرەکی، دوای مـۆرکردنی لـۆزان (١٩٢٣) لـە جیـاتی سـیڤەر (١٩٢٠) وە هەڵوەشـاندنەوەی خەلافەت بەیەکجاری لە ١٩٢٤ /٣/٣ لە لایەن عەلمانیەتی نەتـەوەیی تـورك بـە سەرۆکایەتی ئەتاتورك، بەهاریکاری ڕۆژئاواو شیوعیەت بە سەرۆکایەتی (لینین)، دەسـتیان بەسـەر سـەرووی کوردسـتان داگـرت کـە قورسـایی چـەندایەتیو چۆنایەتیەکەی لەوێ بوو، لەدوایدا خوارووی کوردستانیش بە دەردی سـەروو چـوو بەهۆی تاکتیكو فیلبازی ئینگلیزو ئەو ڕیفراندومەی ویلایەتی موسـڵ، کـوردیش نەیانزانی مانای سترتیژیەکانی سەرەنجامی ئەو داوایەیان چیە بەشـیك لەخۆشـیان عیراقیان هەڵبژارد، ئیتر ئەو کێشەیەش لەگەڵ دروست بوونو سـەربەخۆی نەتـەوە سەردەستەکان بەزەقیو بەمانای نەتەوەی دروست بوو، لە ئەنجامی سێ هـەنگاوی پێچەوانە :

١- دارمانی خەلافەت .

٢- پەیدابوونو هاتنی فکری عەلمانیەتو نەتەوەیی.

٣- وەرچەرخانی سیستەمی ئیمپراتۆریەت بۆ سیستەمی دەوڵەتی نەتـەوەییو کورد تیایدا لەو وەرچەرخانە بەجێ ما ..

ناوەندی ئەو کێشەیە لە سەرووی کوردستان ڕا دەستی پێ کرد چونکە شۆڕشی نەتەوەیی تورکی لەوێ زووتر دەستی پێکرد، لە بەشی خـواروو شۆڕشـی ڕزگـاری وەك سەروو نەبوو بەڵکو عێراقێکیان لە نەبوونەوە دروست کرد، بۆیـە مەڵبەنـدی کێشەو ململانێیەکە لە سەروو بوو، شۆڕشو ڕاپەڕینەکانیش بـەو مانایـە یەکـەم

جار لەویّ دەستی پێکرد، جوولآنەوەی رزگاری نیشتیمانی کوردستانیش هەر لەویّ سەری هەڵدا، باشترین پێناس ئەو جوولآنەوەو کێشەی کورد لە دروشمی راپەرینەکەی (شێخ سەعید) دەدۆزریتەوە: (یان گەرانەوەی خەلافەت یان کوردستانیش سەربەخۆ بێت) ... ئیتر ماناکانی روونە، واتە لە خەلافەتدا ئەگەر کێشەش هەبووبێ کێشەی نەتەویی نەبووە، کێشەی کورد کێشەی هەزاران ساڵ نیە، سەدان ساڵیش نیە بەڵکو وا بۆ یەك سەدە دەچێ، لەگەڵ تەمەنی قەدەغەی ئیسلامو قەدەغەکانی جلو بەرگو فەرهەنگو زمانی کوردیش کرا، لە چواچێوەی دەستووریش، تا ئێستا هەر بەردەوامە، سەرەرایماڵ وێرانیو سوتاندنو کیمیاییو بە عەرەبو بە تورك کردنو تواندنەوە.. لەکاتێکا کورد لەپێش تورك زیاتر بە (٢٠) سەدە لەو ناوچەیە بووە بە پێی مێژووی مرۆڤایەتی، بە پێی قورئانی پیرۆزیش کورد کۆنترین کەسانێکن لەسەر زەوی خۆیان، هەموو بەڵگەکانی بوونی بە دەوڵەتیشیان هەیە زیاتر لە زۆر میللەتی.تر، وڵات هەیە سەربەخۆیە (٤/١) دانیشتوانی کوردستانو رووبەری کوردستانیش پێك ناهێنێ، رووبەری دەوڵەتی فاتیکان تەنها ٢١ کم٢)، زلترینو کۆنترین میللەتی جیهانن کە سەربەخۆی نەبێ، ..(بۆ زیاتر سەرنج بدە نەتەوەیی کورد) (پرۆژەکانی رزگاری کوردستان - لە بەشی فیکری).

(٨)

كێشەی ئێرلەندا

زۆر جار باس لەوە دەكرێ كە دیموكراسی یان كۆمەڵگەی مەدەنی یان بە عەلمانی كردنی دەوڵەت .. چارەسەریە بۆ كێشەی فرە رەنگ ونیشتیمانیو نەتەویەكانیش، جار وایە دیموكراسی بە دەرمانی هەموو دەردان ناو براوە هەروەك لە راپۆرتی كۆنگرەی یەكەمو دووەمی (ی.ن.ك) وا هاتووە، هەرچەندە ئەم بۆچوونە هەڵچوانەیە پێش تریش بەهەمان ئەندازەی هەڵچوانە باس لە شیوعیەت كراوە گوایە دەرمانی هەموو دەردانەو تیایدا جیهانێكی بێ كێشەت پێشكەش دەكا ... هتد، ئێستا ئەو كێشانەی پێشوو ئەو كێشەیەش وا لەناو جەرگەو چاوگی دیموكراسیە، ئێرلەندا نیشتیمانێكی سەربەخۆیە لە رووی جوگرافیش كەوتۆتە سەرووی بەریتانیاو دەریایەك لێكیان جیا دەكاتەوە، ئەو كێشەیەی ئێستا وا بەردەوامە بریتیە لە ئێرلەندای سەروو، (٦) هەرێمەو پایتەختی (بەلفاستە) راستەوخۆ خراوەتە سەر بەریتانیای مەزن ونەوەش كێشەكەیە، هەرچی ئێرلەندای خوارووە پایتەختی دبلنە، (٢٦) هەرێمە ئەوسەربەخۆیە ئێستا.

زمانو فەرهەنگو ئاینو نەریتو مێژووەكی تایبەتیو جیایان هەیە، سروودی نیشتیمانی وئالآیان تەواو جیایە لە گەڵ بریتانیا، بریتانیا ناوی خوایەكی دانیشتوانی ئەو ناوچەیەی ئێستای بریتانیا بووە، دوای لەسەر دراوێك تۆماركراو دوایش كرا بەهێمای ئیمپراتۆریەتیان، بۆیە ئێرلەندیەكان بەو ناوەش زۆر دڵگرانن، ئیرلەندا مانای دورگەی تەم ومیوەی تەڕ، ژمارەی دانیشتوانیان بە پێی ئاماری ١٩٩١ نزیكەی (٤) ملیۆنە، زمانیان غیلیە وبە ئینگلیزیش دەدوێن، هەردوو زمان رەسمیە، ئاینی مەسیحیان لە ٤٣١ ز پێ گەیشتووە، ئێستا مەزهەبیان كاتۆلیكە بە ریژەی ٩٥٪، لەكاتێكا ئینگلیزەكان مەزهەبیان پرۆتستانە، كێشەی ئێرلەندای مەزن لەگەڵ بەریتانیا بۆ چەندین سەدە

دەگەڕێتەوە، هەردەم بریتانیەکان ویستوویانە ئێرلەندا داگیر بکەنو بە تواوەیــەوە بخرێتە سەر بریتانیا، ئــەوانیش هــەر لــە شــۆڕشو بــەرگری دا بووینــە، لــە هــەر سەردەمێك بە پێی سیستەمی خۆی ئەو ناکۆکیە هەبوو، لە ئاینیو مەزهــەبی و ئیمپراتۆریو ئێستاش وا بە تیژی نەتەوەیی، مەزن ترین ڕاپەڕینــەکانیان لەسـالی ١٦٤١ ز بوو، (کروموڵ)ی بریتانی بەتوندی تێکــی شـکاندن، ... بەرەبــەرە وەك نەریتی ئیمپریالیزمی و داگیرکــاری پرۆســەی پاکتــاوی ڕەگــەزی لەســەر شــێوەی دروســت کردنــی کۆمەڵگــەی ئینگلیــزیو هێنــانی زیاتریــان بــۆ ئێرلەنــداو دامەزراندنیان لــە بەشــی ســەروو بــەردەوام بــووە، زۆربــەی ناوەنــدە گرنگــەکانی سیاســیو ئــابووری و کۆمەڵایەتیــەکانیان بــەوان دەســپارد، ئــیتر بەریتانیــەکان لایەنگیری پرۆتستانیەکانی ئێرلەنــدایان کــردووە کــە زۆربــەی ئینگلیــزن لــە دژی کاتۆلیکــەکان کــە زۆربــەی ئێرلەنــدای ڕەســەنن، لــە شــێ کردنــەوەی دا مانــای کێــشەیەکی نەتــەوەیی نێــوان دوو نەتــەوە دەبەخــشی، لەســەدەکانی ١٨و ١٩ ئێرلەندیەکان دووچاری کارەساتێکی سامناك بــوو لەســەر شــێوەی (جینۆســاید)، بەهۆی ژەهراوی بوونی پەتاتە (کە بەرهەمێکی سەرەکی ئێرلەندایە)، لە ملیۆنێك زیاتریان لــێ مرد، بەو ئەندازەیەش کۆچیان کرد بۆ دەرەوەی ئێرلەندا، ئەو ڕووداوە لە کۆتاییدا لەسەر بریتانیا وەك پــیلان حــساب کــرا، هەرچــەندە لــەو شــێوە بــە ئــەهاتیو گرانــی لــە هنــدو چــینو ڕووســیاو ئــەفریقیا ڕوویــان داوە .. بــەڵام کارەساتێکی بایۆلۆجی وا جێی گومان بوو .

لەگەڵ ڕابوونی نەتەوەیی و وەرچەرخانی سیستەمی ئیمپراتۆری بــۆ دەوڵــەتی نەتەوەییو بوونی سنووری ڕەمی ئەو کێشەیە بەهەردوو تەوەری ئاینی و نەتەوەیی بەگەرمی سەری هەڵدایەوە، بزووتنــەوەی بــیری نەتــەوەیی وەکــو جیهــان لــەدوای سەدەی بیست زیاتر خەملی، حزبە نەتەوەیی خوازەکانیش لــەدوای ســاڵی ١٩١٤ دروست بووینە، لە ساڵی ١٩٢٠ – ١٩٢١ جۆرێك لە سەربەخۆی بە ئیرلەنــدا درا لەلایەن بەریتانیا، لەهەمان کاتدا یاسایەکی دەرکرد (٦) هەرێمی ئێرلەنــدای لــە

سەروو جیاکردەوە، کە زۆرایەتی یەکەی ئینگلیزن وە مەزهەب پرۆتستانن، ناویشی نا ئێرلەندای سەروو، ئێرلەندای خواروو و ئێرلەندیە ڕەسەنەکانی ئەو (٦) هەرێمەش بەو هەنگاوە قایل نەبوون، ئەوەشە کێشەی ئێستای ئێرلەندا، لە ساڵی ١٩٤٩ ئێرلەندای خواروو بەیەکجاری سەربەخۆی خۆی وەرگرت، بەڵام ئێرلەندای سەروو کە لە (١٩٢٠)ەوە لە خواروو جیا کرایەوە، هەر لەسەر بریتانیا مایەوە، بە ئێرلەندای خواروو دەوترێ ئێرلەندای سەربەخۆ (یوبلاشت ناە ئیریانی — بەزمانی غیلی خۆیان)، ئێرلەندیە ڕەسەنە غیلی زمانو مەزهەب کاتۆلیک لە بەرامبەر ئینگلیزەکانی مەزهەب پرۆتستان بوونە کەمایەتی لە ئێرلەندای سەروو، تا ئێستاش پرۆتستانەکان لە دژی داواکاری یەکانی ئێرلەندە ڕەسەنەکان دەیانەوێ لەسەر بەریتانیا بێننەوەو بەشەکەی تریش دەیانەوێ ئیشتیمانەکەیان یەك خەنەوە لەگەڵ ئێرلەندای خواروو لەدوا مەبەستدا، کێشەکە لەسەر شێوەی کشمیر وایە لە دروست بوون پێکهاتنو ڕەوتو ئامانج دا ..

ئەو کێشەیە شێوازی توندو شۆڕشگێرانەو ئاشتیشی بەخۆوە بینیوە، بە هیچ کامیان یەکلای نەکردۆتەوە، بەو شێوەیە حزبو دەزگای سیاسی جیاجیا نوێنەرایەتی هەریەکەیان دەکا، سوپای کۆماری ئێرلەندا لە دژی بەریتانیا لە ساڵی ١٩١٩ دروست بووەو کار دەکا، گەلێ جار دانوستانیان بووە لەگەڵ باڵی سیاسیەکەی (شین ڤین) بەسەرۆکایەتی (ئادەمز)، دوا ڕێکەوتنی سەرتاسەریان لە ساڵی ١٩٩٨ مۆرکردووە، بۆ یەکەم جار لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٣ لە هەڵبژاردنێکی نوێدا (شین ڤین) کورسی لە پەرلەمانی ئێرلەندای سەروو بەدەست هێناوە، ئەو کێشەیە هەر بەردەوامە لەگەڵ خامۆش بوونەوەشی، تا ئێستا بە سیستەمی دیموکراسیش چارەسەر نەکراوە .

(٩)

كێشـەی كورسیكا

كێشەی ئەو نیشتیمانو میللەتە لەگەڵ فرنسایە، دوورگەیەكە لە دەریای سپی ناوەڕاست كەوتۆتە نێوان ئیتالیاو فەرەنسا، ژمارەی دانیشتوانیان نزیكەی ملیۆنێكە ئێستا بە فرنسی دەدوێن، بە پێی (موسوعة العالمیة) ناپلیۆنیش هەر لەوێ لەدایك بووە، ڕووبەرەكەی (٨٦٨٠كم٢)، پایتەختی (ئاگاسیۆ)یە، دوو هەرێمی سەرەكی لێیە، لە زۆر كۆنەوە ئاوەدان كراوەتەوە، هەرجاردێ ئیمپراتۆرێك داگیری كردووە، لەوانە قرتاجیەكان، ڕۆمان، فراندالیەكان، ... لە دوایدا ئیتالیاش دەستی بەسەر داگرتو لە ساڵی ١٧٦٥ز فرۆشتیە بەریتانیا، دوای (٣١) ساڵو لە (١٧٩٦) ناپلیۆن داگیری كرد، لەوكاتیەوە لە ژێر دەستی فەرەنسایە، هەرچەندە جارجار دەستی بەسەر داگیراوە لەلایەن بەریتانیەكان، ئیتالیەكان، ئەڵمانیا، ... بەڵام دوای دەگەڕایەوە ژێر دەستی فرنسا، لە حەفتاكانی سەدەی بیستەم زیاتر دەنگی ڕزگاری لە دژی فەرەنسا بەرزكرایەوە، لە ساڵی ١٩٧٢ پەرلەمانی فەرەنسا قایل بوو پەرلەمانو ئیدارەیەكی سەربەخۆی كورسیكی دروست بكرێ، بەڵام ئەو هەنگاوەشی تەواو هیواو ئامانجی گەلی كورسیكی نەهێناوەتە دی، زیاتر مەیلی ڕزگار بوونو بە دەوڵەتیان هەیە، بۆیە لە ساڵی (٢٠٠١) دیسان دەنگی ناڕەزایی بەرامبەر فەرەنسا بەرز بۆوەو هەڕەشەی پەنابردنە بەر خەباتی چەكداری كرا بەتایبەتی ناوچەكانیان شاخاویو دارستانە .. تا ئێستا ئەو كێشەیە لە ڕیزی كێشەكانی بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتیمانی جیهانیە .

(١٠)

كێشــەی باســك

كێشەیەكی جیهانی نەتەوەییە لەگەڵ ئیسپانیا، هەرچەندە باسك بەشكراوە لە نێوان فەرەنساو ئیسپانیا بەڵام بەهۆی ڕەوتی دیكتاتۆریو ڕەگەزیانەی ئیسپانیای پێشوو لەوێ ئەو سۆزو ئینتیمایەیان ورۆژایەوە، ئەو بەشەی باسكی لە ئیسپانیایە ڕووبەری نیشتیمانەكەیان (٢٠٧٥٢ كم٢)، ژمارە دانیشتوانیان (٢,٥) ملیون دەبێت بە تێكرایی، زمانو ڕەسەنیان تەواو جیایە لەگەڵ ئیسپانیا خەڵكی باسك بە (بەسكارا) ی دەدوێن، بەپێی هەندێ سەرچاوە باسك (بەشك) كۆنترین میللەتن لە ئەوروپا، واتە ئەوانە لە ئیسپانیەكانو فەرەنسیەكان ڕەسەن ترن، هەر بەو بۆنەیەوە زۆربەی ئەو میللەتانەی ئێستا دووچاری وەها كێشەیەك بووینە ڕەسەن ترن لە زۆربەی میللەتانی دەوروبەریان وەك (كورد، عەرەبی فەلەستین، باسك، ئێرلەندیەكان، بەربەرەكان، ... هتد) .

ئەو كێشەیە زیاتر لە ئیسپانیا ڕیشەی گرتووە نەك فەرەنسا، لەوكاتەی دەسەڵاتی (فرانكۆ) دەستی بەچاكسازی نەتەوەیی كردو دیكتاتۆریانە هەموو مافو زمانو تایبەتمەندیەكانی باسكی قەدەغە كرد، (فرانكۆ) سەرۆكی حزبی ڤالانژیز بوو كە حزبێكی فاشی لەسەر ترازی فاشی ئیتاڵی بوو ا، هەرچەندە ئەو حزبە دامەزرێنەرەكەی (ئۆنتۆنیۆ ڕیڤیرا)كوڕی دیكتاتۆر (بریمودی ریڤورا)بوو لە ساڵی ١٩٣٣ دروست بوو، دوای لە چەند هەنگاوێكی تر جنرال فرانكۆ بووە سەرۆك، ڕەفتارەكانی بەرامبەر نەتەوەی تر زۆر توند بوو [١]، لە ساڵی ١٩٨٠ وە لە دوای مردنی فرانكۆ - كەمێك چاكسازیان بۆ كراوە جۆرێك لە خودموختاریان پێ درا، ئەنجومەنی یاسا دانانو ئیدارەیەكی سەربەخۆیان دروست

[١] بۆ زیاتر بڕوانە (قاموس السیاسی) بابەت : فالانج

كرد، بەهۆی خەباتی ئاشتی‌و چەكدارەیان لە ڕێكخراوێكی ڕزگاریان دا بەناوی (ئیتا) (ETA= Easkadi Ta Askataseme) بەمانای خۆشەویستی خاك، (ئیتا) داوای سەربەخۆ باسك دەكا، هەرچەندە چەپەكانیان وەك چەپەكانی كوردستان چۆن قەیرانی عێراقچی‌و كوردستانچیان هەبوو، ئەوانیش بەشێك ئیسپانچی‌و بەشێك باسكچی یان دەكرد بۆیە یەكێ لە دروشمەكانی ئیستا بریتی بوو لە: ٣+٤=١ مەبەست لەوەیە ٣ هەرێمی باسك كەوتۆتە فرنساو ٤ یش لە ئیسپانیاو یەكەكەش مانای یەكخستنەوەیانە٠

كێشەی ناوەكی فكری‌و ئیداری‌و سایكۆلۆجیان هەبووە، هەروەك زۆربەی ڕێكخراوە چەكدارەكانی تر لە نێو خوێندكاران لە سالّی ١٩٥٩ چەكەرەی كرد، دامەزرێنەرەكەی ناوی (ئەنتۆنیۆ خۆسێب)، لەداوی مردنی فرانكۆ لە ١٩٧٥ بالّی سیاسی (ئیتا) بەهێزتر بوو لەگەلّ پتەو بوونی زیاتری دیموكراسی، بەلاّم بەهۆی هەندێ هەلّس وكەوتی بالّی سەربازیەكەی لە تیرۆرو كوشتنی تاكو كەسایەتیەكان لە فەزای دیموكراسی دیمەنی ناشیرن بووە، بۆیە بە تێكرای جەماوەری جارانی نەماوە، نەیتوانی بەرنامەی ڕزگاری لە چوارچێوەی پرۆسەیەكی سیاسی فراوان جێ بكاتەوە بتوانێ لەگەلّ گۆڕانكاریەكانیش ڕابێ، بۆیە بەجیا لە سەروەری ئیتا خەریكە حزبی تر لە پێناو ئەو بنەمایانە دروست بكەن، بەلاّم ئەو تەقەلایانەش لە چواچێوەی دیموكراسیدا گەلێ جار شكست دەهێنێ، ئەوەش نوقسانیەكی دیموكراسیە لە ئاست چارەسەری كێشەی كەمایەتی و زۆرایەتی، لەو چواچێوەدا پەرلەمانی ئیسپانی لە ٢٠٠٢/٨/٢٥ حزبی پاتسوانی قەدەغە كرد بە تاوانی لایەنگیری باسكایەتی لە ٢٠٠٣/٣/١٤ جێ بەجێ كرا، هێشتا ئەو كێشە نەچۆتە قاوغی چارەسەری دلّنیایی .

(١١)

کێشـــەی قوبـــرس

دوورگەیەکە لەناو دەریای ناوەڕاست بە ٦٤کم دەکەوێتە خوارووی تورکیا، هەر لەسەر ئاسیا حیسابە نەك ئەوروپا، تەنها لە (٢٠٪)ی موسولمانی تورکن کەمایەتیەکی عەرەبو مەسیحی بە ڕەچەلەك مارۆنی لوبنانیشی تێدایەو (٨٠٪)ی ڕەچەلەك یۆنانین، پایتەختی نیقوسیایە، ڕووبەری ٩٢٥١کم٢، لە ساڵی ١٥٧١ز لەلایەن خەلافەتی عوسمانلیەوە ئازاد کراوە، بۆ دووەمین جار، چونکە لە سەردەمی (معاویە)ش جارێکی ترگیرا بوو، تەواو بەمانای ئازاد کردن نەك بەشێك ئازاد بکرێتو بەشێکی تر ژێردەست بکرێن وەك کێشەکانی ئێستای نەتەوەی، چونکە لەگەڵ ئازاد کردنی سەربەخۆی تەواویش درا بە کنێسە لەلایەن (باب العالی ئەستانە) وە، پایەی نوسقف وەك نوێنەری میللەتی ڕۆمو ئەرسەدوکسی قوبرسی دووەمین کەسێتی لە دوای والی بووە لە ١٧٥٦، ئەوەش دیمەنو نمونەی کۆمەڵگەی مەدەنی بە شێوە ئیسلامی بووە، تاوای لێهات لە سەردەمی (سوڵتان محمدی دووەم) لە ساڵی ١٨٥٦ ئەنجومەنێکی ئیداریو دادگای پێك هات لە (٤) نوێنەر هەریەکە لە موسولمانیو یۆنانی[1]، بەو شێوەیە لە ژێر خەلافەتی ئیسلامی پێکەوە ژیانێکی مرۆڤایەتی بووە، ئەو دۆخەی ئێستای ناگەڕێتەوە بۆ قولای مێژوو، قوبرس لە قۆناغی نوێی دا لە ١٩٦٠/٨/١٦ سەربەخۆی لە بریتانیا وەرگرت،، بە بنەمای (تەوافوق) لە دەستووری ١٩٥٩ تۆماریان کردە سەرۆك بۆ یۆنانیەکانو جێگر تورك، پەرلەمانیش پێکبیت لە (٥٠) ئەندام، ٣٥ لە یۆنانیو ١٥ لە تورکو ٧ وەزیری یونانیو ٣ وەزیری تورك، سوپاش لە ٦٠٪ یۆنانیو ٤٠٪، ئەو جۆرە پێك هاتنە پێی دەووترێ (تەوافوق)[2]،

---

[1] بۆ زیاتر سەرنج بدە (الموسوعة السياسية ب٤ ل٧٤٦

[2] قاموس السياسي

یەکەم سەرکۆمار هەڵبژێردرا بە پێشبڕکێ لە نێوان (مکاریۆس)و (جۆن کلیۆدۆس)، قەشە مکاریۆس بووە سەرکۆمار بەناماداەبوونی هەرسێ لا (تورکیا-یۆنان-بەریتانیا)و (فازل کوتچوك)ی تورك بووە جێگری، لە ساڵی ١٩٦٤ جەنگێك هەڵگیرسا لەنێوان تورك‌و یۆنانیەکان، جارێکی تریش لە ساڵی ١٩٦٧، لە ساڵی ١٩٦٨ جارێکی تریش (مکاریۆس) هەڵبژێردراوە تا لە ساڵی ١٩٧٤ (٢٥/جماد الآخرة/١٣٩٤بەرامبەر ١٩٧٤\٧\٥) ئینقلابێکی لە دژی مکاریۆس کرا لەلایەن ڕێکخراوی ئەیۆکا بە سەرۆکایەتی گریفاس —ئەو ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٥٥ ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە بەرگری دژ بە بریتانیا بۆ گێڕانەوەی قوبرس بۆ یۆنان تا لە ١٩٦٩ هەموو لایەك ڕێك کەوتن -، تورکە قوبرسیەکان بەو ئینقلابە قایل نەبوون تورکیاو یۆنانیش تێوە گلاّن وبووە هۆی ناکۆکیەکی ترسناکی جیهانی وا سۆڤیەت‌و ئەمەریکاش هێزەکانیان جولاّند بەرەو ناوچەکە، لەئەنجامدا تورکیا سوپا بۆ ناو قوبرس هێناو لەو کاتیەوە تا ئێستا بووینە دوو بەش، بەشی سەرووی تورك بەسەرۆکایەتی (رەئوف دنکتاش) لە ساڵی ١٩٨٣ ناویان نا (کۆماری قوبرسی تورکی سەروو)، جگە لە تورکیا هیچ وڵاتێی تر دانی بەو کۆمارە نەهێناوە، بەشەکەی تریش یۆنانی بە سەرۆکایەتی (سبیرو کبیربانۆ) بەناوی (کیبریاکی دیموکراسی) .. ئەو هەنگاوەی تورکیاو هێنانی سوپای لە سەردەمی (بۆلند ئەجەوید) بوو سەرەك حکومەت بە ناوی (مافی چارەی خۆنووسی گەلان)و شایەنی باسە خۆشی گەلێکی ٢٠ ملیۆنی (کورد) چەوساندۆتەوە هیچ حیسابێکی مافی چارەنووسی ئەوان نەك هەرناکا بەلکو زمان‌و نەریت‌و فەرهەنگ‌و مێژووشی لێ قەدەغە کردوون .

(١٢)

خوارووی فیلیپین

بە پێچەوانەی ئەو گۆتەیەی گوایە ئیسلام بە زەبری شمشێر بڵاوکرایەوەئەوا دەبینین ئەو ناوچانەی خوارووی ئاسیا بەشی هەرە زۆری تەنها لە ڕێی بازرگانیو خوڕەوشتە جوانو ڕاستگۆییو بەڵێن پاکی دادگەری لەو بەرنامەیە بوویتە هۆی بڵاوبوونەوەی ئەو ئاینە، بەڵام دوای لەگەڵ هەڵمەتەکانی ئیمپریالیزمیو (تەبشیری) بەشێکیان لێ هەڵگێڕاینەوە .

فیلیپین ئێستا ٨٠ ملیۆنە لە ٨٠٪ مەسیحیەو لە ١١٪ ئیسلامە، پایتەختی (مانیلا) یە ڕووبەری ٣٠٠,٠٠٠کم٢، لە (٧١٠٠) دورگە پێك هاتووە، وڵاتێکی نیمچە دیموکراسی پەرلەمانی نۆستاندارییە، مێژووی ئاوەدان کردنەوەی لێڵە، وا پێدەچێ لەلای هندەوە بۆی پەڕیبنەوە لە زوویەکەوە، چونکە بە پێی زۆربەی سەرچاوە مێژووە زانستیو ئاینیەکان (ح.ئاددەم) لەناوچەکانی هند هاتۆتە سەرزەوی و ژیاوەو کۆمەڵگەی لێ پێك هاتووە .

لە دوای دۆزینەوەی فیلیپین لە لایەن (ماجەلان)و هاتنی ئیسپانیا بۆی لە ساڵی ١٥٢١ ناوی (فیلیپین)ی لێ نرا بەناوی (فیلیپی دووەم -شای ئەمسا) کراوە، ناوچەیەکی ململانێی نێوان دەسەڵاتی ئیمپراتۆرو داگیرکەران بووە، ئەمەریکا فیلیپینی بە (٢٠) ملیۆن دۆلار لە ئیسپانیا کڕی، دوای یابان داگیری کردەوە، ئەمەریکا جارێکی تر گرتیەوە، .. تا لەگەڵ وەرچەرخانی ئیمپراتۆریو ئیمپریالیزمیەکانیش لە ساڵی ١٩٤٦ سەربەخۆی وەرگرت، لەگەڵ ڕابوونی نیشتیمانی دوایش ئیسلامی خوارووی فیلیپین بۆ سەربەخۆی کە زۆربەیان موسوڵمانن بەرەیەکیان پێك هێنا لە ساڵی ١٩٧١ بەناوی (بەرەی ڕزگاری مۆرۆ) دوای بووە بەرەی مۆرۆی ئیسلامی، مێژووی بەرگری فیلیپین بەشی هەرەزۆری موسوڵمان بووینە لە دژی هەڵمەتەکانی ئیمپریالیزمی، هەتا (ماجەلان)ی

سەركردەی ئیسپان لەوێ كوژراوە بەدەستی سەركردەی ئیسلامیەكان، هەر بۆیەش لەلایەن ئیسپانیەكان ناوی (مۆر) لە ئیسلامەكان نراوە هەروەك ئەو ناوەی (مۆر) بە مسوڵمانانی ڕۆژئاوا (مغرب) وتراوە ناوی (مۆریتانیا) لەوە هاتووە بە زمانی ئەوان (مۆر مانای ئەسمەر)، مسوڵمانانی سریلانكاش ناویان (مۆروز)ە، مەدغشقر بە (مۆر) (فیلیپین)یش هەر (مۆر) .. تا ئێستا ئەو ناوەیان بۆ ماوەتەوە، زەبرو زەنگێكی زۆریان لەسەرە، چ لەلایەن حكومەت بە ڕەسمی چ لەلایەن ڕێكخراوی نهێنی بەناوی: (فشران)، (أخطبوط).. كاریان ئەزیەتدانی خەڵكی ئیسلام بووە لەو ناوچە، بۆیە بە ناچارو بێدەرأمەتی بە كۆنە چەك بەرگریان لەخۆ كردووە، لە هەشتاكانەوە شۆڕشیان زیاتر پەرە پێدا لە دوورگەكانی (میاند ناوە)، ڕووبەری ئەو دوورگانە (٩٤,٦٣٠)كم٢، ناوچەیەكی شاخاویەو بەنداوی سەرەكی وزەی كارەبای فیلیپین لەوێیە، زۆر تایبەتمەندی جوگرافیو مێژوویی‌و پیشەیی‌و سروشتی تری لێیە، بێجگە لە نەخشەی كۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئایینی‌و فەرهەنگیشیان.

لە سەدەی (١٣) بەدواوە بانگی ئیسلامی پێگەیشتووە بێ جەنگو هێزو توندوتیژی، بە هۆی چەند بانگخوازێكی بەناوبانگ، لەوانە راجا پاگندا*، سوڵتان ئەبوبەكر، كابۆ نەكسوان ... ئاڵای ئیسلام لە پایتەختی فیلیپین (مانیلا)ش دەشەكایەوە، ئەو والیە لە مانێلاو ناودار بووە (ناوی سلێمان بووە)، ئێستا تەنها زۆرایەتی یان لە ناوچەكانی میاندناو هەندێ ناوچەی تر ماوە، ئەوانە خاوەنی بەرگری ئیشتیمانین‌و هەرگیز ملیان كەچ نەكردووە بۆ داگیركەرانی ئیسپانیاو ئەمریكاو یابان ... پێشوش.

لەو سەردەمەش لەگەڵ سەركەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران ساڵی ١٩٧٩ ناسنامەیەكی ئیسلامی بەو كێشەیە درایەوە، تا (إ.خمینی) مابوو زیاتر پاڵپشتی ئەو جۆرە بزووتنەوە دوورو فەرامۆش كراوانە دەكرا، بەڵام ئێستا

ڕاستەوخۆ ئەو پاڵپشتیە هەست پێ ناکرێ،، جگە لە ئێرانی نوێ لەسەرەتادا هەریەکە لە لیبیاو مالیزیاو وڵاتی تری ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی یارمەتی دەدان، چەند جارێك دانوستانو ڕێکەوتن لەنێوان بەرەی مۆرۆو مانێلا کراوە، بەدەست پێشخەری کۆنگرەی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ ڕژێمی ئەوسای (مارکۆس) گەیشتنە شێوە چارەسەرێکی خودموختاری هەرێمایەتی، لە ساڵی ١٩٧٩ حکومەت لە بەندەکانی پەشێمان بونەوە بە لێکدانەوەی تایبەتی حکومی، دوای ڕووخانی (مارکۆس) - سامان دارترین سەرۆکە لە جیهانو خاوەنی زیاتر لە (٥٥) تەن زێڕ بوو - کورروزان ئەکینۆ هات دیسان جۆرە ڕیفراندۆمێکی ئەنجام دا بەرەی مۆرۆ پێی قایل نەبوو، بەڵام ئێستا بەرەی مۆرۆی ئیسلامیو سەرۆکەکە (حاجی مراد إبراهیم) کەمتر پاڵپشتی لێ دەکرێ، ئەوەی لە سیستەمی نوێی جیهانی تێبینی دەکرێ ئەو (بانەو چەند هەوایە) لەکاتێدا ڕۆژئاوا بەسەرکردایەتی ئەمەریکا لەولایەش ئوسترالیا بوونە هۆی ڕزگار بوونی تەیموری ڕۆژهەڵات لە ئەندۆنوسیا، بەهۆی ڕیفراندۆم، کەچی ئەو مافە بەوانە وا نابینی، لەولایەش فشارێکی زۆر دەخاتە سەر سوودان بۆ ئەوەی وا دەستکاری دەستوور بکا شەریعەتی ئیسلامی لێ بقەتێنێ بەناوی ئەوەی جێگەی کۆمەڵگەی خوارووی سودانی تیا ببێتەوە کە ئەوانیش شۆڕشیان هەیە .. کەچی هەمان کێشە بەهەمان ناوەڕۆکەوە لە فیلیپین هەیەو دەستورەکەش مەسیحە کەچی دەنگێکی وا نەبیستراوە بۆئەوەی دەستکاری دەستوور بکرێ، نەك هەر لەلایەن ڕۆژئاوا هەتا لەیمن وڵاتانی بەناو (کۆنگرەی ئیسلام)یش، بەرەی مۆرۆ لەگەڵ گەشە بوونی کێشەکەی دووچاری گرفتێکی تریش بووەو کۆمەڵێکی ئیسلامی توندڕەوی هاوتاو هاوجێی لەگەڵ دروست بووە لەدوای سەرهەڵدانی (ئەلقاعیدە) بەناوی (کۆمەڵی ئەبو سەیاف) تا ڕادەیەك ناوبانگە ناسکەکەی ئەو کێشەیەشی زڕاندووە بەهۆی بە بارمتە گرتنی خەڵکی بیانی و گۆڕینەوەیان بە پارەو پوول .

(١٣)

دیواری بەرلین   جدار برلین   Berlin Wall

لە دوای شكستی حكومەتی نازی لە ساڵی ١٩٤٥ز بە رابەرایەتی (ئەدۆڵف هتلەر) لەسەر دەستی هاوپەیمانان لە رۆژهەلاتو رۆژئاوا، بە جۆرێك لە جۆرەكانی ئەڵمانیایان دابەش كرد، ئەڵمانیای رۆژهەلات بە (ئەڵمانیای میللی دیموكراسی) خۆی ناس كردبوو، كەوتە رێزی یەكێتی سۆڤیەتو حزبی شیوعی بووە دەسەلاتدار، تا كەوتنیش هەر ئەو حیزبە دەسەلاتدار بە سەرۆكایەتی (ئەرش هۆنیكەر)، بەشی رۆژئاواشی بەناوی ئەڵمانیای رۆژئاوا یان ئەڵمانیای فیدرالی ناو دەبرا، (بۆن) پایتەختی بوو، بەشی رۆژهەلاتی (بەرلین) یش وەبەر ئەڵمانیای رۆژهەلات كەوتو كردی بە پایتەخت، بەشی رۆژئاواشی وەبەر رۆژئاوا كەوت، لە دوای ساڵانی ١٩٥٨ كێشەیەكی زۆر لەسەر ئەو شارە پەیدا بوو كە بە (قەیرانی بەرلین) ناو دەبرا، دوای بەو بیانۆیەو چەندین مەبەستی تر وەك چارەسەری ئەو قەیرانەش لە ١٩٦١/٨/١٣ ئەو دیوارە دروست كراو هەردوو بەشی بەرلینی لێك جیا كردەوە،بە بەرزایی ٥ پێ، درێژی ٢٥ میل، ٨٠ پەنجەرەی هاتوچۆی تیا بوو، ئەو دیوارە لە دوایدا ماناو مەبەستی سیاسی زۆری لێپەیدا بوو، بووە دیوارێكی شەرمەزاری بۆ تەواوی سیستەمی شیوعی یەت، ئەو شیوعی یەی وا رادەبینرا كە بەهەشتێك بهێنێو خەڵكی لە سیستەمی سەرمایەداری رۆژئاوا رزگار بكا، كەچی بەردەوام خەڵكی ئەڵمانیای شیوعی بەسەر ئەو دیوارە رایان دەكرد بۆ ئەڵمانیای سەرمایەداری، بۆیە ئەو دیوارە هەر قایم دەكرا تا مین رێژ كردنیش، بەدەیان رووداوی دڵتەزێنی لێ روودا، لە راستیدا هەتا ئایدۆلۆژیای ماركسی دووچاری شكست نەبوو ئەو دیوارەی پێویست نەبوو، بە پێچەوانەوە دەبوایە سەرمایەداری دیوارێكی وا بكا بۆ ئەوەی هەردوو سیستەمی سەرمایەداریو

سۆشیلیستی نەگەنە تەنیشت یەك بۆ بەراوردێکی زەق، ئەوەیان نمونەو وێنەی زۆرە بۆ ئێستاش .

لەدوای چاکسازی یەکانی (گۆرباتچۆڤ لە بیرۆسترۆیکاو گلاسنۆست)و لەگەل ئەو هەموو قەیرانانەی ناو یەکێتی سۆڤیەت بوێری بەخەلکی ئەلمانیا دا هێرش بکەنە سەر ئەو دیوارەو لە سالی ١٩٨٩ دیواری بەرلینیان رووخاند، بووە هۆی یەکگرتنەوەی هەردوو ئەلمانیا یان وردتر بلێین بووە هۆی گەرانەوەی ئەلمانیای رۆژهەلات بۆ ناو ئەلمانیای رۆژئاوا، ئیتر ئەو رووداوە بووە دیمەنێکی شەرمەزاری زەق بۆ ئەزموون و چارەنووسی شیوعی یەت لە جیهان،بووە یەکێ لە فاکتەرە بنچینەیی یەکانی تێکرووخانی سەرانسەری بلۆکی سۆڤیەتو شیوعی یەت، ئێستا هەرجۆرە بەربەستێکی سیاسی یان رێگرتنێك بێتە ئاراوە یەکسەر دەلێن وەك دیواری بەرلین، بەو شێوەیە دیواری بەرلین بووە زاراوەیەکی سیاسی سەلبی بۆ هەموو ئەوانەی لە بەراووردو ئاشکرابوونی راستی دەترسن و نایانەوێ رەوشەنگەری (شەفافیەت) هەبێت .

بۆ زیاتر سەرنج بدە :

١- قاموس السياسي .

٢- الموسوعة العالمية .

٣- وكالات الأنباء .

(١٤)

كۆنفۆشیۆسی Confitios

ڕێبازێكی فەلسەفی كۆنی چینی یە، لەسەر دەستی فەیلەسوفێكی چینی بە (كۆنفۆشیۆس ٥٥١ – ٤٧٩ پ ز) ناوی دەركرد، ناوی تەواوی (كونج فوتو– واتە – بە لاتینی دەگۆترێت مامۆستای كونج)، بناغەكانی فەلسەفی بۆ سەردەمی خۆی زۆربە پێشكەوتوو دەژمێردریت بەتایبەتی لەبارەی (دژەكان – الأضداد= یان ین)، هەتا ساڵی ١٩١٤ هەر دەپەرسترا لەلای چینی یەكان، هەروەها لە كۆریاو یابانیش باوی هەبووە، لە شۆڕشە فەرهەنگی ڕۆشەنبیری یەكەی (ماوتسی تۆنگ) لەژێرخانی كۆنفۆشیۆسی درا، لەدوای دارمانی شیوعی یەت دیسان باوی هاتەوە بەتایبەت لەچوارچێوەی ئەو دابەشی یە شارستانی یەی بۆ جیهان ئەخشێنرایە لەلایەن تیۆری (ململانێی شارستانی)ی (سامۆنیل هیندگتۆن)، ئەو ناوچەی چینو دەورو بەری لەسەر شارستانی كۆنفۆشیۆسی پۆلین كردووە، (لەوەشەوە خرایە سەر فەرهەنگی سیاسی ئەگینا ئەوە لەبەشی فەرهەنگی فكری دەبوایە تۆمار بكرێت لەو فەرهەنگە، بەشێكی زۆریش لە توێژەرەوەو مێژووی فەلسەفی یەكان پێیان وایە كۆنفۆشیۆسیش وەك مەسەلەی (بوزا) یان (زەردەشت) خاوەنی پەیامێكی ئاسمانی یە یان درێژكراوەی پەیامێكی ئاسمانی یە، چونكە بنەما فەلسەفی یەكانی زۆربەی ئەخلاقین، وا پێ دەچێ ئەگەر پەیامی ئاسمانیش بێت بەدەستكاری مرۆڤەوە ئەو كەلتوورە فەلسەفی یە بەجێماوە، بەڵام لەگەڵ گرنگیشی ناتوانێ وەڵامێ پرسیارەكانی سەردەم بداتەوە، هەر بۆیەش لە ڕەوتی ئەو گفتوگۆیەی نوێنەری ئیسلامی یەكانی سەرووی ئەفریقیا بۆ لای (ماوتس تۆنگ) كە باسی بیرو باوەڕو شەریعەتی ئیسلامیان بۆ كردبوو لە وەڵاما وتبووی، ئێمەی چینی تەنها كەلتوورو فەرهەنگێكی فكری كۆنفۆشیۆسیمان هەیە كە

لەگەڵ سەردەمی ئێستاو ئامانجەکانمان لە بینا کردنی چین نایەتەوە، ئەگینا پەنامان بۆ شیوعی یەت نەدەبرد، وەك ئەوەی ئێوەە باسی ئیسلام دەکەن ئەگەر ئەو پاڵپشتە (شەریعەتی و عەقیدەیە) مان هەبوایە لە چین نەك هیچ بیرو باوەڕێکی ترم وەرنەدەگرت بەڵکو ئەو بیروباوەڕو شەریعەتەم بۆ جیهانیش دەناردە دەردوە.

(١٥)

كۆمەكاری عەرەبی الجامعة العربية Arab League

دەزگایەكی سیاسی یە لەسەر بنچینەی (رەچەڵەك)ی دروست بوە، وولاتانی عەرەب كۆ دەكاتەوە بە پلەی سەفیر، لە ساڵی ١٩٤٥ سەرەتایەكی ئەو كۆمكارە دارێژرا لە نێوان (میسر، عێراق، سوریا، شرق ئوردن (ئوردەن)، سعودیە، لوبنان، یەمەن، دوای سودانو لیبیاو تونسو جەزائیرو مەغریبو كوێتیش هاتنە رێزی، هەڵبەتە ئەو كۆمكارە هەر لە ئەنجامی ئەو شكستو پەرتەوازەیەی رێكەوتنی سایكس بیكۆ – ١٩١٦و هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت هاتە كایەوە، تا گەیشتنە هەرەشەكانی ئیسرائیل لەسەر عەرەب هەموو ئەو رووداوانە بوونە فشارێكی یەكخستنەوە، بەڵام هیچ كام لە سەرۆكەكانی عەرەب ئامادە نەبوو لەو پایەی خۆی دابەزێ بۆیە وەها كۆمكارێك چارەسەرییەكی مام ناوەندی بوو لە نێوان پێویستی یەكگرتنو ئارەزوانی هەموو سەرۆكەكان بۆ مانەوە لە سەرۆكایەتی، وەك لاسایی كردنەوەش لە سەدەكانی پێشوو باوی (زانكۆ)ی ئاوا هەبوو، لەپێشتر بیری زانكۆی: ئیسلامی هەبوو، زانكۆی جرمانی، زانكۆی ولاتانی ئەمریكا، فرانكۆ فۆنیو ئەنگلۆسكۆنی ئێستا، بەو شێوەیە لە ئەنجامی هەموو ئەو فاكتەرە پێچەوانەوەو فشارانە لە ساڵی ١٩٦٣ یەكەم دانیشتنی سەرانی عەرەب بەستراو تایبەت بوو بە ولاتانی عەرەب، ئەوەش هەنگاوێكی تری سەربار بوو بۆ چڕبوونەوە لە فاكتەری نەتەوەگەریو دووركەوتنەوە لە زانكۆی ئیسلامیو بچوككردنەوەی كێشەی فەلەستین كە (سوڵتان عبدالحمیدو جمال الدین ئەفغانیو سعید نورسیو رەشید رەزاو زۆری تر داوایان دەكرد)، كۆمكاری عەرەبی دەورێكی زۆر سەلبیشی

هەبووە بەرامبەر کێشەی کورد، لە بەڵگەنامەکانیدا باسی مافی چارەی خۆنوسی عەرەبی کردووە بێ ئەوەی باسی مافی خەلکی تر بکا، لە زۆربەی کۆنگرەکانیدا باسی لە مەترسییەکانی شیوعیو ئیسلامی کردووە کە زیاتر قایلکردنی ئەمریکا بووە، لە کۆنگرەی عەمانی ساڵی ١٩٨٧ بەتێکڕای دەنگ (جگە لە لیبیاو سوریا) ئێران بە هەڕەشەی یەکەم دانرا نەك ئیسرائیل، لە کۆنگرەی (٢٠٠١)ی نیسانی عەممان داوای (پارێزگاری نێو دەوڵەتی) کرا بۆ خەلکی فەلەستین کەچی بۆخۆیان خاوەنی زیاتر لە ١٠ ملیۆن سوپاو چەکدارو تەکنۆلۆجیای جەنگی باڵان، زۆربەی کۆنگرەکانیشیان هەر گۆتە بووە نەك کردە، بۆیە (معمر قزافی) لە کۆنگرەی بەغدا (١٩٨٩) وەسفی هەموو کۆنگرەکانی عەرەبی کرد بە ڕادەی سەرکەوتنی (سفرو، -١) وەك نوکتە وتی: ئەو کۆنگرەی بەغدا زۆر سەرکەوتووەو (-١) نیە، سفرە، لە بنەشەدا کە ئەو وڵاتۆکانەی عەرەبی دروست بووە لە سەرەتای سەدەی بیستەم وەسفی ئەو وولاتانەش بە سفر هاتووە[1].

هەر خودی (لۆرانس) ووتی: وایان دروست دەکەین، کە هەر ملکەچمان بن و نرخی سەنتێکیشیان نەبێ[2]،.کۆبونەوە لە کۆمکاری عەرەبیش بە کۆبوونەوەو کۆی سفرەکان کراوە، ئێستا زۆر لاواز بووە بەتایبەتی لە دوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقو دوایی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکا. ئەوە بۆ چەندین جارە لیبیا پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو کۆمکارە دەکاو خۆشی بەرەو کشانەوەیەو ڕوو لە یەکێتی ئەفریقی یە.

کۆمکاری عەرەبی درێژکراوەی مەبەستەکانی سایکس- بیکۆو پلانەکانی (فرق تسد)ە لە جیهانی ئیسلامی، یەکەم جار لە مادەی (١)ی سایکس بیکۆ پێشنیار کرا لەژێر ناوی (حلف دول عربیة) هەر لەوێش بڕیاری دروستکردنی

١ یەکەم کەس وەسفی وڵاتانی عەرەبی بە سفر کرد (سعد زغلول) بوو.

٢ بڕوانە: الاسلام والعلمانية واثرهما في نشأة الدولة العراقية الحديثة -لورانس ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە دروستکردنی وڵاتانی عەرەبی، بۆیە بە (لورانس العرب) بەناوبانگە.

دراوە، بۆ دروستکردنی ئەو کۆمکارە چەندین جار نوێنەری ژاپۆنی لەگەڵ گەورە بەرپرسانی عەرەب کۆبونەوە[1]، مەبەستەکەش زیاتر دابڕینی عەرەبە لە ئیسلامو لە یەکتریش، بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی لە نەتەوەگەری بەرەو ڕەگەزپەرستی زیاتر بڕواو ئیقلیمچیایەتی تەواو بەرجەستە بێت، لەسەر شێوەی زانکۆی جەرمانی کە بزووتنەوەی نازیو هیتلەری بەرهەم هێناو جیهانی خستە نائارامی، بەڵام ئێستا زیاتر ئەو مەبەستانە لەچەندین سەرچاوەی تر هاتۆتە دی، بۆیە لەلایەن ڕۆژئاوا کۆمکاری عەرەبی بە دەزگایەکی بەسەرچوو کلاسیکی حیسابە بەتایبەتی دوای دامرکانەوەی ڕۆڵی ئێرانو ڕابوونی ئیسلامی، تا ڕۆڵێکی تری بەرەوی پێنادرێتەوە. هەر لە مەبەستەکانیشیدا نەیتوانیوە زانکۆیەکی کاریگەر بێت لەسەر سیاسەتی عەرەب، تەنانەت نەیتوانیوە یەکێتی (تەکەتولی) تری عەرەبیش هەڵوەشێنێتەوە لەوانە (یەکێتی مەغریبی عەرەبی UAM- مەغریب، جەزائر، تونس، لیبیا، مۆریتانیا، لە ١٧/ فبرایر/١٩٨٩ لە مەراکش دروست کرا)، هەروەها (ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو لەگەڵ چەندین تەکەتولی تری عەرەبی سەری هەڵداوەو پوکایتەوە لەوانە (جبهة الصمود والتصدي)و (دول المواجهة).

[1] بۆ زیاتر بڕوانە: (نوری سعید و ره السياسي في العراق).

مەبەستی ئەم زاراوانە لەم سـەردەمەدا :

(١)

کـۆکـوژی- جینـۆساید Genocide

کوشتنی بە کۆمەڵ، بێ لێك جیاکردنەوەی شەڕکەر لەگەڵ مەدەنی، مرۆڤ و ئاژەڵ، لەو سەردەمە زۆربەی چەکە نوێکان کۆکوژن نەك هەر کیمیاییو چەکی بایۆلۆژیو ناوەکی و هایدرۆجینی و ..هتد. بە پێی ڕێکەوتنە نیو دەوڵەتیەکان کەلە ١٩٤٨\١٢\٩ بە تاوانیك پۆلێن کرا لە یاسای نیو دەوڵەتی. (بو زیاتر بروانە: القاموس المصطلحات السياسية والدستورية والدولية)

(٢)

جەنگی سارد Cold war

بەو شەڕەی نێوان هەردوو سەربازگەی ڕۆژهەڵاتی (شیوعی)و ڕۆژئاوایی (سەرمایەداری) دەوترا جەنگی سارد کە تەنها تەقەمەنی گەرمی لێ بەکار نەدەهات، بریتی بوو لە جەنگەکانی ڕاگەیاندنو فکری و فەلسەفی و شارستانی و یاسایی ... هەتا جەنگە گەرمە ناڕاستەوخۆیەکانیش، ئێستا بە هەموو ململانێیەکی (بێتەقەمەن) دەگوترێ جەنگی سارد کە ئامانجەکانی هەمان ئامانجی جەنگو ململانێی بێ بە چەکی گەرم .

(٣)

رادیکاڵ Radical

بە هەموو ئەو بزووتنەوەو بەرنامانە دەووترێ ڕادیکاڵی کە دەیانەوێ واقیعیکی دیاریکراو لە ڕیشەوە بگۆڕن، جاران (لیبراڵ) یش ئەو مانایەی هەڵدەگرت بەڵام ئێستا ئەو توانایەی نەماوە، تەنها بەرنامە شمولی یەکان ئەو ئەرکەیان پێ ئەنجام دەدرێ، یەکەم جار (جیمس نۆکس ١٧٩٧) بەکاری هێنا لە بەریتانیا، داوای چاکسازی قووڵی کرد بەڵام نەگاتە ڕادەی سۆشیالیستی، .. ئیتر تەشەنەی کرد .

(٤)

پارێزگار Conservative

ئەوانەن کە دەیانەوێ پارێزگاری لەو واقیعە بکەنو گۆڕانکاری یەکی سروشتیو لەسەرخۆ و ڕواڵەتی بێت نەك ڕیشەیی .

(٥)

ئیمپریالیــزم Imperialism

جۆرێکە لەسەرمایەداری کـە دەیـەوێ بـەهۆی داگیرکـردن یـان یارمـەتی دان بازاڕی سەرمایەداری یەکەی خۆی تیا سـاغ بکاتـەوە، زادەی مەدرەســەی لیـبرال دیموکراسی یە .

(٦)

Tachnocrat تەكنۆكـــرات

دوو زاراوەی یۆنانی كۆنە، تەكنۆ – واتە: پیشە، كراتیش – واتە: دەسـەڵات، سەرجەم مانای دەسـەڵاتی خاوەن پیشـەكان، مەبەست پێی دەسەڵاتی چینی خـاوەن كۆمپانیاو پیشـەسازی یەكانی شارەزایە، بەڵام دەبێت تێبینی بكرێت كـە (تكنـۆ) لە (تقنی) وشەی قورنان چووەتە ئەورووپا ..

(٧)

Aristocrat ئورســـتۆكـرات

یۆنانی یە لە دوو وشە پێكهـاتووە (Aristos واتـە مـەزن) (kratos-واتـە دەسەڵات)، مەبەستی دەسەڵاتی كۆمەڵـە خـەڵكێكی تایبـەت لـە مـیرو بـەگو بۆرجوازی یەكان، یا وەك دابەشی یەكەی یۆنانی كۆن كۆمەڵگایان دابەش كردبـوو بۆ چینی زێڕ، ئاسن، زیو، .. جا چینە زێڕینەكە (ئورستۆكراتیان) پێ دەووترا .

(٨)

لیبرال Libral

وەك زاراوە (نەك وەك وشە) لە بنەچەدا لە (Liberty) هاتووە، مانای ئازادیە، لە سیستەمی سەرمایەداری بەمانای ئازادی تاك هاتووە، کە بنەچەی ئەو سیستەمە زیاتر بنیاتنراوە لەسەر بنەمای (تاکایەتی)، سەرەتا زیاتر مانای گۆڕانی قووڵی وەردەگرت دوای لە بەرامبەر ڕادیکاڵو پارێزگار جۆرە میانڕەوی یەکی وەرگرتو بووە مانایەکی نێوان هەردوولایان، دوای گەشەی کرد لە لیبراڵ دیموکراسی جێ گیر بوو وەك مەدرەسەیەك، ئێستا بە هەموو سیستەمی ژیانی ڕۆژئاوا دەوترێ لیبرالی، بە هەموو ئەو حزبو لایەنو تاکانەش دەوترێ لیبرالی کە خاوەنی ئایدۆلۆژیاو بەرنامەی گۆڕین نین، زیاتر لەسەر بنەمای پراگماتی و (بەرژەوەندی) دەڕۆن، بەلآم وەك لایەنی ئیجابی زۆربەی خواستیان دیموکراسی یە بۆ دەسەلآت، وەك لایەنی سەلبی تریش سنووری وەستانو بنیاتنانی نی یە هەتا لە ئەو لایەن ئەریتو کۆمەلآیەتی یە چاکەکانیش لانادات، لیبرال لەو سەردەمە زیاتر مانای هەلوەشاندنەوەی دەزگاو پەیوەندی یە کۆمەلآیەتی و ئەریتەکان وەردەگرێ بە سەلبیو ئیجابی یەوە .

(٩)

Uprising — ڕاپەڕین

بەو جۆ جۆڵ و هەڵچوونە جەماوەری یە دەوترێ کە بەهۆیەکی سەرەکی هەستیار ڕادەپەڕێ، جیاوازە لەگەڵ شۆڕش کە خاوەن بەرنامەو ڕێکخستن و ئامانجێکی روونی عەقلانی یەتە، لەناو کورددا زیاتر بە ڕاپەڕینی ١٩٩١ دەووترێ لە دژی دام و دەزگای حکومەتی بەعس، بەسەرکەوتوویی کۆتایی هات و واقیعێکی سیاسی نوێ دروست بوو .

تێبینی: ئەو ڕاپەڕینە لەگەڵ (نهضة – رنسانس) جیایە.

(١٠)

Sansor — سانسۆر

بە دۆخی سروشتی خۆی مەبەست لێی ئەو دەزگا تایبەت و ڕەسمیەیە کە چاودێری جێبەجێ کردنی یاسا دەکا، بەڵام لەو سەردەمە زیاتر چاودێری جوجۆڵی سیاسی خەڵک و نەیارانی دەسەڵات دەکا لەولاتە دیکتاتورەکان، سانسۆر بەو مانایەش پاراستنی ڕادەی خۆی بۆ نەبەزاندنی سنوورەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و یاسایی زۆر نایابە .

(١١)

دەسەڵاتی عورفی Court martial

لەوکاتە کە باری ناناسایی ڕوو لە ولآت دەکا وەك هێرشێکی لەناکاوی دەرەکی یان کارەساتێکی کۆمەڵایەتی یان سروشتی یان هەرتێکچوونێکی شیرازەی کۆمەڵ ئەوادەسەڵاتێکی تایبەتی جار دەدرێو (حوکمی دەستوور) هەڵدەسپێردرێ، دەسەلآت دەدرێتە دەزگاو تاکیش .. ئەو دۆخە تایبەتی یە پێی دەڵێن دەسەڵاتی عورفی، یان جاری واشە (دۆخی تایبەت — حالـة الإستثنائية)شی پێ دەوترێ .

(١٢)

گەریلا Gurilla

ئێستا لە کوردستان بە پێشمەرگەکانی (پارتی کرێکارانی کوردستان — PKK) سەروو دەوترێ گەریلا، یەکەم ناوە (PKK) لەچەکدارانی خەباتی چەکداری کوردستان دەنێ (گەریلا) لەجیاتی (پێشمەرگە)، گەریلا وشەیەکی ئیسپانی یە بەمانای (جەنگە بچوکەکان)، دوایی بۆ جەنگی پارتیزانی بەکارهاتووە لە دژی سوپای داگیرکەر بە تایبەتی لەدوای داگیرکردنی ئیسپانیا لە ١٨٠٥ لە لایەن ناپلیۆن .

زۆربەی شۆرشگێرانی جیهان ئەو جۆرە سیستەمەی جەنگیان لە دژی داگیرکەران بەکار هێناوە .

(١٣)

ئەكادیم

كۆنترین مەدرەسەی فەلسەفی یە لە یۆنانی، لەسەر دەستی ئەفلاتون دامەزراوە لە ئەسینا لە ٣٨٧ پ.ز، وانەكانی (بیركاریو فەلسەفە)ی لێخوێندراوە، لەسەر دەرگای نووسرابوو ئەوەی ئەندازیاری نەبێ نەچێتە ژوورەوە، تا لەساڵی ٥٢٧ز ئیمپراتۆر (جستنیان) دایخست، دەڵێن بۆیە ناویشی ئەكادیم لێنراوە چونكە بینایەكە بەرامبەر بیستانێك بووە بە ناوی (ئەكادیوس)، ئێستاش زیاتر بە زانكۆو توێژینەوە زانستی یەكان دەووترێ ئەكادیمی .

(١٤)

جیۆپۆلۆتیك Geopolitics

بە شیتەڵكردنی وشە ئینگلیزی یەكانی مانای ڕوونتر دەبێتەوە، (جیو= زەوی، پۆلیتیك= سیاسە) واتە زانستێكی سیاسی لەگرنگی شوێنی جوگرافیو گاریگەری یەكانی بەسەر واقیعو هاوكێشە سیاسی یەكان دەكۆڵێتەوە، بە مانایەكی تر پەیوەندی كاری نەخشەی جوگرافی بەسەر نەخشەی سیاسیو پێچەوانەش، ئەوەش لە ئەنجامی گەشەو فراوانی سیاسەت بۆ هەموو بەشەكانی ژیان هەتا گەیشتۆتە جیۆلۆجیاو جیۆپۆلیتیك .

(١٥)

ماوەی گواستنەوە فترة الإنتقالية Transitional Period

مەبەست لێی ئەو دۆخە تایبەتی یانەیە کەلە دوای دۆخێکی شاز دێتە دی شەرعی یەتی یاساو جەماوەری ڕووچوویێت (بەهۆی جەنگی ناوەکی یان دەسەلاتیی دیکتاتۆری توند ...)، بەو ماوەی نێوان ئەو بارودۆخە ناناسایی یە هەتا ئاسایی بوونەوە دەووترێ (ماوەی گواستنەوە)، هەموو ئەو دامودەزگا ئیداریو یاسایی‌و ئاسایش‌و ...ناوەڵناوی گواستنەوەی بۆ زیاد دەکرێ وەك (حكومة الإنتقالية) (مجلس إنتقالي) (رئاسة إنتقالية) ... هتد ئێستا ئەو زاراوە کەوتۆتە نێو ڕابوونی ئیسلامیش، بەو (فترة)یە دەووترێ کە لە کۆمەڵگایەکی نەفامی (بە مانا قورئانی یەکەی) دەست پێ دەکات تا دەگاتە حوکمی ئیسلامی تەواو یان هەموو ئەو فەترە ناناسایی یانەی بەرێوەن بەرەو ئیسلامی تەواو دەووترێ فەترەی ئینتقالی .

(١٦)

ئیمپراتۆر Emperor

زاراوەیەکی لاتینی یە بەمانا (سەرکردە= قائد) دێت، بەڵام لە پەیڕەوییدا شێوە شاهنشایەکە بەسەر مەملەکەتێکی فراوانی بێسنووری ڕەسمی، بە دەسەڵاتەکەش دەوترێ (ئیمپراتۆریەت)، بەپێی (معجم المصطلحات العلمية والفنية) [1] یەکەم جار ئەو ناوە لە دەسەڵاتی ڕۆمی سەردەمی (ئیمپراتۆر ترابزۆن) نراوە زیاتر لە ١٢٠٠ ساڵ لە پێش زاین، بەڵام بەپێی (قاموس المصطلحات السياسية والدستورية والدولية) [2] ئەوناوە لە سەردەمی (ئۆگتس) بەکارهاتووەو، پیشتر بەسەرکردەیەکی سەرکەوتووی سەربازی وتراوە ئیمپراتۆر، لەو سەردەمە ئەو ناوو سیستەمە نەماوە، هەچەند سیستەمی سەرۆکایەتی ژاپۆن ئیمپراتۆریە بەڵام بەو مانایەی سەروو نی یە تەنها ئیمپراتۆری دەستووری یە، لە ئەفریقیای ناوەڕاستیش لە هەشتاکانی سەدەی بیستەم (جنرال جان بیدل بۆکوسا) لەناکاو سیستەمی وڵاتی گۆڕی وخۆی ناونا (ئیمپراتۆر) بەڵام ئەو دۆخە پێچەوانەیی یە تەنها چەندساڵێکی خایاندو دەرکەوت هەرخۆشی تەواو هۆشمەند نی یە .

---

[1] معجم المصطلحات العلمية والفنية ... إعداد تصنيف يوسف خياط- من سلسلة (لسان العرب)

[2] قاموس المصطلحات السياسية والدستورية والدولية د. أحمد سعتيقان : المادة إمبراطور ص٤٦

(١٧)

پرۆلیتاریا Proletariat

لە رۆمانی کۆن بەو کۆمەڵە خەڵکەی بێکەس و کارو غەوارەو بێ پایە دەوترا (پرۆلیتاریا)، یەکەم جار (سان سیمون ١٨٣٨ ز) ئەو زاراوەی بەکارهێناوە بەو چینە خەڵکەی وت پرولیتاریا کە داهاتێکی وایان نی یە ژیانیان پێ زامن بکرێ، ئێستاو لە دوای دەستکاری یەکانی (مارکس) مەبەست لەو چینە کرێکارەیە کە لە کارگەکان کاردەکەن بێ سەرو سامانن جگە لە دەستو بازووی خۆیان، بژێویان ئەو کرێ یەیە کە وەری دەگرن رۆژانەو بەس، بەڵام ئەو جۆرە چینە هەر لە پێناسەکانی (سەرمایەداری — مارکس) وا هاتوە ئەگینا کرێکاری وا دروست نەبوو .

(١٨)

بورجوازی Borgiois

زاراوەیەکی فەرەنسی یە، لە بنەچەدا بەخەڵکی شار وتراوە (بورگ) ئەویش لە لاتینی وەرگیراوە لە (Burgus)، ئەوانە بووینە کە باری ژیانیان باش بووە، ئەو مانایەی لە فەرەنسی و وڵاتانی ئەوروپی هەروا مایەوە بەو دەوڵەمەندانەی لەدوای چینی دەرەبەگ دێت، لە دوایدا بەوانە وترا کە خاوەن کارگەو کۆمپانیاکانن، لە فەلسەفەی مارکسی یەتیش ئەو چینەن کە موڵکی یەتیان لەسەر کارو سووی پرۆلیتاریایە .

(١٩)

دایــك ســالاری و بــاوك ســالاری

بەپێی هەندی سەرچاوەی لایەنگری مادی مێـژوویی (لەوانـە: مورگـان — لـە كتێبی المجتمع القدیم، ئەنجلس- لە كتێبی اصل العائلة والملكیـة الخاصـة والدولـة، ماركس- لە كتێبی العائلة المقدسة...) پێیان وابوو كۆمەڵگـە لـە سـەرەتادا بـێ خاوو خێزانو مولكیەتو یاساو ..بووە، ژیانیش بە تەنهایی بـوو لەسـەر شـێوەی ڕاوو شكارە دڕندەكان، ئیتر جۆری هاوسەری تایبەت نەبوو، بۆیە پەیوەندی جنسی نێرو مێ ڕێكخراو نەبووە، واتە: یەكەی خانەوادەش دروست نەبیوو، لـە ئـەنجاما ئەو منداڵەی دەبوو باوكەكەی نا دیاربوو، تەنها دایكی دیـاربوو، بۆیـە دایكەكـە دەبووە خاوەن منـداڵەكان، ئەو فەترەیەیان ناوونا "دایك سالاری"، تـا دوایـی لـە ئەنجامی سەرهەڵدانی مولكیەتی تایبەتی خانەوادەو هاوسەری تایبـەتی دوانـەیی پەیدابوو، كۆتایی بەو سیستەمە هێناو بووە "باوك سالاری".

هەڵبەتە ئەو تێورە لە كۆتایی سەدەی (١٩) گەشاوە لەگەڵ گەشانەوەی تێوری داروینیو مادیـەتی ماركسـی، دوایـی بەرەبـەرە شكـستی هێنـا، ئێـستاش بـە ئەشارەزایی هەندێك لە بەناو بەرگری لە مافی ئافرەت باس لە سـەروەریو دایـك سالاری دەكەن، بەڵام نازانن ئەوە مانای تەواوی چیە.

(٢٠)

ڕۆژهەڵاتناس (مستشرق) Orientiatist

بە هەموو توێژەرەوەیەکی ڕۆژئاوایی دەوترێ (ڕۆژهەڵاتناس) کە لەسەر ڕۆژهەڵات بکۆڵێتەوەو بنووسێ، یان وەك لە (موسوعة العربیة) هاتووە (معرفة ینتجها غیر الشرقي عن الشرق) .

(٢١)

لاتینی Latin

ناوو هەرێمێکی ئیتاڵیە، ڕۆماشی کەوتۆتە نێو، لەکۆنەوە ناوبانگی شارستانی هەبووە، زەخیرەیەکی کەلتووری زۆری لە زمانو نووسین زانیاری بەجێ هێشتووە، ئێستا تەنها دەوڵەتی ڤاتیکان زمانی ڕەسمی لاتینی یە، بەڵام بەشێکەلە خێزانە زمانی سەرەکی ئەورووپی ئاری شان بەشانی ئاری زمانەکانی ئەڵمانیو فەرەنسی و بەریتانیو وڵاتانی ئەسکەندەنافی .

(٢٢)

هەلپەرست — إنتهازية — Opportunism

بەهەموو ئەو کەسانە دەوترێ (هەلپەرست) کە هەر دەرفەت و هەلێك بێتە پێش بێگوێدانە بنەمای ئەخلاقی و بەڵێن و بڕواو ..لە پێناو بەرژەوەندی خۆی دەیقۆزێتەوە، نزیك دەبێتەوە لە هەموودەسەڵات وقازانجێکی مادی، ئینجا بۆی دەنووسێ، بۆی دەڵێ، بۆی دەکا، .. بەقەناعەتەوەش نیە، ئەوانە لە کوردستان ناوی هاوتای تریشی هەیە: ماستاو چی، مامە حەمە، دووڕوو، قەڵەم فرۆش، فتوا فرۆش، خۆفرۆش ...

(٢٣)

دیماگۆجی — Demagogicism

بریتی یە لە پرۆسەی هەڵخەڵەتاندنی خەڵکێکی سادە بەهەندێ دروشمی ڕەنگاوڕەنگ، یان هەندێ بەڵێنی مادی ساویلکانە، هەموو جۆرە خەڵکێك هەڵناخەڵەتێنێ، زیاترخەڵکی عەوامە، جا زۆر جار ئەو عەوامە خاوەن بڕوانامەشە .

(٢٤)

سەندیکا Syndicate

ئەو ڕێکخراوە مەدەنیانە دەگرێتەوە کە کۆمەڵە خەلکێك کۆبوونەوە تیایدا لەسەر بنچینەی هاوپیشەیی بۆ بەرژەوەندی هاوبەش، وەك ئوتابیان، کرێکاران، ئافرەتان، زانایان، پزیشکان، ... هەرچەندە ئێستا لە دەسەڵاتە شمولیو دکتاتۆریە حزبیەکان زۆربەی ئەو سەندیکانە لە (مەدەنیەت) دەکەون دەبنە دەستکردی ئەو دەسەڵاتەو بەرپرسانی ئەو سەندیکانەش بەرامبەر هەندێ دەستکەوتی مادی قایل دەبن .

(٢٥)

هیلنستیە

لە دوو وشە پێکهاتووە: (هیلین) بە یۆنانی واتە: (باپیر)، لە بنەچەدا یۆنانی ئیستا ناوی هیلاس[١] بووە، و ئیست east یش واتە ڕۆژهەڵات، بە ڕوونی دەردکەوێ لێکدراویان گوزارشت لە تێکەڵیەکی نێوان ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات دەکا، کە کاریگەری ڕۆژئاوا (باپیرە) لەسەر ڕۆژئاوا بێت، هەروەك لە بۆنەو بنەچەی پەیدا بوونی ئەو زاراوەش وا دێت، دوای ئەوەی ئەسکەندەری مەکدۆنی جێی باوکی (فیلیپی دووەم)ی گرتەوە، لە ٣٣٨ پ.ز یۆنانی خستە ژێردەسەڵاتی خۆی، دوای پەڕیەوە ئاسیاو سەرووی ئەفریقیای لە فارسەکان ستاندەوە، خۆشی هات لە بابل (لە بنەچەدا بو "بافیل"ی فارسی دەگەریتەوە)، بەپێی کتیبی (الملل والنحل – شهرستانی) ئەوا لەگەل ئەو هەلمەتانەی ئەسکەندەر دووقوتابی فیساگورسیش هاتبوون بیروورای فیساگۆرسی بڵاودەکردەود لە ڕۆژهەڵات و ناوچەکانی فارس تا هند، لە بنەرەتا بیروراکانی فیساگورس بو پێغەمبەر (ح.سلیمان) دەگەریتەوە، لەو هەڵمەتەی ئەسکەندەرو فیساگورسیە شارستانی یەك درووست بوو لە ناوچەی ڕۆژهەڵات لە ژێر ئەو داگیرکاری یە بەناوی (شارستانی هیلنستی)، ئەو فەترەیەی دوای جەنگیش لەگەڵ فارس لە ٣٣٣ پ.ز تا پەلامارەکانی ڕۆم لە سەدەی (١) پ.ز دەووترێ (ماوەی هلنستی)، ئەو وڵاتو گەلانەی وەبەر ئەو شالاوەی ئەسکەندەر کەوتن لەگەڵ یۆنانو دەسەڵاتی ئەسکەندەر خۆی دەوترێ (جیهانی هلنستی)، دەبێ تێبینی بکرێ ئەو هلنستیەی لەناو یۆنان دروست بوو ئەوە (یەك ڕەگو ساغە) جیایە لەگەڵ شارستانیە دوو ڕەگیەکەی (ڕۆژهەڵاتی)، هەرچی (پاشاکانی هلنستیە)

---

[١] لە لایەن ئەگریکیەکان ئەو ناوەی لێنراوە بروانە: الاسلام والعلمانية وأثرهما في نشأة الدولة العراقية الحديثة ، هەروەها لە (جدول وشر ن)ی كتاب المقدس دەڵێ جاران بە وولاتی یۆنان دەوترا هیلاس.

مەبەست لێ یان هەموو ئەو پادشایانەی حوکمی ئەو ناوچانەیان کردووە لەدوای ئەسکەندەر هەتا پادشا رۆمی یەکانیش، لە راستیدا (هلنستیە) بووە جووت بوونی دوو سەرچاوەی شارستانی هەرسەردەمەو یەکیان بە ئەندازەیەکی زیاتر کاری لەوی تر کردووە .

(٢٦)

کۆنگرەی ئیسلامی Islamic Congress

ئەو رێکخراوە ناوی ئیسلامی یە بەڵام هەر تایبەتە بە حوکومەتەکان نەك زاناو بزووتنەوە ئیسلامیەکان، بۆیە زۆرجار سەرۆك‌و نوێنەری ئەو حکومەتانە کە شیوعی‌و سۆشیالیستی‌و یان لیبرال دیموکراسیشن هەتا مسیحیش وەك (سەرۆکی لبنان) بەشداری دەکەن، ئەو رێکخراوە لە ساڵی ١٩٧١ لە (جدە)ی سعودیە دروست بووە، هەرچەندە (قاموس السیاسی) ئەو هەوڵ‌و تەقەلایە دەگێرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٤، بەڵام لە کۆنتر تەقەلای (زانکۆی ئیسلامی) لەلایەن کەسایەتی یە ئیسلامی یەکان هەبووە، هەندێ بەندی چاك لە (بەڵگەنامە – میثاق)ەکە هەیە، بەڵام هێزی جێبەجێکردنی لاوازە، وەك پاڵپشتی گەلانی موسوڵمان بۆ سەربەخۆی، هاریکاری ئیسلامی، قەڵاچۆی رەگەز پەرستی، بەکارنەهێنانی چەك‌و توندو تیژی بۆ کێشە ناوەکیەکان، .. لەهەر (٣) ساڵێك کۆنگرەیەکی سەران دەکرێ نزیکەی (٥٥) وڵات ئێستا بەشدارن .

(٢٧)

یەکێتی ئەفریقی African union

لە ساڵی ١٩٦٣ لە (ئەدیس ئەبابەی) پایتەختی حەبەشە دروست بوو لەلایەن (٣٠) وڵاتی ئەو سەردەمی، سەرەنجامی کۆمەڵێك تەقەلای پێشینەی تر ی هەرێمایەتی وەك دروست کردنی ڕێکخراوی وڵاتانی (دار البیضاء-لە ١٩٦١)، هەروەها (یەکێتی ئەفریقی مالگارشی-ئەویش لە ١٩٦١)، کۆمەڵەی وڵاتانی مانرۆڤیا لە هەمان ساڵ، دوای ئەوان فراکسیۆنی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا، یەکێتی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەفریقیا .. تا لەو ڕێکخراوە سەرتاسەری ئەفریقیاییە خەملی، هەندێ مەرجی مرۆڤانەو دپلۆماسیانە دارێژرا ...، تا ئێستاش بەکارە پێچەوانەی (وڵاتانی بێلایەن — دول عدم الإنحیاز) کە لەگەڵ دارمانی بلۆکی سۆڤیەتی چالاکی نەما، یەکێتی ئەفریقی ساڵانە کۆبوونەوەیەکی سەرانی دەکا، لەبەر ئەوەی لە ئابلۆقەکەی سەر لیبیا ئەوانە زیاتر بەهانای هاتن نەك زانکۆی عەرەبی بۆیە لیبیا لە سەدەی نوێتوە داخوازی ئەوە دەکا کە خۆیو وڵاتانی عەرەبی ئەفریقی زانکۆی عەرەبی هەڵوەشێننەوەو بچنە ڕیزی یەکێتی ئەفریقی .

(٢٨)

یەکێتی ئەوروپی European Union

لەدوای جەنگی جیهانی دووەم لە ١٩٥٨ لە رۆما بیرۆکەی ئەو یەکێتیە زیندوو کرایەوە بەناوی (کۆمەڵەی ئەوروپی)، لەدوای دارمانی شیوعیەت لە ساڵی ١٩٩٠ زیاتر بنەماکانی یەکێتی ئەوروپی بەرجەستە کرا لە (واستریخ)و کرا بە (یەکێتی ئەوروپی)، ئێستا دراویشیان یەکخست، کۆمەڵێك مەرجی مرۆڤایەتی‌و سیاسی تیایە بۆ وەرگرتنی هەر وڵاتێك لەو یەکێتیە، هەر بۆیەش زیاتر لە (١٠) ساڵە تورکیا ناتوانێ ئەو مەرجانە بسازێنێ‌و وەرگیرێ، یەکێتی ئەوروپی رەوتێکی سروشتی ئەو عەولەمەیەو سەلماندنی ناسنامەی بەکۆمەڵە.

ئەگینا تەقەلای یەکبوونی ئەوروپا زۆر کۆنە، هەر لەدوای جەنگی سی ساڵەی ئەوروپی لە ١٥٢٣ لەلایەن (ئیمریك کروچیە) ئەو داوایە کراوە، دوایش لە ١٥٤٨ لە ویستیفالیای رۆژئاوای ئەڵمانیا بناغەی خانەوادەی ئەوروپی پێك هات، ئیتر لەو کاتیەوە لە هەوڵ‌و تەقەلا دان تا جیهانی ئیسلامی لێك بکەنەوە ئەوروپاش یەك خەنەوە.

(٢٩)

ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو   مجلس تعاون الخليجي
Gulf cooperation couneil

لەدوای سەرکەتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێرانو هەڵگیرسانی جەنگی عێراق – ئێران لە ١٩٨٠، ئەو ئەنجومەنە بەرەسمی دروست بوو، هەموو وڵاتانی کەنداو (جگە لە یەمەن) ی تیایە، هەر (٣) ساڵ جارێك ئەمینداری گشتی هەڵدەبژێرێتەوە، لە داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراق ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕا بۆ گێڕانەوەی بنەماڵەی (صباح زادە)، هەروەها پێشتریش لایەنگیری عێراق کرد لە دژی ئێرانو کوردیش، بەڵام بۆ کێشە ڕاستەقینەکانی عەرەب بەرامبەر ئیسرائیلو کێشەکانی تری عەرەب لەگەڵ تورکیاو حەبەشەو ... ئەو ڕۆڵەی نەبووە، ئێستا دیسان بەرەو کزیە .

(٣٠)

Third world   جیهانی سێیەم

ئەو زاراوەیە لە بنەچەدا دەگێڕنەوە بۆ (ئەلفرد سۆڤی) یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥٢ بەکاری هێنا، کاتی جیهانی ڕۆژئاوای بە جیهانی یەکەم داناو، وڵاتانی سۆشیالیستیش بە جیهانی دووەم جیهانی سێیەم کە هیچ لەو دوو بەرە نەبوون ناوی نان جیهانی سێیەم، دوای باوی وەرگرتو بووە زاراوەیەکی نەرم وبەرێزەوە بۆ ئەو وڵاتانەی کە دوا کەوتوون لە ئابووریو تەکنۆلۆجیو باری سیاسیو ... زۆر جار (دول النامية) شیان پێ دەوترێ، زۆربەی چڕ بووینەوە لە ئاسیاو ئەفریقیا، زۆربەی وڵاتانی مسوڵمان نشین دەگرێتەوە، هەر لەنێو ئەوانەش دواکەوتوو تریش هەیە پێیان دەوترێ (جیهانی چوارەم) لەلایەن (un)ەوە .

(٣١)

فرانکۆفۆنیە Francfort

پێکهاتووە لەو وڵاتانەی کە بە زمانی فەرەنسی دەدوێن، جا مەرج نیە نەتەوەی فەرەنسی بن، ئەوانەی لە بنەڕەتدا لەلایەن فەرەنسا داگیرکراوون،و بە پاکتاوی ڕەگەزی فێرە فەرەنسی بووینە، بەشێکی زۆریشیان زمانی ڕەسەنی خۆیان لەبیرچۆتەوە، زۆربەی وڵاتە ئەفریقیەکانن، زۆر لەخزمەتی کەلتوورو فەرهەنگی فرنسیە، لەو ترازە ڕێکخراوە لە لایەن بەریتانیاش بەناوی (ئەنگلۆ سەکسونی) هەیە، لە پێشتریش وەها ئامانجێك بەناوی (زانکۆی جرمانی) ... ئەڵمانیاو هیتلەر خۆشی جاڕدەدرا بەمەبەستی یەکخستنەوەی هەموو پارچە کۆنەکانی ژێردەستی ئەڵمانی، لەگەل ئەوانەش کە بە ئەڵمانی دەدوێن، هەمو ئەوانە جۆرە یەکێتیەك کویان بکاتەوە وەك ئەوەی ئێستای فرانکۆفۆنی .

لە ٧/ ئەیلول/١٩٦١ وڵاتانی فرانکۆفۆنی یەکێتیەکیان پێکهێنا بەناوی . یەکێتی ئەفەریکی مەلیگارسی(.AMU) ١٢وڵات بوون ئەو ساتی سەربەخۆیان وەرگرتبوو (کامیرۆن، کونگو، برازاڤیل، ساحل العاج، داهومی (بنین-ئێستا)، گابون، بۆرکینۆفاسۆ، موریتانیا، نیجر، کۆماری ئەفریقیای ناوەڕاست، سەنیگال، تشاد، مدغشقە) بەپێی (قاموس المصطلحات السياسية والدستورية والدولية) یەکەم کەس کە بەکاری هێناوە (لوپولد سیدار سنغور)ی سەنیگالی بوو لە ١٩٦٢ لەدوای بەکاربوونیەوە لە ١٩٩١، ئێستا (٥٠) وڵاتی تیایە، ٧ وڵاتی عەرەبیە وبەشێکی ئاسیاوی‌و ئەوروپیش، (فرانسۆ میتران)ی سەرۆکی پێشووی فەرەنسا تەقەلایەکی زۆریدا ئەو ڕێکخراوە لە کەلتووری وفەرهەنگی یەوە وەرچەرخینیتە ڕێکخراوێکی سیاسی، تا ڕادەیەك هەندێ لە ئامانجەکانی هێنا دی ڕۆڵێکی سیاسیان لە پەیوەندی نێودەوڵەتی هەیە، بەتایبەتی لەبەرەنگاری ڕابوونی ئیسلامی لە وڵاتانی ئەفریقیا وەك لە جەزائیر ئەو ڕۆڵەی بە ئاشکرا بەرجەستە

بوو، لەدوای کۆنگرەی ٢٠٠٢/١٠/٢٠ لە بێرووت (عەبدۆ زیوف)ی سەرۆکی پێشووی سەنیگال بووە سەرۆکی فرانکۆفۆنیە لەجێی (پترس غالی) سەرۆکی پێشووی (نەتەوە یەکگرتووەکان)، کۆمەڵێك بریاری سیاسیو ناسیاسی گرنگیاندا لەوانە لەبارەی (تیرۆر)، وەك تێبینی دەکرێت ئەو ڕێکخراوە لەوە بەدی دەکرێ کە سەرۆکەکانی کەسێتی نێو دەوڵەتی بەهێزن.

(٣٢)

UNICEF یۆنیسێف

ڕێکخراوێکی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکانە، کاری بنچینەیی زامن کردنی شیرە بۆ منداڵانو چالاکی تەندروستیەتی لەڕێ تێرکردنی دایکەکان، داهاتەکەشی خێرخوازیە، ئەو ڕێکخراوە لە دوای ڕاپەڕین هاتە کوردستان پشکێکی دیاری هەبووە لە خزمەتی لەگەڵ کۆمەڵێك کەمو کوڕیشی، ناوی یونیسێف لە کورتکراوەی پیتی یەکەمی ناوەکەی

United Nations International Emergency Fund
UNICEF

(٣٣)

UNISCO یونسکو

لە ساڵی ١٩٤٦ دروست بووە، سەر بەکۆمەڵەی نەتەوەکانە بۆ کاروباری زانستیو لێکۆلینەوە، پەروەردەی ئاشتیانەو ئارامی، مافە مەدەنیەکان، پەیوەندیو چالاکیە هونەریەکانو فەرهەنگیو کەلتووری دەگرێتەوە، ناوەندەکەی لە پاریسە، بەپێی بەرنامەکانی (UN) ڕێبازی پەروەردەی ڕۆژئاواییانە پەیڕەو دەکا، ناوەکەشی لە کورتکراوەی

United Nations Educational Scientific and Cultural Organization = UNESCO

(٣٤)

Red crescent   مانگی ســـوور

کۆمەڵێکی خێرخوازی جیهانیو نیشتیمانیە، لەنێو وڵاتانی ئیسلامی هەیە لە جیاتی (خاچی سوور) کە تایبەتـە بـە وڵاتانـە مەسـیحی، دروشـمی بریتیـە لـە ئاڵایەکی سپیو مانگێکی سوور لە ناوەندی، ئـەوەش هێمایـەکی ئـاینی کۆنـە، بەرەسمی لە سەردەمی (سوڵتان نورخانی) عوسمانیێ لەساڵی ١٣٢٦ ز هەمان ئـەو دروشمە ئاڵای سوپاکەیان بووە، بەڵام دروست بوونی کۆمەڵێکی وا خێرخـوازی بـە هەمان دروشمی (مانگێکی سوور) لە جەنگی نێوان عوسمانلیو سربی لە ١٨٧٦ز دروست بوو، ئەرکی بەهانا هاتنی بریـنـدارو لێقـەوماوان بـوو، هـەتا ئەگـەر ئـی دوژمنیشیان بوایـە، ئینجـا بـاوی وەرگـرت لـەناو جیهـانی ئیـسلامی، بـەپێی ڕۆژهەڵاتناس (دۆزی)و زۆر لە توێژەرەوەی تری ڕۆژئاوایی ئەو نەریتـە خێرخوازیـە هەمووی لە ئەزمونی ئیـسلامیەوە پەڕیتـەوە ئـەوروپا، تـا لەسـاڵی ١٨٦٣ز لـە کۆنگرەی جنێف بـە بۆنـەی جـەنگی قـرم (خاچـی سـوور) دروسـت بـوو ... لـە سەردەمی نوێشدا مانگی سوور لـە سـاڵە ١٩٢٩ وەرگـیرا لـە لیژنـەی جیهـانی (خاچی سوور)، زۆربـەی وڵاتـانی ئیـسلامی ئـەو کۆمەڵـەیان هەیـە بـۆ ڕووداوە ناکاوەکانی ناوخۆو جیهانیش .

(٣٥)

Federation فراکسیۆن

بەو کۆمەڵە خەڵکە دەووترێ لەناو کۆمەڵێکی فراوانتر کە بیروبڕواو هەڵوێستو بۆچوونەکانیان لێك نزیکە، ئێستاش هەر بەو کۆمەڵە پەرلەمانتارانی دەوترێ کە سەر بەیەك لیستن (بۆ زیاتر بروانە، پەرلەمان، حزب، لەو فەرهەنگە).

(٣٦)

Mafia مافیـــا

لە بنەچەدا مافیا ناوی کۆمەڵێکی نهێنی بوو لە (سقلیە) لە سەدەی (١٥)، بەڵام چالاکیەکانی لەدوای سەدەی (١٩) بۆ (٢٠) زیادی کرد، ئەندامیەتی لەو کۆمەڵەیە تەنها بۆ ئەوانە بوو کە توانای چەقۆ وەشاندن بوون (یان خەنجەر)و پابەندیش بوون بەو نەریتیە ڕێگری باج وەرگرتنو سەودای تۆڵە سەندنەوەو پارێزگاری کردنی ئەندامانیان بەو ئامرازانە، لەدوای پەرەسەندنی بەدکاریەکانیان لە سەرانسەر ناوچەکە تا ئیتالیاش، ئینجا (مۆسۆلینی) لە ساڵی ١٩٢٧ز بەتوندی دەستی لێوەشاندنو کۆتایی پێ هێنان، دوای ئەوەی لەگەڵ پەنابردنی کەسانێکی زۆریان بۆ ئەمەریکا لەوێش ئەو دەستەو تاقمەی مافیایان دروست کردەوە، کارو پیشەیان ڕێگریو قاچاغیو ... دوای بووە زاراوەیەك بە هەموو ئەو باندە شارەزایانە دەوترێ مافیا کە بازرگانیەکی ناڕەوا دەکەن یا قاچاغی نێودەوڵەتی دەکەن .

(٣٧)

یۆتۆپیا Eutopia

زاراوەیەکی یۆنانی کۆنە بە مانای (لە هیچ شوێنێك نیە)، واتە بوونێکی خەیاڵیە لە واقیعانیە، ئێستاش هەر ئەو مانایەی هەیە، تۆماس مور (١٤٧٨ – ١٥٣٥ز) کتێبێکی بەناوبانگی بەناوی (دورگەی یۆتۆپیا) هەبوو، تیایدا حوکومەتێك دەست بەکارە لەو دوورگە دادگەریەکی نمونەیی لێ پەیرەو کردووە هەر بە خەیاڵ، ئیتر بە هەموو ئەو تیۆرە سیاسیو مەدرەسە فەلسەفیانە وتراوە یۆتۆپیا کە ئەشیابێت پیادە بکرێتو بوونی نەبووبێ یان ئەزموونێکی سەرکەوتووی نە دابێ، لەوانە (دوورگەی یۆتۆپیا)، (مدینة فاضلة) (دولة العلماء)، ... کۆمەڵگەو سیستەمی شیوعیەتیش چووە ریزی ئەو خانەیە کە پێشتر زۆربەی سیستەمەکان تری بە میسالیو یۆتۆپی وەسف دەکرد، بەڵام کۆمەڵگەی ئیسلامی جەند جارێك لە مێژوو نمونەی دروست کردووە، بۆیە لەنێو هەموو مەدرەسەکانی سەردەم لە شیوعیەتو سۆشیالیستیو لیبرال دیموکراسیو وجودیو میسالی ... تەنها سیستەمی ئیسلامە بتوانێ بە بوێرانە بڵێ من یۆتۆپی نیم .

(٣٨)

مافی چارەی خۆنووسی   حق تقرير مصير
right of self determination

ئەو مافە یاساییانە لە (UN)و لە (مقاصدەكانی) – (پرانسیپەكانی نەتەوەكان) دیاری كراوە، تیایدا هاتووە هەر نەتەوەیەك دەتوانێ چارەنوسی سیاسیو ئابووری تەواوی خۆی دیاری بكا، لەهەردوو مادەی (١)و (٥٥) ی (میثاق الأمم المتحدة) هاتووە، زۆر جاری تریش دوو بارە كرایتەوەو مافی بەرگری چەكداریشی داوە بە پێی مادەی(١) پەرەگراف (٣) وا هاتووە : (إنما العلاقات الودية بين الأمم على أساس المبدأ الذي يقض بالمساواة في الحقوق بين الشعوب بأن يكون لكل منها تقرير مصيرها)، هەروەها چەند جاریتر لە بریارەكانی (UN) دووپات كراوەتەوە، لە سالّی ١٩٦٠ جارێكی تر بریارێكی تری (مافی چارەنوسی) درا بە ژمارە ١٥١٤ بەسەردێری : (إعلان منح الأستقلال للبلدان والشعوب المستعمرة) تیایدا هاتوە : (إن الجمعية العامة .. تعلن .. لجميع الشعوب حق في تقرير مصيرها، ولها بمقتضى هذا الحق أن تحدد بحرية مركزها السياسي، وتسعى بحرية الى تحقيق نمائها الأقتصادي والاجتماعي والثقافي).

لە بنەچەدا بەو پاساوە یاساییانە ئەو مافەی چارەنوس هاتووە: ١- پاراستنی ئاشتی٢- قەلاچۆی چەوساندنەوە ٣- پێكەوە نەژیانی چەند پێكهاتەیەك پێكەوە ٤- مافی مێژووییان لە سەر خاكی خۆیان ٥- نەبوونی راپرسی كەپیشانی بدا بە پێكەوە ژیان قایلن ٦-ی ان پێ شێل كردنی رێكەوتنێكی نێوانیان ،..

هەروەها ئەو مافە هەر میللەتێك دەگرتەوە بەپێی ی ئەو مەرجانەی كە لە نەتەوە یەكگرتووەكان هاتووە: ١- مقەوەماتی یەك نەتەوەیان هەبێ وەك

هاوبەشی زمانو خاك ومێژوو و..٢- لە نێوان ئەو گەلە پەیوەست ونیرادەی سیاسی هەبیت ٣- لە نێوان هەموو ئەوانەو هەرێمەکەیان پەیوەستی سیاسی بە کۆمەل هەبێ .

کەواتە مافی چارەی خۆنووس کەمایەتی ناگرێتەوە،بۆیە لە نەتەوە یەکگرتووەکان مادەی (٢٧) بۆ مافی فەرهەنگیان دیاری کراوە .

گرفتی بنچینەیی بۆ مافی چارە نووس بریتیە لە :

١-پاراستنو سەلامەتی هەرێمە کە لە مادەی (١٠) لە عصبة الامەو دوایش لەفەقەرە (٤) ی مادەی (٢) هاتووە، هەردوو بنەمای (عدم التدخل)و (سیادە)ش لەوە سەرچاوە دەگرێ.

٢-گوایە دەبێتە هۆی سەرهەلّدانی پشێوی

٣-موڵکیەی دەوڵەتێکە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان ،

بۆ زیاتر بڕوانە - زاراوەی نەتەوەیی لەو فەرهەنگە – هەروەها لەبەشی فکری (مافی چارەنووس ..) وەك چەمك تۆمار کراوە .

(٣٩)

ئینتداب mandate

لە مادەی (٢٢)ی بەڵگەنامەکانی (کۆمەڵەی نەتەوەکان – عصبة الأمم)ی یەکەم لە ١٩١٩از ئەو سیستەمە ڕەوایی پێ درا لەدوای جاڕدانی بنەمای ویلسن کە بۆ ڕزگاری میللەتان پەیدابوو، کرا سێ پایە، (أ-ب-جـ) بە پێی پێگەیشتووی ئەو وڵاتانە، میراتی عوسمانی (سوریا، لبنان، بۆ فەرەنسا، عیراق، نوردن، فەلەستین، بۆ بەریتانیا) لە پایەی (أ) بوون هەرچی (ب)و (جـ) بۆ هەریەکە لە ئەفریقیای سەروو ئەفریقیای خواروو دانرا کە ئاستی پێگەیشتنیان بۆ بوون بە دەوڵەت لاوازتر بووە، دەسەڵاتی (دەوڵەتی منتدب) زیاتر بووە لە کاروبار هەڵسوڕانی .. ناوەرۆکەکەی بە پوختەیی ئەوەیە وڵاتانی دەسەڵاتداری مەزن هەڵسێ بە پێی فەرمانی یاسای نێو دەولی یارمەتی میلەتێکی پێنەگەشتوو بدا تا دامو دەزگای دەوڵەتیان بۆ ڕێك دەخا، بەو نێوانەی دروستکردنی دام ودەزگای دەولەت بوون دەووترا (فترة الإنتداب)، بەڵام گەلێ جار لە لایەن ڕەخنەگرانەوە وادەبینرا کە ئەوەش هەر جۆرێکی ترە لە داگیرکردنی ئینتیدابی‌و گۆڕینی شێوازی ئیمپریالیزمیە، بەتایبەتی کە ماوەی ئینتیدابی درێژە دەکێشێ، لەراستیدا ئنتداب گوزارش لە فەلسەفەیەکی کۆنی ڕۆژئاوایی دەکا کە ئەوان خۆیان پێ مامۆستاو خەلکی تریشیان پێ قوتابی یە، یەکەم جار جنرال سمتیس ئەوبیروکەی لەگەڵ بیروکەی داهینانی (عصبة الامم) جاردا، دوای بەیاسایی کراو جێ بەجێ کرا.

(٤٠)

پسولەی لێبوردن   صكوك غفران

ئەو پسولەیە بوو لەلایەن كنێسەوە دەفرۆشرا تا خەڵك لە بەهەشت وەرگیرێ، ئەو دیاردەیەش لە چوارچێوەی ئەو هەموو دەستكاریو داهێنانەی كنێسە دەیكرد، لە ئاینی مەسیحی بەتایبەتی لە سەدەكانی ١٥و ١٦و بلاوبوونەوەی چەندین جۆر باجو سەرانەو سزاو پاداش، دەقی پسولەكە بەعەرەبی دەینووسینەوە ئەوەیە : {ربنا یسوع یا (یا لەو كەوانە ناوی كڕیارەكە دەنوسرێ) ویشملك باستحقاقات الأمة الكلیة والقدسیة وإنا بالسلطان الرسول المعطی لي أحلك من جمیع القصاصات والأحكام والطاملات الكنیسة التي استوتیهاء أیضاً من جمیع الأفراط والخطایا والذنوب التي إرتكبها مهما كانت عظیمة و فظیعة، ومن كل علةء إن كانت محفوظة لأبینا القدس البابا الكرسي الرسولي، امحو جمیع أقذار الذنب وكل علامات الملامة التي ربما جلبتها علی نفسك في هذه الفرصة و أرفع القصاصات التي كنت تكترم بمكا كبرتها في المطهر، وأدرك حدیثاً الی الشركه في أسرار الكنیسة، و اقرتك شركه القدیسین، أرك الثانیة الی طهارة والبر اللذین كانا لك عند محمودتیك، حتی إنه في ساعة الموت یغلق امامك الباب الذي یدخل منه الطاة الی محل العذاب والعقاب، ویفتح الباب الذي یؤدی الی فردوس الفرح، وإن لم تمت سیثن مستطیلة فهذه النعمة تبقی غیر متغیرة حتی تأتي ساعتك الآخرة بأسم الأب و الإبن والروح القدس} .

مارتن لوتەر(١٤٨٢ – ١٥٤٦) یەكێ لەو زانا ئاین پەروەرانە بووە كە زۆر دژی ئەو پسولەیە بووە، هەڵساوە بە چاكسازیو ڕێبازی پرۆتستانی لێ هاتە دی، لەچەند سەرچاوەیەك هاتووە دەڵێن بە ڕێگەیەكی زۆر دانایانە بەریان لەو نەریتە ئاینیە نامۆیە گرتەوە یەكەمجار یەكێ لەو زانایانە چووە كنێسەو داوای لێكردن كە دۆزەخیان پێ بفرۆشێ (نەك بەهەشت) بە نرخێكی گران لێی كڕین،

ئەنجا جاڕیان بەناو خەڵك دا وتیان چیتر (ئەو پسوولەی بەهەشت) بەو پارە گرانە مەكڕن چونكە دۆزەخمان لە كنێسە كڕیو دەرگەكەشمان داخست كەس ناچێتە دۆزەخ هەموو دەچنە بەهەشت .

كۆتایی هات بەشی یەكەم چاوەڕوانی بەشی دووەم بن

أبو عبدالرحمن الكردي
www.iqra.forumarabia.com

پێرست

پێشەکی بڵاوکار ٥

پێشەکی ٧

سەرەتاو دەروازەکان ٩

(١) رامیاری ٣٧

پێناسەکانی سیاسەت: ٤٠

پێناسی ئیسلامیەکانی کۆن و نوێ: ٤١

رارەوی میکافیلی: ٤٣

لیستێکی جیاوازی نێوان سیاسەتی رەواو میکافیلی ٤٦

ئاین و سیاسەت: ٤٩

کێ ئایین بەکارد ێنێ؟ ٥٥

زانستی سیاسی و رێبازی سیاسی: ٥٩

سیاسەتی شمولی: ٦٠

(٢) عەلمانیەت ٦٣

پێناسە جیاجیاکانی عەلمانی: ٦٨

گەشەکردنی عەلمانیەت: ٦٩

عەلمانیەتی ئێستا: ٧٥

پاساوە نوێیەکانی عەلمانیەت: ٨١

قەیرانەکانی عەلمانی ٨٣

(٣) دەوڵەت ٨٩

شێوەکانی دەولەت ٩٢

سەرهەڵدانی دەولەت لەوسەردەمەدا ٩٨

(٤) میری ١٠١

ئایا حکومەتی جیهانی دەبێت؟ ١٠٦

(٥) سەرۆک ١٠٩

سەرۆکی کارێزمی: ١١٤

(٦) خەباتی رزگاریی ..... [illegible]

(٧) براکوژی ..... [illegible]

(٨) دادگەری ..... [illegible]

دادگەری و سەردەم ١٣٢
مەدرەسەکان و دادگەری: ١٣٥
یەکسانی و دادگەری: ١٣٩
(٩) رای گشتی ١٤١
(١٠) گۆران ١٤٩
(١١) شۆڕش ١٥٥
پێناسەکان: ١٥٦
لە روانگەی مەدرەسەکان: ١٥٨
جۆرەکانی شۆڕش: ١٦٦
(١٢) چاکسازی ١٧٠
هێزی چاکسازی: ١٧٥
(١٣) ناخی مرۆڤ ١٧٩
جەنگی نێوان دەروون و عەقل: ١٨٦
تەقەلای مەدرەسەکان: ١٨٩
(١٤) چاکسازی کۆمەڵ ١٩٥
(١٥) دیالۆگ ١٩٧
گرفتەکانی دیالۆگی ئیسلامی و عەلمانی: ٢٠٧
گرفت لای عەلمانیەکان: ٢٠٨
(١٦) دیکتاتۆری ٢١١
بنەچەکەی: ٢١١
رایە جیاجیاکان: ٢١٢
(١٧) فیدراڵی ٢٢٣
(١٨) شورا ٢٣١
مەبەستەکانی شورا (پەرلەمان): ٢٣٨
بنەماکانی شورا: ٢٣٩
پەرلەمانی کوردستان: ٢٤٠
(١٩) دەستوور ٢٤٧
(٢٠) یاسا ٢٥٣
یاساکانی کۆمەڵایەتی ٢٦٧
(٢١) شمولی ٢٧٣

ڕای مەدرەسەکان:........................ ٢٨٦
(٢٣) کەمایەتی ٢٩١
بنەچەرگەشەی ئیتنی :........................ ٢٩٢
ڕای مدرسەکان :........................ ٢٩٥
بەپاسایی بوونی کیشەی کەمایەتی :........................ ٢٩٧
پێناسی لارۆس :........................ ٢٩٨
هەندێ زانیاری تایبەتی تر:........................ ٢٩٩
هەندێ ئاماری سالی ١٩٩٠ لە بارەی کەمایەتی:........................ ٣٠١
(٢٤) جـــاش ٣٠٢
لەئەستوی کام مدرەسەیە ؟........................ ٣٠٧
هۆیەکانی زیادبوونی جاشایەتی :........................ ٣٠٩
(٢٥) میان ڕەوی ٣١٣
میان ڕەوی وتەیارە ئیسلامیەکانی نوێ:........................ ٣١٨
لیستی بەراوردە بنچینەییەکان:........................ ٣٢٥
کامیان میان ڕەون؟........................ ٣٢٥
(٢٦) نیشتمانی ٣٢٩
گەشەی ئەو زاراوە:........................ ٣٣٠
سەرهەڵدانی سیاسیو یاساییانەی :........................ ٣٣٢
ڕای مدرسەکان:........................ ٣٣٥
کامیان نیشتمانی ترن؟ ئیسلامیەکان یان عەلمانیەکان ٣٤٠
یەکێتی نیشتمانیو عەلمانیەت:........................ ٣٤٢
(٢٧) جەنگی ڕەوا ٣٤٧
سەربردەو سەرچاوەکانی جەنگ:........................ ٣٤٧
ڕای مەدرەسەکان:........................ ٣٥٠
- (٢٨) زایـــۆنی ٣٥٥
سەربردەی زا یونی:........................ ٣٥٦
دەقی بەلێنەکەی بەلفور:........................ ٣٥٩
بیروکەی (هرمجدۆن)........................ ٣٦٠
دەقی بەلگەنامەی دان پیا هێنانی نەتەوەیەکگرتووەکان بە ئیسرائیل :........................ ٣٦٣
(٢٩) تیـــرۆر ٣٦٥
بنەچەی تیرۆر:........................ ٣٦٦
ئیرهاب، تیرۆر، توندوتیژی:........................ ٣٦٨

* ئیرهاب له دەروونی مرۆڤدا: ٢٧٠
سەلبیو ئیجابی ئیرهاب: ٢٧١
سودەکانی ئیرهاب: ٢٧٢
زیانەکانی: ٢٧٣
جیاوازی نێوان ئیرهابو ئیرهابی سیاسی: ٢٧٣
مەدرەسەکانو ئیرهاب: ٢٧٦
١. مدرسەی لیبڕال دیموکراسی: ٢٧٦
٢. مەدرەسەی شیوعیەت: ٢٧٧
٣. مەدرەسەی سۆشیالیستو نەتەوەییەکان: ٢٧٨
بەرگریو ئیرهاب: ٢٧٩
تاقمی ئیرهابی: ٢٨٠
کێ تیرۆرستە؟ ٢٨٢
(٢٠) دیموکراسی ٢٨٧
گەشەکردنی: ٢٨٧
جۆرەکانی دیموکراسی: ٢٨٩
هەڵسەنگاندنی: ٢٩٠
سەلبیاتەکانی: ٢٩١
ئیجابیاتەکانی: ٢٩٤
دیموکراسیو مدرسەکان: ٢٩٥
١. لیبڕال دیموکراسی: ٢٩٧
٢.مدرسەی شیوعیەت: ٢٩٨
٣. مدرسە سۆشالیستیەکان: ٢٩٩
٤. مدرسەی ئیسلامی: ٢٩٩
ئەزموونە نوێکانی: ٤٠٢
(٢١) سیستەمی دوو حزبی ٤٠٥
نمونەی یەکەم – ئەزموونی بریتانیا (کرێکارانو پارێزگاران): ٤٠٦
نمونەی دووەم–ئەزموونی ئەمەریکا (کۆماری مدیموکراسی): ٤٠٦
(٢٢) فرە لایەنی ٤١١
مدرسەکانو فرە لایەنی: ٤١٣
فرە لایەنی لە عەولەمەدا: ٤١٦
(٢٣) پێکدادانی شارستانیەکان ٤١٩
بەڵگە نوێیەکانی ئەو تیۆرە: ٤٢١

ڕەگەزپەرستی و ئەو تیۆرە: ٤٢٨
مەبەست و نهێنییەکانی ئەو تیۆرە ....ئەو تیۆرە بۆچی؟ ٤٣٠
(٣٤) کۆتایی مێژوو ٤٣٣
سەربرەی "کۆتایی یەکانی مێژوو" لە مێژوودا: ٤٣٤
(٣٥) ئاسایشی نەتەوەیی ٤٤١
ڕای مەدرەسەکان: ٤٤٥
ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان: ٤٥٠
بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان: ٤٥١
(٣٦) پێشکەوتوویی ٤٥٥
را یە جیاجیاکان: ٤٥٦
(٣٧) ستراتیج ٤٦٧
(٣٨) پاکتاوی رەگەزی- (تەعریب و تەتریک) ٤٧٢
(٣٩) راگەیاندنی بە ئامانج ٤٨٣
(٤٠) نەتەوایەتی ٤٩٣
بنەچە و گەشەکردنی: ٤٩٩
هۆکارەکانی سەرهەڵدانی نەتەوەیی ٥٠٥
جیاوازی نێوان دوو چەمک: ٥٠٦
(٤١) بیری نەتەوەیی ٥١٧
ڕای مەدرەسەکان : ٥٢٣
تەڵەلاکانی بە ئایدیۆلۆژی کردنی نەتەوەیی: ٥٢٤
زیانەکانی: ٥٢٩
ئەنجام: ٥٣٢
(٤٢) کوردایەتی ٥٣٥
(٤٣) کوردستان ٥٤١
مێژووی کورد: ٥٤٨
(٤٤) مەینەتی کورد ٥٥٧
باری کورد لە پێش و پاش خەلافەت: ٥٥٨
مەینەتی و.. سالیادی: ٥٦٢
هۆیەکانی مەینەتی کورد ٥٦٥
هۆی بەردەوامی مەینەتیەکەی: ٥٦٧
(٤٥) پـــــارت ٥٧٠
سەرهەڵدانی حزب: ٥٧٢

حزب له روانگەی مەدرەسەکان: ٥٧٨
چەند دابەشیەکی پێچەوانە: ٥٨٤
پێشکەوتوترین حزب: ٥٨٤
(٤٦) حزبە کوردستانیەکان ٥٨٨
مێژوەکی خێرای حزبایەتی لە کوردستان: ٥٨٩
١- پارتی دیمکراسی کوردستان: ٥٩٢
٢-یەکێتی نیشتمانی کوردستان: ٥٩٦
٣-پارتی دیموکراسی کوردستان- سەرکردایەتی کاتی ٦٠١
٤-حزبی سۆشیالیستی یەکگرتووی کوردستان (حسیك) ٦٠٤
٥-حزبی شیوعی کوردستان (حشك) ٦٠٦
٦-کۆمەل وبزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان ٦٠٩
٧-یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ٦١٢
٨-حزبی دیمکراتی کوردستانی-ئێران (حدکا) ٦١٤
٩-پارتی کرێکارانی کوردستان ٦١٦
(٤٧) ماسۆنی ٦١٩
سەربردەو هۆی دروست بوونی: ٦٢٠
ئینتماکردنی : ٦٢١

زاراوە سیاسیەکان

(١) ڤیتۆ ٦٢٧
(٢) نەتەوە یەکگرتووەکان ٦٣٠
(٣) فاشی ٦٣٦
(٤) نازی ٦٤٠
(٥) شۆڤینی ٦٤٦
(٦) بەربەری ٦٤٩
(٧) چەپگەری و ڕاستگەری ٦٥٢
(٨) قۆلی پێنجەم ٦٥٤
(٩) سیستەمی نوێی جیهانی ٦٥٧
(١٠) ناردنی شۆڕش ٦٦٢

(٣) جەنگی عێراق - ئێران ٦٨٥
(٤) جەنگی عێراق - کوێت ٦٩١
(٥) کێشەی خوارووی سوودان ٦٩٦
(٦) کێشەی فەلەستین ٦٩٨
(٧) کێشەی کـورد ٧٠٣
(٨) کێشەی ئێرلەندا ٧٠٥
(٩) کێشەی کورکسیکا ٧٠٨
(١٠) کێشەی باسك ٧٠٩
(١١) کێشەی قوبرس ٧١١
(١٢) خوارووی فیلیپین ٧١٣
(١٣) دیواری بەرلین ٧١٦
(١٤) کۆنفۆشیۆسی ٧١٨
(١٥) کۆمکاری عەرەبی ٧٢٠

مەبەستی ئەم زاراوانە لەم سەردەمەدا

(١) کۆکوژی-جینۆساید ٧٢٣
(٢) جەنگی سارد ٧٢٣
(٣) رادیکاڵ ٧٢٤
(٤) پارێزگار ٧٢٤
(٥) ئیمپریالیزم ٧٢٥
(٦) تەکنۆکرات ٧٢٦
(٧) ئورستۆکرات ٧٢٦
(٨) لیبرال ٧٢٧
(٩) راپەرین ٧٢٨
(١٠) سانسۆر ٧٢٨
(١١) دەسەڵاتی عورفی ٧٢٩
(١٢) گەریلا ٧٢٩
(١٣) ئەکادیم ٧٣٠
(١٤) جیۆپۆلۆتیك ٧٣٠
(١٥) ماوەی گواستنەوە ٧٣١
(١٦) ئیمپراتۆر ٧٣٢
(١٧) پرۆلیتاریا ٧٣٣
(١٨) بورجوازی ٧٣٣

(١٩) دايك سالاری و باوك سالاری ٧٣٤
(٢٠) ڕۆژهەڵاتناس ٧٣٥
(٢١) لاتینی ٧٣٥
(٢٢) هەڵپەرست ٧٣٦
(٢٣) دیماگۆجی ٧٣٦
(٢٤) سەندیکا ٧٣٧
(٢٥) هیلنستیە ٧٣٨
(٢٦) کۆنگرەی ئیسلامی ٧٣٩
(٢٧) یەکێتی ئەفریقی ٧٤٠
(٢٨) یەکێتی ئەورووپی ٧٤١
(٢٩) ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو ٧٤٢
(٣٠) جیهانی سێیەم ٧٤٢
(٣١) فرانکۆفۆنیە ٧٤٣
(٣٢) یۆنیسێف ٧٤٥
(٣٣) یونسکو ٧٤٥
(٣٤) مانگی سوور ٧٤٦
(٣٥) فراکسیۆن ٧٤٧
(٣٦) مافیا ٧٤٧
(٣٧) یۆتۆپیا ٧٤٨
(٣٨) مافی چارەی خۆنووسی ٧٤٩
(٣٩) ئینتداب ٧٥١
(٤٠) پسولەی لێبوردن ٧٥٢
پێرست ٧٥٥